ئێریك جەی . زورچەر

## مێژووی هاوچەرخی

# تورکیا

لە ئینگلیزییەوە :

پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی

چاپی دووەم/سلێمانی ٢٠١١

**ناوی کتێب : مێژووی هاوچەرخی تورکیا**

**نووسەر : ئێریك جەی . زورچەر**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر.یاسین سەردەشتیی**

**تیراژ : ٥٠٠ دانە**

**لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ( ٢٤٢٩ )ی ساڵی( ٢٠٠٩ ) پێدراوە**

**شوێنی چاپ : چاپخانەی ( سیما ) ، سلێمانی، چاپی دووەم، ٢٠١٠**

**نرخ: ٧٠٠٠ دینار**

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە :

- گیانی "جەیلان ئۆنکول" ی کیژۆڵەی ١٣ ساڵانەی کورد کە لەلایەن هێزە سەربازییە تورکە فاشستەکانەوە بە شێوەیەکی دڕندانە کوژرا.

- بەو منداڵە کوردانەی تائێستا لەنێو زیندانەکانی دەوڵەتی فاشیستیی تورکیادا گیراون و ئازارو ئەشکە نجەی جەللادە تورکەکان دەچێژن .

- بە فێرخوازە ئازیزەکانم لە بەشی مێژوو.

## نێوەرۆک


گوتەی وەرگێڕ ٧

پێشەکیی ١٣

پێشەکی بۆ چاپی سێیەم ١٥

دەروازە: قۆناغگەرایی، تیۆرو شێوازەکان ١٧

بەشی یەکەم : کاریگەریی دەسەڵاتی رۆژئاواو هەوڵە بەرابیەکانی مۆدێرنە ٢٥-١٤٤

باسی یەکەم : ئیمپراتۆریی عوسمانی لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا ٢٧

باسی دووەم : لەنێوان سونەتیبوون و نوێبوونەوەدا: سوڵتان سەرلیمی سێیەم و نەزمی نوێ ١٧٨٩-١٨٠٧ ٤٥

باسی سێیەم : ساڵەکانی بەرایی سوڵتان مەحموودی دووەم: هەوڵەکانی ناوەند بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات ٥٨

باسی چوارەم : دواساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان مەحموودی دووەم: دەستپێکردنی چاکسازییەکان ٦٦

باسی پێنجەم : قۆناغی تەنزیمات ١٨٣٩-١٨٧١ ٨٥

باسی شەشەم : قەیرانی ١٨٧٣-١٨٧٨ و رووداوەکانی پاشی ١١٧

باسی حەوتەم : دیسپۆتیزمی دواکەوتووانە یان کۆتایی چاکسازییەکان؟ فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ١٢٣

بەشی دووەم : سەردەمی تورکە لاوەکان لە مێژووی تورکییدا ١٩٠٨- ١٩٥٠ ١٤٥-٣٢٤

باسی هەشتەم : دووەمین قۆناغی دەستووریی ١٩١٢-١٩١٨ ١٤٧

باسی نۆیەم : خەبات بۆ سەربەخۆیی ٢٠٥

باسی دەیەم : دەرکەوتنی دەوڵەتی یەك پارتیی ١٩٢٣-١٩٢٧ ٢٥١

باسی یازدەیەم : دەوڵەتی تاکە پارتی کەمالیستەکان ١٩٢٥-١٩٤٥ ٢٦٥

باسی دوازدەیەم : گواستنەوە بەرەو دیموکراسیی ١٩٤٥-١٩٥٠ ٣٠٧

بەشی سێیەم : شڕە دیموکراسیی ٣٢٥-٤٩١

باسی سیازدەیەم : فەرمانڕەوایەتیی پارتی دیموکرات ١٩٥٠-١٩٦٠ ٣٢٧

باسی چواردەیەم: دووەمین کۆماری تورکیی ١٩٦٠-١٩٨٠ ٣٥٥

باسی پازدەیەم : سێیەمین کۆمار: تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠وە ٤٠٧

## گوتەی وەرگێڕ :

هەشتاوشەش ساڵ بەر لە ئێستا دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ لەسەر داروپەردوی خەلافەتی عوسمانیی ئیسلامیی فرە رەگەزو فرە زمان، پاش سەرکەوتنی جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی نەتەوەیی بەسەر هاوپەیمانەکان و لایەنگرانی لەنێوخۆدا، دامەزرێنرا. لەو دەمەوە تاکو ئێستا ئەم دەوڵەتە بە چەندین قۆناغی جیاوازی فرە ئاڵۆزو پڕ هەورازو نشێو تێپەڕیوەو بە بڕوای ئێمە بەهۆی چەند کێشەیەکی قۆناغی بنیاتییەوە کە چارەسەری راست و ژیرانەی بۆ رەچاونەکراوە تائەم کاتەش بە نابەکەمیی ماوەتەوەو نەك هەر لە خەم نەڕەخسیوە بەڵکو لەبەردەم دووڕیانێکی فرە چارەنووسسازیشدا دۆش داماوە کە رزگارکردنی پێویستی بە رێبەرایەتییەکی ژیرو ئازاو دادپەروەری راستیینەیە، کە بە داخەوە لەهیچ قۆناغێکی مێژووی ئەم دەوڵەتەدا رێبەرایەتییەکی بەو تایبەتمەندییانەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

ماوەی نێوان دامەزراندنی تورکیای هاوچەرخ تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم قۆناغێکە کە تێدا ئەو دەوڵەتە لەسایەی بیری کەمالییزمدا بناغەو چوارچێوەی ژیان و بەرەو پێشەوەچوونی خۆی و لەقاڵبدانی کۆمەڵگەی تێدا رەنگرێژکردووە. ئەوەی تایبەتمەندییەکانی لە تێکۆشان بۆ دابڕان لە رابردووی ئیسلامیی و رۆژهەڵاتیی و خۆدوورخستنەوەو داخران بەسەر ناوەندە رۆژهەڵاتیی و عەرەبییەکەداو خۆکوتان بەرەو رۆژئاواو ئەوروپا دەبینییەوە، هەروەها گرتنەبەری سیاسەتێکی نەتەوەیی سێکیولاریستیی توندوتیژ لە رێگەی حکومەتێکی تاکە پارتیی دەسەڵاتسەپێن کە بەهێزو سەپاندن سەرجەم دەوڵەت و کۆمەڵگەی دەهاڕوو بێئەوەی دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ پارتی دیکەو تێڕوانینی سیاسیی جیاواز هەبێت کە بتوانێت لەو ماوەیەدا نەك هەر دەسەڵات لە پارتی کۆماریی گەل، کە لە تەواوی ئەم قۆناغەدا تاکەپارتی دەسەڵاتداربوو، وەربگرێت و فەرمانڕەوایی بکات، بگرە تەنانەت وەك بەشدارو هاوبەشێکیش ئەو دەرفەتە هەرگیز پەیدا نەبوو. چونکە کەمالیستەکان بە یاسا هەموو هزرێکی جیاواز لەخۆیان بە بیانووی یەکێتیی و پەیدابوونی جیاوازیی نەتەوەیی و مەزهەبیی و چینایەتیی قەدەغە کردبوو. ئەمەو وێڕای گرتنەبەری سیاسەتێکی فاشیستانەو ئەسمیلاسیۆن لەهەمبەر رەگەزە نەتەوەیی و ئیتنیی و زمانیی و کەلتوورییە جیاوازەکانی غەیرە تورك، بەتایبەت کورد، بەشێوەیەك کە تورکانی کەمالیست جگە لە سەرکوتکردنی هەموو ئەو تێکۆشان و جوڵانەوە جیاوازانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی کوردیی لەچارەکی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا

ئەنجامـدراون و مـەزنترین بەشـی کوردسـتانیان لـە بـاکوور بـۆ چـەندین دەیەیـە لەسـایەی ڕژێمێکـی میلیتاریـستییدا لـە خـوێن و فرمێـسکدا نـوقم کـرد، بـەڵکو جگـە لـە نکـوڵیکردن و سـڕینەوە، ڕێوشـوێنێکی ناتوندوتیـژی ئـەوتۆ بـۆ پێکـەوە ژیـانی دوو نەتـەوە مەزنەکـەی ئەنـەدۆڵ: تـورك و کـورد نەدیترایـەوە و سیاسـەتکارانی ئـەم قۆناغـەی تورکیـا ڕایانگەیانـد کـە" لەو وڵاتەدا ئەوەی غەیرە تورکە تەنیا مافێکی هەیـە ئـەوەش کۆیلەبوونـە"، ئەوەکـەی دیکـەش "دەبێـت بەختـەوەربێت لەبەرئـەوەی ئـەوەی تورکـە". ئـەوەش وایکـردووە نووسـەرێکی وەك محەمـەد ئـۆزۆن بڵێـت کـە "بناغـەی دەوڵـەتی نەتـەوەیی تـورك لەسـەر دژایـەتییکردنی کـورد دامەزراوە".

قۆناغی دووەمی ژیـانی تورکیـای هاوچـەرخ سـەردەمی جـەنگی سـاردە کـە لەپاش جـەنگی دووەمی جیهانییـەوە دەست پێدەکات و تا جـەنگی کەنداو لەسـەرەتای نەوەتـەکانی سـەدەی بیـستەمدا درێـژ دەبێتـەوە. تورکیـا هـەر لـە پـاش کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە هەلپەرستانە خۆی بەلای هاوپەیمانەکاندا ساغکردەوە و بە دەستپێکردنی جەنگی ساردیش تا دەهات زیاتر بەرەو ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا ملی دەنا، ئەوەش وایکرد لەسـەر ئاسـتی نێوخۆ کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتیی و قۆرغگەرایی پارتەکەی ئەتاتورك بێت و سەرەتایەکی رووکەشی ژیانی فرە پارتیی لـە چوارچێوەی ڕژێمـی کەمالییزمـدا هاتـەئارا، ئـەو قۆناغـەی بـە دەیەیـەك فەرمانڕەوایـەتیی پـارتی دیمـوکرات دەسـتپێکرد، ئـەو دەیـەی سـەلماندی کـە لەچوارچێوەی ڕێبازو نەریتی کەمالیزمدا ژیانی فرە پارتیی بە دەسەڵاتسەپێنیی و پاشتر بە ئـاژاوە و پاشـاگەردانیی دەگـات، ئـەوەی دەرفـەتی دەخـستەبەردەم سـوپا(دەزگـا زەبەلاحـە دەسـەڵاتدارە جڵەونەکراوەکـەی وڵات) بـەناوی پارسـتنی ڕژێمەکـە و گێڕانـەوەی ئـارامیی و پاراستنی ئاسایشی نەتـەوەیی و یەکپارچـەیی خـاکی وڵات، کودەتابکـات. ئـەو قۆناغـەی کـە سـێ کودەتـای سـەرکەوتوو(لـە ساڵەکانی ١٩٦٠، ١٩٧١و ١٩٨٠)و زیـاتر لـە سـێ کودەتـای سەرنەکەوتوو و چەند هەوڵێکی کودەتـایی تـری ئاشـکرانەکراوی گرتۆتـە خـۆ. لـەو نێوانەشـدا گەرانـەوە بـۆ فەرمانڕەوایـەتیی پارتـە سیاسـییەکان و کارکردنیـان لەچوارچێوەی ئـەو ڕژێمـە سیاسییەی کە سەرەداوی هەڵسوڕانەکەی بەدەست سوپاوە بوو(دیارە بە پاڵپشتیی و ڕاوێـژو هاوکـاریی ئەمـەریکا)، بەشـێوەیەك لـەم قۆناغـەدا سـەردەمی حکومـەتی پارتـە هاوپەیمانـەکان دەسـتپێکرد کـە بەگـشتیی لاواز، نـاجێگیرو بـێ بنکـەی جـەماوەریی بـوون و نـەك هـەر نەیانـدەتوانی سەرچـاوەی کێـشە و گرفتـە بونیادییـە شـڵەژێنەرەکانی دەوڵـەت و کۆمەڵگـە چارەسـەر بکـەن، بـەڵکو لەسـایەی هەلومەرجـە نالەبارەکـەی جیهـانیی و هـەرێمیی جـەنگی

سـاردو توندوتیـژبوونی کێـشە سیاسـیی و نەتـەوەیی و چـینایەتییەکانی نێوخـۆی تورکیـا تادەهـات ئاسایـشی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی ئـەو وڵاتـە زیـاتر پەرەیـدەگرت، بەچەشـنێك باڵادەستیی تیرۆرو مافیای دەوڵەتیی و هەڵمەتی سەرکوتی سوپا و دەزگا ئەمنییـەکان بۆسـەر جیابیران و چالاکانی سیاسیی و رۆشـنبیریی تادەهـات بـەرفراوانتر دەبوو. شایەنی باسـە هـەر چـەند سـاڵێکی کـەم پـاش کودەتـا سـەربازییەکەی سـاڵی ١٩٨٠، واتـە سـاڵی ١٩٨٤دا پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان(PKK) خـەباتی چـەکدارانەی خـۆی لـە باشـووری رۆژهـەڵاتی تورکیـا راگەیاند، ئـەو خەباتـەی چـەندە زەمینـەی بـۆ ژیانـەوەی گیـانی نەتەوایـەتیی کـورد رەخساند، هێنـدەش هێـزە فاشیـستەکانی دەسـەڵاتداری تـورکی لـە حکومـەت، سـوپا، دامـەزراوە ئـابووریی و کـەلتووریی و راگەیەیاندنەکانـدا ورووژاوتـرو دواتـر توندوتیـژترو شانۆکەشـی خوێناوی تر کرد، بەشێوەیەك تورکیای تووشـی جـەنگێکی نێوخـۆیی پـەرەگرتوو کـرد کـە تـا ئێستا هیچ سیاسەتکارێکی سیاسەتسازی تـورك گـەر درکـی بـە فتیلـەی ئاگرەکـەش کردبێت هێندە بوێرو متمانەبەخۆ نەبووە دەریبێنێت(لەسەرەتای نەوەتەکاندا تورگوت ئۆزال یەکـەمین سەرۆکی تورکیایە کە هەوڵیدا لەم رووەوە خۆی تاقیبکاتەوە بەڵام بەهۆی چەند هەڵەیەکـەوە بە لەناوچوونی کۆتاییهات).

قۆنـاغی سـێیەم بـە کۆتاییهـاتنی جـەنگی سـاردو بـە پێنانـە سـەردەمی گلۆبالیزەیـشن دەسـتپێدەکات و تـا ئێـستا بەردەوامـە. ئاشـکرایە تورکیـا بـە بناغەیـەکی لاوازی سیاسـیی و ئـابووریی و کۆمەڵایەتییـەوە تێکـەڵ بـەم قۆناغـە بـوو، لاوازیـی حکومەتـەکان و ناجێگیرییـان و بڵاوبوونـەوەی گەنـدەڵیی سیاسیی و سکاندالە داراییـەکان ، لاوازیـی و فشەڵیی ئـابووریی لـە ئاکـامی هەڵاوسـانەوە، ماراسـۆن بـەدوای ئەنـدامبوونی تورکیـا لـە یـەکێتیی ئـەورووپا، توندوتیـژبوونی جـەنگی کوردسـتان و زێـدەبوونی قوربانییـەکانی تـیرۆی دەوڵـەت و مافیـای دەوڵـەتیی "ئەرگەنـەکۆن" و هـەروەها فڕانـدنی عەبـدوڵا ئۆجـەلانی سـەرۆکی پەکەکـە لـە نیروپییەوە و هێنانەوەی بۆ تورکیا. لە دەیەی دووەمـی ئـەم قۆناغـەدا کـە جـەنگی دژە تـیرۆری بونیادگـەرا ئیـسلامییەکان بەڕابەرایـەتیی ئەمـەریکا لەجیهانـدا جیاکەرەوەیـەتیی، لـەنێوخۆی تورکیادا زەقترین تایبەتمەندیی بریتیـە لـە پـەرەگرتنی رەوتـی سیاسـیی ئیـسلامیی میانڕەوەوە کـە سێکیولاریـستی دەوڵـەت و دۆسـتایەتیی رۆژئـاوا و ئەمـەریکای(بـە ئیسرائیلیـشەوە) پەسەندە، ئەوەی خۆی لە پارتی داد و گەشەپێداندا(ئاکەپە) بە رێبەرایـەتیی (عەبدوڵا گویل و رەجـەب تـەیب ئـەردۆغان) دەبینێتـەوە کـە دەرکـەوتن و گەیـشتنە دەسـەڵاتی سیاسـیی- پـاش بردنەوەی زۆرینەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا و بەدەستەوە گرتنی بێ ئەملاولای

پارلـەمان و حکومـەت و سـەرۆکایەتیی وڵات- هاوکاتـە لەگـەڵ دەرکـەوتنی ئـەو دەسـتەبژێرە نوێیانـەی لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا لـەئاکامی کرانـەوەی لیبراڵیزەگردنـی ئـابووریی لـەنێو تورکیادا دەرکەوتوون و تارادەیەك گوزەرانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی باشترکرد.

شـایەنی باسـە یـەك لـەو هۆکارانـەی کـە راژەیـان بـە سـەرکەوتنی رەهـای ئاکەپـە کـرد لـە هەڵبژاردنەکان بریتیبوو لەو پشتگیرییەی بەشێکی زۆر لە کوردان پاش ئەوەی رابەرانی ئەو پارتـە لـەکاتی سـەردانیان بـۆ شـارە کوردییـەکان بـەڵێنی چارەسـەرکردنی کێـشەکانی گـەلی کورد و چاککردنی باری گوزەرانیـان پێدابوون، دیـارە ئـەردۆگان بـۆ سـەرگەرمکردنی خـەڵکی کورد لە ئاهەنگی نەورۆزدا سەردانی کوردانی کرد و چەند جارێکیش بەسەر ئاگری نـەورۆزدا بازی هەڵدا، لەماوەیـەکی کورتخایەنیشدا بەری ئەو چەند بازەی لەدەنگدانی کـورد پێـی لـە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ دا چنییەوە، بەڵام ئایا بەڕاست بەڵێنەکانی خۆی بەجێهێنا؟! تەواو بە پێچەوانەوە کـوردان بۆیـان دەرکـەوت کـە ئاکەپـە و رابەرەکـەی کـە شـاگردی ئەربـەکانی کۆنـە هاوپـەیمانی پـارتی کـاری نەتـەوەیی تونـدڕەوی تورکە،لـە خۆڵکردنـە چـاودا وەسـتایەکی کارامەیە و لەجیاتی خۆشگوزەرانی و بەرابەریی، بە ئاشکرا لـە راگەیاندنـەکانی بانگـەوازی بـۆ جەندرمـە و دەزگـا ئەمنییەتـەکانی دەوڵـەتی تـورك دەکـرد کـە "دەسـت لـە ژن و منـداڵیش نەپارێزن" و بـەوەش تیرۆری دەوڵـەتیان دژی ئازادیخوازانی کـورد پەرەپێداو زینـدانەکانیان لە کورد پڕکرد. لەبەرامبەردا گەلی کـورد لـە هەڵبژاردنـەکانی شـارەوانییەکان لـە ٢٩ی ئاداری ٢٠٠٩ دا سـزای پارتەکـەی ئـەردۆغانی داو دەنگـی بـە شوناسـی نەتەوایـەتیی خۆیـدا کـە لـە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیی "دەتەپە"دا خـۆی بینییـوە، ئـەو پارتـەی کـە لـە هەڵبژاردنەکـەی پێشوودا ٥٣ شـارەوانی بەدەسـتهێنابوو، ئێـستا ببـووە خـاوەنی ٩٩ شـارەوانیی(بـە شـانازییەوە وەرگێـڕی ئـەم کتێبـە لـەو دەمـەدا لـە کـەناڵی ئاسمـانیی رۆژەوە لـە بانگەوازێکـدا داوای لـە براکانی خۆی لە باکووری کوردستان کرد دەنگ بدەن بە دەتەپە و سزای ئاکەپە بدەن).

پـاش سـەرکەوتنە شـۆکئامێزەکەی دەتەپـە و شکـستی ئاکەپـە لـە کوردسـتان، ئاکەپـە بـۆ هاوسەنگکردنەوەی باری لاسەنگی خۆی ئـەمڕۆ دەسـتی داوەتـە گەمـە و تاکتیکگـەلێکی ئـاڵۆز کە لـە بنەڕەتـدا ئامـانج لێـی سـەری پەکەکەیـە. ئاکەپـە کـە چـاوی بـە لـەناوبردنی جوڵانـەوەی پڵنگەکانی تامیل لە سیریلانکا سوور بووە و لـە ماراسۆنەکەشی بەدوای ئەندامـەتیی یـەکێتی ئـەورووپا مانـدووبووە، دەیـەوێت لەسـەر ئاسـتی هـەرێمیی و نـاوخۆ لەسـەر چـەند دۆسـییەك کاربکـات و لەسـە چـەند پـەتێکیش یـاریی بکـات بۆئـەوەی کورسـییەکەی لەبەرامبـەر پارتـە کەمالیستەکانی وەك پـارتی کۆمـاری گـەل (جەهەپـە) و پـارتی کـاری نەتـەوەیی(مەهەپـە)ی

توركـدا لەلایـەك‌و لەبەرمبـەر دەتەپـەی كـورددا لەلایـەكی تـرەوە چەسـپاوتر بكـات‌و كێـشە ئابوورییـەكانی ولاتـیش وەك بێكـاریی‌و هەلاوسـان‌و..هتـد هێـور بكاتـەوەو لـە ئایندەشـدا بەتایبـەتی پـاش كـشانەوەی ئەمـەریكا لـە عێـراق رۆڵێكـی مـەزنتر لـە ناوچـەكەدا بـە قـازانجی خۆی ببینێت، بەتایبـەتی لـە عێـراق‌و ولاتـانی عەرەبییـدا. هەربۆیـە ئـەردۆغان بەشـێوەكی بـێ سابیقە خۆی كردۆتە كوێخای مەسەلەی فەلەستین‌و لەكێشەكانی ناوچـەكەدا وەك ناوبـژییوان خـۆی دەنوێنێـت‌و كەوتۆتـە ئاوڕدانـەوەو خۆنزیكردنـەوە لـە ولاتـانی وەك سـوریا، ئێـران، عێراق‌و تەنانەت ئەرمینیاش كـە دوژمنایەتییـەكی مێـژوویی مـەزن لـەنێوان هـەردوو دەوڵـەتدا هەبوو كە هۆكارەكەی دیـارە. تەنانـەت لـەكاتی نووسـینی ئـەم دێڕنـەدا كـە دوای رۆژی مـانگی ئۆكتۆبەرە وەفدێكی گەورەی سیاسیی‌و بازرگانیی توركیی بە سـەرۆكایەتیی "ئەحمـەد داود ئۆغلۆ" ی وەزیری دەرەوە سەردانی هەولێریان كرد لە باشووری كوردستان. لەلایـەكی تـرەوە حكومـەتی ئاكەپـە كـە نزیكـەی دوو مانگـە بـاس لـە "كرانـەوە بـە رووی كـورددا"و پاشـتر "كرانـەوەی دیمـوكراتیی" دەكـات‌و هەوڵـدەدات كـە ریزەكـانی گـەلی كـورد لـە بـاكوور درز تێبكـات‌و پێگـەی دەتەپـە لاوازبكـات‌و دەنـگ بۆخـۆی رابكێـشێت، هەربۆیـە ئـەو ژاوەژاوەی بـەوناوەوە دەسـتیپێكردووە لەسـەر ئـەرزی واقیـع شـتێكی ئـەو تـۆی لـێ سـەوز نـەبووە، پێداگریی لەسـەر دروشمـی "یـەك ولات، یـەك نەتـەوە، یـەك ئـالا"و دەستبەسـەرداگرتنی ئـەو نەخشەی رێگایەی كە عەبدولا ئۆجەلانی سەرۆكی پەكەكە لـە زیندانەكەیـدا دورگـەی ئێمـەرلی یـەوە ئامـادەی كردبـوو، كوشـتن‌و پـەلامارو هەڵمـەتی بـەردەوام بـۆ دەسـتگیركردنی ئەنـدامانی دەتەپـەو ئۆپەراسـیۆنی بـەردەوامی رۆژانـەی سـەربازیی بۆسـەر بنكـەو ناوچـەكانی بـوونی پەكەكە لە هەرێمی میدیا، ئەمە لەكاتێكدایە كـە پەكەكـە چەنـد مانگێكـە پـەلاماری هێزەكـانی تـوركیی وەسـتاندووەو لـەپێناو دەرفـەت دان بـە ئاشـتیی بـۆ جـاری چـەندەمین دەنگـی تفەنگەكانی خامۆش كردووە، هەروەها لەسەر داوای ئۆجەلانی سـەرۆكیان گرووپـی ئاشـتییان رەوانـەی ولات كردۆتـەوە تـا ئاكەپـە ناچـاربكەن هـەنگاوی كرداریـی بنێـت‌و بـۆ جـەماوەری كـوردو هـەموو دنیـاش رابگەیـەنن كـە ئـەوان لەپێناوئاشـتییەكی راسـتیینەو سـەربەرزانەدا چوونەتە چیا، ئەو جەماوەرەی بەدەیان هەزاریان لەشارە كوردییەكانە بە گوڵ‌و كۆتری سپی پێشوازییان لە گەریلاكانی ئاشتیی پەكەكە دەكردو لـە ئامێزیـان دەگـرتن‌و پێگـەی دەتەپـەی هێندەی تر بەهێزتر كرد. ئەوەش ئاكەپەو ئەردۆغانی شێت‌وهار كردووەو ناوبراو دەترسێت ئاكـامی جادووەكـەی بەسـەر خۆیـدا بـشكێتەوە، هەربۆیـە بـەردەوام بـاس لـەوە دەكـەن كـە دەگەڕێنەوە چوارگۆشەی یەكەم‌و باس لە یەكێتی نەتەوەیی دەكەن‌و هێشتا پەكەكـەو گـەریلا

به "تیرۆرست" ناودەبەن و چەقۆی بۆ تیژ دەکەنەوە. بەراستیی جێگەی ئەو پەڕی گاڵتەجاڕییە، کەسانێك دەیەها هەزار کەس بە گوڵ و کۆتری سپی پێشوازیی بکرێن (تیرۆرست) بن! و کەسانێکیش چەندان کیژۆڵەی وەك "جەیلان ئۆنکوڵ" و مێرمنداڵی وەك "محەمەد ئۆیتن" بکوژن و بەسەدان منداڵ لە زیندانەکاندا بگرن و ئەشکەنجەیان بکەن، ئیسلام و ئاشتییخواز بن!! .

ئێمە بەر لە ساڵێك لە چاوپێکەتنێکدا لە بڵاوکراوەی"رۆژی وڵات"دا باسمان لە دیماگۆجستیی ئەردۆغان و چنین و بەڕێوەبردنی ئەو پیلانە کردووە بە پاڵپشتیی ئەمەریکا و هێندێك لایەن، ئێستاش کە رای گشتیی لە زۆر شوێن چاوەڕێی ئاکامی ئەم ژاوەژاوی کرانەوە و "خێروبێر" و عەدالەت و گەشەپێدانەکەی پارتەکەی ئەردۆغانن، هەروەك پێشوو پێم وانیە بۆ گەلی کورد نەك بازرگانانی شەڕ و سیاسەت، شتێکی ئەوتۆی لێهەڵوەرێت کە بەراستیی جێگەی دڵخۆشیی بێت،! گەر بەپێچەوانەشەوە نەکەوێتەوە بەتایبەت لەکاتێکدا جەنگ بە گەرمیی هەڵبگیرسێتەوە و لیبراڵیزەی سیاسیی و ئابووریش پاشەکشە بکات، بەهەر حاڵ ئایندە وەڵامی راست و دروستمان دەداتەوە.

لەراستییدا ئەوەی هانیدام نزیکەی ۱۰۰۰سات لەکاتی خۆم بۆ وەرگێڕان و پیتچنین و نەخشەسازیی و ئامادەکردنی ئەم کتێبە بۆ چاپ تەرخان بکەم، جگە لە پێویستی کتێبخانەی کوردیی بە بوونی بەرهەمێکی دانسقەی بەم شێوەیەیە کە بەبڕوای ئێمە هێندەی ئاگادارین تا ئێستا بەرهەمێکی وای تێیدا نیە کە بەم چەشنە تونێتیی بشکێنێت، پێویستیی فێرخوازانی بەشەکانی مێژووە لە زانکۆکاکانی کوردستان بە تێکستبووکێك کە زیاترین زانیارییان لەبارەی بابەتێکەوە بۆ روون بکاتەوە کە بەشێکی گرنگە لە پرۆگرامی خوێندنەکەیان، هەربۆیە ئەوان ئامانجی یەکەمن و لەبەرئەوەشە کتێبەکەیان پێشکەشکراوە.

هەر لێرەدا پێویستە سوپاسی برای بەڕێزم کاکە"هۆشمەند عەلی مەحموود" بکەم کە کۆپییەکی کتێبەکەی بۆ خستبوومە سەر "سی دی" و هانیشیدام کار بۆ وەرگێڕانی بکەم، هەروەها سوپاسی هەر دوو فێرخوازی بەڕێز "بەختیار خدرو هیوا سەعید" دەکەم کە دەستپێشخەریان کرد و ئەرکی پیتچنینی دوو باسی بەشی سێیەمیان گرتە ئەستۆ. دواجار سوپاسی سۆزەخانی هاوسەرو ئارینی کچیشم دەکەم کە یارمەتییان کرد بتوانم ئەو ماوەیە کار لە هێنانەکایەی ئەم بەرهەمەدا بکەم. لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم کارە شوێنی خۆی بگرێت و بتوانێت راژەی مەبەستەکەی خۆی بکات لەگەڵ ئومێدی تەندروستیی و سەرفرازیی بۆ هەمووان.

پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتیی
۲۰۰۹/۱۰/۳۱ سلێمانی

# پێشەکیی

باشترین ڕێگا بۆ فێربوونی بابەتێك بە باشیی ئەوەیە بە وانە بیڵێیتەوە. ئەم ڕاستییەی کە بەندە چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆم دەرکەوتووە، کاتێك لە زانکۆ بەرپرسیارییەتی ئەوەم خرایە ئەستۆ کە وانەی تورکیی بەچەند خوێندکارێك بڵێمەوە کە کەمێك لەخۆم گەنجتربوون. چەندین جار ئەم خوێندکارانە وایان لێکردم کە درك بەوە بکەم چەندە کەم سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی زمانی تورکیی دەزانم. پاش تێپەڕینی پازدە ساڵ سەرلەنوێ ئەم ڕاستییەم درك پێکردەوە کاتێك (دکتۆر لیستەر کرۆك) داوای لێکردم ئەم کتێبەی بەردەست بنووسم، کە ئامانج لێی ئەوەبوو تا وەك مادەیەکی فێرکاریی ڕاژە بکات. هەرچەندە لەو دەمەدا ماوەیەك بوو خەریکی کۆڵینەوەو نووسین بووم سەبارەت بە قۆناغی گواستنەوە لە ئیمپراتۆری عوسمانییەوە بۆ کۆماری تورکیا. دووبارە درکم بەوە کردەوە ئەوانەی پێشتر نەمزانیبوون چەندە بوون و چەندە شتی دیکەش هەبوون کە بەتەواویی نەزانرابوون. هەروەك نووسیشم، فێریش بووم. هەربۆیە گەر خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ تۆی خوێنەر نیوە پاداشتێك بێت، نیوەکەی تریشی لەکاتی نووسیندا بۆ من، واتە نووسەرەکەی بووە، بەوەش بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕاژەی مەبەستەکەی کردووە.

بەندە هەمیشە لە کاری ئەکادیمییدا ئەوەم بینیوە کە زۆربەی هەرە بەرهەمە فرە سوودبەخشەکان زادەی گفتوگۆو گەنگەشەی گشتیی و ئاساییەکان بووە لەگەڵ هاوەڵان و خوێندکارەکاندا، بەشداری ئەوانە هەمیشە بە نادیاریی دەمێنێتەوە، کاتێك ئەو گەنگەشانە نوقمی نەست دەبن و پاشتر وەك بیرێکی ڕووناکی تایبەت بەمرۆ دەردەکەونەوە. وێڕای ئەو بەشدارە نادیارانە، کارێکی ئامادەکاریی و پێکهاتەیی ئەوتۆی وەك ئەم کتێبە بەدڵنیاییەوە پشت بە نووسەری ئەو کۆڵینەوانە دەبەستێت کە لەم کتێبە ئامادەکراوەدا بەکارهێنراون. ئەوانەی کە ناوو ناونیشانی کارەکانیان لە بیبلیۆگرافیای کۆتایی کتێبەکەدا هاتوون(وەرگێڕ جگە لە دابەزاندنی سەرچاوەو پەراوێزەکان، گەنگەشەی سەبارەت بەو سەرچاوانە بەپێویست نەزانیوون هەربۆیە وەری نەگێڕاون )، کە ڕادەی قەرزاربارییم بۆ ئەوانە دەردەخات.

چەند کەسێك بەشدارییەکی تایبەتیان کردووە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی سەرنجەکانیان لەمەڕ بەشێکی دەقەکە : "دیك داویس" لە زانکۆی کاسۆلیکی نیجمەجین

ەوە، پرۆفیسۆر "جان لۆکاسین"و "رینوس پێنیکی" لە زانکۆی ئەمستەردام، هەروەها دکتۆر "ولیەم هال" لە کۆلێجی کۆلێنەوەکانی رۆژهەلاتیی و ئەفریقیی لە زانکۆی لەندەن. هەروەها بەشێکی کتێبەکەش رەنگدانەوەی کاری ژمارەیەك کۆلەرانی پێشووە، بەتایبەت تێزەکانی ماستەرنامەی "نیکۆلاس ڤان ئۆس"، "جاکلین کیبریس"و "ئانیکی ڤۆیتین".

دکتۆر لیستەر کرۆك بەشدارییەکی بەرچاوی لەم کتێبەدا هەبووە لە رێگەی خوێندنەوەی وردو پرزانیاریی بۆ کتێبەکە و پێشکەشکردنی سەرنج و تێبینییەکانی سەبارەت بە دەقەکە.

پێشنیازی بنەرەتیی ئەم کتێبە لەلایەن هاورێی خۆشەویستم دکتۆر "کۆلین هێیود" بوو کە لە کۆلێجی کۆلێنەوە رۆژهەلاتیی و ئەفریقییە لە زانکۆی لەندەن، ئەوەی ئاماژەی بەوەدا کە پاش تێپەرینی ٣٠سال بەسەر بلاوکردنەوەی کتێبەکەی (بێرنارد لویس: سەرهەلدانی تورکیای هاوچەرخ) پێویست بە کتێبێکی بەم شێوەیە دەکات. تەنیا دەتوانم هیوای ئەوە بخوازم کتێبەکە بەو شێوەیە بێت کە ئەو چاوەرێی دەکرد.

بەشداریی "ساسکیا" زۆر لەو ئارامیی و خۆراگرییە زیاتربوو کە هەمیشە لە پێشەکییدا سەبارەت بە ژنان و هاوسەران ئاماژەیان پێدەدرێت.

نیجمەجین/ ئەمستەردام
ئۆتی ١٩٩٢

# پێشەکیی بۆ چاپی سێیەم

ئەمێستا وا دەساڵ بەسەردا تێپەڕیی لەو کاتەوە کە بۆ یەکەمجار کاری چاپی یەکەمی کتێبەکەی (مێژووی هاوچەرخی تورکیا)م تەواوکرد. لەوەدەچێت کتێبەکە وەڵامدەری خواستەکانی وەخت بووبێت، چونکە لەماوەی ئەم دەساڵەدا پێنج جاری دیکەی لێ ڕاکێشراوەتەوە ( هێندێك جار بە گۆڕانکارییشەوە)، هەروەها بۆ زمانەکانی تورکیی، هۆڵەندیی، یۆنانیی، عیبریی و ئەندەنووسیی وەرگێڕراوەو لە زانکۆکانی چەندین وڵاتاندا کراوەتە کتێبی خوێندن. لەهەمان کاتدا، لە ماوەی ئەم دەیەیەدا ژمارەیەکی تەواو مەزن کۆڵینەوە لە دەورانی دوایینەی ئیمپراتۆری عوسمانیی و هەروەها کۆماری تورکیادا دەرکەوتوون. مێژووی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و کەلتووریی دەورانی دوایینەی ئیمپراتۆری عوسمانیی لەلایەك و هەروەها مێژووی هاوچەرخی کۆمارەکە کە بوارێك بووە بۆ ئەوەی کۆڵینەوەی بەشێوەیەکی تایبەت و بەهێز تێدا ئەنجامبدرێت. لە حاڵەتی یەکەمدا پەرەسەندنی هۆکاری هاندەر خۆی لە بوونی فرەی ئەو کۆکەرەوە ئەرشیفییە بایەخدارانەدا دەبینێتەوە، لە دووەمیشیاندا ئەو مل بە ملێی و ڕکابەرییە بنەڕەتییانەی کە تورکیای کەمالی بەهۆی جوڵانەوەی کوردیی و ئیسلامییەکانەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە. هەروەها بەهۆی خولیای بوون بە بەشێك لە یەکێتی ئەورووپا.

لەئاکامی ئەو هەموو کۆڵینەوە چاپکراوەدا، دەتوانرا کتێبی خوێندنی پڕنێوەرۆکتر سەبارەت بە تورکیا بنووسرێت و هەروەها زیاتر لەوەی چاوەڕێی کەسێکی دی بکەم ئەم ئەرکە ئەنجامبدات، هەوڵی ئەوەمدا هەر خۆم ئەو کارە بکەم. بونیادو پێکهاتەی بنەڕەتیی کتێبەکە نەگۆڕاوە، بەڵام زیاتر لەسەد گۆڕان وردەکاریم بەسەر وردەکارییەکاندا هێناوە، وێڕای ئەوەی هەوڵمداوە بە ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان(هەرچەندە لەبەر بنەڕەتییبوونی کتێبەکە ئەو سەرچاوانە یەکجار زۆر نین) پشتگیریی دەقەکە بکەم و ڕێنمایی بیبیلیۆگرافیایەکەش فراوانتر بکەم.

ئەم کتێبە هەڵپەی کەسانێك تێرناکات کە تینووی بەئاگابوونی بەردەوامی مێژوون، بەڵام لە چەند دەمێکی ئاساییدا هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان کۆڵینەوە مێژووییە پێشەنگەکان و ئەوەی لەبەردەم خوێندکارو خوێنەری ئاساییدا لە شێوەی ئەم کتێبی خوێندنەدا هەیە، ئەوەیە خولیا و ئومێدی ئەم کتێبە.

بەدڵنیاییەوە چاککردنەکە تەنیا ئاکامی خوێندنەوەی زیاترو کۆڵینەوە نیە، ئەوانە هەروەها رەنگدانەوەی گەنگەشەو گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ هاوەڵاندایە.لەنێو ئەو هاوەڵانەی لەوەدا یارمەتییاندام شتەکان روونتر ببینم خوازیارم ناوی هێندێکیان بهێنم: "ئایکوت کانسو، مێتە تونچای، زەفەر تۆپراك، بیل هال، فیکرەت ئادەن، حەمید بوزئەرسەلان، فرانچۆیس جیۆرجین، هیلمار کایسەر، مەحمەد ئەمین یەڵدرم" هەروەها "ئەندرۆ مانگو".

سوپاسێکی تایبەتیش بۆ خوێندکارەکانم لە دکتۆرا، بەتایبەت :" نیکۆڵ ڤان ئۆس، ئۆموت ئازاك، ئوزگور جوکمەن، سەچیل دەرەن، هەروەها ئوزگور موتلو ئولوس" کە زۆر لە کارەکانیانەوە فێر بووم. سوپاسی "ڤانجیلیس کۆنشیریۆت،سۆکراتیس پێتمیزاس و هەروەها یاسمین گۆنەن" دەکەم کە سەرنجی خۆیان سەبارەت بە وەرگێڕاوە یۆنانیی و تورکییەکەی ئەم کتێبە پێشکەش کردووە، ئەوەی دەقە رەسەنەکەی دەوڵەمەندتر کردووە. بەدڵنیاییەوە جارێکی تر سوپاسی لیستەر کرۆك دەکەم سەبارەت بە رێنماییەکانی لەمەڕ دەقە ئینگلیزییەکە.

لیدن/ دیسەمبەری ٢٠٠٣

## دەروازە : قۆناغگەرایی

## تیۆروشێوازەکان

قۆناغگەرایی، دابەشکردنی قۆناغەکانی رابردووە کە بە شێوەیەکی روون بناسرێتو بەشێوەیەکی ئاسان لێک جیابکرێتەوە، ئەوەی بابەتێکە شایەنی گەنگەشەیەکی بێکۆتاییە. لەهەریەك لەو قۆناغانەدا رووداوێکی گرنگو خاڵێکی وەرچەرخان، وەك یەك لەیەکتریان جیادەکاتەوە. ئەوەی ئەم چالاکییانە وەك پرسێکی گەنگەشەدار دەبەخشێتە مێژوونووس ئەو راستییە روونەیە کە هەر رووداوێکی گرنگ بریتییە لە سەرەتای پەرەسەندنێکی نوێو ترۆپکی یەکێکی دی پێشووتر.

هەرچەندە، قۆناغگەرایی بە هەرحاڵ سەرکێشییەو ملکەچی ویستە کەسییەکانی مێژوونووسە، بەڵام ئامرازێکە بۆ رووخساربەخشین بە رابردوو کە ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێتو تەنانەت هەردەبێت بگیرێتەبەر بۆ شەقڵگرتنی رابردوویەك کە بێ گرتنەبەری رێبازێکی بەم چەشنە تەنیا تۆپەڵێکی شێواوە لە رووداوو کەسایەتییەکان. ناونیشانی ئەم کتێبە ئاماژەیەکە بەوەی شتێك هەیە بەناوی مێژووی هاوچەرخ (یاخود تەنانەت تورکیای هاوچەرخ) ئەوەش ئاکامێکی قۆناغگەراییە.

قۆناغگەرایی ئامرازێکی دروست دەبێت گەر وەڵامی دوو خواستی جیا لەبەرچاوبگرێت، یەکەم پێویستە بەهای شیکردنەوەولێکدانەوەی هەبێت، وەك بەراوردکردن.قۆناغگەرایی لەبنەڕەتدا لە رووی ژمارەوە بێسنوورە، بەڵام تەنیا ئەوانەی راژە بە مەبەستەکە دەکەن گەر رێمان بدەن ئەو لێشاوە رووداوانە وا بەش بکەین کە رووداوە بایەخدارەکان دەربکەون. دووەم، قۆناغگەرایی پێویستە رەنگدانەوەی ئەو پەرەسەندنە راستیینەیە بێت کە قۆناغەکە باسی لێوە دەکات. ناتوانێت بە تەواویی پرۆسەیەکی پشکنینو کۆڵینەوە بێت. ئەوەش لەسەر ئەو پرسە وەستاوە داخۆ کە مێژوونووس کام لەم پەرەسەندنانە هێندە بایەخدار دەبینێت کە قۆناغگەراییەکەی خۆی لەسەر بنیادبنێت. یاخود بە واتایەکی دی مێژوونووس لەنێو ئەو تۆپەڵە راستییەدا کامەیان وەك (راستییەکی مێژوویی) دانپێدادەنێت.

بە دڵنیاییەوە لە هەربوارێکدا دابەشکردنی سونەتیی هەیە کە هێندە بەربڵاوە بە شێوەیەك وا لە خوێنەری ساکار دەکات راستییە بەرچاوەکان هەروەك خۆیان بە شێوەی راستییەکی مێژوویی ببینێتو نەڵێت دیاردەیەکی سروشتییە. هەربۆیە جێگەی

سەرسوڕمان نیە کە ئەم مەیلە لە نێو خوێندکاراندا فرە بەهێزبێت. لەگەڵ ئەوەی کتێبێکی بەم چەشنە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نەك گەنگەشە بەڵکو راستییە نکۆڵیی لێنەکراوەکان پێشکەش دەکات.

لەهێندێك رووەوە ئەم کتێبە قۆناغگەرایی سونەتیی مێژووی تورکیی گرتۆتەبەرو لە هێندێك رووی دیکەوە نەخێر. هەربۆیە وا باشترە کە لەگەڵ خوێنەردا وتوێژ سەبارەت بەم تایبەتمەندییە بکەمو هۆکاری ئەو شێوازەی بۆ دەرخەم کە کتێبەکەی پێکهێناوە، زیاتر لە پێشنیازی ئەوەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان کارکردنی ناچارانەی مێژوو خۆی بێت.

ئەم کتێبە بۆ سێ بەش دابەشکراوە، ئەم دابەشکردنەش بەرجەستەی دیدی نووسەرەکەی دەکات سەبارەت بە قۆناغگەراییە بنەڕەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی تورکیا. لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسی قۆناغی دەرکەوتنی تورکیای هاوچەرخ لە سەدەی نۆزدەیەمدا کراوە. پەرەسەندنی بالادەستی ئەم قۆناغە بریتیە لە گەشەکردنی نفوزی ئەوروپا لە ئیمپراتۆری عوسمانییو ئەو کاردانەوانەی لە دەوڵەت و کۆمەڵگای عوسمانییدا هاتە ئارا.

نفوزی ئەوروپییەکان لە سێ بواری جیادا، بەڵام پێکەوە پەیوەندییدار، دەرکەوت. پێکەوەگرێدانی بەشێکی گەشەسەندووی ئابووریی عوسمانیی بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانییەوە، گەشەسەندنی نفوزی سیاسیی زلهێزە ئەوروپییەکان کە خۆی لە هەوڵەکانیدا بۆ هەردووك داپچڕینی ئیمپراتۆری عوسمانیی بێئەوەی ئاگرێکی مەزنی ئەوروپیی لێ بکەوێتەوەو هەروەها دەستبەسەرداگرتنی، لە کاتێکدا کە وەك یەکەیەکی سیاسیی جیا بمێنێتەوە. هەروەها دواجار کاریگەریی ئایدۆلۆژیی ئەوروپیی وەك (ناسیونالیزم /نەتەوایەتیی) ، (سێکیولاریزم/جیایی ئاین لە دەوڵەت)و (پۆزتیڤیزم/بڕوابوون بە دیاردە ماددییە بەرچاوەکان).

ئەم سێ جۆرە لە گەشەسەندنی نفوزی ئەوروپیی لە چەندین شێوەگەلی گونجاودا تێکەڵ و ئاوێتە بوون. هەروەها ئەوەش سەبارەت بە وەڵامی عوسمانیی لەمەڕ ئەم کێبڕکێ ئەوروپییە راستە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەتوانرێت دوو رێگە لەم وەڵامدانەوەیە درك پێبکرێت، یەکێکیان لە هەوڵەکانی دەوڵەتی ناوەندییو راژەکردنی لە بەهێزکردنی دەزگا حکومییەکان و بەناوەندییکردنی کارگێڕیی وڵاتەکە پێکدێت، ئەوی دیکەشیان لە

ڕێگەی کاردانەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکە بۆ ئەو فشارانە کە تووشی ببوون. لە درێژەی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم کاردانەوانە وردە وردە دووڕیانێکی لە نێوان رەعییەتە کریستانیی و موسوڵمانەکانی سوڵتاندا هێنایەئارا.

ئەم پەرەسەندنانە ئەو چوارچێوەیە پێکدەهێنێت کە تێیدا ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا لە یەکەمین بەشی ئەم کتێبەدا باسی لێوە دەکرێت. ئەوەی هەروەها بناغەی قۆناغگەراییەکەی پێکدەهێنێت . ئەمێستا ئەم قۆناغگەراییە بە وردیی وەك چیە؟

یەکەم پرسیارلەم چوارچێوەیەدا دێتە پێش ئەوەیە کە چ شتێك وەك خاڵی دەستپێکردنی (مێژووی هاوچەرخی) تورکیا وەربگیرێت. وەڵامی جۆراوجۆر گونجاوەو بەشێوازی خۆشیان دروستە. بەڵام پێدەچێت سونەتییترین چارەسەر لەم پرسەدا باشترییینیان بێت، بەوەی لە قۆناغی شۆڕشی فەرەنسا و ڕووداوەکانی پاشی دەستپێکردبێت. پێکەوە گرێدانی ئابووریی عوسمانیی بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانییەوە بە شێوەیەکی بایەخدار لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمو لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بە خێرایی زیادی کرد. جەنگەکانی ناپلیۆن تێوەگلانی ئیمپراتۆرییەکەی بە سیاسەت و دیپلۆماسیی ئەوروپییەوە زیاتر کردو هەروەها هزرە شۆڕشگێڕەکانی وەك ناسیونالیزم و لیبرالیزم بۆ یەکەمجار گەیشتە ڕۆژهەڵات.

گرفت لەگەڵ قۆناغگەرایی گشتیی زیاتری سەدەی نۆزدەیەم وهەروەها لە ڕاستییدا بۆ قۆناغێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو سێ شکڵگرتنە لە نفوزی ئەوروپا و ڕەنگدانەوە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەوروپیی کە بە شێوەیەکی هاوتەریب لە هەستی گشتییدا بەڕێوەدەچوون، بەڵام پەرەسەندنەکان لە هەموو کایەکاندا پێویست نیە هاوکات بێت. هەرچەندە بەهۆی تایبەتمەندیی هاوپەیوەندیی ئەو پەرەسەندنانەوە دەگونجێت قۆناغگەراییەکی هەماهەنگیی ڕاستیینە گونجاوبێت.

* ئەو قۆناغەی لە شۆڕشی فەرەنسییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە ساڵانی ١٨٣٠یەکان گەشەسەندنێکی هەرێمەکانی بالکانو دەرکەوتنی بازرگانە یۆنانییەکانی وەك فاکتەرێکی باڵادەست بەخۆوەبینی، پەیوەستبوونی فرە زیاتری ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە سیاسەتەکانی بەریتانیاو ڕوسیاوە، سەرهەڵدانی یەکەمین جوڵانەوە نەتەوەییەکانو هەروەها یەکەمین هەوڵە جدییەکانی چاکسازیی بە شێوازە ڕۆژئاواییەکەی.

* تایبەتمەندیی ئەو قۆناغە لە کۆتایی ۱۸۳۰کانەوە دەستپێدەکات بۆ ناوەڕاستی ۱۸۷۰کان کە لە رووی نێودەوڵەتییەوە دەورانی بالادەستی بەریتانیا بوو لە رووی سیاسیی و ئابوورییەوە، ئەوەی فراوانخوازییەکی خێرابوو لە هەردوو بواری بازرگانیی و هەروەها قەرزەکان بۆ ئیمپراتۆرییەکە پاش پەسەندکردنی رژێمی بازرگانیی ئازاد لە ساڵی ۱۸۳۸دا، پشتگیریی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ مانەوەی بەردەوامی ئیمپراتۆرییەکە، چاکسازییەکی بەرفراوان(لانی کەم لەسەر کاغەز) لە بواری یاسا، فێرکردن، دارایی و هەروەها دامەزراوە حکومییەکاندا کە بە فەرمانی چاکسازیی ساڵی ۱۸۳۹ دەستی پێکرد. شوێنگرتنەوەی دەربار لەلایەن بیرۆکراتیی کارگێڕییەوە وەك ناوەندی دەسەڵات، دەستپێکردنی جوڵانەوەی دەستووریی عوسمانیی و هەروەها دەستپێکردنی کاردانەوەی موسوڵمانان دژی پێگەی جیای کریستیانییەکان، ئەو قۆناغەی کە بە قەیرانە قووڵە سیاسیی و ئابوورییەکەی ساڵانی ۱۸۷۳-۱۸۷۸ کۆتایی دێت.

* ماوەی نێوان ناوەڕاستی ۱۸۷۰کان بۆ شۆڕشی دەستووریی ساڵی ۱۹۰۸ فراوانخوازییەکی هێواشی بەخۆیەوە بینیی، لانی کەم تا کۆتایی سەدەکە، بەڵام هەروەها یەکەمین وەبەرهێنانی بیانیی راستەوخۆ لە ئیمپراتۆریەکەدا، بەردەوام چاکسازییە کارگێڕیی و تەکنیکییەکان، بەڵام سەرکوتکردنی ئایدۆلۆژییە نەتەوەیی و لیبرالییەکان و ئاوڕدانەوە و خۆتوندکردن بە میراتە ئیسلامییەکەی ئیمپراتۆرییەکەوە، سەرلەنوێ دەربار شوێنی بیرۆکراتیی وەك ناوەندی دەسەڵات گرتەوە. لەبەرەو کۆتایی ئەم قۆناغەدا چ گرێدانی ئابووریی نێودەوڵەتیی و چ ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نێوخۆیی پێکەوە کەوتنەڕێ.

دووەم بەشی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ هەوڵەکانی "تورکە لاوەکان" کە دەستەیەك لە ئەفسەرو کارمەندانی بارهێنراوی پەروەردەو فەرهەنگی هاوچەرخ بوون، ئەوانەی لە ساڵانی ۱۸۹۰کاندا چالاك بوون و شۆڕشی دەستووریی ساڵی ۱۹۰۸یان رێکخست تاکو دەوڵەت و کۆمەڵگای هاوچەرخ بەهێز بکەن بە پشتبەستن بە پۆزتیڤیزستەکان و زیاتریش نەتەوەییەکان. ئەو راستییەی کە بەشی دووەم لە ساڵانی ۱۹۰۸-۱۹۵۰ دەگرێتەخۆ بریتییە لە رەنگدانەوەی ئەو بڕوایەی کە، وێڕای تێکشکاندنی ئیمپیراتۆریەکە لە ساڵی ۱۹۱۸ و هەروەها دامەزراندنی کۆماری تورکیی لە ساڵی ۱۹۲۷دا، لە رووی سیاسیی،ئایدۆلۆژیی و هەروەها ئابوورییەوە بڕێکی فرەمەزن لە بەردەوامی هەبوو.

توركیا له سایەی تورکە لاوەکاندا دووجار بە هەمان بازنەی سیاسییدا تێپەڕی، یەکەم لە سایەی کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن(لە ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٨)، هەروەها جارێکی دی لەلایەن رژێمی کەمالیستەکانەوە فەرمانڕەوایەتیی کرا، کۆمەڵەی بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی ئەنەدۆڵ و رۆمێلی و پارتی کۆماریی گەل بەدوایدا هاتن. لەهەردوو حاڵەتەکەدا بازنەکە لە چەند قۆناغی لیبراڵ و پلوراڵ پێکدەهات، لە ١٩٠٨-١٩١٣و هەروەها لە ١٩١٩-١٩٢٥ بەدوایەکدا کە قۆناغێکی دەسەلاتسەپێنی سەرکوتکەری بەدواداهات کە سیستمی کاریگەری تاکە پارتیی، سیاسیی، ئابووریی،کەلتووریی، نەتەوایەتیی و مۆدێرنیتەو چاکسازییە سێکیولاریزەکانی (١٩١٣-١٩١٨)و هەروەها ١٩٢٥-١٩٥٠ بەدوایەکدا) پێکەوە کۆکردبووەوە. هەر قۆناغگەراییەکی لاوەکیی بۆ تورکە لاوەکان پشت بە پەرەسەندنە سیاسییەکان دەبەستێت، ئەوانەی وەك جەنگی جیهانیی، تێکشکاندنی ئیمپراتۆرییەکەو دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی بەسەر شانۆکەدا بالادەست بوو تا رادەیەك کە قۆناغگەراییەکی سەربەخۆی لەسەر بنیات دەکرێت، بۆ نموونە، پەرەسەندنە ئابوورییەکان مانایەکی نابێت. گەنگەشەیەکی سەربەخۆ سەبارەت بە گەشەسەندنی پیشەسازیی و بۆرجوای بازرگانیی لە ئیمپراتۆری عوسمانییداو لەسەرەتای کۆمارەکەدا بێ ئاماژەدان بە نەمانی ئەرمەنیی و یۆنانییەکان بێمانایە، ئەوەی لە ئاکامی پەرەسەندنە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکانەوە ، نەك بەهۆی یاسایەکی بنەڕەتی ئابوورییەوە. بەدوای ئەوەی سەرەوەدا دێت کە ناساندنی قۆناغی تورکە لاوەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتیی و بۆ چەند دەورانی لاوەکیی دابەش دەبێت وەك :

* ١٩٠٨-١٩١٣ : ئەو قۆناغەیە تێیدا ویسترا لەسەر بنەمای چەندین بەرنامەو ئایدۆلۆژیای کێبڕکێکەر ئیمپراتۆرییەکە ببوژێنرێتەوە.

* ١٩١٣-١٩١٨ : فەرمانڕەوایەتیی تاکەپارتیی کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوایەتیی تورکیی.

* ١٩١٨-١٩٢٢ : ئەو قۆناغەیە تێیدا تورکە لاوەکان سەرلەنوێ دەسەلاتی خۆیان لە رێگەی جەنگی سەربەخۆییەوە دامەزراندەوەو هەروەها جولانەوەی بەرەنگاریی نەتەوەیی هێدی هێدی تایبەتمەندیی خۆی وەرگرت.

* ١٩٢٢-١٩٢٦ : ئەو قۆناغە هەستیارە بایەخدارەی پاش جەنگە کە تێیدا ستراکچەری دەوڵەت گۆڕانی بەسەرداهات و سەرلەنوێ دەسەلاتی دەوڵەتی تاکە پارتیی دامەزرایەوە.

* ١٩٢٦–١٩٤٥ : ترۆپكی كەمالییزمە ، هەروەها

* ١٩٤٥–١٩٥٠ : گواستنەوەی پێبەپێ بەرەو دیموكراتیی، كە خۆی لە دوورخستنەوەی ئاشتییانەی پارتی كۆماریی گەل لە دەسەڵات دەبینێتەوە.

ناونیشانی بەشی سێیەمی ئەم كتێبە (شەڕە دیموكراتیی) بایەخ بەو قۆناغەدەدات كە لەساڵی ١٩٥٠وە دەستپێدەكات. ئەم ناونیشانە خۆی خۆی دەناسێنێت. بە پێچەوانەی قۆناغی توركە لاوەكانەوە، ئەمە زۆربەی كات قۆناغێك بوو لە پلورالیزمو دیموكراتیی و گەشەسەندنی سیاسەتی دەستەجەمعی تێدا بووە، لە هەمان كاتیشدا، قۆناغێك بوو كە سێ كودەتای سەربازیی تێدا روویداوە (لە ساڵی ١٩٦٠و ١٩٧١و ١٩٨٠دا)، هەروەها لە ساڵانی ١٩٦٠ كانەوە بەرەوسەر، دیموكراتیی پارلەمانتاریی توركیی بەبەردەوامیی لەلایەن راستو چەپەكانەوە كەوتۆتەبەر پەلامار، بەشی سێیەمی كتێبەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە:

*١٩٥٠–١٩٦٠ : دەورانی فەرمانڕەوایەتیی پارتی دیموكرات كە تایبەتمەندییەكەی گرێدانی سیاسیی و سەربازیی توركیا بە هاوپەیمانیی رۆژئاوا، پەرەسەندنی خێرای ئابووریی (بەتایبەت لە لادێكاندا)، گەشەسەندنی پشتبەستنی دارایی بە وڵاتە یەكگرتووەكان، دابەزینی مەیلی سێكیولاریزمی حكومەتەكەی پێشوو بوو.

* ١٩٦٤–١٩٨٠ : دووەمین كۆماری توركیا، پاش هێنانەئارای دەستووره زیاتر لیبراڵەكەی ١٩٦١، كە رێگەی بەدەركەوتنی جوڵانەوەو پارتی ئەوتۆدا كە زیاتر لە ناوەندی سیاسیی لایدا. لە هەمان كاتدا، دەستووره نوێیەكە دەستێوەردانی سوپای لە كاروباری سیاسیی كردە مەسەلەیەكی یاسایی و شەرعییەتی پێدا. لە رووی ئابووریشەوە، ئەمە قۆناغێك بوو كە تێیدا پیشەسازییەكی ئەڵتەرناتیڤی بەتوندیی پارێزراوی گرنگ بنیاتنرا، هەروەها چ سەرمایەداران و چ یەكێتییە پیشەییەكان بایەخیان پەیداكرد. لە هەمان كاتدا، ملیۆنەها تورك وەك كرێكاری پیشەسازیی یاخود خزمو كەس‌وكاریان روویان لە ئەوروپا كرد. لە ساڵانی ١٩٧٠كاندا قەیرانی ئابووریی جیهانیی زەمینەی بۆ ناجێگیریی كۆمەڵایەتیی و توندڕەویی سیاسیی خۆشكرد. قۆناغی سەركوتكاریی پاش كودەتا سەربازییەكەی ساڵی ١٩٧٠ كە بە بیرخەرەوەیەك ئەنجامدرا قۆناغێكی دڕندانە بوو، بەڵام بەشێوەیەكی بنەڕەتیی ئاراستەی رووداوەكانی نەگۆڕیی.

* پــاش کودەتــا ســەربازییەکەی ســاڵی ١٩٨٠ دەســەڵاتی هێــزە چــەکدارەکان بــۆ سـەرکوتکردنی هـەموو فۆرماسـیۆنە سیاسـییەکان و یەکێتییـە پیـشەییەکانی قۆناغەکـە بەکارهێنرا، هەروەها بۆ هێنانەئارای سیاسەتی نوێی ئابووریی کە هانی گەشەسەندنی هـەناردەکردن و بـازاڕی نێودەوڵـەتیی ئـازادی دەدا. کـرێ و یارمەتییـە ماڵییـەکانی بـڕی. هـەروەها تەنانـەت پـاش لیبراڵیزەکردنـی پێـبەپێ لـە سـاڵی ١٩٨٣وە بەرەوسـەر، ژیـانی سیاسـیی دەبووایــە لــە چوارچــێوەی ئــەو دەســتووورە ســنووردارەی ســاڵی ١٩٨٢دا بەڕێوەبــچووایە. لــەرووی نێودەوڵەتییــەوە، پەیوەســتبوونی تورکیــا بــە وڵاتــە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاوە تەنانـەت زێـدەتر بـوو. لـە سـاڵی ١٩٩١ەوە، نموونـەکانی سیاسەتەکانی پێش ساڵی ١٩٨٠ خۆیـان نوێکردەوەو ئەو ستراکچەرەی پاش کودەتای ١٩٨٠ بنیاتنرابوو وردە وردە هەڵوەشێنرایەوە. بەڵام ئاراستە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکە گۆڕانی بەسەردا نەهات.

ئەوەی لەسەرەوە پێشکەشکراوە بۆ پاساودانی هەردووک بوارو بنیاتی ئەم کتێبەیە. ئاشـکرایە پرسـیاری دووەم کـە مـاوە وەڵام بدرێتـەوە ئەوەیـە: نووسـەر چـۆن لـە درك پێکردنی شێوازگەرایی "مێژووی هاوچەرخ" تێدەگات؟

خوێنەری وریا دەتوانێت تێبینیی ئەوە بکات کە دەتوانرێت ئاسەواری چەندین تێزی سـەرەکی مێـژوویی ببینرێـت. هـزری سـەرەکیی نفـوزی ئەوروپییـەکان و کاردانـەوەی عوسمـانیی، قـەرزداری "رکابـەریی و کاردانەوەکـەی" تـۆینبی ە، زۆربـەی ئـەو وەسـفەی کاریگـەریی گەشەسـەندنی گرێـدانی ئـابووریی ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی و تورکیـا بـە ئابووریـیە ئەوروپییەکـەوە پـشتی بـەکاری ئـەم کۆڵەرانـە بەسـتووە کـە پـشتگیریی نووسـینەکەی "واڵترشـتاین" یـان لەمـەڕ "وابەسـتەیی "کـردووەو بـەکاریان هێنـاوە، ئـەو تیـۆرەی ئـەوەی لێکداتـەوە کـە چـۆن تورکیـا لـە چوارچـێوەی سیـستمی سـەرمایەداریی جیهانییدا پێگەیەکی وابەستانەی گرتووە. ئەو مێژوونووسانەی لە هزری مۆدێرنیزەوە ئاگادارن پێیان وایە کە پەرەسەندن لە ئیمپراتۆری عوسمانیی و تورکیادا وەك ململانێـی خەڵکانێکـە کـە ئیلـهامیان لـە سیـستمی عـەقلانیی رۆژئـاوا وەرگرتـووە، ئـەوەی وادێتـە خەیاڵ، کەسێك شێلیگرانەو نەبەزانە چۆتەپێش کە لایەکی هاوکێشەکەیە، هەروەها لە نێوان سوننەتگەراو دواکەوتووەکان، ئەوانەی لەسەرەڕێگای پێشکەوتنی ئەوانی دیکەدا وەستاون.کاری ئەوانە هێندێك جار رووناکی خستۆتە سەر بابەتەکە، ئەوانەی بایەخیان

بــە وەرچــەرخانە ئایـدۆلۆژیی و سیاسـییەکە داوە. تەنانـەت ئەگـەر پێـوادانگی بنـەڕەتیی ڕۆژئاواییەکانیش بێزراوبن. ئەم کتێبە لە دیدێکی تیۆرییەوە تەتەڵەیە، هەروەها لـە رووی مەبەستیــشەوە. بەنــدە واهەســتدەکات کتێبێکــی ئــەکادیمی بــەم چەشــنە پێویــستە بەرجەستەی شـارەزایی ئـەو بـوارە بکـات کـە ئاکامـە راسـتییەکانی کۆڵینەوەکـە بایـەخی پێـداوە. بـەڵام ئـەو مۆدێلـە تیۆرییـەی لەلایـەن کۆڵەرانـەوە بـۆ بـەدیهێنانی ئـەم ئاکامانـە بــەکارهێنراوە بــە گــشتیی جگــە لــە ئامرازەکــانی مێژوونووســان لــە هەوڵــەکانیان بــۆ وەسفکردنی رووداوەکان زیاتر نیە، ئەوەی نابێت رێبدات لێکدانـەوەو شـیکردنەوەکانمان سەبارەت بە رابردوو لە قاڵبێکی چەقبەستوو بدات.

لەکاتێکدا ئەم کتێبە ئیدعای بوونە مێژووی هاوچەرخ دەکاتو لـە هـەوڵی ئەوەدا بـووە دیـدێکی گشتگیر سـەبارەت بـە مێـژووی تورکیـا لـەو دووسـەد سـاڵەی دوایـدا پێشکەش بکـات، زیـاتر جـەختی لــە پەرەســەندە کۆمــەڵا–ئابووریـیــەکان و هــەروەها سیاسـیی و ئایدۆلۆژییەکان کردووەتەوە.تەنیا چەند بوارێك باسی لێوەنەکراوەو جێهێڵـراوە بریتییـە لە (بیناسازیی، ئەدەب، هونەری بینراو، مۆزیك) نەك لەبەرئـەوەی ئـەو بوارانـە گـرنگ نین، بەڵکو لەبەرئەوەی کە نووسەری ئەم دێڕانە ئەو توانا و لێوەشاوەییە لەخۆیدا شك نابات کە لەو بوارانە بکۆڵێتەوە. هەروەها هەرچەندە ئەم کتێبە ئامانجی ئەوە بوو کـە حاڵـەتێکی شارەزایی وا بخاتە بەردەست کە کۆڵینەوەی بڵاوکراوەکان لەم بـوارەدا بایـەخی پێـدەدەن. بــەڵکو ئــەم کتێبــە بایــەخێکی تایبــەتیی هەیــە کــە تایبەتمەنــدیی خوێنــدنی مێــژووی هاوچـــەرخی تورکیایـــە و پوختـــەی چـــەندین گوتـــارو کۆڵینـــەوەی دوورودرێـــژو پڕوردەکارییە.

لـەم رووەوە ئـەم کتێبـە تێکەڵەیـەکی مێژووییـە، بـۆ ئـەوە باشـە مێـژووی تورکیـا بێـت لـە جیهانی هاوچەرخدا. بـەڵام تـا سـاڵی ١٩٢٢ هـەر مێژوویـەکی هاوچـەرخی تورکیا لەراستییدا مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانییە. هەربۆیە مێژووی ئیمپراتۆرییەکە هێندە باسی لێکراوە کـە ئاماژەیـەك بێـت بـە تێگەیـشتنی دەرکـەوتنی تورکیـای هاوچـەرخ. واتێدەگـەم کـە جگـە لەمـە چـارەیەکی دیکـە نـەبوو، چونکە ناتوانرێـت بـێ پێـشینە عوسمانییەکـە لـە مێـژووی تورکیـا تێبگەیت. بەڵام هەر یەك لە خوێنەرو نووسەریش پێویستە لـەوە بەئاگابن کە لێرەدا گرفتێك هەیـە، عوسمانییـەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم، بەدڵنیاییـەوە، خۆیـان بـە بەشـێك لـە دەورانێکـی پێشینەی مێژووی هیچ کۆمارێکی تورکیی نەزانیوە.

# بەشی یەکەم

# کارگەریی دەسەڵاتی ڕۆژئاواو هەوڵە بەراییەکانی مۆدێرنە

## باسی یەکەم: ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا، تەنیا ماوەیەکی کەم پاش ئەو وەرچەرخانە مێژووییەی کە شۆڕشی فەرەنسیی هێنایە ئارا، ئیمپراتۆریی عوسمانیی نزیکەی لە بالکان(سربیا، بۆسنە، کۆسۆڤۆ، مەکەدۆنیا، ئەلبانیا، یۆنان، بولگاریا و بەشێکی گەورەی رۆمانیا)، ئەنەدۆڵ(تورکیای ئەمرۆ)و زۆربەی وڵاتانی عەرەب (سوریای ئەمرۆ، لوبنان، ئەردەن، ئیسرائیل، عێراق، کوەیت، بەشێك لە عەرەبستانی سعودی، میسر، لیبیا، تونس و جەزائر) پێکدەهات. دەسەڵاتی راستیینەی سوڵتان لە بەشێکی زۆری قەڵەمڕەوەکەیدا لاوازو بێبایەخ بوو، لە هێندێك بەشی(باکووری ئەفریقا و کەنداوی عەرەبیی) کە بەشێوەیەکی کرداریی هەر دەسەڵاتی نەبوو.

### دانیشتوانی ئیمپراتۆرییکە:

ئامارێکی بڕواپێکراومان سەبارەت بە دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکە لەبەردەستدا نیە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانەکە زۆربەی جار بە ٢٥ملیۆن مەزەندە دەکرێت، ژمارەیەکی وا بۆ ناوچەیەکی وا بەرفراوان(نزیکەی سێ ملیۆن کیلۆمەتردووجا).[1] لە راستییدا کەمیی هێزی مرۆیی بەدرێژایی سەدەی نۆزدە لەمپەرێکی سەرەکیی چ لە رووی ئابووریی و چ لە رووی سەربازییەوە لەبەردەم ئیمپراتۆریی عوسمانیی پێکدەهێنا. ٨٥ لەسەدی دانیشتووانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە لادێکاندا نیشتەجێ بوون. لەکاتێکدا ١٥لەسەدی لە شارەکاندا ژیانیان دەگوزەراند کە هەریەك لەو شارانە ١٠٠٠٠کەس یان زیاتریان تێدابوو. چ لە رووی چڕیی دانیشتووان و چ لە رووی پلەی مەدەنییەتەوە جیاوازییەکی هەرێمیی مەزن هەبوو، ناوچەی بالکان ناوچەیەکی پڕدانیشتووان بوو. لە

---

[1] بۆ پووختەیەکی سوودبەخش کەلەسەر کۆڵینەوەی نوێ بنیاتنراوەو رادەی دانیشتووان دەنرخێنێت، بڕوانە:
Donald Quataert (1994) 'The age of reforms,1812–1914', in Halil İnalcık with Donald Quataert (eds) *An economic and social history of the Ottoman Empire 1300–1914*, Cambridge: Cambridge University Press, 777–98.
کێشەی سەرەکیی بەشێوەیەکی ناڕوون سەبارەت بە رێژەی فراوانیی و قەبارەی بنەماڵەکانە کە زێدەکردنی یەك کەس لە بنەماڵەیەك واتە ٥ملیۆن لە تێکڕادا.

دەوروبەری ساڵی ۱۸۰۰دا، بالکان زۆرینەی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکەی لەخۆ دەگرت، بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم ڕێژە دانیشتووانە رووی لە کزیی کرد.[2] ڕێژەی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکە بەدرێژایی سەدەی حەڤدەو هەژدە بەرەو کەمبوونەوە چوو، بەڵام رادەی ئەم کەمبوونەوەیە نازانرێت. کەمبوونەوەی دانیشتووان و دابەزینی زۆری چڕییەکەی لە ئاکامی ئاسەوارەکانی جەنگ، قاتوقڕیی و نەخۆشیی بوو. جەنگەکان، بەتایبەت ململانێ و کێشە نێوخۆییە بەرتەسکەکان کە ئاکامی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی و نەشیاویی جەختکردنەوە لە یاسا و نەزمە، لەمپەری لەبەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی و پەیوەندییەکاندا پێکهێنا و برسێتیی و قاتوقڕیش خەڵکی رووبەڕووی پەتا و نەخۆشیی دەکردەوە، ئەو پەتا و نەخۆشییەی لەدوای هەر قاتوقڕییەکی بەرهەمە خۆراکییەکان پەلاماری دانیشتووانە هەژارو لاوازەکەی دەدا.

لە هەرێمە ئاسیاییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا، زۆرینەی مەزنی دانیشتووانەکەی موسوڵمان بوون(زیاتر تورک، عەرەب و کورد بوون)، لەگەڵ کەمینەیەکی بایەخداری کریستیانیی و جوو. لە بالکان زۆرینە کریستیانیی بوون(یۆنانیی، سرب، مۆنتینیگرۆ، ڤلاش)، لەگەڵ کەمینەیەکی موسوڵمان(بۆسنیی، زۆربەی ئەلبانیی، تورک و پۆماکس کە ناوی موسوڵمانە بولگارییەکانە). ئەم دابەشبوونە ئاینییەی دانیشتووان گرنگ بوو چونکە ئیمپراتۆرییەکە، لانی کەم لە رووی تیۆرییەوە، ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامیی بوو، لەسەر بنەما ئاینییەکان بەڕێوەدەبرا. ئەو راستییە پەسەندکراوەی کە ئیمپراتۆریی عوسمانیی جیاوازیی و هەڵاواردنی لەنێوان ئاین و دەوڵەتدا نەزانیوە، بەڵام کۆڵینەوە نوێیەکان بەو لایەدا دەشکێتەوە کە جەخت لەو ئاستە دەکاتەوە عوسمانییەکان،لانی کەم لەبواری کردارییدا، سیاسەتیان لە ئاین جیاکردبێتەوە. لە رووی تیۆرییەوە، شەریعەتی ئیسلام باڵادەستترین دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکە بووە، بەڵام لە رووی کردارییەوە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە چوارچێوەی کاروبارەکانی یاسای خێزان و موڵکایەتییدا قەتیس مابوو. مەسەلە گشتیی و تاوانکارییەکان پشتیان بە یاسایەك دەبەست کە لەسەر بناغەی فەرمانە سێکیولارەکانی سوڵتانەکان بەناوی"عورف یان قانون" داڕێژرابوو.

وێڕای ئەوەش، نیشتەجێبوونی تایفە ناموسوڵمانەکان لەنێو کۆمەڵگایەکی ئیسلامییدا کێشەی خۆی بەدواوە بوو. وەك دەوڵەتە بەراییەکانی ئیسلام، تایفە کریستییان و

---

[2] Quataert, op. cit., 779.

جووەکان بەشێوەیەك لەنێو کۆمەڵگادا تێکەڵ کرابوون کە ناویان لێنرابوو(زمیی/واتە پارێزراوەکان، لەراستییدا سەرانەدەرەکان). ئەوەش مانای ئەوە بوو کە لەبەرامبەر دانی باجێکی دیارییکراو بۆیان هەیە لەنێو دەوڵەتی ئیسلامدا بژین، بێئەوەی ناچار بکرێن ئاینی خۆیان بگۆڕن، بەڵام وەك هاولاتی پلە دوو. ئەو تایفانەی بەشێك لە ئۆتۆنۆمیی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نێوخۆییان پێدرابووو لەلایەن نوێنەری ئاینیی شکۆمەندی خۆیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتدا دەکرد. وەك هەر حاڵەتێکی دیکە کە لە زۆربەی رووخساری دەوڵەتو کۆمەڵگای عوسمانییدا هەیە، سروشتی ئەم سیستمە کە زۆرجار بە "سیستمی میللەت" ئاماژەی بۆ دەکرێت، بۆ ماوەیەکی زۆر ناحاڵییبوونێك لەوبارەیەوە هەبوو. چونکە نووسەران لە کۆڵینەوەکانیاندا پشتیان بە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیی دەبەست، ئەوانەی بە شێوەیەك لەبارەی شتەکانەوە دەیاننووسی کە دەبێت ببێت نەك وەك ئەوەی کە بووە. لەم ٢٠ساڵەی دواییدا، کۆڵینەوەی دوورودرێژ سەبارەت بە ریاڵیتەی خۆماڵییو هەرێمیی پێشانیداوە کە سیستمەکە بونیادێکی ئۆتۆنۆمیی"نەتەوەیی فراوان" پێکنەهاتبوو کە سەرکردایەتییەکەی بۆ نموونە لەلایەن پاتریارکی یۆنانییەوە لە ئەستەمبوڵ بکرێت وەك گریمان دەکرا، بەڵکو وەك کۆمەڵگەیەکی خۆماڵیی خاوەن رادەیەکی دیارییکراو لە ئۆتۆنۆمیی لەهەمبەر نوێنەرە لۆکاڵییەکانی حکومەتدا. هەروەها پێدەچێت کە هەڵاواردن زۆر کەم لەوەی پێشوو کە دەهێنرایە پێش چاو، توند بووبێت.[٣]

زۆرینەی دانیشتووانە رەسەنەکەی ئیمپراتۆرییەکە لە رووی بیروبڕواوە بەگشتیی یەکرەنگ بوونو خاوەن ئاینزای سوننی بوون، هەروەها بە گوێرەی ئایدۆلۆژیای فەرمیی، دەوڵەتی عوسمانیی پارێزگاری ئیسلامی دروستکاری سوننە بوو لە جیهاندا. بەفەرمیی، ئەو دەوڵەتە بە شێوەیەك دژی ئیسلامی لادەر دەجەنگا کە لە دژایەتییکردنی بۆ کریستیانییەکان توندتربوو. ئەمەش شتێکی لۆژیکیی بوو. چونکە شەریعەتی ئیسلام دان بە بە بوونی" ئەهلی کیتاب"(کریستیانییو جووو ئەوانەی کە سەربە ئاینە

---

[3] Benjamin Braude and Bernard Lewis (ed.) (1982) *Christians and Jews inthe Ottoman Empire*, New York: Holmes, 2 vols.

کۆڵینەوەکە لەسەر تۆمارەکانی دادگای خۆماڵیی بنیاتنراوە، ئەوەی کە لەماوەی ٢٠ساڵی دواییدا بڵاوبوو، زۆربەی جار پێشانی دەدا کە کریستیانییو جوو پرسی خۆیان لە شەریعەتی عوسمانییدا هەیە.

ئاسمانییەکانی دیکە بوون) دەنێت، ئیسلام بە فەرمیی یەك ئیسلامەو شایەنی پەرتبوون نیە. لە رووی کردارییەوە، کەمینەیەکی بایەخداری شیعە "لادەر یاخود رافیزە" لە بالکان، ئەنەدۆڵ، سوریا و میسۆپۆتامیا دەژیان و لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە بە چاوپۆشیی و بوردبارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا.

کریستیانییە بیانییەکان کە لەپەنا ئیمپراتۆرییەکەدا بوون لەسایەی "ئەمان"دا دەژیان و لەسایەی یاسا ئیسلامییەکان بە بێوەی بەڕێوەدەبران. باڵیۆز و کۆنسوڵەکانیان، ئەوانەی رێژەیەك ئۆتۆنۆمییان هەبوو سەبارەت بەو پرسانەی کە تەنیا بە کۆمەڵگەی رەوەندە بیانییەکانی خۆیان پەیوەست بوو، نوێنەرایەتییان دەکردن. ئەم مافانە لەو بەڵگەیەدا چەسپێنراوەکە بە"ئیمتیازات/جیاوگەکان" ناودەبرێت. لەبنەڕەتدا ئەمانە جیاوگی خۆبەخشانە بوون کە لەلایەن سوڵتانەوە بەخشرابووە ولاتە دۆستەکان، بەڵام لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا، لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئەوروپا و ئیمپراتۆریی عوسمانییدا، جیاوگەکان شێوەی رێکەوتننامەی گرتەخۆ. لەگەڵ جەختی هێزە ئەوروپییەکاندا، عوسمانییەکان نەیانتوانی یەکلایەنە ئەو مەرجانە بگۆڕن. سەرباری ئەوەش، لەسەدەی هەژدەیەمداو بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەیەمدا، کریستیانییەکان زیاترو زیاتر (زۆربەی یۆنانیی و ئەرمەنیی بوون، بەڵام مارۆنیی و خەڵکی دیکەش بوون) حاڵەتی رەعییەتی هێزە بیانییەکانیان وەرگرت. ئەوانە لەم ساتە بەدواوە، هەستیان دەکرد لەسایەی جیاوگەکانی ئەو هێزانەدان و لەگەڵ گەشەکردنی هێزی زلهێزە ئەوروپییەکانەوە قازانج و مافێکی هەمیشەیی زێدەتریان لە رەعییەتە موسوڵمانەکانی سوڵتان بەدەستهێنا. لەهەمان کاتدا، کاریگەریی دەسەڵاتی هێزە بیانییەکان زیاتر بەهۆی پەرەگرتنی ژمارەی رەعییەتەکانیان لە رۆژهەڵات پەرەیگرت.

### سیستمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان: تیۆرو واقیع

بەگوێرەی ئایدۆلۆژیی عوسمانیی، کۆمەڵگەی ئیمپراتۆرییەکە بەتەواویی–بەشێوەیەکی تیۆریی ورد– دابەشبووە لەنێوان چینی فەرمانڕەوا، کە نە باج دەدات و مافی هەڵگرتنی چەکیشی هەیە، هەروەها "رەعییەت" بەشێوە عوسمانییەکەی، کە کۆمەڵانی خەڵکە دانیشتووانەکەیە و پێچەوانەی چینی یەکەمی بۆ راستە. چینی فەرمانڕەوا لە دوو توێژ پێکدێت: نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی سوڵتان و هەروەها چاودێرو پارێزەری نەزمی

رەوشتو ئاکاری گشتیی. چینی فەرمانڕەوا کە بە (عەسکەریی/سەربازیی) ئاماژەی بۆ دەکرا، لەتێکڕای راژەکارانی سوڵتان پێکدەهات: سەربازیی، نووسرانی بەڵگەو نووسراوی دەزگاکان، هەروەها خوڵامەکانی کۆشكو دەرباری سوڵتانییو شازادەکان. عولەما یان زانایانی ئاینیی، ئەوانەی متمانەی پاراستنی رەوشتو ئاکاری گشتییو زۆربەی شێوەکانی فێرکردنی فەرمییو دادوەرییان پێدرابوو، ئەمانیش هەروەها بەشێك بوون لە چینی فەرمانڕەوا. وێڕای جیاوگی زۆری راژەکارانی سوڵتان بە بەراورد لەگەڵ رەشەخەڵکەکە، بەڵام هێشتا ئەوانە بەو شێوەی کە لە سەدەی داهاتوودا روویدا زۆروکەم نەبوونە چینێکی بیرۆکراتیی-سەربازیی نیمچە سەربەخۆ، ئەوانە ئامرازی دەسەڵاتێکی ئیمپراتۆریی بوون، دەگۆڕان، لادەبران یان بە ویستو خواستی سوڵتان لە سێدارەدەدران. تەنانەت ئەم شێوازە بۆ خاوەن کارمەندە خاوەن پلەوپایە بڵندەکانیش راست بوو، سەدرولئەعزەم، ئەوەی وەك بریکاری سوڵتان دادەنراو تا ئەو کاتەی لە پۆستەکەیدا دەمایەوە تەواوی دەسەڵاتەکانی لەبندەستدا بوو. بەڵام لەهەمان کاتدا پشتی بە خواستو ئارەزووی سوڵتان دەبەست.[٤]

لەساڵی ١٨٠٠دا، تایبەتمەندیی حکومەت هێشتا دەتوانرێت وەك سیستمێکی "باوکسالاریی" پێناسە بکرێت: بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی بنەماڵەیی سوڵتان داڕێژرابوو. نموونەیەکی وەها لە حوکمی بنەماڵەیی کە نەك تەنیا ئەندامانی بنەماڵەکە بەڵکو راژەکارو خوڵامو پیاوەکانیشیان بە بەشێك لە چینی فەرمانڕەوای عوسمانیی بە هەموو ئاستەکانی لەقەڵەم دەدران. گەڕان بەدوای پشتگیریی کەسانێك کە لەسەر ئەو بنەماڵەیە حیساب بن یەك لە مەرجە پێشوەختو پێویستەکانی هەر بڕیارو کارێکی حکومەتە.

دەستەبژێری فەرمانڕەوا نەك هەر دەسەڵاتی بەڕێوەدەبرد، بەڵکو پاراستنی شارستانیی سوننەتییشی "ترادسیۆنی مەزن" لەئەستۆ بوو لەسەر بنەمای سەرچاوە نووسراوە ئیسلامییەکان(ئەوەی عولەماکان پارێزەرینو لە رێگەی سیستمی کۆلێجە ئاینییەکانەوە

---

[4] پێناسەیەکی نایابی پێکهاتەی چینی فەرمانڕەوای عوسمانیی لە سەروبەندی دەستپێکردنی سەدەی نۆزدەیەمدا دەتوانرێت ببینرێتەوە لە دووبەشی یەکەمی :

Carter V. Findley (1980) *Bureaucratic reform in the Ottoman Empire:the Sublime Porte 1789–1922*, Princeton: Princeton University Press.

كه"مەدرەسە / خوێندنگە" يان پێدەگوت،خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەم شارستانییەتەی كە كۆمەڵێك بەهاو ديدو بۆچوونی دەگرتەخۆو وايدەكرد عوسمانيی، عوسمانيی بێت، ئەوەی هێزێكی پێكەوەگرێدانی لە ئيمپراتۆرييەكەدا پێكدەهێنا كە لە چەند رەگەزی جۆراوجۆر پێكهاتبوو. دەلاقەيەكی مەزن لەنێوان ئەم شارستانييەتە و ديدو سەرنجی تێكڕای دانيشتووانە لادێييە نەخوێندەوارەكاندا هەبوو، ئەوانەی ئاسۆی بيركردنەوەيان لە چوارچێوەی گوندەكانياندا قەتيس مابوو، لە زۆربەی حاڵەتە باشەكاندا، لەچوارچێوەی بازاڕی شارۆكەكەدا. پەيوەندييەك لەنێوان دەستەبژێرە شارستانيەتەكەو كەلتووری باوی ميلليیدا لە رێگەی تەريقەتو رێبازە سۆفييگەراييەكانی وەك :مەولەويی، نەقشبەنديی، رەفاعيی، هەروەها بەكتاشيی لادەر، ئەوانەی تۆڕێك خانەقاو تەكێی تەواو دابڕاويان لە سەراسەری ئيمپراتۆرييەكەدا دامەزراندووە. ئەندامەتيی ئەم تەريقەتانە لەگەڵ چينە جياوازەكانی كۆمەڵگادا يەكتری دەبڕن و شێخە رێبەرەكانيش دەيانتوانی كاريگەرييەكی بەهێزيان تەنانەت لەسەر نێوەندە باڵاكانيش هەبێت.

پەيوەستێكی ديكەی نێوان كۆمەڵانی خەڵك و چينی فەرمانڕەوا لە رێگەی بازرگانە دەوڵەمەندەكان و سەرافی شارەكانەوە پێكدەهات، ئەوانەی لە رووی تەكنيكييەوە ئەندامی دەستەی عەسكەريی نەبوون، راژەی سەرەكيی ئەم دەستەيەيان دەكرد، هەروەها لەلايەن عولەماوە، ئەوانەی پەيوەستيان لەنێوان گچكە قازيی شارەكان و زانايانی ئاينيی پايەبڵند لە ئەستەمبوڵ پێكدەهێنا. لەنێو عولەمادا توێژێكی بايەخدار هەبوو كە "موفتييەكان"بوون، ئەوانەی بە پشتبەستن بە ياسا ئيسلامييەكان و بە پێی داواكاريی، ديدە شەرعييەكانی خۆيان دەردەبڕی. هەرچەندە پابەندبوون بەم فەتوايانە بەزۆر نەبوو(چونكە فەتواكان بڕيار نەبوون)،بەڵام موفتی رێزێكی فرەی هەبوو. ئەو راستييەی كە دەوڵەتی عوسمانيی وەك دەوڵەتێكی ئيسلاميی شەرعييەتی بەخۆی دەدا، ئەوەش مانای ئەوە بوو كە ديدو فەتوای شارەزايانی شەريعەتی ئيسلاميی سەنگی خۆی هەبوو. "شەيخولئيسلام" سەرۆكی موفتييەكان بوو، ئەوەی بەشێوەيەكی رێكخراو داوای ئەوەی لێدەكرا شەرعييەت بەكاری فەرمانڕەوايان بدات(هەروەها، لەراستييدا كاری ئەوانەی لەدژی ئەو ياخيی دەبوون).

بەگوێرەی ئايدۆلۆژيی فەرميی، ئەركی سەرەكيی فەرمانڕەواو راژەكارانی ئەوەيە بەرگريی لە كۆمەڵگەی ئيسلاميی دژی جيهانی دەرەوە بكەن و جەخت لە دادپەروەريی لە

چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئیسلامییدا بکەنەوە. "عەدالەت/دادپەروەریی" و رۆڵی حکومەت لە زامنکردنیدا، کلیلی دیدی عوسمانییەکانە سەبارەت بە کۆمەڵگە. لە دیدی پیاوانی دەوڵەتی عوسمانییەوە زیاتر لە هەر شتێکی دی، بریتییە لە جێگیریی و هەماهەنگیی کۆمەڵگا. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە هەریەك لەو توێژو تاکانەی کۆمەڵگە دەبێت لە جێگەی خۆیاندا بمێنن( لە حدود/سنووری خۆیاندا) بۆئەوەی مافی ئەوانی دیکە ببەزێنن. حکومەت پێویستە لە چوارچێوەی یاسادا ئەم سنوورانە بچەسپێنێت. ئەو فەرمانڕەوایەی (یان نوێنەرەکەی) سنووری خۆی تێپەڕێنێت بە ئەنجامدانی زوڵم تاوانباردەکرێت. جەختکردنەوە لە بەهاکانی جێگیریی رووخساری سیاسیی کۆنەخوازی پێویست کردووە کە هەر گۆڕانێك لە نەزمی کۆمەڵایەتییدا مانایەکی نەرێیی دەگرێتەخۆ. نووسەرانی دەوڵەتیی عوسمانیی ئامادەبوون گورج تۆمەتی (فیتنە/ئاژاوەگێڕ) بە هەر نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتیی و ئاینییەوە بلکێنن. بەگوێرەی سەرچاوە عوسمانییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، توێژەرە ئیسلامییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، بەتایبەت، هەڵوێستێکی فرە کۆنەخوازو شکیان پەرەپێداوە. ئۆباڵی ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەو راستییەی کە دانانی ئەو توێژەرانە پشتی بە خزمخزمێنە و نابەرپرسیارێتیی دەبەست، نەك خوێندەواریی و زانایی.[5] پێویستە ئەوەش زێدەبکرێت ، هەرچەندە کە کۆڵینەوەی زۆر کەم لەم قۆناغەدا لەلایەن عولەماوە ئەنجامدەدرا.

ئایدۆلۆژیی عوسمانیی جەختی لە گرنگیی پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانڕەوا (هەروەها راژەکارانی) لەگەڵ رەعییەتدا دەکردەوە. سوڵتان بەرجەستەی دەسەڵاتێکی رەهای دەکردو وێڕای ئەوەی زۆربەی راژەکارانی کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئەویان دەکرد، بە شێوە تەکنیکییەکەی بە خولامی سوڵتان دادەنران. سیستمی عوسمانیی سەبارەت بە حکومەت و خاوەنداریێتیی زەوی بەشێوەیەك ئاراستە دەکرا کە لەبەردەم دەرکەوتنی ناوەندی کێبڕکێی دەسەڵات و هێزی جۆراوجۆر رێگربێت. وەك چینی خانەدانەکان،

---

[5] ئەم وێنەیە لە بنەڕەتدا لەلایەن سیاسەتکارو کۆڵەر ئەحمەد جەودەت پاشاوە پێکهێنرا، ئەوەی نووسینە مێژووییەکەی فرە کاریگەر بوو. بڕوانە :
Christoph K. Neumann (1994) Das indirekte Argument: ein Plädoyerfür die Tanzimat vermittels der Historie. Die geschichtliche Bedeutung von Ahmed Cevdet Paşas Ta’rih, Münster: Lit, 108–21.

ئەوانەی کە دەتوانن بەشێکی زێدەبەرهەمی خەڵکەکە لرف بکەن. ئەوانەی بە پێچەوانەوە دەبوونە شەریکەبەشی گەنجینەی دەوڵەت لە شێوەی سەپاندنی باجەکاندا. بۆ ماوەیەکی زۆر حکومەتی عوسمانیی لەم بوارەدا تەواو سەرکەوتوو بووە. بەڵام هەروەك دەبینین، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە، چیدی ئەمە راست نیە.

بەدڵنیاییەوە ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەبەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا(بەڵام نەك بەبەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی سەدەی هەژدەیەمدا) لە سەدەی هەژدەیەمدا لە سێ رووەوە جیاوازبوو. یەکەم زۆر بچووك بوو. ئەمە لە هەستێکی رەهادا راستە: دەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی لە ئەستەمبوڵ "بابی عالی/دەروازەی باڵا" ١٠٠٠بۆ ١٥٠٠ نووسەری دامەزراندبوو.[٦] هەروەها بەشێوەیەکی رێژەیی راستە کە بگوترێت: بڕی بەرهەم و داهاتی نەتەوەیی کە بۆ حکومەتیی ناوەندیی بەشێوەی باج دەچێت بە تەواویی نازانرێت، لانی کەم لەم ماوەیەدا، بەڵام نزیکەی بەدڵنیاییەوە لە ٣لەسەد تێپەڕی نەدەکرد.[٧] ئەوەش مانای ئەوە نەبوو کە باج بارێکی گرانی دەخستە سەرشانی دانیشتووانەکە ، بەتایبەت خەڵکانی لادێنشین تەواو بە پێچەوانەوە کە باجێکی کەمیان دەدا. هەرچەندە مانای ئەوەبوو کە داهات نەدەگەیشتە گەنجینەی ناوەندیی چونکە نێوەندو دەمراستە ریشسپییەکان تا رادەیەکی کەموێنە بەشی خۆیان لێدەبرد. بەگوێرەی چەند مەزەندەیەك، دەوڵەت تەنیا ٢,٢٥ تا ٤ ملیۆن پاوەندی ئەستەرلینی لەو ٢٠ ملیۆنە بەردەکەوت کە ساڵانە لە باج کۆدەکرایەوە. ئەگەر راست بێت، مانای ئەوەیە کە گەنجینەی عوسمانیی لەنێوان دەیەك و شەشیەکی کۆدەکردەوە کە گەنجینەی فەرەنسیی دەستی دەکەوت.[٨] بەشێك لەو لێکدانەوانە ئەوەیە کە ئیمپراتۆریی

---

6 Carter V. Findley (1988) *Ottoman civil officialdom: a social history*, Princeton: Princeton University Press, 47.

وەك ژمارەی گشتیی ٢٠٠٠دەدات بەدەستەوەو ئەمەش بەرز دەردەکەوێت کاتێك لەگەڵ ژمارەی کارمەندانە فەرمییەکەدا بەراورد دەکرێت کە وەرگیراوە لە: Findley's *Bureaucratic reform*, بەڵام دەگونجێت کارمەندانی زیادەش بگرێتەخۆ کە لەم ژمارە فەرمییەدا نەهاتووە.

7 "یاپ" حاڵەتێکی قەناعەتپێکەرانە لە پێشەکییە نایابەکەیدا بۆئەم دابەزینەی رێژە سەدییە دەهێنێتەوە:
Malcolm E. ,(1987) *The making of the modern NearEast 1792–1923*, London: Longman, 40–1.

8 Bruce McGowan (1994) 'The age of the Ayans, 1699–1812', in Halil İnalcık with Donald Quataert (eds) *An economic and social history of the Ottoman Empire 1300–1914*, Cambridge: Cambridge University Press, 714

عوسمانیی لەم کاتەدا پێکهاتەیەکی زۆر پەرتەوازەی هەبووەو گەنجینەی هەرێمەکانی بەشێکی زۆری ئەو داهاتەی کۆیدەکردەوە لەلایەن فەرمانڕەوایەتیی هەرێمەکەوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خۆی خەرجدەکرا.[٩]

ئەو ئەرکانەی کە لەلایەن حکومەتەوە ئەنجامدەدراو لێی چاوەڕێدەکرا، بەپێی ستاندەرە هاوچەرخەکان زۆر کەم بوو. ئەوەی تەنیا خۆی لە بەرگرییکردن لە ئیمپراتۆرییەکەو دابینکردنی یاساو ئارامیی (لەنێو ئەوانەدا لێپرسینەوەی تاوانکاران) دەبینیەوە، حکومەت چاودێریی بازاڕەکانی دەکرد، سەنگو پێوانەکان، پارەی لێدەدا، خۆراکی بۆ شارە گەورەکان، بەتایبەت ئەستەمبوڵ دابین دەکرد، هەروەها بنیاتنان و چەند کارێکی گشتیی سەرەکییش. بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات چەندەی پێکرابێت جەختی لە کۆکردنەوەی باج کردووەتەوە . هەموو ئەو جۆرە شتانەی کە ئەمڕۆ وەك ئەرکە ئاساییەکانی حکومەت دەردەکەون، وەك: فێرکردن، بایەخی تەندروستیی، خۆشگوزەرانیو خزمەتگوزارییو نیشتەجێبوون، تێکڕای ئەمانە کەمتر جێگەی بایەخی حکومەتی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوون.

دووەم، بچووکی دەزگاکانی حکومەت مانای ئەوەبوو کە بە پێچەوانەی حکومەتە هاوچەرخەکانەوە کە راستەوخۆ لەگەڵ هاولاتیاندا بە چەندین شێواز مامەڵە دەکات، حکومەتی عوسمانیی لەو رووەوە زۆربەی جار لەگەڵ دەمڕاستو نوێنەرانی کۆمەڵگادا مامەڵەی دەکرد. ئیمامو رۆحانییەکان نوێنەری تاقمو دەستە ئاینییەکان بوون، وەستاباشییە شارەزاکان نوێنەری ئەسنافەکان، کۆنسوڵەکان نوێنەری بیانییەکان، ئاغاو شێخەکان نوێنەری خێڵەکان بوون. بێگومان هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوەبوو کە حکومەت ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدا نەبوو کە مامەڵە لەگەڵ تاکەکاندا بکات، بەلام ئەوەش راستە کە هەروەك هەر کۆمەڵگایەکی پێش مۆدێرنە، تاکەکان فرە پەیوەست بوون بەو دەستەو تایفەکانیانەوە کە بەشێك بوون لێی.

سێیەم، لەبەرامبەر یاسادا چەمکێك بەناوی یەکسانیی نەبوو، تەنانەت لە دەوڵەتانی نەتەوەیی هاوچەرخدا، یەکسانیی لەبەردەم یاسادا شتێکی ئایدیالە، نەك راستیینە.

---

[9] Dick Douwes (2000) The Ottomans in Syria: a history of justice and oppression, London: I.B.Tauris, 154–5.

"داوس" بە درێژیی باسی ئەو خراپبوونەی داهاتی گومرگی هەرێمی "حەما" دەکات لە دیمەشق، کە زیاتر لە ٤٠ جۆر باجی دەگرتەخۆ.

بـەڵام لەدەوڵــەتی عوسمانییــدا تەنانــەت ئایــدیالییش نــەبوو. دانیــشتووانی شــارەکان بەشـێوەیەکی جیـاواز لەلایـەن دانیـشتووانی لادێنـشینەوە مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکـرا، کریستیانیی و جووەکان لەلایەن موسوڵمانەکانەوە مامەڵەیەکی جیاوازیان لەگەڵدا دەکرا، کۆچەران بەشێوەیەکی جیاواز لەلایەن نیشتەنییەکانەوە، هـەروەها ژنـان زۆر بـەجیاوازیی لەلایەن پیاوانەوە. شارەکان، ئەسنافەکان، خێڵـەکان یـاخود تاکـەکان بەجۆشـەوە جیاوگـە کۆنە سونەتییەکانیان دەپاراست.

ئیمپراتــۆریی عوسمـــانیی درێـــژەوەبووی دەوڵـــەتی پـــێش مۆدێرنـــە بـــوو، ئـــەو ناوەندگەرایییەی بەخۆوە نەدیبوو کە فەرەنسا لەسـەدەی حەڤدەیەمـدا ئـەزموونی کردبـوو، یـاخود ئـەو دەسـەڵاتدارە رەهـا رۆشـنگەرانەی وەك جـۆزیفی دووەمـی نەمـسا، فردریکـی مەزن لە پروسیا، یان کاترینی مەزنی روسیای بەخۆوە نەدیبوو کە لەسەدەی هەژدەیەمـدا هەبوون. لەساڵی ١٨٠٠دا، حکومەتی ناوەندیی لە ئەستەمبوڵ دەسەڵاتێکی لەدەستدا کـە پێشتر خاوەنی بوو. ئەو دوو پایە مەزنەی کـە هـەر لـە لەسـەدەی چواردەیەمەوە بەشـێکی مـــەزنی ســـوپای عوسمانییـــان پێکـــدەهێنا، واتـــە ئینکـــشارییە (لەبنەڕەتـــدا یـــەنی چیرییە/سوپای نوێ) موچەوەرگرەکان کـە هێـزی پیـادە بـوون، هـەروەها هێـزی سـوارەی سـوپاهیەی نیمـچەفیوداڵیی ، دەمێـك بـوو بـەهاو لێوەشـاوەیی خۆیـان لەدەسـتدابوو. سـوپای ئینکیـشاریی، ئەوانـەی لەسـەدەی هەژدەیەمـەوە لـەنێو ناوەنـدی هەرێمـەکان و هـەروەها لـە پایتەختیـشدا جێگیربـوون، لـە رووی ژمـارەوە زۆرو(هـەروەها مەسرەفیـشیان زۆربوو)، بەڵام لـە رووی سـەربازییەوە لاشـەیەکی بێگیـان بـوون. هـەر ئەوەنـدە بـەهێز بـوو حکومەت و دانیشتووانەکە بتۆقێنێت، بەڵام هێنـدە لاواز بـوو بـەرگریی لـە ئیمپراتۆرییەکـە بکات، ئەوەشی لەو جەنگانەدا پێشاندابوو کە لەو سـەد ساڵەی دواییـدا لەگـەڵ ئـەو هێـزە ئەوروپاییانـەدا کردبـووی، ئـەو هێزانـەی کـە لـە رووی تەکنـەلۆژیاو تەکنیکـەوە زۆر لـە ئینکشارییەکان باڵادەستتربوون. نها ئەو ئینکشارییانە ببوونە ملیشیا و کەمتر لـە شـوێنی راژەکردندا دەمانەوە، تێکەڵ بـە خاوەنـداریێتی دوکـانی بازاڕەکـان ببـوون و ئـەو سـەرانەیان دەپاراسـت کـە لەگـەڵ ئەسـنافەکانی بـازاڕدا تێکـەڵ بـوون. ئـەو بەرگانـەی پێیـان بـوو وەك دامـــەزراوێك لـــە یەکـــە ئینکـــشارییەکان حاڵـــەتی جیـــاوگی بـــەو دوکانانـــە دەدا کـــە دەیانپاراستن. بەخشینی تکتی ئینکشارییەکان کە ژمارەیـان زۆر لـە ژمـارەی راستەقینەی هێـزە سـەربازییەکان زێـدەتر بـوو، لـەجیاتی پـارە بـەکاردەهێنرا. سـوپاهیی کـە هـەر لـە

سەردەمی لوتکەی ئیمپراتۆرییەکەوە لە ترۆپکدا بوو، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لە ڕێگەی "تیمار"ەوە ژیانیان بەڕێوەدەچوو، بەهۆی هەڵوسانەوە لە زەوییەکانیان دەرپەڕاندن، چونکە داهاتەکانیان لە بڕێکی جێگیر پێکدەهات. لە کاتێکدا خەرجی راستیینەی هەڵمەتەکانیان بەرزو نزمی دەکرد. لە ساڵی ١٨٠٠دا ژمارەی سوپاهیی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم ببووەوە، وێڕای ئەوەش، ئەو شێوە سوارەیەی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئەوان بەرجەستەیان دەکرد، زۆر دەمێك بوو باوی نەمابوو. لەجەنگەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، سوپای عوسمانیی هاتبووە سەر ئەوەی پشت بە هێزی غەیرەنیزامیی ببەستێت کە بە شێوەیەکی سەرەکیی لە موسوڵمانەکانی ئەنەدۆڵو جووتیارانی بالکانو هەروەها گەنجە لەیاسادەرچووەکانی شارەکان پێکدەهاتن. کاریگەرترین هێزەکانی سوپای عوسمانیی ئەو تیپە یەدەکانە بوون کە لەلایەن هەرێمەکانو دەرەبەگەکانی سەربەدەوڵەتەوە دابیندەکران.[10]

## پەرەسەندنە ئابووریی و داراییەکان

هاوکات لەگەڵ لاوازیی سەربازیی (بەشێوەیەکی رێژەیی هۆکاریش بوو)، قەیرانێکی دارایی بەردەوام هەبوو. جەنگ، کە یەکێك بوو لە سەرچاوە بایەخدارەکانی داهات بۆ ئیمپراتۆرییەکە، ببووە کسپێکی دۆڕاو. ئەو راستییەی کە چیدی جەنگ سەرچاوە مادییەکانی بۆ دەوڵەت دابین نەدەکرد وەك : تالانیی، جزیەو سەرانە، باجی نوێ، دەگونجێت دەوڵەتی ناچار کردبێت کە باجی سەرشانی دانیشتووان زێدە بکات.[11] ئاراستەی گوزەری کاروانە بازرگانییەکان بەنێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانییدا، بەهۆی فراوانخوازییە دەریاییەکانی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە هەر لە سەدەی شازدەیەمەوە گۆڕانی بەسەردا هاتو حکومەت دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی ئەو سەرچاوانەی داهاتی باج لە هەرێمەکاندا لەدەستدا. لە هەرێمەکان، چ لە ئاسیاییەکانو چ

---

[10] راستیی ئەم جەنگانەی سەدەی هەژدەیەمو باسکردنی بڕوانە:

Virginia H. Aksan (1999) ‘Ottoman military recruitment strategies in the late eighteenth century’, in Erik-Jan Zürcher (ed.) *Arming the state: military conscription in the Middle East and Central Asia, 1775–1925*, I.B.Tauris, 21–39.

[11] ئەم تێزانە پەرەپێدرا لەلایەن:

Willam H. MacNeill (1964) , *Europe’s steppe frontier 1500–1800*, Chicago: University of Chicago Press.

له بەشی ئەوروپادا، لە سەدەی هەژدەیەمدا دروستبوونی "ئەعیان/خانەدان"ی بەخۆوە بینی. ئەوانە خەڵکانێکی دەستڕۆیشتوو بوون (یاخود زۆربەی جار بنەماڵە بوون) کە ریشەی جیاوازیان هەبوو، هێندێك لەوانە فەرمانداری عوسمانیی بوون، ئەوانەی لە هەرێمەکاندا بناغەی دەسەڵاتێکی لۆکاڵییان پێکهێنابوو. هێندێکیان بازرگانی دەوڵەمەند یان سەراف بوون. هێندێکی دیکەیان موڵکداری زەوی یاخود رۆحانیی و شکۆمەندی ئاینیی بوون. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەندامانی بنەماڵە خانەدانەکان تێکڕای ئەو ئەرك و تایبەتمەندییەیان لەخۆیاندا کۆکردبووەوە. تایبەتمەندیی هاوبەش لەنێوان ئەوانەدا ئەوە بوو کە هەموویان پارەو بنەمای دەسەڵاتێکی ناوچەییان هەبوو، کە حکومەتیان ناچار دەکرد دژی بنەما فەرمییەکانی خۆی ، وەك نێوەندێك لەنێوان خۆی و دانیشتووانی هەرێمەکاندا پەسەندیان بکات.

لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم، حکومەتی ناوەندیی کەوتە ئەوەی بەتوندیی پشت بە خانەدانەکان ببەستێت، چ وەك هێزی سەربازیی و چ بۆ مەبەستی باجگرییش (هێندێك لە خانەدانەکان بە فەرمیی پۆستی باجگریان پێ درابوو). لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، پێگەی بنەماڵە خانەدانە مەزنەکانی وەك: عەزم لە حەماو دیمەشق، حەسەن پاشاو ئەحمەدپاشای کوڕی لە بەغدا، ئەحمەد جەزارپاشای بەناوبانگ لە عەککا(ئەوەی ناپۆلیۆنی بەزاند)، هەروەها بنەماڵەی قەرە عوسمان ئۆغڵو لە ئەنەدۆڵی رۆژئاوا، ئەمانە لە هەلومەرجێکی ئۆتۆنۆمیی نیمچە سەربەخۆییدا دەیان گوزەراندو پەیوەندییەکانی حکومەت لەگەڵیان هاوشێوەی ئەوانە بوو کە لەگەڵ میرە دەرەبەگە شوێنکەوتەکان بوو، زیاتر لەوەی وەك رەعییەتی خۆی بێت. هێندێك لەوانە وەك عەلی پاشای یانینا، ئەوەی فەرمانڕەوایەتیی ئەلبانیاو باکووری یۆنانی بۆ چەند نەوەیەك کرد، تەنانەت پەیوەندییەکانی دەرەوەشی سەربەخۆیانە بەڕێوەدەبرد.

لە رووی ئابوورییەوە، دەوڵەتی عوسمانیی دەوڵەتێکی پێش سەرمایەداریی بوو. ئامانجی سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت ،هەروەك ئەوانی دیکە، بریتیبوو لە ژیاندنی دانیشتووان و دابینکردنی گوزەرانی، لە رێگەی فەراهەمکردنی خۆراك بۆ ناوەندە سەرەکییەکانی دانیشتووان و هەروەها کۆکردنەوەی باج بە پارە یاخود بە شمەك. تەنانەت تا قۆناغێکی درەنگی کۆتایی ئیمپراتۆرییەکە، حکومەتی عوسمانیی سیاسەتەکانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەرەپێنەدا کە بتوانرێت بە سیاسەتێکی بازرگانییانە

پێناسـه بکرێـت، ئـەو حکومەتـەی چـالاکانە پارێزگـاریی چـەند کـەرتێکی دیـارییکراوی ئابووریی دەکرد یان هانی دەدا.

ئـابووریی عوسمـانیی ئابووریـیـەکی کشتوکاڵیی بـوو، لەگـەڵ تایبەتمەنـدیی ئـەو شـێوە موڵکدارییەی کە زەمینداری بچووك لە زۆربەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی ئیمپراتۆرییەکـەدا بـــەربڵاوبوو. موڵکـــدارە مەزنـــەکانو جووتیـــارە بێزەوییـــەکان لـــە ناوچـــە وشـــکانییە بێپیتـەکانی ئەنـەدۆڵو بەشـێك لـە خـاکی عـەرەب بـەربڵاوبوو. کـشتیاران لـە هـەموو ناوچـەکاندا بەتونـدی پـشتیان بـەو خەڵکانـە دەبەسـت دەتـوانن لەبەرامبـەر بەشـێکی خەرمانـدا گـا و تـۆو بـۆ چاندنی زەوی کشتوکاڵیی دابین بکـەن. مـەزنترین بەشـی زەوییـە کـشتوکاڵییەکان بـەناو مـوڵکی دەوڵـەت بـوون، لەکاتێکـدا بەشـێکی کەمی،بـەڵام فـرە بایەخداری، حاڵەتی شەرعیی "وەقف/زەوی تایبەت بە دەزگای ئاینیی)ی هـەبوو. ئـەوەی بۆ نۆژەنکردنەوەو دەستپێداهێنانەوەی تەلارو بنیاتە ئاینییو گشتییەکان تەرخان دەکرا وەك: (مزگەوتـەکان، نەخۆشـخانەکان، کتێبخانـەکانو خوێنـدنگاکان، هـەروەها کانیـاو کـارێزو پردەکـانیش). زۆربـەی موڵکـەکانی ئـەوقاف لەلایـەن عولـەماوە دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو، ئـەوەش سـامانێکی بەرچـاوو دەسـەڵاتێکی باشـی دەدایـە عولـەما. بـەڵام ئـەو موڵکانە زیاتر لە شێوەی باغو بێستانو رەزو مەزرای سەوزەواتی دەوروبەری شارەکاندا بوون. دوای پاشەکشەی سیستمی تیمار، موڵکایـەتیی تایبـەت زیـاتر بـەربڵاوبوو کـە لـە شـێوەی "چیفتیلیك/کێڵگـە" کانـدا بـوونو لـە ناوچـەکانی بالکـانو رۆژئـاوای ئەنـەدۆڵ نموونەیەکی باوبوون. بۆ زۆربەی بەشەکان ، کێڵگە تایبەتـەکان نـا،وەك چاوەڕوان دەکرا، ئاراســتەی هـــەناردەی بـــەرفراوانی کـــشتیاری گرتبووەبـــەر(هەرچـــەندە لـــە ســـەدەی هەژدەیەمەوە ئەم دیاردەیە لە بالکان خەریك بوو بڵاو دەبووەوە)، بەڵام خاوەندارە زەوییـە بـچووکەکان.[12] بەرهـــەمی کـشتوکاڵیی بنـــەمای بـاجی ســـەرەکیی دەوڵـــەتو ئەمێـــستا کۆکردنەوەی ئەو باجانە لە هەموو جێگەکان لە رێگەی سیستمی باجی کێڵگەکانـەوە بـوو کە بە (ئیلتیزام/پابەندیی) ناودەبرا، ئەو سیستمەی کە لـە هەرێمـە عەرەبییەکانـدا هـەر لـە قۆناغـە بەراییـەکانی ئیمپراتۆرییەکـەوە ئاسـایی بـوو.ئیلتیـزام مانـای وەرگـرتنی مـافی کۆکردنـەوەی باجـە لـە ناوچـەیەکداو لەماوەیـەکی دیـارییکراودا، ئـەو مافـەی کـە دەوڵـەت

[12] Bruce McGowan (1994) 'The age of the Ayans, 1699–1812', in Halil İnalcık with Donald Quataert (ed.) *An economic and social history of the Ottoman Empire 1300–1914*, Cambridge: Cambridge University Press, 681.

دەیخاتــە مــەزادەوە، مولتــەزیمیش ئــەو مافــە دەکڕێــتو پێــشەکیی پارەکــەی دەدات. مولتەزیمـەکان زۆربـەی جـار بـۆ کـڕینی ئـەم مافـە پارەیـان بـە سـوود لـە سـەرافە جـووو ئەرمەنییەکانی شارە گەورەکان وەردەگرت. بۆ دەوڵـەتی ناوەندیی ئەم سیستمە قازانجی تایبەت بەخۆی هەبوو: لـە داهاتەکـەی دڵنیا بـوو، پـێش ئـەوەی وەرزی دروێنـەو خـەرمان هەڵگرتنەوە بهاتایە ئەو باجی خۆی لەگیرفاندا بوو، نالەباری ئەم سیستمە بۆ جووتیاران ئـەوەبوو کـە هەریەکـە لـە مولتـەزیمو سووخۆرەکان دەیانویست قازانجی سـەرمایەکەیان ببینـن، ئـەوەش بـاری سەرشـانی جووتیارەکـانی گـرانتر دەکـرد. لەکاتێکـدا بـاج بەشمـەك بـوو(ئـەوەی بنـەما بـوو نـەك ناوبـەناو)، مولتەزیمـەکان دەرفـەتی ئـەوەیان هـەبوو نرخـی بەرهەمــەکانی وەك گــەنم بقــەبڵێنن. لەســەدەی هەژدەیەمــدا قەواڵــەی تــا مــردن دەدرایــە مولتەزیمـەکان کـە بـە "مالیکانـە/موڵکدارانـە" نـاودەبراو فـرە بـەربڵاوبوو. گرتنەدەسـتی سیستمی ئیلتیزام لەلایەن خانەدانەکانەوە هێندەی تر دەسەڵاتو پێگەی بەهێز دەکردن.

بەرهەمهێنانی ناکشتوکاڵیی لەو پرۆژە قەبارە بچووکانەی لـە شـارەکاندا خـۆی دەنوانـد، ئـەوەی بـە تـەواویی لەلایـەن ئەسـنافەکانەوە دەسـتی بەسـەرداگیرابوو. ئـەم ئەسـنافانە هاوشێوەی ئەسنافەکانی دواقۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپیی، ڕێگـەیان لـە هـەر کەسێك دەگرت کـە ئەندامی ئەسنافەکان نـەبوونو دەیانویست تێکـەڵ بـە پیشەکان بن ، هەروەها پارێزگارییان لـە گـوزەرانو بـژێوی ئەندامـەکانی خـۆیان دەکـرد. لەهـەمان کاتـدا، ئـەوان جۆرایـەتیی باشـی کـارو شمـەكو کەلوپەلـەکانی کڕیارەکـانی خـۆیان زامـن دەکـرد. ئەسنافەکان جەختیان لە بوونی دیسپلینو پێودانگی تایبەت لەچوارچێوەی سیستمێکی پلەبەندیی دەکردەوە کـە تێیدا شاگرد دەیتوانی ببێتـە خەلفەو دواجار ئـەویش دەبـووە وەسـتا. بەگـشتیی ئەسـنافەکان بـە سـووکی سـەیری بەرهـەمی نـوێ یـاخود شـێوازی بەرهەمهێنانی نوێیان دەکرد، هەرچـەندە ئـەو ئەسـنافانە وەك هاوشێوەکانیان لـە ئـەورووپا پارێزگارییـان لـە کۆمـەڵێك بـەهاو ئاکـاری دیـارییکراوی تایبـەتی خۆیـان دەکـرد کـە بـە رووپۆشــی ئــاینیی ســواغدرابوو(وەك ئــەو پەیوەندییــەی نێــوان ئەســنافو ڕێبــازە ســۆفییگەراییەکان وەك شــتێکی بەرچــاو دەبینــرا) ئــەوەی بــە تونــدیی کاریگــەریی لــە کۆمەڵگــەی نێــو شــارەکاندا دەکــرد. نزیکــەی ڕێکخــستنو سیــستمی راهێنــانی تێکــڕای ئەوانەی سوپاو بیرۆکراتیی دەوڵەتیی ببووە مۆدێلی بەڕێوەچوونی ئەسنافەکان. ئەمـەش مانای ئەوە نەبوو کە هەرگیز پیشەکار لـەدەرەوەی ئەسنافەکان نـەبوو، بـەڵکو ژمارەیـەکی

زۆر لەوانە هەبوون. زۆربەی پیشەکاری ئەسنافەکان پشتیان بە بەرهەمی نیوەئامادەکراو دەبەست کە لەلایەن ژنە لادێییەکانی دەوروبەرەوە دەخرایە بەردەستیان. کۆڵینەوە نوێیەکان نموونەی زۆریان سەبارەت بە ئاڵۆزیی تەواویی سیستمی ئەسنافەکان پێشان داوە.[13]

بازرگانیی بەگشتیی خۆماڵیی بوو، لەگوندەکانەوە بەرەو بازاڕی شارۆکەو شارەکان ، یاخود لەنێوان دوو مەڵبەندی ناوچەیەکدا بوو. بازرگانیی دوورنما و بان هەرێمەکان بە کالأی گرانبەهاو تاڕادەیەك کەمکێشەکان سنووردار بوو. لاوازیی ئاسایشی ڕێگەوبانەکان وایکردبوو کاروانەکان ناچاربن لەهەڵگرتنی ئەم جۆرە کالأوشمەکە گرانبەهایانە خۆبپارێزن. کالأی قەبارەگەورە(وەك دانەوێڵەو تەختە) لە ڕێگای دەریاکانەوە بازرگانیان پێوەدەکرا، بازرگانیی نێودەوڵەتیی بەشێکی بچووکی تێکڕای کەرتی بازرگانیی پێکدەهێنا. بازرگانە موسوڵمانەکان‌و کەشتیوانەکان هێشتا ڕۆڵێکی بایەخداریان لە لە بازرگانیی ناوچەی دەریای سوورو کەنداوی فارسدا پێکدەهێنا، هەروەها تا ساڵی ١٧٧٤ بازرگانیی دەریای ڕەش کە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە دابینکردنی پێویستییەکانی پایتەختدا دەبینی، بە رووی کەشتیگەلە بیانییەکاندا داخرابوو.هەرچەندە بازرگانیی ڕێگە دوورەکان لە دەریای ناوەڕاستدا لەدەستی ئەوروپییەکاندا بوو. لەسەدەی هەژدەیەمدا، کەشتیگەلە فەرەنسییەکان لەو ناوچەیەدا سەرلەنوێ لەسەر حسابی بازرگانیی هۆڵەندیی‌و ئینگلیزیی باڵادەستیی خۆیان دامەزراندبوو، ئەوانەی کە لەسەدەی حەڤدەیەمدا ئەو ڕێگەیەیان بە رووی فەرەنسییەکاندا قۆرغکردبوو.

بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی عوسمانیی قەیرانی قووڵی وەك قەیرانی دارایی ئەزمونکردبوو، چاوەڕێی ئەودەکرا لە سەدەی هەژدەیەمیشدا ئیمپراتۆرییەکە رووبە رووی قەیرانی دارایی ببێتەوە. هەرچەندە بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ چاوەڕوانییەکی بەو

[13] Suraiya Faroqhi (for the seventeenth century) and Donald Quataert (for the nineteenth), in İnalcık with Quataert, op. cit. Quataert has dealt with the phenomenon in his several studies of Ottoman manufacturing, as has Sherry Vatter (1995) in her 'Militant textile weavers in Damascus: waged artisans and the Ottoman labour movement 1850–1914', in Donald Quataert and Erik-Jan Zürcher, *Workers and the working class in the Ottoman Empire and the Turkish Republic 1839–1950*, London: I.B.Tauris, 35–57.

شـێوەیە نـەبوو. جێگـەی گومـان بـوو داخـۆ ئیمپراتۆرییەکـە بەگـشتیی وەك یەکەیـەکی ئـابووریی بناسـرێنرێت، کـە وەك بازرگـانی هـەرێمی فـرە بێبایـەخ بـوو، چـونکە جیاوازییـەکی هـەرێمی مـەزن هـەبووە، هـەروەها هێنـدێك لـە ناوچـەکان بەتایبـەت بالکان، پێدەچێت لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەیەمـدا تاڕادەیـەك ئاراسـتەی بازرگانییـەکی هـەناردەیی گرتبێتەبـەر. ئـەم ناوچـەیەو ناوچـەی دیکـەی وەك سـوریاو فەلەسـتین بـۆ ماوەیـەکی درێـژ بـە ناوچـەیەکی چـالاکیی بازرگـانیی دانەوێڵـە ناسـرابوو (بەشـێوەیەکی وردتـر، پـاش قەدەغـەکردنی ناردنـەدەرەوەی دانەوێڵـە بەقاچـاغ لەلایـەن حکومـەتی عوسمانییـەوە)، ئـەم بازرگانییـەی کـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەیەمـەوەو بـەهۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی گەنم بازاڕی گەرمتربوو.

دەرکـەوتنی پیـشەسازییو پەرەسـەندنی دانیـشتووانی ئـەوروپای ڕۆژئـاوا داواکـاریی سـەبارەت بـە بـەروبوومی کـشتوکاڵیی بەتایبـەت پـەمو زێـدەتر کـرد، ئـەوەی کـە نها بـە مەبەستی هەناردەکردن خەریکی چاندنی بوون. بازاڕی سەرەکیی بەروبومەکانی دەوڵـەتی عوسمـانیی، فەرەنساونەمـسا بـوون( هـەناردەکردنی لۆکـە بـۆ فەرنـساو ڕەوانـەکردنی ڕەوەبەراز لە سنوورەکانەوە بەرەو قەڵەمڕەوی هابسبێرگ بەرچاوبوو). پشێوی سیاسـەتی نێودەوڵـەتیی لـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەیەمـدا، دەرفەتگـەلێکی نـوێی بـۆ بازرگانـانو باربـەران هێنایـەپێش. زۆربـەی ئەوانـەی یۆنـانیی بـوونو خـەڵکی ناوچە کەنارییـەکانو دورگـەکانی دەریـای ئیجـە بـوون. کەڵەکـەبوونی قازانجـە بازرگانییـەکان لای چـەندین ئەندامی کۆمەڵگەی یۆنانیی وایکرد کە لـە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکـە ناوەنـدی سـەرەکیی بازرگانیی بۆخۆیان دابمەزرێنن وەك: مارسیلیس، تریست، هـەروەها بەنـدەری "ئۆدیـسا" کە شارێکی روسیی بوو لەسەر دەریای ڕەش کە بەودواییە دامـەزرابوو. ئەمـەش تـۆڕێکی نێودەوڵەتیی ئەفراندبوو کە کاری بازرگانانی زیاتر برەو پێدەدا.[١٤]

ماشێنی دەوڵەتی عوسمانیی لەم چالاکبوونو گەرمبوونەی بازاڕی ئابووریی سوودێکی نـەبرد. لاوازی دەسـەڵاتی حکومـەت لـە هەرێمـەکان مانـای ئـەوەبوو دەسـەڵاتی چاککردنی هەلومەرجـە ئابوورییەکـەی لـە ڕێگـەی بـاجگریی لـە قازانجـە نوێیـەکان لاوازبـوو. کەچـی

---

[14] Reşat Kasaba (1988) The Ottoman Empire and the world economy: the nineteenth century, Albany: SUNY Press, 18–23.

لەهـەمان کاتـدا، هـەناردەکردنی بەروبوومـە خۆراکییـەکان دابینکردنـی پێویـستییەکانی شارەکانی عوسمانیی دەخستە مەترسییەوە.

### ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە سیاسەتیی نێودەوڵەتییدا

ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی لەسـاڵی ١٨٠٠ەوە لـە سیاسـەتیی نێودەوڵەتییـدا بـۆ دوو سـەدەی داهـاتووش لاواز بـوو. لـە کۆتـایی سـەدەی شـازدەیەم بەرەوسـەر، دەوڵـەتانی ئەوروپیی، بەتایبەت دەوڵەتانی تازە دامەزراوی نەتەوەیی لە ئەوروپای رۆژئاوا، لە رووی ئابووریی، تەکنەلۆژیی و سەربازییەوە بالادەست بوون. ئەو تەکنەلۆژیا نوێیانەی زیاتر بە ئاسانی بۆ کریستیانییەکانی ئیمپراتۆرییەکە لە ئەوروپای رۆژهەلات پەڕییەوە وەك لـە خـاکی عوسمـانیی. ئەمـەش بـە ئاشـکرا خـۆی لـەو جەنگـە درێژخایـەن و گرنگانـەدا بەرجەستە دەکات کە نزیکەی لە تێکڕایاندا بە بەزینی عوسمانییەکان کۆتاییهات. لـە سـەدەی حەڤدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی هەژدەیەمـدا، دوژمـنی سـەرەکیی خـۆی لـە ئیمپراتـۆریی هابسبێرگ لـە نەمـسادا بەرجەسـتەکرد، بـەلام لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەیەمەوە ، ئیمپراتۆریی روسیا لەسایەی کاترینـدا هەرەشـەی سەرەکیی پێکدەهێنا. روسـیا بـە بـەردەوامی لـە هـەوڵی دەسـت بەسـەرداگرتنی –دواتـر بـەخۆوە گرێـدانی_ رۆخـەکانی باکووری دەریای رەشدا بووو لەگەڵ عوسمانییەکانـدا پێکیانـدادا، ئەوانـەی ئەم ناوچانەیان بە ناوچەیەکی ژیانیی خۆیان دەزانی، چونکە خانە تەتارەکانی کریمە کە دەسەلاتی ئەم ناوچانەیان بەدەستەوە بوو، بە عوسمانییەکانەوە پەیوەست بوون. جەنگ لەبـەر ئـەم کێـشەیە لـە سـالانی ١٧٦٨-١٧٧٤ بـەرپاکراو بـە شکـستی ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی و بەسـتنی رێکەوتننامەیـەکی ئاشـتیی کۆتاییهـات کـە لـە مێـژووی عوسمانییەکانـدا لـە چـەندین رووەوە خـاڵێکی وەرچـەرخانە. رێکەوتننامـەی کوچـك کاینارجی (گوندێکە رێك دەکەوێتە باشووری دانوب لە بولگاریی بندەستی روسەکان) دانی بەسەربەخۆیی کریمەدا نا، جێپێیەکی ئارامیی بەخشییە روسیا لە کەناری دەریـای رەشـدا لـەنێوان "دەنیپـەرو بێـرگ"دا و مـافی کەشـتییوانیی بـە روسـەکاندا لـە دەریـای رەشـداو مـافی پاراسـتنی کڵێـسای ئۆرسەدۆکـسیی لـە ئەسـتەمبوڵ دەبەخـشیە ژنەئیمپراتۆری روسیا، ئەوەی کە روسیا وای لێکدەدایەوە گوایە مافی پاراستنی کڵێسای

ئۆرسەدۆکسیی یۆنانیی لە تەواوی خاکی عوسمانییدا پێدراوە.[15] چ حکومەتی روسیاو چ رەعییەتە یۆنانییە ئۆرسەدۆکسەکانی سوڵتان بە پەرۆشەوە ئەم مافانەیان قۆزتەوە . ئاکامەکەش ئەوە بوو کە لە دەیەکانی داهاتوودا کۆنسوڵی روس لە تەواوی بالکان و دورگەکانی یۆناندا دامەزرێنران، ئەوانەی لەلایەن خۆیانەوە رەعییەتبوونی روسیایان فراوانکرد( لە سایەی سیستمی بەراتدا) کە سەبارەت بە کریستیانییە خۆماڵییەکان چاوپۆشیی تێدابوو. پاش ئەوەی دەریای رەش بەرووی کەشتیگەلی روسییدا کرایەوە، ئەوە کەشتی بارهەڵگری یۆنانیی بوون کە بە ئاڵای روسییەوە بازرگانیی دەریای رەشیان گرتبووە دەست.

چ بۆ روسیا کە چاوەڕێی بەدەستهێنانی زیاتریان دەکردو چ بۆ عوسمانییەکان کە فرە بۆیان سەخت بوو ئەوە پەسەند بکەن کە ئیمپراتۆرییەکە بۆ یەکەمین جار قەڵەمڕەوەی موسوڵماننشینی خۆی لەدەست بدات (کە زیانێکی فرەی بە پێگەو شەرعییەتی دەسەڵاتی سوڵتان دا)، ئاشتی ساڵی ١٧٧٤ سەلماندی کە ئاشتییەکە جێگەی باوەڕ نەبوو. یەکەم لایەنگرانی روسیی و عوسمانیی شەڕێکی دیکەیان لە کریمە هەڵگیرساند، پاش ئەوەی روسەکان بەفەرمیی کریمەیان لە ساڵی ١٧٧٩دا بە ئیمپراتۆرییەکەیانەوە گرێدا. حکومەتی عوسمانیی بەناچاریی و نابەدڵیی ئەمەیان لە ساڵی ١٧٨٤دا پەسەندکرد، بەڵام پاش سێ ساڵی دیکە جەنگی دژی روسیا راگەیاند. جەنگی ساڵانی ١٧٨٧-١٧٩٢ کە سەرەتا روسیا لەلایەن نەمساوە پشتگیریی لێکرا، دووبارە بە سەرکەوتنی گەورە بۆ روسیا کۆتاییهات، ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر کەناری باکووری دەریای رەشدا چەسپاو تەنانەت بەرەو دێنیستەر لە رۆژئاواو جۆرجیا لە رۆژهەڵات فراوانخوازیی خۆی بەرەوپێش برد.

[15] بۆ زیاتر سەبارەت بەو خواستە بڕوانە:
Roderick H. Davison (1990) '"Russian skill and Turkish imbecility": the treaty of Kuchuk Kainardji reconsidered', in his *Essays in Ottoman and Turkish history, 1774–1923: the impact of the West*, Austin: University of Texas Press, 29–50.

# باسی دووەم

# لەنێوان سونەتیبوون و نوێبوونەوەدا

# سوڵتان سەلیمی سێیەم و نەزمی نوێ ١٧٨٩-١٨٠٧

لە هەموو ئەو بوارانەی لێرەدا سەرنجییان لەبارەوە درا(خاك، دانیشتووان، ئایدۆلۆژیی، كارگێڕیی، ئابووریی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان) ئەو قۆناغەی دەكەوێتە نێوان هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسیی و نزیك ساڵی ١٨٣٠ هەنگاوی خێرای گۆڕانكاریی بەخۆوەدی. هەریەك لەو بوارانەی باسیان لێوەكرا بە شێوازێك یان زیاتر لەگەڵ گۆڕانی پەیوەندییەكانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانیی و ئەورووپادا، گۆڕانیان بەسەرداهات.

یەكەمین دەسەڵاتدار كە پێشڕەویی ئەو گۆڕانانە بوو، سوڵتان سەلیمی سێیەم بوو، كە لە ساڵی ١٧٨٩دا چووە سەر تەختی دەسەڵات. تەنانەت پێش ئەوەی دەسەڵاتیش بگرێتە دەست، ئەو بە بایەخەوە دەیڕوانیە جیهانی دەرەوەی دەربارو هەروەها ئەورووپا. ئەوە دەزانرێت كە لەكاتێكدا وەلیعەهد بوو، پەیوەندیی لەگەڵ لویسی شازدەیەمی فەرەنسادا هەبووە و وەك (نموونەیەكی باڵای خۆی) لێیڕوانیوە. هەروەها ئەڵقەیەك لە هاوڕێ و ڕاژەكارانی لەخۆی كۆكردبووەوە كە سەبارەت بە شتە ئەورووپییەكان، هاوبەشی بایەخ و سەرنجەكانی بوون. كاتێك چووە سەرتەختی دەسەڵات، زۆربەی ئەوانەی لە شوێنی هەستیاردا دامەزراندن. سەلیم لەماوەی سێ ساڵی یەكەمی فەرمانڕەوایەتییدا، بایەخی خۆی بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی جەنگ لەگەڵ ڕوسیا تەرخانكرد. لەساڵی ١٧٩٢دا، كە هەلومەرجی سەربازیی عوسمانیی نوقمی بێهیوایی ببوو، ڕوسیا و ئیمپراتۆریی عوسمانیی، ناوبژیوانی بەریتانیا و پروسیایان پەسەندكرد، ئەوەی بە ڕێكەوتننامەی "یاسی" كۆتاییهات كە لەبنەڕەتدا جەختكردنەوە لە ڕێكەوتننامەی كوچك كینارجی(ساڵی ١٧٧٤)بوو، وێڕای چەند دەستكەوتێكی زەمینیی كە ڕوسیا لە كەنارەكانی دەریای ڕەشدا چنگی كەوت.

هەر نزیكەی دەستبەجێ پاش پێكهێنانی ئاشتیی، سوڵتان بەرنامەیەكی بۆ چاكسازیی دەستپێكرد، ئەوەی بە فەرمیی "نیزامی جەدید/نەزمی نوێ"ی پێدەگوترا. ئەم بەرنامەیە

ئامـانجی بـەهێزکردنی رێکخـراوی دەوڵـەتی ناوەنـدیی بـوو دژی هەریـەك لـە دوژمـنی دەرەوە(بەتایبەت روسیا کە پاش دوو جەنگی کارەساتهێنەر وەك مەزنترین هەڕەشە بۆ دەسـەڵاتی عوسمـانیی دەرکـەوت)، هـەروەها دوژمـنی نێوخـۆ(واتـە خانەدانـە نیمـچە سەربەخۆکان). کێشەگەلێکی فرە ببوونە بەڵا بەسەر سوڵتانەکانی پێش سەلیم لەسەدەی هەژدەیەمـدا، هـەروەها هەوڵـەکانی ئـەویش بـۆ چارەسـەرکردنیان لـە بنەڕەتـدا سـونەتیی بوون: ئەو هەوڵیدەدا کە دەزگاکانی دەوڵەت بەهێزبکات(بەتایبەت هێزە چەکدارەکان و سیـستمی بـاجگریی) لـە رێگـەی بەگژداچـوونەوەی بەدبـەکارهێنانی پۆسـتەکان و گەنـدەڵیی و هـەروەها سـەرلەنوێ دامەزراندنـەوەی سیـستمە سـونەتییەکە و ئنجـا چەسـپاندنی عەدالـەت . هـەموو دەسـتەو تاقمـەکان سـەرلەنوێ لـە چوارچـێوەی سنوورەکانیاندا لـە قاڵب درانـەوە، وەك هـەوڵێك حکومـەت خوازیـارە پێشانی بدات کە نەزمی ئیسلامیی دەپارێزێت. بڕیارەکـانی سوڵتان سەبارەت بـە سەپاندنی جلوبـەرگی سـونەتیی و سـنووردارکردنی بنیاتنـان، بەتایبـەت سـەپاندنی بەسـەر رەعییەتـە ناموسوڵمانەکاندا نموونەیەکی زەقی ئەم رووەی سیاسەتەکانێتی.

ئـەوەی وایکـرد سـەلیم جێگـەی بایـەخ بێت وەك کەسێکی وەرچـەرخێنەر لـەنێو هەوڵـە سـونەتییەکانی بـۆ چاکسازیی هەرلـە سـەردەمی وەزیرەکـانی بنەماڵـەی کۆپـەرلوەوە کـە لەناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەیەمـدا دەسـەڵاتی ناوەنـدییان خـستەوە سـەرپێ لەلایـەك، هـەروەها تەنزیماتـە چاکسازییەکانی سەدەی نۆزدەیـەم لـە لایـەکی دیـەوە، بریتیبـوو لـەو رادەیەی کە گەیشتێ لە ئامادەکاریی بۆ پەسـەندکردنی هـەنگاوە ئەوروپییـەکان(هـەروەها راوێـژکاریی ئـەوروپیی) بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجـەکانی و ئـەو شـێوازەی سـەردەمی کـە کەناڵی پەیوەندیی لەنێوان ئەوروپا و چینی فەرمانڕەوای عوسمانییدا تێدا کرایەوە.

## چاکسازییەکانی "نەزمی نوێ"

بەرنامـەی سـەربازیی بـە هەوڵگـەلێك دەسـتیپێکرد لـە پێنـاو زیـاتر کاریگـەرکردنی هێـزە چـەکدارەکان کـە لـە یەکەکانـدا هـەبوون: ئینکـشارییەکان، هێـزی سـوپاهیی دەرەبـەگیی، سـوارە، یەکـە تایبەتـەکانی وەك تۆپخانـەو بارهـەڵگرەکان. بەرنامەکە هەوڵیدا بـە توندیی ئەرکـە سـەربازییەکان لـە ئەرکـە کارگێڕییـەکانی یەکـە ئەفسەرییەکان جیـا بکاتـەوە، وەك هـەوڵێك بـۆ نەهێـشتنی دەرفـەتی گەنـدەڵیی و کەمکردنـەوەی پلـەو پۆسـتەکان لـە رێگـەی

لابردنـی ئەوانـەی کـە کـارتی سـەربازییان هـەڵگرتبوو بـەڵام لەراسـتییدا لـەنێو سـوپادا راژەیـان نـەدەکرد، لەکاتێکدا دیسپلینێکی توند بەسەر باقی دیکەی ئەندامانی سوپادا دەسەپێنێت و موچەی بەردەوامیان بۆ دابین دەکات. هەر زوو دەرکەوت کە لەمپەرەکانی لەبــەردەم ئــەم سیــستمە وایکــرد ئــەم شــێوازە رێکخــستنە نزیکــەی بــە تــەواویی بێکاریگـەربێت. سـوڵتان و پیاوەکـانی نهـا بڕیـاری چارەسـەرێکی رادیکاڵانەیانـدا، کـە ئەویش بڕیـاری پێکهێنـانی سوپایەکی نـوێ بـوو لـە دەرەوەی ئـەو سـوپایەی کـە هـەبوو، کارکردن لەم سوپا نوێیەدا لە ساڵی ١٧٩٤ەوە دەستیپێکرد و لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی سەلیمی سێیەمدا نزیك بە ٣٠,٠٠٠ پیاوی ئازاو ،بەگوێرەی چاودێرەکان، تا رادەیـەك راهێنراوو چەکدار ئەو لەشکرە نوێیەیان پێکدەهێنا. هەروەها کەشتیگەلیش سەرلەنوێ رێکخرایەوە.

بێگومان ئەم بەرنامەیە پێویستیی بە سیستمێکی نوێی راهێنـان و فێرکردن و هـەروەها بڕێکـی بـاش پـارەش هـەبوو. سـوڵتان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم پێویـستییانە، هـەوڵی راکێشانی ئەفسەرانی بیانییدا کە وەك راهێنەرو راوێژکار پشتیان پێ ببەستێت. زۆربەی ئـەو ئەفـسەرانە فەرەنـسیی بـوون و لـە حکومـەتی فەرنـسییدا راژەیـان کردبـوو، چ لـە ســەردەمی رژێمــە کۆنەکــەدا یــاخود لــە ســەردەمی کۆمــاریی و قۆنــاغی ئیمپراتــۆریی ناپۆلیۆنـدا. هـەروەها دەزگایـەکی پزیـشکیی و فێرکـارییش دامـەزرێنران. لەکاتێکـدا ئـەو فێرگە ئەندازیاریی کەشتیگەلییەی کە هەبوو نۆژەنکرایەوە و هاوشێوەیەکیش بۆ سوپا لە ساڵی ١٧٩٠دا دامەزرێنرا. بەڵام کاتێك هاتە سەر ئەوەی خەرجی ئەو چاکسازییانە دابین بکرێت، حکومەتەکەی سەلیمی سێیەم کارا نەبوو. هـەوڵی نـەدا بودجەیـەکی ئامـادەکراو پێکبهێنرێت کە تێیدا هاوسەنگیی لەنێوان داهات و خەرجییەکاندا بکرێت، لەجیاتی ئەوە نــەزمێکی پــڕ ئــاڵۆزیی و پــشێویی لــەئارادا بــوو، هــەروەها ئــەو هەوڵــە لاوازانــەی بــۆ چاکسازییکردن لـە سیستمی ناکارای باجگرییدا ئەنجامـدرا، یـاخود تەنانـەت لـە بـواری بـەهێزکردنی ئـەو سیـستمەی کـە هـەبوو، شکستیهێنا. حکومـەت شـێوازیی سـونەتیی لـە زێـدەکردنی داهاتەکانیـدا گرتەبـەر: دەستبەسـەرداگرتن و هـەروەها دابەزانـدنی رێـژەی پێکهاتـەی دراوی کـانزایی، ئـەوەی بـە تێپـەڕینی کـات تـەنیا کێـشەکانی دژوارتـر کـرد. هەوڵـــەکانی ســـوڵتان بـــۆ زێـــدەکردنی توانـــای دەزگـــای تۆمـــارکردنی ناوەندیی(کارگێڕیی) خۆی لەو هەوڵانەدا بینییەوە کە ئامانجی کەمکردنەوەی ژمارەی

زیادەی کارمەندانی دەزگاکە بوو(کە بۆخۆی سەرچاوەی گەندەڵیی بوو). هەروەها لە ساڵی ١٧٩٧دا، کارە بایەخدارەکانی کاروباری دەوڵەتی وەك بەشێك لە دابینکردنی لانی کەمی نهێنپاریزیی ئەو کاروبارانە لە دەزگایەکدا بە ناوی (موهیمە ئۆدەسی/ژووری کاروبارە بایەخدارەکان) کۆکردەوە. هەرچەندە ژمارەی زۆری کارمەندان، خزمخزمێنەو گەندەڵیی، مەحاڵ بوو بێ‌بوونی سیستمێکی موچەپێدانی گونجاوو ڕێکخستنێکی ئاشکرای پۆستو پلەو پایەکان قەڵاچۆ بکرێت. هەرچەندە چاکسازییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەم ئەرکو سیستمەی هێنایەئارا، بەڵام ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەردەوام لەژێر باری ئەم کێشانەدا تا دوا ساتی دەیناڵاند.

## کەناڵی نوێی پەیوەندییکردن

لەوانەیە گرنگترین هەنگاوە دروستەکانی سەلیم بریتیبێت لە زێدەکردنی ئەو دەرفەتانەی کە هێنرایەئارا بۆ جمانی بیروڕا ڕۆژئاواییەکان بۆ نێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی، ئەوروپییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکیی فەرەنسییەکان، وەك مامۆستاو ڕاهێنەر بەسەرجەم ئەو یەکانەی سوپاوە پەیوەست بوون کە سەلیم دایمەزراندبوون یان چاکسازیی تێدا کردبوون، ئەوەش کەناڵێکی پەیوەندییەکانی پێکهێنا. خوێندکارەکانیان فێری فەرەنسیی بوونو بە پەرۆشەوە گەنگەشەی هەموو جۆرە بیروڕایەکی هاوچەرخیان لەگەڵ مامۆستا بیانییەکانیاندا دەکرد.وێڕای ئەوەش، ئەو بیانییانە ئازادییەکی زۆریان بۆ دەستەبەرکرا کە تێکەڵ بە کۆمەڵگای عوسمانیی ببن. ئازادییەك زیاتر لەوەی کە ئەوەی پێش ئەوان لە ئیمپراتۆرییەکەدا لێی بەهرەمەند بوون. ئەو بیانییانە نەك هەر بەشێوەیەکی ڕێکخراو تێکەڵ بە کۆمەڵگەی کریستیانییە خۆماڵییەکە دەبوون، بەڵکو بەهەمان شێوەش لەگەڵ ئەندامانی چینی فەرمانڕەوای عوسمانییدا لە پەیوەندییدابوون.[١٦] باڵیۆزە نوێیەکانی عوسمانیی لە ئەوروپا دووەمین کەناڵی پەیوەندییکردنیان پێکدەهێنا. لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا ناوبەناو نوێنەرایەتیی عوسمانیی بە مەبەستی تایبەت سەردانی پایتەختەکانی ئەورپایان دەکرد. بەڵام هێشتا

---

[16] بۆ زیاتر سەبارەت بە کاریگەریی ڕۆژئاوا لە دەستەبژێری عوسمانیی:
J. Shaw (1971) Between old and new: the Ottoman Empire under Sultan Selim III, 1789–1807, Cambridge, MA: Harvard University Press, 180–99.

کـاره دیپلۆماتییـەکانیان هـەروەك رۆژانـی بـەرایی ئیمپراتۆرییەکـە لـە رێگـەی وەرگێـڕە یۆنانییەنکانـەوە بـەڕێوەدەبرا. نها سـەلیم بـۆ یەکـەمجار باڵیۆزخانـەی هەمیـشەیی لـە لەنـدەن(سـاڵی ١٧٩٣)، ڤیێننـا(١٧٩٤)، بـەرلین(١٧٩٥)، هـەروەها لـە پـاریس (١٧٩٦) دامەزراند. زۆربـەی ئـەو "ریفۆرمیـستانە/چاکسازانەی" دواتـر پـەیدا بـوون، سـەرەتای ئـەزموونی خۆیـان لـە ئـەورووپاوە فێربـوون، کاتێـك وەك سـکرتێر لـەم نوێنەرایەتییانـەی عوسمانییدا لە ئەورووپا هەڵدەسوڕان. باڵیۆزە بەراییەکانی عوسمانیی بە هـەموو پێوەرێك کـەمتر کـارابوون. وێـڕای ئـەوەش، ئەوانـە چ ئەزمـەنێکیان بـۆ ئـەم دیپلۆماتـە تازەکارانـە زێدەنەکردو پێویـست بـوو گەمـەی دیپلۆماسیی لـە سفرەوە لـە ئەورووپییەکانـەوە فێـربن. بەڵام هەرچەندە یەکـەمین دەستەی دبلۆماتـە هاوچـەرخەکانی عوسمـانیی وەك باڵیۆزێکی عوسمـانیی لـە ئـەورووپادا سـست بـوون، بـەڵام چ خۆیـانو چ شـوێنگرەوەکانیان وەك نەوەیەکی دواتر بەدڵنیاییەوە فرە کاریگەرتر لە رۆڵی باڵیۆزخانە ئەورووپییـەکان لـە ژیـانی عوسمانییدا هەڵسوڕان.

### کەوتنی سوڵتان سەلیمی سێیەم

سیاسـەتەکانی سـەلیم دوژمـنی زۆری بـۆ دروسـتکرد. ئـەو، بـەو هەوڵانـەی لـەپێناو دروستکردنی سوپایەکی نوێدا، دەزگای سەربازیی بێزارکردو لەخۆی تۆراند، هـەروەها زۆرینـەی زانایـانی ئـاینیی بـە بێزارییـەوە دەیانڕوانیـە کاریگـەریی فەرەنـسییەکان لـە دەربارو هەروەها لەنێو ئەندامە لاوەکانی چینی دەسەڵاتدار. هـەروەها سوڵتان بەگشتیی لـەنێو خەڵکـدا خۆشـناو نـەبوو، ئەوانـەی لـە هەوڵـەکانی بـۆ چاکـسازیی لـە دەزگـای سـەربازیی و کەشـتیگەلیی عوسمـانیی قازانجێکیـان نـەبرد، بـەڵکو ئـەو هەوڵانـە بـاری سەرشانی خەڵکی گرانترکرد، چونکە سەپاندنی باجی نوێ بەسەریاندا بەشێوەیەك بوو کە ئەمێستا بەسـەر توتنو قاوەشدا سەپێنرابوو. لە هەرێمەکاندا، لەسەردەمی سوڵتان سەلیمدا وێڕای هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی، لەراستییدا، زێدەبوونی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی خانەدانە مەزنەکانی بەخۆوە بینی . ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە سـوڵتان نـەك تـەنیا پـشتی بـەو خانەدانانـە دەبەسـت سـەبارەت بـە داهاتـەکانی بـاجو دابینکردنی پێویستییەکانی پایتـەخت، بـەڵکو هـەروەها لەبەرئـەوەی کـە ئـەو خانەدانانـە بەشێکی زۆری هێـزە جـەنگاوەرەکانی سوپایان دابینـدەکرد لـە جەنگـە ناپۆلۆنییەکانـدا.

تەنانەت بنەمای نەزمە نوێیەکەی سوپاش بە هاوکاریی چەند یەکەیەکی جەنگاوەریی دامەزرێنرا کە لەلایەن ئەو خانەدانانەوە نێردرابوون. هەڵوێستی خانەدانەکان لەئاست سوڵتانو سیاسەتەکانی ناکۆك بوو. ئەوان لەلایەکەوە پشتگیریی هەوڵەکانی سوڵتانیان دەکرد بۆ لاوازکردنی رکابەرەکانیان لە زانایانی ئاینییو ئینکشارییەکان کە لەناوەندی هەرێمەکاندا لەمپەریان لەبەردەم دەسەڵاتی خانەوادەکان پێکدەهێنا. لەلایەکی تریشەوە، بەدڵنیاییەوە، خوازیاری ئەوە نەبوون حکومەتی ناوەندیی دەسەڵاتی کاریگەرتری زێدەتری هەبێت. ئەمە لە ساڵی ١٨٠٥دا خۆی دەرخست کاتێك سوڵتان فەرمانێکی سەبارەت بە دامەزراندنی یەکەیەك لە نەزمی نوێ بۆ ئەدرنە دەرکرد. کاتێك لە ساڵی ١٨٠٦دا سوپا گەیشتە ئەدرنە، خانەدانەکانی هەرێمە ئەوروپییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی هەڕەشەی ئەوەیان کرد گەرپێتو ئەو سوپایە نەکشێتەوە، ئەوا هێرش دەکەنە سەر پایتەخت. هەربۆیە سوڵتان ناچاربوو وازبێنێت، ئەوەش پێگەی خانەدانەکانی تەنانەت بەهێزترکرد.

جێگەی گومانە داخۆ هەر سوڵتانێکی دیکەی وەك سەلیم، بەو تێگەیشتنە سنووردارەی لەو مۆدێلە ئەوروپییەی خوازیاری جێبەجێکردنی بوو، بەو خەرجییە کەمو بێدەرامەتییە، هەروەها بەو هەموو دژایەتییەی لەلایەن دەزگا سونەتییە دەسەڵاتدارەکانەوە رووبەڕووی دەبووەوە، بیتوانیبایە چاکسازیی رادیکاڵ بەدیبهێنێت. هەرچەندە دەگونجێت ئەوەش راست بێت کە سەلیم ئەو دڵرەقییەو فێڵبازییەی نەبوو کە بتوانێت ئەرکێکی وای پێ جێبەجێ بکات. کاتێك لە مایۆی ١٨٠٧دا ، هێزە یەدەکەکانی ئینکشاریی لە سەربازخانەی ئەستەمبوڵدا دەستیان بە ئاژاوەنانەوە کرد(ئەم یاخیبوونە بە هەموو حسابێك دەستی ناوەندە کۆنەپارێزەکانی دەرباری لەپشت بوو) و داوای هەڵوەشاندنەوەی یەکەکانی نەزمی نوێو دەرکردنی رەگەزە ریفۆرمیستە بایەخدارەکانیان دەکرد. سوڵتان بێئەوەی سوپا نوێیەکەی بەکاربهێنێت دەستی هەڵگرت. هەرچەندە ئەو نەیتوانی پێگەی خۆشی بپارێزێت. هەر هەمان رۆژ لەسەر تەخت لابرا، بەگوێرەی فتوایەك لەلایەن شەیخولئیسلامەوە درا کە بەرزترین پێگەی ئاینیی لە وڵاتدا هەبوو، ئەوەی تێیدا هاتبوو کە چاکسازییەکانی سوڵتان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا نایەتەوە.

## پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان :شۆڕشی فەرەنساو جەنگەکانی ناپۆلیۆن

جگە لە بەرهەڵستکاریی نێوخۆ، هەوڵەکانی سوڵتان بەدڵنیاییەوە لەو سونگەیەوە لەمپەری هاتەڕێ، کە ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ هەراو کێشمەکێشی نێودەوڵەتیی بەهۆی شۆڕشی فەرەنسیی و جەنگەکانی ناپۆلیۆنەوە.

بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی عوسمانیی بۆ دوو سەدە لەسەر پەیوەندیی دۆستانەی ئیمپراتۆرییەکە لەگەڵ فەرەنساو دوژمنایەتیی توندی لەگەڵ بنەماڵەی هابسبێرگدا دامەزرابوو. هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، سەلیم خۆی لەگەڵ پاشای فەرەنسادا پەیوەندیی هەبوو، بەڵام پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسیی و تەنانەت دوای سەرپەڕاندنی لویسی شازدەیەمیش ،پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەرەنسییەکاندا بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی ناپۆلیۆن پۆناپارت لە ساڵی ١٧٩٨دا دابەزییە سەر خاکی میسر. هەڵمەتەکەی ناپۆلیۆن بابەتی نووسین و لێکدانەوەیەکی بەرفراوان بوو. ئەو هەڵمەتە دەرئەنجامی رکابەری کۆلۆنیالیی و کێبڕکێی بازرگانیی نێوان فەرەنساو ئینگلتەرا بوو. ئەوەی کە هێشتا لە دەرەوەی هیندستاندا لەشەڕدا بوو، هەروەك درك پێکردنی پاریس سەبارەت بەوەی کە بەو توانا و شێوازانەی کە لەبەردەستیدا هەن ناتوانێت راستەوخۆ پەلاماری ئینگلتەرا خۆی بدات. دەگونجێت ناپۆلیۆن خۆشی وەك ئەسکەندەری مەزن خولیای داگیرکاریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەردا بووبێت، بەڵام ئامانجەکانی سیاسەتی فەرەنسا فرە سنووردار بوو: بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ لاوازکردنی پێگەی بەریتانیا لە رۆژهەڵات بە گێڕانەوەی میسر بۆ باوەشی فەرەنسا. داگیرکارییەکەی فەرەنسا حکومەتی عوسمانیی هەژاندو وایکرد هاوپەیمانیی لەگەڵ بەریتانیاو هەروەها روسیای کۆنە دوژمنی ببەستێت. بەڵام ئەم دۆخە تەنیا لەکاتی کێشەو پەلامارەکەدا بەردەوام بوو. ئاشتیی"ئامینس" لە ساڵی ١٨٠٢دا پەیوەندییە دۆستانەکەی جارانی نێوان فەرەنساو دەروازەی باڵادا گێڕایەوە. رەتکردنەوەی عوسمانییەکان بە دانپیانانی تاجلەسەرنانی ناپۆلیۆن وەك ئیمپراتۆر لەژێر فشاری نەمسادا، سەرلەنوێ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوولای لە ساڵی ١٨٠٥دا تێکدایەوە . بەڵام لەماوەی ساڵێکدا، ئیمپراتۆریی عوسمانیی جارێکی دیکە لە حاڵەتی جەنگدا لەگەڵ هەریەك لە بەریتانیاو روسیادا، هاوپەیمانیی لەگەڵ فەرەنسادا پێکهێنایەوە. ئەو هەلومەرجەی کە زەمینەی بۆ داگیرکارییەکی نوێی روسیا خۆشکرد.

سیاسەتی ناکۆك و دژبەیەکی لەناکاوی ناپۆلیۆن لەماوەی دانوسانی لەگەڵ تزاردا لە "تیلیست"لە ساڵی ١٨٠٧ وای لە عوسمانییەکان کرد کە بە تەنیا رووبەڕووی دوژمنەکانی ببێتەوە.

## کاریگەریی ئایدۆلۆژیی شۆڕشی فەرەنسیی

هەرچەندە ئەوە گومانی تێدا نیە کە پەرەسەندنە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسیی و رووداوەکانی پاشتر بەڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی کرد، بەڵام رادەی کاریگەریی ئایدۆلۆژیی شۆڕشەکە لە کۆمەڵگەی عوسمانیی کەمتر ئاشکرایە.

بەدڵنیاییەوە شۆڕشی فەرەنسیی هاندەری سوڵتان سەلیمی سێیەم نەبوو کاتێك ئەو نەزمە نوێیەکەی خۆی دەستپێکرد، هەرچەندە تەنانەت چەمکەکەی خۆی لە فەرەنسییەکانەوە هەڵهێنجاوە.[17] ئەو بە دەسەڵاتە شاهەنشاهییە رەهاکەی لویسی شازدەیەم، ئەوەی شۆڕشگێڕەکان سەریان پەڕاند، و سوپای فەرەنسیی و شارەزا کارگێڕییە فەرەنسییەکان سەرسام بوو. ئەوە هەڵسوڕانی شومی سونەتیی سوپای عوسمانیی لە جەنگی روسیادا بوو وای لە سەلیم کرد بڕیاری چاکسازیی سەربازیی بدات. پێدەچێت کاریگەریی شۆڕشەکەو بیروباوەڕەکانی، لەنێو چینی فەرمانڕەوای موسوڵمانی عوسمانییدا سنووردار بووبێت. بەڵگەی ئەوە نیە کە تایبەتمەندیی سێکیولاری ئایدۆلۆژیی وایکردبێت بیربڕواکانی ئاسانتر بۆ جەمارەوە موسوڵمانەکە هەرسبکرێت تا بیروبڕوایەکی بە ئاین سواغدراو، چاودێرانی عوسمانیی، ئەوانەی سەرنجی خۆیان سەبارەت بە تایبەتمەندیی دژە ئاینیی شۆڕشەکە خستەبەرچاو، بێ جیاوازیی،تێکڕایان بەتوندی رەخنەی بیروباوەڕەکەیان کرد.[18] هەروەها داگیرکردنی میسریش لەلایەن فەرەنساوە، وێڕای ئەوەی وەك هێرشێك بۆسەر ناوجەرگەی جیهانی موسوڵمان شۆکێکی دروستکرد، بەڵام ئاگایی سەبارەت بە بەهێزی سوپای فەرەنسیی هێنایەئارا، نەك سەبارەت بە فەلسەفەی فەرەنسیی. بەشێکی ئەندامانی چینی

---

[17] Bernard Lewis (1961) *The emergence of modern Turkey*, London: Oxford University Press, 57.

[18] Bernard Lewis (1953) 'The impact of the French revolution on Turkey', *Journal of world history*, 1 (1), 105–25.

فەرمانڕەوای عوسمانیی کەوتنە بەر کاریگەری بیروڕا ئەوروپییەکان، ئەوەش بەهۆی تێکەڵاویی بیانییەکان کە ڕژێمەکەی سەلیم دەرفەتی بۆ ڕەخساندبوو، ئەوەی بە دڵنیاییەوە کاریگەریی خۆی هەبوو. بەتایبەت لەو لاوە بیرۆکراتانەی حکومەت کە بەدوای چارەسەری عەقڵانییانە بۆ کێشەکان دەگەڕان لەجیاتی پەنابردنەبەر چارەسەرە سونەتییەکان و لێرەشەوە چاویان لە یاسا و بڕیارە نوێیەکان بوو. بەتایبەتیی ئەو عوسمانییە لاوانەی لە باڵیۆزخانەکانی وڵاتەکەیان لە ئەوروپا ڕاژەیان کردبووو لە دڵەوە بە چالاکیی و کاریگەریی ئەو بیرۆکراتییەی لەوێ بینیبوویان، سەرسام بوون. پیاوماقوڵانی خاوەن پلەوپایەی عوسمانیی لە ڕێگەی موچەو مانگانەکانیان(کە زۆربەی جار چەند مانگێك دوادەکەوت ئەگەر نەگەیشتایەتە ساڵێك) لەگەڵ زێدەکردنی داهاتەکانیان لە ڕێگەی : دیاری دامەزراندن، کرێ و سزا مادییەکان، هەروەها دەبوو لەوە دڵنیا بووایەتەوە کە ساڵێکی دیکەش دادەمەزرێتەوە،هەوڵیان دەدا شێوەی ژیانی خۆیان درێژە پێبدەن. کارمەندانی عوسمانیی لە دەوڵەتەکانی ئەورپا نزیکەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ بیرۆکراتییەکی ڕاستەقینە پەرەیان سەند: موچەی فەرمیی، مسۆگەری مانەوەیان لە ئەرك و کارەکانیاندا، هەروەها لە ڕێگەی ڕێنماییەکانەوە ئەرك و هەڵسوڕانیان بەئاشکرا دیارییکرابوو. هزرە ئەبستراکتەکانی وەك لیبرالیزم، دەستووریزم، ناسیونالیزم، تاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم کاریگەریی لە چینی فەرمانڕەوای عوسمانیی نەکرد.

لەکاتێکدا شۆڕشی فەرەنسیی لەنێو ئەندامە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵگە کریستیانییەکەی نێو ئیمپراتۆرییەکەدا کاریگەریی هەبوو. یەکەمینی ئەوانەی لەژێر ئەو کاریگەرییەدا بوون، یۆنانییەکان بوون، ئەوەش بۆ پەیوەندیی بازرگانیی ئەوان لەگەڵ تەواوی بەندەرەکانی ئەوروپا دەگەڕێتەوە، هەروەها سربییەکان، ئەوانەی کە لە ڕێگەی هەناردەکانیانەوە بۆ نەمسا، پەیوەندیی بەردەوامیان بە ناوەڕاستی ئەوروپاوە هەبوو. لەنێو هەموو دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسیی کە "ئازادیی، یەکسانیی، برایەتیی" بوو، ئەوە ئازادیی بوو کە لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا دەنگی دابووەوە، بەڵام ئەو ئازادییە مانای ئەوە نەبووکە مافەکانی هاوڵاتییبوون زامن بکرێت، بەڵکو سەربەخۆیی نەتەوەیی دەگەیاند. نەتەوایەتیی لەپاش جەنگە شۆڕشگێڕییەکان لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا هاتەپێش، بەڵام نەتەوایەتیی کۆمەڵگە کریستیانییە عوسمانییەکان ئەوەکەی ناوەڕاستی

ئـەوروپا بـوو نـەك زيـاتر لـەوەی نموونەيـەكی ئـەوروپای رۆژئاوابێت،لـە هەوڵـدان بـۆ هێنانەكايەی نەتەوەيەك كە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت. رۆشنبيرە ئەلبانييەكان ديدێكی رۆمانسييانەيان سـەبارەت بـە رابـردووی مێـژوويان بنياتنـابوو، تێيـدا فەرمانڕەوايـەتيی عوسمانييـان وەك (داگيركارييـەك) وێنا دەكرد.[19] ساڵی ١٨٠٨ سـەرەتای دەستپێكردنی يـاخيبوونی سـربييەكان بـوو كـە سـەرەتا جگـە لـە بێزارييـەك دژی دڵڕەقيـی موڵكـدارە موسوڵمانە خۆماڵييـەكانو ئينكشارييەكان، شتێكی ديكە نەبوو، ئەو بێزارييـەی بـەرەو جوڵانەوەيەك بىۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆميیو پاشتر سەربەخۆيی وەرچەرخا. بەڕێكەوت نەبوو كە يەكەمين سەركردەی جوڵانەوەكە هەناردەكەرێكی دەوڵەمەندی بەرازەوان بوو كە نـاوی "قـەرەجۆرج" بـوو. دەتوانرێـت ريـشەی لـەدايكبوونی نەتەوايـەتيی يۆنـانيی بگەڕێنرێتەوە بۆ دامەزراندنی كۆمەڵەيەكی نهێنيی بەناوی "فيليكی هێتايريا" لـە ساڵی ١٨١٤ لەلايەن بازرگانێكی يۆنانييەوە لە ئۆديسا، ئەو كۆمەڵەيـەی ئامانجی بنياتنانـەوەی ئيمپراتـۆريی بيزەنتـە بـوو. لـەماوەی سـەدەی نۆزدەيەمـدا، گەشەسـەندنی نەتەوايـەتيی، يەكەمجار لـە بالكانو دواتـر لـە هەرێمـەكانی ئاسيايی سـەلماندی كـە هۆكـارێكی گرنگـی تێكشكاندنی دەوڵەتی عوسمانيی بوو.

## گۆڕانی ئابووريی

لە رووی ئابوورييـەوە، پەرەسـەندنی سـەرەكيی لەسـاڵانی شۆڕشـگێڕييدا لـە رۆژهـەڵات، بەهێزبوونی پێگەی بازرگـانو باربـەرە يۆنانييـەكان بـوو. ماوەی شۆڕشـەكەو جەنگـەكانی نـاپۆليۆن بەشـێوەيەكی خـراپ زيـانی بـە پێگـەی بازرگـانيی دەريـايی فەرەنـسيی لـە رۆژهـەڵاتی دەريـای سـپی ناوەڕاسـت گەيانـدو پێگـەی رێبـەريی فەرەنـسيی لـە دەريـا دوورەكانــدا لەلايــەن يۆنانييەكانــەوە شــوێنی گيرايــەوە، ئەوانــەی كــارو چــالاكيیە بازرگانييـەكانيان لـە كۆتـايی ١٧٠٠كانـەوە برەوێكـی زۆری پەيـدا كـرد. لـە هـەمان كاتـدا، گـەمارۆی بەريتانييـەكان بەسـەر ئـەوروپای ناپۆليۆنيـداو هـەروەها گـەمارۆی پێچـەوانەی فەرەنسييەكان كە بە "سيستمی كيشوەری ئەوروپا"نـاودەبرا، ئەوانـە بايـەخی هاتوچـۆی

---

[19] لەنێو ئەو كۆڵينەوانەی سەبارەت بە نەتەوايتيی كراوە، لەو باوەڕەدام هێشتا كۆڵينەوەكەی "عەلی قەدوريی" فرە بۆ مێژووی عوسمانيی رۆشنكەرەوەيە، ئەوەی هەروەها فرە رەشبينيە:
Elie Kedourie, (1960) *Nationalism* (London: Hutchinson).

بازرگانیی لە ناوەڕاستی ئەورووپاوە زێدەتر کرد.[20] سەلیمی سێیەم چالاکانە هەوڵیدا ڕەوشی بازرگانیی عوسمانیی چاکتربکات لە بواری ڕکابەریی ئەورووپییەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆنسوڵخانە لە ناوەندە سەرەکییەکانی بازرگانیی دەریای سپی ناوەڕاستدا.بۆئەوەی سیستمێکی جیاوگ هەبێت پشتیان بگرێت، وەك ئەوەی عوسمانییەکان بۆ ئەورووپییەکانیان سەلماندبوو(بڕوانە باسی یەکەم)، ئەم کۆنسوڵانەی عوسمانیی بەدڵنیاییەوە وەك هاوشێوە ئەورووپییەکانیان ڕۆڵی خۆیان چالاکانە دەنواند.

## بەیرەقدار مستەفا پاشا: خانەدانە هەرێمییەکان لە دەسەڵاتدا

پاش ئەوەی سەلیمی سێیەم لە تەخت هێنرایەخوار، وەك زیندانییەك لە کۆشك هێڵرایەوە، هاوپەیمانییە کۆنەپارێزەکانی عولەماو ئەفسەرانی ئینکشاریی کە کودەتای ١٨٠٧یان بەڕێوەبرد، ئامۆزاکەی سەلیمی سێیەمیان هێنایە سەرتەخت کە مستەفای چوارەم بوو.هاندەریان لەم ڕووەوە نەرێیی بوو(بێزارییان بوو لە سیاسەتەکانی سەلیم)، ئەوان لە گرتنەبەری سیاسەتێکی گشتگیر شکستیان خوارد، هەرچەندو لە هەمان کاتدا ژمارەیەك لەو سەردارانەی ڕژێم کە لە کودەتاکە ڕزگاریان ببوو پەنایان بردبوو بۆ ڕابەری خانەدانەکان کە"مستەفا پاشا بەیرەقدار بوو" لە "ڕوسچوك". مستەفا بەگ وەك زۆربەی سەرۆکی خانەدانەکانی دیکە پەیوەندییەکی هاوشێوەی لەگەڵ سوڵتانی لێخراودا هەبوو، دژی عولەماو ئینکشاریی پشتگیریی لێدەکرد. بەڵام هەوڵەکانی سەلیم بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی بەرەو هەرێمەکان ئەو پەیوەندییەی تێکدابوو. بەڵام کاتێك لە ساڵی ١٨٠٦دا پێشڕەویی ڕوسەکان مەترسیی بۆ سەر ناوچەکانی بندەستی بەیرەقدار لە دانوب پێکهێنا، لە سوڵتان نزیك بووەوە. هەربۆیە بنکەی دەسەڵاتداریی بەیرەقدار بووە پێگەیەك دژی هاوپەیمانییە کۆنەپارێزەکەی کە لە ئەستەمبوڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو، هەروەها پاش کەمتر لە ساڵێك لە ژوئیەی ١٨٠٨دا بەرەو پایتەخت کشاو ویستی سوڵتان سەلیمی سێیەم بۆ سەر تەخت بگێڕێتەوە. پێش ئەوەی بتوانرێت سەلیم ئازاد بکرێت لەلایەن پاسەوانەکانی زیندانەوە کوژرا. بەڵام لەماوەی هەفتەیەکدا هێزەکانی مستەفا پاشا بەیرەقدار دەسەڵاتی تەواویان گرتەدەست. هەستان بەلابردنی

---

[20] Reşat Kasaba (1988) The Ottoman Empire and the world economy: the nineteenth century, Albany: SUNY Press, 20–2.

مستەفای چوارەمو ئامۆزاکەی دیکەی سەلیمیان هێنایە سەر تەخت کە " مەحموودی دووەم" بوو. لێرەوە بە پارتیزانەکانی نەزمی نوێ ناوبانگیان دەرکرد.

جێی گاڵتەجارییە،حوکمی یەکەمین سوڵتان کە خوازیاری سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی لە ئیمپراتۆرییەکەدا بوو، بەدەسەڵاتگەیشتنی خانەدانە هەرێمییەکان"ئەعیان" لە ئەستەمبوڵ کۆتاییهات. ماوەی دەسەڵاتی مستەفا پاشا بەیرەقدار نزیکەی ٤مانگ بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەی ئەو هەوڵیدا لەو ماوەیەدا بەدیبهێنێت جێگەی سەرنج بوو. جگە لەو هەوڵەی بۆ تۆقاندنی نەیارەکانی، جێبەجێکەرانی کودەتاکەی ١٨٠٧و مل پێکەچکردنیان درا، هەوڵیشیدا چاکسازییەکانی سوڵتان سەلیمو تەنانەت بنیاتنانەوەی نەزمی نوێ بژێنێتەوە. بەڵام لە ژێر ناوە سونەتییەکەی کە(سەگبان/سەگەوان) ە . ئەو تیپانەی لە لایەن خانەدانەکانەوە رەوانەی ئەستەمبوڵ کران، ناوکی ئەم هێزەیان پێکدەهێنا. لەوەش زیاتر، ئەو دەستپێشکەرییەکی گرنگی کردو هەستا بە بانگێشتکردنی خانەدانە ناودارو سەرەکییەکانی ئیمپراتۆرییەکە بۆ ئەستەمبوڵ تا لە کۆنفرانسێکدا بەشداربن کە تێیدا دەسەڵاتدارە شکۆمەندو خاوەن پلەو پایەکانی حکومەتی ناوەندیی ئامادەبێتو ئامانجی گفتوگۆکردن لەمەڕ کێشەکانی ئیمپراتۆرییەکە بێت.

زۆربەی سەرۆکە خانەدانەکانی ئەنەدۆڵ هاتن، بەڵام ژمارەیەك لە خانەدانە رکابەرەکانی بالکانو محەمەد عەلی پاشای میسر بیانویان بۆ نەهاتن دۆزییەوە، لەکاتێکدا عەلی پاشای یانینا، کە بەهێزترین خانەدانی بالکانی رۆژئاوا بوو، نوێنەری لەجێی خۆی ناردبوو. ئەوانەی هاتبوونە کۆنفرانسەکە گەنگەشەیان سەبارەت بە بەرنامەیەك کرد کە لە لایەن مستەفا پاشا بەیرەقدارەوە خرابووە بەردەستیان، ئەوانە (سەنەدی ئیتیفاق/نووسراوی رێکەوتن) یان پەسەند کردو لە ئۆکتۆبەری ١٨٠٨دا مۆریانکرد. لەو نووسراوەدا هەریەکە لە سوڵتانو هەروەها خانەدانەکان پەیمان دەدەن دادپەروەرانە فەرمانڕەوایەتیی بکەن. پێویستە باج بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن حکومەتەوە بسەپێنرێتو دادپەروەرانەش لەلایەن خانەدانەکانەوە کۆبکرێتەوە. خانەدانەکان پەیمانیاندا پشتگیریی چاکسازییو پێکهێنانی سوپای نوێ بکەن. ئەوان وەفادارییی خۆیان بۆ سوڵتانو حکومەتەکەی راگەیاندو پەیمانیاندا کە رێز لە قەڵەمڕەوو رەوشی نیمچەسەربەخۆی هەریەکەیان بگرن. ئەو نووسراوە بەرچاوەی کە ناوی نووسراوی

ڕێکـەوتنی لێنـرا، هێنـدێکجار وەك "مـەگناکارتا"ی عوسمـانیی، یـاخود وەك یەکـەمین هەوڵی دەستووریزم پێشان بدرێت. دیارە ئەوەی پێشوویان ڕاستترە، چونکە لە ڕاستییدا نووسراوەکە پەیمانێکە لەنێوان فەرمانڕەواو خانەدانەکانیدا، نەك تۆمارێك بێت مافەکانی هاونیشتمانانی لەخۆگرتبێت. ئەو نووسراوەی نفوزو کاریگەری مەزنی خانەدانەکانی ئیمپراتۆرییەکەی تێدا بەرجەستە بوو، ئەوانەی کە تێیدا بە فەرمیی وەك بەشدارو هاوبەشێکی حکومەت دانیان پێدانرابوو. سوڵتان خۆی نووسراوەکەی مۆرنەکرد، بەڵام ڕێگەی دا مۆری سوڵتانیی لە نووسراوەکە بدرێت.[٢١]

مانگێك پاش ئەوەی خانەوادەکان ئەو نووسراوەیان مۆرکرد، ئینکشارییەکان لە پایتەخت جارێکی دیکە یاخیبوون سەبارەت بەو دەنگۆیانەی گوایە مستەفا پاشا مەبەستێتی هەڵیانوەشێنێتەوە. پاشا کە باشترین هێزە چەکدارەکانی خۆی ڕەوانەی ڕوسچوك کردبوو تا بەرگریی لە دەسەڵاتی خۆی لە هەمبەر ڕکابەرەکانی لە بولگاریا بکات و هەروەها هێزێکی ئەوتۆی لە ئەستەمبوڵ جێنەهێشتبوو جێی متمانە بێت، هەربۆیە پاشا ناچاربوو خۆی بهاوێتە باروتخانەیەکەوە، پاش ئەوەی ئینکشارییەکان چوونە ژوورەوە، پاشا خۆی تەقاندەوە. ئینکشارییەکان کە لەگەڵ ئەسناف و عولەمادا لە هاوپەیمانییدا بوون، جارێکی دیکە لە پایتەختدا باڵادەستیان پەیداکردەوە. هەرچەندە سوڵتان وریایانە کاردانەوەی پێشاندا: ئەو مستەفای چوارەمی خنکاند کە تەنیا خزمی نێری بنەماڵەکەی بوو مابوو، هەروەها فەرمانی بە سەگبانەکاندا بچنە کۆشك . قەیرانێك پەیدا بوو کە لە کۆتاییدا بە سازشێك چارەسەرکرا، سوڵتان لەسەر تەخت هێڵرایەوە بەمەرجێك کە یەکەکانی سەگبان هەڵبوەشێنێتەوە.

---

[21] Halil İnalcık (1964) ‘Sened-i ittifak ve Gülhane hatt-i humâyunu’, *Belleten*, 28 (112), 603–22.

# باسی سێیەم

# ساڵەکانی بەرایی سوڵتان مەحموودی دووەم :هەوڵەکانی ناوەند بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات

سوڵتان مەحموودی دووەم هەریەك لە سەرکەوتنی ڕێژەیی نەزمی نوێو هەروەها لادانو مردنی سەلیمی ئامۆزاشی بینی. پێدەچوو ئەو زۆرباش وانەکانی فێربوو بێتو هەروەها پێویستی بە تاکتیکی گونجاوو لێهاتووانە بوو. ئەو لە پێگەیەکی فرە لاوازەوە دەستیپێکرد، ئەو لەلایەن مستەفا پاشا بەیرەقدارەوە هێنرایە سەرتەخت، ئەوەی کە تا سەر بۆی نەما، هەروەها تەنیا هۆکارێك کە مەحموودی دووەمی لەسەر تەخت هێشتەوە ئەوەبوو کە لە بنەماڵەکەیاندا نێرێك نەمابووەوە. هەربۆیە دەبوو زۆر وریایانە بجوڵێتەوە و پازدەساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی بە چەسپاندنی بناغەی هێزو دەسەڵاتەکەی بردەسەر. ئەوەش مانای دامەزراندنی کەسانی باوەڕپێکراوی خۆی لە پێگە گرنگەکانی وەك کارمەندانی تۆمارو چینی عولەماو لە سوپادا. ئامانجی دووەمی بریتیبوو لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نیمچەسەربەخۆی خانەدانەکان، ئەوانەی کە هێنابوویانە سەر تەختی دەسەڵات. ئەوەی کە تا ڕادەیەکی بەرفراوان بەدیهێنا. لەماوەی ١٨١٢و ١٨١٧دا، خانەدانەکانی ئەنەدۆڵ ملیان پێ کەچکرا. هەروەها لە نێوان ١٨١٤و ١٨٢٠دا هەمان شت لە بالکان روویدا. لە کوردستان پرۆسەکە درێژەی خایاند، بەڵام لەوێش دەسەڵاتی میرە کوردەکان کە بە کردار سەربەخۆ بوونو فەرمانڕەوایەتیی هاوپەیمانیەتییەکی خێڵەکییان دەکرد، دواجار تێکشکێنرا. لێرە، بوونی ستراکچەری کۆمەڵایەتیی خێڵەکیی مانای ئەوە بوو کە لابردنی میرەکانو ناکارایی حکومەتی ناوەندیی عوسمانیی بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی ناوەندیی چالاك شوێنی دەسەڵاتی میرەکان بگرێتەوە، قۆناغێکی پاشاگەردانیی هێنایە پێش کە تێیدا دەسەڵات کەوتە دەست سەرخێڵەکانو ڕێبەرە ئاینییەکان، ئەوانەی وەك دەمڕاستێك دەسەڵاتی خۆیان لە کێشەو ململانێ نێوخێڵەکییەکاندا چەسپاند.[٢٢] گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانیی لە هەرێمە

---

[22] سەرکوتکردنی میرنشینە کوردییەکان وردە وردە لە دوو دەیەی پاش لەنێوبردنی ئینکشارییەکان لەساڵی

عەرەبییەکانداو زاڵبوون بەسەر خانەدانەکاندا هێشتا لە ماوەیەکی دوورتردا روویدا کە لە ساڵانی ١٨٤٠کاندا بوو.

ئەو شێوازانەی بۆ ملکەچ پێکردنی خانەدانەکان گیرابوونەبەر بەشێك بوون لە شێوازە کۆنە سونەتییەکان(بەرتیل درا، پلەوپایە بەخشرایەوە، بارمتەگیرا، دووبەرەکیی لەنێو بنەماڵەی خانەدانەکاندا شارەزایانە بەکارهێنرا). جەنگو پەلامار تەنیا وەك دوا چارەیەك پەنای بۆ برا. هەروەها لە ساڵی ١٨٢٦دا دەزگا سەربازییە سونەتییەکان هەبوون کە لە بنەڕەتدا ئینکشارییەکان بوون. گرنگ ئەوەیە تێبگەین کە لە کاتێکدا مەحموود بەهێواشی لە حکومەتدا خەریکی بەهێزکردنی جێ پێی خۆی بوو، بەڵام هێشتا لەگەڵ مەزنە کارمەندانی دەوڵەتو ئینکشارییەدا تێکی نەدا. لەکاتێکدا لایەنگرانی چاکسازیی زیاترو زیاتر دەخرانە شوێنی بایەخدارەوە. بەهێزترین دەوڵەتکاری ئەم ساڵانەی بەرایی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان مەحموود بریتیبوو لە "محەمەد سەعید حاڵەت ئەفەندی" کە ئەندامێکی توێژی عولەماو باڵیۆزی پێشووی عوسمانیی بوو لە پاریس کە دیدو بۆچوونێکی فرە کۆنەپەرستانەی هەبوو. ئەو پەیوەندییەکی نزیکی بە ئینکشارییەکانەوە هەبوو، هەروەها هەوڵەکانیو سەرکەوتنی لە ملکەچ پێکردنی خانەدانەکان لەو ویستەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی یەکەکانی ئینکشاریی بوو لە هەرێمەکاندا، ئەوانەی کە رکابەری مەزنی خانەدانەکان بوون.[٢٣]

### قەڵەمڕەوە لەدەستچووەکان: سربیا، یۆنان، میسر

مەحموودو راژەکارانی توانیان سەرلەنوێ دەسەڵات بەسەر زۆربەی قەڵەمڕەوی ناوەندیی عوسمانییدا بگێڕنەوە، بەڵام لە چەند پرسێکی کەمی بایەخدار شکستیانهێنا، لەساڵی ١٨٠٤دا یاخیبوونێکی چەکداریی کە قەرەجۆرج رێبەرایەتیی دەکرد دژی

---

١٨٢٩دا لەلایەن سوڵتان مەحموودەوە ئەنجامدرا. دوا میرنشینی بایەخداری کوردیی کە ملی پێکەچکرا لەساڵی ١٨٤٧دا میرنشینی بۆتان بوو. ئەوەی پایتەختەکەی لە جەزیرە بووو لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە فەرمانڕەوایەتیی دەکرا کە تا ئەمڕۆش وەك کوردانێکی خاوەن پلەو بایەخدار ناوبانگیان ماوەتەوە:
Cf. Martin van Bruinessen (1992) *Agha, shaikh and state: the social and political structures of Kurdistan*, London: Zed Books, 175–80 (original edition 1978).

23 Bernard Lewis (1961) *The emergence of modern Turkey*, London: Oxford University Press, 103.

زیدەکردنی ژمارەی هێزە پارێزەرەکانی ئینکشاریی، تێکشکا. حکومەتەکەی سەلیمی سێیەم کە سەرقاڵی کێشەو ململانێی خۆی بوو لەگەڵ ئینکشارییەکان، چاوی لە یاخیبوونەکە پۆشی، بەڵام پاش لەناوبردنی هێزە پارێزەرەکانی ئینکشاریی، یاخیبوونەکە پەرەیسەندو بووە جوڵانەوەیەك کە ئامانجی ئۆتۆنۆمیی سربیا بوو. وێڕای هێندێك هاوکاریی کەمی روسەکان بۆ سربییەکان، سوپای عوسمانیی جوڵانەوەکەی لە ساڵی ١٨١٣دا تێکشکاند، هەرچەندە دووساڵ دواتر جوڵانەوەکە سەرلەنوێ کڵپەی سەندەوەو ئەمجارەیان سەرکردەی نوێی سربیی "میلۆس ئۆبرینۆفیج"، لەگەڵ عوسمانییەکاندا گەیشتنە رێکەوتنێك بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی بۆ میرنشینی سربیی لەنێوان بەلگرادو نیش دا. عوسمانییەکان مافی ئەوەیان بۆ مایەوە کە لە شارۆکە سەرەکییەکاندا هێزی پارێزگاریان هەبێت‌و هەروەها باجی ساڵانەشیان پێ‌بگات(پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە ئەم حاڵەتە هەمان ئەو پلەو دەسەڵاتە بوو کە حکومەتی ناوەندیی لە سەدەی هەژدەیەمدا بۆ نموونە لە کوردستان‌و هێندێك لە هەرێمە عەرەبییەکاندا هەیبوو).

یاخیبوونی یۆنانییەکان کە لە ساڵی ١٨٢١دا تێکشکا، لەبەر سێ هۆ فرە بایەخدارتر بوو. یەکەم، کۆمەڵگەی یۆنانیی لە ئیمپراتۆرییەکەدا رۆڵێکی فرە هەستیاریان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بینی چ لە رووی ئابووریی‌و چ لە رووی دیپلۆماسییەوە. دووەم، هەر لەسەرەتای یاخیبوونەکەوە ئامانجی زۆربەی رێبەرەکانی سەربەخۆیی تەواو بوو. سێیەم، ئەو قەیرانانەی لە ئاکامی ئەم یاخیبوونەوە هاتە ئارا، راستەوخۆ هێزە سەرەکییەکانی ئەورووپای تێوەگلاند.

"فیلیکی هێتایریا" ئەو کۆمەڵە نیشتمانییە یۆنانییەی کە لە ساڵی ١٨١٤دا لە ئۆدیسا دامەزرێنرا، لەماوەی چەند ساڵی کەمی داهاتوودا سەرقاڵی پێکهێنانی شانە بوو لە سەراسەری بالکاندا. قەرەجۆرج خۆی بۆ ماوەیەك ئەندام بوو. لە ساڵی ١٨٢٠وە رێکخراوێك لەلایەن " ئەلێکسەندەر ئیپسیلانتس" سەرکردایەتیی دەکرا، کە ئەندامی یەکێك لە دەستەبژێرەکانی خێزانە فەناریی یۆنانیی(وای پێدەگوترا چونکە لەگەڕەکی فەناری لە ئەستەمبوڵ بوون) ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوو و خۆشی ژێنراڵ بوو لە سوپای روسیادا. لە ساڵی ١٨٢١دا ئیپسیلانتس‌و گروپەکەی هەستیان بەوە کرد کە کاتی ئەوە هاتووە تا یاخیبوونێکی سەرتاسەریی بەرپاکەن‌و واشیان بە باش دەزانی کە

بــەداگیرکردنی مۆڵــدافیاو والاشــیا(ڕۆمانیــای ئــەمڕۆ) دەســت پێبکــەن. ئامانجیــان ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی بوو لە بالکان تاکو ئیمپراتۆرییەکی بیزەنتی نوێ لە سایەی ســەرکردایەتیی یۆنانییــدا پێکبهێــنن، نــەك تــەنیا دەوڵــەتێکی نەتــەوەیی یۆنــانیی. داگیرکارییەکـە کـە چـاوەڕوانی ئـەوەی لێـدەکرا ئـەو خولیـاو بەرنامەیـە بێنێتـەدی، بـە کارەسات کۆتاییهات.سوپای داگیرکاریی یۆنانی زۆر بچووك بوو(نزیکەی ٣٠٠٠کەس دەبوو)، هـەروەها جووتیارە نیشتەجێیەکان لـە مۆڵـدافیاو والاشیا هـەرگیز لایـەنگری داگیرکارییەکەیان نەدەکرد، لەکاتێکدا موڵکدارە گەورەکان و فەرمانداری ئەو هەرێمانە لە هەمان ئەو خێزانە فەنارییانە بوون کە ئیپسیلانتسی لێوە هاتبوو. لەلایەن خۆشیانەوە، زۆربەی بنەماڵە دەوڵەمەندە دەستڕۆیشتووەکانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی دژی خولیا نەتەوایەتییەکانی (هێتایریا) بوون.[٢٤]

لە هـەمان ئەو کاتـەدا کە داگیرکارییەکە شکستیهێنا، یاخیبوونێکی یۆنانیی دیکـەی فـرە جیـاواز لــە بەشــەکانی باشــووری کــەناڵی بالکــان و دورگــە بــچووکەکانی ئیجــە دەستیپێکرد. هەرچەندە یاخیبووەکان لـەژێر کاریگـەریی پرۆپاگەندەکانی (هێتایریا)دا بـوون، بـەڵام ئەمـەیان یـاخیبوونێکی ڕەســەنی جـەماوەریی بـوو دژ بـە فـەرمانڕەوایانی عوسمانییەکان. ڕاپەڕیوەکان بە خراپی ڕێکخرابوون و لەنێو خۆیاندا دابەشببوون، بەڵام وێڕای ئەوەش سوپای عوسمانیی لە ساڵی ١٨٢١–١٨٢٤دا نەیتوانی سەرکوتیان بکات. لـە سـاڵی ١٨٢٤دا نزیکـەی تـەواوی مـۆرە(پیلۆپـۆنیس)و چـەندین دورگـە لـە دەسـتی ڕاپەڕیوەکاندا بوون. گەنگەشە سەبارەت بە سەرکەوتنی ڕاپەڕیوەکان کراوەو بەشێکی بۆ ئەو ڕاستییە گەڕێنراوەتـەوە کە لـە ماوەی ساڵانی ١٨٢٠–١٨٢٢، حکومـەتی عوسمـانیی لـە هەڵمـەتی سـەربازیی سـەرکوتکردنی بەدەسەڵاتترین خانەدانەکان لـە تـەواوی بالکانـدا تێوەگلابــوو کــە "عــەلی پاشــای یانینــا" بــوو.لابردنــی ئــەم خانەدانــە لەلایــەن عوسمانییەکانەوە بەمانای لابردنی تەنیا هێزێك کە کاریگەرانە دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو.[٢٥]

---

[24] Matthew S. Anderson (1966) The Eastern Question 1774–1923: a study in international relations, London: Macmillan, 51–2.

[25] Anderson, op. cit., 54.

گرنگترین هەرێم کە لەم ماوەیەدا لەدەست ئیمپراۆرییەکە دەرچوو بریتیبوو لە هەرێمی میسر کە نزیکەی چوارملیۆن دانیشتووانی هەبوو. ئەم لەدەستچوونەش کاری تاقە پیاوێك بوو، ئەویش "محەمەد عەلی" والی عوسمانیی بوو لە میسر. لەو سالآنەدا کە مەحموودی دووەم وردە وردە خەریك بوو لە رێگەی خزاندنی هەوادارو پیاوەکانییەوە دەسەلأتی خۆی لەنێو حکومەتدا بەهێز بکات، والییەکەی میسر راشکاوانە پێشانیدا چۆن دەتوانرێت تەواوی دەسەلأتەکان لە دەستی ناوەندا کۆبکرێتەوە. محەمەد عەلی ئەلبانییەك بوو لە کاڤەلأ(نها لە باکووری یۆنانە) کە وەك ئەفسەرێك لەتیپێکی ئەلبانیی لە سوپای عوسمانییدا کە دژی فەرەنسییەکان دەجەنگان، هاتە میسر. لە سالّی ١٨٠٣دا، ئەو بووە فەرماندەی ئەو هێزە عوسمانییەو خۆی وەك فەرمانداری راستیینە بەسەر میسردا سەپاند.لە سالّی ١٨٠٨دا بە فەرمیی لەلایەن سولّتانەوە وەك والی میسر دانی پێدانرا.

داگیرکاریی فەرەنسیی بەشێوەیەکی کاریگەر پێگەی مەمالیکەکانی لەقکرد (ئەو چینەی بەشێکی چەرکەسیی و بەشێکیان تورکی سەربازیی بوون، فەرمانڕەوایەتیی ولأتەکەیان دەکرد. ئەوانە لەلایەن فەرەنسییەکانە خزێنرانە میسری خواروو راوەدونران. لەماوەی جەنگی ناپۆلیۆنیشدا نەیانتوانی ژمارەی خۆیان لە رێگەی سەربازگیریی کۆیلەکانەوە لە ناوچەی قەفقاس زێدە بکەنەوە، وەك ئەوەی کە لە ماوەی سەدان سالّی پێشوودا دەیانکرد. هەربۆیە داگیرکاریی فەرەنسیی دەرفەتێکی گونجاوی خستە بەردەم محەمەد عەلی، ناوبراو ئەو دەرفەتەی بۆ ریشەکێشکردنی دوائاسەواری مەمالیکەکان قۆزتەوە، لە سالّی ١٨١١دا رێبەرانی مەمالیکی لە قەلأی قاهیرەدا بەکۆمەلّ کوشت. پاش ئەوە محەمەد عەلی دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چاکسازیی بەرفراوان لەپێناو بەهێزکردنی حکومەتەکەیدا.

هەروەك نەزمە نوێیەکەی سەلیمی سێیەم، ئامانجی سەرەکیی بەرنامەکەی محەمەد عەلی پێکهێنانی سوپایەکی مەزنی هاوچەرخ و هاوشێوەی مۆدێلە ئەوروپییەکان بوو. ئەوەش پێویستی بە داهاتێکی مەزنی دەولّەتیی بوو کە لە رێگەی باج سەندنەوە دابینکرا، ئەوەی پێویستی بە بیرۆکراتییەکی زیاتر بوو تاکو سەرچاوەکانی داهاتی ولأت لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، هەروەها پێویستی بە زانیاریی و خوێندنی شێوە ئەوروپیی هاوچەرخ بوو لەپێناو هێنانەئارای کادر بۆ سوپا و کارگێڕییە نوێیەکە. چاکسازە

عوسمانییەکان کە لە سەلیمی سێیەمەوە تا مەحموودی دووەم رووبەڕووی ئەم رەوشە نالەبارە بوونەوە، بەڵام نەیانتوانی وەك میسر سوود لە رەوشەکە بکەن. بەوەی کە دەزگا سونەتییەکان بە پەلاماریکی دەرەکیی تێكوپێکدران. لەوەش زیاتر، محەمەد عەلی هەنگاوی فراوانتری بەبەراورد لەگەڵ چاکسازە بەرایییەکانی عوسمانیی هاویشتو توانی یاخود تێکۆشا بۆ چارەسەرکردنی دوو گرفتی سەرەکیی کە لەپێناو نوێکردنەوەی سوپادا پێویست بوو: کەمیی داهاتو کەمیی هێزی مرۆیی پشت پێبەستراو لە دەرەوەی دەزگای سوپادا(ئینکشارییەکانو ئەو یەکانەی خزێنرابوونە نێو سوپای عوسمانییەوە، هێزە ئەلبانییەکانو مەملوکەکان لە میسر). سەرەتا محەمەد عەلی لە ساڵانی ١٨٢٠-١٨٢١ لە سودان پەنای بۆ راوەکۆیلە برد. بەڵام پاش ئەوەی دەرکەوت کە کۆیلەکان پاش بەسەربازگرتنیان وەك مێش رووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە، بڕیاریدا گرفتی کەمیی توانای مرۆیی لە رێگەی داهێنانێکی دیکەی رادیکاڵانەترەوە چارەسەر بکات، ئەویش بەسەپاندنی سەربازگیریی بەسەر سەربازانی میسر لە ساڵی ١٨٢٢دا.[٢٦] گرفتی دارایی هەرگیز بەتەواویی چارەسەر نەکرا، بەڵام محەمەد عەلی لە سەردەمی خۆیدا زیاتر لە عوسمانییەکان سەرکەوتووتر بوو لە زێدەکردنی داهات بۆ خەرجیی گرانی سوپا نوێیەکەی (هەروەها کەشتیگەلیش). ئەو سیستمی باجی مەزرای بۆ شێوەیەکی راستەوخۆی باجگریی گۆڕیی، هەروەها هانی گەشەکردنی کشتوکاڵیدا، وەبەرهێنانی لە بواری ئاودێرییو تەختکردنی رێگاکان کردو جووتیارانی ناچارکرد کە بەرهەمی تەکنیکی بچێنن، بەتایبەت پەمو کە بەتەواویی ببووە بڕبڕەی پشتی ئابووریی میسر. هەروەها محەمەد عەلی کایە قۆرغکارییەکانی دەوڵەتی فراوانکرد لە کاتێکدا، هەروەك دەبینین، عوسمانییەکان ناچارکران دەستی لێهەڵبگرن.

ناتوانرێت گومان لەوەبکرێت کە نموونەکەی محەمەد عەلی کاریگەرییەکی زۆری لە ئەستەمبوڵ هەبوو، چ وەك رێنموونییەك و چ وەك سەرچاوەیەکی رکابەریی. سوڵتان لە

---

[26] Khaled Fahmy (1997) 'Conscription in Mehmet Ali's Egypt', in Erik Jan Zürcher (ed.) *Arming the state: military conscription in the Middle East and Central Asia 1775–1925*, 59–77.

لە سوپاکەی محەمەد عەلی دا ئەفسەرانی تیپ لە تورکان پێکدەهاتن(ئەو عوسمانییە تورکزمانانەی لە ئەنەدۆڵ یان لە باڵکان لەدایك ببوون) بڕوانە:

. Khaled Fahmy , *All the pasha's men: Mehmet Ali, his army and the making of modern Egypt*, Cambridge: Cambridge University Press.

ساڵەکانی بەرایی فەرمانڕەوایەتییدا، لەوپێگە لاوازەی کە هەیبوو، چ چارەیەکی لەبەردەمدا نەبوو ئەوە نەبێت کە پەنا بۆ داوای یارمەتیی ڕەعییەتە فرە بەهێزەکەی ببات. کاتێك سەرخێڵەکانی ناوچەی ناوەندی نەجد لە نیمچەدورگەی عەرەبیی، ئەوانەی بیرباوەڕەکانی جولاّنەوەی بونیادگەرای وەهابییان وەك ئایدۆلۆژییەکی جولاّنەوە سیاسیەکە گرتبووەبەرو دەسەلاّتی خۆیان بەرەو حیجاز فراوانکردو تەنانەت شوێنە پیرۆزەکانی مەککەو مەدینەشیان داگیرکرد، ئەوە محەمەد عەلی بوو کە پاش هەڵمەتێکی پڕخەرجیی و سەخت دژی وەهابییەکان لەنێوان ساڵانی ١٨١١و ١٨١٨دا توانی دەسەلاّتی سوڵتان بۆ ئەو ناوچەیە بگێڕێتەوە. کاتێك سوپای ئینکشاریی عوسمانییەکان نالێوەشاوەیی خۆیان لە پرۆسەی سەرکوتکردنی یاخیبووە یۆنانییەکاندا سەلماند، سوڵتان جارێکی دیکە ئاوڕی بۆ والییە میسرییەکە دایەوە.

## دوا قۆناغی یاخیبوونی یۆنانییەکان و سەرلەنوێ جەنگ لەگەڵ روسیادا

لەسەر داوای حکومەتی سوڵتان، سوپای میسریی لە مۆرە لە ساڵی ١٨٢٥ دابەزیی. کاتێك ئینکشارییەکان بەزین، ئەوان زۆر سەرکەوتووبوون. بە درێژایی دوو ساڵی داهاتوو زۆربەی ناوچە سەرەکییەکانیان داگیرکرد. تەنیا بالاّدەستی کەشتیگەلە بازرگانییە یۆنانییەکان بوو، ئەوانەی توانییان چەك و خۆراك بۆ یاخیبووان دابینبکەن، ڕێگەیان لە دارمانێکی تەواویی ڕاپەڕیوەکان گرت. لەبەرامبەر ئەم کارەساتە سەربازییەدا، یاخیبوونی یۆنانییەکان ئەمێستا بەهۆی دەستێوەردانی ئەوروپییەکانەوە ڕزگارکرا. لە ئەوروپا هاوسۆزییەکی مەزن بۆ یاخیبووە یۆنانییەکان هەبوو، بە تایبەت لە بەریتانیا و روسیا. لە بەریتانیا، سەرچاوە هیلینیستگەراکان ڕاشکاوانە هاوسۆزییان لەئاست خولیا نەتەوایەتییەکانی یۆنانییەکان پێشانداو بە شارستانییەتی کۆنی یۆنانییش سەرسام بوون، ئەوەی کە دانیشتووانی هاوچەرخی باشووری بالکان بەرجەستەی دەکەن. لە روسیا، هاندەری سەرەکیی هاوسۆزیی لەگەڵ یۆنانییەکاندا بریتیبوو لە هاوبەستەگیی ئاینیی لەچوارچێوەی کڵێسای ئۆرسەدۆکسدا، ئەم هاوسۆزییە ئاشکرایە لەگەڵ ڕاپەڕیوەکاندا نەبووە هۆی هیچ پشتگیرییەکی سیاسیی، تەنیا لە وڵاتێکدا نەبێت کە ئەویش روسیایە. ئەلیکساندەرەی یەکەمی تزاری روسیا هەوڵیدا زلهێزەکانی ئەوروپا بهێنێتەسەر ئەو باوەڕەی کە لە پێناو دامەزراندنی یۆنانێکی

ئۆتۆنۆمدا دەستوەردەنە ناو کێشەکەوە. هەرچەندە زلهێزەکانی دیکە پەرۆش نەبوون، لەوە دەترسان کە یۆنانێکی ئۆتۆنۆم ببێتە ئامرازێکی دەستی روسیا، ئەلیکساندەر کە لە ساڵی ١٨١٥دا ئەندازیاری نەزمە نێودەوڵەتییەکە بوو، بواری زۆری لە سیستمە نێودەوڵەتییەکەدا نەهێشتبووەوە، هەروەها بنەماکانی یاسای رەواییبوونی بۆ دەستێوەردانی یەکلایەنەو دژی خواستی هێزەکانی دیکە لەمپەری لەو بوارەدا پێکدەهێنا.

ئەم دیمەنەی رەوشەکە بە مردنی ئەلیکساندەرو هاتنە سەرتەختی نیکۆلای یەکەم گۆڕانی بەسەردا هات. تزاری نوێ ئاشکرایکرد گەر بێتو لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا نەگەنە رێکەوتن، ئەوا روسیا بە تەنیا ملی پێوەدەنێت. ئەم هەڕەشەیە دواجار کاری خۆی کرد وەك لەوەی روسیا بە تەنیا دەستوەرداتە کێشەکەوە ، سەرەتا بەریتانیا لە ساڵی ١٨٢٦دا رەزامەندیی سەبارەت بە پێدانی ئۆتۆنۆمیی بە یۆنان پێشاندا، هەروەها پاشتر لە ژونی ١٨٢٧دا ، بەریتانیا، روسیاو فەرەنسا پێکەوە بڕیاریاندا بێنە نێو کێشەکەوەو ئاگربەس بەسەر یۆناندا بسەپێنن (ئەوەی یاخیبووەکانی رزگار کرد).

کاتێك سولْتان ناوبژیوانیی ئەو زلهێزانەی رەتکردەوە، یەکەمجار کەشتیگەلەکانیان گەمارۆی کەشتیگەلی عوسمانییو میسرییان لە بەندەری ناڤارینۆ لە رۆژئاوای کەناری مۆرە(پلیپۆنیس) داو لە ٢٠ی ئۆکتۆبەردا هەموویان تێكوپێکشکاند. هێزە هەڵمەتبەرە میسرییەکەیان پارەکرد. ئەوەش بەشێوەیەکی کاریگەر کێشەکەی یەکالا کردەوە ، بەلام تەنانەت ئەو کاتەش محەمەد عەلی رەزامەندیی سەبارەت بە کێشانەوەی هێزە میسرییەکان لە بالکان پێشاندا. حکومەت لە ئەستەمبوڵ ئامادەنەبوو رووبەڕووی راستییەکان ببێتەوە، کە بووە هۆی جەنگێکی بەرفراوان لەگەڵ روسیادا. پاش سەرکەوتنێکی بەرایی، بەرگریی عوسمانییەکان لە هاوینی ١٨٢٩دا هەرەسیهێنا، سوپای روسیا ئەرزڕۆمو ئەدرنەی داگیر کرد. لە رێکەوتننامەی ئەدرنەدا کە لە سێپتەمبەری ١٨٢٩دا مۆرکرا، عوسمانییەکان دەبوو دان بەسەربەخۆیی یۆنانو ئۆتۆنۆمیی میرنشینەکانی مۆڵدافیاو والاشیاداو هەروەها سربیادا بنێن کە هێندێك مەڵبەندی عوسمانیشی خرایەسەر. ئەو یۆنانەی کەلەسەر نەخشە پەیدا بوو دەوڵەتێکی فرە گچکە بوو، زۆر لەوە کەمتر بوو کە یۆنانییە نەتەوەییەکان ئومێدیان دەکرد. ئەوەش بەهۆی ئەو راستییەوە بوو کە بەریتانیا، فەرەنساو هەروەها نەمسا، ئیمپراتۆرییەکی عوسمانیی ملکەچیان لە دەوڵەتێکی یۆنانیی بەهێز پێباشتر بوو کە لەژێر سایەی کاریگەریی روسیادا بێت

# باسی چوارەم

## دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان مەحموودی دووەم :دەستپێکردنی چاکسازییەکان

### قەیرانی میسر

لەکاتی ڕێکەوتننامە ئەدرنە (١٨٢٩) تەواوی کێشەی سەربەخۆیی یۆنان کە لەو دەمەدا دەستیپێکردبوو بەهۆی پەرەسەندنی مەترسییدارترین قەیرانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لەبەرچاو ون بوو، ئەو قەیرانەش بریتیبوو لە کێشمەکێشی نێوان سوڵتان و یەك لە بەدەسەڵاتترین ڕەعییەتەکانی کە والی میسر بوو.

محەمەد عەلی بەشێوەیەك لە قەیرانەکەی یۆناندا هاتەدەر کە لە بەرامبەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانەیدا، بەتایبەت ئە خەرجییە زۆرەی کردبووی، شتێکی بەنرخی ئەوتۆی چنگ نەکەوت. لەساڵی ١٨٢٧دا کەشتیگەلەکانی لە سەودایەکدا لەدەستدا، هەربۆیە درك بەوە دەکرا کە خوازیار بوو لە ناوچەکانی دیکە قەرەبووی ئەو زیانانەی بکاتەوە. یەکەمجار هەوڵیدا کە لەگەڵ حکومەتی فەرەنسییدا بکەوێتە ڕێکەوتنێك، بەشێوەیەکی سونەتیی، میسر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ فەرەنسادا کۆتایی پێهێنابوو. مسیۆنێری کاسۆلیکیی فەرنسیی بۆ ماوەیەکی درێژ لەو وڵاتەدا چالاك بوو، داگیرکارییەکانی ناپۆلیۆن هێشتا لە یادەوەرییدا زیندوو بوو، هەروەها ئەفسەرانی فەرەنسییش ڕۆڵێکی ڕێبەرییان لە بنیاتنان و ڕاهێنانی سوپا نوێیەکەی محەمەد عەلی دا هەبوو. محەمەد عەلی لەگەڵ "درۆڤیتی" ی کۆنسوڵی فەرەنسیی، سەبارەت بە داگیرکاریی میسر بۆ هەرێمە عوسمانییەکانی باکووری ئەفریقا (تەرابلوس، تونس، جەزائیر) بە پشتگیریی فەرەنسا و ملکەچیی عوسمانییەکان وتووێژی کرد. لەبەرامبەردا فەرەنسا لەو ناوچەیە جیاوگی ئابووریی و سیاسیی پێبدرێت . لەم پلانە هیچی لێ هەڵنەوەریی، لەجیاتی ئەوە، فەرەنسا خۆی هەستا بە داگیرکردنی جەزائیر.

ئەمێستا محەمەد عەلی بەلای بەریتانییەکانەوە بایدایەوە و هەمان پێشنیازی خستە بەردەستیان. کاتێك بەریتانییەکان هاوکارییان ڕەتکردەوە، بڕیاریدا بە تەنیا بجوڵێت، ئەو کۆنە قینێکی لەگەڵ فەرمانداری عوسمانیی "عەککا" کردە بیانوی هەڵمەتێکی گشتگیری بۆ دەستبەسەرداگرتنی سوریا لە ساڵی ١٨٣١ (بیانوەکەی ئەوە بوو کەفەرمانداری عوسمانیی

گێڕانـەوەی ئـەو جووتیـارە پەنابەرانـەی ڕەتکردووەتـەوە کـە لەبـەر سـەربازگیریی لـە میـسر هـەڵاتوون). پـاش بەرگرییـەکی سـەخت لەلایـەن فەرمانـدارەوە ، عـەککا لـە مـایۆی ١٨٣٢دا کـەوت. لـە ژوئیـەدا کوڕەکـەی محەمـەد عـەلی(کـە هـەڵیگرتبووەوە) واتـە ئیـبراهیم پاشـا، کـە سەرکردایەتیی سوپای میسری دەکرد، دووجار سوپای عوسمانیی تێکشکاندو داگیرکردنی سوریای کۆتایی پێهێنا. حکومـەتی عوسمـانی نها بـە فـەرمیی محەمـەد عـەلی لێخستو وەك یاخییەك رایگەیاند. محەمەد عەلی هەوڵیدا دەرگای گفتوگۆ بکاتـەوە، بـەڵام کاتێك حکومـەت ڕەتیکردەوە، فەرمانی بە سوپاکەی دا بەرەو ئەنەدۆڵ بکشێت و لـەوێ لـە ٢٧ی سێپتەمبەری ١٨٣٢دا لەگـەڵ هێزەکـانی عوسمـانیی لـە نزیـك مۆدانیـەدا دایـان بـە یەکـداو پەرتـەوازەیان کردن.

ئەم کارەساتە دەرگای بەرەو پایتەختی عوسمانیی بۆ میسرییەکان کردەوە، محەمـەد عـەلی ئەمێـستا لـە پێـشڕەویی بـەردەوام بـوو، لەکاتێکـدا هـەوڵی سـەرلەنوێ کردنـەوەی دەرگـای دانوسانی دەدا. عوسمانییەکان لە دەستەپاچەیی خۆیاندا بیریان لە پشتگیریی بیانیی دژی محەمـەد عـەلی کـردەوە، بەریتانییـەکان جگـە لـە پـشتگیریی مەعنـەویی چ شـتێکی دیکـەیان نەکرد، "میتێرنخ"ی راوێژکاری نەمساش بە هەمان شێوە سست بوو. سوڵتان لە بێهیواییدا پەنای بۆ دوژمنـە سونەتییەکەی واتـە روسیا برد کـە یارمـەتی بدات . روسـەکان کـە محەمـەد عەلییان بە ئامرازی دەستی حکومەتی بێزراوی فەرەنسیی دەزانی (پاشایەتی ژوئیەی لویس فلیپ کە لە چاوی فەرمانڕەوایانی سانبترسبێرگدا، پاشایەتییەکی ناشەرعیی بوو)، هـەروەها دەرفەتێك بوو سەرکەوتنێکی دیپلۆماسیی مەزنو پشتگیرییەکی دیپلۆماسیی و سـەربازیی بۆ سوڵتان هێنایەئارا.

کاتێك دانوسـانەکانی نێـوان محەمـەد عـەلیو سـوڵتان دووبـارە شکـستیهێناو هێزەکـانی ئیبراهیم پاشا دەستیان کرد بـە کشان بـەرەو ئەسـتەمبوڵ، هێزەکانی روسـیا لـە ٥ی ئـەپرڵی ١٨٣٣دا لـە بۆسـفۆر دابـەزینو کاریگەرانـە ڕێگـەیان لـە هەرجوڵەیـەکی ئیـبراهیم پاشـا دژی پایتـەخت گـرت. بـەڵام ئـەو هێزانـە ئەوەنـدە زۆرو بـەهێز نـەبوون تـا پـەلاماری ئیبراهیم پاشـا بـدەن. هەربۆیـە سـوڵتان جگـە لـە پەسـەندکردنی داواکـانی محەمـەد عـەلی و کردنـی بـە والـی سوریا لـە مایۆدا، چارەیەکی دیکـەی لەبەردەمدا نەمایـەوە. وێـڕای ئـەوەش ئیبراهیم پاشـای کوڕیــشی کرایــە بــاجگری هــەرێمی ئەدەنــە. روســەکانیش بــەهای دیپلۆماســیی خۆیــان دەستکەوت کە مەبەستیان بوو، ئەوەش لە شێوەی ڕێکەوتننامەی "خونکار ئەسکەلسی" کـە لـە ژوئیـەی ١٨٣٣دا مـۆرکرا، کـە لەنێوەرۆکـدا هاوپەیمانییـەکی بـەرگریی هەشـت ساڵە بـوو

لـەنێوان روسـیا و ئیمپراتـۆریی عوسمانییـدا. ڕێکەوتننامەکـە لـە شـەش خـاڵی ئاشـکراو دانەیـەکی نهـێنی پێکـدەهات. خاڵـە نهێنییەکـە ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی لـە پابەنـدبوون بـۆ هاوکارییکردنی سەربازیی بۆ روسیا بواردبوو، بەڵام ئەوەی کردبووە مەرج گەر بێتو لە نێوان روسـیا و لایـەنێکی دیکـەدا جـەنگ هەڵبگیرسـێت، حکومـەتی عوسمـانیی پابەنـد دەبێـت کـە تەنگەی دەردەنێل بە رووی تێکڕای کەشتیگەلی وڵاتەکان ،جگە لە روسیا، دابخات.[27]

ڕێکەوتننامەکە کاریگەرییەکی توندی کردە بەریتانیا، ئەوەی هەمیشە لە روسیا تۆقی بوو، بە تایبەت لە نێوەندە لیبراڵییەکاندا. ئەمێستا کابینـەش لە مەترسیی جمانی روسـەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فرە نیگەران بوو، هەروەك لە لەندەن درکی پێدەکرا، کە بووە یەك لـەو مەسەلە سەرەکییانەی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیی لە دەیـەی داهـاتوودا. لە هـەمان کاتـدا، بەریتانییەکان بوونە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو پیاوەی ئەم هەموو سەرئێشەیەی بۆ نانـەوە کە محەمەد عەلی بوو.

لـە راسـتییدا مـەحموودی دووەم هـەرگیز لەدەسـتدانی هەرێمـەکانی سـوریای پـێ قـووت نەدەچوو، لـە دەرفـەتێك دەگـەڕا تۆڵـەی خـۆی بکاتـەوە. لـە سـاڵی ١٨٣٨دا، "مـستەفا رەشـید پاشا"ی وەزیری دەستڕۆیشتووی کاروباری دەرەوەی خۆی نـارد بۆ لەنـدەن تـاکو پـشتگیریی حکومەتی بەریتانیا بۆ هێرشکردنە سەر محەمەد عەلی بەدەستبێنێت. وێڕای ئـەم پێشنیازە، ئاسۆی ئەم پشتگیرییە روون نـەبوو، هـەروەها ڕێکەوتننامەیـەکی بازرگـانیی ئـازاد مـۆرکرا کـە بـە پێـی ڕێکەوتننامەکـە بازاڕەکـانی عوسمـانیی (پێدەچێت لەوانـە ئـەو ناوچانەشـی کـە لـە میـسرییەکان دەسـەندرێتەوە) بـە رووی بازرگـانیی بـەریتانیادا دەکرێتـەوە. هەرچـەندە لـە ئەپرلی ١٨٣٩دا، سوڵتان هێندە هەستی بە هێزی خۆی دەکردکە فەرمانی هێرشکردنەسـەر هێـزە میسرییەکانی لـە بـاکووری سـوریادا دا. ئاکامەکەشـی بریتیبـوو لـە بـەزینی کەموێنـەی عوسمانییـەکان لـە "ینزیـپ" لـە ٢٤ی ژونـدا. لـەوەش بـەدتر، چـەند رۆژێکـی کـەم پاشـتر، فەرمانـدەی کەشـتیگەلی عوسمـانیی لـە دەریـای ناوەڕاسـتدا، بیـستییەوە کـە یـەك لـە رکابـەرەکانی بۆتـە سـەدری ئـەعزەمو داوای گەڕانـەوەی کەشـتیگەلەکانی دەکـرد، بـەرەو ئەسکەندەرەییە ملی پێوەنا و کەشتیگەلی عوسمانیی رادەستی میسرییەکان کرد.

[27] Enver Ziya Karal (1983) Osmanlı Tarihi. V. Cilt, Nizam-i Cedid ve tanzimat devirleri (1789–1856), Ankara: Türk Tarih Kurumu, 137.

## کێشەی ڕۆژهەڵات

دواساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان مەحموودی دووەم پەرەگرتنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزە ئەورووپییەکانی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا بەخۆوە بینی. قەیرانەکانی یۆنان‌و میسر، لاوازیی ئیمپراتۆرییەکەیان پێشانداو بەریتانیای سەبارەت بەو مەترسییە ستراتیژییە وریا کردەوە کە سەبارەت بە کاریگەریی دەسەڵاتی ڕوسیا لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا هاتبووە ئارا. ئەوەی ڕوسەکانی والێدەکرد بتوانن پێگەی بەریتانیا لە دەریای ناوەڕاست بخەنە مەترسییەوە. هەروەها نەمساش فرە لە باڵادەستیی ڕوسەکان لە بالکان دەترسا. ڕکابەری ئیمپریالیی نێوان بەریتانیای مەزن‌و فەرەنسا، وای لە فەرەنسا کرد سەرلەنوێ سەربەرز بکاتەوە، نەوەیەك پاش هەڵمەتەکەی ناپۆلیۆن بۆسەر میسر.

ئەو پرسیارە چۆن گومان بڕەوێنێتەوە سەبارەت بەوەی ململانێی نەتەوەییەکانی بالکان‌و خولیا ئیمپریالیستییەکانی زلهێزەکان بەڕێوەبچێت بێئەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی تێکبشکێت. یاخود گەر ئەم تێکشکاندنەش حەتمیی بێت ( ئەوەی کە زۆربەی سیاسەتکارەکانی ئەورووپا باوەڕیان پێی هەبوو) چۆن ئیمپراتۆرییەکە لەبەریەك هەڵوەشێت بێئەوەی هاوسەنگیی هێزەکان لە ئەورووپا لاسەنگ بێت‌و ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگێکی گشتیی، ئەوەی کە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم بەناوی (کێشەی ڕۆژهەڵات) دەناسرا.[28] ئەوەی لە ئەجێندای سیاسیی‌و دیپلۆماسیی هەر پایتەختێکی ئەورووپادا بایەخی بەرزی خۆی هەبوو. ئەوە تەواو دروست بوو، چونکە ئەوە بێزاریی نەتەوایەتیی سربیی بوو کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە ساڵی ١٩١٤دا .ئەوەی نەك تەنیا بووە هۆی ڕووخاندنی ئیمپراتۆریی عوسمانیی، بەڵکو بووە هۆی داڕمانی نەمسا‌و ڕوسیا‌و ئیمپراتۆریی ئەڵمانیاش.

لێرەوە وێناکردنی پەرەسەندنی سیاسەتی نێودەوڵەتیی پێشینەی دوو پەرەسەندنی تاڕادەیەك دژبەیەکی پێکدەهێنا کە هەر لە ساڵی ١٨٢٠ەوە بەرەوسەر بناغەی ئاشتیی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا چەسپاند. لەلایەکەوە گرێدانی زێدەی لایەنەکان بە سیستمی

[28] چەمکی "کێشەی ڕۆژهەڵات" لەکاتی کۆنگرەی ڤیرۆنا لە ساڵی ١٨٢٢دا تێکەڵ بە گوتاری دیپلۆماسیی بوو.

بروانە:

Matthew A. Anderson (1972) *The Eastern Question 1774–1923: a study in international relations*, London: Macmillan (first edition 1966). For an excellent brief summary, see also Walter Alison Phillips's (1962) 'Eastern Question', in *Encyclopaedia Britannica*, Chicago/London, vol. 7, 861–8.

سەرمایەداریی جیهانییەوەو گەشەکردنی بەرچاویان لە بواری بازرگانییدا، پێگەی ئەوانەی بەهێز کرد کە قازانجیان لەو پەرەسەندنەدا هەبوو کە بازرگانە کریستیانییە عوسمانییەکان، پیشەسازان و سەرافەکان بوون. لەلایەکی ترەوە، حکومەتی سوڵتان مەحموودی دووەم لە سایەی ڕێنمایی سوڵتان خۆیەوە هەوڵی بەهێزکردنی دەوڵەتی دەدا، لە ڕێگەی چاکسازیی سەربازیی، کارگێڕیی و داراییەوە. وردە وردە توانای سیاسیی و هێزی ئابووریی لە نێوان دوو دەستەی کۆمەڵگەی عوسمانییدا جەمسەریان گرت کە دەستەبژێری باڵادەستی سەربازیی و بیرۆکراتیی و هەروەها بۆرجوا کریستیانییەکان بوون.

ڕۆڵی هێزە بیانییەکان لەم چوارچێوەیەدا ناکۆك بوو، ئەوان، بەتایبەت بەریتانییەکان لە ساڵی ١٨٣٠ەوە بۆ ١٨٧٠کان، هانی چاکسازیی مۆدێرنیان بە ئامانجی بەهێزکردنی دەوڵەتی عوسمانیی دا، بەڵام لە هەمان کاتدا، چاوبرسییانە خەریکی پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان و مافەکانی کریستییانە هاوئاینەکانیان بوون. ئەوانەی زۆربەیان لە سایەی سیستمی بەراتدا ببوونە ڕەعییەتی وڵاتانی بیانیی. ئەوان لە پێناو مافە یەکسانەکانی ڕەعییەتە کریستیانییەکانی سوڵتان وەك پێودانگێکی دڵسۆزانەی چاکسازییەکان فشاریان دەکرد. دواتریش پشتگیریی ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگە کریستیانییەکانیان دەکرد کە لەبەرامبەر مافی یەکساندا واز لەو مافە سونەتییانە بهێنن کە لەسایەی سیستمی:میللەت"دا هەیانبوو.

## سوڵتان لە لوتکەی دەسەڵاتدا : دەستپێکردنی بزوتنەوەی چاکسازیی

سیاسەتەکانی سوڵتان مەحموودی دووەم لە ساڵی ١٨٢٦ەوە بەرەوسەر، ئاراستەی هەوڵەکانی چاکسازیی عوسمانیی دیارییکرد کە لە ماوەی ٨٠ساڵی داهاتووش گیرایەبەر. هاوشێوەی سیاسەتەکانی سوڵتان سەلیمی سێیەم و ئەوانەی ڕکابەرە مەزنەکەی کە محەمەد عەلی پاشا بوو، ئەو سیاسەتانەی دواجار ئامانجیان بەهێزکردنی دەوڵەتی ناوەندیی بوو لە ڕێگەی بنیاتنانی سوپایەکی نوێوە. هەموو ئەو چاکسازییانە دەتوانرێت وای لێ تێبگەین کە ئامرازێك بووە بۆ ئەو ئامانجە : دامەزراندنی سوپایەکی نوێ پێویستی بە پارەو خەرجیی هەبووە، پارەش دەبووایە لە ڕێگەی سەپاندنی باجی زیاترەوە مسۆگەر بکرێت، ئەوەی کە دەتوانرا لە ڕێگەی بیرۆکراتییەکی نوێ و کارای ناوەندیی و هەرێمیی بەدیبهێنرێت. باشترکردنی پەیوەندکان لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتی حکومەت پێویست بوو، هەروەها شێوازی نوێی فێرکردن و پەروەردە لەپێناو بەرهەمهێنانی شێوازی نوێ لە

کارمەندانی پسپۆڕی سەربازیی و کارگێڕیی بۆ سوڵتان پێویست بوو. کە مەحموودی دووەم لەو رووەوە زیاتر لەوانەی پێش خۆی ملی نا (بەڵام نەك زیاتر لە محەمەد عەلی) لە هەوڵەکانیدا بۆ ریشەکێشکردنی دامەزراوە سوونەتییەکان کە لەوڵاتدا هەبوون، هەڵوەشاندنەوە یاخود رامکردنی دەزگاکانی، هەروەها لە ئامانجی چاکسازییەکانی بوو. لەکاتێکدا سەلیمی سێیەم لە هەوڵی بەگژداچوونەوەی خراپییەکانی سیستمی رۆژدا بوو، مەحموود کارگێڕییەکی نوێ و پێکهاتەیەکی یاسایی ئەفراند.

خاڵی وەرچەرخان لە ملکەچ پێکردنی دامەزراوەکان بریتیبوو لە رووبەڕووبوونەوەی نێوان سوڵتان مەحموود و ئینکشارییەکان لە ساڵی ١٨٢٦دا، سوڵتان لە بەشی یەکەمی دەورانی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا هانی پەرەسەندنی زیاتری یەکە سەربازییە بچووك و تایبەتەکانیدا (تۆپخانە، بارهەڵگر، ئەندازیاریی) کە هێندێك لەوانە تەنانەت پێش هاتنی سوڵتان سەلیمی سێیەم بۆ سەر تەخت دامەزرابوون. بەڵام سوڵتان مەحموود وریایانە خۆی لە دووبارەکردنەوەی هەمان هەوڵی سەلیم بەدوور گرت سەبارەت بە دامەزراندنی هێزی نوێ. سوڵتان بێزاریی لە ئاکاری ئینکشارییەکان لە هەڵمەتی یۆناندا لە مایۆی ١٨٢٦دا دەربڕی و بڕیاری هەوڵی ژیاندنەوەی سوپای نەزمی نوێی دایەوە، بەڵام لە ژێر ناوی (موعەلیم عەسکەری مەنسورەی موحەممەدییە/سەربازانی راهێنراوی سەرکەوتووی موحەمەدیی)دا. لەهەر بەتالیۆنێکی ئینکشاریی سەدوپەنجا کەس بۆ ئەو هێزە نوێیە تۆمارکران. بێگومان هەروەك چاوەڕواندەکرا، ئینکشارییەکان دژی ئەم کەمکردنەوەی پێگەیان یاخییبوون، بەڵام سوڵتان خۆی ئامادەکردبوو، کاتێك ئینکشارییەکان کۆبوونەوە تاکو هێرش بکەنە سەر کۆشك، هێزی تۆپخانەی سوڵتان تێیان کەوت و قەڵتوبڕی کردن و بنکە سەربازییەکانی گرتێبەردان. لە ماوەی ٣٠ خولەکدا بەرگریی ئینکشارییەکان، کە دەرکەوت ئەمجارەیان لەلایەن جەماوەری دانیشتووی پایتەختەوە پشتگیریی نەکران، شکستی خوارد. رۆژی دوایی هێزی ئینکشاریی بە فەرمیی هەڵوەشایەوەو لە چەند هەفتەی داهاتوودا، هێزە پارێزەرەکانی ئینکشاریی هەرێمەکانیش هەڵوەشێنرانەوە، پاش ئەوەی هێندێکیان بە توندی بەرگرییان کرد.

پاش سەرکوتکردنی ئینکشارییەکان کە لە مێژووی عوسمانییدا بە (واقیعەی خەیرییە/رووداوی خێردار) ناسراوە، سوڵتان بە دانانی سەرلەشکری هێزە نوێیەکە دەسەڵاتی سیاسیی ئایندەیی خۆی بەسەر سوپادا زامنکرد و ئەوەش نیمچە سەربەخۆیی سوونەتیی یەکە جیاوازەکانی سوپای پێکهێنا . لە کاتێکی گونجاودا ، ئەو ئۆفیسەی

سەرلەشکر دەبێتە وەزارەتی جەنگ. وەك دەرئەنجامێکی رووداوی خێردار ، رێبازی سۆفیگەرایی بەکتاشیی کە لە سەدەی پازدەیەمەوە بە توندی پەیوەست بوون بە ئینکشارییەکانەوە، بە فەرمیی هەڵگیرا. زۆربەی تەکییەکان رووخێنران و ئەوانەش مابوونەوە، خرانە ژێر چاودێریی رێبازی دروستکاری نەقشبەندییەوە، لەکاتێکی گونجاودا، رێبازی نەقشبەندی دەبێتە رکابەرێکی بیروبڕواو کەلتووری بەکتاشی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا.

عولەما کە پێشتر بە هاوپەیمانیی ئینکشارییەکان کاریگەرانە دژایەتیی سوڵتانە چاکسازە بەراییەکانیان دەکرد، نەها توانا و هێزی خۆیان لەدەست دابوو، سوڵتانیش دەرفەتی ئەو لاوازییەی پێگەیانی قۆزتەوەو لە دوو رووی بایەخدارەوە جڵەوی گرتن : لەلایەکەوە دەزگای ئەوقاف خستە بندەستی حکومەتەوە، لە رێگەی دامەزراوەیەکی سەربەخۆی بەڕێوەبەرایەتییەوە کە دواتر بووە وەزارەتی دابودەزگا ئایینییەکان و عولەماشی لە چوارچێوەی پلەبەندییەکی دیاریکراودا کۆکردەوە کە لەلایەن "شەیخولئیسلام"ەوە سەرۆکایەتیی دەکرا کە موفتی سەرەکیی و بەرزترین پلەی ئاینیی ئیمپراتۆرییەکە بوو، ئەوەش دەسەڵاتی بەسەر دەزگای ئاینییدا سەنترالیزە کرد بەهەمان شێوە کە لەگەڵ سوپادا ئەنجامی دابوو.

بەدڵنیاییەوە، چارەسەرە توندەکەی ساڵی ١٨٢٦ ئیمپراتۆرییەکەی لەبەردەم بوونی هەر هێزێکی چەکداری رێکخراودا دانا، ئەوەش سوڵتانی والێکرد بە بایەخەوە بڕوانێتە دامەزراندنی سوپایەکی نوێ کە لە مایۆدا ناوی سوپای "مەنسوور/سەرکەوتوو"ی لێنا. سوڵتان بە پشتگیریی "خەسرەو پاشا" ی سەرلەشکر لەو قۆناغە هەستیارەدا توانی وێڕای گرفتی مەزن، سوپایەکی شێوە رۆژئاوایی دابمەزرێنێت. مەزنترین گرفتی ئەم کارە بریتیبوو لە دۆزینەوەی ئەفسەری لێوەشاوە. محەمەد عەلی پێشتر لەو رووەوە وریا بوو، پێش ئەوەی دەست بە فراوانکردنی هێزەکانی بکات هەوڵیدا دەستەیەکی بچووك بەڵام لێوەشاوەو کارا لە کادرانی بۆ دابمەزرێنێت. بەڵام سوڵتان نەیدەتوانی لەو هەلومەرجە سیاسییەی پێش ساڵی ١٨٢٦ کارێکی لەو چەشنە بکات و لە رووی کردارییەوە دەبوو لە هیچەوە دەستی پێبکردایە . لە پاش لەنێوبردنی ئینکشارییەکان، سوڵتان داوای لە رەعییەتە میسرییەکەی خۆی کرد راهێنەری سەربازیی بۆ رەوانە بکات، بەڵام محەمەد عەلی لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا بە ئەدەبەوە ئەو داوایەی رەتکردەوە. هەربۆیە وەك پێشتر لە میسر روویدا، راهێنەری بیانیی بانگێشتکران بۆ ئەوەی دەستەی ئەفسەران باربهێنن. حکومەتی عوسمانیی لەبەر ئەوەی لە

رووی سیاسـییەوە کـەمتر لـە ئەفـسەرانی پروسـیی بـەگومان بـوو وەك لـە فەرەنـسیی و بـەریتانیی و روسـەکان، هەربۆیـە ئـەوانی بانگێـشتکرد . ئـەوەش سـەرەتای دەسـتپێکردنی نفـوزی پروسـیی(دواتـر ئـەڵمان) بـوو لـە سـوپای عوسمانییـدا. کـە بـۆ ماوەیـەکی نزیـك بـە سـەدەیەکی خایانـد. هەرچـەندە هەسـتیاریی موسـوڵمانان ڕێگـەی نـەدا ئەفسەرانی بیـانیی بکرێنە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عوسمانیی، ئەوەش کاریگـەریی سنووردار کردبوون. گرفتێکـی دیکـە بریتیبـوو لـە دابینکردنـی چـەك و جلوبـەرگی سـوپای نـوێ ، کەلوپـەلی سەربازیی زۆر لە وڵاتـە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپاوە هـاوردەکران، بەڵام هـەمان کات هەوڵدرا لەنێوخۆی ئیمپراتۆرییەکەدا هێندێك پێویستیی دابین بکرێت.

بەگـشتیی، زۆری نەخایانـد کـە سـوپایەکی کـارا دامـەزرێنراو لـە رووی سـەربازییەوە دەگونجێـت ئیمپراتۆرییەکـە ٢٠ سـاڵ پـاش سـاڵی ١٨٢٦ زیـاتر لەهـەر کـاتێکی تـر لاوازتـر بووبێـت . پێشتر یـاخود دواتـر، ئەوەی بە ئاشکرا لـە جـەنگی کارەساتباری روسـی ١٨٢٨-١٨٢٩و قەیرانـــەکانی میـــسری ســـاڵانی ١٨٣١-١٨٣٣و ١٨٣٩-١٨٤٠ دا دەرکـــەوت. هـــەنگاوێکی گـــرنگ لـــە مۆدێرنـــەکردنی ســـوپادا بریتیبـــوو لـــە پێکهێنـــانی ســـوپای "رەدیـف/یـەدەك" دوای مۆدێلـە پروسـییەکە. ئامـانج لـەوەش ئامـادەکردنی ژمارەیـەکی زۆر پیاوانی راهێنراو بوون لە هەرێمەکاندا بۆئەوەی یاسا و ئارامیی بپارێزن و هەروەها بۆ ئـەوەی لەکاتی جەنگدا سوپای نیزامیی پێ بەهێز بکرێت. هەرچەندە هێزی رەدیف سەرەتا لـە رووی چەك و ڕێکخستنەوە لاواز بوون ، بەڵام لە ماوەی دواتری سەدەکەدا، بەجۆرێك پەرەیسەند کە ببووە ئامرازێکی گرنگی چەسپاندنی دەسەڵاتی حکومەت لە هەرێمەکاندا.[٢٩]

مەحموودی دووەم درکی بەوە کرد کە تەنیا سوپای هاوچەرخ بەس نیە. بەڵکو ماشێنێکی بیرۆکراتـی کاریگەریـشی پێویـستە کـە وڵات لەبندەسـتی خۆیـدا ڕاگرێـت و داهـاتی بـۆ کۆبکاتەوە. لەسەر ئاستی ناوەندیی، هەوڵەکانی سوڵتان بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە سێ شـتی گرتبووەخـۆ، یەکـەم هەوڵیـدا ژماریـەك هـەنگاو هـەڵهێنێت بـۆ ئـەوەی پلـەو حاڵـەتێکی پارێزراو بە کارمەندە کارگێڕییەکانی، چ بە تاك و چ بە کۆ، ببەخشێت. لەساڵی ١٨٢٦دا ئەو دابە کۆنـەی هەڵوەشـاندەوە کە سـەبارەت بـە دەستبەسـەرداگرتنی موڵك‌ومـاڵی کارمەنـدە بـاڵا دەرکراوەکـانی دەوڵـەت هـەبوو. لەسـاڵی ١٨٣٤دا دابـی سـەرلەنوێ دامەزراندنـەوەی سـاڵانەی کارمەنـدە باڵاکـانی دەوڵـەتی هەڵوەشـاندەوە (لەگـەڵ سـەرلەنوێ دیارییکردنـەوەی ئـەو پارچـە

[29] Erik-Jan Zürcher (1999) ‘The Ottoman conscription system in theory and practice, 1844–1918’, *International review of social history*, 43 (3), 437–9.

زەوییـەی وەك سەرچـاوەی بـژێویی دەیاندرایـە کـە بـارێکی فـرە گـران بـوو بەسـەر شـانی کارمەندانـەوە). ئەمـە شـوێنی گیرایـەوە بـەوەی کـە موچـەی مانگانـە لـەجیاتیی ئـەو پارچـە زەوییانە بۆ کارمەندان دەستنیشانکرا. سولّتان لـە سالّی داهـاتوودا سیستمێکی پلەبەندیی هاوچەرخی بۆ پۆستو پلەوپایەکان پێشکەشکردو هەولّیدا شوێنی ئـەو سیستمە کۆنـەی ئەسنافەکان لە هـەر بوارێکدا بـە سیستمێکی فـەرمیی پـڕ ڕێنمـایی بگرێتـەوە. ئەم گۆڕانـە بـە درێـژایی نیـوەی دواتـری سـەدەکە وردە وردە روویانـدا. دووەم، سیسـتمی سـونەتیی و زیـاتر نادیارییکراوی حکومەتی بابی عالی بە سیستمێکی حکومـەتی گۆڕیی کە کـارو پیشەکانی بە ئاشکرا تێیدا جیابکرێتەوەو لەگەلّ خولیا نوێیەکانی دەولّەتێکی ناوەندیی بگونجێت.

لەم پرۆسـەیەدا، ئەرکـە جیاوازەکـانی سـەدرولئەعزەم، کـە لـەرووی سونەتییەوە بـە هـاوەلّی سـولّتان دادەنـراو نوێنەرایـەتیی تـەواوی دەسـەلاّتەکانی سـولّتانی دەکـرد، لـەنێو کارمەنـدە راژەکارەکـانی سـەدری ئەعزەمدا دابـەش کـران. "کەهیـە/چاودێر"ەکـەی سـەدرولئەعزەم بـووە یەکـەمین وەزیـری کاروبـاری مـەدەنیی و پاشـتر لـە سـالّی ١٨٣٧دا بـووە وەزیـری نـاوخۆ، (رەئیـسولکوتاب/سـەرۆکی نووسـەران) بـۆ وەزیـری کاروبـاری دەرەوە پەرەیـسەند. ئـەو دەزگایانـەی لەبەشـی گەنجینـەو هـەروەها وەزارەتـی دادپـەروەریش پـەرەیان سـەند. سـێیەم، سـولّتان دەسـتیکرد بـە پێکهێنـانی ئەنجومـەنێکی راوێـژکاریی لـە هەریەکـە لـە دەربـارو لـە دەروازەی بالاّشـدا تـاکو مامەلّـە لەگـەلّ ئـەو ئەرکـە نوێیانـەی یاسـادانانـدا بکـات کـە چاکسازییەکانی پێویستی پێیـەتی. لـە هـەموویان گـرنگتر بریتیبـوو لـە (مەجلیسی ڤالاّی ئـەحکامی عەدلیـە/ئەنجومـەنی بـالاّی ڕێنماییـە دادپەروەرییـەکان) ئـەوەی کـە پێکـەوە لەگـەلّ ژمارەیـەك دامـەزراوەی بـچووکی دیکـەدا رۆلّێکـی فـرە بایەخـداریان لـە سیـستمە چاکسازییەکانی ٣٠سالّی داهاتوودا بینی.

## کێشە داراییەکان

چاکسازییەکان، بەتایبـەت چاکسازیی سـەربازییەکان، بـڕە پارەیـەکی کەموێنـەی تێـدا خـەرجکرا، یـەك لـەو گرفتـە سـەختانەی هەمیـشە تووشـی سـولّتانو حکومەتەکـەی ببـوو، بریتیبـوو لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی داهـاتی ولاّت بـۆ خەزێنەیـەکی تایبـەت کـە بـۆ سـوپاکە دانرابـوو بـەناوی (مەنـسورو خەزێنەسـی/خەزێنـەی سـەرکەوتووان) لـە سـالّی ١٨٢٦ەوە بەرەوسـەر، داهـاتی زیـاترو زیـاتر رەوانـەی ئـەو خەزێنەیـە کـرا: ئـەوەش لـە ڕێگـەی بـاجی کێلّگـەکان، لـەو دەزگـا ئاینییانـەی هێنرابوونـە ژێـر دەسـەلاّتی حکومـەت، لـەو مالّومولّکـە

**دەستبەسەرداگیراوەکان و هەروەها لە ڕێگەی باجی نوێوە کە بۆ ئەم مەبەستە داهێنرابوون، کەناوی لێنرابوو(رسوماتی جیهادیە/باجی جەنگە پیرۆزەکان).**

**بەڵگەی ئاشکرا هەن کە هاندەری سەربازیی لە پشتی ئەو چاکسازییەوە بوون کە "خەزێنەی سەرکەوتووان"ی هێنایەبەر کە دواجار بۆ (وەزارەتی دارایی) گۆڕا. حکومەتی عوسمانیی لەماوەی ژیانی سوڵتان مەحموود دا سەبارەت بە بەرزکردنەوەی لێهاتوویی و کارایی سیستمی باج سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. نەشیتوانی ئاستی داهات لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارای قۆرغکاریی دەوڵەتیی و سیاسەتە بازرگانییەکانی هاوشێوەی ئەوەی محەمەد عەلی لە میسر بەڕێوەی برد، بەرزبکاتەوە. بە پێچەوانەوە، لەبەرەو کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی مەحمووددا، دامەزراوە قۆرغکارییەکان هەڵوەشێنرانەوە، حکومەت بە ناچاریی پەنای بۆ شێوازە کۆنەکەی دابەزاندنی دراوی کانزایی (کەمکردنەوەی ڕێژەی زیوەکەی) بردەوە و بۆ ئەوەی فریای کورتهێنانە داراییەکەی بکەوێت. ئاکامەکەی بەدڵنیاییەوە، هەڵتۆقینی هەڵاوسان بوو، لەبەرامبەر ئەو دراوە ئەوروپییە کە ڕژابووە ڕۆژهەڵات، "قروشی" عوسمانیی بەدرێژایی سەدەی هەژدەیەم نرخی جێگیر بوو، لەسەردەمی سوڵتان مەحموود بەڕێژەی ٥٠٠ لەسەدا دابەزینی بەخۆوە بینی.[30] ئەوەی بەو شێوەیە بەردەوام بوو بێئەوەی بگوترێت کە کاریگەریی لە موچەی مانگانە دەکات. ئەوەی بێگومان یەکێك بوو لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی بەربڵاوبوونی گەندەڵیی، ئەوەی هاوچەرخەکان گازندەی لەبارەوە دەکەن و هەروەها هۆکاری ئەو نائارامییە کۆمەڵایەتییە بەردەوامەی دواساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیی مەحموود بوو.**

**ئەوەی پەیوەندیی بە پێویستی زیاتری داهاتی باج هەبوو، ئەو هەوڵانە بوون بۆ چاکسازیی، یاخود لانی کەم بۆ بەگژداچوونەوەی بەدبەکارهێنانی کارگێڕییە هەرێمییەکان، سوڵتان هەوڵی زیاتریدا توانای سەربازیی و دارایی خانەدانەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕاستەوخۆی کارمەندانی فەرمیی و نێردراو لە ئەستەمبوڵەوە لغاو بکات، بەتایبەتی باجگرو**

---

[30] **زۆر ئەستەمە نرخاندنی وردو ڕاستیینەی هەڵاوسانی ئەم قۆناغەمان دەستکەوێت، بەڵام سەبارەت بە پارەی کانزایی سەرەکیی عوسمانیی کە "قروش"ە، لەساڵی ١٨٠٠دا ٨ قروش بەرامبەر یەك "دوکاتی" ڤینسیا بوو، بەڵام لەساڵی ١٨٣٤دا بەشێوەیەك دابەزیبوو کە لە ٥,٩ بۆ یەك گرام لە سێ دەیەیەی فەرمانڕەوایی مەحمووددا دابەزیبوو. بڕوانە:**

Şevket Pamuk (1994) ‘Money in the Ottoman Empire, 1326– 1914’, in Halil İnalcık with Donald Quataert, *An economic and social history of the Ottoman Empire 1300–1914*, Cambridge: Cambridge University Press, 967, 970 and 975.

فەرماندە سەربازییەکان. یەکەمجار ئەم سیاسەتانە لە دوو ناوچە ئەزموونکرا، هەرێمی بۆرسە (ئەوکات خوداوەندیار بوو) و هەروەها مەڵبەندی گالیپولی، هەرێمەکانی دیکە لە ماوەی ژیانی مەحموددا بەسەختی کاریگەرییان تێکرا.هەروەها سوڵتان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمەکان، هەستا بە چاکردنی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی سیستمێکی پۆستو بنیاتنانی ڕێگەوبان، هەرچەندە ئەمانە تەنیا بەو هەرێمانەوە سنووردرا بوو کە لە پایتەختەوە نزیك بوون. هەمان مەبەست ڕۆڵی لە بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی عوسمانییدا هەبوو، کە زیاتر ڕۆژنامەیەکی فەرمیی بوو، ئەوەی بەناوی (تەقویمی وەقایع/ڕۆژژمێری ڕووداوەکان) لە ساڵی ١٨٣١دا چاپو بڵاوکرایەوە.

سوڵتان مەحموود لە پێناو زیادکردنی داهاتو لە ڕێگەی باجگریی چالاکترەوە فەرمانیدا سەرژمێریی ئەنجام بدرێت. لەساڵانی ١٨٢٨– ١٨٢٩دا کار بۆ ئەوە دەستیپێکرد، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی ڕوسییەوە ئەو کارە تەنیا لە چەند هەرێمێکی دیارییکراودا بەردەوام بوو. ڕاپۆرتەکانی سەرژمێریی کە لە ساڵی ١٨٣١دا نووسرابوو، ژمارەی دانیشتووانی بە ٣,٧ملیۆن کەس دانابوو. چونکە تەنیا پیاویان ژماردبوو. ئەم ژمارەیە کە دەبێت دووقات بکرێت بۆ ئەوەی ژمارەی ڕاستەقینەمان دەستکەوێت.بەڵام تەنانەت بەو چەشنەش دەگونجێت تەنیا نیوەی تێکڕای دانیشتووان بەرجەستە بکات. کارمەندە فەرمییەکانی سەرژمێریی ژماردنی موسوڵمانەکانیان پشتگوێ دەخستو، چونکە بەرژەوەندیی بنەڕەتییان لە ژمارەی کریستییەکاندا بوو، ئەوانەی کە "جزیە/سەرانە"یان دەداو ژیانێکی دژواریان لە پشت شارۆکەکانەوە دەگوزەراند. لانی کەمی ژمارەی ڕاستیینەی تەواوی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکە (جگە لە باکووری ئەفریقا) دەگونجێت ٢٣ملیۆن کەس بێت.[٣١] لەساڵانی دواتردا سەرژمێرییەکان بەردەوام بوون، بەڵام لە ساڵی ١٨٤٤دا سەرژمێرییەکی تەواو نوێ ئەنجامدرا، بەتایبەت بۆ مەبەستی سەربازگیریی. ئێمە تەنیا ئاکامەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەزانین(لە ڕێگەی نووسەرە هاوچەرخەکانەوە کە ئاماژەیان پێداوە)، بەڵام تێکڕای ژمارەی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکە بە باکووری ئەفریقاو میسریشەوە بە ٣٥,٣٥٠,٠٠٠ کەس دانراوە.[٣٢]

---

[31] Kemal H. Karpat (1985) *Ottoman population 1830–1914: demographic and social characteristics*, Madison: University of Wisconsin Press, 21–2.

[32] Kemal H. Karpat, op. cit., 116.

## فێرکردن

دووەمین هەلومەرجی فرە بایەخدار پاش بەدەستهێنانی داهات بۆ سەرکەوتنی چاکسازییەکانی سوڵتان مەحموود بریتیبوو لە دروستکردنی کادر کە توانای جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانەیان هەبێت. عوسمانییەکان پێویستییەکی زۆریان بە زانیاریی سەبارەت بە ئەوروپا، بە زانستە ئەوروپییەکانو تەکنەلۆژیاو هەروەها بە زمانە ئەورپییەکان هەبوو.

لەکاتێکدا فێرکردنی فەرمیی بەشێوازە هاوچەرخەکەی جێگەی بایەخ بوو، سوپا فرە لەپێشەوەی دامەزراوە عوسمانییەکانی دیکەوە بوو. کۆلێجی پزیشکیی سەربازیی کە زانستی پزیشکی نوێی تێدا دەخوێندرا، لە ساڵی ١٨٢٧دا دامەزرا.مەسەلەیەکی وا کە وەك داهێنانێکی شۆڕشگێڕانە بوو لە کۆمەڵگایەکدا کە زانستە پزیشکییەکانی هێشتا لەبنەڕەتدا هی سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان بوو. خوێندنی پزیشکیی نوێ، بایۆلۆجیو فیزیا بەشێوەیەکی حەتمیی هانی بیرکردنەوەی عەقڵانیانەو پۆزەتیڤانەی لەنێو خوێندکارەکاندا دا، کۆلێجە پزیشکییەکە ژمارەیەکی نائاسایی بیرمەندی ریفۆرمیست، نووسەرو چالاکوانی لە کۆتایی سەدەکەدا هێنایە ئارا. لە ساڵی ١٨٣١دا فێرگەیەك بۆ مۆسیقای سەربازیی دامەزرێنراو هەروەها لە ١٨٣٤دا ئەکادیمیەکی سەربازیی دامەزرێنرا لە مەڵبەندی "مەچکا" لە ئەستەمبوڵ. ئەم فێرگەیە پاشتر بۆ مەڵبەندی "پانگالتی" گواسترایەوەو لەگەڵ چەند فێرگەیەکی دیکەدا ئاوێتەکران، رۆڵێکی گرنگیان لە هێنانە کایەی کادر بۆ دواقۆناغی ئیمپراتۆری عوسمانییو پاشتر ئەو دەوڵەتە نەتەوایەتییە جۆراوجۆرانەی لەسەر داروپەردوی ئیمپراتۆرییەکە دامەزرێنران. لەتێکرای ئەم فێرگە نوێیانەدا، رۆڵی مامۆستا راهێنەرە بیانییەکان فرە بایەخدارو زانینی زمانی بیانیش (بەتایبەت فەرەنسیی) پێویست بوو.

هەروەها لە رووی مەدەنییەوە، پێویستیی بۆ هێنانەکایەی کادرگەلێك کە زانیارییان لەبارەی ئەوروپاو زمانە ئەوروپییەکانەوە هەبێت، بووەهۆی شێوازی نوێی فێرکردن. بە چاولێکەری ئەو شێوە نموونەییانەی محەمەد عەلی، سوڵتان لە ساڵی ١٨٢٧دا بۆ یەکەمجار دەستەیەکی بچووکی لە خوێندکاران بۆ راهێنان ناردە ئەوروپا. هەرچەندە تەواو سروشتییە کە رۆڵی رێبەریی لە هێنانەکایەی کادری نوێ پێویستە بۆ دەزگا کۆنەکەی (سەرۆکی نووسەران)ی دەزگای کاروباری دەرەوەی نها بپارێزێت. لێرەدا لانی کەم پاشماوەی زانیاریی سەبارەت بە ئەوروپا لەسەردەمی باڵیۆزەکانی سوڵتان سەلیمەوە هەبوو، هەروەها لێرەبوو کە

(تەرجومــە ئۆدەســی/خانــەی وەرگێــڕان) هێنرایــە ئــارا کــە چــەندین دەوڵــەتکاری ڕێبــەریی عوسمانیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا پیشەکەی خۆیان لێرەوە دەستپێکرد. هەروەك پێشبینیی کــراوە، کــارە دیپلۆماتییــەکانی بەشــێوەیەکی ســونەتیی لــە ئەســتەمبوڵەوەو لــە ڕێگــەی پەیوەندییگرتن لە نێوان باڵیۆزخانەکانی بیانییو هەروەها دەروازەی باڵاوە بەڕێوەدەچوو. لەســەدەی هەژدەیەمــەوە پۆســتی وەرگێــڕی دیــوان لەلایــەن ئەنــدامانی بنەماڵــەی یۆنانییــە فەنارییەکانی ئەستەمبوڵەوە پڕ دەکرایەوە. یاخیبوونی یۆنانییەکان مانای ئەوەبوو چیدی ئەســتەمبوڵ ئەوانــەی پــێ وەفادارنیــەو متمانــەیان پێناکــات، بــەوەش دوا وەرگێــڕی یۆنــانی لەساڵی ١٨٢١دا لە پۆستەکەی لابرا.

ئەوەش حکومەتی عوسمانیی لە گرفتێکی سەختی پەیوەندییەکاندا جێهێشت. لەکاتێکدا کە پەیوەندییگرتنــە دیپلۆماسییەکان زیاترو زیاتر بایــەخیان بــۆ ژیانــەوەی ئیمپراتۆرییەکــە هــەبوو. لــەنێوان ســاڵانی ١٨٢١-١٨٣٣دا، کــاری وەرگێڕیــی لــە ڕێگــەی تــەرتیباتێکی سەرپێییەوە بەڕێوەدەبرا، بەڵام لە ساڵی ١٨٣٣دا دەزگای وەرگێڕان بە فەرمیی دامەزرێنرا. ئــەوەی تــەنیا دەزگایــەك نــەبوو، بــەڵکو دامەزراوەیــەکی گرنگــی ڕاهێنــان بــوو، ئــەوەی گەنجــە بیرۆکراتــەکانی تێیــدا فێــری فەرەنسیی دەبــوون و بــەو زمانــە دەیانخوێنــدو دەیاننووســییو قسەیان پێدەکرد، ئەو زمانەی کە لەو ڕۆژەدا زمانی دیپلۆماسیی بوو. لە ساڵی ١٨٣٤دا، ســوڵتان ســەرلەنوێ باڵیۆزخانــەکانی عوسمــانیی لــە پایتەختــە ســەرەکییەکانی وڵاتــانی ئەوروپییدا دامەزراندەوە، باڵیۆزە نوێیەکان لەگەڵ خۆیاندا دەستەیەکیان لە نووسەرە لاوە کارگێڕییەکان دەبرد، ئەوانەی هەروەها لە پێکهێنانی کادری لێوەشاوەی نوێدا سوودیان هەبوو. کاتێك لە ژیانی تایبەتیی بیرۆکراتە ریفۆرمیستە عوسمانییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ورد دەبینەوە، ئەوانە لە دەزگای وەرگێڕانو هەروەها لە باڵیۆزخانەکان ڕاژەیان کردبوو.

## لەمپەرەکانی بەردەم چاکسازییەکان

سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم تەنیا سەرەتای پرۆسەی چاکسازییەکانی بەخۆوە بینی، ئەوەی کە ئیمپراتۆرییەکەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا وەرچەرخاند. بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕاست نیە کە چاکسازییەکان تەنیا مەسەلەیەکی ڕواڵەتیی بوونو لەبەردەم دەروازەی باڵادا وەستاوەو نەچۆتە ژوورەوە. دواجار بە پێکهێنانی سوپایەکی نوێو دامەزراوەی بیرۆکراتیی شێوە ئەوروپیی کە لەلایەن ئاسانکارییە فێرکارییە هاوچەرخەکانەوە پشتگیریی دەکرا،

هـەنگاوی مـەزن بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی ناوەنـدیی بەشـێوەیەکی کاریگـەر بەسـەر ئیمپراتۆریەکەدا دانرا، بەڵام ئەوە ٥٠ساڵی دیکەشی خایاند تا بە تەواویی ئەنجام بدرێت.

ئەگەر ئێمە سەیری ئەو گرفتانە بکەین کە لەمپەریان لەبەردەم چاکسازییەکان پێکهێناوە چ لەسەردەمی مەحموودو چ لەسەردەمی عەبدولمەجیدی کوڕی کە شوێنی گرتەوە، هەروەها عەبدولعەزیزیش(١٨٦١-١٨٧٦)، دەتوانیین ببیـنین کـە پێـنج هۆکـاری سـەرەکیی ئـەم هەوڵانەیان لاواز دەکرد.

یەکەمیان بریتیبوو لە کەمیی کارمەندانێکی متمانپێکراو کە بە شێوەیەکی نویٚ و شیاو راهێنرابن. بوونی کەسانێك کە زانیاریی گونجاویان سەبارەت بە تەکنیکی نوێی سەربازیی و کارگێڕیی هەبێت دەتوانرێت بەسەد کەسێك ئەژماربکرێت، تەنانەت لەکۆتایی ١٨٥٠دا. دەزگا نوێیەکانی بارهێنان وردە وردە دەتوانێت دەرچووانی شیاو پێشکەش بە دەوڵەت بکات کە لە ساڵی ١٨٤٠ەکانەوە دەستیپێکردبوو. لە هەمان کاتدا، تەنانەت رادیکاڵترین داهێنانەکانیش ، وەك هەڵوەشاندنەوەی باجی کشتوکاڵیی لەساڵی ١٨٤٠دا، یاخود سیستمی نویٚ سەبارەت بە کارگێڕیی هەرێمەکان دەبوو لە رێگەی خەڵکانێکی ناکارای وەك خانەدانەکانی هەرێمەکەوە بەڕێوەببرێت، ئەوانەی کەمەبەست لە چاکسازیی کۆتاییهێنان بە بەدبەکارهێنانی دەسەڵاتیان بوو.

دووەم، چاکسازییەکان ئاکامی ویستێکی سیاسیی دیارییکراو بوو لەسەرەوە، ئەوەی لەسەر بنەمای خواستی بەشێك لە سوڵتانو ژمارەیەك کارمەندانی باڵای رێبەریی دامەزرابوو کە پێیان وابوو دەتوانرێت لە رێگەی گرتنەبەری شێوازی رۆژئاوایی، دەوڵەت لەو لاوازییە رزگار بکرێت. سیاسەتەکانی چاکسازیی هەرگیز ئاکامی فشاری جەماوەری نەبوو، هەربۆیە بناغەیەکی پڕدڵنیایی لە کۆمەڵگای عوسمانییدا نەبوو. ئەوەش مانای ئەوەبوو کە ئەوانەی کارمەندی باڵای دەوڵەت بوونو خۆشییان بە چاکسازیی بە شێوازە رۆژئاواییەکەی نەدەهات دەیانتوانی هەرکات بیانەوێت لەمپەر بخەنە رێگەی چاکسازییەکان یاخود تێکی بدەن گەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت. هەرچەندە، کارمەندە بیرۆکراتە ریفۆرمیستەکان کە پەیوەندیی نزیکیان بە بەریتانییو فەرەنسییەکانەوە هەبوو، ئەوانەی لە زۆربەی ئەو ماوەیەدا تا ساڵی ١٨٧٨دا، لەدەسەڵاتدا باڵادەست بوون، سوڵتان مەحموود لە پێناو پیٚ چەسپاندنو مانەوەی خۆی لەنێو گەمەکەدا، هەوڵیدا کێبڕکیٚ و رکابەریی لەنێوان دەستە جیاوازەکاندا پێکبهێنێت. لە ساڵانی دواتردا، دەوڵەتکارە دەسەڵاتدارە زێدە کۆنەپارێزەکان یاخود دژە رۆژئاواییەکان،

هێندێك جار تواناى دەركردنى ريفۆرميستەكانيان بە هاوكاريى سەفارەتى روسيى ياخود دەربار هەبوو.

سێيەم، وێڕاى ئەوەى رەوتى عەقلانيى لە كارى هەڵسوڕانى كارگێڕييدا وردە وردە شوێنى سونەتگەراكانى دەگرتەوە، بەڵام هێشتا سيستمى باوكسالاريى كە وەك تايبەتمەندييەكى سونەتيى رژێمە عوسمانييە كۆنەكە بەردەوام بوو، ئەو سيستمەى تێيدا كەسايەتييە باڵاكان هەريەكەيان ژمارەيەك وابەستەيان بەخۆيانەوە گرێدابوو كە لە رووى ژيان و گوزەرانەوە پشتيان بەو كەسايەتييە دەبەست و لە ململانێ سياسييەكانى نێودەرباريشدا پشتگيرييان لێدەكرد. ئەوەش هەڵسوڕانى عەقلانيى دامەزراوە نوێيەكانى لاواز دەكرد، بەتايبەتيى لە بەشێكى وەك بەشى (دامەزراندن)دا.

چوارەم، جيا لە پەرەسەندنە گرنگەكانى ساڵى ١٨٢٦، چاكسازييەكانى سەدەى نۆزدەيەم هێنانەكايەى ياساى نوێ، نەزمى نوێ، هەروەها دەزگاى نوێشى دەگرتەخۆ. زياتر لەوەى هەڵوەشاندنەوەى دەزگا و دامەزراوە كۆنەكان بێت. لەكاتێكدا ئەمە دواليزم پێكدەهێنێت، بۆ نموونە، سيستمى فێركردنى عولەماى سەدەكانى ناوەڕاست شانبەشانى فێركردنى هاوچەرخ بە زمانى فەرەنسيى لە كۆلێژە نوێيەكانى بارهێناندا بەڕێوەدەچوو. هەروەها نەزم و رێكخستنێك كە پشتى بە ياسا ئەوروپييەكانى سەدەى نۆزدەيەم دەبەست و وردەوردە شوێنى قانونى عوسمانيى كۆنى دەگرتەوە، بەڵام ئەم شانبەشانى شەريعەتى ئيسلام بەڕێوەدەچوو. دەسەڵات و چوارچێوەى هەڵسوڕانى دەزگا و دامەزراوە كۆن و نوێيەكان هەميشە بە تەواوى روون نەكرابووەوە.

دواجار، گومان لەوە نيە جەختبكرێت لەوەى كە لاوازيى چاكسازييەكان بۆ لاوازيى بنەما ئابووريى و داراييەكان دەگەڕێتەوە. چاكسازييەكان فرە گران كەوتن، بۆ يەكەمجار حكومەتێكى گەورەيان پێكهێنا (هەرچەندە بە پێى پێودانگە نوێيەكانى نەبوو) رەوشى سەرچاوە داراييەكان بەشى نەدەكرد و نەشياوبوو، ئەو هەوڵانەى بۆ زيادكردنى ئەو سەرچاوانە دەدرا بە شێوەيەكى خراپ بەڕێوەدەبرا. لە تەواوى ماوەى چاكسازييەكاندا گرفتى داراييى بە دژواريى مايەوە. لە ئاكامدا كارمەندانى دەوڵەت بەخراپيى و ناڕێكى موچەيان دەدرايە و گەندەڵيى وەك پەتايەك و دياردەيەكى ريشە داكوتراو مابووەوە.

## ئاراستە ئابوورییەکانی دواساڵەکانی سوڵتان مەحموود

پەرەسەندنی ئابووریی سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەمو ئەوانەشی راستەوخۆ پاش ئەو هاتن، پێویستە لە چوارچێوەی ئاراستەی ئابووریی جیهانیی لێی تێبگەین. بەریتانیای مەزن لە سەردەمی شۆڕشگێڕیی و قۆناغی جەنگەکانی ناپۆلیۆنەوە ببووە وڵاتێکی بازرگانیی جیهانیی و هێزێکی پیشەسازیی کە رکابەرێکی راستیینەی نەبوو، بەڵام بەم هەژموونە ئابوورییەی بەریتانیاوە رووبەڕووی هاوبەشە بازرگانییە سوونەتییەکان لە کیشوەری ئەوروپاو هەروەها لە ئەمەریکا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە بووەوە. کە لە رێگەی گرتنەبەری سیاسەتی پاراستنی بازرگانیی و پیشەسازیی نیشتمانییەوە بەرگرییان لەخۆیان دەکرد. ئەم سیاسەتەش بەریتانیای ناچارکرد هەوڵەکانی خۆی لەوەدا چڕبکاتەوە کە بازاڕی نوێ لە باشووری ئەمەریکاو ئاسیادا پەیدا بکات. بۆ ئەم مەبەستە، چەند رێکەوتننامەیەکی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ ژمارەیەك لە وڵاتان مۆرکرد، ئەو وڵاتانەی بازاڕەکانیان بۆ کاڵاکانی بەریتانیا کردەوە و دەستی دامەزراوە پیشەسازییەکانی بەریتانییان بۆ گەیشتن بە کەرەسەی خاوی وڵاتەکەیان ئاوەڵاکرد.

کۆمپانیا کۆنەکەی رۆژهەڵات لەساڵی ١٨٢٥هەڵوەشێنرایەوە، کۆتاییهێنان بە قۆرغکاریی ئەو کۆمپانیایە لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا مانای ئەوە بووکە بازرگانی بەریتانیی نها ئامادەن بەخۆشییەوە بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. ئەوانە لە قەڵمڕەوی عوسمانییدا لە رێگەی سیستمی جیاوگەکانەوە بەرژەوەندییان پارێزرابوو، ئەوەی باجی سەر هاوردەو هەناردەکانیان بۆ ٣ لەسەدا سنووردار کرد. سەرباری ئەوەش، لە رێکەوتننامەی ئەدرنە لە ساڵی ١٨٢٩دا، روسەکان ژمارەیەك جیاوگی بازرگانییان لە عوسمانییەکان پچڕیی، ئەوەی هێزەکانی دیکەش ئەمێستا داوایان دەکرد. هەرچەندە ژمارەیەك سنووردارکردنی بازرگانیی هێشتا کاری پێدەکرا . ئەوانەی قۆرغکاریی دەوڵەتی عوسمانییان لەسەر چەند کاڵاو کەلوپەلێك پێکدەهێنا، باجو گومرگی نێوخۆ لە کاڵا بازرگانییەکان لەنێو ئیمپراتۆرییەکەدا وەردەگیرا، هەروەها توانای حکومەتی ناوەندیی بۆ سەپاندنی باجی نائاسایی، بۆ نموونە لە کاتەکانی جەنگدا. کاتێك حکومەتی عوسمانیی چاوەڕێی پشتگیریی بەریتانیای دژی هەڕەشەکانی محەمەد عەلی لە ساڵی ١٨٣٨دا کرد، مستەفا رەشید پاشای ئەندازیاری هاوپەیمانیی لەگەڵ بەریتانیا، پێشنیازی رێکەوتننامەیەکی بازرگانیی ئازادی پێشکەش بە بەریتانیا کرد کە هەموو باجو گومرگێکی تێدا (بە گومرگە نێوخۆییەکانیشەوە) بە بڕە

گومرگێکی نوێ بگۆڕرێت کە ١٢ لەسەدی سەر هەناردەکان و ٥ لەسەدی سەر هاوردەکانە.[٣٣] لە هەمان کاتدا، بازرگانی عوسمانیی دەبووایە زێدەی نێوخۆیی بە بڕی لەسەدا ٨ بدایە. وێڕای ئەوەش، هەموو قۆرغکارییە دەوڵەتییەکان هەڵوەشێنرانەوە، هەروەها مافی سەپاندنی باجی ئاساییش بەو رێکەوتنەی کە بەرێکەوتنی (باڵتا لیمانی/پشت ئەو گوندەی لەسەر بۆسفۆر کە کۆشکەکەی رەشید پاشای لێبوو) ناسراوە، بازاڕەکانی عوسمانیی بەتەواویی بە رووی بازرگانیی بەریتانییدا کردەوە. وەك باوە، هەموو هێزە ئەوروپییەکانی دی داوای هەمان مافیان دەکرد، هەربۆیە لەماوەی سالآنی ١٨٣٨ و ١٨٤١دا رێکەوتنی بازرگانیی ئازادی هاوشێوەی ئەوەکەی بەریتانیا لەگەڵ چەندین وڵاتانی دیکە مۆرکرا.

بازرگانیی، بەتایبەت هەناردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵیی لەسەرەتای ١٨٢٠کانەوە بەخێرایی پەرەیسەند، یەك لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە شۆڕشی پیشەسازیی لە ئینگلتەرا ببووە هۆی دابەزینی نرخی کاڵا پیشەسازییەکان ئەوەش بایەخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لە پرۆسەی بازرگانییدا بۆ وڵاتە پیشەسازییکان زیاد کردبوو. بە پێچەوانەوە، هاوردەکردنی کاڵا هەرزانە پیشەسازییەکانی بەریتانیی، ژیانی کاڵای پیشەگەرەکانی سەختکرد.[٣٤] یەك لە ئاکامەکانی ئامادەکارییە بازرگانییە ئازادەکەی سالآنی ١٨٣٨-١٨٤١ کە هاوجووت بوو لەگەڵ دەستپێکردنی فراوانخوازیی خێرای ئابووریی لە ئەوروپا کە بە (هەڵتۆقینی ناوەڕاستی سەدە) ناسراوە، بریتیبوو لە بازرگانیی نێوخۆی ئیمپراتۆرییەکە کە لەنێوان سالآنی ١٧٨٠ و ١٨٣٠دا بە خێراییەکی زۆرو بەرێژەی ٨٠ لەسەدا زیادی کردبوو، ئەوەی لەسالآنی ١٨٣٠-١٨٧٠دا نزیکەی پێنج هێندە زیادی کردبوو.[٣٥] ئاکامێکی دیکەی رێکەوتنەکە ئەوەبوو کە حکومەتی عوسمانیی لەو ئامرازە بازرگانییانە بێبەش ببوو (باجە قۆرغکاریی و بەرچاوەکان) کە بناغەی دارایی چاکسازییەکانی محەمەد عەلییان پێکدەهێنا. بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم سیاسەتی ئابووریی ئیمپراتۆرییەکە بەشێوە سونەتییەکەی سەربەست مابووەوە بۆئەوەی هەوڵێك بۆ پاراستنی بازرگانیی و کاڵا نێوخۆییەکان بدرێت. بەهەرحاڵ جێی گومانە سیاسەتێکی بەو شێوەیە گەر هەبایە لەلایەن هێزە ئەوروپییەکانەوە چاوپۆشیی لێکرابا.

33 Şevket Pamuk (1987) The Ottoman Empire and European capitalism, 1820–1913: trade, investment and production, Cambridge: Cambridge University Press, 19–20.
34 Pamuk, op. cit., 11.
35 Pamuk, op. cit., 149.

بەدڵنیاییەوە، گۆڕان لە ڕەوشی ئابووریی ئیمپراتۆرییەکەدا براوەو دۆڕاوی لەگەڵ خۆی هێنا. براوەکان ئەوانەبوون کە راستەوخۆ لەگەڵ فراوانخوازیی بازرگانیی نێودەوڵەتیی تێوەگلان. بەگشتیی، ئەمانە خودی وەبەرهێنی دانەوێڵە هەناردەکراوەکان نەبوون. ئاراستەیەکی هەناردەکردنی بەرفراوانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا دەگمەن بوو، کە تێیدا موڵکداری بچووک و ناوەنجی تێدا بەربڵاوبوو. هەروەها جووتیاری بچووک نەیدەتوانی سەربەخۆ بەروبوومەکانی هەناردەبکات. لەلایەکی ترەوە، بوونی چەندین کیڵگەی بچووک وایکرد ئەستەم بێت کە بیانییەکان بجمێنە نێو تۆڕی ئابوورییەوە. ئەوە دەڵاڵەکانی نێوان جووتیارە بچووکەکان و ئەورووپای پیشەسازیی بوو کە قازانجیان لەو پرۆسەیە دەکرد.[36] لە چوارچێوەی عوسمانییدا، ئەم دەڵاڵانە بەزۆری یۆنانییەکان بوون، لەئاستێکی کەمتریش، ئەو ئەرمەنییانە بوون کە لەو دیو دەریاوە پەیوەندییان هەبوو. تۆڕێك لە سەراف ئەرمەنیی، کارو چالاکییە پەرەگرتووەکانیان لە رووی داراییەوە هاوکاریی دەکرد. بەشێك لەو بازرگانە یۆنانیی و ئەرمەنییانە لە سایەی سیستمی "بەراتدا" حاڵەتی رەعییەتی فەخریی بیانییان هەبوو، هەربۆیە بەکردار لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە دەستییان بۆ نەدەبرا. ئەوانەی لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا پێگەیان بەهێزتر بوو، نەك بە بەراورد لەگەڵ ئەو هاوڵاتییە بیانییانەی کە هەوڵی ئەوەیان دەدا سەربەخۆیانە بجمێنە نێوبازاڕەکانی رۆژهەڵاتی نزیکەوە ، ئەو هەوڵانەی کە زۆربەی جار لەلایەن کریستیانییە خۆماڵییەکانەوە سەرکەوتووانە پوچەڵ کرایەوە.

هەروەها دۆڕاویش هەبوون، کە دەبوو لەنێو پیشەگەرەکان سونەتییەکاندا ببینرێنەوە. ئەوانەی لە ئەسنافەکاندا رێکخرابوون. بەتایبەت لەنێو ئەو شارۆکەو شارانەدا وەك بەندەرە سەرەکییەکان کە پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەیە، بەڵگەکان پێشانی دەدەن کە لانی کەم بەشێك لەو کاروپیشەگەرانە وەك بە توندیی بەهۆی کێبڕکێی کاڵا پیشەسازییە ئەورووپییەکانەوە زیانیان کەوت، ئاکامی ئەوەش دابەزینی داهات و کەوتنەوەی بێکاریی بوو.

---

[36] لەراستییدا ئەمە ئاکانی سەرەکیی ئەم سەرچاوەیەیە:
Reşat Kasaba, (1987) The Ottoman Empire and the world economy: the nineteenth century, Albany: SUNY Press.

هەرچەندە کاریگەرییەکانی بەستنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە سیستمی ئابووریی ئەوروپییەوە نابێت زێدەڕۆیی تێدا بکرێت. ئامارەکان ئەوە پێشاندەدەن کە تەنیا لە ساڵی ١٨٧٠دا بازرگانیی دەرەوە گەیشتووەتە نزیکەی ٧یا٨ لەسەدی تێکڕای بەرهەم (هەروەها لەنێوان ١٢بۆ ١٦ لەسەدی بەرهەمی کشتوکاڵیی).[٣٧] بەشی هەناردەکان لەساڵی ١٨٤٠دا، لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی ئیمپراتۆرییەکە نزیکەی بە ٣ تا ٤ لەسەدا ئەژمارکرابوو.[٣٨] زیاتر لەوەش، کاریگەریی بەستنەوە ئابوورییەکەشی بەشێوەیەکی ناڕێك‌وپێك بڵاوبووەوە. لەکاتێکدا ناوچە کەنارییەکان‌و شارە مەزنەکان فرە کاریگەرییان تێکرا، ناوچە نێوخۆییە دووردەستەکان کەمتر کاریتێکرا. تەنانەت لەناوچە دووردەستەکانیشدا ئەو گرێدانە کاریگەریی ناڕاستەوخۆی خۆی هەبوو. بۆ نموونە نرخی گەنم لە بازاڕەکانی نێوخۆدا بەگوێرەی نرخەکەی لە بازاڕەکانی جیهانییدا بەرزونزمی دەکرد.

قەرزە بیانییەکان بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانیی، یاخود سەرمایەگوزاریی لە ژێرخاندا یان لە پیشەسازییدا هێشتا ڕۆڵێکی لە ساڵانی ١٨٣٠کاندا نەدەبینی. بۆ یەکەمجار هێندێك هەوڵ لە بواری بەرهەمی پیشەسازیی خۆماڵیی هەبوون لەشێوەی کارگەی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ،کەلوپەلی زرێیی بۆ سوپا نوێیەکە. کارگەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی وەك گرێبەستێکی دەوڵەتیی هەڵدەسوڕاو لەلایەن دەستەیەکی سەربە حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، وەك دەزگای (سەرعەسکەر/سەرلەشکر). کرێکارەکانی ئەم کارگەیە بە بەشێك لە سوپا دادەنران. گرنگترین نموونە لەم بارەیەوە (فێسخانە) بوو، فێز کڵاوێکی لبادی سووری بێ‌پێچ بوو لە مەغریب پەیدا ببوو، وەك کڵاوێکی فەرمیی لەلایەن سوپا نوێیەکەوەو کارمەندە مەدەنییەکانیش پاش لەناوبردنی ئینکشارییەکان لەساڵی ١٨٢٦دا لەسەریان دەکرد. بۆ ماوەیەك ئەو فێسانە لە تونسەوە دەکڕان . بەڵام لە ساڵی ١٨٣٥دا ژمارەیەك پیشەگەری تونسیی هێنرانە ئەستەمبوڵ. لەساڵی ١٨٣٩دا (پاش مردنی سوڵتان مەحموود) فێسخانە فراوانکراو گوێزرایەوە بۆ نێو کۆشك کە لە ترۆپکی قۆچی زێڕییندا بوو. هەر لەم سەردەمەدا بەرهەمهێنانی کوتاڵیش دەستیپێکرد، بەڵام هێشتا پشتی بەهێزی ئاژەڵ دەبەست. لەناوەڕاستی ١٨٤٠کان‌و ١٨٥٠کاندا چەند ئاشێکی هەمان شێوە کرانەوە، بەڵام ئەوانە بۆ دابینکردنی سوپا بوو نەك بۆ کاری بازرگانیی.

---

[37] Pamuk, op. cit., 40.
[38] Pamuk, op. cit., 26.

# باسی پێنجەم

## قۆناغی تەنزیمات ١٨٣٩-١٨٧١

سوڵتان مەحموودی دووەم لە ٣٠ی ژونی ١٨٣٩بە نەخۆشی سیل مرد، پێش ئەوەی هەواڵی بەزینی عوسمانییەکان لە ینزیپ بگاتە ئەستەمبوڵ، عەبدولمەجیدی براگەورەکەی، کە شوێنی گرتەوە لە ساڵی ١٨٣٩-١٨٦١ فەرمانڕەوایەتیی کرد. مردنی مەحموود سەرەتای قۆناغێکی کاردانەوەی بەخۆوە بینی وەك ئەوەی بەدوای مردنی سوڵتان سەلیمی سێیەم لە ساڵی ١٨٠٧دا روویدا. چاکسازییەکانی ناوەندگەرایی و مۆدێرنیتە لەسەر هەمان هێڵ و لەلایەن ئەوەی دواتر بەردەوام بوو. لەراستییدا ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٣٩-١٨٧٦ لە مێژووی عوسمانییدا بەحەق بەقۆناغی (تەنزیمات/چاکسازیی) دادەنرێت . هەرچەندە مرۆ دەتوانێت گەنگەشە سەبارەت بەوە بکات کە ماوەی چاکسازییەکان لەساڵی ١٨٧١دا کۆتایی پێدێت. چەمکی (تەنزیماتی خەیرییە/چاکسازییە سوودبەخشەکان) تەنانەت پێش ساڵی ١٨٣٩ش بەکارهێنراوە، بۆنموونە لەو فەرمانە ئیمپراتۆرییەی سەبارەت بە (ئەنجومەنی باڵای رێنماییە دادوەرییەکان)[٣٩] دا هاتووە. ئەوەش بەردەوامیی نێوان سەردەمی مەحموودی دووەم و شوێنگرەوەکانی پێشان دەدات. جیاوازیی سەرەکیی بریتییە لەوەی کە ناوەندی دەسەڵات نها لە دەربارەوە بۆ دەروازەی باڵا و بیرۆکراتیی گواستراوەتەوە. سوڵتان مەحموود لەپێناو دامەزراندنی دامەزراوەیەکی بەهێزو هاوچەرخ بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرییەکە دەستیکرد بە گۆڕینی دەزگای سونەتیی نووسەران بۆ شتێك لە بیرۆکراتیی بچێت، بەوەش هێندە بەهێزکرا کە سوڵتانە لاوازە شوێنگرەوەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتیان بەسەر ئەو بیرۆکراتییەدا لەدەستدابوو.

---

[39] بۆ چەمکی تەنزیمات بڕوانە:

Roderic H. Davison (1973) *Reform in the Ottoman Empire 1856–1876*, New York: Gordian, 42 (originally published by Princeton University Press in 1963); for the High Council, see Davison, op. cit., 28.

## فەرمانی چاکسازیی گوڵخانە

لەسایە ئەو سوڵتانانەی پاش مەحموود هاتن، کاریگەریی بیانییەکان، بەتایبەت بەریتانییەکان لەسەر سیاسەتسازانی ئەستەمبوڵ بەشێوەیەکی بەرفراوان زیادی کردبوو. بۆ ئەو ماوەی پاش دووەمین قەیرانی میسریی، پشتگیریی بەریتانییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیی بەردەوام بوو لەو دیدەوە کە لە لەندەنەوە پێی دەڕوانرایە دەوڵەتی عوسمانیی وەك دەوڵەتێکی لەمپەر لەهەمبەر فراوانخوازیی روسیا. "ستارتفۆرد کانینگ"ی لە روسیا تۆقیو (لەساڵی ١٨٥٢ەوە بە لۆرد ستارتفۆرد دی رێدکلیف ناسرابوو) ئەوەی لەماوەی نێوان ١٨٤١ بۆ ١٨٥٨ ەوە باڵیۆزی بەریتانیا بوو لە ئەستەمبوڵ و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زۆربەی سەرکردە ریفۆرمیستە عوسمانییەکاندا هەبوو و رۆڵێکی بایەخداری لەو پشتگیرییەی بەرتانییەکاندا گێڕا.

دەستپێکردنی تەنزیمات هاوکات بوو لەگەڵ ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی دووەمین قەیرانی میسریی دەدرا. کاتێك ئەستێرەی بەختی عوسمانیی لە کوژانەوەدا بوو، لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٨٣٩دا، فەرمانێکی ئیمپراتۆریی لەلایەن رەشید پاشای رێبەری ریفۆرمیستەوە کە وەزیری دەرەوە بوو، ئامادەکرا بە ناوی سوڵتانی نوێ وە راگەیەندراو لە دەرەوەی دەروازەی کۆشکی گوڵخانەوە بە ناوی "گوڵخانە خەتی شەریفی/فەرمانی شکۆمەندی گوڵخانە" بۆ ئەنجومەنی پایەبەرزانی عوسمانییو دپلۆماتە بیانییەکان خوێندرایەوە. ئەوەی بڵاوکراوەیەك بوو سەبارەت بە ویستی حکومەتی عوسمانییو بەڵێنی چوار چاکسازیی بنەڕەتیی لەخۆگرتبوو:

- زامنکردنی ژیانو ئابڕوو و موڵكوماڵی رەعییەتەکانی سوڵتان.
- سیستمێکی باجگریی رێکوپێك شوێنی سیستمی باجی کشتوکاڵیی بگرێتەوە.
- سیستمێکی سەربازگیریی بۆ راژەکردن لە سوپادا دابنرێت.
- یەکسانیی تێکڕای رەعییەت لەبەردەم یاسادا بە بێجیاوازیی لە ئایندا (هەرچەندە ئەمە بە شێوەیەکی ناڕوون لە دۆکیومێنتێکدا فۆرمەڵە کرابوو).[٤٠]

---

[40] دەقی تەواوی قسەکەی سوڵتان دەڵێت :" ئامانجی کارە چاکەکانمان بێ جیاوازیی خەڵکی موسوڵمانو خەڵکانێکی دیکە"میللەت" لەنێو رەعییەتی سەڵتەنەتەکەمان". لە وەرگێراوە فەرەنسییەکەدا کە لەلایەن بابی عالییەوە دابەشکراوە، موسوڵمانەکان بەشێوەی جیاواز ئاماژەی پێنەدراوە: .(Davison, op. cit., 40).

هەر لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەم فەرمانەوە، گەنگەشەیەکی زۆر سەبارەت بە تایبەتمەندیی و راستگۆیی کارپێکردنی و ئەو بنەمایانەی چاکسازییەکان لەسەری دەڕوات، دەستیپێکرد. بێگومان ئەوە راستە کە راگەیاندنی فەرمانێکی وا لەوکاتە هەستیارەدا جوڵەیەکی دپلۆماسییانە بوو لەپێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی هێزە ئەورووپییەکان، بەتایبەتی بەریتانیا، لەلایەن ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە بۆ ئەوەی لە ململانێی خۆی لەگەڵ محەمەد عەلی دا سوودی لێبەرێت. هەرچەندە ئەوەش راستە کە دەقی فەرمانەکە رەنگدانەوەی بایەخی بنەڕەتیی ئەو دەستە ریفۆرمیستانە بوو کە لەلایەن رەشید پاشاوە رێبەرایەتیی دەکران. ئەو چاکسازییانەی بەڵێنی ئەنجامدانیان درابوو بە ئاشکرا بەردەوامبوونی سیاسەتەکانی مەحموودی دووەم بوو. بانگەواز بۆ زامنکردنی ژیان و ئابڕوو ماڵ و موڵکی رەعییەت بەشێك بوو لە چاولێکەریی هزری لیبرالیی سونەتیی وەك ئەوەی لەلایەن ئەو سیاسەتکارە عوسمانییانەوە لێی تێگەیشتبوون کە ئەوروپایان بینیبوو و زمانی ئەورووپییان دەزانی، هەروەها رەنگدانەوەی ئارەزووی بیرۆکراتیی عوسمانیی بوو تا لەو پێگە لاوازە رزگاریان بێت کە وەك بەندەی سوڵتان لەقەڵەم درابوون. مەسەلەی باج و سەربازگیریی، بەدڵنیاییەوە دوو مەسەلەی فرە جێگای بایەخی سوڵتان مەحموود بوون. بەڵێنی پێدانی مافی یەکسانیی بە کریستانییە عوسمانییەکان، بەو شێوە ئاڵۆزەی پێی فۆرمەڵەکرا، بەدڵنیاییەوە بۆ بەکاربردنێکی بیانیی هێنرابووە ناوان. لەلایەکی دیکەوە ئەوە ئاشکرابوو کە رەشید پاشا و هاوبیرانی لەو بڕوایەدا بوون، یاخود لانی کەم بەهیوابوون کە بتوانرێت لەمپەر لەبەردەم گەشەسەندنی نەتەوایەتیی و جیاخوازیی لەنێو کۆمەڵگە کریستیانییەکان پێکبهێنن و بەوەش بیانووی دەستێوەردان لەبەردەم بیانییەکاندا، بەتایبەت روسەکان نەهێڵن.

لەمەودایەکی کورتدا، فەرمانی گوڵخانە بەدڵنیاییەوە ئامانجەکانی خۆی پێکا، هەرچەندە ئەستەمە بگوترێت کە تا چ رادەیەك ئەم فەرمانە بەشداریی لە بڕیاری زلهێزەکاندا سەبارەت بە رزگارکردنی ئیمپراتۆرییەکە کرد.

## چارەسەری قەیرانی میسریی

بەزینی عوسمانییەکان لە ینزیپ ئیمپراتۆرییەکەی بەتەواوی لە حاڵەتێکی بێبەرگرییدا جێهێڵا و بەو شێوەیە دەبوو ملکەچی خواستەکانی محەمەد عەلی بووایە (کە دەیویست ببێتە فەرمانداریی میراتگری میسر و سوریا و ئەدەنە) گەر بێتو زلهێزەکان دەستیان لە

مەسەلەکە وەرنەدایە. کاردانەوەی بەریتانییەکان خێرابوو، فەرمانی بە کەشتیگەلییەکانی خۆیدا پەیوەندییەکانی نێوان میسرو سوریا بپچڕێنن و کەوتنە کاریش بۆ پەیوەندییگرتن بە پێنج زلهێزەکەی جیهان(روسیا، نەمسا، پروسیا، فەرەنساو بەریتانیا خۆی). راوێژو گەنگەشەی دپلۆماسییانە بۆ ماوەی نزیك بە ساڵێك بەردەوام بوو، لەکاتێکدا روسیا و بەریتانیا پێکەوە بۆ چۆڵکردنی میسرییەکان لە سوریا فشاریان دەکرد، فەرەنسا خەریکی پشتگیرییکردنی محەمەد عەلی بوو. لە کۆتاییدا، هێزەکانی دیکە لە بەدەستهێنانی هاوکاریی فەرەنسییەکان بێهیوابوون و لە ١٥ی ژوئیەی ١٨٤٠دا روسیا، پروسیا، نەمسا و بەریتانیا رێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ دەروازەی باڵادا مۆرکرد کە تێیدا پشتگیریی سەربازییان بۆ سوڵتان راگەیاندبوو. لەکۆتای ساڵی ١٨٤٠دا، کەشتیگەلی بەریتانیی کەوتە تۆپبارانکردنی پێگەی میسرییەکان لە بەیروت و دەوروبەری و هێزێکی سەربازیشی دابەزاند، کە بە هەماهەنگیی لەگەڵ ئەو یاخییبووە بەربڵاوانەی دژی فەرمانڕەوایەتیی ستەمکارانەی ئیبراهیم پاشا چەکیان هەڵگرتبوو، پاشایان ناچارکرد لە سوریا بکشێتەوە. سازشکارییە دپلۆماسییەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشەکە نها چارەسەربوو، لە ژونی ١٨٤١دا، محەمەد عەلی پاشا دانینا بە لەدەستدانی سوریا لەبەرامبەر دانپێدانانی عوسمانیی بە فەرمانڕەوایەتیەکی میراتگرانەی لە میسردا، ئەو میسرەی کە تا ساڵی ١٩١٤ش بەناو بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی.

## نائارامیی نێوخۆو سیاسەتی نێودەوڵەتیی

بەکۆتاییهاتنی دووەمین قەیرانی میسریی، تەنگەژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرێژەیەکی بەرچاو کەمببووەوە. کێشە بنەڕەتییەکانی ئیمپراتۆرییەکە لە ئاکامی تەنگەژەی نێوان نەتەوەو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا بوو،کە حکومەتی ناوەندیی توانای چارەسەرکردن یان دەستبەسەرداگرتنی نەبوو. ئەوەی تا نزیکەی پازدەساڵیش نەبووە هۆی دەستێوەردانی بەرفراوان لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی ئەوروپاوە.

توندوتیژترین کێشە لەماوەی ئەم ساڵانەدا ئەو شەڕە بوو کە لە لوبنان هەڵگیرسا. بەهێزترین پیاوی ئەم ناوچەیە "ئەمیر بەشیری دووەم" بووکە سەر بە کۆمەڵی ئاینیی دەروزییەکان بوو،[41] بەڵام ببووە کریستیانیی و لە قەڵا سەختەکەیەوە لەچیای "شوف"

---

[41] دروز یاخود "موەحدین/یەکتاپەرستان" وەك خۆیان وا ناوی خۆیان دەبەن، کۆمەڵگەیەکی عەرەبی زمانی جیان لە چیاکانی شوف لوبنان دەژین و لەناوچەی حۆرانی سوریا، ئەوانەی هەواداری ئاینی "نهێنی"ین کە لە سەدەی

فەرمانڕەوایەتیی لوبنانی دەکرد. ئەو بەتوندیی چارەنووسی خۆی بە هێزە داگیرکەرە میسرییەکانەوە بەستبووەوە، کاتێك میسرییەکان ناچاربوون لە سوریا بکشێنەوە، پێگەی ئەمیر بەشیر لاوازبوو، لەلایەن سەرخێڵە دەروزییەکانی دوژمنیەوە لە ناوچەکە دەرکرا. پاش ئەوەش ئەمیر بەشیر لە ساڵی ١٨٤٣دا تیاچوو، حکومەتی عوسمانیی سیستمێکی کانتۆنیی پێشکەشکرد تێیدا لوبنانی لە باکووری ڕێگەی بەیروت-دیمەشقەوە لەلایەن قایمقامێکی کریستیانییەوە فەرمانڕەوایەتیی دەکرا، لەکاتێکدا ناوچەی باشووری ڕێگەکە لەلایەن دەروزییەکەوە بەڕێوەدەبرا، ئەو دووانەش هەردووکیان ملکەچی فەرمانڕەوایی "صەیدا" بوو کە نها بارەگاکەی خۆی بۆ بەیروت گواستبووەوە.

لەبەرئەوەی ئەم دابەشبوونە لە سۆنگەی تایبەتمەندیی ئاوێتەی دانیشتووانەوە حسابێکی بۆ نەکرا، بۆیە هەرزوو تەنگەژەکان لە ساڵی ١٨٤٥ەوە سەریان هەڵدایەوەو لە شەڕێکی بەرفراواندا خۆی دەرخست، تێیدا دەروزییەکان ژمارەیەکی زۆر گوندی کریستیانیی مارۆنییان گرتێبەردا، لەسایەی فشاری هێزەکاندا-فەرەنسییەکان پاراستنی خۆیان وەك دیفاکتۆ بۆ کریستانییە مارۆنییەکان لە لوبناندا دامەزراندبوو (ئەو مارۆنییانەی یەکسروشتی عیسای مەسیحیان پەسەندبوو، لەبەر ئەوە دانیان بە پاپادا دەناو بەفەرمیی وەك کاسۆلیك لەقەڵەم دەدران) ، بەریتانییەکان بەسەر دەروزەکاندا، روسەکان بەسەر کریستیانە ئۆرسەدۆکسەکاندا- عوسمانییەکان بەتوندیی سزای سەرکردەکانی دەروزیانداو لە هەریەك لەو دوو کانتۆنەدا ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتیی راوێژکارییان پێکهێنا. بەوەش دەسەڵات لە دەستێوەردانی راستەوخۆ پارێزرا.

## جەنگی کریمە

یەك لە ململانێ مەزنە نێودەوڵەتییەکانی ئەم ساڵانە بریتییە لە جەنگی کریمە(١٨٥٣-١٨٥٦) کە هۆکارەکەی بەڕواڵەت ئەوەبوو کە داخۆ کڵێسای کاسۆلیکیی ئان ئۆرسەدۆکیی کامیان دەسەڵاتی شوێنە پیرۆزەکان لە فەلەستین بگرێتە دەست. بەتایبەتیی کڵێسای خۆماڵیی لە ئۆرشەلیم. فەرەنسا لەبەرژەوەندیی کاسۆلیکەکان تێدەکۆشا، لەکاتێکدا روسەکان بەرگرییان لە مافی ئۆرسەدۆکسەکان دەکرد. هەر لە ساڵی ١٨٤٠ەوە کڵێسای کاسۆلیکی وەك کڵێسایەکی لەپێشتر حیسابی بۆ کرابوو، بەڵام ئەو راستییەی کە لە زۆربەی کاتدا ئۆرسەدۆکسەکان زیاتر لە کاسۆلیکەکان سەردانی مەزارەکانی خاکی پیرۆزیان دەکردو

---

یازدەدا لە ئیسماعیلییە شیعەکانی میسر جیابوونەتەوە.

ئـەوەش کڵێـسای ئۆرسەدۆکـسی بـەهێزکردبوو. ئەمێـستا فەرەنـسا بـە پـشتگیریی نەمـسا خوازیـاری ئـەوە بـوو جـەخت لـە مەسـەلەی شـکۆمەندی پێـشووی کڵێـسای کاسـۆلیکی بکرێتەوە، روسیا خوازیاربوو رەوشەکە وەك خۆی بمێنێتەوە. دەروازەی باڵا کە سەری لەم هەرایە سوڕمابوو، دەیویست هەموو لایەك رازیی بکات.

هۆکاری راستیینەی هەڵوێستی دوژمنکارانەی فەرەنساو روسیا بەگشتیی نێوخۆیی بوو، هەر لە دووەمین کۆماری تازەدامەزراو لە فەرەنسا کە لەلایەن ناپۆلیۆن پۆناپارتەوە (هـەرزوو بـوو بـە ئیمپراتـۆر ناپلیۆنی سـێیەم) سـەرۆکایەتیی دەکـرا، هـەروەها چ تـزاری روسـیاش ، ئەمانـە هـەردووکیان هـەوڵی ئـەوەیان دەدا لـە رێگـەی هانـدانی جۆشـی ئاینییـەوە پـشتگیریی جەماوەری خەڵك بۆ خۆیان بەدەستبهێنن.

رەوشەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار ئاڵۆزبوو کاتێك لە ٥ی مایۆی ١٨٥٣دا نێردراوی روسیا لـە ئەسـتەمبوڵ نـەك هـەر داوای مـافی پاراسـتنی کڵێسای ئۆرسەدۆکسیی کـرد (داواکارییـەك پـشتی بـە خوێندنەوەیـەکی تـاك لایەنـەی ئـەو جیاوگانـە دەبەسـت کـە سـاڵی ١٧٧٤ بەدەسـتیهێنابوو)، بـەڵکو دانیـشتوانە کاسـۆلیکەکانی ئیمپراتۆرییەکـەش، کـە سـێیەکی دانیـشتووانەکەیان پێکـدەهێنا، دەروازەی بـاڵا بـە پـشتگیریی بـاڵیۆزە فەرەنـسیی و بەریتانییـەکان ئامـادە نـەبوو ملبـدات. روسـیا هەڕەشـەی ئـەوەی کـرد، گـەر دەروازەی بـاڵا داواکارییەکانی پەسەند نەکات ئەوا میرنشینەکانی والاشیاو مۆڵدافیا داگیردەکات. هـەروەها لـە ژوئیـەدا سـەربازەکانی بـەرەو میرنـشینەکان پەڕینـەوە. دوا هەوڵـەکانی ناوبـژیوانیی کـە فەرەنسا، بەریتانیا، نەمساو پروسیا پێی هەڵسابوون، شکستیخوارد. عوسمانییەکان داوای چـۆڵکردنی میرنـشینەکانیان دەکـردو کـاتێکیش ئەمـە روویـنەدا، دەوڵـەتی عوسمـانیی لـە ئۆکتۆبـەردا جـەنگی دژی روسیا راگەیانـد. لـەژێر فشاری تونـدی رای گشتیی دژی روسیاو هـەروەها لەلایـەن حکومـەتی فەرەنـساوە، کابینـەی نـوێی بـەریتانیی دەنگـی بـۆ جەنگداو لـە ٢٨ی مارتی ١٨٤٥دا بە فەرمیی جەنگ راگەیەندرا. هیچ یەك لـە زلهێزەکـان خوازیـاری جـەنگ نەبوون، بەڵام هەریەکەو خۆی لـە گۆشـەیەك هاویـشتبوو بـە شێوەیەك نەیـدەتوانی بێئـەوەی زیانێکیان رووبەڕوو بێتەوە شوێنەکەیان جێبهێڵن.

هەڵوێستی نەمسا لە ململانێیەکە لەسەرەتادا هاوسەنگ بوو بەڵام وردە وردە زیـاترو زیـاتر بووە دژی روسیا، بەشێوەیەك کە روسیا ناچاربوو لە ترسی پەلاماری نەمسا هێزەکانی خـۆی لـە ژوئیـەدا لـە میرنـشینەکان بکـشێنێتەوە. هەربۆیـە هێزەکـانی فەرەنـسیی-بـەریتانیی کـە نێردرابوونە رۆژهەڵات تاکو لە بالکان بجەنگن، بێ نیشانە مانەوەو لـەجیاتی ئـەوە لـە کریمـە

دابەزین. لێرەوە جەنگی کریمە روویدا. جەنگەکە هیچ پێگەو قازانجێکی زۆری بۆ کەس نەهێنایەدی. تەنیا سەرکەوتنی سەرەکیی هاوپەیمانەکان بریتیبوو لە گرتنی شاری "سێباستۆپۆڵ"ی قەڵائاسای روسیا بوو، بەڵام باجی ئەو سەرکەوتنە بەهۆی ئەو نەهامەتیی و قوربانیانەی کە لە ماوەی زستانی ١٨٥٤-١٨٥٥ بەسەر هاوپەیمانەکاندا هات، بەقورسیی درا، هەربۆیە لە ساڵی ١٨٥٥دا تێکڕای لایەنەکانی جەنگ ئامادەی گفتوگۆبوون. کۆنفرانسێکی ئاشتیی لە فێبرایەر-مارتی ١٨٥٦دا لە پاریس بەسترا، ئەوەی ڕێکەوتننامەیەکی تێدا گەڵاڵەکرا کە خواستە سەرەکییەکانی فەرەنسا، بەریتانیا و نەمسای بەرجەستە دەکرد.

هەرچەندە جەنگەکە بۆ بەرگرییکردن لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی کرا، بەڵام ئەو دەوڵەتە سەبارەت بە پێکهاتنەوەو ئاشتیی بەشێوەیەکی فەرمیی راوێژی لەگەڵدا نەکراو ناچارکرا کە بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە پەسەند بکات وەك لای خوارەوە دێت، گرنگترین خاڵەکانی نێو ڕێکەوتنە ئاشتییەکە بریتیبوو لە:

- نەهێشتنی هێزی سەربازیی و چەك دامالینی ناوچەی دەریای رەش (هەروەها لە بەری تورکیشەوە).
- کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی روسیا لە مۆڵدافیا و والاشیا.
- زامنکردنی سەربەخۆیی و یەکێتی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەلای تێکڕای زلهێزە ئەوروپییەکانەوە.

وەك مۆرکەرێکی ڕێکەوتننامەی پاریس، ئیمپراتۆرییەکە نها بە فەرمیی بووە بەشدارێکی" دەستەی ئەوروپیی" سیستمی زلهێزەکان کە لەدوای بەزینی ناپۆلیۆن و کۆنگرەی ڤیێنا هەوڵی جەختکردنەوەی لە هاوسەنگیی هێزە ئەوروپییەکان دەدا. هەرچەندە لاوازیی سەربازیی و دارایی ئیمپراتۆریی عوسمانیی مانای ئەوەبوو کە عوسمانییەکان وەك بابەتێك بۆ پیلانگێڕیی دیپلۆماسیی ئەوروپییەکان مابوونەوە. زیاتر لەوەی بەشدارێکی چالاك بن لەو دیپلۆماسییەدا. بڕیارەکانی چاکسازییە نوێیەکان مەودای بەڵێنەکانی فراوان کردبوو کە لە ساڵی ١٨٣٩دا درا و بەشێوەیەکی مەزن لەلایەن باڵیۆزی فەرەنسا و بەریتانیاوە لە ئەستەمبوڵ سەپێنرابوو. ئەوەی هاوکات لەگەڵ کۆنگرەی ئاشتیی و لەپێناو بەرزکردنەوەی شکۆو پێگەی عوسمانییەکان بڵاوکرایەوە. هێزە ئەوروپییەکان بە فەرمیی تێبینیی خۆیان سەبارەت بە راگەیاندنی

بڕیارەكـانی چاكـسازییە نوێیەكـە پێـشكەشكردو گوتیـان كـە ئـەو ڕاگەیاندنـە هـەموو بیانوویەكی لەبەردەم دەستێوەردانی ئەورووپییەكان لە پەیوەندییەكانی نێوان سوڵتان‌و ڕەعییەتەكەی نەهێشتۆتەوە.[٤٢] ئەم زامنكردنە تەنیا مەرەكەبی سەركاغەز مایەوە.

جـــەنگی كریمـــە ئاكـــامی دوورنمـــای ســـەبارەت بـــە چاكـــسازییەكانی نێـــوان ئیمپراتۆرییەكەو هـەروەها لایەنـە داراییـەكانی هـەبوو، بـەڵام پاشـتر دێینـە سـەر ئەوانـە، ئەمێستا یەكێتی خاكی ئیمپراتۆرییەكە لە ڕاستییدا دابینكراو ٢٠ساڵی دیكەی خایاند پێش ئەوەی جارێكی دیكە ئەو یەكێتییە بكەوێتەوە بەر مەترسیی.

## سەرلەنوێ كێشەی ڕۆژهەڵات

لەهەمان كاتدا نموونە كۆنەكە سەبارەت بە سیاسەت‌و دپلۆماسیی كێشەی ڕۆژهـەڵات سەرلەنوێ شكڵی دەگرتەوە. هەروەك لە قەیرانـەكانی سـربیا،یۆنان‌و هـەروەها لوبنانـدا، لەنێوەڕۆكـــدا نموونـــەكان هـــەر هـــەمان شـــت بـــوون، نارەزایـــەتیی‌و بێزاریـــی كۆمەڵگـەكان(زیـاتر كریـستیانییەكان) لـە ئیمپراتۆرییەكـەدا بـووە هـۆی هەڵگیرسـاندنی ژمارەیـەك ڕاپـەڕینی ناوچـەیی كـە بەشـێكی بـەهۆی بەدبەڕێوەبەرایـەتیی‌و بەشـەكەی دیكەشی لە ئاكامی جیاوازیی نەتەوایەتیی بوو كە لـەو سـەردەمەدا بڵاوببووەوە. ئنجا یەكێك لە هێزەكان بەشێوەی دپلۆماسیی دەستی تێوەردەدا، یاخود تەنانـەت بەشێوەی سەربازییش، تاكو بەرگریی لە پێگەی كریستیانییە خۆماڵییـەكان بكات. لـە ڕەوشـێكی بەوجۆرەی بەربڵاوی ڕكابەریی نێوهێزەكاندا وایدەكرد زلهێزەكـانی دیكـەش لـە پێنـاوی "هاوسەنگیی هێزەكان" دەستوەردەنە كێشەكانەوە. ئـەوەش وەك بـاو بـوو، هـەرجارەی بــە لەدەســتدانی ناوچــەیەك‌و هاتنــەدەرەوەی لــە بندەســتی حكومــەتی ناوەنــدیی عوسمانییدا كۆتایی دەهات.

دروســت ئەمــە ڕوویــدا كاتێـك لــە سـاڵی ١٨٦٠دا سـەرلەنوێ كێـشەكانی نێـوان كریستیانییە مارۆنییەكان‌و دەروزەكان لە لوبنان بۆ جەنگێكی نێوخۆ پەرەیسەندووە. جووتیـارە مارۆنییـەكان، بـە پاڵپـشتی ڕۆحانییـەكان، دژی موڵكدارەكان ( لـە مـارۆنی و دەروزەكان) ڕاپەڕین‌و هەروەها جەنگاوەری دەروزیی هاتنە نێو مەسەلەكەوەو هـەزارەها جووتیـاری مارۆنیـشیان كوشـت. پـاش ئـەوەی بـە ماوەیـەكی كـەم لـە ژوئیـەی ١٨٦٠دا، ڕەشـــەخەڵكانێكی موســـوڵمان كـــە لەلایـــەن دەروزەكانـــەوە هانـــدرابوون، زیـــاتر لـــە

[42] Davison, op. cit., Appendix A, 413.

٥٠٠٠كريستيانيى خۆماڵييان لە ديمەشق كوشت. ئەمەش وايكرد زلهێزەكان بە دەستپێشخەريى فەرەنسا خۆيان لە مەسەلەكە هەڵقورتێنن. تيپێكى سەربازيى كە نيوەى لە لايەن فەرەنسييەكانەوە دابينكرابوو، لە بەيروت دابەزين، وێڕاى ئەو هەوڵانەى عوسمانييەكان دايان لە ڕێگەى چەند هەنگاوێكى تەمێكارانەى توندوتيژ بۆ پوچەڵكردنەوەى ئامانجى هێزە گەيشتووەكە. هەوڵەكانى فەرەنسا بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەى كارگێڕى سوريا لە لايەن دەروازەى بالاو بە پشتگيريى بەريتانييەكان، ڕێگەى لێگيرا. لەكۆتاييدا، بەشە كريستيانييە سەرەكييەكانى كەنارى لوبنان و ناوچە چياييەكان بووە هەرێمێكى ئۆتۆنۆم لە سايەى "متەسەريفێك"ى كريستيانيى، ئەوەى كە دەبوو بە پشتگيريى زلهێزەكان دابنرايە.

لە ساڵى ١٨٦٦دا، كاتێك ڕاپەڕين لە كرێت بەرپابوو، هەمان حاڵەت دووبارە بووەوە. ئەوەى سەرەتا نارەزايەتييەك بوو دژى بەدكارگێڕيى عوسمانيى لە دوورگەكە، بەرەو جوڵانەوەيەكى نەتەوايەتيى لەپێناو يەكگرتنەوە لە گەڵ يۆناندا وەرچەرخا. ململانێيەكە بووە هۆى هەژاندنى ڕاى گشتيى چ لە يۆنان كە خەڵكى خۆبەخشانە چەكيان لەپێناو دوورگەكەدا هەڵدەگرت، ياخود لەنێو موسوڵمانانى ئيمپراتۆريى عوسمانيى (كرێت كەمينەيەكى موسوڵمانانى گرنگى هەبوو)و لە ساڵى ١٨٦٧دا هەر دوو وڵات لە لێوارى هەڵگيرساندنى جەنگدا بوون. لايەنگريى روسياو هەماهەنگيى لەگەڵ يۆنانييە ئۆرسەدۆكسەكانى رەعييەتى سوڵتاندا بەگشتيى هەستى پێدەكرا، ئەوەى ئەورووپييەكانى هاندا كە بە قازانجى ڕاپەڕيوەكانو بەستنەوەى كرێت بە يۆنانەوە خۆ لە مەسەلەكە هەڵبقورتێنن. بەڵام ڕاڕايى هێزەكانى ديكە ڕێگەى ئەوەى لێگرتن كە هەنگاوى ڕاستەوخۆ بهاوێژن. فشارى دەستەجەمعى ئەو هێزانە، دەروازەى بالاى ناچار كرد لێبوردن بۆ ڕاپەڕيوەكان ڕابگەيەنێتو چاكسازيى لە كارگێڕيى هەرێميى لە كرێت ڕابگەيەنێت بەوەى دەسەڵاتێكى زياتر بە كريستيانييەكان بدات. بەڵام دەستێوەردانى بيانيى لەوەزياتر تێنەپەڕينو لە كۆتايى ١٨٦٨دا ڕاپەڕينەكەش كۆتاييهات.

هەروەها لە بالكانيش جۆشى نەتەوايەتيى پەرەيگرت، ئەوەى دەركەوتنى جوڵانەوەى "سلاڤيزم" هاندەرى بوو (ئيگناتيڤ ى باڵيۆزى دەسەڵاتدارى روسى لە ئەستەمبوڵ) لايەنگرێكى بە پەرۆشى ئەو جوڵانەوەى بوو، لەگەڵ سربيا كە ناوەندێكى رووكەشى هروژاندن بوو)، كاتێك ڕاپەڕينەكە لەنێو جووتيارە كريستيانييەكانى بۆسنەو هەرسكى

هاوسێی دژە موڵکدارە موسوڵمانە خۆماڵییەکان بڵاوبووەوە، هاندانەکانی سربیاو مۆنتینیگرۆ ئەو راپەرینەیان بۆ جوڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی وەرچەرخاند، ئەمە لە ساڵی ١٨٥٣دابوو، لەساڵانی ١٨٦٠-١٨٦٢و هەروەها دووبارە لە ساڵی ١٨٧٥دا. لە ساڵی ١٨٦٠دا مۆنتینیگرۆییەکان چالاکانە پشتگیریی راپەرینێکیان لە بۆسنە-هەرسک کرد. کاتێک والی عوسمانیی لەبۆسنە راپەرینەکەی سەرکوتکردو مۆنتینیگرۆی داگیرکرد، زلهێزەکان لەپێناو رزگارکردنی حاڵەتی ئۆتۆنۆمیی ئەو میرنشینە چیاییە دەستیان وەردایە مەسەلەکەوە، کاتێک لە ساڵی ١٨٧٥دا راپەرین هەڵگیرسا، سەرەتایەك بوو بۆ بەدواهاتنی زنجیرەیەك رووداوی دیکە کە نزیکەی بوونی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە ئەوروپا کۆتایی پێهێنا.

## تەنزیمات

گومانی تێدا نیە کە فشارە بەردەوامە دەرەکییەکان هاندەرێکی بایەخداری راگەیاندنی چاکسازییە کارگێڕییە نێوخۆیی و یاساییەکان بوو لەماوەی قۆناغی تەنزیماتدا (١٨٣٩-١٨٧١). ئەوە بە تەواوەتیی راست بوو سەبارەت بەو چاکسازییانەی لەبارەی پێگەی کەمینە کریستیانییەکانی نێو ئیمپراتۆرییەتەکە کرا. هێزە ئەوروپییەکان لەپێناو چاککردنی پێگەی ئەو کۆمەڵگایانەدا فشاریان دەهێنا، ئەوانەی کە لە پێکهاتەی سونەتیی کۆمەڵایەتیی عوسمانییدا رەعییەتی پلەدوو بوون. ئەوانە بەهێواشیی، بەڵام بە بڕواوە یەکسانییان لەگەڵ زۆریەنەی موسوڵمانەکاندا بەدەستهێنا، لانی کەم لەسەر کاغەز. هەرچەندە ئەمە وای لێنەکردن (هێزەکانی دیکەش) کە دەست لە جیاوگەکانیان هەڵگرن کە پێشتر لە سایەی سیستمی(میللەت) دا پێیان رەوا بینرابوو. هێزەکان بەدڵنیاییەوە بەشێکیان ئەوە هاندەریان بوو کە خوازیاربوون دەسەڵاتی خۆیان لەنێو ئەو تایفەو تاقمە وابەستانە- کاسۆلیك و ئەوانەی بڕوایان بە یەکسروشتی عیسای مەسیح هەیە (ئەندامانی کڵێسای رۆژهەڵاتیی کە دانیان بە دەسەڵاتی پاپادا نابوو) بۆ فەرەنسیی و نەمساییەکان، ئۆرسەدۆکسەکان بۆ روسیا، دەروزو پرۆتستانەتەکان بۆ بەریتانیا- بەڵام هاوبەستەگیی کریستیانییەکان لەبنەڕەتدا رۆڵی سەرەکیی دەبینی. قۆناغی فیکتۆریی، قۆناغێك بوو خواپەرستیی و چالاکیی رێکخراوە مسیۆنێرییەکان و جوڵانەوە کریستیانییەکانی تێدا زێدەبڵاو بوو. مسیۆنێرەکان لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا زۆر چالاك بوون و زانیارییان سەبارەت

بە رەوشى هەنوكەيى ئیمپراتۆرییەكە بە لایەنگرو هەوادارانی خۆیان دەدا (زۆربەی جار بەو شێوەیەی خۆیان ئارەزوویان دەكرد) هەربۆیە كاریگەرییەكی مەزنیان لە تێوەگلانی رای گشتیی لە رووداوەكاندا هەبوو.

هەرچەندە هەڵەیە گەر بەتەنیا فشاری بیانیی بەهۆكاری چاكسازییەكان دابنرێت. هەروەك فەرمانی گوڵخانە لەساڵی ١٨٣٩دا، ئەوانە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی بیانییەكان بەكار دەهێنران یاخود بۆ رێگرتن لە دەستێوەردانی بیانیی بوو. بەڵام ئەو چاكسازییانە هەروەها ئاكامی بڕوایەكی رەسەن بوو كە تەنیا رێگە بۆ رزگاركردنی ئیمپراتۆرییەكە بریتییە لە گرتنەبەری چاكسازیی بەشێوە رۆژئاواییەكەی.

چاكسازییەكانی پاش ساڵی ١٨٣٩ هەموو ئەو بوارانەی گرتۆتەخۆ كە لەبەرنامەكەی سوڵتان مەحموودی دووەمدا هەبوو، سوپا، كارگێڕیی ناوەندیی، بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمییەكان، سیستمی باج، فێركردن و پەیوەندییەكان. ئەوەی نوێ بریتیبوو لە جەختكردنەوەیەكی زیاتر لە چاكسازیی دادپەروەریی و كارو هەنگاوە راوێژكارییەكانی.

## چاكسازییە سەربازییەكان

ئەمێستا سوپا (نیزامیە/رێكخراو)ی پێدەگوترا و لەم قۆناغەدا فراوانكرابوو، هەروەها چەك و تفاقی ئەوروپیی بۆ دابینكرابوو. سوڵتان مەحموود چەندین جارهەوڵیدا بە چاولێكەریی سوپای میسریی، سیستمی سەربازگیریی پێشكەش بكات : نها لە ساڵی ١٨٤٥ بەرەوسەر لەزۆربەی ناوچەكانی ئیمپراتۆرییەكە گیرابووەبەر.[43] هەروەها ئەمێستا كریستیانییەكانیش داواكرابوون (یاخود لە دیدی عوسمانییەكانەوە رێگەیان پێدرابوو) كە راژە بكەن. بەڵام كاتێك دەركەوت كە كارێكی وا دەگونجێت تەنگەژەیەكی سەخت لەنێو سوپادا پێكبهێنێت . ئەوانە هەرزوو چارەیان

---

[43] پێشەكیی سەربازگیریی ماوەیەكی خایاند، ئەو بابەتە لەكۆتایی سەردەمی مەحمووددا گفتوگۆی لەبارەوە كراو یەكێكیش بوو لە بەڵێنەكانی فەرمانی گوڵخانە، رێكخستنی سوپای نوێ تێكەڵ بە سیستمێكی سەربازگیریی بوو كە لە سێپتەمبەری ١٨٤٣دا راگەیەندرا، هەروەها سیستمی سەربازگیریی بە تیروپشك لەساڵی ١٨٤٨دا دامەزرێنرا.بڕوانە:

Erik-Jan Zürcher (1999) ‘The Ottoman conscription system in theory and practice 1844–1918’, in Erik-Jan Zürcher (ed.) Arming the state: military conscription in the Middle East and Central Asia 1775–1925, I.B.Tauris,82.

بۆ دۆزرایەوەکە لەجێی راژە "بەدەلی عەسکەریی" کە باجێکی تایبەتە دەیدەن، کە بەگشتیی پێیان باش بوو. هەروەها موسوڵمانەکانیش دەیانتوانی لەبری راژەی سەربازیی، بەدەل بدەن. بەڵام ئەو بڕەپارەیەی کە بۆ زۆربەی خەڵك داوادەکرا یەکجار زۆربوو. چەند توێژێکی کۆمەڵایەتیی وەك دانیشتووانی ئەستەمبوڵ و کۆچەرەکان لەراژەی سەربازیی بەدەرکرابوون. بەڵام بۆ ئەو کۆمەڵگانەی کە راژەی سەربازیی دەیگرتنەوە، سەربازگیریی لەنێویان جێگەی ناڕەزایی و بێزارییان بوو. راژەی سەربازیی ئاسایی پێنج ساڵ بوو، بەڵام گەر راژەی یەدەکی هەرێمەکانیشی بخرێتەسەر ئەوا ماوەکەی دەبووە ٢٢ساڵ.

لە رووی رێکخراوییەوە، مەزنترین پەرەسەندنی نوێ بریتیبوو لە دەزگای سەربازیی هەرێمەکان کە خاوەن فەرماندەیی خۆیان بوون، لە ساڵی ١٨٤١دا، ئەوانە خرانە ژێر رێبەرایەتیی "سەرعەسکەر" لە ئەستەمبوڵ، بەوەش دەسەڵاتی والی و خانەدانی هەرێمەکان بەسەر هێزە پارێزگارەکانی هەرێمەکاندا کۆتاییهات. لەم رووەوە سەرنجڕاکێشترین شت بریتیبوو لە دامەزراندنی هێزێکی دەریایی نوێ کە کەشتیگەلی جەنگیی پۆڵاقەڵغانی گرتبووەخۆ — لەوەاوەی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولعەزیز(١٨٦١-١٧٢٦) ئەوەی کە قازانجی تایبەتیی لە هەرشتێك وەردەگرت پەیوەندیی بە دابینکردنی چەك و تفاقی سەربازیی بۆ سوپا بووایە، هێزی عوسمانیی دەریایی بووە سێیەمین هێزی مەزن لە ئەوروپا، هەرچەندە لێوەشاوەیی دەستەی کەشتیوانی عوسمانیی زۆر لەدوای کەشتیوانە ئەوروپییەکانەوە بوو، هەربۆیە هێزی دەریایی عوسمانیی هیچ کات نەبووە ئامرازێکی کاریگەریی توانا و هێزی راستیینە.

## چاکسازیی کارگێڕیی ناوەندیی

پەرەسەندنی سەرەکیی لە سیستمی کارگێڕییدا لەسەر ئاستی ناوەندیی لەم ماوەیەدا بە ئاراستەی عەقڵانییکردن و پسپۆڕیی دەرۆیی، بەوەی دەستەیەکی تەواو لە وەزیرەکان و لیژنەگەلێکی هاوشێوە ئەوروپییەکەی وردە وردە دامەزرێنرا.

هەروەك لەسەرەوە تێبینییکراوە، ناوەندی دەسەڵات لەنێو حکومەتدا لەم ماوەیەدا بە ئاشکرا لە دەربارەوە بۆ بیرۆکراتیی دەستئاوەڵای نوێ لە دەروازەی باڵا گۆڕا. لەنێو تەواوی پێکهاتەی کارگێڕیی دەروازەی باڵادا، بایەخ و رۆڵی وەزارەتی کاروباری دەرەوە جێگەی سەرنج بوو. رەشید پاشای دەوڵەتکاری رێبەریی سەردەمی تەنزیمات، وێڕای

قوتابییەکانی (عەلی پاشاو فوئاد پاشا) پێکەوە ١٣جار بوون بە وەزیری دەرەوەو بە بەردەوامیی لەماوەی ئەو قۆناغەدا (جگە لە ساڵانی ١٨٤١–١٨٤٥) ئەو پۆستانەیان بە دەستەوە بوو. وەزارەتەکە تەنیا کاروباری دەرەوەی بەڕێوەنەدەبرد، بەڵکو هەروەها رۆڵێکی سەرەکیی فۆرمەڵەکردنی کارگێڕیی نێوخۆییو چاکسازییەکانی فێرکردنو دادوەریی دەگێڕا. چەند هۆکارێکیش بۆ ئەم مەبەستە هەبوو، ئەرکی سەرەکیی وەزارەتەکە سەرۆکاریی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو کە لەماوەی سەدەی هەژدەیەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد، ئەویش بەهۆی پەرەگرتنی فشاری ئەوروپییەکانو هەروەها کەمبوونەوەی کاریگەریی هێزە چەکدارەکانی ئیمپراتۆرییەکە. رۆڵی باڵادەستیان لە جوڵانەوەی چاکسازییدا لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شارەزایی پێویست لە (زانینی زمانە ئەوروپییەکان، شارەزایی لەبارەی کۆمەڵگە ئەوروپییەکانەوە) لەو وەزارەتەدا چڕببوەوە. هەروەها لەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان فشاری دیپلۆماتە بیانییەکانو هەروەها دەستێوەردانیان لەلایەکەوەو هەوڵەکان بۆ چاکسازیی لە لایەکی دیکەوە، بەڵگەیەکی تایبەت بوو لە هەموو ئەو کێشانەی کە بەشێوەیەك یان زیاتر پەیوەندیی بە پێگەی کریستیانییە عوسمانییەکانەوە هەبوو.

جگە لە گەشەکردنی وەزارەتە نوێیەکان، ئاراستە بایەخدارەکەی دیکە لەسەر ئاستی ناوەندیی بریتیبوو لە پەرەسەندنی سیستمی ئەنجومەنی راوێژکارییو هەروەها کۆمسیۆنەکان. هەیئەتی تایبەت کە بایەخ بە کێشە تایبەتەکان دەدات وەك بنیاتنان یاخود بازرگانیی لە چەند وەزارەتێك گەشەیان کردبوو. ئەرکیان بریتیبوو لە هاوکاریی ئامادەکردنی هەنگاوی نوێو یاسای نوێ. رۆڵێکی سەرەکیی لەلایەن (ئەنجومەنی باڵای رێنماییە دادوەرییەکان) بەڕێوەدەچوو کە لە ساڵی ١٨٣٩دا، کە فەرمانێکی نوێی پێدرا لەگەڵ جۆرێك لە کارو تایبەتمەندیی پارلەمانتاریی (لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ وەربگیرێنو هەروەها سوڵتان بەڵێنیدابوو بڕیاری ئەو ئەنجومەنە ئەرێ بکات). هەرچەندە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە کارو هەنگاوەکانی ئەو ئەنجومەنە شێوەی پارلەمانتاریی هەبوو، بەڵام ئەنجومەنەکەو ئەوەی بەدوایدا هات ناوکی پارلەمانێك نەبوون. ئەوە ئەنجومەنێکی راوێژکاریی کارمەندە باڵاکانی دەوڵەت بوو، بەهیچ شێوەیەك هەڵنەدەبژێردراو دەسەڵاتیشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەت فرە سنووردارببوو،جگە لەوەی لەژێر رەحمەتی سوڵتاندا بوون. ئەنجومەنی باڵا دوو ئەرکی لە دەستی خۆیدا کۆکردبووەوە: لەلایەکەوە هەڵدەستا بە گەنگەشەکردنو ئامادەکاریی

پـرۆژە یاسـاکان، لەلایـەکی تـرەوە ئـەو ئەنجومەنـە وەك دادگایـەکی پێداچـوونەوەی کاروبـارە کارگێڕییـەکان هەڵدەسـوڕا. بـڕی ئـەو کـارو ئەرکانـەی ئـەم ئەنجومەنـە پێیهەڵدەسـتا لـەماوەی چـەند سـاڵێکی کەمـدا یـەکجار زێـدەبوو، لـەوەش زیـاتر لـە سـەرەتای ١٨٥٠کانـدا، راو دیـدی جیـاواز لـەنێو ئەنجومەنەکـەدا دەرکـەوت، بەشـێوەیەك بـووە قـەڵای یەکـەمین نـەوەی چاکـسازەکان کـە لەلایـەن مـستەفا رەشـید پاشـاوە رێبەرایـەتیی دەکـرا، هـەروەها دەوڵـەتکارانی دووەمـین نـەوە کـە لەلایـەن قوتابییـەکانی ئـەوەوەو ئەوانـەی عـەلی پاشـاو فوئـاد پاشـا بـوون، ئەوانـەی کـە خوازیـاربوون زیـاترو خێراتر بە ئاراستەی بەرنامەی رۆژئاواگەراییدا بڕۆن.

لەبەر ئەم هۆیانە، لەساڵی ١٨٤٥دا گۆڕانێك پێشکەشکرا، ئەرکە دادوەرییەکان لەلای ئەنجومەنەکە مایەوە، لەکاتێکدا ئەرکە تەشریعییەکەی ببووە جیاوگی دەزگایەکی دیکە کە"مەجلیسی ئالی تـەنزیمات/ئەنجومـەنی بـاڵای چاکسازییەکان"ی پێدەگوترا کـە لـە لایـەن دووەمـین نـەوەی چاکـسازەکانەوە بـە سـەرۆکایەتیی فوئـاد پاشـا بـەڕێوەدەبرا. گۆڕانەکــە هێنــدێك لێکخــشاندنی لەنێوانــدا هــەڵگرت، بــەڵام کێــشەی پڕکــاریی ئەنجومەنەکـەی چارەسـەر نـەکرد. لەبەرئـەوە، لەسـاڵی ١٨٦٠دا (پـاش مردنـی رەشـید پاشا) هەردوو دەزگاکە جارێکی تر کرانەوە بەیەك، بەڵام ئەمێستا ئەرکەکان بەسەر سێ بەشدا جیاکرانەوە:یەکێك بۆ یاسادانان، یەکێك بۆ کارگێڕیی، ئەوەکەی دیکەشیان وەك دادگایــەکی پێداچــوونەوە هەڵــسوڕان. دواجـار لەسـاڵی ١٨٦٨دا، هــەمان نموونــەی فەرەنــسیی لەژێرفــشاری فەرەنــسادا گیرایەبــەر، ئــەوەی دیــسانەوە بــۆ دوو دەزگــا دابەشکرایەوە، یەکێکیان (شورای دەوڵەت/ئەنجومەنی راوێـژکاریی دەوڵـەت) کە ئـەرکی یاسـادانانی هـەبوو، هـەروەها دادگایـەکی جیـای پێداچـوونەوە.[٤٤] یـەك لـە جیاوازییـە گرنگـەکانی نێـوان ئامادەکارییـەکانی سـاڵی ١٨٦٨و ئەوانـەی پێـشوو ئـەوەبوو کـە ئەنجومـەنی دەوڵـەت نوێنەرایـەتیی بـوو، هەرچـەندە هەڵنەبـژێردرابوو، خـەڵکانێك کـە ئەندامی موسوڵمانو کریستیانیی دەستنیشانکراوبوون بە چەند لیستێك لەلایەن والیە هەرێمییەکانەوە ئامادەدەکران.

---

[44] بۆ ناساندنێکی روونو نەخشەی مێژووی هەمەڕەنگی "مەجلیس" بڕوانە:
Mehmet Seyitdanlıoğlu (1991) *Tanzimat devrinde Meclis-I Vâlâ (1838–1868)*, Ankara: Türk Tarih Kurumu, 64.

دەگونجێت فرە گرنگتر لەو پەرەسەندنانەی لە ئاستی ناوەندا هاتۆتەکایە بریتیبێت لە پەرەسەندنی ئەو چاکسازییانەی لە کارگێڕیی هەرێمەکاندا بە هەماهەنگیی ئەو هەولانەی لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی باجی دادپەروەرانەو کاراتر (وەك لە فەرمانی گوڵخانەدا راگەیەندراوبوو). لەساڵی ١٨٤٠دا، سەرلەنوێ رێکخستنەوەیەکی سەرەکیی لە سیستمی باجدا راگەیەندرا، کە تەنیا سێ جۆر باج هێڵرانەوە: "جزیە/سەرانە" کە لە ناموسوڵمانەکان وەردەگیرا، "عوشر/دەیەك"و "مورەتیبات/باجی خزمەتگوزاریی". لەهەمان کاتدا وابابوو کە گوندەکان یاخود کۆمەڵگەکان دەبوو خواردن و شوێنی حەوانەوەیان بۆ ئەو کارمەندانەو دەستوپێوەندەکانیان بکردایە کە بەو ناوەدا تێدەپەڕین یاخود دەمانەوە، دەبوو ئالفی ئەسپ و بارگیرەکانیشیان دابین بکەن (کە بارێکی گران بوو بەسەرشانی خەڵکی گوندەکانەوە) بەشێوەیەکی فەرمیی هەڵگیرا (ئەوەی پێشتر چەند جارێك هەولی بۆ درابوو).

هێشتا لەوە بایەخدارتر، سیستمی باجی کشتوکاڵیی بە کۆکردنەوەی راستەوخۆ شوێنی گیرایەوە، ئەوەی لە رێگەی دامەزراندنێکی موچەی نێوەندییەوە بە ناوی "موحەسیل/بەدەستهێن"هاتەدی. بەهیوای ئەوەی کە ئەمە داهاتی حکومەتی ناوەندیی زێدەبکات و باجی سەرشانی جووتیارانیش کەم بکات. بەلام ئاکامەکەی بە کارەساتێکی تەواو کۆتاییهات. حکومەتەکەی رەشید پاشا ئەوەندە کادری لێوەشاوەی نەبوو وەك موحەسیل دایانبمەزرێنێت. ئەو خانەدانە خۆماڵییانەی کە باجی کشتوکاڵییان قۆرخکردبوو، کۆکردنەوەکەیان تێکدابوو. نەبوونی زانیاریی ورد (هێشتا رووپێوێکی وردی ناوچەکان دیاریی نەکرابوو، لە راستییدا تەواوکردنی رووپێوی گشتیی کە لە ساڵی ١٨٥٨دا دەستپێکرد تا ساڵی ١٩٠٨ی خایاند) وایکرد کە کۆکردنەوەی شیاوی باج مەحاڵ بێت . لەکاتێکدا کە سیستمی موچە لەلایەن کارگێڕیی دەوڵەتییەوە پێشەکەشکرا، داهاتی دەوڵەت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی. لە ئاکامدا رەشید پاشا لە دەسەلات لابراو سیستمی باجی کشتوکاڵیی کۆن گەڕێنرایەوە، لە زۆرینەی بەشەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا ئەم باجە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بە

باجی راستەوخۆ شوێنی نەگیرایەوە، تەنانەت تا کۆتایی ئیمپراتۆرییەکەش ٩٥ لەسەدی باجی کشتوکاڵیی لە دەیەك کۆدەکرایەوە.[٤٥]

لە چاکسازییەکانی دیکەی باج کە شوێنی لەسەر جەماوەری دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکە دانابوو، یەکەمیان لابردنی جزیە بوو کە بە ئاشکرا لەگەڵ راگەیاندنی سیاسەتی پێدانی ماف یەکسانیی بە موسوڵمانەکان ناکۆك بوو. هەرچەندە باجی نەکردنی راژەی سەربازیی (بەدەل عەسکەریی) شوێنی جزیەی گرتەوەو لە رووی کردارییەوە زیاتر لە جزیەی تێپەڕاند. دووەمیان، بریتیبوو لە چاکسازیی باجی"ئەغنام/مەڕانە" کە سەرجەم مەڕدارەکانی دەگرتەوە کە لە ساڵی ١٨٥٦دا دەرچوو، ئەم یاسایە سیستمێکی نوێی بۆ تۆمارکردنی خاوەنێتیی داڕشتبوو کە پشتی بە گرێبەستو قەواڵە دەبەست. بەپێی ئەم سیستمە نوێیە، پارچە زەوییە مەزنەکانی دەوڵەتیی "میریی" نها دەگۆڕا بۆ "موڵك/خاوەنێتیی تایبەت".[٤٦]

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو شکستەی لە جێبەجێکردنی باجی راستەوخۆ لە ساڵانی ١٨٤٠–١٨٤١دا هاتەپێش، حکومەتی عوسمانیی پەنای بۆ یاسای سەربازیی بردو بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمەکانی بە فەرماندەی سوپای هەرێمەکان سپارد.[٤٧] لەماوەی ساڵانی ١٨٤٠کاندا حکومەت ئامانجی بەناوەندییکردنی کارگێڕیی نێوخۆیی ئیمپراتۆرییەکە بوو، هەوڵیدەدا کە دەسەڵاتی فەرماندارەکان بە دامەزراندنی کارمەندانێك کەمبکاتەوە کە راستەوخۆ لەبەرامبەر دەروازەی باڵادا بەرپرسیار بوون تا فەرماندارە هەرێمییەکان، هەروەها لە رێگەی ناردنی لیژنەی پشکنینو هەروەها بە دامەزراندنی ئەنجومەنی هەرێمەکە. لەم ئەنجومەنانەدا کە کەم یان زیاد یەکەمین دەزگا نوێنەرییەکانی ئیمپراتۆرییەکە بوون، بە بایەخدارترین نوێنەرایەتییە خۆماڵییەکانی حکومەت (بۆنموونە، والی، قازیی، بەڕێوەبەری پۆلیس) لەگەڵ نوێنەرایەتییە خۆماڵییەکان لە خانەدانو سەرانی بایەخداری تایفەو میللەتەکان پێکدەهاتن. وێڕای

---

45 Donald Quataert (1994) 'The age of reforms, 1812–1914', in Halil İnalcık with Donald Quataert, *An economic and social history of the Ottoman Empire 1300–1914*, Cambridge: Cambridge University Press, 855.

46 Quataert, op. cit., 856–60 .

47 Stanford J. Shaw and Ezel Kural Shaw (1977) History of the Ottoman Empire and modern Turkey. Volume 2, Reform, revolution and republic: the rise of modern Turkey 1808–1975, Cambridge: Cambridge University Press, 86–7.

ئەوەش، لەماوەی دوومانگی ساڵی ١٨٤٥دا ئەنجومەنێکی هەرێمیی خانەدانەکان لە ئەستەمبوڵ پێکهاتبوو، هەرچەندە ئاکامێکی هیوا لەسەرهەڵچنراوی لێ شین نەبوو.

لە ساڵانی ١٨٥کاندا، ئاشکرابوو کە ئەم شێوازە بەناوەندییکردنە کە ئامانجی کەمکردنەوەی ئۆتۆنۆمیی هەرێمەکان بوو، بۆ کارگێڕییەکی کارای هەرێمەکان زیانبەخش بوو. بەو پێیەش، فەرمانڕەوایەتیی ئامادەکارییە هەرێمییەکانی ساڵی ١٨٥٨ دەسەڵاتی والییەکانی گێڕایەوە، هەموو ئەو کارمەندانەی کە لە ئەستەمبوڵەوە دەیناردن بۆ هەرێمەکان، خستنیە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە. لە ساڵی ١٨٦٤دا، یاسایەکی نوێ سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی هەرێمەکان، سیستمێکی تەواو پلەبەندیی لەبارەی هەرێمەکانو لە بەشە کارگێڕییەکانی دیکەی پێشکەشکرد. لە "ویلایەت/هەریم"ەوە بۆ "سنجەق/پارێزگا"، هەروەها "قەزا/مەڵبەند"و "ناحیە/ناوەندی لادێ"و "قەریە/گوند" ئەم سیستمە لەسەر بنەمای شێوازی سیستمە فەرەنسییەکە دامەزرابوو و (لەسایەی کاریگەریی فەرەنسییەکاندا ) ئەم سیستمە لە ساڵی ١٨٧١دا زێدەتر ڕێکخرا.

لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم بەرەوسەر، چاکسازییەکان وەك ئەزمونێك لە یەکێك یان زیاتر لە هەرێمەکاندا تاقییکرانەوە. ئەو ئەزموونانە لە فۆرمەڵەکردنی چاکسازییەکانی دواتردا کاریگەرییان هەبوو، وەك یاساکەی ساڵی ١٨٦٤. کاریگەریی ئەو چاکسازییانە لە بواری باجگریی و کارگێڕییدا دەکرا بەشێوەیەکی مەزن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەو لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە جیاوازیی هەبوو. لەوەدەچێت بڕیاردەری سەرەکیی شیاویو توانای ئەو پیاوەبێت کە ترۆپکی دەسەڵاتە. هێندێك گارگێڕیی بەڕێوەبیەرایەتیی هەرێمەکان ناوبانگێکی لێوەشاوەییو سەرڕاستیی ئەوتۆیان بەدەستهێنابوو کە روویان لەهەر شوێنێك بکردایە پێی دەناسران. کارگێڕییو بەڕێوەبردنەکەیان هێندێك جار لەبواری بەرنامەکانی کارو بەرنامەی گشتیی ئاکامی تایبەتیی خۆی هەبوو( ڕێگا، پردو ڕووناککردنەوەی ڕێگەو بانەکان)، تەندروستییو حەوانەوەی خەڵكو داهاتی باجیان بۆ دەوڵەت چاککرد. مەدحەت پاشا بە تایبەت، بە سەرڕاستییو لێوەشاوەیی ناوبانگی دەرکرد کاتێك بۆ ماوەیەك وەك والی لە نیش(١٨٦١–١٨٦٤) و پاشتریش لە هەرێمی دانوبی تازەپێکهێنراو و هەروەها لە بەغدا دەستبەکار بوو.[٤٨] هەرچەندە ئەم جۆرە والییانە ناوازەبوون زیاتر لەوەی بنەمابن.

---

[48] Davison, op. cit., 144–7, 160–3.

## هەنگاوەكانی بواری دادوەریی و یاسا سێكیولارەكان

قۆناغی تەنزیمات چەندین گۆڕانی لە بواری سیستمی دادوەرییەوە بەخۆوەبینی، كە زۆربەیان بۆ ئەو گۆڕانە دەگەڕایەوە كە لە پێگەی كۆمەڵگە ناموسوڵمانەكاندا هاتەئارا. شەریعەتی ئیسلام هەرگیز رەتنەكرایەوە، بەڵام كاریگەریی لە هێندێك لایەنەوە، بەتایبەت لە بواری یاسای خێزانییدا بە تەواوی كاڵ بووەوە (كێشەكانی وەك موڵكایەتیی نها هێنرابووە ژێر سایەی یاسا سێكیولارەكان)و هەروەها لە ساڵانی ١٨٥٦–١٨٨٨ وەك كۆمەڵە یاسایەك بە شێوە ئەوروپاییەكەی كاری پێدەكرا. ئیمپراتۆرییەكە هەمیشە لە سایەی سیستمێكی دووانەییدا بەڕێوەدەچوو، لەگەڵ فەرمانە سوڵتانییەكان كە شانبەشانی (هەرچەندە لە رووی تیۆریشەوە لە سایەی) شەریعەتی ئیسلامدا بوو، بەڵام پیاوەكانی دەوڵەتی قۆناغی تەنزیمات، یاسای سێكیولارو دامەزراوەی نوێیان داهێنا بۆ ئەوەی شوێنی سیستمی "قانون"ە سونەتییەكە بگرێتەوە كە بەگشتیی گۆڕینی پێگەی بیانییەكانی ئیمپراتۆرییەكە یان كریستیانییە عوسمانییەكان خوازیاری بوو. لە ساڵی ١٨٤٣دا كۆمەڵە یاسایەكی سزادان پێشكەشكرا كە دانی بە یەكسانی نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمانەكاندا نابوو.لەهەمان كاتدا، دادگای تایبەت بۆ پرسە بازرگانییەكان دامەزرێنرا كە تێكەڵ بووو بیانییەكانیشی لەخۆدەگرت، لە ساڵی ١٨٤٤دا ئەو یاسایە لابرا كە شەریعەت بۆ كوشتنی ئەوانەی لە ئیسلام وەردەگەڕێن داینابوو. كۆمەڵە یاسایەكی بازرگانیی، كە لە یاسای فەرەنسییەوە وەرگیرابوو ، لەساڵی ١٨٥٠دا پێشكەشكرا. لە ساڵی ١٨٦٣دا كۆمەڵە یاسای بازرگانیی دەریایی بەدواداهات و لە ساڵی ١٨٦٧ یاسایەك رێگە بە بیانییەكان دەدات بۆ یەكەمجار لەنێو خاكی عوسمانییدا خاوەن زەوی خۆیان بن. لە ساڵی ١٨٦٩دا پلەبەندیی دادگا سێكیولارەكان كە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەكانەی كە ناموسوڵمانەكانی تێوەگلاوە، دادگاكانی نیزامیە /سەربازیی پێكهێنران.

نەك تەنیا یاسا و دامەزراوەكانی ئیمپراتۆرییەكە سێكیولاریزەكران، بەڵكو ئەوانەی میللەتە كریستیانییەكانیش. لەنێو كۆمەڵگە ئەرمەنیی و یۆنانییەكاندا كە بۆرجوای بازرگانییان دەوڵەمەندترو زیاتر متمانەبەخۆ بوو. لەهەمان كاتدا پەیوەندییان بە ئەوروپاوە بووەهۆی بڵاوبوونەوەی هزرو بیروبڕوا سیاسییە فەرەنسییەكان لە نێویاندا. ئەوەش بووەهۆی پەرەگرتنی جوڵانەوەی رزگاریی رێكخراوەیی ئەو گەلانە لە دەسەڵاتی توندی كڵێساكانیان. ئەم جوڵانەوەیە هاندەرێكی زیاتری لەلایەن

پرۆتستانتی نوێی گەلی ئەرمەنییەوە لەسایەی (فشاری بەریتانیی لە ساڵی ١٨٥٠دا) بەدەستهێنا، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە پێکهاتەیەکی نوێنەرایەتیی هەبوو. پاش گەنگەشەو ململانێیەکی درێژخایەن، گەلی ئەرمەنیی گریگۆریی لە ساڵی ١٨٦٣دا دەستووریکیان پەسەندکرد کە وەك ڕێنماییەك ڕاژەی بە جوڵانەوەی دەستووریی عوسمانیی کرد. هەروەك لەم ماوەیەدا گەلی یۆنانییش چەند هەنگاوێکیان بەرەو سێکیولاریزمو کارگێڕیی نوێنەرایەتیی نا. هەرچەندە دەسەڵاتی ڕۆحانییەکان لای ئەمان زیاتر بەهێزتر بوو وەك لای ئەرمەنییەکان.کۆمەڵگەی جوو لە ساڵی ١٨٦٥ دەستووری تایبەت بەخۆی بەدەستهێنا. ئاکامێکی سەیروسەمەرەی ئەم پەرەسەندنانە ئەوەبوو کە بەهۆی ئەم پرۆسە سێکیولاریزەکردنەوە گەلانی غەیرە موسوڵمان پلەیەکی فەرمیی دامەزراوەییکردنی ئەوتۆیان بەدەستهێنا کە هیچ لە سایەی ئیمپراتۆرییە سونەتییەکەی عوسمانییدا بەخۆیانەوە نەدیبوو. لەڕاستییدا، ئەو نوێنەرایەتییە کە لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا دەسەڵاتیان لەسایەی ئەو گۆڕانو ڕێنماییە نوێیانەدا بەدەستهێنا، ناڕاستەوخۆ هانی جوڵانەوەی جیاخوازیی نەتەوایەتییان دا، ئەو جوڵانەوەیەی کە لەم ناوەندانەدا پشتگیریی خۆی بەدەستهێنا.[٤٩]

## سێکیولاریزەکردنی فێرکردن

هەروەها لە قۆناغی تەنزیماتدا سێکیولاریزەکردنی فێرکردن ئاراستەیەکی فرە بایەخدار بوو. هەروەك لە قۆناغەکەی پێشووتردا، بایەخی سەرەکیی درا بە دامەزراندنی خوێندنگەی ڕاهێنانی پسپۆڕییەکانی بیرۆکراتیی کارگێڕیی و سەربازیی. لە هەمووی گرنگتر (مەکتەبی موڵکیە/خوێندنگەی کارمەندان) بوو کە لە ساڵی ١٨٥٩دا دامەزرا. ئەوانەی لوتکەی قوچەکی فێرکردنیان لە ئیمپراتۆرییەکەدا پێکهێنا. چونکە ئەو چەند هەوڵانەی بۆ دامەزراندنی زانکۆ دران تا ساڵی ١٩٠٠ سەرکەوتوو نەبوون. ئەوە کاردانەوەی نێوەرۆکی هزری قازانجخوای فێرکردنە لای پیاوانی تەنزیمات.

سوڵتان مەحموود پێشتر دەستی بە دامەزراندنی (ڕوشدیە/تازەپێگەیشتووان) کرد، کە خوێندنگەیەکی سێکیولاری کوڕان بوو لە نێوان تەمەنی ١٠–١٥ ساڵیدا. ئەوانەی کە لە (مەکتەب/فێرگەی سەرەتایی) دەردەچوون کە تێیدا قورئانی پێ لەبەردەکرا و هێندێکجار فێری نووسین و خوێندنەوەش دەکران. ڕوشدیە وەك پردێك بوو لەنێوان

[49] Davison, op. cit., 132–3.

مەکتـەب و ئـەو خوێندنگانـەی کـە کارمەنـدی بەشـە جۆراوجۆرەکـانی حکومـەتی تێـدا بـاردەهێنرا. کـەمتر لـە ٦٠دانـە لـەو خوێندنگـە نوێیانـە لـەنیوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەیەمـدا کرایـەوە، وێـڕای کـەموکوڕیی بـاو کـە لـە پـارەو کەسـایەتیی مامۆسـتا راهێنەرەکاندا هـەبوون، پەرەسـەندنی هێواشـی فێرکردنـی هاوچەرخ وای لـە سوپا کـرد کە لە ساڵی ١٨٥٥ەوە بەرەوسەر، خوێندنگاکانی روشدیەی سەربازیی گەشەپێدا. کە لـەو شـارانەی هێـزی پاراسـتنی سـەرەکییان لێبـوو، خوێندنگـەی (ئیعدادیـە/ئامـادەیی) بەدواداهات.

لـە سـاڵی ١٨٦٩دا، نـەزمێکی نوێ بۆ خوێنـدنی گشتیی پێشکەشکرا، کە پشتی بـە راوێـژکاریی وەزارەتـی فێرکردنـی فەرەنسیی دەبەسـت. ئـەم نەزمـە نوێیـە سیسـتمێکی سـێقۆناغیی فێرکردنـی گرتبووەبـەر. خوێندنگـەی روشـدیە لـە هەریـەك لـە گونـدە گـــەورەکان و خوێندنگـــەی ئامـــادەیی مـــەدەنیی لـــە شـــارەکان و کۆلێجـــەکانی "سوڵتانییە/ئیمپراتۆریی" ش کە هاوشێوەی لیسانسی فەرەنسیی بوو لە هەریەکە لە پایتـەختی هەرێمـەکان. ئەمـە هـەموو خوێنـدنگاکانی کوڕان بوو. بەڵام ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی خوێندنگـەی جیاواز بۆ کچان لەو نەزمەدا کاری بۆ کرابوو. لە ساڵانی ١٨٧٠کاندا پەرەسـەندنی هێشتا هێـواش بوو، بەڵام لە قۆناغی پاشتردا، لەسـەردەمی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولمەجیددا، تۆڕی خوێندنگە سەرەتایی و ئامادەییەکان بەخێرایی بڵاوبوونـەوە، تـەنیا دوو خوێندنگـەی سوڵتانیە دامـەزرێنرا، کە هـەردووکیان لـە پایتەختـدا بـوو، یـەکێکیان لـە تـەلارە کۆنەکـەی خوێندنگـەی گلاتەسـەری لـە سـاڵی ١٨٦٨و ئـــەوەی تریـــشیان لـــە مەڵبەنـــدی عەســـکەریی لـــە ســـاڵی ١٨٧٣دا لـــە (دارولـشەفەقە/هەتیوخانـە)کـەی هـەتیوانی موسـوڵمان دامـەزرێنران، ئـەوەی کـارگێڕی باش و بارهێنراوی بەرچاو، دیپلۆمات، پزیشك، هـەروەها ئەکادیمیست، چ موسـوڵمان و چ ناموسوڵمانی بۆ ئیمپراتۆرییەکەی (دواتریش کۆمارەکە) دابینکرد .

ئاکـامی پەرەسـەندنەکانی بـواری فێرکـردن لـەماوەی سـەدەی نۆزدەیەمـدا ئـەوەبوو کـە نها چوار جۆر خوێندنگـە لـە ئیمپراتۆرییەکـەدا هـەبوو، یەکـەمیان خوێندنگـە سونەتییە ئیـسلامییەکانی (مەکتـەب) و پلەبەنـدیی مەدرەسـەی لـەخۆدەگرت، ئـەوەی زانـستە سونەتییە ئیسلامییەکانی تێدا فێردەکرا. خوێندنگـەی سێکیولاری دەوڵـەتیش هـەبوون لەماوەی تەنزیماتدا دامەزرێنران و لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا(١٨٧٦-١٩٠٩) فراوانترکـران. هەرچـەندە ئەوانـە کـەمتر لـە ناوەنـدیی بـوون. ئـەم خوێندنگانـە ئـەو

کادێرانەیان هێنایە بەرهەم کە دەبوو ئیمپراتۆرییەکە بەڕێوەبەرن (هەروەها کۆمارە تورکییەکەش). سێیەم جۆری خوێندنگە ئەوانە بوون کە لە لایەن میللەتە ناموسوڵمانەکانەوە دامەزرێنران و پشتگیریی مادییش دەکران، چوارەم جۆریش ئەو خوێندنگانە بوون کە لەلایەن بیانییە کاسۆلیکەکان و مسیۆنێرە پرۆتستانتەکان و هەروەها لەلایەن (هاوپەیمانیی ئیسرائیلیی جیهانیی) دامەزرێنرابوون کە ژمارەیەکی کەم منداڵی موسوڵمانەکانیشی گرتەخۆ کە پاشتر ئەم ژمارەیە زیادی کرد. پێویستە ئەوە بگوترێت کە ئەم سیستمەی فێرکردن وا دانەمەزرێنرابوو کە هەستی هەماهەنگیی نەتەوەیی هانبدات یاخود تەنیا شوناسێکی هاوبەش لەنێو دەستەبژێری خوێندەوارو رۆشنبیرانی ئیمپراتۆرییەکە پێکبهێنێت، ئەوەی هێشتا ١٠ لەسەدی دانیشتووانیان پێکدەهێنا).[50]

## زێدەبوونی پێکەوەگرێدانی ئابووریی

وەك پێشتر تێبینیکرا، ئەو قۆناغەی لێرەدا جێگەی بایەخە هاوکاتە لەگەڵ هەڵتۆقینی ئابووریی ناوەڕاستی سەدەکە لە ئەورووپا. پاش مۆرکردنی رێکەوتنە بازرگانییە ئازادەکان لەگەڵ دەوڵەتە سەرەکییەکانی ئەورووپا لە ساڵانی ١٨٣٨–١٨٤١دا، پێکەوە گرێدانی ئابووریی عوسمانیی بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانییەوە بەشێوەیەکی خێراتر لە پێشوو بەڕێوەچوو. ئاکامی ئەمەو هەروەها ئەو فراوانبوونە ئابوورییەی وڵاتە سەرەکییەکانی ئەورووپاش وایکرد کە بازرگانیی دەرەوەی عوسمانیی فراوانبێت ساڵانە بەرێژەی ٥ لەسەدا لەماوەی هەر ١١ بۆ ١٣ ساڵێکدا قەبارەی بازرگانیی دووهێندە بوو.لە هەمان کاتدا، بەشی بەریتانیا لەم بازرگانییە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، تاڕادەیەکی زۆر سەرچاوە فرە گرنگەکانی

---

[50] زانیارییەکی زۆر کەممان سەبارەت بە رێژەی خوێندەواریی لەم سەردەمەدا هەیە، بەڵام دەتوانین ئەوە لەو راستییەوە هەڵهێنجین کە لەیەکەمین ئاماری کۆماری تورکیادا هاتووە کە تەنیا لە ١٠,٦ی دانیشتووان خوێندەوار بوون. لەکاتێکدا ئەوە راستە کە رێژەی خوێندەواریی لەنێو کریستیانییەکاندا زۆر بەرزتربووە. لەوانەیە خوێندەواریی لەنێو موسوڵمانەکاندا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا لەخوارترەوە بووبێت.
Orhan Cavit Tütengil (1980) ‘1927 yılında Türkiye’, in *Atatürk’ün büyük söylevinin 50:* yılı semineri. Bildiriler ve tartışmalar, Ankara: Türk Tarih Kurumu, 56.

بەرهەمی پیشەسازیی پێکدەهێنا.[51] فەرەنسا لەم رووەوە هەرگیز نەهاتەپێش، بەڵام وەك بازاڕێکی گرنگی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی مایەوە. نەمسا وەك هاوبەشێکی گرنگی بازرگانیی مایەوە، بەڵام زۆربەی بازرگانییەکەی لەگەڵ ئەو بەشانەی بالکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بوو کە لە ماوەی سەدەکەدا جیابوونەوە. لەماوەی قۆناغی تەنزیماتدا، یەك لە تایبەتمەندییەکانی نموونەی بازرگانیی بریتیبوو لە کورتهێنانێکی مەزنی بازرگانیی عوسمانیی.

لەپاش جەنگی کریمە بەرەوسەر، تێوەگلانی ئابووریی ئەورووپیی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا فراوانبوو لە پشت بازرگانییەوە بۆ قەرزبەخشین. وەبەرهێنانی راستەوخۆ لە پرۆژەکاندا هێشتا گرنگیی پەیدا نەکردبوو، بەڵام بەخشینی قەرز بەحکومەتی عوسمانیی لەلایەن بانکەکانی ئەورووپاوە بایەخی خۆی هەبوو، لەراستییدا رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو.

کێشە داراییەکان کە پێشتر هەبوون و هەر مانەوە سەرچاوەی لاوازکردنی چاکسازییەکانی حکومەتەکان بوون، لەلایەکەوە، ئاراستەی مۆدێرنیتە فرە خەرجیی دەویست. گۆڕینی سیستمە کۆنەکەی بژێوی کارمەندان کە لە پێدانی زەوییەوە بۆ موچەی مانگانە گۆڕا، بووەهۆی زێدەکردنی خەرجیی حکومەت، هەروەك کڕینی کەلوپەلی سەربازیی بۆ سوپا نوێیەکە –بەتایبەت– دامەزراندنی هێزی نوێی دەریایی. لەکۆتایی ساڵانی ١٨٦٠کان بەرەوسەر، پارەبەفێڕۆدانی شەخسیی سوڵتان عەبدولعەزیز فرە زەحمەت بوو کە دەستی بەسەردا بگیرێت.

حکومەتەکانی قۆناغی تەنزیمات چیدی نەیتوانی بە کەمکردنەوەی بەهای دراوی کانزایی ئەو کورتهێنانە داراییە بشارنەوە، هەروەك ئەوانەی پێش خۆیان لەسەدەی شازدەیەمدا ئەنجامیاندا. هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە لەگەڵ فراوانبوونی بازرگانی دەرەکیی، رێژەی گۆڕینەوەی دراو فرە بایەخی پەیداکرد، هەر کەمکردنەوەی بەهای دراوی کانزای عوسمانییش راستەوخۆ کاردانەوەی لە دابەزاندنی بەهای دراوی عوسمانیی دەکرد لە بەرامبەر دراوی قورسی ئەورووپا.

وەرگرتنی قەرز لە بانکی ئەرمەنیی لە گالاتە بۆ ماوەیەك پەیڕەوکرا، بەڵام ئەم بانکانە تاڕادەیەك بچووك بوون، بڕی ئەو سوودانەی دەیانخستە سەر قەرزەکان زۆربوو(ساڵانە

[51] Şevket Pamuk (1987) The Ottoman Empire and European capitalism, 1820–1913: trade, investment and production, Cambridge: Cambridge University Press, 28–9.

١٦تــا ١٨لەســـەدا زیــادی کــرد). لەبــەر ئــەوە حکومــەت لــەماوەی ١٨٤٠کانـــەوە دەستیکردووە بە وەرگرتنی قەرز لە دەرەوە. لە راستییدا بەشێك لەو قەرزانە ئەوروپای تێوەگلاند، هەروەك چۆن قەرزەکانی بانکی گالاتە بەشێکی لەدەرەوە وەردەگیراو دەدرا بە دەوڵەتان بە فەرمیی، قەرزکاریی لە دەرەوە لە ساڵی ١٨٥٤دا دەستیپێکرد، کاتێك حکومەت رووبەڕووی گرفتگەلێکی دارایی توند بووەوەو بەهۆی ئەو خەرجییەی لە جەنگی کریمەدا بەفیڕۆ چوو، لەکاتێکدا هاوپەیمانیی لەگەڵ دوو زلهێزی ئەوروپای رۆژئاوادا زەمینەی قەرزکاریی لە بازاڕەکانی ئەوروپا بەشێوەیەکی رێژەیی خۆشکرد- بەشـێوەیەکی رێــژەیی ئــەو ماوەیــەی ئــەم قەرزانــەو ئــەوانی دیکــەی تێــدا دەدرا سەرنجراکێش بوو لەوەی دەردەکەوت. رێژەی سوود هەمیشە لەنێوان ٤-٦ لەسەدا بوو، بەڵام بەدەر لە قەرزی ساڵی ١٨٥٥، کە لەلایەن فەرەنساو بەریتانیاوە زامنکرا، لەراستییدا بەشەکان لە بازاڕی دراوی ئەوروپییدا فرۆشرانەوە بەنرخێك کە لە بەها بنەڕەتییەکەی زۆر کەمتر بوو. لە هێندێك کاتدا لە ٦٠-٧٠ لەسەدا کەمتر بوو. کاتێك سوودو لیژنەکانی بانکە نێودەوڵەتییەکان پێشکەشکران تۆڕی داهاتی گەنجینەی عوسمانیی لەلایەن ئەم قەرزدەرانەوە بە رێژەی ٥٠ لەسەدی بەها راستیینەکانی وەبەرهێنا. حکومەتی عوسمانیی دەبوو دووهێندەی ئەوەی وەریگرتبوو بداتەوە، تەواو بەجیا لەو سوودەی لەسەر قەرزەکان دانرابوو.[٥٢]

سەیرنەبوو کە قەرزەکان بووە بارێکی گران لەسەرشانی دارایی دەوڵەت. لەراستییدا، داهاتی دەوڵەت بە ئەستەم گەشەیکردو لە ئاکامدا راژەی قەرزەکان بووە گرفتێکی جدیی. کورتهێنان لە ساڵی ١٨٦١ بەلاوازیی توانرا خۆیانی لێ بەدوور بگرن، راژەی قەرزەکان سێیەکی داهاتی دارایی دەوڵەتی برد لە ساڵی ١٨٧٠دا، ئەم رێژە سەدییە تا دەهات بڵندتر دەبوو. بەشێکی مەزن(نیوە بۆ دوو لە سێ) ی قەرزی نوێ لە دانەوەی سوودی قەرزە کۆنەکاندا خەرج کرا، هەرچەندە پێویستیی حکومەتیی عوسمانیی بۆ قەرزکردن، وەبەرهێنانێکی قازانجبەخشی بۆ ئەو خاوەن بانکە ئەوروپییانەی عمولەیەکی زۆریان کۆکردبووەوە و هەروەها ئەو سەرمایەگوزارە ئەوروپییانە(زۆربەیان

---

[52] بۆ تێڕوانینێکی گشتیی سەبارەت بەدەرکردنی نرخ ، خەرجی حکومەتو رێژەی سوودەکان، بڕوانە:
Christopher Clay's exhaustive study (2000) *Gold for the sultan: Western bankers and Ottoman finance 1856–1881*, London: I.B.Tauris, Appendix 1.

له فەرەنسا بوون) پێکهێنابوو. له ساڵانی ۱۸۷۰کاندا ئەوە بە ئاشکرا دەرکەوت کە هەر پچڕاندنێکی راستیینەی دابینکردنی قەرزە ئەوروپییەکان، کارەساتی لێدەکەوتەوە.

یەك لەو قەرزانەی کە لەساڵی ۱۸۵۸دا وەرگیرا بۆ گێڕانەوەی جێگیریی بۆ سیستمی دراوی عوسمانیی بوو کە فرە تێکچووبوو. بەردەوامبوون لە سووككردنی دراوی کانزایی عوسمانیی بەهەمان نرخە بنەڕەتییەکەی، بەڵام بڕێکی جیاوازتر زیوی لەخۆگرتبوو، ئەوەش بەهایەکی راستیینەی جیاوازی دایە دراوەکە، کەمیی دراوی لێدراو وایکردبوو نەتوانێت ئەم پارانە لە بازاڕدا کۆبکرێتەوە، تەنانەت پاش ئەوەی لە ساڵی ۱۸٤٤یشدا حکومەت چاکسازییەکی گشتیی دراویی ئەنجامدا. بەگوێرەی ئەم چاکسازییە سێ یەکەی دراوی پێشکەشکرا: پاوەندی عوسمانیی کە لە پێنج"مەجیدیە" پێکدەهات ، کە هەریەکەیان لە۲۰ قرۆشی عوسمانیی پێکدەهات. دراوی نوێ بە تێکەڵەیەکی زێڕو زیو پەیوەست بوو وەك هاوشێوەی فەرەنسیی. بەڵام تەنیا دراوی عوسمانیی لەنێو ئیمپراتۆرییەکەدا مامەڵەی پێ نەدەکرا. لە ئاکامی سیاسەتی نابەرپرسانەی دارایی حکومەتە جۆربەجۆرەکانی عوسمانیی چەندین دراوی بیانیی وەك (ساڵێری نەمسایی، فرانکی فەرەنسیی و ناپۆلیۆنی زێڕین، رۆبڵی روسیی، بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهات نەك تەنیا بۆ بازرگانیی بیانیی بەڵکو لە مامەڵە نێوخۆییەکانیشدا. لەسەرو ئەمەشەوە، حکومەتی عوسمانیی لە ساڵی ۱۸٤۰دا و هەروەها دووبارە لە ساڵی ۱۸٤۷دا هەوڵیدا کێشە داراییەکانی خۆی بە چاپکردنی پارەی کاغەز کەمبکاتەوە کە (کایمە)ی پێدەگوترا. لەراستییدا ئەمە بەشێوە هاوچەرخەکەی پارەکە نەبوو، بەڵکو بەڵگەیەکی دەوڵەتیی بوو قازانجی ۱۲,٥ لەسەدی هەڵگرتبوو کە بۆ کاری فەرمیی بەکار دەهێنرا. بێمتمانەیی دارایی عوسمانیی بووەهۆی دابەزینی بەهای کایمە بەبڕی ٤۰ لەسەدا بەرامبەر هەمان دراو کە لە زیو پێکهاتبوو. تەنیا رێگەش بۆ گێڕانەوەی متمانە بریتیبوو لە کۆکردنەوەی تەواویی کایمەکان و کێشانەوەیان. ئەوەی حکومەت توانی بە پشتیوانی قەرزی ساڵی ۱۸۵۸ ئەنجامیبدات. هەرچەندە حکومەتی عوسمانیی هەرکات بکەوتایەتە تەنگەژەی داراییەوە، دڵی بۆ گێڕانەوەی کایمە لێدەداو لە ساڵی ۱۸٦۱و لە ۱۸۷٦دا ئەو کارەی کرد. دواجار کایمە بەشێوەیەکی کۆتایی لە بازاڕەکاندا لە ساڵی ۱۸۸۵دا کێشرایەوە.[53]

---

[53] Clay, op. cit., 409.

یەك لە كێشە داراییەكان كە تا كۆتایی ئیمپراتۆرییەكە هەر مابوو ئەو راستییە بوو كە هەمان جۆری دراو نرخی جیاوازیان هەبوو لە ناوچە جیاوازەكانی ئیمپراتۆرییەكەدا، ئەوەش پشتی بە داواكاریی خۆماڵیی لەسەر ئەو دراوە دەبەست.

هەلومەرجی ئاڵۆزی دراویی، دامەزراندنی بانكی كردە مەسەلەیەكی پێویستو وەبەرهێنانێكی فرە قازانجبەخش. تائاستێك كە لەراستییدا سەرافە ئەرمەنیی و یۆنانیی و جووە دەوڵەمەندەكان راڕاییان سەبارەت بە وەبەرهێنانی بەرهەمهێن پێشاندا، كە پێویستی بە سەرمایەگوزارییەكی درێژخایەن هەبوو، ئەوەش رێگرییەكی سەرەكیی لەبەردەم پەرەسەندنی سەرمایەداریی هەبوو لەنێو ئیمپراتۆرییەكەدا. لەهەمان كاتدا، بایەخی ئابووری كاری بانكی دانیپێدا نراو حكومەت پشتگیریی پەرەسەندنی كرد. لە ساڵی ١٨٥٦، بانكی عوسمانیی دامەزرێنرا كە تارادەیەكی زۆر بایەخدارترین دەزگای كاری بانكیی بوو لە ئیمپراتۆرییەكەدا. ئەو بانكە لەسەرەتادا پرۆژەیەكی بەریتانیی بوو، كە بە شێوەیەكی لاوەكی سەركەوتوو بوو، بەڵام لە ساڵی ١٨٦٣ ئەم بانكە رووبەڕووی ركابەریی فەرەنسییەكان بووەوە، وەك (بانكی ئیمپراتۆریی عوسمانیی) لەلایەن كۆمپانیایەكی فەرەنسیی-ئینگلیزیی كە بارەگاكەی لە لەندەن بوو، دامەزرێنرایەوە.[54]

## گۆڕانی كەلتووریی

ناتوانرێت قۆناغی تەنزیمات بە شێوەیەكی گونجاو فام بكرێت گەر بێتو تەنیا لە دیدی دەستێوەردانی هێزە بیانییەكان، چاكسازییە كارگێڕییەكان یاخود پێكەوەگرێدانی ئابووریییەوە لێی بڕوانرێت. ئەوەی هەروەها دەبێت هەستی شۆڕشگێڕانەی (هەڵبەتە بەشێوەیەكی سنووردار) درك بكرێت. نووسەران كە نها بوونەتە بیرۆكرات و لە ماوەی تەنزیماتدا لە دەوڵەتدا باڵادەست بوون، نەوەیەكی نوێیان پێكدەهێنا. پاسپۆرتی سەركەوتنی پلەی ئەوانە لە دەوڵەتدا بریتیبوو لە زانیارییەكانیان سەبارەت بە ئەوروپا و زمانە ئەوروپییەكانەوە كە زۆربەیان ئەو زانیارییانەیان لە ئۆفیسی وەرگێڕان و ئۆفیسی نوێنەرایەتییە بیانییەكانی نێو دەروازەی باڵا و لەبواری راژەی دیپلۆماسییدا بەدەستهێنابوو. ئەوانە چاكەتێكی تا

[54] Clay, op. cit., 69.

ســـــەرئەژنۆیان لەبـــەردەکردو فێـــسێکیان لەســــەرنابوو، ئـــارەزووی هاوڕێیـــەتیی ئەوروپییـــەکانیان دەکـــردو بەبـــەردەوامیی لەگـــەڵ ئەوانـــەدا تێکـــەڵ دەبـــوون. هـــەروەها شێوازی ژیـانی نـوێ کـاری لـە سـوڵتانەکانیش کردبـوو کـە نهـا لەچـەندین کۆبوونـەوەی دیپلۆماسـیی و تەنانـەت کۆمەڵایەتیـشدا ئامـادەبوون کـە خۆیـان پێـشانی دانیـشتووانی ئەســـتەمبوڵ بـــدەن و تەنانـــەت ســـەردانی هەرێمـــەکانی دەوروبەریـــشیان دەکـــرد. سەردانەکەی سوڵتان عەبدولعەزیز بۆ فەرەنسا و بەریتانیا لە ساڵی ١٨٦٧دا چیرۆکێکی سەیروسـەمەرە بـوو. چـونکە یەکـەمجاربوو فەرمانڕەوایـەکی عوسمـانیی بەمەبەسـتی ئاشتیی پێ بنێتە سەر خاکێکی بیانیی.

یـەك لـە بانگەشـەکەرانی بیرۆکراتیـی، وەك بـاوکی چاکـسازییەکان، رەشـید پاشـا و قوتابییەکانی واتە عەلی پاشا و فوئاد پاشا بوو، ئەوەی کە کاروباری ئیمپراتۆرییەکەی لـە سـاڵی ١٨٥٠کانـدا ئاراسـتەدەکرد. میدحـەت پاشـای چاکـسازی مـەزنی هـەرێمیی و ئەحمەد جەودەت پاشای یاساناس و فێرکار، کەسایەتیی فرە لێوەشاوە و بەتواناوون. بـەڵام زۆربـەی بیرۆکراتـەکانی پلـەخوارەوتر شـارەزاییەکی سـاکاریان لـەبارەی رۆژئـاواوە هـەبوو، بـە لوتبەرزییـەوە شـێوازی سـونەتیی عوسمانییـان رەتـدەکردەوە. ئەوانـەی کـە نوێنەرایـەتیی حکومـەتێکی ناوەنـدییان دەکـردو داواکـاریی نوێیـان لـە رەعییەتـەکانی هەبوو، ئەوەی کە ئەوانە لە هەمان کاتدا بە ئاشکرا هـەڵگری کـەلتوورێکی بیـانیی بـوون وایکردبوو کـە لـە لای ناوەنـدە موسوڵمانە سونەتییەکانەوە قێزەونبن. ئەوانـە هـەروەها لەلای کریستیانییە عوسمانییە رۆژئاواگەراکان و بیانییەکان مایەی گاڵتـەجاڕیی بوون، چـونکە ئەوانـە رۆژهـەڵاتیی بـوون و لاسـایی شارسـتانییەتێکیان دەکـردەوە کـە لێـی تێنەدەگەیشتن.

## بەرهەڵستکارانی چاکسازیی

سیاســـەتەکانی چاکـــسازیی (تـــەنزیمات) هـــەرگیز لەســـەر بنـــەمای داواکـــانی خـــەڵك دانەڕێـژرابوو. ئـەو چاکـسازییانە بەسـەر کۆمەڵەگـەی عوسمانییـدا سـەپێنرا، چـونکە بیرۆکراتیـی رێبـەریی بـە پێویـستی دەزانـین یـاخود ئەوانـە لەلایـەن نوێنـەرانی زلهێـزە ئەوروپییەکانـــەوە بـــە ناچـــاریی ئەنجامـــدەدران. هەربۆیـــە بەشـــێوەیەکی بـــەرفراوان پشتگیریی ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانە نەکرا. کریستیانییەکانی ئیمپراتۆرییەکە کە

چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرا پشتگیریی لەو چاکسازییانە بکەن، تاڕادەیەك پشتگیرییان لێکرد، بەلام چاکسازییەکان زۆر کەمی کرد بۆ ئەوەی ریگا لە بلاوبوونەوەی نەتەوایەتیی جیاخواز لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا بگرێت. زۆرینەی موسوڵمانە عوسمانییەکان بە تێپەڕینی کات زیاترو زیاتر دژایەتییان لەمەڕ ئەو چاکسازییانە پێشان دەدا و لەدیدی ئەوانەوە وازهێنانیان لە ماف و دەسەلاتێك بوو کە باوباپیرانیان بە شمشێرەکانی دەستیان دایانمەزراندبوو. بەتایبەتی پاش فەرمانەکەی ساڵی ١٨٥٦، ئەوان پاشا مەزنەکانی تەنزیماتیان وەك ملکەچێك بۆ هێزە ئەوروپاییەکان و هەروەها بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگە کریستیانییانەی کە سامان و توانا و دەسەلاتیان بەئاشکرا لە پەرەگرتندا بوو، دەبینی. لەساڵانی ١٨٧٠کاندا کاردانەوەی موسوڵمانەکان دەرکەوتن، ئەم جۆرە هەستە رۆڵێکی گرنگی لەو هەوڵە کودەتاییەدا بینی کە لەساڵی ١٨٥٩دا لەسەربازخانەکەی "کولیلی" لە بۆسفۆر ئامادەکاریی بۆ کرا.[٥٥] هەروەها لەو توندوتیژییە گشتییەی کە لە ساڵی ١٨٦٠دا لە سوریا روویدا.

جۆرێکی دیکە لەبەرهەڵستیی چاکسازییەکان لەنێو چاکسازەکان خۆیاندا سەریهەڵدا. ژمارەیەك نموونەی نوێنەرایەتیی گروپە ریفۆرمیستەکان لە بیرۆکراتەکان کە بە شێوازە ئەوروپاییەکەی راهێنرابوون (زۆربەیان لە ئۆفیسی وەرگێڕان لە دەروازەی بالا لەماوەیەك لە ماوەکاندا راژەیان کردبوو) لە ریگەی زانینی زمانی فەرەنسییەوە شارەزاییان سەبارەت بە رەوتە ئەوروپییەکانی سەردەمی خۆیان پەیداکردبوو، بەتایبەت هزرو بیروڕاکانی ساڵی" ١٨٤٨ "لەبارەی لیبرالیزم و ناسیونالیزمەوە. ئەوانە وەك پێشەنگی ئەنتەلەجێنسیای عوسمانیی وەسفدەکران. ئەوانە کەسانێك بوون کە پاش ئەوەی لە ساڵەکانی ١٨٣٠و ١٨٤٠کاندا وەك چەپکە گوڵێکی دەستی رەشیدپاشا کاری خۆیان لە حکومەتدا دەستپێکرد، لەگەڵ عەلی پاشا و فوئاد پاشادا ناکۆکییان لیٚ پەیدابوو، هەربۆیە لەو ماوەیەدا نەچوونە پێش کە ئەو دووانە دەستیان بەسەر سیاسەتەکانی چاکسازییدا گرتبوو. لەبەر ئەوە ئەمانە لە ناوەندی دەسەلات بێبەشکران. هەربۆیە ئەوانە بەدوای شێوازێکی تردا گەڕان کە کاریگەریی خۆیان هەبێت، ژمارەیەك لەوانە پیشەیەکیان دۆزییەوە کە لە ئیمپراتۆرییەکەدا نویٚ بوو ئەویش:رۆژنامەوانیی بوو.

---

[55] Davison, op. cit., 100–2.

یەکـەمین ڕۆژنامــەکانی عوســسمانیی "تــەقویمی وەقــایع" لەســەردەمی ســوڵتان مــەحمووددا بڵاوکرایــەوە. بــەڵام بــەگوێرەی پێودانگــە هاوچــەرخەکان زیــاتر لــە هەواڵنامەیـەکی فـەرمیی دەچـوو تـا ڕۆژنامـە. یەکـەمین ڕۆژنامـە بـە زمـانی تـورکیی عوسمانیی کە ئەهلیی بوو بریتیبوو لە "جەریدەی حەوادیس/تۆماری ڕووداوەکان" کە لەسـاڵی ١٨٤٠دا بڵاوکرایـەوە، ئـەوەی کـاری پیـاوێکی ئینگلیـزی غـەوارەبوو کـە نـاوی "چەرچڵ" بـوو، هـەروەها ئـەویش بەرجەسـتەی سیاسـەتە فەرمییـەکانی دەکـرد، بـەڵام بوارێکی زیاتری بۆ بایەخدان بە پەرەسەندنە نێودەوڵەتییـەکان تـەرخانکردبوو وەك لـە هەواڵــەکانی حکومــەت. دەســتپێکردنی راســتیینەی ڕۆژنامەنووســیی عوسمــانیی دەتوانرێـت بـۆ سـەرەتای ١٨٦٠کـان بگەڕێنرێتـەوە، کاتێـك ڕۆژنامـەی "تـەرجومانی ئەحواڵ/لێکدانەوەی ڕەوشـەکان" بڵاوکرایـەوە، ئـەوەی سەرنووسـەرەکەی کابرایـەك بـوو بەناوی "ئیبراهیم شناسی".

شناسی، باوەڕپێکراوی ڕەشید پاشا بـوو، ئەو لـە ماوەی یـان کـەمێك پـاش شۆڕشـە ئازادییخوازەکـەی سـاڵی ١٨٤٨،لـەپاریس خوێنـدبووی‌و هـەروەها وەك مۆدێرنیـستێك گەڕایـەوە وڵات، بەشـێوەیەك مێـشکی بـە بیروهـزری ئەورووپییـەکان زاخـاو درابـوو، لـە ساڵی ١٨٦٢ دا ڕۆژنامەی تەرجومانی ئـەحواڵی بەجێهێشت‌و ڕۆژنامەیـەکی تایبـەت بـە خـۆی بڵاوکـردەوە کـە نـاوی"تەسـفیری ئـەفکار/ ڕوونکردنـەوەی بیروراکـان" ئـەوەی هــەرزوو بــووە ئــامرازێکی بێلایەنانــەی ڕەخنــەی میــانڕەو لــە حکومــەت و هێرشــی دەکردەســەر ئاراســتەی دەســەڵاتی حکومــەت و ملکەچـیی‌و وابەســتەیی بـۆ زلهێــزە ئەورووپییەکان. لە ساڵی ١٨٦٥،شناسی لە ترسی کاردانـەوەی حکومـەت لـەناکاو بـەرەو پـاریس وڵاتـی بەجێهێـشت‌و ڕۆژنامەکـەی کەوتەدەسـت کارمەنـدێکی لاو لـە ئۆفیـسی وەرگێڕانی سەربە دەروازەی باڵا. ئەوەی ژمارەیەك وتاری بۆ خۆی‌و ڕۆژنامـەکانی دیکـە نووســی ئــەویش "نــامیق کــەمال" بــوو. لەســایەی سەرنووســەری ئەمــدا، ڕۆژنامــەی تەسـفیری ئـەفکار تونـدتر بـوو. سـەروتارەکان ئـەو دیدوهزرانـەی ڕوونـدەکردەوە کـە بـە تەواویی لە کۆتایی ١٨٦٠کاندا پەرەیان سەندبوو.

هـزری کـەمال، کـە لـەنێو دەسـتەی نووسـەرو بیرۆکراتـە ناڕازییەکانـدا لـە هـەموویان ڕوونترو ڕاشکاوانەتر دەدوا، دەتوانرێت وا پێناسەبکرێت کە بەرگرییکردن بوو لـە بەها لیبرالییــەکان بــە گفتوگــۆو گەنگەشــەیەکی ئیــسلامییانە. کــەمال‌و "عوسمانییــە نوێیـەکان"ی دی وەك وا ناویـان دەرکـرد، موسـوڵمانی پـاك‌و دروسـتکارو عوسمـانیی

نیشتمانپەروەریش بوون کە بە سۆزەوە دەیانڕوانییە چاخی زێڕینی ئیسلامو قۆناغی مەزنایەتیی ئیمپراتۆرییەکەیان. ئەوان رەخنەی سیاسەتەکانی عەلی پاشاو فوئاد پاشا کرد وەك لاساییکردنەوەیەکی کرچوکاڵی ئەوروپا بێئەوەی رەچاوی دابونەریتی عوسمانیی یاخود بەها ئیسلامییەکان بکرێت، هەروەها وەك وابەستەییەکی ملکەچی بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا . ئەوان هەروەها رژێمی تەنزیماتیان وەك خۆسەپێنییەکی بیرۆکراتیی دەبینی، ئەوەی کە نەزمو هاوسەنگیی سیستمە کۆنەکەی تێکداوە، ئەوەی بڕوا وابوو کە لەلایەن عولەماوە هێنراوەتە بوون لەکاتێکدا سەربەخۆیی زیاترو پێگەیەکی بەهێزیان هەبوو. ئەوانە بڕوایان وابوو کە سیاسەتەکانی تەنزیمات تێکدانی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. چارە بەلای ئەوانەوە، دامەزراندنی حکومەتێکی نوێنەرایەتیی دەستووریی بوو لە ئیمپراتۆرییەکەدا کە لەم رووەوە رێچکەی حکومەتە ئەوروپییە لیبراڵەکان بگرێتەبەر، عوسمانییە لاوەکان بڕوایان وابوو کە ئەوە لەهەمان کاتدا مانای گەڕانەوە بۆ یاسا بنەڕەتییە ئیسلامییەکانە کە دانی بە سەروەریی خەڵکدا ناوە. لەدیدی کەمالدا، ئەنجامدانی کاری سونەتیی"بەیعە" بۆ نموونە، سوێندی وەفاداریی لەلایەن رێبەرانی کۆمەڵگای ئیسلامیی بۆ خەلیفەی نوێ کاتێك دەچێتە سەر تەختی دەسەلات، لەنیوەرۆکدا ئەو گرێبەستە کۆمەلایەتییەیە کە لەنێوان سوڵتانو خەڵکدا دەبەسترێت.

کەمال بۆ روونکردنەوەی هزرو بۆچوونەکانی بۆ جەماوەریی عوسمانیی، چەمکی نوێی داتاشیی و مانای نوێی بە چەمکە کۆنەکاندا کە لەگەڵ چەمکە بەکارهێنراوەکانی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەمدا یەکبگرێتەوە. "وەتەن" کە بە عەرەبی مانای نیشتمانی مرۆڤە بووە هاومانای "Patrie"لە فەرەنسییدا. "حورییەت" کە مانای (ئازادبوونو کۆیلە نەبوونە) بووە هاومانای "liberty"، "میللەت" بووە هاومانای "nation". ئەم چەمکە نوێیانە بوونە ئامرازێکی ئایدۆلۆژیی بۆ نەوەی داهاتووی ئازادییخوازو موسوڵمانە نەتەوەییەکان.

کەمال تەنیا بەو رەخنە ئاشکرایانەو هەروەها لێکدانەوەی هزرە نوێیەکانی لە بڵاوکراوەکاندا نەوەستا . ئەو هەروەها لەو گەنجە بیرۆکراتانە بوو کە لە ساڵی ١٨٦٥دا کۆمەڵەیەکی نوێی بەناوی "ئیتفاقی حەمییەت/هاوپەیمانیی نیشتمانییەکان" پێکهێنا، کەلەسەر شێوەی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتالیی دامەزرێنرابوو کە ئامانجی هێنانەکایەی رژێمێکی نیشتمانیی دەستووریی پارلەمانیی بوو. لەماوەی دووساڵدا پێدەچێت کە

چەندسەد کەسێك پەیوەندییان بەم کۆمەڵەیەوە کردبێت ، کە لەنێویاندا دوو برازای سوڵتانیان تێدابوو کە "میر موراد" و "میر حەمید" بوون.

یەك لە ئەندامانی جوڵانەوەی بەرهەڵستکاری چاکسازییەکان، ئەوەی دواتر لەو نووسینانەی کە رۆژنامە عوسمانییەکان بڵاویان دەکردەوە باشتر دەرکەوت، بریتیبوو لە زیابەگ(پاشتر پاشا) کە ئەندامی پێشووی سکرتارییەتی دەربار بوو، ئەوەی بە فشاری عەلی پاشا و عەلی سواڤی کە مامۆستای ئاینیی و گوتاربێژو سەرنووسەری رۆژنامەیەکی کورتخایەنی"موخبیر/پەیامنێر" بوو، پۆستەکەی خۆی لەدەستدا. زیابەگ لەکەمال کۆنەپارێزتر بوو، لایەنگریی لە پارلەمانێکی عوسمانیی خاوەن دەسەڵاتێکی سنووردار دەکردو نەیاری مافی یەکسانیی ناموسوڵمانەکان بوو، لەکاتێکدا عەلی سواڤی موسوڵمانێکی بونیادگەرای توندبوو.

کەسێکی دیکە بایەخێکی هەستیاری لە جوڵانەوەی بەرهەڵستکارییدا هەبوو ئەویش میر مستەفا فازیل پاشا بووکە برای ئیسماعیل پاشای خدێوی میسری کوڕی محەمەد عەلی پاشا بوو، بەڵام کینەیەکی شەخسیی وای لێکردبوو کە لەسەرەتای ساڵی ١٨٦٧دا هەڵوێستی ئاشکرا بنوێنێت. شوێنگرتنەوەی دەسەڵات لە میسر هەروەك لە دەوڵەتی عوسمانییدا بەشێوەیەك بوو کە کوڕە گەورە شوێنی باوکی دەگرتەوەو هەروەها بەپێی ئەم دابە، مستەفا فازیل لەنێو جێگرەوەکاندا شوێنی یەکەمی هەبوو. بەڵام خدێوی ئیسماعیلی برای بۆ ماوەیەك کەوتبووە فشارهێنانو بە بەرتیلدان بە حکومەتی ئەستەمبوڵ هەوڵیدا فەرمانی جێگرتنەوەکەی بەقازانجی کوڕەکەی خۆی بگۆڕێت. لە ساڵی ١٨٦٦دا توانی سەرکەوتووانە فەرمانێکی ئیمپراتۆریی سەبارەت بە جێگرتنەوەی خۆی لەلایەن کوڕەکەیەوە بەدەستبێنێت. مستەفا فازیل بۆ تۆڵەسەندنەوە وڵاتی بەرەو فەرەنسا جێهێشتو نامەیەکی سەرئاوەڵای بۆ سوڵتان نارد تێیدا سەرنجی بۆ لاوازیی ئیمپراتۆریی عوسمانیی راکێشاو بێڕەحمانە هێرشی کردە سەر حکومەت. نزیکەی لە هەمان کاتدا، مستەفا فازیل پاشا خەریك بوو وەك نوێنەرێکی "تورکیای لاو" خۆی بە بڵاوکراوە ئەوروپییەکان دەناساند.

حکومەت کە نها یاسای رۆژنامەوانیی و هەروەها سانسۆرکردنی لە ساڵی ١٨٦٥دا هێنایەئارا، بەم رەخنانە خراپ تووڕە بوو، بەتایبەتیی ئەوەی پەیوەندی بە قەیرانی "کرێت"ەوە هەبوو. هەروەها سەبارەت بە پیلانگێڕیی کۆمەڵەی ئیتیفاقی حەمیەتیش بەئاگابوو. کاتێك کەمال و هاوەڵانی نامە سەرئاوەڵاکەی مستەفا فازیل پاشایان بۆ

سـولْتان چـاپ وبلاْوكردەوە، حكومـەت بڕياريـدا كـارى تونـد دژى رەخنـەگران بكـات و ئەوانــەى لــەنێو ئيمپراتۆرييەكــەدا دوورخــستەوە. لەپرســى دوورخــستنەوەى زيــا و كەمالدا، بيانوو بە دامەزراندنيان لە كارگێڕيى هەرێمەكان دەهێنرايەوە.

كاتێك مستەفا فازيل پاشا ئەمەى بيست، بڕياريدت بانگێشتيان بكات تا بچنەلاى بۆ پـــاريس، ئـــەوانيش ئـــەو كارەيـــان كـــرد. ئەمێـــستا خۆيـــان بـــە "يـــەنى عوسمانليلەر/عوسمانييە نوێيەكان" ناودەبرد. كە بە فەرەنسيى" Jeunes Turcs" بوو. ئەو دەستەواژەيە يەكەمجار لەلايەن مستەفا فازيل پاشاوە بەكارهێنرا. ئەوان بە پشتگيريى ماديى ئەو پاشا دەوڵەمەندە، لەهێرشى توندى خۆيان دژى سياسەتەكانى عەلى پاشا و هەروەها فوئاد پاشا لە گۆڤارەكانى كە لە لەندەن و پاريس و جنێڤ دەردەچوون، بەردەوامبوون. كە لە ڕێگەى دەزگاى پۆست و تەلەگرافەوە دەگەشتە نێو ئيمپراتۆرييەكە، ئەو دەزگايەى لەلايەن هێزە ئەورووپييەكان و هەروەها بەهۆى كەناڵە بازرگانيەكانەوە هەڵدەسوڕا. گرنگترين بلاْوكراوە "حوريەت"بوو كە لەلايەن زيا و ناميق كەماڵەوە لە ساڵى ١٨٦٨ەوە بەرەوسەر بلاْودەكرايەوە. بەلاْم ژمارەيەكى ديكەش هەبوون كە تايبەتمەنديى توندتريان هەبوو. چالاكيى عوسمانييە لاوەكان لە دەرەوە تەنانەت دواى ئەو كاتەش بەردەوام بوو كە مستەفا فازيل پاشا بۆنەى سەردانێكى سوڵتان عەبدولعەزيزى بۆ فەرەنسا لە ژوئنى ١٨٦٧دا قۆزتەوە و ئاشتيى خۆى لەگەڵدا پێكهێنا و گەڕايەوە ئەستەمبوڵ. پێش ئەوەى بگەڕێتەوە، كاروبارى داراييى بەشێوەيەك ڕێكخست كە ژيانى ئۆرگانەكانى عوسمانييە لاوەكان بەردەوام بێت.

ئەو دواكەس نەبوو بۆ ئەستەمبوڵ بگەڕێتەوە، عوسمانييە لاوەكان جگە لە عەلى سواڤى، ئەندامانى چينى فەرمانڕەوا و كارمەندانى پێشووى حكومەت بوون. ئەوان لە نزيكەوە بەشێك بوون لەو دەوڵەتەى كە دەيانويست لە ڕێگەى چاكسازيى ليبرالييەوە ڕزگارى بكەن. ناميق كەمال دووەمين كەس بوو لە ساڵى ١٨٧٠دا بگەڕێتەوە. دواتر هەموو(جگە لە دووان كە عەلى سواڤى يەكێكيان بوو) عوسمانييە لاوەكان پاش مردنى عەلى پاشاى دوژمنيان لە ١٨٧١دا گەڕانەوە.

عوسمانييە لاوەكان دەستەيەكى بچووكى چينى فەرمانڕەواى عوسمانيى بوون كە چالاكييە ڕێكخراوەكانيان زياتر لە پێنج ساڵ درێژەى كێشا. ئەوانە دەستەيەكى تەواو ڕێكخراو نەبوون و هزرى ئەندامەكانيشيان بەشێوەيەكى بەرفراوان لێك جياوازبوو. هەرچەندە كاريگەرييان لە توركيا و ناوچەكانى دەوروپشتى وەك يەك نەبوو، هەڵبەت

**ئەوان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبوو، هێنانەکایەی دەستووری عوسمانیی لە ساڵی ١٨٧٦داو هەروەها جوڵانەوەی دەستووری عوسمانیی کە دوای ساڵی ١٨٧٨کەوتە بەرهەڵستکاری فەرمانڕەوایەتیی ئۆتۆکراتیی سوڵتان، پشتی بە نووسینەکانی ئەوان دەبەست. ڕەوتی بیرکردنەوەیان، بەتایبەت نامیق کەمال، کە لیبراڵیزمی ئەورووپیی تێکەڵ بە ئیسلامی سونەتیی دەکرد لەلایەن ئیسلامییە مۆدێرنیستەکانەوە گیرایەبەر لە کۆتایی سەدەکەداو لە تەواوی جیهانی ئیسلامدا جەماوەری بۆ پەیدا بوو.[56] جگە لە هزرەکانیان، بەشداری سەرەکیان لە ئەفراندنی شێوازێکی نوێی سیاسەتدا بوو. دەتوانرێت ئەوان بە یەکەمین جوڵانەوەی ئایدۆلۆژیی هاوچەرخ لەنێو چینی فەرمانڕەوای عوسمانیی دابنرێت، هەروەها ئەوان یەکەمینی ئەوانە بوون لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە بەهۆشیارییەوە هەوڵی دروستکردنی رای گشتییان دەداو کاریگەرییان لەسەری هەبوو. چەمکی عوسمانیی "ئەفکاری عمومی/رای گشتیی" لە داهێنانی ئەوان بوو.[57]**

[56] **ئەم بابەتە بە قووڵیی قسەی لێکراوە:**

Albert Hourani’s famous (1962) *Arabic thought in the liberal age*, London: Oxford University Press.

[57] **بۆ زیاتر سەبارەت بە تورکە لاوەکان :**

Şerif Mardin’s (1962) The genesis of Young Ottoman thought: a study in the modernization of Turkish political ideas, Princeton: Princeton University Press

# باسی شەشەم

## قەیرانی ١٨٧٣-١٧٨٨ و ڕووداوەکانی پاشی

عوسمانییە لاوەکان بە خۆش خەیاڵییەوە گەڕانەوە ئەستەمبوڵ، پێیان وابوو کە بە مردنی فوئاد پاشا (لە ١٨٦٩دا)و عەلی پاشا (لە ١٨٧١دا) ئیدی لەمپەرەکانی بەردەم چاکسازیی دیموکراتیی هەڵدەگیرێن. ئەوان هەرزوو درکیان بەوە کرد کە تەواو پێچەوانەی خۆشخەیاڵییەکەیان، مردنی عەلی پاشا یەکەمین قۆناغە لە پەرەسەندنی ڕووداوەکان کە لە چەند ساڵی کەمدا وڵاتی بەرەو ڕێژەیەکی زۆر قەیران و دژواریی بێوێنە ئاراستە کرد.

ژمارەیەك لە پەرەسەندنەکان پێکەوە هاوجووتبوون کە ئەم قەیرانەیان پێکهێنا لە ڕووی جیهانییەوە، پێگەی ئیمپراتۆرییەکە خەریکبوو دەگۆڕا تەنانەت پێش مردنی عەلی پاشاش، کردنەوەی کەناڵی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩دا مانای ئەوە بوو کە میسر، زیاتر لە ئیمپراتۆرییەکە خۆی بۆتە شوێنی چڕبوونەوەی بەرژەوەندیی هێزە لیبراڵە سەرەکییەکان کە فەرەنسا و بەریتانیان. بەزینی ئاشکراو چاوەڕواننەکراوی فەرەنسا لەلایەن پروسیاوە لە جەنگی ١٨٧٠-١٨٧١، مانای گۆڕینی هاوسەنگیی بۆ هێزەکانی ئەوروپا بوو، فەرەنسا کە هێزێك بوو زۆر لە ریفۆرمیستە عوسمانییەکانەوە نزیك بوو هەر لە جەنگی کریمەوە، بۆ ماوەیەکی کاتیی بەرەو ئاوابوون دەچوو. ئەمەش بۆ خۆی بازووی هەوادارانی هێزە دەسەڵاتسەپێن و کۆنەپارێزەکانیان (لەپێش هەموویانەوە ڕوسیا) لە ئەستەمبوڵ بەهێزکرد. لە هەمان کاتدا، سوڵتان کە بەشێوەیەك نیشانەی نەحەواوەیی لە سەرەڕێی فوئاددا پێشاندابووو لەلایەن عەلی پاشاوە لە دەرەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی ڕاگیرابوو، مردنی عەلی پاشاشی قۆزتەوە تا بۆ خۆی دەسەڵات و کاروباری گشتیی بەڕێوەبەرێت، ئەوەی کە ئەمێستا بەهۆی هێندێك ئاکاری تایبەت و خۆبەزلزانی تاڕادەی شێتیی، بۆ ئەو شوێنە نەشیاو بوو. یەك لەو ڕێگانەی کە بۆ دەسەڵاتسەپێنی گرتبوویەبەر ئەوەبوو کە نەیدەهێشت کارمەندەکان دەستیان بە پۆستەکانیاندا بگات بە شێوەیەك کە نێراوەکانیانی بە خێراییەکی زۆر تێکەڵ دەکرد. پیاوی دەستەڕاستی سوڵتان لە ماوەی ١٨٧١-١٨٧٢و ١٨٦٧-١٨٧٥ بریتیبوو لە مەحموود نەدیم پاشا، ئەوەی تا ئەوپەڕیی هەوڵی بەدەستهێنانی لوتف و ڕەزامەندیی سوڵتانی دەداو ئەوەندە خۆی بە باڵیۆزخانەی ڕوسیادا کردبوو نازناوی

(نەدیمۆف)یان بەسەرا داپڕیبوو.[58] نەدیم پاشا نە ئەزمونێکی سەبارەت بە ئەوروپا هەبوو، نە زمانێکی ئەورووپیشی دەزانی، هەربۆیە کەسێکی وەك ئەو لەوە بێتواناتر بوو کە لەماوەی قەیراندا رێبەرایەتیی ئیمپراتۆرییەکە بکات.

## هۆکارە ئابوورییەکان و دەرئە نجامە سیاسییەکانی

ئەو قەیرانەی کە لە ساڵی ١٨٧٠کاندا پەرەیسەند هێندەی سیاسیی بوو هێندەش ئابووریی بوو. یەکانگیریی وشکەساڵیی و دواتر لافاو، برسێتیی و قاتوقڕییەکی کارەستباری لە ئەنەدۆڵ لە ساڵانی ١٨٧٣و ١٨٧٤دا لێکەوتەوە. ئەوەش بووەهۆی سەربڕین و لەنێوچوونی مەڕومالاَت و چۆڵبوونی گوندو ناوچە کشتوکاڵییەکان بەهۆی مردنی یاخود کۆچکردنی دانیشتووانەکەی بەرەو شارەکان. جگە لەو چارەڕەشیی و نەهامەتییە مرۆڤایەتییە، ئاکامەکەی بریتیبوو لە دابەزینی توندی داهاتی باج، ئەوەی حکومەت هەوڵیدا لە رێگەی زێدەکردنی باجی سەرشانی خەڵکە رزگاربووەکە قەرەبووی ئەو دابەزینە بکاتەوە، ئەوەش نەهامەتیی و بێنەوایی خەڵکەکەی زێدەترکرد. هەروەها هەروەك لەسەردەمی جەنگی کریمەوە ببووە کاری حکومەت سەیری بازاڕەکانی ئەوروپای دەکرد تا قەرزی بۆ دابین بکات ، بەلاَم ئەو خواستە وا زوو بەدینەهات. داڕمانی بازاڕەکانی دراوی نێودەوڵەتیی لە ساڵی ١٨٧٣دا کە سەرەتای دەستپێکردنی (بێبازاڕیی مەزن) بوو کە لە ئابووریی ئەورووپییدا روویداو تا ساڵی ١٨٩٦ بەردەوام بوو،[59] وایکرد مەحاڵ بێت لایەنێکی قەرزداری بێ متمانەی وەك ئیمپراتۆریی عوسمانیی قەرزی زیادەی دەستکەوێت. لەئاکامدا، ئیمپراتۆرییەکە نەیدەتوانیی چیدی سوودی قەرزە کۆنەکان بداتەوەو دەبوو گوێی خۆی لەو دانەوەی ئەو قەرزانە بخەواندایە کە نها گەیشتبووە ٢٠٠ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی.[60]

لەگەڵ زیادکردنی فشاری باجگرییدا، نائارامیی لە هەرێمەکانی بالکان ئیمپراتۆرییەکەدا (کە قاتوقڕییەکە نەیگرتبووەوە) بۆ یاخیبوونێکی بەرفراوانی جوتیارە کریستیانییەکان پەرەی گرت، یەکەمجار لە بۆسنەو هەرسك، هەروەها لە ئەپرڵی ١٨٧٦دا لە بولگاریا. کاتێك سوپای عوسمانیی یاخیبوونەکەیان سەرکوتکرد، ١٢٠٠٠بۆ ١٥٠٠٠ بولگارییان

[58] Roderic H. Davison (1991) 'Mahmud Nedim Pasha', in C. E. Bosworth et al. (eds) *Encyclopaedia of Islam: new edition*, Leiden: E. J. Brill, vol., VI, 68–9.
[59] Şevket Pamuk (1987) *The Ottoman Empire and European capitalism, 1820–1913*, Cambridge: Cambridge University Press, 14.
[60] Christopher Clay (2000) Gold for the sultan: Western bankers and Ottoman finance 1856–1881, London: I.B.Tauris, 574.

کوشت،[61] شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی و سەرسوڕمان ئەورووپای گرتەوە، ئەوەی ئەو کۆمەڵکوژییە بەرفراوانەشی پشتگوێ خستبوو کە کریستیانییەکان وەك بەشێك لە دیمەنەکە لە موسوڵمانەکانیان کردبوو. بەتایبەت لە ئینگلتەرا، کاتێك "گلادستۆن"ی بەرهەڵستکاری لیبراڵ "کۆمەڵکوژیی بولگاریی" وەك پرۆپاگەندەیەك دژی حکومەتی کۆنەپارێزی "دیسرائیلی"بەکارهێنا (ئەوەی بە لایەنگری تورك و بەوەش وەك تۆمەتبار لە کۆمەڵکوژییەکەدا تەماشادەکرا) ، ئەو ڕەوشە تورکخوازییەی کە لەپێش جەنگی کریمەدا لە ئارادابوو، هەڵگیرا.

روسیا و نەمسا–مەجەڕ هەر لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٥ەوە لەو گەنگەشەیەدا سەبارەت بە "کێشەی ڕۆژهەڵات" بە توندی تێوەگلان. نەمسا هێشتا ژیانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی پێ بەشێك بوو لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی، وێڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی سەربازیی بەتوندیی لایەنگریی داگیرکردنی بۆسنە–هەرسکی دەکرد لە حاڵەتێکدا دەسەڵاتی عوسمانیی لەوێدا لاوازبێت. لە لایەکی ترەوە لە روسیا هەماهەنگیی سلاڤیزم لەگەڵ سلاڤەکانی باشوور ئەمێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوببووەوەو "ئیگناتیڤ"ی باڵیۆزی روسی لە ئەستەمبوڵ لایەنگرێکی بەجۆشی ئەو جوڵانەوەیە بوو. وتووێژی روسیی–نەمسایی لە ٣٠ی دیسەمبەری ١٨٧٥دا"تێبینیی ئەندراسی" لێکەوتەوە، (کە بەناوی وەزیری دەرەوەی نەمساوە ناونراوە)، کە چەند پێشنیارێك بوو بۆ چاکسازیی دوورنما لە بۆسنە–هەرسك لە سایەی چاودێری بیانییدا. دەروازەی باڵا لە فێبرایەردا پەسەندی کرد، بەڵام یاخیبووەکان ئامادەنەبوون چەکەکانیان دابنێن. ئەو ئاگربەستە کورتخایەنە هەر زوو لە ئەپرڵدا بەزێنرا.

## شۆڕشی دەستووریی

لەم وەیشومە سیاسیی و پشێوییە داراییەدا، دەستەیەك لە ڕێبەرانی سیاسەتی عوسمانیی، لەوانە "میدحەت پاشا" چاکسازی هەرێمیی (نها وەزیری بێوەزارەت)، "حوسێن عەونی پاشا" ی وەزیری جەنگ، "سولەیمان پاشا"ی بەڕێوەبەری ئەکادیمی سەربازیی و هەروەها "شەیخولئیسلام خەیروڵا ئەفەندی". کودەتایەکیان ئەنجامدا سوڵتان عەبدولعەزیزیان لە ٣٠ی مایۆی ١٨٧٦ لەسەر تەخت هێنایەخوار. لە شوێنی ئەو، میر مورادیان دانا کە لە عوسمانییە لاوەکان نزیك بوو، هەروەها لە ڕێگەی نامیق کەمال و زیا

---

[61] Matthew S. Anderson (1966) The Eastern Question 1774–1923: a study in international relations, London: Macmillan, 184.

پاشاوە پەیوەندی بە میدحەت پاشاوە هەبوو، بەناوی سوڵتان مورادی پێنجەم هاتە سەر تەخت. مراد پێش تاج لەسەرنانی، بەڵێنیدا کە چەندە زوو بۆی بلوێت دەستوور رابگەیەنێت، هەروەها واپێدەچوو کە بەرنامەی عوسمانییە لاوەکان (دەستوورو پارلەمان) نها بەتەواوی هاتۆتەدی. نامیق کەمال و زیا پاشا وەك سکرتێری دەربار دامەزرێنران. هەرچەندە لە هەمان کاتدا، لە دەربار، موراد گوێی بۆ "روشدی پاشا"ی سەدری ئەعزەم رادەگرت ئەوەی هانیدەدا کە وریا و بەئاگابێت. لەجیاتی ئەو بەڵێنە کۆنکرێتیە سەبارەت بە دەستوور دابوی، هەروەك لەلایەن میدحەت پاشا و عوسمانییە لاوەکانەوە لایەنگریی لێدەکرا، تەنیا بەیاننامەیەکی ناڕوون سەبارەت بە چاکسازییەکان کە فەرمانی هومایۆنی پاش هاتنە سەرتەختی سوڵتان بوو، دەرچوو بوو.

لە ٥ی ژونی ١٨٧٦ سوڵتانی پێشوو"عەبولعەزیز" خۆی کوشت. ئنجا لە ١٥ی ژوندا ئەفسەرێکی سوپای قەوزاقی کە "حەسەن"ی ناوبوو، رقێکی شەخسیی هانیدابوو، تەقەی لە "حوسێن ئەفەندی پاشا"ی وەزیری کاروباری دەرەوەو "رەشید پاشا"و چەند کەسێکی دیکە لەکاتی کۆبوونەوەیەکی کابینەی وەزارەتدا کرد و کوشتنی. ئەمەش سەنگی هێزەکانی بە قازانجی چاکسازە فرە رادیکاڵەکاندا گۆڕیی. لە ١٥ی ژوئیەدا لەیەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی مەزنی نوێدا بڕیاری راگەیاندنی دەستوور درا.هەرچەندە ئەو هەوڵە نەیتوانی سەرکەوتووانە هەنگاوبنێت بە تێکچوونی خێرای حاڵەتی دەرونی سوڵتان موورادەوە.

موراد کە ئەمێستا شەرابخۆرێکی مەست بوو، کاتێك لە ئێوارەی ٣٠ی مایۆدا لە کۆشکەکەی برا بۆ ئەوەی کارمەندە باڵاکانی دەوڵەت بەیعەتی بدەنێ و لە دەروازەی باڵا سوێندی وەفاداریی بۆ بخۆن، تا دواڕادە ئاڵۆزییەکی دەرونیی پێشاندا (ئەو پێی وابوو کە بەرەو لە سێدارەدان دەیبەن بیکوژن).[62] لەوەدەچێت خۆکوشتنی مامی و کوشتنی چەندین ئەندامانی کابینەکەی بووبێتە رمانێکی توندی دەرونی. پاش ئەوەی سوڵتان لەلایەن پسیۆڕە پزیشکییە عوسمانیی و بیانییەکانەوە پشکنرا، کابینەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سوڵتان موراد کەڵکی فەرمانڕەوایەتیی نەماوە. سەرەتا هەوڵدرا حەمید ئەفەندی برابچووکی بکرێتە بریکاری، بەڵام کاتێك موراد ئەوەی رەتکردەوە، ناچاربوون موراد لابەرن و حەمید بخەنە شوێنی، ئەوەی لە ١ی سێپتەمبەری ١٨٧٦دا بەناوی "عەبدولحەمیدی دووەمەوە"

[62] Robert Devereux (1963) The first Ottoman constitutional period: a study of the Midhat constitution and parliament, Baltimore: Johns Hopkins Press, 39.

چووه سەرتەخت. موراد برایە کۆشکی "چراغان" لەبۆسفۆر، کە لەوێ وەك دەستبەسەرێك بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ ژیانی بردەسەر.

## پەرەگرتنی قەیرانی بولگاریا: جەنگ لەگەڵ روسیا

هەمان کات هەلومەرجەکە لە بالکان بەرەو خراپتر دەڕۆیشت. سربیا لە ٣٠ی ژونی ١٨٧٦دا جەنگی دژی ئیمپراتۆرییەکە راگەیاند، بەڵام رووبەڕووی بەهێزیی و خۆڕاگرییەکی بەرچاوی سوپای عوسمانیی بووەوە، هەربۆیە لە سێپتەمبەردا داوای ئاگربەستی کرد. هەرچەندە لەم کاتەدا هەستی سلاڤیزم لە روسیا لە جۆش‌وخرۆشدا بوو. سلاڤگەراکان کە لە سربیا بێئومێد بوون، چاویان خستەسەر بولگاریا، هەروەها حکومەتی روسیا فشاری خستەسەر ئەستەمبوڵ بۆ ئەوەی چاکسازییەکی بەرفراوان و ئۆتۆنۆمییەکی راستیینە لەو ناوچانەدا بێنێتەئارا کە دانیشتووانەکەی بولگارین، هەڕەشەی ئەوەشی کرد ئەگەر داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرێت ئەوا جەنگ دژی دەوڵەتی عوسمانیی رادەگەیەنێت. بەریتانیا هەوڵیدا بۆ کەمکردنەوەی ئەو قەیرانە پەرەگرتووە پێشنیازی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی لە بالکان بکات، کاتێك کۆنفرانسەکە بۆ یەکەمجار لە ئەستەمبوڵ لە ٢٣ی دیسەمبەری ١٨٧٦دا دانیشتن، نوێنەرانی کۆنفرانسەکە سەریان سوڕما کاتێك لەلایەن نوێنەرە عوسمانییەکانەوە راگەیەندرا کە نها دەستوور رادەگەیەنرێت، ئەوەی لەسەر بناغەی دەستووری بەلچیکیی ١٨٣١ داڕێژرابوو، بەڵام ژمارەیەك لە خاڵەکانی (یان هەڵەکانی) وایکرد ئەو دەستوورە تایبەتمەندییەکی زێدە دەسەڵاتسەپێن بێت و جیاوگی بایەخداری بۆ سوڵتانیش جێهێشتبوو، ئەوەی پاشتر بۆ سنووردارکردنی حکومەتی دەستووریی بەکارهێنرا. ئاراستەی دەسەڵاتسەپێنیی دەستوورەکان پاش دەستووری پروسییساڵی ١٨٥٠ شکڵی گرت.

راگەیاندنی دەستوور لە دیدی عوسمانییەوە هەموو گەنگەشەیەکی سەبارەت بە چاکسازیی لە ناوچە کریستیانییەکانی ئیمپراتۆرییەکە کردە بابەتێکی زێدە و ناپێویست، چونکە نها هەموو رەعییەت مافی دەستووریان پێ بەخشرابوو. دەروازەی باڵا هەموو پێشنیازێکی دیکەی هێزەکانی سەبارەت بەو مەسەلەیە رەتکردەوە. لە ئاکامدا کۆنفرانسەکە شکستیخوارد و لە ٢٤ی ئەپرێلی ١٨٧٧دا روسیا جەنگی دژی دەوڵەتی عوسمانیی راگەیاند و بێلایەنیی نەمساشی بەوە مسۆگەر کرد کە داگیرکاریی نەمسای بۆ بۆسنە–هەرسك پەسەند کرد. لەسەرەتادا سوپای روسیی کەمێك رووبەڕووی بەرەنگاریی بوونەوە، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی ناچاوەڕوانکراو لە "پلیڤان" لە بولگاریا رێگەی لێگیرا، لەوێدا عوسمانییەکان بەرگرییەکی زۆریان لە بەرامبەر ئەو پەلامارە روسییانەدا کرد کە لە مایۆ و دیسەمبەردا دەکرایە سەریان.

کاتێك دواجار روسیا دزەی کرد ئیدی مانای کۆتایی بەرگریی عوسمانییەکان هاتو هەروەها لە کۆتایی فێبرایەردا، روسەکان لە (سانستیڤانۆ/یەشیلکۆی هاوچەرخ) ١٢کیلۆمەتر لەدەروەی ئەستەمبوڵ، لە ٣ی مارتی ١٨٧٨دا رێکەوتنی ئاشتیی لەوێدا مۆرکرا، کە بە تەواویی کارەساتێکی بەسەر عوسمانییەکاندا هێنا. بولگارییایەکی ئۆتۆنۆمی مەزن لەنێوان دەریای ئیجە و دەریای رەشی گرتبووەخۆ، مۆنتینیگرۆ قەڵەمرەوێکی مەزنی دەستکەوت(کە بووە سێ‌ئەوەندەی رووپێوەکەی پێش خۆی)، قەڵەمرەوێکی کەمتریش بۆ سربیا. سربیا، مۆنتینیگرۆو رۆمانیا سەربەخۆ بوون. پێویست بوو چاکسازییەکی بەرفراوان لە تیسالیاو قوبرس بکرێت. لە ئاسیا، باتوم، قارس، ئەردەهان‌و دۆغۆبایەزید خرانەسەر روسیاو دەبووایە چاکسازییش لە ئەرمینیا بکرایە. لەوەش زیاتر، دەوڵەتی بولگاریا دەبوو بۆ ماوەی دووساڵ لە بن داگیرکاریی روسیا بمایەتەوە. بە ئاشکرا بولگاریا تەنانەت پاش ئەو ماوەیەش لەژێر دەسەڵاتی روسیادا مایەوە.

مۆرکردنی رێکەوتننامەکە حەپەسانی هێزە ئەوروپییەکانی دیکەی لێکەوتەوەو هانیدان وەخۆکەونەوە، بەتایبەت، نەمساو بەریتانیا. نەك لەبەر هەر سۆزو لایەنگرییەکیان بۆ عوسمانییەکان. بەڵکو لەبەر ئەوەی گەر هێزە ئەوروپییەکان بیانەوێت هاوسەنگیی هێزەکان لە ئەوروپادا بمێنێتەوە، هەرگیز باڵادەستیی روسیایان بەسەر دەوڵەتانی بالکان‌و ئاسیای بچووکدا بۆ قووت نەدەچوو. فشارو هات‌وهاواری نەمساو بەریتانیا بووە هۆی بەستنی کۆنفرانسی بەرلین لە ژونی ١٨٧٨دا، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ قەیرانی رۆژهەڵات کە ئەمێستا بووەتە "کێشەی رۆژهەڵات". ئەم کۆنفرانسە دوا کۆنفرانس بوو کە لەدوای کۆنفرانسی ڤێنای ساڵی ١٨١٤ بەوشێوەیە هەموو زلهێزە ئەوروپییەکانی تێدا ئامادەبێت، پێویست ناکات بگوترێت کە کاریگەریی گەلانی بالکان‌و حکومەتەکانیان لەو کۆنفرانسەدا بایەخێکی نەبوو.

ئاکامی کۆتایی کۆنفرانسەکە، رێکەوتننامەی بەرلین بوو کە هەلومەرجە دژوارەکەی هێورکردەوە، بەڵام خاڵ‌و بەندەکانی سان ستیڤانۆی هەڵنەوەشاندەوە. رۆمانیا،سربیاو مۆنتینیگرۆ هێشتا سەربەخۆیی خۆیان دەستکەوت. بەڵام ئەو قەڵەمڕەوانەی دران بەو دووانەی دواتریان فرە کەمکرایەوە. بولگارییایەکی ئۆتۆنۆمیی پێکهێنرا، بەڵام زۆر بچووکتر لەوەی چاوەڕواندەکراو هەروەها بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی بالکان کرایە دووبەش، بەشی خوارووی وەك بەشێك لە هەرێمەکانی عوسمانیی مایەوە کە والیەکی کریستیانیی بۆ دانرا. لە ئاسیا، زۆربەی ئەو دەستکەوتانەی روسیا، لەوانە بەندەری باتوم، لەشوێنی خۆی مایەوە. لەوەش زیاتر، نەمساو بەریتانیا دەستکەوتی خۆیان لەو دەستێوەردانە چنگ کەوت–نها نەمسا بۆسنەوهەرسکی داگیرکردبوو (کە بەناو بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی) هەروەها بەریتانیاش لە قوبرس هەمان شتی کرد.سوڵتان جگە لە ملکەچبوون چارەیەکی دیکەی نەبوو.

# باسی حەوتەم

# دیسپۆتیزمی دواکەوتووانە یان کۆتایی چاکسازییەکان؟

# فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

لەوکاتەوە رێکەوتننامەی بەرلین مۆرکرا(ساڵی ١٨٧٨)، رەوشی نێوخۆیی لە ئەستەمبوڵ بەشێوەیەکی خێراو توند گۆڕانی بەسەرداهات، وەك دەستوور خواستبووی، هەڵبژاردنەکان بۆ پارلەمانێکی عوسمانیی لە دیسەمبەری ١٨٧٦و یەنایەری ١٨٧٧دا ئەنجامدرا. پارلەمانیش بەشێوەیەکی فەرمیی لە ١٩ی مارتی ١٨٧٧دا کرایەوە، ئەنجومەنی هەرێم و مەڵبەندەکان، نەك گەل، ١٣٠نوێنەریان هەڵبژارد. لەم پرۆسەیەدا بەرژەوەندییە مىللییەکان نزیکەی بە تەواویی لە هێندێك ناوچە نائامادە بوو، بەڵگەی ئەوتۆ بەدەستەوەن کە هێندێك لەوانەی شوێنیان لەنێو هەڵبژێردراوەکاندا هەبووە لەلایەن والیەکانەوە دانراون.[63] هەرچەندە، پارلەمان، یاخود زیاتر ئەو ئەنجومەنەی دووەمجار هەڵبژێردرا، لەو ماوەیەی کە ئەندامەکانی بە باشیی خۆیان ناساندبوو، دوو دانیشتنی کرد. وێڕای بێئەزموونیی و نەبوونی ترادسیۆنی نوێنەرایەتیی لە ئیمپراتۆرییەکەدا، زۆربەی ئەندامەکانی هەوڵیاندا نوێنەری دیدو سەرنجی ئەو ناوچانە دەرخەن کە لێوەی هاتبوون و نوێنەرایەتییان دەکرد. پارلەمانی عوسمانیی نزیکەی بە تەواویی لە ئەرکە تەشریعییەکەیدا شکستیخوارد، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەستوور رێگەی بە سوڵتان و وەزیرەکانی دابوو کە بە بڕیارو فەرمانە سوڵتانییەکان فەرمانڕەوایەتیی بکەن، بەڵام ببووە یانەیەکی رەخنەکاریی لەئاست بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەلایەن حکومەتەوە، ئەویش بەشێوەیەکی کاریگەرو ورووژێنەر، لەراستییدا، کە لە ١٤ی فێبرایەری ١٨٧٨(کاتێك سوپای روسیی لە دەروازەی شاری ئەستەمبوڵ بوو رەخنەی توندوتیژ دژی حکومەت لە هەڵکشاندابوو) سوڵتان پارلەمانی بۆ ماوەیەکی نادیار هەڵپەسارد.

ئەوەش بە هەموو مەبەست و ئامانجێك مانای ئەوەی دەگەیاند کە لەم ساتە بەدواوە رژێمی دەستووریی کۆتاییهاتووە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم نەك تەنیا خاوەن شکۆ بوو، بەڵکو وەك پاشایەکی فەرمانڕەوای رەها بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ حوکمی کرد (هەرچەندە دەستوور هیچ

---

[63] Robert Devereux (1963) The first Ottoman constitutional period: a study of the Midhat constitution and parliament, Baltimore: Johns Hopkins Press, 126–7.

کات بە فەرمیی هەڵنەوەشێنرایەوەو واپێشاندرا کە لە ساڵی ١٨٨٠دا کار بە دەستوور دەکرێتەوە).[٦٤] ماوەی فەرمانڕەوایەتیی عەبدولحەمید جێی گەنگەشەیەکی مەزن‌و بیروڕای دژبەیەکە. ئەوروپییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەویان بەتایبەت لە کۆتایی قۆناغی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا وەك پاشایەکی ستەمکاری دواکەوتووی خوێنڕێژ دەبینی. سەرکوتی خوێناویی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٨٩٠کان یاریدەی شکڵگرتنی وێنەیەکی بەو شێوەیەی دا. مێژوونووسەکانی کۆماری تورکیا، کە بۆخۆیان میراتگری تورکە لاوەکان بوون، ئەوانەی عەبدولحەمیدیان ناچارکرد لە ساڵانی ١٩٠٨-١٩٠٩دا واز لە دەسەڵات بێنێ، ئەوانیش عەبدولحەمیدیان وەك دواکەوتووخوازێك بینیوە، ئەوەی لە ماوەی تەمەنی نەوەیەك لەمپەری خستەبەردەم نوێبوونەوەی ئیمپراتۆرییەکە. مێژوونووسە هاوچەرخەکانی تورکیا، هەر لە ساڵی ١٩٦٠کانەوە وێنەیەکی جیاوازیان پێشانداوە، جەختیان لەو ماوەیە کردووەتەوە کە فەرمانڕەوایەتییەکەی عەبدولحەمید وەك بەردەوامییەك، یان تەنانەت لوتکەو کۆتایی قۆناغی تەنزیمات بووە ، هەروەها سەبارەت بەو قازانجانەی بۆ ئیمپراتۆرییەکەو دانیشتووانەکەی هێناون.[٦٥] ئەو دیدو تێڕوانینانە هەردووکیان دروستن، چونکە هەریەکەیان نیوەی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە.

## ڕەگەزەکانی بەردەوامیی

ئەوە راستە کە بەناوەندییکردنی کارگێڕیی کە بنچێکی سەرەکیی چاکسازییەکانی تەنزیمات بوو، تەنیا لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتیی عەبدولحەمیددا بەریگرت. کە بە یارمەتیی چەندین پەرەسەندنی گرنگ لە شێوازەکانی پەیوەندییکردن لە ئیمپراتۆرییەکەدا هاتەدی. گرنگترینی ئەوانە"تەلەگراف" بوو. یەکەمین هێڵی تەلەگراف لە سەردەمی جەنگی کریمەدا راکێشرا، کە ئەستەمبوڵی بە سیستمی ئەوروپاوە دەبەستەوە.پاش ئەوەی تۆڕی تەلەگراف بەخێرایی لەسەردەمی عەبدولحەمیددا بڵاوبووەوە بەشێوەیەك گەیشتە هەریەکە لە شارەکانی هەرێمەکان. ئەوەی ئامرازێکی ئەوتۆی بە حکومەت بەخشیی کە چالاکانە پەیوەندیی لەگەڵ

---

[64] Devereux, op. cit., 248–9.

[65] ئەم سەرنجە وەرگیراوە لە:

J. Shaw and Ezel Kural Shaw (1977) History of the Ottoman Empire and modern Turkey. Volume 2: Reform, revolution and republic: the rise of modern Turkey 1808–1975, Cambridge: Cambridge University Press, 172–272.

هەرێمەکاندا بکات و بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەسەر کارمەندەکانی لەو هەرێمانەدا بگات. دەستەیەکی مەزنی باش ڕاهێنراو لە بەگەڕخەرانی تەلەگراف هاتەئارا.

بنیاتنانی ڕێگەی ئاسنیی، کە پێویستی بە سەرمایەگوزارییەکی مەزنتر هەبوو فرە هێواشتر پەرەیسەند، بەڵام هێشتا لەم ساڵانەدا بەشێوەیەکی مەزن فراوان بوو، کۆمپانیا فەرەنسیی و بەریتانییەکان یەکەمین ڕێگەی ئاسنییان لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا بنیاتنا. ئەوەی لە چەند هێڵێکی ساکار پێکدەهات کە ناوچە کشتوکاڵییە کەنارییەکانی بە بەندەرە سەرەکییەکان دەبەستەوە. هێڵێک لە ئەزمیرەوە بۆ حەیدەر پاشا(بەرامبەر ئەستەمبوڵ لە ڕووی ئاسیایی بۆسفۆرەوە) لە ساڵی ١٨٧٣دا کرایەوە، هەروەك هێڵێکی بۆرسە–مودانیە . تەنانەت ئەو هێڵەی کە بەلای ڕۆژهەڵاتی ئەزمیردا تێدەپەڕیی بەرەو دۆڵی مەندرێسی باڵا و خواروو، کۆتتر بوو، لە ساڵی ١٨٦٦دا دەستپێکرابوو. لە ساڵانی ١٨٨٠کان و ١٨٩٠کاندا، ئەو چەند سەد مایلە ڕێگایە بۆ چەند هەزارێك زیادی کرد. فەرەنسیی و بەریتانییەکان هێڵە ئاسنییە نێوخۆییەکانی کەنارەکانی سوریا و فەلەستینیان لە ساڵی ١٨٨٨بەرەوسەر بنیاتنا، مەکەدۆنیا بە پایتەختەوە بەسترایەوە، هەروەها ناوچە نێوخۆییەکانی ئەنەدۆڵ، کە بەهۆی بنیاتنانی (ڕێگەی ئاسنیی ئەنەدۆڵ لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانییەوە) لە ساڵی ١٨٩٢دا گەیشتە ئەنکەرەو هەروەها چوارساڵ پاشتریش بۆ قۆنیە. لە ساڵی ١٩٠٣دا جیاوگێك بە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیی درا کە هێڵی ئاسنیی لە ئەنکەرەوە بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ بکاتەوە تا بەغداو بەسرە. ئەوەش بە"ڕێگەی ئاسنیی بەغدا" ناوبانگی دەرکرد. کە تەنگەژەیەکی مەزنی لەنێوان زلهێزەکاندا لە ساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی پێکهێنا. ئەم هێڵانە تەنیا بەستنەوەیەکی ساکارانەی نێوان ناوچە بەرهەمهێنەرە کشتوکاڵییەکانی بە بەندەرە نزیکەکانیانەوە نەبوون، بەڵکو ئامرازێکی بەهێزی پێکەوەگرێدانی دەسەڵاتی ناوەندیی بوون (ئەوەی بۆ نموونە جوڵەی خێرای سوپای گونجاوتر دەکرد).

لەکۆتایی ١٨٧٠کانەوە بەرەوسەر، کەشتیگەلی هەڵمیی خەریك بوو لەبواری هاتوچۆی دوورمەوداکاندا باڵادەستیی پەیدا دەکرد.[٦٦] هەروەك کۆمپانیاکانی ڕێگەی ئاسنیی، کۆمپانیاکانی کەشتیگەلی هەڵمیی نزیکەی بە تەواویی بیانیی بوون. جگە لەو هێڵانەی لە نێوخۆو دەوروبەری پایتەختدا هەبوون. شانەبشانی ڕۆڵی ڕێگەی ئاسنیی لە بەستنەوەی بەندەرەکان بە ناوچە کەنارییە بەرهەمهێنەرەکانەوە، کەشتیگەلی هەڵمییش پێکەوە گرێدانی

66 Donald Quataert (1983) Social disintegration and popular resistance in the Ottoman Empire, 1881–1908: reactions to European economic penetration, New York: New York University Press, 96,

به سیستمی سەرمایەداریی هێندێك ناوچەو لە چەند بوارێکی ئابووریی عوسمانییدا خێراتر کرد. لە رووی ماوەی سەفەر کردنو چالاکیی ئابوورییەوە، ئەو ناوچانە نها توندتر بە بەندەرە ئەوروپییەکانی وەك ( مارسیلیسو ترسیت)ەوە بەسترابووەوە وەك لە بەشە نێوخۆییەکانی ئیمپراتۆرییەکە کە سەد مایلێك ماوەی نێوانیان بوو.

چاککردنی ئەم ئامرازە تەکنیکییانە وای لە کارگێڕیی کرد لە کۆکردنەوەی باجو سەربازگیرییو پاراستنی یاساو ئاسایشدا کاراتربێت. سەرباری ئەوەش، لەسالانی ١٨٨٠کاندا خوێندنگە هاوچەرخەکان گەیشتبوونە ئەو ئاستەی ژمارەیەکی تەواوی دەرچووانی هەبێت تاکو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ستاف بیرۆکراتییدا شوێنی خۆیان بگرن. چ ژمارەی خوێندنگاکانو خوێندکاران لە نێوان سالانی ١٨٦٧و ١٨٥٩دا زیاتر لە دووهێندە زیادی کرد. هەرچەندە رێژەی خوێندکاران لەئاست دانیشتووان زیاتر لەنێو کۆمەڵگە کریستیانییەکاندا زیاتر بوو وەك لەنێو موسوڵمانەکاندا. باشبوونی فێرکردن بووە هۆی زێدەبوونی خوێندەواریی، ئەوەش بازاڕێکی بۆ رۆژنامەوانیی عوسمانیی پێکهێنا. ئەوەی لەسەردەمی عەبدولحەمیددا بەخێرایی پەرەیگرت، چ لە رووی ژمارەی بڵاوکراوەکانو چ لە رووی ژمارەی خوێنەرانیشیەوە.

## ناکۆکییەکان لەگەڵ قۆناغی پێشوو

رۆژنامەوانیی ئەو کەناڵەیە بە ئاشکرا دەریدەخات کە قۆناغی حەمیدیی هەم بەردەوامی تەنزیماتەکانەو هەم داپچڕانیشە لە پێشوو. کاتێك رۆژنامەکان لەگەڵ هەوڵە پێشەنگییەکانی سالانی٠ ١٨٦کان بەراورد دەکران. ئەمێستا پرۆفیشناڵترو دەگەیشتنە رێژەیەکی بەبڵاوتری خەڵك. لەنێوان ١٨٧٦و ١٨٨٨دا هەر ساڵەی ٩ بۆ١٠ بڵاوکراوەی وەرزیی لە ئەستەمبوڵ دەردەکەوتن. کاتێك لە ساڵی ١٨٨٨دا سانسۆری توند هێنرایەئارا، رێژەی ئەو بڵاوکراوانە بوونە یەك دانە لەماوەی ساڵێکدا. نها سانسۆر رێگەی لە گەنگەشەی کاروبارە سیاسییەکان گرت، بەتایبەتیی هەرشتێك پەیوەندیی بە لیبراڵیزمو دەستووریزمەوە هەبێت. وتووێژکردن سەبارەت بە رۆژەڤ بەهەر شێوەیەك قەدەغە بوو، رۆژنامەو گۆڤارەکان لاپەڕەکانی خۆیان بە گوتاری ئینسایکلۆپیدیایی زانستیی، جوگرافیی، مێژوویی و هەروەها تەکنەلۆژیی و ئەدەب پڕدەکردەوە. بەم شێوەیەش، ئەوان راژەیان بە خوێنەرانی عوسمانیی (هێشتا تەنیا بەشێك لە دانیشتووان) دەکردو سەبارەت بە جیهانی دەرەوە روونیان دەکردنەوە. رۆژنامە سەرەکییەکانی ئەستەمبوڵ بە تیراژی ١٢٠٠٠تا ١٥٠٠٠ بڵاودەکرانەوەو دواپلەی تیراژ

٣٠٠٠٠دانــه بــوو. لەراســتییدا خوێنــەران فــرە زۆرتربــوون. ئــەوەش بــۆ ئــەو دیاردەیــە دەگەڕێتـەوە کـە لـە ١٨٧٠کانـدا بـەناوی" قیرائەتخانـە/شـوێنی خوێندنـەوە" کـە قاوەخانەیـەك بــوو بڵاکــراوەو ڕۆژنامــە ســەرەکییەکانی تێــدا کۆدەکرایــەوەو مــشتەرییەکانیش بــەدەم نێرگەلەکێشانەوەو قاوەخواردنەوە چاویان پێدا دەخشاند.[٦٧]

هەروەها بڵاوکراوەی ئەم قۆناغە ڕوویەکی ئایدۆلۆژیی بونیادگەرایی ڕژێم پێشاندەدات، کە لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆیدا پچڕانێکی ئاشکرا بەرجەستە دەکات. نەك تەنیا سەبارەت بـەو شـتانەی سـوڵتان وەك هێزێکـی هەڵوەشـێنەر (لیبرالیـزم، نەتەوایـەتیی و دەسـتووریزم) تەماشای دەکرد، (عەلی پاشاو فوئاد پاشاش لەکاتی خۆیدا ناحەزییان دژی ئەم جوڵانەوەیە پێـشاندا)، بـەڵکو ئـەو هـەروەها دەیویـست لـە ڕێگـەی جەختکردنـەوە لـە تایبەتمەنـدیی سونەتیی و ئیسلامییەتیی فەرمانڕەواییەکەی بەرپەرچی ئەو هزرانە بداتەوە. ئەم ڕەوتە هەر لە دواساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولعەزیزەوە دەستیپێکرد، بەڵام عەبدولحەمید زیاتر لەهەر سوڵتانێکی پێش خۆی، بانگەشەی هاوبەستەگیی موسوڵمانانی دەکرد، نازناوو سـیمبوڵی خەلیفەشـی بۆخـۆی بـەکاردەهێنا. ئـەوە تـەنیا خواسـتی عەبدولحەمیـد نـەبوو کـە ئاراستەی ئایدۆلۆژیی بۆ هاوسەنگیی لە هەمبـەر ئـەو هـزرە هەڵوەشـێنەرانە دەکرد، بەڵکو بە وردی ئـەو هەلومەرجـە نوێیـەی ئیمپراتۆرییەکـەش بـوو کـە لـە ئاکـامی شکـستەکەی سـاڵی ١٨٧٨دا لـە ڕووی قەڵـەمڕەوەوە زیـاتر ببـووە ئاسـیایی و لـە ڕووی دانیشتوانیـشەوە زیـاتر دانیشتووانی موسوڵمانانی لەخۆدەگرت.[٦٨]

ئەو ئیسلامەی سوڵتان پشتگیریی لێدەکرد بریتیبوو لە ئیسلامێکی زێدە کۆنەپارێزی ئـەو عولــەماو شــێخە ســۆفییگەرایانەی کــە عەبدولحەمیــد لــەخۆی کۆکردبوونــەوە. لەوەناچــێت ئیـسلامییە مۆدێرنیستەکان لـە دەربـاردا چ پـشتگیرییەکیان هـەبووبێت. لەکاتێکـدا چـاودێرە بیانییــەکانو ئەندامــەکانی کۆمــەڵگا کریــستیانییەکان ئــەوەیان وەك گەڕانەوەیــەك بــەرەو فاناتیزم دەبینی. بانگەشەکردن بۆ ئیسلام لێدانبوو لە تەلی ئاینیی موسـوڵمانان لـە نـاوەوەو

---

[67] Orhan Koloğlu (n.d.) ‘Osmanlı basını: içeriği ve rejimi’, in Murat Belge (ed.) *Tanzimat’tan cumhuriyet’e Türkiye ansiklopedisi*, Istanbul: İletişim, vol. 1, 87.
ئەم بەشە دە گوتار دەگرێتەخۆی باس لە باری هونەرو شارەزایی لەم بوارەدا دەکات.

[68] Selim Deringil (1998) The well-protected domains: ideology and the legitimation of power in the Ottoman Empire 1876–1909, London.

"ل.ب.توریس" وێنەیەکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئیسلام لەلایەن عەبدولحەمیدەوە بۆ بەهێزکردنی بناغەی ئایدۆلۆژیی دەسەڵاتەکەی دەخاتەبەرچاو.

دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکـە، ئەوانــەی هەســتیانکرد هەڕەشــەی ئیمپریــالیزمی ئــەورووپیی و هەروەها پێگەی خاوەن جیاوگە کریستیانییەکانیان لەسەرە. مـەزنترین مۆنۆمێنتی سیاسـەتە ئیـسلامگەراییەکەی عەبدولحەمیـد بریتیبـوو لـە ڕێگـەی ئاسـنیی حیجـاز لـە دیمەشـقەوە بـۆ مەدینە، کە لە نێوان ساڵی ١٩٠١و ١٩٠٨ەوە لـە ڕێگـەی بەشداریی خۆبەخشەوە لـە پێنـاوی ڕاژەی حەجکردن بۆ مەککە ئەنجامدرا.[٦٩]

ئایـدۆلۆژیی دەوڵـەت تـەنیا بـوار نـەبوو کـە قۆناغی عەبدولحەمیـدی لـە ئەوەکـەی تـەنزیمات جیادەکردەوە، لەوەکەی دواتریاندا، لە سایەی سوڵتانی لاوازو پاشا بەهێزەکاندا، ناوەندی دەسەڵات زۆربەی لە دەروازەی بـاڵادا کۆببـووەوە، کـە کارمەنـدە باڵاکـانی بیرۆکراتـی دەوڵـەتی تێـدا کــارابوو، بــەڵام پەیوەندییــەکانی نێــوان دەروازەی بــاڵا و دەربــار بــە تــەواویی روون نەکرابووەوە. هەروەها ئەمێستا بە بوونی سوڵتانێکی بەجەخت لە دەربار، ناوەندی دەسـەڵات بەجەختــەوە گــۆڕاو بــۆ دەربــار گەڕایــەوە، ئــەوەی پێــشتر لەسـایەی مــەحموودی دووەمـدا روویـدابوو، سـکرتارییەتی دەربـار (مابـەین/نێوەنـد)، نزیکـەی لـە دواسـاڵەکانی سـەردەمی عەبدولعەزیزدا فراوانکراو بۆ بیرۆکراتییـەکی مـەزن گەشـەی کردو دواتر لـە لوتکەیەکدا وەك بەڕێوەبەری دەربار دەرکەوت. غازی عوسمان پاشا هەتا مردنی لە ساڵی ١٨٧٩دا، بەرگریکار لە پلیڤان لە ساڵی ١٨٧٧دا، کە کەسایەتییەکی ملهوڕو کۆنەپارێز بوو، ئەوەی بۆ ماوەی ٢٠ سـاڵ هێزێکـی مـەزن بـوو لـە پـشت دەربـارەوە. هێنـدێك لـە بیرۆکراتـە مەزنـەکانی قۆنـاغی عەبدولحەمیـد وەك"کوچك سـەعید پاشـا" کـەمتر لـە ٧ جـار ببـووە سـەدروئەعزەم، هـەروەها قوبرسلی "کامیل پاشا" کەمتر لە سەرکردەکانی تەنزیمات لێوەشاوە نەبوو، بەڵام ملکەچیی بۆ دەربار وایکرد هەمان پێگەی ئەوانی نەبێت.

لە سیستمێکی ئۆتۆکراتیی بەم شێوەیەدا، کەسایەتیی سوڵتان بایـەخێکی مـەزنی هـەبوو، هــەروەها لــە ســاڵانی ١٨٨٠کــانو ١٨٩٠کانــدا ئەمــە بــە شــێوەیەکی زیــاد بــووە گرفــت. لــە ســاڵەکانی قۆنــاغی لاویــدا(کاتێــك چــووە ســەرتەخت تەمــەنی ٣٤ســاڵ بــوو) کەســێکی دەســتنەکراوەو پــارە بەفیڕۆنــەدەر بــوو، هەڵــسوڕو هۆشــیار بــوو. بــەڵام پێــشینەی لــە سیاسـەتەکانی دەربـاری عوسمانییـدا، هـەروەها بـە تایبـەتیی ڕووداوەکـانی سـاڵی ١٨٧٦کـە ئەویان هێنایـە سـەرتەخت، وایلێکرد کـە هەسـت بـە نائارامیی بکاتو گومـان لـە هـەوادارانو

---

[69] نزیکەی نیوەی ئەم خەرجییانە لەو پیتاکانەوە دەهات کە خۆبەخشانە پێشکەش دەکران. بڕوانە :
Azmi Özcan (1997) Pan-Islamism: Indian Muslims, the Ottomans and Britain (1877–1924), Leiden: E. J. Brill, 108–10.

راژەکارانی بکات. پاش هەمووی، ئەگەر ئەوان بتوانن عەبدولعەزیزو موراد لەسەرتەخت لابەرن، ئەو بۆ نا؟ بە درێژایی سالآن، ئەم گومانەو خواستی سروشتی بۆ ئەوەی گەورەی مالّی خۆی بێت بۆ ترسێك گۆڕاو لە ئاکاریدا بنجی داکوتا. ئاکامەکەشی ئەوەبوو کە سولّتان ئیدی زیاتر و زیاتر متمانەی بەو تۆڕە سیخوڕییە نێوخۆییە هەبوو کە خۆی بنیاتی نابوو، وێڕای ئەوەی خەلّکانێك لە چەندین پلەو پۆستی جیاوازدا هاندەدران کە راپۆرت سەبارەت بە چالاکیی ئەوانەی دیکە بنووسن. دەیەها هەزار راپۆرت کە "ژۆرنالز"ی پێدەگوترا، ئاخنرابوونە نێو ئەرشیفەکانی کۆشکی"یەلّدز/ئەستێرە"ی سولّتان عەبدولحەمیدەوە.

کاتێك وەفاداریی بۆ کەسایەتیی ببووە بایەخێکی سەرەکیی سولّتان، رێگە بە فراوانی لەبەردەم گەندەلّیی و خزمخزمێنە تەخت بوو، ئەوەی بەشەکانی حکومەتی بە کارمەندانی زۆروبۆر پڕکردبووەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەلّسوڕانە عەقلآنیی و لێهاتووەکانی لە کایە حکومییەکان هەلّگیرێت، کەشتیگەل رێگەی پێنەدرا لە بنکە دەریاییەکانی خۆیەوە لە کەنارەکانی قۆچی زێڕینەوە ببزوێت نەوەك چەکەکانی ئاراستەی کۆشکی سولّتان بکاتو بەوە چەکەکانی تاقیبکاتەوە، سوپا دەبوو بێ گوللە راهێنان لەسەر چەکەکانی بکات. سولّتان بە باشیی ئاگاداری ئەو خولیا لیبرالّییانەی زۆربەی دەرچووانی کۆلێجە مەزنە سەربازییەکان بوو، هەربۆیە ئەو حەزی دەکرد پشت بەو —هەروەها سەرخستنی پلەی— ئەفسەرانە ببەستێت کە لەنێو دەستە سەربازییەکانەوە پێگەییبوونو شارەزایی زانستی سەربازیی هاوچەرخ نەبوون ( هێندێك لەوانە نەخوێندەوار بوون). لەنێو سوپادا دابەشبوونی توند لەنێوان ئەفسەرە "مەکتەبلی/دەرچووانی خوێندنگە سەربازییەکان"و "ئالآیلی/سەربە تیپە سەربازییەکان" هەبوو. بێوەرەیی و بێمتمانەیی لەنێو سوپاو بیرۆکراتییدا، بەتایبەت لەنێو ئەندامە گەنجەکاندا وردە وردە بووە گرفتێکی جدیی. لەم رووەوە کە قۆناغی حەمیدیی نەك تەنیا بەردەوامبوونێکی تەنزیمات نیە، بەلّکو هەروەها کاریکاتێرەکەشێتی.

بۆ قەزاوەتکردن لە تایبەتمەندیی و هەروەها دەستکەوتەکانی قۆناغی حەمیدیی، پێویستە پێش هەموو شتێك درکی ئەوە بکەین کە بۆ ماوەیەکی درێژ قۆناغێکی هەستانەوە بوو لەو قەیرانەی کە زۆری نەمابوو کۆتایی بە ئیمپراتۆریی عوسمانیی بێنێت. رووداوەکانی ١٨٧٧-١٨٧٨ بۆ ئیمپراتۆرییەکە کارەساتێك بوو، لەدەستدانی قەلّەمڕەوەکان، تەنانەت پاش رێکەوتننامەی بەرلینیش مەزن بوون، لەوانە: رۆمانیا، سربیا، مۆنتینیگرۆ، بۆسنەو هەرسك، بولگاریا، تێساليا، بەشێك لە ئەنەدۆلّ، هەروەك قوبرس، بەگشتیی سێیەکی قەلّەمڕەوی ئیمپراتۆرییەکەیو ٢٠ لەسەدی دانیشتووانەکەی لەدەستدابوو.

کارەسات تەنیا ڕووی لە بواری سەربازیی،سیاسیی خود دارایی نەکردبوو، بەڵکو لە ڕووی مرۆڤایەتییەکەشەوە بوو. کۆچی موسوڵمانان بۆ نێو ئیمپراتۆرییەکە ببووە ئایندەی ژیانی عوسمانیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا. ئیمپراتۆریی ڕوسیا هەر لەو کاتەوە کەوتبووە فراوانخوازیی لە ناوچە کەنارییەکانی دەریای ڕەشدا. پاش هێرشکردنە سەر کریمە لە لایەن ڕوسیاوە(١٧٧١). هەروەها پاش دووبارە جەنگی کریمە (لە ١٨٥٤–١٨٥٥) ژمارەیەکی مەزن لە تەتارەکان لە کەنارەکانی باکووری دەریای ڕەشەوە دەستیان بە کۆچکردن کرد. لەوانەیە تێکڕای ژمارەیان لەناوچەکەدا خۆی لە نیو ملیۆن بدات. زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات ، ڕوسەکان دواجار لە ساڵی ١٨٦٤دا دەستیان بەسەر ناوچە چیاییەکانی قەفقاسدا گرت پاش ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ باندە پارتیزانە چەرکەسییەکاندا، هەروەها، زۆر لە موسوڵمانەکان، هێندێك جار بە تەواوی خێڵەکانیانەوە، وایان بە باشتر دەزانیی کۆچ بۆ نێوخاکی عوسمانیی بکەن وەك لەوەی لە سایەی دەسەڵاتێکی کریستیانییدا بژین. زۆربەی جار ئەوانە بەهۆی پێشڕەویی سوپای ڕوسیی و دەستە چەکدارە نانیزامییە گورجیی و قەوقازەکانەوە دەتۆقێنران و ناچار دەکران هەڵبێن. تێکڕا زیاتر لە ١,٢ ملیۆن موسوڵمان لە قەفقاسەوە کۆچیان کردبوو یاخود هەڵاتبوون.[70]

ئەو قەڵەمڕەوانەی ئیمپراتۆرییەکە کە لە ناوەڕاستی ئەورووپا لە دەستچوون، تا ئەو کاتەش دانیشتووانێکی مەزنی موسوڵمان تێیدا دەژیا. لە ساڵانی ١٨٧٧–١٨٧٨، بۆ یەکەمجار ناوچەگەلێك کە بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانەکەی موسوڵمان و تورك بوون، کەوتنە بندەستی داگیرکاری بێگانە، لەوەش زیاتر، چاوپۆشین بووە لەوە، هاوکاریی ئەوەی کرد کە کۆمەڵکوژییەکی گەورە لە دانیشتووانە لادێیە موسوڵمانەکان بکرێت. ئاکامەکەشی ئەوەبوو کە نزیکەی ملیۆنێك کەس هەڵاتن. زۆرێك لەوانە پاش جەنگ گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بەڵام نزیکە ٥٠٠,٠٠٠هەزارێك وەك "موهاجیر" پەنابەر مانەوە.[71] زیاتر لە ٢٦٠,٠٠٠ کوژران یاخود بە نەخۆشیی و قاتوقڕیی مردن. زۆرێك لەوانەی لەمردن ڕزگاریان ببوو ڕوویان لە ئەستەمبوڵ کرد، بەڵام خەڵکانێکی زۆریشیان لە دووبارە لە ئەنەدۆڵ، ناوچەکانی بالکانی عوسمانیی، کرێت و تەنانەت سوریاش نیشتەجێبوون، لە زۆربەی کات لە ناڕەحەتیی و

70 Justin McCarthy (1995) Death and exile: the ethnic cleansing of Ottoman Muslims, 1821–1922, Princeton: Darwin Press, 15–18, 32–5.

71 McCarthy, op. cit., 91.

داماوییـەکی زۆردا دەژیـان، لـەپاڵ ئـەو هەسـتە دژە کریـستیانییەی کـە لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەمدا لە تین وتاوێکی بەهێزدابوو.

## ڕەوشی نێودوڵەتیی

ئـەو کێـشە سـەرەکییانەی کـە حکومـەتی عوسمـانیی تووشـی هـات بریتیبـوو لـە هـەمان ئەوانەی لەسەرەتای سەدەکەدا یەخـەی گرتبـوو. ئاوێتەیـەك لـە سـەرهەڵدانی نەتـەوەیی لـەنێو گەلـە جیاوازەکـانی ئیمپراتۆرییەکـەو ئـەو فـشارەی لەلایـەن زلهێزەکانـەوە دەکـرا. ئـەوەی ڕەوشـەکەی ئێستای لە پێشوو جیادەکردەوە ئەوە بووکە ئەو زلهێزانە نها لە چوارچێوەی ململانێیەکی توندی نێو ئیمپریالیستیی دەجمان، ئەوەی وایکرد کە عوسمانییەکان بتوانن یـاری لەسـەر پـەت بکـەن و بیانـدەن بـە یەکدا بەشـێوەیەکی فرە سـەرکەوتووانە لـە ڕۆژگـاری کـۆن(کـە لـە کـاتی هەماهـەنگیی ئـەوروپا)دا هـەبوو. حکومـەتی عوسمـانیی کـارتێکی کـەمی بەدەسـتەوە بـوو یـاری پێبکـات. یـەك لەوانـە بریتیبـوو لـە ورووژانـدنی سـۆزی موسـوڵمانان و هەسـتی هاوبەسـتەگییان لـە سەراسـەری جیهانـدا، بەتایبـەت لـە ئیمپراتۆرییـەتی ڕوسـیا، فەرەنسا و بەریتانیا. زۆر لە سیاسەتکارەکانی وڵاتانی زلهێزەکان هەستیان وابوو کە ئەوەی پێـی دەگوترێت سیاسـەتی ئیسلامگەرایی گەمەیـەکی فێڵبازانەیە، بـەڵام ئەوانـە هـەرگیز لـەو ڕووەوە دڵنیا نەبوون. بۆ نموونە، کارگێڕیی کۆڵۆنییەکان لە هند هەمیشە ئەو هەڕەشەیەیان بـە بایەخـەوە وەردەگرت، لەڕاستییدا ئاینـدە دەریخست کـە سوڵتان فـەرمانی بـە پێکهێنـانی هاوبەسـتەگیی نێـوان موسـوڵمانان کـرد لـە دەرەوەی ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی. گەشـەکردنی پەیوەندییەکان، پەیوەندییگرتنی لە نێو جیهانی ئیسلامدا زێدەتر کردو سۆزی هەماهـەنگیی موسوڵمانانی هاندا. هـەروەها ئاینـدە دەریخست کـە وەرگێڕانـی ئـەم سـۆزە بـۆ سیاسـەتێکی کــارا یــاخود تەنانــەت پــشتگیرییەکی ســەربازییش لەســەرو توانــا و ئــامرازی کــاری عوسمانییەکانەوە بوو.

ڕۆڵی هێزە جۆربەجۆرەکان لەنێو ڕەوشە نێودەوڵەتییەکەدا گۆڕانی بەسەردا هـات. فەرەنسا کە نفوزێکی باڵادەستی لە کۆتایی ١٨٥٠کـان و هـەروەها ساڵانی ١٨٦٠کانـدا لـە ئەستەمبوڵ هەبوو هێشتا تازە ئەو برینەی جەستەی چاك دەبووەوە کە پروسیا لە جەنگدا تێیکردبوو، هـەروەها لـە هـەوڵی بـۆ تۆڵەسـەندنەوە، پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ ڕوسـیای دوژمـنی سـەرەکیی عوسمانییـەکان خۆشـکرد. بـۆ بـەریتانیا، نهـا میـسرو قـوبرس ئـەو دوو کارتـە

سەرەکییە بوون کە لە رۆژهەڵات گەمەی پێدەکردن. بەتایبەت پاش ئەوەی بەشەکەی خدێوی ئیسماعیلی لە کەناڵی سوێسدا کڕییەوە. داگیرکاریی میسر لە ساڵی ١٨٨٢دا بەتوندی پەیوەندییەکانی بەریتانیای لەگەڵ دەروازەی باڵادا دژوارکرد (هەرچەندە تەواوی میسر هێشتا بەناو بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی). شوێنی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ تارادەیەکی مەزن لە لایەن نفوزی پەرەسەندووی ئەڵمانیاوە شوێنی گیرایەوە.ئەوەی عوسمانییەکان بە کەمترین مەترسییان لەنێو هێزە ئیمپریالیستییە ئەوروپییەکانی دیکەدا دەبینی (هەروەها تەنیا دانەش کە قەڵەمڕەوی موسوڵمانانی داگیر نەکردبوو). ئەڵمانەکانیش لەلایەن خۆیانەوە خولیای ئەوەیان هەبوو لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا بوارێك لە کاریگەریی ئابووریی و سەربازیی بۆ خۆیان پێکبهێنن. راوێژکارانی سەربازانی ئەڵمانیی، بەتایبەت ژێنڕاڵ "ڤۆن دەر گۆڵتز" راهێنانی بە سوپای عوسمانیی دەکردو بنەماو رێنماییە سەربازییە ئەڵمانییەکان لەنێو دەستەبژێری سەربازیی عوسمانییدا باڵادەست بوون. هەروەها نفوزی ئابووریی و دپلۆماسیی ئەڵمانیی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد. ئەڵمانەکان پشتگیریی سیاسەتە ئیسلامگەراکانی سوڵتانیان دەکرد. لەسەردانەکەی ساڵی ١٨٩٨دا بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانیی کە بە باشیی رومالکرا، "ولیەمی دووەم"ی قەیسەری ئەڵمانیا رایگەیاند کە "دۆستی ٣٠٠ملیۆن موسوڵمانانی جیهانە" [٧٢].

## تەنگەژەو ململانێ هەرێمییەکان

ئەمێستا رەوشە نێودەوڵەتییەکە رێگربوو لەبەردەم دەستێوەردانی کاریگەری زلهێزەکان لە ململانێیەکانی نێوهەرێمی ئیمپراتۆرییەکەدا. دووان لەو ململانێ دژوارانە کێشەی مەکەدۆنیاو ئەرمینیا بوو. ناوچەکە لەسەر نەخشە ئەوروپییەکاندا وەك مەکەدۆنیا پێشاندەدرا (کە لەگەڵ هەرێمەکانی عوسمانیی لە سالۆنیکا، کۆسۆڤۆ، و هەروەها مۆناستیر هاوجووت بوو) بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سان ستیڤانۆ بە بولگاریای نوێوە گرێدران، بەڵام دوای کۆنفرانسی بەرلین لە چوارچێوەکەی ئیمپراتۆرییەکەدا مانەوە. دەرکەوتنی نەتەوایەتیی کێشەی زیاتری لە مەکەدۆنیا هێنایەکایەوە لە هەر ستونێکی دیکە بەهۆی پێکهاتەی دانیشتووانەکەیەوە، کە سرب، بولگاریی، یۆنانیی،ڤالاش و هەروەها کریستیانییە ئۆرسەدۆکسەکان بوون، بەڵام هەروەها کەمینەیەکی مەزنی ئەلبانیی و تورکی موسوڵمان هەبوون، لەگەڵ جووەکان. ئەم گروپانە کێبڕکێی خولیاو ئومێدی نەتەوایەتییان

[72] İlber Ortaylı (1983) *Osmanlı İmparatorluğunda Alman nüfuzu*, Istanbul: Kaynak, 67.

لەنێوانـدا هـەبوو، ململانێـی نێـوان بولگارییـەکانو یۆنانییـەکان بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی کڵێسای ئۆرسەدۆکسیی هەلومەرجەکەی فرە دژوار کردبوو. کۆمەڵـە نهێنییـەکان تیرۆریـزمو تاکتیکی پارتیزانییان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی هانی دەستێوەردانی هێزەکان بدەن. لە تێکڕای ئەوانە چالاکتر بریتیبوو لە رێکخراوی شۆڕشگێڕیی مەکەدۆنییەکانی نـاوخۆ (ر.ش.م.ن) بـوو کە لە ساڵی ١٨٣٩دا لە سالۆنیکا دامـەزرێنراو داوای ئۆتۆنـۆمیی دەکـرد. هـەروەها کۆمیتـەی شۆڕشـگێڕیی مەکەدۆنییـەکانی دەرەوە (ک.ش.م.د) لەسـاڵی ١٨٩٥ لـە بولگاریـا دامـەزرا. کـە خوازیاری گرێدانی مەکەدۆنیا بە بولگاریاوە بوو. هێزەکان دەیانویست لە رێگـەی ئاساییەوە دەستوەردەنە رەوشـەکەوە، چاکسازییانو برێك ئۆتۆنۆمییـان لـە سایەی دەسـەڵاتی بیانییـدا پێـشنیاز دەکـرد، بـەڵام بـەهۆی پشتگوێخـستنی عوسمانییـەکانو رکابـەریی نێـو هێزەکـان خۆیانەوە هەوڵەکان بەلارێدا دەرۆیشتن.

کێشە مەزنە هەرێمییەکەی دیکە بریتیبوو لەوەکەی ئەرمینیا. ئەرمەنییەکان بەسـەر تایفـەی ئـایینیی مـەزنی گریگـۆریی‌و بـچووکی پرۆتـستانت‌و هـەروەها کاسـۆلیك دابـەش ببـوون‌و کەمینەیـەکی بەرچـاویان لـە شـەش لـە هەرێمـەکانی رۆژهـەڵاتی ئەنـەدۆڵی عوسمـانیی پێکدەهێنا. زۆربەیان لەو ناوچانەی کە خێڵـە تورکومـان‌و کوردەکـانی تێدا باڵادەست بـوون، جووتیار بوون. بەدرێژایی رێگەی بازرگانییە سـەرەکییەکانی رۆژهـەڵات–رۆژئاوای ئەنەدۆڵدا کۆچیان کردبوو، هەربۆیـە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا دانیـشتووانێکی بایەخـداری ئەرمـەنیی لـە زۆربـەی شـارە سـەرەکییەکانی ئەنـەدۆڵ و ئەستەمبوڵیـشدا دەژیـان. لـە شـارەکانی ئەنەدۆڵدا وەك پیشەگەرو بازرگـان بایـەخیان پەیداکردبوو. ئایـدۆلۆژیی نـوێی نەتەوایـەتیی لـە سـاڵانی ١٨٧٠کانەوە لەنێو ئەرمەنەکاندا دەستی بە بڵاوبوونەوە کردبوو. نوێنەرایەتییەکی ئەرمـەنیی لـە کۆنفرانـسی بەرلینـدا داوای چاکسازیی لـە هەرێمـەکانی رۆژهەڵاتـدا لـە ئەنـەدۆڵ کردبـوو، بەڵام تەنیا روسیا پشتگیرییەکی ساردی کردبوو.

لە ساڵی ١٨٨٧دا، خوێندکارە ئەرمەنییەکان لە جنێڤ رێکخراوێکـی نەتـەوەیی رادیکاڵیـان بـەناوی "هەنـچاك/زەنـگ"ەوە دامەزرانـد، کـە بەدوایـدا رێکخراوێکـی مـەزنی میـانڕەوترو سۆشیال دیموکرات هـات بـەناوی "داشـناکزۆتیون/فیدراسیۆنی شۆڕشـگێڕی ئەرمـەنیی" کـە لە ساڵی ١٨٩٠ لە تفلیس دامەزرێنرا. ئەم رێکخراوانـە ئامانجیـان سـەربەخۆیی ئـەرمینیا بـوو (ئەوەی تا ئەو کاتە زۆرینەی کۆمەڵگای ئەرمەنی، بەتایبـەت ئەندامـە سـامانداراەکانیان بیریـان لـێ نـەکردبووەوە)ئەوانـە هـەوڵیان دەدا سـەرنجی گـشتیی جیهـانیی لـە رێگـەی پـەلاماری تیرۆرستانە بۆ لای خۆیان رابکێشن.

کاردانـەوەی حکومـەت لـە ڕێگـەی تیپـە نانیزامییـەکانی خێڵەکوردەکانـەوە بـوو کـە لەسـەر شێوەی سوپای قەوزاقی ڕوسیی دامەزرابووو پێیدەگوترا "یەکەکانی حەمیدییە" لە پاییزی ١٨٩٤دا چـەند ڕووداوێکـی بایەخـدار بـووە هـۆی کوشـت‌وبڕێکی بـەرفراوانی ئەرمەنییـەکان لەلایـەن سـوارەکانی حەمیدییـەوە لـە مەڵبەنـدی ساسـۆن. شـەپۆلێکی تـوڕەیی‌و ناڕەزایـەتیی ئـەوروپای گرتـەوە، بـەڵام دانوسـانی کـاتیی لـەنێوان زلهێزەکانـدا بەمەبەسـتی ناچـارکردنی حکومـەتی عوسمـانیی بـۆ ئەنجامـدانی چاکسازییەکان لـە ڕۆژهەڵاتـدا بـەهۆی ململانـێ‌و ڕکابـەریی نێوهێزەکـان شکـستیخوارد. لــە ســاڵی ١٨٩٥و لــە ١٨٩٦دا دیــسانەوە کۆمەڵکوژییەکی بەرافراوان لە ڕۆژهەڵات‌و تەنانەت لە ئەستەمبوڵیش قەوما. لەوێ، گرووپێکی ئەرمەنیی دەستیان بەسەر بارەگای بانکێکدا گرت‌و هەڕەشەی تەقاندنەوەیان کرد. دووبارە زلهێزەکـان شـتێکیان لەدەسـت نـەهات، لـەدوای ١٨٩٦دا، حکومـەتی عوسمـانی وردە وردە دەسەڵاتی خۆی گێڕایەوە شوێنەکان‌و شەڕەکان دامرکانەوە.

لەکاتێکـدا پرسـتیژی عوسمانییـەکان لـە ئـەوروپا بـەهۆی ڕەوشـی ئەرمەنـەوە لەوپـەڕی دابەزینـدابوو، متمانەبـەخۆبوونی عوسمانییـەکان لـەناکاو لـە بـەهاری ١٨٩٧دا پـەرەیگرت کاتێـك ئیمپراتۆرییەکـە جـەنگی دژی یۆنـان ڕاگەیانـد. (یۆنـان کـە بـە ئاشـکرا پـشتگیریی ڕاپەڕینە نوێیەکەی کریتی دەکرد) و لـە چەند هەفتەیەکدا بەزاندی. عوسمانییەکان لەلایـەن هێزە ئەوروپییەکانەوە ڕێگـەی ئەوەیان پێنـەدرا داگیرکارییەکەیان لـە یۆنـان درێـژە پێبـدەن‌و هێزەکانیـان بهێڵنـەوە، بـەڵام یۆنـان ناچـاربوو کـە پارەیـەکی زۆر بـدات‌و پـشتگیریی خـۆی بـۆ یاخیبووەکان بوەستێنێت. هیچ یەك لە کێشەکان لەگەڵ نەتەوەییە (مەکەدۆنیی، ئەرمـەنیی‌و یۆنانییەکانـدا) چارەسـەرنەکرا، بـەڵام لەوەدەچـوو پـاش سـاڵی ١٨٩٦قەیرانـە سیاسـییە توندەکان کەمێك کپتر بووبێت‌و سوارەکانی حەمیدییـەش جێگرییـەکی ڕێـژەییان تـا دەیـەکی دیکە بەخۆوە بینی.

## دارایی‌و ئابووریی

دژوارتـر لـە ڕەوشـە سیاسـییەکە، عەبدولحەمیـد نالـەباری ڕەوشـی دارایـشی بـە مـیرات بـۆ مابووەوە، دەوڵەت لە ساڵی ١٨٧٥گوێی خۆی لە قەرزەکان خەواندبوو، هـەروەها جـەنگ دژی ڕوسـیا خەرجییـەکی زۆری خـستە سەرشـانی حکومـەت، بەشـێوەیەك ئیمپراتۆرییەکـە بەتەواویی مایەپوچیی دارایی ڕووی تێکردبوو، هەروەها متمانەو متمانەی قەرزپێدانی لـەنێو

بازاڕەكـانی دراوی ئـەوروپادا، ئـەوەی نهـا لـە قۆنـاغی بێبازاڕیـدا زیـاتر چـنگی نوقـابوو، بـە تـەواویی لەدەسـتدابوو. دانوسـانەكان سـەبارەت بـە قـەیرانی قـەرزەكان هـەرزوو پـاش ئـەوەی ئاشتیی لە سـاڵی ١٨٧٨دا گەڕایـەوە، دەسـتیپێكردو وردە وردە چارەسـەریی لەوچـەند سـاڵە كەمەی داهاتوودا خۆی سەپاند.

هــەروەك پێــشتر لــە میــسرو قــوبرس ئــەزموونكرابوو، چارەســەرەكە بــە دامەزرانــدنی "بـەڕێوەبردنی قـەرزی گـشتیی" بـە پێـی بڕیـاری موحـەڕەم لـە سـاڵی ١٨٨١دا، دۆزرایـەوە. ئـەوەی لەلایـەن كۆمـسیۆنێكەوە بـەڕێوەدەبرا كـە نوێنەرایـەتیی ئـەو لایەنـەی دەكـرد كـە لـە ئـەوروپا گرێبەسـتی قـەرزدانیان لەگـەڵ ئیمپراتـۆریی عوسمانییـدا هـەبوو. لـە هـەمان كاتـدا، نیـوەی قـەرزەكانی سـەر ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی لابـرا، "بەڕێوەبەرایـەتیی قـەرزی گـشتیی" كارگێڕییـەكی نـوێی دامەزرانـدبوو، كـە دواجـار زیـاتر لـە ٥٠٠٠ كارمەنـدی گرتبووەخـۆ، كـە راسـتەوخۆ لـە رێگـەی ئەوانـەوە هێنـدێك لـە سەرچـاوەكانی داهـات بـەڕێوەدەبرا، وەك بـاج و دەرامــەتی هێنـدێك لـە هەرێمـەكان، قۆرغكـاریی خـوێ و تـوتن و باجـدانان لەسـەر شمەكـە جۆربـەجۆرەكانی وەك حـەریر، شـەراب، راوماسـی. پـاش جیاكردنـەوەی خەرجییـەكان، ئـەم داهاتانـە بـەكارهێنران لـەپێناو راژەكردنـی قـەرزە گـشتییەكانداو بەڕێوەبەرایـەتیی قـەرزی گشتییەكان زیاتر وەك باجگرێك چالاكتر بوو تا حكومەت و هەروەها بەتوندیی دەستی بەسـەر نزیكــەی ســێیەكی داهــاتی رێكخــراوی دەوڵەتــدا گــرت. دەســتێوەردانی راســتەوخۆی سەرمایەداریی ئەوروپیی لـە ئـابووری عوسمانییـدا تـا ئاسـتێكی دیارییكراو پێگـەی بەهێزی نێوەنـدە یۆنـانیی و ئەرمەنییـەكانی پوچـەڵ كـردەوە كـە لـە قۆنـاغی تەنزیماتـدا لـە ئـابووریی ئیمپراتۆرییەكەدا بنیاتنرابوو.

حكومەتەكـەی عەبدولحەمید بـۆ ماوەیـەكی درێـژ قـەرزێكی فرە كـەمی لـە دەرەوە وەرگـرت و بەشـێكی زۆری قـەرزە كۆنـەكانی دایـەوە، لەوانـە ئـەو زیادانـەی كـە لـە قـەرزە نوێیەكانـەوە هاتبوونــە سەرشــانی. تــەنیا لەســەرەتای ســەدەی بیــستەمدا بەشــێوەیەكی خێــرا هــەوڵی وەرگـرتنی قـەرزی نـوێ درا. هـەروەها گەشەسـەندنی بازرگـانیی نێودەوڵـەتیی لـە ٢٠سـاڵی یەكەمی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتاندا لاواز بوو كـە لەگـەڵ بێبـازاڕیی مـەزنی ئـەوروپادا هاوكـات بـوو. لـە سـاڵی ١٨٦٩ بەرەوسـەر، گەشەسـەندنی بازرگـانیی دەسـتیپێكردەوە، وێـڕای ئـەو

باشبوونەی لە ئابووریی پیشەسازیی ئەورووپادا هاتەکایەوە، هەڵبەتە بە ڕێژەیەکی هێواشتر لەو حاڵەتەی کە لە ماوەی ١٨٣٠-١٨٧٥دا بەخۆیەوە بینی.[٧٣]

سالانی ١٨٨٨-١٨٩٦ یەکەمین شەپۆلی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە لە ئیمپراتۆرییەکەدا بەخۆوەبینی، زۆربەیان(دوولە سێی) لە بواری ڕێگەی ئاسنییدا بوو. ئەم پەرەسەندنە ئابوورییە بەشێکی لە ئاکامی ئەو هاندەرەدا بوو کە بریتیبوو لە گەڕان بەدوای قازانجدا (بەتایبەت لەو کاتەی کە حکومەتی عوسمانیی ئامادەبوو پێشەکیی وەك زامنێك بەو کۆمپانیایانە بدات، بەوەش ریسکێکی ڕاستیینەی کە لەبەردەم بنیاتنەراندا هەبوو هەڵدەگرت، بەڵکو هەروەها بۆ ئەو ئاستە مەزنە دەگەڕایەوە کە ڕکابەریی نێوئیمپریالیستیی و هەروەها ئەو ئارەزووەی بۆ دامەزراندنی بواری نفوز لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕێگە ئاسنییە نوێیەکاندا هەبوو. پاش ساڵی ١٨٩٦، وەبەرهێنانە بیانییەکان بەتوندیی کەمبووەوە. ئەوەی لەدوای ساڵی ١٩٠٥ دووبارە بەشێوەیەکی زێدەخاوتر بەرزبووەوە.

بەریتانیا وەك هاوبەشێکی سەرەکیی بازرگانیی ئیمپراتۆریی عوسمانیی مابووەوە، هەروەك ئەوەی لەسەرەتای دەستپێکردنی سەدەکەدا هەبوو، نزیکەی چارەکێکی لە هەناردەکانی دەوڵەتی عوسمانیی دەبرد(بەشێوەیەکی سەرەکیی بەرهەمیی کشتوکاڵیی بوو)و ٣٠-٤٠ لەسەدی هاوردەکانیشی پێدەدا. لە بواری وەبەرهێناندا، کۆمپانیا بەریتانییەکان، کە کەمتر لەوەی لەلایەن حکومەتەوە پشتگیریی دەکران وەك لەوەی لە هاوشێوە کیشوەرییەکانیانەوە هەبوو، لە بەرامبەر فەرەنساو بەتایبەت ئەڵمانیا دۆڕاندی. لەم ماوەیەدا بەشداریی بەریتانیا لە تێکڕای وەبەرهێنانەکان لە زیاتر لە ٥٠ لەسەدەوە بۆ ٢٠ لەسەد دابەزیبوو، لە کاتێکدا وەبەرهێنانی ئەڵمانیی بەخێرایی لە ١ لەسەدەوە بۆ ٢٥ لە سەدا زیادی کرد. هەرچەندە ئەوە فەرەنسا بوو کە بووە وەبەرهێنەری سەرەکیی کە بەشەکەی نزیکەی لە ٣٠ لە سەدەوە بۆ ٥٠ لەسەد زیادی کرد.[٧٤]

بەرهەمەکانی پیشەسازیی دەستکردی سونەتیی ئیمپراتۆرییەکە بەردەوام بوو لەو زیان پێکەوتنەی لەئاکامی هاتنە ناوەوەی کاڵا هەرزانە پیشەسازییە بیانییەکانەوە تووشی ببوو. بەتایبەت لە هەرێمە کەنارییەکان. لەهەمان کاتدا، هێندێك لە کایە پیشەسازییەکان خۆیان بنیاتنایەوەو هەروەها بەردەوامبوون، هێندێك کاڵای بەتەواویی نوێش دەرکەوتن. بەگشتیی

[73] Şevket Pamuk (1987) *The Ottoman Empire and European capitalism, 1820–1913: trade, investment and production*, Cambridge: Cambridge University Press, 14–17.
[74] Pamuk, op. cit., 66

ئـەم پیـشەسازییە نوێیانـە (وەك كارگـەی ئاوریـشم كـە لـە بۆرسـە كـە لەلایـەن سـەرمایەدارە ئەرمەنییەكانـەوە دامـەزرا، كارگـەی بـەرە دروسـتكردن لـە ئوشـكا، كارگـەی بـیرەو كارگـەی خشتـسازیی لـە سـالۆنیكا) پـشتی بـە كرێكـاری تـەواو هـەرزان‌و ناپیـشەیی دەبەسـت كـە زۆربـەیان ژن‌و منـداڵ بـوون‌و لـە پـرۆژەو دەزگـای بـچووكدا كاریـان دەكـرد.[75] زیـاتر لـە ٩٠ لەسـەدی دامـەزراوە پیـشەسازییەكانیان كـە تێیـدا زیـاتر لـە ١٠ كرێكـار كـاری تێـدا دەكـرد، موڵكی غەیرە موسوڵمانەكان بوو.

گەشەسـەندنی پیـشەسازییە نوێیـەكان‌و تێـوەگلانی راسـتەوخۆی كۆمپانیـا هاوچـەرخە ئەوروپییـەكان، تەنگـەژەی لـە كۆمـەڵگای عوسمانییـدا پێكهێنـا، دەسـەڵاتدارانی عوسمـانیی بەشێوەیەكی سونەتیی ئەسنافە مەدەنییەكانیان دەپاراست، ئەمێستا دەسـەڵات زۆربـەی جـار دۆش دامـابوو لـەنێوان هـەنگاوی كـرداری عـەقڵانیی، وەك كۆمپانیـا بێگانـەكان تێیـان گەیاندبوون، لەگەڵ خواستی سونەتیی ئەسنافەكان كە بەسەختیی تێدەپەڕیی.

## جوڵانەوەی تورکە لاوەکان

هـەروەك بینیمـان، بـە تێپـەڕینی سـاڵان، پەیوەنـدیی نێـوان حكومـەت‌و كۆمـەڵگا كریـستیانییەكان، بەتایبـەت ئەرمەنییـەكان، تادەهـات دژوارتـر دەبـوو، بـەڵام سـوڵتان لـەنێو بەشـی زۆربـەی دانیـشتووانە موسـوڵمانەكانی ئیمپراتۆرییەكـەدا بێـزراو نـەبوو، هۆكـارێكی ئەوتۆش نەبوو كە بەو شێوەیە بێت چونكە، لەكاتێكدا زێدەڕۆییـە كە بگوترێت جووتیارانی ئیمپراتۆرییەكـە زۆربـاش بەڕێوەدەچـوون، بـەڵام لانـی كـەم سـێبەری كارەسـاتە مەزنـەكانی جـەنگ، قـاتوقڕیی، پـەتاو نەخۆشـییان لەسـەر نـەمابوو. بـەڵای تـاعون كـە لەناوەڕاسـتی سـەدەكەدا كێـشەیەكی مـەزن بـوو، نـەمابوو، تیفـۆو كـۆلێراش لـە پـاش سـاڵی ١٨٨٠وە پاشاكشەی كردبـوو. لـە ئاكامـدا، لـەماوەی فەرمانڕەوایـەتیی عەبدولحەمیـددا دانیـشتووانی ئیمپراتۆرییەكە زیادی كرد لە نزیكەی ٢٠ ملیۆنـەوە لـەكۆتایی ساڵانی ١٨٧٠كاندا بۆ زیـاتر لە ٢٧ملیۆن لەكۆتایی سەدەكەدا،(جگە لە ناوچەكانی میسرو قوبرس كە زیادبوونێك بە بڕی ٣٧ لەسەدا زیادی كرد، تەنانەت لە ئەنەدۆڵ ژمارەی دانیشتووان خێراتر گەشەی كرد، كە بە ڕێژەی نزیكەی ٥٠ لەسەدا بوو.[76]

[75]Donald Quataert (1994) *An economicand social history of the Ottoman Empire 1300–1914*, Cambridge: Cambridge University Press, 888–933.

[76] Justin McCarthy (1983) Muslims and minorities: the population of Ottoman Anatolia and the end of the empire, New York: New York University Press, 2

لاوازیی عەبدولحەمید لەوەدابوو کە لە چاندنی گیانی وەفاداریی لەنێو نەوەی نوێدا لە کارمەندانی کارگێڕانی و ئەفسەرانی سەربازیی و ئنتێلێجێنسیای عوسمانیی شکستی خوارد. ئەوەی دەزگاو دامەزراوە فێرکارییەکانی، ئەمێستا بەری نوێی دابوو. لەکاتێکدا دەتوانرێت گەنگەشەی ئەوە بکرێت کە حکومەتەکەی توانییبووی سەرکەوتووانە ئەو قەڵەمڕەوانەی ئیمپراتۆرییەکە بپارێزێت کە مابوونەوە. عەبدولحەمید هەروەك "فرانسیس جۆزیفی دووەم"ی ئیمپراتۆری نەمسا-مەجەڕ نەیتوانی ئیلهامبەخشبێت و کارمەندو راژەکارانی بەگیانی بەرزی دڵسۆزیی و وەفاداریی بۆ خۆی ئاراستە بکات.

نەوەی نوێ لە خوێندنگەکانی وەك (مولکییەو حەربییە)دا خوێندبوویان و بە بەردەوامیی هزرە لیبراڵیی و دەستوورییەکان سەرنجیانی رادەکێشا، هەروەك کاریگەرییان بە نیشتمانپەروەریی عوسمانیی عوسمانییە لاوەکان، کە کتێبەکانی ئەوانیان بەنهێنی دەخوێندەوەو گەنگەشەیان لەبارەوە دەکردن.

راستەوخۆ پاش هەڵپەساردنی پارلەمان، دوو هەوڵی کودەتا بۆ لابردنی عەبدولحەمیدو گۆڕینی بە موڕادی پێنجەم، کە دەنگۆی ئەوە هەبوو چاك بووبێتەوە، روویاندا. یەك لەو هەوڵانە لەلایەن "عەلی سواڤی" کۆنە لاوی عوسمانییەوە رێبەرایەتیی کرا، ئەوەی دیکەشیان لەلایەن دۆستە ماسۆنییەکانی سوڵتانی پێشووەوە رێبەرایەتیی کرا. لە دەساڵی دواتردا کارێکی رێکخراوو بایەخداری ئەوتۆ نەکەوتۆتە بەرچاو، بەڵام لە خوێندنگەکاندا وێڕای دەسەڵاتی توندی حکومەت هەژانێکی کەم بەردەوام بوو، لەوەدەچێت یەکەمین دەستەی بەرهەڵستکاری رێکخراو لە کۆلێجی پزیشکی سەربازیی لە ساڵی ١٨٨٩دا دامەزرابێت، کاتێك چوار لە خوێندکارەکان (ئیتحاد عوسمانیی جەمعیەت/ کۆمەڵەی یەکێتیی عوسمانیی) یان پێکهێنا، کە ئامانجی گێڕانەوەی دەستوور و پارلەمان بوو. جێگەی بایەخە، لەو چوار خوێندکارە ئەلبانی، کوردو چەرکەسیان دەگرتەخۆ. لەماوە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا، ئەم کۆمەڵەیە بەهێواشیی پەرەیگرت. هێندێك لە ئەندامەکانی لەلایەن پۆلیس و سوڵتانەوە گیران و هێندێکیشیان کەوتنە ئەوەی لە ترسی راوەدونان بەرەو دەرەوە هەڵبێن، کە زۆربەیان روویان لە پاریس کرد، بەڵام هەروەها روویان لە قاهیرەو ئەسیناش کرد. لەپاریس ناوەندێکی بچووکی عوسمانییە پەنابەرە دەستووریخوازەکانیان دۆزییەوە، ئەوانەی لە رێگەی نامیلکەو بڵاوکراوە وەرزییەکانیانەوە پەلاماری سوڵتانیان دەدا. کەسایەتیی رێبەری ئەم ناوەندە (ئەحمەد رەزا) بوو. کە کوڕی یەك لە ئەندام پارلەمانەکانی عوسمانیی و خۆشی بەڕێوەبەری پێشووی فەرهەنگی بۆرسە بوو.

پیلانگێڕەکانی ئەستەمبوڵ لە ئەحمەد رەزاوە نزیك بوونەوە، ئەوەی رەزامەندیی سەبارەت بە رێبەرایەتییکردنی رێکخراوێك لە ئەوروپا لە ساڵی ١٨٩٥دا پێشاندا. رەزا کە کەسێکی پۆزیتیڤیست بوو هەوڵی ناونانەوەی رێکخراوەکەی دا و کرا بە "ئیتیحادو تەرەقی جەمعیەت/کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن(ك.ی.پ). یەکێتییەکە بەدڵنیاییەوە بۆ یەکێتی رەگەزە (ئیتنییەکان) دەگەڕێتەوە، کە هێزی کۆنی عوسمانییە لاوەکان بوو. لەسایەی رێبەرایەتیی ئەحمەد رەزادا، لقی پاریسی کۆمەڵە نها رۆژنامەی "مەشوەرەت/راوێژ" لەساڵی ١٨٩٥بەرەوسەر بە تورکیی عوسمانیی و فەرەنسیی دەردەکات، لە پاریس، دەستەکە خۆیان زیاتر بە "ژۆن تورك/تورکە لاوەکان"ناودەبرد، وەك عوسمانییە لاوەکان کە ٣٠ساڵ بەرلەوە وایان ناولەخۆیان نابوو.[٧٧]

لەسالانی قەیرانی ئەرمەنییدا(١٨٩٤-١٨٩٦)کاتێك حکومەتەکەی عەبدولحەمید بۆ هەمیشە بێزراو بەدناوبوو و لە رووی نێودوڵەتییەوە گۆشەگیر بوو. ئەندامەتی (ك.ی.پ) بەخێرایی پەرەیگرت. لقی ئەستەمبوڵی کۆمەڵەکە هەوڵیدا لە سێپتەمبەری ١٨٩٦دا کودەتایەك بکات، بەڵام پیلانەکە لەسەروبەندی جێبەجێکردندا ئاشکراکراو پیلانگێڕانیش دەستبەسەرکران، کە زۆربەیان لەناوخۆی ئیمپراتۆرییەکەدا دوورخرانەوە.[٧٨]

جوڵانەوەی دەستووریی لە ئیمپراۆریی عوسمانییدا تووشی پاشەکشەیەکی جدیی بووەوەو لەماوەی دەساڵی داهاتوودا سەنگی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەو دەستەیە گواسترایەوە کە لە ئەوروپا بوون. ماوەماوە ئەو تورکانەی کە وەك دوورخراوە شوێنەکانی خۆیان جێدەهێڵا و هەڵدەهاتنە ئەوروپاو پەیوەندییان بەو دەستەیەوە دەکرد. گەیشتنی ئەوانە هێزو توانایەکی دیکەی بە جوڵانەوەکە دەبەخشی،هەروەها رکابەرییشی دەهێنایە ناوناوان، لەبەرئەوە تێکڕای تورکەلاوەکان ئامادە نەبوون دوای رێبەرایەتیی ئەحمەد رەزا بکەون. بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی بیروڕا پۆزتیڤیستەکانییەوە ئەحمەد رەزا زۆر زیاتر لە رووی رەتکردنەوەی ئاینییەوە تێیدەپەڕاند وەك لەوەی تورکە لاوەکان لەو رووەوە مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەکەدا دەکرد. ئەوانە تێکڕایان کارتێکردنی رەوتە ئەوروپییەکانی وەك : زانستگەرایی، ماتەریالیزم، هەروەها داریونیزمی کۆمەڵایەتیی بەسەرەوە بوو، بەڵام پۆزتیڤیزم بەو شێوە توندەی بۆ (کڵێسای مرۆڤایەتیی)دەگەڕایەوە. لە رووی کەسایەتیشەوە، کە هەروەها رۆڵی

---

[77] M. Şükrü Hanioğlu (1995) *The Young Turks in opposition*, Oxford: Oxford University Press, 74.

[78] Hanioğlu, op. cit., 86.

خۆی هەبوو، واپێدەچوو ئەحمەد رەزا کەسێکی لەسەر بیروڕای خۆی سوورو پیاوێك بێت قانعکردنی سەخت بێت.

یەکەمین رکابەری سەرەکیی رێبەرایەتیی رەزا کە لە ساڵی ١٨٩٦دا گەیشتبووە پاریس بریتیبوو لە "میزانچی موراد بەگ" مامۆستای پێشووی خوێندنگەی مولکییە کە وەك سەرنووسەری بڵاوکراوەی لیبراڵی "میزان/ تەرازوو" ناوبانگی دەرکردبوو ئەوەی لە سەرەتا لە ئەستەمبوڵو دواتر لە ساڵی ١٨٩٥ لە قاهیرە بڵاودەکرایەوە. هەرچەندە موراد بەگ وەك لیبراڵێك، زیاتر لە رەزا بایەخێکی مەزنتری بۆ خەلیفەو تایبەتمەندی ئیسلامیی ئیمپراتۆرییەکە دادەنا. ئەو لەمەدا زیاتر لەگەڵ سروشتی زۆربەی ئەندامەکانی جوڵانەوەکە دەهاتەوە، ئەوانەی مورادیان بە سەرۆکی (ك.ی.پ) هەڵبژاردو پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٧دا گەیشتە پاریس خستیانە شوێنەکەی ئەحمەد رەزا. موراد و دەستەیەك لە شوێنکەوتەکانی بارەگای (ك.ی.پ)یان بۆ جنێڤ گواستەوە.

هەرچەندە شەش مانگ پاشتر، سوڵتان عەبدولحەمید پرستیژی پەرەسەندوی خۆی بەکارهێنا (ئەوەی کە بە خراپیی کۆتایی بە کێشەی ئەرمەنیی هێنا و جەنگیش دژی یۆنان لەو ساڵەدا بڕایەوە)، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆو دەرەوەدا. لە پایتەخت، هەموو ئەو تورکە لاوانەی ناسرابوون کۆکرانەوە و پاش دادگایەکی سەرپێی بۆ تەرابلوس دوورخرانەوە، کەچی لەهەمان کاتدا، پیاوەکانی سوڵتان توانییان میزانچی، موراد بەگ و ژمارەیەك لە تورکە لاوە بەرچاوەکان رازیی بکەن کە بگەڕێنەوەو هاوکاریی سوڵتان لە چاکسازییەکاندا بکەن. هەرچەندە (ك.ی.پ) هەوڵیدا وا پیشانبدات کە ئەم رێکەوتننامەیە وەستانێکی کاتی ململانێیەکانە، متمانەی زۆربەی رێبەرایەتیی تورکە لاوەکان پوچەڵ بووەوە کاتێك ئەوانە ئامادەی دامەزراندن و وەرگرتنی پۆست بوون لە حکومەتەکەی عەبدولحەمید یاخود لەبواری کاری دیپلۆماسیدا. هەڵوێستی هەلپەرستی ئەوانە ئەحمەد رەزای کرییەوەو سەرلەنوێ وەك رێبەرێکی بێئەملاولای جوڵانەوەکە لە تاراوگە دەرکەوتەوە، بەڵام جوڵانەوەکە گورزێکی توندی بەرکەوت و ساڵانی ١٨٩٧-١٨٨٩ لەوپەڕی لاوازیدابوو.

جوڵانەوەکە لە دیسەمبەری ١٨٩٩دا بە گەیشتنی میرێکی دەوڵەمەندی عوسمانیی بۆ پاریس کە(مەحموود جەلالەدین )ی زڕبرای سوڵتان بوو، پاڵنەرێکی نوێی بۆ پەیدابوو کە لەگەڵ دوو کوڕی خۆیدا(سەباحەدین و لەتفوڵڵا)هەڵاتبوونە فەرەنسا. تا مردنی سێ ساڵ پاشتر، رۆڵی پاشا لەنێو تورکە لاوەکاندا هاوشێوەی رۆڵی پێشووی مستەفا فازیل پاشا بوو لەنێو عوسمانییە لاوەکاندا. لە هەمان کاتدا، سەباحەدینی کوڕە گەورەی مەترسییەکی فرە

گەورەی بۆسەر ئەحمەد رەزا پێکهێنا. سەباحەدین لەنێو تورکە لاوەکاندا ناوازە بوو، ئەو ئامرازی گۆڕانو پەرەسەندنی تەنیا لە دەوڵەتدا نەدەبینی، بەڵکو لە تاکەکانیشدا، بڕوای بە حکومەتی تەکنۆکرات و هێزی ئابووریی ئازاد لە نوێکردنەوەی ئیمپراتۆرییەکەدا هەبوو، لەکاتێکدا ئەحمەد رەزا تا دەهات زیاتر و زیاتر دەبووە نەتەوەییەکی عوسمانیی، جولانەکەیان لە نێو خۆیاندا دابەشکرد، ئەو دابەشبوونەی کە لە یەکەم کۆنگرەی عوسمانییە ئازادییخوازەکاندا کە لە ساڵی ١٩٠٢ لە پاریس رێکخرا، دەرکەوت.

کاتێك وشەی (لیبراڵ/ئازادیی یان سەربەستیی) بەکاردەهێنین، پێویستە زۆر بە ئاگاییەوە ماناکەی لەم چوارچێوەیەدا ببینین.وێڕای ئەوەی تورکە لاوەکان لە پێناو گێڕانەوەی پەرلەمانو دژی ملهوڕیی و ئۆتۆکراتیی سوڵتان تێدەکۆشان، بەڵام دیموکراتخواز نەبوون. هاوپەیمانو نموونەی بالایان لە فەرەنسا بێ جیاوازیی بریتیبوو لە سیاسەتکارە راستڕەوەکان کە زۆربەیان ناسیونالیستی کۆنەپارێزی لیبراڵ بوون، ئەوانە لە دوو سەرەوە گورزیان پێکەوتبوو، یەکێکیان لەو بەزینەی لەلایەن ئەڵمانیاوە بەسەریاندا هات، دووەمیش جولانەوەی چەکدارانەی کۆمۆنەی پاریس کە هەردووکیان لە سالانی (١٨٧٠–١٨٧١) دابوو، ئەو بیرمەندە فەرەنسییەی کە کاریگەریی بەسەر یەکێتییخوازەکانەوە هەبوو(گۆستاڤ لیبۆن)بوو، ئەوەی کارەکانی سەبارەت بە دەروونناسیی جەماوەر ئیلهامیان لە چەند نائارامییەکی قووڵی جولانەوە میللییەکانەوە وەرگرتبوو.[79] بازنەی میر سەباحەدین تەنانەت زیاتر لە راستەکان، لەو ئەریستۆکراتە کاسۆلیکە دواکەوتووانە پێکدەهات کە تێدەکۆشان بۆ لاساییکردنەوەی رۆڵی ئەریستۆکراتیی بەریتانیا لە بنیاتنانی ئیمپراتۆرییەکەدا. جێگەی بایەخە، هیچ یەك لە تورکە لاوەکان بەرەو هیچ جۆرە شێوازێکی سۆشیالیزم کێش نەبوون، هەرچەندە ئەوانە گەشەی جولانەوە سۆشیالیستەکانیان لە پاریس بینیبوو.

تێکڕای نەتەوەکان لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٠٢ نوێنەرایەتییان هەبوو، زۆرینەیان کە رێکخراوە ئەرمەنییەکانو دەستەکەی سەباحەدین بوو، رایگەیاند کە هەردوو شێوازی توندوتیژیی و دەستێوەردانی بیانیی لە ئیمپراتۆرییەکە بۆ لابردنی عەبدولحەمید شێوازی پەسەندو شیاون. ئەحمەد رەزا هەردوو شێوازەکەی رەتکردەوە، ترسی لە سەربەخۆیی

---

[79] Hanioğlu, op. cit., 32.

سەبارەت بە بیروباوەڕی"لیبۆن" کە زۆر لەنێو ئەفسەرانی لاودا باو بوو بڕوانە:

Robert A. Nye (1975) The origins of crowd psychology: Gustave LeBon and the crisis of mass democracy in the Third Republic, London: Sage.

ئیمپراتۆرییەکە هەبوو. پاش کۆنگرە، دابەشبوونەکە بووە مەسەلەیەکی فەرمیی، کاتێك میر یەکەمجار "کۆمەڵەی عوسمانییە ئازادییخوازەکانی" دامەزراندو پاشتر لە ساڵی ١٩٠٦" تەشەبوس و شەخسی ڤە عەدەمی مەرکەزییەت/کۆمەڵەی دەستپێشخەریی کەسیی و ناناوەندییبوون"ی پێکهێنا کە لەسەر هەمان راستەڕێی بڕیارەکانی کۆنگرەکە بەڕێوەچوو، دەستەکەی سەباحەدین هەوڵی ئەوەیاندا کودەتایەکی سەربازیی رێکبخەن بە هاوکاریی هێزەکانی سەربازخانەی تەرابلوس، بەڵام هەوڵێکی وا لە لانکدا خنکێنرا.

بۆ زۆربەی باڵە نەتەوەییی و ناوەندگەراکانی جولاّنەوەکە کە لەلایەن ئەحمەد رەزاوە رێبەرایەتیی دەکرا، ئاکامی جەنگی روسیی–ژاپۆنیی ساڵانی ١٩٠٤–١٩٠٥و رووداوەکانی پاش ئەو جەنگە کە یەکەمیان شۆڕشی روسیا بوو، هێزو وزەیەکیان دەبەخشییە هەردووك لە نەتەوایەتیی عوسمانیی و دەستووریزم. لە جەنگەکەدا، یەکەمین جار بوو هێزێکی ئاسیایی، یەك لە هێزە ئیمپریالیستییە مەزنەکانی ئەوروپا تێکبشکێنێت. ئەمێستا ژاپۆن ببووە نموونەیەکی باڵا بۆ زۆربەی تورکە لاوەکان. لەوەش زیاتر، لەو نائارامییانەی پاش جەنگەکە لە روسیا قەومان، تزار ناچار کرا ئەنجومەنێکی یاسادانان بۆ روسیا پەسەند بکات و رێگە بە رێژەیەك لە دەستووریزم بدات. ماوەیەکی کەم پاش ئەوە، لە ساڵی ١٩٠٦دا، تەنانەت ئێرانی دواکەوتووش شۆڕشی دەستووریی تێدا کرا. ئەم رووداوانە بۆ جولاّنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عوسمانیی ئیلهامبەخش بوون. لەهەمان کاتدا، یەك لە یەکێتتیخوازە بەرچاوەکان لە ئەستەمبوڵ (هەروەها پزیشکی شەخسیی یوسف عیزەدین کە لە دەرباردا بە پلەی دووەم دەهات) دەستگیرکراو بۆ ئەرزڕۆم دوورخرایەوە، کە لەوێ بەرەو پاریس هەلاّت. ئەو کەسایەتییە کە (دکتۆر بەهادین شاکر) بوو لە پاریس سەبارەت بە لاوازیی کاریگەریی رێکخراوەکەی ئەحمەد رەزا نیگەران بوو و سەرلەنوێ بۆ رێکخستنەوەی لە سفرەوە کەوتەکار. ئەحمەد رەزا هەمیشە زیاتر وەك تیۆریستێك بوو تا ئەوەی سیاسەتکارێکی بە ئەزموون بێت، بەڵام بەهادین شاکر لەگەڵ کەسێکی دیکەی تورکە لاوەکانی باڵی ئەحمەد رەزا، کە دکتۆر نازم بوو، بۆ یەکەمین جار بناغەیەکی رێکخراوی وردیان بە (ك.ی.پ) بەخشیی، کە لقیان لە زۆربەی بەشەکانی ئیمپراتۆرییەکەو ولاّتانی دەوروبەرییدا دامەزراندو سکرتاریەتێکی کاراو پەیوەندییەکی بەهێزیان بۆ پێکهێنا. ئەو گۆڕانکارییانەی بە گۆڕینی ناوی رێکخراوەکەش سیمبولیزەکراو ئەمێستا ناوەکەی لە (کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن)ەوە بۆ (تەرەقیی ڤە ئیتحاد جەمعیەت/کۆمەڵەی پێشکەوتن و یەکێتیی) گۆڕا.[80]

---

[80] M. Şükrü Hanioğlu (2001) *Preparation for a revolution: the Young Turks, 1902–*

لە ساڵی ١٩٠٧دا هەوڵێكی نوێ درا بۆ یەكخستنی تێكڕای جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن لە دووەمین كۆنگرە لە پاریس، ئەمجارەیان دەستپێشخەریی لەلایەن دەستە ئەرمەنییەكانەوە بوو، تەنانەت ئەمێستا ڕێكخراوی (ك.ی.پ) یش بەكارهێنانی شێوازی توندوتیژیی پەسەندكرد. هۆكاری ئەم هەڵوێست گۆڕینەی خۆی لەو پەرەسەندنانەی نێو ئیمپراتۆرییەكە دەبینێتەوە. لەوێ، دەستەی خۆماڵیی بچووك، چ لە كۆلێجە مەزنەكانی پایتەخت، چ لە نێوەندی هەرێمەكان، دەستیان بە كارو ژیانەوە كردەوە. بەڵام پەیوەندیی لە نێوانیاندا نەبوو. بە بەردەوامیی گروپی نوێش هاتبوونە كایەوە، بەڵام هیچ كام لەوانە تۆڕێكی بەرفراوانی نیشتمانیی پێكنەهێنا، هەتاكو لە سێپتێمبەری ١٩٠٦دا(عوسمانیی حورییەت جەمعیەت/كۆمەڵەی ئازادیی عوسمانیی) لە سالۆنیكا دامەزراند، دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە كارمەندانو ئەفسەرانی لاو بوون كە هێندێك لەوانە پێش ساڵی ١٨٩٦ەوە پەیوەندییان بە (ك.ی.پ)وە هەبوو. هێزی پاڵنەری پشت ئەم كۆمەڵەیە "محەمەد تەلعەت" بوو كە كارمەندێكی دەزگای پۆستی ئەدرنە بوو ئەوەی لە ئەدرنە بەهۆی تێوەگلانی لە(ك.ی.پ) كۆنەكە ساڵی ١٨٩٦دا دوورخرابووەوەو نها ببووە بەڕێوەبەری تەلەگراف لە دەزگای پۆستی سالۆنیكا، لە سایەی بلیمەتی ڕێكخراوەیی ئەمەوە، كۆمەڵەی ئازادیی عوسمانیی بە خێرایی لە مەكەدۆنیا بڵاوببووەوە. پەرەسەندنی هەرە گرنگو بایەخدار بریتیبوو لە هاتنە ناوەوەی ئەفسەرانی سوپای سێیەمی مەكەدۆنییو سوپای دووەم لە ئەدرنە بۆ نێو كۆمەڵەكە، ئەوەی كە رائید ئەنوەر، ئەندامی ستاف سوپای سێیەم، ڕۆڵێكی ڕێبەرایەتیی گێڕا. لە ساڵی ١٩٠٧دا، دەستەی سالۆنیكا پەیوەندییان بە پەنابەران لە پاریسەوە كرد، هەروەها بیروبۆچوونەكانی ئەحمەد ڕەزایان حەزپێدەكرد وەك ئەوەكەی میر سەباحەدین، هەربۆیە بڕیاریاندا داوابكەن دەستەكەیان لەگەڵ دەستەكەی ئەحمەد ڕەزادا یەكبخەن، پاش دانوسانێكی درێژخایەن ئەم داوایەیان لە ئۆكتۆبەری ١٩٠٧دا هاتەدی . دواجار ناوی ڕێكخراوە نوێیەكە بۆ شێوازە كۆنەكەی (كۆمەڵەی یەكێتییو پێشكەوتن)گۆڕایەوە.

لەنێوخۆی ئیمپراتۆرییەكەداو بەتایبەت لەنێو سوپادا، پێدەچێت ساڵانی ١٩٠٦بۆ ١٩٠٨ ناڕەزایەتیی زۆریان بە خۆیانەوە دیبێت، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ (لە سەرەتای ساڵانی بەرایی سەدەكەدا هەڵاوسان بەخێرایی زیادی دەكرد) و بۆ ئەو ڕاستییەی كە موچە تەنانەت زۆر لەكاتی خۆی درەنگتر لە كاتی ئاسایی خۆی دەدرا. نیشانەی ئەو ناڕەزایەتییانە لە

---

*1908*, Oxford: Oxford University Press, 136–41.

شـێوەی مـانگرتنو یـاخیبوونی بـچووکدا دەردەکـەوتن. کـە ئەوانـەی لـە زۆربـەی بەشـەکانی ئیمپراتۆرییەکـەدا روویانـدا، بـەڵام کێشەی مەکـەدۆنیا هۆکـاری راسـتەوخۆی هەڵگیرسـاندنی شۆڕشی ژوئیەی ١٩٠٨بوو.

لە ژونـی ئـەو سـاڵەدا، تـزاری روسـیی و ئیدواردی حەوتـەمی پاشـای بەریتانیا لـە ریڤـاڵ لـە بالتیـك یـەکتریان بـینی. بـەریتانیاو روسـیا وردە وردە لـە ترسـی هاوبەشـیان لـە ئـەڵمانیا لـە یەکتر نزیکبوونەوەو هەر بەم بۆنەیەوە سیاسەتکارانی هەردوو دەوڵـەت هـەوڵی بەلاداخستنی هێنـدێك لـە کێشەکانی نێوانیـان بـوون کـە مابوونـەوەو پێشتر چارەسـەر نـەکرابوون. یـەك لـە ئاکامـەکانی بریتیبوو لـە پێشنیازێك بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی مەکەدۆنیا، ئەوەی لەسـەر بنـەمای چەسـپاندنی دەسـەڵاتی بیـانیی بەسـەر ناوچـەکەو هێشتنەوەی بـەناوی سـەروەریی سـوڵتانی عوسمـانیی دانرابـوو. کاتێـك هـەواڵی چـاوپێکەوتنەکەی ریڤـاڵ گەیـشتە سـالۆنیکا (وێـڕای ئـەو دەنگۆیـەی کـە بـەریتانیاو روسـیا سـەبارەت بـە دابەشـکردنی ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی رێکـەوتوون) ، (ك.ی.پ) بڕیاریـدا بکەوێتـەکار، دیارییکردنی دەمـی کەوتنـەکاری کۆمەڵەکـە لەوانەیـە هـەروەها لـە ئاکـامی دەرکـەوتنی ئـەوەدابێت کـە پیاوەکـانی حکومـەت خەریکی ئاشکراکردنی بەشێك لە رێکخراوەکە بوون.

لـە هەڵمـەتێکی هەماهەنگییـدا، ئەفـسەرانێك کـە ئەنـدامی کۆمەڵەکـە بـوون (لەناویانـدا ئـەنوەریش) بەسـوپاکانیانەوە برانـە سـەر گردەکـانو داوای گەڕانـەوەی دەسـتووریان کـرد. یەکـەمجار سـوڵتان هەوڵیـدا یاخیبوونەکـە سـەرکوت بکـات بـەناردنی ژمارەیـەك ئەفـسەری متمانـەپێکراوی خـۆیو دواتریش هێـزی سـوپای ئەنـەدۆڵی رەوانـەی مەکەدۆنیا کـرد، بـەڵام ژمارەیەك لە ئەفسەرەکان کوژرانو سوپا بە کاریگـەریی ئـەو ئاژاوەیـەی لایـەنگرانی (ك.ی.پ) لەسەر کەشتییەکان نایانەوە ئامادە نـەبوون لەگـەڵ یاخیبووەکانـدا شـەڕبکەن. سـوڵتان ئنجا سـەری دانەوانـدو هـەروەها لـە ٢٣ی ژوئیـەی ١٩٠٨دا رایگەیانـد کـە دەسـتوور لێرەبـەدوا بـە تـەواویی جێبـەجێبکرێتو پارلـەمانیش پـاش تێپـەڕینی ٣٠سـاڵ سـەرلەنوێ داوای لێکـرا کۆبێتەوە.

# بەشی دووەم

## سەردەمی تورکە لاوەکان لە مێژووی تورکییدا

## ( ١٩٠٨-١٩٥٠ )

# باسی هەشتەم

## دووەمین قۆناغی دەستووریی ١٩١٢-١٩١٨

### شۆڕشی دەستووریی ساڵی ١٩٠٨

شۆڕشی ژوئیەی ١٩٠٨ ئاکامی کارو هەڵسوڕانی ئەفسەرە یەکێتییخوازەکانی سوپای سێیەم(مەکەدۆنیی)و سوپای دووەم(تراقیا) بوو. لە هەرێمەکانی ئەورووپیی ئیمپراتۆرییەکە ئەمە یەکجار ئاشکرا بوو، چونکە (ك.ی.پ) نوێنەرانی خۆیان بۆ هەموو شارە سەرەکییەکان نارد، بۆ ئەوەی گێڕانەوەی رژێمی دەستوورییان پێ رابگەیەنن، هەروەها بۆ ئەوەی سوودی ئەو رژێمە بۆ خەڵکیی روونبکەنەوە. ئەفسەرە یەکێتییخوازەکان کە سەرکردایەتیی ئەم نوێنەرایەتییەیان دەکرد، هەوڵیاندا ئەوە روونبکەنەوە، کە ئەوە کۆمەڵەیە لە هێنانە کایەی ئەو کۆڕانە بەرپرسیارە، نەك سوڵتان. هەرچەندە، لە هەرێمە ئاسیاییەکانو هەروەها لە ئەستەمبوڵی پایتەخت، هەلومەرجەکە تەواو جیاواز دەهاتە پێش چاو. سانسۆری توندی رژێمی حەمیدیی رێگەی لەبڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی مەکەدۆنیا لەنێو خەڵکدا گرت. پاشان سوڵتان سەرکەوتووانە توانی سێبەری خۆی بخاتە سەر رووداوەکان، بەوەی یەك لە راوێژکارە ناپاکەکانی بەهەڵەیاندا بردبوو بەشێوەیەك لای وابێت کە وڵاتەکە کەڵکی فەرمانڕەوایەتیی دەستووریی پێوەنیە، بەڵام پاشتر بۆ خۆی هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە مەسەلەیەکی وا وەختی هاتووە.

کاتێك هەواڵەکە ئاشکرابوو (ئاشکرابوونی هەواڵەکە ماوەیەکی خایاند، چونکە یەکەمین راگەیاندن لە پایتەخت دوور لە چاوی گشتیی بوو، بابەتێکی سێ دێریی لە لایەکی چەپەکی رۆژنامەکاندا سەبارەت بە هەڵبژاردنی نوێ بڵاوکرایەوە)،[1] کاردانەوەی گشتیی لە ئەستەمبوڵو هەرێمە ئاسیاییەکان، بە هەمان شێوەی مەکەدۆنیا پێشاندانی خۆشییو شادیی بوو. وێڕای ئەو خەڵکانەی سەر بەتوێژو تایفەی جۆراوجۆربوون، موسوڵمان، کریستیانییو جوو، ئەوانەی برایانە لەسەر شەقامەکان ئاهەنگیان دەگێڕا. تێڕوانینێکی گشتیی ئەوتۆ هەبوو کە ژیان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەرەو باشتر دەگۆڕێت. لە هەمان

[1] Hüseyin Cahit Yalçın (1976) *Siyasal anılar*, Istanbul: Türkiye İş Bankası Kültür Yayınları, 3.

کاتـدا، لـە هێنـدێك لـە شـوێنەکان، لەوانـەش پایتـەخت، خـەڵکی کەوتنـە تۆڵەسـەندنەوە لـە نوێنــەرانی ڕژێمــە کۆنەکــە، هێنــدێك کارمەنــدیان بــە دەرکردنــداو ڕاوەدوی ژمارەیــەك لــە ئەندامانی ناسراوی دەزگای سیخوڕیی ڕژێمیان نا.

ئــەو ئــازادیی بیرکردنــەوەو دەربــڕینو کۆڕوکۆبوونەوەیــەی کــە شۆڕشــی دەســتووریی هێنایـەئارا، تـەنیا نـەبووە هـۆی ئەنجامـدانی خۆپێشاندانی سیاسـیی کـە خۆشـییو شـادیی یـاخود تـوڕەیی پێوەدیـار بـوو، بـەڵکو ئاژاوەیـەکی بـەرفراوانی کرێکاریـشی لێکەوتـەوە. کرێکاران، داوای کرێی زیادیان وەك قەرەبوویەك بۆ گرانییو بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلە پێویـستییەکانی ژیانیـان دەکـرد(هـەر دوو مـانگ پـاش شۆڕشـەکە هەڵاوسـان بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـە ڕێژەیـەی ٢٠ لەسـەدا بـەرزبووەوە)، پـاش ئـەوەی داواکانیـان بـەدی نـەهێنرا، شەپۆلێکی مانگرتن ئیمپراتۆرییەکەی گرتەوە، کە لـەماوەی شـەش مانگدا خـۆی لـە زیاتر لـە ١٠٠ مـانگرتن دەدا.[٢] حکومـەت، کـە داوای دەکـرد چـیدی خۆپێـشاندانی سیاسـیی نەکـەن، بەهۆی ئەو مانگرتنانەوە بەئاگاهاتەوەو بە پشتگیریی (ك.ی.پ) کاردانـەوەی پێشاندا بـەوەی یاســای کرێکــاریی دەرکــرد تێیــدا یەکێتییــە پیــشەییەکانی لــەنێو کەرتــە گــشتییەکاندا قەدەغـەکرد، ئەنجومـەنێکی نێوبـژیوانی ناچـاریی هێنایـەئاراو وایکـرد کـاری مـانگرتن فـرە گرانو سەخت بێت. ئەم یاسایە، کارایانە جوڵانەوە کرێکارییەکانی سەرکوتکردو بە ئەستەم لـە کـاتی مـاوەی دووەمـین قۆنـاغی دەسـتووریدا مانگرتنێـك ڕوویـدەدا. ڕۆڵـی (ك.ی.پ) لـە سەرکوتکردنی مانگرتنەکەدا سەرنجڕاکێش بوو، چونکە کۆمەڵە –پاڵەوانی مەیدانی ئازادیی دەستووریی– بە ئاشکرا لە سەرکوتکردنی ئازادیی وەك مـانگرتنو ڕێکخراوبوونی کرێکاران لایەنگریی لە سەرمایەداران کرد.

ســـەرکردەکانی جوڵانـــەوەی پەنابـــەرەکان، وێـــڕای ئەوانـــەی لـــەنێو ئیمپراتۆرییەکـــەدا دوورخرابوونەوە، گەڕانەوە ئەستەمبوڵو وەك پاڵەوانێك پێشوازییان لێکرا. جگە لـە بەهادین شـاکرو دکتـۆر نـازم، ئـەو دووانـەی ڕێکخـەری پارتەکـە کـە پـێش شۆڕشـەکە پەیوەنـدییان بـە جوڵانەوەی نێوخـۆیی ئیمپراتۆرییەکەوە هـەبوو، ئەوانـە پێگـەو پۆسـتێکی وایـان پێنـەدرا کـە کاریگــەرییان هــەبێت . دەســەڵاتی سیاســیی لــەنێو (ك.ی.پ) دا لەدەســتی پیاوەکــانی سالۆنیکادا مایەوە.

---

[2] سەبارەت بە شەپۆلی مانگرتنەکانو سەرکەتکردن لەلایەن یەکێتییخوازەکانەوە، بڕوانە:
Donald Quataert and Erik Jan Zürcher (eds) Workers and working class in the Ottoman Empire and the Turkish republic 1839–1950, 19–34.

جێگـەی سەرسـوڕمانە، لـەم فـەزای پـڕ خۆشـیی و شـادییەدا، (ك.ی.پ) خـۆی دەسـەڵاتی نەگرتەدەستو سوڵتانیشی لەسەر تەخت لانەبرد کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەتوندیی دژایەتیی دەکـردو سـووکایەتیی پێـدەکرد. یـەك لـەو هۆکارانـە، لەبەرئـەوەی سـوڵتان رای گـشتیی داگیرکردبـوو، زۆربـەی خـەڵکی ئـەویان بـە پاڵـەوانی رەوشـەکە دەبـینی. هەرچـەندە سەرکردەکانی (ك.ی.پ) لە سوڵتان دەسڵەمینەوە، بەڵام هەستیان دەکرد کە ناتوانن لایبەرن. هـەروەها هەسـتیان دەکـرد کـەمتر دەتـوانن جڵەوی حکومـەت بخەنـە دەسـت خۆیـان. تەمـەنو رووخساری ریشسپییانە، مەرجێکی پێشیینەی بایەخداری گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات بوو لە کۆمەڵگای عوسمانییدا، هـەروەها تورکـە لاوەکـان کـە بەشـی زۆریـان ئەفسەرو رائیدی سەربازیی یاخود کارمەندی بیرۆکراتیی لاوەکیی بوون کـە تەمـەنیان لـە کۆتـایی بیستەکانو سـەرەتای سییەکاندا بـوو. هەربۆیـە کۆمەڵـە وای پێباشـبوو کـە سیاسـەت لەدەسـتی کابینـەی وەختـدا لـەژێر سایەی سـەعید پاشـای سـەدرولئەعزەمدا بمێنێتـەوە. لـە هـەمان کاتـدا خۆیـان وەك پاسەوانێك چاودێری رەوشەکەو ئەرکی پاراستنی ئازادییە دەستوورییە نوێیەکە بگرنـە ئەستۆو، ئەوکاتە دەستوەردەنە سیاسەتەوە کـە بـە گونجـاوی دەزانـن. لـە ساڵانی داهـاتوودا، پێگەی (ك.ی.پ) وەك کۆمەڵەیەکی نهێنی کە فشاربکاتو دەسـەڵاتی سیاسـیی بگرێتەدەست بێئەوەی بەرپرسیارییەکی فەرمیی هەبێت، سەلماندی کە هۆکارێکی ناسەقامگرییە.

یەکـەمین ململانێـی کـە (ك.ی.پ) خـۆی تێهەڵقورتانـد، بەوهۆیـەوە بـوو کـە سـوڵتان جـەختی لـەوە دەکـردەوە کـە راسـتەوخۆ مـافی دامەزرانـدنی وەزیرەکـانی جـەنگو کەشـتیگەلی هـەبێت، لەبری ئەوەی تەنیا لەلایەن سەدرولئەعزەمەکەیەوە کەسانێك بۆ ئەم پۆستانە هەڵبـژێردرێت. ئـەوە بەزانـدنێکی ئاشـکرای پـەیامو گیـانی دەسـتوور بـوو، هـەروەها کاتێـك سـەعید پاشـا پـشتگیریی لـە سـوڵتان کـرد، کۆمەڵـە تـەنیا پـاش پێـنج رۆژ ناچـاریان کـرد دەسـت لـەکار بکێشێتەوە. قوبرسلی کامیل پاشا کە وەك ئینگلیزخوایەکی لیبراڵ ناسرابوو لە ٦ی ئوتدا لـە شوێنی ئەو دانرا.[٣]

رووداوی سـەرەکیی مانگـەکانی پـاش شۆڕشـەکە کـە بریتیبـوو لـە یەکـەمین هەڵبـژاردن لەماوەی ٣٠ ساڵدا، پێش شۆڕش، (ك.ی.پ) تەنیا رێکخراوێکی هەرێمیی بەهێزی لە هەرێمە ئەوروپییەکانـدابوو، ئەمێـستا لـە هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی رێکخراوەکـەی بـوو لـە هەرێمـە ئاسـیاییەکانو بـاکووری ئـەفریقا، هێنـدێك جـار لقـی نـوێ لـەو دەسـتە خۆماڵییـە بەرهەڵـستکارانە پێکـدەهێنرا، کـە لەلایـەن خەڵکانێکـەوە پێکهێنرابـوو پێـشتر لەلایـەن

[3] Aykut Kansu (1997) *The revolution of 1908 in Turkey*, Leiden: E. J. Brill, 120–3.

عەبدولحەمیدەوە لەنێوخۆی وڵاتدا دوورخرابوونەوە، ئەو دەستانەی بە ڕێکخراوی (ك.ی.پ) ەوە پەیوەست دەبوون.بەگشتیی، لقەکانی (ك.ی.پ) لە هاوپەیمانیی خەڵکانی شارەزا (مامۆستا، پارێزەرو پزیشك)، بازرگانە موسوڵمانەکان، سەرۆکی ئەسنافەکانو مۆڵکدارە مەزنەکان پێکدەهاتن. لە کاتێکدا کۆمەڵە نزیکەی موسوڵمانو بەشێوەیەکی مەزن تورکی دەگرتەخۆ، بەشێوەیەکی بەرچاویش چاوی لە هاوکاریی نەتەوەکانی دیکە بوو، لە پەرلەمانی نوێدا چەند کورسیەکی بۆ زامنکردن. لە کۆتاییدا، تورکان ٥٠ لەسەدی ٢٨٨ کورسییەکەی پارلەمانیان بە دەستەوە بوو.[٤]

وێڕای (ك.ی.پ)، تاقە ڕێکخراوێك کە لە هەڵبژاردنەکە کێبڕکێی دەکرد بریتیبوو لە پارتێکی نوێ لەلایەن لایەنگرانی میر شەهابەدینەوە (ئەوەی هەروەها گەڕابووەوە) لە سێپتەمبەردا بەناوی "عوسمانیی ئەحرار فیرقەسی/پارتی ئازادیخوازانی عوسمانیی). هەرچەندە ئەم پارتە ڕێکخراوێکی بایەخداری سەرتاسەریی نەبووو توانی تەنیا یەك کورسی بەدەستبێنێت.

نفوزی یەکێتییخوازەکان وێڕای سەرکەوتنی، تەواو ناڕاستەوخۆ ماوەیەك مایەوە تا ئەوەی ڕاستەوخۆ بێت.چونکە لە زۆربەی بەشەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا پشتیان بە خانەدانی خۆماڵیی دەبەست، ئەوانەی ڕێگەیان بە ناوەکانیان دەدا کە بخرێتە پێشەوەی کاندیدەکانەوە لە لیستی یەکێتییخوازەکان، زیاتر لەوەی وەك ئەندامی (ك.ی.پ) خۆیان. ئەوەش مانای ئەوە بوو کە دیسپلینی پارتەکە لە پارلەمان لاوازبوو.

بەوەش پاش شۆڕشو هەروەها هەڵبژاردن دەسەڵاتی دەربار لغاوکرا، بەڵام کۆتایی پێنەهێنرا، هەروەها کارمەندانی باڵای کارگێڕیی لە دەروازەی باڵا، وەك فاکتەرێکی سیاسیی سەربەخۆ بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٧٨ەوە دووبارە دەرکەوتنەوە، لەکاتێکدا هێشتا (ك.ی.پ) لە پشتەوە ڕاوەستابوو، پشتی بە زۆرینەی نێو پارلەمان دەبەست بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەت.

---

[4] بەگوێرەی کانسۆ ١٥٣ تورك، ٥٣ عەرەب، ٢٧ ئەلبانی، ٤٠ کریستیانیی بوون، بەڵام بەگوێرەی فەیروز ئەحمەدو دانکوارت رۆستۆ کە ڕاستەوخۆ بەجۆرێکی دیکە دابەشی دەکەن: ١٤٢ تورك، ٦٠ عەرەب، ٢٥ ئەلبانیی، ٢٣ یۆنانیی، ١٢ ئەرمەنیی، ٥ جوو هەروەها ٥ کۆیلە.

Kansu (op. cit., 239–40),. Feroz Ahmad and Dankwart Rustow (1976) ‘İkinci meşrutiyet döneminde meclisler 1908–1918’, *Güneydoğu Avrupa araştırmaları dergisi*, 4–5, 247.

## دژەشۆڕش ساڵی ١٩٠٩

هەرچەندە پاش سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکەی شۆڕشەکە، (ك.ی.پ) بەهێزترین هێز بوو لە وڵاتدا، بەڵام لەماوەی ساڵی ١٩٠٨و هەروەها سەرەتای مانگەکانی ١٩٠٩ پێویستبوو لەگەل دوو شێوازی نوێی ئۆپۆزسیۆن ململانێ بکات. یەکێکیان پارتی ئازادییخوازان بوو، کە لە هەڵبژاردنەکەدا شتێکی ئەوتۆی پێنەکرا، هەربۆیە هەستی بە بێهیواییەکی زێدەتر کرد. کامیل پاشا هەروەك لیبراڵەکان کە لە فشاری (ك.ی.پ) بێزار بوو، هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەم دەستەیەدا بەستو پەیوەندییەکانی لەنێوان ئەوو (ك.ی.پ)دا زێدە دژواربوو. لە ١٤ی فێبرایەردا، (ك.ی.پ) توانی وابکات لە پارلەماندا دەنگ بۆ لابردنی پاشا بدرێتو لە شوێنی ئەو حوسەین حیلمی پاشا کە لە کۆمەڵەوە نزیك بوو، دابنرێت. ئۆپۆزسیۆن هەڵمەتێکی توندی لە بڵاوکراوەکانەوە دەستپێکرد، کە بەهەمان شێوە لەلایەن ئۆرگانەکانی یەکێتییخوازەکانەوە وەڵامدرایەوە. لە٦ی ئەپرڵدا، حوسەین فەهمی کە سەرنووسەری یەك لەو بڵاوکراوە توندانەی دژ بە یەکێتییخوازەکان بوو، کوژرا. لەوەدەچێت لەلایەن دەسەندەیەکی یەکێتییخوازەکانەوە. ڕۆژی دواتر پرسەکەی بۆ خۆپێشاندانێکی جەماوەریی دژی کۆمەڵە گۆڕا.

دووەمین شێوازی ئۆپۆزسیۆن کە ڕووبەڕووی (ك.ی.پ) بووەوە بریتیبوو لە ناوەندە ئاینییەکانی کۆنەپارێزەکان، بەتایبەتیی عولەماو شێخو دەروێشی تەریقەتەکان. لەماوەی مانگی ڕەمەزاندا کە هاوکاتبوو لەگەڵ ئۆکتۆبەری ١٩٠٨، چەند ڕووداوێك کە دووانیان بایەخداربوون، لەگەڵ چەند خۆپێشاندانێکی توندوتیژ ڕوویدا. کە تێیدا داواکاریی داخستنی بارو تیاترۆخانەکان، قەدەغەکردنی وێنەگرتنو ڕێگرتن لە جوڵانەوەی ئازادیی ژنان خرابووە ڕوو. لە ٣ی ئەپرڵدا ئاینییە توندڕەوەکان ، ئەوانەی کە سۆفیی شێخ وەحدەتیی نەقشبەندیی بوونو وەك گروپێك چالاك بوونو لە دەوری ڕۆژنامەی (ڤولکان) کۆببوونەوە، خۆیان لە "ئیتحادی محەمەدیی/یەکێتیی محەمەدیی"یدا ڕێکخست، ئەم دەستەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان پرۆپاگەندەی دژی سیاسەتەکانو سێکیولاریزمی تورکە لاوەکان دەکرد.

وێڕای هەموو ئەو ململانێ سەختە سیاسییەو پەرەگرتنی تەنگەژە لە مانگەکانی ڕابردوودا، تەواو بۆ یەکێتییخوازەکانو چاودێرانی بێگانە سەرسوڕهێنەر هاتە بەرچاو، کاتێك لە شەوی ١٢ی ئەپرڵی ١٩٠٩دا یاخیبوونێکی چەکداریی لەنێو پایتەخت بە ناوی گێڕانەوەی ئیسلامو شەریعەت سەریهەڵدا. ئەو شەوە، بەتالیۆنی هێزە سەربازییەکانی

مەکەدۆنیا لە سەربازخانەکەی "تەشکیشلا"، ئەوەی کە (ك.ی.پ) هێنابوویان تا جێگەی ئەو یەکە سەربازییە بگرێتەوە کە لە عەرەبو ئەلبانییەکان پێکدەهاتنو کەمتر جێگەی باوەڕبوون.ئەوان یاخیبوونو ئەفسەرەکانی خۆیان بە بارمتە گرتبوو. بۆ بەیانییەکەی، لەگەڵ ژمارەیەکی مەزن لە (سوفتەکان/فەقێی خوێندنگە ئاینییەکان) بەرەو تەلاری پارلەمان کشان. کە رۆژ بووەوە، هێزێکی زیاترو زیاتر لە عولەما پەیوەندییان پێوەکردن. حکومەت لە پشێوییدا بوو، نەیوێرا هێزی سەربازیی وەفادار رەوانە بکات، بەڵکو بەرێوەبەری پۆلیسی نارد تا گوێ لە داوای جەماوەرەکە بگرێت، قسەکەری هێزە سەربازییە یاخیبووەکە داوایەکی شەش خاڵی پێشکەشکرد:

- سەدرولئەعزەمو هەردوو وەزیری جەنگو کەشتیگەڵ لابرێن.
- گۆڕینی ژمارەیەك لە ئەفسەرە یەکێتییخوازەکان.
- گۆڕینی سەرۆکی یەکێتییخوازی ئەنجومەنی نوێنەران (ئەحمەد رەزا).
- دوورخستنەوەی ژمارەیەك نوێنەری یەکێتییخوارز لە ئەستەمبوڵ.
- گێڕانەوەی شەریعەت، هەروەها
- دەرکردنی لێبوردن بۆ سەربازە یاخیبووەکان.

سەرنجڕاکێشترینی ئەم داواکارییانە ئەوەیانە کە داوای گێڕانەوەی شەریعەت دەکات، لەکاتێکدا هێنانەکایەی یاسای تایبەتیی شێوازی ئەوروپییانەو رێکخستنی ببووە هۆی لاوازکردنی پێگەی شەریعەت، ئەو شەریعەتەی هیچ رەتنەکرایەوەو بەردەوام بوو، لەبواری یاسای خێزاندا هەژموونداربوو.

سەدرولئەعزەم کە رووبەڕووی ئەم داوایانە کرایەوە، پاش نیوەڕۆ چوو بۆ دەربار و دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد، ئەوەی سوڵتان پەسەندی کرد. بەیانی رۆژی دواتر، راگەیەندرا کە تۆفیق پاشا (ئۆکدەی)ی کۆنە دپلۆمات، وەك سەدرولئەعزەم دادەمەزرێت، میرئالا عیسمەت پاشای وەزیری جەنگ سەردانی سەربازەکانی کردو پاش ئەوەی بەشانوباڵیاندا هەڵیدا بەڵێنی پێدان هەموو داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات. سەربازەکانو سوفتەکان بە شادییەکی زۆرەوە بەو سەرکەوتنە ئاهەنگیان گێڕا، لە هەمان کاتدا، بەرنامەیەك دژی یەکێتییخوازە ناسراوەکان چووەپێش کە لانی کەم بە کوشتنی ٢٠ کەس کۆتاییهات کە زۆربەیان ئەفسەر بوون، هەروەها دوو نوێنەری مەجلیسیشیان تێدا بوو کە بە هەڵە وەك سەرکردەی یەکێتییخوازەکان لەقەڵەم درابوون.

یەکێتییخوازەکان یان خۆیان شاردەوە یان لە پایتەخت هەڵاتن. لەئاکامدا، ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی کە (ک.ی.پ) زۆرینەی تێدا گرتبووە دەست ئەوەندە ئەندامی تێدا نەمابوو بتوانێت دانیشتنی فەرمیی خۆی بکات. هەرچەندە، ئەو نوێنەرانەی ئامادەبوون داواکاریی سەربازەکانیان پەسەندکردو لە هەمان کاتدا بلاوکراوەیەکیان دەرکرد تێیدا جەختیان لە شەریعەت و هەروەها دەستووریش کردەوە .

لە یەکەم رۆژەوە بەرەوسەر، رێبەرانی ئازادیخوازیی عوسمانیی لە هەوڵی ئەوەدابوون یاخیبوونەکە بۆ مەسەلەیەکی دژ بە (ک.ی.پ) بگۆرن و رێگەی ئەوەی لێبگرن کە ببێتە جوڵانەیەکی دواکەوتووانەی دژەدەستووریی و عەبدولحەمیدگەرایی، عولەما باڵادەستەکان لە "جەمعیەتی عیلمیەی ئیسلامیە/کۆمەڵەی فێرکارە ئیسلامییەکان" کۆبوونەوە، لە هەمان کاتدا، هەرگیز پشتگیریی یاخیبوونە چەکدارییەکەیان نەکردو هەروەها لە ١٦ی ئەپرڵ بەرەوسەر راشکاوانە رەخنەیان کرد.

(ک.ی.پ) راونرانە دەرەوەی ئەستەمبوڵ، بەڵام لە هەرێمەکاندا دەسەڵاتی خۆیان پاراستبوو، بەتایبەت لە مەکەدۆنیا، هەروەها راستەخۆ دەستیانکرد بە دژەکار. (ک.ی.پ) خۆپێشاندانی جەماوەرییان رێکخست لە شارە هەرێمییەکانداو تەلەگرافبارانی پارلمان و دەربارییان کرد. بەتایبەت لە مەکەدۆنیا ئەو شەرە پرۆپاگەندەییان بردەوەو خەڵکەکەیان هێنابووە سەر ئەو باوەرەی کە دەستوور لە مەترسییدایە. لە ١٥ی ئەپرڵ (ک.ی.پ) دەستیکرد بە رێکخستنی هەڵمەتی سەربازیی دژی یاخییەکان. جوڵەی سەربازیی خرایە پاڵ ئەم هەڵمەتە کە چەند یەکەیەکی سەربازیی گرتبووەخۆ لە سایەی "محەمەد شەوکەت پاشا"ی فەرماندەی سوپای سێیەم بەرێوەدەچوو، ئەو هەڵمەتەی بە یەکەی خۆبەخشەکان دەوڵەمەند کرابوو کە زۆربەیان ئەلبانیی بوون و لەلایەن "نیازی بەگ" ەوە کە یەك لە پاڵەوانەکانی شۆرشی ١٩٠٨ە، سەرکردایەتیی دەکران. ئەم هێزانە بە قەتار بۆ دەوروبەری ئەستەمبوڵ گواسترانەوە.

ئەنجومەنی نوێنەران دەستەیەکی بە نوێنەرایەتیی خۆی نارده لای فەرماندەی سوپا بۆئەوەی رێگەیان لێبگرن شارەکە بەهێز داگیر بکەن، بەڵام وەڵامێکی ئەرێنییان نەدایەوە، ئەو دەستە نوێنەرایەتییە بریاریاندا لەپاڵ سوپادا بمێننەوەو داوایان لە هاورێکانیان کرد پێیانەوە پەیوەست بن. لە ٢٢ی ئەپرڵ بەرەوسەر، هەردوو بەشەکەی پارلەمان پێکەوە لە سان ستیڤانۆ (یەشیل کۆی هاوچەرخ) وەك "مەجلیسی عمومی میلی/ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیی" کۆبوونەوە.

لـە بـەیانی زووی ڕۆژی ٢٤ی ئـەپرڵ، سـوپای هەڵسوڕاو شـارەکەی بـێ هـیچ بـەرگریی و کاردانەوەیـەکی ئـەوتۆ داگیر کـرد. پـاش سـەرکوتکردنی یاخییبوونەکـەو لـە سـایەی یاسـای سـەربازیی و دۆخـی نائاسـاییدا، دوو دادگـای سـەربازیی پێکهێنـرا. ژمارەیـەکی زۆر لـە یاخییبووەکانی تاوانبارکردو تیرەبارانیان کرد، لەوانە دەروێشەکانی وەحدەتیی. ژمارەیـەك لـە سـەرکردەی ئـازادییخوازان قۆڵبەسـتکران، بـەڵام لـەژێر فـشاری بـەریتانیادا دووبـارە ئـازادکران. لـە ٢٧ی ئەپرڵـدا، دوو ئەنجومەنەکـەی پارلـەمان هێـشتا پێکـەوە دانیـشتبوون، سـوڵتان عەبدولحەمیـدیان لێخـست، ئـەوەی لەلایـەن "محەمـەد ڕەشـاد"ی برابـچووکییەوە شوێنی گیرایەوە، ئەوەی ئێستا بەناوی "سوڵتان محەمەدی پێنجەم"ەوە چووە سەر تـەخت. ئـەو نـاوە بۆیـە هەڵبـژێردرا کـە محەمـەدی دووەم بەبیربهێنرێتـەوە(ئـەوەی لـەماوەی ١٤٥١-١٤٨١) فەرمانڕەوایـەتیی دەوڵـەتی عوسمـانیی کـرد) کـە یەکـەمجار ئەسـتەمبوڵی فـەتح کـرد، سوڵتانی نوێش لەسایەی هەڵسوڕانی سوپاوە بۆ دووەم جار پایتەختی گرتەوە.

ڕووداوەکـانی ئـەپرڵی ١٩٠٩ دەتوانرێـت بەچـەند هۆکـاری جیـاواز لێکبدرێتـەوە. چـەند دەسـتەی جیـاواز بـە چـەندین هـۆی جیـاواز لـە بـوونی ڕژێمـی دەسـتووریدا بێهیـوا بـوون. ڕووخاندنی ڕژێمە کۆنەکە زیانی بە ژیانو گوزەرانی ئەوانە گەیاند کە پلەوپایـەیان لـە نێو دەزگـاو دامـەزراوەکانی حەمیدییـەدا هـەبوو، لەوانـە ژمارەیـەکی زۆر سـیخوڕە چـالاکەکانی حکومەت لە ئەستەمبوڵ، ئەوانەی ڕاپۆرتەکانی خۆیان دەدایە سوڵتان. سیاسـەتی عـەقڵانیی حکومەتی نوێ ئامانجی کۆتاییهێنانی ئەو زۆریو بۆرییـەی بـەشو کایـەکانی حکومـەت بـوو کە لە ئاکامی خزمخزمێنەو مەحسوبییەتی ڕژێمـە کۆنەکـەوە لـەئارادا بـوو. هـەزارەها کارمەنـد لە پلەو پۆستی جیاواز کارەکانیان لەدەستدا. ئەمە لـە شـاری ئەسـتەمبوڵ کـە داهـاتو ژیـانی سەرەکیی خەڵك حکومەت بوو، ئاکامی دوورمەودای هەبوو.

لـەنێو سـوپادا، سەرچـاوەی سـەرەکیی دژواریـی بریتیبـوو لـە نـاکۆکیی نێـوان ئەفـسەرە مەکتەبلییـەکان، ئەوانـەی لـە خوێندنگـە سـەربازیی و ئەکادیمییـەکان ڕاهێنرابـوون، لەگـەڵ ئەفـسەرانی ئـالایلی کـە لـەنێو تیپـە سـەربازییەکاندا پلـە بەپلـە سـەرکەوتبوون. ئەوانـەی دوایییـان لەلایـەن ڕژێمـە کۆنەکـەوە قـەدری زیـاتر بـوو، هەربۆیـە موچـەیان بـە ڕێکـوپێکی دەدرایـەو لـە سـوپای یەکەمـدا لـەنێو ئەسـتەمبوڵو دەوروبەریـدا ڕاگیرابـوون. لەکاتێکـدا مەکتەبلییەکان بەد مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکرا (ئـەوەش ڕاسـت دەرچـوو چونکە ئـەو ئەفسەرە خوێنـدەوارە هاوچـەرخانە بـوون کـە سـاڵی ١٩٠٨شۆڕشـی دەسـتوورییان هەڵگیرسـاند). ئەمێستا زۆربەی ئەو ئەفسەرە مەکتەبلییانـە دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت. ئەفسەرە ئالایلییـەکان

یان لێخران یاخود پلەکانیان هێنرایە خوارو خراپتریش، تەواوی سیستمی بەرزکردنەوەی پلەکان وەستێنرا. هەروەها سوپاش هۆکاری بێزاریی خۆی هەبوو. ئەوان لەسەر دیسپلینێکی لاوازو حەوانەوە راهاتبوون و نها تووشی ئەفسەرانێکی لاو ببوون کە خوازیاری سەپاندنی شێوازێکی راهێنانی پروسیی بوون. لەنێو ئەو شتانەی کە لابرابوون دەستنوێژگرتن و نوێژکردن بوو لە کاتی راهێنان‌دا.

لەکاتێکدا هیچ یاساو پرۆژەیەکی سێکیولاریست بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەشت مانگی یەکەمی شۆڕشی دەستوورییدا بەڕێ نەکرا، بەڵام عولەماکانی پلەخوار گوڕانی فەزاکەیان بە مەترسیی ئەزانی، ئەوەی شۆڕشە دەستوورییەکەی هێنابووەئارا. یەك لەو کارانەی بێزاریی لەنێو ئەم دەستەیەدا لێکەوتەوە ئەوە بوو کە ئەو خوێندکارانەی خوێندنگە ئاینییەکان کە لەکاتی خۆیدا لە تاقیکردنەوەکان دەرنەچووبوون، چیدی لە خزمەتی سەربازیی چاویان لێ نەپۆشرا.

ناتەبایی نێو تورکە لاوە پلەدارەکانیش هەبوو، لەگەڵ ئەوەی دەستەی ئازادییخوازان دژی ئەوە وەستانەوە سەبارەت بە سیاسەتی نابەرپرسانەی یەکێتییخوازەکان و قۆرخکردنی دەسەڵات یارمەتیی ئەوەیاندا فەزایەك دروست بێت کە یاخیبوونی تێدا رووبدات. لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە کێ هانی دژەشۆڕشی دا، (ك.ی.پ) راشکاوانە ئۆباڵەکەی خستەملی سوڵتان عەبدولحەمیدو ئۆپۆزسیۆنی ئاینیی(یەکێتی محەمەدیی)ی شێخ وەحدەتی. لەکاتێکدا دەستی سوڵتان هەروەها لەو راستییەدا دەبینرا کە یاخیبووەکان پارەیەکی مۆڵیان لەبەردەستدا بوو، هەروەها سەربازەکانی بە ئاشکرا زێڕیان بەسەردا دابەشکرابوو. بەهێندێك هۆکار کەسانێك گومانیان لە تێوەگلانی بەریتانییەکان هەبوو، ئاماژەیان بە پەیوەندی نزیکی نێوان بەریتانییەکان و عوسمانییە ئازادییخوازەکان کردووە. هەرچەندە، ئەوە ئاشکرایە کە بە درێژایی ۱۱رۆژی یاخیبوونەکە سوڵتان بە وریاییەکی زۆرەوە هەڵدەسوڕا، لەکاتێکدا ئەو بە ئاشکرا خۆی لە یاخیبوونی سەربازەکان بێئاگا رانەگەیاند، ئەو بە ئاشکراش پشتگیریی داخوازییەکانیانی نەکردو هەوڵی نەدا رێبەریی جوڵانەوەکەیان بکات. کاتێك سوپای هەڵسوڕاوی یەکێتییخوازەکان خۆی بە شارەکەدا کرد، ئەو بە خۆشییەوە پێشوازیی لێکردو فەرمانی بە سەربازەکانی کۆشکەکەی دا بەرگریی نەکەن. پاشتر سوڵتان لە بیرەوەرییەکانیدا نکۆڵیی لە هەر پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ یاخیبوونەکەدا کردووە.

ئـەو داخوازییانـەی لەلایـەن یاخییبووانـەوە فۆرمەڵـە کرابـوون، هـەروەها ئـەو بەڵگانـەی لەبـەردەم دادگـا سـەربازییەکەدا خرابوونـە بەرچـاوو هـەروەها ئـەوە بیرەوەرییانـەی سـەرانی ئۆپۆزسیۆن، تێکڕا ئاماژە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی(ئازادییخوازان) وەك هاندەری سـەرەکیی دەکەن. هەروەها ئەو شێوازەشی کە یاخییبووەکان هێرشیان پێ دەکردە سەر کەسایەتییە یەکێتییخوازەکان و ئۆفیسەکان، پشتگیریی لەم بۆچوونە دەکرد. لە هەمان کاتدا، ئاشکرایە کـە ئۆپۆزسـیۆنی ئـاینیی و یـەکێتی محەمـەدیی شـێخ وەحـدەتی، بەشـێکی گرنگیـان لـە ڕێکخـستنی ڕاپەڕینەکـەو هانـدانی سـەربازەکاندا هـەبوو، زۆر لەوانەیـە ئۆپۆزسـیۆنە ئازادییخوازەکان هاندەری سەرەکیی یاخییبوونەکە بووبن. بە زێدەڕۆیی تێڕوانینی هێزی خـۆی، وای دەبـینی کـە دەتوانێـت گروپـە ئاینییـەکان بـەکار بهێنێـت، بـەڵام هـەرزوو پـاش دەسـتپێکردنی یاخییبوونەکـە ئاشـکرابوو کـە لـە پێگەیـەکی وادا نیـە دەسـەڵاتی خـۆی بسەپێنێت.[5]

دژەشۆڕشـی سـاڵی ۱۹۰۹ بـۆ هەرێمـەکان نەپەڕییـەوە، هەرچـەندە دەتوانرێـت لـەم ڕووەوە ئامـاژە بـە یـەك نموونـە بـدرێت. لـە هـەرێمی ئەدەنـە ژمارەیـەك لەلایـەنگرانی ڕژێمـە کۆنەکـە دەرفـەتی تێکـچوونی دەسـەڵاتی ناوەنـدییان قۆسـتەوەو هێرشـیان کـردە سـەر نوێنـەرە یـەکێتییخوازەکان. ئاژاوەکـە بـۆ بەرنامـە گـۆڕاو ژمارەیـەکی زۆر (نزیکـەی ۲۰۰۰۰) لـە هاوڵاتیـانی ئەرمـەنیی کۆمـەڵکوژکران. کۆمـسیۆنێکی پارلـەمانیی بـۆ پرسـینەوە ڕەوانـەی ئەدەنـەکراو ۱۲٤ موسـوڵمان و حـەوت ئەرمـەنیی بـە تۆمـەتی ڕۆڵگـێڕان لـە ئاژاوەکـەدا هەڵواسران.[6]

## کێبڕکێی سیاسیی لە ۱۹۰۹-۱۹۱۳

کۆمەڵـە خـراپ ڕاتـەکێنرا، دژەشۆڕشـەکە فشەڵیی ڕژێمـی دەسـتووریی و جـۆری سیاسـەتە مۆدێرنەکانی دەرخست کە (ك.ی.پ) بناغەی بۆ داڕشت. ئـەوەش هـەم ئـەزموونێکی تاڵ و هـەم

---

[5] "سینا ئەکشین" لەنامەی دکتۆراکەیدا گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامە، بەڵام پێدەچێت چالاکییە ئیسلامیستەکانی تورکیا لەساڵانی ۱۹۹۰کاندا کاری تێکردبێت( بەتایبەتی هەراو پەلامارەکەی سێواس)، ئەو لە چاپە نوێیەکەیدا ڕووداوی نەتەوەکانی وەك نموونەی بونیادگەرایی ئیسلامیی داناوە.

(1970) *31 Mart olayı*, Ankara: Sevinç.

[6] Taner Akçam (1999) İnsan hakları ve Ermeni sorunu: İttihat ve Terakki'den kurtuluş savaşına, Ankara: İmge, 122.

وانەیـــەکی لەبیرکراونـــەهاتووی دایـــە یـــەکێتییخوازەکان، ئەوانـــەی پاشـــتر دەســـەڵاتیان گرتەدەست.

ســـەرکوتکردنی دژەشۆڕشـــەکە دەســـەڵاتی لەدەســـت ســـوپادا هێـــشتەوە، بەتایبـــەت لەدەستی(مەحموود شەوکەت پاشا)ی سوپاسالاردا، ئەوەی کرایە پشکنەری سەرەکیی هەر سێ سوپاکە. یەکەم(ئەستەمبوڵ)، دووەم(ئەدرنە)، سێیەم (مۆناستیر). نە کابینەی سەرەك وەزیر "حوسەین حیلمی پاشا"، نە ئەوەی پاش ئەو لە دیسەمبەری ١٩٠٩دا "حەقی پاشا" شوێنی گرتەوە، نە تەنانەت (ك.ی.پ) یش لە پێگەیەکی وادا بوون کێبڕکێی دەسەڵاتەکەی مەحموود شەوکەت پاشا بکەن. ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە لەچەند ساڵانی کەمیی داهاتوودا بۆ هەموو مەبەستو ئامانجێك سوپا لە سەروو یاساوە بوو (کە لە هەر حاڵەتێکدا بریتیبوو لە یاسای سەربازیی تاکو ژوئیەی ١٩١٢ی خایاند). لە لایەکی ترەوە کۆمەڵە دەستی کراوەبوو کە لە ڕێگەی گۆڕینی یاساییەوە ئەوەی ئارەزووی دەکات بیهێنێتەدی بێ ئەوەی دەست بۆ سوپا درێژ بکات.

لە ئاکامدا، یەکێتییخوازەکان باڵادەستیی ئەنجومەن کەوتنە هەڵسوڕان بۆ پرۆگرامێکی یاسایی کە ئامانجی چەسپاندنی رژێمی دەستووریی بوو. لە ئوتی ساڵی ١٩٠٩دا چەند بەندێکی دەستوورەکە گۆڕا، دواجار رژێمی دەستووریی و پارلەمانیی راستیینە دامەزرێنرا. لەم ساتە بەدوا، سوڵتان تەنیا ئەو مافەی هەبوو کە سەرەك وەزیرو هەروەها شەیخولئیسلام دابمەزرێنێت. ئەمێستا پارلەمان تەنیا دەتوانرێت لەو حاڵەتەدا هەڵبوەشێنرێتەوە کە کابینە دەنگی متمانەدان لەدەستبدات و لەکاتی هەڵوەشاندنەوەشدا هەڵبژاردن لەماوەی سێ مانگدا ئەنجامبدرێت. یاسادانان و مۆرکردنی رێکەوتننامەکان دەبێتە جیاوگی پارلەمان.

بەدوای ئەم گۆڕانکارییە دەستوورییانە، ژمارەیەك یاسا تێپەڕێندرا لە چەند مانگی داهاتوودا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی و بۆ جڵەوگیریی ئازادییەکانی تاکەکەسیی و کۆبوونـــەوەکان. ئـــەوەش ســـەبارەت بـــەو یاســـایانەی لەمـــەڕ کۆبوونـــەوە گـــشتییەکان، رێکخراوبـــوون، رێگریـــی، مـــانگرتن دروســـت بـــوون، هـــەروەها یاســـای نـــوێی —هـــەروەها سنووردارکراو—رۆژنامەوانیی. هەروەها یاسایەکی نوێ سەبارەت بە راژەکردنی سەربازیی دەرچوو کە راژەکردنی وەك ئەرکی هەموو رەگەزە نێرەکانی تێکڕای رەعییەتەکانی سوڵتان سەپاندبوو، بە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە. لەنێو کەمینەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی نەوەی یۆنانییەکان، بەم گۆڕانە زۆر لە پیاوە گەنجەکانیان هاندا وڵات جێبهێڵن، چ وەك ئەوەی لە

ولآت بڕۆنەدەرەوە یاخود بەشێوەیەکی فەرمیی (ڕەگەزنامەی بیانیی، بە شێوەیەکی سەرەکی یۆنانیی، وەربگرن).

کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەربار لە بودجە نوێیەکەدا دەرکەوت، ئەوەی خەرجیی بنەماڵەی سوڵتانی بە ڕێژەی دوو لە سێ کەمکردبووەوە. دواجار کارمەندە باڵا کارگێڕییەکان و ئەفسەرانی بڵندپایە سەرلەنوێ ڕێکخرانەوە (ئەوانەی دوایی بە پەسەندی مەحموود شەوکەت پاشا بوو)،کە بووەهۆی کەمکردنەوەی مووچە، خانەنشینکردنی پێش وەخت، هەروەها کەمکردنەوەی پلەی سەربازیی لەنێو سوپادا، زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی کە لەنێو سوپادا لە سەردەمی عەبدولحەمیددا پلەیان بەرزکرابووەوە نها پاکتاوکران. بەگشتیی، زیاتر لە ۱۰۰۰۰ یان نزیکەی سێیەکی ئەو ئەفسەرانە لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا لابران.[7] هەروەها چاو بە هەموو پلەکاندا خشێنرایەوەو پلەی زۆرێك لە ئەفسەران دابەزێنرا.

دوو گرفت لەماوەی ساڵانی ۱۹۰۹-۱۹۱۳دا بە بەردەوامیی دەردەکەوتن، ئەویش ڕۆڵی سوپا، واتە ئەفسەران لە سیاسەتدا، هەروەها پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە -کە هێشتا نهێنیی بوو- لەگەڵ ئەو پارلەمانەی کە تێیدا باڵادەست بوو.

ئەو ڕاستییەی کە ئەفسەرە تازەپێگەیشتووەکانی سوپا لە ڕێگەی پێگەی خۆیانەوە لە (ك.ی.پ) دەستیان لە کاروباری سیاسیی وەردەدا لەگەڵ دیسپلینی سوپادا ناکۆك بوو چونکە پلەبەندیی سیاسیی لە سوپادا پلەبەندیی دەستەی ئەفسەرانی پچڕاند. مەحموود شەوکەت پاشا ئاشکرای کرد کە بە بۆچوونی ئەو، سوپا لە ئەپرڵدا دەستتێوەردانی بۆ ئەوە بووە دەستوور بپارێزێت، نەك کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن. ئەو هانی ئەفسەرانی دا، کە بەتەواویی خۆیان بۆ ئەرکە سەربازییەکەیان تەرخان بکەن یاخود بە پێچەوانەوە سوپا جێبهێڵن. کۆمەڵە لە ڕووی بیروباوەڕەوە ئەوەی پەسەند بوو، هەربۆیە لە کۆنگرەی (ك.ی.پ) زیاتر لە جارێك ئەو پێشنیازە خرایەڕوو کە پێویستە ئەفسەران لەدەرەوەی سیاسەت بمێننەوە.

هەرچەندە لە هەمان کاتدا، ڕووداوەکانی ئەپرڵ پێشانیدا کە (ك.ی.پ) لەپێناو پێگەی سیاسییدا پشتی بە ئەندامە سەربازییەکانی و دەسەڵاتی لەنێو سوپادا دەبەست. وێڕای ئەو ڕاستییەی کە بە ئاشکرا سنووری دەستووری بەزاند، ڕێگە بە ئەفسەران درا لە پارلەماندا دابنیشن.دەستتێوەردانی پیاوانی سوپا لە سیاسەت و بەسیاسییکردنی سوپا یەك لەنێو

[7] M. Naim Turfan (2000) The rise of the Young Turks: politics, the military and Ottoman collapse, London: I.B.Tauris, 243 (figures calculated by S. Karatumu in his Türk Silahlı Kuvvetleri tarihi).

کینەو بێزارییە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن بووکە پاش ساڵی ١٩١٠ سەری هەڵدایەوە. بەڵام کاتێک نەیتوانی چارەی بکەن، ئەوانیش کەوتنە ڕێکخستنی جوڵانەوەیەکی دژە یەکێتییخوازەکان لەنێو سوپاداو بە یاخیبوونێکی چەکدارانە هەڕەشەیان کرد. ئەم گیرۆدەیە لەماوەی دووەمین قۆناغی دەستووریدا چارە نەکرا. هەمان شت سەبارەت گرفتی دووەمیش هەر راستە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەو پارلەمان. ئۆپۆزسیۆن گلەیی ئەوەیان لە (ک.ی.پ) هەبوو کە بێ بەرپرسیارێتیی دەسەلات بەڕێوەدەبەن. وەک کاردانەوەیەک، (ک.ی.پ) لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا لە پایزی ١٩٠٨دا بڕیاریدا پارتی سیاسیی خۆی پێکبهێنێت.

هەرچەندە ئەم پارتە کە لە ئەندام پارلەمانە یەکێتییخوازەکان پێکدەهات شوێنی کۆمەڵەی نەگرتەوە، بەڵکو شانبەشانی ئەو هەڵدەسوڕا. بەهۆی لاوازیی و دیسپلینی پارتەکەیانەوە، دەستەی پارلەمانیی بەتەواویی جێگەی متمانەی ڕێبەرایەتیی (ک.ی.پ) نەبوون، لە ئاکامدا، ڕێکخستنی نێوخۆی (ک.ی.پ) ئەوەی مسۆگەرکرد کە دەسەلاتی راستیینە لەنێو کۆمیتەی ناوەندییداو لە دەستی سکرتێرە گشتییەکەی دەمێنێتەوە. پارتە پارلەمانییەکە تەنیا پاش ساڵی ١٩١٤ ڕێگەی پێدرا خاوەنی قسەی کاریگەر بێت. کاتێک پارلەمان لە تێکڕای حاڵەتەکاندا ببووە دەزگایەکی مۆرکردنی بڕیارەکان.

ئۆپۆزسیۆن کە لە ئەپرڵی ١٩٠٩دا تێکشکێنرا، هێواش هێواش لە ساڵانی داهاتوودا سەری دەرهێنایەوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٠٩و ١٩١١ ژمارەیەک پێکهاتن کە هێندێکیان لەلایەن کۆنە دوژمنەکانی (ک.ی.پ) وەو هێندێکیشیان لەلایەن ئەو یەکێتییخوازە لادەرانەوە کە گرتنەبەری هێڵێکی ئازادانەتر یاخود کۆنەخوازتریان پێ باشتر بوو. سەبارەت بە دەستەی یەکەم (موعتەدیل حورییەتپەروەران فیرقەسی/پارتی ئازادییخوازە میانڕەوەکان)و هەروەها (ئیسلاحاتی ئەساسییەی عوسمانیی فیرقەسی/پارتی چاکسازیی بنەڕەتیی عوسمانیی) لە سەروبەندی کۆتایی ساڵی ١٩٠٩دا دامەزرێنران. پارتی دووەمیان سەرکردایەتییەکەی لە پاریس بوو. (ئەهالی فیرقەسی/پارتی گەل) لە بەهاری ساڵی ١٩١٠ دامەزرێنرا، هەروەها (حیزبی جەدید/پارتی نوێ)لە سەرەتای ساڵی ١٩١١ دامەزرێنرا کە بۆ دەستەی دووەم دەگەڕێتەوە. "عەقید سادق"ی کۆنە یەکێتییخواز خۆی لە سیاسەتە نەتەوەخوازە رادیکاڵەکانو مەیلی سێکیولاریزمی (ک.ی.پ) دوورخستەوەو ئەو پارتەی دواییانی دامەزراند. بە پێچەوانەوە یەک لە داوا سەرەکییەکانی سادق ئەوەبوو کە پێویستە ئەفسەران

خۆیان له سیاسەت هەڵقورتێنن و هەروەها داوای ئەوەی کرد کە چیدی پێویستە (ك.ی.پ) بەنهێنیی نەمێنێتەوە.

هەروەها ئەم ماوە سەرهەڵدانی یەکەمین ڕێکخراوی چالاکیی سۆشیالیستیی بەخۆوەبینی. ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیرانی چەپگەرا لە ئەستەمبوڵ هەبوو، ئەوەی دژی ئەو شێوازانە بوو کە یەکێتییخوازەکان پاش شۆڕشی دەستووریی یەکێتییە پیشەییەکان و مانگرتنەکانیان پێ سەرکوتکرد. کەسایەتیی سەرەکی ئەم دەستەیە بریتیبوو لە سەرنووسەری بڵاوکراوەی "ئیشتیراك/بەشداریی" سۆشیالیستیی کە ناوی "حوسەین حیلمی"بوو، ئەوەی کە لە سێپتەمبەری ١٩١٠دا (عوسمانلی سۆشیالیست فیرقەسی/پارتی سوشیالیستیی عوسمانیی) دامەزراند.

ئەم پارتە وێڕای ناوەکەی، زیاتر پارتێکی لیبراڵی ئازادییخوازانە بوو وەك ئەوەی پارتێکی سۆشیالیستی ڕاستیینە بێت. ئەو پارتەی دەستەیەکی بچووك بوون و نوێنەریان لە پارلەماندا نەبوو، لقی پاریسی پارتەکە لەلایەن دکتۆر ڕەفیق نەوزادەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا کە لە لایەن سۆشیالیستە فەرەنسییەکانەوە پشتگیریی دەکرا.

پەرەگرتنی ئۆپۆزسیۆن هاندەرێکی نوێی لە ساڵی ١٩١٠دا بۆ پەیدا بوو، کاتێك یاخییبوونێکی چەکداریی بەرفراوان لە ئەلبانیا سەریهەڵداو هەروەها بە کوشتنی "ئەحمەد سەمیم" ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی بەرهەڵستکار لە ٩ی ژوندا. ئەمەش نزیکەی دووبارەبوونەوەی ئاکاری کوشتنی حەسەن فەهمی لە ساڵی ١٩٠٩دا بوو. کۆمەڵەش لە ترسی دووبارەبوونەوەی دژەشۆڕش، ژمارەیەك لە سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانیان دەستگیرکرد لە ژوئیەدا بە بیانووی ئەوەی کە پیلانێك ئاشکرا کراوە. هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن لە پەرەگرتندا بەردەوام بوو، هەروەها لەسەرەتای ١٩١١دا، ڕەوشەکە بایەخدار بوو بەشێوەیەك (ك.ی.پ) هەوڵی ڕازییکردنی بەوەی پێگەیەکی ئاشتەواییان گرتەبەر، ژمارەیەك لە یەکێتییخوازە توندڕەوەکان، لەنێوانیاندا تەلعەت، لە حکومەت دەستیان کێشایەوە، هەروەها بەرنامەیەکی دەخاڵی نوێ لە ٢٣ی ئەپرڵدا بڵاوکرایەوە بەشێوەیەك داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆنی بەجێهێنا، هەروەك ئەوەی لەلایەن عەقید سادق کە دەسەڵاتی لە زێدەبووندا بوو فۆرمەڵەکرابوو. بۆ ساتێك ئەمە لەوەدەچووە ئۆپۆزسیۆنی ڕازیی کردبێت، هەروەها کابینەکەی حەقی پاشا لە ٢٧ی ئەپرڵدا دەنگی ئاشکرای متمانەی پێ بەخشرا، بەڵام ناکۆکییەکان تەنیا لەسەر کاغەز کۆتاییان پێهاتبوو.

له ٢٩ی سێپتەمبەر، حەقی پاشا دەبوو دەست لە کاربکێشێتەوە، کاتێك ئیتالیا جەنگی ڕاگەیاندو دەستیکرد بە داگیرکردنی تەرابلوس کە دوا هەرێمی عوسمانیی بوو لە ئەفریقا، کابینەکەی دەبوایە کە شان بخاتە ژێر ئەو بەرپرسیارییەتەوە. پاش ئەو سەعید پاشا هات کە کەسێکی لێوەشاوە بوو و نها بۆ جاری هەشتەم بووە سەرەك وەزیر. ئەمێستا ئۆپۆزسیۆن دژی (ك.ی.پ) بەخێرایی هێزی خۆی کۆکردەوە، لە نۆڤەمبەردا، نزیکەی هەموو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان و پارتەکان لە پارتێکی نوێدا یەکیان گرت بە ناوی(حورییەت ئیئتیلاف فیرقەسی/پارتی ئازادیی و پێکهاتن). ئەمانە کۆبوونەوەیەکی کۆنەپارێزو ئازادییخوازەکان بوون کە جگە لە رق و کینەیان لە (ك.ی.پ) زەمینەیەکی دیکەی هاوبەش لەنێوانیاندا نەبوو، بەڵام لە کورت ماوەدا لانی کەم بۆ شتێکی بەو شێوەیە چالاك بوو. پاش سێ هەفتە لە دامەزراندنی، هەروەها مایەی سەرسوڕماندنی هەموو بایەخداران، توانی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی ئەستەمبوڵ بەرێتەوەو کاندیدەکانی (ك.ی.پ) ببەزێنن.

کۆمەڵە ئەمێستا بڕیارییدا کە وەختی هەڵسوڕان هاتووەتە پێش و هەر لە ساڵی ١٩٠٨ەوە، پشتیشی بە پارلەمان بەست وەك هۆکارێك بۆ دەستبەسەرداگرتنی حکومەت،دەربارو دەزگای کارگێڕیی. ئەمێستا بینیان کە خەریکە دەستیان لە پەرلەمان شل دەبێت، هەربۆیە کاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کرد. ئەو هەڵبژاردنەی کە لەدوای بەهاری ١٩١٢دا ئەنجامدرا لە مێژووی تورکدا بە (سۆپەلی سەچیم/هەڵبژاردن بە تێلا) دەناسرێت. بەهۆی ئەوەی کە (ك.ی.پ) بە توندوتیژیی و ترساندن و ناچارکردن وایانکرد لە هێنانی زۆرینەی دەنگەکان دڵنیابن. لە ئاکامدا، ئەنجومەنی نوێ ئامرازێکی ملکەچ و ئەڵقەلەگوێی کۆمەڵە بوو، تەنیا دەستەیەك لە کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڵبژێردراو ئەو پارلەمانە لەچاوی ئۆپۆزسیۆندا هیچ شەرعییەتێکی نەبوو، ئەوەی کە نها کارو هەنگاوی پارلەمانیی زێدەتری دەنا . لە مایۆ و ژونی ١٩١٢دا، عەقید سادق و هاوڕێکانی داوای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتیان کرد و هەڕەشەی دەستوەردانیان بە هێزی چەکداریی کرد، لە ڕێگەی دەستەیەکەوە پێی دەگوترا "هەلئەسکەر زاپتان/ئەفسەرانی فریادڕەس" گەر بێتو وەڵام نەدرێنەوە. ئەنجومەن کە یەکێتییخوازەکانی تێدا باڵادەست بوون، دەنگی متمانەیان بە سەعید پاشا بەخشیی، بەڵام ئەو کۆنە سیاسەتکارە بەهەرحاڵ دەستی لەکار کێشایەوە. بەهۆی ئەوەی وەك خۆی گوتی، چیدی متمانەی بە ئەنجومەن نەماوە.[٨] نزیکەی لە هەمان کاتدا، مەحموود شەوکەت

---

[8] Feroz Ahmad (1969) The Young Turks: the Committee of Union and Progress in Turkish politics 1908–1914, Oxford: Clarendon, 107.

پاشا لـه داخـی بـەردەوامبوونی ململانێـی تونـدی سیاسـیی لـەنێو سـوپادا دەسـتی لـەکار کێشایەوە.

سەعید پاشا کابینەیەکی یەکێتی نیشتمانیی بەدوادا هێنا کە هەروەها بە" کابینەی مـەزن" ناسـراوە بـەهۆی ژمـارەی ئـەو کۆنـە سیاسـەتکارانەی تێیـدا هـاتبوون. ئـەم کابینـە نوێیـە دەسـتێوەردانی سیاسـیی لەلایـەن ئەفـسەرانەوە بـەخۆوە بـینی و هـەروەها سیاسـەتی نابەرپرسانەی (ك.ی.پ) هۆکاری پشێوی سیاسیی نێو ئیمپراتۆرییەکە بوو، ئەوەی بەهۆی تێکـشکاندنی دەسـەڵاتی یـەکێتییخوازەکان، بەتایبـەت ئەفـسەرە یـەکێتییخوازەکان کـە لـە پێشەوەی هەمووباندا بوون. لەمەدا رێکەوتنێك لەگەڵ عەقید سادق هەبوو کاتێك ئەو داوای هەڵوەشـاندنەوەی پارلـەمانی کـرد لەگـەڵی چـووەپێش، پارلـەمان هەوڵیـدا هەڵوەشـاندنەوەی خۆی بەگوێرەی پێکهاتنی خۆی دوابخات، بەڵام وێرای ئەوەش هەڵوەشێندرایەوە، لە ئاستی نێوخۆدا، مانگەکانی داهاتوو چەوسانەوەی ئەفسەرە یەکێتییخوازەکانی لەلایەن حکومەتـەوە بـەخۆوە بـینی، ژمارەیـەکی زۆریـش لـەنێوخۆی وڵاتـدا دوورخرانـەوەو هێنـدێکیش چـوونە دەرەوە. هەرچـەندە لـەوە تـاڵتر، ئـەم ململانێیـەی پارتـە سیاسـییەکان لـە پـاریزی ١٩١٢دا، بـەدترین قـەیرانی نێودەوڵـەتیی بـاڵی بەسـەر شـۆڕکردەوە کـە ئیمپراتۆرییەکـە لـە سـاڵی ١٨٧٨ەوە رووبەڕووی شتی وا نەببووەوە.

## سیاسەتی نێودەوڵەتیی: هێشتا کێشەی رۆژهەڵات

تورکـە لاوەکـان چـاوەڕێی سـەرلەنوێ دامەزراندنـەوەی رژێمـی دەسـتووورییان دەکـرد تـا متمانـەو پـشتگیریی دەوڵەتـە لیبراڵـەکانی ئـەوروپای رۆژئـاوا بەدەستبێنن. بـەرتانیا هێـشتا نموونـەی بـاڵای تورکـە لاوەکـان بـوو، هـەروەها راسـتەوخۆ پـاش شـۆڕش خۆپێـشاندانی جـەماوەریی لایـەنگریی بـۆ بـاڵیۆزی بـەریتانیا ئەنجامـدرا. هەرچـەندە ئـەو چاوەڕوانییەیان نزیکەی دەستبەجێ بێهیوایی بەسەردا هات. چەند رۆژێك پاش شۆڕشەکە، نەمسا–مەجەڕ کە بەفەرمیی رایگەیاند ئەو هەرێمانەی عوسمانیی بۆسنە–هەرسك کە ساڵی ١٨٧٦ بەهێزی سەربازیی داگیریان کردووە بەخۆیانەوە گرێدەدەن. بولگاریا رایگەیاند کە یەکێتیی رۆمێڵی رۆژهـەڵاتی (ئـەو هەرێمـە ئۆتۆنۆمـەی سـاڵی ١٨٧٦ دامـەزرێنرا) لەگـەڵ بولگاریـادا گونجـاوە، ئـەوەی نهـا هـەروەها پەیوەسـتەگیی خـۆی بـە ئیمپراتـۆریی عوسمانییـەوە(کـە بـە تـەواویی تیۆریی بوو) پـچڕاندو خۆی وەك مەملەکـەتێکی سـەربەخۆ راگەیاند، هـەروەها "کرێت" یش لەگـەڵ یۆنانـدا یـەکیگرت. بەریتانییـەکان، یـەکێتییخوازەکانیان خـستە پـشتگوێ و لەگـەڵ

هێزەکانی دیکە ئەوەیان ڕەتکردەوە لەجیاتی عوسمانییەکان خۆ لە مەسەلەکە هەڵقورتێنن. عوسمانییەکان دەیانتوانی زۆرو کەم لەم ڕووە هەڵسوڕێن. ئەوان هەستان بە بۆیکۆتکردنی کالآ نەمساییەکان کە تەواو کاریگەر بوو(هەرچەندە زیاتر زیانی بەو یۆنانیی و ئەرمەنییانە گەیاند کە کالآی نەمساییان دەهاورد وەك لەوەی زیان بە نەمسا خۆی بگەیەنێت)و هەروەها قەرەبووی دارایی عوسمانییەکان قازانج کرد. بۆیکۆتکردنەکە بۆخۆی سەرنجڕاکێش بوو چونکە نموونەی شێوازێکی نوێی سیاسەت بوو، ئەوەی کە سیاسەتکارەکانی تێدا هەوڵی ڕاکێشانی بەرفراوانی دانیشتووانی سیڤیلیان دەکرد.[9]

پاش ئەم گورزە بەراییانە، فشارەکان تا دوا ماوەکانی دەیەکە بەردەوام بوو، فشارەکان هەروەك دەیەکانی پێشوو دەرەکیی ( کێبڕکێی هێزە ئیمپریالیستەکان لەسەر قەڵەمڕەوی عوسمانیی و پچڕاندن و سەربەخۆبوونی دەوڵەتەکانی نوێی بەلقان)و نێوخۆیی (جولآنەوەی جیاخوازیی لەنێو کۆمەڵگە ناتورکییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا) بوون.

بەدڵنیاییەوە یاخیبوونە هەرێمییەکان ئەمێستا شتێکی نوێ نیە، لەراستییدا ئەو یاخیبوونانە لەسەدەی نۆزدەیەمدا ببوونە بەشێکی سروشتی لە شتەکان. ئەوەی رژێمە نوێیەکەی زیاتر لەهەمبەر ئەم یاخیبوونانە هەستیار کردبوو بریتیبوو لە تایبەتمەندییە ئایدۆلۆژییەکەی. ئەو رژێمەی کە بەناوی نوێنەرایەتییکردنی هەموو کۆمەڵگای عوسمانییەوە دەسەلآتی گرتبووە دەست. ئەو راستییەی کە هاندانی یاخیبوونی دەستە چەکدارییەکان، بۆ نموونە، مەکەدۆنیا هەروەك پێشوو بەردەوام بوو، مانای زیاتر بێهیوابوونی (ك.ی.پ) بوو.

لەمپەری مەزن لەم ڕووەوە بریتیبوو لە زنجیرەیەك ڕاپەڕینی گرنگ کە لە مارتی ١٩١٥ەوە بەرەوسەر لەنێو ئەلبانییەکاندا هەڵگیرسا. ئەم کۆمەڵگەیە موسوڵمان بوون و ژمارەیەك لە ئەندامەکانی رۆڵی بایەخداریان لە کارگێڕیی عوسمانیی و هەروەها (ك.ی.پ) خۆشیدا بینیوە(نیازی بەگ کە یەك لە پاڵەوانەکانی پێشووی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٨و سوپا هەڵسوڕاوەکەی ساڵی ١٩٠٩ بوو، ئەلبانیی بوو). یاخیبوونە چەکدارییەکە لە کۆسۆڤۆ لە ساڵی ١٩١٠دا، لە دەوروبەری سنووری باشووری مۆنتینیگرۆ لە ١٩١١و دووبارە لە کۆسۆڤۆ لە ١٩١٢دا بەهۆکاری سونەتیی بەرگرییکردن دژی باجگریی و سەربازگیریی بوو، بەلآم ئەوانە هەروەها بەهۆی بێزاریی دژی سیاسەتی ناوەندگەرایی (ك.ی.پ) بوون. یەك لە کێشە

[9] Donald Quataert (1983) Social disintegration and popular resistance in the Ottoman Empire, 1881–1908: reactions to European economic penetration, New York: New York University Press, 121–45

تایبەتییـەکانی ناحـەزیی یـەکێتییخوازەکان بـوو دژی بـەکارهێنانی نووسـین بـە لاتـینی لـە خوێندنگە ئەلبانییەکاندا. زۆربەی ئەلبانییە موسوڵمانەکان لـەم کاتـەدا خوازیاری پچڕاندنی تـەواوی پەیوەندییـەکانی خۆیـان نـەبوون لەگـەڵ ئەستـەمبوڵدا، بـەڵام ئـەوان خوازیـاری ئۆتۆنۆمییـەکی بـەرفراوان بـوون. (ک.ی.پ) لـە هەوڵێکیـدا بـۆ گێڕانـەوەی وەفـاداریی ئەلبانییـەکان، سـوڵتان محەمـەدیان لـە ژوئـنی ١٩١١دا بـە گەشـتێکی نیازپـاکیی نـاردە مەکـەدۆنیاو کۆسـۆڤۆ کـە لەلایـەن نیـازی بەگـەوە هـاوەڵی کـرا. پـاش سـاڵانێکی زۆر لـە کـەنارگیریی سـوڵتان عەبدولحەمیـد، ئـەم جـۆرە هەوڵـە لـە بـواری پەیوەندییـە گـشتییەکان بەتـەواویی ئـەزموونێکی نـوێ بـوو، ئـەوەی سـاڵی پـاریش لـە بۆنەیەکـدا سـوڵتان سـەردانی پایتەختـە کۆنـەکانی عوسمـانیی لـە بۆرسـەو ئەدرنـە کـرد، لـەم سەردانەشـدا کـە لەلایـەن خەڵکەکەوە پێشوازییەکی گـەرمی لێکرا، ژمارەیـەکی زۆر لـە ئەلبانییـەکان بۆ چاوپێکەوتنی سوڵتان هاتنەدەرو لە مـەزاری سـوڵتان مورادی یەکـەم(ئـەوەی لـە سـاڵی ١٣٨٩دا مـردووە) لـە دەشتی کۆسۆڤۆ نوێژیان لەگەڵدا کرد.[10] بەڵام سەردانەکە چ شتێکی لەبارەی ئـسوڵگەراکانەوە نەگۆڕیی. هەروەك ئـەوەی ڕووداوەکـانی سـاڵێك پاشـتر دەریـدەخات، ئەلبانییـەکان نـەدەتوانرا بکرێنە پاڵپشتێکی هێزی عوسمانیی بە ڕووی فشارە جیاخوازییەکاندا.

دووەمـین یـاخیبوونی چـەکداریی لـە یەمـەن بـوو، ئـەم گۆشـە چیاییەی نیمـچە دورگـەی عەرەبیی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمـەوە بـەناو لـە سایەی سـەروەریی عوسمانییدا بـوو. هەرچەندە دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکە لەم هەرێمە دووردەستەدا هەمیشە لاواز بـوو، لـە سـاڵی ١٩٠٤ "ئیمـام یـەحیا"ی فـەرمانڕەوای میراتگـری ئـەم ناوچـەیە دووبـارە ئـاڵای ڕاپـەڕینی هـەڵکرد. ژمارەیـەکی زۆر سـەربازی عوسمـانیی لـەو مەیدانـە بـچووکەی جەنگـدا لـە یەمـەن گیانیـان لەدەسـتدا.(لەڕاسـتییدا یەمـەن لـە فۆلکلـۆردا ببـووە ئاوەڵناوێـك لەمـەڕ گیرۆدەیـی سـەربازانی عوسمـانیی هـەروەك لـە گۆرانییـە خـەمبارەکانی یەمەنـدا دەردەکـەوێت)، بـەڵام لـە ساڵی ١٩١١دا، هەردوولا گەیشتنە ڕێکەوتنێك بەشێوەیەك یەمەن بەناو گەڕایـەوە ژێـر سـایەی عوسمانییو ئیمام یەحیاش ئۆتۆنۆمیی خۆی پاراست.پاش ئەوە، یەمەن تا دواسات وەفادار بە ئیمپراتۆرییەکە مایەوە.

---

[10] Erik Jan Zürcher (1999) 'Kosovo revisited: Sultan Reşad's Macedonian journey of 1911', *Middle Eastern studies*, 35 (4), 26–39

ژمارەی ئەلبانییەکان زۆر کەمترە (لەڕاستییدا لە دەیەك کەمترە) لەو ٣٠٠,٠٠٠ی کە لە بڵاوکراوەی یەکێتییخوازەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

فشاری فراوانخوازیی ئیمپریالیستیی لەو پرۆژە کێبڕکێیانەی حکومەتەکانی بەریتانیی، فەرەنسیی و ئەڵمانیی سەبارەت بە بەدیهێنانی بواری دەسەڵاتی ئابووریی لە میسۆپۆتامیا، سوریا، ئەنەدۆڵ یەك بەدوای یەکدا رەنگی دایەوە. بەڵام دەستبەجێترین مەترسیی لەوکاتەدا خولیای ئیتالییەکان بوو لە باکووری ئەفریقا. هەرێمی تەرابلوس(لیبیای ئەمڕۆ) لە رووی ئابوورییەوە بایەخێکی ستراتیژیی هەبوو. بەڵام دوا هەرێمیش بوو لە باکووری ئەفریقا کە لەلایەن بەیتانیا و فەرەنساوە داگیرنەکرابوو. لە ئیتالیا، فراوانخوازیی لە ئەفریقا و رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست وەك مەرجێکی پێشوەختی بەدیهێنانی حاڵەتی زلهێزیی دەبینرا و دیپلۆماسیی ئیتالیا لەماوەی دوو دەیەدا بەجەختەوە لەپێناو رازییکردنی نێودەوڵەتیی سەبارەت بەو فراوانخوازییە تێدەکۆشا، ئیتالیا لەساڵی ١٩١١دا بەچەند رێکەوتنێك بێلایەنیی بەریتانیا و فەرەنسای مسۆگەرکرد و لانی کەمی بێلایەنیی ئەڵمانیا و نەمساشی بەدەستهێنا و کەوتەکار. ئیتالیا لە ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩١١دا ئۆڵتیماتۆمێکی دا بە حکومەتی عوسمانیی کە تێیدا رەزامەندیی عوسمانیی سەبارەت بە داگیرکردنی تەرابلوس خواست بەو بیانووەی کە لەوێ هاوڵاتییانی ئیتالیی لەلایەن موسوڵمانە دەمارگیرەکانەوە مەترسییان لەسەرە.

حکومەتی عوسمانیی ئۆڵتیماتۆمەکەی رەتکردەوە، بەڵام وەڵامێکی نەرمی دایەوە. وێڕای ئەوەش، ئیتالیا رۆژی دواتر جەنگی راگەیاند، هەرێمەکە بە تەواویی بێدیفاع بوو، هەربۆیە هێزە ئیتاڵییەکان نارەحەتییەکی ئەوتۆیان لە داگیرکردنی ناوچە کەنارییەکانیدا نەهاتە رێ. عوسمانییەکان لە سۆنگەی دەستبەسەرداگرتنی دەریاکان لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە نەیانتوانی چ هێزێکی سەربازیی رەوانەی تەڕابلوس بکەن. لەوکاتەدا کە خۆی کارێکی ئەوتۆی پێنەدەکرا، (ك.ی.پ) داوای ئەوەیکرد کە پێویستە دژەکار بگیرێتەبەر. نەك لەبەر بەهای راستیینەی تەرابلوس خۆی، بەڵکو بەوهۆیەی کە لەدەستدانی تەڕابلوس کاریگەریی دەبێت بۆسەر پرستیژو متمانەی حکومەتی سوڵتان لەنێو رەعییەتە عەرەبەکانی کە زیاتر کەوتوونەتە رۆژهەڵاتەوە، کاتێك هیچ شتێك نەکرا، ئەفسەرە یەکێتییخوازەکان لەنێو (ك.ی.پ) بە فەرماندەیی ئەنوەر بڕیاریاندا دەستبەکاربن. ٥٠ ئەفسەر لە رێگەی میسر یاخود تونسەوە وەك "فیدائی/گیان بەختکەر" روویان لە تەڕابلوس کرد تا هانی عەرەبەکان بدەن بەرگریی بکەن، ئەوەی نزیکەی لە سایەی بەڕێوەبەرایەتیی چەکدارانەی رێبازیی ئاینیی سەنوسییەوە دەستیپێکرد. لەماوەی ساڵانی داهاتوودا، هێزە چەکدارەکانی

دەوارنشینانی بیابان لەلایەن ئەو ئەفسەرانەوە ڕێبەرایەتیی دەکران، ئیتاڵییەکانیان هەراسان کردو ڕێگەیان لێگرتن کە زیاتر بەرەو ناوەوەی هەرێمەکە پێشڕەوەیی بکەن.

ئیتاڵییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەلومەرجەکە هەوڵیاندا لە ڕێگەی فراوانکردنی بواری ململانێیەکەوە فشار بخەنە سەر پرسەکە. لە ئەپرڵی ١٩١٢دا کەوتنە بۆمبارانکردنی دەردەنێل، کاتێك ئەم کارەی ئیتاڵییەکان زلهێزەکانی هۆشیار کردەوە، ئنجا لە مایۆدا هەستان بە داگیرکردنی دورگەی "دۆدێکانیس"،جەنگ بەردەوام بوو هەتاکو عوسمانییەکان ئامادەبوون لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٢دا ئاشتیی پێکبێنن و هەریەك لە تەڕابلوس و دۆدێکانیس لەدەستی ئیتاڵییەکاندا جێبهێڵن، چونکە پێش ئەوە ڕەوشێکی فرە ترسناکتر لە بالکاندا سەریهەڵدا.

## خاڵی نەگەڕانەوە : جەنگی بالکان و کودەتای بابی عالیی

دەوڵەتە نەتەوەییەکانی بالکان لە زۆر شتی کەمدا پێکەوەبوون، بەڵام یەك لەو شتانەی کە لەسەری ڕێکەوتبوون بریتیبوو لە ئارەزووی نەهێشتنی عوسمانییەکان لە ئەوروپا. ئەوەی ڕێگەی ئەوەی لێگرتبوون لەم ئاراستەیەدا چالاکانە بچنەپێش بریتیبوو لە کۆك نەبوونیان سەبارەت بە دابەشکردنی تالآنییەکان و ترسیان بوو لە سوپای عوسمانیی (وێڕای ئەوەی ئەو جەنگەی دوایی لە بالکان لە ساڵی ١٨٩٧دا بە سەرکەوتنێکی بەرچاوی عوسمانییەکان کۆتاییهات) بەڵام لە ساڵانی ١٩١١-١٩١٢دا ئەو هەلومەرجە گۆڕانی بەسەردا هات. لە مارتی ١٩١٢دا، سربیا و بولگاریا، بە دەستپێشخەریی ئەوەی دواییان هاوپەیمانیەتییەکیان بەست کە بە فەرمیی ڕووخسارێکی بەرگرییکارانەی هەبوو، بەڵام ئامانجە ڕاستەقینەکەی داگیرکردنی بەشی ئەوروپایی تورکیا بوو. لە مایۆی ١٩١٢دا ڕێکەوتننامەیەکی هەمانشێوە لەنێوان یۆنان و بولگاریادا مۆرکرا. مۆنتینیگرۆ و سربیا لەسەرەتای ئۆکتۆبەردا هاوپەیمانییان پێکهێنا، لەم کاتەدا، جەنگی عوسمانیی-ئیتاڵیی، لاوازیی سیاسیی و سەربازیی ئیمپراتۆرییەکەی پێشانداو ئەوەش دەوڵەتانی بالکانی هاندا دەست بەکاربن.

لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٢دا، دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی بالکان( سربیا، مۆنتینیگرۆ، یۆنان و بولگاریا) ئۆڵتیماتۆمێکی هاوبەشیان ئاراستەی دەروازەی باڵا کرد و تێیدا داوای چاکسازییەکی بەرفراوانیان لە مەکەدۆنیا لە سایەی دەسەڵاتی بیانییدا کرد. لە هەمان کاتدا بەمەبەستی جەنگ، چوونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. حکومەتی عوسمانیی ڕایگەیاند، کە ئامادەیە تەواوی ئەو چاکسازییانە ئەنجامبدات کە پێشتر پەسەندی کردووە، بەڵام ئەو شێوە

نکۆڵییکردنەی لە سەروەریی خۆی ڕەتکردەوە کە ئۆڵتیماتۆمەکە داوای کردبوو. لە سۆنگەی ئەوەوە، مۆنتینیگرۆ لە ٨ی ئۆکتۆبەردا جەنگی ڕاگەیاند، کە پاشتر دەوڵەتەکانی دیکەی بەدواداهات. هیچ کام لە زلهێزەکان پشتگیریی ئەم جەنگەیان نەکرد، بەڵام هێندە لەنێوخۆیاندا دابەشبوون کە نەیاندەتوانی هەوڵێکی فرە لەپێناو وەستاندنیدا بخەنەگەڕ.

پلانی کاری عوسمانییەکان لە کاتی ڕوودانی هێرشدا وەك ئەوەی نها ڕوویداوە چاوەڕێی جەنگێکی بەرگرییکارانەی دەکرد لەگەڵ پاشەکشەی سوپا بەرەو تراقیای ڕۆژهەڵات لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەلبانیای مەزن لە ڕۆژئاواوە(ئەو سوپایەی ژمارەیان فرە زیاتر بوو)، لەکاتێکدا هێزە سەربازییەکانی هەرێمە ئاسیاییەکان دەخرانە ئامادەباشییەوە. هەرچەندە نازم پاشای وەزیری نوێی جەنگ بەو پلانە ئاشنا نەبوو، لە کاتێکدا "ئەحمەد عیزەت پاشا"ی سوپاسالاری پێشوو کە پلانەکەی داڕشتبوو، ئەمێستا لە یەمەن ڕاژەی دەکرد.[11] لەئاکامدا، سوپای عوسمانیی پاشەکشەی نەکرد بەڵکو لەگەڵ سربیاو بولگارییەکاندا پێکەوە کەوتە شەڕەوە کە بە کارەسات کۆتاییهات. پاش بەزینی عوسمانییەکان لە شەڕی "کیرکلیس"(کیرکالەرلی هاوچەرخ)و "لولبەرگاز" دژی بولگارییەکانو لەشەڕی "کومانۆڤۆ" دژی سربییەکان، سوپاکەیان بۆ هێڵی چاتاڵکا تەنیا لە دەرەوەی ئەستەمبوڵ پاشەکشەی کرد. لە ڕۆژئاوا، تەنیا چەند قەڵاشارێکی وەك یانینا(ئایۆنینای هاوچەرخ)، سیکیوتاری(سکوداری نوێ)و هەروەها ئەدرنە خەرك بوون بەرگرییان دەکرد.

لە نۆڤەمبەردا ڕەوشەکە سەختو بێئومێدانە بوو، هەروەهالە ٣ی دیسەمبەر حکومەتی عوسمانیی ئاگربەستی پەسەندکرد. دە ڕۆژ پاشتر دوو کۆنفرانس دپلۆماسیی لە لەندەن گیرا، یەکێکیان لەلایەن شەڕەکەرەکانو ئەوەکەی دیکەشیان لەلایەن زلهێزەکانەوە. ئەوەی دواییان لەسەر دوو خاڵ ڕێکەوتن: عوسمانییەکان ئەستەمبوڵو تەنگەکانیان لە دەستدا بمێنێتەوە(لەم چوارچێوەیەدا بە بۆسفۆرو دەردەنێلەوە)، دەوڵەتێکی سەربەخۆی نوێ بۆ ئەلبانیا پێکبهێنرێت. بەشێوەیەکی سەرەکیی بە هاوکاریی نەمسا، کە ئامانجی بنەڕەتی سیاسەتەکەی ئەوە بوو کە ڕێگە لە سربیا بگیرێت لەسەر دەریای ئەدریاتیك پێگەیەکی دەرچوون بەدەست بێنێت. هەرچەندە کۆنفرانسەکە جگە لەوە نەیانتوانی سەبارەت بە شتی دیکە زۆر ڕێکبکەون. بەهەرحاڵ سەبارەت بە دابەشکردنی دەستکەوتەکان لە ئەوروپاو

[11] Karl Klinghardt (translator and editor) (1927) Denkwürdigkeiten des Marschalls İzzet Pascha: ein kritischer Beitrag zur Kriegsschuldfrage, Leipzig: Koehler, 179.

هــەروەها لــە ســنووره نوێیــەکانی مەکــەدۆنیا و تراقیــا. هەربۆیــە دانوســاندنەکان نزیکــەی وەستابوو کاتێك هەواڵەکان گەیشتنە لەندەن و باسیان لە کودەتایەکی سەربازیی لە یەنایەری ١٩١٣ لە ئەستەمبوڵ دەکرد.

## کودەتای بابی عالیی و دووەمین قۆناغی جەنگی بالکان

ئەڵقەی نێوخۆی (ك.ی.پ) لەلایەن ئەنوەرو تەلعەتەوە رێبەرایەتیی دەکرا، لەوەدەچێت بڕیاری ئەوەیان دابێت کە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٢دا و بە هۆی نێوخۆیی حکومەت ناچار بکەن دەست لەکار بکێشێتەوە.[12] چەوساندنەوەی یەکێتییخوازەکان لەلایەن حکومەتەوە بە خێرایی زیادی کرد کاتێك لە نۆڤەمبەردا "کامیل پاشا"ی کۆنە دوژمنی (ك.ی.پ)، پۆستی سەرەك وەزیری گرتەدەست و مانەوەی بەردەوامی کۆمەڵە کەوتە بەر مەترسیی. کۆنگرەی لەندەن دەرفەتی هەڵسوڕانی پێبەخشی، نەك بەناوی بەرژەوەندیی سیاسیی پارتایەتییەوە بەڵکو لەپێناو هۆکارە نیشتمانییەکاندا. پێشنیازی زلهێزەکان، لە ١٧ی ژوئیەدا گەیەندرایە دەروازەی باڵا، ئەوەی رادەستکردنی ئەدرنەی بۆ بولگارییەکان دەگرتەخۆ.

ئەم پرسە بایەخێکی مەزنی ویژدانیی هەبوو، چونکە ئەدرنە شارێك بوو زۆرینەی خەڵکەکەی موسوڵمان بوون و پایتەختی پێشووی ئیمپراتۆرییەکە بوو. زیاتر لەوەش، بولگارییەکان لە ئۆکتۆبەرەوە گەمارۆی شارەکەیان دابوو، بەڵام شارەکە بەرگریی دەکرد و هێشتا خۆی بەدەستەوە نەدابوو. کاتێك لە ٢٢ی یەنایەردا ئاشکرابوو کە حکومەت تەسلیم بە ویستی زلهێزەکان بووە، یەکێتییخوازەکان پاساوی خۆیان بینییەوە و رۆژی دواتر کودەتایەکیان کرد. دەستەیەك لە ئەفسەرانی یەکێتییخواز روویان لە دەربار کرد و لەکاتێکدا کابینە خەریکی کۆبوونەوەی خۆی بوو، رژانە هۆڵەکەوە، تەقەیان لە وەزیری جەنگ کرد و ئەندامانی کابینەیان دەستبەسەر کرد، کامیل پاشایان ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە. کابینەیەکی نوێ پێکهێنرا و مەحموود شەوکەت پاشا وەك سەرەك وەزیر و وەزیری جەنگ گەڕایەوە.

نزیکەی راستەوخۆ پاش کودەتاکە، دەوڵەتانی بالکان کەوتنەوە راگەیاندنی دەستپێکردنەوەی هێرشەکانیان. (ك.ی.پ) جەختیان لە سیاسەتێکی دوژمنکارانە و هێرشی پێچەوانەیان لە هێڵی چاتاڵکاوە کردەوە، بەڵام رەوشەکە لەنێو سوپادا و رەوشی رێگەوبانەکە لە زستاندا کارێکی بەو شێوەیەی مەحاڵ کرد. هەوڵێك بۆ پشتگرتن لە سوپای

---

[12] Feroz Ahmad, op. cit., 120.

بولگاریی لە "شەڕکۆیی" بە شێوەیەك هاوکات بێت لەگەڵ ئەو دەرچوونەی لە نیمچە دوورگەی گالیپۆلی (کە هێشتا لە دەستی عوسمانییەکاندا بوو) بەهۆی نەبوونی هەماهەنگییەوە شکستیهێنا، بووە هۆی یەکتر تاوانبارکردن لەنێو سوپادا.[13] هێرشی توندی بولگارییەکان بۆسەر هێڵی چاتاڵکا لە ٢٦ی مارتدا تێکشکێنراو برسیکردنی ئەدرنەی پچڕاند. لە مایۆ، تەنانەت یەکێتییخوازەکان پێویستبوو دان بەوەدا بنێن کە ئیمپراتۆرییەکە جگە لە دانوسان لە پێناو ئاشتییدا چارەیەکی دیکەیان نیە. لە ١٦ی ئەپرلدا، ئاگربەستێکی نوێ مۆرکرا، رێکەوتننامەی لەندەن لە ١٠ی ژوندا مۆرکرا، کە بەهۆیەوە تەواوی قەڵەمڕەوەکانی باکوورو رۆژئاوای هێڵی "ئنۆز"ەوە لەسەر دەریای ئیجە تا "میدەی"لەسەر دەریای رەش بە ئەدرنەوە، لەدەستدرا.

لەهەمان کاتدا تەنگەژە لەنێوان دەوڵەتە جیاوازەکانی بالکاندا هاتەکایەوە، رۆمانیا کە لە جەنگەکەدا هیچ بەشدارییەکی نەبوو، لەهەمبەر ئەو قەڵەمڕەوانەی کە بولگارییەکان دەستیان کەوتبوو، داوای قەرەبوویان دەکرد. سربیا و یۆنان سەبارەت بە دابەشکردنی دەستکەوتەکانی لە مەکەدۆنیا ناڕازیی بوون و لەمەڕ دژایەتیی بولگاریا هاوپەیمانییان پێکهێنابوو. بولگارییەکان زۆرباش ئاگاداریی ئەو گەلەکۆمەیە بوون، هەربۆیە بڕیاریاندا گورزێکی پێشوەخت لە سربیا بوەشێنن کە بەتەواویی ناکام بوو. ئەوەی بووەهۆی دووەمین جەنگی بالکان، ئەوەی کە تێیدا بولگاریایان لە هەموولایەکەوە پەلاماردا. رێبەرایەتیی (ك.ی.پ) فشاریان خستە سەر حکومەت و سوپاسالار کە هێرشی خۆیان دەستپێبکەنەوە، کاتێکیش ئەو لایەنانە راڕابوون و بە ترسەوە هەڵدەسوڕان، دەستەیەك لە ئەفسەرە لاوەکان بەڕێبەرایەتیی ئەنوەر، بە پاڵپشتی (ك.ی.پ) دەستپێشخەریان کرد و لە ژوئیە هێرشیان کردە سەر ئەدرنە. ئەدرنە سەرلەنوێ گیرایەوە و بولگاریا ناچارکرا رێکەوتنی ئاشتیی

---

[13] M. Naim Turfan ,*The rise of the Young Turks* (368–70).

"نایم تورفان" لەتێزەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە دوو ئەفسەر"عەلی فەتحی (ئۆکیار)و مستەفا کەمال (ئەتاتورك) لە بنەڕەتدا پێشنیازی ئۆپەراسیۆنێکی وشکاوییان کردبوو. ئەو بەڵگەیەی پشتی پێ بەستووە راپۆرتێکە بەمێژووی ٤ی فێبرایەر. سەبارەت بە دابەزینەکە لەلایەن ئەو دووانەوە نووسراوە. بەگوێرەی تورفان دەگونجێت ئەوان رۆژژمێری گریگۆرییان لەجیاتی قەیسەریی بەکارهێنابێت، چونکە ٤ی فێبرایەری ١٩١٣ بە رۆژژمێری گریگۆریی دەکاتە ٢٢ی یەنایەر بە رۆژژمێرە قەیسەرییەکە. بۆ زیاتر:

Erik Jan Zürcher, *The Unionist Factor*, 58–9.

قوستەنتینییە لە ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩١٣دا مۆربکات، ئەوەی هەرێمی ئەدرنەی بۆ دەوڵەتی عوسمانیی گێڕایەوە.

هەرچەندە، بایەخی دۆڕانی عوسمانییەکان لە جەنگی بالکان ناتوانرێت زێدەڕۆیی تێدا بکرێت. بەڵام لە رووی مرۆیی، ئابووریی و کەلتوورییەوە کارەسات بوو. ئیمپراتۆرییەکە نزیکەی تەواوی هەرێمە ئەوروپییەکانی لەدەستدا کە بە گشتیی زیاتر لە ٦٠٠٠٠ مایل دووجا دەبوو، وێڕای نزیکەی ٤ملیۆن دانیشتووان. دووبارە هەروەك لە ساڵی ١٨٧٨، شاری ئەستەمبوڵ پڕبوو لە پەنابەری موسوڵمان، ئەوانەی هەموو شتێکیان لە دەستدابوو.[14] لەنێو پەنابەرەکاندا بە توندیی نەخۆشیی تیفۆو کۆلێرا بڵاوبووەوەو رێژەیەکی زۆری لێ قڕکردن. نیشتەجێکردنەوەی ئەو پەنابەرانە کێشەی زۆری لێکەوتەوەو ژمارەیەك لەوانە چەند ساڵێکی کەمی داهاتوویان لەنێو زەویوزاری شارۆچکەکاندا بەسەردەبرد کە دەستیان بەسەردا گرتبوو. بەڵام بایەخی مەسەلەکە تەنانەت لەوەش قوڵتر بوو، ناوچە لەدەستچووەکان(مەکەدۆنیا، ئەلبانیاو تراقیا) کە کرۆکی ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەکە بوون بە درێژایی ٥٠٠ساڵ ئەو ناوچانە دەوڵەمەندترین و پێشکەوتووترین هەرێمەکانی عوسمانیی بوون و بەشێکی نابەرابەری چینی فەرمانڕەوای عوسمانیی لەم ناوچەیەوە دەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەش، سالۆنیکا لانکی (ك.ی.پ) بوو. کاریگەریی لابەلای ئەو لەدەستدانەشی نها دەرکەوت، ئەوەبوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی عوسمانییدا، رەگەزی تورك زۆرینەی دانیشتووان پێکبێنێت.

### تەشکیلات مەخسووسە

رۆڵێکی بایەخدار لە رزگارکردنی ئەدرنەدا بۆ دەستەیەك لە ئەفسەرە لاوەکان دەگەڕێتەوە کە لەنێو (ك.ی.پ)دا هەر لەپێش شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨وە بە"فدائیی/گیان بەختکەر" دەناسران.ئەوانە دەتوانرێت وەك سوپای تۆقێنەری یەکێتییخوازەکان ببینرێت کە کارە پۆخڵەکانی کۆمەڵەیان(وەك غافڵکوژیی سیاسیی)جێبەجێ دەکرد. هەروەها لەکاتی قەیرانەکاندا کۆدەبوونەوەو تا بەرگریی لە کۆمەڵە بکەن. ئەوانە لە زنجیرە رووداوەکانی سوپا هەڵسوڕاوەکەی ساڵی ١٩٠٩ دەرکەوتن و بەشی زۆریان لە تەڕابلوس راژەیان کرد، کە پارتیزانە عەرەبەکانیان دژی ئیتاڵییەکان رێکدەخست. ئەم ئەڵقەیە فرە لە ئەنوەرەوە نزیك

---

[14] Justin McCarthy (1995) Death and exile: the ethnic cleansing of Ottoman Muslims, 1821–1922, Princeton .

بوو، کە پێدەچێت وەك سەرۆکیان هەڵسوڕابێت.[15] پاش گرتنەوەی ئەدرنە، ئەنوەر ئەندامانی دەستەکەی ئاراستەکرد تاکو لە رۆژئاوای تراقیا، ئەو ناوچەیەی رۆژئاوای رووباری "مارتیزا" کە دانیشتووانەکەی موسوڵمانی تورك زمان بوون، جوڵانەویەکی پارتیزانی دەستپێبکەن، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی کاتیی تراقیاییان پێکهێنا. هەرچەندە ئەم حکومەتە تەنیا بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو(عوسمانییەکان بۆ فشارخستنە سەر بولگارییەکان لە گفتوگۆی ئاشتییدا بەکاریانهێنا و کاتێك ئەو دەستکەوتەی خوازیاری بوون هاتەدی، حکومەتەکە کۆتایی هات). ئەم جوڵانەوەیە وەك "تاقیگەیەك"ی گرنگ بۆ جوڵانەوەی بەرەنگاری نەتەوەیی راژەی کرد، ئەوەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی لە ئەنەدۆڵ پەرەی سەند.

لەوەدەچێت ئەو دەستەیە لە ئەفسەرانی گیان بەختکەری دەوری ئەنوەر بەشێوەیەکی نافەرمیی بە "تەشکیلاتی مەخسووسە/رێکخراوی تایبەت" لە ساڵی ۱۹۱۳دا ناسرابێت. لە ساڵی ۱۹۱٤دا رێکخراوبوونیان بەو ناوەوە کرایە فەرمیی و راستەوخۆ خرایە ژێردەستی ئەنوەر وەك وەزیری جەنگ.(کە لەو کاتەدا ببوویە). لە یەکەمین جەنگی جیهانییدا ئەم رێکخراوە رۆڵێکی گرنگیان لە پێش بەرەکانەوە دەبینی، چ لە سەرکوتکردنی جوڵانەوە جیاخوازەکان، بەتایبەتیی لە هەرێمە عەرەبییەکان، چ لە هەڵمەتە تۆقێنەرەکانی دەکرایە سەر کاروبازرگانیی یۆنانییەکان لە رۆژئاوای ئاسیای بچووکدا. رۆڵی ئەم رێکخراوە لە کێشەی ئەرمەنییەکاندا پێویستە بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوە بکرێت. هەروەها رێکخراوەکە لە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکەش هەڵسوڕاوە، ئەوەی هەوڵیداوە کە بەرگریی موسوڵمانەکان دژی روسیا، فەرەنسا و بەریتانیا لە کۆڵۆنییەکانی ئەو دەوڵەتانە بورووژێنێت. وێڕای جۆش‌وخرۆش‌و بوێریی ئەم "لۆرانسانەی" عوسمانیی، پێدەچێت کاریگەرییەکی کەمیان هەبووبێت.

کەم سەبارەت بە پێکهاتەی رێکخراوەکە دەزانرێت، بەڵام دواتر بیرۆکەی سیاسیی هەبوو، پەیوەندییەکی نزیکی بە کۆمیتەی ناوەندیی (ك.ی.پ) وە هەبوو و لەلایەن بەهادین شاکیرەوە رێبەرایەتیی دەکرا،پێدەچێت ئەم بەشەی رێکخراوەکە تا رادەیەك لەو دەستە سەربازییە جیابێت کە لەسایەی ئەنوەر دابوو.

---

[15] بۆ زیاتر سەبارەت بە دەرکەوتنی تەشکیلات بەشێوەی غەیرە نیزامی لەماوەی ساڵانی ۱۹۱۳-۱۹۱٤:
Philip Stoddard (1963) The Ottoman government and the Arabs 1911–1918: a preliminary study of the Teşkilât-I Masusa, Princeton: unpublished Ph.D. thesis, 52 ff.

## خورتبوونی دەسەڵاتی یەکێتییخوازان

پاش کودەتای یەنایەری ١٩١٣، (ك.ی.پ) بەتەواویی دەستی بەسەر ڕەوشی سیاسیی نێوخۆدا گرتبوو. یەکەمجار ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ سەرکوت نەکرا، بەڵکو بەشێوەیەکی شەخسیی بەسەرکردەکانی گوترا لە دەرەوەی سیاسەتدا بوەستن. ئەم حاڵەتە بە پشتگیرییکردنی تیرۆرکردنی مەحموود شەوکەت پاشای سەرەك وەزیر لە ١١ی ژونی ١٩١٣ لەلایەن (حوریەتو ئیئتیلاف) گۆڕانی بەسەرداهات. ژمارەیەکی زۆر گیرانو چەند کەسێکیشی بەمردن سزادران، نها یەکێتییخوازان دەستیان بە توندیی بەسەر حکومەتدا گرتو تەنانەت زیاتریش تەلعەت وەك وەزیری نێوخۆ چووە نێو کابینەوە، ئەنوەر پلەکەی دووجار بەدوای یەکدا بەرزکرایەوەو بووە پاشاو کرایە وەزیری جەنگ. جەمال، فەرمانداریی سەربازیی لە پایتەخت، ئەویش پلەی بەرزکرایەوەو بووە پاشا، سەرەك وەزیری نوێ بریتیبوو لە میرێکی میسریی کە (سەعید حیلمی پاشا) بوو، کە ئەندامی ئەڵقەی نێوخۆیی (ك.ی.پ) بووە، بەڵام وێڕای ئەوەش کاریگەرییەکی ڕاستیینەی کەمی هەبوو.

ئەو ڕژێمەی نها پەرەیگرت ناوی "سێکوچکەی" ئەنوەر، جەمالو تەلعەتی لێنرا، هەرچەندە ئەمە وەك ئاسانکارییەکە. ئەو سێ پیاوە بە دڵنیاییەوە کەسانێکی بەهێزبوون. ئەنوەر دەستی بەسەر سوپادا گرتبوو، تەلعەتیش دەسەڵاتێکی زۆری لەنێو کۆمەڵەدا هەبووە. جەمال لە سیاسەتی نەتەوەییدا کاریگەر بوو بەوەی کە لە ئەستەمبوڵدا ماوەیەکی زۆر فەرمانداربوو، بەڵام لەناوەڕاستی ساڵی ١٩١٤ەوە بەرێژەیەکی کەمتر. بەڵام ئەنوەر لە سوپادا رکابەریی خۆی هەبووە(لەوەکانی جەمال کەمتر نەبوون). لەنێو کۆمەڵەدا، ڕێبەرە خۆماڵییەکانی پارتەکە (سکرتێرە بەرپرسەکان یاخود پشکنەرەکانیان پێدەگوترا)، هەروەها فەرماندارە هەرێمییە یەکێتییخوازەکان زۆربەی جار دەسەڵاتدارو سەربەخۆ بوون. (ك.ی.پ) لە بن سەرکردایەتیی بازنەیەکی باڵای نزیکەی ٥٠ کەسیدا بوو. ئەوەی بۆ چەند توێژێك دەگەڕانەوە. لەڕاستییدا، کاریگەریی مەزنی تەلعەت بۆ ئەو توانا بەرچاوەی دەگەڕایەوە کە ئاشتەوایی لەگەڵ سەرکردایەتیی ئەم توێژانە پێ دەکرد.

لەماوەی قۆناغی ١٩١٣-١٩١٨، ئەڵقەی نێوخۆیی (ك.ی.پ) لە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکاندا زیاتر لە کابینە دەستی دەڕۆیشت. ئەوەی زۆربەی جار بە تەواویی رووبەڕووی ڕاستییەکان بووەوە. هەڵبژاردنەکان بۆ پارلەمانی نوێ لە زستانی ١٩١٣-١٩٠٤ ئەنجامدرا. پارتە لیبراڵە ئۆپۆزسیۆنەکە(پارتی ئازادیی و پێکهاتن) بەشێوەیەکی فەرمیی هەڵنەوەشێندرا بووەوە.

بەڵام بەشداریی نەکرد، ئەو پارلەمانەی کە زادەی هەڵبژاردنەکە بوو، ئامرازێکی ملکەچی (ک.ی.پ)بوو.

## چوونە ناوەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بۆ جەنگی یەکەمی جیهانیی

نزیک بە ساڵێك لە کۆتایی جەنگی بالکان، ئیمپراتۆری عوسمانیی جارێکیتر لە جەنگەوە گلا-بۆ دواجار. هەمیشە کە باس لە جەنگی یەکەمی جیهانیی دەکرێت و قسە دێتەسەر تورکیا، دەگوترێت کە چۆن حکومەتی یەکێتییخوازان بڕیاریاندا لەو جەنگەدا بەهێزەکانی ناوەندەوە پەیوەست بن. راستییەکانی مەسەلەکە (هەروەها رووداوەکانی بە پێی وەخت ) بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

لە فەزایەکدا کە تەنگەژەی نێودەوڵەتیی بەخێرایی لە پاش کوشتنی "ئارشیدۆق فێردیناند"شازادەی نەمسا بە دەستی نەتەوەخوازە سربییەکان لە سەرایڤۆ لە ٢٨ی ژوئنی ١٩١٤دا، پەرەیدەگرت، ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە هەوڵی ئەوەدا بوو هێزە سەرەکییەکانی ئەوروپا هانبدات هاوپەیمانی لەگەڵدا پێکبێنن. جەنگی بالکان دابڕانی دیپلۆماسیی ئیمپراتۆرییەکەی دەرخستبوو و یەکێتییخوازانیش هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە دابڕانی بەردەوام مانای کۆتایهاتنی ئیمپراتۆرییەکە دەگەیەنێت. لەبنەڕەتەوە ئەوان خۆیان بۆ پەسەندکردنی هەر جۆرە هاوپەیمانییەتیەك ئامادە کردبوو، زیاتر لەوەی بەردەوامیی بەو دابڕانە بدەن.

سەرەتا جەمال پاشا لە پاریس نزیک بووەوە، بەڵام رەتکرایەوە. فەرەنسا و بەریتانیا پەیوەندیی باشیان لەگەڵ روسیادا کردبووە پێشینەی کارە دیپلۆماسییەکانیان، ئەوەندەی پەیوەندیی بە رۆژهەڵاتیشەوە هەبێت، ئەوان پاش جەنگی بالکان چاوەڕێی زیاتر لە هاوکارییان لە رێگەی هاوپەیمانییەتیی لەگەڵ دەوڵەتانی بالکاندا دەکرد تا پەیوەندییکردن لەگەڵ عوسمانییەکان. ئنجا یەکێتییخوازان روویان لە دەوڵەتانی زلهێزی ناوەندکرد. نەمسا-هەنگاریا هێمایان بە بواری بەستنی هاوپەیمانیەتییەك دژی سربیا لەگەڵ عوسمانییەکاندا داو هەریەك لە تەلعەت و ئەنوەر هاندەرانە وەڵامیان دایەوە. لە ٢٨ی ژوئیەدا، ئەنوەر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ "وانگنهیم"ی باڵیۆزی ئەڵمانیا راشکاوانە پێشنیازیی هاوپەیمانییەتییەکی بەرگرییکارانەی لەگەڵ ئەڵمانیادا کرد. پاش ئەوەی ئەم پێشنیازە رەوانەی بەرلین کرا، "ولیەم"ی قەیسەری ئەڵمانیی خۆی پشتگیریی لێکرد.

پاش تێپەڕینی چەند رۆژێك، ئەڵقەیەكی بچووك لە ڕێبەرایەتیی توركە لاوەكان(سەعید حەلیم پاشای سەرەك وەزیر، ئەنوەر پاشا، تەلعەت پاشا، خەلیلی سەرۆكی ئەنجومەن) بەو پەڕی نهێنییەوە دانوسانیان لەگەڵ ئەڵمانیادا سەبارەت بە وردەكاریی ڕێكەوتنەكە كرد. تەنانەت ئەندامەكانی دیكەی كابینە وەك كەسایەتیی ڕێبەرایەتیی جاویدی وەزیری دارایی، جەمال پاشا، یاخود خەیری ئەفەندی شەیخولئیسلام ئاگادار نەكرابوون. لە ٢ی ئوتی ١٩١٤دا، ڕێكەوتنەكە لە شوێنی حەوانەوەی تایبەت بە سەعید حەلیم پاشا لە بۆسفۆر مۆركراو هەشت خاڵی فرە بایەخداری دۆكیومێنتەكە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- هەردوولا لە هەر ململانێیەكی نەمسایی-سربییدا بێلایەن دەمێننەوە.

٢- ئەگەر روسیا تێكەڵ بە ململانێیەكە بوو و ئەڵمانیاشی ناچار كرد تێوە بگلێت، ئەوا ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەهێزەكانی ناوەندەوە پەیوەست دەبێت.

٣- نێردراوی سەربازیی ئەڵمانیی لە توركیا دەمێنێتەوەو لە سایەی فەرماندەی باڵای عوسمانییدا رۆڵی كاریگەری پێدەدرێت كە بیبینێت.

٤- ئەڵمانیا قەڵەمڕەوی عوسمانیی دەپارێزێت.

٥- ڕێكەوتنەكە راستەوخۆ دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوەو هەتا ٣١ی دیسەمبەری ١٩١٨ بڕدەكات.

٦- ڕێكەوتنەكە بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیكە نوێ دەكرێتەوە، مەگەر لایەك لە لایەكان پێچەوانەی ئەوە بڕیار بدات.

٧- سوڵتانو قەیسەر لەماوەی مانگێكدات ڕێكەوتننامەكە پەسەند دەكەن.

٨- ڕێكەوتنەكە نهێنیی دەمێنێتەوە.[١٦]

گرنگە تێبینیی ئەوە بكرێت كە ئەم ڕێكەوتنە رۆژێك پاش ئەوە مۆركرا كە روسیا ئامادەباشیی دژی هەریەك لە نەمساو ئەڵمانیا راگەیاند. پێویستە گریمانەی ئەوە بكەین كە سەركردایەتیی عوسمانیی ئاگاداریی ئەمە بوون، هەربۆیە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە كە چی

---

[16] دەقی ڕێكەوتننامەكە لەكتێبەكەی "ترومینەر" دا هاتووە، ئەو جەختی لە تایبەتمەندیی بەڕێكردنی ڕێكەوتننامەكە كردووەتەوە:

Ulrich Trumpener (1968) *Germany and the Ottoman Empire 1914–1918*, Princeton: Princeton University Press, 28.

ئەو سەرکردایەتییەی هانداوە ڕێکەوتنێکی بەو شێوەیە مۆربکەن لەکاتێکدا دەزانن کە بەرەو جەنگیان دەبات؟ بەشێکی لە ترسی ئەو دابڕانە بوو کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا، دوو فاکتەری دیکە لەو ڕووەوە ڕۆڵیان گێڕا، یەکەمیان ئەوەبوو کە لەنێو زلهێزەکاندا، تەنیا ئەڵمانیا ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو کە ڕێکەوتنێك لەگەڵ عوسمانییەکاندا ببەستێتو وەك هاوتایەك تێی بڕوانێت. ئەوەی بۆ یەکێتییخوازان فرە خاڵێکی گرنگ بوو چونکە ئەوان لە هەوڵی ئەوەدا بوون وڵاتەکەیان لە دۆخی نیمچەکۆڵنیی ڕزگار بکەن. دووەمیان بریتیبوو لە بەدخوێندنەوە، عوسمانییەکان لەوە بەئاگابوون کە پلانی ستراتیژیی ئەڵمانیی لەسەر ئەوە داڕێژراوە کە یەکەمجار ڕوسیای هاوپەیمانی فەرەنسا لە مەیدانەکە وەدەرنێن، بەو جوڵانەوەیەی لە ڕێگەی بەلچیکاوە پشت لە ڕوسەکان بگرن، ئەوەی نەك تەنیا فەرەنسا، بەڵکو بەریتانیاشی لە جەنگەکەوە گلاند. دەگونجێت ئەوان تەنیا چاوەڕێی جەنگیان لەگەڵ ڕوسیادا کردبێت، پێشبینیی ئەوەشیان کردبێت کە ئەڵمانیاو نەمسا لەو جەنگەدا ببەنەوە. سەرکەوتن بەسەر ڕوسیادا چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت ئاکامی بەرهەمداری پتەوی لە قەفقاسو بالکان لێبکەوێتەوە. کاتێك ململانێیەکە بەرەو ئەوە ڕۆی فراوانتر بێت، دەستەی ئەڵەمانخوا لەنێو یەکێتییخوازاندا بڕیاریدا هەرچۆنێك بێت قوماری خۆی بکات.

دەوڵەتی عوسمانیی، چ لە ڕووی سەربازیی یاخود لە ڕووی ئابووریی یان لە ڕووی پەیوەندییەکانی نێوخۆدا لە ڕەوشێکی وادا نەبوو لە جەنگێکی جدییدا تێوەبگلێت. ئەڵمانەکان لەمە باش بەئاگابوون، بەڵام بۆ ئەوان هاوپەیمانیی دەوڵەتی عوسمانییو ڕاکێشانیان بۆ بەشداریپکردنی سوپای عوسمانیی نەبوو لە جەنگدا، ئەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد لەچەند مانگێکی کەمدا کۆتایی بێت، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی ئەو دەوڵەتەوە بوو لە موسوڵمانانی کۆلۆنییەکانی فەرەنساو بەریتانییەکانو هەروەها لە دەوڵەتانی بالکان. زێدەباری ئەوەی، عوسمانییەکان دەتوانن کارایانە ڕێگە لە جوڵانەوەی کەشتیگەلی ڕوسیی بەنێو تەنگەکاندا بگرن.

ڕاستەوخۆ پاش مۆرکردنی ڕێکەوتننامە نهێنییەکە، کۆبوونەوەی پارلەمان دواخراو حکومەت خەریك بوو ڕای گشتیی بۆ جەنگ ئامادە دەکرد. لەمەشدا کارتێکی براوەی بەحکومەتی بەریتانیا بەخشیی.

عوسمانییەکان بۆ هاوسەنگیی لەهەمبەر پەرەگرتنی هێزی کەشتیگەلی یۆنانیی، دوو کەشتیگەلی هاوچەرخیان لە ساڵی ١٩١١دا لە بەریتانیا بەکردن دا. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٤، هەردوو کەشتییەکە، کە بەشێکی تێچوونەکەی لەلایەن پیتاکی میللییەوەو لەڕێگەی

(دۆنانمه جەمعیەت/ کۆمەڵەی کەشتیوانان) لە سەراسەری ئیمپرتۆرییەکەدا درابوو، ئامادە بوو. بەلآم گواستنەوەکەی بەهۆی تاقیکردنەوە کۆتاییەکان و هەروەها دوابڕی دانی پارەکەی، نەختێك دواخرا. بەشێك لە ئەفسەرانی عوسمانیی و دەریاوانەکانی ئینگلتەرا بۆ ئەوەی کاری گواستنەوەکە ئەنجام بدەن و هەروەها دوا بڕی پارەکەش درا، کاتێك لە ١ی ئوتدا، یەکەمین لۆردی دەریاوانی (وینستۆن چەرچڵ) لەجیاتی حکومەتی بەریتانیا دەستی بەسەردا گرتن.(ئەوەی لەکاتێکدا بەرتانیا لە جەنگدا بێت ڕێگە پێدراوە، بەلآم کاتی تر نەخێر). ئەمە بووە هۆی ورووژاندنی توندو بێزاریی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا لێکەوتەوە، ئەوەی ئەڵمانەکان لێزانانە قۆزتیانەوە بەوەی فەرمانیان بە پۆلە دەریاییەکان لە دەریای ناوەڕاستدا دا، ئەوەی لە کەشتیگەلی جەنگیی"گیۆبن"و کەشتییەکی دیکەی سووك بەناوی "بێرسلآو" پێکدەهات، کە بەرەو دەردەدنێل بجووڵێن. پاش گەشتێکی داستان ئامێز کە خەریك بوو لەلایەن کەشتیگەلەکانی فەرەنسیی و بەریتانییەوە راو بکرێن، ئەو کەشتییانە لە ١٠ی ئوتدا چوونە بەندەرەکان. ئەوانە بە فەرمانی ئەنوەر پاشا لە ناوچەی کێڵگە مینەکاندا هێڵرانەوە. کاتێك بەرتانیا داوای رادەستکردنەوەی ئەو کەشتیگەلانەی کرد (ئیمپراتۆری عوسمانیی هێشتا بەگشتیی لەم کاتەدا بێلایەن بوو) حکومەتی عوسمانیی بە برە پارەیەکی کەم ئەم کەشتییانەی لە ئەڵمانیا کڕیو لەگەڵ کەشتیگەلەکانی خۆی تێکەڵی کردن.

لەگەڵ چوونی روسیا بۆ نێو جەنگەکە، عوسمانییەکان پابەندبوونی ئاشکرایان بە چوونە نێو شەڕەکەدا گرێدرابوون. بەلآم حکومەتی عوسمانیی توانی لەواقیعدا جەنگ دوابخات چونکە ئیمپراتۆرییەکە ئامادەنەبوو و هەروەها بێ وەرگرتنی هاوکاریی دارایی مەزن و چەك و تەقەمەنیی لە ئەڵمانیا نەیدەتوانی تێکەڵ بە جەنگەکە بێت. لەراستییدا، ئەنوەر پاشا دواخستنی راگەیاندنی جەنگی تا بەهاری ساڵی ١٩١٥دا پێ باشبوو. بەلآم کاتێك حکومەتی ئەڵمانی فشاری بۆ هێناو زامنی پێویستییە داراییەکانی کرد، نەدەتوانرا لەوە زیاتر راگەیاندنی جەنگ دوابخرێت. بڕیاری شەڕکردن لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر وەرگیرا.[١٧] هەروەها دوو رۆژ پاشتر پۆلێك کەشتیگەلی عوسمانیی بە فەرماندەی "سۆشۆن" لەسەر "یاوز سوڵتان سەلیم"( نها وا بە کەشتی جەنگیی گیۆبن دەگوترا). بە فەرمانی وردی ئەنوەر هێرشیان کردە سەر کەشتیگەلی روسیی و بالآدەستییان لە دەریای رەشدا بەدەستهێنا. لە١١ی نۆڤەمبەردا، ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەدژی روسیا، فەرەنسا و بەریتانیا کەوتە جەنگەوە.

[17] Trumpener, op. cit., 54.

## ئیمپراتۆریی عوسمانیی له ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا

کاتێك دەرکەوت چاوەڕوانییەکان سەبارەت بە جەنگێکی کورتخایەن بنەمایەکی نەبوو، هەروەها هەڵمەتەکان لە بەرەی رۆژئاوادا بۆ شەڕی سەنگەرەکان لە کۆتایی ١٩١٤دا پەرەی سەند، بایەخی بەشدارییکردنی دەوڵەتی عوسمانیی لە چاوی ئەڵمانەکاندا زیادی کرد. سوڵتان بە فەرمیی جیهادی راگەیاند دوای ئەوەی لە ١٤ی نۆڤەمبەردا لەگەڵ شەیخولئیسلامدا راوێژی کرد، چاوەڕوانیی کاریگەریی ئەم راگەیاندنە لەسەر موسوڵمانانی کۆلۆنییەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان (هەروەها لە ئاسیای ناوەندیی روسیی) لەنێو ئەڵمانەکاندا فرە مەزن بوو (هەرچەندە لەنێو عوسمانییەکاندا زۆر کەمتر بوو). بەڵام وێڕای پرۆپاگەندەیەکی بەرچاوی حکومەتی عوسمانیی، بەشێوەیەکی سەرەکیی لەرێگەی تەشکیلات مەخسووسەوە، بایەخێکی نەبوو. وێڕای ئەوەی ئەڵمانەکان گومانیان لە بەهێزیی سوپای عوسمانیی هەبوو کەچی هانیاندان ستراتیژێکی هێرشبەرانە بگرنەبەر. پلانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەلایەن"برونسارت ڤۆن شیلۆندرۆڤی"ئەڵمانییەوە پەرەپێدرا کە سەرۆکی ئەرکانی گشتیی عوسمانیی بوو، کە تێیدا هێرش بۆ سەر کەناڵی سوێس و ناوچەی قەفقاسی وێنا کردبوو، ئەنوەر پاشا بە جۆشەوە ئەم پلانەی پەسەندکرد.

لەبەرەی قەفقاس، یەکەمجار روسەکان لە نۆڤەمبەردا پەلاماریاندا، بەڵام سوپای عوسمانیی توانی بەرپەرچیان بداتەوە. هێرشێکی پێچەوانە بە فەرماندەی ئەنوەر پاشا خۆی لە کۆتایی دیسەمبەردا دەستییپێکرد. پاش سەرکەوتنێکی بەرایی، عوسمانییەکان بە توندیی لە "ساری قامیش" تێکشکێنران کە لەسەر رێگەی قارسە. لە یەنایەردا تەنیا ١٢٠٠٠ سەربازی لە تێکڕای ٩٠٠٠٠ گیانیان دەربرد. زۆربەی ئەوانەی دیکە یا لەسەرمادا مردن یاخود شەکەت و ماندووبوونی بڕینی زنجیرە چیاکان لە ناوەڕاستی زستاندا هێزی لەبەر بڕین.

## کێشەی ئەرمەن

ئەم بەزینە سەربازییە دەروازەی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵاتی لەبەردەم پێشڕەویی روسەکاندا خستە سەر گازی پشت. کە لەکاتی باشبوونی کەش و بارودۆخەکەدا وەك پێویست هاتەدی. هەروەها ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ سەرکوتکردنی ئەرمەنییە عوسمانییەکان، ئەوەی پاش تێپەڕینی ٧٥ ساڵ هێشتا گەنگەشەی لەبارەوە گەرمە.

کۆمەڵگەی ئەرمەنیی بەشێکی گرنگی لە دانیشتووانی هەرێمەکانی ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات پێکدەهێنا. تەنانەت لە دەرەوەی هەرێمەکانیش ئەوانە زۆرینە یاخود تەنانەت بەشێك بوون لە دانیشتووانەکە(سەرژمێریی تورك، کوردو گرووپە موسوڵمانەکانی دیکە بەجیا لای عوسمانییەکان هەرگیز نەدەکرا). مەزەندە کردنی تێکڕای ژمارەی ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆرییەکەدا جیاوازە، بەڵام ژمارەی نزیکەی ١,٥٠٠,٠٠٠ دەوروبەری ١٠ لەسەدی دانیشتووانی ئەنەدۆڵی عوسمانیی، پێدەچێت مەزەندەکردنێکی ماقووڵ بێت.

پاش گرفتەکانی ساڵی ١٨٩٦، ڕەوشی ڕۆژهەڵات تاڕادەیەك ئاسایی کرابووەوە. بەڵام پەیوەندیی نێوان ئەرمەنییە خۆماڵییەکان و موسوڵمانەکان، بەتایبەت کوردەکان، دژوار مابووەوەو چەندین جار پێکدادان لەنێوانیاندا هەبوو. لە مایۆی ١٩١٣دا، نوێنەرانی داشناك داوای دامەزراندنی ژاندارمی دەرەکییان بۆ پاراستنی ئەرمەنییەکان لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات دەکرد. حکومەتی (ك.ی.پ) سەبارەت بەم بابەتە لە بەریتانیا نزیك بووەوە، ئەویش گفتوگۆی سەبارەت بە بابەتەکە لەگەڵ هەریەك لە حکومەتەکانی فەرەنساو ڕوسیا کرد. لە فێبرایەری ساڵی ١٩١٤دا، ڕێکەوتنێك پێکهات سەبارەت بە دامەزراندنی دوو پشکنەر کە دەسەڵاتێکی بەرفراوانی لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات هەبێت و هەروەها لە مایۆدا پشکنەرێکی نەرویجیی و سویدیی دامەزرێنران. هەڵگیرساندنی جەنگ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی مایەپووچ کرد.

لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگدا، ئەرمەنییە نەتەوەییەکان وایان دەبینیی کە سەرکەوتنی ڕوسیا دەرفەتێك بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات. پڕۆپاگەندەی ڕوسیا هانی ئەم جۆرە خولیایانەی دەدا. چەند هەزار ئەرمەنییەك بە سوپای ڕوسەوە پەیوەست بوون، هەروەها ئەو ئەرمەنییانە هەبوون کە لە سوپای عوسمانییدا هەڵاتبوون و چالاکی پارتیزانانەیان لە پشت هێڵەکانی عوسمانییەوە دەنواند. بەپێچەوانەی ئەم هەلومەرجەوە، سوپای عوسمانیی دەستیکرد بە پەرتەوازەکردنی ڕاگواستراوەکانی ئەو ناوچانەی کەتبوونە پشتی بەرەکانەوە. ژمارەیەك کۆمەڵکوژیی لە ئاستی بەرتەسکدا قەومان. لەکۆتایی مارتدا، کۆمیتەی ناوەندیی(ك.ی.پ) لە هەموو ئەگەرەکاندا بڕیاری ڕاگواستنی دانیشتووانە ئەرمەنییەکانی نێو ناوچەی جەنگی بۆ ناوچەی "زور" لە ناوجەرگەی بیابانی سوریاو لەوێشەوە بۆ باشووری سوریاو میسۆپۆتامیا. هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێك لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە لە "ڤان"ی پایتەختی هەرێمیی، بۆ پشتەوەی پاشەکشەکە، هەستی پەلەکردنی توندترو خێراتر کرد. لە مایۆدا ڕاگواستنەکان بە خەستی دەستیپێکرد. ئەوەی

بە پێی بڕیارە فەرمییەکەی کابینە لە ٢٧و هەروەها ٣٠ مایۆدا پەسەند کرا. لە هاوینی ١٩١٥دا، ڕۆژهەلاتو ناوەندی ئەنەدۆڵ لە ئەرمەنیی پاك کرانەوە. ئەمە ڕاگواستنی ئەرمەنییەکانی ڕۆژئاوای بەدواداهات، جێبەجێکردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بوو. لە هێندێك ناوچە خێزانەکان ماوەی ٢٤ ساتیان بۆ دانرا، لەهێندێك شوێن عەرەبانەو گوێدرێژ ڕێگەیان پێدرا، لە هێندێکی دیکە دەبووایە هەر کەسێك بە پێی خۆی بڕوات. کاروانی ئەرمەنییە ڕاگوێزراوەکان لەلایەن هێزی ژاندارمەوە پاسەوانی دەکران، ئەوەی لە زۆربەی بارەکاندا دڕندانە هەڵدەسوڕان. هەرچەندە ژمارەی ژاندارمەکان کە پاسەوانی کاروانەکانیان دەکرد کەم بوون، قوربانییەکان پێدەچێت هێندە بەتوندیی ملیان پێ کەچ کرابێت کە نزیکەی چ نموونەیەکی بەرگریی نابینینەوە.

ئەو دوورخستنەوەیە(کە بە فەرمیی "تەهجیر/ڕاگواستن"ی پێدەگوترا) بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنییەکان، ئەوەی ڕاستییەکی مێژوویی بێ ئەملاولایە. ناکۆکییەکان لەسەر سێ خاڵ زەقبوونەتەوە. یەکەمیان، پێویستیی سەربازیی ئۆپەراسیۆنەکە. مێژوونووسە تورکەکانو لایەنگریان ئاماژە بەو چالاکییە خیانەتکارانەیە دەدەن لەلایەن زۆربەی ئەرمەنییەکانەوە لەماوەی جەنگداو سەختیی ئەوە داخۆ بزانرێت کام لە ئەرمەنییەکان وەفادارەو کامی دیکەیان لایەنگریی ڕوسەکان دەکات. لایەنەکەی دیکە- بەدروستی- ئاماژەی بەوە داوە کە دوورخستنەوەکان تەنیا لە ناوچەکانی جەنگدا رووی نەداوە، بەڵکو لە سەراسەری ئیمپراتۆرییەکەدا ئەنجامدراوە.

ناکۆکیی دووەم لەسەر ژمارەیە: مێژوونووسە تورکەکان ژمارەی مردووەکان کەمتر لە ٢٠٠,٠٠٠ دادەنێن، لەکاتێکدا ئەرمەنییەکان هێندێك جار ژمارەکەیان بە دە هێندە لە قەڵەم داوە. هۆکاری ئەو جیاوازییەش، جگە لە پڕۆپاگەندە، بەهۆی جیاوازیی قەبڵاندنی ژمارەی ئەرمەنییەکانە کە پێش جەنگ لە ئیمپراتۆرییەکەدا دەژیانو هەروەها ژمارەی ئەوانەی کۆچیان کردبوو، زۆر دەگونجێت کوژراوەکان لەنێوان ٦٠٠,٠٠٠ بۆ ٨٠٠,٠٠٠بێت.[١٨]

---

[18] ئەم ٦٠٠,٠٠٠ی وەك دروستترین ژمارە بەدەستەوەداوە، لەکاتێکدا لێکدانەوەی "مك کاسی" سەبارەت بە کێشەی ئەرمەنەکان بە ڕادەیەکی زۆر جێگەی گرنگیی پێدانە. ئەو بە جوانی ئاماری خۆی لەمەڕ قوربانییەکان پێشکەش کردووە.

. Justin McCarthy (1983) Muslims and minorities: the population of Ottoman Anatolia and the end of empire, New York: New York University Press, 30.

سێیەم خاڵ کە بایەخدارترین خاڵی ناکۆکییەکانە بریتییە لە مەبەستی دوورخستنەوەکە، داخۆ جینۆسـاید ئەنجامـدراوە. لایـەنی تـورکیی و هـەوادارانی ئیـدیعای ئـەوە دەکـەن کـە هەلومەرجەکە لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات کە مەڵبەندێکی مەیدانی جەنگ بووە، بەشێوەیەك بووە کـە بانـدە ئەرمەنییـەکان (کـە لەلایـەن سـوپای روسـیاوە پـشتگیریی دەکـران) سـەبارەت بـە دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچەیە لـە ململانێدا بوون، هـەروەها ئـەوان دان بـەوەدا دەنێن کـە دانیشتووانە موسوڵمانە خۆماڵییەکان (بەتایبەتیی کورد) هێرشی توندیان کردۆتـە سـەر ئـەو ئەرمەنییانـەی رەوانـەی سـوریا کـراون، بـەڵام ئـەوان ئەمـە بـۆ لاوازیـی کـۆنترۆڵی بەشـێك لـە حکومەتی عوسمانیی دەگێڕنەوە زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە سیاسـەتەکانی ئـەو حکومەتـەوە بێت. ئەوانەی ئاماژە بەوە دەدەن کە تۆمارە فەرمییەکانی حکومـەتی عوسمـانیی، ئەوەنـدەی دەزانرێـت، هـیچ دۆکیـومێنتێکی سـەبارەت بـە تێـوەگلانی حکومـەت لـەو کوشـتن و بڕینـەدا دەرناخـات. لایـەنی ئەرمـەنیی هەوڵیـداوە ئـەم تێوەگلانـە دەربخـات، بـەڵام بەشـێك لـەو دۆکیومێنتانـەی خـستوونیەتیە بەرچـاو (ئـەوەی پێیـەڕەکانی ئەنـدۆنیانی پێـدەگوترێت) وا دەردەکەوێت کـە سـاختەو قـەڵب بن. زۆربـەی بڵاوکـراوە بـەریتانیی و ئەرمەنییـەکان سـەبارەت بـەو کێشەیە لـەماوەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانیی بـاس لـە تێوەگلانی حکومـەتی عوسمـانیی دەکات، مۆرێکی گران لە دەمی پڕۆپاگەندەیی دەمـی جـەنگیی لـەخۆی داوە. لەلایـەکی تـرەوە ناتوانرێت هەمان شت سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئەڵمانیی سـەردەمی جـەنگ بگوترێـت. زۆر لـە ئەڵمانـەکان بـەوەی بینیبوویـان راچڵەکیبوون و هەوڵیانـدابوو کـە حکومـەتی بـەرلین بێننـە سـەر ئـەو بـاوەڕی کـە پێویـستە شـتێك بکـات، بـەڵام ئـەو پاسـاوەی دەهێنرێتـەوە ئەوەیـە کـە حکومـەتی ئـەڵمانیی ئیمپریـالیی زۆر بـە وریاییـەوە هەڵسوڕاوە بـۆ ئـەوەی هاوپەیمانییەکـەی نەکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها بە هەرحاڵ حکومەتی عوسمانیی ئەوەی ئاشکرا کردبوو کە ناتوانێت بەرگەی هەر دەستوەردانێك لەو مەسەلەیەدا بگرێت.

بــەم شــێوەیە ئێمــە دەتــوانین چ دەرئــەنجامێك بەدەســتەوە بــدەین؟ لــە راپــۆرتی ئــەو شــایەتحاڵانەی نــەك تــەنیا ســەر بــە مــسیۆنێریە ئــەڵمانیی، نەمــسایی، ئەمــەریکیی و سویسرییەکان بوون، بەڵکو ئەفسەرانی ئەڵمانیی و نەمسایی و هـەروەها ئـەو دیپلۆماتانـەی کە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدابوون بە دەسـەڵاتدارانی عوسمانییـەوە، لـەو بەڵگانـەوە کـە پـاش جەنگ لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی عوسمانییەوە لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیی کراوە، تەنانـەت تا ڕادەیـەکی دیارییکراویش لـە بیرەوەریـی ئـەو ئەفسەرو هـەروەها کـارگێڕە یەکێتییخوازانـە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەر حکومەتی عوسمانیی بە شێوەیەك بێت کە خۆی

لە جینۆسایدەوە نەگلابێت، ئەوا ئەڵقەی نێوخۆیی کۆمەڵەی یەکێتیی و پێشکەوتن لە سایەی ڕێنمـایی تەلعـەت خوازیـاری "چارەسـەرکردنی" کێـشەی ڕۆژهـەڵات بـوون لـە ڕێگـەی قەڵاچۆکردنی ئەرمەنـەوە، ڕاگواستنەکەشیان وەك پەرەدەیـەك بـۆ داپۆشینی ئـەم سیاسـەتە بەکارهێنا. ژمارەیەك لە سەرۆکە هەرێمییەکانی کۆمەڵە هاوکاریی ئەم قەڵاچۆکردنیەیان کرد، ئـەوەی بەشـێوەیەکی بنـەڕەتیی لـە ڕێگـەی "تەشـکیلاتی مەخـسووسە"وە ڕێکخرابـوو و لەسـایەی بەڕێوەبـەرە سیاسـییەکانی وەك بـەهادین شـاکر(هـەروەها ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدیی ك.ی.پ). ژمارەیـەك فەرمانـدارە هەرێمییـەکانی وەك دکتـۆر محەمـەد ڕەشـید لـە دیاربەکر، خۆیان هاندەرێکی ئەم ستەمکارییە بەربڵاوانە بوون کە سەبارەت بە ئەرمەنییـەکان بـەڕێوە دەچـوو، بـەڵام هـەروەها فەرمانـدارو ئەفـسەرانی ئـەوتۆش هـەبوون کـە ئامـادەی هاوکـاریی و بەشـداریی نـەبوون. هەرچـەندە ئەوانـە لابـران و بەخـەڵکانی دیکـە شـوێنیان گیرایەوە. ڕێبەرانی کۆمەڵە لەم بارەیەوە "لەسەر زەوی" بڕیاری ڕاستیینەیان وەرگرت.

ئـەو ڕاسـتییەی تۆمارەکـانی تەشـکیلاتی مەخـسووسە لـەنێوبران و ئەوانـەی (ك.ی.پ)یـش ونکران، وادەکات سەخت بێت، گەر مەحاڵ نـەبێت، ڕادەی وردی بەشداریکردن و تێوەگلانی کەسایەتیی و دەزگاکانمان لەو قەڵاچۆکردنەدا بۆ بسەلمێنن، بەڵام چیدی ناتوانرێت نکۆڵیی لەوە بکرێت کـە (ك.ی.پ) بەشێوەیەکی ناوەندیی سیاسـەتی قەڵاچۆکردنەکەیان بەدەستەوە گرتبووو هاندەری بوون.

نموونەی ئەم قەڵاچۆکردنە لـە هـەموو شـوێنێك نزیکـەی هـەمان شت بوو(ئەوەش لەخۆیدا گەنگەشەیەکی بەهێزە بۆ بوونی سیاسەتێکی هەماهەنگ). پیاوو منداڵی کوڕ(جگە لەوانـەی زۆر منداڵ یاخود پیر بوون) لەسـەرەتای قەڵاچۆکردنەکەدا لـە ژنان جیادەکرانەوە. پیاوەکـان یا ڕاستەوخۆ لە شارەکاندا دەکوژران یـان لـە کـاتی گواسـتنەوەدا لـە سـەرەڕێگەکان "کێڵگـەی کوشـتن"دا لـەنێودەبران. بەتایبـەت ئەوانـەش کـە لـە سـوپادا بـوون ئاسـان بـوو. لـە ٢٥ی فێبرایەردا، بە تایبەت پاش تێکشکاندنەکەی ساری قامیش، هـەڵاتن لە سوپادا زیادی کردو فـەرمانێك دەرچوو کـە سـەربازە ئەرمەنییـەکان چەك بکرێن. ئـەم فەرمانـە بـۆ ئـەو بەتالیۆنانـە تـەرخانکرابوو کـە سـەربازە ئەرمەنییـەکان بـە ژمارەیـەکی زۆر ڕاژەیـان تێدا دەکـرد، هەربۆیـە کاتێك کوشتنی ئەرمەنییەکان دەستیپێکرد، ئەمانە بوونە نیشانەیەکی ئاسان.

دوورخراوەکان بەگشتیی مامەڵەیـەکی فرە توندیان لەگەڵدا کرا کاتێك بـەرەو بیابانـەکانی سـوریا ڕاپێـچکران و ئەوانەشـی گیانیـان دەربردبـوو ترنجێنرانـە ئۆردوگاکانـەوە بەدرێـژایی ڕووباری فورات بێئەوەی هیچ بژێویی و خۆراکێکیان بۆ دابین بکرێت، زۆربەیان لـە برسێتیی،

نەخۆشیی و کەوتنەبەر ئەو کەش و هەوا دژوارە گیانیان لەدەستدا. هەڵویستی خەڵکانی ئەو ناوچانەی کاروانە ئەرمەنییەکانیان پێدا تێدەپەڕی، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز بوو. هێندێك جار ئەرمەنییەکان لەلایەن لادێییەکان یاخود خێڵەکان یا جەردەکانەوە پەلامار دەدران و ئەو کەلوپەلانەی پێیان بوو لێیان دەسێندراو یاخود تەنانەت دەشکوژران. بەلام هەروەها نموونە گەلێکیش هەن کە خەڵکانێکی هەژار نانی خۆیان لەگەڵ ئەو دوورخراوانەدا کردووە بە دوولەتەوە، یاخود خێڵەکان فریایان کەوتوون. ژمارەیەکی تەواو مەزنی کچانی ئەرمەنیی کەوتنە نێو ماڵە موسوڵمانەکانەوەو بوونە موسوڵمان. هەرچەندە هاندەری ئەو جۆرە کارەو بردنی ئەو کچانە لە خۆشەویستییدا نەبووە، بەڵام بێگومان ژمارەیەك گیانی لەمردن رزگارکرد.[19]

ئەگەر ئەوەمان پەسەند کرد کە دەستەیەك لەنێو (ك.ی.پ)دا هۆشیارانە تێکۆشاون بۆ قەڵاچۆکردنی ئەوانەی بەشێکی دانیشتووانەکەی خۆیان پێکدەهێنا، پێویستە ئەو پرسیارەش بکەین کە کارێکی وا بۆچی؟. هۆکاریی سەرەکیی بێگومان نەتەوەییە، بەڵام نەك وەك ئەوەی توێژەرە ئەرمەنییەکان بڕوایان پێیەتی، واتە خولیای پان تورکیزم. کردنەوەی رێگە بەرەو ئاسیای ناوەند دەگونجێت هاندەرێکی ئەمە بێت، بەڵام پان تورکیزم لەراستییدا لانی کەم تا ساڵی ١٩١٧جوڵانەوەیەکی لاوەکیی بوو. هەرچەندە نەتەوایەتیی موسوڵمانی عوسمانیی فرە بەهێز بوو. ئەو راستییەی کە نها لانی کەم بەشێکی دانیشتووانە موسوڵمانەکەی ئەنەدۆڵ لە(موهاجیر)ی ناوچەکانی بالکان، دەریای رەش یاخود قەفقاس پێکدەهاتن کە دەوڵەتە کریستیانییەکان داگیریان کردبوو. ئەمە تەنگەژە ئیتنییەکانی دژوارتر کرد. ئەم خەڵکە ئەوەیان کەوتبووە یاد کە چۆن زیاتر لەجارێك، خۆیان یان باوانیان ناچار کرابوون زێدی باپیرانیان جێبهێڵن، هەربۆیە ئەو بڕیارەیان بەخۆیاندابوو چیدیکە رێگە نەدەن ئەمە رووبداتەوە.

کۆمەڵکوژییەکە هیچ جۆرە تیۆرێکی رەگەزیی ساختە هاندەری نەبوو(ئەمەش جیاوازیی سەرەکیی بوو لەگەڵ چەوسانەوەی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییدا). هەرچەندە، ئەوەش راستە کە زۆربەی تورکە لاوەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ماتەریالیزمی بایەلۆجیی و داروینیزمی کۆمەڵایەتیی و جیهانیان لە حاڵەتی ململانێ و مانەوەدا لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا دەبینی. لەم جیهانبینییەدا دەگونجێت ئەرمەنیی و

---

[19] لە پوختەی کێشەی ئەرمەنییدا تا رادەیەکی زۆر پشتم بە "تانەر ئاکشەم" بەستووە کە لەکاتی نووسیندا لێوەشاوەیی پێشانداوە. Akçam, *İnsan hakları ve Ermeni sorunu*

یۆنانییــە عوسمانییــەکان بەئاســانیی وەك "میکــرۆب" یــاخود "لویــەکی شــێرپەنجەیی" تەماشابکرێت کە تەندروستیی و ژیانی "لاشەی" عوسمانی دەخاتە مەترسییەوە. جێگەی بایەخە، دەتوانین ئەو جۆرە چەمك و دەستەواژانە لە لێدوانەکانی ئەوانەدا ببینینەوە کە لەو ستەمکاریی و تاوانانەدا تێوەگلاون.[20]

## هێرشکردن سەر کەناڵی سوێس

لە یەنایەری ١٩١٥دا یەکەمین هەوڵ بۆ گرتنی کەناڵی سوێس درا کاتێك ٢٠٠٠٠سەرباز لەماوەی دە رۆژدا لە بیابانی سینا پەڕینەوە، بەڵام هەوڵەکەیان بۆ پەڕینەوە یاخود پچڕاندنی رێگەی کەناڵەکە شکستیخوارد. هەروەها وەك چاوەڕواندەکرا چ راپەڕینێکی چەکداریی دژی بەریتانییەکان لە میسر وەك پشتگیرییەك و بەدەمەچوونێکی جیهاد، نەقەوما. سوپای عوسمانیی بە زیانێکی کەمەوە بەرەو باشووری فەلەستین پاشەکشەی کرد. هەروەها دووەمین هەوڵیش بۆ هێرشکردنە سەر کەناڵەکە لە ساڵی ١٩١٦دا شکستیخوارد.

## هێرشی هاوپەیمانەکان

پاش ئەم هەوڵە بەراییەی عوسمانییەکان، راستەوخۆ هاوپەیمانان دەستپێشخەریی خۆیان کرد. یەکەمین کاری هێرشکارانەی بەریتانییەکان بریتیبوو لە دابەزاندنی دوو تیپی هندیی لە سەرووی کەنداوی فارس بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتییە بەریتانییەکان لە کەنداو( ئەوەی لە پاش گۆڕینی وزەی خەڵوز بە نەوت لەلایەن کەشتیگەلی بەریتانییەوە، بایەخی پەیداکرد). لە بەرەی سینا، پەلاماری عوسمانییەکان بۆسەر کەناڵی سوێس، حکومەتی بەریتانیای لە لاوازیی خۆی بەئاگا هێنایەوەو ساڵانی ١٩١٥-١٩١٦ بنیاتنانەوەی وردە وردەی هێزەکانی ئەوێی بەخۆوەبینی کە خۆی بۆ پەلامار ئامادە دەکرد.

هەرچەندە ئامانجی سەرەکیی هاوپەیمانان دەردەنێل بوو-کە لە رووی ستراتیژییەوە دروست بوو- دەبوایە هێرش بکرایەتە سەر تەنگەکان و ئەستەمبوڵ داگیر بکرایە، بەوەش بە

[20] "قوشچو باشیزادە ئەشرەف بەگ" کە ئەندامی رێبەرایەتیی "رێکخراوی مەخسووسە" بوو یۆنانییە عوسمانییەکانی وەك "لویەکی شێرپەنجەی ناوخۆ" دەناساند کە پێویستە ریشەکێش بکرێت. دکتۆر محەمەد رەشیدیش، والی بەدناوی دیاربەکر، کێشەکەی وەك هەڵبژاردنێك لەنێوان کوشتنی نەخۆش و نەخۆشەکە پێکەوە یاخود وێرانکردنی نەتەوەی تورك بەدەستی شێتە پیاوان" دەبینی، بڕوانە:
Mithat Şükrü Bleda (1979) *İmparatorluğun çöküşü*, Istanbul: Remzi, 61.

گورزێك ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە دەستکەوتنی هاوکارییەکانی لە ئەڵمانیا دادەبڕن و ئەگەری دابینکردنی پێویستییەکانی بەرەی روسیا و بەهێزکردنی گونجاو دەبێت. هەروەها دەگونجێت ئەم ستراتیژییە دەوڵەتانی ڕاڕای بالکان بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی بە هاوپەیمانانەوە پەیوەستبن. پاش ئەو بنبەستەی کە لەبەرەی رۆژئاوا هاتبووە پێش، واپێدەچوو ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بێت بۆ ئەوەی ئەڵمانیا لە دەرگای پشتەوە تێکبشکێنرێت.

یەکەمین هەوڵ بۆ پەلاماری تەنگەکان لە ماوەی فێبرایەرو مارتی ١٩١٥دا درا. ئەمە بە تەواویی ئۆپەراسیۆنێکی دەریایی بوو کە تێیدا کەشتیگەلی جەنگیی فەرەنسیی و بەریتانیی هەوڵی بێدەنگکردنی دەستەی تۆپخانەی عوسمانییان دەداو خوازیاری هەڵگرتنەوەی کێڵگە مینەکانی دەردەنێل بوون. بەڵام کاتێك لە ١٨ی مارتدا دەرکەوت زیانێکی قورس دەدەن، ئۆپەراسیۆنەکە هەڵوەشێنرایەوەو بڕیاردرا کە هێرشێکی وشکاوەکیی ئەنجامبدەن، بەوەی هێزەکانیان لە کەنارەکانی ئاسیای بچووك و نیمچە دورگەی گالیپۆلی دابەزێنن. یەکەمین دابەزاندنی هێزەکان لە ٢٥ی ئەپرڵدا روویدا. هێزە سەربازییە بەریتانیی و ئوستراڵییەکان ژمارەیەك کەناری ناوچەکانیان داگیر کرد بەڵام پێش ئەوەی بگەنە لوتکەی ئەو زنجیرە بەرزاییەی بەسەر نیمچە دورگەکەدا دەڕوانێت، شەڕیان لەگەڵدا کراو ناچارکران بوەستن. هەروەها دابەزینی هێزی نوێ لەئوتدا نەیتوانی دزە بکات، هەربۆیە سوپای هاوپەیمانان ناچاربوون ئەو شوێنە چۆڵبکەن. بۆ عوسمانییەکان ئەم سەرکەوتنە بەسەر بەریتانییەکاندا سەرچاوەیەکی مەزنی شانازیی نەتەوەیی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شەڕەی لەگالیپۆلی روویدا تاڕادەیەکی زۆر زیانی جەنگەکەی پێگەیاندن، لەوانەیە کە زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠ قوربانییان هەبێت.[٢١]

هەروەها سەرکەوتنی سەرەکیی دیکەی سوپای عوسمانیی لە ساڵی ١٩١٦دا بوو، تیپە سەربازییەکانی سوپای هیندیی بەریتانیی، ئەوەی بە کەناری رووباری دیجلەدا بە ئاراستەی بەغدا هەڵدەگەڕا، دەورەدراو ناچار کرا لە ژوئیە لە کوت ئەلعەمارەدا خۆی بەدەستەوە بدات و ١٣٠٠٠دیلی لێگیرا. "ژێنەڕاڵ تاوزەند"ی فەرمانددەی ئەو هێزە تا دوا ماوەی جەنگی لە

[21] Robert Rhodes James (1965) *Gallipoli*, London: Batsford, 348: (Alan Moorehead (1989) *Gallipoli*, London: Andre Deutsch, (first edition 1956), 300). Edward J. Erickson (2001) in *Ordered to die: a history of the Ottoman army in the First World War*, Westport: Greenwood, 237

ئەستەمبوڵ بردەسەر. سەربازەکانیش لە کامپی دیلەکان لە ئەنەدۆڵ دەیانگوزەراند، ئەوانەی کە لەویّ زۆربەی کات بێگاریان پێدەکرا.

یەکە سەربازییە عوسمانییەکان تەنیا لەسەر قەڵەمڕەوی عوسمانیی نەدەجەنگان، بەڵکو لەسەر داوای سوپاسالاری ئەڵمانیی، ئەوانە بۆ یارمەتییدانی ئەڵمان و نەمساییەکان رەوانەی رۆمانیا و گالیسیا و بولگاریا لە مەکەدۆنیا دەکران. ناردنی ئەم هێزانە بۆ ئەوروپا بارێك بوو کە ئیمپراتۆرییەکە بە ئەستەم دەیتوانی لەژێری دەرچێت، چونکە لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٩١٦ەوە شتەکان لە تێکڕای بەرەکاندا بە ئاراستەیەکی نالەباردا رۆیشتن. روسەکان پێشڕەوییان بەرەو ئەنەدۆڵ بەردەوام بوو، دواجار تەرابزۆن، ئەرزڕۆم و ڤانیان گرت، بەخشینی چەك و زێڕو بەڵێنی سەربەخۆیی لەلایەن بەریتانییەکانەوە، "شەریف حوسێنی" فەرمانڕەوای میراتگری عوسمانیی لە مەککە هاندا جەنگێکی عەرەبیی بۆ سەربەخۆیی دەستپێبکات. لەسەرەتادا ئەم جەنگە جگە لە بێزارکەرێك بەولاوە شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام بە هاوکاریی ئەفسەرانی بەریتانیی و تفاقی سەربازیی وردە وردە بەدرێژایی دوو ساڵی داهاتوو بووە مەترسییەکی بایەخدار. لە هەمان کاتدا، سوپای بەریتانیی توانی پێگەی خۆی لە میسۆپۆتامیادا و هەروەها لەبەرەی فەلەستیندا بەهێز بکات.

لەمارتی ١٩١٧دا یەکە سەربازییە بەریتانییەکان بەغدایان گرت و بەرەو سەرووی رووبارەکە کشان. لە فەلەستین دوو هەوڵی بەریتانییەکان لە بەهاردا بۆ دزەکردن لە غەزەوە شکستهێنا. سوپای عوسمانیی لەدەست برسێتیی و نەخۆشیی دەیناڵاند. لە زستاندا رشك و ئەسپێی قژو نێو جلەکان، تیفۆیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرت. دەتوانرا ئەوانە بەهۆی پاکردنەوەی تەواویی سەربازەکان و گەرمکردنی جلەکانیان قەڵاچۆ بکرێن، بەڵام ئەوە پێویستی بە ئاوو سووتەمەنیی هەبوو کە چنگ نەدەکەوت. لەهاویندا مەلاریا بڵاوبووەوە، بەتایبەت لە دەشتە کەنارییە شێدارەکاندا یاخود لەوناوچانەی ئاوی وەستاویان لێبوو. لەکۆتایی هاوین و سەرەتای پایزدا، بەهۆی پیسبوونی ئاوی خواردنەوە، کۆلێرا بڵاوبووەوە. ئەوەی مەزنترین پەتای کوشندە بوو. سەرباری ئەوەش، کەمیی ڤیتامین، نەخۆشیی ئەسکەرپوت(هەڵئاوسانی پووك و خوێنبەربوونی/سەردەشتیی) لێکەوتەوە. بەگشتیی، سوپا تاڕادەیەکی باش پڕچەك کرابوو(بە چەکی ئەڵمانیی و هێندێکیش بەلچیکیی و روسیی) ،بەڵام لە رووی پێویستییەکانی ئازووخەوە پەرێشان بوو. لە ساڵی ١٩١٧دا، سەربازەکان بەرگی دڕاو و پەڕپوتیان لەبەردا بووو زۆربەیان بە پێخاوسیی رێیان دەکرد. رەوشەکە فرە بەد بوو بەچەشنێك سەربازان بەپۆل لە سوپا هەڵدەهاتن. شتێکی نائاسایی نەبوو بۆ یەکە

سەربازییەکان کە لە ڕێگەی ئەستەمبوڵەوە بۆ بەرەکان (ئەوەی گەشتی مانگ‌و نیوێك بوو) نیوەی ژمارەی هێزەکانی خۆیان یان زیاتر لەدەست بدەن. لەکۆتایی جەنگدا نزیکەی نیوملیۆن سەربازی هەڵاتوو هەبوو.[22] لەساڵی ١٩١٦دا سوپا لە لوتکەی هێزیدا ٨٠٠,٠٠٠ سەربازی ڕاگرتبوو، لەساڵی ١٩١٧دا ئەو هێزەی بۆ نیوە دابەزی‌و لە ساڵی ١٩١٨دا تەنیا سەدهەزار سەرباز لە مەیدانی جەنگدا مایەوە. گرفتی سەرەکیی بریتیبوو لە نەبوونی تەواویی ئاسانکارییەکانی گواستنەوە بوو. ڕێگای ئاسنیی هێشتا تاکە فارگۆن بووو بەنێو زنجیرە چیاکانی تۆرۆس‌و ئەمانۆسدا تێنەدەپەڕی، هەربۆیە ڕێگەیەکی ئاسنیی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەنەدۆڵ(هەروەها پایتەخت) لەگەڵ بەرەکاندا نەبوو، ئەمە مانای ئەوە بوو–وەك نموونەیەك– ئەو تەقەمەنییانەی لە ئەڵمانیاوە دەهێنران دەبووایە تا دەگەیشتە بەرەی فەلەستین زیاتر لە دوازدە جار باربکرێن‌و دابگیرێنەوە. لەبری ئەوەی توانای بەرگریی بەرەکان بەهێز بکرێت، کاردانەوەی ئەڵمانیی بەپێچەوانەوە بریتیبوو لە ئامادەباشیی بۆ ئەنجامدانی دژەهێرشێك بۆ سەر بەغدا، ئەوەی هێزێکی نوێی بەناوی "یلدرم/بروسکە" لە حەلەبەوە بۆ کۆکرایەوە بە فەرماندەیی "ڤۆن ڤالکنهاین"ی سوپاسالاری پێشووی ئەڵمانیی. زیاتر لە ١٣٠٠٠سەربازی ئەڵمانیی ڕەوانەی حەڵەب کرا، بەڵام کاتێك گەیشتن ، هەلومەرجەکەی فەلەستین هێندە دژوار بوو، کە لەبری بەغدا، ئەوانە ڕەوانەی ئەوێ کران. وێڕای ئەوەش، سوپای بەریتانیی لە هێڵی غەزەوە لە دیسەمبەردا دزەی کردو تەنیا پێش جەژنی سەری ساڵی ١٩١٧دا ئۆرشەلیمی گرت.

تەنیا پەرەسەندنێکی ئەرێیی ئەو ساڵە لە دیدی عوسمانییەکانەوە ئەوە بوو کە پاش شۆڕشی ڕوسیی لە نۆڤەمبەری ١٩١٧(مەبەستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە بە ڕۆژژمێری گریگۆریی/سەردەشتیی)، دەوڵەتی عوسمانیی داوای ئاگربەستی کرد. لەو دانوسانە ئاشتییانەی کە پاشتر لە برێست لیتۆڤێسك(دیسەمبەر– مارتی ١٩١٨) ئەنجامدرا، ڕوسەکان ڕازیبوون کە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات چۆڵبکەن، بەو ناوچانەشەوە کە لە ساڵی ١٨٧٨داگیریان کردبوو، بەڵام لەو کاتەدا کە دانوسان لە برێست بەردەوام بوو، سوپای ڕوسیی لە ئەنەدۆڵ هەڵوەشابووەوەو هێزەکانی تورك ناوچەکانی بندەستیانی دەگرتەوە. بەرگرییەکی فرە سەخت لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە بەرووی تورکاندا کرا، ئەوانەی کە ڕوسەکان نها دەستیان

---

22 . Ahmed Emin [Yalman] (1930) *Turkey in the world war*, New Haven: Yale University Press, 262.

لێهەڵگرتن. هەزارەها ئەرمەنیی دیکە لەگەڵ سوپای روسدا بەرەو رۆژهەڵات پاشەکشەیان کرد.

پاش شۆڕشی روسیی، لە دیسەمبەری ١٩١٧دا، دەستەی دژە بەلشەفییەکان لە جۆرجیا، ئەرمینیا، ئازەربایجان، کۆماری قەفقاسیایان دامەزراند کە پایتەختەکەی لە تبلیسی بوو. ئەم کۆمارە ئەوەی رەتکردەوە کە دان بە گەڕانەوەی سنوورەکەی ساڵی ١٨٧٦دا بنێت، هەربۆیە سوپای عوسمانیی بەهێز ناوچەکەیان داگیرکردو حکومەتی عوسمانیی داواکارییە زەمینییەکانی خۆی بۆ ئەو دیوی ئەو ئاستە بەرزکردەوە کە لە بریست لیتۆڤیسکدا لەسەری رێکەوتبوون. شۆڕشی روسیی پاڵنەرێکی بە هێزە پان تورکیستەکان بەخشیی و ئەنوەر پاشا نها خۆی بەتوندیی لایەنگریی لە هزری دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی نوێ دەکرد کە بە یەکگرتن لەگەڵ ناوچە تورکییەکانی ئاسیای ناوەند، قەرەبووی لەدەستچوونی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە. وێڕای ئەو رەوشە مەترسییدارەی لە بەرەی میسۆپۆتامیا و فەلەستیندا لەئارادابوو، ئەو هێزانەی لە گالیسیا گەڕابوونەوە لەجیاتی ئەوەی رەوانەی باشووریان بکات، کەچی ناردنیە قەفقاس. کاتێک کۆمارەکەی قەفقاس لە مایۆی ١٩١٨دا رووخا، ئەڵمانەکان کە بەرژەوەندیی بنەڕەتییان لەوەدا بوو دەست بەسەر بیرە نەوتەکانی باکۆدا بگرن، هەوڵیاندا لغاوی عوسمانییەکان بکەن، بەڵام ئەنوەر فشاری لە هێزە سەربازییە عوسمانییەکان کردتا ئازەربایجان لە سێپتەمبەردا داگیر بکەن. بەلشەفییەکان، بەناڕەزایەتییەوە ئامادە نەبوون شان بخەنە ژێر باری رێکەوتننامەی برێست– لیتۆڤیسک، بەڵام لە رووی کردارییەوە شتێکی زۆر کەم نەبێت پێیان نەدەکرا.

ئەو کاتەی سوپای عوسمانیی چوونە باکۆ، جەنگەکەیان نزیکەی دۆڕاندبوو. لە ٨ی ئوت بەرەوسەر، سوپای ئەڵمانیی لە فەرەنسا بەهێواشیی، بەڵام نەبەزانە ناچارکران پاشەکشە بکەن. لە ٢٠ی سێپتەمبەردا، سوپای بەریتانیی بەشێوەیەکی بەرچاو دەلاقەیان کردە بەرەی فەلەستینەوە لەشەڕی "مەجیدۆ"و پاشماوەی سوپای عوسمانیی گەڕانەوە باکوور. هەڵمەتێکی سەربازیی بەریتانیی–فەرەنسیی لە سالۆنیکا لە ٢٩ی سێپتەمبەردا بولگارییەکانیان تێکشکاند، ئەوەی لە ساڵی ١٩١٥دا بەهێزەکانی ناوەندەوە پەیوەست ببوو بەستینێکی لەنێوان ئەڵمانیا و نەمسا و ئیمپراتۆریی عوسمانیی پێکهێنابوو. بولگاریا لە ٢ی ئۆکتۆبەردا خۆی دا بەدەستەوە.

حکومەتی یەکێتییخوازان ئەمێستا درکی بەوە کرد کە جگە لە داوای ئاگربەست چارەیەکی دیکە لەبەردەمدا نیە. هەروەها پێشبینیی ئەوەی کرد کە دانوسانێک کە سەرکردایەتیی

دەورانی جەنگی گرتبێتەخۆ(ئەو ئەندامانەی کە هاوپەیمانان بە تاوانباری جەنگ لە قەڵەمیان دەدان) فرە سەخت دەبێت. لەبەرئەوە کابینەکە دەستی لەکارکێشایەوەو کابینەیەکی دیکە بە سەرۆکایەتیی ژێنراڵ ئەحمەد عیزەت پاشا شوێنی گرتەوە. پاش گفتوگۆیەکی سەرەتایی کە ژێنراڵ تاوزەند ناوبژیوان بوو، ئاگربەست لەنێوان نوێنەرانی عوسمانیی بە سەرکردایەتیی حوسوین رەئوف"ئۆربەی"و هەروەها فەرماندەی یەکی دەریایی بەریتانیی کە لە مۆدرۆس لەدەریای ئیجەدا لەنگەری گرتبوو، لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا مۆرکرا.

## سیاسەتەکانی چاکسازیی ١٩١٣-١٩١٨ : گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان

(ك.ی.پ) ئەو دەسەڵاتە قۆرخکراوەی بەکارهێنا کە لە یەنایەری ١٩١٣دەستی کەوتبوو و هەروەها ئەو راستییەی کە لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی جیاوگەکان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٤(ئەو بۆ یەکەمجار لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا گەورەی ماڵی خۆی بوو) بۆ سەپاندنی بەرنامەیەکی چاکسازییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان.

بەشێك لەم پرۆگرامە بایەخی بە چاکسازیی کارگێڕیی دەدا، پێش هەموو شتێك لەنێو سوپادا. هەروەك بینیمان، لە یەنایەری ١٩١٤دا، ئەنوەر، پاڵەوانی رزگارکردنی ئەدرنە، دووجار پلەکەی بەرز کرایەوە، پلەی پاشای پێدراو کرایە وەزیری جەنگ. هەرزوو پاش ئەوەی دامەزرێنرا، دەستیکرد بە رێکخستنەوەی بەفراوانی سوپا. بەشێکی مەزنی دەستەی ئەفسەرانی بەتەمەن لەنێو سوپادا لابران و نێردەیەکی سەربازی ئەڵمانیی کە لە ٧٠ ئەفسەر پێکدەهات و لەلایەن ژێنراڵ "لیمان ڤۆن ساندەرس" ەوە سەرکردایەتیی دەکرا کە ئەرکی چاکسازیی لە سوپادا خرایە ئەستۆ. بە پێچەوانەی نێردە سەربازییەکەی جاری پێشوو، ئەندامانی ئەم نێردەیە فەرماندەیی راستیینەیان پێدراو هەروەها لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا ژمارەیان دەهێندە زیادی کردو بوونە زیاتر لە ٧٠٠ ئەفسەر.[٢٣] ئەمانە دەسەڵاتێکی مەزنیان پێدرا. "برۆنسارت ڤۆن سکیلندرۆڤ"ی ئەفسەری ئەڵمانیی کرایە سوپاسالارو تەنانەت راستەوخۆ خرایە بندەستی ئەنوەرەوە.

هەروەها هەوڵی نوێ بۆ چاکسازیی کارگێڕیی هەرێمەکان و زیاتر کاراکردنیان لە ئارادابوو، لەکاتێکدا چەند هەنگاوێك بە دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر هەرێمەکاندا هەبوو.

---

[23] Jehuda L. Wallach (1976) Anatomie einer Militärhilfe: die preussisch– deutschen Militärmissionen in der Türkei 1835–1919, Düsseldorf: Droste, 246.

لەم بوارەدا سیاسەتەکانی (ك.ی.پ) لە سالانی ١٩١٣-١٩١٤ پێچەوانەی ئەو پێنج ساڵەی پێشوو بوو. ئامانج لە سیاسەتی ناناوەندگەرایی لەبنەڕەتدا راکێشانی عەرەب بوو بۆ پاڵ رژێم کە ئەمێستا تاڕادەیەکی زۆر مەزنترین کەمینەی ئیمپراتۆرییەکە بوون و ئەم سیاسەتانە تەنیا بە شێوەیەکی رێژەیی سەرکەوتووبوون، لەکاتێکدا زۆربەی خانەدانانی عەرەب پشتگیریی یەکێتییخوازانیان دەکرد، گروپە جیاخوازە عەرەبەکان وەك "ئەلعەهد/پەیمان" کە لەلایەن کۆنە ئەفسەرێکی یەکێتییخواز بەناوی "عەزیز عەلی میسریی"ەوە رێبەرایەتیی دەکرا،خەریکی هاندان و وروژاندنەکانیان بوون.

کایەیەکی دیکە بریتیبوو لە سێکیولاریزەکردنی زیاتری دادوەریی و سیستمی فێرکردن، هەروەها لاوازکردنی زیاتری پێگەی عولەما. لەساڵی ١٩١٦دا، شەیخولئیسلام پایەبڵندترین کەسایەتیی ئاینیی لە کابینە لابراو لەماوەی ساڵێك پاشتردا دەسەلاتی یاسایی لە هەموولایەکەوە سنووردار کرا. لە ساڵی ١٩١٧دادگاکانی شەریعەت خرایە بندەستی وەزارەتی "سێکیولاری" دادەوە. کۆلێجە ئاینییەکان(مەدرەسە)هێنرایە بندەستی وەزارەتی فێرکردن و وەزارەتێکی نوێی دەزگا ئاینییەکان بۆ بەرێوەبردنی "وەقف" دامەزرێنرا. لەهەمان کاتدا، پرۆگرامەکانی خوێندنی خوێندنگەکان مۆدێرنیزە کرا. تەنانەت خوێندنی زمانە ئەورووپییەکانیش کرانە ناچاریی.

یاساکانی خێزان لەبواری شەریعەتدا مایەوە، بەلام تەنانەت دزە کرایە ئەم قەلا سەختەی دەوڵەتی ئیسلامیشەوە. لەساڵی ١٩١٣دا، یاسایەکی نوێی میرات کە پشتی بە دەقە یاساییەکانی ئەڵمانیی دەبەست هێنرایە ئارا. لەساڵی ١٩١١دا، یاسایەك بۆ رێکخستنی کاروباری داد لە دادگا ئاینییەکاندا هێنرایە ئاراو بڕیارێکیش سەبارەت بە یەکشێوەیی یاسای خێزان بۆ تەواوی رەعییەتەکانی عوسمانیی دەرچوو. کە لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنێکی هاوچەرخانەی رێکخستن لە چوار ئاینزا دروستکارەکەی ئیسلامەوە دارێژرابوو، یاساکە ژمارەیەك هەموارکردنی بۆ ناموسوڵمانەکان لەخۆگرتبوو.

رەوشی ژنان بەشێکی بەهۆی سیاسەتەکانی (ك.ی.پ)و بەشێکی دیکەش لە ئاکامی کاریگەریی جەنگی یەکەمی جیهانیی، گۆڕانی بەسەردا هات، لانی کەم سەبارەت بە ژنانی چینەکانی ناوەڕاست و سەرەوە کە لە شارەکاندا دەژیان. مافی ژنان بۆ جیابوونەوە لە مێردەکانیان بەشێوەیەك فراوان بووەوە، بەلام فرەژنی هەرگیز قەدەغە نەکرا. لە سایەی یاسای خێزانیی ساڵی ١٩١٧، گرێبەستی ژن و مێردایەتیی دەبوایە لەبەردەم قازییدا پێکبهاتایە و تەمەنی کچانیش بۆ شووکردن دەبوو لە سەرو ١٦ ساڵییەوە بێت(هەرچەندە

قازیی دەیتوانی چاو بپۆشێت). تورکە لاوەکان هانی ژنانیان دەدا کە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا بەشداریی بکەن، هەروەها ژنانی چینە ناوەندیی و بەرزەکان خەریك لەگەڵ مێردەکانیان لە شوێنە گشتییەکاندا دەردەکەوتن و سەردانی شانۆو کۆنسێرتە مۆسیقییەکانیان دەکرد. لە یانـــە نەتەوایەتییـــە تورکییـــەکانی "جولانـــەوەی خانـــەی تـــورك"(بڕوانـــە گەنگەشـــە ئایدۆلۆژییەکان) ژنان تەنیا گوێیان لە گوتارەکان نەدەگرت، بەڵکو هەروەها گوتاریشیان دەدا. لە هەموو ئەمانە گرنگتر بریتیبوو لەودەرفەتانەی لەبواری فێرکردندا لەلایەن رژێمی یەکێتییخوازانەوە هێنرابووە ئارا. کچان سوودیان لە گەشەسەندنی ژمارەی خوێندنگەکان لە ئاست و قۆناغی جۆراوجۆردا وەرگرت. زێدەباری ئەوەش، خوێندنی سەرەتایی بۆ کچان لە ساڵی ١٩١٣دا کرایە ناچاریی. هێندە پەیوەندیی بە خوێندنی باڵاوە هەیە، ئەوە یەکەمجار بە کۆلێجی راهێنانی مامۆستایانەوە پەیوەست بوو(کە پاش ساڵی ١٩١٣ بەخێرایی فراوان بووەوە). هەرچەندە لە ساڵی ١٩١٤بەرەوسەر، لە زانکۆی ئەستەمبوڵ چەند کۆرسێك بۆ ژنان کرایەوە.

ژمارەیەك ژنانی عوسمانیی پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی کاریان پێدرا، هەرچەندە رێژەیەکی سەدیی تاڕادەیەك بەرز لە هێزی کاری دەزگا بچووکە پیشەسازییەکان لە ژنان و منداڵان پێکدەهاتن. وەك لە هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی لە جەنگەوە گلابوون، کەمی هێزی کاری پیاو کە بەهۆی کۆکردنەوەی پیاوان بۆ جەنگ هاتبووەئارا، لە رێگەی ژنانەوە قەرەبوو کرایـــەوە، ئـــەوەش هـــانی تێکـــەڵبوونی خێراتـــری ژنـــانی بـــۆ بـــازاڕی کـــار دا. هـــەروەها یەکێتییخوازان کۆمەڵەیان پێکهێنابوو بۆ دامەزراندنی ژنان لەسەر کار بەناوی"کادینلەر چاڵشتیرمە جەمعیەت/کۆمەڵەی خستنەسەرکاری ژنان"، ئەو کۆمەڵەی هەوڵی دەدا ژنان بۆ کایە پیشەسازییەکان کۆبکاتەوەو رەوشی کارکردنیان رێکبخات.[24]

تەواو بەدەر لە نێوەرۆکی سیاسەتەکانیان، تێکڕای شێوازی سیاسەت کە بە تەواویی لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی فەرمانڕەوایەتیی (ك.ی.پ) گۆڕانی بەسەردا هات. یەکێتییخوازان خوازیاری ئامادەباشیی هەموو سەرچاوەکانی ولات بن لەرێگەی دامەزراندنی رێکخراوە نەتەوەییەکان کە ناوی "میللی" لێنرا. لە هەموویان بایەخدارتر بریتیبوو لە "مودافوعەی میللی جەمعیەت/کۆمەڵەی بەرگریی نەتەوەیی" کە لە ساڵی ١٩١٣دا لە پێناو پێکهێنانی "بەرەیەکی ناوخۆ" لەماوەی جەنگی بالکاندا، دامەزرێنرا. بەشدارییکردن لە سیاسەتدا

---

[24] Zafer Toprak (1988) ‘Osmanlı Kadınları Çalıştırma Cemiyeti: Kadın askerler ve Millî Aile’, *Tarih ve Toplum*, 9 (51), 34–8.

فراوانتر بوو، گەمەی سیاسەت کەمتر لە چوارچێوەی دەستەبژێردا قەتیس مابوو، لەهەمان کاتیشدا توندوتیژتر ببوو. دواجار بەشێکی گرنگ لە بەرنامەی چاکسازییەکان لە پاش ساڵی ١٩١٣ جێبەجێکرا کە خۆی لە رزگارکردنی ئابووریی لەدەستبەسەراگرتنە بیانییەکان و کریستیانییە عوسمانییەکانی دەبینێتەوە.

## دارایی و ئابووریی: لە لیبرالیزمەوە بۆ ناسیونالیزم

رێکەوت نەبوو کە "محەمەد جاوید بەگی" یەکەمین یەکێتییخوازی راستەقینەو شارەزاو پسپۆڕیی دارایی بچێتە کابینەوە، ئەوەی کە لە ژونی ١٩٠٩دا بووە وەزیری دارایی. یەك لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی جوڵانەوەی تورکە لاوەکان بریتیبوو لە تووڕەیی ئەندامە لاوەکانی چینی فەرمانڕەوا لەو رەوشە ئابوورییە نزیك بە ئیمپریالیستییەی کە ئیمپراتۆرییەکەی تێدا نوقم بووە. (ك.ی.پ) فرە هەستی بە پێویستی بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووریی دەکرد ئەگەر شۆڕشەکە پێویست بکات ئاکامێکی بەرهەمداری هەبێت. لەماوەی نێوان شۆڕشەکەو هەڵگیرساندنی جەنگی بالکاندا، هەوڵیاندا ئەمە لە رێگەی چاکسازیی و دانوسانەوە بەدەستبێنن.

نزیککەوتنەوەی یەکێتییخوازان لە رەوشە ئابوورییەکە لە دیدێکی سونەتیی لیبراڵانە بووە. ئەوان هەوڵی هاندانی گەشەسەندنی بازرگانیی و پیشەسازییەکاندا لە رێگەی هەڵگرتنی لەمپەرە سونەتییەکان و هاوچەرخکردنی یاساکانی مامەڵەو موڵکایەتیی(بۆ نموونە یاسای زەوی ساڵی ١٩١١و یاسای میراتیی لە ساڵی ١٩١٣دا). (ك.ی.پ) پشتگیریی لە بازرگانیی ئازاد دەکردو هێشتا پێگەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی وەك وەبەرهێنێکی دەرەکیی کەرەسەی خاو نەدەبینی، لە رەوشێکی لاوازیی بنەڕەتیدا لە وڵاتە لیبراڵەکانی وەك ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکا، وەك هۆکارێکی سیاسەتی بازرگانیی. بەلای جاویدەوە، سەرمایەگوزاریی بیانیی و هاوردەکردنی شارەزاییە بەڕێوەبەرییە بیانییەکان بایەخی یەکەمی هەبوو، هەربۆیە بە تەواوی توانایەوەو لە هەرجێیەك بۆی بکرایە هانی دەدا. تەنانەت لە حکومەتی یابانیش نزیك بووەوە( یابان نموونەی بالای زۆربەی تورکە لاوەکان بوو) لەپێناو خواستی شارەزاو پسپۆڕاندا.

لەنێوخۆدا (ك.ی.پ) پاڵی بەسەرمایەدارییەوەدا، ئەمەش لەو شێوازەدا ئاشکرا دەبێت کە نائارامییەکی کۆمەڵایەتیی و مانگرتنەکانی لە ساڵانی پاش ١٩٠٨دا پێ سەرکوتکردو هەروەها لەو یاسایانەدا کە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کرێکاران دەریکردن. کە تێیدا

پشتی خاوەن کارو سەرمایەدارەکانی دەگرت. (ک.ی.پ) لە لادێکاندا، مافی موڵکایەتیی موڵکدارانی دەپاراستو لەو دەمەدا چالاکانە هانی مۆدێرنیزەو هەروەها وەبەرهێنانی سەرمایەگوزارییان لەبواری کشتوکاڵدا دەدا(لە ڕێگەی پرۆژەکانی ئاودێریی، کارکردنی لەژێرخانی ئابووریی، ئاسانکاریی قەرزبەخشین) کەچی هەوڵی دابەشکردنی زەویوزارو کۆتاییهێنانی کاری سێیەك بەریی.

حکومەت لە کاتێکدا هانی بازرگانیی دەرەکییو وەبەرهێنانی دەدا. هەروەها هەوڵی دانانی ژووری دارایی خۆی دەدا تا پشکنینو باج کۆکردنەوە باش بکات. لە ئاکامدا داهاتی حکومەت بەڕێژەی نزیکەی ٢٥ لەسەدا بەرزبووەوە. لە دیسەمبەری ١٩٠٩دا،جاوید یەکەمین بودجەی واقیعییو هاوچەرخی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بڵاوکردەوە بێئەوەی گرفتە داراییەکانی وڵات بشارێتەوە. ئەوەش بەدڵنیاییەوە، مانای هەڵسەنگاندنی خەرجییەکانیش بەرزببووەوە. یەکێتییخوازان هیواداربوونو تەنانەت چاوەڕێی ئەوەشیان دەکرد کە کۆکردنەوەی لیبرالیزمو سیاسەتێکی بەرپرسانەی دارایی، ڕێزو هاوکاریی هێزە ئەوروپییەکانی بۆ بەدیدەهێنێت، بۆئەوەی پاش ئەوە ئامادەباشیی بکەن لەپێناو لابردنی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتانەی ناچاربوون لە سایەی سیستمی جیاوگەکاندا بۆ ئەوروپییەکانی بسەلمێنن و ئیمپراتۆریی عوسمانیی بە چاوێکی یەکسان سەیر بکرێت.

لەم چاوەڕوانیانەدا بێهیوا بوون. بە هێنانەکایەی دەستوور وەبەرهێنانی بیانیی بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی نەگرت. بەپێچەوانەوە، بیانییەکان لە نەتەوەگەرایی ڕژێمە نوێیەکە سڵەمینەوە. دانوساندنەکان لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکاندا سەبارەت بەهەموارکردنی سیستمی جیاوگەکان یاخود هەڵگرتنی نەگەیشتنە جێیەك، تەنانەت ئەو هەوڵەش بۆ بەرزکردنەوەی گومرگی سنوورەکان بە ڕێژەی ٤ لەسەدا لەسەرەتادا لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە پوچەڵ کرایەوە. لەمپەری مەزن بریتیبوو لەوەی کە فەرەنساو بەریتانیای مەزن پێدانی قەرزیان بە ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەو شێوەیەی کە ساڵی ١٩١٠ لەسەری پێکهاتبوون، ڕەتکردەوە. زۆربەی قەرزەکانی عوسمانیی خرابووە بازاڕەکانی ئەوروپاوە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لە پاریس، لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە کە بانکی ئەنگلۆ–فەرەنسیی عوسمانیی سەرکردایەتیی دەکرد. هەر لەساڵی ١٨٨١ هەموو ئەمانە لەلایەن لیژنەی کارگێڕیی قەرزە گشتییەکانەوە زامنکرا کە لە حکومەتی عوسمانیی زیاتر متمانەپێکراو بوو.

لەماوەی ١٩٠٩–١٩١٠دا، حکومەتی عوسمانیی دووبارە پێویستی بە پارە قەرزکردن بووەوە. ژمارەیەکی زۆر کارمەندانی دەوڵەتی خانەنشین کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ

کەمکردنەوەی کارمەندەکانی دیکەی دەزگا دەوڵەتییەکان. لە ماوەیەکی کەمدا پارەی زۆر دەویست، هەروەها پێگەی مەحموود شەوکەت پاشا وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەمانای بێدەسەڵاتی جاوید بوو لە جڵەوکردنی بەرزبوونەوەی خێرای خەرجییە سەربازییەکان. هەربۆیە پەنای بۆ فەرەنسا برد تا بڕی ١١ پۆندی تورکیی قەرز بکات، بەڵام مەرجەکانی بانکی عوسمانیی لەگەڵ سەروەریی و سەربەخۆیی ئیمپراتۆرییەکە نەدەگونجا و لەلایەن جاویدەوە رەتکرایەوە، ئەوەی مانای ئەوەبوو کە زامنکردنی قەرزەکە لەلایەن کارگێڕیی قەرزی گشتیی عوسمانییەوە کراو رێگە بە چاودێریی فەرەنسییش بۆ دارایی قەرزی عوسمانیی درا. لە ئاکامدا دانوساندنەکان لەگەڵ بانکی عوسمانییدا تێکچوو. پاش ماوەیەکی کەم ، جاوید خوازیار بوو لەگەڵ یەکێتییەکی دیکەی کۆمپانیا فەرەنسییەکاندا رێکەوتن بکات. بەڵام حکومەتی فەرەنسیی ویستی تورکە لاوەکان لە شوێنی خۆیاندا راگرێت و ئەوەیان رەتکردەوە کە رێگە بدرێت قەرز لە بازاڕی دراوی فەرەنسییدا کاری پێبکرێت. لەمەشدا ، لەلایەن بەریتانییەکانەوە پشتگیریی کرا. لەم ساتە هەستیارەدا بانکی ئەڵمانیی بەفەرمانی حکومەتی ئەڵمانیی خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتاند وایکرد عوسمانییەکان بزانن کە ئەو بانکە ئامادەیە قەرز بە عوسمانییەکان بدات بێ هیچ مەرجێك. وەك پێویست رێکەوتننامەیەك مۆرکرا، پێگەی جاویدی پاراست و رێزو پێزانینێکی زۆریشی لە ئەستەمبوڵ بۆ دەوڵەتی عوسمانیی لێکەوتەوە.

خەڵکانێکی کەم هەبوون کە سەرنجیان بۆ پێگەی نیمچە کۆلۆنیی ئیمپراتۆریی عوسمانیی راکێشاوە و هەروەها سەبارەت بە ساکاریی ئابووریی سیاسەتە ئابوورییەکانی تورکە لاوەکان کە لایەنگریی لە سیاسەتێکی ئابووریی نەتەوەیی زیاتر دەکرد. لەسەرووی هەموویانەوە "ئەلیکسەندەر هیلفاند"ە کە بە "پارڤوس"یش ناسراوە. هیلفاند جووەکی روسیی بوو کە بۆ ئەڵمانیا کۆچی کردبوو، لەوێش بە جوڵانەوەیەکی سۆشیالیستییەوە پەیوەست بوو.

دوای شۆڕشی روسیا لە ساڵی ١٩٠٥، ئەو گەڕابووەوەو لە شورای سانبترسبۆرگ لەگەڵ ترۆتسکیدا راژەیان دەکرد. لەپاش ساڵی ١٩١٢، ئەو ئەرکی رۆژنامەوانیی، سیخوڕیی بۆ ئەڵمانیا، مامەڵەی چەك و مارکسێتیی تێکەڵ بەیەك کردبووو لە ئەستەمبوڵ نیشتەجێ بوو، ئەو وەك مارکسیستێکی دروستکار لایەنگریی لە شۆڕشێکی سۆشیالیستیی لەنێو ئیمپراتۆرییەکەدا نەدەکرد(وای دەبینی کە شۆڕشی سۆشیالیستیی ناکرێت لە وڵاتێکدا ئەنجامبدرێت کە پرۆلیتاریای پیشەسازیی تێدا نیە). بەڵام لە ژمارەیەك گوتاری کاریگەردا

له گۆڤاری "تورك یوردر/وڵاتی تورك" ئەو لایەنگریی لە سیاسەتێکی ئابووریی نەتەوەییانەو بنیاتنانی بازرگانییەکی خۆماڵییو بۆرجوازیی پیشەسازیی دەکرد.

تێڕوانینەکانی پارڤوس لە ساڵی ١٩١٣ەوە بەرەوسەر کاری خۆی کرد. لە چوارچێوەی خۆکۆکردنەوەی نەتەوەیی لەدوای کودەتای دەروازەی باڵا، نها دەوڵەت بە تەواویی لەبندەستی (ك.ی.پ) دا دەستیکرد بە دەستوەردانی کاریگەرانە لە کایەی ئابووریدا. لەساڵانی داهاتوودا ئەم ئاراستە نوێیە بەرەو سیاسەتێکی "میللی ئیقتیساد/ئابووریی نەتەوەیی" گەشەیسەند، کە تێیدا پیشەسازییکردنی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە نموونە وەرگیرا. بە دڵنیاییەوە هەر بەرنامەیەکی ئابووریی نەتەوەیی دەتوانرا بە تەواویی جێبەجێبکرێت تەنیا ئەو کاتەی کە حکومەت لە وڵاتی خۆیدا سەروەرو باڵادەست بێتو ئەو سیستمە جیاوگەش هەڵوەشێنرێتەوە کە حکومەتی لە پێگەیەکی ملکەچیی ئەوروپادا هێشتبووەوە. ئەم دەرفەتە بە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە ساڵی ١٩١٤دا هاتە پێش. راستەوخۆ پاش مۆرکردنی رێکەوتنی نهێنی عوسمانیی–ئەڵمانیی لە ٢ی ئوتی ١٩١٤دا، حکومەتی عوسمانیی رایگەیاند کە دانەوەی قەرزە نەتەوەییەکانی دەوەستێنێت.

لەگەڵ داگیرکاری زلهێزەکان لە شوێنێکی دیکە، حکومەتی یەکێتییخوازان لە سێپتەمبەری ١٩١٤دا رایگەیاند کە بە شێوەی یەك لایەنە جیاوگەکان لە ١ی ئۆکتۆبەرەوە هەڵدەوەشێتەوە. هێزە ئەوروپییەکان بەتوندی وەڵامیان دایەوە، بەڵام لەوبارەیەوە شتێکی ئەوتۆیان پێنەکرا. لەسەرەتادا ئەڵمانیا بێزاریی خۆی دەربڕیی، بەڵام بەرێکەوتننامەیەك لەگەڵ عوسمانییەکان دانی بەو هەڵوەشاندنەوەیەدا نا، دووساڵ دواتر، حکومەت لە لای خۆیەوە یەکلایەنە سیستمی گومرگی هاوردەی گۆڕیی. دواجار سیستمێکی دیکەی خستەبری سیستمە کۆنەکە کە لە بنەڕەتدا بەتوندیی پشتی بە بەهای پارەی کاڵای هاوردەکان دەبەست لەگەڵ گومرگێکی تایبەت لەسەر کاڵا جیاوازە هاوردەکان، ئەوەش هەنگاوی پاراستنی زیاتر بوو کە بوارێکی زیاتری بۆ حکومەت رەخساند کە چاودێریی سیاسەتی ئابووریی بکات.

تەنانەت پێش جەنگ، لە ژوئنی ١٩١٤دا، یاسایەك سەبارەت بە هاندانی پیشەسازیی راگەیەندرا، کە مەرجی ئەوەی کردبوو بەرهەمی پیشەسازیی عوسمانیی لەپێشتر بێت. تەنانەت ئەگەر ١٠ لەسەد زیاتر لە کەلوپەلە هاوردەکان گرانتر بێت. کۆمەڵەیەکی بەکاربەری نیشتمانیی دامەزرێنرا. وەك سەدایەکی هزرو بۆچوونەکانی پارڤوس، حکومەت لە رێگەی پێکهێنانی کادری بەڵێندەری خاوەنکار بیری لەوە کردەوە کە بۆرجوازییەکی نەتەوەیی بەهێز بنیاتبنێت، کاندیدی ئەم کادرانە لەنێو ئەو بازرگانە موسوڵمانانە لەنێو شارە

هەرێمییەکاندا، لەنێو ئەسنافەکان‌و هەروەها هەروەها بیرۆکراتەکاندا وەردەگیران. حکومەت هانی ئەندامانی ئەم ناوکە بۆرجوازییەی دەدا کە سەرمایە کەڵەکە بکەن لە ڕێگەی ڕەوشی نائاسیی و تایبەتی بازاڕدا لەکاتی جەنگ. ئەوەی قازانج‌و سوودبەدەستهێنانی تێدا لەبار بوو.

قوربانیی ئەم تەرزە سیاسەتانە بریتیبوو لە بەکاربەری نێو شارەکان‌و لەسەرو هەموویانەوە پیاوانی کاری ئەرمەنیی‌و یۆنانیی. ئەوانەی نەك ناچاربوون تورك لە کارگێڕیی‌و کۆگاکانیان بەکار بێنن‌و تورك بەرنە نێو دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمپانیاکانیانەوە، بەڵکو ئەوانە تووشی هەڵاواردن ببوونەوە. هەڵمەتێکی هەڕەشەو ناچارکردن لەلایەن "مەحموود جەلال بایار"ەوە سکرتارییەتی ئەزمیری (ك.ی.پ) (دواتر سەرەك کۆماری تورکیا)لانی کەم ١٣٠٠٠یۆنانییان لەناوچە کەنارییەکانی ڕۆژئاوا بەرەو یۆنان دوورخستەوە.[٢٥] کۆمپانیاکانیان درا بە پیاوانی کاری تازەپێگەیشتووی تورکی موسوڵمان کە لەزۆر ڕووەوە نەیاندەتوانی وەك ئەوانەی شوێنیان گرتبوونەوە هەڵسوڕێن، بەتایبەت لەبواری پەیوەندییەکانی ئەودیو دەریا و لێوەشاوەیی بەڕێوەبەریی‌و هەڵسوڕان لە بازاڕدا.

بەرنامەی ئابوورییەکی نەتەوەیی پاش سەرکەوتنی چاوەڕواننەکراوی گالیپۆلی هاندەرێکی بایەخداری بۆ پەیدابوو. ئەو سەرکەوتنەی بەدڵنیاییەوە ورەو گیانێکی مەزنی نەتەوەییانەی بەرزکردەوە. ئەندازیاری ئەو سەرکەوتنە "قەرە کەمال بەگ" ڕێبەری کۆمەڵەی یەکێتییخوازان لە ئەستەمبوڵ‌و چاودێری پێشووی ئەسناف حەماڵەکان بوو. ئەوەی دەستی بەسەر کۆمپانیە نوێیە نەتەوەییەکاندا گرت لە ڕێگەی "هەیئەتی مەخسووسەی تیجاری/کۆمسیۆنی بازرگانی تایبەت" لەنێوان ساڵانی ١٩١٦بۆ ١٩١٨زیاتر لە ٨٠ کۆمپانیای نوێ بە پشتگیریی چالاکیی (ك.ی.پ) دامەزرێنران.[٢٦] یەك لە گرنگترین پەرەسەندنەکانی لەم بوارەدا هاتەپێش بریتیبوو لە دامەزراندنی "ئەسناف جەمعیەت/کۆمەڵەی پیشەگەران" کە تێیدا ژمارەیەك پیشەی گرنگی بازرگانیی لە پیاتەخت تێیدا یەکیان گرت. ئەوانە هاندران کە قازانج‌و سامانەکانیان لە کۆمپانیای نوێدا بخەنە گەڕ. ئەمەش بە چەشنێك پێچەوانەی سیاسەتی فەرمیی بوو چونکە تا درەنگانێکی ساڵی ١٩١٣

---

[25] Celâl Bayar, op. cit., 1572–82; Erkan Şenşekerci (2000) *Türk devriminde Celâl Bayar (1918–1960)*, Istanbul: Alfa, 35–6.
[26] Zafer Toprak lists them in his *Türkiye'de "Millî İktisat"(1908–1918)*, Ankara: Yurt, 1982, 363–4.

حکومەت لە هەوڵی لیبراڵیزەکردنی ئابووریيدا بوو، هەڵوەشاندنەوەی ئەسنافە کۆنەکانی عوسمانیی ڕاگەیاندبوو.

جەنگەکە وایکردبوو داوایەکی ئاسایی لەسەر تێکڕای کاڵا جۆراوجۆرەکان هەبێت. بەتایبەتیی بەرهەمە خۆراکییەکان. بەشێوەیەکی سونەتیی، ئۆکرانیا، روسیا و ڕۆمانیا سەرچاوەکانی دابینکردنی دانەوێڵە بوون بۆ ئەستەمبوڵ. ئەمێستا ئەستەمبوڵ لەو سەرچاوانە پچڕاوە و دەبوایە ئەنەدۆڵ کە ناوجەرگەی خاکی تورکە شوێنی ئەو جێگایانەی بگرتایەتەوە. شان بە شان ئەوە، هاوپەیمانەکانی ئیمپراتۆرییەکە، واتە نەمسا و ئەڵمانیا، ئەوانیش بەهەمان شێوە پێویستیان بە مادە خۆراکییەکان هەبوو. بەرزبوونەوەی ئەم داوایە لە لادێکاندا ببووە هۆی پەیدابوونی سامانی نوێ ، بەڵام نەك بە تەنیا لە ڕێگەی هەڵسوڕانی هێزەکانی بازاڕەوە.

پاش ئامادەباشیی،حکومەتی (ك.ی.پ) هاتوچۆی ڕێگەی ئاسنیی قۆرغکرد، ئەوە و تەنیا ئەو بازرگانە هەرێمییانە بوون کە پەیوەندیی باشیان بە (ك.ی.پ) ەوە هەبوو دەیانتوانی ماشێنی بارهەڵگری پێویست بۆ دانەوێڵەکانیان پەیدابکەن و بارەکانیان بۆ ئەستەمبوڵ یاخود بۆ سوپا بگوازنەوە. لەڕێگەی کۆمیتەی بەرگریی نەتەوەیی و هەروەها کۆمەڵەی پیشەگەرانەوە، ئەمینداری (ك.ی.پ) دەستی بەسەر فرۆشتن و دابەشکردندا لە شارەکاندا دەگرت، هەروەها فرۆشتنی دانەوێڵە بە هاوپەیمانەکانی عوسمانیی لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. ئەوەش بووەی کەڵەکەبوونی سەرمایە لای بازرگانە موسوڵمانەکان، موڵکدارە مەزنەکان و ئەسنافەکان. بەڵام هەروەها خزمچێتیی و گەندەڵییشی بەڕادەیەکی مەزن لێکەوتەوە. "دەوڵەمەندانی ساڵی ١٩١٦" یاخود بەواتایەکی دی بازرگانانی جەنگ وەك توێژێکی بەدناو دەرکەوتن. بەدڵنیاییەوە، موچەخۆرانی بچووك قوربانیی ئەو ڕەوشە و گرانیی و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك بوون(ئەم بەرزبوونەوەی لەماوەی جەنگدا لە بازاڕی ئاساییدا بەڕێژەی ٤٠٠ لەسەدا بوو، لە بازاڕی ڕەشیشدا زیاتر لە ١٨٨٥ لە سەدا بوو.[٢٧] هەوڵەکانی حکومەت بۆ ڕێگرتن لە چاوبرسێتیی و قۆرغکاریی و هەروەها ڕێکخستنی سیستمی دابەشکردن، نیوەناچڵ و شکستخواردوو بوو.

---

[27] Yalman, op. cit., 151.

ئەو ژمارەیەکی کە یەلمان داویەتیی و (هەروەها مێژوونووسە هاوچەرخەکانی وەك زەفەر تۆپراك بەکاریانهێناوە) پشت بەو پێرستە دەبەستێت کە بەڕێوەبەری قەرزەگشتییەکان وێنای کردووە،بۆ پێزانینی ئەو پاداشتانەی بە کارمەندەکان دراون.

لەلایـەکی دیکـەوە، وردە وەرزێـران و سـێیەکبەران لـە ئەنـەدۆڵ بـاجی ئـەو ڕەوشـەیان دەدا، ئەوان لە هەلومەرجێکی وادا نەبوون قازانج لە بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمـەکانیان وەربگـرن. بـەو هۆیـەی کـە ئـەوان تـەنیا موحتـاجی موڵکـدارە مەزنـەکان و بازرگانـانی شـارنەبوون تـا بەرهەمـەکانیان بگەیەنێتـە بـازاڕ، بـەڵکو ناچـاربوون هێـزی مـرۆییش بـۆ سـوپای عوسمـانیی دابین بکـەن. کـەمی هێـزی مرۆیـی گرفتێکـی فـرە دژواری پێکـدەهێنا پـاش ئـەوەی کـوڕانی وەرزێرانـی ئەنـەدۆڵ بەسـەدان هـەزاریان لـە میسـۆپۆتامیا، قـەفقاس، دەردەنێـل و فەلەسـتین گیانیان سپاردبوو. لەکۆتایی جەنگەکەدا، ئابووریی ئیمپراتۆرییەکە وێران بوو.

## گەنگەشەی ئایدۆلۆژیی

سـاڵی ١٩١٣بـە وەرچـەرخانێکی کاریگـەری ڕەوتـی ئایـدۆلۆژیی نێـو ئیمپراتۆرییەکـە دادەنرێت، هەروەك لە پەرەسەندی بوارەکانی دیکەی بوارەکانی سیاسیی و ئابووریـدا هاتـە پێـشەوە. پـاش ئـەو فـەزا خنکێنـەرەی لـەدوا سـاڵەکانی فەرمانڕەوایـەتیی عەبدولحەمیـددا لـەئارادابوو کـە تێیـدا سانـسۆڕو دەمـارگرژیی باڵادەسـت بـوو. دەسـتپێکردنی قۆنـاغێکی دەسـتووریی لـە سـاڵی ١٩٠٨دا تەقینەوەیـەکی لـەبواری گەنگەشـەی گـشتیی سـەبارەت بـە تێکـڕای شـێوەکانی پرسـە سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـەکان بـەخۆوەبینی. توندوتیـژبوونی گەنگەشـەکان لـە ژمارەیـەك بڵاوکـراوەی نوێدا کاردانـەوەی دەرکـەوت. ژمارەیـەك بڵاوکـراوەی وەرزیی کە لە کۆتایی ڕژێمە کۆنەکەدا بۆ چەند دانەیەك دابەزیبوو، ساڵێك پاش شۆڕشەکە سێ هێندە زیادی کرد.

گەنگەشـەی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی زۆربـەی جـار لـەنێوان سـێ ئایـدۆلۆژیی ڕکابـەردا بەڕێوەدەچوو، عوسمـانیزم، کـە بریتیبـوو لـە کۆنـەهزری عوسمانییـە لاوەکـان سـەبارەت بـە یـەکێتیی هـەموو کۆمەڵگـە جیاوازەکـان لـە سـایەی تـەختی عوسمانییـدا. هـەروەها یـان ئیـسلامیزم یـاخود ئیـسلامگەرایی، ئـەوەی بـڕوای بـە بنیاتنانـەوەی ئیمپراتۆرییەکـە لەسـەر بناغـەی پایـە ئیـسلامییەکان و هەماهـەنگیی نێـوان ئومـەتی ئیـسلامیی هـەبوو. هـەروەها یـان تـورکیزم یـاخود تورکگـەرایی، ئـەوەی بـڕوای بـە یـەکێتیی ڕەگـەزی تورکـان لـە سایەی ئاڵای عوسمانییدا هەبوو. پاشتر نووسەران ڕەوتێکی دیکەی چوارەمیشیان هێنایە نێو گەنگەشـەی ڕۆشـنبیریی ئـەو قۆناغـەوە کـە ئـەویش ڕۆژئاواگـەرایی بـوو، ئـەو جوڵانەوەیـەی ئامـانجی گرتنەبـەری تـەکنیك و هـزری ڕۆژئـاوایی بوو، ئـەوەی لەگـەڵ سونەتگەرایی ئیـسلامدا ناکۆك و پێچەوانە بوو.

ئەم پێناسە ناتوانێت راستیی ئەو گەنگەشەیە زیندوو بکاتەوە، ئەوەی کە زۆر زیاتر فرە رووو شێوە بوو. ئەو گرفتە سەرەکییانەی جێگەی بایەخی شارەزایانی دووەمین قۆناغی دەستووریین بریتییە لە نوێکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەلای تورکە لاوەکانەوە، کە زۆربەیان کارمەندی دەوڵەتیی و ئەفسەر بوون، دەوڵەت ئامرازێکی لۆجیکی بەدەستهێنانی گۆڕانە، ئەگەر تەنیا ئامرازیش نەبێت. ئەوانەی کە جەختیان لە کۆمەڵگە زیاتر لە دەوڵەت دەکردەوە، ئەوانەی کە ناناوەندگەرایی، دەستپێشخەری شەخسیی و هەروەها فێرکردنیان وەك ئامرازی نوێبوونەوە دەبینی، دەستەیەکی فرە بچووك بوون کە لە مێر سەباحەددین دا چڕبووەوە.

دوو بابەت کە بەردەوام لەکاتی گەنگەشەکردن سەبارەت بە گرفتە سەرەکییەکانی نوێکردنەوە قسەی لێدەکرا بریتیبوو لەو رێژە رۆژئاواگەراییەی کە پێویستە یاخود پەسەندکراوە، هەروەها ئەو پرسیارەی کە دەبێت ئەو بناغەی پێناسەیە چی بێت لەگەڵ وەفاداریی بۆ ئایندەی دەوڵەتی عوسمانیی بێتەوە.دیارە هەریەك لە عوسمانیست و تورکیست و ئیسلامیستەکان سەبارەت بە بابەتی دووەم ناکۆك بوون. سەبارەت بە بابەتی یەکەم، ناکۆکییەکان کەمتر ئاشکرابوون و بەنێو هەرسێ رەوتە جیاوازەکە داتێدەپەڕیی. هێندێك لە فرە رۆژئاوا گەراکان، وەك دکتۆر عەبدوڵا جەودەت، لەگەڵ تەواوی تەواوی شارستانییەتی سونەتیی عوسمانییداو گرتنەبەری شێوازی ژیانی ئەورووپیی بوو لە شوێنی. لەلایەکی ترەوە، هێندێك چالاکە ئاینییەکان هەر تەکنیك و هزرێکی رۆژئاواییان رەتدەکردەوە. هەرچەندە ئەوانە تاك وتەرا بوون. بەشی زۆربەی رۆشنبیران وایان بە باش دەزانی کە ئەوەی چاکە و سوودبەخشە لە شارستانییەتی ئەورووپیی وەربگیرێت، ئەوانە بە قووڵیی بڕوایان بە توانای زانست و تەکنەلۆژیی هەبوو، هەروەها بۆ زۆربەی ئەوانە گرنگترین پرسیار کە گەنگەشەی لەبارەوە دەکرا هەر ئەوە بوو کە پێشتر کەسێکی وەك نامیق کەمال هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدا، ئەویش ئەوە بوو چۆن دەتوانرێت ئەو رەگەزانەی شارستانییەتی ئەورووپیی لەگەڵ شارستانیی عوسمانیی ئیسلامییدا بگونجێنرێت، بەمانایەکی دی، چۆن دەتوانی هاوچەرخ بیت لەکاتێکدا مرۆڤ وەك خۆی بمێنێتەوە.

هەروەها رەوتە ئایدۆلۆژییەکان لەهێندێك رووەوە هاوبەشییشیان تێدا دەبینرا، زۆربەی تورکە لاوەکان کە بە شێوەیەکی عەقڵانیی پشتگیریی عوسمانییزمیان دەکرد، بەشێوەیەکی ویژدانییش بە پان تورکییزمەوە پەیوەست بوون و هەروەها لەهەمان کاتیشدا موسوڵمانی خواپەرست بوون.

عوسمانییزم، ئەو هزرو بڕوایەی کە هەموو رەعییەتەکان بێ جیاوازیی بڕواو ئاینو زمانیان، هاولاَتی وەفادار دەبنو ماف یەکسانیان لە دەوڵەتی نوێی دەستووریدا دەبێت، ئەم هزرە ئایدۆلۆژیی فەرمیی شۆڕشی ١٩٠٨بوو، هەروەها مایەوە تاکو هەموو خۆش خەیاڵیی عوسمانییەکان لەساڵی ١٩١٣دا پەرشوبلاَو بوو. هەرچەندە ژمارەیەك خەڵك، بۆ نموونە، لەو ئەڵقەیەی لە دەوری میر سەباحەددین بوون، لەناخەوە بڕوایان بەو هزرە هەبوو، لاوازیی بنەڕەتییان وایکرد کە نەتەوایەتیی دەست بەسەر سەرجەم کۆمەڵگە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بگرێت. دوای ئەوەی شۆڕشەکە بە ئاسانیی کەوتە هەڵسوڕان، زۆر ئاشکرابوو کە یۆنانییەکان، مەکەدۆنییەکان، بولگارییەکانو هەروەها ئەرمەنییەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی تایبەت بەخۆیان بەردەوام بوون . لەساڵی ١٩١٠بەرەوسەر، تەنانەت زۆربەی موسوڵمانە ئەلبانییەکانیش، ئەلبانییان لە ناسنامەی عوسمانیی پێ باشتر بوو ئەگەر بێتوو ئەوەی دواییان ئەو ئۆتۆنۆمییە هەڵبگرێت کە ئەلبانییەکان لە سایەی رژێمە کۆنەکەدا وەك مافێکی خۆیان خاوەنی بوون. لە هەمان کاتدا ئەوە راست بوو کە (ك.ی.پ) خۆی نزیکەی لە سایەی هزری نەتەوایەتیی تورکیی یاخود لانی کەم ئیسلامییدا بوو، تەنانەت پێش شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٨یش. لەکاتێکدا کۆمەڵە بە شێوەیەکی فەرمیی پشتگیریی عوسمانییزمی دەکرد(هەروەها لەراستییدا چۆن پێچەوانەی دەکرد بێئەوەی خۆبەخشانە دوولەسێ یان زیاتری قەڵمڕەوی ئیمپراتۆرییەکە تووڕ بدات). لێکدانەوەی بۆ عوسمانییزم لە تواندنەوەی رەگەزە ناتورکەکانەوە نزیك بوو. ئەمە هەروەها بێ تێبینییکردن تێنەپەڕیو تەنانەت زیاتر متمانەی عوسمانییزمی کەمکردەوە.

نەتەوایەتیی تورکیی وەك بەرهەڵستکارێکی عوسمانییزم، تاڕادەیەك درەنگ هاتە مەیدان، یەکەمجار وەك جولاَنەوەیەکی کەلتووریی لە دوا دوو دەیەی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان عەبدولحەمیددا سەریهەڵدا. بنەماکەی بۆ کاری رۆژهەلاَتناسە ئەوروپییەکانی وەك: "دی گوینس"ی فەرەنسیی، کاهونو هەروەها ڤامبێری هەنگاریی دەگەڕێتەوە، ئەوەی دەستیکرد بە کۆڵینەوە سەبارەت بە تورکی ئاسیای ناوەندیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، هەروەها بۆ کارگەریی تورك لە ئیمپراتۆریی روسیا دەگەڕێتەوە، بە تایبەت تەتارو ئازەرییەکان.

لەنێو ئەم خەڵکانەدا بۆرجوایەکی خۆماڵیی لە دوانیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوت، کوڕانی خۆیان رەوانەی خوێندنگاو زانکۆکانی روسیا دەکرد، ئەوانەی راستەوخۆ سەبارەت بە روسیاو هەڕەشەی پان سلاڤیزم لەمەڕ کۆمەڵگەی خۆیان بەئاگابوون. لەنێو ئەو تورکانەی لە روسیا بوونو لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا چالاك بوون، بریتیبوون لە : حوسەینی زادە عەلی"توران"، هەروەها ئاغا ئۆغلو ئەحمەدو هەروەها تەتار یوسف ئاکچورە، ئەوەی خێزانەکەی بەرەو ئەستەمبوڵ کۆچیان کردبوو.

ئاکچورە لە ئەکادیمی جەنگ لە ئەستەمبوڵ خوێندبووی، ئەوەی کە هەروەك زۆربەی هاوچەرخەکانی خۆی لەسەر بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی تورکە لاوەکان قۆڵبەستکراو لە ساڵی ١٨٩٧بۆ تەڕابلوس دوورخرابووەوە. لەوێوە هەڵاتە پاریسو لەوێوە گەڕایەوە "کازان" لە ڤۆڵگا کە زێدی خۆی بوو. ئەو لە سیاسەتی روسیادا چالاك بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، گوتارێکی درێژی لە بڵاوکراوەی پەنابەرەکاندا"تورك" بڵاوکردەوە کە لە ساڵی ١٩٠٤دا لە قاهیرە دەرکەوت. ئەم گوتارە کە بە ناونیشانی(ئوچ تەرزی سیاسەتی/سێ جۆری سیاسەت)کە بە مانیفێستۆی ئاشکرای تورکییزم ناودەبرێت کە تێیدا تایبەتمەندییەکانی سیاسەتە ئیسلامیست،عوسمانیستو تورکیست بەروارد کردووەو لایەنگریی لەوەی دواییان دەکات. ئەم گوتارە دەتوانرێت بە یەکەم بەیاننامەی ئاشکرای ئامانجە سیاسییەکانی پان تورکییزم دابنرێت. ئەو ئاماژەی بەوەداوە کە دامەزراندنی نیشتمانێکی عوسمانیی لەسەر بناغەی رەگەزە ئیتنییە جۆراوجۆرەکان خۆش خەیاڵییە. بەوەی هێزە کۆلۆنیالییەکان رێگریی هەموو هەوڵێك لەپێناو یەکگرتنێکی سیاسیی موسوڵمانانی جیهان دەکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوەکەی پان تورکییزم-یەکگرتنی تەواوی تورکو خەڵکانی تورك رەگەز_پشتگیریی هەموو خەڵکانی تورك رەگەزی ئاسیاو جیهان بەدەستدەهێنێتو تەنیا رووبەڕووی بەرهەڵستکاریی روسیا دەبێتەوە.

پان تورکییزم لەنێو رۆشنبیرە تورکە لاوەکاندا پشتگیرییەکی دیارییکراوی بەدەستهێنا، بەڵام تا جەنگی بالکان لەساڵی ١٩١٣دا دەست لەپشتدانێکی فەرمیی بەخۆوەنەبینی، بەوەش بەهەرحاڵ، عوسمانییزمی کردە لاپەڕەیەکی رزیو. هەرچەندە ئەو کاتەش هێشتا زیاتر وەك خەونێکی رۆمانسیی دەردەکەوت کە هەڵاتن لە کارەساتەکانی سیاسەتی رۆژبەرۆژی ئەو دەمە نمایش دەکات وەك ئەوەی سیاسەتێکی کۆنکرێتیی

هـەبێت. لەسـاڵی ١٩١١بەرەوسـەر، پلاتفـۆرمی جوڵانـەوەی پـان تـورکیيزم بريتيبـوو لـە ڕێکخـراوی کۆمەڵايـەتيی و کـەلتووريی يـەکێتييخوازان کـە نـاوی "تـورك ئۆجـاغی/خانـەی تورك" بوو. ئـەم خانەيـە لـە سەراسـەری ئيمپراتۆرييەکەدا يانـەی دامەزرانـدبوو کـە تێيـدا وانەگوتنـەوە، گفتوگـۆ، کـاری شانۆيی،مۆسـيقا و نمايـشکردنی بـەربڵاوی ئايـدۆلۆژيی نەتەوايەتيی توركيی. گۆڤارەکەی "تـورك يـوردو/نيـشتمانی تـورك" بەشـێوەيەکی بـەربڵاو دەخوێنرايەوە.

لەماوەی جـەنگی يەکـەمی جيهانييدا، يـەکێتييخوازان پـان تورکيزميـان لـە چوارچێوەی ملمڵانـێ لەگـەڵ روسيادا هانـدا. ئـەوەی بـە داڕمـانی سـوپای روسـيی لـە سـاڵی ١٩١٧داو داگيرکردنـــی (يـــاخود رزگـــارکردنی) ئازەربايجـــان بـــەخێرايی پـــەرەيگرت. ناميلکەيـــەك بەناونيـشانی "تورکلـەر موحارەبـەدە نـە قازانجبيلـەر/تورکـان لـەم جەنگـە چ سـوودێك وەردەگرن" کە نووسـەرەکەی "تـەکين ئـەلپ"ی يـەکێتتيخواز بـوو(ئـەوەی نازنـاوی مـۆيس کـــۆهين بـــوو لـــە ســـێريس)لـــە ســـاڵی ١٩١٤دا چـــاپکرا، کـــە زۆر بـــە باشـــيی ئامانجـــە سياسييەکانی پان تورکييزمی فۆرمەڵە کردبوو، ئەوەی لە ئـەوروپا بـە نـاوی "تـورکييزمو پان تورکييزم" ناوبانگيی پەيدا کردو وەك بڵاوکراوەيـەك لـە مـەڕ ئامانجە عوسمانييـەکان لـە جـەنگ چاويلێکرا، بـەڵام تـەکين ئـەلپ هـيچ کـات لـە بازنـەکانی (ك.ی.پ) دا کاريگـەر نەبوو، ئەو دەمە جۆرێکی دووەمی نەتەوايەتيی تورکيی شانبەشانو وەك رکابەرێکی پـان تورکييزم هاتە مەيدان کە جـەختی لـە لـە ئەنـەدۆڵ دەکرد وەك ناوجەرگـەی زێـدی تورکو کەلتووری دانيشتووانی جووتياری تورك، ئەوەی جوڵانەوەيـەکی شارنشينيی رۆمانسيی بوو و چ چاکسازييەکی لە ژيانی پڕ نەهامەتيی جووتياراندا نەهێنايە پێش، بەڵام يەك لـە بنـــەماکانی "هەڵکـــچليك/گـــەليێريی" هـــەوڵی هەماهـــەنگيی نەتـــەوەيی دەدا، لـــە کاتێکـــدا پـەرەگرتنی ئـابووری سـاڵانی جـەنگ تەنگەژەيـەکی کۆمەڵايـەتيی پێکهێنـابوو کـە دەبوايـە خـامۆش بکرايـە. هەربۆيـە جێگـەی سەرسـوڕمان نيـە، ئـەو رێکخـراوە کـە ئـەم جـۆرە نەتەوايەتييە بەرجەستە بکات."هەڵك دۆگرو/بەرەو گەل" کە لـە سـاڵی ١٩١٧دا لـە ئـەزمير دامەزرا، دروستکراوی (ك.ی.پ) خۆی بوو.

بـــە دڵنياييـــەوە پـــان ئيسلاميـــست لـــەنيوەی دووەمـــی دەورانـــی فەرمانڕەوايـــەتيی عەبدولحەميـدەوە لـە لوتکـەدا بـوو. لـە دووەمـين قۆنـاغی دەسـتووريداو بەتايبـەت پـاش شکـــستی دژەشۆڕشـــەکەی ئـــەپڕلی ١٩٠٩، يـــەکێتييخوازن بـــەقووڵی لـــە چـــالاکييە

ئیسلامیستەکان بەگومان بوونو وەك مەترسییەك تەماشایان دەکرد. چ لەسەر بەردەوامبوونی ئیمپراتۆرییە فرەنەتەوەکەو چ لەسەر خۆشیان. تەنیا ئەو کاتەی کە بەرژەوەندیی سیاسیی پێویستیی پێبوو، یەکێتییخوازان ئامادەبوون جەخت لە تایبەتمەندیی ئیسلامی دەوڵەت بکەنەوە. هەروەك ئەوەی سالآنی ١٩١٤-١٩١٦ کردیانو لەپێناو بەدیهێنانی پشتگیریی عەرەبو دانیشتووانی موسوڵمانی کۆلۆنییەکاندا کردیان. بەرجەستەترینی دەربڕینی ئەو سیاسەتەش بریتیبوو لە ڕاگەیاندنی جیهاد لە ساڵی ١٩١٤دا، کە دواجار لە بەدیهێنانی هەردوو ئامانجەکەیدا شکستیخوارد.

هەرچەندە ئەوە هەڵەیە گەر بێتو پێناسەی رەوتی ئسلامیی لەم قۆناغە بەتەنیا لەگەڵ کۆنەپارێزیی و دواکەوتووییدا بکرێت. ئیسلامییە دواکەوتووەکان هەبوون وەك ئەو تاقمەی لەدەوری رۆژنامەی"ڤۆلکان" کۆببوونەوەو لە دژەشۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٩دا بەشدار بوون، بەڵام لە هەمووی بایەخدارتر بریتیبوو لە گروپێکی گەورە لە ئیسلامی مۆدێرنیست یاخود ریفۆرمیست کە پشتگیریی دەستووریان دەکرد. ئۆرگانی رێبەرایەتیی ئەم گروپە کە کەسانی وەك: محەمەد عاکف ئارسۆیو هەروەها ئەدیب فەرغانی لەخۆگرتبوو، بریتیبوو لە "سیراتولموستەقیم/رێگەی راست"کە لە ساڵی ١٩١٢ەوە بوو بە "سەبیلو لرەشاد/ رێگەی چاکەکاریی"، بە بڕوای ئەوان نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتیی بە گەڕانەوەی بەها ئیسلامییەکان دێتەئارا. زۆر لەوانە داوای گەڕانەوەی شەریعەتیان دەکرد بەوەی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا یەتەوە و گونجاوە(هەروەك نامیق کەمال کردبووی)، لەدیدی ئەوانەوە، هەماهەنگیی موسوڵمانان لە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکە، بەڵام لەنێو ئۆمەتی ئیسلامیدا، دەتوانێت هێزێکی زێدە ببەخشێتە ئیمپراتۆرییەکە.

یەك لە جوڵانەوە ئیسلامییەکان کە ریشەی لە دووەمین قۆناغی دەستووریدا هەبوو بریتیبوو لە "نورچولوك"(لایەنگرانی نوور یاخود رووناکیی) کە لەلایەن زانای ئاینیی کوردو ئەندامی باڵی هاوچەرخگەرای رێبازی سۆفییگەرای نەقشبەندیی "سەعید نورسی"یەوە دامەزرێنرا. ئەو لە ساڵی ١٩٠٩دا بە یەکێتیی موحەمەدییەوە پەیوەست بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە رێبەرایەتیی یەکێتییخوازانەوە نزیك بوو، پاشتریش راژەی پڕۆپاگەندەی (ك.ی.پ) لەگەڵ تەشکیلاتی مەخسووسەدا کرد. هەرچەندە گەشەسەندنی راستیینەی ئەم جوڵانەوەیە بۆ قۆناغێکی دواتر دەگەڕێتەوە، کە لەوێدا باشتر روونکراوەتەوە.

محەمــەد زیــا "گۆکالــپ" هــەوڵێکی فــرە داهێنــەرو شــێلگیرانەی بــەردەوامی بــۆ پێکەوەگرێدانی رەگەزە جیاوازەکانی کەلەپووری عوسمانیی دا(ئیسلام، رەگەزی تورك، دەوڵەتی عوسمانیی) لەگەڵ مۆدێرنیتە بە شێوە ئەوروپاییەکەی. گۆکالپ شوێنکەوتەی سایکۆلۆجیی فەرەنسیی "دۆرکهایم" بوو. ئەو هزری دۆرکهایمی سەبارەت بە باڵادەستیی کۆمەڵگە بەسەر تاکدا وەرگتبوو، هەرچەندە ئەو (نەتەوەی خستبووە شوێنی کۆمەڵگە). گۆکالپ وەك نەتەوەییەکی بەجۆش لەوبڕوایەدا بوو کە نەتەوە یەکەیەکی سروشتیی و کۆمەڵایەتییە. هەرچەندە کاریگەرترین بەشداریی گۆکالپ بۆ دۆرکهایم ناگەڕێتەوە، بەڵکو بــۆ هــزرو بۆچــوونەکانی "تــۆنیس"ی سایکۆلۆجیــستی ئــەڵمانیی دەگەڕێتــەوە، ئــەو جیاوازییەکی بەرچاوی لەنێوان "کەلتوور" وەك بنەمای ئەو بەهاو ئاکارە بەردەوامانەی لەکۆمەڵگــەدا هــەن، لەگــەڵ "مەدەنییــەت/شارســتانیی" کــە سیــستمێکی نێودەوڵــەتیی عەقڵانیی زانیاریی، زانستو تەکنەلۆژییە. بەگوێرەی گۆکالپ، نەتەوەی تورك کەلتووری بەهێزی خۆی هەیە، کە ریشەی بە قوڵایی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەچێتە خوارێ، کە بەشێکی ئیسلامی عەرەبیی و بەشەکەی دیکەی بیزەنتییە. رێگەی رزگاریی بریتییە لە هــەڵگرتنی ئــەم تــەرزە شارســتانییەتەو جێگرتنــەوەی بــە شارســتانییەتە ئەوروپییەکــەو دەستبەســەرداگرتنی لــە رێگــەی کــەلتووری تورکییــەوە(ئــەوەی کــە ئــەو وای لەقەڵــەم دەدا بەشــێکی رووتــی ئــاینی ئیــسلامە). هەڵــەی چاکسازەکانی تــەنزیمات لــە دیــدی ئــەودا بریتیبــوو لــەوەی ئــەوان لەهــەوڵی پەیوەســتبوونیان بــە شارســتانییەتی ئەوروپییــەوە پابەنـدبوونیان بـە کـەلتووری گەلەکـەی خۆیانـەوە لەدەسـتدا. گۆکالـپ لـەم بارەیـەوە ئـەو هـزرو بۆچوونانەی دووبارە کـردەوە کـە عوسمانییـە لاوەکـانی وەك نـامیق کـەمال پـەنجا ساڵ لەوەبەر پێشکەشیان کردبوو.

لێوەشاوەیی بۆچوونەکانی گۆکالـپ وەك تیـۆر هەرچییەك بێـت، ئـەوەی بەشـێوەیەکی مەزن سەرنجی رادەکێشا بریتیبوو لەوەی کە رێگەی بە شانازیی نەتەوەیی دابوو لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی ژیـانی ئەوروپییانـەدا پێکبێـت. گۆکالـپ لـە هـەردوو خانـەی تورك‌و (ك.ی.پ) خۆی(ئەو بۆ ماوەیەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و کەم یا زۆر ئایدۆلۆژیستی پارتەکە بوو) دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەبوو.

کاتێـك چـاو بـەو ڕەوتـە هزرییانـەی قۆنـاغی دووەمـی دەسـتووریدا دەگێـڕین ئـەوەی جێگــەی تێبینییــە ئەوەیــە کــە هــەروەك (ك.ی.پ) خــۆی کــە ســەرەتاکەی لــە ناوچــەی

مەكەدۆنیای فرە رەگەزی ئیتنی پەیدا ببوو، زۆربەی نووسەرو بیرمەندە بایەخدارەكانی ئەو قۆناغە كە بەشداریی گەنگەشەكانیان كردبوو، خەڵكی ناوچە فرە رەگەزو تێكەڵەكان بوون. جگە لەوانەی كە لەناوچە توركییەكانی قەڵەمڕەوی روسیی هاتبوون(ئەكچورە، ئاغا ئۆغلو، حوسەینی زادە، محەمەد ئەمین شاعیری میللی) ، بەجۆشترین نەتەوەخوازی تورك تەكین ئەلپ بوو كە جوویەكی خەڵكی ناوچەی "سیراس" بوو. عەبدولا جەودەتی رۆژئاواگەرا ، كوردێكی خەڵكی ئارەبگیر بوو، زیا گۆكالپ نیوە كوردێكی دیاربەكریی بوو. سەعید نورسی كوردێكی خەڵكی بتلیس بوو. لەوەدەچێت رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ تایبەتمەندیی فرە ئیتنی لەم هەرێمانەدا وای لێكردبوو بەتوندیی ئاگاداری كێشە بنەڕەتییەكانی كۆمەڵگای عوسمانیی بن.

لەكاتێكدا گرنگە تێگەیشتنمان لە گەنگەشە ئایدۆلۆژییەكانی توركە لاوەكان بێت، هەروەها ئەوەش گرنگە كە ئەو پیاوانەمان لەبیربێت كە دەسەلاّتی راستیینەیان لەدەستا بوو، سەركردەكانی (ك.ی.پ) ، ئەوانەی ئایدۆلۆژیست نەبوون بەڵكو پیاوانی كار بوون. ئەوانەی لە رووی ئایدۆلۆژییەوە لێرەو لەوێیان هەڵدەبژاردو پێگەی هاوبەشیان بەشداریی و هاوبەشیی هەڵوێستیان بوو زیاتر لەوەی پرۆگرامێكی ئایدۆلۆژیی هاوبەشیان بێت. رەگەزی هاوبەشی ئەم كۆهەڵوێستییە بریتیبوو لە نەتەوایەتیی، بڕوای پۆزتیڤیست بە بەها راستییە بابەتییە زانستییەكان. بڕوایەكی مەزن(هەروەها بە جۆرێك ساكارانە) بە توانای فێركردن بۆ بلاّوكردنەوەی ئەم راستییە و پێشكەوتنی گەل. جۆرە بڕوایەك بە رۆڵی دەوڵەتی ناوەندیی وەك بزوێنەرێكی سەرەكیی لە كۆمەڵگاداو هێندێك چالاكگەرایی، بڕوابوون بە گۆڕان، بە پەرەسەندن، كە بە توندیی ناكۆكو بەراوەژوو بوو لەگەڵ ئەو كۆنەپارێزییە خۆپارێزەی لە دەورانی حەمیدییەدا باوبوو.

# باسی نۆیەم
# خەبات بۆ سەربەخۆیی

### ئاگربەستی مۆدرۆس

ئەو ئاگربەستەی لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ لە مۆدرۆس لەنێوان "ئەدمیراڵ کالسرۆپ"ی فەرماندەی تیپی دەریای رەشی بەریتانییەکانو "حوسەین رەئوف بەگ"ی وەزیری کەشتیگەلو نوێنەری عوسمانیی مۆرکرا، بە ئاشکرا ئاماژەیەك بوو بۆ خۆبەدەستەوەدانی عوسمانییەکان. ئەو ٢٥ بەندەی ئاگربەستەکە خاڵی ئەوتۆیان لەخۆگرت وەك : داگیرکردنی سەربازیی تەنگەکان، دەستبەسەرداگرتنی هێڵی ئاسنیی و تەلەگراف لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، چەکداماڵینو بڵاوەپێکردنی هێزە سەربازییەکانی عوسمانیی و تەنیا هێشتنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازیی بچووك بۆ یاساپارێزیی و هێمنیی، خۆبەدەستەوەدانی هەموو سوپاکانی عوسمانیی لە هەرێمە عەرەبییەکانو هەروەها ئازادکردنی تەواوی ئەو دیلانەی سەربەهاوپەیمانەکان بوونو کەوتبوونە دەست عوسمانییەکان (بێئەوەی پێچەوانەکەی جێبەجێبکرێت)، هەموو کە سایەتییە ئەڵمانیی و نەمسایییە سەربازییەکان دەبوایە لەماوەی دوومانگدا خاکی عوسمانیی جێبهێڵن. مەترسییدارترین بەند لەدیدی عوسمانییەکانەوە بریتیبوو لە بەندی حەوتەم کە ئەو مەرجەی تێدا هاتبوو کە هاوپەیمانان مافی ئەوەیان هەیە هەر شوێنو جێگەیەك لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی خۆیدا داگیربکەن کە ئاسایشەکەی وا لەقەڵەم بدرێت کە لە مەترسییدایە. بەندی ٢٤ ئەو مافەی بە هاوپەیمانان دەدا کە لە رێگەی سەربازییەوە دەستوەردەنە هەرێمە ئەرمەنییەکان گەرهاتو لەو ناوچانە هێمنیی و ئارامیی هەڵگیرا. ئەم بەندانە وادەکات کە هاوپەیمانان بتوانن (هەروەك توانیان) هەرکاتێك خوازیار بن کەمو زۆر هێز بەکاربێنن. مەرجەکان وێرای سەختییان پەسەندکران،تەنانەت هێندێك جار بە پەرۆشیشەوە لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێشوازییان لێکرا.کاتێك جوڵانەوەی بەرەنگاریی پاش ساڵێك لە کۆتاییهاتنی جەنگ پەرەیگرت، سەرکردایەتیی ئەو جوڵانەوەیە هێندە ئازایەتییان دژی

مۆرکردنی ئاگربەستەکە پێشان نەدا، ئەوەندەی دژی شێوازی بەد بەکارهێنانی مەرجەکانی ئەو ئاگربەستە بوون لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە.[٢٨]

رۆژی دواتر ئاگربەستەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوەو بەگشتیی کاریگەر بوو، تەنیا گرفتی سەرەکیی سەبارەت بە موسڵ دەرکەوت کە شارێکی سەرەکییە لە باکووری عێراق. لە رۆژی ئاگربەستەکەدا، هێزەکانی بەریتانیی هێشتا ٦٠ کیلۆمەتر لە باشووری شاری موسڵەوە بوون، بەڵام فەرماندەیی بەریتانیی جەختی لەسەر داگیرکردنی ئەو شارە لە سایەی بەندی حەوتەمی ئاگربەستەکەدا کردەوە، فەرماندەی خۆماڵیی عوسمانیی ئەوەی رەتکردەوەو لەوبارەیەوە ئەستەمبوڵی ئاگادار کردەوە، بەڵام لەوێوە ئاگادارکرایەوە کە ملبدات، هەربۆیە هێزەکانی عوسمانیی لەنێوان ٨ بۆ ١٥ی نۆڤەمبەر شارەکەیان چۆڵکرد. ئەو راستییەی کە موسڵ لەپاش مۆرکردنی ئاگربەستەکەدا داگیرکراوە لە ساڵەکانی پاشتردا ببووە کێشەیەك کە لە ساڵانی داهاتوودا بێنەوبەرەو دیدی جیاوازی لەمەڕ خاوەنێتی ئەو هەرێمەی لێکەوتەوە.هەروەها هەمان هەلومەرجیش بەسەر لیوای (ئەسکەندەرونە)دا هات کە لە کەناری سوریادایە، ئەوەی کە بەشێك بێت لە بیابانی سوریا، بەتەواویی نادیار بوو، ئەوەش لە ساڵانی پاشتردا بووەهۆی کێشەو ململانێی خۆبەخاوەنزانینی ئەو ناوچەیەی لێکەوتەوە.

## هەلومەرجی پاش جەنگ: سەرنجێك

سەرکردەکانی (ك.ی.پ)ی سەردەمی جەنگ، ئەوانەی لە ١٤ی ئۆکتۆبەردا دەسەڵاتیان دایە دەست کابینەیەکی نوێ لە سایەی "ئەحمەد عیزەت پاشا"دا، هەرزوو دوای مۆرکردنی ئاگربەستەکە وڵاتیان جێهێڵا، لەشەوی ١ی نۆڤەمبەردا، جەمال، ئەنەوەر، تەلعەت، بەهادین شاکر، دکتۆر نازمو سیانی دیکە بەسواری کەشتیەکی ئەڵمانیی بەرەو ئۆدیسا بەڕێکەوتن، لەترسی ئەوەی نەوەکا بەهۆی بەدمامەڵەکردنی ئەرمەنییەکانەوە بدرێنە دادگا. چونکە هاوپەیمانەکان هەر لە ساڵی ١٩١٥ەوە ئەو مەبەستەی خۆیان لەوبارەیەوە راگەیاندبوو، گومان لەوەشدا نەبوو کە ئەوانەیان رووبەڕووی دادگا دەکردەوە. هەرچەندە پاشتر ئەم یەکێتییخوازانە هیچکات لەبەردەم دادگا دەرنەکەوتن، بەڵام ئەرمەنە تۆڵەسێنەکان، جگە لە ئەنوەر، هەموو ئەوانی دیکەیان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠–١٩٢١ غافڵکوژ کردن.

---

[28] Erik Jan Zürcher (1998) ‘The Ottoman Empire and the armistice of Moudros’, in Hugh Cecil and Peter H. Liddle (eds) *At the eleventh hour: reflections, hopes and anxieties at the closing of the Great War, 1918*, London: Leo Cooper

پاش جەنگ، ئەو سەرکردانەی پێشوو زۆربەی کاتی خۆیان لە بەرلین بەسەر بردو لەوێ تێکەڵ بە جۆرەها ململانێ و پیلانی رامیاریی جیاواز بوون کە رەوانەی چەند شوێنی دوور لەیەکی وەك رۆما، مۆسکۆ، ئەفغانستانی کردن. تەنیا یەك لەوانە کە ئەنوەر پاشا بوو رۆڵێکی گرنگی لە سیاسەتی تورکیای پاش جەنگ بینی.

هەڵاتنی ئەم سەرکردە یەکێتییخوازانە بۆشاییەکی دەسەڵاتی لە ئەستەمبوڵ هێنایەئارا، ئەو هێزو لایەنە جیاوازانەی کە لەم قۆناغەدا کەوتبوونە ململانێ لەپێناو دەسەڵاتدا بریتیبوون لە :

**دەربار:** سوڵتان محەمەدی پێنجەم لە ژوئیەی ۱۹۱۸دا مردو لەلایەن "وەحیدەدین ئەفەندی"ەوە شوێنی گیرایەوەو بەناوی "محەمەدی شەشەم"ەوە هاتە سەرتەخت، ئەم سوڵتانە نوێیە وریاو سەرەڕۆیە، خوازیاربوو ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و لەو رۆڵەی پێشووی هەڵبێت کە لە سایەی یەکێتییخوازەکاندا وەك بوکەشوشە هەڵدەسوڕێنرا.

**لیبراڵەکان:** ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ کە لەنێو "حوریەت و ئیئتیلاف فیرقەسی/کۆمەڵەی ئازادیی و هاوپەیمانیی"دا کۆببوونەوە، ئەوانەی لە ساڵی ۱۹۱۳دا بێدەنگ کرابوون، سەرلەنوێ لە دەوری چەند سەرکردەیەکی پێش ساڵی ۱۹۱۳دا خۆیان رێکخستبووەوە کە دیارترینیان "داماد فەرید پاشا" بوو.

**یەکێتییخوازەکان:** وێڕای ئەوەی سەرکردەکانیان هەڵاتبوون، بەڵام هێشتا یەکێتییخوازەکان پەرلەمان، سوپا، جەندرمە، هەروەها پۆست و تەلەگراف و چەند دەزگایەکی دیکەیان بەدەستەوە بوو. رژێمی نوێ لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ۱۹۱۹ەوە کەوتبووە پاکسازیی، بەڵام نە ئەوان و نە هاوپەیمانانیش ئەوەندە کارمەندو خەڵکیان بەدەستەوە نەبوو کە شوێنی زۆربەی یەکێتییخوازان بگرێتەوە.

هێشتا ئەوانە یاریزانی سەرەکیی بوون لەو گەمە سیاسییەی کە لە پایتەختدا ئەنجامدەدرا، لەکۆتایی ۱۹۱۸ەوە بەرەوسەر لە زێدەبووندا بوون و بەتەواوەتیش دوای ئەوەی بەریتانییەکان ئەستەمبوڵیان لە مارتی ۱۹۲۰دا داگیر کرد. ململانێ سیاسییە راستەقینەکە لە ئەنەدۆڵ دەگوزەرا. سەرکردایەتیی سەردەمی جەنگی(ك.ی.پ) پێش ئەوەی وڵات جێبهێڵن، زەمینەیان بۆ خۆشکردبوو. پلانەکەیان لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتبوو، کاتێك هەریەك لە سەرکردەکانی (ك.ی.پ) چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە کەشتیگەلی بەریتانیی و فەرەنسیی لە مارتی ۱۹۱۵دا لە دەردەنێلەوە دزە بکەن، ئەوەش بە دامەزراندنی

**جوڵانەوەیەکی بەرەنگاریی نەتەوەیی لە ئاسیای بچووکدا، کاتێك ئەوە روویدا، دەبوایە حکومەتی عوسمانیی، ئەستەمبوڵ بەرەو قۆنیە جێبهێڵێت.[٢٩]**

**لێرەوە چەند سەرکردەیەك لە ساڵی ١٩١٨دا رۆڵیان بینی، لەوەدەچوو ئەنوەر هێزی ئاراستەکەریان بێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە تەنیا خولی یەکەمی جەنگەکەیان لەدەستداوە، هەروەك لە ساڵی ١٩١٣دا لە بالکان روویدا، هێشتا دەرفەت لەبارەو لە خولی دووەمی جەنگەکەدا عوسمانییەکان بتوانن هێرش‌و هەڵمەتی پەلاماردەرانەی خۆیان دەستپێبکەنەوە.ئەنوەر لە کۆتایی جەنگدا لەژێر کاریگەریی باوەڕی پان ئیسلامیی‌و بە تایبەتییش پان تورکییزمدا بوو، ئەوەی وایلێکردبوو پێیوابێت ناوچە تورکییەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، بەتایبەت ناوچەی ئازەربایجان کە بەو دواییە رزگارکرابوو، رۆڵێکی بایەخدارو گرنگی لە بەردەوامبوونی ململانێیەکاندا دەبێت. هەربۆیە ئەو فەرمانی بە تیپەکانی عوسمانیی دابوو کە لە ساڵی ١٩١٨دا لە ئەوروپا گەڕابوونەوە تا روو لە قەفقاس بکەن.ئەو خۆشی مەبەستی بوو لە نۆڤەمبەری ١٩١٨دا لە ئۆدیساوە بەرەو باکۆ بچێت، بەڵام نەخۆشی رێگەی ئەوەی پێنەدا ئەو کارە ئەنجام بدات. لە هەمان کاتدا، هەریەك لە ئەوو هەروەها تەلعەت، فەرمانیان بە"تەشکیلات مەخسووسە" دابوو کە چەك و جبەخانە لەچەند حەشارگەیەکی نهێنیی لە چەند جێگایەك لە ئەنەدۆڵ مۆڵ بدەن. لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا "عموم عالەمی ئیسلام ئیختیلال تەشکیلات/رێکخراوی گشتیی شۆڕشگێڕان لە جیهانی ئیسلام" سەرلەنوێ دامەزرێندرایەوەو فەرمانی ئەوەشی پێدرا کە جەخت لە دامەزراندنی باندو دەستەی پارتیزانیی لەنێوخۆدا بکاتەوە. ئەنجامدانی ئەوەش بۆخۆی کارێکی فرە ئەستەم نەبوو، چونکە لە رووی کردارییەوە هێندێك لە باندو دەستانە هەبوو کە رۆڵێکی زێدەخراپیان لە بەدمامەڵەکردنی ئەرمەنیی‌و یۆنانییەکاندا بینیبوو. ئەوان لەو ترسەشدا ژیانیان دەگوزەراند نەوەکا سزا بدرێن‌و چەکەکانیان لێدابماڵن‌و هەڵیانوەشێنەوە.**

**گرنگترین هەنگاو کە لەلایەن سەرکردەی یەکێتییخوازانەوە پێش کۆتاییهاتنی جەنگ هاوێژرا بریتیبوو لە دامەزراندنی "قەرەقول/پاسەوان". بیرۆکەی ئەمەش هەر لەلایەن ئەنوەرو تەلعەتەوە، هەفتەیەك پێش ئەوەی وڵات جێبهێڵن، پێشکەشکرا.دامەزرێنەری راستەقینەی قەرەقول بریتیبوو لە "قەرە یوسف"ی ئەندامی بایەخداری بازنەی نێوخۆیی ئەفسەرانی یەکێتییخواز، هەروەها "قەرە کەمال" رابەری کۆمەڵەی یەکێتییخوازان لە ئەستەمبوڵ. ناوی**

---

[29] Erik Jan Zürcher (1984) The Unionist factor: the role of the Committee of Union and Progress in the Turkish national movement 1905–1926, Leiden: E. J. Brill, 104–5.

ئەم ڕێکخراوە لە ئەرك و ئازناوەکەیەوە وەرگیرابوو، ئامانجەکەش پاراستنی یەکێتییخوازەکان بوو لە هەلومەرجەکەی پاش جەنگداو شاردنەوەو پاراستنیان بوو تا ئامانجی بەهێزکردنی بەرەنگاریی بوو لە ئەنەدۆڵ و قەفقاس، بەوەی پیاوی کاراو پارە، چەك و ئازوخەیان لە پایتەختەوە بۆ رەوانە بکەن.[30]

لەکاتێکدا (ك.ی.پ) خەریکی هێنانە کایەی جوڵانەوەیەکی بەرەنگاریی چەکدارانە بوون لە ئەنەدۆڵ ، هەمان کات خەریکی ئامادەکاریی بوون بۆ پارێزگاریی ئاشکرا لە ماف دانیشتووانی تورکانی موسوڵمان لەناوچانەی شیمانەی ئەوەی لێدەکرا بکەوێتە بەر هەڕەشەی مەترسیی لەلایەن یۆنانیی، ئەرمەنیی، فەرەنسیی، ئیتاڵیی یاخود بەریتانییەکانەوە. ئەم دەستپێشخەرییە چووە قاڵبی دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێی هەرێمییەوە بەناوی"ڕێکخراوەکانی پارێزگاریی لە مافە نەتەوەییەکان" ئەوانە رۆڵێکی زیندوویان لە هێنانەکایەی جوڵانەوەی بەرەنگاریی نەتەوەییدا لە ئەنەدۆڵ (هەروەها لە تراقیا) بینی. یەکەمین ڕێکخراوێکی لەو شێوەیە لە سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩١٨دا دامەزرێنرا.[31]

کاتێك جوڵانەوەی بەرەنگاریی نەتەوەیی لە ئەنەدۆڵ پەرەیگرت، دوژمنی سەرەکییان خۆی نە لە بەریتانیی و نە لە فەرەنسییەکاندا دەبینییەوە، بەڵکو یۆنانییەکان بوون. یۆنان بە پشتگیریی بەهێزی بەریتانییەکان ماف داگیرکردنی ئەو ناوچەیەی دەوروبەری ئەزمیریان لەساڵی ١٩١٩دا بەدەستهێنا. داگیرکاریی یۆنانییەکان لە ساڵانی داهاتوو لە ئاسیای بچووکدا شێوازێکی بەرفراوانتری بەخۆوەبینی. هۆکاری ئەوەش دەتوانرێت لەو شێوازەدا ببینرێتەوە کە هێزە هاوپەیمانەکان پاش جەنگ دانوسانەکانی ئاشتییان پێ رادەپەڕاند، ئەو دانوسانە لەگەڵ وڵاتە شکستخواردووەکانی جەنگدا بەڕێوەنەدەبرا–ڕێکەوتنەکانی ئاشتیی لەلایەن هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانەوە دەسەپێندرا– بەڵکو لەنێوان هێزە هاوپەیمانەکان خۆیاندا دەگوزەرا، ئەوانەی بەشێوەیەکی لاوەکیی رووبەرووی ژمارەیەك ڕێکەوتننامەو بەڵێننامەی ناکۆك و ناتەبا دەبوونەوە کە لە دەمی جەنگدا ئەنجامدرابوون و دەبوو ڕێکبخرانایەو تاوتوێ بکرانایە. ئەوەش کاتێکی زۆری خایاند، لە راستییدا ئەوەندەی خایاند، کاتێك دواجار هاوپەیمانەکان ڕێکەوتننامە فرە سەختەکەی خۆیان لە ئوتی ١٩٢٠دا(مەبەستی

[30] N. Bilge Criss (1999) *Istanbul under allied occupation 1918–1923*, Leiden: E. J. Brill, 94–114., Zürcher, *Unionist factor*, 80 ff.
[31] Tevfik Bıyıklıoğlu (1956) *Trakya'da millî mücadele*, Ankara: Türk Tarih Kurumu, 128.

ڕێکەوتننامەی سیڤەرە/سەردەشتیی) بەسەر ئیمپراتۆریی عوسمانییدا سەپاند، مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی سوپاکەیان کە لە دوای جەنگەکەوە دەستی پێکردبوو، بەشێوەیەك تێپەڕی کە ئامرازی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەبوو پێی جێبەجێبکەن. یۆنانییەکان کە لەلایەن "ئیلسیریەس ڤینزیلیۆس"ی سەرۆك وەزیرانیانەوە ڕێبەرایەتیی دەکران، ئەم هەلەیان قۆستەوە، بۆئەوەی وەك باسکێکی هێزە هاوپەیمانەکان هەڵسوڕێن تا جوڵانەوەی بەرەنگاریی تورك لە ئەنەدۆڵ ناچار بکەن کە ڕێکەوتننامەی ئاشتیی پەسەند بکەن. ئاکامەکەشی جەنگێکی گەورەی لێکەوتەوە کە لە ساڵی ۱۹۲۲دا بە تێکشکاندنی تەواویی یۆنانییەکان کۆتاییهات.

## ئەستەمبوڵ : نۆڤەمبەری ۱۹۱۸ – مارتی ۱۹۲۰

### دەربار

سوڵتان محەمەدی شەشەم کە لە چارەی نووسرابوو دوا سوڵتانی عوسمانیی بێت، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا سیاسەتێکی ئەوتۆی گرتبووەبەر ئامانجی ڕازییکردنی هاوپەیمانەکان بوو، بەتایبەت بەریتانییەکان، ئەوەش بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەی ئاشتیی وای بەسەردا بدەن کە گونجاوبێتو دژوار نەبێت. وێڕای ئەو هەوڵەی، لەگەڵ تێکڕای ئەوانەی کە پشتگیریی ئەم ڕەوتەیان دەکرد، هەموو جێگەو متمانەو پێگەیەکی خۆیان لەدەستدا پاش ئەوەی لە هاوینی ۱۹۲۰دا ڕێکەوتننامە ئاشتییەکە بەو توندیی و سەختییە بڵاوکرایەوە.

سوڵتان، وەك باوباپیرانی پێشووی، لەسەر ڕەوتێکی بنەماڵەیی و ئاینیی تێدەفکریی و تەنیا بیری لە پاراستنی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەکەیان دەکردەوە، بیری لە ئەستەمبوڵ وەك پێگەی خەلافەتو دەسەڵاتی خۆی بەسەر گەلانی موسوڵمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکردەوە. لەو ڕووەشەوە هەستی بە لێپرسراویەتییەکی بەهێز دەکرد. ئەو نەتەوەیی نەبوو(لەراستییدا ئەو نەتەوەیی یەکێتییخوازەکانی دیتبوو کە چۆن چووبوونە ژێر باری ئەو ئایدۆلۆژییەو لەو کارەساتە بەرپرسیار بوون کە بەسەر ئیمپراتۆرییەکەدا هاتبوو)، هەروەها ئەو مەسەلەی سەربەخۆیی تەواوی ئەنەدۆڵو هەرێمەکانی دیکەی زۆر بە بایەخ نەگرتبوو.

سوڵتان وەحیدەددین بەپێچەوانەی سوڵتانەکەی پێش خۆی کە بازیچەیەکی دەستی یەکێتییخوازەکان بوو، بەشێوەیەکی چالاك خۆی لە سیاسەت هەڵقورتاند بۆئەوەی ڕەوتی دژە یەکێتییخوازەکان، دژە نەتەوەییەکانو بەریتانییخوازەکان بەهێز بکات. لەراستییدا

چەکی سەرەکیشی لەو بوارەدا دانانی سەرەك وەزیران (هەروەها وەزیرانی حکومەتەکەی) بوو . لەو بارەیەشەوە دەتوانرێت ماوەی دوای ئەپرڵی ١٩٢٠ بەرەوسەر بۆ سێ قۆناغی جیاواز دابەشبکرێت.

## کابینەکان

قۆناغی یەکەم یەك لەو وەرچەرخاندنانە بوو ، کاتێك سەرکردەکانی دەمی جەنگ لە ئۆکتۆبەردا دەسەلاتیان جێهێشت، سوڵتان دەیویست کابینەیەکی ناحزبیی لە سایەی "ئەحمەد تۆفیق پاشا"ی کۆنە دپلۆماتەوە بچەسپێنێت، بەلام یەکێتییخوازەکان جەختیان لە کابینەیەکی میانڕەو بە رابەریی "میرئالا ئەحمەد عیزەت پاشا" سەرۆکی ئەرکانی پێشوو دەکردەوەکە بۆخۆی یەکێتییخواز نەبوو، بەلام جێگەی متمانەی کۆمەڵەکەیان بوو. پاش ئەوەی سەرکردەکانی دەمی جەنگ لە مەیداندا نەمانو ئاگربەستەکەش مۆرکرا، سوڵتان، تۆفیق پاشای خستە شوێنی عیزەت پاشا، ئەو تۆفیق پاشایەی وەك کەسایەتییەکی دژە یەکێتییخوازەکان لە ١١ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ بۆ ٣ی مارتی ١٩١٩ سەرۆکایەتیی دوو کابینەی بەڕێوەبرد.

لە ٤ی مارتدا داماد فەرید پاشا شوێنی تۆفیق پاشای گرتەوە، ئەو فەرید پاشایەی کەسایەتییەکی سەرەکیی لە سیاسەتی عوسمانیی دەورانی پاش جەنگ پێکدەهێنێتو سەرۆکایەتیی کەمتر لە پێنج کابینەی وەزاریی نەکرد. ئەو زۆر لە دەربارەوە نزیك بوو، چونکە زاوای سوڵتان بوو، هەربۆیە تەنیا کەسێك بوو کە جێگەی متمانەی راستیینەی سوڵتان بوو. بەلام ئەو هەمان کات ئەندامێکی رێبەریی "حوریەتو ئیئتیلاف فیرقەسی/پارتی ئازادییو هاوپەیمانیی" سەرلەنوێ دامەزراوە بوو. سێ کابینەکەی فەرید پاشا کە لە مارت–سێپتەمبەری ١٩١٩دا بوو، سێیەمین قۆناغی ماوەی دوای جەنگ پێکدەهێنێت . ئەوان لەو ماوەیەدا سەرقاڵی رووبەڕووبوونەوەی چالاکی بەرەنگاریی پەرەسەندووی نەتەوەییەکان بوون، چ لە پایتەختو چ لە ئاسیای بچووك، بەتایبەت پاش ئەوەی هاوپەیمانەکان رێگەیان بە یۆنانییەکاندا لە مایۆدا ئەزمیرو دەوروبەری داگیر بکەن. ئەوان کاردانەوەیان بەجۆرێك بوو زێدەتر سەبارەت بە سەرکوتکردنی بەرەنگارییکاران پێداگرنو سزای یەکێتییخوازەکان بدەن.

لەکۆتایی سێپتەمبەردا، فشاری جوڵانەوەی بەرەنگاریی، فەرید پاشای ناچارکرد دەست لەکار بکێشێتەوە. بەپێچەوانەی حکومەتەکانی فەرید پاشا، دوو کابینەی دیکەی بەدوادا هاتن، ئەوەکەی "عەلی رەزا پاشا" کە تا ۳ی مارتی ۱۹۲۰ بەردەوام بوو، هەروەها ئەوەکەی "سالح خلوسی پاشا" کە تا ۲ی ئەپرڵی خایاند، هەوڵیاندا لەگەڵ بەرەنگاریی نەتەوەییدا هاوکاریی بکەن‌و ئەو کەلێنە زێدەیەی کە لە گەڵ ئەنەدۆڵ دروست ببوو، پڕبکەنەوە.

**پارتەکان**

هەرچەندە پارتی نەوژینی ئازادیی‌و هاوپیمانیی لە زۆربەی ئەم ماوەیەدا هێزی هەژمونکەری لە سیاسەتی فەرمییدا پێکدەهێنا، بەڵام چالاکییەکانی یەکێتییخوازەکانیش تەنیا بە خەباتی ژێرزەمینیی سنووردار نەکرابوو.(ك.ی.پ) لە دوا کۆنگرەی خۆیدا لە نۆڤەمبەر خۆی هەڵوەشاندەوەو "تەجەدود فیرقەسی/پارتی نوێبوونەوە"یان پێکهێنا. گروپێکی دیکە لە یەکێتییخوازان جیا بوونەوە و لەسایەی "فەتحی ئۆکیار"دا "عوسمانیی حوریەتپەروەر عەوام فیرقەسی/پارتی ئازادییخوازی گەلی عوسمانیی"یان پێکهێنا. وێڕای ئەوەش، فرەیی پارتە سیاسییە بچووکەکان هۆکاری ئەوەبوون کە هێندێك لەوانە لە قۆناغی پاش جەنگدا بەخێرایی لەسەر شانۆکە تێپەڕن.

پاش ئەوەی لە دیسەمبەردا پارلەمان هەڵوەشێندرایەوە، فشاری سەر یەکێتییخوازەکان پەرەیسەند. بەشێکی فرە لە ئەندامە بەرچاوەکانی کۆمەڵە دەستبەسەرکران(زیاتر لە ۱۰۰یان لەسەرەتای ئەپرڵدا لێگیرا)، بەشێکیان بە دەستپێشخەری حکومەتە لیبراڵەکەو بەشێکیشیان لەسەر خواستی بەریتانییەکان بوو، ئەوانەی خوازیار بوون"تاوانبارانی جەنگ" بهێننە بەردەم دادگا سەبارەت بەو رۆڵەی لە بواری ئەشکەنجەدانی ئەرمەنییەکان، بەدمامەڵەکردنی دیلە بەریتانییەکانی جەنگ، یان خۆدزینەوە لە نێوەرۆکی ئاگربەستەکە بینیویانە. دادگایەکی عوسمانیی تایبەت لەو بوارەدا مامەڵەی لەگەڵ چەندین کەیسدا کرد، بەڵام پاشتر بەریتانییەکان بەشێکیان لەو گیراوانە بۆ ماڵتە گواستەوە کە زۆربەیان تا کۆتایی ساڵی ۱۹۲۱ لەوێ مانەوە.

چالاکییە سیاسیەکان چەندە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان رێگەی لێگیرا، هێندەش بەهۆی داخستنی پارتی نوێبوونەوە بوو لە مایۆی ۱۹۱۹دا. حکومەت دژی فشاری هەڵبژاردنی نوێ وەستایەوە چونکە هەلومەرجەکەی بەتەواویی ئارام‌و گونجاو نەدەهاتە پێش چاو. بەڵام دواجار ملی بۆ داواکارییەکانی بەرەنگارییکارە ئەنەدۆڵییەکان داو لە پایزی ۱۹۱۹دا هەڵبژاردن ئەنجامدرا، سەرکردە یەکێتییخوازەکانی جوڵانەوە بەرگرییکارەکە

زۆربەی دەنگەکانی ئەنەدۆڵیان بەدەستهێناو پاش ئەوەش ئەنجومەن لە یەنایەری ١٩٢٠دا کۆبووەوە مۆرێکی یەکێتییخوازیی و نەتەوەیی هەڵگرتبوو وەك زمانحاڵی بەرەنگارییکاران هەڵدەسوڕا. زۆرینەی نەتەوەییەکانی نێو ئەنجومەن لە "گروپی رزگاریی نیشتمانیی" دا خۆیان رێکخست.

ئەنجومەن لە ٢٨ی یەنایەری ١٩٢٠دا بڵاوکراوەیەکی فەرمیی بەنێوی "میساقی میللی/پاکتی نەتەوەیی" بڵاوکردەوە کە لە بنەڕەتدا بەیاننامەی فەرمیی ئامانجەکانی جوڵانەوەی بەرەنگاریی بووو هەروا بە درێژایی ماوەی جەنگی سەربەخۆییدا مایەوە. دەقەکە، لەبنەڕەتدا لەسەر بڕیارە بەراییەکانی کۆنگرەکانی ئەرزڕۆم و سێواس داڕێژرابوو کە لەلایەن نەتەوەییەکانەوە رێکخرابوو. شەش خاڵی گرتبووەخۆ:

١- ئەو ناوچانەی دانیشتووانی موسوڵمانی عوسمانیی تێدا نیشتەجێن(لە ئاین و رەگەزو ئامانجدا یەکگرتوون)[٣٢] یەکەیەکی پێکەوە بەستراوو لێکدانەپچڕاون. بەڵام ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی رەگەزی عەرەبی تێدا نیشتەجێن و لە سایەی داگیرکاریی بێگانەدان پێویستە لە رێگەی راپرسییەوە بڕیاری لێبدرێت.

٢- دەبێت چارەنووسی سێ ویلایەتەکە "باتوم، قارس، ئەردەهان" کە لە ساڵی ١٨٧٨-١٩١٨دا بەدەست روسەکانەوە بووە، لەرێگەی راپرسییەوە دیاریی بکرێت.

٣- هەمان شێوەش بۆ دیارییکردنی چارەنووسی "تراقیای رۆژئاوا" راستە.

٤- پێویستە ئارامیی و ئاسایشی ئەستەمبوڵی پایتەخت و دەریای مەڕمەڕە زامنبکرێت.

---

[32] تێکستی پەیمانی نەتەوەیی چەند کێشەیەکی تێدایە، یەکەم چەند نووسەرێك قسە لە "لەنێوخۆو دەرەوەی هێڵەکانی ئاگربەست" دەکەن، هێندێکی دیکە تەنیا لە " لەنێوخۆی هێڵەکانی ئاگربەست" دەدەن بە دەستەوە. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییەو خواستە دیارییکراوەکانی پەیمانی نەتەوەیی پێدەچێت کە روونی بکاتەوە کام وەرگێڕانەیان راستریینیانە(هەروەك داواکارییەکان بۆ تراقیا، باتومی،و خاکی عەرەبیی بە باشیی فۆرمەڵە کرابوون). هەروەها سەرلێشێوانێك سەبارەت بەوە هەیە کە چی موسوڵمانە عوسمانییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. رەگەزە یاخود خولیایە؟ هەردوو تێکستەکە لە بیستەکانەوە پێکەوە لە ئەدەبییەتەکاندا هەن، دەگونجێت شێوازییەکە بۆ تێکستە دەستنووسەکەدا (بە نووسراوە عەرەبییەکەی)بگەڕێتەوە کە لەگەڵ نووسراوە چاپکراوەکە هاوجووت نین.بڕوانە:
Erik Jan Zürcher (2000) 'Young Turks, Ottoman Muslims and Turkish nationalists', in Kemal H. Karpat (ed.), *Ottoman pastand today's Turkey*, Leiden: E. J. Brill, 170.

٥- مـافی کەمیینــەکان دەبێــت بەشــێوەیەك دابینبکرێــت کــە هاوشــێوەبێت لەگــەڵ ئــەو ڕێکەوتنانەی لەنێوان هاوپەیمانەکانی دەوڵەتەکانی ئەورووپاوە مۆرکراوە.

٦- پێویستە سەربەخۆیی ئابووریی، دارایی و دادوەریی ئیمپراتۆرییەکە مسۆگەر بکرێت و لە سنووردارکردنی ئازاد بێت(بەواتایەکی دی، گێڕانەوەی جیاوگەکان پەسەند نابێت).

ئەمە بریتیبوو لە بەیاننامە بنەڕەتییەکەی بەرنامەی نەتەوەییەکان. ئەوەی جێگەی بایەخە، ئـەم بەیاننامەیـە جـەختی لـە سـەروەریی نەتـەوەیی تـورك نەکردووەتـەوە بـەڵکو لـە تـەواوی موسـوڵمانە عوسمانییـەکان. ئـەوەش لـە ڕووی کرداریـیـەوە تـورك و هـەروەها کـورد و گروپـە بچووکەکانی دیکەی وەك لاس و چەرکەسی دەگەیاند.

هەوڵێك بۆ ناکۆکیی و ناتەبایی پارتەکە لەگۆڕێدا بوو بۆ ئەوەی بەرەیەکی نوێ پێشکەش بکـات و لــە کۆنفرانـسەکەی پاریـسدا دەنگــی تورکـان زاڵبکـات، ئـەوەش بـە دامەزرانـدنی "کـۆنگرەی نەتـەوەیی"کـە ٦٣ گـروپ و پـارتی جیـاوازی یەکخـستبوو. کۆنگرەکـان لەچـەند کـاتێکی جیـاوازدا چـالاك بـوون، لـەنێوان نۆڤەمبـەری ١٩١٨و هـەروەها نۆڤەمبـەری ١٩١٩، وێڕای ئەوەی چەند نامیلکەیەکیشیان بڵاوکردەوە و تەنانەت نوێنەریشیان ڕەوانەی پاریس کرد، بەڵام گوێیان لێ نەگیرا.

بەداگیرکردنی ئەستەمبوڵ لەلایەن بەریتانیاوە لە ١٦ی مارتی ١٩٢٠دا، چالاکیی سیاسیی ئاشکرا کۆتاییهات. ئەو داگیرکارییـە بۆ ئـەوە بـوو ڕێگـا لـەو هاوکارییـە بگرێت کە لـە دەزگا حکومەتییەکانـەوە پێشکەش بە نەتەوەییـەکان دەکرا. هـەروەها لـە پێنـاو فشارخستنە سـەر نەتەوەییـەکانیش. سـەرکردە نەتەوەییـەکان لـە پارلەمانـدا ئاگـاداری ئـەو کـارە داگیرکارییـەی بەریتانییـەکان بـوون و بڕیاریانـدا لـەنێو پارلەمانـدا بمێننـەوە و خۆیـان نەشارنەوە و نەچن بـۆ ئەنــەدۆڵ، بــۆ ئــەوەی بەئاشــکرا پێــشانی بــدەن کــە سیاســەتی بــەریتانیا دژی مافــە نیـشتمانییەکانی ئـەو وڵاتەیـە . لـە ڕاسـتییدا ئەفسەرانی ئاسایـشی بـەریتانیی هەریـەك لـە حوسەین ڕەئوف و قەرە یوسف یان گرت کە دوو سەرکردەی بەرچاوی گروپی ڕزگاریی بوون لـەنێو پارلەمانـدا. بـەوەش دوا پارلـەمانی عوسمـانیی وەك ناڕەزایەتییـەك لـە ئەپرڵـدا خـۆی هەڵپەسارد.

## هەوڵەکان بۆ هەژاندنی ڕای گشتیی

لەکاتێکــدا دەســتەو تاقمــە سیاســییەجیاوازەکان – هەریــەك لــە یــەکێتییخوازەکان و دژەیەکێتییخوازەکانیش – لەو ڕووەوە شکستیانهێنا کە کاریگەرییـەکی بایەخداریان لەسـەر

رای گشتیی یاخود سیاسەتکارەکان لە ئەوروپا کردبێت ، ژمارەیەك لە رێکخراوی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی کە لە سەردەمی جەنگدا پەیوەندییەکی توندیان بە (ك.ی.پ)ەوە هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشکرا کارو چالاکیی سیاسییان نەبوو، ئەمانە رۆڵێکی گرنگیان لە راکێشانی رای گشتیی موسوڵماناندا بەلای نەتەوەییەکاندا گێڕا. هەلومەرجەکە لەنێو خەڵکە موسوڵمانەکەدا لە یەکەمین مانگەکانی پاش ئاگربەستەکە جۆرێك لە بێهیوایی و خۆبەدەستەوەدانی پێشاندەدا. بەڵام داگیرکردنی ئەزمیر لە مایۆی ١٩١٩دا لەلایەن یۆنانییەکانەوە، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، راستەوخۆ پاش ئەو رووداوە، خۆپیشاندانی جەماوەریی کە لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆی ئەستەمبوڵەوە رێبەرایەتیی دەکرا، وەك نارەزایەتییەك دژی ئەو داگیرکارییە ئەنجامدرا.

## هاوپەیمانەکان

هەلومەرجی ئاگربەستەکە و بوونی زیاتر لە ٥٠هەزار سەربازی هاوپەیمانەکان (٣٠هەزاریان بەریتانیی بوو) هەمیشە ئەوەی دەگەیاند کە نوێنەرانی هاوپەیمانان هەژمونێکی سیاسیی کاریگەریان لە پایتەخت هەیە. تەنانەت ئەو کاتە کە حکومەتە ملکەچەکەی عوسمانی لە دەسەڵاتدا بوو، کۆنترۆڵی هاوپەیمانەکان بە چەندین هۆکار ئاڵۆز بوو.

ئەو راستییەی کە ئیمپراتۆرییەکە هێشتا بە فەرمیی سەربەخۆ بوو، هاوسۆزیی کارمەندە عوسمانییەکانی بۆ نەتەوەییەکان هێنایەئاراو ئەو دەرفەتەی دانێ کە بە ناردنی هەواڵ و زانیاریی، کەلوپەل، چەك و هەروەها پیاو، پشتگیریی جوڵانەوەکەی ئەنەدۆڵ بکەن. هاوپەیمانەکان ئەو ئامرازو توانایەیان نەبوو بزانن لە هەموو بەشەکانی حکومەتەکەدا چی دەگوزەرێت. زانیارییەکان سەبارەت بەو رووداوانەی لەنێو بەشە موسوڵمانەکەی کۆمەڵگەی عوسمانییدا روویاندەدا بەشێوەیەکی سنووردار تەنیا پەیوەستبوو بە پشتبەستن و متمانە(بەدڵنیاییەوە لە رووی کێشەی بەریتانییەکانەوە)بە چەند ئەندامێك لە کەمینەی یۆنانیی و ئەرمەنیی، ئەوانەی هاوپەیمانانیان سەبارەت بە چەندایەتیی و توانای کارکردنی بەرگرییکارەکان بەهەڵەدا بردو بێبایەخییان پێشاندا.

ئەو بنەما کارگێڕییەی هاوپەیمانان پێشکەشیان کردبوو زۆر ئاڵۆز بوو. سوپای دەریای رەشی بەریتانیی سەرەتا لەلایەن "ژێنڕاڵ میلن"و پاشتر لەلایەن "ژێنڕاڵ هارینگتۆن"ەوە سەرکردایەتیی دەکرا لە داگیرکردنی بەندەرە تورکییەکان بەرپرسیار بوو، لەکاتێکدا ئەوەی

پەسـەندکرد کـە تورکیـای ئـەوروپیی وەك بەشـێك لـە بالکـان بخرێتـە ژێـر دەسـەڵاتی هێزی"ئـەرمی دی وەن ئۆرینیت" کە لـە بنەرەتـدا بنکەکـەی لـە سـاڵی ١٩١٨دا بـە فەرمانـدەی "ژێنـراڵ فرانـچێت دی ئێـسپری"لـە سـالۆنیکا بـوو. لـە ئەسـتەمبوڵ، هـەردوولا لـە بـەرەی بۆسـفۆرو بـەرە ئەوروپییەکـەی بـوون، ئەمـەش بێگومـان بووەهـۆی لێکخـشاندن و دژواریـی بەردەوام. دەسەڵاتدارە سەربازییەکان تەواوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە نەبوو، وێڕای ئەوەش، هـەروەها هەریـەك لـە دەوڵـەتانی هاوپـەیمان نوێنـەرانی دیپلۆماسـیی خۆشـیان هـەبوو کە"کۆمیساری باڵا"یان پێدەگوتن. هەروەها باڵیۆزو کۆنسوڵ نەبوون چونکە حاڵـەتی جـەنگ بە فەرمیی سـەرکردە سـەربازییەکانی ملکەچی کۆمیسارە باڵاکـان کردبـوو، بـەڵام لەراستییدا ئـەو سـەرکردانە زۆربـەی جـار سـەربەخۆیانە هەڵدەسـوڕان. پـاش داگیرکردنـی سـەربازیی پایتەخت لە مارتی ١٩٢٠دا، هێشتا ڕۆڵـی سـەرکردە سـەربازییەکان بەشـێوەیەکی سروشـتیی زێدەتر بوو.

کۆمیسارە باڵاکانی دەوڵـەتانی هاوپـەیمان نـەك هـەر لـە ڕووی دیپلۆماسییەوە نوێنەرایـەتیی حکومەتـەکانی خۆیـان دەکـرد، بـەڵکو لـە ڕێگـەی "کۆمـسیۆنی هاوپـەیمانان بـۆ دەستبەسـەرداگرتن و ڕێکخـستن"ەوە بەشـێوەیەکی مـەزن ڕۆڵێکـی فـرە بەرچـاویان لـە بەڕێوەبردنی پایتەختدا دەگێڕا و بە بابەتـەکانی وەك پێویـستییە خۆراکییـەکان، ئاسـانکارییە پزیشکییەکان، گرفتی پەنابـەرەکان، کێشە داراییەکانـدا رادەگەیـشت. حکومـەتی عوسمـانیی ئـەو توانایـەی نـەبوو کرێـی کارمەنـدەکانی و نـانی خەڵکەکـە بـدات، هەربۆیـە هاوپـەیمانان ناچاربوون کەم و زۆر هەنگاوبنێن و لەو ڕووەشەوە تەواو کاریگەرییان هەبوو، وێڕای ئەوەش، ژیـان لـە ئەسـتەمبوڵ لـە ساڵەکانی پـاش جەنگدا بـە تـەواویی سـەخت ببـوو. تێچوونی ژیـان بەشێوەیەکی سـەرنجراکێش بـە ڕێژەی ١٨٠٠لـە سـەدا بـەرزببووەوە(لـەنێوان سـاڵانی ١٩١٧-١٩١٨دا ١٤٠٠ لـە سـەدا بـەرزببووەوە)، لـە فێبرایـەری ١٩١٩دا گەیـشتە لوتکـە. پایتـەخت ڕووبـەڕووی کەموکورتییـەکی زۆری دانەوێڵـە و خـەڵوز بووەوە، ئـەوەی لـە کۆتاییـدا لەرێگـەی هاوردەکردنـەوە لـە بـەریتانیا و هـەروەها لـە ئەمـەریکاوە بـەهۆی تیمـە فریاگوزارییەکانـەوە دەهێنرا. بەوەش نرخەکان ٣٥ لەسەدا دابەزین و جێگیر بوون.[٣٣]

بوونی ژمارەیەکی زۆر پەنابـەر لـە شارەکەدا بارودۆخەکـەی ئاڵۆزترکرد. جگـە لـەو بێ‌ماڵ و لانانەی کە پاش جـەنگ لـە وڵاتـە شکستخواردووەکانەوە ڕوویـان لـە ئەسـتەمبوڵ کردبـوو، بـە

[33] Ahmed Emin [Yalman] (1930) *Turkey in the world war*, New Haven: Yale University Press, 151.

روسـه هەڵاتووەکانیـشەوە کـه هاتبوونـه ئـەوێ. هێنـدێك لەوانـه لـه سـەرەتای سـاڵی ١٩٢٠و هـەروەها لـه نۆڤەمبـەری ئـەو سـاڵەدا هـاتن، کەشـتیگەلی فەرەنـسیی نزیـك بـه ١٥٠,٠٠٠ لـه روسه دژە بەلشەفییەکانی لە کریمەوە هێنا کە لەژێر فەرمانـدەیی"ژێنـڕاڵ ڕەنگێل"دا بوونو له ناوچەی تەنگەکاندا نیشتەجێیان کردن. نزیك بە نیو ملیۆن پەنابەر لەناوچەی ئەستەمبوڵ دەژیـان، ئـەوەش بووەهـۆی کەوتنـەوەی کێـشەی نیـشتەجێبوون، زێـدەباری ئـەوەی کـە هاوپەیمانەکانیش بۆ خۆیان دەستیان بەسەر چەندین خانووو تەلاردا کردبوو.[٣٤] ئەو بنەما کارگێڕییە ئاڵۆزەی هاوپەیمانەکان دەتوانرا بەشێوەیەك هەڵسوراپە گەر متمانەو نیازپاکیی تایبەتمەندییـەکی پەیوەندییـەکانی نێوان هێـزە هاوپەیمانـەکان بووایـە، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە شـــتێکی وا لـــە گۆڕێـــدا نـــەبوو. لەوکاتـــەدا کـــە سیاســـەتیی بەریتانییـــەکان لەئاســـت عوسمانییەکاندا ڕەقو کارگێڕیی بەریتانیی لەو ناوچانەی داگیری کردبوون توندو تەنانەت تۆڵەسـێنیش بـوو، ئیتاڵییـەکان هـەر لـە ١٩٢٠ەوە و فەرەنـسییەکان لـە ١٩٢١ەوە، لەگـەڵ نەتەوەییـە بەرگرییکارەکانـدا خـەریکی چـاوبڕکێ بـوو.ئـەو بابەتـەی هۆکـاری نـاکۆکیی ناوبەناوی کۆمیسارە باڵاکان بوو.

## یەکێتییخوازە شاراوەکان

یـەکێتییخوازە نهێنکارەکـانی ئەسـتەمبوڵ ئـەم ناکۆکییـەیان قۆسـتەوە، لـەنێوان نۆڤەمبـەری ١٩١٨و مارتی ١٩٢٠دا، قەرەقول کەوتنە کارکردن بۆ بەقاچاغ ناردنی ژمارەیـەکی بەرچاو لـه ئەفسەرە یـەکێتییخوازەکان بـۆ ئەنـەدۆڵ کـە بەشـێکی زۆر لەوانـە ڕاوەدونرابـوون. ئـەوان بـە بڕێکـی مـەزنی چـەك، ئازووخـەو تەقەمـەنییان بـۆ جوڵانـەوە بەرگرییکارانەکـەی ئەنـەدۆڵ دابینکـرد، کـە لـەو گەنجینانـەی حکومـەتی عوسمانییـەوە دزرابـوون کـە لـە بندەسـتی هاوپەیمانەکانـدا بـوو. بـەم شـێوەیە ٥٦٠٠٠ لولـە بـاروت، ٣٢٠ ڕەشـاش، ١٥٠٠تفـەنگ، ٢٠٠٠سندوقە فیشەك، ١٠٠٠٠بەرگی سەربازیی بە قاچاغ ڕەوانەی ئەنەدۆڵ کران.[٣٥] وێڕای ئەندامەکانی پێشووی تەشکیلاتی مەخسووسە، سەندیکای بارهەڵگرانو کەشتیوانەکانیش هێشتا لـە بندەسـتی قـەرە کەمالـدا بـوون، هـەروەها کارمەنـدە یـەکێتییخوازەکان لـە وەزارەتـی جـەنگو لـە دەزگـای تەلـەگراف،ڕۆڵێکی بایەخداریان لـەم پرۆسـەیەدا بینـی، دواتـر، قـەرەقول

[34] Criss, op. cit., 29 ff.

[35] Hüseyin Dağtekin (1955) 'İstiklâl savaşında Anadolu'ya kaçırılan mühimmat ve askerî eşya hakkında tanzim edilmiş mühim bir vesika', *Tarih vesikaları (Yeni seri)*, (1) 9–15.

ئەو زانیارییانەی دەیبەخشینە بەرگرییکارەکان کە لە رێگەی تۆڕێکی سیخوڕییەوە لەنێو دەزگای حکومەتدا چنگیان دەخست. لە راستییدا درککردنی ئاستی هاوکاری بیرۆکراتیی عوسمانیی لەگەڵ نەتەوەییەکانی ئەنەدۆڵ هۆکارێکی سەرەکیی بوو بۆ داگیرکردنی فەرمیی ئەستەمبوڵ لە لایەن بەریتانییەکانەوە لەساڵی ١٩٢٠دا.

کاتێك لە ساڵی ١٩١٩دا، ئەفسەران زیاترو زیاتر بەرەو ئەنەدۆڵ دەڕۆیشتن و جوڵانەوەی بەرگرییکاریی خەریك بوو دەستییپێدەکرد، جوڵانەوەکە پێویستی بە کەسایەتییەکی بەدەسەڵات و خۆشناو بوو تا سەرکردایەتیی بکات. یەکەمجار نهێنکارەکان واپێدەچوو کە ئەحمەد عیزەت پاشای سەرۆك ئەرکانی پێشوو و سەرۆك وەزیریان پێشنیازکرد کە یەکێتییخواز نەبوو بەڵام جێی متمانەی یەکێتییخوازەکان و نیشتمانپەروەرێکی پەرۆش بوو. کاتێك نەیانتوانی رەزامەندیی ئەو بەدەستبهێنن، ئەندامانی رێبەرایەتیی قەرەقول، مستەفا کەمال پاشا (ئەتاتورك)یان دەستنیشانکرد.[٣٦]

مستەفا کەمال پاشا ئەندامێکی بەرایی(ك.ی.پ)بوو،[٣٧] ئەو یەکێك بوو لە ئەفسەرە چالاکەکانی ئەڵقەی نێوخۆیی کە لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨دا بەشداربوون، هەروەها یەکێك بوو لە رێبەری جوڵانەوە سەربازییەکەی ساڵی ١٩٠٩ و لە ساڵی ١٩١١ لە لیبیاش راژەی کردبوو. لەوەدەچوو لەنێو (ك.ی.پ)دا سەر بە دەستەی جەمال بوو بێت. بەوەش بەشێوەیەکی تایبەت لە عەلی فەتحی ئۆکیارەوە نزیك بوو کە ئەفسەرێکی باڵادەستی یەکێتییخوازەکان و رکابەری بوو. لەماوەی ١٩١٢-١٩١٣دا پەیوەندییە شەخسییەکانی نێوان ئەنوەر لەلایەك و فەتحی و مستەفا کەمال لەلایەکی دیەوە زۆر دژوار بوو، لەئاکامدا، مستەفا کەمال چووە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و ئەنوەریش وەك فەرماندەیەکی سەربازیی باڵا لە پاش کودەتاکەی بابی عالیی لە یەنایەری ١٩١٣دا دەرکەوت.ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە مستەفا کەمال تێکەڵ بە سیاسەتەکانی دەمی جەنگی ئەنوەرو تەلعەت نەبوو. لەساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، مستەفا کەمال ناوێکی دیاری بۆخۆی بەدەستهێنا پاش ئەوەی بووە فەرماندەی بەرەی"ئەنەفارتا"لەکاتی هەڵمەتەکەی دەردەنێلدا. هەروەها پاش ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرەکانی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات و فەلەستین جەنگا و کاتی کۆتایی جەنگ وەك میرئالا و بەرپرسی هێزە سەربازییەکانی بەرەی سوریا بوو. لەنێو سوپادا وەك

---

[36] Criss, op. cit., 100–1.
[37] Kâzım Karabekir (1960) *İstiklâl harbimiz*, Istanbul: Türkiye, 391.

ئەفسەرێکی زۆر لێهاتوو بەڵام بەخۆنازو سەربەگۆبەند دەناسرا. پاش ئاگربەستەکە، رووی کردە ئەستەمبوڵو لەماوەیەکی کەمدا هەوڵیدا تێکەڵ بە سیاسەت بێتو خۆی بە پارتەکەی عەلی فەتحی هاوڕێدا کە"پارتی لیبراڵی گەلی عوسمانیی"بوو، هەڵواسیی و لە بەهاری ساڵی ١٩١٩دا بۆی روون بووەوە کە ئەم کارەی بەهیچ جێگەیەکی ناگەیەنێت، هەربۆیە وای بەقازانج زانی کە هەروەك زۆربەی برادەرکانی دیکەی بەرەو ئەنەدۆڵ بڕوات.

ئەو تایبەتمەندییانەی لە مستەفا کەمالدا هەبوو وەك:پایەبڵندیی لە سوپا، زمانپاراویی و گوتاربێژیی سیاسیی و هەروەها دەستپاکیی، کردی بە هەڵبژاردەیەکی گونجاو بۆ سەرکردایەتیی بەرگرییکاران. هەر پاش ئەوەی بەوە رازیی بوو، دەرفەتی گونجاوی خرایە بەردەست. حکومەتەکەی فەرید پاشا سەبارەت بە توندوتیژییە نێوکۆییەکانی ئەنەدۆڵو هەرێمی دەریای رەش، هۆشیار کرایەوە(ئەوەی توانیبووی هاوپەیمانەکان بەگوێرەی بەندی ٢ی ئاگربەستەکە بورووژێنێت) هەروەها ویستی پشکنەرێکی سەربازیی بۆ هێورکردنەوەو چەکداماڵین بنێرێتە هەرێمەکە. "محەمەد عەلی بەگ"ی وەزیری ناوخۆ، پەیوەندیی بە "عەلی فوئاد پاشا"وە کردبوو کە ئەفسەرێکی دۆستی نزیکی مستەفا کەمال بووو خۆشی پێشتر چووبووە ئەنەدۆڵ. چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مستەفا کەمالدا کردو دواتر دیدەنییەکی لەگەڵ سەرۆك وەزیر بۆ رێکخرا، دواتر مستەفا کەمال بە پشکنەری سوپای سێیەم لە رۆژهەلات دامەزرێنرا. لێرەشەوە هاورێکانی لە وەزارەتی جەنگ تێیانگەیاند چی بکات، دەسەلاتێکی فراوانیان پێدا، لەوانە مافی راستەوخۆی پەیوەندییکردن بە تەواوی دەسەلاتدارە سەربازیی و مەدەنییەکانەوە لەو ناوچەیەی تیدا وەك پشکنەر دامەزرابوو کە هەموو ناوچەی رۆژهەلاتی ئەنەدۆڵی گرتەوە. مستەفا کەمال کە بەو دەسەلاتە فراوانە چەکدارکراو لەگەڵ دەستەیەکی ئەرکانیدا ئەستەمبوڵیان لە ١٨ی مانگدا جێهێشتو لە ١٩ی مایۆی ١٩١٩دا گەیشتنە بەندەری سامسۆن لەسەر دەریای رەش. هەر گەیشتنە ئەوێ، چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەی پەرەسەندنی رووداوەکانی ئەنەدۆڵدا بە باشیی بردەپێش.

## دانوسانی ئاشتیی

تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا، هێزە هاوپەیمانەکان ژمارەیەك رێکەوتننامەیان سەبارەت بە دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانیی مۆرکردبوو. پاش شکستی عوسمانییەکانییش، رێکەوتنەکان لە بنەرەتدا بۆ دوو جۆر دابەشبوون. یەکەمیان ئەو رێکەوتنانە بوون لەنێوان هێزەکاندا بە ئامانجی دابەشکردنی خاکی عوسمانیی بوو بێئەوەی هاوسەنگیی هێز

لەنێوانیاندا لاوازبێت. دەتوانرێت ئەو چالاکییە دیپلۆماسییانەی کە بەم لایەنەوە سەرقاڵبوو بە دوا تێکۆشان لە کەیسی"کێشەی رۆژهەڵات"دا بدرێتە قەڵەم. دووەمیش ئەو رێکەوتنانە بوون کە درابوون بە دانیشتووانی، یان ئەوانەی دەبوونە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە دەخرانە ژێرسایەی شێوازێکی هاوچەرخ لە دابینکردنی مافی چارەنووس ، هەڵبەتە بەشێوەی ماندێتیی کە ئەوەش رۆڵی خۆی هەبوو.

یەکەمین رێکەوتننامە لە مارتی ١٩١٥بوو کە "رێکەوتننامەی قوستەنتنییە"ی پێدەگوترێت، تێیدا فەرەنساو بەریتانیا دانیان بە ژمارەیەك لە داواکارییەکانی روسیادا نا، بەوەی پاش سەرکەوتن لەجەنگ، رێگە بە روسەکان دەدرێت چەند بەشێك لە ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات، ئەستەمبوڵو هەروەها تەنگەکان داگیربکەن. ئەوەش لەراستییدا دەستکەوتێکی بنەڕەتیی بوو بۆ روسەکانو لەئاکامدا فەرەنساو بەریتانییەکان کەوتنە دانوسان سەبارەت بە خواستە تایبەتەکانیانو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییەی لەهاوسەنگیی هێزەکاندا هاتبووە کایەوە. هەمانکات، بەپێی رێکەوتننامەی لەندەن لە ئەپرڵی ١٩١٥دا، هاوپەیمانەکان بەڵێنیان دابوو کە باشووری رۆژئاوای ئاسیای بچووك وەك بەرتیلێك بدەنە ئیتالیا بۆئەوەی پاڵ بە هاوپەیمانەکانەوە بدات.

دانوسانەکانی فەرەنسیی-بەریتانیی سەبارەت بە دابەشکردنی کەلاکی دەوڵەتی عوسمانیی لە ١٦ی مایۆی ١٩١٦دا بە رێکەوتنی "سایکس پیکۆ" کۆتاییهات، ئەو رێکەوتننامەی لەنێوان "مارك سایکس"ی سەر بە بیرۆی عەرەب لە قاهیرەو هەروەها"جۆرج پیکۆ"ی دیپلۆماتی فەرەنسیی کە لە باڵیۆزخانەی فەرەنسیی لە لەندەن بەستراو لە ٣ی یەنایەری ١٩١٦دا فەرمیی کرا. ئەم رێکەوتنە ناوچە کەنارییەکانی سوریا(بە لوبنانیشەوە)، هەروەها ناوچەیەکی دەوروبەری بایەخداری نێوخۆی سوریا تا دەگاتە موسڵ کە هەرێمێکی عوسمانیی بە نەوت دەوڵەمەندە، دەداتە فەرەنسا. بەریتانییەکان هەرێمەکانی بەغداو بەسرەیان دەستکەوت، لەگەڵ ناوچەیەکی دەوروبەری بایەخدار کە بەرەو رۆژئاوا تا بەندەرەکانی یافاو حەیفا درێژدەبێتەوە. فەلەستین جگە لەو دوو بەندەرە دەکرێتە ناوچەیەکی نێودەوڵەتیی، بەڵام شێوازی بەڕێوەبردنەکەی بە تەمومژاویی هێڵرابووەوە. ناوچەکانی ناوەوە دەبوایە رادەستی پاشایەتییەکی عەرەبیی یان "پاشایەتییەکان"بکرایە بەشێوەیەك کە گونجاوبێت لەگەڵ ناوچەکانی نفوزو دەسەڵاتی هەریەك لە فەرەنساو بەریتانیادا. رێکەوتننامەکە لەلایەن بەریتانیاو کابینەکەی فەرەنسا لە فێبرایەری ١٩١٦دا مۆرکراو لە ١٦ی مایۆدا، لەنێوان وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو باڵیۆزی فەرەنسا بە نامە

ئاڵوگۆڕ کرا. پاشتر هەروەها حکومەتی روسیا پێیەوە پەیوەست بوو. ئەم رێکەوتننامەیە بەنهێنی مایەوە تاکو شۆڕشی بەلشەفیی روسیی بڵاویکردەوە.

رێکەوتننامەی"سات جین دی موریان" سەرلەنوێ داواکارییەکانی ئیتاڵیای سەبارەت بە باشووری ئاسیای بچووک پێناسە کردەوە، کە لەنێوانیاندا ئەزمیرو دەوروبەری خرایەسەر ناوچەی ئیتاڵیا.بەڵام روودانی شۆرش لە روسیا رێگەی لە جێبەجێکردنی ئەم رێکەوتننامەیە گرت. پاشتر فەرەنسا و بەریتانیا ئەم واقیعەیان بۆ دژایەتیی خواستەکانی ئیتاڵیا بەکارهێنا.

ئەمە هەموو رێکەوتننامەکانی نێوان هێزەکان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەڵێن و وادە بەلایەنی دیکەش درابوو. یەکەمین پەیوەندییەکانی نێوان کۆمیساری باڵای بەریتانیی لە میسرو شەریفی مەککە، لە ئاکامدا بە هەڵگیرساندنی راپەڕینە عەرەبییەکە کۆتاییهات، کە لەبەهاری ١٩١٥دا دەستیپێکرد. ئەم پەیوەندییانە گۆرا بۆ شێوازێکی درێژخایەنی نامەگۆڕینەوە لەنێوان ژوئیەی ١٩١٥بۆ مارتی ١٩١٦ کە تێیدا لە بەرامبەر راپەڕینی عەرەبدا، بەریتانییەکان بەڵێنیان بە شەریفی مەککە دابوو پشتگیریی بکەن بۆ دامەزراندنی پاشایەتییەکی عەرەبیی کە تا هێڵی ٣٧ی باکوور درێژبێتەوە، جگە لە کەناری سوریا و ناوچە پیرۆزەکانی فەلەستین. بەڵێنەکە تەنیا شێوەی شەرعیی پەیوەندییەکە بوو تا ئاستێك لەگەڵ رێکەوتننامەکانی کە هەبوون ناتەبایی پێدەهێنا.

لە نۆڤەمبەری ١٩١٧دا، "ئارسەر بێلفۆر"ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بەئامانجی بەدەستهێنانی پشتگیریی نێوەندە جووەکانی وڵات و هەروەها بەتایبەت لە ئەڵمانیا و نەمسا، بەڵێنی دا بە "لۆرد رۆتشیڵد"ی رابەری جوڵانەوەی زایۆنیی لە بەریتانیا کە پشتگیریی دامەزراندنی "نیشتمانێکی نەتەوەیی"بۆ جووەکان لە فەلەستین بکات.لەکۆتاییدا، لەیەنایەری ١٩١٨دا، "ویلسن"ی سەرۆکی ئەمەریکا ئامانجەکانی ئەمەریکای بۆ جەنگ لەگەڵ "چوارده خاڵەکە"یدا راگەیاند کە تێیدا داننان بەماف نەتەوەکان لە چوارچێوەی دیارییکردنی چارەنووسی خۆیاندا هاتبوو، ئەوەی بەتوندیی لەلایەن حکومەتەکانی فەرەنسا و بەریتانیاوە بێزراوی کردبوو.

رەوشەکە بۆ سیاسەتکارانی هاوپەیمانان زێدە ئاڵۆز بوو. کاتێك لەناکاویش پاش شۆرشی بەلشەفیی، رژێمە نوێیەکەی روسیا هەموو ئەو رێکەوتننامە "ئیمپریالیستییانە"ی راگەیاندو لەوەش خراپتر بڵاویکردەوە، بەوە حکومەتی عوسمانیی دەرفەتی پرۆپاگەندەی بۆ بڵاوکردنەوەو ئیفشاکردنی رێکەوتننامەی سایکس- پیکۆ بۆ رەخسا، ئەو

ڕێکەوتننامەیەی بە ئاشکرا لەگەڵ ئەو بەڵێنەدا ناکۆك بوو کە لە سوریا بە شەریف حوسێن درابوو. شەریف ناڕەزایەتیی خۆی لەو بارەیەوە دا بە کۆمیساری باڵای بەریتانیی، بەڵام ئەو وەڵامێکی ڕوونی نەدایەوە. ئەوە تەنیا لە ژونی ١٩١٨دا بوو کە بەریتانییەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە هەڵوێستی خۆیان پێشاندا. ئەوان لەنێوان دووجۆر لە ناوچەکان جیاوازییان دادەنا، هەموو ئەو ناوچە عەرەبییانەی پێش جەنگ سەربەخۆ بوونو هەروەها ئەوانەی کە عەرەب خۆیان ڕزگاریان کردبوو سەربەخۆ دەبن، لەکاتێکدا ئەو ناوچانەی کە هاوپەیمانان ڕزگاریان کردوون یاخود تا ئێستاش لەبندەستی تورکانی عوسمانییدا ماونەتەوە، ئەوا لە چوارچێوەی ناوچەی نفوزی هێزە هاوپەیمانەکاندا دەمێننەوە.

ئەمە ڕەوشەکە بوو سەبارەت بە ڕێکەوتننامەو پەیمانو بەڵێنەکان دەگوزەرا کاتێك لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا بەرگریی عوسمانیی نوزەی لێبڕا. نها کۆنفرانسی ئاشتیی لە پاریس کۆبووەتەوە تا بە ئەرکی هەماهەنگیی نێوان ئەو ڕێکەوتننامەو پەیمانانە رابگات.لەبنەڕەتدا کارەکان لەم کۆنفرانسەدا بریتیبوو لە دانوسان لەنێوان زلهێزە هاوپەیمانەکان خۆیان، هەروەها لەنێوان ئەوانو دەوڵەتە پەیوەستەکانی وەك یۆنانو سربیادا. لەراستییدا چیدی ڕوسیا دەوڵەتێکی هاوپەیمان نەمایەوە هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەساڵی ١٩١٩دا بەهۆی هۆکاری ناوخۆییەوە لەم کۆنفرانسە کشایەوە. لەنێوان دەوڵەتانی سەرکەوتووی هاوپەیمانو دەوڵەتانی شکستخواردوودا بایەتێکی جدیی بۆ دانوسان نەبوو. دوا دەقی ڕێکەوتنەکان سووكو باریك خرایە بەردەم دەوڵەتانی شکستخواردوو، ئەوانیش دەیانتوانی یا مۆری بکەن یاخود–لە ڕووی تیۆرییەوە–ڕەتی بکەنەوە.

ئەو بڕیارانەی کە دەبوایە لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی نزیك وەرگیرابان بەهۆی لەپێشیی هێورکردنەوەی کێشەکانی ئەڵمانیاو نەمساوە دواکەوت. ئەوەی زیاتر ئەو مەسەلەیەی دژوارترکرد بریتیبوو لەو ڕاستییەی کە نوێنەرانی هێزە هاوپەیمانەکان بە نوێنەرانی گروپە ئیتنییە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی وەك تورك، گریك، ئەرمەنیی، کورد، عەرەبو هێنانەدی داواکارییەکانیان دەکرد لەگەڵ یەکدا ناکۆکیی هەبوو.

سەرەکییترین ناکۆکیی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا سەبارەت بە سوریا بوو. بەریتانیا بەڵێنی دابووە ڕاپەڕیوە عەرەبەکانو ئامادە بوو بەقازانجی پاشایەتییەکی سەربەخۆی عەرەب کە لە دیمەشقەوە لەلایەن فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسەینەوە ڕاگەیەندرا، چاو بە ڕێکەوتننامەی سایکس–پیکۆ بخشێنرێتەوە. ئەم دەوڵەتە لەلایەن بەریتانییەکانەوە دانی پێدانرابوو، بەڵام لەلایەن فەرەنسییەکانەوە نەخێر، ئەوانە داوای جێبەجێکردنی تەواوی ڕێکەوتننامەی

سایکس پیکۆ بوون. کاتێك دانوسان لەو بارەیەوە گەیشتە بنبەست، لێرەدا ئەمەریکییەکان دەستپێشخەرییان کردو کۆمسیۆنێکیان (کە کۆمسیۆنی کینگ-کراین ی پێدەگوترێت) لە ژونی ١٩١٩دا ناردە سوریا تا لە سەرنج و دیدی دانیشتووانەکە بکۆڵنەوە. عەرەبەکان ئومێدی خۆیان لەسەر کۆمسیۆنەکە هەڵچنیبوو، بەڵام فەرەنسیی و بەریتانییەکان هەرگیز مەسەلەکەیان بە بایەخ وەرنەگرت و پاش ئەوەی ئەمەریکییەکان لە کۆنفرانسی ئاشتییدا پاشەکشەیان کرد، خۆیان لە پێشنیازەکانی کۆمسیۆنەکە دزییەوە. بەریتانییەکان لەنێوان فەرەنساو عەرەبەکاندا، فەرەنسییەکانی هەڵبژاردو لە سێپتەمبەری ١٩١٩دا بە قازانجی ئەوان بڕیاریدا. فەرەنسا خوازیار بوو کە کەناری سوریای لەبندەستدا بێت و ماندێتی بەسەر ناوچەکانی ناوەوەی سوریا، کە فەیسەڵ فەرمانڕەوایەتیی دەکرد، بسەپێنێت. لەبەرامبەردا، فەرەنسا ماندێتی بەریتانیای بەسەر فەلەستیدا پەسەند کردو رازییبوون دەست لە ناوچەی موسڵی بەنەوت دەوڵەمەند بۆ عێراقێکی بن هەژموونی بەریتانیا هەڵگرێت. ئەم یەکلاکردنەوەیە، کە لە دانیشتنێکی ئاشتیی لە سان ریمۆ لە زستانی ١٩١٩-١٩٢٠دا جێگیرکرا، بووەهۆی هەڵگیرساندنی راپەڕینێکی عەرەبیی لە سوریا کە بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن هێزە فەرەنسییەکانەوە سەرکوتکراو بەوەش فەرەنسا تەواوی سوریای لە ژوئیەی ١٩٢٠دا داگیرکرد.

سەبارەت بە جێگیریی هەلومەرجەکە لە ئەنەدۆڵ، سێ کێشەی سەرەکیی هەبوو: کێشەی ئەرمەن، خواستە دژبەیەکەکانی یۆنانیی و ئیتاڵیا لە رۆژئاوا، هەروەها شوێنی ئەستەمبوڵ و تەنگەکان. سەبارەت بە ئەرمەنەکان، کۆنفرانس لە کۆتاییدا بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەرمەنیی لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا، کە بەشێوەیەکی وا درێژ دەبووەوە خواستە فراوانخوازییەکانی ئەرمەنییە نەتەوەییەکان بێنێتەدی، هەرچەندە رێکەوتننامەکە بەهۆی دژایەتیی تورکانەوە نەژیاو بووە نووسراوێکی مردوو. شوێنی جوگرافیی ناوچەکە ئەوەی دەگەیاند کە سەپاندنی بڕیارەکە بەسەر تورکە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکاندا پێویستی بە هەڵمەتێکی سەربازیی بەرفراوان هەیە کە لەو دەمەدا هاوپەیمانەکان نە ئامرازێکیان بەدەستەوە بوو بۆ جێبەجێکردنیی و نە حەزیشیان پێدەکرد.

دووەمین کێشە لەو راستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە یۆنان(کە لەکۆتایی جەنگدا دایەپاڵ هاوپەیمانەکان) داوای هەمان ناوچەیان لە باشووری رۆژئاوای ئاسیای بچووکدا کرد. داواکانی ئیتاڵیا کۆنتر بوون، بەڵام بەدواداچوونی هاوکات ئەمە بە خواستەکانی ئیتاڵیا سەبارەت بە کەنارە ئاوییەکانی دەریای ئەدریاتیك پێگەی ئیتاڵیای لە کۆنفرانسی ئاشتییدا

لاواز كرد، لەكاتێكدا یۆنانییەكان لەلایەن بەریتانیاوە پشتگیرییەكی بەهێز كران. ئەوەش بەشێكی بۆ ئەو كاریگەرییە فیزیۆلۆجییە بەرچاوە دەگەڕێتەوە كە "ڤێنزیلۆس" سەرەك وەزیری یۆنانی بەسەر "لوید جۆرج"ەوە هەیبوو،[38] بەشێكی دیكەش بۆ ئەو هزرە سیاسییە ساردو هێورە دەگەڕێتەوە كە بەریتانییەكان پیادەیان دەكردو پێیان وابوو كە یۆنان پارسەنگێكی شیاوە بۆ فەرەنساو ئیتاڵیا لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست. ئاكامی ئەوەش بریتیبوو لەوەی كە یۆنانییەكان چرای سەوزیان بۆ هەڵكرا تا لە مایۆی ١٩١٩دا ئەزمیرو دەوروبەری داگیر بكەن.

هاوپەیمانەكان سەبارەت بە ئەستەمبوڵو هەروەها تەنگەكان رووبەڕووی گەنگەشەیەكی ئاڵۆز بوونەوە ، بەلای حكومەتی بەریتانیاوە، بایەخی سیاسیی وستراتیژیی ئەم تەنگانە هێندە بووە كە پێی وابوو ئەگەر تەنگەكان لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییدا بهێڵرێتەوە، ئەوا پێویست دەكات كە تەواوی ئیمپراتۆرییەكە بخرێتە ژێر سایەی جۆرێك لە دەسەڵاتی بێگانەكان، دەگونجێت لە شێوەی ماندێتییدا. ئەگەر لەلایەكی دیكەوە، ئەو ناوچانە لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی دابڕێت، ئەوی دواتریان ئەوەندە بایەخدار دەبێت كە دەتوانرێت بۆ چارەنووسی خۆی جێبهێڵرێت. بەریتانییەكان هەڵوێستێكی توندیان لەو بارەیەوە پێشاندا، بەڵام فەرەنسییەكان زیاتر لەهەمبەر توركان نەرمییان نواند، دەیانویست ئەستەمبوڵیان بەدەستەوە بمێنێت. لە دیسەمبەری ١٩١٩دا، فەرەنسییەكان —لە بەرامبەر بەدیهێنانی خواستەكانیان لە سوریا— خواستەكانی بەریتانیایان پەسەندكرد، بەڵام بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش ئەوە كابینەی بەریتانییەكان خۆی بوو كە لە سایەی فشاری ئۆفیسی هند رایان گۆڕیی، ئەو ئۆفیسە ترسی ئەوەی هەبوو كە موسوڵمانان لەهندی بەریتانیی توندوتیژیی بنوێنن، هەروەها ئۆفیسی جەنگ پێی وابوو كە پاراستنی ئایندەی ئەستەمبوڵ دژی توركان لە رووی كردارییەوە نەشیاوە.[39]

هەمان كات، لە وەڵامی ئەو خواستەی وڵاتە یەكگرتووەكان سەبارەت بە دامەزراندنی ماندێتییەك لە ئەرمینیا، "كۆمسیۆنی هاربۆرد" كە نێردراوێك بوو هاوشێوەی كۆمسیۆنی كینگ —كراین، لە سێپتەمبەری ١٩١٩دا سەردانی ئەنەدۆڵیان كرد. ئەم كۆمسیۆنە پێشنیازی دامەزراندنی ماندێتییەكی ئەمەریكییان لە تەواویی ئەنەدۆڵدا كردكە تێیدا توركان پلەیەكی

[38] Harold Nicolson (1934) *Curzon: the last phase 1919–1925: a study in postwar diplomacy*, London: Constable, 95–7 for an analysis of Lloyd-George's attitude towards Venizelos and the Greeks.
[39] Paul C. Helmreich (1974) From Paris to Sèvres: the partition of the Ottoman Empire at the peace conference of 1919–1920, Columbus: Ohio State University Press, 218.

مەزنیان لە ئۆتۆنۆمیی هەبێت. بیرۆکەی ماندێتییەکی ئەمەریکیی بۆ زۆرێك لە تورکانی عوسمانیی جێگەی سەرنج و پەسەند بوو، ئەوانەی هیوای خۆیان لە سەر بەندی دوازدەی "چواردە خاڵەکەی سەرۆك ویلسن" هەڵچنیبوو، ئەو خاڵەی بەشی تورکیان لە ئیمپراتۆری عوسمانییدا وەك (سەروەرییەکی پارێزراو) دڵنیا کردەوە. تەنانەت ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی تورك "کۆمەڵەی ویلسن"یان دامەزراند، بەڵام ئەو بیرۆکەیە هەرگیز لەلایەن هاوپەیمانانەوە نەگیرایەبەرو هەروەها لە راستییدا لەلایەن رێبەرایەتیی نەتەوەییەکانەوە لە ئەنەدۆڵ.

هەموو بڕیارە سەرەکییەکانی جێگیرکردنی ئاشتیی لە سەرەتای بەهاری ١٩٢٠دا دران و دەقەکە لە ١١ی مایۆی ١٩٢٠دا بە نوێنەری عوسمانییەکان درا، ئەستەمبوڵ لەدەست عوسمانییەکاندا مابووەوە، بەڵام جیا لەوە، دەقەکە ئەوەندە توند بووکە نوێنەرانی عوسمانیی ئامادەی پەسەندکردنی نەبوون و رێکەوتننامەکە تەنیا ئەو کاتە واژۆکرا کاتێك ئەستەمبوڵ چەند نوێنەرێکی نوێی گوێ لەمستی نارد. رێکەوتننامەی سیڤەر کە لە ١٠ی ئوتی ١٩٢٠ مۆرکرا. ئیمپراتۆریی عوسمانیی وەك کوتە دەوڵەتێك لە باکووری ئاسیای بچووك بە ئەستەمبوڵی پایتەختەوە دەهێشتەوە. تراقیای رۆژهەڵات و ناوچەی دەوروبەری ئەزمیر بە یۆنان درابوو، لەکاتێکدا تەنگەکان بەنێودەوڵەتیی کرابوون. لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵیش دەوڵەتێکی ئەرمەنیی سەربەخۆ دامەزرێنرا بوو. فەرەنسا لە سوریا و لوبنان ماندێتی دامەزراندبوو، لەباشووری ئەنەدۆڵ ناوچەی نفوزی هەبوو. بەریتانیاش لە فەلەستین، سوریای باشوور(کە ئێستا ئەردەنی پێدەگوترێت)، هەروەها لە میسۆپۆتامیا(عێراق)، بە هەرێمی موسڵی بە نەوت دەوڵەمەندیشەوە، ماندێتی دامەزراندبوو. ئیتاڵیا بەشی باشووری رۆژئاوای ئاسیای بچووکی وەك ناوچەی نفوز بەرکەوتبوو. کوردستان لە باکووری هەرێمی موسڵەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی جێهێڵرابوو، بەڵام بەشێوەیەك کە ئۆتۆنۆمیی هەبێت و لەماوەی ساڵێکیشدا مافی ئەوەی هەبێت بۆ داوای سەربەخۆیی پەنا بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرێت.

لەو دەمەی رێکەوتنەکەی تێدا واژۆکرا، ئاشکرابوو کە واژۆی حکومەتی سوڵتان لە ئەستەمبوڵ بەهایەکی کەمی هەبوو، چونکە بەندەکانی دەبوایە بەسەر وڵاتێکدا بسەپێنرێت کە نزیکەی بەشی زۆری لە بندەستی جوڵانەوەیەکی چەکدارانەی نەتەوەییەوە بوو. وەك بینیمان، هاوپەیمانان چاوەڕێی نارەزایەتییان بۆ ئەو رێکەوتننامەیە دەکرد، هەربۆیە لە مارتدا ئەستەمبوڵیان داگیرکرد. بەڵام لەبەرئەوەی تا ئەو کاتە ناوچەکانی ناوەوەی وڵات لە ژێر سایەی داگیرکارییەکی سەربازیی تەواودابوو، هەربۆیە لە سایەی فشاری بەریتانیادا،

هاوپەیمانان پێشنیازی یۆنانیان بۆ سەپاندنی ڕێکەوتننامەکە بەشێوازێکی سەربازیی پەسەندکرد. ئاکامەکەشی بە شەڕی سەرتاسەری نێوان تورك و یۆنانییەکان کۆتاییهات کە لە ١٩٢٠-١٩٢٢ی خایاند.

**ئەنەدۆڵ : نۆڤەمبەری ١٩١٨-بەهاری ١٩٢١**

یەکێتییخوازەکان وێڕای چالاکییە ژێرزەمینییەکان دەستیانکرد بە چالاککردن و هاندانی رای گشتیی لە هەرێمەکاندا، خاڵی دوازدە لە خاڵەکانی ویلسن بەڵێنی بەناوچە تورکییەکانی ئیمپراتۆرییەکە لەسایەی سەروەرییەکی پارێزراودا دابوو. هەربۆیە یەکەمین ئەرکی ئەوانەی خوازیاربوون رێگریی لەوە بکەن ناوچە تورکییەکان لە ئیمپراتۆرییەکە دابڕێت، ئەوەبوو کە پێشانی بدەن ئەو ناوچانە لە مەترسییدان و لە کۆنگرەی ئاشتییدا هەوڵی دابڕانیان دراوە و تەواوی موسوڵمانانی تورك خوازیارن بە شێوەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ دایکی نیشتماندا بمێننەوە. بۆ ئەو ئامانجەش ، لقەکانی(ك.ی.پ) لە پایتەختەکانی هەرێمەکاندا زۆرجار لەگەڵ نوێنەرایەتییەکەیان لە پایتەختی هەرێمەکان لە پەیوەندییدا بوون و هەڵسان بە دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەك بەناوی"مودافعەی حقوق وملليە/ بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکان"، ئەو چەمکەی لەو دەمەدا باوبوو. (دیارە ئەم جۆرە چالاکییە سیاسییە ورووژێنەرانە زیاتر لەو ناوچانە خێراتربوو کە بە ئاشکرا مەترسیی رادەستکردنیان بۆ یۆنانییەکان لەسەر بوو.لە تراقیا"کۆمەڵەی بەرگریی لە مافەکان" لە نۆڤەمبەری ١٩١٨دا لە ئەدرنە دامەزرێنرا، دانەیەکی هاوشێوەش لە هەمان کاتدا، بۆ تراقیەی رۆژئاوا پێکهات. ئنجا ئەزمیر رێکخراوی هەرێمی خۆی لە دیسەمبەردا پێکهێنا. لە رۆژهەلات یەکەمین رێکخراو لە قارس لە نۆڤەمبەری ١٩١٨دا پێکهێنرا، ئنجا ئەوەی ترابزۆن و هەروەها ئەرزرۆمی بەدواداهات (هەردووکیان پاش ئامادەکارییەکی کەم لە فێبرایەری ١٩١٩ دا بوو). لە باشوور، دانەیەك لە ئۆرفە لە دیسەمبەردا پێکهێنرا.

ژمارەیەك رێکخراوی بچووکی دیکە هەبوون و هەموویان هاوشێوەی یەك هەڵدەسوڕان، ئەو یەکێتییخوازانەی لە پشت ئەو کۆمەڵانەوە بوون هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کەسایەتییە ریشسپیی و رۆحانییە ناسراوەکان(زۆربەی جار موفتییەکان) بکەنە سەرۆك و سیمبوڵی ئەو کۆمەڵانە بۆ ئەوەی جەخت لەمەڕ کارەکتەری نەتەوەییان بکەنەوە و پشتگیرییەکی بەرفراوان بۆخۆیان بەدەستبهێنن. دواترکۆنگرەیەکیان بۆ ئەو کۆمەڵانە پێکهێنا تاکو نوێنەرایەتیی و کارەکانیان جێگیر بکەن. لەراستییدا، ئەو کۆنگرانە پڕبوون لە

ئەندامەکانی ڕێکخراوی(ک.ی.پ)، ئەوانەی بانگێشتکرابوون و بەگشتیی هەڵنەبژێردرابوون. ئەو کۆنگرانە کە ژمارەیان ٢٨ بوو، لەنێوان دیسەمبەری ١٩١٨بۆ ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ بەستران و تایبەتمەندیی تورکیی و ئیسلامیی ئەو ناوچانەیان ڕاگەیاندو جەختیانکرد لەگەڵ دایکی نیشتماندا بە یەکگرتوویی بمێننەوە. لە شارەکانی ئەنەدۆڵ، موڵکدارانی زەوی و بازرگانە موسوڵمانەکان، بەگشتیی پشتگیریی کۆمەڵەکانی بەرگرییکردن لە مافەکانیان دەکرد. زۆر لەوانە لە ڕێگەی گرێبەستەکانی حکومەتەوە دەستبەسەرداگرتنی زەوی و موڵك و ماڵ و کاروکەسابەتیی یۆنانیییە رادەستکراوەکان و کۆچکردووەکان و هەروەها ئەرمەنییەکانەوە دەوڵەمەندبوون، هەربۆیە ئەوانە زۆر بە توندیی هانیدەدان دژی خواستەکانی یۆنانیی و ئەرمەنەکان بوەستنەوە. هەروەها سەرکردەی کۆمەڵە ئاشکراکانی بەرگریی لە مافەکان زۆربەی جار تێکەڵ بە چالاکییە بەرگرییکارییە ژێر زەمینییەکان دەبوون.

ئەم شێوازە لەنێوان نۆڤەمبەری ١٩١٨و ژونی ١٩١٩دا تەواوی ئەنەدۆڵ و تراقیای پێ جیادەکرایەوە، بەڵام ناکۆکیی ڕێکخەرەکان و گرفتەکانیان هەراو کێشەی لە نێوانیان پێکهێنا و لە جەماوەریی کەمکردنەوە، ئەوەی پاڵپشتییەکی گەورەی بۆ هێنانەوەئارا بریتییبوو لە داگیرکردنی ئەزمیر لە مایۆی ١٩١٦دا لەلایەن یۆنانییەکانەوە. یۆنان لە سەروبەندی کۆتایی جەنگدا چوونە پاڵ هاوپەیمانەکان و ئەوان هیچ هێزێکی سەربازیی عوسمانییان تێکنەشکاندبوو، هەربۆیە لە ڕەوشێکی وادا کە هاوپەیمانان بەوشێوەیە پاداشتی بدەنەوە حاڵەتێکی فرە نادادپەروەرانە دەهاتە پێش چاو .سەربارى ئەوەش، یۆنانییەکان تەنیا بە داگیرکردنی ئەزمیرو ئەیڤالیك(کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتبوون) دەستیان هەڵنەگرت و ملیان پێوەنا. هاوپەیمانەکان بە کێشانی هێڵی "میلن" لەنێوان ناوچەکانی یۆنانیی و عوسمانیی، دانیان بەو داگیرکارییەی یۆنان بۆ زۆربەی ئەو ناوچانەدا نا کە لە بندەستیدا بوو.

لەساڵی ١٩١٩دا، زیاتر ئاشکرابوو کە تورکان دەبوو لەپێناوی دەستخستنەوەی هەموو هەرێمە جێناکۆکەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بجەنگن و توانای بەدیهێنانی ئەوەش لەسەر هێزی سەربازییان رادەوەستا. شکستەکان،نەخۆشیی و پەتاکان و هەڵاتن لە سوپا، تێکڕای ئەوانە سوپای عوسمانییان داڕزاندبوو، بەڵام هێشتا وەك یەکەیەك لەسەر پێی خۆی وەستا بوو. پێکهاتەی ڕێبەرایەتییش هێشتا زیانی بەرنەکەوتبوو، هەروەها ئەفسەرە فەرماندەییەکان–ئەو ئەفسەرە لاوانەی تورك کە لەماوەی دەساڵی دواییدا ڕاژەیان دەکرد–بە

پەرۆشەوە پشتگیریی بەرگرییان دەکرد.ئەوانە دژی چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوەی هێزە سەربازییەکان بوون و بەنهێنیی پاڵپشتیی ڕێکخراوە بەرگرییکارەکانیان بە چەك و تەقەمەنیی دەکرد. وێڕای ئەوەش، توانا و هێزی سوپا لە زۆربەی ئەنەدۆڵدا بەرچاو نەبوو. تراقیا،ناوچەی تەنگەکان و هەروەها هەموو ڕۆژئاوای ئەنەدۆڵ تەنیا ٣٥٠٠٠سەربازی هەبوو کە بەدرێژایی ٥٠٠ مایل لە کەنارەکان بڵاوەیان پێکرابوو، هەروەها زۆربەیان لەو ناوچانەدا بوون کە لە بندەستی هاوپەیمانەکاندا بوون. یەکە سەربازییە ڕێکخراوەکان هێندە لاواز بوون کە نەتەوەییەکان تا ساڵی ١٩٢١ پشتیان بە چەند دەستەیەکی تورکیی و چەرکەسیی نارێکخراو بەست تا دژی داگیرکەرە یۆنانییەکان بەرگریی بکەن. ئەو دەستانە وێڕای ئەوەی توانیان کە سوپای یۆنانیی تەواو بێزار بکەن، بەڵام نەیانتوانیی ببنە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە.

هەلومەرجی سەربازیی لە باشوور باشتر بوو، نزیکەی ١٨٠٠٠سەرباز (پاشماوەی سوپاکانی عوسمانیی لە سوریا) لە کلیکیا و باکووری بیابانی سوریا، هەروەها ٨٠٠٠یش دوورترلە ڕۆژهەڵات لە کوردستان. هەلومەرجەکەی کلیکیا-بە ئەدەنەی پایتەختیشەوە- هەروەها لە شارەکانی ئۆرفە، مەرعەش و عینتاب لەسەرەتاوە زۆر توند و ئاڵۆز بوو. نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ناوچەی موسوڵمان نشینەکان لەلایەن فەرنسییەکانەوە داگیرکرابوو، بەڵکو گومانێکی زۆر لە خواستەکانی ئەرمەنیی لەم ناوچانەدا هەبوو، پاش ئەوەی ئەو خواستانە بایەخیان پێدرا بەوەی فەرەنسییەکان ئەرمەنە خۆماڵییەکانی ئەو ناوچانەیان چەکدار دەکرد. شەڕوپێکدادان لە یەنایەری ١٩٢٠دا لێرەوە دەستیپێکرد.

تەنیا شوێنێك کە سوپای عوسمانیی تێدا چڕو کۆکراوە بوو بریتیبوو لە ڕۆژهەڵات. ئەو هێزانەی کە دوای ئاگربەستەکە لە ئازەربایجان گەڕابوونەوە لێرەدا مۆڵیان خواردبوو کە توانای تەواویان (پاش ئامادەکارییان) نزیکەی ٣٠٠٠٠هەزارێك دەبوون کە ئێستا تیپی پازدەی سوپای پێدەگوترا و هەروەها لە هێزەکانی ڕۆژئاوا پڕچەکتر بوون و لە ناوچەیەکدا کەوتنە هەڵسوڕان کە دەستپێڕاگەیشتنی ئەستەم بوو. قسەکەری سەربازییان "کازم پاشا قەرە بەکر"بوو کە کەسایەتییەکی باڵا و بڕیاربەدەستی ئەنەدۆڵ بوو، پاش ئەوەی "عەلی فوئاد پاشا"(جێبیسۆی)[٤٠] هات .کە فەرماندەی تیپی بیستەمی سوپا بوو لە ئەنقەرە، ئەوەی لەکۆتایی ١٩١٨دا لە کلیکیاوە بۆ ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ گواسترایەوە.

---

[40] شێوازە ڕۆژئاواییەکەی ناوانی خێزان تا ساڵی ١٩٣٤ لەتورکیا بە ناچاریی نەبوو.

**رەوشەکە بەم شێوەیە بوو کاتێك مستەفا کەمال پاشا لە ١٩ی مایۆی ١٩١٩دا لە سامسۆن دابەزی(واتە چوار رۆژ بەر لەوەی یۆنانییەکان لە ئەزمیر دابەزن). ئەو یەکسەر کەوتە پەیوەندییکردن بە فەرماندە سەرەکییەکانەوەو هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆکردنەوەی رێکخراوە هەرێمییە جیاوازەکان لە یەك رێکخراوی نیشتمانییدا دەستپێکرد. ئەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا– رەئوف ئۆربەی، عەلی فوئادو رەفعەت بێلی کە ئەندامی باڵای ستافەکەی خۆی بوون– لە ١٢ی ژوئیە کۆبوونەوەیەکیان بەستو بڵاوکراوەیەکیان راگەیاند، کە پاش راوێژکاریی لەگەڵ کازم پاشا کە لە ئەرزرۆم بوو، بۆ تەواویی دەسەڵاتدارە مەدەنیی و سەربازییەکانی ئەنەدۆڵ رەوانەکرا، تێیدا هاتبوو کە وڵات لە مەترسییدایەو حکومەتی ئەستەمبوڵ ناتوانێت بیپارێزێت، تەنیا ویستی نەتەوە دەتوانێت رزگاری بکات .**

**هەروەها رایگەیاندبوو کە کۆنگرەی نیشتمانیی لە سێواس دەبەسترێت(بە پارێزراوترین شوێنی ئەنەدۆڵ دادەنرا)و هەروەها پێویستە هەر هەرێمێك دەستبەجێ سێ نێردراوی خۆیان بنێرن، ئەو نێردراوانەی جێگەی متمانەی نەتەوەیی دەبن) مستەفا کەمال خوازیاربوو هەرچی زووترە ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت،[41] بەڵام لە رۆژهەڵات کۆنگرەیەکی هەرێمی خەریکی بەستن بوو لەلایەن "شەرق ئەنەدۆڵو مودافەعەی حقوقو جەمعیەت/کۆمەڵەی بەرگریی لە مافەکانی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ" کە یەکێتییەکی رێکخراوە هەرێمیی و خۆماڵییەکان بوو. ئەوە باش دەزانرا کە ئەرمەنییەکان داوای شەش هەرێمی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵیان کردبوو، خواستەکانیشیان لە پاریس پشتگیریی لێکرا بوو. هەربۆیە هەژانی سیاسیی لە رۆژهەڵات توند بوو.**

**کۆنگرە لە ٢٣ی ژوئیەو لە یازدەهەمینساڵیادی شۆڕشی دەستوورییدا لە ئەرزرۆم بەسترا کە راگەیەندراوێکی دە خاڵی پەسەند کرد. کە تێیدا نەك جەختیان لەسەر هێشتنەوەی ئەو شەش ویلایەتە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکەدەکردەوە، بەڵکو پێداگرییان لە یەکێتیی خاكو سەرەوەریی نەتەوەیی هەموو ئەو زەوییانە دەکردەوە کە لەکاتی ئاگربەستەکەدا بەدەست تورکانەوە بوون، وێڕای هەموو ئەو هەرێمانەی کە موسوڵمانان زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن. لەو راگەیەندراوەدا هاتبوو کە هێزە نەتەوەییەکان ئەرکی پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانیان دەکەوێتە سەرشانو دەبێت پارێزگاریی لە سەڵتەنەتو خەلافەت بکەن، هەروەها رایگەیاند پێویستە بەرەنگاریی هەر هەوڵێکی جیاخوازانە بۆ دابڕینی بەشێك لە خاکی ئیمپراتۆرییەکە بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەژێر فشاری بێگانەشدا**

41 Ali Fuat Cebesoy (1953) *Millî mücadele hatıraları*, Istanbul: Vatan, 72.

حکومەتی ئەستەمبوڵ ناچار بکرێت کە دەستی لێ هەڵبگرێت. کۆنگرەکە پێش هەستانی، "هەیئـەتی تەمـسیلیە/کۆمیتـەی نوێنەرایـەتیی" بـە سـەرکردایەتیی مـستەفا کـەمال پاشـا پێکهێنا.

لـەدەمی کـۆنگرەدا مـستەفا کـەمال جـارێکی دی هـەروەك سـێ مـانگ لەوەبـەر ئەفسەرێکی بێکار بوو کە نیوەی مانگانەکەی دەدرایە. ئـەم چالاکییانە حکومـەتی ئەستەمبوڵو هـەروەها نوێنەرانی هاوپەیمانەکانی بەئاگا هێنایەوە، هەربۆیە لە ٥ی ژوئیە بانگیان کردەوە، سێ رۆژ پاش ئەوەی ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە، لێخرا. مستەفا کەمال پێش ئەوەی لێبخرێت دەستی لەو ئەرکەی کە پێی سپێردرابوو، کێشایەوە. لەراستییدا ئـەم لێخستنە بەرەوپێشچوونێکی مەترسییداری لێکەوتـەوە بەشێوەیەك دەیتوانی سوپا لەدەستی مستەفا کـەمال بێنێتـەدەر، بەڵام ئەو پێگەیەی وەختێك مایەوە کاتێك داوا لە کازم پاشا قەرەبەکر کرا کە مستەفا کـەمال بگرێتو رەوانەی پایتەختی بکاتەوەو داوای لێکرابوو خۆی وەك پشکنەر شوێنی بگرێتـەوە، بەڵام کازم پاشا ئەو داوایەی رەتکردەوە و بە راشکاوی رایگەیاند کە هێشتا مستەفا کـەمال بە رابەری باڵای خۆی دەزانێت. زۆرینەی زۆری سوپاش هەمان ئاکاری ئەویان گرتەبەر .

کـۆنگرەی نەتـەوەیی سـێواس لـەنێوان ٤ بـۆ ١١ی سـێپتەمبەر بەسـترا.تـەنیا ٣١نوێنـەری هەرێمەکان توانیان بگەنە سێواس. بـەڵام ژمارەیـەك لـە دەسـەڵاتدارانی سـەربازییو مـەدەنیی کە بە فەرمیی وەك نوێنەر دانرابوون، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. تـەواوی ئامادەبووان ٣٨ کـــەس بـــوون.[٤٢] کـــۆنگرە وەك "ئەنـــەدۆڵو رۆمێلـــی مودافوعـــەی حقـــوقو میللـــی جەمعیـەت/کۆمەڵـەی بـەرگریی لـە مافـە نەتەوەییـەکانی(تـەواویی) ئەنـەدۆڵو تراقیـا" خـۆی نواندو چەند ئەگەرێکیان تاوتوێ کرد، لەوانە ماندێتیی ئەمـەریکیی. بەڵام دواجار جەختیان لـە هـەمان ئـەو بڕیارانـە کـردەوە کـە لـە ئەرزرۆمـدا دەرچـوو بـوو. سـەرلەنوێ کۆمیتەیـەکی نوێنـەری هەڵبـژێردراو ئـەمجارەش مـستەفا کـەمال بـە سـەرۆکی دانـرا. لێـرە بـەدواوە، ئـەم کۆمیتەیە وەك دەستەی جێبەجێکاری نەتەوەیی جوڵانەوەی بەرگریی تێکۆشا.

حکومەتەکەی داماد فەرید پاشا لە ئەستەمبوڵ هـەوڵێکی توندو ناسـەرکەوتووانەیدا تـاکو وا لـە عـەلی والـی بـەگی والـی مـەڵاتیا بکـات کـە بـەهاوکاریی هێـزی غـەیرەنیزامیی کـورد کۆنگرەکە تێکبدەن. بەڵام ئەم سەرەتایە بە ئاشکرا رووبەڕووی بەرگریی بووەوە. فەرید پاشا

---

[42] "گۆلۆغلو" ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو ژمارە بەرزانەی (زیاتر لە ٩٩)کە لە چەند سەرچاوەیەکدا ئاماژەی پێدراوە بەتەواویی بێبنەمایە.

Mahmut Goloğlu (1969) *Sivas kongresi*, Ankara: Başnur, 73–4.

کـە لـە هاوینـدا سـەردانی پاریـسی کـردو لـەوێ زۆر بـە نەشـیاوی مامەڵـەی لەگـەڵ کـرا، سیاسـەتێکی ئـەوتۆی نـەبوو کـە هاوپەیمانـەکان رازیـی بکـات. هەربۆیـە دەسـتی لـەکار کێشایەوە. حکومەتەکەی دوای ئەو کە عەلی رەزا پاشا سەرۆکایەتیی دەکرد، دەستبەجێ سیاسەتێکی گرتەبەر کە لایەنگریی نیشتمانپەروەرانی پێوە دیار بووو دەیویست کە لەگەڵ بەرگرییکارەکانـدا بگاتـە رێکـەوتنێك. لـە راسـتییدا دانوسـانەکان لـە ئۆکتۆبـەردا لـەنێوان مستەفا کـەمال‌و سـاڵح پاشـای وەزیـری کەشـتیگەلدا لـە ئەماسـیە دەسـتیپێکردو گەیـشتنە رێکـەوتن بەشـێوەیەك حکومـەت ئـەو بەرنامـە نەتەوەییـە پەسـەند بکـات کـە لـە ئـەرزرۆم‌و سێواسـدا فۆرمەڵـە کرابـوو. لەبەرامبـەردا نەتەوەییـەکان دان بـە حکومـەت وەك بـاڵاترین دەسـەڵاتدا بنـێن. هەرچـەندە هـیچ کـام لـەو لایەنانـە، لـەژێر فـشاری نـاکۆکیی بیروبـڕوادا نەیانتوانی ئەو رێکەوتنە جێبەجێبکەن.

کۆمیتـەی نوێنەرایـەتیی لـە دیسەمبەردا روویـان لـە ئەنقـەرە کـردو وەك بنکـەی سـەرەکیی هەڵیانبژارد، چونکە لە سەرە رێگای هاتوچۆی قەتار بوو کە بە ئەستەمبوڵەوە بەسترابووەوە. لە دوا مانگەکانی ١٩١٩دا، دوا هەڵبژاردنی گشتیی لە ئیمپراتۆریی عوسمانییدا ئەنجامدرا. ئەندامە نوێیەکانی پارلەمانی عوسمانیی لە تەواوی ئەنەدۆڵدا لە سایەی دەسەڵاتی تەواوی کۆمەڵـەکانی بـەرگریی لـە مافـەکان هەڵبـژێردران(لـە ئەماسـیە حکومـەت رازییبـوو کـە ئـەو کاندیدانە خۆیان بپاڵێون کە کۆمەڵە پشتگیریی لێدەکات). نوێنـەرانی ئەنـەدۆڵ پێش ئەوەی بۆ کردنەوەی پارلەمان بەرەو ئەستەمبوڵ برۆن، لە ئەنکەرە چاویان بە مستەفا کەمال کەوت‌و لە گەڵی وتووێژیان کرد.

لـەماوەی چـەند مـانگی داهـاتوودا، پارلـەمان کـە بڕیاریـدا (پـاکتی نەتـەوەیی)ی لـە ١٧ی فێبرایـەر وەك بەیاننامـەی ئامانجـە نەتەوەییـەکان بڵاوبکاتـەوە، وەك زمانحـاڵی جوڵانـەوەی بـەرگریی هەڵدەسوڕا. رێبـەرە نەتەوەییـەکانی ئەنجومـەن بـە بـەردەوامی لەگـەڵ ئەنکـەرەدا لـە پەیوەندییـدا بـوون. هەرچـەندە ئـەوان هەمیـشە پابەنـدیی رێنماییـەکانی ئەنکـەرە نـەبوون، بەتایبـەت لـە مەسـەلە تاکتیکییەکانـدا. کاتێـك ئـەو راسـتییە ئاشـکرابوو کـە بەریتانییـەکان خەریکە ئەستەمبوڵ داگیر دەکەن، مستەفا کەمال ئەوەی پەسـەند کـرد کـە پارلـەمان درێـژە بـە کـارو مانـەوەی خـۆی بـدات، بـەڵام دەسـتبەجێ داوای لـە سـەرکردەکان، بەتایبـەت حوسـەین رەئوف بـەگ کـرد بـۆ ئەنکـەرە بگەرێنـەوە. پارلـەمانتاران بڕیـاری مانەوەیانـدا، وێـڕای ئـەوەی چـواردە ئەنـدامی رێبەرایـەتیی لـە پارلـەمان لـەنێو ئـەو ١٥٠تورکـە ناسـراوانە بـوون کـە پـاش ١٦ی مارت دەستبەسەرکران. هەر هێنـدەی هـەواڵی داگیرکردنەکە گەیـشتە ئەنکـەرە، مـستەفا

کەمال داوای لە پارلەمانتاران کرد کە بێنە ئەنکەرەو شوێنی خۆیان لە"ئەنجومەنی نەتەوەیی"دا بگرن. ٩٢ ئەندام پارلەمان خۆیان بۆ ئەو داوایە رێکخستو پاش چەند هەفتەیەك پێکەوە لەگەڵ ئەو ٢٣٢ نوێنەرەی لەلایەن لقە خۆماڵییەکانی جوڵانەوەیی بەرگریی لە مافەکان هەڵبژێردرابوون، "بیوگ میللی مەجلیس/ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی"یان پێکهێنا. کە لە ٢٣ی ئەپرڵی ١٩٢٠دا یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست.

بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی، جوڵانەوەی بەرگریی وەرچەرخانێکی ئاشکرای بەخۆوەبینی. لەکاتێکدا بە فەرمیی ئەم ئەنجومەنە دانی بە دەسەڵاتی سوڵتان-خەلیفەدا نا ، سەرکردایەتیی جوڵانەوەی نەتەوەیی لە ئەنکەرە تایبەتمەندیی حکومەتێکی تەواوی هەبوو (هەموو دەرکردنی یاسایەك لە ١٦ی مارتەوە بە فەرمیی لە حکومەتەکەی ئەستەمبوڵەوە بە پوچەڵ دانرا).[43] لە هەمان کاتدا روون بووەوە کە وادەی پێکهەڵپرژانو رووبەڕووبوونەوە نزیکە، چونکە نەتەوەییەکان هیچ کات ئامادەنەبوون ئەو رێکەوتننامەیە پەسەند بکەن کە نها هاوپەیمانەکان دەیانویست.

## جەنگی سەربەخۆیی ١٩٢١-١٩٢٢

پاش ئەوەی لە ئەپرڵی ١٩٢٠دا فەرید پاشا گەڕایەوە پۆستەکەی خۆی، کەلێنی نێوان حکومەتەکەی ئەستەمبوڵو ئەنەدۆڵ بەخێرایی فراوانتر دەبوو. شەیخولئیسلامی ئیمپراتۆرییەکە (موفتی گشتیی)، لەسەرداوای حکومەت، فەتوایەکی دەرکرد تێیدا رایگەیاندبوو کە هەر موسوڵمانێکی راستیینە لەسەریێتی هەوڵی کوشتنی یاخییبووە نەتەوەییەکان بدات.ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، مستەفا کەمالو ژمارەیەك لە نەتەوەییە ناسراوەکان بێئەوەی لە دادگا ئامادەبن سزای مردنیان بەسەردا سەپێنرا. لەبەرامبەر ئەوە، نەتەوەییەکانیش لەرێگەی موفتی ئەنکەرەوە فەتوایەکیان دەرکردو حکومەتیان بە ناپاكو خیانەتکار ناوزەدکرد. نەتەوەییەکان راشکاوانە ئاشکرایان کرد کە لەپێناو پاراستنی سەڵتەنەتو خەلافەتدا دەجەنگنو ئۆباڵەکەشیان خستە ئەستۆی حکومەتەکەی ئەستەمبوڵو هاوپەیمانان. هەروەها ئەوان جەختیان لە تایبەتمەندیی ئیسلامییانەی جوڵانەوەکەیان کرد. مستەفا کەمال بایەخێکی زۆری دا بە بەدەستهێنانی پشتگیریی پیاوانی ئاینیی شکۆمەندی

---

[43] Gothard Jaeschke (1970) Türk kurtuluş savaşının kronolojisi: Mondros'tan Mudanya'ya kadar 30 ekim 1918–11 ekim 1922, Ankara: Türk Tarih Kurumu, 10.

ئیسلامیی سوننه لـه ئەنـەدۆڵو هـەروەها ڕێبـەرانی ڕۆحیـی کۆمەڵگـەی عەلـەویی شـیعەو دەروێشانی تەریقەتی بەکتاشیی.

هـەروەها حکومەتەکـەی ئەسـتەمبوڵ هەوڵیـدا کـە هێزێکـی چـەکدار دژی نەتەوەییـەکان بـە یارمـەتی ئەوانـەی گومـانی ئینگلیزخوازییـان لێـدەکرێت، ڕێکبخـات. ئەوانـە هـەر هـەمان ئـەو بانـدو دەسـتە چـەکدارە نارێکخراوانـەیان پێکـدەهێنا کـە نەتەوەییـەکان پێـشتر بـەکاریان هێنابوون. "ئەحمەد ئەنزاوەر"ی چەرکەسیی کە سەرکردایەتیی زۆربەی ئەو باندانەی دەکرد کـە لـە ناوچـەی "بالیکەسـیر" بـوون، بـەڵام ئەوانـە پـاش مانـدووبوونێکی زۆر لەلایـەن بانـدە چەرکەسییەکانی "عاسم"ەوە سەرکوتکران کە لەبری نەتەوەییەکان ئەو کارەی کرد.

هـەروەها حکومـەتی ئەسـتەمبوڵ هەوڵیـدا هێـزی ڕێکخـراو لـەو بـوارەدا بـەکاربهێنێت کـە بـە "قوەی ئینزباتیە/هێزی نەزمڕاگریی" پێدەگوترا، ئەم هێـزە لـە دوو تیـپ پێکـدەهاتن (کـە دوو هەزار پیاوی ئازا بوون)و لە مایۆدا لەناوچەی "ئیزمیت" بڵاوکرانەوە. بەڵام ورەی لاوازی ئـەم هێزەو سەرکردایەتییە لێنەوەشاوەکەی بووەهـۆی ئـەوەی هـەرگیز نەبێتـە هێزێکـی شـەڕکەری کاریگەر.

لەساڵی ١٩٢٠دا، ژمارەیەك ڕاپەڕینی چەکداریی خۆماڵیی لە ناوچە جیاوازەکانی ئەنەدۆڵ دژ بـە نەتەوەییـەکان هـەبوون، بـەڵام هـەموویان سـەرکوتکران، هێنـدێك کـات زۆر بـە ئەسـتەم. لـەنێو ئـەو دژەکردەوانـەی نەتەوەییەکانـدا، گرتنەبـەری "خیانـەت وەتـەنیا قـانونو/یاسـای ناپاکیی لە نیشتمان"،[٤٤] هەروەها "ئیستقلال مەحکەمەتلەر/دادگای سەربەخۆیی" کـە زۆر بـە توندی بەرەنگاریی نەیارانی ئەنکەرەی دەکرد، هەروەها لەگەڵ ئەوانیش لە ڕیزی هێزەکانیـان هەڵدەهاتن.

لە هـاوینی ١٩٢٠دا، سوپای یۆنـانیی ناوچـەکانی بندەسـەڵاتی خـۆی لـە تـەواوی ڕۆژئـاواو باکووری ڕۆژئـاوای ئاسـیای بچووكو هـەروەها تراقیـا فراوانکـرد، ئـەوە تـەنیا فشـاری توندی هاوپەیمانـەکان بـوو کـە ڕێگریـی لـە یۆنانییـەکان کـرد خـودی ئەسـتەمبوڵیش داگیربکـەن. سوپای نەتەوەییەکانی تورك هێشتا لاواز بوو، هەربۆیە پێویست بوو بەشێوەی پارتیزانییو بەهۆی باندە غەیرە نیزامییـەکانو لەسـایەی سـەرکردەکانی وەك عاسـم لـە باکووری ڕۆژئـاواو مەحەمـەد دەمیرچـی لـە باشـووری ڕۆژئـاوادا هەڵـسوڕێت. لەڕۆژهـەڵات، پـاش ماوەیـەك سـوپا ئامـادەکراو لـەپێناو گێڕانـەوەی هەرێمـەکانی قـارس، ئـەردەهانو بـاتوم(کەلـە کۆتـایی سـاڵی ١٩١٨ەوە چـۆڵکرابوو، هـەروەها بـە پێـی ڕێکەوتننامـەی سـیڤەر دەسـتی بـۆ کۆمـارێکی

---

[44] یاسای ٢ی ٢٩ی ئەپرێلی ١٩٢٠ بڕوانە: Jaeschke, op. cit., 101

ئەرمـەنيی لێهـەڵگیرابوو)خـەریك بـوو دەسـت بـە هێـرش بكـات، بـەڵام داوای لێكـرا كـە پەلـە نەكاتو چاوەڕێ بكات چونكە ئەو دەمە سەركردایەتیی ئەنكەرە هەوڵیدەدا لەگەڵ روسیای شورەوییدا بگەنە رێكەوتنێك.

دانوسـان لەگـەل بەلـشەفییەكان سـەبارەت بـە هاوكـاریی سـەربازییو دارایـی بـۆ توركـانو هــەروەها كردنــەوەی رێگــەی راســتەوخۆ لــەنێوان هــەردوو وڵاتــدا (لەرێگــەی جۆرجیــا و ئەرمینیای سەربەخۆوە) هەر لە ژوئیەوە دەستپێكرد بوو .پشتگیریی شورەویی بایـەخێكی رەهای بۆ جوڵانـەوەی نەتـەوەیی هـەبوو، هـەر بۆیـە نوێنـەری توركـان"كـازم سـامی بـەگ" بـە توندیی ملـی بـۆ رێكەوتننامەیـەك دەكوتـا. بـەڵام بەلـشەفییەكان چـاوەڕێی هەلومەرجەكـەیان دەكـردو داوایـانكرد ناوچـەكانی وان و بتلـیس بدەنـە ئـەرمینیا. دانوسـانەكان تێكـچوون، هەروەها لە ٢٨ی سێپتەمبەر سوپاكەی كازم قەرەبەكر بەرەو ساریقامیش پێشڕەویان كردو دوو رۆژ دواتـر ئـەو شـارە گـیرا. شـەڕ بـۆ مـاوەی مانگێـك وەسـتاو سـوپای تـورك سـەرلەنوێ شــوێنگۆڕكێیان پێكــرا. لــە ٢٧ی ئۆكتۆبــەردا ســوپای تــورك جوڵــەی خــۆی ســەرلەنوێ دەســتپێكردەوەو لــە كۆتــایی نۆڤەمبــەردا ئــەرمینیا بــە تونــدی شكــستیخوارد. لــە ٢ی دیـسەمبەری ١٩٢٠دا، ئاشـتیی لـە ئەلیكـساندەرپوڵ"گـومرو" وەك سـەپێنراوێكی تـوركیی پێكهات.

هـەرزوو پـاش مـۆركردنی رێكەوتننامەكـە، بەلـشەفییەكان دژی نەتەوەییـەكانو حكومەتـە سۆشــیال دیموكراتەكــەی ئــەرمینیا(داشــناكەكان) هەڵگەڕانــەوەو لــە ســەرەتای ١٩٢١ەوە دانوسـانەكان لـەنێوان توركـانی نەتـەوەییو بەلـشەفییەكانەوە دەسـتیپێكردووە. ئـەوەش لـە ١٦ی مــارتی ١٩٢١دا گەیــشتە رێكەوتننامەیــەكی دۆســتانە كــە یەكــەمین رێكەوتننامــەی دیپلۆماسییە لەلایەن نەتەوەییەكانی توركەوە ببەسترێت. لەم رێكەوتنەدا توركـان رازیـی بـوون دەست لە نەخجەوانو باتوم هەڵگرنو بەلشەفییەكان قسەوبۆچوونیان سەبارەت بە ئایندەی تەنگـەكان هــەبێت.[45] ئــەو زێــڕو هاوكارییــە ســەربازییەی كــە توركــان لــە بەرامبــەر ئــەو رێكەوتننامەیـە چاوەڕێیان دەكرد بەشێوەیەكی لاوازو خـاو بۆیـان دەهـات. لەراسـتییدا ئـەوە

---

[45] باری ئایندەی تەنگەكان بۆ كۆنفرانسێكی سەربەخۆ وڵاتە كەنارییەكان جێهێڵرا، بەڵام ئەوەی كردبووە مەرج كە بڕیاری كۆنفرانسەكە نابێت سەروەریی عوسمانیی بخاتە مەترسییەوە:
Reha Parla (1985) *Belgelerle Türkiye Cumhuriyeti'nin uluslararası temelleri*, Lefkoşe (Nicosia): Tezel, 187.

تەنیا لەپاش سەرکەوتنی نەتەوەییەکان لە جەنگی سەقاریا بوو لە سێپتەمبەری ١٩٢١دا، کە دەستیانکرد بە لێشاو ناردنی هاوکاریی. بەڵام ئەو کاتە رۆڵێکی بایەخداریان لە چەکدارکردنەوەی هێزەکانی نەتەوەییەکاندا بینی، رێکەوتن لەگەڵ ئەرمینیا و هەروەها رێکەوتننامە لەگەڵ روسیای شورەوییدا نەیتوانی وا لە نەتەوەییەکان بکات هێزە سەربازییەکانیان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا بگوێزنەوە کە تێیدا هەلومەرجەکە زۆر مەترسییدار بوو .

یەکەمین هەوڵی یۆنانیی بۆ پێشرەویی بەرەو رۆژهەڵات لە بۆرسەوە بۆ ئاسکیشەهر رێگەی لێگیرا کاتێك سوپای تورك بە سەرکردایەتیی عیسمەت ئینۆنو هەڵمەتێکی بۆ بەرپەرچدانەوەیان لە ١٠ی یەنایەری ١٩٢١دا لە "ئینۆنو"ئەنجامدا. ئەمە یەکەمین سەرکەوتنی سەربازیی بوو لە رۆژئاوا. لە ئاکامی ئەو سەرکەوتنەی لە ئەرمینیا و لە ئینۆنو بەدیهات، پێگەی دپلۆماسیی نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز بوو. دوو لە پەرۆشترین لایەنگری هاوپەیمانان کە ڤینزیلۆس لە ئەسینا و فەریدپاشا بوو لە ئەستەمبوڵ، لە دەسەڵات لێکەوتن. ڤێنزیلۆس لە دیسەمبەری ١٩٢٠دا هەڵبژاردنەکانی یۆنانی لەبەرامبەر سەڵتەنەت تەڵەبەکان لەدەستداو پێگەی فەرید پاشاش بەهۆی سەرکەوتنی نەتەوەییەکان و سەختی رێکەوتننامەکەی هاوپەیمانانەوە بێ پایە مایەوە.فەرەنسییەکان و تەنانەت بەریتانییەکانیش ئەمێستا ئەو دیدەیان لا دروست بوو کە چاوخشاندنەوە بە رێکەوتننامەی سیڤەردا کارێکی حەتمیە. یۆنان و حکومەتی عوسمانیی بانگکران کە راستەوخۆ لە ٢١ی فێبرایەردا لە لەندەن سەبارەت بە رێکەوتنێکی شیاو و چاوپێخشێنراوەدا گفتوگۆ بکەن. ئەوەش بۆ حکومەتی عوسمانیی جێهێڵرابوو کە لەگەڵ نەتەوەییەکاندا بگاتە تێگەیشتن-ئەو مەسەلەیەی بۆ نەتەوەییەکان قووت نەدەچوو، لەو کاتەوە ئەوان خۆیان بە تاکە نوێنەری رەوای خواستی نەتەوە لەقەڵەم دەدا. دواجار بانگێشتی فەرمیی لە رێگەی ئیتاڵیاوە ئاراستەی نەتەوەییەکان کرا. لە کۆنفرانسەکەدا ئەحمەد تۆفیق پاشای سەرەك وەزیر، ئەوەی پاش فەرید پاشا هات، ئاخاوتنێکی کورتی پێکەشکردو ئنجا وەك هێمایەك بۆ هاوبەستەگیی نەتەوەیی، شوێنی خۆی بۆ "بەکر سامی" نوێنەری کاروبارەکانی دەرەوەی حکومەتەکەی ئەنکەرە جێهێشت.

سەرەتا هەردوولا هەڵوێستێکی رەقیان نواند، پاکتی نەتەوەیی، تورکانی دەستبەستراو کردو یۆنانییەکانیش خوازیاری ئەوە بوون کە رێکەوتنێکی ئاشتیی ئەوتۆ ئەنجامبدرێت کە توندتر بێت لە تەمێکارییەکی بەرگرییکارە تورکەکان. هێزەکان هەوڵیاندا چارەسەرێك

لەنێوانیانـدا لەسـەر بنـەمای لێکۆڵینەوەیـەك سـەبارەت بـە ناوچـە جێناکۆکـەکان لەلایـەن کۆمسیۆنێکی شارەزایانی بێلایەنەوە بدۆزرێتەوە. بەڵام یۆنانییـەکان ئـەو هەوڵـەیان مایـەپوچ کـرد. پێشنیازێك سـەبارەت بـە هـەرێمێکی ئۆتۆنـۆم لـە دەوروبـەری ئـەزمیر کـە فەرمانـدارێکی کریـستیانیی، لەلایـەن تورکانـەوە رەتکرایـەوە، چـونکە تورکـان ئامادەنـەبوون بـوونی هێـزی یۆنانیی وەك سیمبوڵ لە ناوچەکەدا پەسەند بکەن.

لە کۆنفرانسەکەدا، ئەوە روون بووەوە کە فەرەنسیی و ئیتاڵییـەکان خـەریك بـوون بەتونـدیی هەڵوێـست لەمـەڕ فراوانخوازییـەکانی یۆنـانیی بنـوێنن، ئـەوەی وەك هـەوڵێکی بـەریتانیی دەبینـرا بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی دەسـتنێژو پەیوەسـت لـە رۆژهـەڵاتی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت بـۆ ئـەوەی لـە وێـدا بـە رووی نفـوزی فەرەنسیی و ئیتاڵییـەکان بوەسـتن، هەربۆیـە ئـەوان بـۆ گەیـشتنە تێگەیـشتنێکی سـەربەخۆ لەگـەڵ تورکـانی نەتەوەییدا پـەرۆش بـوون. لـە ١١ی مارتدا"بریاند" ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەگەڵ بـەکر سـامیدا گەیـشتنە رێکـەوتنێك کـە بنەماکـەی لەسـەر پاشەکـشەی فەرەنـسا لـە کلیکیـا بەرامبـەر بـە جیـاوگی ئـابووریی دارێـژرابوو. دوو رۆژ پاشـتر "سـفۆرزا"ی کـۆنی ئیتـاڵیی رێکـەوتنێکی بەهـەمان شـێوەی مـۆرکرد. تورکـان لەگـەڵ بەریتانییەکاندا تـەنیا گەیـشتنە رێکـەوتنێك سـەربارەت گۆڕینـەوەی دیلـەکانی جـەنگ . ئـەوان هێـشتا لـە پـشتی پـەردەوە پـشتگیریی یۆنانییـەکانیان دەکـرد و هەماهەنگییان لەگەڵ چالاکییەکاندا دەکرد. کاتێك یۆنانییـەکان داوای دڵنیاییـان کـرد لـەوەی کـە وێـڕای کۆنفرانـسی گرێـدراو، ئـازادبن لـەو ماوەیـەدا هێرشـەکانیان دەسـتپێبکەنەوە، لویـدجۆرج کـە ئاگـادار کرایـەوە لـەوەی سـوپای یۆنـانیی ئامـادەی هێرشـە، جـەختی لـەوە کردەوە کە ئەو دڵنیاییەیان پێبدرێت.

کاتێك بەکر سامی گەڕایەوە ئەنکەرە بڕوای وابوو کـە ئاکـامێکی تـەواو چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێناوە، کەچی بۆی دەرکەوت کە زۆرینەی ئەنجومـەنی نەتـەوەیی لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە زۆر لـە پـاکتی نەتـەوەیی لایـداوە. تەنانـەت رێککەوتنـە جیاکـەش لەگـەڵ فەرەنـسیی و یۆنانییەکاندا تورِدراو ناچاربوو دەست لـەکار بکشێتەوە. ئەمێستا سوپای یۆنـانیی کەوتنـە هێرشهێنان.ئەو سوپایە سەرلەنوێ لە ئینۆنو لە ٧ی ئەپرڵی ١٩٢١دا بەرپـەرچ درایـەوە. بـەڵام لـە هاوینـدا سـوپای یۆنـانیی پێـشڕەوییان کـرد و ئـەفیون–قەرەحیـسار، کوتاهیـە و هـەروەها دووڕیانی رێگەی ئاسنیی گرنگی ئاسکی شـەهریان داگیرکرد. کـەوتنی ئـەو شـارەی دواییـان ترس و تۆقینێکی زۆری لە ئەنکەرەدا هێنایەئارا، بەشێوەیەك ئەنجومـەن خـەریك بـوو لـەپێناو سـەلامەتیی خۆیـدا بـۆ رۆیـشتن بـەرەو سـێواس ئامادەکـاریی بکـات. مـستەفا کـەمال لەسـەر

داوای ئەنجومەن، بۆ خۆی سەرکردایەتیی سوپای گرتە ئەستۆ بۆ ماوەی سێ مانگ تەواوی دەسەڵاتی ئەنجومەنی لەدەست خۆیدا هێشتەوە. حکومەت دەستی بەسەر سێیەکی بەرهەمی خۆراکییو بارگیرو تەواوی چەكو ئەو تەقەمەنییانەدا گرت کە لە ناوچەکانی دەوروبەردا هەبوون. هەموو ئەوانەش کە شایەنی راژەی سەربازیی بوون بۆ سوپا بانگکرانەوە.

سوپا سەنگەری خۆی لەسەر رووباری سەقاریا لێدا کە ٥٠ مایل لە رۆژئاواو هەروەها باشووری رۆژئاوای ئەنکەرەوە بوو. لەوێدا، لە ناوچەیەکی روتەڵو دەشتە پڕ گردۆڵکەییەکانی ئەنەدۆڵدا، شەڕێکی یەکلاکەرەوەی جەنگەکە قەوما کە زیاتر لە دوو هەفتەی خایاندو بە سەرکەوتنی تورکان کۆتاییهاتو هێزەکانی یۆنانیی لە ١٣ی سێپتەمبەر بەدواوە کەوتنە پاشەکشە. شەکەتیی هێزەکانی تورك رێگەی ئەوەی لێگرتن راوەدووی دوژمنەکانیان بنێن. بەرەکە بۆ ماوەی نزیك بە ساڵێك بە هێوری مایەوە کە تێیدا یۆنانییەکان هێشتا ناوچەکانی رۆژئاوای ئاسیای بچووکیان تا هێڵی ئەفیون–قەرەحیسار –ئاسکیشەهر بەدەستەوە بوو.

لەماوەی ئەو ساڵەدا، هەلومەرجی سیاسیی بەشێوەیەکی بنەڕەتییو بە قازانجی تورکە نەتەوەییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هات. لە ئۆکتۆبەرداو بە ئامادەبوونی "فرانکلین بۆیلۆن"ی نوێنەری فەرەنسیی، رێکەوتنێك لەگەڵ فەرەنسییەکاندا پێکهات بە شێوەیەك کە کلیکیا بۆ تورکان بگەڕێنێتەوە. ئێستا وێڕای هاتوهاواری یۆنانییەکان، هێزە هاوپەیمانەکان بێلایەنی خۆیان راگەیاند، هەروەها "لۆرد کیرزن"ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیی هەوڵیدا دەرگای دانوسان بکاتەوە، یەکەم لە رێگەی چەند پێشنیازێکەوە کە لە لەندەن ئامادە کرابوو، دواتریش لەرێگەی بنەمای پاشەکشەیەکی سەرتاسەریی یۆنانییەکان لە ئاسیای بچووك. هەرچەندە ئەم هەوڵانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، پاش ئامادەباشییەکی باش، مستەفا کەمال فەرمانی بەهێزەکانیدا لە ٢٦ی ئوتی ١٩٢٢دا هێرشبکەنە سەر سوپای یۆنانیی. سوپای یۆنانیی کە سەرکردایەتیی لاوازی هەبوو، ئەفسەرانی فەرماندەیی بەسەر دوو مەیلی سیاسییدا دابەشببوون کە فێنزیلۆسخوازەکانو سەڵتەنەتخوازەکان بوون. گورزی سەرەکیی پەلامارەکە لە باشووری ئەفیون–قەرەحیسارەوە دەستیپێکردو تەواو لەناکاو بوو، ئەو هێرشە سوپای یۆنانیی پەرتکردو بەشێکی گەورەی هێزەکان، تەنانەت سەرکردایەتیی گشتیی لە رۆژئاوای ئەفیون بەدیل گیران. لە ٣ی ئوتدا (کە ئێستا وەك رۆژی سەرکەوتن لە تورکیا جەژنو شادیی بۆ دەگێڕن) جەنگەکە برایەوەو لێرە بەدوا پاشەکشەی سوپای

یۆنانیی بۆ کەنارەکان-ئەودیوشی) شێوەی هەڵاتنی گرتەخۆ. لە ٩ی سێپتەمبەردا هێزی سوارەی تورکیی خۆی بە ئەزمیردا کرد.

پاش بەزینی لەشکری یۆنانیی، ئیدی هیچ شتێك لەنێوان تورك و هێزەکانی بەرتانیی نەمایەوە، ئەوانەی تا ئەو کاتە ناوچەی تەنگەگانیان بەدەستەوە بوو. رووبەڕوو بوونەوەی هەردوولا خەریك بوو رووبدات. تورکان ماف تێپەڕینیان بەرەو ئەوروپا خواست. حکومەتی بەریتانیا بڕیاریدا خۆڕابگرێت و بەرگریی لە تەنگەکان بکات و داوای هاوکاریی لە هاوپەیمانەکان و هەرێمە وابەستەکانی کرد. کاتێك کە هاوکارییەکی ئەتۆی پێ نەگەیشت(تەنیا لە نیوزلاندەوە نەبێت) حکومەتی بەریتانیی بڕیاریدا بۆ شەڕکردن گەر پێویست بکات پشت بەخۆی ببەستێت. بۆئەوەی ئابڕووی خۆی بپارێزێت، کە نەپاراستنی دەبووەهۆی ئەوەی نفوزی لەنێو دانیشتووانە موسوڵمانەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بکەوێتە مەترسییەوە. ئاکاری هەستیاریی و بەرپرسانەی سەرکردە خۆماڵییەکانی وەك ژێنراڵ هارینگتۆن و عیسمەت پاشا ئینۆنو، ئەوەی کاری بۆ ئەوە دەکرد خۆی لە پێکدادان بەدوور بگرێت، رەوشە مەترسییدارەکەی تێپەڕاند. لە ١٠ی ئۆکتۆبەرو پاش هەفتەیەك لە دانوسان لە مودانیە لەسەر دەریای مەرمەرە، سەبارەت بە ئاگربەستێك رێکەوتن، ئەوەش ئەستەمبوڵ و تەنگەکانی بۆ ماوەیەك خستە ژێر سایەی بەریتانییەکانەوە.

## پەرەسەندنی سیاسیی لە نێو جوڵانەوەیی بەرگریی نەتەوەییدا

چیرۆکی پەرەسەندنی جوڵانەوەی بەرگریی نەتەوەیی تورکیی لە کۆنگرە هەرێمییەکانی ساڵی ١٩١٨و ١٩١٩ەوە تا سەرکەوتنی ساڵی ١٩٢٢ هەمان کات چیرۆکی دەرکەوتنی مستەفا کەمال پاشا "ئەتاتورك"بوو وەك رابەرێکی بەرچاوی جوڵانەوەکە. دەسەڵاتەکەی دوور لەوە بوو کە بێ رکابەر بێت. هەرچەندە دەسەڵاتی بەسەر هێزە چەکدارەکاندا لە گشت لاوە دەچەسپا سەرباری ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە لە ئەستەمبوڵ لێخرابوو، چونکە فەرماندەکانی سەرکردایەتیی بە ئاشکرا لایەنگرییان لێدەکرد. دەسەڵاتی سیاسییشی بابەتێکی تر بوو. کادرە یەکێتییخوازەکان، ئەوانەی جوڵانەوە بەرگرییە هەرێمییەکانیان لەگەڵ کۆنگرەکانیدا رێکخستبوو، هەروەها ئەوانەی بە شێوەیەکی لێبڕاوانە لە رێگەی چالاکییەکانی قەرەقوڵەوە بەشدارییان لە سەرکەوتنی جوڵانەوەکەدا کرد، ئەو راستییەیان درك دەکرد کە ئەوان یەکەمجار لەسەر شانۆکە دەرکەوتبوون و لایەنگرییشیان بۆ مستەفا کەمال بێ سێ‌ودوو نەبوو. سەربەخۆییان (قەرەقوڵ تەنانەت لە یەنایەری ١٩٢٠دا دانیشتن و

گفتوگۆی خۆیـان لەگـەڵ روسـە بەلـشەفییەکاندا بـەڕێوەدەبرد) جۆرە لێکگیربـوونێکی لەگـەڵ پاشادا لێکەوتەوە. وەك ئەوەی کە لـە کۆنگرەی سێواسدا، مستەفا کـەمال بـە ئاشکرا لەگـەڵ "عەقید واسیف"ی سەرکردەی قەرەقوڵدا پێکهەڵپرژان.

ئەفـسەرە یـەکێتییخوازەکانی وەزارەتـی جـەنگی ئەسـتەمبوڵ کـە پـشتگیریی بـەرگریی نەتەوەییـەکانی دەکـرد، لـە بنەرەتدا مستەفا کـەمالیان وەك ئامرازێك دەبینی بۆئەوەی فشار بخنـە سـەر هاوپـەیمانان تـا بـە رێکەوتننامەکـەدا بچنەوە، ئـەوان بـەو سـەربەخۆییە زێدەیـەی جوڵانەوەکەی ئەنەدۆڵ دڵگران بوون. لەلایەکەوە وایـان پـێ گونجاو بوو کە شوێنی مستەفا کـەمال بـە کـازم قەرەبـەکر کـە گوێڕایـەڵتربوو بگرنـەوە. ئـەوەی لـە راسـتییدا وەك رکابـەرێك کۆتایی پێهێنـان بریتیبـوو لـە داگیرکاریی بەریتانییـەکان بۆ ئەستەمبوڵ لـە مـارتی ١٩٢٠داو راگواستنی سەرکردەکانی قەرەقوڵ بوو بۆ ماڵتە. کاری ژێرزەمینیـی لـە ئەستەمبوڵ بـەردەوام بوو، بەڵام لێرە بەدوا لە ئەنکەرەوە سەرپەرشتی دەکرا.

لـەماوەی نێـوان داگیرکردنـی ئەسـتەمبوڵ‌و دواسـەرکەوتنی ١٩٢٢، دوو جـۆر ئۆپۆزسـیۆن سەریهەڵدا کە دەتوانرێت بەسەر دوو باڵی چەپ‌و راستدا دابەشبکرێت. ئۆپۆزسیۆنی چەپ تـەنیا خـۆی لـە کۆمۆنیـستە سەرسـەختەکاندا نەدەبینییـەوە، بـەڵکو ئـەو خەڵکانەشـی کـە پـشتگیرییان لـە تێکەڵەیـەکی ئیسلامیی،دژەئیمپریالیـستیی، خـاوەن بـیری سـەندیکایی‌و سۆشیالیـست دەکـرد. ئـەوەی لـە بەرەیەکـدا کۆکردبوونـەوە بریتیبـوو لـە هەڵویـستیان دژی رۆژئاوا. یەکەمین رێکخراوی لێبڕاوی ئەوانـەش بریتیبـوو لـە "یەشیل ئۆردو/سوپای سەوز" کـە لـە مـایۆی ١٩٢٠دا(بـە پـشتگیرییکردنی مـستەفا کـەمال پاشـا) دامـەزرا. ئـەم رێکخـراوە سـوپایەکی راسـتیینە نـەبوو، بـەڵکو رێکخراوێکـی سیاسـیی بـوو بـۆ بـەهێزکردنی ورەی هێزەکـانی نەتەوەییـەکان‌و دژایـەتییکردنی چـالاکی پرۆپاگەنـدەیی پیاوەکـانی سـوڵتانیان دەکرد، ئەوانەی لەژێر ناوی "سوپای خەلیفە" دا هەڵدەسوڕان، کاتێك عاسم چەرکەسیی کە رابـەری چـەند جـەنگاوەرێکی چـەرکەس بـوو، پەیوەنـدیی بـەم هێـزەوە کـرد، ئـەو هێـزە بـووە سەرچـاوەیەك کـە جێگـەی مەترسـیی بێـت. هەربۆیـە مـستەفا کـەمال لـە ژوئیـەدا لەبەریـەکی هەڵوەشـاندەوە. بـەڵام رادیکاڵـەکانی ئەنجومـەن ئـەم هێزەیـان بـەناوی "هـەڵك زومرەسی/دەستەی گـەل" لـە هـەمان مانگدا رێکخستەوە. کاردانـەوەی مستەفا مـەمال لەمـەڕ ئـەم مەسـەلەیە ئـەوەبوو کـە ژمارەیـەك کەسـی متمانـەپێکراوی لەدەسـتەی گـەل بـەلای خۆیـدا راکێشاو "تورکیـە کۆمۆنیست فیرقەسی/پـارتی کۆمۆنیستی تـورکیی" لـێ پێکهێنـان کـە بـە

فەرمیی پشتگیریی لێدەکردن و سەرکردایەتییەکەی بە توندیی لەدەستی کەسانێکدا بوو کە لەخۆی نزیك بوون.

نە رادیکاڵەکان و نە ئەنتەرناسیونالیزمی سێیەمیش دانیان بەو پارتەدا نەنا، چونکە پارتە کۆمۆنیستە راستیینەکەی لەو سەروبەندەدا لە بەهاری ١٩٢٠ لە باکۆ پێکهاتبوو، لە مایۆی ١٩٢٠دا رێبەرایەتییەکەی کەوتە دەست دەستەیەك بە سەرکردەیی "مستەفا سوبحی" کە مامۆستایەکی پێشووی خوێندنگە باڵاکان بوو (هەروەها یەکێتییخواز بوو)کە لە ساڵی ١٩١٤دا هەڵاتە روسیا و لەوێ لەماوەی جەنگدا زیندانیی کرا. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هاوکاریی کرد کە بیری کۆمۆنیستیی لەنێو ٦٠٠٠٠ تورکی دیلی جەنگدا لە روسیا بڵاوبکاتەوە. لایەنگرانی، پێکەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوبیرانی کە لەنێودەستەی گەلدا هەڵدەسوڕان، لە نۆڤەمبەردا "هەڵك ئیشتراکیون فیرقەسی/پارتی سۆشیالیستی گەل"یان لە ئەنکەرە دامەزراند.

مستەفا کەمال پاشا چەند هەنگاوێکی بۆ تێکشاندنی ئەم جوڵانەوە چەپگەرایە لە یەنایەری ١٩٢١دا نا. سەرەتا فەرمانی بە عاسم چەرکەسی دا کە هێزەکانی خۆی بڵاوە پێ بکات و تێکەڵ بە سوپای نیزامیی بکات. کاتێك ئەم فەرمانەی رەتکردەوە، هێزێکی بۆ دژایەتیی کردنی نارد، زۆربەی پیاوەکانی بە دیل گیران، ئەو خۆشی هەڵات و چووە بەرەی یۆنانییەکان. بەدەستێکی بەهێز ئەم رێکخراوە لەنێوبرا. پاشان مستەفا کەمال پارتی سۆشیالیستی گەلی هەڵوەشاندەوە، کاتێك مستەفا سوبحی ویستی لە ترابزۆنەوە بچێتە ئەنەدۆڵەوە ناچارکرا بگەڕێتەوە، لەگەڵ ژمارەیەك لە لایەنگرانی بە فەرمانی سەرکردە نەتەوەییە خۆماڵییەکان لە دەریادا نوقم کرا.[٤٦]

لێرەوە چیدی چەپە توندڕەوەکان بۆ مستەفا کەمال نەبوونە مەترسیی، لەراستییدا تا ساڵی ١٩٦٠، چەپە توندڕەوەکان لە تورکیادا دیاردەیەکی لاوەکیی بوون. بەڵام دەگونجێت

---

[46] بەهۆی پێگەی ئەفسانەیی لەنێو چەپی تورکدا، بەرپرسیارێتیی لە کوشتنی مستەفا سوبحی دا هەمیشە پرسێکی دژوارو هەڵگری بیرو گەنگەشەی جیاواز بووە. گومانێکی کەم هەیە کە " یەحیا کەهیە"ی پیاوی بەهێزی هەرێمیی لە ترابزۆن ئەو پیاوەیە کە راستەوخۆ لە کوشتنی بەرپرسە، بەڵام گومانێکی کەم هەیە لەوەی کێ لە فەرمانی کوشتنەکەی بەرپرسیارەو بە فەرمانی کێ ئەم کارەی کردووە، (ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە رێی تێناچێت بە ویستی خۆی کارێکی وا بکات)، حکومەتی ئەنکەرە، هەوادارانی ئەنوەرپاشا یاخود بەلشەفییەکان. بە دڵنیاییەوە هەرچەندە ئەنکەرە هاندەرێکی بەهێزبوو بۆ سڕینەوەی، بەلشەفییەکان توانیان بە ئاسانیی (پێکەوە لەگەڵ نێردەی بەلشەفییەکاندا "مادیڤانی" رێگەی پەڕینەوەی سنووریان لێگرتن) بە پلەی یەکەم.

بوونیـان مەترسـییەکی راسـتەقینە بوویێـت لەسـەر پـشتگیریی بنـەڕەتیی شـورەوییەکان بـۆ تورکە نەتەوەییەکان، ئەوەش بە تایبەتیی هەڕەشەیەکی جدیی پێکدەهێنا تا ئەو کاتەی کە ئەنوەر پاشای سەرکردەی پێشووی یەکێتییخوازەکان نزیکەی وەك ئەلتەرناتیڤێکی مستەفا کەمال دەرکەوت. ئەنوەر هێشتا ناوێکی گەورەی لەنێو سوپاو هێندێك لەو دەستەو تاقمە یەکێتییخوازانەی هەرێمەکاندا هەبوو کە جوڵانەوەی نەتەوەییان پێکدەهێنا.[47] پاش ئەوەی هەوڵەکەی بۆ گەیشتنە قەفقاس لە ساڵی١٩١٨دا،بۆئەوەی لەوێوە لە خەبات بەردەوام بێت، شکستیخوارد، ئەو ساڵو نیوێکی دواتری لە بەرلین بردەسەرو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەلشەفییەکاندا بنیاتنابوو. ئەو هەوڵیدا شێوازێك لە "کۆمێنترن"ی ئیسلامیی پێکبهێنێت لەسەر بنەمای ئەندامانێکی تاقمی پێشووی تەشکیلات مەخسووسە لە چەندین شوێنی جیهانی ئیسلامییدا کە لە ئەوروپا دەژیان، هەربۆیە وەك نوێنەری باکووری ئەفریقا لە سێپتەمبەری ١٩٢٠دا سەردانی "کۆنگرەی گەلانی رۆژهەلات لە باکۆ" کردکە لەلایەن روسەکانەوە سەرپەرشتیی دەکرا. ئەنوەر پاش کۆنگرەکە پرۆگرامێکی رادیکاڵی تێکەڵ لە تاڕادەیەك ئیسلامیی و تائەندازەیەك سۆشیالیستیی ئامادەکردو حیزبێکی پێکهێنا(تا ببێتە دەزگایەکی تورکیی و وەك تۆڕێکی بەرفراوانی ئیسلامیی شۆڕشگێڕانە)و ناوی لێنرا"هەڵك شورالەر فیرقەسی/ پارتی شورای گەل". هەمان کات هەوڵیدا پشتگیریی شورەویی بۆخۆی بەدەستبێنێت بۆ ئەوەی خۆی وەك جێگرەوەیەکی چەپگەرای متمانەپێکراو ئەلتەرناتیڤ لەبەرمبەر مستەفا کەمالدا بەرجەستەبکات..

ئەوەی بەراستیی ئەو خوازیاری بوو ئەوەبوو کە بە چەك و پارەی شورەویی ژمارەی سوپای تورکیی لە قەفقاس زێدە بکات و بەسەرکردایەتیی ئەو سوپایە خۆی بکات بە ئەنەدۆڵدا. ئەم بیرۆکەیە لە بەهارو هاوینی ١٩٢١دا وادەردەکەوت سەرکەوتوو بێت، بەتایبەت پاش ئەوەی رەوشەکەی بەرەی رۆژئاوا ئاڵۆز بوو، هەروەها رەخنەی ئەنجومەنەکەی ئەنکەرە لە مستەفا کەمال سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی جەنگ لەئارادا بوو. بەڵام لەم کاتەدا شورەویی پشتگیریی ئەم بیرۆکەیەی نەکرد. بەلشەفییەکان بۆ ماوەیەك ئەنوەریان راگرت و وەك هەڕەشەیەکی لاوەکیی دژی ئەنکەرە بەکاریان دەهێنا، پاش ئەوەی بەلشەفییەکان رێکەوتننامەیان لەگەڵ ئەنکەرەدا مۆرکردو ئەنوەر بۆی ئاشکرا بوو کە شورەوییەکان پشتگیریی پلانەکەی ناکەن، بڕیاریدا کە بە تەنیا روو لە ئەنەدۆڵ بکات و بۆ کۆکردنەوەی لایەنگریش پشت بە ناوبانگی خۆی ببەستێت.

---

[47] Halide Edib [Adıvar] (1928) *The Turkish ordeal*, New York: Century, 91.

ئەنوەر لە ٣٠ی ژوئیە لە مۆسکۆوە رووی کردە باتوم لەسەر سنووری تورکیی. ئەو ریگەی پێنەدرا بچێتە تورکیا، بەڵام لایەنگرانی کە لە ئەنەدۆڵەوە هاتبوون، لە باتوم چاویان بە ئەنوەر کەوت و ئەو لەپشت سنوورەوە لەگەڵ چەند ئەندامێکی رێبەرایەتیی رێکخراوی نەتەوەیی کە لە ترابزۆن بوون، پەیوەندیی هەبوو. لە سەرەتای سێپتەمبەر، تاقمەکەی ئەنوەر تەنانەت لە باتوم کۆنگرەیان بەست نەك بەناوی "پارتی شورای گەل" بەڵکو بەناوی "پارتی یەکێتیی و پێشکەوتن". ئەوەش دەریخست کە ئەنوەر چیدی گرەوی لەسەر پاڵپشتی شورەویی نەدەکرد، بەڵکو هیوای بە پشتگیریی یەکێتییخوازەکانی نێو رێکخراوە نەتەوەییەکان بوو، بەڵام ئیدی درەنگ بوو، وێڕای ئەوەی ئەنوەر لەسەر سنوور تەواو سەرقاڵ بوو، بەڵام لەم کاتەدا شەڕەکە لە سەقاریا لەوپەڕی توندییدا بوو. سەرکەوتنی ١٣ی سێپتەمبەر نەك تەنیا ئەنکەرەی لە کەوتن رزگار کرد، بەڵکو پێگەی مستەفا کەمالیشی پاراست. ئەنوەر بۆ ماوەی دوو هەفتە چاوەڕێی کردو پاشان وازی لە پلانەکەی هێنا، هەرچەندە ئەو هەرگیز خەونی ئیمپراتۆرییەکی نوێی ئیسلامیی لەکەللەی دەرنەچوو، تا ئەو کاتەی لە ژونی ١٩٢٢داو لەکاتێکدا سەرکردایەتیی هێزێکی پارتیزانی تورکیی لەسەر سنووری ئەفغانستان دەکردو لەگەڵ سوپای سووردا لەشەڕدابوون، گیانی لەدەستدا.

هەرچەندە، چەپگەراکان (یان ئەنوەرچییەکان) تەنیا لەمپەرێك نەبوون کە دەبوو مستەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢١دا بەسەریاندا زاڵ بێت. بەڵکو سیاسەتی میانڕەوی مستەفا کەمال لە هەمبەر شورەوییەکان نیگەرانییەکی لەنێو نوێنەرە کۆنەپارێزەکانی رۆژهەڵات پێکهێنا بوو. ئەوانەی لە مارتدا"کۆمەڵەی پاراستنی دەزگا پیرۆزەکان"یان دامەزراند کە "هۆجە رایف" سەرکردایەتیی دەکرد کە یەکێك بوو لە رێکخەرەکانی کۆنگرەی ئەرزرۆم لە ساڵی ١٩١٩دا. ئەم جولانەوەیە جەختی لە بایەخی ئاین و هەروەها سەڵتەنەت و خەلافەت دەکردەوە.

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێت کە یەکەمین ئەنجومەنی نەتەوەیی تەواو فرەرەنگ بووو پێکهاتەیەکی سەرکێشیش بوو. لەپێناوی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ئەنجومەنەو زیاتر پێشکەشکردنی کارەکانی، مستەفا کەمال لە مایۆی ١٩٢٠دا لایەنگرە باوەڕپێکراوەکانی خۆی لە "دەستەی بەرگریی لە مافەکان"دا چەسپاند. پاش ئەوەی لە پایزی ١٩٢١دا هەڕەشەی یۆنانییەکان پاشەکشەی کرد. ئۆپۆزسیۆن کە بەشێوەیەکی کاتی لەحاڵەتی نائاساییدا بێدەنگ بوو، خۆی رێکخستەوە، پاش ئەوەی لە کۆتایی ساڵدا بەریتانییەکان ئەو دیلانەیان بەردا کە لە ماڵتە رایانگرتبوون و ئەوانە گەڕانەوە ئەنکەرە، ئۆپۆزسیۆن هێزی بۆ پەیدا بوو. بەشێك لەوانە (کە "واسیف"ی سەرۆکی پێشووی قەرەقەڵ

یەکێکیان بوو) پەیوەندییان بە ئۆپۆزسیۆنەوە کردو لەسەرەتای ١٩٢٢دا "گروپی دووەم"یان پێکهێنا. ئەم گروپە لە رووی ئایدۆلۆژییەوە فرەرەنگ بوو، ئەوەی لە سەنگەرێکدا کۆیکردبوونەوە تەنیا دژایەتییان بوو لەگەڵ تاکڕەویی و توندڕەویی مستەفا کەمالدا. لە کاتێکدا گروپی بەرگریی لە مافەکان بەگشتیی زۆرینەیان لەنێو مەجلیسدا هەبوو، هیچ گروپێکیش زۆر خاوەن دیسپلین نەبوو، هەروەها ژمارەی لایەنگرانیش ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد.

سەرکەوتنی جەنگی سەربەخۆیی لە سێپتەمبەری ١٩٢٢دا، پێگەی مستەفا کەمالی بەشێوەیەکی مەزن بەهێزکرد. ئەو نها بە "غازی/رزگارکەری خاك" ناودەبرا، ئەو سووربوو لە سەر ئەوەی کە ئەو رەوشە بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی پاش جەنگەکە بەکاربێنێت. ئەو لە ٦ی دیسەمبەردا رایگەیاند کە خوازیارە کۆمەڵەی بەرگریی لە مافەکان بۆ پارتێك بەناوی "پارتی گەل" بگۆڕێت. هەروەها لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ژمارەیەك رۆژنامەنووس، بۆ یەکەمجار ئەوەی درکاند کە خوازیارە خەلافەت هەڵوەشێنێتەوەو کۆمارێك دامەزرێنێت.

لە کۆتایی مارتدا، لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا، بەهۆی کوشتنی یەکێك لە سەرکردەکانی گروپی دووەم لەلایەن فەرماندەی پاسەوانەکانی مستەفا کەمالەوە، هەموارکردنێك لە یاسای ناپاکی بڵاوە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا دەرچووە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشکەشکرا، تێیدا راگەیەندرا کە هەڵمەتی گێڕانەوەی سەڵتەنەت بابەتێکی ناشەرعییە. لە ١ی ئەپرڵدا، مستەفا کەمال رایگەیاند کە خوازیارە مەجلیس هەڵوەشێنێتەوەو هەڵبژاردنی نوێ ئەنجامبدات. هەفتەیەك پاشتر، بەیاننامەیەکی نۆ خاڵی ئاراستەی پارتە نوێیەکەی کرد. ئەمە تێکەڵەیەکی سەیرو سەرنجڕاکێش بوو لە بەیاننامە گشتییەکان (سەروەریی بێمەرج بۆ نەتەوە دەگەڕێتەوە)، هەروەها چەمکی وەك (هەڵسوڕان لەپێناو چاککردن و پەرەپێدانی ساغکردنەوەی توتن) لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە وەرگیراوە.[48] لە ١٥ی ئەپرڵدا ، هەموارکردنی یاسای ناپاکیی مەزن تێپەڕێنراو رۆژی دواتر ئەنجومەن هەڵوەشێنرایەوە.

لەکاتێکدا لە ئەنکەرە هەلومەرجەکە بەم شێوەیە دەگوزەرا، لە ئەستەمبوڵ دوا کۆنگرەی (ك.ی.پ) بەسترا، ئەم کۆنگرەیە لەلایەن "قەرە کەمال بەگ" ەوە کە رابەری پێشووی پارتی یەکێتییخوازان لە ئەستەمبوڵ و دامەزرێنەری قەرەقوڵ بوو، کرایەوە. ئەوەی کە لە یەنایەردا، وتووێژێکی نهێنیی لەگەڵ مستەفا کەمالدا لە ئیزمیت سەبارەت بە رۆڵی یەکێتییخوازەکان

48 Michael M. Finefrock (1976) ‘From sultanate to republic: Mustafa Kemal Atatürk and the structure of Turkish politics, 1922–1924’, Unpublished Ph.D. thesis, Princeton University, Appendix E.

ئەنجامدا. کۆنگرە بەرنامەیەکی نوێ خاڵی دانا و هەروەها داواکرا ڕێبەرایەتیی (ك.ی.پ)ی سەرلەنوێ دامەزراو بە مستەفا کەمال بسپێردرێت، ئەویش بەرێزەوە ڕەتیکردەوە.

هەڵبژاردنە دوو قۆناغییەکەی ئەنجومەنی نوێ لە ژوون و ژوئیەدا ئەنجامدرا، لەکاتێکدا مستەفا کەمال بۆ خۆی بە وردیی لە کاندیدەکانی دەکۆڵییەوە و بە ئەستەم ئەندامانی دەستەی دووەم توانیان بچنە پارلەمانی نوێوە. ئەو ئەنجومەنە بۆ یەکەمجار لە ٩ی ئوتی ١٩٢٣دا دانیشتنی خۆی کرد– تەنیا لەو کاتەدا– کۆمەڵەی بەرگریی لە مافەکان (کە تەواوی ئەنجومەنی پێکدەهێنا) خۆی لە پارتی گەلدا ڕێکخستەوە. پارتە نوێیەکە، تەواوی توانا و دارایی ڕێکخراوەکانی بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکان لە ئەنەدۆڵ و ڕۆمێلی گرتەخۆ، ئەوەش توانا و رووخساری ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گشتگیریی پێ بەخشی، ئەمێستا بە شێوەیەکی توند ئەم ئەنجومەنە کۆنترۆڵکراوە، کەوتە گەنگەشە و بڕیاردان لە ڕێکەوتنی ئاشتیی کە لە لۆزان لەنێوان تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکان گرێدرا.

## ڕێکەوتننامەی ئاشتیی لۆزان

هەرزوو پاش وەستانی پەلامارو پێکهەڵپرژانەکان، هاوپەیمانان تورکیان بۆ دەستپێکردنی دانوسانەکان بانگێشتکرد. لایەنی تورکیی خوازیاربوو دانیشتنەکان لە ئەزمیر بکرێت(بۆئەوەی مستەفا کەمال خۆی بتوانێت سەرکردایەتیی نوێنەران بکات)، بەڵام هاوپەیمانان ئەوەیان ڕەتکردەوە دانوسانەکان لەسەر خاکی تورك ئەنجامبدرێت و سەرئەنجام لۆزان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرا. لەکاتێکدا(بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا و یۆنان پێکەوە بوونە خانەخوێ و لایەنی تورکیش کە هەردوو حکومەتەکەی ئەنکەرە و ئەستەمبوڵ بوو پێکەوە بانگێشتکران. لە کاردانەوەی ئەمەدا ئەحمەد تۆفیق پاشای سەرەك وەزیری عوسمانیی تەلەگرافێکی بۆ ئەنکەرە ناردو پێشنیازی ئەوەی خستەبەردەم کە نوێنەرایەتییەکی هاوبەش پێکبهێنن. ئەمەش هەرایەکی لەنێو ئەنجومەنی نەتەوەییدا نایەوە و ڕاستەوخۆ بووە هۆی ئەوەی کە پێشنیازی بڕیارێك لە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتی لێبکەوێتەوە. پاش چوار ڕۆژ، تۆفیق پاشا مۆری ئۆفیسەکەی خۆی بە "ڕەفعەت پاشا بالی"نوێنەری نەتەوەییەکان لە ئەستەمبوڵ سپارد. ئەوەی فەرمانی دا بە وەزارەتەکانی عوسمانیی کە تەواوی چالاکییەکانیان بوستێنن، هەروەها لە ١٧ی نۆڤەمبەردا دوا سوڵتانی عوسمانیی بەدوای پەنابەرییدا چووەسەر کەشتییەکی بەریتانیی و

بەرەو ماڵتای برد. عەبدولمەجیدی ئامۆزای شوێنی گرتەوە، بەڵام تەنیا وەك خەلیفە نە وەك سوڵتان.

ئەوەی هەمووانی سەرسامکرد، تەنانەت خۆشی، بریتیبوو لە دانانی عیسمەت پاشا ئینۆنو وەك سەرکردەی نوێنەرانی تورك لە لۆزان. مستەفا کەمال عیسمەتی هەڵبژارد لەبەر ئەوەی کە لەلایەك عیسمەت لایەنگرێکی متمانەپێکراوی مستەفا کەمال بوو، لەلایەکی دیکەشەوە، حوسەین رەئوف ئۆربەی سەرەك وەزیر بە کەسێکی ئینگلیزخوا ناوبانگی دەرکردبوو، لەکاتێکدا "یوسف کەمال"ی نوێنەری پەیوەندییەکانی دەرەوە شورەوییخوا بوو. عیسمەت لە کاتی خۆیدا چوو بۆ لۆزان، پابەندکرابوو بەهیچ شێوەیەك لە پاکتی نەتەوەیی لانەدات. کۆنفرانسەکە کە لە ٢٠ی نۆڤەمبەردا کرایەوەو نوێنەرانی بەریتانیا، رفەرەنسا، ئیتاڵیا، یۆنانو تورکیا ئامادەبوون، لەکاتێکدا یەکێتیی شورەویی، ئۆکرانیا، جۆرجیا، رۆمانیاو بولگاریا تەنیا لەو دانیشتنانەدا ئامادەبوون کە راستەوخۆ پەیوەست بوو بە بەرژەوەندییەکانیانەوە. هەر لە سەرەتاوە ئەوە ئاشکرابوو کە دانوسانەکان زۆر ئاڵۆزو دژوارن، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە دیدو بۆچوونی هەردوو لایەندا هەبوون. لەنێو هاوپەیمانانـدا، لۆرد کیرزن ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کەسێکی قسە رۆیشتووی کۆنفرانسەکە بوو، ئەو خۆی وەك لایەنی زاڵی جەنگی یەکەمی جیهانیی دەبینیو پێی وابوو کە دەبێت کۆنفرانسەکە کار بۆ هەموارکردنی رێکەوتننامەی سیڤەر بۆ هەلومەرجە نوێیەکە بکات. لەولاشەوە تورکان خۆیان بە سەرکەوتوو لە جەنگی سەربەخۆییدا دەزانیو سیڤەریان پێ بەشێك بوو لە رابردوو. ئەوان بەشێوەیەك هاتبوونە لۆزان کە پاکتی نەتەوەیی تا دوا رادەی لێکدانەوەی جێبەجێبکەن، سەبارەت بە نێوەرۆکی هەرێمی ئەسکەندەرونە لە سوریای ناوەکیی بەرەو رووباری فورات، ویلایەتی موسڵو دورگەکانی ئیجەو تا کەناری ئەنەدۆڵ لە تورکیای نوێ، هەروەها پێداگریی لەسەر راپرسیی بۆ تراقیای رۆژئاوا.

نوێنەرانی تورك لە لۆزان کاتێکی دژواریان تێپەڕاند، بەتایبەت لە سەرەتادا، چونکە حیسابی حەریفێکی هاوتایان بۆ نەدەکرد. کرزن هەڵوێستێکی لووتبەرزو کەللەشەقانەی پێشاندا، ئەوەش فەزایەکی ئاڵۆزو نالەباری هێنایەئارا. تورکان بە توندیی بەدەست لاوازیی شارەزایی دپلۆماسییەوە دەیانناڵاند. بۆئەوەی هەڵنەخەڵەتێنرێنو جیاوگی گەورەیان لەبندەست دەرنەهێنن، ناچاربوون هەڵوێستی تەواو رەق لە دانوسانەکاندا پێشان بدەنو لە گفتوگۆکاندا وەڵامی راستەوخۆیان لەهەمبەر بابەتەکان نەدەدایەوە، گوێگرانی عیسمەت زۆرجار بیانوویەکی سوودبەخش بوو. نوێنەرانی تورك هەمیشە لەگەڵ ئەنکەرەدا لەراوێژدابوون، بێئەوەی بزانن کە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیی هموو پەیوەندییەکانی لەلای خۆیەوە وەردەگرت.

ئەوكێشانەی وتووێژیان لەبارەوە كرا لە سایەی سێ ناونیشاندا بوو، قەڵەمڕەو سەربازیی، ئابووریی و دارایی، پێگەی بیانیی و كەمینەكان. لە دوو مانگی یەكەمدا، زۆر كەم سەبارەت بەو سێ كێشەیە بەدەستهات، لە سەرەتای فێبرایەردا هەموو كێشە سەرەكییەكان (سنوور لە تراقیا، رژێمی ئاینـدەیی لـە تەنگـەكان) چارەسـەر كـران، لەگـەڵ پەسـەندكردنی لایەنـەكان سـەبارەت بـە دواخستنی وتووێژو گفتوگۆ لەمەڕ كێشەی موسڵ تا كۆتایی. كێشەكان لە دوو بوارەكەی تردا وا دەردەكەوت كە بێ چارەسەرن. هاوپەیمانان رەشنووسی وەك دوا پێشنیاز دا بە توركان ، بەڵام توركان ئامادەی واژۆكردنی نەبوون. بەوەش كۆنفرانس تەگەرەی تێكەوت و نوێنەران بۆ وڵات گەڕانەوە.

ئەمێستا لە ئەنكەرە جۆشی نەتەوەیی خرۆشابوو، هەروەها لە سەرەتای مارتدا، هەریەك لە عیسمەت و حكومەت بە توندیی لەلایەن ئەنجومەنەوە سەبارەت بەو دەستكەوتە كەمەی بەدیان هێنابوو هێرشیان كرایەسەر. مستەفا كەمال خۆی هاتە نێو مەسەلەكەوەو ئەنجومەنی هاندا كە ئەركی بەردەوامبوونی دانوسانەكان بە حكومەت بسپێرنەوە.

لایەنی توركیی هەمواركردنێكی ١٠٠ لاپەڕەیی سەبارەت بە رەشنووسی رێكەوتننامەكەی لە فێبرایەردا وەریگرتبوو، پێشكەشكردبوو. هاوپەیمانان، لەكۆتایی مارتدا، پاش ئەوەی لەلایەن پسپۆڕەكانیانەوە خوێندنەوەی خۆیان بۆ هەمواركردنەكان كرد، توركانیان بانگێشت كرد كە دانوسانەكان دەستپێبكەنەوە. لە ٢٣ی ئەپرڵدا، لایەنەكان سەرلەنوێ كۆبوونەوە. یۆنانیی و توركەكان هەرزوو كێشە هاوبەشەكانی نێوانیان چارەسەركرد. توركیا لەبەرامبەر وازهێنیانی لە خواستەكانی سەبارەت بە نۆژەنكردنەوەی وێرانكارییەكانی جەنگ، هەمواركردنێكی بچووكی لە تراقیا دەستكەوت. بەڵام كێشەی سەرەكیی كە مابووەوە بریتیبوو لەوەی كە وڵاتانی هاوپەیمان جەختیان دەكردەوە كە لەبەرامبەر رەتكردنەوەی سیستمی جیاوگەكاندا، دەبێت توركیا جیاوگە ئابووریی و یاساییەكان بۆ هاوپەیمانان بسەلمێنێت. لایەنی توركیی هەرشتێكی رەتكردەوە كە لە سەرەوەی تەواوی دەوڵەتی توركیی نوێ پێشێل بكات. هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمان لاواز بوو، چونكە دانیشتووانی هیچ لایەكیان ئامادەیی ئەوەی نەبوو سەبارەت بەو پرسانە روو لە مەیدانەكانی جەنگ بكات، هەربۆیە لە كۆتاییدا لایەنەكان لە ١٧ی ژوئیەدا گەیشتنە رێكەوتن. عیسمەت داوای لە حكومەتی ئەنكەرە كرد رێگەی بدات كە رێكەوتننامەكە مۆر بكات، پاش ئەوەی وەڵامەكەی دەست نەكەوتەوە، دوای لە مستەفا كەمال كردرێگەی بدات و ئەویش بە ئەرێیی وەڵامی دایەوە، رێكەوتننامەكە لە ٢٤ی ژوئیەی ١٩٢٣دا مۆركرا.

لەبنەڕەتدا، هەرچەندە لە هەموو وردەكارییەكاندا نا، بەڵام ئامانجەكانی پاكتی نەتەوەیی هاتنەدی و لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی پاكتی نەتەوەیی دیارییكردبوو. دەوڵەتی توركیا كە دەركەوتبوو تەواو بووە خاوەنی سەروەریی. هەرێمی موسڵ كە توركان داوایان دەكرد و

بەریتانییەکان داگیریان کردبوو، وەك بەشێك لە عێراق مایەوە تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەبارەوە دەردەکات. لیوای ئەسکەندەرونە لە بندەستی فەرەنسییەکانی سوریادا مایەوە،جگە لە "ئیمرۆز"و "تێندۆز". دورگەکانی ئیجەی بەرامبەر ئاسیای بچووك کە تورکان داوایان دەکرد، لە بندەستی یۆنانو ئیتاڵیادا مایەوە.

بەڵام ئەنەدۆڵو تراقیای ڕۆژهەڵات بوونە بەشێك لە دەوڵەتە نوێیەکەو هیچ ئاماژەیەکیش سەبارەت بە ئەرمینیاو کوردستان نەمایەوە. ناوچەی تەنگەکان بە نێودەوڵەتیی کرا لە سایەی کۆمسیۆنێکدا کە تورکان سەرۆکایەتییان دەکردو جگە لە هێزێکی ١٢٠٠٠سەربازیی لە ئەستەمبوڵ، لە هەر هێزێکی سەربازیی دیکە چۆڵ کرا. سیستمی جیاوگەکان پوچەڵ کرایەوە، بەڵام تورکیا دەبوو ڕێز لە هەموو ئەو جیاوگە بیانیانە بگرێت کە لە وڵاتەکەدا هەبوونو نەدەبووسیستمی باجو گورگییەکانی خۆی تاساڵی ١٩٢٩ بگۆڕێت.هەموو هەوڵەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی دەزگای دادوەریی تورك بخاتە ژێر چاودێرییەوە شکستخواردو هەموو دانیشتووانی تورکیا، بە بیانییەکانیشەوە ملکەچی سیستمی دادی تورکیی بوون. هەموو داخوازییەکانی نۆژەنکردنەوەی وێرانکارییەکانی سەردەمی جەنگ وازی لێهێنرا. هێندەی پەیوەندیی بە کەمیینەکانیشەوە هەیە، جەخت لە خاڵێك کرایەوە کە تورکیا پابەندیی خۆی بۆ پاراستنی هاوڵاتیان بێ گوێدانە ئاین، ڕەگەز، زمان ڕاگەیاند. بەڵام هیچ چاودێرێك سەبارەت بە مامەڵەکردنی تورکیا لەهەمبەر کەمیینەکان نەبوو.

هاوپەیمانان داوایانکرد لێبوردنێکی گشتیی ببێتە بەشێك لە ڕێکەوتننامەکە. پێشنیاز لەم بارەیەوە لەلایەن کۆمسیۆنە لاوەکییەکانی تایبەت بە کەمینەکانو وتووێژی لەبارەوە کرا، تورکان خوازیاری ئەوە نەبوون لێبوردنی گشتیی بۆ نەیارانی نەتەوەییەکان دەربکەن، لەکاتێکدا لیستێکیش سەبارەت "ناحەزان" ئامادە نەکرابوو. ئەوان نەیاندەتوانی ئەوانە دیارییبکەن کە دەبوایە هیچ لێبوردنێك نەیانگرێتەوە. لەکۆتاییدا، حکومەتی تورك لێبوردنی پەسەند کرد، بەڵام مافی هەڵاواردنیشی بۆ خۆی هێشتەوە بێئەوەی هیچ ناوێك ببرێت. لێبوردنەکە لە ١٦ی ئەپرڵی ١٩٢٤دا ڕاگەیەندرا، بەڵام هەڵاواردنەکان هێشتا دیاریی نەکرابوون. دواجار لە ژوندا لیستێك پێشکەش بە ئەنجومەن بکەن، پاش ئەوەی بەماوەیەکی کورت، ناوی ئەو ١٥٠کەسەی کە هێشتا لەوڵاتدا بوون ئاشکرا کرانو فەرمانیان پێدرا وڵات جێبهێڵن. ئەنجومەن ڕێکەوتننامەی ئاشتیی(هەرچەندە بە تێکڕای دەنگ نا) پەسەند کردو لە ٢١ی ئوتدا بڕیاری لەسەردرا، هاوپەیمانان دەستبەجێ کەوتنە کێشانەوەی هێزە داگیرکارەکانیان، دوا هێزی سەربازیی بەریتانیی لە ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا ئەستەمبوڵیان جێهێشت.

## توركیا لە ساڵی ١٩٢٣دا

ئەستەمە هەلومەرجی وڵاتێك بێنینە بەرچاومان کە توانی لە لۆزاندا بەردەوامیی و سەربەخۆیی خۆی بەدەستبێنێتەوە. بە چەشنێك لە پاش نزیکەی دە ساڵ لە جەنگ و ململانێی بەردەوامدا تووشی هەژاریی و وێرانیی و کەمبوونەوەی دانیشتووان هاتبوو کە لە مێژووی هاوچەرخدا کەموێنە بوو. لە رووی دیمۆگرافییەوە، کاریگەریی کۆچی بەرفراوان و قڕبوونی بەکۆمەڵی پێوەدیار بوو. قڕبوونی بەکۆمەڵ لەنێو دانیشتووانی ئەنەدۆڵدا، بە رێژەیەك بەرز بوو بڕوانەدەکرا. سوپای عوسمانیی هەمیشە سەربازگیریی خۆی لەنێو دانیشتووانی گوندنشینی ئاسیای بچووکدا ئەنجامدەداو قوربانیانی بێ ئەژماری هەڵمەتەکانی قەفقاس، گالیپۆلی، فەلەستین و مسیۆپۆتامیا خراپ کاری کردەسەر ژمارەی دانیشتووانی ئەنەدۆڵ. سەرباری ئەوەش، هەر لەسەرەتای ١٩١٥ بەرەوسەر، ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات بۆ خۆی بووە مەیدانی جەنگ و پێکدادانی هێزەکان. ئەوەش بووەهۆی نەهامەتیی دانیشتووانی موسوڵمانی ناوچەکە کە بەشێکیان بە دوای سوپای عوسمانیی پاشەکشەکردوودا ملی رێیان گرتەبەر. هەروەها ئەوە بووەهۆی کۆچاندن و تارادەیەك قڕکردنی کۆمەڵگەی ئەرمەنیی. کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی، جەنگی سەربەخۆیی بەدواداهات کە تێیدا هەڵمەتەکانی شەڕ لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەنجامدەدران. لەبەرەی رۆژئاوا، هێزە یۆنانییەکان شکاو و هەڵاتووەکان، تاوانی مەزنیان لەنێو دانیشتووانە موسوڵمانەکەدا ئەنجامدا، هەروەها بەشێك لە لەشکرەکانی تورك لەکاتی پێشڕەوییدا هەمان درندایەتییان لەهەمبەر دانیشتووانی ئۆرسەدۆکسی یۆنانیی نواند . نزیکەی بە ٢,٥ملیۆن لە موسوڵمانانی ئەنەدۆڵ گیانیان لەدەستدا، هەروەها لەنێوان ٦٠٠٠٠٠- ٨٠٠٠٠٠ ئەرمەنیی و ٣٠٠٠٠٠یۆنانییش. بەگشتیی و لە ئەنجامی مەرگی بەکۆمەڵ، دانیشتووانی ئەنەدۆڵ ٢٠ لەسەدا کەمیکردبوو. ئەوەش ٢٠ ئەوەندەی فەرەنسا زیاتربوو کە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا لە هەموو هێزە هاوپەیمانەکان زیاتر ببووە مەیدانی شەڕوپێکدادان. سربیا تەنیا وڵاتێك بوو کە زۆرترین بەشی دانیشتووانەکەی لە جەنگدا لە دەستدا، هەرچەندە تەنانەت ئەم ژمارەیە هەڵخەڵەتاندنی تێدایە. لەو هەرێمانەی جەنگیان تێدا قەوما، ژمارەکە زێدەتر بوو. لەهێندێك ناوچەی رۆژهەڵات، نیوەی دانیشتووانەکەی لەناوچوون، چارەکێکیشیان هەڵاتن و کۆچیان کرد. ١٢هەرێم هەبوو کە زۆربەیان لە رۆژئاوا بوون، لەوێ رێژەی بێوەژن لەنێو کۆمەڵگای ژناندا لەسەدا ٣٠ زیاتر بوو، ئەو رێژە بەرزەی مەرگی بەکۆمەڵ لە ئەنەدۆڵ تەنیا بەهۆی کاریگەریی مەیدانەکانی جەنگ و کوشتوبڕەوە نەبوو، چونکە جەنگەکە کاریکردە سەر شێواندنی ژێرخانی ئابووریی و کەمی دەستی کاری کشتوکاڵیی. ئەوەش

قاتوقڕیی و نەخۆشیی لێکەوتەوەو پەتا سەراسەری ناوچەکانی داگرت، بەتایبەتیی کۆلێراو تیفۆ گیانی خەڵکیان درووێنە دەکرد.

پاش قاتوقڕیی، کۆچکردن یەك لە دیاردە سەرەکییە دیمۆگرافییەکان بوو، بەگشتیی ئەوە تێبینیی کراوە کە بەهۆی جەنگی ساڵی ١٨٧٨و جەنگی ١٩١٢-١٩١٣ی بەلقان سەدەها هەزار موسوڵمان (بەشێوەیەکی سەرەکی تورك) پەنایان بردە بەر ئەو وڵاتە. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیی و پاشی، چەند سەد هەزار ئەرمەنیی لە ئەنەدۆڵ کۆچیانکرد بەرەو شورەویی زیاتر، ئنجا بۆ فەرەنساو هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەهەمان شێوەش، کۆچی ژمارەیەکی زۆری یۆنانیی لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات بەدواداهات. لە کۆتاییدا بە پێی ڕێکەوتننامەی لۆزان، پاشماوەی دانیشتووانی ئۆرسەدۆکسی یۆنانیی کە لە ئەنەدۆڵ بوون(نەك ئەوانەی ئەستەمبوڵ) ، کە ژمارەیان ٩٠٠٠٠٠ کەس دەبوو، لەبەرامبەر گۆڕینەوەی ٤٠٠٠٠٠ موسوڵمان لە یۆنان (جگە لە دانیشتووانی تراقیای ڕۆژئاوا)، لە راستییدا زۆرینەی مەزنی دانیشتووانی یۆنانیی لە ساڵی ١٩٢٢دا لە وڵات هەڵاتن. ئەو دانیشتووانەی گۆڕرانەوە بریتیبوون لە دانیشتووانەکەی کەناری دەریای ڕەش و هەروەها ئەو یۆنانییە ئۆرسەدۆکسانەی کارەمان کە بە تورکیی قسانیان دەکرد. جوڵانەوەی کۆچکردن بووەهۆی کەمبوونەوەی نزیکەی دە لە سەدی دانیشتووانی ئەنەدۆڵ، ئەوەی کە پێویستە بخرێتە سەر ٢٠ لە سەدەکەی بەهۆی قاتوقڕیی و لەناوچوونی بەکۆمەڵەوە بەسەری هاتبوو.

گۆڕانی دانیشتووان مانای گۆڕانی کەلتوریشی دەگەیاند، ئەنەدۆڵ لە ساڵی ١٩٢٣دا بە تەواوەتیی شوێنێکی جیاواز بوو لە چاو ساڵی ١٩١٣دا. کۆمەڵگەی مەزنی کریستیانیی بەشێوەیەکی کردارییی ناوچەکەیان جێهێڵابوو (کۆمەڵگەی ئەرمەنیی بە توندیی بۆ ٦٥٠٠٠ کەس دابەزیبوو، هەروەها کۆمەڵگەی یۆنانییش لە دوو ملیۆنەوە بۆ ١٢٠,٠٠٠ کەمی کردبوو) هەروەها ئەنەدۆڵ کە دانیشتووانە موسوڵمانەکەی پێش جەنگ ٨٠ لە سەدیان پێکدەهێنا، نها ٩٨ لەسەدی موسوڵمانە. لە ڕووی زمانەوە، تەنیا دوو گرووپی تێدا مابووەوە: تورك و کورد. لەگەڵ هێندێك گرووپی بچووکی (یۆنانیی و ئەرمەنیی و ئاسوریی کریستیانیی، جووی ئیسپانیی زمان، چەرکەس، لازو موسوڵمانی عەرەب زمان)، وێڕای ئەوانەی لە بالکانەوە کۆچیانکردبوو . تەنانەت دانیشتووانی شار لە ئاکامی ئەو بەلادێیبوونەی وڵاتەکەدا زیاتر لە خەڵکانی لادێ ژمارەیان کەمی کردبوو ، ١٨ لەسەدی دانیشتووان لە شارەکان دەژیان، لەبەرامبەر ئەوە ٢٥ لە سەدەی کە پێش دەستپێکردنی جەنگ تێیدا دەژیا.[٤٩]

[49] Justin McCarthy (1983) Muslims and minorities: the population of Ottoman Anatolia and the end of empire, New York: New York University Press, Chapter 7

لە رووی ئابووریشەوە، ئەو وێرانکارییەی جەنگ خولقاندبووی یەکجار مەزن بوو، وێرانکارییە مادییە راستیینەکان سنووردار بوو، چونکە بەشێوەیەکی رێژەیی ژمارەی بنکە پیشەسازییەکان هێندە کەمبوون تا بەر وێرانکاریی بکەونو زۆربەی ئەوانەش هەبوون لە ئەستەمبوڵ بوونو راستەوخۆ نەگبەتیی جەنگ نەیگرتبوونەوە. مەزنترین وێرانکاریی بنچینەیی بەسەر هێڵی ئاسنییو پرد لە ئەنەدۆڵو هەروەها تووشی خانووبەرە هاتبوو، ئەم لایەنانە بەهۆی شەڕەکانو هەروەها ئەو وێرانکارییانەی کە یۆنانییەکان دوای کشانەوەیان بە ئەنقەست ئەنجامیاندا تووشی زیان هاتبوون. زۆری یەکە ئابوورییە ئەرمەنییو یۆنانییەکانی شارە گەورەکانی وەك ئەزمیر لە سێپتەمبەری ١٩٢٢دا سوتێنرانو تەختکران. تا ئێستاش روون نیە ئۆبالی ئەم کارەساتە لە ئەستۆی کێدایە. ئەوەی جێگەی بایەخە ئەو راستییەیە کە کۆچکردنی یۆنانییو ئەرمەنییەکان جۆرێك لە کۆچکردنی گشتیی بەشی زۆری بیزنسمانو بەڕێوەبەرانی کاری لێکەوتەوە. بە رۆیشتنی ئەوانیش شارەزایی بازرگانییو پیشەسازیی پێچرانەوەو گورزێکی توندیان بەرکەوتو لەو رووەوە تورکیا توشی کەموکورییەکی مەزن بووەوە. لەوەش تێپەڕیو چیدی ناوچەیەکت نەدەبینی لە هەرێمەکاندا کە بە ناوچەکانی دیکەوە ببەسترێتەوەو ئەلەکتریکیان تێدا بێت. بازرگانی دەرەکیی لە ١٩٢٣دا بریتیبوو لە سێیەکی ئەو رێژەیەی دە ساڵ پێشتر هەبوو، بایەخدارترین کایەی ئابووریی تورکیی کشتوکاڵ بوو، کە بە شێوەیەکی رێژەیی لە دوای ساڵی ١٩٢٣ەوە بەرەو باش هەنگاوی دەنا، هەرچەندە تاکو نزیکەی ساڵی ١٩٣٠ تێکڕای بەرهەمیی نەتەوەیی نەگەیشتە ئاستی پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی.[50]

لە روویەکی دیکەوە، تورکیا بەختی یاربوو بەوەی کە هەروەك هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەو قەرزە مەزنەی کە حکومەتی عوسمانیی هێنابوویە سەرخۆی، لە لایەنێکی سەرکەوتووی وەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە وەرنەگیرابوو، بەڵکو لە ئەڵمانیا کە ولاتێکی بەزیو بوو. هەربۆیە ئەو قەرزەی بە بڕی نزیکەی ١٦٠ملیۆن لیرەی زێڕیینی تورکیی، یان ٧٢٠ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیی دەبوو، بەشێوەیەکی نافەرمیی سڕرایەوە.[51] ئەمە کەیسی قەرزە کۆنە چەسپاوە ئاشکراکانی عوسمانیی نەدەگرتەوە. ئەوەی لە لۆزاندا بڕیاری لەسەردرا کە بەسەر ئەو ولاتانە یاخود هەرێمانەدا دابەشبکرێن کە پاش دەوڵەتی عوسمانیی پەیدا ببوون. پێنج ساڵ دواتر، گەیشتنە رێکەوتنێك کە ٦٥ لە سەدی ئەو قەرزە (بەگشتیی ٧٥ملیۆن جونەی) بوو خرایە ئەستۆی تورکیاو لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا درایەوە.[52]

---

[50] William Hale (1981) The political and economic development of modern Turkey, London: Croom Helm.
[51] Ahmed Emin [Yalman], op. cit., 162–3.

[52] Ahmed Emin [Yalman], op. cit., Appendix 2.

# باسی دەیەم

# دەرکەوتنی دەوڵەتی یەك پارتیی ۱۹۲۳-۱۹۲۷

### کۆمارەکەو خەلافەت

هەروەك بینیمان، مستەفا کەمال تەنانەت پێش ئەوەی جەنگی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی فەرمیی بە مۆرکردن‌و بڕیاردانی ڕێکەوتننامەی لۆزان کۆتایی بێنێت، دەستیکردبوو بە پتەوکردن‌و بەهێزکردنی پێگەی خۆی. ئەو شێوازانەی بۆ ئەو مەبەستە گرتبوویەبەر بریتیبوو لە: گۆڕانکاریی لە یاسای ناپاکیی مەزن، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن‌و بەتوندیی کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکان، دامەزراندنی پارتی نوێ واتە "پارتی گەل"، هەروەها لەخۆگرتنی تێکڕای کۆمەڵەکانی بەرگریی لە مافەکان. ئەم هەولانە بووەهۆی کۆبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی مستەفا کەمال‌و ئەنجومەن‌و پارتی گەل، ئەو دوانەی تریان کە لە بندەسەڵاتی تەواویی خۆیدا بوون‌و هەوڵەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتیش بەردەوام بوو.

سروشتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێی تورك هێشتا بەوردیی لەوکاتەدا زۆر روون نیە. سەڵتەنەتی عوسمانیی نزیکەی بەر لە ساڵێك هەڵوەشێنرابووەوە. وڵات لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوەییەوە بەڕێوەدەبرا، ئەوەی کە تەنیا سەرۆکی هەڵنەدەبژارد، بەڵکو راستەوخۆ هەموو وەزیرەکانیشی(یاخود قۆمیسەر یان وەکیل) دەستنیشاندەکرد. پەیوەندییە دەستوورییەکانی نێوان ئەنجومەن‌و خەلیفە عەبدولمەجید ئەفەندی روون نەبوو. خەلیفە وەك لە ساڵی ۱۹۲۲دا دیارییکرابوو، تەنیا ئەرکێکی ئاینیی هەبوو، بەڵام ئەوەی زۆرینەی خەڵکی هێشتا بەردەوام وەك رابەری وڵات لە خەلیفەیان دەڕوانی شتێکی حەتمیی بوو. تەنانەت گەر لە نەستی گشتیشدا بێت. سەرباری ئەوەش، وەك خەلیفە، ئەرکی ئایندەکەی سنووری دەوڵەتە تورکییەکەی تێدەپەڕاند‌و-لانی کەم لە رووی تیۆرییەوە- تەواوی جیهانی ئیسلامی دەگرتەوە.

مستەفا کەمال لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامە تورکییەکاندا لە یەنایەر، هێمای بەوەدابوو کە خوازیارە ئەو هەلومەرجە شێواوە بگۆڕێتو سیستمێکی کۆماریی رابگەیەنێت، هەروەها لە سێپتەمبەردا، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بڵاوکراوەی"ڤێنیس دەیلی" جەختی لەو بابەتە کردبووەوە. دەرفەت بۆ ئەوەش ئەو کاتە هاتە پێش کە ئەنجومەن لە ئۆکتۆبەردا هەریەك لە حوسەین رەئوف ئۆربەیو سابت ساغیرئۆغلوی بۆ پۆستی سەرۆکی جێگری ئەنجومەنو هەروەها وەزیری نێوخۆ هەڵبژاردو خستنیانە پێش کاندیدەکانی حکومەت. مستەفا کەمال ئەوەی لەسەر حکومەتەکەی عەلی فەتحی ئۆکیار کردە بیانووی بێمتمانەییو لە ئاکامدا حکومەت دەستی لەکار کێشایەوە. بەوەش ئەنجومەن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرپرسیارێتیی دانانی ئەنجومەنێکی وەزیرانی نوێی کەوتە ئەستۆ. جارێکی دیکە مستەفا کەمال فەرمانی بە کەسایەتییە بەرچاوەکانی لایەنگری خۆیدا کە پۆستو بەرپرسیارێتیی پۆستەکان پەسەند نەکەن، ئەوەش سەلماندی کە مەحاڵە. کاتێك ئەنجومەن بڕیاری راوێژکردنی لەگەڵ سەرۆك دا، مستەفا کەمال پێشنیازی راگەیاندنی کۆماری پێشکەشکرد کە سەرۆکێکی هەڵبژێردراو سەرەك وەزیر دەستنیشان بکاتو هەروەها کابینەیەکی ئاسایی وەزیران پێکبهێنرێت. زۆرینەی ئەنجومەن ئەو پێشنیازەیان پەسەندکردو لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا کۆماری تورکیا راگەیەندرا کە مستەفا کەمال وەك یەکەمین سەرۆكو عیسمەت ئینۆنوش یەکەمین سەرەك وەزیر بێت.

ئەم بڕیارە وەختێك درا، کە ژمارەیەك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی جەنگی سەربەخۆیی وەك حوسەین رەئوف، عەلی فوئادجێبسۆی، عەدنان ئەدیڤار، رەفعەت بێلیو کازم قەرەبەکر لە پایتەخت نەبوون. ئەوان لە چاوپێکەوتنەکانیاندا لە بڵاوکراوە ئەستەمبوڵییەکاندا زۆر بە توڕەیی کاردانەوەیان دژی راگەیاندنی کۆمار پێشانداو بڕیارەکەیان بە ناکام نێوزەدکردو جەختیان لەوە کردەوە کە ناوزەدکردنی دەوڵەت وەك دەوڵەتێکی کۆماریی مانای ئەوە نیە کە ئازادیی لەگەڵ خۆیدا بێنێتەئارا، بەوەش ناکۆکیی راستیینە لەنێوان ملهوڕیی رۆژهەڵاتییانە(دیسپۆتیزم)و دیموکراسییدایە، جا ئەو مەسەلەیە لەسایەی سیستمێکی کۆمارییدا بێت یاخود پاشایەتیی. رۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ ئەم رەخنەیەیان بە تینو تاوەوە بڵاودەکردەوە. لەو کاتەدا حکومەت لە ئەستەمبوڵ فرە بێ جەماوەر بوو، نەك لەبەر راگەیاندنی کۆمار، هێندەی لەبەر ئەوە بوو کە بەر لە دوو هەفتە بە فەرمیی ئەنکەرە وەك پایتەختێك لەبری ئەستەمبوڵ راگەیەندرا. ئەوەش مەسەلەیەك بوو تەنیا سۆزو شانازیی پایتەختە کۆنەکەی نەدەڕوشاند، بەڵکو مانای مژدەی بێکاریی بۆ دەیان هەزار کارمەندی

دەوڵەتیی لە ئەستەمبوڵ دەگەیاند. سەرنجە رەخنەییەکانی رەئوف(کە تێیدا لابەلا ئاماژەی بەوە کردبوو کە حکومەت وێڕای ناوە نوێیەکەی ملهوڕە) هەرایەکی لەنێو ئەندامە پارلەمانتارەکانی پارتی گەلدا نایەوەو زۆری نەمابوو لە دیسەمبەردا پارتەکە دابەشبکات.

بەشێك لەوەی دژە کۆمارییەکانی دەورووژاند بریتیبوو لە نیگەرانییان سەبارەت بە خەلیفە، وێڕای ئەوەی زۆربەی خەڵك، بە تایبەت لە ئەستەمبوڵ، لەلایەنی سۆزەوە بە بنەماڵەی عوسمانییەوە بەسترابوونەوە، بەڵام هەستێکی واش هەبوو کە خەلیفە تەنیا پارسەنگی شیاوە بۆ باڵادەستیی و هەژموونی مستەفا کەمال لەسەر شانۆ سیاسییەکە. لە راستییدا ئەوان راگەیاندنی کۆماریان بە لێدانی زەنگی مەرگی خەلیفە دەزانی. لە نۆڤەمبەردا،"لوتفی فیکری" سەرۆکی رێکخراوێکی ئەستەمبوڵیی، نامەیەکی رەوانەی رۆژنامەکان کردبوو تێیدا داوای پێگەیەکی بەهێزتری بۆ خەلیفە کردبوو، هەروەها لە دیسەمبەردا، دوو کەسایەتیی موسوڵمانی بەرچاوی هندیی"ئەمیر عەلی و ئاغا خان"، نامەیەکی بەو شێوەیەیان بۆ سەرەك وەزیرو بڵاوکراوەکان رەوانەکرد. بەهۆی سەختی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەنکەرەدا، ئەو نامانە پێش ئەوەی بگەنە عیسمەت پاشا، لە رۆژنامەکانی ئەستەمبوڵدا بڵاوکرانەوە، ئەوەی بووەهۆی توڕەبوونی عیسمەت و لایەنگرانی لە ئەنجومەنی نەتەوەییدا. ئەنجومەن بڕیاریدا دادگایەکی سەربەخۆ بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە رەوانەی ئەستەمبوڵ بکات بزانێت داخۆ لوتفی فیکری یاخود رۆژنامەکە خیانەتیان کردووە. سەرنووسەری رۆژنامەکە بێتاوان رگەیەندرا، لەکاتێکدا لوتفی فیکری سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا. هەموو ئەمانە بەڵگەی توندوتیژبوونی ناکۆکییەکان بوون لەنێو پارتی گەل و لەنێوان ئەنکەرەو ئەستەمبوڵدا. لە فێبرایەردا، گفتوگۆی نێوان سەرۆك و نەقیبی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ نەیتوانی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە

دەستبەجێ پاش ئەوەی لە ١ی مارتدا دانیشتنی نوێی ساڵانەی پارلەمان ئەنجامدرا، گورزێکی چاوەڕوانکراو بوو وەشێنرا، خەلافەت هەڵوەشێنرایەوەو هەموو ئەندامانی بنەماڵەی عوسمانیی فەرمانیان پێدرا وڵات جێبهێڵن. پاش گەنگەشەیەکی توندو دژوار، دەستووری کۆماری نوێ لە ئەپرڵدا پەسەندکرا. ئەم دەستوورە شوێنی دەستووری عوسمانیی ساڵی ١٨٧٦گرتەوە، ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٩دا هەموار کرابوو، هەروەها دووبارە لە یەنایەری ١٩٢١دا، کاتێك یەکەمین ئەنجومەن "تەشکیلات ئەساسی قانونو/ یاسای رێکخراوە بنەڕەتییەکان"ی گرتەبەر، ئەوەی دەستووری دیفاکتۆی جوڵانەوەی بەرگریی بوو،

که ڕێگەی پێدا هەموو مەبەستەکان بخاتەگەڕ وەك کۆمارێك لەنێو چوارچێوەیەکی شەرعیی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا.

## پەرتبوونی جوڵانەوەی نەتەوەیی: دامەزراندنی پارتی پێشکەوتنی کۆماریی

لەتەواوی زستانو بەهاری ١٩٢٤دا، باڵی رادیکاڵی پارتی گەل بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمالو عیسمەت بەردەوام بوون لە زێدەکردنی فشار بۆ سەر ئەو گروپە میانڕەوەی لەلایەن حوسەین رەئوفەوە سەرکردایەتیی دەکرا. ئەوەی دژایەتیی ئەو شێوازەی کرد کە سیستمی کۆماریی پێ راگەیەندرا. فشاری بەردەوام لەسەر ئەم گروپە لەنێو پارتەکەدا تادەهات زیاترو زیاتر دەبوو، لەکۆتایی هاویندا ئاشکرابوو کە کەمینە جگە لە پێکهێنانی پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی سەربەخۆ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نیە. پەرتبوونی راستیینە ئەو دەمە روویدا کە گەنگەشە سەبارەت بە چۆنێتیی جێگیرکردنەوەی ئەو موسوڵمانانەی لە یۆنانەوە نێردرابوونەوە، هەروەها بەتایبەت بابەتی موڵكو ماڵی ئەو یۆنانییانەی کە دەبوایە وڵاتیان جێهێڵایە، لەگەرمەیدا بوو، ئەوەی ببووە هۆی ئەوەی گەندەڵییەکی بەربڵاوی تێدا رووبدات. کاتێك پاش گەنگەشەیەکی گەرم، عیسمەت داوای متمانەی کردو بە ئاسانیی بەدەستیهێنا، ٣٢ئەندامی دەوروبەری حوسەین رەئوف پارتەکەیان جێهێشتو لە ١٧ی نۆڤەمبەردا "تەرەقیپەروەر جمهورییەت فیرقەسی/پارتی پێشکەوتنی کۆماریی"یان دامەزراند. ئەو دەنگۆیەی گوایە پارتە نوێیەکە نازناوی "کۆماریی"بە قازانجی خۆی بەکاردێنێت وای لە پارتی گەل کرد کە ناوی خۆیان بۆ "پارتی کۆماریی گەل" (پ.ك.گ) بگۆڕن .

کاتێك پارتە نوێیەکە بەیاننامەو پرۆ گرامی خۆی بڵاوکردەوە، دەرکەوت کە پارتێکە لەسەر شێوازی پارتە لیبراڵەکانی ئەورووپای رۆژئاوا. لەسەر سیاسەتیی سێکیولاریزمو نەتەوەیی وەستابوو، هەروەك باڵی زۆرینەی پارتەکە، بەڵام ئەو دژی ئارەزووی رادیکاڵییو ناوەندگەراییو هەژموونسەپێنیی رژێم وەستابووەوە. لەجیاتی ئەوە، پارتی پێشکەوتنی کۆماریی لایەنگری ناناوەندگەرایی بەڕێوەبردنو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو هەروەها گۆڕانێکی قۆناغ بە قۆناغ لەجیاتی گۆڕانێکی ریشەیی توندو لەناکاو دەکرد. هەروەها سیاسەتێکی ئابووریی زیاتر ئازادانەتری هەبوو، وەرگرتنی قەرزی بیانیی بە پێی پێویست لاپەسەند بوو.

ئاشکرایە لە زۆرێك لە بەشەکانی وڵات، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کۆنەپارێز، لە ئەستەمبوڵو ئەوناوچانەی بەتایبەت کێشەی نیشتەجێکردنەوەیان خراپ بوو(وەك ئەو

ناوچـانەی دەوروبــەری ئــەزمیر)، ئەمانــە ئارەزوویــان لــە پــارتێکی ئۆپۆزســیۆن بــوو. سەرکردایەتیی پارتی کۆماریی گەل دانی بە مەترسیی مەسەلەکەدا ناو بڕیاری دژەکاری دا. دیسپلین لەنێو ئەندامە پارلەمانتارەکانی پارتەکەدا توندکرایەوە(ئەندامان بەوە پابەندکران کە بەشێوەی گروپ لە دانیشتنی داخراودا لایەنگریی لە دەنگی زۆرینە لە ئەنجومەندا بکەن) هەروەها لەگەڵ گروپێکی نوێنەرانی کۆنەپارێزی رۆژهەڵاتدا گەیشتنە رێکەوتن. لە تێکڕای گرنگتر، عیسمەت، کە هەر لە دەمی لۆزانەوە دوژمنایەتیی شەخسیی لەگەڵ رەئوفدا هەبوو، هەروەها وەك زمانحاڵێکی رادیکاڵەکان ناسرابوو، لە ٢١ی نۆڤەمبەر لەلایەن عەلی فەتحی ئۆکیارەوە شوێنی گیرایەوە، ئەوەی کەسێکی تاڕادەیەك زۆر نەرمڕەو بوو. هەموو ئەمانە لەبەردەم جێهێشتنی بەکۆمەڵی ئەندامەکانی (پ.ك.گ) دا رێگربوو.

گرتنەبەری خەتی میانڕەویی تەنیا هەنگاوێکی قازانخوازانەی کاتیی بوو. هەرچەندە ژمارەیەك لە توندڕەوانی دەمارگیر، بەسەرکردایەتیی "رەجەب بەکیر"ی وەزیری ناوخۆ وەك چاودێرێکی متمانەپێکراو(سەگی پاسەوان) تێکەڵ بە کابینە وزارییەکان کران، هەروەها لە سەرەتای ١٩٢٥ەوە ئەوە روون بووەوە کە باڵە رادیکاڵەکە فشارێکی زیاترو زیاتری خستۆتە سەر فەتحی تا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا مامەڵە بکات کە بەشێوەیەکی پلە بەپلە چەند رێکخراوێکی بنچینەیی لە ئەستەمبوڵو رۆژهەڵات بنیاتبنێت. فەتحی بۆ ماوەیەك ئەو فشارەی رەتکردەوە، بەڵام رووداوە دەرەکییەکان دەرفەتیان بۆ باڵی رادیکاڵ رەخساند.

## راپەڕینی شێخ سەعیدو نەتەوایەتیی کوردیی

ئەو رووداوەی کە توندڕەوانو هەروەها سەرۆکیش بەکاریهێنا بۆ کۆتاییپێهێنانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بریتیبوو لە تەقینەوەی ناڕەزایەتیی کوردیی لە راپەڕینێکی چەکداریی لە باکووری دیاربەکر لە فێبرایەی ١٩٢٥دا.

نەتەوایەتیی کوردیی تاڕادەیەك لەنێو ئایدۆلۆژییەکانی هەرێمەکەدا نوێ بوو. بەگشتیی کوردان بەسەر چەندین خێڵو عەشیرەتدا دابەشببونو لەو کاتەوە کە میرنشینە کوردییەکان لەلایەن سوڵتان مەحموودی دووەمەوە سەرکوتکرابوون، کوردان تادەهات کۆمەڵگەکەیان زیاتر پەرتوبڵاو دەبوو. سوڵتان عەبدولحەمید سوودی لەو دابوشبوونەی کوردان وەرگرتو هەمان کات توانا مادییەکانی بەکارهێنان کاتێك هێزی شێوەی قەوزاقی وەك "حەمیدییە"ی لە بەشێك لە خێڵەکان لە ساڵی ١٨٩١دا پێکهێنا. تورکە لاوەکان هێزەکانی حەمیدییەیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام کێشەی ئارامییو پاساپارێزیی هەرزوو ناچاری کردن لەسەر شێوەی

میلیشیایی دروستیان بکەنەوە. تیپە میلیشیاییەکانی ئەم هێزە لە بالکان و هەروەها لە جەنگی یەکەمی جیهانیشدا جەنگان.

پاش شۆڕشی دەستووریی لە ساڵی ۱۹۰۸دا، ئەندامانی دەستەبژێری کوردیی لە پایتەخت "کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەت/کۆمەڵەی هاوکاریی و پێشکەوتنی کورد"یان پێکهێنا کە تێیدا سەعید نورسی ریفۆرمیستی ئاینیی ئەندام بوو. هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە ئامانجی سیاسیی نەبوو، هەروەها لە جەماوەری دانیشتووانەکەی لە باشووری رۆژهەلات دوورەپەرێز بوو. لە ۱۹۱۲دا، ژمارەیەك لە خوێندکارانی کورد لە ئەستەمبوڵ "هێڤی"یان دامەزراند کە کۆمەڵەیەك بوو زیاتر خاوەنی خواستێکی نەتەوەییانە بوو.

لەماوەی جەنگدا، هەڵکەندنی دانیشتووانی ئەرمەنیی لە ئەنەدۆڵی رۆژهەلاتدا، کوردانی لەو هەرێمەدا بالادەست هێشتەوە. ئەوەو هەروەها هەرەسهێنانی بەرەی روسیی ئەوەی بەدەستەوەدا کە دوژمنە هاوبەشەکانی کورد و تورك لە مەیدانەکەدا نەما و هەردوو کۆمەڵگەکە بۆ رکابەریی و رووبەڕووبوونەوەی یەکدی بەجێمان. لە ساڵی ۱۹۱۸دا، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە ئەستەمبوڵ دامەزرا کە لقێکی لە کوردستاندا هەبوو، چ لەنێو زۆرینەی کرمانجی زماناندا. هەروەها لەنێو ئەو خەڵکانەی بە زازایی دەدوان لە باکووری رۆژئاوای دیاربەکرو هەروەها لەنێو هەریەك لە سونەکان و عەلەوییەکان.

لەماوەی جەنگی سەربەخۆییدا، راپەڕینێکی چەکدارانەی کوردیی سەرەکیی لە ناوچەی دەرسیم(ئێستا تونجلی) کە لەلایەن ڕێبەرانی خێڵەکییەوەو بە ئامانجی ئۆتۆنۆمیی دژی نەتەوەییەکانی تورك سەریانهەڵدا. بەلام بە ئاسانیی سەرکوتکرا. دیارە بەشێکی مەزنی کوردانیش پشتگیریی جولانەوەی بەرگرییکارییان کرد، وێڕای ئەو هەولانەی پیاوەکانی بەریتانیا دەیاندا بۆئەوەی دزەبکەنە ناویانەوە. هەروەها وێڕای ئەو راستییەی کە بەپێی ڕێکەوتننامەی سیڤەر ئۆتۆنۆمییان پێبەخشرابوو. دیارە نوێنەرانی کورد چ لە ئەرزرۆم و چ لە سیۆاس و تەنانەت لەنێو کۆمیتەی نوێنەرایەتیی نەتەوەییەکانیشدا هەبوون.

لەچوارچێوەی سنووری نوێی کۆمارەکەدا(کە لە باشووری رۆژهەلاتدا هەرێمی کوێستانەکان و پاوانی خێڵەکانی دەگرتەخۆ) نزیکەی ۲۰ لەسەدی دانیشتووانەکەی کوردبوون، بەلام ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لە دەمی خەباتی سەربەخۆییدا لەلایەن سەرکردە نەتەوەییەکانی وەك مستەفا کەمالەوە بەڵێنی پێدرا بوو،[٥٣] لەبیرکرا. ئەوەش ناڕەزایەتییەکی

[53] مستەفا کەمال لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەنووسان لە ئزمیت بەڵێنی پێدانی ئۆتۆنۆمییەکی لۆکاڵیی بە کوردان و ئازادیی بەکارهێنانی زمانی کوردیی دا. بروانە:

مـەزنی لـەنێو نەتـەوەخوازانی کـورددا پێکهێنـا. لـە سـاڵی ١٩٢٣دا ئەفـسەرە میلیـشیاکانی پێشوو رێکخراوی"ئازادیی"یـان دامەزراند، کـە لـە سـاڵی ١٩٢٤ەوە یەکـەمین کۆنگرەی خـۆی بەست. یـەك لـەو کەسـایەتییە بەرچـاوانەی لـە کۆنگرەکـەدا جێگـەی سـەرنج بـوو بریتیبـوو لـە شێخ سەعیدی پالو، ئەوەی لەنێو خێڵەکانی زازادا فرە قسەڕۆیشتوو بوو.

ئەوەی شێخ وەك رێبـەرێکی رۆحیـی، دەسـەڵاتێکی سیاسیـی لـە کوردسـتاندا بەڕێوەبـەرێت شـتێکی نائاسـایی نیـە، لـەوێ دوو رێبـازیی ئـایینیی سـۆفیگەرا، قـادریی و بەتایبـەت نەقـشبەندیی، تـەنیا رێکخـراوێکن کـە جیاوازییـە خێڵەکییـەکان تێدەپـەڕێنن. رێبـەری ئـەم تەریقەتـە سۆفیگەراییانە زۆرجار بانگێشت دەکران تاکو کێشەی ناکۆکیی نێوان خێڵەکان چارەسـەربکەن و بڕیـار لەبارەیـەوە بـدەن، ئەمـەش پێگـەو بەهایـەکی پێبەخشیبوون، جگـە لـە پەیوەندیی و هەروەها زۆرجار سامان و موڵك‌وماڵێکی بەرچاو. شێخ سەعیدیش خۆی یـەك لـە شێخە دەسەڵاتدارەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی بوو.

پەیوەنـدیی نێـوان کـورد و حکومەتـە کۆمارییـە تورکییـە باڵادەسـتەکە لـە سـاڵی ١٩٢٤دا تێکچوو. هەڵوەشـاندنەوەی خەلافـەت سیمبوڵێکی ئـایینیی بایەخـداری لـەنێودا هـەڵگرت، ئـەو سیمبوڵەی هەردوو کۆمەڵگەکەی پێکەوە دەبەستەوە، هەمان کات، کۆمارییە نەتەوەییەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ هێنانەکایەی کۆهەستێکی نەتـەوەیی نـوێ، سیاسـەتێکی سـەرکوتکەرانەیان لەئاست ناسنامەی کوردییدا پەرەپێدا. بەکارهێنانی رۆژانـەی زمـانی کـوردیی و نووسـین بـەو زمانـە قەدەغـەکرا، موڵکدارە ناسـراوەکانی کـورد و سـەرەك خێڵـەکان ناچارکران لـە رۆژئـاوای وڵات نیـشتەجێبن. یەکـەمین نیـشانەی بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم سیاسـەتە بریتیبـوو لـەو یاخییبوونـە شکستخواردووەی کـە لـە ئـوتی ١٩٢٤دا لەوپـەڕی باشـووری رۆژهـەڵات لەلایـەن هێزی پارێزەری"بەیتولشەباب"دا روویدا.

راپەڕینە مەزنەکە، ئەوەی کە ئازادیی و شێخ سەعید لە مایۆی ١٩٢٥دا پیلانیان بۆ دانابوو، ئـەو راپەڕینـەی بـە ناکـامیی هەڵگیرسـا، کاتێـك لـە ٨ی فێبرایـەر ڕووداوێکـی تەقـەکردن لەگـەڵ جەندرمـەدا لـە شـارۆکەی بـچووکی پـیران قـەوما. نزیکـەی تـەواوی خێڵـەکانی زازا و دوو عەشیرەتی کرمـانجیی لـەم جوڵانـەوە چەکدارییەدا بەشـداربوون، بـەڵام سـەرلەنوێ ناکۆکیی و پـەرتبوون لـەنێو کوردانـدا خـۆی نوانـد. کـوردە عەلەوییـەکان بەتونـدیی پـەلاماری چـەکدارە سـوننییەکاندا و بـەم کردارەشـیان تایبەتمەندییـەکی دوالیزمیـان بـە راپەڕینەکـە بەخـشی.

---

Mustafa Kemal Eskişehir – İzmit konuşmaları (1923): İlk sansürsüz tam metin, Kaynak, 1993, 104.

لەکاتێکدا بێگومان ئەو خواستەی هانی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکەی دەدا، ئۆتۆنۆمیی یاخود تەنانەت کوردستانێکی سەربەخۆ بوو، بەڵام پێگەی سەکردەکان و کاریان لە سەرچاوەیەکی ئاینییەوە هەڵدەقولا، داوای گێڕانەوەی یاساکانی شەریعەت و خەلافەتیان دەکرد. عەلەوییەکان وەك کۆمەڵگایەکی هەرتەقیی ئاینیی بەگشتیی پشتگیریی ئاراستەی سێکیولاریستی کۆمارەکەیان دژی پارتیزانەکانی خەلافەت و ئسوڵگەرا دروستکارەکان دەکرد. بەو هۆ کارە گونجاوەی کە ناحەزیی لەهەمبەر عەلەوییەکاندا بەقووڵیی لەنێو سوننەکاندا ریشەی داکوتابوو.

هەرچەندە ڕاپەڕیوان لەوکاتەدا دیاربەکریان خستبووە ژێر هەڕەشە، بەڵام تەنیا شارێك کە دەستیان بەسەردا گرتبوو بریتیبوو لە ئەلەزیك و تەنیا بۆ ماوەیەکی کەمیش.حکومەتی ئەنکەرە هەرزوو پاش ئەوەی ڕاپەڕینەکە رووخساری ئاشکرابوو، دژکردەوەیان ئەنجامدا. ئەنجومەن لە ٢٥ی فێبرایەردا لە هەلومەرجەکە ئاگادارکرایەوە، هەمان ڕۆژ، یاسای سەربازیی لە هەرێمەکانی رۆژهەلات بۆ ماوەی یەك مانگ ڕاگەیەندراو یاسای ناپاکیی مەزن هەموار کرا تا مەسەلەی بەکارهێنانی سیاسییانەی ئاین وەك خیانەتێك بناسرێت. لەم سەروبەندەدا، فەتحی سەرەك وەزیر داوای لە سەرکردەکانی پارتی پێشکەوتنی کۆماریی کرد کە خۆیان هەڵوەشێننەوە. ئەوەی کە لەلایەن ئەو سەرکردانەوە رەتکرایەوە. بەڵام کازم قەرەبەکر سەرۆکی پارتەکە بە جەختەوە پشتگیریی سیاسەتی حکومەتی لەرۆژهەڵات کرد، چ لەنێو پارلەمان و چ لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیشدا.

هەمان کات، فشاری هەڵۆکانی پارتی کۆماریی گەل لەسەر فەتحی زیادی کرد، عیسمەت لەو دەمەدا گەڕایەوە ئەنکەرەو ئامادەی دانیشتنەکانی کابینە بوو. لە ٢٥ی مارتدا، فەتحی لەلایەن ئەندامانی پارتەکەیەوە دەنگی متمانەی پێنەدرا، ئەوەش کاتێك کە مستەفا کەمال لایەنگریی توندڕەوانی گرت، ئەوانەی داوای گرتنەبەری هەنگاوی توندتریان دەکرد.[٥٤] فەتحی دەستی لەکارکێشایەوەو رۆژی دوایی عیسمەت بووە سەرەك وەزیر، کە یەکەمین کاری بریتیبوو لە ئەنجومەنی یاسای"تەقریر سکون/جێگیرکردنی ئارامیی". ئەوەش حکومەتی بۆ ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بەهێزکرد، چونکە دەسەڵاتی پێدا بەهۆی هەنگاوی کارگێڕییەوە هەر ڕێکخراوێك یان بڵاوکراوەیەك قەدەغە بکات وەك تێکدەرێکی یاساو ئارمیی

[54] Erik-Jan Zürcher (1991) *Political opposition in the early Turkish republic: the Progressive Republican Party 1924–1925*, Leiden: E. J. Brill, 83.

مستەفا کەمال گوتارێکی یەك ساتیی پێشکەشکردو تێیدا لایەنگریی لەکاری توندتر کرد.

لەقەڵەمبدرێت. ئەو یاسایەی کە پارتی پێشکەوتنی کۆماریی دژی وەستاو بە یاسایەکی لاستیکیی لە قەڵەمدا کە لە سەراسەری وڵاتدا جێبەجێدەکرێت نەك تەنیا لە باشووری رۆژهەڵات. لە هەمان کاتدا دادگای سەربەخۆیی هێنرایەوە کایە، یەکێکیان بۆ هەرێمەکانی رۆژهەڵات و ئەوەکەی دیکەش بۆ تەواوی بەشەکانی دیکەی وڵات.

ئەمێستا راپەڕیوانی کورد بەخێرایی بەرەو چیا پاشەکە دەکەن. گرتنی شێخ سەعید لە ٢٧ی ئەپرڵدا کۆتایی راپەڕینەکە بوو. هەرچەندە تاقمێکی بچووك بە درێژایی هاوین لە شەڕی پارتیزانییدا بەردەوام بوون. لە ساڵی ١٩٢٦دا راپەڕینێکی چەکدارانەی نوێی کوردیی لە قەدپاڵەکانی چیای ئارارات هەڵگیرسا کە بۆ ماوەی چوارساڵ بەردەوام بوو، ئەو راپەڕینەی دەتوانرێت بە ئاکامی راستەوخۆی راپەڕینەکەی شێخ سەعید لەقەڵەم بدرێت. بەڵام بڵاوبوونەوەیەکی وای بەخۆوە نەبینی. پاش کۆتاییهاتنی راپەڕینەکە، حکومەت لە رێگەی دەسەڵاتی سەربازیی و دادگای سەربەخۆوە زۆر بەسەختی دژی کوردان رەفتاری دەکرد. زۆربەی سەرکردەکانیان لەسێدارەدران و ژمارەیەکی مەزنی کوردانیش، زیاتر لە ٢٠,٠٠٠ لە باشووری رۆژهەڵات هەڵکەندران و بەزۆر لە رۆژئاوای وڵات جێگیرکران.[٥٥] لێرەبەدوا، بوونی ناسنامەیەکی جیای کوردان بە فەرمیی نکوڵیی لێکرا.

یاسای جێگیرکردنی ئارامیی تەنیا بۆ سەرکوتکردنی کوردان نەبوو، هەشت لە گرنگترین رۆژنامەو بڵاوکراوە وەرزییەکان(کۆنەپارێز، لیبراڵو تەنانەت مارکسیست) لە ئەستەمبوڵ داخران، هەروەها ژمارەیەك لەبڵاوکراوە هەرێمییەکان، بۆئەوەی ئۆرگانەکانی حکومەتی وەك "حاکمیت میللی/سەروەریی نەتەوەیی" لە ئەنکەرەو "جەمهوریەت/کۆماریی" لە ئەستەمبوڵ تەنیا بڵاوکراوەی نەتەوەیی بوون هێڵرانەوە. هەموو رۆژنامەنووسەکانی ئەستەمبوڵ گیرانو هێنرانە رۆژهەڵات تا رووبەڕووی دادگاکانی سەربەخۆیی ببنەوە، هەرچەندە دواجار ئەوانە بەردران، بەڵام رێگەیان نەدرا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. پاش ئەوەی بڵاوکراوەکان لەسەر رێ لابران، بە ئامۆژکاریی دادگای سەربەخۆیی، حکومەت لە ٣ی ژوندا هەستا بە داخستنی پارتی پێشکەوتنی کۆماریی، بەگوێرەی دادگاکە، ئەندامانی پارتەکە پشتگیریی راپەڕینەکەیان کردووەو هەوڵیانداوە ئاین بۆ مەبەستی سیاسیی بکاربێنن.

---

[55] Robert Olson (1989) The emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh Sait rebellion, 1880–1925, Austin: University of Texas, 125.

## چاکسازیی و جێبەجێکردن

بەدڵنیابوون لە دەستبەسەرداگرتنی شانۆی سیاسیی،مستەفا کەمال و حکومەتەکەی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چاکسازیی کەوتنەکار. لێرەدا لێکچوونێکی سەرنجڕاکێش هەیە لەگەڵ قۆناغی دەستووریی دووەم، کاتێك ئەو جوڵانەوەی کە بۆ گێڕانەوەی دەستوور دەستیپێکردبوو (لە ١٩٠٨دا) دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەو دەسەڵاتەی بۆ ماوەیەکی دیارییکراو بەشێوەیەکی فرەلایەنی و لە فەزایەکی تاڕادەیەك ئاوەڵادا (تا ساڵی ١٩١٣)دابەشکرد، بەڵام دواجار دەسەڵاتی بۆ خۆی قۆرغکردو بە ئاراستەی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سێکیولاریزم و مۆدێرنیزە(١٩١٣-١٩١٨) ملی نا.

ئەمێستا بەسەرکەوتنی جوڵانەوەی سەروەریی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٢دا، هەمان نموونوخۆی دووبارە کردەوە،(کە تا ساڵی ١٩٢٥) بە قۆناغێکی فرە مینبەریدا تێپەڕی و ئنجا ڕژێمێکی دەسەڵاتسەپێنی هەژموونگەر دامەزرا کە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چاکسازیی کەوتەکار. هەروەها هەردوو قۆناغە دەسەڵاتسەپێنییەکەی نەتەوەییەکان چ لەسەردەمی یەکێتییخوازەکان و چ لەسەردەمی کەمالیستەکاندا، سەرکوتکردنی دڕندانەی کەمینەکانی بەخۆوەدی. لە قۆناغی یەکەمدا ئەرمەنییەکان و لەقۆناغی دووەمیشدا کوردەکان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە هەردوو قۆناغەکەدا جوڵانەوەی تورکە لاوەکان کاتێك لەنێوان دووڕیانی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیی کە بە هەنگاوی هێواش چاکسازیی ئەنجامبدات و هەروەها سیستمێکی دەسەڵاتسەپێن کە دەرفەتێکی فرە لەبەردەم هەنگاوی توندو ڕادیکاڵانەدا دابنێت، ئەوەکەی دووەمیان هەڵبژارد چونکە ئەوەی لەدواجاردا تورکە لاوەکان دەیانخواست بریتیبوو لە ژیاندنەوەو بەهێزکردنەوەی دەوڵەت، دیموکراتیی (چ دەستوورخوازیی یان سەروەریی نەتەوەیی)ئامرازێك بوون بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە ئەو ئامانجە، نەك دیموکراتیی بۆخۆی ئامانجێك بێت.

ئامانجی چاکسازیی کەمالییەکان، هەروەك ئەوانەی ساڵی ١٩١٣-١٩١٨ بریتیبوو لە سێکیولاریزەکردن و مۆدێرنیتەی کۆمەڵگە. لە سێپتەمبەری ١٩٢٥دا، تەکیێو مەزارگە ئاینییەکان داخران، هەروەها لە نۆڤەمبەردا، مێزەرو فێس، ئەو کڵاوە سورەی کە هەر لە سەردەمی مەحموودی دووەمەوە پیاوماقوڵانی عوسمانیی بەشێوەیەکی باو لەسەریان دەکرد، هەموو ئەمانە ڕێگەیان لێگیراو کڵاوی مۆدێلی ئەوروپیی شوێنیانی گرتەوە. ئەم هە نگاوانە لەلایەن دانیشتووانە تووشی ناڕەزایەتیی توند بووەوە. تەکیێ و مەزارگەکان لە ژیانی ڕۆژانەی موسوڵمانماندا بایەخێکی زۆریان هەبوو، هەروەها کڵاوە نوێیەکە وەك سیمبوڵێکی

ئەوروپایی کریستیانیی لێی دەڕوانرا. دادگای سەربەخۆیی ڕۆڵی خۆی لەسەرکوتکردنی ئەم نارەزایەتییانـەدا بـینی. بـە پێـی یاسـای چەسـپاندنی ئـارامیی زیـاتر لـە ٧٥٠٠٠ کـەس دەستبەسەرکران و هەروەها ٦٦٠ کەسیش لەسێدارەدران.[٥٦]

لـەنیوەی یەکـەمی سـاڵی ١٩٢٦دا، ڕۆژمێـری ئـەوروپیی، هــەروەها یاسـای مـەدەنیی سویسریی و یاسای سزادانی ئیتاڵیای مۆسۆلینی گیرایەبەر. ژمارەیـەك یاسا هـەموار کراو بەشـە بانکییـەکان تێپەڕێنـدرا، جگـە لـە سـوپا، هـەموو نازناوەکـانی وەك "بـەگ، ئەفەنـدی و پاشا" لەنێودا هەڵگیران.

پێکـەوە لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی سـەڵتەنەت و خەلافـەت و ڕاگەیانـدنی کۆمـاردا، ئـەم هەنگاوانە یەکەمین شەپۆلی چاکسازیی کەمالیستەکان بوو. ئەوەش بە ڕوونـی دەریـدەخات کـە ئـەو چاکسازییانە درێـژکراوەی تەنزیماتـەکان و چاکسازیی یـەکێتییخوازەکان بـوون، کـە زۆربـەی سیستمی فەرهـەنگیی و یاسایی سێکیولاریزە کرد. لەگـەڵ هەڵپەساردنی خەلیفـەو پێدانی ڕۆڵێکـی تەشـریفاتی پێـی، هـەروەها بـەلابردنی شەیخولئیـسلام لـە کابینـە، دەوڵـەت تاڕادەیەکی زۆر سێکیولاریزەکرا. ئیسلام ئاینی دەوڵـەت بوو لـە ئیمپراتۆرییەکـەدا، بـەڵام لـە قۆناغی بەرایی کۆمارەکەشدا هەروابوو.

هـەنگاوی نوێـی سـەرەکی کەمالیـستەکان بریتیبـوو لـە سێکیولاریزەکردنی تـەواوی یاسـای خێزان. کە بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسـەرگیریی ئاینیی و فرەژنیـی دەسـتی لـە ژیـانی ڕۆژانـەی دانیـشتووان وەردا. ئـەوان لـە ڕووی سـێکیولاریزەکردنی کۆمەڵگـەوە هـەنگاوی زیاتریـان نـا (بڕوانـە پاشـتر). ئـەو چاکـسازییەی ڕووخـسارو بـەرگی گـشتیی گرتبـووەوە (بـۆ نموونـە ریفـۆرمی کـڵاو) ڕۆڵێکـی بایەخـداری گرنگـی بـینی(لەسـایەی پـشتگیریی ریفۆرمخـوازان و هـەروەها لەهەمبـەر دوژمنەکانیـدا) لەگـەڵ ئـەو نەریتـەدا گونجـاوبوو کـە بۆ یەکبـەرگیی شـێوە ئەوروپییەکـە دەگەڕایـەوە، کـە فێس و سەراشـەکەی کارمەنـدانی سـەردەمی مـەحموودی دووەم بوو. ئەو نەریتەی ژیان کە لەڕۆژانی نهادا هەیە بریتییە لـەو گەنگەشـە نوێیـەمان سـەبارەت بـە پەچەو لەچکی کچە خوێنکارانی ئەمڕۆ پێشاندەدات.

کەمالیـستەکان، هـەروەك یـەکێتییخوازە چاکـسازەکانی پـێش خۆیـان، لاوازانـە لـە ئاسـت دەسـتپێکردنی شۆڕشـێکی کۆمەڵایـەتیی، ئـابووریی ڕاسـتیینە یـاخود بەرنامەیـەکی

---

[56] Mete Tunçay (1989) T.C.’de tek parti yönetiminin kurulması (1923–1931),Istanbul: Cem, 169.

ئەم ژمارەیە ئەو هەڵاتووە تیرەبارانکراوانەی نەگرتۆتەخۆ کە ژمارەیەکی (فرە بەرزبوو).

ریفۆرمخوازییدا دۆش دامابوون. هیچ هەوڵێك بۆ گۆڕینی پەیوەندییەكانی موڵكایەتیی لە وڵاتدا لەئارادا نەبوو.

### رۆژی لێپرسینەوە: پیلانگێڕیی ئەزمیر

ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی و بڵاوكراوەكانی لە ساڵی ١٩٢٥دا بێدەنگ كران، بەڵام مستەفا كەمال زۆر چاك سەبارەت بە توانای نەیارەكانی و شارەزاییان لە رێكخستنی ژێرزەمینییدا (بە گەڕانەوە بۆ رۆژانی پێش شۆڕشی ١٩٠٨) ئاگادار بوو، هەربۆیە هێشتا هەستی بە نائارامیی دەكرد. هەروەها تاكو سەركردەكانی پێشووی (ك.ی.پ)و پارتی پێشكەوتنی كۆماریی لە مەیداندا مابن و ئەو پێگەو ناوبانگەیان وەك پاڵەوانی جەنگی سەربەخۆیی پاراستبێت، دەتوانن ئەو نارەزایەتییە بەربڵاوەی لە ئاكامی هەلومەرجی خراپی ئابوورییدا هاتۆتەكایەوە، هەروەها ئەو ناحەزییە جەماوەرییەی بۆ چاكسازییەكان هەبوون، بقۆزنەوە.

مستەفا كەمال مانگەكانی مایۆو ژونی ١٩٢٥ی لە گەشتێكی پشكنەرانەدا لە باشوورو رۆژئاوای وڵاتدا بەسەربرد. كاتێك لە ١٥ی ژوندا خەریك بوو دەگەیشتە ئەزمیر (بەشێوەیەكی چاوەڕواننەكراو دواكەوت) پیلانێك بۆ غافڵكوژكردنی ئاشكرا كرا. پیلانگێڕان قۆڵبەستكران و دەركەوت كە تاقمێك چەكداری شارەزا بوون لەلایەن"زیا خورشید"ی نوێنەری پێشووی ئەنجومەنی نەتەوەیی(هەروەها سكرتێری كۆمەڵەی بەرگریی لە مافەكان)ەوە سەركردایەتیی دەكران. دادگای سەربەخۆیی ئەنكەرە رەوانەی ئەزمیر كرا، راستەوخۆ پاش ئەوەی كە لە ٨ی ژوندا گەیشتە ئەو شارە، شەپۆلی دەستگیركردنەكان دەستپێكرد.

بەگشتیی هەموو یەكێتییخوازە ناسراوەكانی مابوون دەستگیركران. لەگەڵ ئەندامانی پێشووی پارتی پێشكەوتن لە ئەنجومەندا، جگە لە حوسەین رەئوف و عەدنان ئەدیڤار كە لەو كاتەدا لەدەرەوە بوون. لەماوەی دادگاییدا لە ٢٦ی ژون بۆ ١٢ی ژوئیە بەردەوام بوو، گیراوەكان بە تۆمەتی هاوكاری غافڵكوژەكان و پیلانگێڕیی بۆ ئەنجامدانی كودەتایەك تاوانباركران. لەوانە ١٦یان بەمردن سزادران، وێڕای ئەو راستییەی كە تێوەگلانی زۆربەیان لەو تاوانە نەسەلمێنرا.ئەو پاڵەوانە سەربازییانەی لە رێكخستنەكانی پارتی پێشكەوتندا بوون وەك: كازم قەرەبەكر، عەلی فوئاد جێبیسۆی، رەفعەت بالی و هەروەها جافەر تەیار ئیغیلمز، ئەمانە لەژێر فشاری رای گشتیی و واژۆی نارازییانی نێو سوپا بەردران.

هەرچەندە، روون بووەوە کە ئەوانە پێگەی سیاسیی خۆیان بەشێوەیەکی قەرەبوونەکراوە لەدەستدا.

لە ئەنکەرەش دووەمین دادگا دژی زیاتر ٥٠ لە یەکێتییخوازە ناودارەکانی پێشوو کەوتەکار. ئەم دادگایە زیاتر لەوەی یەکەم نمایش بوو، دەرکەوت کە سیاسەتی ڕێبەرانی (ك.ی.پ) کاتێك لە دەسەڵاتدا بوونو هەروەها ناحەزییان بۆ مستەفا کەمال زیاتر مەسەلەی راستیینە بوو وەك لە پیلانگێڕییەکەی ژوونی ١٩٢٦ کە مەسەلەیەکی لاوەکیی بوو. چوار لە تۆمەتبارەکان لە سێدارەدرا، لەکاتێکدا ژمارەیەك لەوانەی دی لە کونجی زینداندا ئاخنران. حوسەین رەئوف کە بە فەرمیی وەك تاوانباری پلەیەك ناسێنرا، بێئەوەی لە دادگا ئامادەبێت سزای دەساڵ زیندانیی بۆ بڕایەوە. قەرە کەمال کە لەلایەن دادگاوە بە عەقڵی جێبەجێکەری راستیینەی هەوڵە غافڵکوژییەکە تاوانبارکرا، لەدانیشتنی یەکەمی دادگادا بێئەوەی ئامادەبێت بەمردن سزادرا. کاتێك شوێنە شاراوەکەی لە ئەستەمبوڵ ئاشکراکرا، بە دەستی خۆی خۆی کوشت.

## کۆتایی قۆناغێك: گوتارەکە

قۆناغی دژواری پاش جەنگ بەشێوەیەکی رەمزیی پاش گوتارە ٣٦ سەعاتییەکەی مستەفا کەمال لەبەردەم کۆنگرەی پارتی کۆماریی گەلدا لە ١٥-٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٧دا کۆتاییهات. ئەم گوتارە بەراستیی نێوەرۆکێکی بەرچاوو کاریگەری هەبوو، هەربۆیە جێی بایەخە.

ئەو گوتارەکەی خۆی وەك راپۆرتێك لەمەڕ مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی تورك لەماوەی ١٩١٩-١٩٢٧دا پێشکەشکردو هەروەها بە گشتیی ئەو تایبەتمەندییە مێژوویییەی مستەفا کەمال بۆ دەقی راپۆرتەکە ئیدیعای دەکرد جێگەی پەسەندکردن بوو، هەرچەندە ئەوانەی پاشتر لە تورکیا گەنگەشەیان لەبارەی ئەم گوتارەوە دەکرد، داخۆ دەبێت ئەم گوتارە وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی لەقەڵەم بدرێت یاخود وەك بەشێك لە هەوڵی نووسینەوەی مێژوو. پێگەو کەسایەتیی نووسەرو فەزای سیاسیی سەردەمەکە وادەکات کە تێکستەکە بۆ ئەمڕۆ ببێتە بناغەیەك بۆ نزیکەی تێکڕای کاری نووسینەوەی مێژووی تورکیی لەو قۆناغەدا . هەروەها ئەو گوتارە لە ساڵانی ١٩٢٨-١٩٢٩دا بۆ زمانی ئەڵمانیی، فەرەنسیی، ئینگلیزیی وەرگێڕراو بەچاکی کاریگەریی خۆی لە نووسینەوەی مێژووی تورکیا لەسەرچاوە بیانییەکانیشدا هەبوو.

لەراستییدا گوتارەکە کە بەو سادەییە"نوتق" دەناسرێت، مێژووی قۆناغی نێوان ١٩١٩-١٩٢٧ نیە، بەڵکو بە دەرکەوتنی پارتی پێشکەوتنی کۆماریی لە نۆڤەمبەری ١٩٢٤دا کۆتاییدێت. تەنیا ١,٥ لە سەدی تێکستەکە بۆ رووداوەکانی ئەو دواییە تەرخانکراوە. هۆکارەکەش ئەوەیە گوتارەکە رووماڵێکی گشتیی بابەتیی مێژووی هاوچەرخی تورکیا نیە. بەڵکو پاساوێکە بۆ پاکسازییەکانی ١٩٢٥-١٩٢٦و مەبەستی سەرەکیی رەخنەگرتنی رێبەرانی پێشووی پارتی پێشکەوتنی کۆمارییە. هەروەك رەخنەگرتن لە رێبەرانی پێشووی (ك.ی.پ) کە بابەتی بیرەوەرییەکانی مستەفا کەمال بوو کە لە مارتی ١٩٢٦دا چاپکرا. ئەو بۆ شکاندنو زڕاندنی کۆنە هاوەڵانی، هەر کاتێكو لەهەر جێگەیەکدا بەشێوەی گوماناوی، بە بێلیاقەتو ناپاك باسیان دەکاتو خۆی وا پێشاندەدات کە هەر لە سەرەتاوە بۆخۆی رێبەرایەتیی جوڵانەوەکەی کردووە. جێگەی بایەخە کە گوتارەکە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە مستەفا کەمال گەیشتووەتە ئەنەدۆڵ ،واتە لە مایۆی ١٩١٩ەوە، بێئەوەی بایەخێك بە قۆناغی بەرایی جوڵانەوەی نەتەوەییە بەرگرییکارەکان بدات. ئەوەش شێواندنی راستییە مێژووییەکان دەگەیەنێت. ئەو وا خەباتی سەربەخۆیی دەخستەبەرچاو کە جوڵانەوەیەك نەبووە بۆ پاراستنی بەشەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەڵکو جوڵانەوەیەك بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی تورکیی.

هەروەها ئەو چوارچێوەیەش کە گوتارەکەی تێدا هاتووە راژەی بە شێواندنی وێنە مێژووییەکە کردووە. پارتی کۆماریی گەل لە کۆنگرەی ١٩٢٧دا خۆی راگەیاند-بە گشتیی هەروا ناوبراوە-هەرچەندە کۆنگرەی دووەمی پارتی کۆماریی گەل لەراستییدا یەکەمینی بوو. پارتەکە ئەمەی بە دووەمین کۆنگرە راگەیاند چونکە ویستبووی کۆنگرەی سێواس لە ١٩١٩دا وەك یەکەمین کۆنگرەی خۆی دابنێت. ئەوەش چەسپاندنی ئەو"ساختەکارییە" بوو کە پارتی کۆماریی گەل لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریی نەتەوەیی بکاتە دوو رووی دراوێكو سەرەوەرییەکەی بۆ خۆی پاوانبکاتو بەمیرات بەباڵای خۆیدا بیبڕێت. لەکاتێکدا ژیانی سیاسیی لە تورکیا لەماوەی نێوان ١٩٢٣-١٩٢٦ بە توندیی گیرەوەی خواستێکی دەسەڵاتسەپێنیی کرد کە ماوەی ٢٠ساڵی داهاتووی خایاند. کۆنگرەی ١٩٢٧و گوتارەکەی مستەفا کەمال تێڕوانینێکی مێژوویی سەبارەت بە سەرەتای دەوڵەتی نویی تورکیا بۆ نەوەکانی داهاتوو داتاشی.

# باسی یازدەیەم

## دەوڵەتی تاکە پارتیی کەمالیستەکان ١٩٢٥-١٩٤٥

### رژێمی سیاسیی تورکیای کەمالیستیی : حیزبو دەوڵەت

حکومەتی تورکیا هەر لە راگەیاندنی یاسای چەسپاندنی ئارامییەوە لە مارتی ١٩٢٥دا ببووە رژێمێکی دەسەڵاتسەپێنی تاکە پارتییو بێئەوەی رابگەیەنرێت، ببووە حکومەتێکی دیکتاتۆریی. بینیمان چۆن ئەو ئەو یاسایەو دادگاکانی سەربەخۆیی دامەزرێنرانو بەهۆیانەوە لە ماوەی ١٩٢٥-١٩٢٦دا تێکرای ئۆپۆزسیۆنیان پێ بێدەنگکرا، هەروەها بینیمان مستەفا کەمال پاشا لە گوتارە دوورودرێژەکەیدا پاساوی بۆ ئەو سەرکوتکارییە هێنابووەوە. یاسای چەسپاندنی ئارامیی تا ساڵی ١٩٢٩ کاری پێدەکرا، کاتێك حکومەت هەستی بە هێندە ئارامیی تەواو کرد بۆئەوەی ئەو یاسایە هەڵپەسێرێت. بە هەموو مەبەستو ئامانجێك، پارتی کۆماریی گەل دەسەڵاتێکی پاوانخوازی دامەزراندو لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٣١ی پارتدا، سیستمی سیاسیی تورکیا بەشێوەیەکی فەرمیی وەك سیستمێکی تاکە پارتیی راگەیەندرا.[57]

جگە لەو ئەزموونەی کە لە ساڵی ١٩٣٠دا لەگەڵ پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی "رامکراو"دا هەبوو، تاکو پاش جەنگی دووەمی جیهانیش هیچ ئۆپۆزسیۆنێکی یاسایی لە تورکیادا چالاك نەبوو. ئۆپۆزسیۆنی ژێرزەمینی تەنیا لە جوڵانەوەیەکی بێبایەخی کۆمۆنیستیی، لەگەڵ چالاکیی بایەخدارتری کوردە نەتەوەییەکاندا سنووردار بوو. هەروەها بە گشتیی چەند راپەرینێکی بچووکی بەردەوام لە چیاکانی باشووری رۆژهەڵاتو دانەیەکی سەرەکیش لە دەرسیم(تونجلی) لە ماوەی ١٩٣٧-١٩٣٨ روویاندا. هەموو ئەمانەش جارێکیتر زۆر بە توندیی سەرکوتکرانەوەو دەیان هەزار کورد ناچارکران لە رۆژئاوای وڵات نیشتەجێبن. چەند گروپێکی بچووکی لە رەوتە سیاسییە جیاوازەکان (سەڵتەنەتخوازەکان، لیبراڵەکان،

---

[57] Mete Tunçay (1981) Türkiye Cumhuriyetinde tek parti yönetiminin kurulması (1923–1931), Ankara: Yurt, 308

تونجای وا دەبینێت کە کۆنگرەی ساڵی ١٩٣١ خاڵێکی وەرچەرخان بوو چونکە مۆدێلە تۆتالیتێرەکە نها شوێنی گیرایەوەبە هەوڵێکی بەرایی بۆ کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی رامکراودا. هەروەها کۆنگرەی ساڵی ١٩٣١ یەکەمجار بوو کە تێیدا کەم یا زۆر چوارچێوەی ئایدۆلۆژییەکی هەمەگیریی تێدا هاتەئارا،(شەش بنەماکەی کەمالیزم) هەروەك لە ساڵی ١٩٢٧دا، پارتەکە یەکێتیی کردە بنەما زیاتر لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

ئیسلامییەکان و سۆشیالیستەکان) لە ڕێگەی نامیلکەو بڵاوکراوە وەرزییەکانەوە لە شوێنە دوورەکانی وەك پاریس، سۆفیا، دیمەشق و قاهیرەوە لە هێرشکردنە سەر ڕژێم بەردەوامبوون بەڵام هیچیان سەنگێکی بەهێزیان لەو مەیدانەدا نەبوو.[٥٨]

بەگوێرەی دەستووری ساڵی ١٩٢٤، هەموو دەسەڵاتەکان لەنێو ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیادا خۆی دەبینییەوەکە تەنیا نوێنەری شەرعیی و ویستی سەربەخۆیی نەتەوە بوو. بەڵام کاردانەوەیەکی سەرکردایەتیی(پ.ك.گ) سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە ساڵی ١٩٢٤دا بریتیبوو لە توندکردنی دیسپلینی پارتەکە تا ئەو ڕادەیەی کە گفتوگۆی ئازاد تەنیا لەنێو دانیشتنە داخراوەکانی ئەندام پارلەمانەکانی پارتەکەدا ڕێگەی پێدەدرێت، پاش ئەوەی لەو دانیشتنانەدا بڕیار لە بابەتێك دەدرێت، دەبێت نوێنەران پابەندی بڕیاری زۆرینە بن و لە پارلەماندا دەنگ بۆ ئەوبڕیارە بدەن کە لە دانیشتنە پارتییەکەدا بڕیاری لەسەردراوە. ئەوەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە تەنانەت پێش ساڵی ١٩٢٥یش دەنگدانی ئەنجومەن هەر لە پێشدا یەکلا دەکرایەوە. ئەنجومەن لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیی تاکە پارتییدا تەنیا بەشێوەیەکی رووخساری گفتوگۆی سەبارەت بە بابەتەکان تێدا دەکراو تەنانەت لەنێو دانیشتنەکانی ئەندام پارلەمانەکانی پارتەکەشدا، کە وەك یانەیەك دەهاتە پێش چاو کە کابینەی تێدا ڕادەگەیەندرا بڕیارەکانی لێکدەدرایەوە. تەنانەت ئەو دەرفەتەی کە دەدرایە ئەندامەکانیش بە پێی ئەو بوارە سیاسییەی بایەخی پێدەدات جیاواز بوو(بابەتە ئابوورییەکان زێدەتر لە بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئازادانەتر گەنگەشەی لەبارەوە دەکرا، بۆ نموونە، بە تەواوەتیی بۆ کابینەکە جێدەهێڵرا). ئەرکی دانیشتنەکانی بریتیبوو لە بەڕێکردن و شەرعییەتپێدانی بڕیارەکانی کابینە بوو.

لە کاتێکدا (پ.ك.گ) ڕێکخراو و بارەگاکانی لە تەواوی وڵاتدا هەبوو، کە سکرتێری گشتیی ڕێبەرایەتیی دەکرد، ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی، سەرەك وەزیر(کە هەروەها سەرۆکێکی جێبەجێکەری پارتەکە بوو) هەروەها سەرۆك(کە هەم سەرۆکی پارتەکە بوو، هەم سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنیش) سەرپەرشتی دەکرد. پارت و دەوڵەت دوو ڕووی دراوێك بوون. یەك لە ئاکامە گرنگەکان ئەوە بوو کە پارتەکە خۆشی کەسایەتیی ئایدۆلۆژیی یا ڕێکخراوەیی سەربەخۆی خۆی گەشە پێنەدا، بەڵکو بە سەختی بیرۆکراتیزە کرا. هەوڵێك لەلایەن ڕەجەب بەکیرەوە کە ماوەیەکی زۆر وەك سکرتێری گشتیی ڕاژەی دەکرد و لەپێناو

---

[58] پوختەی گرنگترینی ئەو دەستەو کەسایەتییانە دەتوانرێت ببینرێتەوە لە :
Hakkı Uyar (1998) Tek parti dönemi ve Cumhuriyet Halk Partisi, Istanbul: Boyut, 99 ff.

زیاتر سەربەخۆیی کردنی پارتەکەداو گەشەپێدانی ئایدۆلۆژیی کەمالیستیی شکستیخوارد، کاتێك عیسمەت ئینۆنو لە کۆنگرەی ١٩٣٦دا رایگەیاند کە هاوجووتکردنی ئامرازەکانی دەوڵەتو رێکخراوەکانی پارتیی سیاسەتێکی فەرمییە. ئەوەش ئەوەی دەگەیاند، گەر نموونەیەکی لەبار لەوبارەیەوە بهێنرێتەوە، کە والی هەرێمێك بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی دەبێت سەرۆکی لقی (پ.ك.گ) ئەو هەرێمە بێت.

لە تەواوی ماوەی فەرمانڕەوایەتیی تاکە پارتییدا، چوارساڵ جارێك هەڵبژاردن ئەنجامدەدرا. بەڵام ئەو هەڵبژاردنانە تەنیا وەك ئەرکێکی نمایشیی راژەی دەکرد. بەرنامەی کاندیدەکان بۆ پارلەمان لەلایەن سەرۆکی پارتەوە، سەرۆکی جێبەجێکەرو هەروەها سکرتێری گشتییەوە ئامادە دەکراو لەلایەن کۆنگرەی پارتەوە پشتگیریی لێدەکرا، هەربۆیە رێگەیەك نەبوو تێیدا هاوڵاتییەك خۆی بۆ ئەنجومەن بپاڵێوێت تەنانەت گەر ئەو هاوڵاتییە ئەندامی پارتەکەش بووایە. تەنانەت وێڕای ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە توندیی کۆنترۆڵکرابوو، ئەو راستییەی کە ژنان مافی دەنگدانیان پێبەخشراو لە ٥ی دیسەمبەری ١٩٣٤دا لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کرد، هەنگاوێکی بایەخدار بوو لە بواری ئازادیی ژنی تورکدا. لەمارتی ١٩٣٥ بەرەوسەر، ١٨ژنە نوێنەری تورك شوێنی خۆیان لە ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی لە ئەنکەرە گرت. لانی کەم تورکیا لەم رووەوە کەوتە دوی پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەوروپا.

## دیموکراتیی کۆێخایی: پارتی کۆماریی ئازاد

ئەو سیستمە تاکە پارتییەی کە لە پاش ساڵی ١٩٢٥ەوە دامەزرا، مەودایەکی کەمی بۆ نمایشکردنی هێزی رکابەر لەنێو سەرکردایەتییدا هێشتەوەو هیچ بوارێکیش بۆ بەرجەستەکردنی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتیی نەهێشتەوە. هەمان کات، ئاکاری دەسەڵاتسەپێنیی (پ.ك.گ) هەروەها نوێنەرایەتییە هەرێمییو ناوچەییەکان، دیاردەکانی خزمخزمێنەو گەندەڵیی، کەمی ئازادییە مەدەنییەکان، هەروەها سیاسەتە چاکسازییەکانی حکومەت، ناڕەزایەتییەکی بەربڵاوی پێکهێنا. لەکۆتایی ١٩٢٠کاندا، قەیرانی ئابووریی جیهانیی ، کە تورکیای زۆر بەتوندیی شێلاو زیاتر لە چاو وڵاتانی دیکەی کشتوکاڵیی زیانی پێگەیاند. کە ئەویش بەشێك لە هەلومەرجەکە بوون. پارتی کۆماریی گەل ئامرازێکی راستیینەی بۆ بەڕێوەبردنی ناڕەزایەتییەکان (زیاتر لە سەرکوتکردنی دەربڕینەکان) نەبوو. لە کاتێکدا بنەما دەسەڵاتسەپێنییەکەی پارتەکە وایکرد پارتەکە ئامرازەکانی

پەیوەندییکردنیان لەگەڵ جەماوەری دانیشتوواندا بەدەستەوە نەمێنێت. قەیرانەکانی وڵات بەشێوەی گەنگەشەیەکی زیندوو لەنێو ئەنجومەندا دەرنەکەت. عیسمەتی سەرۆکی پارت لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٣١ی پارتەکەیدا بەهیچ جۆرێك ئاماژەی بە قەیرانی ئابووری نەکرد.

لەساڵی ١٩٣٠دا، مستەفا کەمال، کە ئاگاداری بوونی ناڕەزایەتییەکان بوو (هەرچەندە دەگونجێت لە چەندینەی نەگەیشتبێت) لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانو هەروەها ئەو سەردانە پشکنەرە بەردەوامانەی لەنێو وڵاتدا ئەنجامی دەدان، بڕیاریدا ڕێگەو تەنانەت هانی دامەزراندنی پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی ملکەچ بدات، ئەویش بە دوو ئامانج: یەکەمیان بۆ پێشگرتن لە ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و دووەمیشیان بۆ گێڕانەوەی چالاکیی ئەو تەمبەڵیی و بێبایەخییەی (پ.ك.گ). هەروەها دەیوست فشار بخاتە سەر عیسمەت کە ماوەی پێنج ساڵ بوو سەرەك وەزیرو لە دەسەڵاتدا بوو، لەو ماوەیەدا دەسەڵاتێکی تایبەت بەخۆی پێکهێنابوو بۆئەوەی پێگەیەکی بۆ خۆی هەبێت و چیدی بەدەست مستەفا کەماڵەوە بوکەشوشەیەك نەبێت.

مستەفا کەمال، فەتحی ئۆکیاری هاوڕێی کۆنی لەخۆی نزیك کردەوەو داوای لێکرد پارتە نوێیەکە دابمەزرێنێت. فەتحی تازە لەو سەفەرەی گەڕایەوە کە ئەرکی باڵیۆزییەکەی لە پاریس پێویستیی کردبوو(ئەوا پاش شکستهێنانی وەك سەرەك وەزیر لە مارتی ١٩٢٥دا نێردرابووە ئەوێ)، هەروەها ڕاپۆرتێکی ڕەخنەیی سەبارەت بە ڕەوشی وڵاتو سیاسەتی عیسمەت پێشکەشی سەرۆك کرد. هەردووکیان بۆ چەند ڕۆژێك وتوویژیان لەمەڕ ئەو پێشنیازە کرد. فەتحی مسۆگەریی ڕێگەپێدانی حکومەتی بۆ کارکردنی پارتەکەی خواستو هەروەها ئەوەی کە مستەفا کەمال پێویستە بێلایەن بمێنێتەوە. مستەفا کەمالیش لەبەرامبەردا داوای کرد کە پارتە نوێیەکە سەبارەت بە بنەماکانی کۆمارییبوونو سێکیولاریزم وەفاداربێت. کاتێك ڕەزامەندیی دەربڕرا، فەتحی دەستیکرد بە دامەزراندنی "سەربەست جەمهورییەت فیرقەسی/پارتی کۆماریی سەربەست). مستەفا کەمال فەرمانی بە ژمارەیەك لە هاوڕێ دێرینەکانیدا وەك نوری جونکار کە بە پارتە نوێیەکەوە پەیوەست بن. مستەفا کەمال بۆ ئەوەی لەوبارەیەوە نیازپاکیی خۆی پیشانبدات، ڕایگەیاند کە "مەقبول"ی خوشکی بووە بە ئەندامی ئەو پارتە.

لەکۆتاییدا تەنیا ١٥ نوێنەری ئەنجومەن پەیوەندییان بە (پ.ك.گ)یەوە کردو تێکڕایان لە ئەندامی دەزگای کەمالیستیی بوون. پارتەکە بەیاننامەیەکی ١١ خاڵی دەرکرد، کە هەمان ئەوەی پارتی پێشکەوتنی کۆماریی ساڵی ١٩٢٤بوو، کە تێیدا لایەنگریی لە سیاسەتێکی

ئابووری ئازادو هاندانی وەبەرهێنانی بیانیی بوو، وێڕای ئازادیی دەربڕینو هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ (تورکیا تا نها سیستمی هەڵبژاردنی دوو قۆناغیی هەیە).

پارتە نوێیەکە بە جۆشو خرۆشێکی زۆرەوە پێشوازیی کرا. ئۆفیسی لقی پارتەکە پڕبوو لەوانەی خوازیاربوون فۆرمی ئەندامەتییان پڕبکەنەوە. فەتحی لە سەرەتای سێپتەمبەردا لەنێو ئاپۆرای جەماوەرێکی خرۆشاودا سەردانی ئەزمیری کرد. چەند پێکدادانێك لەگەڵ پۆلیسدا ڕوویدا، کاتێك پۆلیس تەقەی بەنێو خەڵکەکەدا کرد، ژمارەیەك کەس بریندار بوونو منداڵێکیش کوژرا.ئەوەش خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کورتی پارتەکەدا. ڕێبەرانی (پ.ك.گ) هەستیان بە مەترسیی کردو داوایان کرد مستەفا کەمال بەئاشکرا ڕایبگەیەنێت کە ئەو وەك سەرۆکێکی پارتەکەیان دەمێنێتەوە، ئەوەی مستەفا کەمال لە ١٠ی سێپتەمبەردا ئەنجامیدا.[٥٩]

لە ئۆکتۆبەری ١٩٣٠دا، هەڵبژاردنە هەرێمییەکان ئەنجامدرانو (پ.ك.س) ٣٠ لە ٥٠٢ بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکان بەدەستهێنا.[٦٠] هەرچەندە هێشتا کەمینەیەکی بچووکی کورسییەکان بوو، پارتی دەسەڵاتدار سەرسامو بەئاگاهێنایەوە. ئنجا لە گەنگەشەیەکی ئەنجومەندا کە ڕاستەوخۆ پاش هەڵبژاردن ئەنجامدرا، فەتحی پارتی دەسەڵاتداری بە ئەنجامدانی ساختەکاری نائاسایی تۆمەتبار کرد. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی بە توندیی هێرش بکرێتە سەر (پ.ك.س)و تێیدا سەرکردەکانی بە ناپاکیی مەزن تۆمەتبارکران. مستەفا کەمال بۆ خۆی بە فەتحی ڕاگەیاند کە چیدی ناتوانێت لە فەزایەکی وادا بێلایەن بوەستێت. فەتحی چونکە خوازیار نەبوو ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی دژی سەرۆك بەڕێوەبەرێت، هەربۆیە جگە لە داخستنی (پ.ك.س) لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٣٠دا ڕێگەیەکی دیکەی هەڵنەبژارد. هەتا دوا ساتی ژیانیشی ئەو پشت تێکردنەی مستەفا کەمالی لەوکاتەدا لەلا مەسەلەیەکی تاڵو نەشیاو بوو.[٦١]

مانگێك دواتر، لە ٢٣ی دیسەمبەردا، ڕووداوێك لە شارۆکەی "مێنمێن" قەوما کە زۆر دوور نیە لە ئەزمیرەوە. تاقمێك دەروێشی گەنج کە خەڵکی"مانیسا"بوون، محەمەد ناوێك ڕێبەریی

---

59 Çetin Yetkin (1982) *Serbest Cumhuriyet Fırkası olayı*, Istanbul: Karacan, 208. Mustafa Kemal did this in reply to an open letter addressed to him by Yunus Nadi the editor of the newspaper *Cumhuriyet.*

60 Walter F. Weiker (1973) Political tutelage and democracy in Turkey: the Free Party and its aftermath, Leiden: E. J. Brill, 115.

61 Osman Okyar and Mehmet Seitdanlioğlu (1997) Fethi Okyar'ın anıları: Atatürk, Okyar ve çok partili Türkiye, Istanbul: İş Bankası,

دەکــردن، بــەرەو شــارۆکەکە دەچــوونو ئــاڵای ســەوزیان هــەڵکردبوو، داوای گەڕانــەوەی شــەریعەتو خەلافــەتیان دەکرد. کاتێك ئــەو هەواڵــە گەیــشتە بارەگــای جەندرمــە، دەســتەیەك سەربازیان بە سەرکردەیی ئەفسەرێکی ئێشکچیی ناردبوو کە ناوی"مستەفا فەهمی قوبلای" بوو. کاتێك داوای لێکردبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن، دەروێشەکان پەلاماری ئەفسەرەکەیان دابــوو، ســەریان بڕیبــووو کردبوویــان بەدارێکــەوە. یەکەیــەکی جەندرمــە گەیــشتبووە ئــەو شوێنەو تەقەی بەنێو دەورێشەکاندا کردبووو سیانی لە سەرکردەکانی ئەو تاقمە کوشتبوو کە محەمەد یەك لەوانە بوو. ئەوەی سەبارەت بەم مەسەلەیە زیاتر لە کاری دەروێشەکان کەمالیستەکانی تووشی شۆك کردبوو بریتیبوو لەو راستییەی کە زیاتر لە هەزاران تەماشاچیی ئەو رووداوەیان بینیبوو بێئەوەی یەکێکیان دەنگی ناڕەزایەتیی لێ هەڵبڕن. ئەوەش بۆخۆی وەك پشتگیرییەکی تاکتیکی خەڵکەکە بۆ یاخیبووەکان لێکدەدرایەوە. حکومەت جڵەوی گرتە دەستو یاسای سەربازیی راگەیاندو زیاتر لە ۲۰۰ کەس گیرا(کە لە نێوانیاندا زۆربەیان لایەنگرانی پێشووی "پ.ك.س" بوون) کە ۲۸ کەسیان لەسێدارەدران، بەڵام ئەو یاسایەی کە چاوەڕێ دەکرابۆ رووخاندنی تەواوی مێنمێنو کۆچاندنی خەڵکەکەی بڕیاری لێبدرایە، لەسەرەتادا مستەفا کەمالیش پشتگیریی لێکرد، لە کۆتاییدا هەڵپەسێردرا.[٦٢]

## مەیلی تۆتالیتاریی (پ.ك.گ)

ئاستی ناڕەزایەتیی و نەیاری دژی (پ.ك.گ) کە لەماوەی هەڵسوڕانی پارتی کۆماریی سەربەستدا لە ئاسۆ دەرکەوت، کە بۆ مستەفا کەمالو شوێنکەوتووانی ئەزموونێکی وانەبەخش بوو، ئەوانە هەر پاش ماوەیەکی کەم کەوتنەوە دەستخستنە بینی وڵات لە رێگەی دەستبەسەرداگرتنی راستەوخۆی تێکڕای ژیانی فەرهەنگیی و هزریی وڵاتو سەرکوتکردنی ئەو رێکخراوە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییانەی لەسەردەمی (ك.ی.پ) ەوە درێژەیان بە ژیانیان دابوو. چیدی ئەزموونێك لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا نەمایەوە، هەرچەندە وەك مستەفا کەمال بۆ دژایەتیی ئەو لاوازیی و سستییەی پارلەمان هەوڵیدا ژمارەیەك کورسی بۆ کەسانی سەربەخۆ هەبێت(۳۰ کورسی لە هەڵبژاردنی ۱۹۳۱، ١٦ دانەش لە ساڵی ۱۹۳۵دا). لەو دۆخە گشتییەدا، شتێکی وا زۆر کاریگەر نەبوو. تەنانەت لە ساڵی ۱۹۳۱دا، ئەو ۳۰ کورسییەی کە

62 Murat Belge (ed.) (n.d.) *Cumhuriyet dönemi Türkiye ansiklopedisi*, Istanbul: İletişim, vol. 2, 573

لەلایەن پارتی کۆماریی گەلەوە بۆ کاندیدە سەربەخۆکان جێهێڵرا، نەتوانرا پڕبکرێتەوەو لە ساڵی ١٩٣٥یشدا ژمارەی کاندیدە سەربەخۆکان بۆ ١٣ دابەزی.[٦٣]

یەکەمین دەزگا کە پێش هەموو رێکخراوە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە سەرکوتکرا بریتیبوو لە "تورك ئۆجاغلەر/جوڵانەوەی خانەی تورك" ئەوەی کە لە سایەی "حەمدوڵڵا سوپاهی" وەزیری فەرهەنگەوە چالاکییەکانی دەستپێکردبووو ئامانجی بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوایەتیی،پۆزڤیتیزمو سێکیولاریزم لە وڵاتدا لە رێگەی وانەگوتنەوەو کۆرسی خوێندنو نمایشەوە بڵاوبکاتەوە، کاتێك ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٩٣١دا داخرا، زیاتر لە ٣٠٠٠٠ئەندامو ٢٦٧ لقی هەبوو.[٦٤] لە ساڵی ١٩٣٢ەوە ئەم دەزگایە بە "خانەی گەل" لە شارەکانو بە "هۆبەی گەل" لە گوندە گەورەکاندا شوێنی گیرایەوە. ئەمانە هەمان ئەرکی ئەوەکەی پێشوویان دەبینی بەڵام زۆر بە توندیی لەلایەن لەلایەن لقی هەرێمی (پ.ك.گ)ەوە کۆنترۆڵکرابوو. لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییدا نزیکەی ٥٠٠ لەم خانەی گەلانە لە هەموو بەشەکانی وڵاتدا هەبوو.

رێکخراوێکی دیکە کە داخرا"تورك کادینلەر بیرلغی/یەکێتی ژنانی تورك)بوو کە بۆ چالاککردنی ژنان لە جوڵانەوەی بەرگریی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٢٤ەوە دامەزرابوو. لە کۆنگرەیەکی نائاساییدا کە لە مایۆی ١٩٣٥دا بەسترا، لەسەر داوای سەرکردایەتیی (پ.ك.گ)دا بڕیاردرا کە بە فەرمیی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە ئامانجەکەی کە (مافی یەکسانیی بۆ ژنانی تورك) بوو بە پێدانی مافی دەنگدان بە ژنانی تورك کۆتاییهاتووە."خانەی فەرماسۆنی تورك" کە ئەندامەکانی زۆرجار لە کەسایەتییە ناسراوەکانی جوڵانەوەی تورکە لاوەکان بوون هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ئەم خانەیە هەروە وەك "یەکێتیی رۆژنامە نووسان" لەو ساڵەدا داخران.

لە ساڵی ١٩٢٥دا هەموو ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوە لیبراڵیی یاخود سۆشیالیستییە ئۆپۆزسیۆنانەی هەبوون داخران. لێرەبەدوا، ئەو رۆژنامانەی هەبوون تێکرایان لە بندەستی حکومەتدا بوون، جگە لە "یارن/سبەی" کە لە ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٠دا لەلایەن"عارف ئۆروچ" کە رۆژنامەنووسێکی چەپگەرابوو، گرنگ ئەوەبوو کە ناوبراو هاوڕێی کۆنی مستەفا کەمالو فەتحی بوو. رێگە بە یارن درابوو کە هێرش بکاتە سەر سیاسەتی ئابوورییانەی عیسمەت(هەروەها ئەوەی وەك مژدەبەخشێك بوو بۆ پارتی کۆماریی سەربەست) بەڵام یارن

---

[63] Walter Weiker, op. cit., 160–3.
[64] Füsun Üstel (1997) İmparatorluktan ulus-devlete Türk milliyetçiliği: Türk Ocakları (1912–1931), Istanbul: İletişim, 358–9.

لە ساڵی ١٩٣١دا داخرا، دوای ئەوەی یاسایەکی نوێی رۆژنامەوانیی دەرچووکە رێگە بە حکومەت دەدات هەموو ئەو بڵاوکراوانە دابخات کە هەر شتێك بڵاوبکەنەوە کە لەگەڵ"سیاسەتی گشتیی وڵاتدا" ناکۆکە.

دواجار لە ساڵی ١٩٣٣دا، دەستەیەکی بەڕێوەبەریی نوێ بۆ"دار ئەلفنون/خانەی هونەر"ی کۆنی ئەستەمبوڵ دانراو وەك "زانکۆی ئەستەمبوڵ" دامەزرێنرایەوە. لەوپرۆسەیەدا، ٢لەسەر٣ی مامۆستایانی وانەبێژو زیاتر لە ١٠٠ کارمەند لە شوێنەکانی خۆیان دەرکرانو ئەو کەسانەی گوێ لەمست و کەمالیست بوون مانەوە. ئەوەش یەکەمین حاڵەتی پاکسازیی بوو کە زانکۆکانی تورکیا لەماوەی پەنجا ساڵی داهاتوویاندا ئەنجامدەداو لە ساڵی ١٩٣٣دا دەستپێکرد. هەرچەندە ژیانی ئەکادیمییو زانستیی زانکۆکان بەهێزبوونەوە پاش ئەوەی لێشاوی مامۆستاو زانایانی ئەڵمانیی دوای هاتنەسەر تەختی دەسەڵاتی هێتلەر روویان لە تورکیا کرد. حکومەتی تورکیا ٦٣پرۆفیسۆری ئەڵمانیی بانگێشتکرد کە بێنە تورکیاو وانە بڵێنەوە. ئەوانەی گۆڕمێکیان بە ئاستی فێربوونی ئەکادیمیی داو کاریگەریی بنچینەییان لە سەر چەندین نەوەی خوێندکارانی داهاتوودا هەبوو.[٦٥]

تەواوی دەزگاکانی میدیاو فێرکردن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی کەمالیزم خرانەگەڕ. ئەو فەزا خنکاوە سیاسییو فیکرییەی هاتەدی ، زۆرجار لەمێژووی کلاسیکییدا پشتگوێ دەخرێتو پێویستی بە بایەخو لێوردبوونەوە هەیە. وێڕای ئەوەش، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە سەرکردایەتیی کەمالیست خەڵکانێکی زۆری –زۆربەی مامۆستا، پزیشكو شارەزایانی دیکەو خوێندکاران– بە هزری مۆدێرنەو سێکیولاریزمو تورکیای سەربەخۆ رۆشنکردەوە. ئەم توێژە، پاش ئەوەی خۆیان وەك دەستەبژێرێك هاتەپێش چاو کە پەیامێکیان هەیە بە هاوڵاتیانی نەزانو بێئاگای خۆیانی بگەیەنن، ئەمانە زۆر بە سەختییو جدیی تێدەکۆشانو لەپێناو هزرەکەشیاندا ماندوونەناسانە هەڵدەسوڕان. ئەم پابەندییە جوامێرانەیە کە هەڵوێستی دەستەبژێری کەمالیستەکان بووە، زۆربەی جار لەلایەن نووسەرە هاوچەرخە راستڕەو چەپڕەوەکانەوە پشتگوێ خراوە.

---

[65] بۆ زیاتر سەبارەت بەو چالاکییانە لەنێو تورکیادا لەسەردەمی هێتلەردا بڕوانە:
Sabine Hillebrecht (2000) *Haymatloz: Exil in der Türkei 1933–1945*, Berlin: Verein Aktives Museum.

**پەیامی کەمالیزم**

هەموو ئەو بیرو بڕوایانەی پێکەوە کەمالیزم یاخود ئەتاتورکیزمیان پێکهێنا وەك لە ساڵی ١٩٣٠کاندا پێیاندەگوت، بەشێوەیەکی پلە بەپلە گەشەیکرد. ئەو هزرانە هیچ کات نەبووە یەکەیەکی تەواو روون و ئایدۆلۆژییەکی گشتگیر. بەڵکو دەتوانرێت بەباشیی پێناسە بکرێت بەوەی ژمارەیەك هەڵوێست و بۆچوونە کە بە درێژیی پێناسە ناکرێت. هەروەها بینیمان هەوڵەکانی رەجەب بەکیر بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا شکستیخوارد. لە ئاکامدا کەمالیزم وەك تێڕوانینێکی لاستیکیی مایەوە بەشێوەیەك خەڵکانێکی سەر بەچەندین جیهانی جیاوازەوە دەیانتوانی خۆیان بە کەمالیست بزانن. بنەما سەرەکییەکانی کەمالیزم لە پرۆگرامی پارتەکەدا لە ساڵی ١٩٣١دا نووسراوە. کە بریتیبوون لە : کۆمارییبوون، سێکیولاریزم، نەتەوایەتیی، گەلێریی، دەوڵەتییبوون، شۆڕشگێڕیی (یان چاکسازیی رادیکاڵ).

سێکیولاریزم و نەتەوایەتیی بەشێك بوون لە تایبەتمەندییە دیارو ئاشکراکانی ئایدۆلۆژیی تورکە لاوەکان، لانی کەم لە ساڵی ١٩١٣ەوە. لە ساڵی ١٩٣٠دا هەردووکیان بەتوندیی هێنرانەوە کایە، سێکیولاریزم تەنیا بریتیی نەبوو لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، بەڵکو سڕینەوەی ئاین لە ژیانی گشتییداو دەستبەسەرداگرتنی تەواوی دەوڵەت بەسەر ئەو دەزگا ئاینییانەی مابوونەوە،دەگرتەوە. نەتەوایەتیی توندڕەو، هاوکات لەگەڵ دروستکردنی ئەفسانەی مێژوویی وەك ئامرازێکی سەرەکیی بۆ داتاشینی پێناسەی نەتەوەیی نوێ بەکاردەبرا، بەشێوەیەك لە هێندێك بواردا شوێنی ئاینی پێ بگیرێتەوە.

کۆمارییبوون هەر لە ساڵی ١٩٢٣ەوە ببووە بنەمایەکی سەرەکیی(کاتێك، پێویستیی بەبیرهێنانەوەیە، چالاکیی سیاسیی بە قازانجی گێڕانەوەی سەڵتەنەت بەپێی یاسا قەدەغەکرا). گەلێریی واتە گەل، یەکەمجار لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا جەختی لێکرایەوە، وەك هاوبەستەگییەکی نەتەوەیی و دانانی بەژەوەندییە باڵاکانی گەل لەسەرو بەرژەوەندییەکانی هەر دەستەو چینێکی دیارییکراو، بە دیمەنە نەرێییەکەی دەبوایە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان رەتکرایەتەوە (بەگوێرەی کەمالیزم، لە تورکیادا چین بەو شێوەیەی کە لە ئەوروپادا دەبینرێت نیە)، هەروەها قەدەغەکردنی چالاکی سیاسیی کە لەسەر بنەمای چینایەتیی بێت(هەروەها ئەوەش هەموو چالاکییە سۆشیالیستیی و کۆمۆنیستییەکانی دەگرتەوە). شۆڕشگێڕیی یان ریفۆرمیزم، هەروەك کۆنەپارێزترین لایەنگرانی ئەتاتورك پێیان خۆش بوو بەناوە تورکییەکەی "ئینقلابچیلیك" لێکیبدەنەوەو بەرجەستەی بکەن، بریتیبوو لە پابەندبوون بە گۆڕانی بەردەوام و پشتگیریی بەرنامەی

ریفۆرمی کەمالیستەکان. دەوڵەتییبوون، دیدێکی نوێ بوو کە دانی بەباڵادەستیی دەوڵەت لە بواری ئابوورییدا دەناو لەو بابەتانە بوو کە لەماوەی ١٩٣٠یەکان و ١٩٤٠کاندا زیاترین گەنگەشەی لەبارەوە کرابوو. کە لەخوارەوە بەدرێژیی قسەی لێکراوە.

ئەم شەش بنەمایە لە دروشمی پارتەکەدا بەشێوەی شەش تیر بەرجەستە کراوە، لە ساڵی ١٩٣٧دا تێکەڵ بە دەستوور کرا. ئەم بنەمایانە تێکرای ئایدۆلۆژیی کەمالیزمیان پێکدەهێناو لە خوێندنگەکاندا هەروەك لە سوپاو میدیاکانی تورکیادا کرانە بنچینەیەك بۆ تەڵقیندانی گشتیی. هێندێك کات کەمالیزم وەك "ئاینی دەوڵەت" پێناسەدەکرا. هەرچەندە وەك ئایدۆلۆژییەك کەموکوڕیی گشتیی هەبوو، لەوانەیە لەوەش گرنگتر، بانگەوازێکی سۆزدارانەیە. ئەو بۆشاییە ئایدۆلۆژییە تاڕادەیەك بە کەسپەرستیی پڕکرایەوە کە سەبارەت بە شەخسی مستەفا کەمال زیاتر پەرەیسەند، بەتایبەتی پاش مردنی ناوبراو. لە ساڵی ١٩٢٦بەرەوسەر، لە شارە سەرەکییەکاندا پەیکەری ئەتاتورکیان دادەنا، ئەویان وەك باوکی نەتەوەو مامۆستاو رزگارکەری ناساند. لە خوێندنگەو زانکۆکاندا وەك تەڵقین(لە ساڵی ١٩٣٤ەوە لەو شوێنانە مێژووی شۆڕشی تورکیی وەك بابەتێك بەزۆر دەخوێندرا) باس لە کەسایەتیی ئەتاتورك کراوە تاڕادەی کەسێکی نائاسایی. ئەو راستییەی ئەوەندە نەکرابووە بەشێك لە ئایدۆلۆژییەکی دیارییکراو کە دەتوانرێت لەلای فاشیست، نازییەکان‌و مارکسیست-لینینیستەکان هەڵبەستنی تێدا بکرێت، ئەوەش ئەو مانایەی هەبوو کە ئەتاتورکپەرستیی توانی گۆڕان لە فەزای سیاسییدا فەراهەم بکات. تا کاتی ئەم نووسینەش، ئەو مەسەلەیە بەشێکی گرنگە لە کەلتووری سیاسیی تورکیا.

## پێکهەڵپرژان لەنێو رێبەرایەتییدا

کاتێك رێبەرایەتیی سیاسیی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەریەك لە پارتەکەو پارلەمانیشدا گرتبوو، ناکۆکیی توند هێدی هێدی لەنێو رێبەرایەتییدا دەرکەوت. ئەو ناکۆکییە بە ئاشکرا لەنێوان عیسمەت کە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ بەدوایەکدا لە ١٩٢٥-١٩٣٧ سەرەك وەزیر بوو، لەگەڵ سەرۆك مستەفا کەمالدا، کە لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا خۆی لە سیاسەت کێشابووەوەو کاری رۆژانەی وڵاتی لەدەستی عیسمەتدا جێهێڵابوو، لەکاتێکدا بایەخی زیاتری بە پرۆژەی چاکسازیی وەك زمان‌و نووسین دەدا. ئەو ژمارەیەك دۆست‌و دەستەیەکی بچووك هاوڕێی لەدەوری خۆی کۆکردبوونەوەو زۆربەی کاتەکانی شێو بەسەردەبردو بەدەم خواردنەوەوە باسی کێشەکانی وڵات‌و ئایندەیان دەکرد. ناو بەناو شارەزایان لە بواری

جیاجیــادا بــۆ ئــەو دانیــشتنانە بانگێــشت دەکــران کــە زۆرجــار لــە کۆشــکی سـەرۆکایەتیی "چانکایا" بەڕێوەدەچوو، کە وەك دانرابوو لە ئێوارەیەکی درەنگدا دەستی پێدەکردو تا دەمەوبەیان بەردەوام دەبوو، تێیدا پێشنیاز پێشکەش دەکرا، رەخنە دەگیرا، پلان دادەنراو بڕیاریان لەبارەوە دەدرا. ئەوەی هەلومەرجەکەی مەترسییدار کردبوو بریتیبوو لـە دابڕانـی ڕێـژەیی مـستەفا کـەمال لـە کاروبـاری ڕۆژانـەی حکومـەت، هەربۆیـە پـلانو بۆچوونەکانی لەگەڵ بۆچوونەکانی عیسمەتدا کورتی دەهێناو لەیەکەوە دوور بوون. ئەو ڕاستییەی کـە مـستەفا کـەمال تەنانـەت لـەکاتی نیمـچە خۆکێـشانەوەشیدا هێـشتا وەك ڕێبەرێکی بێ ڕکابەری وڵات مابووەوەو ئەوەی دەگەیاند توانای باڵادەستیی بەسەر سەرەك وەزیرو کابینەکەیدا هەیە لەرێگەی ئەو بازنەیەی کە لە هاوڕێو راوێژکارانی پێکدەهاتنو لە دەوری خۆی کۆیکردبوونەوە. لەو ساڵانەدا چەند جارێك شتی وا ڕوویاندا، لە کاروباری نێوخۆییو ئابووریی و دەرەوەدا. سەرۆك دووجار کابینەی وزاریی ناچارکرد دەست لەکار بکێشێتەوە بێئەوەی پرس بە عیسمەت بکات. ئەو دەستێوەردانە عیسمەتی توڕەکرد. ئەو زۆر لەو کابینە وزارییە دەترسا کە سەرۆك لە چێشتخانەکەی کۆشکی چانکایاوە لەدەوری خۆی کۆیکردبوونەوە.[٦٦]

دواجـار، لـە سـێپتەمبەری ١٩٣٧دا، پێکهـەڵپرژانێکی ئاشـکرا لـەنێوان ئـەو دوو پیـاوەدا ڕوویدا، کە بووەهۆی ئەوەی ئەتاتورك (هەر لە ساڵی ١٩٣٤ەوە بوو بە نازناوی بنەماڵەکەیان) داوای دەســت لەکارکێــشانەوە لــە عیــسمەت بکــات. ئینۆنــو وەك دەبــوو دەســتی لــەکار کێـشایەوەو وای پێـشاندا کـە لەبـەر هۆکـاری تەندروسـتییە. "مـەحموود جـەلال لایـار"ی سـکرتێری پێـشووی (ك.ی.پ)و سـەرۆکی تەشـکیلاتی مەخـسووسە لـە ئـەزمیرو یەکـەمین سەرۆکی بانکی کاری تورکیا کە لە ساڵی ١٩٢٤ دامەزراو وەزیری کاروباری ئابووریی لە ساڵی ١٩٣٢ەوە، شوێنی گرتەوە.

## مردنی ئەتاتوركو گەڕانەوەی عیسمەت بۆ دەسەڵات

دەگونجێت بەشێك لە حاڵـەتی زووهەڵـچوونو ئاکاری ناوازەی مستەفا کـەمال لـەماوەی ١٩٣٧–١٩٣٨ بۆ باری تێکچوونی تەندوستیی بگەڕێتەوە. جگە لەو دوو سەکتەی دڵەی کە لـە سـاڵی ١٩٢٣و ١٩٢٧ دا لێیـدابوو، زیـانێکی راسـتەوخۆی بـەردەوامی جێهێـشتبوو، ئـەو بـاری تەندروسـتیی تـا سـاڵی ١٩٣٧ بەگـشتیی بـاش بـوو، کاتێـك لـە ئاکـامی چـەندین سـاڵ

[66] Cemil Koçak (1986) *Türkiye'de millî şef dönemi (1938–1945)*, Ankara: Yurt, 17–19.

خواردنـەوەی ئەلکهولـدا دیـاردەی فەوتانـدنی جگـەری وەك نەخۆشـییەك لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٣٨دا دەرکەوتبوو. لەمانگی مارت بەرەوسەر دەردەکەی بەخێرایی کاریی بوو. ئەوەی کە لە خەڵك و رای گشتیی شاردرایەوە(تەنانەت لە ئۆکتۆبەردا کە رۆژنامەیەك ئاماژەی پێدابوو بۆمـاوەی سـێمانگ داخـرا) بـەڵام بازنـەی پیـاوانی سیاسـیی بـاش لـەو کۆتاییـە نزیکـە ئاگاداربوون و لەپێناو بەدیهێنانی دەسەڵاتدا هەڵپەیان بوو.

وێڕای رووداوەکانی ساڵی پێشوو، عیسمەت ئینۆنو بە ئاشکرا کاندیدی سەرەکیی بوو بۆ جێنشینیی ئەتاتورك. بەڵام ئەو لـەماوەی سـاڵانی دەسـەڵاتداریێتییدا، چەندین دوژمنـی بـۆ دروست ببوو. کە دیارتریینیان ئەندامانی"کابینەی چێشتخانەکە"ی ئەتاتورك بوو. ئەوانـەی دەیانویـست بـەو شـێوەیە لـە عیـسمەت رزگاریـان بێـت کـە (بیکـەن بـە باڵیۆزی تورکیـا لـە واشنگتۆن) و هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەن رابگەیەنن. ئەو ئەنجومەنـەی کە دەبوو جێنشین بۆ ئـەتاتورك دەستنیـشان بکات و تا ئـەو کاتـەش پربـوو لـە لایـەنگرانی عیـسمەت. هـەروەها قسەش لەسـەر وەسـێتنامەیەکی سـەرۆك هـەبوو کـە تێیـدا دژایـەتیی خـۆی بـۆ جێنـشینیی عیسمەت راگەیاندبوو.[٦٧]

هـەموو ئـەم هەوڵانـە، سـەلماندیان کـە بێئاکـامن، مـستەفا کـەمال پاشـا ئـەتاتورك لـە ١٥ی نۆڤەمبـەری ١٩٣٨دا لـە کۆشـکی "دۆڵمـەباهچ" لـە ئەسـتەمبوڵ مـرد، کـەماوەی چـەند مـانگی کۆتـایی بـە نەخۆشـیی لـەوێ بەسـەر بـرد. لـە ١١ی نۆڤەمبـەردا ئەنجومـەنی نەتـەوەیی عیـسمەتیان هەڵبـژارد وەك دووەمـین سـەرۆك کۆمـار. جێنـشینی عیـسمەت بـۆ چـوار فاکتـەر دەگەڕێتەوە: بایاری سەرەك وەزیـر ئامادەنەبوو لەگـەڵ نـەیارانی عیسمەتدا هاوکاریی بکات (بایـار لـەم ماوەیـەدا لەگـەڵ عیسمەتدا لـە پەیوەندییـدا بـوو)، نـەیارانی عیـسمەت نـەیانتوانی کاندیـدێکی متمانەپێکراوو شیاو بهێنن، ئەو راستییەی کە نوێنـەرانی پارلـەمان و هـەروەها بیرۆکراتیـی پـارتیی، زۆربـەیان لەلایـەن عیـسمەتەوە چـەند سـاڵێك لـەوەپێش لـەو جێگایانـەدا دانرابـــوون و دەســـتنیژی ئـــەو بـــوون. هـــەروەها بڕیـــاری فەرمانـــدە ســـەربازییەکان بـــۆ پـشتگیرییکردنی ئینۆنـو، هـەروەها "فـەوزی چـەکمەك"ی سـەرۆکی ئـەرکانی گـشتیی ئامـادە نـەبوو خـۆی وەك کاندیـدێك رابگەیـەنێت، هەرچـەندە پێـشتر راگەیەنـدرابوو کـە لـە کـاتی خۆکاندیدکردنیدا بەشێکی بەرچاوی ئەنجومەن پشتگیریی لێدەکات.

[67] Andrew Mango (1999) *Atatürk*, London: John Murray, 524, basing himself on the memoirs of Hasan Rıza Soyak.

کەلاکی ئەتاتورك لەنێو شین و گابۆڕێکی بەرفراواندا بۆ ئەنکەرە هێنراو بەشێوەیەکی کاتی لەنێو مۆزەی ئیتنۆگرافیادا نێژرا. لە ساڵی ١٩٥٣دا، دواجار لە مەزارێکی پڕشکۆدا کە دەکەوێتە گردێك لە دەرەوەی پایتەخت گۆڕبەگۆڕکرا، کە تھا لە ناوەڕاستیدایە.

## سەرەخۆشیی

لەسایەی کاریگەریی مێژوونووسیی فەرمیی تورکیادا(دواجار لە گوتارە دورودرێژەکەی ئەتاتورك خۆیدا) مێژوونووسان وا دێتە پێش چاویان کە دەرکەوتنی تورکیای هاوچەرخ تەنیا زادەو دەستکەوتی تێکۆشانی تاکەکەسێکە. خوێنەر لەم کتێبەدا تێبینیی ئەوە دەکات کە هەوڵدراوە چەندین وێنەی جیاواز رەنگ بکرێت. وێڕای ئەو راستییەی کە گومان هەیە لەوەی داخۆ تورکیا بێ تاکتیگەلە وردو گونجاوە ناوازەکانی ئەتاتورك، بێ دڵرەقیی، واقعبینیی و درککردنی ئامانجەکان لەلایەن ئەتاتورکەوە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ژیانی هەبووایە. ئەو تاکو ساڵی ١٩١٩ ئەندامێکی ئەڵقەی نێوخۆیی (ك.ی.پ) بوو، کە وەك ئەفسەرێکی پایەبڵندی درەوشاوەو فەرماندەیەك، هەروەها وەك سەرکێش و بەرزەفڕو خاوەن خولیا ناسرابوو. رۆڵی ئەتاتورك لە پاش ١٩٢٥دا دەتوانرێت لە دوولاوە هەڵبسەنگێنرێت، لەلایەك هەوڵی بوێرانەی لە بەدەستهێنانی بازدانێك لە هاوچەرخکردنی کۆمەڵگای تورکیی و هەروەها قۆناغی پاشەکشە لە پەرەسەندنی پێگەیەشتنی دەزگا سیاسییە دیموکراتییەکان لە تورکیا. بەڵام ئەستەمە گومان لەوەدا بکرێت کە ئەتاتورك بەشێوەیەکی رەها کەسایەتییەکی شیاو لە شوێنێکی شیاودا بوو لەماوەی مەزنترین قەیرانی مێژووی وڵاتەکەیداو زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە رۆڵی لە ژیانەوەو مانەوەی وڵاتەکەیدا بینی.

## عیسمەت ئینۆنو وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی

لە دەمی مردنی ئەتاتورکدا بۆچوونێکی بەربڵاوی وا هەبوو داخۆ هیچ گۆڕانێك لە سیاسەتدا دێتە کایەوە یاخود تەنانەت کۆمارەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە. هەرچەندە، هەرزوو ئاشکرابوو کە عیسمەت ئینۆو مەبەستی بوو لەسەر هەمان بنەمای سیاسەتی ئەتاتورك بەردەوام بێت. پێگەی ئەو وەك رابەرێك لە کۆنگرەیەکی نائاسایی پارتەکەیدا لە دیسەمبەری ١٩٣٨دا بە فەرمیی راگەیەندرا، ئەو کۆنگرەیەی تێیدا یاسای نێوخۆیی پارتەکە گۆڕینی بەسەرداهات و بە شێوەیەك (ئەتاتورك وەك سەرۆکی نەمری پارتەکە) دانرا، لەکاتێکدا ئینۆنو

وەك (سەرۆكی بەردەوامی پارتەكە) نازناوی "میللی شەف/سەرۆكی نەتەوەیی" كە جاروبار لە ١٩٣٠یەكاندا بۆ ئەتاتورك بەكاردەهات، نها بووە نازناوی فەرمیی ئینۆنو.

عیسمەت بۆ چەند مانگێك بایاری وەك سەرەك وەزیر هێشتەوە، بەڵام لە ٢٥ی یەنایەری ١٩٣٩دا بایار دەستلەكاركێشانەوەی خۆی پێشكەشكرد. هۆكاری سەرەكییش بۆ ئەوە بریتیبوو لەو جیاوازییەی لە دیدی هەریەك لە سەرۆك و سەرەك وەزیر سەبارەت بە سیاسەتیی ئابووریی هەبوو. بەڵام ئینۆنو لە ڕێگەی هاندانی هەڵمەتێكی ڕاگەیاندن، لێپرسینەوەو دادگاییكردن بۆ لەقاودانی ئەو كاریگەرییەی كە لەماوەی ١٩٣٧-١٩٣٨ لەدەسەڵاتدا بوو، ئەوەی ژیانی كابینەكەی ئەستەم كرد. هەروەها ئینۆنو خوازیاربوو بنەمای سیاسەتەكانی خۆی فراوانبكات بەوەی كە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕێبەرانی جوڵانەوەی سەربەخۆییدا بكات، ئەوانەی لە ساڵی ١٩٢٦دا وەدەرنرابوون. دووان لەوانە: عەلی فوئاد جێبیسۆی و ڕەفعەت بالی بوون. لەدوا ساڵەكانی ژیانی ئەتاتوركدا لەگەڵ ناوبراودا ئاشتییان كرد، بەڵام ئەوانی دیكەیان هێشتا لەزینداندا بوون. ژمارەیەكیشیان لە ساڵی ١٩٢٦ەوە لە دەرەوە ژیانیان بەسەر دەبرد. ئەوانە گەڕانەوە وڵات و لە پارلەماندا كورسیان درایە.

پاش جەلال بایار، دكتۆر ڕەفیق سەیدام بووە سەرەك وەزیرو تا مردنی لە ژوئیەی ١٩٤٢دا لە پۆستەكەیدا مایەوە. پاش ئەو شوكرو سەرەجئۆغلو شوێنی گرتەوەو تا ساڵی ١٩٤٥ لەدەسەڵاتدا مایەوە. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا كە لە ڕاستییدا ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیی تێدا بوو، عیسمەت ئینۆنو دەسەڵاتی تەواوی بەدەستەوەبوو، سەرەك وەزیرەكەشی (كە لە هەمان كاتدا هەمیشە جێگری سەرۆكی پارتەكەش بوو) ئەو سیاسەتانەی جێبەجێدەكرد كە لەلایەن سەرۆكەوە دیارییدەكرا.[68]

ڕژێمی توركیی لە ١٩٣٠یەكان و ١٩٤٠كاندا، ئەوەی تایبەتمەندییە گشتییەكانی لەسەرەوە ڕوونكراوەتەوە، لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی ڕژێمە دەسەڵاتسەپێنەكانی دیكە بوو لەم قۆناغەدا لە باشووری ئەوروپادا (وەك ڕژێمەكانی سالازار لە پورتوگال، فرانكۆ لە ئیسپانیا، هەروەها میتاخاس لە یۆنان) دەركەوتن. هەرچەندە ئەوەی ڕژێمەكەی توركی لەوان جیادەكردەوە ئەوە بوو كە لە ڕووی كەلتووریی و ئاینییەوە كۆنەپارێز نەبوو. بەڵكو بە پێچەوانەوە كاری بۆ شۆڕشێكی قووڵی فەرهەنگی لەنێو كۆمەڵگەیەكی ئاینیی داخراودا

---

[68] Selim Deringil (1989) Turkish foreign policy during the Second World War: an 'active' neutrality, Cambridge: Cambridge University Press, 56–7.

دەکرد. بەدڵنیاییەوە، نموونەی گرنگترین دیکاتۆرەکانی دەریای سپی ناوەڕاستی وەك فاشستیی ئیتاڵیی بۆ ڕێبەرایەتیی تورکیی بایەخدار بوو. ئەو شێوازەی کە مۆسۆلینی یەکێتیی نەتەوەیی پێ بەدیهێناو کۆمەڵگەی ئیتاڵیی پێ چالاککرد، لە تورکیا کاریگەریی خۆی هەبوو(وەك بەراستیی لە چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا کاریگەریی هەبوو). هەروەها ژمارەیەك یاسای نوێ لە سایەی کۆمارەکەدا دەرچوون کە دەقاودەق کۆپی یاسا تەشریعییەکانی ئیتاڵیای فاشستیی بوون.

لێکچوونێکی فرە لەنێوان ڕژێمی فاشستیی ئیتاڵیی و کەمالیستەکاندا هەبوو: نەتەوایەتیی توندڕەو، کە هاوکات بوو لەگەڵ بە ڕەواییدان بە ئەفسانە مێژووییەکان و گوتارە ڕەگەزپەرستییەکان. تایبەتمەندیی دەسەڵاتسەپێنیی ڕژێمەکە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پاوانکارییەکی تەواو گشتگیری شانۆی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی وڵات. ئەو تاکپەرستییەی کە سەبارەت بە مۆسۆلینی لەلایەك و ئەتاتورك و ئینۆنو لەلایەکی دیکەوە پەرەی پێدرابوو، هەروەها جەختکردنەوە لە یەکێتیی و هاوبەستەگیی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی ململانێی چینایەتیی.

وێڕای ئەوەش، جیاوازیی لەنێوان ئەو دوو ڕژێمە لە لێکچوونەکانیان مەزنتر بوو. فاشیزم وەك جوڵانەوەیەکی ڕەسەنی جەماوەریی پەیدابوو (هەڵبەتە بەرێکخراویی)، ئەویش وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو دژوارییەی لە ئاکامی شۆڕشی پیشەسازییەوە بەسەر کۆمەڵگەی سونەتییدا هاتبوو، هەروەها بۆ ئەو مەترسییەی کە سۆشیالیستەکانی لەسەر چینی ناوەند دروستیانکردبوو. ڕژێمی تورکە لاوەکان لە تورکیا سیاسەتەکانی خۆیان لەسەرەوە بێبایەخانە بەسەر خەڵکدا سەپاندبوو. پێچەوانەی فاشیستەکانەوە، کەمالیستەکان هەرگیز هەوڵیان نەدا جەماوەرێکی بەرفراوان کۆبکەنەوەو بە بەردەوامیی بۆ ئامانجەکانیان بەگەڕبخەن. هەروەك ئاماژەی پێدراوە لە هەموو ئەو گوتارانەی کە لەم ساڵانەدا لەلایەن مستەفا کەمالەوە گوتراون، هیچیان بەشێوەی فاشیستەکان لەبەردەم جەماوەرێکی خرۆشاودا پێشکەش نەکراوە. لەکاتێکدا دەوڵەتی کەمالیستی بێگومان سروشتێکی دەسەڵاتسەپێنیی و تۆتالیتاریی هەبوو، بوونی سەرکردەیەکی هەمەکارەو خاوەن دەسەڵاتی تەواو نەبووەهۆی ڕۆیشتنی بەو ئاراستەیەی بنەما سیاسییەکانی لەرێگەی شەرعییەتی

سەرکردەوە بەڕێوەبچێت و وەک"بنەماکانی سەرکردە" دەربکەوێت. ئەتاتورک خۆی بەتوندیی پێیناخۆش بوو پێی بگوترێت"دیکتاتۆر".[٦٩]

رووخساری سیستمی دیموکراتیی بە پارلەمان و هەڵبژاردنەوە بە وریاییەوە لە شوێنی خۆیان مانەوە، یەک لە جیاوازییەکانی کە دەگونجێت زۆر بەرچاوبێت و لە نموونە ئیتاڵییەکەی جیا بکاتەوە بریتییە لە کەمیی گوتارە سەربازیی و فراوانخوازیی (یان رزگارکەرانە)هەروەها سیاسەتەکانی لە حاڵەتی تورکییدا بەو پەڕی وریاییەوە، سیاسەتێکی بەرگرییخوازانە و واقعبینانەی ڕێبەرایەتیی تورکیا بووە.

## سیاسەتەکانی چاکسازیی ١٩٢٥-١٩٣٥: سێکیولاریزم و نەتەوایەتیی

لەبارەی سێکیولاریزمەوە کە یەکێکە لە تایبەتمەندترین رەگەزەکانی چاکسازیی کەمالیستەکان،سێ بوار دەتوانرێت جیابکرێتەوە، یەکەم سێکیولاریزەکردنی دەوڵەت، خوێندن و یاسا، هێرشکردنە سەر قەڵای سونەتیی دامەزراوە ئیسلامییەکان کە "عولەمایە". دووەم هێرشکردنە سەر سیمبوڵی ئاینیی بەشێوەیەک شوێنگرتنەوەی بە سیمبوڵی شارستانییەتی ئەوروپیی. سێیەم سێکیولاریزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و هەروەها پەلاماردانی ئیسلامی میللیی.

دەتوانرێت ئەوە بخەملێنرێت کە یەکەمین شەپۆلی چاکسازیی کەمالیستەکان کۆتایی بە پرۆسەی سێکیولاریزەکردنی دەوڵەت، خوێندن و یاسا هێنا. ئەوەی سەدەیەک پێشتر لە

---

[69] مەسەلەی داخۆ کەمال ئەتاتورک دیکتاتۆر بووە لە تورکیای کەمالییدا بابەتێکی هەستیارە، پێشتر رەجەب بەکیر سەبارەت بە چەکی "شەف/رابەر"زۆری روون کردۆتەوە، بەڵام خۆی لە هەر گفتوگۆیەک لەبارەی دیکتاتۆرەوە بواردووە.

Recep Peker , (1935) *İnkılap dersleri notları* (Ankara: Ulus, 65–6).

(دیارە لەسەردەمی هاوچەرخدا چ دیکتاتۆرێک نە ستالین و نە هێتلەرو نە مۆسۆلینی یان مۆگابی، سەدام حوسێن و هاوشێوەکانیان ناوی دیکتاتۆریان لەخۆیان نەناوەو هەربە هەڤاڵ و رابەرو سەرۆک و ئەو شتانە ناوبراون. بەبڕوای ئێمە دیکتاتۆر بەمانای سەپێنەرێکی ملهوڕی تاکڕەودێت کە بەهێز دەسەڵات وسیاسەت و بۆچوونەکانی خۆی و هاوبیرەکانی بسەپێنێت و بڕوای بە ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگا نەبێت و فرەرەنگیی قبوڵ نەکات و جا ئەو دیکتاتۆرییە نەتەوەیی یاخود ئاینیی ئان چینایەتیی بێت فەرقێک ناکات. لەم رووەشەوە ئەتاتورک ئەوەندەی خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ دیکتاتۆرە بەدناوەکانی جیهاندا هەیەو لەوانەوە نزیکە، هەرگیز ئەوەندە لە سەرکردەکانی جیهانی دیموکراتیی و وڵاتانی ئازاد نزیکایەتییەکی نیە. تەنانەت رەزاشای دیکتاتۆری ئێران یەک لەوانە بوو بە ئەتاتورک مەعجەب بوو و لاسایی ئەوی دەکردەوە، هەربۆیە ئێمە بە دیکتاتۆری دەزانین و بەڵگەش بۆئەوە فرەیە/سەردەشتیی)

سـايەی سـولْتان مـەحموود دەسـتپێكردبوو، هـەروەها لەسـايەی (ك.ی.پ) و فەرمانڕەوایەتییان لەماوەی ١٩١٣-١٩١٨دا لە تەواوكردن نزیكبوویەوە. هەڵوەشاندنەوەی سـەڵتەنەتو خەلافـەت، ڕاگەیانـدنی كۆمـارو دەسـتووری نـوێ لـە مـاوەی ١٩٢٢-١٩٢٤ دواقۆناغی سێكیولاریزەكردنی دەوڵەت بوو، ئەوكاتە دوا مۆری لەم گەشەكردنە درا، كاتێك لە دەستووری ١٩٢٨دا ئەو بەندە لابرا كە ئیسلامی وەك ئاینی دەوڵەت دانابوو.[70]

تەنانـەت پـێش لـەدایكبوونی كۆمـاریش، ڕۆڵـی"شـەریعەت" تـەواو سـنووردارکرابوو، بەشێوەیەك تەنیا لە بواری یاساكانی خێزاندا مایەوە. ئەم بەشەی یاسا لە گرتنەبەری یاسـای مـەدەنیی سویـسریی و یاسـای سـزادانی ئیتـاڵیی لـە سـاڵی ١٩٢٦دا لـە یاسـا تایبەتییەكانی عولەماوە وەرگیراوە. یاسای سزادانی پێكهێنانی ڕێكخراوی لەسەر بنەمای ئـاینیی قەدەغـەكرد. سیـستمی فێركـردنو پـەروەردە كـە لـە سـایەی (ك.ی.پ) دا نزیكـەی هێنرابـووە ژێـر دەسـەلاتی وەزارەتـی فێركـردن، ئەمێـستا بەتـەواوەتیی لەڕێگـەی یاسـای یەكخـستنی فێركردنـەوە لـە مـارتی ١٩٢٤ەوە سـێكیولاریزەكرا. لەهـەمان كاتـدا، "مەدرەسـە/خوێندنگـە ئاینییـەكان" هەڵوەشێنرانەوە، شوێنەكانیشیان كرابە "خوێندنگەی گوتاربێژان"و هەروەها كۆلێجی لاهوت لە زانكۆی ئەستەمبوڵ بنیاتنرا.

هـەروەها لەسـاڵی ١٩٢٤دا هەڵوەشـاندنەوەی پێگـەی شـكۆمەندی شەیخولئیـسلام بـەخۆوەبینی. دوو بەڕێوەبەرایـەتیی لەشـوێنیان دانـران كـە "بەڕێوەبەرایـەتیی كاروبـاری ئـاینیی"و "بەڕێوەبەرایـەتیی ئـەوقاف"بـوون. هـەر دوو بەڕێوەبەرایەتییەكـە بەتونـدیی بـە ئۆفیـسی سـەرەك وەزیـرەوە پەیوەسـت بـوون. پێكهێنـانی ئـەم بەڕێوەبەراتییانـە بـە ئاشـكرا دەریدەخات كە خواستی كەمالیستەكان بۆ سێكیولاریزم زۆر جیاكردنـەوەی دەوڵـەتو ئـاین نەبوو هێندەی دەستبەسەرداگرتنی ئاین بوو لەلایەن دەوڵەتەوە.

دووەمین بوار كـە سێكیولاریزمی تێدا ڕوودا بریتیبـوو لـە سیمبوڵە ئاینییـەكان. ئـەوەش چـەند هـەنگاوێكی ڕووخـسارئامێزی گرنگـی لـەخۆگرتبوو وەك قەدەغـەكردنی كـڵاوی سونەتیی(فێسو سەراشەكە)ی پیاوان لە ساڵی ١٩٢٥و سنووردارکردنی جبەو عەبای چنراو لەكاتی نوێژكردن لە مزگەوتەكاندا كە لە سێپتەمبەری ئەو ساڵەدا بڕیاری لێدرا. هـەروەها وروژاندنی ئـەو هێرشو پەلاماردانـەی ئەتاتوركو شوێنكەوتووانی دژی پەچەو سەرپۆش

---

[70] هەرچەندە ئەوەی زۆربەی جار لێی بێئاگان ئەو ڕاستییەیە كە لە دەستووری ساڵی ١٩٢٤دا ئیسلام تەنیا ئاینی فەرمیی دەوڵەتە. دەستوورە كۆنەكەی عوسمانیی هیچ ئاماژەیەكی بۆ ئاینی فەرمیی دەوڵەت تێدا نیە.

(هەرچەندە ئەمە لەواقیعدا هەرگیز قەدەغە نەکرا). هەروەها بۆ نموونە، بریاری ساڵی ١٩٣٥ کە رۆژی شەمەی لەبری هەینی کرد بە رۆژی پشووی فەرمیی.

ئەوەی لە گوتە تایبەتییەکانی ئەتاتورك خۆیەوە ئاشکرادەبێت ئەوەیە کە ئەو هەنگاوانەی لەبواری وەك قەدەغەکردنی جلوبەرگی ئاینییەوە دەنران زیاتر زادەی ئەو خواستەبوو بۆ ئەو ئیدعایەی کە سەبارەت بە هەموو دەربرینە دیارەکانی دەسەڵاتو پاوانکردنی دەوڵەت (هەروەها کارمەندە یەك رووخسارو بەرگەکان) هەروەك ئارەزوویەك بۆ سێکیولاریزەکردنی کۆمەڵگا بوو.

وێڕای ژمارەیەك چاکسازیی دیکە کە سیمبوڵیی بوون تایبەت بە ئاین نەبوون، وەك بەکارهێنانی رۆژمێری رۆژئاوایی لە ساڵی ١٩٢٦دا، سیستمی ژمارەیی رۆژئاوایی لە ١٩٢٨دا، هەروەها کێش‌و پێوانە رۆژئاواییەکان لە ١٩٣١دا نەك تەنیا رووخسارێکی نوێی ئەوروپایی بە تورکیا بەخشیی بەڵکو پەیوەندییکردنی لەگەڵ رۆژئاوادا بۆ ئاسانتر کرد. هەروەها هەنگاوێکی دیکەبوو بۆ قرتاندنی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی ئیسلامییدا. ئەو گۆڕانکارییانەی لە پێگەی ژناندا روویاندا، لە رووی ئاینییەوە مانای خۆی هەبوو، یاخود لانی کەم لای زۆرینەی خەڵك وا هەستی پێکرا. لەسەرو هەموویانەوە، ئەم گۆڕانکارییانە تەنیا بەرجەستەی لە ئازادیی فەرمیی ژنان (ماف دەنگدان) ناکات، بەڵکو هەروەها لە هەڵکشانی ئەو رۆڵە چالاکە نوێیەی لەبوارە جیاوازەکاندا بۆی هاتەپێش وەك: ژنانی شارەزاو لێهاتوو، ژنانی فرۆکەوان، گۆرانیبێژەکانی ئۆپێراو شاجوانەکان.

پێدانی نازناو بە خێزانەکان لە ساڵی ١٩٣٤دا هەنگاوێکی پێشکەوتووانە بوو لە سیستمی تۆمارکردنی ناووخێزانەکاندا، ئەنجومەن نازناوی "ئەتاتورك/باوکی تورك"ی بە مستەفا کەمال بەخشی، ئەو نازناوەی کە بۆ خۆی‌و نەوەکانی تەرخانکرا. لەبەرئەوەی مستەفا کەمال دوای مردنی، منداڵی بەجێنەهێشت، هەربۆیە هیچ تورکێکی دیکە ئەتاتورکی وەك نازناوێك هەڵنەگرت.

لەوانەیە کاریگەرترین هەنگاو گرتنەبەری ئەلف‌و بێی لاتینیی بێتلە ساڵی ١٩٢٨دا. تورکیی عوسمانیی بە ئەلف‌و بێی "عەرەبیی/فارسیی" دەنووسرا. ئەوەش بۆ عەرەبیی‌و فارسیی لەباربوو کە سێچارەکی نووسراوی تورکیی عوسمانیی پێکدەهێنا. ئەوەی بۆ دەربڕینی هێندێك وشەو چەکی تورکیی فرە نەشیاو بوو.

زمانی عەرەبیی لە پیتە نەبزوێنەکاندا یەکجار دەوڵەمەندەو لە پیتی بزوێندا کزە، لەکاتێکدا تەواو پێچەوانەی ئەمە بوو. ئاکامەکەشی ئەوەبوو کە تورکیی عوسمانیی بۆ تاکە

دەنگێك چوارنیشانەی جیاوازی هەبوو، لەکاتێکدا هێندێك دەنگ هەبوو کە دەربڕینیان بە نیشانە ئەستەم بوو. کاتێك بە پەیدابوونی میدیای نوێی وەك ڕۆژنامەو تەلەگراف لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بایەخی زمانی نووسراو بووە ئامرازێکی بایەخداری پەیوەندییکردن. چاکسازییش لە ئەلفو بێی دا بووە بابەتێکی پێویست. یەکەمین هەوڵ لەو بوارەدا لەلایەن "مونیف پاشا"وە بوو، کە یەك لە پیاوە دەوڵەتییەکانی تەنزیمات بوو. ئەویش لە باسێکیدا لە ساڵی ١٨٦٢دا.[71] لەماوەی قۆناغی دووەمی دەستووریدا چەند نووسەرێکی تورك"حوسەین جاهید یالچین، عەبدوڵا جەودەت، جەلال نوری ئیلەری" هانی بەکارهێنانی ئەلفو بێی لاتینییان دا، لەکاتێکدا ئەنوەرپاشا ئەزموونی لەگەڵ چاکسازیی لە نووسراوی عوسمانییدا هەبوو، ئەوەی لەلایەن سوپاوە تاقیکرایەوە، لەساڵی ١٩٢٣بەرەوسەر، زنجیرەیەك گفتوگۆ لەمەڕ ئەم بابەتە ئەنجامدرا. لە ئەزمیر کۆنگرەی ئابووریی هەروەها لە فێبرایەری ١٩٢٤دا لە ئەنجومەن. لەو کاتەدا هێشتا نارەزایەتییەکی فرە لەنێو ناوەندە کۆنەپارێزو ئاینییەکاندا دژی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینیی لەگۆڕێدا بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٢٥ەوە ناحەزانی ئەم کارە بێدەنگکران. لەوەش زیاتر، لە ساڵی ١٩٢٦دا، کۆماره تورکییەکانی یەکێتیی شورەویی بڕیاریاندا کە ئەلفو بێی لاتینیی بگرنەبەر، ئەوەش هانی گەنگەشەکردنی ئەو بابەتەی لە تورکیاشدا.

کۆمسیۆنێك لەهاوینی ١٩٢٨دا بەسەرۆکایەتیی مستەفاکەمال خۆی ڕاپۆرتێکیان لەسەر ئەو بابەتە ئامادەکردو لە ٩ی ئوتدا سەرۆك بەفەرمیی بۆ یەکەمین جار ڕایگەیاند کە نووسینی تورکیی دەبێت شوێنی ئەلفوبێی عوسمانیی بگرێتەوە،"ئەلفو بێی ئامادەکراو" ڕاگەیەندراو لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا، مستەفا کەمال خۆی چەند سەردانێکی بەنێو وڵاتدا ئەنجامدا تا ئەو پیتە نوێیانەیان بۆ شیبکاتەوەو ئامۆژگاریی هەرکەسێك بکات کە بەزوویی فێری بن و هاونیشتمانانی دیکە فێربکەن. لە ١ی نۆڤەمبەردا یاسایەك دەرچوو کە بەکارهێنانی ئەو ئەلفوبێیەی لە پەیوەندییکردنی ڕۆژانەدا لە ١ی یەنایەرەوە سەپاند.

لەکاتێکدا گەنگەشەیەکی باشیی نەتەوەییانە بۆ گۆڕان لەگۆڕێدابوو، بێگومان ئەو هۆکارەی کە مستەفا کەمالو شوێنکەوتەکانی وا بەگوڕ بۆ ئەو مەسەلەیە تێدەکۆشان مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژیی بوو. هێشتا ڕێگەیەکی دیکە هەبوو بۆ دابڕینی کۆمەڵگەی تورکیی لەسەردەمی

---

[71] بۆ پوختەی ئەو هەولانەی سەبارەت بە گۆڕینی ئەلفوبێی عوسمانیی دراون ، بروانە:
Hüseyin Yorulmaz (1995) *Tanzimattan cumhuriyete alfabe tartışmaları*, Istanbul: Kitabevi.

عوسمـانیی و هـەروەها کـەلتووری سـونەتیی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی ئیـسلامیی و سـەرلەنوێ ئاراستەکردنی بەرەو رۆژئاوا. گۆڕانەکە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر ئەنجامدرا و لە کۆتاییـدا بەشـێوەیەکی بـەربڵاو پەسـەند کـرا، بـەڵام کاریگـەریی لەئاسـت نەخوێندەوارییـدا بێهیـوایی لێکەوتەوە. هەوڵێکی فرە مـەزن بۆ بڵاوکردنـەوەی خوێنـدەواریی (بـە ئەلف وبێیـە نوێیەکـە) و لــە رێگــەی "میللــەت مەکتەبلــەر/خوێندنگــەی گــەل"ەوە لــەنێو تێگەیــشتوواندا درا. بــەڵام نـەبوونی فێرکردنـی بنـەرەتیی لـەنێو گوندەکانـدا مانـای ئـەوەبوو کـە رادەی نەخوێنـدەواریی هێشتا بـەرزە. تەنانـەت بـە بـەراوردکردن لەگـەڵ وڵاتـانی تازەپێگەیـشتووی دیکـەدا. لەسـاڵی ١٩٩٠دا هێـشتا ٣٥ لەسـەدی خـەڵك نەخوێنـدەواربوون. ئەوانـەی کـە پـێش سـاڵی ١٩٢٨ بـە شــێوازە کۆنەکــە فێــری خوێنــدەواریی ببــوون. لــە نامــە تایبــەت و یاداشــت و نووســینی بیرەوەرییەکانی رۆژانەیاندا تا ساڵی ١٩٦٠ هەمان شێوازە کۆنەکەیان بەکاردەهێنا.

سەرکەوتن لە چاکسازیی ئەلف وبێ هەموو ئەوانەی هاندا کە خوازیـاربوون لـە زمانەکەشـدا چاکسازیی بکەن. لە سەدەی نۆزدەیەمەوە کەلێنی نێوان دەستەبژێری عوسمانیی لەگـەڵ ئـەو زمانــە ســادە خۆماڵییــەی دانیــشتووانی تورکـدا تــا دەهـات فــراوانتر دەبــوو. هەوڵــدان بــۆ نزیکخـستنەوەی زمـانی نووسـراو لـە زمـانی گـوتراو لـە ناوەراسـتی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە لەلایـەن عوسمانییـە لاوەکانـەوە دەسـتپێدەکات، ئەوکاتـە یەکـەمین رۆژنامـە عوسمانییـەکان رۆڵی پێشەنگیان تێدا بینی. ئەم خواستە لەسەردەمی (ك.ی.پ)دا بـەهێزبوو. زیاگۆکالـپ و یاوەرانی هانی شوێنگرتنەوەی رەگەزەکانی گرامـەری عـەرەبیی و فارسییان لـە زمانەکـەدا بـە گرامـەری تایبـەت بـە زمـانی تـورکیی دەداو خوازیـاری وەلانـانی چـەمکە هاوشـێوەکان بـوون. بــەڵام بــە پێــچەوانەی پەتییخوازەکانــەوە، ئــەو چــەمك و وشــە عــەرەبیی و فارســییانەیان پەسەندکرد کە ببوونە بەشێك لە زمانی رۆژانە.

دوای چاکسازیی ئەلف وبێ، لەبەر چەندین هۆ پەتییخوازیی بەتوندیی هاتە پێش. بە پلـەی یەکـەم، سـەرکەوتن لـە چاکـسازیی ئـەلف وبێدا هـانی ئـەو بیرۆکەیـەی دا کـە ئـەم شـێوازە (شۆڕش بـە بڕیـار) شیاوە. بەپلـەی دووەمـیش، سروشـتی نووسـینە نوێیەکـە پـەیتییخوازیی هاندا. بەچەشنێك مەبەست لێی وەڵامدانـەوە بـەو دەنگـە راسـتیینانەی تـورکیی گـوتراو بـوو، نــەك گواســتنەوەی هــەمان شــێوازە کۆنەکــەی نووســینی عوسمــانیی بــە پیتــە نوێیــەکان. لەئاکامیشدا بەشێك لەو چەمك و وشانەی لە بنەڕەتدا عـەرەبیی و فارسـیی بـوون بەشـێوەیەکی نەناسـراو و نـاڕوون لـە نووسـینە نوێیەکـەدا دەرکـەوتن. لـە پلـەی سێیەمیـشدا، چارەسـەری

رادیکاڵی پەتییخوازەکان –بۆلابردنی هەموو وشە عەرەبیی و فارسییەکان لە زمانەکەداو داتاشینی وشەی تورکیی–لەگەڵ ئارەزووی نەتەوەییە توندڕەوەکانی ۱۹۳۰کاندا دەهاتەوە.

لە ساڵی ۱۹۳۲دا، مستەفا کەمال دەستیکرد بە بانگێشتکردنی یەکەمین کۆنگرەی زمانەوانیی تورکیی. لەو کۆنگرەیەدا هات و هەرایەکی زۆر لەنێوان پەتییخوازەکان و میانڕەوەکان و هەروەها کۆنەپارێزەکاندا پەیدابوو. میانڕەوەکان پێیان وابوو کە زمان لە ڕێگەی شۆڕشەوە یان بە بڕیارو سەپاندن ناگۆڕێت. ئەوەش بە شێوەی هێرشێکی ناڕاستەوخۆ دژی ئەو گۆڕانە شۆڕشگێڕییانەی کە ڕاستەوخۆ سەرۆک هانیدابوون و وەك نیشانەیەکیش بۆ عەقڵییەتی دژە شۆڕشگێڕانە لێکدرایەوەو بەرپەرچدرایەوە. هەر بەرنامەیەکی چاکسازیی ئامادەکراو کۆمەڵەیەکیش بۆ کۆڵینەوەی زمانی تورکیی(تورك دیلی تەتقیق جەمعیەت/کۆمەڵەی وردبینیی زمانی تورکیی) لە دواتردا دامەزرێنرا کە پاشتر بووە(تورك دیلی کورمو/کۆمەڵەی کۆڵینەوەی زمانی تورکیی). ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بە پەرۆشەوە کەوتنە کۆکردنەوەی چەمك و وشەکان لە زارەکان، سەرچاوە ئەدەبییە کۆنەکان، تەنانەت زمانی تورکیی لە ئاسیای ناوەڕاست بۆئەوەی لەبری چەمکە عوسمانییەکان دایاننێن.

جوڵانەوەکە هەرزوو گرفتی هاتەپێش، دانیشتووانەکە تەنیا بەشێك لەو وشە نوێیانەیان بەکاردەهێنا و لەپاڵ ئەو وشانەدا دایاندەنا کە دەبوایە شوێنی بگرتانایەتەوە، ئەوەش مانایەکی جیاوازی دەدا بەو وشانە. زمانێکی داتاشراوی ئاڵۆز پەیدا ببوو. مستەفا کەمال خۆی بەو زمانە تەواو ئاڵۆزە نوێیە چەند گوتارێکی لە ساڵی ۱۹۳٤ دا پێشکەشکرد، بەڵام لە ساڵی ۱۹۳۵دا زیاتر بۆ زمانێکی سونەتیی بایدایەوە.[72] جوڵانەوەی چاکسازیی زمان بەشێوەیەکی کاتیی لەو تەنگەژەیە رزگاریی بوو، ئەویش بە گرتنەبەری "گوینەش دیلی تیۆریسی/تیۆری ڕۆژی زمان". ئەم تیۆرە پێیوابوو کە هەموو زمانەکان لە بنەڕەتەوە لەیەك سەرچاوەی سەرەتاییەوە هەڵدەقوڵێن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە قسەی پێکراوە. زمانی تورکییش شورەیەکە لەنێوان گشت زمانەکان و ئەو زمانە سەرەتاییەیە، بەوەش هەموو زمانەکان لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە لەو زمانە سەرەتاییەوە پەرەیانگرتووە. ئەم تیۆرە لەلایەن"کڤێرجیس"ناوێکی ڕۆژهەڵاتناسی ڤینسییەوە داتاشرابوو، بەشێوەیەکی

---

[72] بەناوبانگترین نموونەی ئەم تورکییە نوێیە ئەو گوتارەی ئەتاتورکە کە لە ئێوارە خوانێکدا بە ئامادەبوونی شازادەی سویدی لە ۳ی ئۆکتۆبەری ۱۹۳٤دا پێشکەشی کرد.
Atatürk’ün söylev ve demeçleri II (1906–1938), Ankara: TTK, 1959, 277–8.

گومانلێکراوانە لەلایەن زمانەوانانی تورکەوە پێشوازیی لێکرا. بەڵام پشتگیریی مستەفا کەمالی بەدەستهێنا، هەربۆیە فەرمانی بە کۆمەڵەی کۆڵینەوەی زمانی تورکیی دا کە بەدرێژیی لێی بکۆڵنەوە. لە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەکەدا کە لە ساڵی ١٩٣٦دا بەسترا، بەفرمیی ئەم تیۆرە گیرایەبەرو چەند کۆرسێکی لە دەزگای هونەرەکان لە ئەنکەرە بۆ کرایەوە کە ئامادەبووانی بەزۆر بانگدەکران. دیارە هۆکارێکی کرداریی فرە گرنگ هەبوو بۆ سەرکەوتنی ئەم تیۆرە، گەر هەموو وشەکان لە زمانی تورکییەوە هاتبێتن، چیدی پێویست بەوە ناکات پەتیی بکرێتو لەو زمانە دەرهاویژرێن. بەڵکو دەتوانرێت زۆر بە ساکاریی لەرێگەی ئیتمۆلۆجییەکی ساختکارییەوە دەتوانرێت"خۆماڵیی" بکرێت. وێڕای ئەوەی کە زۆربەی تورک، هاوکات لەگەڵ سەرۆکەکەیاندا، بەم تەرزە بڕوایە سەرسام بوون. لەپاش مردنی ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٣٨دا، جوڵانەوەی چاکسازیی زمان تینوتاوی خۆی لەدەستدا. ئەوەی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی بەردەوام بووەوە، بەڵام چیدی حکومەت چالاکانە پشتگیریی لێنەکرد.

وێڕای بەردەوامیی، مەسەلەی بوونو تیۆریزەکردنی کۆمەڵەی زمانەوانیی، قەرزاری کاری (تورك تەئریخ کورومو/کۆمەڵەی کۆڵینەوەی مێژووی تورك) کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٣١دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە لە یەکەمین کۆنگرەیدا کە لە ساڵی ١٩٣٢دا لە ئەنکەرە بەسترا، بۆ یەکەمجار (تێزی مێژووی تورك) راگەیەندرا. ئەم تیۆرە کە مستەفا کەمال بەجەختەوە پشتگیریی لێکرد دەڵێت: تورکان نەوەی (ئاریی)ە سپی پێستەکانو لەناوەڕاستی ئاسیادا نیشتەجێ بوون کە بەهۆی فشاری وشکەساڵییو برسێتیی ناچاربوون بەرەو ناوچەکانی دیکەی وەك چین، ئەوروپاو رۆژهەلاتی نزیك کۆچبکەنو بەوەش توانیویانە شارستانییەتە مەزنەکانی جیهان بئافرێنن. لەرۆژهەڵاتی نزیك، سۆمەرییەکانو هیتییەکان لەراستییدا تورکانی سەرەتایی بوون (رێکەوت نەبوو ئەو دوو بانکە سەرەکییەی کە لەساڵی ١٩٣٠دا دامەزرێنران بەناوی "سۆمەر بانك"و "هیتی بانك"ەوە نانرابوون. ئەتیلاو جەنگیزخان وەك خولقێنەری دوو پەیامی شارستانییەتی وێنا دەکران. ئامانجی تیۆرەکە پێدانی هەستی شانازیی بوو بە تورکان سەبارەت بە مێژووی خۆیانو هەروەها ناسنامەی نەتەوایەتییاندا بەجیاواز لە سەردەمەکانی ناوەراست کە قۆناغی عوسمانیی پێدەگوترێت. راگەیاندنی ئەوەی کە هیتییەکانو تۆرانییەکان رۆڵیان هەبوو لەوەی کە ئەنەدۆڵ لەدێرزەمانەوە لانکی تورکان بووە. ئەوەش ریشەی هاوڵاتیانی کۆمارەکە بە قووڵایی ئەو خاکەی کەلەسەری نیشتەجێبوون دەچەسپێنێت. ئەوەش یەك لەو رێگایانە بوو کە رێبەرانی کەمالیست

لـــەپێناوی بنیاتنـــانی ناســـنامەیەکی نەتەوایـــەتیی نـــوێو هاوبەســـتەگیی نەتەوایـــەتیی گرتبوویانەبەر. بەمـەش ناتوانرێت بگوترێت کـە شـێوازێکی گاڵتـەجاڕیی تـەڵقین ئـامێز بـوو، هاوکات لەگەڵ تیۆرە زمانەوانییەکان، بەڵگەی زۆرهەن کە مستەفا کەمال خۆی و هەروەها زۆربەی ڕێبەرانی سیاسیی نەتەوەیی و دەزگا فەرهەنگییەکان بڕوایان پێی هەبوو.

لەساڵی ١٩٣٢بەرەوسەر، تێزە مێژووییەکان بنەمایەکی سەرەکیی فێرکردنی مێژوو بوو لە خوێندنگەو زانکۆکاندا. تەنانەت بانگەشە توندڕەوەکانی لە کۆتایی چلەکانەوە بەتەواویی کزبوو، بەڵام پاشماوەکانی تا ئێستاش لە کتێبی خوێندنگەکاندا دەبینرێن.[٧٣]

لەوەدەچێت نەتەوایەتیی توندڕەو کە تێزە مێژووییەکانی لەخۆدەگرت، پێچەوانەی ئەو سەرسامبوونو لاساییکردنەوەیە بوو کە تایبەتمەندیی سیاسەتەکانی کەمالیستەکان بوو. بـەڵام لەڕاسـتییدا ئاسـانکاریی بـۆ گرتنەبـەری شـێوازەکانی ڕۆژئـاوا کـرد. لەلایەکـەوە، جەختکردنـەوە لـە کەلـەپووری تـورکیی، تەنانـەت ئەگـەر بەشـێوەیەکی مـەزنیش ئەفسانەیی بێـت، وەك شـتێکی جیـا لـە شارسـتانییەتیی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتو ئیـسلام، مەسـەلەی گـۆڕینی بـەهاکانی لـە شـێوازە شارسـتانییەتە سـونەتییە ڕۆژهـەڵات ناوەڕاسـتییەکەی بـۆ شـێوازی ڕۆژئـاوایی گـۆڕیی. لەلایـەکی تـرەوە، هەسـتێکی قـووڵیی ناسـنامەی نەتـەوەیی و شانازیی نەتـەوەیی لـەنێو تورکاندا، بەتایبـەتیی لـەنێو نـەوەکانی لاواندا چاند، کە هێنـدێك جـار تـا ئاسـتی باڵادەسـتیی نەتەوایـەتیی دەڕۆیـشت، کـە لـە ڕووی ڕەوانییـەوە بـۆ شوێنکەوتەیی ئەورووپا پارسەنگێکی پێویست بوو.

بایەخـدارترین هـەنگاو لـە سـێکیولاریزەکردنی ژیـانی کۆمەڵایەتییـدا بریتییـە لـە سـەرکوتکردنی ڕێبـازە سـۆفییگەراکان. ئـەوەی لـە سێپتەمبەردا ڕاگەیەنـدراو لـە نۆڤەمبـەری ١٩٢٥یشدا خرایەگەڕ. ئەم ڕێبازە سۆفییگەرایانە بە درێژایی مێژووی عوسمانیی، ئەرکێکی ئاینیی و کۆمەڵایـەتییان جێبەجێدەکرد. لـە ڕووی ڕەوانییـەوە ئەمانـە ڕەهەنـدێکی ڕۆحـانیی و ویژدانییان پێشکەشدەکرد کە دەزگای باڵای ئاینیی "عولەما" تاڕادەیەك لێی بێبەش بوو. لە هـەمان کاتیـشدا ئەمانـە وەك تۆڕێـك ڕاژەیـان بـە هاوبەسـتەگیی و پاراسـتنو هـەروەها بزاوتـی کۆمەڵایـەتیی دەکرد. واپێدەچێت ئـەم ڕێبازانـە وەك کاردانەوەیـەك دژی ئـابووریی و جمـانیی سیاسـیی و کـەلتووریی ڕۆژئـاوا، تەنانـەت لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیـەمو سـەرەتای سـەدەی بیستەمدا زیاتر چالاکتربوون. وەك ئەو حاڵەتەی لە دەوڵەتی عوسمانییدا هـەبوو، پەیوەنـدیی

---

[73] . Büşra Ersanlı Behar (1992) İktidar ve tarih: Türkiye’de “resmi tarih” tezinin oluşumu (1929–1937), Istanbul: AFA, 203.

نێوان تورکە لاوەکانو ئەم ڕێبازە سۆفییگەرایانە ناجێگیر بوو. لەلایەکەوە لەوەدەچێت ڕێبازی بەکتاشیی (کە نزیك بوون لە شیعەکانەوە)، پشتگیرییان لە (ك.ى.پ)و هەروەها جوڵانەوەی بەرەنگاریی ئەنەدۆڵیان کرد. ڕێبازی مەولەویی(شوێنکەوتووانی کەسایەتیی ڕۆحانیی"جەلالەدینی ڕۆمیی"بوون) لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا بەتالیۆنێکی تایبەت بەخۆیان بەشدارییان کرد. لەلایەکی ترەوە، ڕێبازیی نەقشبەندیی هەردوو ڕاپەڕینە دژی دەستوورییەکەی ۱۹۰۹و یاخییبوونە کوردییەکەی ساڵی ۱۹۲۵ی ڕێبەرایەتیی کرد. پێگەی سیاسیی ئەو ڕێبازانە هەرچییەك بێت، تۆڕە بەربڵاوەکانیان لە خانەقاو مەزارگاکان، ملکەچیی و گوێڕایەڵیی موریدەکان بۆ شێخەکانیان، هەروەها داخراویی و ئەو نهێنگەراییە فەرهەنگییەی ئەو ڕێبازانەی پیێ دەناسران، وای لێکردبوون کە تاپلەیەکی وا سەربەخۆبن کە بۆ حکومەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخی ناوەندگەرا قووت نەدەچوو.

بە فراوانکردنی هەنگاوەکانی سێکیولاریزەکردنو ئاراستەکردنی بۆ ئەودیوی ئیسلامیی فەرمیی و دەزگاکانی، کەمالیستەکان نها کەوتنە دەستکارییکردنی ڕەگەزە زیندووەکانی ئاینیی لەنێو خەڵکدا وەك: جلوبەرگ، لەچكو ڕووپۆش، دوعاو فاڵچییەکان، شێخە پیرۆزەکان، مەزارگەکان، حەجو سەردانی شوێنە پیرۆزەکانو جەژنو ئاهەنگە ئاینییەکان. ئەو نارەزاییەتییەی کە ئەم دەستکارییکردنانە هێنایەکایەوەو ئەو بەرگرییەی لەدژیان ئەنجامدرا زۆر لەوە زیاتر بوو کە لەکاتی هێندێك حاڵەتی وەك: هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتو پێگەی شەیخولئیسلامو خوێندنگە ئاینییەکاندا دروست بوو، ئەوەی تەنیا بۆ ئاینیی "باڵا"و فەرمیی گرنگ بوو.

لەکاتێکدا حکومەت لەسەرکوتکردنی نارەزایەتییە ئاینییەکانی دانیشتووان، لانی کەم لەشارەکاندا، سەرکەوت. ئەم ڕێبازانە لەواقیعدا ون نەبوونو مانەوە، ڕێبازەکان بەئاسانیی تاڕادەیەکی مەزن لە ژێر زەمینەکاندا بەنهێنیی مانەوە. بەڵام لەماوەی بەڕێوەچوونی سەپاندنی دەسەڵاتسەپێنیی و زێدەبوونی کینەی خەڵك دژ بە ڕژێمو فشارو سەرکوتی ئیسلامی میللی. کەمالیستەکان ئیسلامیان بە سیاسەتەوە بەستەوە، بەوەش کرایە گالیسکەیەك بۆ نارەزایەتیی. پیاو دەتوانێت بڵێت، بە وەرچەرخان بەئاراستەی دژایەتیی ئاینیی میللی، ئەو بەستیینەیە قرتا کە کەمالیستەکانی بە جەماوەری دانیشتووانەوە بەستبووەوە.

لەماوەی ساڵانی ۱۹۳۰کاندا، حکومەت هانی هەوڵگەلێکی دەدا بۆ بە نەتەوەییکردنو هاوچەرخکردنی ئیسلام. بەڵام بایەخی ئەم"چاکسازییە تورکییە" بۆ دەستەبژێرێکی

بچووکی سنووردار بوو، هەروەها دیارترین رووخساری خۆی لە گۆڕینی بانگی عەرەبییدا (بانگدان لە منارەکانەوە) بۆ تورکیی بوو، کە لەلایەن حکومەتەوە لە ساڵی ١٩٣٢دا سەپێنرا.[٧٤] ئەم هەوڵە کاتێك درا کە پێشتر ئەزموونێك لەو رووەوە لەگەڵ " مەولود"هەبوو، ئەوەی پەیوەندیی بە ژیاننامەی پەیامبەرەوە هەیە، هەروەها لەگەڵ گوتاری تورکێنراوی رۆژی هەینییدا.

لە هەمووی گرنگتر، جوڵانەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکەی "سەعید نورسی" بوو کە شوێنکەوتووانی بە "بەدیعولزەمان" ناوی دەبەن و لە ١٩٣٠کاندا دامەزرا. نورسی پەیوەندییەکی هەمەلایەنەی لەگەڵ تورکە لاوەکاندا هەبوو. بەشداریی لە دژەشۆڕشەکەی ساڵی ١٩٠٩دا کرد، بەڵام هەروەها وەك پرۆپاگەندەکارێکی تەشکیلاتی مەخسووسە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا راژەی کرد. پشتگیریی لە جوڵانەوەی بەرگرییکاری نەتەوەیی کرد بەڵام لەئاست ئاراستە سێکیولاریستییەکەیدا لە ساڵی ١٩٢٣دا سڵەمییەوە. هەر لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەکەوە، سەعید خوازیاری ئەوەبوو کە وەك گوتاربێژێکی ئاینیی بەتایبەت لە رۆژهەڵات بناسرێت. دوای راپەڕینەکەی شێخ سەعید، لەگەڵ چەند کوردێکی ناوداری ئەو کاتەدا دەستبەسەرکران و بەزۆر لە شاری ئەسبارتە لە رۆژئاوا نیشتەجێکران. لە ١٩٢٠کانەوە بەرەوسەر، ئەو گوتارە ئامۆژگارییەکانی لە نامیلکەو پێپەڕدا دەنووسی کە دواتر پێکەوە ناوی"رەسائل ئەلنور/پەیامەکانی رووناکیی" لێنرا. ئەو لەو نامانەدا داوا لە موسوڵمانان دەکات کە "یەکێتی خواد" بکەنە بناغەیەك بۆ ژیانیان. بەڵام زانستە هاوچەرخەکان و تەکنەلۆژیا بخوێنن و فێری بن تا لەپێناوی ئیسلامدا سوودی لێ ببینن، ئەوەی لەدیدی ئەودا تەنیا بنەمای هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتییە.

لەنێوان ساڵی ١٩٣٥، هەروەها ١٩٥٣ دا سەعید نورسی زیندانیی کراو چەند جارێك بە تۆمەتی بەکارهێنانی ئاین بۆ مەبەستی سیاسیی دادگایی کراوە. بەڵام لەو کاتەدا کە سەعید نورسی داوای هاوبەستەگیی کۆمەڵایەتیی دەکردو هەریەك لە سێکیولاریزم و نەتەوەخوازیی رەتکردەوە، تاکۆتایی ١٩٥٠کان راستەوخۆ لە چالاکیی سیاسییەوە تێوەنەگلا. لەسەردەمی کەمالیستیدا، نووسینەکانی قەدەغەکران، بەڵام ئەو ناوەندە ئاینییە گەشەکردووەی رێبازەکەی نووسینەکانیان بەدەست دەنووسییەوەو کۆپییان لێ هەڵدەگرتەوە. پاش مردنی،

[74] Gotthard Jaeschke (1951) 'Der Islam in der neuen Türkei: Eine rechtsgeschichtliche Untersuchung', *Welt des Islams Neue Serie*, 1, 74–6.

جولانـەوەی "نورچـو" وەك پێیـدەگوترا، لـە گەشـەكردن بـەردەوام بـووو لـە توركیـادا زۆر كاریگەر بوو، هەروەها لەنێو كرێكارانی رەوندی توركیی لە دەرەوە.

چاكسازیی كەمالیـستەكان بەتـەواویی رووخـساری توركیـای گـۆڕی، ئـەو راسـتییەی كـە دەوڵـەتێكی موسـوڵمانی نائـەورووپیی ئـەوەی هەڵبـژاردووە كـە رابـردووی خـۆی توڕبـدات‌و بەدوای ئەورووپاوە وێڵ بێت. ئەوەی لە رۆژئاوا سەرنجراكێشانێكی مەزنی بەخۆوەبینی. ئـەو راسـتییەی كـە توركیایـەكی تـەواو نـوێ‌و هاوچـەرخ‌و جیـاواز هـەڵتۆقیبوو بەگـشتیی پەسـەندكرا(ناونیـشانی چـەندین كتـێبی بـەناوبانگ لـە ١٩٣٠كـان‌و ١٩٤٠كانـدا لـەبارەی توركیـاوە گـەواهی دەدەن، وەك {وەرچـەرخانی توركیـا، هێنـری ئەلیـشا ئەلیـەن، ١٩٣٥}، {توركـە نوێیـەكان، ئیلینـەر بیـسبی،١٩٥١}، {توركیـای كـۆن‌و نـوێ، سـێر هـاری لـوك، ١٩٣٥}، {توركیای هاوچەرخ، جیۆفری لێویس، ١٩٥٥} و زۆری دیكە.

بەگشتیی ئـەم نووسـەرانە زێدەڕۆییان لـەو ئاستەدا كردبـوو كـە كۆمەڵگـەی تـوركیی تێدا گۆڕابوو. لەكۆتایی ١٩٣٠كاندا، شارە هەرێمییەكان بە شێوەیەكی بەرچاو دەستیان بە گۆڕان كردبوو. ناوەندی شارە كۆنەكان هێشتا لە حاڵەتێكی خراپدا مابوونەوە. بەڵام كەمالیستەكان دەستیان بە بنیادنانی شاری نوێ كرد، زۆربـەی جار بە درێـژایی ئەو رێگایانـەی (زۆربـەی جار نـوێ بوون) كـە وێستگەی قـەتاری لێبـوون. لەگـەڵ تـەلاری هاوچـەرخ، پـاركی گـشتیی، باخـچەی پـشوودان بـۆ چـا خواردنـەوە، سـینەما‌و پەیكـەری ئـەتاتورك. زۆربـەی شـارە هەرێمییـەكان نها خـاوەنی وێستگەی ئەلـەكتریكی تایبـەتی خۆیـان بوون، كەمالیستەكان لـە شـارو شـارۆكەكاندا بەشـێوەیەكی بەرچـاو لـە راكێـشانی دەسـتە‌و تـاقمی لایـەنگرانی بـیرو دروشمـەكانی پـۆزتڤیتیزم‌و سـێكیولاریزم‌و مـۆدێرنیزم سـەركەوتنیان بەدەسـتهێنا. بڕبـڕەی پـشتی كەمالیـستیی "شـۆڕش لـە شـارەكاندا" لـە بیرۆكراتـەكان، ئەفـسەران، مامۆسـتایان، پزیـشكان،پارێزەران‌و بەڵێنـدەرانی پـرۆژە بازرگانییـە گـەورەكان پێكـدەهات. پیـشەگەران‌و وردە بازرگانەكان بڕبڕەی پشتی كەلتوورە سونەتییە سەركوتكراوەكەیان پێكدەهێنا.

هەمان كات، چاكسازییەكان بە سەختی كاریگـەریی خـۆی لـە ژیـانی لادێدا هـەبوو، ئەوەی بەشێكی مەزنی دانیشتووانی توركی پێكدەهێنا. جووتیارێك یـان شـوانێكی ئەنـەدۆڵ چیدی هەرگیز فێسیان لەسەر نەدەكرد، وەك شتێكی تایبەت بە قەدەغەكردنی هێندە قەڵس نـەبوون. چیدی ژنەكـەی رووپۆشـی نەدەپۆشـی، ئـەو راسـتییەی كـە بـەكارهێنانی رێگـەی پێنـەدەدرا بۆخـۆی یـان ژنەكـەی بایـەخێكی نـەبوو. ئـەو نەیـدەتوانی بنووسـێت‌و بخوێنێتـەوە، هەربۆیـە درك كردنێكی مادیی سەبارەت بە شێوەی نووسینی زمانەكەوە نەبوو. وێڕای ئـەو راسـتییەی

که تەنیا پیاو لە گوندەکەدا کە توانای نووسین و خوێندنەوەی هەبێت مەلای گوندەکە بوو، ئەوەی لە رووی مەیلی ئاینییەوە خوازیاری مانەوەی ئەلف وبێی عەرەبییەکە بوو. ئەو دەبوایە لە ساڵی ١٩٣٤ەوە ناوی بنەماڵەکەی لەخۆی بنایە، بەڵام تەواوی گوندەکە لەسەر بەکارهێنانی یەکەمین ناو بەردەوام بوون(کە تا نها بۆخۆی پرسێکە)، ناوی خێزان تەنیا بۆ بۆنە فەرمییەکان بەکاردەهێنرا. یاسا نوێیەکەی خێزان، فرەژنی قەدەغەکرد. بەڵام ئەو جووتیارانەی کە لە توانایاندا بوو هێشتا بە تەواویی زۆربەی جار ژنی دووەمیان لە ماڵەکانیان دەئاخنی، بێئەوەی بە فەرمیی بیهێنن و گەر پێویستیشی بکردایە منداڵەکانیشیان دەکرد بەناوی ژنە فەرمییەکەیانەوە.

هەوڵگەلێك هەبوون بۆ ئەوەی چاکسازییکان گوندەکانیش بگرنەوە، بۆئەوەی تەکنیکی هاوچەرخ پەرەپێبدەن و بەهاکانی پۆزەتیڤیزم و سێکیولاریزم بچەسپێنن. "خانەکانی گەل" یەك لەو هەولانەیان پێکدەهێنا، هەوڵێکی دیکە بریتیبوو لە دامەزراندنی "کۆمەڵەی لادێ". لە ساڵی ١٩٣٥دا، گالیسکەی ئەلف وبێ هەولی لەناوبردنی نەخوێندەوارییی لە گوندو ناوچە لادێنشینە تورکییەکاندا دەستپێکرد. لەوکاتەدا، لە ٤٠,٠٠٠ گوندی تورکیی تەنیا ٥٠٠٠ هەزاریان خوێندنگەی تێدا بوو(زۆربەیان سێ پۆلی تێدا بوو)، هێندێکیان زۆر سەرەتایی بوون و تەنیا یەك مامۆستایان هەبوو. ئەو پیاوەی بەرپرسیاری ئەم هەڵمەتە بوو "ئیسماعیل حەقی تۆنگوچ" بوو کە نەقیبی مامۆستایانی تورك بوو، ئەوەی هزرە پەروەردەییەکانی "دێوی"و "کریسچنێستینەر"ی لە ئەڵمانیا خوێندبوو.

یەکەمین هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەخوێندەوارییی ئەوەبوو کە لاوانی لادێی، ئەوانەی لە سوپادا فێری خوێندنەوەو نووسین کرابوون، لە خولێکی شەش مانگیدا رابهێنرێن و پاشتر وەك پەروەردەکار رەوانەی لادێکانیان بکرێنەوە. کاتێك ئەم چارەسەرە زۆر قنیاتکەر نەبوو، دەرفەت بە تۆنگوج درا کە بیرۆکەی خۆی جێبەجێبکات، بەوەی پەیمانگەیەك بۆ ئەو ئەزموونە پێکبهێنێت کە منداڵانی لادێی تێدا پەروەردە بکرێن بۆئەوەی بکرێنە مامۆستای خوێندنگە سەرەتاییەکان، هاوکات فێری تەکنیکی هاوچەرخ و شارەزایی کشتوکاڵییش بکرێن. ئامانجی ئەم پەیمانگەیە ئەوە بوو کە خەڵکانێك بۆ ئەو گوندانە بەرهەم بهێنرێت کە نەك هەر منداڵەکانیان فێری خوێندن و نووسین بکات، بەڵکو خەڵکانی گوندیش بە زانستەکان و تەکنیکی لادێی زۆر سەرکەوتووبوون لەکاتێکدا بەردەوام بوون، بەڵام بە هاتنی پلورالیزمی سیاسیی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەڕێوەبردنی ئەو پەیمانگایانە کەوتە ئەستۆی حکومەت. کاتێك ئۆپۆزسیۆن ئەم پەیمانگایانەیان بە بڵاوکەرەوەی

بانگەشـەی کۆمۆنیـستیی تۆمـەتبار دەکـرد. حکومـەت ئـەم پەیمانگایانـەی کـردە دەزگایـەکی پەروەردەیی مامۆستایان. کاتێك لەساڵی ١٩٥٠دا پارتی دیموکرات دەسەڵاتی گرتەدەست ، هەموو ئەم دەزگایانەی هەڵوەشاندەوە.

## پەرەسەندنی ئابووریی لە قۆناغی تاکە پارتییدا

لـە ١٩٣٠کانـدا تـەنیا بابـەتێك سیاسـەتکارانی تـورك و رای گـشتیی سـەرقاڵکردبوو، ئـەویش مەسـەلەی ئـابووریی بـوو. ئـەوەی سـەرکردایەتیی تـورك هـەرزوو درکـی بـە گرنگیـی کێـشە ئابوورییـەکان کردبێـت لەوێـدا دەردەکـەوێت کـە لـە فێبرایـەری ١٩٢٣دا بانگێـشتی "یەکـەمین کۆنگرەی ئابووریی تورکیی" لە ئەزمیر کرد. مستەفا کەمال کۆنگرەکەی بە گوتارێك کردەوە تێیدا جەختی لە بایەخی ئابوورییەکی سەربەخۆ کردەوە پاش ئەوەی سـەربەخۆیی سیاسـیی نهـا بەدەسـتهێنرابوو. ئـەو لێـرەدا بێگومـان وێـڕای ئامـادەبووان، رووی زمـانی ئاراسـتەی نوێنـەرانی فەرەنـسیی و بـەریتانیی کـرد کـە لـە کۆنفرانـسی ئاشـتییدا بـوون. لـە کۆنگرەکـەدا ١١٠٠ نوێنـەر لـە :جووتیـاران، بازرگانـان، کرێکـاران، هـەروەها پیـشەسازکاران کـە سیاسـەتە ئابوورییەکانیان تاوتوێ کرد. ئەوانەی بڕیارەکانی خۆیان لەگەڵ (نۆ بنەماکە)دا جێکردەوە، ئـەو بەرنامـە نۆخاڵییـەی پـارتی گـەل کـە لـە ئەپرڵـدا بڵاوکرایـەوە.[٧٥] زۆربـەی گەنگەشـەکان بـۆ هـەمان ئـەو بابەتانـە تـەرخانکرابوو کـە تورکـە لاوەکـانی پـێش جـەنگی دابەشـکرد بـوو. واتـە هەڵبـژاردن لـەنێوان لیبراڵیـسم یـاخود دەسـتوەردانی دەوڵـەت لـە بەرنامـەی "ئـابووریی نەتـەوەیی". کـۆنگرە داوای پاراسـتنی پیـشەسازیی خۆمـاڵیی کـرد، بـەڵام دژی وەبـەرهێنانی بیـانیی نەوەسـتا، بـەو مەرجـەی جیـاوگی مامەڵەیـەکی جیـاواز بـە بیانییـەکان نـەدرێت. سـەرکردایەتیی بریـارە تاڕادەیـەك ناکۆکەکـەکانی کـۆنگرەی گرتەبـەر تـا پێـشانی بـدات کـە بانگەشـەی ئـابووریی تێکـەڵ دەکـات، وێـڕای ئـەوەی کـە دەوڵـەت بەرپرسـیاریی وەبەرهێنانـە سەرەکییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

مـەحموود ئەسعەدی وەزیـری ئـەو دەمـی کاروبـاری ئـابووریی رایگەیانـد کـە سیاسـەتەکانی ئـابووریی تـورکیی لەسـەر بنـەمای " قوتابخانەیـەکی ئـابووریی تـورکیی" بنیـاتنراوە کـە نـە سەرمایەدارییەو نە سۆشیالیستیشە. ئەوەی ئەو قوتابخانە نوێیە باسی لێوەدەکرد هیچ کات بە تەواویی ئاشکرا نەبوو. وێڕای ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو سیاسەتە ئابوورییەی کە لـە سـاڵانی

---

[75] Michael Finefrock (1976) ‘From sultanate to republic: Mustafa Kemal and the structure of Turkish politics 1922–1924’, unpublished Ph.D. thesis, Princeton, 313

١٩٢٠كاندا گیرابووەبەر لیبرالانە بوو بە ئاراستەیەك كە لەسەر بنەمای موڵكایەتیی تایبەتو دەستپێشخەریی بەڕێوەدەچوو. لەلایەكی دیكەشەوە لیبراڵ نەبوو، چونكە ئەوەی كە نەدەبوو دەستێوەردانی دەوڵەت لە پرۆسەی ئابووریيدا بەڕێوەبچێت، نەبوو. لە هەركوێ وەبەرهێنانی سەرەكیی هەبوایە، دەوڵەت دەستی خۆی تێوەردەدا. تارادەیەكی زۆر، گرنگترین وەبەرهێنانەكانی بنیاتنانی ڕێگەی ئاسنیی. هەشت سەد كیلۆمەتر ڕێگە لەنێوان سالانی ١٩٢٣–١٩٢٩، هەروەها لە ١٩٢٩وە هەشت سەد كیلۆمەتری دیكە ڕێگە كاری تێدا دەكرا. لەساڵی ١٩٢٤دا حكومەت بڕیاریدا كۆمپانیاكانی ڕێگەی ئاسنیی بكڕێت كە هی بیانییەكان بوونو دەستیان بەسەر ڕۆژئاوای وڵاتدا گرتبوو. لەساڵی ١٩٣٠دا، ٣٠٠٠ كیلۆمەتر ڕێگە كڕرانو هێشتا ٢٤٠٠كیلۆمەتر لەدەستی بێگانەدا بوون. لەكۆتاییدا هەموویان لە لایەن دەوڵەتی توركییەوە كڕران.

لەساڵی١٩٢٥دا، یەك لە كایە سەرەكییە ئامادەكانی دیكەی بیانیی لە ئابووریيدا كە قۆرغكارییە كۆنەكەی توتنی عوسمانیی بوو، كڕرا. ئەوەی گۆڕا بۆ قۆرغكارییەكی دەوڵەتیی و ژمارەیەك بەشی دیكەش وەك: ئەلكهول، شەكر، شقارتەو دەمەقاچانی گرتەخۆ. ئنجا دەوڵەت بەشێوەیەكی ڕێژەیی ئەم قۆرغكارییانە بۆ كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت گواستەوە.

هەروەها دەوڵەت خوازیاربوو ژێرخانی دارایی پەرەپێبدات. بانكی عوسمانیی تا ئەو كاتە گەورەترین بانكی وڵات بوو. بەڵام لە ماوەی ١٩٢٤–١٩٢٥دا بانكی كشتوكاڵیی ڕێكخرایەوەو دوو بانكی نوێش دامەزرێنران: "ئیش بانكەسی/بانكی كار"و "سانای بانكەسی/بانكی پیشەسازیی". مستەفا كەمال خۆی قەرزی بەسوودی لە بانكی كار وەرگرت. ئەو بەخشینەی لە وەبەرهێناندا خستەگەڕ كە لەلایەن موسوڵمانێكی هندییەوە لەماوەی خەباتی نەتەوەییدا بۆی نێردرابوو. بەڵام مژدەی سەرەكیی بۆ بانكە نوێ كشتوكاڵییەكە ئەو ئاوێتەبوونە ناچارییە بوو كە لەگەڵ بانكێكی فرە گەورەتری وەك "ئیعتیبار میللی بانكەسی/بانكی لەبەرچاوگرتنی نەتەوەیی" هاتەئارا. ئەو بانكەی كە لەلایەن (ك.ی.پ)ەوە وەك بەشێك لەبەرنامەی ئابووریی نەتەوەیی لە ماوەی جەنگی یەكەمی جیهانییدا دامەزرابوو.[٧٦]

پیشەسازیی توركیی هێشتا هەر لاوازبوو بەشێوەیەك كاتێكی زۆری دەویست بۆ ئەوەی كاریگەریی كۆچی یۆنانییو ئەرمەنیی لەسەر كەمبكرێتەوەو سەرلەنوێ ڕێكبخرێتەوە.

---

[76] Uygur Kocabaşoğlu (ed.) (2001) *Türkiye İş Bankası tarihi*, Istanbul: İş Bankası, 112 ff.

خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی لۆزان تا ساڵی ١٩٢٩ ڕێگەی لە تورکیا گرتبوو کە باجی کەلوپەلە گرنگەکانی بەرزبکاتەوەو هەروەها لەلایەن هێندێك مێژوونووسانەوە ئاماژە بەوەدراوە کە نەمانی بازرگانە یۆنانییو ئەرمەنییەکان لە واقیعدا ڕێگەی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان خۆشکرد ڕاستەوخۆ بڕژێنە نێو بازاڕەکانی تورکیاو دەستی بەسەردا بگرنو ڕکابەرە سەرەکییەکانی خۆیانی تێدا دەربپەڕێنن. لەساڵی ١٩٢٧دا، تورکیا زیاتر لە ٦٥٠٠٠ کارگەی پیشەسازیی هەبوون کە تێکڕای ٢٥٠,٠٠٠ کرێکاریان دەگرتەخۆ، بەڵام لەو کارگانە تەنیا ٢٨٢٢ دانەیان ماشێنی تێدا بەکار دەهات، زۆرینەیان ئەوانەبوون کە مانیفاکتۆرە بوونو پیشەگەران تێیدا هەڵدەسوڕان.[٧٧] لەساڵی ١٩٢٧دا، "یاسای هاندانی پیشەسازیی"دەرچوو کە لەسەر بنەمای هەمان یاسا بنیاتنرابوو کە لەساڵی ١٩١٣دا دەرچووبوو. ئەم یاسایە باجی لەسەر ئەو کارگە پیشەسازییە نوێیانە هەڵگرتبوو کە لە فراوانبووندا بوون. کاتێك ئەو سنووردارییەی کە لە لۆزانەوە سەپێنرابوو لەساڵی ١٩٢٩دا هەڵگیرا، ڕاستەوخۆ باجی کەلوپەلە گرنگەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادکرا(کە بەشێوەیەکی زێدەتر زیانی لە دەزگا بازرگانییە تورکییەکاندا وەك بەرهەمهێنە بیانییەکان). وێڕای ئەوەی لاوازیی بەڵێندەری شارەزاو لێهاتوو، هەروەها لاوازی بازاڕی پەرەسەندوو، ڕێگەی لە فراوانبوونی خێرای کەرتی پیشەسازیی گرت.

کایەی مەزنی ئابووریی تورکیی تاڕادەیەکی زۆر هێشتا کەرتی کشتوکاڵیی بوو، چاکسازیی لەم بوارەدا لە ساڵە بەراییەکانی پاش جەنگدا سەرنجڕاکێش بوو(٩٠ لەسەدی لەماوەی ساڵانی ١٩٢٣–١٩٢٦دا بوو). جووتیاران لە ڕووی هەڵگرتنی باجی دەیەك لە ساڵی ١٩٢٥داو گۆڕینی بە باجی بەرهەمی فرۆشراو سوودمەند ببوون. لە ساڵانی ١٩٢٧و ١٩٢٨دا، کشتوکاڵ بەهۆی وشکەساڵییەکی درێژخایەنەوە زیانی بەرکەوت، لە پاش ماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٧و ١٩٣٠دا، گەشەکردن لەم کەرتەدا تەنیا ١١ لەسەد بوو.

سیاسەتی دارایی حکومەت کۆنەپارێز بوو، ئامانجی هاوسەنگیی بودجە، پەنمینێکی کەمو لیرەیەکی بەهێز بوو لەرێگەی سیاسەتێکی توندی دراوەوە. بەڵام تورکیا لەماوەی ١٩٢٠کاندا تووشی پەککەوتەیی بازرگانیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ببوو، ئەوەش بە شێوەیەکی پلە بەپلە ئاستی نرخی گۆڕینەوەی لیرەی هێنایەخوار. ئنجا لەماوەی ساڵی ١٩٢٩و هەروەها ١٩٣٠دا، قەیرانی ئابووریی جیهانیی گەیشتە تورکیاو وەك هەر دەوڵەتێکی

[77] William Hale (1981) The political and economic development of modern Turkey, London: Croom Helm, 43.

کشتوکاڵیی بەتوندیی زیانی پێکەوت. نرخی بەرهەمی دانەوێڵە لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بە ڕێژەی دوو لە سێ دابەزی. مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی بۆ بەرهەمهێنەرانی دانەوێڵە (بە پێچەوانەی بەرهەمهێنەرە پیشەسازییەکان) لەساڵی ١٩٢٩دا ١٠٠مەرج بوو، لەکاتێکدا لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ ٣٠ دابەزیبوو.[٧٨] هێشتا سیستمێکی خۆپارێزیی بۆ ڕێکخستنی نرخەکان دانەنرابوو، هەربۆیە بەرهەمهێنەران هەستیان بە کاریگەریی تەواوی ئەم قەیرانە ئابوورییە کرد. لە ئاکامی لاوازیی توانای کڕینی دانیشتووان و هەروەها بەشی سەپێنراوی حکومەت و سنووردارکردن، هەناردە لە ٢٦٥ملیۆن لیرەوە لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ تەنیا ٨٥ ملیۆن لە ساڵی ١٩٣٢دا دابەزی. هەناردەی کاڵا بەکاربەرەکان هێشتا خێراتر دابەزین. لەئاکامدا، وێڕای دابەزینێکی زۆری نرخی بەرهەمی کشتوکاڵیی، یەکی بازرگانیی تورکیا بەرەو کەڵەکەبوونی سەرمایە لە١٩٣٠کاندا هەنگاوی نا. بەڵام بەشێك لەو زێدەخەرجیی و دەستکراوەییەی کە هاوڵاتیانی تورك پێی ڕاهاتبوون لەنێو بازاڕەکاندا بە ئاسانی نەما. هەروەها مانی ئەوەبوو کە چیدی خۆژێنیی باوەڕێکی سیاسیی نیە بەڵکو پێویستییەکی کردارییە. سەرکەوتن لەبواری بنیاتنانی پیشەسازییەکی تورکی نیمچەسەربەخۆدا بەدیهێنرا، بەڵام لە چوارچێوەی بەرهەمەکانی شەکرو چنیندا قەتیسکرا.

حکومەتی تورکیی وەك هەموو حکومەتەکانی دیکە لەجیهاندا دۆش دامابوو کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە گشتییە ببێتەوە. ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣٢ بە قۆناغی پشکنین دادەنرێت. گەنگەشە لەنێوان (پ.ك.گ) و ئەو پارتە ئۆپۆزسیۆنەی لە ساڵی ١٩٣٠دا لەلایەن ڕژێمەوە دروستکرا، (پ.ك.س) سەبارەت بە سیاسەتی ئابووریی توند بوو. ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لایەنگریی لیبراڵیزمیان دەکردو (پ.ك.گ) لەسایەی ئینۆنودا خوازیاری ڕۆڵی زیاتری حکومەت بوون لە ئابووریدا. لەساڵی ١٩٣١داو لە کۆنگرەی (پ.ك.گ)دا "دەوڵەتچیك/دەوڵەتیبوون" بەشێوەیەکی فەرمیی وەك سیاسەتێکی نوێی ئابووریی و یەك لە پایەکانی ئایدۆلۆژیی کەمالیزم گیرایەبەر . مانای ئەم چەمکە هیچ کات بەتەواویی ڕوون نەکرایەوەو پێناسە نەکرا. لەراستییدا ئەو شێوەیەك نەبوو لە سۆشیالیزم: موڵکایەتیی تایبەت وەك بنچینەی ژیانی ئابووریی مایەوە. زیاتر ئەوەی دەگەیاند کە دەوڵەت بەرپرسیارێتیی ئەنجامدانی ئەو پرۆسە پیشەسازییانە دەگرێتە ئەستۆ کە کەرتی تایبەت توانای تەرخانکردنی سەرمایەی پێویستی نیە تاکو ئەنجامیبدات.کاریگەریی سەرەکیی بۆ فۆرمەڵەکردنی دەوڵەتیبوونی تورکیی بریتیبوو لە یەکێتیی شورەویی، کە یەکەمین قۆناغی

[78] Hale, op. cit., 62.

پلانی پێنج ساڵەی خۆی لە ساڵی ١٩٢٧دا دەستپێکردبوو. لەساڵی ١٩٣٢دا، نێردراوێکی شورەویی سەردانی تورکیای کردو راپۆرتێکی لەمەڕ پەرەسەندنی پیشەسازیی تورکیی ئامادەکرد، تێیدا پێشنیازی ئەوەکرابوو کە جەخت لە پیشەسازیی چنین، ئاسن، ستیل، کاغەز، چیمەنتۆ، شوشەو کیماوییەکان بکرێت. هەروەها یەکێتی شورەویی بڕی ٨ ملیۆن دۆلاری بە زێڕ لەپێناو یارمەتییدانی بەرنامەی پیشەسازیی تورکیی تەرخانکرد.[٧٩] لە ساڵی ١٩٣٣دا یەکەمین پلانی پێنج ساڵەی تورکیی راگەیەندرا. کە بە شێوەیەکی مەزن رێچکەی پێشنیازەکانی شورەوییان گرتەبەر. یەك لە ئاکامەکانی بنیاتنانی کارگەیەکی مەزن رستن بوو لە "کەیسەری"، ئەوەی وایکرد تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر چ لە بەرهەمهێنانی لۆکەی خاو یان پەموون، هەروەها لە هەناردەکردنیشدا، پشت بە کوتاڵی لۆکەی هاوردە ببەستێت.

لە تورکیا، پڕجۆشترین لایەنگری سیاسەتی دەوڵەتییبوون (جگە لە ئینۆنو خۆی کە فرە پەرۆشی ئەو رێبازە بوو) بریتیبوون لە دەستەیەك لە نووسەرە کەمالیستە لاوانەی کە گۆڤاری "کادر"یان لەماوەی ساڵانی ١٩٣٢–١٩٣٤ بڵاودەکردەوە. دەستەی کادر لەو رووەوە زۆر لە سەرکردەی پارتەکەیان تێپەڕاند. خوازیاربوون (پ.ك.گ) بۆ دەستەبژێرێکی بزۆز بگۆڕن. ئەو کادرانەی وەك پاسەوانی شۆڕشی کەمالیستی هەڵدەسوڕان. ئەوان لایەنگریان لە بەرنامەڕێژیی دەوڵەتیی لە تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و فەرهەنگییدا دەکردو دەوڵەتییبوونیان وەك ئالتەناتیڤێکی شیاو و زیندوو، هەروەها وەك رێگەی سێیەم لەهەمبەر کۆمۆنیزم و سەرمایەدارییدا دەبینی. دواجار، ئەم دیدە بەرزەفڕەیان لەلایەن سەرکردایەتیی حیزبەوە وەرنەگیرا، کە پلاندانانێکی سنوورداریان بۆ بواری ئابووریی هەبوو.

لەنێو سەرکردایەتیی خۆیدا دوو رەوتی ناکۆك هەبوو، یەکەمیان عیسمەت ئینۆنو خۆی رێبەری دەکردو پێیوابوو کە دەوڵەتییبوون چارەسەرێکی هەمیشەییەو بۆ هەلومەرجەکەی تورکیا لە سەرمایەداریی لیبراڵیی زۆر چاکترە. ئەوی دیکەیان لەلایەن مەحموود جەلال بایارەوە کە سەرۆکی بانکی کار بوو رێبەرایەتیی دەکراو پێیوابوو کە دەوڵەتییبوون وەك قۆناغێکی گواستنەوە پێویستە تا ئەو کاتەی پیشەسازیی تورکیی دەتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێت. ناکۆکیی نێوان ئەم دوو دەستەیە لە پەرەگرتندا بوو،چونکە هەریەك لە وەزارەتی کاروباری ئابووریی و بانکی کار رووبەڕووی دەرفەتێکی سەرمایەگوزاریی سنووردار ببوونەوە، هەردوکیان بەدوای هەمان شێوەی پرۆژەکاندا وێڵ بوون. کێشەکە ئەو

[79] Hale, op. cit., 56.

دەمە چارەسەر بوو، کاتێك مستەفا کەمال هاتە نێو مەسەلەکەوە، بەوەی لە ساڵی ١٩٣٢دا جەلالی کردە وەزیری کاروباری ئابووریی لە کابینەکەی عیسمەتدا، ئەوەش هەماهەنگیی لە سیاسەتی ئابووریدا مسۆگەرکرد. کاتێك لە ساڵی ١٩٣٧دا، عیسمەت ئینۆنو لابراو جەلال بایار لەشوێنی دانرا، ئاراستەیەکی لیبرالانەی زیاتر گیرایەبەر، بەلام لەساڵی ١٩٣٩وە بەرەوسەر، جارێکی دیکە رەوتی دەوڵەتییبوون فرە بالادەست بووەوە.

لەسایەی پلانە پێنج ساڵییەکەدا، دوو کۆمپانیای بەشداریی بالادەست دامەزرێنران. "بانکی سۆمەر" کە لە پیشەسازیی بەرپرسیار بوو، لە ساڵی ١٩٣٣دا دامەزرا، هەروەها "بانکی هیتیی" کە لە دەرهێنانی سامانە کانزاییەکان بەرپرسیار بوو و لەساڵی ١٩٣٥دا دامەزرا. زۆربەی پرۆژە ئابوورییە دەوڵەتییەکان خرانە ژێر سایەی ئەم دوو دامەزراوەوە. هەروەها شێوازێکی ئاسانکاریی خرایەبەردەم، لەوانە رێگەی پێدرابوو لەبەرامبەر ١ لەسەدی سوود دا، پارە لە بانکی ناوەندیی قەرز بکەن. یاسای ساڵی ١٩٣٨کارەکانی ئەم دوو دامەزراوەی رێکخست. لە رووی تیۆرییەوە، چاوەڕواندەکرا کە پرۆژە ئابوورییە دەوڵەتییەکان، وەك پێیدەگوترا، بە بوونی نیمچە سەربەخۆییەکی گونجاو، بەشێوەکی شیاوتر هەڵدەسوڕێنران. لە رووی کردارییەوە پێکهێنانی ئەم بڕیارە بە سەختیی لەژێر کاریگەریی لەبەرچاوگرتنی سیاسییەوە بوو. کە زۆربەی کات لە دیدی بازرگانیی رووتەوە ناژیرانە بوو. لەکاتێکدا بەشدارییکردنی کەرتی دەوڵەتیی لە ئابووریی تورکییدا لەم چەند دەیە کەمەی دواییدا بەتوندیی رەخنەکرا. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تەواوی نەوەی نوێ لە بەڕێوەبەران و ئەندازیاران، ئەوانەی دواتر رۆڵی گرنگیان لە پەرەسەندنی پیشەسازیی تایبەتدا بینی، کارو شارەزایی خۆیان لە پرۆژە ئابوورییە دەوڵەتییەکانەوە فێر بوون.

هەروەها دەوڵەت لەکەرتی کشتوکاڵییدا خۆی هەڵقورتاند، لەساڵی ١٩٣٢دا، فەرمان بە بانکی کشتوکاڵیی درا، لە رێگەی چاککردن و بیرازکردنی شمەکەکانەوە نرخەکان جێگیر بکات. لەساڵی ١٩٣٨دا ئەم ئەرکە بۆ "تۆپراك مەحسوول ئۆفیس/ ئۆفێسی بەرهەمەکانی خاك"ی تازەدامەزرێنراو گواسترایەوە

لەماوەی نیوەی دووەمی ١٩٣٠کاندا، زێدەبوونێکی باش لە داهاتی گشتیی نەتەوەیی تورکیادا هەبوو کە هاوکات بوو لەگەڵ باشبوونی ئابووریی جیهانیی. هەروەها بازرگانییش رووی لە باشبوون کرد. هەرچەندە زۆربەی ئاڵوگۆڕەکان نها بەشێوەیەکی قەتیسکراو لە چوارچێوەی رێکەوتننامەی دوولایەنە لەنێوان حکومەتەکاندا ئەنجامدەدران. ٥٠ لەسەدی

بازرگـانیی تورکیـا لـە سـاڵانی پـێش جـەنگی دووەمـی جیهانییـدا لەگـەڵ ئـەڵمانیادا یـان هاوپەیمانـەکانی تریـدا بـوو. ئـەوەی ئـەم شـێوازە بازرگانییـەی زیـاتر بـرەو پێـدەدا تـا شـێوازە لیبراڵـە ئابوورییەکـەی رۆژئـاوا. هەرچـەندە ئـابووریی تورکیـا لـە سـەروبەندی هەڵگیرسـاندنی جەنگی دووەمی جیهانییدا هێشتا زۆر پتەوو پارێزراو نەبوو.

وەك پاشـان دەبیـنین، تورکیـا بـۆ ئـەوە کـاری کـرد تـا کۆتاییـەکی درەنگـی جـەنگ بێلایـەن بمێنێتـەوە، لـەپێناوی ئەوەشـدا، هێزەکـانی خـۆی لـەکاتی ئاشـتییدا تـا ئەوپـەڕی زیـادکرد لـە ١٢٠٠٠٠ەوە بــۆ ١,٥ملیــۆن (بێئــەوەی ئامادەباشــیی گــشتیی بــە فــەرمیی رابگەیــەنێت). دابینکردن‌و ئامادەکردنی سوپایەکی بەو چەندە داچۆڕینێکی ئابووریی لێکەوتـەوە. بەشـی وەزارەتـی جـەنگ لـە بودجـەی نەتـەوەیی تـا ٣٠بـۆ ٥٠ لەسـەدا بـەرزبووەوە. حکومـەت بـۆ دابینکردنی ئەو خەرجییە جگە لە بەرزکردنـەوەی بڕی باج‌و لێدانی پارەی زیـدە لەرێگـەی بـانکی ناوەندییـەوە، چارەیەکی دیکـەی لەبەردەمـدا نـەبوو. ئـەوەش هەڵاوسـانی لێکەوتـەوە. ئاماژەکـاری فـەرمیی نرخـی کـاڵا لـەماوەی جەنگـدا لـە ١٠٠وە بـۆ ٤٥٩ سـەرکەوتبوو.[80] جەنگەکە بووەهۆی لێشاوێکی نوێی دەستێوەردانی دەوڵەت لە تێکڕای کایـەکانی ئـابووریی، ئـەوەی لەرێگـەی "میللـی کۆرونمـە قـانونو/یاسـای بـەرگریی نەتـەوەیی"ەوە کـە لـە یەنایـەری ١٩٤٠دا تێپەڕێنرا، مافێکی رەها دەدات بە حکومەت کە نرخ بچەسپێنێت، دەست بەسەر هـەر کەرەسـەیەکدا بگرێـت، تەنانـەت بێگـاریش بسەپێنێت. لـەماوەی شـەڕدا بێگـار بەشـێوەیەکی بەرفراوان بەرێوەدەبرا، بەتایبەت لەبواری پیشەسازییە کانزاییەکاندا.

ئـەو راسـتییەی کـە حکومـەت هێـزی خـۆی بـۆ بەگژداچـوونەوەی هەڵاوسـان لـە رێگـەی جێگیرکردنـی نـرخ لـە ئاسـتە کەمەکەیـدا بـەکارهێنا هاوکـات بـوو لەگـەڵ پـەرەگرتنی ئـەو هەڵاوسـانە بـەهۆی سیاسـەتە دراویی‌و بودجەییەکانیـەوە کـە رێگـەی بـۆ گـەرمکردنی بـازاڕی رەش خۆشــکرد. لەکاتێکــدا بەرهــەمی کــەم و کــەمتر لــە رێگــەی کەناڵــە ئابوورییــە رێکخراوەکانـەوە سـاغدەکرانەوە. ئـەوەی رەوشـەکەی لـە مـاوەی نیـوەی دووەمـی جەنگەکـەدا ئاڵۆزتر کـرد، ئـەوە بـوو کـە حکومـەت کـەم‌و زۆر وازی لـە دەستبەسـەرداگرتنی نـرخ لـەماوەی ١٩٤٢-١٩٤٤ هێنا. تێکڕای بەرهەمی خۆماڵیی تورکیـا، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لـەکۆتایی ناوەڕاستی ١٩٣٠کانەوە زیادیکردبوو، زۆر بەتوندیی لەماوەی جەنگدا دابەزی. ئەوەی کـە تـا سـاڵی ١٩٥٠ نەگەیـشتەوە هـەمان ئاسـتی سـاڵی ١٩٣٠. هـەروەها ئاسـتی گـوزەرانی خـەڵك دابەزیبوو، ئەوەی تەنیا لەسەرەتای ١٩٥٠کاندا بەرەو باشیی چوو.

---

[80] Hale, op. cit., 69.

له کاتێکدا جەنگ بۆ زۆربەی هاوڵاتیانی تورك مانای دابەزینی ئاستی گوزەرانیان بوو، بەڵام ئەم حاڵەتە بەشێکی نەگرتەوە، بازاڕی ڕەش لەلایەك و دەستوەردانی حکومەت بەو ڕادە زۆرە لەلایەکی دیکەوە دەرفەتی بۆ هێندێك لەو خاوەن پلەو پایانە ڕەخساند کە هەلەکە بۆ قازانجی خۆیان بقۆزنەوە،(موڵکدارە گەورەکان، ئەوانەی کاڵای دەرەوەیان دەهێنا، بازرگانەکان و ئەو کارمەندانەی کە گرێبەستەکانی حکومەت و مۆڵەتە بازرگانییەکانیان سەرۆکاریی دەکرد) دەرفەتی قازانج و سوودبردنی زۆریان لەبەردەمدا بوو. هەربۆیە ناڕەزایەتییەکی مەزن دژی ئەم بازرگانانەی جەنگ پەیدا بوو. هەروەها کاردانەوەی حکومەت ڕاگەیاندنی "باجی سامان" بوو لە نۆڤەمبەری ١٩٤٢دا. بەڵام ئەو شێوازەی ئەم یاسایەی پێ جێبەجێکرا خەڵکی تووشی شۆك کرد. کۆمیتە لۆکاڵییەکان کە لە کارمەندە لۆکاڵییەکانی حکومەت و ژووری بازرگانیی پێکدەهات ڕادەی باجەکەیان هەڵدەسەنگاند. لەو ڕووەوە ئاستێکی دیارییکراوی نرخ نەبوو. ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە بازرگانیی شارە گەورەکان بەگشتیی تەواوی باجەکەیاندا. بەتایبەت لە ئەستەمبوڵ، هەروەها دانیشتووانە کەمە ناموسوڵمانەکەش، ئەوانەی دەبوو ئەو باجە بدەن، ئەوانە دەهێنده زیاتریان لە موسوڵمانەکان لێسەندرا و ٥٥ لەسەدی داهاتی باجیان لێوەرگیرا. زێدەباری ئەوەش، ناموسوڵمانەکان ڕێگەیان پێ نەدرا قەرزەکانیان پەرتەوازە بکەن، ئەوان ناچاربوون لەپێناو دانی باجەکەدا ئیشەکانیان یاخود موڵك و ماڵەکانیان بە بیزنسمانە موسوڵمانەکان بفرۆشن، ئەوانەی نەیانتوانی ئەم باجە بدەن لە شوێنەکانیان دەریانکردن یاخود بێگاریان پێکردن. باجی سامان لە مارتی ١٩٤٤دا لەسایەی ڕەخنەکردنی بەریتانیی و ئەمەریکاوە ڕەتکرایەوە، بەڵام ئەو یاسایە زیانێکی قەرەبوونەکراوەی لە متمانەی کەمینەکانی نێو دەوڵەتی تورکیادا دا.[٨١]

پێنج مانگ پاش تێپەڕاندنی باجی سامان، باجێك لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان خرایەسەر باجی سامانی نوێی گوندەکان(کە لەدەستی موڵکدارە گەورەکاندا کۆکرابووەوە). پەیوەندیی هێزەکان لە گوندەکاندا، هەرچەندە، بەو شێوەیە بوو، بەڵام ئەم باجە(کە لە ڕووی کردارییەوە گێڕانەوەی دەیەك بوو کە لەساڵی ١٩٢٥دا لابرابوو)نەیتوانی ئەو قازانجە زێدەیە

---

[81] بۆ گەنگەشەیەکی نوێی باش سەبارەت بە باجی سامان کە پشتی بەستووە بە تێکڕای ئەو نووسراوانەی لەبەردەستدابوون بڕوانە:

Rıfat N. Bali (1999) Bir Türkleştirme serüveni (1923–1945): Cumhuriyet yıllarında Türkiye Yahudileri, Istanbul: İletişim, 424 ff.

لــه موڵكــداره گــەورەكان كۆبكاتــەوەو بەشــێوەیەكی ڕێــژەیی كەوتــە ســەر ئــەو جووتیــارە بچووكانەی كە ئاستی گوزەرانیان بە گشتیی لاواز یا خراپ بوو.

وێڕای ئەوەی نەخشەیەكی متمانە پێكراو لەبەردەستدا نیە، بەڵام تا سەرەتای ١٩٥٠كان، دەگونجێـت كـەمیی كـار لـە شـارو گوندەكانـدا وەك یـەك بووبێـت، لـەو سـاڵانەی دواییـدا، بێكارییـەكی بـەربڵاو لـە توركیـادا گرفتێكـی گـەورەی پێكدەهێنا. بـەڵام پاشـتر نـا، بـەگوێرەی یاسا ئابوورییەكان، ئەوە مانای ئەوەی دەگەیاند كە هێزی كار لـە حاڵو وەزعێكـی باشـتردا بوون تا دوای كرێی زیاترو ڕەوشێكی گونجاوتر بكەن. هەرچەندە پێچەوانەی ئەوە ڕاستە، دەوڵـەتی كـەمالیی لەسـەر هـەمان ڕێـچكەی توركـە لاوەكـان كەوتنـە لایـەنگریی بازرگانـانو بەڵێنـدەرو خاوەنكارەكـانو ئـەوانیان بـە ئالاهـەڵگری كۆمەڵگـەی هاوچـەرخ لـە قەڵەمـدەدا. هەربۆیــە جولانــەوەی كرێكارییــان ســەركوتكرد. یاســای كــاری ســاڵی ١٩٣٦ دەقــاودەق كۆپییـەكی یاسـای فاشیـستیی ئیتـاڵیی بـوو، لەكاتێكـدا كـەمێك پاراسـتنیان بـۆ كرێكـاری پیــشەسازیی دانــابوو، بــەڵێنی هێنــدێك شــێوەی زامنكردنــی كرێكارانیــان دابــوو.(كــە پێـشكەشكردنی بەشـێوەیەكی راسـتەقینە لەسـاڵی ١٩٤٦دا دەسـتیپێكرد)، هـەروەها ئـەو یاسایە پێكهێنـانی یـەكێتیی پیـشەكارانو مـانگرتن قەدەغـەكردبوو. كاتێك لەساڵی ١٩٤٧دا یاسـای یـەكێتیی پیـشەكاران پێـشكەشكرا، هێـشتا مـافی مـانگرتنی پـێ ڕەوا نـەدیتبوون. لەماوەی ١٩٣٠كانو ١٩٤٠كاندا كرێی ڕاستیینە لە پیشەسازیی توركییدا دابەزیبوو.

## پەیوەندییەكانی دەرەوە

سیاسـەتی دەرەوەی كۆمـاری توركیـا لـەماوەی ١٩٢٣–١٩٤٥دا تایبەتمەندییـەكی وریـاییو واقعبینیی هەبوو، هەروەها ئامانجی پاراستنی هەلومەجە بەدیهێنراوەكەو ئەو سەركەوتنەی بـە زەحمـەتێكی زۆر لـە سـاڵی ١٩٢٣دا بـەدیهاتبوو. تـا كۆتـایی ١٩٢٠كـان، پەیوەندییـەكانی لەگەڵ ئەوروپای خۆرئاوای دیموكراتیی لە سۆنگەی واقیعەكەی پاش لۆزانـدا بەڕێوەدەچوو، چـەندین گرفـت هـەبوون چارەسـەر نـەكرابوون. گـرنگترینی ئـەو گرفتانـە ئەوكێـشەیە بـوو كـە لەگـەڵ بـەریتانیادا لەسـەر موسـڵ هـەبوو، ئـەو هەرێمـەی كـە بـە نـەوت دەوڵەمەنـد بـوو، بەشـی زۆری دانیشتووانەكەی كورد بوون، وێڕای كەمینەكانی عەرەبو توركمـان. سـوپای بـەریتانیا لــە پــاش ئاگربەســتی ١٩١٨ موســڵیان داگــیر كــرد. هەربۆیــە توركــان لەچوارچــێوەی ئــەو ناوچانەدا حیسابیان بۆ دەكرد كە لە "پاكتی نەتەوەیی"دا داوایـان دەكـرد. لـە دانوسـانەكانی سـاڵی ١٩٢٣و ١٩٢٤دا، بەریتانییـەكان جەختیان لـە گرێدانی موسـڵ بـە عێراقـەوە كـردەوەو

پێشنیازی تورکانیان بۆ راپرسیی رەتکردەوە. کاتێك لایەنەکان رێکەوتن، مەسەلەکە رەوانەی کۆمەڵـەی گـەلان کـرا لـە جنـێڤ، کـە هێـشتا تـورك تێیـدا ئەنـدام نـەبوو. کۆمەڵـەی گـەلان لـە سێپتەمبەری ١٩٢٤دا لەمەڕ ئەو بابەتە وتووێژی کرد. هەمان کات چەند پێکدادانێك لـەنێوان تورکـان و هێزەکـانی بـەریتانیادا لـە بـاکووری هەرێمەکـەدا روویـدا بـوو، لـە ٩ی ئۆکتۆبـەردا حکومەتی بەریتانیا ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای کێشانەوەی هێزەکانی تـورکی لـە ناوچـەکەدا کردبوو. تورکـان کـشانەوەو سـنوورێکی کـاتیی لـەنێوان هـەردوولادا پێکهـات. سـاڵێك دواتـر، لـە سێپتەمبەری ١٩٢٥دا، کۆمسیۆنێکی کۆمەڵـەی گـەلان لێکۆڵینەوەیـەکی لـە هەلومەرجی ناوچەکە کردو هەروەها جێگەی سەرسامیی بوو کە کـەس راینەگەیانـد گرێدانی موسـڵی بـە عێراقـەوە پـێ باشـە. کۆمەڵـەی گـەلان لـە دیـسەمبەری ١٩٢٥دا بڕیـاری لـەم بارەیەوەداو لە ژونی ١٩٢٦دا تورکیا بە فەرمیی ئەو بڕیارەی پەسەندکرد. بەرامبەر بـەوە، ١٠ لەسەدی نەوتی هەرێمەکەیان بۆ ماوەی ٢٥ساڵی داهاتوو پێبڕا. ئەو داوایـەی کـە لەبەرامبـەر دانی ٧٠٠,٠٠٠جونەی ئیستەرلینی لەلایەن بەریتانیاوە، وازی لێهێنرا.

گـرفتی سـەرەکیی نێـوان فەرەنـسا و بـەریتانیا بریتیبـوو لـە دانـەوەی قـەرزە گـشتییەکانی عوسمانیی، کە فەرەنسییەکان بەشێکی زۆری وەبەرهێنانیان لە ساڵەکانی پێش جەنگدا تێدا هـەبوو. لەسـاڵی ١٩٢٨دا، رێکـەوتنێك لـەنێوان هـەردوولا پێکهـات سـەبارەت بـەوەی تورکیـا دانـەوەی بەشـێکی ئـەو قـەرزە بخاتـە ئەسـتۆی خـۆی، بـەڵام روودانـی قـەیرانی ئـابووریی جیهـانیی بووەهـۆی دواخـستنی دانـەوەی قەرزەکـە لـە سـاڵی ١٩٣٠دا. پـاش دانوسـانێکی درێژخایەن، لەساڵی ١٩٣٣دا دانەوەی قەرزەکە بەچەشنێك بەرنامەرێژی کرا کە بـە قازانجی تورکیا بێت.

جگە لە کێشە دپلۆماسییە سەرەکییەکان، لە ساڵانی یەکەمی پاش لۆزان، ئاڵۆزییەکی تونـد لەنێوان تورکیا و هێزە جیاوازەکاندا روویـدا. تورکیـا جـەختی لـەوە دەکـردەوە کـە سـەروەریی تەواوی بەسەر هەموو خاك و دانیشتووانەکەیدا هەبێت، لەکاتێکدا فەرەنسا و بـەریتانیا پێیـان ئەستەم بوو دەست لەو مافانە هەڵگرن کە بـەپێی سیستمی جیاوگـەکان پێیـان رەوابینرابوو. ناحـەزیی دژی هێـزە ئەورووپییـەکان پـەرەیگرت، ئەوانـەی ئامـادە نـەبوون کـە باڵیۆزەکانیـان رەوانـەی ئەنکـەرە بکـەن، هـەروەها سـەبارەت بـە باڵادەسـتیی وەزارەتـی فێرکردنـی تـورکیی بەسـەر خوێندگـە مـسیۆنێرییەکاندا، لەمـەڕ ئاسـتی سـەربەخۆیی کۆمـسیۆنی تەنگـە نێودەوڵەتییـەکان کـە لـە لۆزانـدا دامـەزرابوو تـاکو چاودێریی هاتووچۆی کەشتییەکان بـەنێو

بۆسفۆرو دەردەنێلدا بکات. هەروەها سەبارەت بە تایبەتمەندیی بان نەتەوەیی باتریارکی ئۆسەدۆکسیی لە ئەستەمبوڵ، دواجار هەموو ئەم بابەتانە بەدڵی تورکیا تاوتوێ کرا.

کۆتایی ١٩٢٠کانو سەرەتای ١٩٣٠کان پەرەسەندنێکی پلەبەپلەی چاکبوونی پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا بەخۆوەبینی. پەیمانێکی هێرش نەکردنە سەرەیەك لەگەڵ ئیتاڵیادا لە ساڵی ١٩٢٨ مۆرکرا، هەروەها بە تێکۆشانی ڕێژەیی دپلۆماتیی ئیتاڵیی، ئاشتیش لەگەڵ یۆناندا پێکهات. لە ئۆکتۆبەری ١٩٣٠داو لە سۆنگەی ترسی هاوبەش لە یەکێتییخوازیی بولگارییەکان، ڕێکەوتننامەیەکی دۆستایەتیی لەگەڵ یۆناندا مۆرکرا. پاش چەند کۆنفرانسێك لە بالکان، لە ساڵی ١٩٣٤دا پەیماننامەی بالکان گەڵ یۆنان، یۆگۆسلاڤیا، ڕۆمانیا، تورکیاش وەك ئەندامێکی،مۆرکرا. لەساڵی ١٩٣٧دا پەیمانی سەعدئاباد، تورکیاو دراوسێکانی ڕۆژهەڵاتی: عێراق، ئێرانو ئەفغانستانی پێکەوە بەستەوە.

لەو ماوەیەی پاش جەنگی سەربەخۆیی کە بێمتمانەیی بەرۆژئاوا هێشتا لەئارادابوو، بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەر هێنانەدی پەیوەندیی باش لەگەڵ یەکێتیی شورەوییدا دارێژرابوو. هەتا ١٩٣٠کان پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی شورەوییدا فرەباش بوو(ڕێکەوتننامەی دۆستایەتیی دە ساڵە لە ساڵی ١٩٣٥دا مۆرکرا) بەڵام ئەم ئاراستەیە تا دەرەنگ تەنیا پایەیەکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا نەمایەوە. جگە لە نزیکبوونەوەی تورکیا لە دراوسێکانی، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەهەمبەر هێزە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند، لەسەر بنچینەی ئەو پەرەگرتنەی بەدیهاتبوو، ئەو ڕاستییە گەڵاڵە ببووکە نها تورکیا لەگەڵ هەریەك لە فەرەنساو بەریتانییەکاندا ڕاشکاوانە پشتگیریی لەو بارودۆخە هەنوکەییە دەکردو دژی خولیای "ڕیڤیژنیستیی/سەرلەنوێ پێداچوونەوەو دابەشکردنەوە" دەکرد کە هێزگەلێکی وەك نازیی ئەڵمانییو فاشیستی ئیتاڵیی خوازیاری بوون، ئەوانەی دەیانویست سەرلەنوێ نەخشەی ئەورووپا بکێشنەوە. وێڕای ئەوەش، تورکیا جەختی لە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەڵمانیای هێتلەریدا دەکرد. بەڵام هێواش هێواش فراوانخوازییەکانی ئیتاڵیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست بووە مەترسییەکی مەزن.

ئەو ڕاستییەی کە هاوپەیمانەکەی، واتە یەکێتیی شورەویی، چووە بەرەی دژە ڕیڤیژنیستەکان، زەمینەی بۆ نزیکبوونەوەی تورکیاو ڕۆژئاوا خۆشکرد. لەساڵی ١٩٣٢،تورکیا بووە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لە ئەپرڵی ١٩٣٦دا دەقی مۆرکراوی ڕێکەوتننامەی لۆزانی بە تێبینییەوە ناردو خوازیاری گۆڕانی لە داماڵینی چەکی ناوچەی

تەنگـەکان کـرد. لـە فەزایەکـدا کـە هەلومـەرجی نێودەوڵـەتیی بـەرەو توندوتیـژیی دەچـوو، داواکـەی تورکیـا بەسـۆزەوە گـوێی لـێگیرا. کۆنفرانـسێك لـە مۆنتریـۆ گـیرا، کـە ئاکامەکـەی رێکەوتننامەیەك بوو مافی کۆنترۆڵی تەواوی تەنگەکانی بە تورکیا بەخشیی بوو. کۆمسیۆنی تەنگـەکان هەڵوەشـێنرایەوە، هـەموو لاکـان چـەند سـنووردارییەکیان سـەبارەت بـە تێپـەڕینی کەشتیگەلە جەنگییەکان بەنێو ئەو تەنگانەدا پەسەند کرد. بەڵام هاتوچۆی بازرگانیی بۆ ئەو وڵاتانە ئازادبوو کەلەگەڵ تورکیا خۆیدا لە جەنگدا نەبوون.

یەك لەو پرسانەی کە لە ساڵانی ١٩٣٠کاندا هۆکاری ناکۆکیی نێوان تورکیاو فەرەنسا بوو، بریتیبوو لە لوای ئەسکەندەرونە، کە ناوچەیەك بوو دانیشتووانەکەی لە رووی ئیتنییەوە فرە تێکەڵ بووو لای تورکـە نەتەوەییـەکان بـە "هاتـای" نـاودەبرا(خـاکی هیتیـی کـە دوو شـاری ئەنتاکیـەو ئەسـکەندەرونەی هـەبوو) لـە رێکـەوتنی تـورکیی-فەرەنـسییدا لـە سـاڵی ١٩٢١و هەروەها لە لۆزان ئەم ناوچەیە لـە دەرەوەی سنووری دەوڵـەتی تورکیـای نوێدا مایـەوە، بـەڵام ئۆتۆنۆمیی کەلتووریی بە دانیشتووانە تورکەکەی بەخشرابوو کە پەیوەندیی نزیکـی لەگـەڵ تورکیـادا هـەبووو بـە وردیـش چاودێریی پەرەسـەندنەکانی تورکیـای دەکـرد. "هاتـای هـەڵك فیرقەسی/پارتی گەلی هاتای" دامەزرێنرا. تەنانەت ئەوانە پابەندی ئەو گۆڕانانـە بوون کـە لـە مەسەلەی لەسەرنانی کڵاوو چاکسازیی ئەلف‌وبێ دا هاتبونەئارا.

لــە ســێپتەمبەری ١٩٣٦دا، فەرەنـسا رایگەیانــد کــە ســەربەخۆیی بــە ســوریا دەداتو خوازیاریشە هاتای بخاتە سەر دەوڵەتی نوێی سوریا. ئەمـەش بـۆ کۆمەڵگـەی تـورکیی قـووت نەدەچـوو. کێـشەکە خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. ئـەوەی نوێنەرایەتییـەکی لـە یەنایـەری ١٩٣٧دا رەوانـەی هەرێمەکـە کـرد. نوێنەرایەتییەکە ئەوەی خستەبەرچاو کە تورکـان زۆرینـە پێکدەهێنن. بەریتانیا لەوە نیگەران بوو کە لە ئاست مەترسیی ئیتاڵییەکانـدا کـەلێن بکەوێتـە نێوان تورکیاو فەرەنسییەکانەوە. هەربۆیە کەوتە نێوانیانەوە، تا گەیشتنە رێکەوتنێك کە بـە هاتای بووە "قەوارەیەکی سەربەخۆ"،کە کاروبـاری دەرەوەی لەلایـەن سوریاوە نوێنەرایـەتیی دەکرا. کۆمیتەیەکی پـارێزەرانی نێودەوڵـەتیی دەسـتورێکیان بـۆ دانـاو هەڵبـژاردن لـە ئـەپرڵی ١٩٣٨دا ئەنجامدرا. لەماوەی هەڵبژاردنەکەدا ئاژاوەی خوێنـاوی هـەموو هەرێمەکـەی گرتـەوە، هەربۆیــە هەڵبژردنەکــە هەڵوەشــێنرایەوە. ئەمێــستا هەلومەرجــە نێودەوڵەتییەکــە هێنــدە مەترسییداربوو کـە فەرەنـسا ئامـادەبوو لەگـەڵ تورکیـادا بگاتـە رێکـەوتنێك بـۆ ئـەوەی بەهـەر نرخێك بێـت پـشتگیریی تورکیـا دژی ئـەڵمانیای نـازیی و هـەروەها ئیتاڵیـا بەدەسـتبێنێت. لـە ژوئیە، هەڵبژاردنێکی نوێ لەسایەی کۆنترۆڵی سـەربازیی فەرەنـسیی-تورکییـدا ئەنجامـدراو

ئاكامەكەی بە زۆرینەیەكی كەمی توركیی واتە ٢٢ لە ٤٠ كورسی پارلەمان كۆتاییهات. لە دانیشتنی یەكەمدا، پارلەمانە نوێیەكە كۆماری سەربەخۆی هاتای ڕاگەیاند، نزیكەی ساڵێك پاشتر، لە ٢٩ی ژونی ١٩٣٩دا، یەكێتیی ئەو دەوڵەتەی لەگەڵ توركیادا ڕاگەیاند، ئەوەی توڕەییەكی مەزنی سورییەكانی لێكەوتەوە، ئەوانەی تا ئەمڕۆش ئەو ناوچەیە بە بەشێك لە سوریا لەسەر نەخشە دەنوێنن.

## توركیا لە جەنگی دووەمی جیهانییدا

لە كۆتایی١٩٣٠كاندا، ئەگەری هێرشی ئیتاڵیا نیگەرانییەكی قووڵی لەلای سەركردایەتیی توركیی پێكدەهێنا. ئەو نیگەرانییەی كە بەداگیركردنی ئەلبانیا لەلایەن ئیتاڵیاوە لە ئەپرڵی ١٩١٩دا، گەیشتە دواپلەی . ئەوەش توركیا، فەرەنساو بەریتانیای زیاتر لەیەكتر نزیك كردەوە.

وتووێژ سەبارەت بە ڕێكەوتننامەیەكی هاوكاریی هاوبەش لەنێوان توركیا، فەرەنساو بەریتانیالە ساڵی ١٩٣٩دا لەگۆڕێدا بوو. ئەو مەسەلەیەی كە بەخاوی دەچووە پێش، چونكە توركیا لەسۆنگەی خۆ بەلاواز زانینییەوە، داوای بڕێكی مەزنی هاوكاریی سەربازییو دارایی دەكردو هەروەها خوازیاری ئەوەبوو خۆی لە هەڕەشەگەلێك دووربخاتەوە كە لەگەڵ یەكێتیی شورەوییدا لە جەنگەوە بیگلێنێت.حكومەتی توركیا فرە پەرۆش بوو كە یەكێتیی شورەویی ببێتە بەشێك لەو هاوپەیمانییەتە، ڕاگەیاندنی لەناكاوی پەیماننامەی مۆڵۆتۆۋ-ریبینترۆپ لە ئوتی ١٩٣٩دا، كە بەپێی ئەوە ئەڵمانیای هێتلەرییو ڕوسیای ستالینیی كەمو زۆر ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشكردبوو، شۆكێكی مەزنی بۆ ئەنكەرە دروستكرد. ئەوەش فەرەنساو بەریتانیای زیاتر سەبارەت بە زامنكردنی پشتگیریی توركیا بۆ خۆیان نیگەران كرد، هەروەها لە ١٩ی ئۆكتۆبەری ١٩٣٩دا ڕێكەوتننامەیەكی بەریتانیی-فەرەنسیی-توركیی بۆ پشتگیریی هاوبەش مۆركرا. كە تێیدا توركان زۆربەی هەرەزۆری خۆیان دەستكەوتبوو. قەرزێكی ١٦ ملیۆن جونەیهی زێڕی ئەستەرلینیو ٢٥ملیۆنی دیكەی بۆ كڕینی پێداویستییە جەنگییەكان وەرگرت. لە پرۆتۆكۆڵێكی سەربەخۆدا كە بە ڕێكەوتننامەكەوە پەیوەست كرا، توركیا هەموو پابەندییەكی لەسەر لابرا كە لە جەنگەوە لەگەڵ یەكێتیی شورەوییدا تێوەی بگلێنێت.[٨٢]

ڕێكەوتننامەكە ئەو مەرجەی بۆ توركیا دانابوو كە پێویستە"كاریگەرانە هاوكاریی بكات" لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیا لەهەر ڕووداوێكدا لەكاتی پەلامارێكی هێزە ئەوروپییەكان كە

[82] Deringil, op. cit., 191 .

ببێتەهۆی جەنگ لە دەریای سپی ناوەڕاست(ئاماژەیەکی ئاشکرابوو پەیوەندیی بایەخداری بە هەڕەشەی ئیتاڵیاوە هەبوو). پاش ئەوەی ئیتاڵیا لە ١٠ی ژوئنی ١٩٤٠دا جەنگی دژی بەریتانیاو فەرەنسا راگەیاند حاڵەتێکی شڵەژانو دڵەڕاوکێ بە ئاشکرا خۆی پێشاندا. هەرچەندە، بەوەش هەرەسهێنانی فەرەنسا بە قووڵیی هاوسەنگیی هێزەکانی گۆڕیی. وێڕای پاپەندبوونەکانیش ، تورکیا هەموو توانای خۆی تەرخانکرد تا لە جەنگ خۆی بپارێزێتو پرۆتۆکۆڵە جیاوازەکەشی بۆ ئەوە کردبووە بیانوو. حکومەتی بەریتانیا، تورکیای وەك سەرچاوەیەکی پڕبەهای توانای مرۆیی دەبینیو فشارێکی زۆری کرد تا رایکێشێتە نێو جەنگ. بەڵام تورکیا خۆی راگرت بەریتانیاش ناچار بوو ئەو هەڵوێستە پەسەند بکات. پاش ئەوەی ئەڵمانیا یۆنانی داگیرکردو بولگاریا لایەنگری بەرەی میحوەری کرد لە ١٩٤١دا جەنگەکە گەیشتە بەردەم سنوورەکانی تورکیا. لە ئاکامی ئەمە، لە ژوئنی ١٩٤١ دا کە نزیکەی هاوکات بوو لەگەڵ پەلاماری ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتیی شورەویی، تورکیا رێکەوتننامەیەکی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆرکرد. لەماوەی ساڵو نیوی داهاتوودا کە قۆناغی سەرکەوتنە مەزنەکانو فراوانخوازییەکانی ئەڵمانیا بوو، تورکیا پێگەی بێلایەنانەی راڕایانەی خۆی پاراست. مەسەلەی لاوازی ئامادەباشییو پێویستبوونی بۆ کەلوپەلەکان، بۆ حکومەتی بەریتانیی کردبووە بیانوو.

پاش بەزینی ئەڵمانیا لە ستالینگراد(نۆڤەمبەری ١٩٤٢) فشاری هاوپەیمانەکان هێدی هێدی زیادی کرد. بەڵام ئەگەرێکی زۆر سەبارەت بە هێرشی ئەڵمانەکان بۆ سەر تورکیا لەگۆڕێدا بوو، داواکاریی هاوپەیمانان گۆڕانی بەسەردا هاتو هەروەها ئەوان ئەمێستا تورکیایان وەك بنکەیەکی پێشەوەی سوپای هاوپەیمانانو فڕۆکەکانی لەقەڵەم دەدا تا سەرچاوەیەکی مرۆیی سەربازیی. بەڵام ئەڵمانەکان هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ناردنی تەنانەت یەك فڕۆکەی هاوپەیمانان بۆ تورکیا مانای راگەیاندنی جەنگ لەلایەن ئەو وڵاتەوە رادەگەیەنێت. لە یەنایەری ١٩٤٣دا، چێرچڵو ئینۆنو گەیشتنە رێکەوتنێك سەبارەت بە ئامادەکاریی بۆ گەیشتنەجێی چەند فڕۆکەیەکی سەربازیی جەنگی هاوپەیمانان. بەڵام پاشتر ئەو ئامادەکارییە تووشی شێواندن بووەوە، هەروەها تەلاری رایەڵەی هەڵسانی فڕۆکەکان بە ئەنقەست لەلایەن تورکانەوە خاوەخاوی تێداکرا.[83] تەنانەت فشارەکان لەو کۆنفرانسەدا زێدەتربوون کە لە دیسەمبەری ١٩٤٣دا لە قاهیرە ئەنجامدراو ئینۆنو، چێرچڵو رۆزفێڵتی تێدا ئامادەبوون. ئەمێستا هاوپەیمانان بە ئاشکرا باڵادەستییان پێشاندابوو، تورکیایان لەوە ئاگادار کردەوە، گەر بێتوو چیدی لە دەرەوەی جەنگ بمێنێتەوە ئەوا ریسکی ئەوە دەکات پاش جەنگ بە تەواویی گۆشەگیر بمێنێتەوە. مەترسیی شاراوەش ئەوەبوو دەبووایە تورکیا رووبەڕووی سوپای سوورو هەر داوایەکی دیکەی ستالین

[83] Deringil, op. cit., 149.

ببێتەوە کە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیدا کاری بۆ دەکات. دواجار ئینۆنو ئەوەی پەسەند کرد کە تورکیا ببێتە جەنگاوەرێکی چالاك لەپاڵ هاوپەیمانانداو، بەڵام داوای ئەوەی کرد کە یەکەمجار بەرنامەیەکی گشتیی هەڵمەتی رزگارکردنی ناوچەی بالکان دابڕێژێت. دیارە ئەم جوڵەیەکی زیرەکانە بوو، چونکە لەنێو هاوپەیمانانـدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە بۆچوون و ئارەزوویان سەبارەت بە هەڵمەتی بالکان بەدی دەکرا. ستالین هەر دەستوەردانێکی بەریتانیی و ئەمەریکیی لەو ناوچەیە رەتدەکردەوەو ئەمەریکاش ئامادەیی تێدا بوو گوێی لێبگرێت.

بەدرێژایی ساڵی ١٩٤٤، تورکیا بە هێواشی دەجوڵاو خۆی دەدزییەوە، وێڕای ئەوەی کە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان لە ئوتدا لەگەڵ ئەڵمانیا پچڕاند. ئەمەش وای لە بەریتانیاو ئەمەریکا کرد بە پەرۆشەوە گوێ لە داواکارییەکانی شورەویی بگرن. لە فێبرایەری ١٩٤٥دا، لە کۆنفرانسی یاڵتە رێکەوتن لە ئاییندەدا چاو بە پەیماننامەی مۆنتریۆدا بخشێننەوە. ماوەیەکی کەم پاشتر، لە ٢٣ی فێبرایەری ١٩٤٥، تورکیا بە فەرمیی جەنگی دژی ئەڵمانیا راگەیاند بۆ ئەوەی مافی ئەوەی پێبدرێت کە ببێتە ئەندامێکی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوەش بەتەواویی کارێکی رووخساریی بوو. هەروەها سەربازی تورك هیچ کات لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییدا بە رق و تورەییەوە فیشەکێکی نەتەقاند.

لەماوەی جەنگ، هەردوو سیاسەتی نێوخۆو رۆژنامەکان بە توندیی لەدەستی دەوڵەتدا کۆکرابووەوەو هەمووش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە تورکیا لە دەرەوەی کێشەو ململانێکە رابگرێت. کاتێك ئەڵمانیا واپێدەچوو خەریکە شورەویی ببەزێنێت، پرۆپاگەندەی پان تورکییزم ژیایەوە. لە ژوئیەی ١٩٤١دا، بە هاندانی ئەڵمانیا، کۆمیتەیەکی پان تورکییزم دامەزرێنرا. ژمارەیەك ژێنراڵی تورك لەسەر بانگێشتی ئەڵمانەکان سەردانی بەرەی رۆژهەڵاتیان کرد، هەروەها چەند لایەنگرێکی پان تورکییزم برانە کابینە—هەموو ئەمانە وەك سیاسەتێکی زامنکەرانە لە کاتی سەرکەوتنی ئەڵمانیا. کاتێك بەزینی ئەڵمانەکان لەئاسۆ دەرکەوت، لە مایۆی ١٩٤٤دا، رێکخراوەکانی پان تورکییزم و هەروەها پرۆپاگەندەکان سەرکوتکران.

زۆربەی جار سیاسەتی تورکیا لەماوەی جەنگەکەدا بە بێڕەوشتانە هاتۆتە پێش چاو وەك لە پاشگەزبوونەوەی لە رێکەوتننامەی ١٩٣٩دا بینراوە. ئەوەش زیانی لە ناوبانگی نێودەوڵەتیی تورکیادا. بەڵام دوورەپەرێزیی لە جەنگ، لە دیدی چەند سیاسەتکارێکی وەك ئینۆنوو وەزیرە یەك لەدوایەکەکانی دەرەوەی وڵات(شوکرو سەرەچۆگلو،ئنجا نومان مەمەنسیگلو، ئنجا دووبارە شوکرو)، ئەوەیان لەبیر بوو کە چۆن دەوڵەتی عوسمانیی رێگەیدا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا وەك ئامرازێك بەکاربهێنرێت و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە کە بەسەر وڵاتەکەدا هات.

# باسی دوازدەیەم

# گواستنەوە بەرەو دیموکراسیی ١٩٤٥-١٩٥٠

چەند ساڵێکی کەم لە کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی، سیستمی سیاسیی تورکیاو تێکڕای سیاسەتە ئابووریی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی، گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەرداهات. لەم باسەدا هۆکاری ئەو گۆڕان و ئەو ڕێگەیەی کە پێیهاتەدی لێکدەدەینەوە.

## فشاری کۆمەڵ-ئابووریی بۆ گۆڕان

لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییدا، حکومەتەکەی عیسمەت پاشا ئینۆنو لای خەڵك فرە بێزراو بوو، تەنانەت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە جێگەی رق وکینەی زۆربەی جەماوەری دانیشتووانی تورك بوو. لە شیکردنەوەیەکی ئەم ناڕەزایەتییەدا، دەبێت جیاوازیی لەنێوان جەماوەری دانیشتووان (جووتیاران و کرێکارانی پیشەسازیی) لەگەڵ ئەو بەشەی هاوپەیمانیەتییەکە کە ڕژێمی کەمالیستیان پێکهێنابوو(ئەفسەران و بیرۆکراتەکان، بازرگانە موسوڵمانەکان لە شارە گەورەکان و موڵکدارە گەورەکانی لادێ)دا بکرێت.

هیچ کات ڕژێم لەنێو خەڵکدا جەماوەریی نەبوو، وردە جووتیارانی لادێ، ئەوانەی تا ئەو کاتە ٨٠ لەسەدی تێکڕای دانیشتووانیان پێکدەهێنا، باشبوونێکی مەزنیان لە ئاستی گوزەران، تەندروستیی، پەروەردەو فێرکردن و پەیوەندییەکانیاندا هەست پێکردبوو. ئەگەر شتێکی وەك گەیاندنی وزەی کارەبا بکەینە پێودانگ دەبینین کە تا درەنگانێکی ساڵی ١٩٥٣، تێکڕای ژمارەی ئەو گوندانەی وزەی کارەبایان بۆ دابینکرابوو لەدەیەك تێپەڕی نەدەکرد، یاخود ٠,٠٢٥لەسەدی ئەو ٤٠٠٠٠ گوندەی تورکیا بوو.[٨٤] لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٤٣ دەهێندە زیادی کردبوو. تا ئەو ساڵەی دوایی کە تۆڕێکی گەورەی نۆ مایلی وزە لەلایەن تورکیاوە ئەنجامدرا، هێشتا دیاردەی ژیانی شارەکان لەنێودابوو. لەتێکڕای ئەو توانا گشتییەی وزە کە لە ساڵی ١٩٤٥دا بەرهەمدەهات و دەیکردە ١٠٧,٠٠٠ کیلۆ وات، ٨٣٠٠٠ کیلۆواتی بۆ ئەستەمبوڵ، ئەنکەرە،

---

[84] Hakkı Devrim, et al. (ed.) (1974) *Türkiye 1923–1973 ansiklopedisi*, Istanbul: Kaynak, vol. 2, 583. Ten years later the number was 216 (ibid., vol. 3, 962).

ئـەزمێر بـوو ، تەنانـەت لـە ئەنكـەرە كاتێـك گلۆپـەكانیان پێكـەوە دادەگیرسـاند ئاشـی ئەلەكتریكەكە دەكوژایەوە.[85]

لەلایـەكی تـرەوە، یـەك لـە تایبەتمەندییـەكانی دەوڵـەتی هاوچـەرخ كـە لـەماوەی ٢٥سـاڵی فەرمانڕەوایـەتیی كەمالیـستەكاندا لادێییـەكانی پـێ ئاشـنابوو، بریتیبـوو لـە دەسـەڵاتێكی ناوەندگـەرای تونـدی دەوڵـەت بەسـەر گوندەكانـدا، جەندرمـەو باجگرەكـان بێزراوتربـوون و خـەڵكی لـە هـەركاتێكی دیكـە زیـاتر لێیـان دەسـڵەمینەوە. بێزاریـی لـە دەوڵـەت، كـە پێـشتر دیاردەیـەكی بـاوی ژیـانی وڵاتەكـە بـوو، نهـا تونـدو ئاشـكرا خـۆی دەنوانـد، تـاڕادەی رقلێبوونەوەو كینەتۆزیی كە ئاكامی سیاسەتەكانی سێكیولاریزمی دەوڵەت بوو. بەتایبەت سەركوتكردنی دەربڕینی بیروباوەڕە ئاینییە گشتییەكان كە گرنگترین پەیوەستی ئایدۆلۆژیی نێوان دەوڵەت و كۆمەڵانی خەڵكی پچڕاند.

كرێكـارانی پیـشەسازیی هێـشتا كەمینەیـەكی بچووكی كۆمەڵگـەی توركییـان پێكدەهێنا، ٣٣٠,٠٠٠ لە دانیشتووانێكی ٢٠ ملیۆنیی. بەڵام ژمارەی دروست پشت بـەوە دەبەستێت كـە مانـای"پیـشەسازیی" چـی دەگەیـەنێت. بەشـێكی ئـەو ژمـارەی ئاماژە پێـدراوە ئەوانـەبوو كـە لەبەرهەمهێنانـە پیـشەگەرییەكاندا كاریـان دەكرد[86] پێگـەی كۆمـەڵا–ئابوورییـان لاواز بـوو. تـا سـاڵی ١٩٤٥، رێكخراوەكـان لەسـەر بنـەمای پیـشە دامـەزرابوون. یـەكێتیی پیـشەكارانیش تـا ئـەو دەمـە لـە توركیـا قەدەغـەبووو لێـدەدرا. توانـای كـڕین و گـوزەرانی كرێكـارانیش هـەروەك كاسـبكاران و موچـەخۆران، خراپـی بەسـەرهات، بەتایبـەت پـاش ئـەوەی لـەماوەی جەنگـدا خەرجی و تێچوونی ژیان بەرزبووەوە.

ناڕەزایـەتیی لـەنێو كۆمـەڵانی خەڵكـدا شـتێكی نـوێ نـەبوو، ئـەو ناڕەزایەتییـەش بەتـەنیا ناگونجێـت ببێتـەهۆی گـۆڕانی سیاسـیی. گـرنگترین مەسـەلەی راسـتەوخۆ لـەم بارەیـەوە ئـەو راسـتییەیە كـە حكومەتەكـەی ئینۆنـو لایـەنگری رەگەزگـەلێكی گرنگـی (هاوپـەیمانی توركـە لاوەكـان)ی لەدەسـتدا، ئەوانـەی ئـامرازی بنیاتنـانی جوڵانـەوەی كەمالیـست بـوون. لـەماوەی جەنگـدا حكومـەت ناچـاربوو كـە پێویـستییەكانی خـەرجیی و ئـەیاركردنی سـوپایەكی مـەزن

---

[85] Max Weston Thornburg (1949) *Turkey: an economic appraisal*, New York: Twentieth Century Fund, 133.

[86] ئاماری پیشەسازیی ساڵی ١٩٥٠ تێكڕای ٣٥٣٩٩٤ كەس لە ٩٨٨٢٨ دامەزراوی پیشەسازیی كاردەكەن. كە ٩٦٦٢٦یان بچووكە:

Richard D. Robinson (1963) *The first Turkish republic: a case study in national development*, Cambridge MA: Harvard University Press, 136.

دابـــین بكـــات. بۆئـــەوەش پارەیـــەكی زۆری لێـــداو خـــستیە بـــانكی ناوەندییـــەوە، كـــە دەرئەنجامەكـەی بەهەڵاوسـان كۆتاییهـات. حكومـەت هەوڵیـدا بـۆ كەمكردنـەوەی كاریگـەری كۆمەڵایـەتیی ئـەم سیاسـەتە، دەزگـای دەستبەسـەرداگرتنی نـرخ دابمـەزرێنێت لەرێگـەی سـەپاندنی باج بەسـەر قازانجـە كەڵەكەبووەكانـدا، بـەهۆی بـاجی سـامانو وەرگـرتنی بـاج لـە بەرهەمـە كـشتوكاڵییەكان. هەڵاوسـان دابـەزێنێكی تونـدی لـە توانـای كڕینـدا بـۆ كارمەنـدانی دەوڵـەتیی هێنایـە ئـارا، ئەوانـەی ژمارەیـان نزیكـەی ٢٢٠,٠٠٠ كارمەنـد بـوو. بـۆ كارمەنـدانی پلەخوارەوە بە ڕێژەی سێیەك بوو، بۆ خانەنشینان تا رادەی دوو لە سێ بەرز بوو، حاڵەتێكی وا كە دژواریی لەنێو بیرۆكراتییدا هێنایە ئارا.[87]

هەرچـەندە قوربـانیی "سـامانی بـاج" كـە لـە سـاڵی ١٩٤٢دا سـەپێنرا، زیـاتر كاسـبكارە ناموسوڵمانەكانی گرتبووەوە، بەڵام ئەم باجە لەنێو بۆرجوای توركیش بەگشتیی دڵەڕاوكێو گومـانی لێكەوتـەوە. ئـەوەش پێـشانیدا، كـە رژێمـی كەمالیـستی كەلەلایـەن بیرۆكراتیـیو سوپاوە راگیراوە، بە تـەواویی پشتگیرییەكی متمانـەپێكراوی بەرژەوەندییـەكانی ئـەم گروپـە نیە، ئەوەی كە لاوازیی بنەڕەتیی ئاشـكرابوو. پێگـەی بۆرجـوای خۆمـاڵیی، كـە پەرەسـەندنی شوێنی بایەخی سەرەكیی یەكێتییخوازو كەمالیستەكان بوو، ئەمێستا هێنـدە بەهێز بوو كە چیدی ئامادە نـەبوو ئـەو پێگەیـە پەسـەند بكات كە پێیـدرابوو، بـەڵام ئـەم چینە لـە بنەڕەتدا چینێكی پشتبەستووو لە رووی سیاسییشەوە بێتوانا بوو.

موڵكـدارە گـەورەكان هـەر لـە سـاڵانی جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە رەگـەزێكی بنـەڕەتیی هاوپەیمانی توركە لاوەكان بوون، بەڵام ئەمانە لە ئاكامی سیاسـەتی بەزۆر دابەزاندنی نرخـی بەرهەمە كشتوكاڵییەكان لەلایـەن حكومەتـەوە، بێزاریـی رووی تێكردن. كاتێك وەك رێگەیـەك بۆ دژایەتیی هەڵاوسان لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییـدا، سـەپاندنی بـاج بەسـەر بەرهەمـە كـشتوكاڵییەكاندا گیرایەبـەر . بەتایبـەت پـاش پێـشكەشكردنی "چیفتـچی تۆپراكلاندرمـە قانونو/یاسای دابەشـكردنی زەوی" بەسـەر جووتیاراندا لـە یەنایـەری ١٩٤٥دا. ئـەم یاسـایەی دوایـی كـە سـەرۆك ئینۆنو بەتونـدیی پـشتگیریی لێـدەكرد، رۆڵێكـی بەرچاوی لـە دەركـەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە توركیای پاش جەنگدا هەبوو.

ناڕەزایەتییەكی بـەرفراوان لـەنێودابوو، بەهۆی فرە هـاوجووتبوونی پـارتی كۆمـاریی گـەلو دەزگاو ئامرازە دەوڵەتییـەكان لەسـایەی سیـستمی تاكـە پارتییـدا. ئـەم ناڕەزایەتییـە هێنـدەی

---

[87] بۆ شیكردنەوەی سەرنجڕاكیش سەبارەت بە تەنگەژەكان كە ناڕەزایەتییان لەنێو (ك.ی.پ)دا پێكهێنابوو، بڕوانە:
Taner Timur (1991) *Türkiye'de çok partili hayata geçiş*, Istanbul: İletişim, 20 ff.

لەلایەن پارتەوە ئاراستەدەکرا، هێندە لەلایەن دەوڵەتەوە نەبوو. ئینۆنوش باش لەم ناڕەزایەتییە توندە ئاگادارنەبووو ئەزموونەکەی ئەتاتورکی لەگەڵ پارتی کۆماریی سەربەستدا لەساڵی ١٩٣٠دا لەبیر بوو، هەربۆیە بڕیاریيدا وەك لەگرێژنە دەرنەچوون و سەمام ئەمانێك چاو لە کەمە لیرالییەکی سیاسیی پێویستو پێکهاتنی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بپۆشێت، ئەوەش کە خۆی حکومەتەکەی بەم ئاراستەیە هەنگاویان نا تاڕادەیەك پەیوەندیی بە پەرەسەندنی نێودەوڵەتییەوە هەیە.

### فشاری نێودەوڵەتیی بۆ دیموکراسیبوون

بەگشتیی، بەزینی هێزەکانی ناوەند لەجەنگی دووەمی جیهانییدا بۆخۆی سەرکەوتنێك بوو بۆ بەها دیموکراتییەکان. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە دەوڵەتێکی پلورالی سەرمایەداریی دیموکراسیی بووو پاش جەنگ وەك هێزێکی بالادەستی جیهان دەرکەوت، وەك نموونەیەك نەدەتوانرا هەروەك لە زۆربەی دیکەی ولاتانی جیهاندا، سەرنجی زۆربە لە تورکیا بۆخۆی رانەکێشێت. لە ئەپرلی ١٩٤٥دا تورکیا وەك ئەندامێکی دامەزرێنەر لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ بەشداریی کردو هەروەها لە واژۆکردنی پێڕۆی نەتەوە یکگرتووەکاندا. بەوەش پابەندیی خۆی بە بیروباوەڕی دیموکراتییەوە راگەیاند. وێڕای ئەوەی کە فرە هۆکاری ئامادەهەبوو کە حکومەتی تورکیان ناچارکرد زیاتر بەرەو رۆژئاوا بکشێت، بەتایبەت بەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

پەیوەندیی نزیك لەگەڵ یەکێتیی شورەوییدا بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیای لە ساڵانی ١٩٢٠کانو ١٩٣٠کاندا پێکدەهێنا، بەلام ئەم پەیوەندییە بە بەستنی پەیماننامەی مۆلۆتۆڤ-ریبنترۆپ، هەروەها بە هەڵوێستی بێلایەنانەی تورکیا لەماوەی جەنگەکەدا، درزی تێکەوت. یەکێتیی شورەویی رایگەیاند کە چیدی ئەو رێکەوتننامە دۆستایەتییە تازە ناکاتەوە کە لەگەڵ تورکیا هەیبووەو لە ساڵی ١٩٤٥دا ماوەکەی تەواو بووە. هەروەها لە ژونی ئەو ساڵەداو لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا، مۆلۆتۆڤ ژمارەیەك مەرجی فۆرمەڵە کردبوو کەلەسەری پێکبێن پێش ئەوەی رێکەوتننامەیەکی دۆستانەی نوێ ببەسترێت. ئەو مەرجانەی هەموارکردنی سنوورەکانی نێوان هەردوو ولاتیان لەخۆگرتبوو، بەچەشنێك ئەو ناوچانەی باکووری رۆژهەلاتی ئەنەدۆڵ کە پێشتر لەنێوان ساڵانی ١٨٧٨و١٩١٨دا روسیی بوو، بۆ شورەویی بگەڕێنرێتەوە، هەروەها دامەزراندنی هێزێکی

هاوبەشی بەرگریی تورکیی–روسیی لە ناوچەی بۆسفۆرو دەردەنێل بۆئەوەی پاسەوانی دەریای رەش بکات.[88]

بێگومان ئەم مەرجانە بە تەواویی بۆ تورکان پەسەندنەکراو بوو. بەلام کاتێك شورەوییەکان خواستەکانی خۆیان لە ژۆئیەدا لە کۆنفرانسی هاوپەیمانان لە پۆتسدام خستە پێش چاو، نە بەریتانییەکان و نە ئەمەریکییەکان دەستبەجێ رەتیان نەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتەکانی تورکیا لەسەردەمی جەنگدا زۆر بەدڵی هاوپەیمانەکان نەبوو. هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان هێدی هێدی کەوتە پشتگیریکردنی پێگەی تورکیا. کاتێك خواستەکانی یەکێتیی شورەویی بە فەرمیی لە ئوتی ١٩٤٦دا ئاراستەی تورکیا کرا، وڵاتە یەکگرتووەکان ئامۆژگاریی حکومەتی تورکیای کرد خۆی قورس بگرێت. ئەمەش تورکیای هاندا خواستەکانی شورەویی رەتبکاتەوە، بەڵام ئەو کارەی بە شێوەیەکی هێمنانە ئەنجامدا، بۆئەوەی ئەو گرژییەی هەبوو هێور ببێتەوە.

لەگەڵ بایەخدان بە سیاسەتەکانی ستالین لە ئەورووپای رۆژهەڵات و زێدەبوونی ئەو بایەخە لەگەڵ هەر رژێمێکی کۆمۆنیستیی کە لەو ناوچەیەدا دادەمەزرا، واشنگتۆن کەوتە هەڵسەنگاندنەوەی بایەخی ستراتیژیی تورکیا. وێرای ئەوەی لە رووی تیۆرییەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو دەزگایە بوو کە دەکراو دەبوو ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ بگەرێنرێتەوە، بەڵام ڤیتۆی بەردەوامی یەکێتی شورەویی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، وایکردبوو کارکردن لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحاڵ بێت. هەروەها کارگێڕیی وڵاتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا یەکلایەنە هەڵسوڕێت. لە ١٢ی مارتی ١٩٤٧دا، سەرۆك ترومان ئەوەی پێشکەشکرد کە بە " بنەماکانی ترومان" ناودەبرێت، ئەوەش وڵاتە یەکگرتووەکانی پابەندکرد کە دەیەوێت و هەڵدەستێت بە بەرگریی لە "وڵاتە ئازادەکان" ئەوانەی بوونیان بەهۆی فشاری بێگانەوە یاخود چەکدارانی کەمینەکانی نێو سنووری وڵاتەکەیانەوە کەوتۆتە مەترسییەوە. بۆنەی رووداني ئەم بنەمایانە بریتیبوو لە داوایەك کە لەلایەن سەرۆك ترومانەوە پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمەریکا کرابوو بۆئەوەی پشتگیریی سەربازیی و دارایی بدرێت بە یۆنان(لەو کاتەدا جەنگی نێوخۆیی نێوان کۆمۆنیستەکان و سەڵتەنەتخوازەکان لە گەرمەیدا بوو) و تورکیا، ئەوەش سەرەتای پابەندبوونی ئەمەریکا بوو بۆ بەرگرییکردن لە رژێمە دژە کۆمۆنیستەکان لە تەواوی جیهاندا. ماوەیەکی کەم پاشتر، لە

88 Baskın Oran (ed.) (2002) Türk dış politikası: Kurtuluş savaşından bugüne  olgular, belgeler, yorumlar, Istanbul: İletişim, vol. 1 (1919–1980), 502.

ژونــی ١٩٤٧دا، "پلانــی مارشــاڵ" پێــشکەشکرا، کــە پــشتگیرییەکی دارایــی مــەزنی بــۆ یارمەتییــدانی ئــەوروپیی پێــشنیاز کردبــوو تــا ئابوورییــان بنیــاد بنێنــەوە. ئــەم پلانــە ســێ ئەمانجی تەواوکەری دیکەی هەبوو. بۆئەوەی یارمەتیی ئەوروپییەکان بدات یارمەتی خۆیان بدەن، هەروەها بۆئەوەی بازاڕی هەناردە بۆ کاڵا پیشەسازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان گەرم بکات، دواجار بۆ ریشەکێشکردنی برسێتیی بۆئەوەی زەمینەی کۆمۆنیزم خۆش نەبێت.

بـۆ سـەرکردایەتیی تـورك ئاشـکرابوو بۆئـەوەی سـوودی تـەواو لـە پـشتگیریی سیاسـیی و سەربازیی ئەمەریکا و هـەروەها پلانەکەی مارشاڵ بکـەن، واباشـە بۆ تورکیا کە زیاتر لەگـەڵ ئـەو بیروبـاوەڕە سیاسـیی و ئابوورییانـەدا (دیموکراسـیی و بـازاڕی ئـازاد) بـچێتەپێش کـە ئەمەریکییەکان گرتوویانەتەخۆ. بەوەش دەتوانین بڵێین کە گۆڕانی سیاسیی و ئابووریی لە تورکیا پاش ساڵی ١٩٤٥ ریشەیەکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی پێکەوە هەبوو.

## پرۆسەی دیموکراتیزەبوون

یەکەمین ئاماژە بۆ ئەوەی کە حکومەت بایەخی بە گۆڕینی ئاراستەکەی داوە لەو کاتەوە هاتووە تەنانەت پێش کۆتاییهاتنی جەنگ کاتێك ئینۆنو لە گوتارێکدا کە لە خولی نوێی ساڵانەی پارلەماندا لە ساڵی ١٩٤٤دا پێشکەشی کرد، بە توندیی جەختی لە کارەکتەری دیموکراتیی پارلەمان لە سیستمی سیاسیی تورکییدا کردەوە، لە ١٩ی مایۆی ١٩٤٥دا ئینۆنو زیاتر لەو بابەتە قسەی کرد و بڕیاریدا هەنگاوی زێدەتر لەپێناو دیموکراتیزەکردنی رژێمەکەدا بهاوێژێت، بێئەوەی ئەو هەنگاوانە دیارییبکات کە چین.

هەروەها لە مایۆدا، یاسای دابەشکردنی زەویوزار کە یەکەمجار لە یەنایەردا پێشکەشکرا، لە ئەنجومەنی نەتەوەییدا گەنگەشەی لەبارەوەکرا. تورکیا تا ئەو دەمە هێشتا وڵاتێك بوو کە وردە جووتیـار زۆرینـەی بـاڵای پێکهاتـەی دانیـشتووان بـوو. ٩٩,٧٥ لەسـەدی موڵکـدارانی زەوی لەو جووتیارانە بوون کە کەمتر لە ٥٠٠دۆنم"١٢٥ئەکر"زەویان هەبوو. ئەوانەی زیاتر لە ٥٠٠ دۆنمیـان هـەبوو تـەنیا ٠,٠١بـوون. زۆربـەی جووتیـاران نزیکـەی کـەمتر لـە یـەك دۆنم زەویـان هـەبوو. جیاوازییـەکی گـەورە لـەنێوان هەرێمەکانـدا هـەبوو بـەڵام لەناوچە زۆر بەپیتـە کـشتوکاڵییەکاندا خاوەنـداریی ٢٥ بـۆ ٥٠ دۆنم نموونـەیی بـوو.[89] بەشـێکی جووتیـارە

[89] Kemal Karpat (1959) *Turkey's politics: the transition to a multi-party system*, Princeton: Princeton University Press, 99.

بچووکەکان بوونێکی لاوەکییان هەبوو. زەوییەکی کشتوکاڵیی هێندە بەرفراوان نەبووکە نزیکەی سێ ملیۆن خێزانی جووتیاران بژێنێت. هەروەها هەبوونی زەوییەکی شەش یاخود دوازدە ئەیکر(٢٥–٥٠ دۆنم) واتە بوونی ئەو جووتیارە لەسەر هێڵی هەژاریی، یان لە زۆربەی حاڵەتەکانیدا لە خوارەوەیدا بوون. لەئاکامی ئەوەش، بەشێکی مەزنی جووتیارەکان بە شێوەیەکی درێژخایەن دەبنە نیوەکارو بەرامبەر بە بڕێکی کەم لە بەرهەم، لە ژیانێکی سەختو نالەباردا، زەوی موڵکدارەکان رەنێودێنن. وەك داب، موڵکداری مەزن یاخود دەوڵەمەندی دانیشتووی شاری خاوەن زەوی، تۆوو پێویستییەکانی دیکەیان پێدەداتو لەبەرامبەردا لە کاتی خەرمان هەڵگرتنەوە چارەك یاخود نیوەی بەرهەمیان لێوەردەگرێت.

یاسای دابەشکردنەکە لە مایۆی ١٩٤٥دا پێشکەش بە ئەنجومەن کراو ئامانجی دابینکردنی بڕە زەوییەکی گونجاو بوو بۆ ئەو جووتیارانەی بێ زەوی بوون یاخود بەگوێرەی حاڵەتی دابەشکردنی بێ ناڕێكوپێكی دەوڵەتدا بڕە زەوییەکی کەمیان پێدرابوو. زەوی ئەوقاف، زەوییە بەیارەکان، زەویە بێ قەواڵەکان، هەروەها ئەو زەوییانەی کە لە موڵکداران سەندرابوون کە زیاتر لە ٥٠٠ دۆنمیان هەبوو. بەگوێرەی بەندی ١٧ی یاساکە تەنانەت لەسەرو سێ چارەکی زەوی ئەو موڵکدارە کشتوکاڵییانەی ٢٠٠ دۆنم زەوییان هەیە و لە ناوچەیەکدان کە دانیشتووانی زۆرە دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت. هەروەها جووتیارەکانیش قەرزێکی ٢٠ ساڵەی بێ قازانجیان پێدەدرێت.

دەقی پێشنیازکراوی یاساکە گەنگەشەی لەسەرکراو ئەوەش یەکەمین جار بوو کە بە ئاشکراو بە توندیی رەخنە لە حکومەت بگیرێت. ئەو کەسایەتییانە ناڕەزایەتییان پێشاندا کە لەگەڵ موڵکدارەکاندا پەیوەندییان هەبوو، هەروەها قسەرکەری ئەمانە "عەدنان مەندەریس" بوو کە یەك لە موڵکدارە مەزنەکانی ئایدن بوو. ئۆپۆزسیۆنەکان سەرەتا لەمەڕ مەسەلە ئابوورییەکان گەنگەشەیان چڕکردەوە(لەوبارەیەوە گفتوگۆیان دەکرد کە ئەو یاسایەی سەبارەت بە دووبارە دابەشکردنەوەی زەوی پێشنیازکراوە، سەروەریی موڵکداریی سنووردار دەکاتو رێگە لە وەبەرهێنان دەگرێتو دەبێتە هۆکاری لاوازکردنی کشتوکاڵ، هەروەها ئەو شێوازە ئۆتۆکراسییەی گەنگەشەکەی تێدا بەڕێوەدەچوو بووەهۆی ناڕەزایەتیی دەربڕین دژی لاوازیی دیموکراسییو دەربڕین لەو وڵاتەدا، ئەوەی هەروەها لەلایەن مەندەریسەوە رێبەرایەتیی کرا.

دواجار، یاساکە وێڕای ئەو گەنگەشە گەرمو توندەی بەخۆیەوەبینی بە تێکڕای دەنگ تێپەڕێنرا، ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو دیسپلینە بوو کە هێشتا لەنێو(پ.ك.گ)دا

بەڕێوەدەچوو، بەڵام هەرزوو پاش ئەو، لە ٧ی ژوندا، مەندەریس و سێ ئەندامی دیکەی ئەنجومەن کە جەلال بایاری سەرەك وەزیری پێشوو، رەفیق کۆرالتان و فوئاد کۆپەرلو(مێژوونووسی بەناوبانگ) بیرخەرەوەیەکیان پێشکەشی ئەندامانی پارتەکەیان لەی پارلەمان کرد کە پێویستە دەستووری تورکیا بە تەواویی جێبەجێبکرێت و دیموکراسیی دابمەزرێت. واپێدەچوو "دۆرتو تەقریر/ راپۆرتی چوارەکە" وەك دواتر ناوی دەرکرد، بۆ چاکسازییکردن بێت لە (پ.ك.گ)، زیاتر لەوەی بۆ دامەزراندنی پارتێکی ئۆپۆزسیۆن بێت. بەڵام وێڕای ئەوەش سەرەتای رێکخستنی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی لە پاش جەنگدا تۆمار کرد.

پارتەکەی پارلەمان، داواکاریی چوارەکەی رەتکردەوە، بەڵام ئەو چوار کەسایەتییە بەهیچ شێوەیەك لەسەر ئەو سەرەڕۆییە سزایەك نەدران، ئەوەش بە گشتیی وەك نیشانەیەك لێکدرایەوە کە حکومەت ئامادەیی دەکات نەرمییەکی دیارییکراو لە فەزای سیاسییدا پێشانبدات.هەروەها نیشانەیەکی دیکەش هەبوو کە هەر بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیی، هێندێك رۆژنامەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو "وەتەن/وڵات"ی ئەحمەد ئەمین یەلمان کە لیبراڵ و ئەمەریکاخواز بوو، "تان/بەیان"ی زەکەریا و سەبیحە سەرتەل کە چەپگەرا بوو، پشتگیریی چوار کەسەکەیان کرد و لە رۆژنامەکەیاندا ستوونیان بۆ تەرخانکردن تا بیروڕای خۆیانی تێدا دەربڕن. کاتێك، هەفتەیەك دوای پێشکەشکردنی راپۆرتی چوارەکە ، هەڵبژاردنی ناوخۆیی لە ئەستەمبوڵ ئەنجامدرا، حکومەت بۆ یەکەمین جار رێگەی دا ئازادانە لەنێوان کاندیدە جیاوازەکانی (پ.ك.گ)دا هەڵبژێردرێن.

قسەی دروست، قۆناغی فرە پارتیی لە ژوئیەدا دەستپێدەکات، ئەو کاتەی"نوری دەمیرەج" پێشەسازکاری ناوداری ئەستەمبوڵ"میللی کالکینمە پارتەس/پارتی پێشکەوتنی نەتەوەیی" دامەزراند، کە بەفەرمیی لە ٥ی سێپتەمبەردا تۆمارکرا. پلاتفۆرمی(پ.پ.ن) داوای لیبراڵیزەکردنی ئابووریی و پەرەسەندنی وەبەرهێنان و ئازادیی دەکرد. ئەندامەکانی پارتەکە ئەزموونی کاری سیاسیی و نوێنەریان لە ئەنجومەندا نەبوو. هەربۆیە زۆر کاریگەریی نەبوو و پشتگیرییەکی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا. پەرەسەندنی راستیینە ئەو دەمە بە خشکەیی تێپەڕی کاتێك عەدنان مەندەریس و فوئاد کۆپەرلو ، دواتریش رەفیق کۆرالتان لە ٢١ی سێپتەمبەرداو بەهۆی ئەو گوتارە رەخنە ئامێزانەی کە لە "وەتەن"و"تان" دا بڵاویان کردبووەوە، بە فەرمیی لە پارتی کۆماریی گەل دەرکران.

عیسمەت ئینۆنو لە گوتارێکیدا لە ١ی نۆڤەمبەر، رایگەیاند کە کەموکوڕیی دیموکراسیی تورکیا بریتییە لە نەبوونی پارتێکی ئۆپۆزسیۆن(پێدەچێت هیچ حیسابێکی بۆ (پ.پ.ن) نەکردبێت). ئەوەشی رایگەیاند کە هەڵبژاردنی گشتیی کە دەخرێتە ساڵی ١٩٤٧ هەڵبژاردنێکی ئازادو راستەوخۆ دەبێت-بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی دوو قۆناغیی کە دەنگدەران دەیگرنەبەرو تائێستاش لەسەری دەڕۆن. لەسەرەتای دیسەمبەردا، جەلال بایار وازی لە (پ.ك.گ)هێنا. نها هەرچوار واژۆکەری راپۆرتەکە وازیان لە پارتی دەسەڵاتدار هێنا یان ناچارکران وازبهێنن و هەروەها ئاشکرابوو کە دامەزراندنی پارتێکی نوێ بەڕێوەیە. لە ئامادەکارییدا بۆ هاتنەکایەی پارتە نوێیەکە، جەلال بایارو عیسمەت ئینۆنو پێکەوە کاریان دەکرد. بێگومان ئەو راستییەی کە بایار لە تورکە لاوە دێرینەکان بوو، وەك کەسێکیش کە لایەنگری بنەماکانی سێکیولاریزم بوو، پەسەندکردنی پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی لەلای کەمالیستەکان و پارتەکەیان ئاسانکرد. ئەوەی بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ گرفتی پێکدەهێنا. لەکاتێکدا، ئاشکرابوو کە ئەو چوار کەسایەتییە لە قۆناغی کۆرپەلەیی پارتە نوێیەکەدا پشت بە نیازپاکیی عیسمەت ئینۆنو دەبەستن، هاوکارییش لەنێوان بایارو عیسمەت ئینۆنودا ئەو بۆچوونە زەقدەکاتەوە کە دامەزراندنی ئەو پارتە ئاکامی رێکەوتنێکی ژێربەژێری تاکتیکیی بێت. ئەوەش دەبێتە تۆمەتبارکردنێك بۆ پارتە نوێیەکە کە بە سەختیی یەخەگیریی دەبێت.

لە ٧ی یەنایەری ١٩٤٦دا پارتی دیموکرات بە فەرمیی تۆمارکراو یەکەمجار لەلایەن (پ.ك.گ)و ئەندامەکانییەوە پێشوازیی لێکرا، بەشێوەیەك مەزەندەی ئەوە دەکرا سەرکردایەتییان لەلایەن ئینۆنووە بکرێت. هەمان کات، کە (پ.د) دەستیکرد بە دامەزراندنی لقەکانی و بەشێوەیەکی پڕجۆش وخرۆش لە تەواویی ولاتدا پێشوازیی لێکرا. سەرکردایەتیی (پ.ك.گ) کە لە ناڕەزایەتیی خەڵك بە ئاگابوون، بەو ئاستەفراوانەی کە دەرکەوت تووشی شۆك بوون. داواکرا کۆنگرەیەکی نائاسایی لە مایۆی ١٩٤٦دا ببەسترێت. ئەو کۆنگرەیە بریاری چەند هەنگاوێکی لیبرالانەی تێدا درا وەك پەسەندکردنی هەڵبژاردنی راستەوخۆ، پێگەی سەرۆکی هەمیشەیی پارت لابرا، عیسمەت ئینۆنو کە نازناوی"سەرکردەی نەتەوەیی" هەبوو، وەك سەرۆك دانرایەوە، بەلام لەراستییدا پاش ئەوەی کە هەڵبژێردرایەوە. هەرزوو پاش کۆنگرەکە، رۆژنامەکان ئازادانە چاپ وبلاو دەکرانەوەو زانکۆکانیش تاپلەیەك سەربەخۆبوون. بەلام هەڵبژاردنی نەتەوەیی لە ژوئیەی ١٩٤٧ەوە بۆ ژونی ١٩٤٦ هێنرایەپێش، بەو هیوایەی کە پێش لە دیموکراتەکان بگرن پێش

ئـەوەی بـە تـەواویی جێپێـی خۆیـان بکەنـەوە. دیموکراتـەکان ناڕەزایـەتییان لـەو بڕیـارە دەربڕیی و وایان پێشاندا کە بۆیکۆتی هەڵبژاردن دەکەن(هەروەك لەسەرەتای ساڵدا بۆیکۆتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیان کردبوو) بەڵام دواجار بەشدارییان کردو توانیان لەکۆی ٤٦٥ کورسیی ئەنجومەن، ٦٢ دانە ببەنەوە.

ئەوە بۆخۆی وەك ڕووداوێکی بەرچاو خۆی نواند، بەڵام بۆ پارتە نوێیەکە سەرکەوتنێکی زۆر مەزن نەبوو. وێڕای ئەوەی واقیعەکە جیاواز بوو. یەك لەو هۆکارانەی وایکرد (پ.ك.گ) زۆرینە بەدەستبێنێت ئەوەبوو کە ساختەکارییەکی زۆری لە دەنگەکاندا کردبوو، پرۆسەی هەڵبژاردنەکە زۆر پاك و بێ دەستوەردان نەبوو، نهێنی دەنگدانی دەنگدەران زامن نەکرابوو، سەرۆکارییەکی پاك و بێ گزیی هەڵبژاردنەکان نەبوو، پاش ئەوەش بە فەرمیی ئاکامی هەڵبژاردنەکە ڕاگەیەندرا، سندوقەکانی دەنگدان شکێندران بۆ ئەوەی هەموو پێداچوونەوەیەك بەو ئاکامەدا مەحاڵ بێت. پێویستە ئەوە بیربهێنرێتەوە کە لەو دەمەدا هەموو کارگێڕییە ناوچەیی و هەرێمییەکان سەر بە (پ.ك.گ) بوون و زۆربەیان بۆیان سەخت بوو جیاوازیی لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی و خیانەتیی مەزن بکەن. بڕی ئەو ساختەکارییەی کرابوو هێندە مەزن بوو کە هەرایەکی گەورەی لە وڵاتدا بەرپاکرد. جەلال بایار گوتی کە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پ.د ژمارەی ڕاستیینەی ئەو کورسییانەی پارتەکە بردویەتییەوە یەکجار زیاترەو " دەستی خراپەکاریی تێکەڵ بە هەڵبژاردنەکە بوو" ئەم گوتەیەی بایار لەنێو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە بێ هیچ حسابکردنێك بۆ ئەو هۆشیارییەی حکومەت کە هەر ڕەخنەگرتنێکی لە هەڵبژاردنەکە بە توندیی قەدەغە کردبوو.[٩٠]

بەئاشکرابوونی ئەو پاڵپشتییە گەورەیەی پ.د، (پ.ك.گ) چارەی ئەوە بوو یان ئۆپۆزسیۆن سەرکوتبکات وەك ئەوەی لە ساڵانی ١٩٢٥و ١٩٣٠کرا، یاخود زیاتر بە ئاراستەی لیبراڵیزەکردندا ملی ڕێگە بگرێت. بۆماوەی ساڵێك لە هەڵبژاردنی ١٩٤٦، وا پێدەچوو پارتەکە خۆی لەو ئاڵتەرناتیڤانە بەدوور بگرێت. ئینۆنو لە ئوتدا ڕەجەب بەکیری وەك سەرەك وەزیر دەستنیشانکرد، ئەوەی بەوە لە پارتەکەیدا ناسرابوو کە پیاوێکی فرە توندەو لایەنگری سیستمی دەوڵەتی تاکە پارتییە. ڕەجەب بەکیر هەوڵیدا پ.د ناچار بکات وەك برا بچووکێك بەشداریی حکومەتەکەی بێت تا خۆی لەو ڕەخنە توندوتیژانە بەدووربگرێت کە لەلایەن ئەوانەوە ئاراستەی (پ.ك.گ) دەکرا. هەرچەندە ئەم هەوڵە لەلایەن پ.د ەوە ڕەتکرایەوە. ڕادەی ساختەکاریی بیرۆکراتیی (پ.ك.گ) هێندە بێتام بوو کە

---

[90] Karpat, op. cit., 164–5.

فەزاكەی ژاراویی كردبوو. بەڵام هۆكارێكی دیكە بەردەوامیی دابووە رەخنە توندوتیژەكانی پ.د دژی حكومەت، ئەویش ئەوەبوو كە بەرنامەی كاری پ.د لە (پ.ك.گ) ناكۆك و جیاوازبوو. پ.د بنەما سەرەكییەكانی كەمالیزمی لە نەتەوایەتیی و سێكیولاریزم پەسەند بوو، هەربۆیە نەیدەتوانی لەم رووەوە خۆی لە حكومەت بەدوور بگرێت. ئەو خاڵە سەرەكییەی لە (پ.ك.گ)ی جیادەكردەوە(لیبراڵیزەكردنی سیاسیی و ئابووریی بوو)، ئەو دوو بوارەی كە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٧–١٩٥٠دا لەلایەن پارتی دەسەڵاتەوە بە ئاستێكی مەزن دەستی بەسەردا گیرابوو. هەربۆیە پ.د لەپێناو كۆكردنەوەی راكێشانی رای گشتیی پێویستی بەوەبوو فەزاكە توندو دژوارتر بێت. هەربۆیە لە ئەنجومەندا گلەیی و گازەندەی كردبووە پیشەی رۆژانەی .

رێگەیەكی دیكە كە هەریەك لەو دووپارتە دەیانویست خۆیانی لەیەكتر پێ جیابكەنەوە ئەوەبوو، هەریەكەیان ئەوی دیكەیانی بە كۆمۆنیستخوازیی تۆمەتبار دەكرد. كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی قۆناغێك بوو تارادەیەك بۆ چەپەكان ئاوەڵابوو. لەكاتێكدا حكومەت بە گونجاوی زانی راستەكان(یان توركیستەكان) سەركوت بكات. تەنانەت لەم هەلومەرجە راستەوخۆیەی پاش جەنگدا، رەگەزگەلێكی نێو (پ.ك.گ) هەبوو كە لە دەركەوتنی ئۆپۆزسیۆنێكی كۆمۆنیستیی بێزاربوون. لە ٤ی دیسەمبەری ١٩٤٥دا، ژمارەیەك خوێندكاری نەتەوەیی، كە بەو بابەتانە خرۆشابوون كەلەنێو بڵاوكراوەكانی (پ.ك.گ)دا نووسرابوون. هێرشیان كردەسەر ئۆفیسی رۆژنامەی تان ی چەپگەراو تاڵانیانكردو چاپخانەكەیان بۆ تێكوپێكدان، ئەو رۆژنامەیەی كە گوتارەكانی سەركردەكانی ئایندەیی پ.د تێدا بڵاودەكرایەوە، پۆلیسیش لەو شوێنە ئامادەبوون بەڵام خۆیان لە مەسەلەكە نەگەیاند. وێڕای ئەوەی لە ژونی ١٩٤٦دا، پارتی سۆشیالیست و تەنانەت كۆمۆنیستیش"توركیا سۆشیالیست ئەمەكچی ڤە كۆیلو پارتەس/پارتی سۆشیالیستی كرێكاران و جووتیارانی تورك" كە لەلایەن كۆمۆنیستی دێرین "د.شەفیق حوسنی دەمەر" دامەزرێنرا.

بەڵام ئاكامەكانی جەنگی سارد هەرزوو هەستی پێكرا، هەروەها لە دیسەمبەری ١٩٤٦دا یاسای سەربازیی بۆ سەركوتكردن و داخستنی ئەم پارتانە بەكارهێنرا. نها پ.د و (پ.ك.گ) هەڵمەتێكی چەواشەكارانەیان بەرامبەر یەكتری گرتەبەر بەوەی نەرمیی لەهەمبەر كۆمۆنیستییدا دەنوێنن. هەروەها پ.د بەوەش تۆمەتبار كرا كە بەرەو مۆسكۆ مل دەنێت. ساڵانی ١٩٤٨و ١٩٤٩ راوەدونانی چەپەكانی بەخۆوەدی، كەسێكی پان توركییزمی بەناوبانگی وەك "نیهال ئاتسز"و "زەكی ڤالیدی نۆگان" كە لە كۆتایی جەنگی دووەمی

جیهانییدا دادگایی کرابوون‌و له زیندان بوون، هێنرانەوه مەیدان‌و نەیاره سەرسەختەکەیان که رۆماننووسی بەناوبانگی سۆشیالیست "سەباحەدین عەلی"بوو لەلایەن یەك لە پیاوەکانی ئاتسزەوه کوژرا.

پەیوەندییەکانی نێوان دوو پارتەکه له بەدەوه بەرەو بەدتر دەرۆیشت، گفتوگۆ سەبارەت بە بودجەی ساڵی ١٩٤٧ زۆر دژوار بوو، هەروەها جارێك سەرۆك وەزیر، مەندەریسی بە دەروون نەخۆش ناوبردبوو، ئەوەی وای له دیموکراتەکان کرد ئەنجومەن جێبهێڵن‌و بۆ چەند رۆژێك بەشداریی دانیشتنەکان نەکەن. له یەنایەری ١٩٤٧دا، پ.د یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست، که تێیدا نوێنەرایەتییەکەیان "حورییەت میساقی/پەیمانی ئازادیی" گرتەبەر ، ئەو چەمکەی لەگەڵ "پەیمانی نەتەوەیی"بەناوبانگی ساڵی ١٩٢٠دا هەماهەنگ نەبوو. پ.د خۆی وەك رەوتێکی سیاسیی نویٚ دەهاته پێش چاو که دەتوانێت ئەو رێگەیه تەواو بکات که ئەتاتورك دەستپێکردبوو. دەبوو سەبەخۆیی نەتەوەیی بەدیبێنێت‌و چاکسازیی لەنێو کۆمەڵگەی تورکییدا بکات. پەیمانی ئازادیی رێگەی بە پارلەمانتارەکانی پ.د دابوو که دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی جێبهێڵن‌و بۆیکۆتی بکەن تاکو حکومەت ژمارەیەك لە یاسا نادیموکراتییەکان دەکێشێتەوه. ئەوەش هەڕەشەیەکی مەترسیدداربوو، چونکه حکومەتەکەی بەکیر که بۆخۆی لەئاکامی ئەو ساختەکارییەی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٤٦دا جۆره قەیرانێکی شەرعییەتی هەبوو، نەیدەتوانی کارێکی وابکات که لەبەر چاوی خەڵك‌و جیهانی دەرەوه وەك دژه دیموکراتیی دەربکەوێت، بەتایبەتیی له هەلومەرجێکدا که گرنگی پەرەسەندنی یارمەتییەکانی ئەمەریکای بەخۆوەدەبینی.

پ.د و پ.ك.گ بە ئاشکرا لەبارێکی دژوارو ناکۆکییدابوون، بەلاّم له ژوئیەی ١٩٤٧دا ئینۆنو خۆی هاویشته مەسەلەکەوه. ئەو سەربەخۆ لەگەڵ بەکیرو بایاردا چاوپێکەوتنی کردو گوتەیەکی پێشکەش بە رۆژنامەکان کرد. ئەمەش(راگەیاندنی ١٢ی ژوئیە)ی پێدەگوترێت که بوونی ئۆپۆزسیۆنی کرده مەسەلەیەکی رەواو دەوڵەتی وەك ئامرازێك ناوبرد که دەبێت بێلایەن بێت‌و لەئاست هەردوو پارتەکەدا دادپەروەربێت. ئەوەش دەستوەردانێکی یەکلاکەرەوه بوو لەلایەن سەرۆکەوه بەوەی راشکاوانه سیاسەتی فرەپارتیی بنجی داکوتا. بۆ پ.ك.گ ئەوه مانای بەزینی ئەو باڵه توندڕەوه بوو که رەجەب بەکیر رابەرایەتیی دەکرد. ئەوەی دەستی لەکارکێشایەوەو لەجیاتی ئەو "حەسەن سەکا"بووه سەرەك وەزیر. ئەو حەسەنەی پێشتر وەزیری کاروباری دەرەوه بوو و سەرۆکی نوێنەرایەتیی تورکیی بوو بۆ کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ.

پ.ك.گ لەكۆنگرەی خۆیدا لە نۆڤەمبەری ١٩٤٧دا تەنانەت بە ئاراستەی بەرنامەكەی پ.د ملی نا. پاڵپشتی لە وەبەرهێنانی ئازاد كردو بڕیاریدا یاسای ژمارە ١٧ی دابەشكردنی زەویوزار بكێشێتەوە(ئەوەی كە ئەنجومەنی ساڵی ١٩٥٠ ئەنجامیدا)، هەروەها ئەو هەنگاوانەی گرتەبەر كە ببێتەهۆی ئەوەی پ.د ئاین وەك كارتێك بۆخۆی بەكاربێنێتو بڕیاریدا ڕێگە بە خوێندنی ئاینیی لە خوێندنگاكاندا بداتو دەزگاكانی لادێ چاك بكات، ئەوەی پ.د كردبوویە ئامانجو وای پێشاندەدا كە ناوەندی هاندانی كۆمۆنیستە.

ئەوە كاری دیسپلین بوو لەنێو پ.ك.گ دا كە نەیهێشت پارتەكە دووكەرت بێت پاش ئەوەی عیسمەت ئینۆنو وا راشكاوانە جەختی لە لایەنگریی ریفۆرمیستەكان كردەوەو خۆی لە پشتگیریی باڵی توندڕەو كێشایەوە. رەوتی نوێی میانڕەوی پ.ك.گ دەیتوانی كێشەی زۆر گرنگ بۆ دیموكراتەكان پێكبهێنێت. هەرچەندە ئەوەی ئەوانی زیاتر بەیەكەوە دەبەستەوە ئۆپۆزسیۆنی هاوبەشیان بوو بۆ پ.ك.گ، وەك ئەوەی پرۆگرامێكی هەماهەنگی سیاسیی لە دەوری یەكتر كۆیكردبنەوە. چەند دەستەیەكی نوێنەرایەتیی،ئەوانەی وایان دەبینی سەركردایەتیی پ.د زۆر میانڕەوە، خوازیاربوون ئۆپۆزسیۆنێكی سەرسەختانە لەهەمبەر پ.ك.گ دا بگیرێتەبەر، لە جەستەی سەرەكی پارتەكەیان جیابوونەوە. یەك لەو دەستانە "میللی پارتەس/پارتی نەتەوەیی"یان دامەزراند كە سەرۆكە رووخسارییەكەی "فەوزی چەكمەك"(كە دوژمنێكی كینە لەدڵی عیسمەت ئینۆنو بوو، لەو دەمەوە ئینۆنو لە ساڵی ١٩٤٤ لە سەرۆكایەتیی ئەركان لایبردبوو). لەئاكامدا پارلەمانتارانی پ.د نیوەیان مانەوە، بەڵام لەجاران تۆكمەترو هەماهەنگتر هەڵدەسوران . حەسەن سەكا جارێكی دیكە كابینەكەی لە ژونی ١٩٤٨دا هەموار كردەوە. لە ساڵی ١٩٤٩دا، "شەمدین گویناڵتای" كە پرۆفیسۆرێكی زانكۆییو كەسایەتییەكی میانڕەوتربوو شوێنی سەكای گرتەوە.

یاسای هەڵبژاردن وەك خاڵی سەرەكیی ناكۆكیی نێوان هەردوو پارتەكە مایەوە، ئەو یاسایەی كە بۆ چەند جارێك لەسایەی فشاری ئۆپۆزسیۆندا هەموار كرایەوە، ئەوانەی هەڕەشەی ئەوەیان دەكرد كە ئەگەر هەڵبژاردنێكی تەواو ئازادو دادپەروەرانە نەكرێت، ئەوا بۆیكۆتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نەتەوەیی دەكەن كە لە دەبوو لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەنجامبدرێت. راشكاوانەش داوایانكرد چاودێریی ئەو هەڵبژاردنەوە لەلایەن كارگێڕییەوە نەكرێت، بەڵكو لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە. دواجار لە فێبرایەری ١٩٥٠دا، پێكهاتن هاتەكایەوە، ئەویش تەنیا لەپێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ١٤ی مایۆی ١٩٥٠ دا.

## چاکسازییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان

ساڵی ١٩٤٧ هەروەك لە پرۆسەی چاکسازیی سیاسیی، خاڵێکی وەرچەخانە لە رووی سیاسەتی نوێی ئابوورییشەوە. تا ئەو کاتە، پ.ك.گ لە بازنەی سیاسەتی "دەوڵەتییبوون"دا دەخولایەوە کە لە ساڵی ١٩٣٠دا پێشکەشکرابوو. ئەم سیاسەتە نوێیە بەخێرایی لە سایەی فشاری بیزنسمانی خۆماڵییو هەروەها ئەمەریکاوە گیرابووەبەر. پ.د خۆی وەك دەنگی رەخنەگرانی نێوخۆ دەنواند. مەندەریس زۆر لەوە زیاتریشی تێدەپەڕاندو دەوڵەتییبوونی بە کالآیەکی رزیوی سیستمی فاشیزم نێوزەد دەکرد. کەسایەتیی مەیانڕەوتری نێو سەرکردایەتیی پ.د وەك جەلال بایار، خوازیاربوو رۆڵی دەوڵەت بگۆڕێت لەوەی راستەوخۆ دەستوەرداتە پرۆسەی ئابوورییەوەو پشتگیریی و هەماهەنگیی لە دەستپێشخەرییە تایبەتییەکان بکرێت. لەدیدی ئەوانەوە، پێویستە وەبەرهێنانی تایبەت بایەخی سەرەکیی هەبێتو دەوڵەت تەنیا دەبێت لەو کاتەدا دەست درێژ بکات کە وەبەرهێنانی تایبەت شکست دەهێنێت، یاخود لە سۆنگەی لاوازی سەرمایەکەیەوە هیوای سەرکەوتنی نابێت. لە یەنایەری ١٩٤٧دا، ژمارەیەك بیزنسمان لە ئەستەمبوڵ "ئەستەمبوڵ توجار دەرەنجی/یەکێتی بازرگانانی ئەستەمبوڵ)یان دامەزراند کە یەکەمین دەستەبوو لەلایەن حکومەتەوە لغاو نەکرێت. ئەو یەکێتییەی رەخنەی خۆیان لە دەوڵەتییبوون گرتو وەك سەرچاوەی لاوازییو پەرەنەسەندنی ئابووریی وڵات لەقەڵەمیاندا، هەروەها پشتگیریی ئەو بیروبڕوایانەیان دەکرد کە لەلایەن دیموکراتەکانەوە دەردەبڕرا.

لە هەمان کاتدا، تورکیا کە پاش ساڵانێکی ئامادەباشیی جەنگ، هەژاریی تەنگی پێهەڵچنییبوو، فرە پێویستی بە دارایی ئەمەریکا بوو. بۆ ئاسانکاریی ئەمە، حکومەتی تورکیا داوای ئەندامەتیی {رێکخراوی قەرزی نێودەوڵەتیی(IMF)} بۆئەوەی ئاسانکاریی ئەوەی بۆ بکرێت، ئەو بڕیارانەی دا کە بە "بڕیارەکانی ٧ی سێپتەمبەر" لە ساڵی ١٩٤٦ ناودەبرێت. ئەوەش مانای دابەزاندنی لیرەی تورکیی بەرێژەی ١٢٠ لەسەد(یەکەمین دابەزینی دراوی تورکیی بوو لە قۆناغی کۆمارییدا) هەروەها ژمارەیەك هەنگاوی لیبراڵیزەکردن لە پێناوی بەستنەوەی ئابووریی تورکیا بە ئابووریی جیهانییەوە نرا.

لەساڵی ١٩٤٦، پ.ك.گ پلانێكی پێنج ساڵەی ئابووریی داڕشت كە هاوشێوەی پلانەكەی پێش جەنگ بوو، كە جەختی لە خۆژێنیی و كۆنترۆڵی دەوڵەت كردەوە(نووسەرەكەی لە دەستەی "كادر" بوو ،ئەو دەستەیەی لەماوەی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٤دا چالاك بوو)، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٧دا، ئەم پلانە وازی لێهێنراو "پلانی پەرەسەندنی توركیی" نوێ گیرایەبەر، كە بە ئارەزووی بیزنسمانەكانی ئەستەمبوڵ و ئەوانەی پ.د بوون. ئەم پلانە جەختی لە وەبەرهێنانی ئازاد، پەرەسەندنی كشتوكاڵ و پەرەپێدانی پیشەسازیی كشتوكاڵیی (لەبری پیشەسازیی قورس)، پەرەپێدانی رێگای قیر لەجیاتی رێگەی ئاسنیی، هەروەها پەرەپێدانی كەرتی وزە(نەوت)، دەكردەوە. كۆنگرەكەی پ.ك.گ لە نۆڤەمبەری ١٩٤٧دا بە دڵ ئەم پلانەی پەسەند كرد. لێرەبەدوا، بە ئەستەم جیاوازیی لەنێوان سیاسەتە ئابوورییەكانی پ.د و پ.ك.گ دا دەبینرا، تەنیا جیاوازیی لەوەدا بوو كە پ.د خوازیاربوو پرۆسە ئابوورییە دەوڵەتییەكان بفرۆشرێن، لەكاتێكدا پ.ك.گ وای نەدەویست. لە نۆڤەمبەری ١٩٤٨دا، كۆنگرەیەكی ئابووریی لە ئەستەمبوڵ بەسترا(پێشتر ساڵی ١٩٢٣ كۆنگرەیەكی وا لە ئەزمیر بەسترابوو) كە ئەویش زیاتر لەمەڕ پشتگیریی سیاسەتی لیبراڵە ئابوورییەكان پێیدادەگرت. بایەخی ئەم كۆنگرەیە لەوەدابوو كە رێكخراوێكی مەدەنیی پێی هەستابوو. كە ئەویش یەكێتی بازرگانانی ئەستەمبوڵ بوو، نەك لەلایەن دەوڵەت یاخود حیزبەوە.[91]

لەساڵی ١٩٤٨ بەرەوسەر، گەنگەشەی دیموكراسیی زیاتر لەرێگەی چالاكییەكانەوە پتەوبوو، هەروەها پاشتر راپۆرتەكانی نوێنەرایەتیی راستییدۆزی ئەمەریكیی، ئەوەی كە باسی لە ئەگەری پەرەسەندنی ئابووریی توركیا كردبووو چۆن هاوكارییەكانی ئەمەریكا پێشكەش بكرێن و بە چ شێوەیەك بەكاربهێنرێت. ئەم كۆمسیۆنە لەلایەن پیشەسازكار"ماكس تۆرنبێرگ"كە لەلایەن بانكی جیهانییەوە ناسرابوو، رێبەرایەتیی دەكراو راپۆرتەكانیان لە ساڵی ١٩٤٩دا بڵاوكرایەوەكە لەنێو بازنەی دەسەڵاتدا دەستی زۆر دەڕۆیشت. چ لە توركیاو چ لە ئەمەریكا. پێشنیازەكانی تۆرنبێرگ بەتەواویی لەگەڵ پلانی پەرەسەندنی توركیی ساڵی ١٩٤٧ هاوجووت بوو.

ساڵانی نێوان ١٩٤٥-١٩٥٠ بۆ ئابووریی توركیا ساڵانی گەشەكردن بوو(نزیكەی ١١ لەسەدی گەشەی داهاتی گشتیی خۆماڵیی لە ساڵێكدا)، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بكرێت كە

[91] Timur, op. cit., 96 ff.

ئەم گەشەکردنە پەرەسەندنێکی ڕێژەیی ئەو ئاستە فرە نزمەی چالاکییە ئابوورییەکانی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیی بوو، دوو شت بەڵگەی ئەوەیان بە دەستەوە دەدا کە خۆژێنیی ڕێژەیی لە تورکیا بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت و ئاوێتەبوون زۆر بەخێرایی هەنگاوی دەنا، ئەوەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە زۆربەی گەشەکردنی ئابووریی لە بواری کشتوکاڵدا بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٧بەرەوسەر، زێدەبایی بازرگانیی بۆ پەکیی بازرگانیی گۆڕا لە ئاکامی ئەو خێراییەی لە پرۆسەی هێنانی ماشێن لە دەرەوە هاتە کایەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو دیدە ئابوورییەی کە پ.د پێ دەناسرا، پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەو پارتە دەستپێکردبوو.

سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت هێندەی گۆڕانی سیاسەتە ئابوورییەکانی لەو سەردەمەدا گۆڕانی بەسەردا نەهات، کاتێك قەدەغەکرانی ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر بنەمای چینایەتیی پێکهاتبوون لە ساڵی ١٩٤٦دا هەڵگیرا، ژمارەیەك یەکێتییەکانی بازرگانیی هەڵتۆقین.تەنیا لەو کاتەدا بۆئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیی)کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. لە دیسەمبەری ١٩٤٦، یاسا سەربازییەکانی بەگەڕخرایەوە کە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی پێ داخران بە دوو پارتەکەشەوە.

لەساڵی ١٩٤٧"یاسای یەکێتییە پیشەییەکان" کە یاسایەکی نوێ بوو تێپەڕێنرا، کە مافی ڕێکخراوبوونی بە کرێکارانی یەکێتییە پیشەییەکان دەدا. بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕێگەی لە چالاکیی سیاسیی و هەروەها مانگرتنی سیاسیی دەگرت کەلەلایەن ئەو ڕێکخراوە پیشەییانەوە ئەنجامبدرایە. وێڕای قەدەغەکردنی چالاکیی سیاسیی، هەریەك لە پ.د و پ.ك.گ چالاکانە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەو یەکێتییانەیان دەدا کە لە ساڵی ١٩٤٧دا دامەزرابوون، هەروەها پ.د بەڵێنی ئەوەی پێدەدان گەر دەسەڵات بگرێتە دەست ئەوا مافی مانگرتنیان بۆ دەستەبەر دەکات. لەڕاستییدا بەدەستهێنانی ئەو مافە لەلایەن کرێکارانی تورکەوە دەساڵی دیکەی خایاند. جگە لە سیاسەتی ڕێگریی حکومەتە جیاوازەکان، پێگەی ئەم یەکێتییە کۆرپەڵەییانە لە بنچینەدا لاوازبوو بەهۆی کەمی ژمارەی کرێکارانی پیشەسازیی، لاوازیی ئاستی فەرهەنگیی و فرە هەژاریی و برسێتیی کارێکی وایانکرد دەرکەوتنیان وەك یەکێتییەکی گشتگیرو تەواو و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاو، مەحاڵ بێت.

## هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایۆی ١٩٥٠

تەواوی قۆناغی گواستنەوە بە هەڵبژاردنی مایۆی ١٩٥٠ دەگاتە لوتکە، ئەوەی بێ کارەسات و رووداوێك بەڕێوەچووو بە هەموو حیساباتەکان هەڵبژاردنێکی ئازادو دادپەروەرانە بوو. رادەی بەشدارییکردن یەکجار بەرز بوو، ٨٠ لە سەدی دەنگدەران بەشدارییانکرد. کاتێك ئاکامەکە راگەیەندرا، رای گشتیی شاگەشکە بوو، پارتی دیموکرات کە بە دروشمی(بەسە! چیدی خەڵك قسەی خۆی هەیە) تێدەکۆشا، ٥٣,٤ لەسەدی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لەبەرامبەردا پ.ك.گ کە ٣٩,٨ لەسەدی هێنا، بە پێی سیستمی هەڵبژاردنی تورکیی، ئەوە مانای ئەوە بوو کە پ.د ٤٠٨کورسی لە پارلەمانی نوێدا دژی ٦٦ کورسی پ.ك.گ. لەتەواوی هەرێمە گەشەسەندووەکانی وڵاتدا، پ.ك.گ لە یەك هەرێمێش زۆرینەی بەدەستنەهێنا. هەموو ئەو هەرێمانەی بردبوونیەوە لە رۆژهەڵاتی ئەنکەرەوە بوون، ئەوەش بەهۆی هێزە دەڵاڵەکانی دەنگەوەبوون کە لایەنگری پ.ك.گ بوون وەك ئەشرافەکان، سەرۆك خێڵەکان و ئەو موڵکدارە مەزنانەی زەوی کە لە ناوچە کەم گەشەسەندووەکاندا گرێکوێرەی هەڵبژاردنەکانیان بەدەستەوەبوو.

ئاکامەکەشی بە هەراو خۆشییەك کۆتاییهات کە وەك دۆخی رزگارکردنیی تەواویی وڵاتەکە خۆی دەنواند، بەڵام بۆ ئینۆنو بێهیواییەکی لەڕادەبەدەر تاڵ بوو. وێڕای ئەوهەوڵەی بۆ رێگرتن لەگەیشتنە دەسەڵاتی پ.د بەوەی کە سەبارەت بە پلانی لیبراڵیزەکردنی ئابووریی و سیاسیی پێشکەشی کردبوو، بەڵام ساڵانی سەرکوت، کە عیسمەت ئینۆنو وەك سیمبوڵەکەی دادەنرا، تاڕادەیەکی زۆر دەنگدەرانی لەسەر سندوقی دەنگدان لە پارتی دەسەڵاتدار بێباك کردبوو. هەرچەندە دەگونجێت ئەوە راستبێت بگوترێت کە سەرکەوتنی پ.د تەنانەت بەرفرەو گشتگیرتر بوو، وەك ئەوەی گەر هەڵبژاردن دووساڵ پێشتر کرابا.

هەرچەندە وردەکارییەکان هەرگیز بڵاونەکرانەوە، دەگونجێت هێندێك لەنێو دەزگای سەربازییدا پێشنیازی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیی و هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکەیان پێشکەش بە ئینۆنو کردبێت، عیسمەت ئینۆنو لەبەر بەرزراگرتنی خۆی پابەندی ئەو هێڵەبوو کە پێنج ساڵ بەر لەوە بناغەی بۆ داڕشتبوو. ئەو خوازیاری ئەوەبوو کە ئۆپۆزسیۆنێکی وەفادار، بەڵام بێهێزو بێ پشتوپەنا، دابمەزرێنێت. ئەو لەو

مەسـەلەیەدا بەهەڵـەدا چـووبوو، بـەڵام نهـا ئاکامـەکانی پەسـەندکردو بـە ویـستی خـۆی دەسـەڵاتی رادەسـتکردەوەو پـاش چواردەسـاڵ سـەرەك وەزیریـیو ١٢سـاڵیش سـەرۆك کۆماریی، خۆی بۆی ئەرکی رێبەرایەتییکردنی ئۆپۆزسیۆن تەرخانکرد.

ئەوەی ئێستا وا خەریکە دەبێتە فەرمانڕەوای تورکیا، بەتەواویی دیاردەیـەکی نـوێ بـوو لـە سیاسـەتی تورکییدا. نـەك لەبـەر بەرنامـەو پـەیڕەوەکانی (کـە زۆر هاوشـێوەی پ.ك.گ بوو، بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٤٧)، بەڵکو لەبەرئـەوەی کـە کـە پ.د کـە ریـشەکەی بـۆ ئـەو دابەشـبوونەی هاوپـەیمانی (تورکـە لاوەکـان) دەگەڕایـەوە، یەکـەمین رێکخـراوی سیاسـیی بـوو لـە مێـژووی هاوچـەرخی تورکیـا کـە جەماوەرەکـەی توانیبێتیـان لـە هەڵبـژاردنێکی ئازاددا پشتگیرییان بۆ دەربڕن.

زۆرجار دەگوترێت کە گواستنەوەی ئاشتییانە لـە دیکتاتۆرییـەوە بـۆ دیموکراسـیی فـرە پـارتیی لـە تورکیا لـە سـاڵی ١٩٤٦و گواسـتنەوەی ئاشـتییانەی دەسـەڵات لـەماوەی چـوار ساڵی پاشتردا، یەك لـە ئەزموونـەکانی پەرەسـەندنی جیهانـە. هەرچـەندە، مـرۆ نابێـت ئـەو راستییە پشتگوێ بخات کە تورکیا، هەرچەندە لە رووی کۆمـەڵا–ئابوورییـەوە بـە چـەندین شێوە وڵاتێکی پەرەسەندووبوو، میراتێکی هەبوو لە هەڵبژاردنی پارلەمانیدا کە بۆ ساڵی ١٨٧٦دەگەڕایـەوە، هـەروەها ژیـانێکی دیموکراسـیی فرەپـارتیی لـەنێوان ساڵانی ١٩٠٨–١٩١٤و لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣و هـەروەها ١٩٢٥و ١٩٣٠دا. هەرچـەندە ئـەو دیموکراسـییە تەنیا ریشەکورتو هەرزوو بە ئاسانیی سەرکوتدەکرا. بـەڵام ئـەوەش نـەبوو کـە تورکیـا لـە خاڵی سفرەوە دەستپێبکات

# بەشی سێیەم : شڕە دیموکراتیی

# بەشی سیازدەیەم

## فەرمانڕەوایەتیی پارتی دیموکرات ١٩٥٠- ١٩٦٠

### ئە نجومەنی نویٚ و کابینەی تازە

هاوڕاییـەکی بـەرفراوان لـە نێـو مێژوونوسـاندا هەیـە کـە ئـەو سـەرکەوتنە مەزنـەی پـارتی دیمـوکرات لـە هەڵبژاردنەکـەی مـایۆی ١٩٥٠دا خـاڵێکی وەرچـەرخانە لەمێـژووی سیاسـیی هاوچەرخی تورکیادا. تایبەتمەندیی هەریەك لە ئەنجومەنی نوێی نەتەوەیی کە پ.د زۆرینەی گشتیی پێکدەهێنا (٤٠٦ کورسی دژی ٦٩ کورسی پ.ك.گ)،و هـەروەها حوکمەتـە نوێیەکـە زۆر لەکۆنەکە جیاوازتربوون.

کاتێـك مـرۆ لـە کارەکتـەری کۆمەڵایـەتیی ئەنـدام پەرلەمانـەکانی پ.د دەڕوانێـت چـەند جیاوازییـەك لـەنێوان ئـەوان و ئـەمانی سـەردەمی کەمالیـست لـە بـەردەمی قـوت دەبێتـەوە. نوێنـەرانی پ.د بـە شـێوەیەکی ڕێـژەیی گـەنج تـر بـوون ، زیـاتر ڕیـشەی خۆماڵییـان لـە ناوچـەکانی هەڵبژاردنـدا هـەبوو، لانـی کـەمتر خوێنـدنی زانکۆیـان تـەواو کردبـوو، کـە زیـاتر پیشەی بازرگانیی یان پارێزەریی و کاری یاساییان هەبوو. ئاشکراترین جیاوازی لە پ.ك.گ ئەوەبوو کە لە نێویانیاندا نوێنەری تێدا نەبوو کە بیرۆکراتیی یـاخود پیشەیەکی سەربازیی هەبێت. بەوەش دەردەکەوێت کە بەشێکی جیاوازی بایەخدار لە دەستە بژێری تورکیی پێی خستۆتە سەر تەختی دەسەلات.[1]

یەکـەمین شـت کـە ئەنجومـەنی نـویٚ پێـی هەسـتا بـریتی بـوو لـە هەڵبـژاردنی جـەلال بایـار بەسـەرۆکی کۆمـار. گەنگەشـەیەکی زۆر کـەم لـەبارەی دەسـت نیشانکردنیەوەکرا:_ ئـەو خـۆی دامەزرێنەری پارتە نوێیەکە بوو. پێشینەیەکی لە مێژینەی دەوڵەتکاری هەبوو_کە بۆ ڕۆژانـی ئەتاتورك دەگەڕایەوەو بەگشتییش وەك کەسێکی میانڕەو ناسرابوو. زیاتر ڕکابەرایەتییـەکان سـەبارەت بـە پۆسـتی سـەرەك وەزیـر لـە نێودابـوو ، بـەلاٚم عـەدنان مەنـدەریس پۆسـتەکەی بەدەست هێنا کە لەلایەن بایارەوە پشتگیریی لێدەکرا چونکە لایەنگری زۆربوو. مەندەریس نەك هەربوو بە سەرۆك وەزیر، بەڵکو بو بـە سـەرۆکی پـارتیش. ئەو بەرپرسیارێتییەی کـە لـە سەردەمی پ.ك.گ زۆربەی جار سەرۆك لە ئەستۆی دەگرێت.

[1] Frederick W. Frey (1965) *The Turkish political elite*, Cambridge, MA: MIT Press, 356 ff.

لــە ســایەی پ.ك.گ دا، دەزگادەوڵەتییــەکان و ماشــێنی حزبیــی تێکــەڵ بــە یــەك کرابوون.(تەنانەت بە فەرمییش). تا ئەو ڕادەیەی کەدەتوانرێت بگوترێت کە پارتی کۆماریی یەك لەو ئامرزانەبوو کە دەوڵەت لە ڕێگایەوە کۆمەڵگای پێ دەهاژوو. کاتێك پ.د گەیشتە دەسەلأت ئەو پەیوەندیە تێکچوو. دیموکراتەکان لە بیرۆکراتەکانی سوپا کە میراتی ڕژێمە کۆنەکەبوون دەسڵەمینەوە. هەربۆیە هەوڵێکی زۆریان لەو پێناوەدا دەدا تا لغاویان کەن. وێڕای ئەوەی بە تێپەڕینی ساڵان سەر لە نوێ پارت و حکومەت تێکەڵ بوونەوە، بەتایبەتی لە ئاستە بەرزەکاندا، بەلأم جیاوازی ئەمجارەیان لە سەردەمی کەمالییزم ئەوەبوو کە حیزب تەنیا بیرۆکراتیی بالأدەست بوون، نەك ڕێگەکانی دیکەی دەورووبەری.

## پەیوەندی نێوان پارتەکان

پەیوەندی نیوان هەردوو پارتەکە هەر لەسەرەتاوە دژواربوو. هەردوولا بە زەحمەت لەگەڵ بارە نوێیەکەدا دەگونجان. بەتایبەت پاش ٢٧ساڵی ڕەبەق دەسەلأتداریی و ئێستاش وەك چوارساڵ ئۆپۆزسیۆنێکی توند و هێرشبەر.

پ.د خۆی بە نوێنەری ئیرادەی میللەت دەزانی (ئەو چەمکانەی کە لە لایەن نوێنەرانی پ.د بەردەوام بەکار دەهێنران) خۆی بە خاوەنی پەیامێك بۆ گۆڕینی وڵات دەزانی، هەروەها وەك پ.ك.گ پێشتر ئەمانیش پێشبینیی ئەوەیاندەکرد کە ئۆپۆزسیۆن وەك برا بچکۆلە لە وڵاتدا هاوبەشییان بکات. بەپێچەوانەی پ ك گ کە لە ساڵی ١٩٤٦دا وایان دەبینی کە لە وڵاتدا خاوەن پشتگیرییەکی بەرفراوان نین ، پ.د خۆی بە نوێنەری زۆرینە دەزانی دیدیشیان بە شێوەیەك بوو کە دیموکراسی ئەو زۆرینەیەیە کە دەسەلأتی ڕەهاو شەرعیەتیان پێدەبەخشێت تاوەکو چی بە پێویست دەزانن بیکەن. بە پێی دەستووری ساڵی ١٩٢٤، لەمپەرێکی وەك ئەنجومەنی دووەم یان دادگای دەستووریی نەبوو بۆ پارسەنگی دەسەلأتی ئەنجومەنی نەتەوەیی، بەتایبەت پاش ساڵی ١٩٥٤، حکومەت هەلومەرجێکی وای هێنایە پێش کە ژیانی لە ئۆپۆزسیۆنی تاڵکرد.

لە لایەکی ترەوە پ.ك.گ پەشۆکا بوو، لە ساڵانی یەکەمی بەزینیدا، کاتێك ئابووریی تورکیا تەقیبووەوە و واپێدەچوو دیموکراتەکان هەموو بەڵێنەکانیان بە ڕاست گەڕابێت. پ.ك.گ هیچ ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوی نەبوو پێشکەشی بکات. لە کۆنگرەکانی ساڵی ١٩٥١و ١٩٥٣دا بڕیاریاندا لە پشێویی ئایدۆلۆژییان بگەن‌و پرستیژیی خۆیان لە ڕێگەی لایەنگرە سونەتییەکان و بە هۆی جەختکردنەوە لە پایەکانی کەمالییزم بگێڕنەوە. سەرلە

نویٚ (شەش تیرەکە) دارێژرایەوە و جەختی زیاتر لە سیاسەتی کۆمەڵایەتیی دەکرایەوە، بەلاّم پ.ك.گ لە حاڵەتی بەرگرییدا مایەوە، چونکە ئەو بەرنامەیە گیرایەبەر سەرنجی زۆرینەی بەلای خۆیدا ڕانەکێشا.

پ.ك.گ بێئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی شیاوتر پێشکەش بکات کەوتە ڕەخنەگرتن و پەلاماردانی حکومەت سەبارەت بە هەرشتێك و هەرکارێکی ئەنجامی دەدا، زۆرجار پێگەی خۆی لە پرۆسەکاندا دەگۆڕی. تورەیی حکومەت تا دەهات لەو هەڵویستەی پ.ك.گ زێدەتر تورە دەبوو، پێی وابوو ئەو پارتە ئامادەنیە شەرعییەتی دەسەڵاتەکەی پ.د پەسەند بکات. بەلاّم مەسەلەکە لە تورەیی تێپەڕی و ترسێکی قوڵ سەبارەت بەوە هەبوو کە ئینۆنو، کە تا ئەو دەمەش وەك سەرۆکی پارتەکەی بیٚ ڕکابەربوو، وێڕای بەزینی لە هەڵبژاردنەکاندا، بە تەواویی هەلومەرجەکەی بۆ قووت نەچووەو لەلایەن بیرۆکراتیی دەوڵەتیی و سوپاوە پشتگیریی لێدەکرێت. ئەو خۆهەڵواسینە بە عیسمەت پاشاوە کە هەندێك بە (فاکتەری پاشا) ئاماژەیان پێداوە لە بلاّو کراوەکانی ئەو سەردەمەدا وایکرد دیموکراتەکان وێڕای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا هەست بە نائارامیی و ناڵنیایی بکەن.[2]

بەشی پ.د لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی و هەرێمییەکاندا فراوانتربوو کە لە دوای ساڵ ١٩٥٠ وە ئەنجامدران و لە هەموو ئاستێکەوە جڵەوی کارگێڕییان گرتەدەست. وێڕای ئەوەی کە حکومەتی زێدە ڕق هەڵساو و وای دەبینی کە پێویستیی بەکوتانی ئۆپۆزسیۆنە لەرێگای ناچارکردن وڕێگرتن لە پ.ك.گ کەبتوانن لەئەنجومەنی نەتەوەییدا دەنگی لەگەلاّلەکردنی بڕیارەکاندا هەبێت، گەشتێکی عیسمەت ئینۆنو بەنێو ولاّتدا لە سێپتێمبەری ساڵی ١٩٥٢دا توندوتیژیی لێکەوتەوە کەلایەنگری پ.د بوون و بەشێوەیەکی لەناکاو لەلایەن ئینۆنووە کۆتایی پێهێنرا کاتێك فەرمانداری بالیکسیر ڕێگەی نەدا بە ئینۆنو کە لەو شارۆچکەیەدا گوتەیەك پێشکەش بکات.

دەگونجێت پ.ك.گ توانای لەنێو دەنگدەراندا لە دەستدابێت، بەلاّم لە ئاکامی سالاّنێکی درێژ لە قۆرغکردنی دەسەلاّت و خۆجووتکردنی لەگەڵ حکومەتدا ببو بە ڕێکخراوێکی دەوڵەمەندی بەتوانا. لەنێو ئەو شتانەی خاوەنی بوو میراتیی مادیی ئەتاتورك خۆی بوو. کە لە زەوی و پارەو کەمینەیەکی مەزنی بەشەکانی (بانکی تورکیا) پێکدەهات. ئەوەی لە دژی ئەم بنەما ڕێکخراوانەی پارتەکەبوون کە وای لە حکومەت کرد کە چەند هەنگاوێك بنێت. لە

---

2 Feroz Ahmad (1977) *The Turkish experiment in democracy 1950–1975*, London: Hurst, 37.

دیسەمبەری ١٩٥٣دا، نوێنەرانی پ.د ی باڵادەست لە ئەنجومەن دەستیان بەسەر هەموو سامانەکانی پ.ك.گ داگرت و ڕەوانەی گەنجینەیان کرد. (خانەکانی گەل ) و(هۆڵەکانی گەل) کە بو توندی بە پ.ك.گ ەوە پەیوەست بوون لە ساڵی ١٩٥٢دا داخران، تەواوی موڵك وسامانەکانیان بۆگەنجینەی دەوڵەتیی گێڕایەوە.

## هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٤: فراوانبونی زۆرینەی پ. د

نادڵنیایی سەرەکیی پ.د لەو هەنگاوانەدا دەرکەوت کاتێك کە لە ساڵی ١٩٥٣دا چەندین هەموارکردن لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر بڵاوکراوەکاندا و هەروەها زانکۆکاندا دەستپێکرد( ڕێگە لە چالاکی سیاسیی بەشێك لە پرۆفیسۆرەکان گیرابوو). دوو مانگ بەرلەوەی ماوەی هەڵبژاردنەکان لە مایۆی ١٩٥٤دا دیاری بکرێت یاسای چاپەمەنیی دووبارە لە پێناوی جڵەوکردنی بڵاوکراوەکان لە لایەن حکومەتەوە پێداچوونەوەی تێداکرا. هەروەك دەرکەوت، تەواوی ئەو دڵەڕاوکێیەی پ.د پێویستییەك نەبوو. سەرکەوتنە ئابورییەکانی پ.د زامنی پشتگیریی جەماوەرێکی بەرافراوانی دانیشتوان بوو، بەتایبەت لە لادێکاندا. بابەت و دروشمی هەڵمەتەکانی پ.ك.گ یش نەبوونی ئازادیی و باڵادەستیی دەسەڵاتخوازیی دەوڵەتیی بوو، کە ئیعتیبارێکی ئەوتۆی لەنێو خەڵکیدا نەبوو، چونکەئەم پارتە بەدرێژای فەرمانڕەوایی ڕابردووی بەتەواویی وەك پارتێکی دەسەڵاتسەپێنی قۆرغکار ناسرابوو.

لە ٢ی مایۆی ١٩٥٤دا، پ.د ژمارەیەك دەنگی زیاتری هێنا (٥٣,٦ بۆ ٥٨,٤ لە سەدا) لەکاتێکدا دەنگەکانی پ.ك.گ لە ٣٩,٩ بۆ ٣٥,١ لە سەدا دابەزی. ئەوەش مانای ئەوەبوو کە لەم ئەنجومەنەدا ٥٠٣ کورسی بۆ پ.د لە کاتێکدا پ.ك.گ تەنیا ٣١ کورسی بۆ مابووەوە. دووبارە ئەو ناوچانەی کە پشتگیریی ئۆپۆزسیۆنیان کردبوو هەرناوچە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات بوون، ئەوانەی کە سەرەك خێڵەکانی تێدا باڵادەست بوون هێشتا بەگورزە دەنگیان لە نێو سندوقەکان دەهاویشت.

سێیەمین پارت کە (پاتی نەتەوەیی) کۆنەپەرست بوو. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٥٠ یەك کورسی بە دەستهێنابوو. لە ژوئیەی ساڵی ١٩٥٣دا قەدەغەکرا بەهۆی ئەوەی کە ئاینیی بۆ سیاسەت بەکارهێنابوو. ئەوەی هەرزوو بەناوی ( پارتی کۆماریی نەتەوەیی) خۆیان ڕێکخستنەوە. لەساڵی ١٩٥٤دا تەنیا سەرکەوتنێکی سنورداری بەدەست هێنا. ٤,٨ لەسەدی دەنگەکان کە پێنج نوێنەری دەکرد، کە هەموویان لە هەرێمی کیرشەهر بوون، ئەوانەی کە

هەرکات سەرۆکەکەیان دەدیت کە "عوسمان بۆلوکباش"بوو (کە تاکە ئەندامی پ.ن لە ١٩٥٠–١٩٥٤) سلاویان لێدەکردوو پیایاندا هەڵدەدا.

بە وردبوونەوە لە هەلومەرجەکە مرۆ دەتوانێت بڵێت کە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٤ دوا پلەی بەخت و باری پ.د بوو. کە ئەوەی لە ساڵانی دواتردا ئەستێرەی بەختیان بە خێرایی دەکوژاوە بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە: پەرەسەندنی قەیرانی ئابووریی ناڕەزایی بەشێك لە چینی فەرمانڕەوایەتی بەتایبەت ڕۆشنبیران و سوپا.

## پەرەسەندنەکانی ئابووریی:

وەرچەرخان لە ئابوورییەکی دەوڵەتیی جڵەوکراوی خۆ ژێنییەوە بۆ لیبراڵ و بازاڕی ئازاد جێگای سەرنج بوو، خاڵی وەرچەرخانی بایەخدار گەیشتنە دەسەلاتی پ.د نەبوو، بەلام بڕیارەکان لە لایەن حکومەتەکەی عیسمەت ئینۆنو لە ساڵی ١٩٤٧ درابوو (یەکەمین باری تراکتۆر وەك بەشێك لە پلانی مارشاڵ لە ساڵی ١٩٤٨دا گەیشت). هەرچەندە ئەمە ڕاستە کە دیموکراتەکان لایەنگرێکی زۆر پەرۆش‌و ڕاشکاوی ئابووریی بازاڕی ئازادبوون هەر لە ساڵی ١٩٤٦ەوە، لە کاتێکدا هاتنە سەر دەسەلات چالاکانە سیاسەتی لیبراڵیزەکردنی ئابووریان بەڕێوەبرد. زیاتر لە پ.ك.گ، ئەوان درکیان بەوە کردبوو کە لە وڵاتێکی وەك تورکیا هەر هەنگاوێك بۆ مۆدێرنیزەکردنێکی جددی پێویستە لە بنچینەیەکی کشتوکاڵییەوە دەستپێبکات (ئەو خاڵەی لەچەند ڕاپۆرتێکی ئەمریکیدا ئاماژی پێدراوەو جەختی لێکراوەتەوە).[3] لە سایەی سەرپەرشتیی مەندەریسدا، بۆیەکەمجار لە مێژووی تورکیادا، بەرژەوەندی جووتیاریان خستە پێش و تا نزیکەی کۆتاییش لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوامبوون). ئامرازی سەرەکیی بۆ ئەم سیاسەتە بریتیبوو لەدابینکردنی قەرزی هەرزان بۆ جووتیاران و پێداگرتن لەسەر دانانی نرخێکی بەرز لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی لە ڕێگەی بریکاری کڕیاری دەوڵەتیەوە.

پەرەسەندن لە ساڵانی یەکەمدا، کە هاوکارییەکی بەرفراوانی ئەمریکیی پشتگیریی دەکرد، بەرچاوبوو. ئەو قەرزانە بۆ کڕینی ئامێری هاوردە بەکارهێنران، بۆنموونە تێکڕای ژمارەی تراکتۆر لە ١٧٥٠ وە بۆ زیاتر لە ٣٠,٠٠٠ لە ساڵانی ١٩٤٨–١٩٥٢ زیادی کرد. ئەوەش وایکرد ئەو زەویە کشتوکاڵییانەی کە چاندرابوون لە ١٤,٥ ملیۆن هێکتارەوە لەساڵی

[3] Max Weston Thornburg (1949) *Turkey: an economic appraisal*, New York: Twentieth Century Fund, 149; James S. Barker et al. (1951) *The economy of Turkey: an analysis and recommendations for a development program*, Baltimore: Johns Hopkins Press.

١٩٤٨دا بۆ ٢٢,٥ ملیۆن له ١٩٥٦دا پەرە بسێنێت- زۆر پێش گەشەی دانیشتوان کەوتبوو. فەرمانڕەوایەتیی سێ ساڵی یەکەمی دیموکراتەکان هاوجووت بوو لەگەڵ دۆخێکی نایابی سروشتیی ئاووهەواو بەرەکەتی خستە خەرمانەوە، ئەوەش مانای ئەوەبوو داهاتی جووتیاران بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزببووەوە. وێڕای ئەو ڕاستییەی کەماوەی بازرگانیی لەبەرهەمی کشتوکاڵییدا لەبەرامبەر بەرهەمە پیشەسازییەکاندا لەوماوەیەدا لەدابەزیندابوو. قەبارەی ڕەهای بەرهەمی بازرگانیی ئەوەی بۆپێکهێنا. لەئاکامی ئەم بەرفراوانبوونەی بواری بەرهەمی کشتوکاڵیی، ئابووریی بەگشتیی بە خێرایی گەشەی کرد و ڕێژەکەی لەنێوان ١١بۆ١٣ لەسەدابوو. هەروەها داهاتی شارەکانیش بەرزبووەوە، هەرچەندە کە قازانج زۆر زیاتر لەکرێ بەرزبووەوە.

بیرۆکەی ئابووریی دیموکراتەکان تارادەیەك ساکار بوو، ئەوان متمانەیان بەگەڕخستنی بازاڕ هەبوو هەمان کات جڵەویان بۆ بەردا. لەسایەی کاریگەری بەهێزی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٥١دا حکومەت یاسایەکی بۆهاندانی وەبەرهێنانی بیانیی لەتورکیادا پێشکەشکردو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بۆرجوایانی تورك ئەوە سەرمایەیەیان بخەنەگەڕ کە لە ساڵی چلەکانەوە کۆیان کردۆتەوە. هەروەها بێگانە سەرمایەدارەکانیش چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرا ڕیزبگرن بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لەئابووریی تورکیادا. بەشدارییکردن لەم پێکهاتانەوە نائۆمێدکەر بوو. هەرچەندە، لەگەڵ چەند جیاوازییەکدا، پیشەسازکارە تورکەکانی ئەم قۆناغە هێشتا کەسانێك بوون کەبەشێوەیەکی ڕێژەیی چەندین کاری جیاوازو ئاسانیان بەدەسەڵاتدارییەکی تەواوەوە ڕادەپەڕاندو زۆر حەزیان نەدەکرد بەو ئاستەو شێوازەی دیموکراتەکان حەزیان پێدەکرد وەبەرهێنان بکەن. هەروەها وێڕای هەموو ئەو هاندانانە، وەبەرهێنانی بیانیی بەشێوەیەکی فرە سنوردار بوو لەماوەی دەیەیەك فەرمانڕەوایەتیی دیموکراتەکاندا، تەنیا ٣٠ کۆمپانیا وەبەرهێنانیان لە تورکیادا کردو ئەوبرە پارەیەی بەشدارییشیان پێکردبوو هەرگیز ١ لەسەدی تێکڕای سەرمایە گوزاریی تایبەت نەبوو. لە ئاکامدا، وێڕای ئەو هەموو دروشم و هاتوهاوارە سەبارەت بە لیبراڵیزەکردن، لەنێوان ٤٠بۆ ٥٠ لە سەدی وەبەرهێنان لە لایەن دەوڵەتەکەوە ئەنجام دەدرا. تێکڕای وەبەرهێنان ٢٦٥ لە سەدا لە نێوان ١٩٥٠-١٩٥٤ بەرز ببووەوە. گرنگترین بوار کە ئەم سەرمایەگوزاریانەی تێدا دەکرا: تۆڕی ڕێگاوبان، بنیاتنانی تەلار و خانوبەرە،و پیشەسازیی کشتوکاڵیی.[٤]

[4] Ahmad, op. cit. 122–46; William Hale (1981) *The political and economic*

ڕێگای نویّ ولاّتی پێکەوە گرێدا و بۆ یەکەمجار ڕێگاکان بۆ گوندەکان کێشران. لە ساڵی ١٩٥٠ تورکیا تەنیا ١٦٠٠ کم جادەی قیرتاوی هەبوو. بە هاوکاریی ئەمریکاو یارمەتی دارایی ئەو ولاّتە، ٥٤٠٠کم ڕێگای دووسایدی لە ماوەی ئەو دەیەیەدا بنیاتنرا. وێڕای چاککردنی بایەخداری ڕێگا کاتییەکان، ڕێگا نوێیەکان و بەرزبوونەوەی خێرای ئۆتۆمبیل و لۆری (هاوردە) کە ژمارەیان لە ٥٣٠٠٠ بۆ ١٣٧٠٠٠ سەرکەوتبوو. کە بازاڕ و کڕینوفرۆشتن و دابەشکرنی زیاتر پەرە پێدا. بە پێچەوانەوە، بنیاتنانی ڕێگای ئاسنیی کەبەشێکی گرنگ بوو لە پلانی مۆدێرنەکردنی کەمالیستەکان، نزیک بەتەواوەتیی توشی وەستان ببووەوە. هەمان کات گۆڕینی هاتوچۆ بۆ ڕێگاکان مانای گۆڕان لە هاتوچۆی گشتیی بۆ هاتوچۆی تایبەت. چونکە بەشێك لەو لۆری و ترۆمبیلانە موڵکی تایبەت بوون. لە کاتێکدا ڕێگەی شەمەندەنەفەرەکان هێشتا لەلایەن حکومەتەوە بنیات دەنران و بەڕێوەدبران.

هەروەها دڵەڕاوکیّ بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لەگەڵ سنورداری سەرمایە بۆ ئەو شێوە سەرمایەگوزاریە مانای بێبەشبوونی وەبەرهێنانی پرۆسە دەوڵەتییەکان بوو. ئەوەی دیموکراتەکان لە ماوەی قۆناغی بەرهەڵستکارییاندا بە دەنگی بەرز داوایان دەکرد نزیکەی بەتەواویی ببووەوە پەڕەیەکی زەردی مردارەوەبوو. زۆربەی وەبەرهێنانی دەوڵەت لە چوارچێوەی کایەی پیشەسازیی دەوڵەتییدا خرابووە گەڕ.

کاریگەریی ئەو وەبەرهێنانە مەزنەی لەم ساڵانەدا ئەنجامدران بە سیّ ڕێگە لاوازبوون: یەکەم، چونکە دیموکراتەکان ئامانجیان بازدانێك بوو بە ئابووریی و ئەنجامێکی خێراو ڕاستیینەیان دەویست (ئامانجی ڕاگەیاندراویان ئەوەبوو لەماوەی ٥٠ ساڵدا بگەنە ئاستی ئەوروپای ڕۆژئاوا). بەکارهێنانی هاوکاریی مادیی، قەرزی هەرزان و ئاسانکەر، هەروەها وەبەرهێنانەکان زۆربەی جار لاوازو کورتبیینانە بوو، ئامانجی گەشەیەکی خێراو بروسك ئاسابوو هێندەی چاك بوون و پەرەپێدانێکی درێژخایەن بوو لە توانای بەرهەمهێنانی ولاّتدا. لەهێندێك باردا دەتوانرێت بگوترێت کە ئەوان پەرەپێدان و گەشەپێدانیان تێکەڵ بەیەك کردبوو، بەلاّم تاڕادەیەکی زۆر سیاسەتەکانیان لەلایەن ئەو دیدە ساکارەی لادێییانەوە دەسەپێنرا کە بۆ پ.د سەرچاوەی دەنگدان بوو. دووەم، ڕێبەرایەتیی پ.د بەتایبەت مەندەریسی سەرۆك وەزیران ، لە هەرشتێکی وەك پلانی ئابووریی دەسڵەمییەوە، ئەوەی کە بە خراپەی دەوڵەتییبوون لێك دەدرایەوە. هەروەها مەندەریس پلاندانانی ئابووریی وەك ئاوەڵناو بۆ کۆمۆنیزم ڕادەگەیاند. لەبەر ئەوە وەبەرهێنانەکان لانی کەم تا ساڵی ١٩٥٨ نا

*development of modern Turkey*, London: Croom Helm, 86–113.

هەماهەنگ بوون. سێ یەم، بڕیارەکانی وەبەرهێنان زۆربەی جار بە پاڵنەری سیاسییانەیش بوو، کە ئاکامەکەی ئەوەبوو کارگەکان لە شوێنێکی وەها دابنرێن کە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەگەری پێشکەوتنیان نەبوو و هەروەها لە بوارێکی نابەجێشدا ئەووەبەرهێنانە ئەنجام دەدران کە بۆ نموونە ئەو کارەساتەی بۆ بەرهەمێکی وەك شەکر هاتە پێش، بەوەی بەنرخێکی کەم فڕێ دەدرایە بازاڕەکانی دەرەوە.

## دابەشکردنی داهات وسیاسەتی کۆمەڵایەتیی

گوزەرانی زۆربەی خەڵك لە سایەی دیموکراتەکاندا باشتربوو، بەلام هەموویان بە یەك پلە نەبوون، ژمارەیەکی دیاریکراو هەبوون گوزەرانیان سەخت بوو، بەلام توێژێکی دیاریکراویش هەبوون کەلە کاتی پەرەسەندنی کشتوکاڵ و بارینی قازانجی زۆربەی بەرهەمەکانیان بە باشی هەڵتۆقین. لە شارەکاندا پەرەسەندنی قازانج لەهەردوو کرێ و مانگانە زیاتربوو. هەربۆیە بازرگانەکان و پیشەسازکارەکان لە خەڵکی دیکە چاکتر دەژیان. لە ساڵ ١٩٥٥ بەرەوسەر هەلاوسانێکی خراپ ڕووی کردە کرێگرتەکان و ئەوانەی مانگانەیەکی دیاریکراویان وەردەگرت. وێڕای هەموو ئەمانەش، هێشتا دەگونجێ ئەو گوتەیە ڕاستبێ کە داهاتی ڕاستیینەی ئەو خەڵکە تەنانەت لە کۆتایی دەیەی فەرمانڕەوایەتیی پ.د دا بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجەکەی راستەوخۆی پاش جەنگ ، تا دەهات لە زێدەبووندا بوو.

وێڕای هەموو وەبەرهێنانە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆیەی لەبواری کشتوکاڵدا کرا، ئەوەی تەنانەت دەرفەتی بە بەرهەمە کشتوکاڵییە کەم گرنگەکانیشداکە بکرێن و بمێننەوە و خەڵکێکی زۆری بەکاری زەوی داریەوە سەرقاڵکرد، ئەوانەی بۆ چاککردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان پێویست نەبوون، ساڵ ١٩٥٠ کۆچکردنێکی مەزنی لە گوندەکانەوە بۆ شارو شارۆچکەکان بە خۆوەبینی. زیاتر لە ملیۆنێك خەڵك زەوییەکانیان جێهێشت و لە کۆتایی ئەو دەیەیەدا شارەکان ساڵانە بە ڕێژەی ١٠٪ زیادی دەکرد. کۆچی کرێکاران دیاردەیەکی نوێ نەبوو، بەلام شێوەکەی گۆڕانی بەسەرداهات، لە کاتێکدا پێشتر کۆچکەر لەبنەڕەتدا لە گوند دادەنیشتن و بەشێکی ساڵەکەیان بۆنموونە لە چاڵە کانزایی "ئێرگەرلی" بەسەردەبرد. ئەمێستا بە بەردەوامیی و زیاتر ڕوویان لە شار دەکرد تەنیا لە وەرزی کاردا دەگەڕانەوە گوند یان هەر نەدەگەڕانەوە. ئەوانە بە شوێن کاردا دەهاتنە ناوچە نوێیە پیشەسازییە پەرەسەندووەکان. بەلام لە ساڵانی ١٩٥٠ کاندا دەبوو توانای ئەو پیشەسازییانە لەگەڵ ئەو گەشە کردنە خێراییە خۆ بگونجێنێت بەلام کرێکاری ڕانەهێنراو و ناهونەریی ئەو توانایەی

سنوردارکرد، ئەوەش ژمارەیەکی کەم لەو خەڵکە کۆچکەرە توانیبویان کارێکی هەمیشەییان لە کارگەکاندا دەست کەوێت، چارەنووسی ئەوانی دیکە یان کرێکاری کاتیی بوو یاخود دەسگێڕی سەر شەقامەکان. شارەکان هێندە خزمەتگوزاریان بۆ نەکرابوو تا ئەو هەموو کۆچەرە بەجارێ ڕووی تێبکەن. هەربۆیە زۆربەی ئەو نیشتەجێیە نوێیانە دەبوایە خۆیان خەمخۆری خۆیان بن، خانوو لەسەر ئەو زەویانە بۆخۆیان دروست بکەن لە قەراغ شارەکانەوە کە بەکارنەهاتوون ئەوخانوانەی کە لەلایەن خەڵکی شارەکەوە بە(گێچە کۆندوز/ شەو بنیات) ناودەبرا لە ناکاو هەڵدەتۆقین. لاوازی ژێرخان و خزمەتگوزاریی، نە ئاو، نە کارەبا، نە جادە، نە بەلوعە، بە تێپەڕینی سالأنێك ئەو شەوبنیاتانە تێکەڵ بە شارەکان بوون ، چونکە ئەوانە ببوونە بەشێکی بەرچاو لە ژیانی ئایندەی تورکیادا لە ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کانداو لەگەڵ تەقینەی ئاستی شارنشینیی ئەو دەیەیانەدا، ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی گشتگیرتر لە بەشەکانی داهاتوو باسی لێوەدەکرێت.

## کرێکاری ڕێکخراو

کاتێك پ.د گەیشتە دەسەلأت، کرێکارانی تورکیا هێشتا ڕێکخراو نەبوون. تەنانەت لە کارگە پیشەسازییەکانیشدا کە زیاتر لە ١٠ کرێکاریان هەیەو یاسای کار دەیانگرێتەوە لە ساڵ ١٩٥٠ لە نزیکەی ٣٧٥٠٠٠ کرێکار ٧٨٠٠٠ یکیان ئەندامی یەکێتیی پیشەکاران بوون.[5] لە نێوان سالأنی دەرکردنی یاسای پیشەکارانی تورکی لە ساڵ ١٩٤٧دا و هەڵبژاردنی لە ساڵی١٩٥٠، زۆربەی یەکێتییەکان بە توندیی لە ڕێگەی(ئیشچی بیرۆ/بیرۆی کرێکارانەوە) بە پ.ك.گ بەسترابوونەوە. لە ڕاستییدا ئەوپارتە تاڕادەیەکی زۆر ئەم یەکێتییانەیان بەسەر کرێکاراندا سەپاندبوو. بۆ ڕکابەرییکردنی پ.ك.گ سەبارەت بە کرێکاران، دیموکراتەکان یەك لە بەهێزترین چەکیان بە کارهێنا ئەویش بەڵێندان بوو بە ماڧ مانگرتنی کرێکاران، دوای هەڵبژاردنەکان ئەم بەڵێنانە لەبیرکران، هەرچەندە هەڵوێستی پ.د لەهەمبەر یەکیەتییە پیشەییەکاندا هەروەك ڕژێمە کۆنەکە نزیکەی سەرکوتکەرانەبوو.

لە ساڵی١٩٥٢ کۆنفیدراسیۆنی یەکێتیی پیشەیی(تورك ئیش/ کاری تورکیی) بە هاوکاری مادیی و مەعنەویی و بە ڕێنمایی ( کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بۆ یەکێتییە ئازادە

---

[5] Alpaslan Işıklı (n.d.) ‘Cumhuriyet döneminde Türk sendikacılığı’, in Murat Belge (ed.) *Cumhuriyet dönemi Türkiye ansiklopedisi*, Istanbul: İletişim, vol. 7, 1828.

پیشەییەکان) دامەزراند، بەڵام پێگەی یەکیەتییەکان بە لاوازیی مانەوە، ئاستی زۆر نزمی ئەندامەکانی مانای ئەوەبوو کە بەشدارییەکی کارا بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە ئامادە نەبێت، لە ڕاستییدا، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی یەکێتییەکان ئەو بڕە پارە کەمە بوو کە خاوەن کارەکان دەیاندایە وەزارەتی کار تا لە یاسای کار دەربازیان بکات. بەشێك لەو پارەیە دەدرایە یەکێتییەکان بەو شێوەیەی حکومەت خۆی بە شیاوی دەزانی، بە تایبەت لە ساڵی ١٩٥٧ بەرەو سەر، حکومەت بە سەختیی کاری دەکرد بۆ ئەوەی ڕێگە لەم یەکێتییانە بگرێت کە پەیوەندیی لە نێوان بوارە پیشەسازییە جیاوازەکاندا یان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا ببەستن.

## حاڵەتێکی تایبەت: چوکرۆڤا

یەك لە ناوچەکان بەهۆی پەرەسەندنی ساڵانی١٩٥٠ کانەوە لە بەشەکانی دیکەی وڵات بەئاشکرا دەرکەوت،ناوچەی چۆکرۆڤا(دەشتی چاڵ)،کە دەکەوێتە دەوروبەری شاری ئەدرنە لە باشوور. ئەم دەشتە بەپێتە هەر لە ساڵەکانی ١٨٣٠ ەکانەوە پەرەیسەند، موڵکدارە ئەرمەنەکان و کرێکارانی میسریی کردبویانەیە ناوچەیەکی بەرهەم هێنانی لۆکە. پاش جەنگی سەربەخۆیی موڵکی ئەرمەنەکان کەوتە دەست موڵکدارە موسوڵمانەکان، ئەوانەی موڵکەکانیان بەرفراوانکرد. هەر وەك بەشەکانی دیکەی تورکیا، کاتێك لە ساڵانی ١٩٤٠ ەکاندا تۆمارکردنی فەرمی تاپۆی زەوی و موڵکەکان کاریگەرتربووو خاوەنییەتی ئەو دەشتەش بە فەرمیی کەوتە بەردەست وەبەرهێنەران. هەروەها لە سەرەتای١٩٥٠ کاندا هەلومەرجەکانی هاندانی ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاوی بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە بۆ ئەو موڵکدارنە هێنایەپێش و قەرزی هەرزان و هێنانی ئامێر بووەهۆی میکانیزەکردنی کشتوکاڵ، بەلأم بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە زۆربەی بە شەکانی تورکیا دەگوزەرا، موڵکداران لە پێگەیەکدابوون کە میکانیزەکردن وەك دەرفەتێك بۆ دەرکردنی سێیەکبەرەکان لەزەویەکانیان بقۆزنەوە. پەموو پێویستی بەبایەخداریەکی وەرزییە وئەوانیش بۆ ئەوکارە دەیانتوانی پشت بەو کرێکارە کۆچبەرانەی ببەستن کە لە چیاکانی دەوروبەرەوە دابەزیون یاخود لە دەشتی باکووری سوریاوە دەهاتن. بەوەش ئەو موڵکدرانە توانیان قازانجەکانیان تا ئەوپەڕیی پەرەپێبدەن بە تایبەت پاش شەڕی کۆریا کە پەموو ئاگری دەکردەوە( پەموو تەنیا بەرهەمی کشتوکاڵیی تورکیی بوو لە شەڕەکەی کۆریادا نرخی بەرز ببووەوە). ئەوانەیان کە زۆر وریابوون چ پارەیەکیان هەبوو لە وەبەرهێنانی پیشەسازیی پشت بە پەموو بەستراو

خستیانە گەڕ لە دەورو بەری ئەدەنە، کە بووە شارێکی گەشەسەندووی سوونەتیی ناوچەکە. چەند بنەماڵەیەك لەو ٣٠ یان زیاتر بنەماڵەیەی کە ئەمڕۆ خاوەنی کۆمپانیاکانن کە تورکیایان تەنیوە بەم چەشنە لە ڕابردوودا دەرکەوتن.

## کەڵەکەبوونی کێشە ئابوورییەکان:

کێشەی سەرەکیی دیموکراتەکان لەلایەن ژمارەیەك چاودێری بێگانەوە لە کاتێکدا ئاماژەی پێدرا کە ئەوان خەریك بوون زۆر بە خێرایی و بەو ئامرازە نەشیاوانەی کە بە دەستیانەوەبوو هەڵپەیان بوو. بەرنامەی مۆدێرنیزەکردن مانای هاوردەکردنی چەندایەتیەکی مەزن لە کەلوپەلە مادیی و ماشێنەکان، بەڵام تورکیا هەر لە١٩٤٧ بەرەوسەر توشی کورتهێنانی بازرگانیی بوو. ئەو کورتهێنانە تەنانەت لە ساڵانی پەرەسەندنی ١٩٥٠-١٩٥٣ دا لە بەرزبوونەوەدابوو. کاتێك تورکیا زێدە بەرهەمی دانەوێڵەی هەبوو لە ماوەیەکی کەمدا بووە وڵاتێکی سەرەکیی لەهەناردەی دانەوێڵەدا. لە ١٩٥٤دا گەشەسەندن کۆتاییهات. گەشەکردنی ئابووریی بەهۆی هاوجووت بوونی فراوانکردنی ناوچە کێڵراوەکان و ئاو وهەوا فرە گونجاوەکەی ئەوکاتە بە دەست دەهات نەك لە ڕێگەی چاککردنی تەکنیکی کشتوکاڵ، ئاودێری یاخود بەکارهێنانی پەین. کاتێك ئاووهەواکە شێوا، بواری کشتوکاڵیی بە توندی زیانی پێکەوت بەشێوەیەك تورکیا ناچاربوو سەرلە نوێ دانەوێڵە لە دەرەوە هاوردە بکات. گەشەکردنی ئابووریی لە ١٣٪ بۆ ٤٪ هاتە خوار ئاکامەکەش بەوە گەیشت کە کورتهێنانی بازرگانیی ٨هێندەی ساڵی ١٩٥٠ زیاتربوو. هەرچەندە حکومەت لە ڕاگرتنی ئاستی هاوردەکردن و وەبەرهێناندا بەردەوامبوو. حکومەت تا ئەو پەڕیی پێگەی ستراتیژی تورکیای لە جەنگی ساردا بەکارهێنا تا یارمەتی دارایی و قەرزی بێ سوود وەربگرێت. ئەو قەرزەی لە بازاڕی جیهانیی وهەروەها لە قەرزدەرەکانیانەوە (بەشێوەی دواخستنی گێڕانەوەکەی) وەرگرت. لە ئاکامدا، لە ساڵی ١٩٦٠ تێکڕای قەرزی دەرەکی وڵات ١,٥بلیۆن دۆلار بوو، یا چارەکێکی داهاتی گشتیی نەتەوە بوو.

دیموکراتەکان توانیان لانی کەم بەشێك لە کێشە داراییەکانیان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی سیستمی باجێکی تاڕادەیەك کاریگەرتر چارەسەر بکەن. بەتایبەتی وەرگرتنی باج لەو سامانە نوێ یەی لە گوندەکاندا کەڵەکە ببوو. موڵکدارە مەزنەکان و جووتیارە مەزنەکان ئەوانە پێکەوە زیاتر لەپێنج یەکی داهاتی گشتیی نەتەوەییان پێکدەهێنا. تەنیا ٢ لە سەدی تێکڕای باجی داهاتیان دەدا، بەڵام پێگەی سیاسیی هەمیشە ڕێگەی لە حکومەتەکەی پ.د

دەگرت ئەم ڕێگەیە بەکار بهێنن. لە جیاتی ئەوە، ئەوان لە بانکی ناوەندی قەرزیان کرد. ئەوەش لە بنەڕەتدا چاپکردنی دراوی زیادەی دەگەیاند. بەوەش هەڵاوسان تا دەهات سەردەکەوت کە لە ٣ لە سەدەوە لە ساڵی١٩٥٠ بۆ ٢٠ لە سەدا لە ساڵی ١٩٥٧، ئەوەش کرێکارو و مانگانە وەرگرو بەکاربەری شارۆچکەکانی کوتا.[٦]

لاوازی ئابووریی تورکیا یەکەمجار لە چەند هەنگاوێکدا ڕەنگی دایەوە کە لە سێپتەمبەری ١٩٥٣دا گیرایە بەر. کاتێك کۆنترۆڵی هاوردەو گۆڕینەوەی دراوە بیانییەکان دامەزرێنرا. کە کۆتایی بە قۆناغی ٥ ساڵەی کرانەوەی پلە بە پلە و خۆبەستنەوەی خێرا بە ئابووریی جیهانەوە هێنا. لە ساڵی ١٩٥٤ بەرەوسەر، دەزگاکانی دراوی نێودەوڵەتیی کەوتنە وریاکردنەوەی حکومەتی تورکیا، ئەوەیان دیاریی کرد کە دواتر بە (گوژمەی سەنەدوقی نێودەوڵەتیی) ناونرا: دابەزاندنی نرخی دراو، کۆتاییهێنانی نرخی داتاشراو، یارمەتی دارایی، سنووردارکردنی هاوردەو هەناردە، ئامانجی هەموو ئەم هەنگاوانە وابەستە بوون بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانیی بوو. پ.د بۆماوەی چەند ساڵێك ئەم فشارانەی ڕەتکردەوە، ئەو خۆی سەبارەت بەلیرەی تورکی بە نرخی دراوی بیانیی دانراوی فەرمیی بەستەوە کە ٢,٨٠ لیرە بۆ دۆلارێك، لە کاتێکدا تێکچوونی باری ئابووریی و پەرەگرتنی بەرچاوی هەڵاوسان تا دەهات کەلێنی لە نێوان نرخی فەرمیی لیرەو بەها ڕاستەقینەکەی فراوانتر دەکرد. حکومەت لە جیاتی ئەوەی دان بەو ڕیالیتە ئابوورییەدا بنێت، هەستا بە گێڕانەوەی (یاسای بەرگریی نەتەوەیی) لە ساڵی١٩٤٠، بۆئەوەی کۆنترۆڵی دراو بە هێز بکات. پێویست ناکات بگوترێت کە ئاکامەکەی گەرمکردنی بازاڕی ڕەش بوو، بەشێوەیەك هەرچییەك کە لە دوکانەکاندا چنگ نەدەکەوت لەوێ هەبوون بەڵام بە نرخێکی بەرز، لە ساڵی ١٩٥٨دا نرخی لیرە لە بازاڕی ڕەشدا نزیکەی دە لیرە بۆ دۆلارێك بوو.

لە ئوتی ١٩٥٨دا، حکومەت هێندە بێهیوا بوو لە ئاست بەدەستهێنانی قەرزی زیاتر، دواجار خواستەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی پەسەندکرد. نرخی لیرە دابەزی، قەرزەکان بە بەرنامەڕێژی کراو نرخەکان بەرز بووەوە، لەبەرامبەردا تورکیا بڕە قەرزێکی وەرگرت کە بەشێکی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و بەشێکی لە لایەن وڵاتانی ئەورووپاو ئەوەی دیش لە لایەن سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوەدرا.

کاریگەریی قەرز کاری لەسیاسەتە ئابوورییەکانی پ.د لە ماوەی ١٠ ساڵی دەسەڵاتییدا بە ئاشکرا دیاربوو: لەڕووی دارایی و گەنجینەوە بێ بنچینەو بێ متمانە بوو، کورتهێنانی

---

[6] Hale, op. cit., 102.

مـەزنی هێنایـە ئـاراوە. قـەرزاریی، هەڵاوسـان و بـازاڕی ڕەش. بـەڵام پێویـستە قـەرزدەریش لەبیرنــەکرێت: دیموکراتــەکان تــا ئاســتێك لــە مــۆدێرنیزەکردنی کــشتوکاڵیی تورکییــدا سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا کـە بناغـەی پیـشەسازییان لـە وڵاتەکـەدا زۆر فراوانکـرد. زۆربـەی کارگـە پیـشەسازییەکانی ئـەمڕۆی تورکیـا ڕیـشەیان بـۆ سـاڵی ١٩٥٠کـان دەگەڕێتـەوە، تـۆڕی نـوێی ڕێگـەی هاتوچـۆ لـە وڵاتەکـەدا بنیـاتنراو بەهۆیـەوە لادێکـان بـۆ یەکـەمجار بـە جیهـانی دەرەوە بەسترانەوە. ئاکامەکەشی جوڵەو چالاکییەك هاتەگۆڕێ کە بەتەواویی نوێ بوو.

## زێدەبوونی ئۆپۆزسیۆن و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی دەسەڵاتسەپێنی:

هەڵبژاردنــەکانی سـاڵی ١٩٥٤ بـۆ مەنـدەریس سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو. تەقینـەوەی ئابووریی دروستی سیاسەتەکانی سەلماند و ئەمێستا موڵکداران و جووتیاران بەشێوەیەکی ڕەهـا پـشتگیریی لێدەکـەن. هەرچـەندە لـە درێـژەی سـاڵی دواتـردا، لاوازیـی چـالاکییە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی هێواش ئەو پشتگیرییەی بۆ پارتی دیموکرات هێنایە خوار.

ئەوەش لەلایەکەوە بووە هۆی تێکچوونی ڕاستیینەی ئاستی گوزەران (بۆنموونـە: بـەهۆی سنووردارکردنی کالاَ هاوردەکراوەکان) ، بەڵام هەروەها ئەوەش ڕاستە کە بەرزبوونەوەیـەکی بەرچاو لـە چاوەڕوانییەکانی لادێییـەکان بـۆ پەرەسـەندنی پێویـستە مادییـەکانیان هـەبوو کـە حکومــەت نــەیتوانی بیهێنێتــەدی. هەڵبژاردنــەکانی ســاڵی ١٩٥٧ لەدەســتدانی بەشــێکی دیـارییکراوی پـشتگیریی بـۆ پ.د بـەخۆوەبینی، وێـڕای ئـەوەش، دانیـشتوانی لادێ هێـشتا بەشێوەیەکی کەم وێنە پشتگیریی ئەو پارتەیان دەکرد.

یـەك لـە گرفتـە بەرچـاوەکان بریتیبـوو لـە دارمـانی ئـەو پـشتگیرییەی لـە نێـو خوێنـدەوارە ڕۆشــنبیرەکاندا هــەبوو، ئەنــدامانی بیرۆکراتیــی و هێــزە چــەکدارەکان. ئــەوەی زیــاتر ئــەو حاڵەتەشـی تـا ئـەو ئاسـتە هانـدا بریتیبـوو لـە پەرەسـەندنی کێشە ئابووریـەکان، بـە تایبـەت هەڵاوسـان (ئـەوەی بـێ گومـان بەتونـدیی زیـاتر لـە توێـژەکانی دیکـەی کۆمـەڵگادا لـە موچـە خۆرەکانی وەك کارمەنـدان، مامۆسـتایان، پرۆفیسۆرەکانی زانکۆو ئەفسەران). بـەڵام یـەك لـە هۆکارە گرنگەکانی دیکە پەرە گرتنی ئەو دەسەڵاتسەپێنییەی حکومـەت بـوو. دیموکراتـەکان بـەناوی بەرنامـەی لیبراڵیزەکردنـەوە دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٥٤ەوە تـا ڕادەیەکی زۆر لە پێناوی ئەوەی یەکەمدا قوربانیی بەوەی دووەمیان درا.

سـەرکەوتن لــە هەڵبژاردنــدا تاڕادەیــەکی زۆر وەك ســەرکەوتنێکی شەخـسیی عــەدنان مەندەریـسی سـەرۆك وەزیـر خـۆی دەنوانـد. کەسـانێك ئـەو دیـاریی کردبـوون کـە لـە جیـاتی

نوێنەرانێکی خۆماڵیی بەهێز لە دوا ئەنجومەندا دابنیشن. پاش هەڵبژاردن، مەندەریس هێشتا پێگەی خۆی بە هێزترکرد. لە چەند مانگی پاش هەڵبژاردنەکەدا چەند پەرتبوونێك لە نێو پ.د دا ڕوویدا. هەروەها گۆڕینی هەلومەرجەکە کاری لە گۆڕینی ئاکاری مەندەریسیش کرد. وای لێهاتبوو زۆر بە ئەستەم ڕەخنەیەکی قبووڵبکردایە: ئەمێستا لەو بارەیەوە هەستیاریەکی زۆری پیشاندەدا.

لەساڵی ١٩٥٤دا، چەند هەنگاوێك دژی بیرۆکراتیی نران. ئەوانەی پ.د گومانی ئەوەی لێدەکردن کە هێشتا وەفاداری ئینۆنو و پارتەکەی بن، حکومەت دەستی خۆی لە بینی بیرۆکراتییدا توند کرد، بەوەی یاسایەکی نوێی پێشکەشکرد کە تێیدا دەتوانرێت هەرکارمەندێك کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ راژەی هەیە لەسەر کار لابرێت و پێشوەخت خانەنشین بکرێت. ئەم یاسایە بەسەر دادوەر و مامۆستایانی زانکۆشدا سەپێنراو دەسەڵاتی حکومەتی بەسەر دەزگای جێبەجێکردن و تەنانەت دادوەرییشدا توند کرد.

هەروەها ئازادیی زانستی لە تورکیا لاواز بوو تەنانەت زیاتر سنووردار کرایەوە، لەساڵی ١٩٥٥ بەرهەڵستیی بۆ هێڵی دەسەڵاتسەپێنی پ.د، و هەروەها دژی مەندەریس خۆی لەنێو پ.د پەرەی گرت. لەکاتێکدا پ. د، تەنانەت هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هاوپەیمانییەکی بەرفراوان بوو کە لە نێو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا لایەنگری هەبوو، بەشێك لەم هاوپەیمانییە هێواش هێواش لە ئاکامی سیاسەتی دەسەڵاتسەپێنی پارتەکە بەسەر بڵاوکراوەکان و زانکۆو دادگاکاندا لە پ.د جیابوونەوە.

یەکەمین نیشانەکانی توندوتیژیی لەنێو کۆمەڵگای تورکییدا لە ئاژاوەکەی سێپتەمبەری ١٩٥٥دا دەرکەوت. لەئوت و سێپتەمبەردا، دانوسان لە نێوان بەریتانیا، یۆنان هەروەها تورکیادا سەبارەت بە ئایندەی قوبرس بووە هۆی خرۆشانی هۆشی نەتەوەیی کە لە لایەن بڵاوکراوەکانەوە هاندەدرا. هاوڵاتییانی یۆنانیی بە ڕەسەن تورك لە سالۆنیکی یۆنان بۆمبێکیان خستە نێو کۆنسوڵخانەی تورکیاوە. وەك ڕێگەیەك بۆ وروژاند.[7] لە ٦ و ٧ی سێپتەمبەردا. هەرایەکی گەورە لە ئەستەمبوڵ قەوما ، بە هەموو ئەگەرێك مەندەریس و زۆرلوی وەزیری دەرەوە کە بڕیاریاندابوو کە ڕەمەکییانە خۆپیشاندانێکی خوێندکاران لەئەستەمبوڵ وەك ناڕەزاییەك دژی کێشەی قوبرس لە تورکیا ئەنجامبدرێت. بەڵام خۆپیشاندانەکە بە تەواویی لە دەست دەرچوو، سەرەتا قەسابخانەیەکی دژی

[7] Ali Gevgilili (1987) *Yükseliş ve düşüş*, Yassı Ada, 134 (with thanks to Socrates Petmezas and Vangelis Kechriotis).

بزرنسمانەکانی یۆنانیی لێکەوتەوەو پاشتریش سامانو موڵكو ماڵی دانیشتوانی دەوڵەمەند لەلایەن خەڵکی دانیشتوانی (شەو بنیاتەکانەوە) کەوتە بەر تالآن. دوکانی یۆنانییەکان لە جادەی بازاڕی سەرەکیی ئەستەمبوڵ تالآنکران، تەنانەت لە ئەنەدۆڵەوە لۆری بۆ کۆکردنەوەی تالآنییەکان و بارکردنیان دەهاتن. پۆلیس کە فەرمانیان پێ درابوو دەست لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران بپارێزن، کاتێك ئەو تالآنەیەشیان بینی نەجولآن، حکومەت ئنجا یاسای سەربازیی لەسێ شارە گەورەکە ڕگەیاند (ئەستەمبوڵ، ئەنکەرە، ئیزمیر)، وەزیری ناوخۆ دەستی لەکار کێشایەوە. بە گشتی٥٦٢٢ ماڵ تالآنکران.[٨]

بابەتی سەرەکیی ناکۆکییەکان لە نێو پ.د کەبووە هۆی ئەوەی جیابوونەوە لە نێو پارتەکەدا ڕوویدات بریتیبوو لەو داوایەی کە لە ئۆکتۆبەردا لەلایەن ژمارەیەك لە نوێنەرە لیبراڵەکان کرا سەبارەت بەو ڕۆژنامەنوسانەی کە لە سایەی یاسای سنووردارکرنی بلاوکراوەکاندا ڕاپێچی دادگاکرابوون. داواکە دەڵێت کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە پێویستە ماڤ ئەوەیان پێبدرێت کە ڕاستیی ئەو نوسینانەیان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەڵگەی دروست لە بەردەم دادگا بیسەلمێنن. لەکۆتایی ئەو مانگەدا و لە ژێر فشارێکی گەورەی مەندەریس دەستی پارلەمانتارانی پ.د ئەو پێشنیازەیان پاش گەنگەشەیەکی سەرپێی ڕەتکردەوە. دەنگی بڵندی ناڕەزایی و ڕەخنە خودی مەندەریسیان ناچارکرد کە بۆ بەدەسهێنانی متمانە مینەی دەستەی نوێنەرایەتیی پارلەمانی پارتەکەی بکات. ئەمەیانی دەس کەوت. بەلآم ناتەبایی لەنێو پارتەکەدا هێندە پەرەی سەند بەشێوەیەك لە دیسەمبەردا باڵی لیبراڵ لە سایەی " فەوزی لوتفی قەرە سومان گلیو" لە پ.د جیا بوونەوەو "پارتی ئازادیی" یان دامەزران. کە بەیەك هەنگاو بووە مەزنترین پارتی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی نەتەوەییدا. واپێدەچوو کە پارتی ئازادیی لەنێو مەزنە پیشەسازکارەکاندا پشتگیریی هەبێت. ئەوەی ئەمێستا خوازیاری سیاسەتێکی پێشکەوتووی ئابوورییە کە بە ڕادەیەك بەرنامە بۆ دارێژراوبێت کە مەندەریس دابینی نەکردبوو.

لە ماوەی ساڵی ١٩٥٦ مەیلی دەسەلآتسەپێنی حکومەت بەردەوام بوو، ئەو ساڵەی کە تێیدا ( یاسای بەرگریی نەتەوەیی) ساڵی ١٩٤٠ بە مەبەستی جڵەوکردنی نرخو کەلوپەلەکان هەموار کرایەوە. هەروەها لە ژوندا یاسای ڕۆژنامەوانیی سەرلەنوێ هەموار کرایەوە، نەك بۆ لیبراڵیزەکردنی (وەك مەندەریس لە ماوەی قەیرانەکەی دیسەمبەردا بەڵێنی دابوو)، بەڵکو

[8] Melek Fırat (2002) 'Yunanıstan'la ilişkiler', in Baskın Oran (ed.) *Türk dış politikası: cilt 1 1919–1980*, Istanbul: İletişim, 601.

زیاتر توند کردنی دەستی حکومەت لە قورگی میدیاکاندا . یاسایەکی دیکە کۆبونەوەی گشتیی قەدەغەکرد، تەنیا لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا نەبێت. هەڵبژاردن تا ساڵی ١٩٥٨ کاتی نەهاتبوو، بەڵام کاتێك حکومەت ڕایگەیاند نرخە سەرەکییەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەرز دەکەینەوە و قەرزی جووتیارانیش دە مانگ دوادەخرێت، لێرەدا ئاشکرابوو کە هەڵبژاردن بەڕێوەیە. دواجار وەك پێویست ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری بۆ دەستنیشان کرا. پارتە سەرەکییە ئۆپۆزسیۆنەکان (پ.ك.گ ، پارتی سەربەستیی و هەروەها پارتی کۆماریی نەتەوەیی ) بوون و ماوەیەکیش سەبارەت بە هاوکاریی و هەماهەنگیی قسەیان کرد. ئەوەی کە زۆر بەرهەمدار نەبوو، تەنیا بووەهۆی بلاوکردنەوی بنەماکانی ٤ی سێپتەمبەر. بەڵام هەموو هاوپەیمانییەکی کاریگەر لە نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا بەهۆی ئەو یاسایەی کە لە ١١ی ئۆکتۆبەدا دەرکرا، ڕەتکرایەوە، بە پێی ئەو یاسایە بەکارهێنانی لیستی دەستە جەمعی بۆ هەڵبژاردن قەدەغەیە.

هەڵبژاردنەکان ئاستەنگێکی سەرەکیان لەبەردەم پ.د پیکهێنا، وێڕای هێندێك ساختەکاریی کە پارتی دەسەڵاتدار بەقازانجی خۆی کردی. ئەوان هێشتا وەك مەزنترین پارتی تورکیا مانەوە، بەڵام زۆرینەیی ڕەهای خۆیان لە وڵاتەکە لە دەستدا. ئەوان لە ئەنجومەنی نوێدا ٤٢٣ کورسیان هێنا کە لە بەرامبەر ٤٧,٣ی دەنگەکان بوو. لە کاتێکدا پ.ك.گ بە نزیکەی ٦ خاڵ ڕێژەی دەنگەکانی خۆیان زیادکرد و بوون بە ٤٠,٦ بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو کورسیەکانی ئەنجومەنیان زیادکردو لە ٣١بۆ ١٧٨ کورسی. ئاکامەکان بۆ پارتی ئازادیی زۆر بێهیوایانە بوو، دەرکەوت کە ئەو پارتە سەری بیٚ لاشەیە. وەك ئەوەی بڵێی پارتەکە بیٚ ئەوەی ڕیشەیەکی ڕێکخستنی هەبێت. ئەوان لە ٣،٨ی دەنگەکانیان هێنا، کەچوار کورسی دەکرد. پاش هەڵبژاردنەکانی دیسەمبەری ١٩٥٨ ئەم پارتە بڕیاریدا خۆی تێکەڵ بە پ.ك.گ بکات ئەمەش پێویستی گرتنە بەری هزری نوێی هێنایە کایەوە، ئەوەی هاوکاری ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی پ.ك.گ ی بەرووی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و پایەدارکردنی دیموکراسییدا. پارتی کۆنەخواز کە (پارتی کۆماریی نەتەوەیی) کە ٧ لە سەدی دەنگەکانی بردبوو، هەروەها ٤ کورسی بەرکەوتبوو، پاش هەڵبژاردن لەگەڵ پارتێکی بچوکدا کە ناوی "کۆیلو پارتەسی/پارتی جووتیاران" تێکەڵبوون بوونو "جەمهوریەتچی کۆیلو میللەت پارتەسی/پارتی کۆماریی جووتیارانی نەتەوەیی" یان پێك هێنا.

## پرسی سێکیولاریزم:

لـه هەڵبژاردنـەکانی سـاڵی ١٩٥٧دا، پ.د رووبـەڕووی بەرهەڵـستکارییەکی تونـدو بـەهێز بووەوە ، قەیرانی ئـابووریی زیـان بـەخش و هـەروەها کەمبوونـەوەی پشتگیریی دانیـشتووانی شـارو زێدەخوێنـدەوارەکان، هەنـدێك جـار گەڕانـەوە بـۆ خۆهەڵواسـین بـە سـۆزی ئـاینیی و پێشاندانی کۆمارییخوازەکـان وەك کۆمۆنیـست و بێبـاوەڕ، هـەروەها شـانازییکردن بـە ژمـارەی مزگەوتـە نوێیـەکان و ئـەو قوتابخانـە ئاینییانـەی کـە کرابوونـەوە لـە سـایەی فـەرمانڕەوا دیموکراتەکاندا.

ئەوەش وایکرد پ.د بە بەکارهێنانی ئاین بۆ بانگەشەی سیاسیی تۆمەتباربکرێت و ئـەوەش پاشـگەزبوونەوەیە لـە سـێکیولاریزم کـە بنەمایـەکی سـەرەکیی دەوڵەتـە. پ.ك.گ هـەر لەسـەرەتاوە لـەم ئـاوازەی دەخوێنـد و ئەمێـستاش بەشـێوەیەکی زێـدەتر خوێنـدەوارە ڕۆشـنبیرەکان بـە دەمیانـەوە گرتبـوو. لـە راسـتییدا هەڵوێـستی پ.د لـە ئـاین نـاکۆك بـوو. مەندەریس پەنای بۆ سۆزی ئاینیی دەبرد بەتایبەت لە ماوەی هەڵمەتـەکانی هەڵبژاردنـدا. لـە کـۆنگرەی پارتەکەیـدا گـوتی: بـێ گوێدانـە هات‌وهـاواری خرۆشـاوە شۆڕشـگێڕەکان ئێمـە بانگمان کردووە بە عەرەبیی و خوێندنی ئاینییمان لەخوێندنگەکاندا پەسەندکرد، لە ئێزگـەی ڕادیـۆوە قورئانمـان پـەخش کـرد، تورکیـا وڵاتێکـی موسـوڵمانە و هـەرواش دەمێنێتـەوە.[9] لـە هەمان کاتدا، پ.د هەوڵی نەدا چ لە بواری کارگێڕیی یاخود لە بواری دادپـەروەریی وڵاتـدا ڕۆڵێکی مەزنتر بە ئیسلام ببەخشێت.

بـۆ ئـەوەی لـەو پرسـەی هەمانـە تێبگـەین دەبێـت ئـەوەما لـە بیربێـت کـە بۆچـوونی کەمالیستەکان بۆ ئاین چی بوو. کەمالیستەکان هـەروەك یـەکێتییخوازەکانی پـێش خۆیـان، جێبەجێکـەری سـتراتیژێکی مـۆدێرنیزە بـوون کـە بناغەکـەی لـە دیـدێکی پۆزتیڤیـستی جیهانییـەوە بنیـاتنرابوو. ئـەوەی ئـاین بـە ڕێگرێك لـە بـەردەم پەرەسـەندنی مۆدێرنیزەکردنی کۆمـەڵگا و دەوڵـەت دەزانێـت. مۆدێرنیزەکردنی ئـەوان زۆرلـەوەزیاتر نـەبوو کـە کەنیـسەی لـە دەوڵـەت جیـاکردەوە. وەك ئـامرازێکی ملکەپێکەچـکردن و هـەروەها پێکەوەگرێـدانی ئـاین بـە بیرۆکراتیی دەوڵەتییەوە.

لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٠ەکـان و ١٩٤٠ەکـان هەڵوێـستی ڕژێـم بەرامبـەر ئـاین بـە تونـدیی سـەرکوتکەرانە بـوو، بـەڵام دوای پێـشکەشکردنی یاسـای فـرە پـارتی هـەردوو پارتەکـە کەوتنبوونە سەرەتاتکێ بۆ بەدەسهێنانی دەنگی موسوڵمانان. هەروەها پ.ك.گ سەبارەت بە

[9] A. Yücekök (1971) *Türkiye'de din ve siyaset*, Istanbul: Gerçek, 90.

ئاین نەرمتر خۆی پێشاندا پاش کۆنگرەی حەوتەمی پارتەکە لە ساڵی ١٩٤٧دا مەسەلەی فێرکردنی ئاینیی لە خوێندنگەو دەزگا پەروەردەییەکان بۆ واعیزانی ئاینیی سەر لەنوێ پێشکەش کردەوە. زانکۆی ئەنکەرە دامەزراندنی کۆلێژی "ئیلاهییات/خواوەندناسی" تێدا ڕاگەیەنرا، لە ساڵی ١٩٤٩دا مەزارگەو ئارامگە پیرۆزەکان سەرلەنوێ بۆ زیارەت کرانەوە. هەمان کات، پ.ك.گ لە ڕێگەی مادەی ١٦٣ ی یاسای سزادانەوە هەوڵیدا خۆی لە هەرکاردانەوەیەکی ئاینیی لە سیاسەتدا بەدووربگرێت، ئەو یاسایەی بە توندیی هەر پڕو پاگەندەیەك یاخود هێرشێکی بۆسەر تایبەتمەندییەکی سێکیولاریزمی دەوڵەت قەدەغەکرد.

لە ساڵانی پێش ١٩٥٠دا، ڕێبەرایەتیی دیموکراتەکان زۆر وریا بوون لە جەختکردنەوە سەبارەت بەوەی کە ئەوان ڕێگە نادەن هیچ گۆڕانێکی بنە ڕەتیی لەبنەما سیکۆلارەکانی دەوڵەتدا بکرێت. ئەوەش بووەهۆی ئەوەی لە لایەن ڕەوتە ئیسلامییەکانەوە ڕیسوا بێنە پێش چاو. وەك ئەو ڕەوتەی کە گۆڤاری (سەبیل ئەلروشد) نوێنەرایەتیی دەکرد، ئەوەی کە دەستی کردبوو بە هێرش کردن بۆ سەر پ.د بووەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەك پارتی بەرهەڵستکاری ڕادیکاڵتر دابمەزرێنێت کە لە تێکڕایان گرنگتر (میللەت پارتەس / پارتی نەتەوەیی) بوو.

دیموکراتەکان پاش ئەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست لەسەر هەمان سیاسەتی پ.ك.گ بەردەوامبوون لە گرتنە بەری سیاسەتێکی نەرمی سنووردارکردنی بەرجەستەکردنی هەستی ئاینیی و چاوپۆشیی لە هەستو سۆزی دانیشتووانی موسوڵمان. کەچی لە هەمان کاتدا دژایەتیی خواستە دژە سیکولاریزمەکانیان دەکرد. بانگدان دووبارە بە زمانی عەرەبی شەرعییەتی پێدرا( ئەوەی لە ماوەی نیوەشەوێکدا لە هەموو مزگەوتەکاندا جێبەجێکرا)[١٠] پەروەردەی ئاینیی فراوانکرا، ژمارەی مامۆستا ئاینییەکان لە خوێندنگەکاندا لە زێدەبووندا بوو، ژمارەی بنیاتنانی مزگەوتەکان بەرەوسەر دەچوو( زیاتر بەهۆی کەڵەکەبوونی سامان لەلای لادێیەکان بوو هێندەی ئەوەی سیاسەتی حکومەت بێت) . هەروەها فرۆشتنی ئەدەبییات و نوسراوە ئاینییەکان ڕێگەی پێدرا، بەڵام تێگەیشتنی پ.د لە تایبەتمەندیی سێکیولاریزمی دەوڵەت سەرلەنوێ بەشێوەیکی زۆر بایەخدار لەگەڵ ئەوەکەی پ.ك.گ لە

---

[10] مەندەریس بۆ بەرگریییکردن لەو بیروباوەڕەی سەبارەت بە گێڕانەوەی بانگدان بە عەرەبیی هەستابوو بە جیاکردنەوە لەنێوان ئەو چاکسازییانەی کەمالیزم کە دەهێڵرێنەوەو کاریان تێدەکرێت، لەگەڵ ئەوانەی کە لە ڕۆژانی ژیانی ئەتاتورکدا بە پێویست زانراون و ئێستا کاریان پێ ناکرێت، هەربۆیە نها دەتوانرێت کارێکی وا بکرێت بێئەوەی زیان بە تایبەتمەندیی سێکیولاریستی تورکیا بگەیەنێت.

١٩٥٠كانــدا جياوازييــەكى نــەبوو. كاتێــك لــە ســەركەوتنەكەی پ.د لەهەڵبژاردنەكانــدا دەرویشەكانی سەربازی (تیجانی) كەوتنە تێكشكاندنی پەیكەرەكانی ئەتاتورك، (كەمال پیلەڤئۆگلو)ی ڕێبەریان دەستگیركراو ڕەوانەی زیندان كراو دواتر لەماڵەوە خرایە ژێر چاودێریی بەردەوامەوە. یاسایەك لە ساڵی ١٩٥١ دژی شێواندنی بیرەوەری سەردەمی ئەتاتورك تێپەڕێندرا.

دیموكراتەكان كۆتاییان بە ئاوێتەكردنی دەزگا ئاینیەكان بە بیرۆكراتیی دەوڵەتیی نەهێنا (لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی كاروباری ئاینییەوە بەڕێوەدەچوو)، هەروەها هەموو بانگدەرو پێشنوێژەكان وەك كارمەندی دەوڵەت مانەوە. هەرچەندە ئەوان نیمچە سەربەخۆییەكی ڕێكخراوە ئاینییەكانیان پەسەند كرد وەك ڕێبازە سۆفییگەراكان. تەنانەت شەرعییەتیشیان پێدا پاش ئەوەی پشتگیریی جولانەوەی (نورسی) یانكرد لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٧دا. ئەوەی سەركردایەتیی دیموكراتەكان بە شێوەیەكی تاكتیكیی لە ڕێگەی هەڵوێستیان لە هەمبەر ئیسلام بەڕیوەیان دەبرد، ئەمەبوو كە بەلایانەوە زۆر پێویست نەبوو كە ئاین لەگەڵ پەرەسەندندا ناكۆك بێت، بۆ زۆربەی دەستە بژێرە خوێندەوارەكە (كارمەند، مامۆستایان،ئەكادیمیستەكان، ئەفسەران) ئەوانەی بە دۆگمای كەمالییزم بارگاویی ببوون و ئەوانەی كەخۆیان ئەو پێگەیەیان لە نێو چینی دەسەڵاتداردا لەوێوە بەدەستهێنابوو كە نوێنەرایەتیی پۆزەتیڤیست و ڕۆژئاواگەراییان دەكرد، ئەم قبوڵكردنە هەژمونی كەلتوریانی، هەروەها ئەو قۆرغكردنەی ئەوانی بۆ شانۆی سیاسیی و ماشێنی دەوڵەت دەخستە مەترسییەوە. ئەمەش ئەوە لێكدەداتەوە كە بۆچی كاردانەوەیان لە هەمبەر بەرجەستەكردنی تەنانەت هەستی ئاینیی ناسیاسییش كەمتر لە هێستریایانە بوو. لە ڕێگەی سوپاوە كە خۆی بە پاسەوانی میراتی ئەتاتورك دەزانی، ئەو هەستەی كە پ.د ناپاكیی لە ئاست دابونەریتی كەمالییزم كردووە بەتایبەتیی هەڵەیە. هەروەك دواتر دەبینین، ئەمە سەلماندی كە بۆ حكومەت گورزێكی كوشندەیە .

نەرمڕەویی لە سیاسەتی سێكیولاریزمدا لە سایەی پ.د وە بووەهۆی ئەوەی ئیسلام زیاتر لە ژیانی گشتیی ڕۆژانەی خەڵكیدا لە شارەكان دەربكەوێت. لەو شارانەی كە كەلتووری لادێكانی بە ئاشكرا لە ڕێگەی فراوانبوونی شارنشینییەوە تێیدا دەبینرا. ڕۆشنبیرانی تورك ئەوكاتەو هەروەها دواتریش، ئەوەیان وەك ژیانەوەی ئیسلام بینی. تەنانەت وێڕای ئەوەی گرووپی پەڕگر لەوێدا كەوتبوونە كار. لەراستییدا ئەوە تەنیا ئەو كەلتووری سونەتییە بوو كە

له نێو دانیشتواندا بلاوبوو، چینە پەیوەستدارەکانی پێشوو، کە دووبارە جەختی لە مافی خۆ دەرخستن دەکردەوە.

## پەیوەندییەکانی دەرەوە: تورکیای ئەتلەسیی

قۆناغی پاش جەنگ، بەتایبەت دەیەی فەرمانڕەوایی پ.د بریتیە لە قۆناغی توندوتیژ بوونی هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی تورکیا بۆ نێو سیستمی جیهانیی سەرمایەداریی، نەك تەنیا لە بواری ئابووریدا، بەڵکو لەبواری جیهانی سیاسەتی دەرەوەو بەرگرییشدا. لەم سالأنەدا، تورکیا بووە بە شێکی پتەوی (هەڵبەتە لە ڕووی دەرەکییەوە) ستراکچەری سیاسیی وسەربازیی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ بنیاتنان و پاراستنی بەردەوامییدان بە دیموکراسیی و ئەو دابودەزگا ئازادانەی کە لەو ولأتانەدا هەبوون. ئەمەش بەزینێکی سەرەکیی لە سیاسەتی دەرەوەی کەمالیستیی پێکدەهێنا کە لەسەر بنەمای بێ لایەنیی وریایانە بنیات نرابوو.

لە راستییدا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەقۆناغی پاش جەنگی جیهانیی لەسایەی جەنگی ساردا بەڕێوەدەچوو. ئێمە بینیمان چۆن بنەماکانی ترومان فۆڕمەڵە کران و تورکیاش بووە بەشێك لەوهەوڵە، کاتێك دیموکراتەکان لەساڵی ١٩٥٠دا دەسەڵاتیان گرتەدەست، تورکیا ببووە ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووریی ئەورووپی وهەروەها ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپا. پاش پێکهێنانی ناتۆ لەساڵی ١٩٤٩دا، پ.ك.گ کەوتە تاقیکردنەوەی دەمی ئەو ولأتانەی ناتۆیان پێکهێنابوو سەبارەت بە پەیوەستبوونی تورکیا بە ئەو ڕێکخراوە. لە ئوتی١٩٥٠دا، حکومەتی نوێ بەفەرمیی داوای ئەندامێتیی بۆ ئەو ڕێکخراوە کرد. مەندەریس کەدەیزانی هێندێك لەولأتانی نێو ناتۆ، بەتایبەتی دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیی، بەرهەڵستیی بەئەندامبوونی یۆنان و تورکیا دەکەن بەوبیانوەی کەئەم ولأتانە نەدیموکراتن نەسەر بەولأتانی ئەتڵەسییشن، بەلأم ئەو پێی وابوو کە کارتی بردنەوەی لەدەستدایە: کاتێك ولأتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەمەبەستی هاوسەنگیی هێز لە باکور تیپێکی سەربازیی ڕەوانەی کۆریا کرد، داوای بەشداریی لە ولأتانی ئەندام کرد بۆئەوەی لەژونی ١٩٥٠دا داگیرکاری لەسەر کۆریا بوەستێنن. تورکیا یەك لەو کەمە ولأتانە بوو کە دەستبەجێ پێشنیازی کرد تابەهێزێکی سەربازیی بەشداری بکات. سەرەتا تیپێکی ٤٥٠٠ سەربازیی لەئۆکتۆبەردا ڕەوانە کراو پێش ئەوەی شەڕگاتە کۆتایی زیاتر لە٢٥٠٠٠

سەربازی تورکیا لەکۆریا دەجەنگین کە زیاتر لە ٦٠٠٠ قوربانییان دابوو.[11] ئەم کارە بایەخێکی زۆری بۆ تورکیا لەنێو وڵاتە ئەندامەکانی ناتۆدا پەیدا کرد. بەڵام هێشتا ساڵێکی دیکەی پێ چوو هەتا نەرویژ ودانیمارك کەپێشتر دژی هاتنە ناوەی تورکیا بوون بۆ ناتۆ، وازیان لەهەڵوێستەکەی خۆیان هێنا، بەوەش تورکیا لە١٨ فێبرایەری ١٩٥٢ ەوە بەفەرمیی بووە ئەندامی ناتۆ .

چوونی تورکیا بۆ نێو ناتۆ بەسەرکەوتنێکی مەزن لە قەڵەم دراو دیموکراتەکان و ئۆپۆزسیۆنیش وەك یەك ئاهەنگیان بۆ گێرا. ئەو هۆکارانەی لەپشت ئەم خرۆشانەوە بوون بۆ چونە نێو ناتۆ هەم عەقڵانیی وهەم سۆزئامێز بوون. لەڕووی عەقلانییەوە ئەم ئەندامبوونە ڕێگەی لەهێرش وپەلاماری یەکێتیی شورەویی بۆ سەر تورکیا دەگرت و لەو لایەنەوە زامنی ڕوونەدانی ئەو پەلامارە دەکات، جگە لەوەی دەرگای بە ڕووی لێشاوی هاوکاریی و قەرزەکانی رۆژئاوا بۆ تورکیادەخاتەسەر گازی پشت و ئەوەش پرۆسەی مۆدێرنە لەتورکیا ئاسان وگونجاو دەکات. لەڕووی سۆزیشەوە مانای ئەوەبوو کە تورکیا لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە وەك هاوکوفێك پەسند کراوە. ئەو هەستەی کەواپێدەچوو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەهەموولایەکدا بڵاوبێتەوە. تەنانەت لەساڵی ١٩٧٠کاندا مرۆ دەیتوانی لە چێشتخانەکانی تورکیادا "شەرابی ناتۆ"بکڕێت.

## هاوپەیمانییە هەرێمییەکان

ئەندامێتیی تورکیا لە بلۆکی ڕۆژئاوا لە ماوەی جەنگی ساردا بە شێوەیەکی مەزن پێگەی لە هەردوو ناوچەکەدا دیاری دەکرد کە بەشێك بوو لێی، ئەویش: بالکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. تورکیا وەك ڕەگەزێکی یەکلاکەرەوە بوو لەو هەوڵەی "دالاس"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە خوازیاربوو لە ڕێگەی هاوپەیمانییەتی ناوچەییەوە کە لەسەر بناغەی ناتۆ دارێژرابوو، گەمارۆی بلۆکی شورەویی بدات.

لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، یەکەمین هەوڵ لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بۆدامەزراندنی هاوپەیمانیەتییەکی هەرێمی ئەوەبوو کە بۆنزیکردنەوەو پێکەوەکارکردنی تورکیاو میسر لە ساڵی١٩٥١–١٩٥٢دا درا. بەڵام ئەم هەوڵە زۆر کەم لەلایەن هەردوو وڵاتەوە بەرەو پیری چون و پەرۆشییان بۆ دەربڕی. پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو وڵاتانی عەرەبی بەهۆی هەڵوێستی تورکیا لەکێشەی ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان دژواربوو.

[11] There were 717 dead, 167 missing and 5247 wounded. Figures from *Türkiye 1923–1973 ansiklopedisi*, Istanbul: Kaynak, 1974, vol. 3, 950.

سەرەتا سەرکردایەتی تورکیا لەئەنکەرە پشتگیریی عەرەبیان کرد چونکە وایان دەزانی دەوڵەتەکی ئیسرائیل سەر بە شورەوییە. بەگەورەبوونی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل لەساڵی١٩٤٩بەرەوسەر، تورکیا ئەودژایەتییەی خۆی گۆڕی. تورکیا لەگەڵ فەرەنساو ئەمەریکادا سەبارەت بە کۆمیسیۆنی ئاشتەوایی فەڵەستین لەساڵی١٩٤٩دا دانیشتو بەشێوەیەکی دیبلۆماتیی دانی بەئیسرائیلدا نا.

دوای شکستی هاوپەیمانیەتیی تورکیاو میسر. هەوڵی دووەم لەپێناو دامەزراندنی بلۆکێکی هەرێمیی بریتیبوو لەڕێکەوتننامەی هاوکاریی لەگەڵ پاکستاندا کە لە ئوتی ١٩٥٤دا مۆرکرا. ئەم هەوڵە ڕێکەوتننامەیەکی دیکەی هاوکاریی ویارمەتیی دوولایەنەی بەدوادا هات کەلەگەڵ تەنیادۆستی تورکیا لە جیهانی عەرەبییدا کە دەوڵەتی پاشایەتی عێراق بوو لەسایەی پیاوە بەهێزەکەی"نوری سەعید"دا لەفێبرایەری ١٩٥٥مۆرکرا. بەریتانیای مەزن، ئێران هەروەها پاکستان بوونە بەشێك لە (پەیمانی بەغدا) لەکاتێکدا ئەمریکا وەك چاودێرێك هەڵسوڕا.

سالانی پاش١٩٥٥ هەڵچوونێکی شەپۆلی نەتەوەخوازیی عەرەبیی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەخۆوەبینی کە لەلایەن سەرۆکی میسریی "جەمال عەبدولناسر" ڕێبەرایەتیی یاخود جۆش دەدرا. کاتێك ئەمریکا ڕێگەی لەهەوڵەکانی ناسر بۆ بەدەستهێنانی پارە بۆ تەواکردنی بەنداوی ئەسوان گرت. ناسر لەساڵی ١٩٥٦دا کەناڵی سوێسی خۆماڵیی کرد، ئەوەش هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر میسر لێکەوتەوە. وێڕای سەرکەوتنی سەربازییش، ئەم وڵاتانە، فەرەنسا و بەریتانیا، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ناچارکران بکشێنەوە. چونکە ئەمریکا ئەم پەلامارەی بە نابەرپرسیارانە دەزانیو وەك شێوازێکی کۆنی کۆلۆنیالیزمی بینی کە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە. ئاکامەکەی ئەم پەلامارەش ئەوەبوو هەرچەندە ناسر لەڕوی سەربازییەوە دۆڕا، بەلام لەو ململانێیە بەشێوەیەك هاتە دەرەوە کە لە چاوی جیهانی عەرەبدا بایەخی زیاتر بووو ڕەوتە عەرەبییە نەتەوەییە سۆشیالیستیەکەشی زیاتر لە نێو عەرەبەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا برەوی پەیداکرد. حکومەتەکەی پ.د ڕقی لە ناسر دەبووەوەو وەك بەکرێگیراوێکی شورەوییان دەبینی، بەلام ئەوە تەنیا هەڵوێستێکی ڕیاکارانە بوو. چونکە تورکیاو هەروەها پاکتی بەغدا لەلای زۆربەی جیهانی عەرەبیی وەك بوکەشوشەیەکی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا تەماشا دەکران. لە ساڵی ١٩٥٧دا پەیوەندییەکانی تورکیاو سوریا هێندە دژواربوو کە تورکیا لە ڕێگەی هێزە چەکدارەکانی هەڕەشەی تێپەڕاندنی سنوری سوریای کرد و هێزە

سەربازییەکانی میسریش بۆ ماوەیەك دابەزینە سەر خاکی سوریا تا بەرگریی لە هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراوی تورکیا بۆسەر سوریا بکەن. هەمان ساڵ، هێزەکانی بەریتانیا چونە ئەردەنەوە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی ناسریی و پاراستنی تەختوبەختی مەلیك حوسێن لە ساڵی١٩٥٨دا. سوریا و میسر لەسەر داوای سەرکردایەتی سوریی پێکەوە کۆمارێکی یەکگرتوی عەرەبیی کورتخایەیان پێکەوەنا. لە لوبنان جەنگی نێوخۆ لە نێوان کریستیانە کۆنەپارێزەکان و ناسرییەکاندا هەڵگیرسا، هەروەها لە سەر داوای (شەمعون)ی سەرۆکی لوبنانی کریستیانیی، مارێنزە ئەمریکییەکان دابەزینە سەر خاکی لوبنان لەو ڕووەوە سودیان لە بنکەکانیان بینی کە لە تورکیابوو. لە دیدی حکومەتی تورکیاوە، ناخۆشترین هەواڵ لە ساڵی ١٩٥٨دا کودەتای نەتەوەییەکان بوو لە بەغداد(شۆڕشی ١٤ی تەموز/سەردەشتیی) ئەوەی پاشاو نوری سەعیدی سەرۆك وەزیری تێدا چوو. مەندەریس بڕیاری ئەوەیدا کە بە هێزی چەکداری دەست بخاتە کارو باری عێراقەوە و سوپای تورکیش ڕووەو سنوورەکان کشان، تەنیا فشارێکی بەهێزی ئەمریکا و بەڵێندانی پە پێدانی پارەیەکی زیاتر بە تورکیا،ڕێگری لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن تورکیاوە کرد.

لە ساڵی ١٩٦٠دا، ئەوەی لەپاکتی بەغدا مابووەوە پاش ئەوەی ڕژێمە نوێیەکەی بەغدا کشانەوەی خۆی ڕاگەیاندا. گۆڕا بۆ سەنتۆ (ڕێکخراوی پەیمانی ناوەند) کە بە فەرمیی وڵاتە یەکگرتوەکانی تێدا بووە ئەندام. هەرچەندە هەروەك ئەوەی پێش خۆی، سەنتۆش دەستکەوتی زۆر کەمی بەدەستهێنا . بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، ئەندامانی سەنتۆ متمانەی هاوبەشی پێویستیان نەبوو تا نهێنییە سەربازییەکانی جفرەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن و هێزەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر تێکەڵ بە یەکتر بکەنو لە پێکهاتەیەکی سەرو نەتەوەییەوە. بێ ئەوەش کاریگەری سەربازییان سنووردارو بە سستیی مابووەوە.

لە بالکان کێشەی سەرەکیی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانیدا بوو، ڕژێمە وابەستەکەی شورەویی لە بولگاریا لە تۆڵەی ناردنی هێزە سەربازییەکانی تورکیا بۆ کۆریا، بولگاریا لە ناکاو ٢٥٠هەزار هاوڵاتیی موسوڵمانی تورك زمانی خۆی دەرکرد. تورکەکان خۆیان بۆ ئەم کۆچە لە ناکاوە ئامادە نەکردبوو هەربۆیە سنوورەکانیان بە ڕوویاندا داخست، ئەو کێشەیە دواجار لە ساڵی ١٩٥٣دا چارەسەرکرا، کاتێك سنووریان بە ڕوودا کرایەوە ، بەڵام ئێستا ڕێگە لە موسوڵمانە بولگارییەکان گیرا کە پێکەوە وڵات جێبهێڵن. جێگەی سەرسوڕمانە بولگارییەکان پاش ٤٠ ساڵی دیکە قەیرانێکیان ورووژاند کە نزیکەی هەمان کۆپی ئەو قەیرانەی یەکەم جاربوو.

هـەروەها لـە بالكـان، ئـەمریكا هـانی پێكهێنـانی هاوپەیمانیەتییـەكی هـەرێمیی لـە نێـوان توركیـا و یۆنـان و یۆگۆسـلافیادا. بۆئەوەش پـەیمانی بالكـان لـە فێبرایـەری ١٩٥٣دا مـۆركرا، ئەم پەیمانە وەك ئەوەكەی بەغدا كاریگەر نەبوو، بـەلاّم ڕێگـەی دا بـە ئـەمریكا بـە ناڕاستـەوخۆ لە خۆی بخزێنێتە نێو ڕژێمی كۆمۆنیستیی(بەلاّم دژی شورەویی) یۆگۆسلاڤیا.

دەگونجێت جێگای سەرسامیی بێت. كە بەپێی مێژووی خوێناویی سالاّنی ١٩١٣و١٩٢٣، كەیـەك ولاّت كـە توركیـا پەیوەنـدی دوای سـالاّنی پـاش جـەنگ لەگەڵیـدا خـۆش وجـێگیر بێت(كەهەرلەسەرەتای ١٩٣٠ەكانەوەبوو) بریتیبوولە یۆنانی كۆنە دوژمنـی. پەیوەندیـەكانی نێـوان هـەردوولا بـە باشـی مایـەوە پـاش ئـەوەی هـەردوولا بـە نـاتۆوە پەیوەسـت بـوون. تـا پەرەسەندنی كێشەی قوبرس كە لـە سـالّی ١٩٥٤دا تەقییـەوە، ئەو پەیوەندیانـەی لـە ڕیشەوە تێكدا.

لەسەر ئەو دورگەیەی پێشووی دەوڵەتی عوسمانیی كە قوبرسـە، ئەرسەدۆكسی یۆنـانیی زمان زۆرینەیان پێكدەهێنا كە ٨٠٪بوون، لەگەڵ كەمینەیەكی توركیی كـە ٢٠٪ بـوون، ئەمانـە لە سایەی كارگێریی بەریتانیادا پێكەوە دژیان. هـەژان لـە لایـەن نەتـەوە خوازەكانی یۆنانـەوە (EOKA) كە هەر لەسالّی ١٨٧٨ەوە خۆی بەرجەستەدەكرد، لەسالّی ١٩٥٤ەوە پەرەیسـەند، كـە تییـدا ئـاژاوەو پـەلاماری تیرۆرسـتییانە كرایـە سـەر بەریتانییـەكان، حكومـەتی یۆنـان و میدیای ئەو ولاّتە لایەنگری ئەم كارەیان كرد. كە ئامانجیان یەكخستنی یۆنان و قوبرس بوو. بیرۆكـەی یەكخـستنی هـەروەها لـە لایـەن هێنـدێك كەسـایەتیی لەنێوەنـدی پـارتی كرێكـارنی بەریتانییاوە بە شێوەیەكی پەرەسەندوو پشتگیریی لێوەدەكرا.

ئـەوەش بـۆ حكومـەتی توركیـا بـە تـەواوەتیی پەسـەند نـەكراو بـوو، نـەك بەتـەنیا وەك هاوبەستەگییەك لەگەڵ توركە قوبرسییەكاندا، بەڵكو لە پێنـاو چـەند هۆكـارێكی سـتراتیژییدا: چونكە ئەو یەكخستنە دەبووە هـۆی دوو هێنـدەكردنی سـنووری یۆنـانیی توركیـی. لـە ئـوتی ١٩٥٥دا، یۆنـان، بـەریتانیا و توركیـا سـەبارەت بـە قـسەكردن لـە مـەڕ ئاینـدەی ئـەو دورگەیـە كۆبوونەوە. بەلاّم ئەم كۆبوونەوەیە ئاكامێكی شیاوی لیّ نەكەوتەوە. توركیـا پـشتگیریی لـەوە دەكرد هەلومەرجەكە وەك خۆی بمێنێتەوە. لە چەند سـالّێكی كـەمی داهـاتوودا گەنگەشـەكان لەمـەڕ دابەشـكردنی دوورگەكـە چـڕكرانەوە، توركیـا وەك باشـترین چارەسـەری داهـاتوو پـشتگیریی لـەم رایـە كـرد. بـەلاّم ئـەم چارەسـەرە بـۆ یۆنانییـە قوبرسـییەكان جێگـای پەسـەند كـردن نـەبوو. ئـەو بەرهەڵـستییەی ئەمێـستا كـە لەلایـەن (مـاركیۆس)ی قەشـەی نەتـەوەخوازی

یۆنانیی وسیاسەتکاری زۆرزانەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا. ئەوەی کە لەلایەن بەریتانییەکانەوە زیندانیی کرابوو، دواتر لە ١٩٥٧ دا ئازادکرا بوو.

لەسالأنی ١٩٥٨و١٩٥٩دا، وتووێژی زیاتر لەسەر ئەو کێشەیە کرا. سەرەتا لە زیوریخ ودواتریش لە لەندەن. ئەو وتووێژانەی بە گەیشتنە ڕێکەوتنێك کۆتاییهات کە قوبرس بکرێتە کۆمارێكو سەربەخۆیی بدرێتێ، یەکێتیی خاك و سیستمی دەستووریی لەلایەن یۆنانو بەریتانیاو تورکیاوە زامنبکرێت. ڕێکەوتننامەکە ئەوەی تێدابوو کە هەرسێ دەوڵەتە زامنکەرەکە هەوڵدەن ئەو کارە پێکەوە بکەنو گەر بۆشیان نەکرا ئەوا هەریەکەو بە تەنیا دەتوانێت بۆ زامنی واقیعی قوبرس هەڵسوڕێت. خاڵی ٣ی ڕێککەوتنەکە کە ئەم بابەتەی لە خۆگرتبوو، کە لە چەند سالأنی داهاتوودا بناغەیەکی شەرعیی بۆ دەستێوەردانی تورکیا هێنایەئارا. قوبرس لە ١٦ ی ئوتی١٩٦٠دا بووە کۆمارێکی سەربەخۆ، قەشە ماکاریۆسیش بووە یەکەمین سەرۆکی.

کێشەی قوبرس سەلماندی کە کێشەیەکی دژوارە. کە بووە هۆی دژوارکردنی پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان لەو کاتەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. ئێمە لە بەشی داهاتوودا دێینەوە سەر ئەم بابەتە. لە هەمان کاتدا کێشەی قوبرس نموونەیەکە بۆ ئەوە کە سیاسەتی تورکیا کە هەمیشە لەسەر بنەمای واقیعیی و پراگماتیزم بنیاتنرابوو، ئەمجارەیان لە ژێرکاریگەریی (تورکانی دەرەوەدا) کەوتە سەر بناغەیەکی سۆزداریی. کۆمەڵگەی تورکیی کە لە دەرەوەی تورکیادا دەژیا، ئەمانە پاشماوەی ئەو کۆمەڵگایانە بوون کە هەر لەسەردەمی عوسمانییەوە لەو ناوە دەژیان وەك تورکانی بولگاریا و یۆنان و عێراق (هەروەها لە ویلایەتی ئەسکەندەرونەی پێش جەنگ) یاخود ئەوانەی ئیمپراتۆریی تورکیی ئاسیای ناوەند کە زۆربەی جار لە سایەی سەرکوتێکی کەلتووریی و ئاینییدا دا ژیانیان دەگوزەراند، هەروەها وێڕای ئەوەی جەستەی سیاسەتی تورکیی، کۆمارییەکان و هەروەها دیموکراتەکان (یان ئەوانەی دوای ئەوان هاتن) هەمیشە جەختیان لەسەر ڕەتکردنەوەی ڕزگارییان دەکردەوە، چارەنوسی (تورکانی دەرەوە) لە نێو ڕای گشتیدا مەسەلەیەکی ویژدانی بوو کە دەتوانی هێندێك جار فشار بخاتە سەر سیاسەتکارانی تورك.

## پارتی دیموکرات و سوپا

ساڵی ١٩٥٨ هەروەها یەکەمین نیشانەی ئەوەبوو کە ئەوەی روویدا لە نێوان حکومەت و هێزە چەکدارەکاندا نەدەبوو رووبدات، لە دیسەمبەری ١٩٥٧دا، نۆ ئەفسەری سوپا بەتۆمەتی پیلانگێڕان دژی حکومەت دەستگیرکران. دەستگیرکردنەکان لە ١٦ی یەنایەری ١٩٥٨دا ئاشکرا کرا.

دیموکراتــەکان هەمیــشە لــە ســوپا دەســڵەمینەوە، بــەهۆی پەیوەنــدیی نزیکــی ئەفــسەرە فەرماندەکانی سوپا لەگەڵ ڕژێمە کۆنەکەدا، بەتایبەت لەگەڵ عیسمەت پاشا ئینۆنودا. بەڵام دوای پاکسازیی سەرکردایەتیی سوپا لە ساڵی ١٩٥٠دا، دیموکراتەکان زیاتر لەو بارەیەوە دڵنیابوون، هەروەها لە ڕاستیدا لەزۆربەی ماوەی دەیەی فەرمانڕەوایەتییاندا دەستەی فەرماندە باڵاکانی هێزە چەکدارەکان واپێدەچوو کە سەبارەت بە حکومەتی هەڵبـژێردراو وەفاداربن. گرفتەکە لەوەدابوو کە لەکۆتایی ساڵانی ١٩٥٠کاندا ڕوویدا، ئەوەی وایکرد چیدی حکومەت وەفاداریی تەواویی دەستەی ئەفسەرانی باڵای سوپا زامن نەکات. هۆکاری ئەوەش بریتیبوو لەو گۆڕینە بنەڕەتییەی کە ئەندامانی ناتۆ بە هاوکاریی ئەمریکا لە هێزە چەکدارەکانی تورکیادا ئەنجامیاندا.

لەکۆتایی ساڵانی ١٩٤٠ەکانـدا، سـوپای تـورک بـە ژمـارە زۆر مـەزن بـوو (٧٠٠,٠٠٠) کـە سەرکردایەتیی و ڕێکخستنی لەسەر بنەماکانی پروسیی هاوچەشنی پێش جەنگی یەکەمی جیهانیی داڕێژرابوو. دەلاقەیەکی مەزن لەنێوان سەربازان و هەروەها ئەفسەران و سەرکردایەتیی سوپادا هەبوو. چونکە ئاستی تەکنیکی کەلوپەل و ئامرازەکانی جەنگ لە سوپادا بەتوندیی لاوازبوو. پێویستیی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی خاوەن لێهاتوویی‌یەکی تایبەت نەدەکرد. لە ساڵانی ١٩٥٠کاندا هەموو ئەمانە گۆڕانیان بەسەرداهات .زیاتر لە دوو بلیۆن دۆلار لە مەسەلەی مۆدێرنیزەکردن و میکانیزەکردنی سوپای تورکیادا خەرجکرا. تیمە ئەمریکییەکان هاوکاریی پەروەردەو ڕاهێنانی کارمەندانی سوپایان کرد. ئەفسەری نوێ بە شارەزایی و زانیاریی نوێ وە، ئەنـدازیاریی یـاخود پەیوەندییــەکان زۆربــەی پۆســت و پێگــە زینــدووەکانی نێــو ســوپایان دامەزراند. بەشێك لەوانە ڕاهێنانی خۆیان لەڕێگەی ناتۆو ئەو پرۆگرامە جیاوازیەوە کە لەدەرەوەی تورکیادا تەواوی کردبوو.هەربۆیە دەرفەتی ئەوەیان هەبوو کە ئەوجیاوازییە گەورەیە لە نێوان هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی لەشکری تورکیاو کۆمەڵگەی تورکیی بەواقیعیی هەیە. ئەمێستا دەیزانین ئەوەیە کە لەساڵی ١٩٥٥بەرەوسەرە، پیلان دژی حکومەت لەنێو ئەم نێوەندەدا دەچنرا.[١٢]

ئـەو تۆمەتانـەی ڕووبـەڕووی نـۆ ئەفـسەرە دەسـتگیرکراوەکە کرابـوون، لەلایـەن دادگایـەکی سەربازییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا. بەڵام زۆربە قووڵی نەچووبوونە نێو مەسەلەکەوە، چونکە سوپا نەیدەویست کارە ناشرینەکانی خۆی بۆ خەڵك ئاشکرابێت. ئەفسەرەکان بێ تاوان ڕاگەیەندران و تەنیا هەواڵدەرەکە زیندانیی کرا. ویڕای ئەوەش، حکومەت وریا بووەوە، هاتنە

[12] William Hale (1996) *Türkiye'de ordu ve siyaset: 1789'dan günümüze* Istanbul: Hil (translation of *Turkish military and politics*, London: Routledge, 1994), 95.

سەر تەختی دەسەلات لەلایەن سوپاوە لە ولاتێکی دۆستی تورکیای وەك عێراق وریاکەرەوەیەکی دیکەبوو کە بۆ ئەوەی دەیتوانی ڕوویدات.

### ساڵە کۆتاکانی مەندەریس:

هەمان کات، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٧ ئۆپۆزسیۆنی هاندا تا هەڵمەتێك ئەنجامبدات بۆ ڕەخنە لێگرتن و ڕەتکردنەوەی ڕەهای هەرشتێك حکومەت دەیکرد. پارتی دیموکرات ئەمێستا نیشانەی ئەوەی لە خۆی پێشاندا کەچیدی ئامادەنیە ئەو هەلومەرجە پەسەند بکات. هەربۆیە هێمای بە هەنگاوی سەرکوتکەرانەدا. لە ئۆکتۆبەردا، مەندەریس بە خۆفوتێکردن و لە خۆبایبوونێکی زۆرەوە(وەتەن جەبهەسی/بەرەی نیشتیمانی) ڕاگەیند، وەك هەولێك بۆ فراوانکردنی بناغەی پ.د و ڕاکێشانی خەڵكو دانیشتووان. سەرەکیترین ڕەگەزی هەڵمەتەکە بریتیبوو لە خوێندنەوەی ناوی لیستی ئەو خەڵکانەی لە ڕادیۆی دەوڵەتەوە بە بەرەکەوە پەیوەست دەبوون. ئەو لیستانە ناوی منداڵی ساواو نەخۆش و تەنانەت ناوی خوازرویشی گرتبووەخۆ. کە بۆماوەی ساڵو نیوێك بەردەوامبوو. ئەوەش بەشێکی خەڵکی بێزارو بێتاقەت کرد و (کۆمەڵەی گوێنەگران لە ڕادیۆ) لە زۆربەی شارەکاندا دامەزرێنران.[١٣]

لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٨وسەرەتای ١٩٥٩دا، دوو فاکتەر دەسەلاتی مەندەریسیان بەسەر لادێدا بەهێزکرد. گەربەسەرشارەکانیشدا نەبێت. یەکەمیان بریتیبوو لە پەسەندکردنی بەرنامەی جێگیریی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی کەبووە هۆی پێدانی ٣٥٩ملیۆن دۆلار وەك یارمەتیی تورکیا. ئەمەو لەگەڵ ئەوەی ساڵەکە دروێنەیەکی باشی تێداکرا کە باشکردنی هەلومەرجی جووتیارانی لێکەوتەوە. لەکاتێکدا بەرزبونەی نرخ کەپەیوەست بوو بە بەرنامەکەوە بەتوندیی شارەکانی کوتا. ئینجا لە ١٧فێبرایەری ١٩٥٩دا. مەندەریس لەپلانی کەوتنە خوارەوەی لەفرۆکەخانەی(گاتویك)ی لەندەن ڕزگاری بوو، ئەوەی کە زۆربەی سەرنشینەکانی تێدا بریندداربوون. ئەوەش بە تەواویی لە لایەن دەزگای ڕادیۆی تورکیاوە هەروەها پ.د قۆستڕایەوە. ئەوەی کە مەندەریس بە پەرجوو ڕزگاری بووە وایکرد زۆری موسوڵمانانی تورك بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو کەسایەتیەکی سۆپەرمانییە و لەلایەن خواوەندەوە هەڵبژێردراوە تا گەلەکەی سەرکردایەتیی بکات .

دژواریی نێوان پارتەکان توندو نالەبار مایەوە. ئینۆنو لە گەشتێکی دا بۆ (ئەیجان) کە ناوچەیەکی تورکیاو ناوەندی پ.د بوو هێرشی کرایە سەر، هەروەها لەسەرەتای ئەپرڵی ١٩٦٠دا

---

13 Uygur Kocabaşoğlu (n.d.) ‘Radyo’, in Murat Belge (ed.) *Cumhuriyet Dönemi Türkiye ansiklopedisi*, Istanbul: İletişim, vol. 10, 2743.

سوپا بەکارهێنرا بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئینۆنو بگرن لە قەیسەری کە دیدەنی لەگەڵ خەڵکدا بکات. کاتێك ئینۆنو ئەوەی ڕەتکردەوە کە بگەڕێتەوە، پاشەکشە بە سوپاکرا. لە ١٨ی ئەپرلٚ دیموکراتەکان بڕیاریاندا کە کۆمیتەیەك پێکبهێنن دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەبێت و لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات. کۆمیتەکە لە توندڕەوترین ئەندامی پ.د پێکدەهات و وایان دانا کە سێ مانگیان پێویستە تا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەربخەن هەربۆیە لە ماوەی ئەو سێ مانگەشدا هەموو چالاکیەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی ئەنجومەندا دەبێت قەدەغە بکرێت. تەنانەت راپۆرتی ڕۆژنامەکانیش سەبارەت بەگەنگەشەکانی ئەنجومەن ئەمێستا قەدەغەکرا.

دامەزراندنی ئەو کۆمیتەی لێکۆڵینەوەیە لەلایەن مامۆستایانی یاسای زانکۆکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرەوە بە نایاسایی لە قەڵەمدرا. کاتێك ئەو مامۆستایانە تەمێکران (بەتۆمەتی تێوەگلان لە سیاسەتەوە) خۆپێشاندانی خوێندکاران دەستیپێکرد. ئەمێستا حکومەت بڕیاریدا سوپا بۆ سەرکوتکردنی خۆپێشاندانە خوێندکارییەکان بە کاربهێنێت و زانکۆکان داخران. خوێندکارێك کوژرا(هەرچەندە بڕوا وایە کە ژمارەی کوژراوەکان لەدوای توندوتیژیی هەلومەرجەکەوە زیاتر بووبێت) بەکارهێنانی سوپا بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بووەهۆی ئەوەی لەلایەن خوێندکارانی ئەکادیمیای سەربازیی لە ئەنکەرە خۆپیشاندانێکی هێمنانە ئەنجامبدرێ. ڕۆژنامەکان لە ژێر سانسۆردابوون نەیاندەتوانی هەواڵی ئەو هەرایە لە ٢١ی مایۆدا بڵاو بکەنەوە. لە جیاتی ئەوە بە دوورو درێژی قسەو باسیان لەسەر خۆپێشاندانە خوێندکارەکانی کۆریا دەکرد کە لەو ماوەیەدا توانیبوویان سەرۆك ( سینگمان ری) لەسەر دەسەڵات بێنێتە خوارێ.

مەندەریسی سەرەك وەزیر لەم کاتەدا هەوڵی بەهێزکردنی پشتگیریی خۆی، یان تەنیا حاڵی دەرونیی دەدا، لەڕێگەی گوتاردان بۆ لایەنگرانی لەهەرێمی ئیجە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەنکەرە بەسەردانێك کە لەلایەن(نەهرۆی) سەرۆکی هیندستانەوە لەنێوان ٢٠بۆ٢٤مایۆدا. مەندەریس لە٢٥مایۆدا، دەستبەجێ ڕایگەیاند کەلێکۆڵینەوەکە ئەرکەکەی خۆی لەماوەی یەك مانگدا جێبەجێکردووەو وەك ئەوەی سێ مانگی پێبچێتو زۆری پێناچێت ڕاپۆرتی خۆی کۆتایی پێدێنێت. کۆمیتەکە دەگونجێت هەوڵی دەرخستنی پەیوەندییەکانی نیوان پ.گ.ك و سوپای دابێت و ڕاگەیاندنەکەی مەندەریسیش ببێتە هۆی بزواندنی پیلانگێڕیی لەنێو سوپادا. وابێت یان نا ئەوە هۆکارێك بوو کە لەبەرەبەیانی ٢٧ مایۆی ١٩٦٠دا یەکەکانی سوپا دەستیان بەسەر تەواویی دەزگاو تەلارەکانی حکومەتدا لەئەستەمبوڵ و ئەنکەرەدا گرت و هەموو وەزیرو پارلەمانتارەکانی پ.د، بە عەندنان مەندەریس سەرۆك وەزیر وجەلال بایاری سەرکۆماریشەوە، قۆڵبەستکران.

# باسی چواردەیەم

## دووەمین کۆماری تورکی ١٩٦٠-١٩٨٠

### دەسەلاَت گرتنەدەست لەلایەن سوپاوە لە٢٧مایۆی ١٩٦٠دا

ڕای گشتیی لە ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی ئاگاداربوون کە لە ساتی ٣ی سەرلەبەیانی ٢٧ی مایۆی ١٩٦٠دا، ئەودەمەی کۆلۆنیل ئەلپئەرسەلان تورکیش ڕاگەیاندنێکی لەوبارەیەوە لەڕادیۆی تورکیاوە بلاَوکردەوە، بەیاننامەکە ڕایگەیاند کەهێزە چەکدارەکان دەستیان بەسەرکارگێڕیی ولاَتدا گرتووە"بۆڕێگرتن لەبراکوژیی وڕزگارکردنی پارتەکان لەوهەلومەرجە دژوارو نائاشتەواییەی تێیکەوتبوون" ڕاگەیاندنەکە جەختی لەناپارتییبوونی کودەتاکە کردەوە.[14]

کودەتا سەربازییەکە لەلایەن ڕای گشتییەوەو لەئەنکەرەو ئەستەمبولْ بەخۆشحالْییەوە پێشوازیی لێکرا، بەتایبەت لەنێو خوێندکارانی هەردوو شارەکەداو بەگشتییش لەنێوخوێندەوارە ڕۆشنبیرەکاندا. باقی دیکەی ولاَت کاردانەوەیەکی بەوشێوەیەی نەبوو. ناوچە گوندنشینەکان بەتایبەتی وەك وەیشومەیەك تێیانڕوانیو بێدەنگ مانەوە. هەرای ئەوچەند مانگەی دوایی نزیکەی تەنیا تایبەت بە شارەکانی ئەنکەرەو ئەستەمبولەوە بوو، لەهیچ شوێنێکی دیکە بەلْگە بۆ لاوازبوونی جەماوەری مەندەریس لە ئارادانەبوو.

ئەمێستا زانرا کودەتاکە ئاکامی سالاَنێك پلاندانان وخۆئامادەکردن بوو لە لایەن ئەنجامدەرانییەوە، کەژمارەیەك کۆلۆنیلو ڕائیدو نەقیبی ڕادیکالْی سەربازیی بوون کەلە چلەکانی تەمەنیاندا بوون. دووشت بۆسەرکەوتنی کودەتاکەیان فرە گرنگ بوو: یەکەمیان ئاگادارکردنەوەی ئەندامەکانیان لەگرتنەدەستی پێگە فەرماندەییەکان (وەك فەرماندەی هێزی پارێزەری نێو پایتەخت) کەبۆگرتنە دەستی دەسەلاَت زۆر بایەخداربوو. دوەمیشیان دۆزینەوەی ئەفسەرێکی پلە بالاَی بوو بۆ جولاَنەوەکەیان بۆ ئەوەی پشتگیریی باقی دیکەی هێزە چەکدارەکان بەدەستبێنن. لەکۆتاییدا لەهەردوو ڕووەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

---

[14] بۆ تەواوی دەقی ڕاگەیەندراوەکە بڕوانە:

Walter F. Weiker (1963) *The Turkish revolution 1960–1961*, Washington: Brookings Institution, 20–1.

لەمایوی ١٩٦٠دا، لەپێگەیەکی وادا بوون کەهەنگاوبنێن، هەروەها پاش چەند هەولێکی شکستخواردوو توانیان کەسایەتییەکی سەربازیی بالاَ وەك سەرۆکێکی رووخساری بدۆزنەوە، ئەویش(جەمال گۆرسێل) ی فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزە زەمینییەکان بوو. ئەوەی لە ٣ی مایۆدا مۆڵەتی کراوەی پێدرا، پاش ئەوەی بیرخەرەوەیەکی لە مەڕ هەلومەرجە سیاسییەکەی ولاَت بۆ وەزیری بەرگریی نوسیبوو. گورسێل کەسێکی ساکارو باوك رووخسار بوو، لە نێو هێزە چەکدارەکاندا ناسراوو خاوەن پەیوەندییەکی بەرفراوان بوو. ئەو ئەنجامدانی کودەتاکەی پەسەند کرد، بەلاَم ئاگای لە وردەکاریی رێکخستنەکەی نەبوو. کاتێك کودەتاکە سەرکەوت، ئەو بە فرۆکەیەکی هێزە سەربازییەکان لە ماڵەکەی خۆیەوە لە ئەزمیرەوە بۆ ئەنکەرە برا.

سوپا رایگەیاند  کە نها دەسەلاَت لەدەستی"میللی بیرلیك کۆمیتەسی /کۆمیتەی یەکێتیی نەتەوەیی" دایە، کە ژێنڕاڵ گۆرسێل سەرکردەیەتی. بەلاَم بۆ ماوەیەك نە ئەرکی ورد و نە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە ئاشکرا نەکران. ڕۆژێك پاش کودەتاکە ڕاگەیەندرا کە جەمال گۆرسێل وەك سەرۆکی ولاَت و سەرۆك وەزیر و وەزیری بەرگریی دانراوە. ئەمەش لەڕووی تیۆرییەوە هێندەی دەسەلاَتی ڕەهای دابوویە کە ئەتاتورکیش بەخۆیەوە نەبینیبوو.

## لە کودەتاوە بۆ شۆڕش: ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ

هەر لەسەرەتاوە سوپا لەو باوەڕەدابوو کە پێویستە زۆرشت ئەنجامبدرێت و مەسەلەکە تەنها گۆڕینی حکومەت نەبێت. لە ڕۆژانی کودەتا سەربازییەکەدا، پێنج پرۆفیسۆری یاسایی لە زانکۆی ئەستەمبوڵ کە لە لایەن "سدیق سامی ئۆنەر"_سەرۆکایەتیی دەکرا بانگێشتی ئەنکەرە کران و ئەرکی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوورێکی نوێیان پێسپاردن. ئەوان لە ڕۆژی دوایدا بلاَوکراوەیەکیان ڕاگەیاند، کە زیاتر وەك فتوایەکی هاوچەرخ وابوو، تیایدا پاساویان بۆ دەستێوەردانی سوپا لە هەلومەرجەکەدا هێنابووەوە بەوەی کە حکومەتی پ.د نادەستووریانە هەڵساوە (بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە پێکهێنانی کۆمیتەی لیکۆڵینەوە هەبوو) هەروەها ئەوەش واتە کۆمیتەکە بە ناشەرعیی لە قەڵەمدرا. ئەم لێکدانەوەیە، کاتێك لە لایەن (ك.ی.ن) وە پەسەندکرا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوپای لەگەڵ پ.د ڕووبەڕوو کردەوەو کۆتایی بەو ئیدعایە هێنا کە لەسەرووی پارتە سیاسییەکانەوە بێت. لە ٣ی ئوتدا پ.د لەکارخراو لە ٢٩ی دیسەمبەردا هەڵوەشێنرایەوە.

له‌١٢ی ژوندا، (ك.ی.ن ) به‌ هاوكاریی پرۆفیسۆره‌كان ده‌ستوورێكی كاتییان بلاوكرده‌وه‌. كه‌ ڕه‌وایی به‌كوته‌داكه‌و هه‌روه‌ها به‌مانه‌وه‌ی (ك.ی.ن) دا، كابینه‌یه‌ك له‌ ته‌كنۆكراته‌كان له‌لایه‌ن كوده‌تاچییه‌كانه‌وه‌ پاش كوده‌تاكه‌ دامه‌زرێنرا، كه‌ به‌ته‌واوی ئۆرگانێكی جێبه‌جێكردن بوو. ته‌واوی بڕیاره‌ سیاسییه‌ گرنگه‌كان له‌لایه‌ن (ك.ی.ن) خۆیه‌وه‌ ده‌دران.

## ده‌سته‌گه‌ریی نێو كۆمیته‌ی یه‌كێتیی نه‌ته‌وه‌یی

(ك.ی.ن) له‌م كاته‌دا له‌ ٣٨ ئه‌فسه‌ر پێكده‌هات (یه‌كێكیان له‌ سێپته‌مبه‌ردا مرد بێئه‌وه‌ی كه‌سێكی دی شوێنی بگرێته‌وه‌). به‌ڕووخسار، جه‌مال گۆرسێل ڕێبه‌رایه‌تیی كۆمیته‌كه‌ی ده‌كرد، به‌لام له‌ ڕاستییدا. عه‌قید ئه‌لپئه‌رسه‌لان توركیش كه‌ پۆستی ڕاوێژكاری سه‌رۆك كۆماری هه‌بوو. هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ده‌ست ڕۆیشتووترین ئه‌ندامی ئه‌و كۆمیته‌یه‌ بوو. توركیش له‌ دایك بووی قوبرس بوو، كه‌سایه‌تییه‌كی كاریزماتیكی هه‌بوو. زیاتر له‌هاوڕێكانی خوێنده‌وارتر بوو، جگه‌ له‌وه‌ی به‌شێوه‌یه‌كی نایاب ئینگلیزیی ده‌زانی. ئه‌و به‌شێوه‌یه‌كی به‌رفراوان له‌لایه‌ن خه‌ڵكه‌وه‌ نه‌ناسرابوو. به‌ ١٥ ساڵ له‌وه‌وبه‌ر به‌دناوێكی له‌سه‌ربوو. كاتێك له‌ كۆتایی جه‌نگی دووه‌می جیهانییدا به‌ پان توركییزم، هه‌روه‌ها به‌ نازیگه‌رایی تۆمه‌تباركرابوو (پاشتر ئه‌و تۆمه‌ته‌ی له‌سه‌ر لابرابوو) ئه‌و نوێنه‌رایه‌تیی ڕادیكاڵترین باڵی (ك.ی.ن) ده‌كرد كه‌ خوازیاری ریفۆرمێكی گشتگیر بوون له‌سیستمی سیاسییداو به‌هیچ شێوه‌یه‌ك متمانه‌یان به‌پارته‌ سیاسییه‌كان نه‌ بوو.

بێگومان ئه‌وه‌ی باڵی توركیش بوون كه‌ له‌ڕێگه‌ی (ك.ی.ن) وه‌ بڕیاری ٣ی ئوتیان ده‌ركرد له‌باره‌ی خانه‌نشینكردنی ٢٣٥ ژێنراڵ له‌كۆی ٢٦٠ دانه‌، هه‌روه‌ها خانه‌نشینكردنی نزیكه‌ی ٥٠٠ عه‌قیدو لیوا له‌هێزه‌ چه‌كداره‌كانی توركیا. هه‌رچه‌نده‌ ئه‌وه‌ ڕاسته‌ كه‌ هێزه‌ چه‌كداره‌كانی توركیا توشی جۆره‌ به‌دناوییه‌ك ببوون، به‌لام هۆكاری سه‌ره‌كیی ئه‌و خانه‌نشینكردنانه‌ گومان له‌ خولیاو متمانه‌ی سیاسیی ئه‌و ئه‌فسه‌رانه‌ بوو.

دوای سوپا، سه‌ره‌ی زانكۆكان هات، هه‌رچه‌نده‌ توركیش ناچاربوو له‌ پۆسته‌ فه‌رمییه‌كه‌ی خۆی وه‌ك ڕاوێژكاری سه‌رۆك كۆمار ده‌ستبه‌ربدات، چونكه‌ له‌ به‌رچاوی هاوڕێكانیدا ده‌سه‌ڵاتی ئێجگار زۆربوو. باڵی ڕادیكاڵ هێشتا ئه‌وه‌نده‌ به‌هێزبوو بتوانێ هه‌نگاو بنێت، له‌و ڕووه‌شه‌وه‌ ١٤٧ مامۆستای زانكۆ و وانه‌بێژ له‌ ئۆكتۆبه‌ردا له‌سه‌ر كار لابران. هه‌رچه‌نده‌ پێودانگه‌كانی ده‌ستنیشانكردن نادیاربوو. ئه‌وه‌ش كه‌ ئه‌و هه‌موو سه‌رۆك‌و مامۆستایانه‌ی زانكۆ خانه‌نشین ده‌كران، ده‌نگدانه‌وه‌یه‌كی گه‌وره‌ی دایه‌وه‌. ئاستی ئه‌و ناڕه‌زایه‌تییه‌ی دژی

ئـەم کـارە دەربـڕرا سـوپای بێزارکـرد. هەربۆیـە سـەرکردایەتیی سـوپا چـەندهەنگاوێکی پێـچەوانەی ئـەوەی دەسـتپێکردبوو تـا دواجـار ئەوماموٚسـتایانەی زانکـۆ بـۆ پۆسـت و شـوێنەکانیان گەڕێنرانـەوە، بـەڵام ئـەوە تـەنیا لـە مـارتی ١٩٦٢دا کـرا. ئەفـسەرە خانەنشینکراوەکان لەڕێکخراوێکدا یەکیانگرت کەناوی(ئەمەکلی ئینقیلاب سوپالەری ئۆر ئەمینسو/ ئەفسەرە خانەنشینکراوەکانی شۆڕش) بوو. ئەوانەی هەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنانی هەمانشت بۆخۆیان شکستیان خوارد.

ویـڕای ناڕەزایـەتیی بەرامبـەر ئـەو پاکـسازییانە، ڕادیکاڵـەکانی نێـو (ک.ی.ن) پلانێکـی بـەربلاویان لـە ئۆکتۆبـەردا دەسـتپێکرد. ئـەو پلانـەی کـە بیرۆکـەی تـورکیش بـوو، ئامـانجی دامەزراندنی(تورکیە ئولکو ڤە کەلتور بیرلگی/یەکێتیی بیر و کەلتووری تورکیی)، ئـەوەی کـە دەبـوو جڵـەوی ئەرکـەکانی وەزارەتـی فێرکـردن و بەڕێوبەرایـەتیی کاروبـاری ئـاینیی و دەزگـا ئاینیی و هەروەها ڕۆژنامە و ڕادیۆ بگرێت. دەزگایەکی بەو چەشنە کە بەشێوەیەکی گشتگیر ژیـانی کـەلتووری وڵات قۆرغ بکـات. دیـارە لـەوەش زیـاتری تێپەڕانـد، چ لـەلای سیاسـەتکارە مەدەنییـەکان و چ لـەلای ئەندامـە میانڕەوەکـانی (ک.ی.ن)، لەوانـەش گۆرسـێل خـۆی. لـە ١٣ نۆڤەمبەردا، لە پڕ ڕاگەیەنـدرا کـە (ک.ی.ن) هەڵوەشـێنراوەتەوە و یـەکێکی نـوێ دامـەزرێنراوە کـە ١٤ کـەس لـە ئەندامـە ڕادیکاڵـەکانی لێـدەرکرابوو، لـە نێـو ئەوانەشـدا تـورکیش بـوو. کـە دەردەکەوێت ئـەو شێوازە ئاڵۆزەی ئەو ئەفسەرانەی کە (ک.ی.ن) پـێ دەرکـرا، پێویـستی بـە دەسـتووری کـاتی کـرد، کـە بـەپێی ئـەو دەسـتوورە ئەنـدامانی (ک.ی.ن) تـەنیا لـە کـاتی ئەنجامـدانی کـاری زۆر نالـەباردا لادەبـرێن، ئـەو ١٤ ئەفـسەرە وەك وابەسـتەی سـەربازیی ڕەوانـەی باڵوێزخانـەکانی تورکیـا کـران. تـورکیش خـۆی کـرا بەوابەسـتەی سـەربازیی لـە باڵوێزخانەی تورکیا لە نیودلهی.

### (ک.ی.ن) و سوپا

لە بنەڕەتدا (ک.ی.ن) لە کودەتاچییەکان و کۆمەڵە کەسانێك پێکدەهاتن کە وەك گۆرسێل ئەفسەری پایە بەرز ڕێزی سوپای بەدەستهێنابوو. وێڕای ئەوەی کودەتاکە سەرکەوتوبوو. هـەروەها هێزەچـەکدارەکان بـە گـشتیی لایـەنگرییان لێکـرد، بـەڵام کۆمیتەکـە بـە تـەواویی بەرجەسـتەی هێزەچەکدارەکانی نەدەکرد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١، ئەفسەرە پایە بەرزەکانی سوپا بە نیگەرانییەکی زێدەوە سەیری دەستێوەردانی (ک.ی.ن) یان دەکرد لە کاروباری وردە سەربازیدا دەکرد و هەروەها سەبارەت بە تێکدانی پلەبەندی دەزگای سوپای

ئەو کۆمیتەییەوە بێزار بوون. ئەفسەرانی پایەبەرز بۆ ڕێگرتن لە هەر کارێکی سەربەخۆی ئاینـدەیی لەلایـەن ئەفـسەرانی گەنجـەوە هەسـتان بـە دامەزرانـدنی (سـیلاحلی قـوەتلی بیرلـی/یـەکێتیی هێـزە چـەکدارەکان)، ئـەوەی چـەند جارێـك لـە مـاوەی ١٩٦٠ و ١٩٦٢دا دەستیان لە کارو باری سیاسیی وەردا لەڕێگەی پێشکەشکردنی بیرخەرەوە بە سیاسەتکارە مەدەنییەکان تا سیاسەتەکانی پێش ٢٧ی مایۆ نەگرنەوە بەر، ئەوان ئەوەیان کرد تاکو دەستپێـشخەریی لـە دەسـت خۆیانـدا بهێڵنـەوەو هـەرکارێکی ئەفـسەرە ڕادیکاڵـەکان پوچەڵبکەنەوە ئەوانەی دژی گەڕانەوە بۆ سیاسەتی مەدەنیی بوون .

ترس لە کارێکی سەربەخۆی بەو شێوەیە بە تەواوی بێ بنەمانەبوو، بەڵکو لەلایەن کارەکانی عەقید تەڵعەت ئایدەمیرەوە بەرجەستەبوو. کەیەك لە پیلانگێڕە سەرەکییەکانی ناوەڕاستی ١٩٥٠کان بوو، ئەمێستاش فەرماندەی ئەکادیمیی سەربازیی لە ئەنکەرەبوو. ئەو دوو جـار لـە ٢٢ی فێبرایـەری ١٩٦٢ هـەروەها لـە ٢١ی مـایۆی ١٩٦٣دا کودەتـای سـەر نەکەوتوی ئەنجامدا، یەکەمجار لێیخۆشبوون و لەدووەمیان لە سێدارەدرا.

لـەماوەی سـاڵانی ١٩٦٠ –١٩٦٣ نائارامییـەکی مـەزن و هـەروەها پیلانگێـڕان لـە نێـو هێـزە چەکدارەکاندا لە ئارادابوو، بە جۆرێك قەومانی ڕوودانی کودەتای نوێ ڕێی تێدەچوو. ئەو کودەتایانـەی لـە ٨ی فێبرایـەری ١٩٦٣ لـە عێـراق و مانگێك دواتـر لـە سـوریا قـەومان، وەك نیـشانەی مەترسـی دەبینـران. هەربۆیـە گەڕانـەوەی دەسـەڵات لـە تورکیـا بـۆ دەسـتی سیاسەتکارە مەدەنییەکان هەروا ئاسان نەبوو.

## گەڕانەوە بۆ دیموکراسیی

ئـەو پاکـسازییکردنەی کـە لـەنێو(ك.ی.ن) کـرا لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٦٠دا نیـشانەیەکی ئاشکرابوو بۆئەوەی دەسەڵات لەدەستی ئەوانەدایە کە خوازیارن بۆدیموکراتیی پەرلەمانیی بگەڕێنـەوە. دوای ئەومێـژووە، بناغـەی دووەمـین کۆمـاری تـورکیی خـەریکبوو دادەڕێـژرا کۆمسیۆنەکەی مامۆستاکان ئەرکی داڕشتنی دستورێکی نوێیان پێ سپێردرا کە ماوەی مانگێکی بۆ تەرخانکرابوو. بەڵام ئەوکارەی زۆر لەوەی زیاتر چاوەڕێدەکرا دواکەوت، ئەویش بەشێوەیەکی سەرەکیی لەبەر بوونی بیروڕای جیاواز کە لە نێو کۆمیسۆنەکەدا هەبوو. سێ لەئەندامانی ئەو کۆمیسۆنە کە لەلایەن سەرۆکەکەیەوە ڕێبەریی دەکران بڕوایەکی کەمیان بە سیاسـەتکاران هـەبوو. هەربۆیـە خوازیـاری وردەکاریـەکی ئـەوتۆ بـوون دەسـت وپێی سیاسەتکاران ببەستێتەوە لە کاتێکدا دووانەکەی تریان (تاریق زەفەر تونایا و عیسمەت

گیرتلــی) خوازیــاری دەســتووریّك بــوون کــە فــراوانترین بــوار بــۆ پارتــە سیاســییەکان دەستەبەربکات تا سیستەمەکە پەرە پێبدەن. لە سەرەتای سێپتەمبەردا ، ئۆنار، تونایا و گیرتلــی لــە کۆمیــسۆنەکە لابــرد، پاشــتر ڕەشنووســی دەســتوورەکە لــە ١٧ی ئۆکتۆبــەردا پێشکەشی (ك.ی.ن) کرا.

هەرچەندە، هەمان کات، دەستەیەکی جیاواز لە مامۆستایانی یاسا لە زانکۆی ئەنکەرە، ڕەشنووســی دەســتووریّکی تایبــەت بــەخۆیان لــە ســایەی پرۆفــسۆر (یــاڤوز ئابــەدان)دا ئامادەکردبوو، لەسەر پێداگریی ئەم گروپە، ئەرکی کۆتایی پێهێنانی دەقی دەستوورەکە خرابووە ئەستۆی لیژنەی دەستووریی ئەو پارلەمانەی کە لە دوو بەش پێکدەهاتن. خانەی باڵا کە لە (ك.ی.ن) پێکدەهات و خانەی خوارووی کە لە ٢٧٢ نوێنەرانی ئەو پارتانەی مابوونەوە (پارتی کۆماریی گەل و پارتی کۆماریی جووتیارانی نەتەوەیی)، دەستەی شارەزاکان و هەروەها لە هەرێمەکان پێکدەهات. لیژنەی دەستووریی پەرلەمانیی لە ٦ی یەنایەری ١٩٦١دا بۆیەکەمین جار کۆبوونەوە، دوای ئەوە کۆمیتە دەستوورییەکە کە لە ٢٠ ئەندام پێکدەهاتن لەلایەن "ئەنوەر زیا کاراڵ" هەروەها پرۆفیسۆر "ئۆرهان فەیزئۆگلو" سەرۆکایەتیی کران. زۆربەی کارەکەیان ئەنجامدا.

ئەودەقــەی کەلــەئاکامی ئــەو وتووێژانــەدا هاتــە کایــەوە بەشــێوەیەکی دیــارییکراو لەدەستوورەکەی ساڵی ١٩٢٤جیاوازبوو. ئامانجی سەرەکیی دەستووورە نوێیەکە ڕێگریی لە قۆرغکردنی دەسەڵات بگرن وەك ئەوەی کە نوێنەرانی پ.د (هەروەها پێش ئەو (ك.ی.ن))پێی هەڵسابوون، ئەویش بەپارسەنگکردنی ئەنجومەنی نەتەوەیی بەچەند دەزگایەکی دیکە. بەپێی دەقە کۆنەکە ئەوپارتەی زۆرینەی ئەنجومەن بەدەست دەهێنێت، دەست کراوە دەبێت. دەزگای دووەم کە(سێناتۆ)ی پێدەگوترێت دامەزرێنراو هەروەها هەمووشەرعییەت پێدانەکانیش دەبوو بەهەردوو دەزگاکەدا تێپەڕێت(بەبوونی ئەومیکانزمەی کەدەتوانیٚ بە دولەسەر سیٚ زۆرینەی ئەنجومەن ڤیتۆی سیناتۆ هەڵبگرێت) سیناتۆ پێویست بوو هەڵبژێردرێت، جیاوازبن لە خەڵکانێك کە لە لایەن سەرۆکەوە دەست نیشان دەکرێن . دادگایەکی دەستووریی سەربەخۆ پێشکەشکرا، دەسەڵاتی دادوەریی، زانکۆکان و میدیا نیمچەسەربەخۆیی تەواویان پێدرا. سەرباری ئەوەش ڕێژەی نوێنەرایەتیی پێشکەشکرا بۆ دەرفەت کەمکردنەوە لەبەردەم پارتێکدا تاکو نەتوانێت زۆرینەی گشتیی ئەنجومەن بەدەستەوە بگرێت. دەقێکی تەواو سەبارەت بە ئازادییە مەدەنییەکان لەدەستووردا جێگیرکرابوو.

جێی بایەخە، بۆیەکەمجارە ڕۆڵێکی دەستووریی لە ڕێگەی دامەزراندن" میللی گوڤنلیک کورلو/ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی" بە سوپا بدرێت و لە دەستووردا ئاماژەی پێبدرێت. ئەنجومەنەکە لە راستییدا لە مارتی ١٩٦٢دا بە بێ یاسا دامەزرێنرا، کە لەلایەن سەرۆکەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا (ئەگەر ئەویش لەوێ نەبوایە لەلایەن سەرەك وەزیرەوە) ئەنجومەنەکە ئامۆژگاریی پێشکەش بە حکومەت دەکرد لە کاروباری ئاسایشی نێوخۆو دەرەوەدا. سەرۆکی بەشەکانی سوپا، سوپا سالار، وەزیرە بایەخدارەکان، ئەمانە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەیان پێکدەهێنا. ئەو ئەنجومەنەی سکرتاریەت و چەند بەشێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. لە دوای دوو دەیە لە دامەزراندنی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی وردە وردە دەسەلأتی خۆی بەسەرسیاسەتی حکومەتدا بەرفراوانکرد و بووە چاودێرێکی بە هێز، بە چەشنێك هێندێك جار ڕۆڵی ڕاستیینەی دەگێڕا و کابینەی دەگۆڕیی و بڕیاری دەردەکرد.

لە ١٣ی یەنایەردا بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکییە سیاسییەکان هەڵگیرا و ڕێگەدرا بە پارتە نوێیەکان کە ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ ئەو هەڵبژاردنەی کە بە نیازبوو دواتر لە ١٩٦١دا، ئەنجامبدرێت. یازدە پارتی نوێ ناوی خۆیان تۆمارکرد و (وێڕای پ.ك.گ و ،پ.ك.ج.ن)، ئەوانەی زۆربەیان بە خێرای لە ناو دەچوون. بەلأم بێگوماون گرنگترین ئەو پارتە نوێ یانە (پارتی عەدالەت/ پارتی دادپەروەریی بوو)، کە یەك لە ئامانجە سەرەکییەکانی گێڕانەوەی ئەفسەرە خانەنشینکراوەکان و ئازادکردنی دیموکراتە گیراوەکان بوو، ئەو پارتەی چ لەلایەن لایەنگران و چ لەلایەن نەیارانەوە وەك بەردەوامییەکی پارتی دیموکرات دەبینرا. هەربۆیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ك.ی.ن)دا هەر لە سەرەتاوە دژوارو هەستیاربوو "ڕەجەب گیوموشپەلە" کەیەك لە ئەفسەرە خانەنشینکراوەکان بوو، تا مردنی لە١٩٦٤دا، هەڵوێستێکی میانڕەوانەی پێشاندا، تا ئەو توندیی و دژوارییەی نێوان (ك.ی.ن)، و لایەنگرە سەرسەختەکانی خۆی وەك سەرۆکی ئەو پارتە لاببات .

یەکەمین دەرفەت کە تێیدا گەلی تورك لەڕووی سیاسییەوە ڕای خۆی تێدا دەربڕی بریتیبوو لەو ڕاپرسییەی کەلە ٩ی ژونیەی ١٩٦١دا لەسەر دەستوور کرا. ئەوەش بووە لەمپەرێکی توند لەهەمبەر هێزەکانی ٢٧ی مایۆ. دەستوورەکە بە ڕێژەی ٦١,٧ دژی ٣٨,٣ لە سەدا پەسەندکرا، ئەو ڕێژەیەی دواییان بەشێوەیەکی بەرچاو شایەنی سەرنجە وێڕای هەوڵە پرۆپاگەندەییەکانی حکومەت بە قازانجی ئەو دەستوورە . ئەوەی پێشاندا کە بێ هیچ ڕێکخستنێك، دەنگە لایەنگرەکانی مەندەریس تا ئاستێکی مەزن بەرجەستەی خۆیان کردووە. ئەمەش بەو ڕاستییە دەچەسپێت کە دەستوورەکە لە ١١ هەرێمی کەنارییەکانی

ڕۆژئاوا ڕاشکاوانە ڕەتکرایەوە. ئەو هەرێمانەی کە پێش ساڵی ١٩٦٠ پ.د تێیدا بەهێزترین لایەن بوو. ئەو مەیلە لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١دا جەختی لەسەر کرایەوە. هەڵبژاردنەکان بە هەموو پێودانگێك ئازاد و پاك بوو. تەنیا سنوورداریيەك کە هەبوو بریتیبوو لەو پرۆتۆکۆڵەی کە (ك.ی.ن) لە سێپتەمبەردا پارتەکانی ناچارکرد واژۆی بکەن، لەم پرۆتۆکۆڵەدا هاتبوو ئەو پارتانە نابێت لە هەڵمەتەکانی خۆیاندا مەسەلەی کودەتا سەربازییەکەو دادگاییکردنی دیموکراتەکانی پێشوو بکەنە بابەت و قسەی لەسەر بکەن. پارتی کۆماریی گەلەکەی ئینۆنو فرە بێئومێد بوو کاتێك تەنیا ٣٦,٧ ی دەنگەکانی هێنا: کە ١٧٣ کورسی دەکات، چونکە تەنیا تۆزێك زیاتری لە پارتی عەدالەت بەدەستهێنا. (پارتی تورکیای نویێ/ یەنی تورکیایە پارتەسی) کەدەتوانرێت وەك درێژکراوەی پارتی ئازادیی لە قەڵەم بدرێت کە لەلایەن پەرتبووەکانی پ.د لە ١٩٥٥ دامەزرابوو. ١٣,٩ لە سەدی دەنگەکانی هێنا. لە کاتێکدا پارتە کۆنەخوازەکەی پ.ك.ج.ن ١٣,٤ لە سەدی هێنا. هەمووی پێکەوە، ئەو پارتانەی کە بە میراتگری پ.د لە قەڵەم دەدرا بە ئاشکرا دەرکەوت کە هێشتا لە وڵاتدا هێزگەلێکی فرە بەهێزن.

دەستووره نوێیەکە زیاتر لە کۆنەکە لیبڕاڵتربوو لەو ڕووەوە شەبەنگێکی فراوانتری بۆ چالاکیی سیاسیی لە پێشووتر ئەفراندبوو، چ بۆ چەپەکان و چ بۆ ڕاست. یەکەمین پارت کە دەرکەوێت و لە سەر شێوەی کەمالیستەکە بناغە دانەکوتێت ( تورکیا ئیشچی پارتەسی/ پارتی کرێکاری تورکیی) یە کە لە فێبرایەری ١٩٦١دا لە لایەن چەند یەکێتییەکی پیشەیی دامەزرێنرا، بەڵام هێزی پاڵنەرو نزیکەی تەواوبوونی لە کەسایەتی شارەزا لە پەیوەندیەکان، پارێزەر و مامۆستای پێشووی زانکۆ (محمد علی ئایبار) دەبینیەوە. ئەم پارتە لەسەر نۆرمی پارتی کرێکارانی بەریتانیا دامەزرێنرا.

بایەخی پ.ك.ت لە هێزە سیاسییەکەی یاخود دەنگدەرە لایەنگرەکانیدا نیە_ ئەم پارتە هەرگیز زیاتر لە سیێ لە سەدی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە گشتیەکانادا بەدەست نەهێناوەو هیچکات بەشێك نەبووە لە حکومەتە هاوپەیمانییەکان- بەڵکو زیاتر لەو ڕاستییە سەرچاوە دەگریێ کە یەکەمین پارتە کە لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژیی بنجی گرتبێت و کێبڕکێ لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. بە هاتنە کایەی ئەم پارتە، پارتەکانی دیکەش ناچار بوون لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە زیاتر خۆیان ڕوون بکەنەوە لەماوەی ١٩٦٠ەکاندا، پ.ك.ت لایەنگرێکی زۆریان لە نێو ڕۆشنبیرە لاوەکان بۆ خۆیان ڕاکێشاو وەك جۆرە تاقیگەیەك بۆ چەپەکانی تورك ڕاژەی کرد. ئەوەی پاشتر بۆ چەند دەستەیەکی لە ژمارە نەهاتوو دابەشبوو. هەروەها

ئـەم پارتـە وەك خانەیـەكی هـێمن وشـەرعیی كـاركردنی ژمارەیـەكی كـەمی گـرنگ لـە كـادرە ئەندامەكانی پارتی كۆمۆنیستیی قەدەغەكراو فەراهـەم بكـات. هەربۆیـە لەوەشـی تێپەڕێنـدراو پێیان دەگوت ڕێكخراوی بەرەی كۆمۆنیستەكان.

ئەو ئازادییە زیاترەی لەسایەی دەستوورە نوێیەكەوە هـاتبووە ئـارا، یەكسـەر نـەبووە هـۆی پێكهێنـانی پارتگـەلێك كـەزمانحاڵی ڕاسـتڕەوەكان یـاخود دەنگـی ئیسلامییەكان بـن. ئـەوەی دواتر ڕوویدا . ئـەوەی سەرسوڕمانی زۆربـەی چاودێرانی لێكەوتـەوە ئـەوەبوو كـە هەرچـەندە تێبینیـی ئـەو شـێوازە كرابـوو كـە عـەدنان مەنـدەریس و حكومەتەكـەی چـۆن لەلایـەن سـوپاو هـەروەها پ.ك.گ ەوە پـەلاماردران لەسـەر ئـەوەی ئاینیـان بـۆ سیاسـەت بـەكارهێنابوو، بـەڵام ئەمجارە نەگەڕانەوە بۆ سیاسەتە سیكۆلارە توندەكە، یـان تەنانـەت سیاسـەتە دژە ئیـسلامیی یان سیاسەتەكانی ساڵانی پێش ١٩٤٥. بە پێچەوانەوە هەوڵگەلێك بـۆ دەرهێنـانی بـەرە لـەژێر ڕەوتە ئیسلامییەكان درا لەڕ ێگای بنیادنانی مزگەوتی نویٚ و گێڕانەوەی سەردانی مەزارگـەو ئارامگە پیرۆزەكان و خوێندنی ئاینیی لەخوێندگاكاندا. بـۆ دژایـەتیی دەمـارگیریی، حكومەتـە بەراییـەكانی دووەمـین كۆمـار هەوڵیانـدا پڕوپاگەنـدە بـۆ ڕووی هاوچـەرخانەو عەقڵانییانـەی تێكستەكانی ئیسلام بكەن كە زۆر جیاوازبوو لـەوەی كرداری زۆرینـەوەی لادێییەكانـدا خـۆی دەنوانـد. ڕێبـازی خوێنـدنی كۆلێجـەكان بـۆ مامۆسـتا ئاینییـەكان (واعیزەكـان) گـۆڕانی بەسـەرداهات و لـەو ڕووەوە بابـەتی كۆمەڵناسـیی. ئـابووریی و یاسـا خرایـە پرۆگرامـی وانەگوتنەوەیانـەوە. بەڕێوەبەرایـەتیی كاروبـارە ئاینییـەكان بڵاوكراوەیـان سـەبارەت بـە ڕوونكردنـەوەی سێرمۆنیا ئاینییـەكان و وەرگێڕانـی قورئـان بـە زمـانی تـوركیی چاپكرد. لـە هـەمان كاتـدا، ڕژێمـە نوێیەكـە، هـەروەك حكومەتەكـەی ئینۆنـو پـاش جـەنگ خـۆی لـەو سـەرەڕۆییە پاراسـت كـە چاوپۆشـییەكی مـەزن لـە ئاسـت دەربڕینـی ئـاینیی بكـەن كـە: بـەكارهێنانی سیاسـییانەی ئاینـە ، ئـەوەی كـە لـە یاسـای ناپـاكیی مەزنـدا سـاڵی ١٩٢٥ و هـەروەها یاسـای سـزادانی سـاڵی ١٩٤٩ قەدەغـە كرابـووو ئەمێـستا لـە دەسـتووری نوێـدا خاڵێكی بۆ تەرخانكرابوو.

## دادگایی ڕژێمە كۆنەكە

یـەك لـەو پرسـانەی كـە لـەو ماوەیـەدا بـاڵی بەسـەر ڕای گـشتیی توركیـادا كێـشاوە بـریتی نـەبووە لـە دەسـتوور، بـەڵكو بریتیبـووە لـە چارەنووسـی سـەركردە پێـشووەكانی پـارتی دیمـوكرات، ئەوانـەی ڕاسـتەخۆ پـاش كودەتاكـە دەسـت بەسـەركران. دادگاییـەكان لـە

دورگەیەکی بەتوندیی پارێزوراوی دەریای مەڕمەڕە، هەروەها لە ئەستەمبوڵیش بەڕێوەچوون ، هەروەها ئەو دادگایانەی لەلایەن دەستەی دادوەریی نۆ کەسیی کە لەلایەن (ک.ی.ن) ەوە دەستنیشانکران کە سەرۆکایەتییەکەی درا بە دادوەر "سالم باشۆل" .

بیروبۆچوون لە مەڕ دادپەروەریی دادگایکردنەکان جیاوازن.[15] ئەوە ڕاستە کە تەنیا گۆڕان لە ڕێوشوێنەکاندا و ڕەوایی بوون لە بڕیارەکانی دەستەی دادگایکردنەکان ڕەتکردنەوەی بۆ نەبوو، هەروەها هەڵپەساردنی ئەو بڕیارەی کە سزای مردن بەسەر ئەو کەسانەدا نادرێت کە لە ٦٥ ساڵ بەرەوژوورتر بوون، جێبەجێ ناکرێت (ئامانجی ئەم گۆڕینە بە ئاشکرا بۆ جلال بایار بوو) بۆ باقی دیکە گرتنەبەری ڕێ وشوێنەکانی دادگای بەپێی یاساکانی تایبەت بە کۆمار خۆی لەلایەکی دیکەوە هیچ بنەمایەکی شەرعیی بۆ بوونی ئەو دادگا تایبەتە نەبوو کە ئەندامەکانی لەسەر بنەمای سیاسیی دژی پ.د دانراون. پرۆسەکە واپێدەچوو بە شێوەیەکی ماقووڵ و دادپەروەرانە بەڕێوەبربێت هەرچەندە دادوەرەکان هەوڵێکی وایان نەدا ڕق وکینەی خۆیان بۆ تۆمەتبارەکان بشارنەوە.

تۆمەتەکان زیاتر تێکەڵەیەکی زۆر سەمەرەبوون، ئەو تۆمەتەی رووبەڕووی تۆمەتبارەکانی پێکرایەوە بریتیبوو لە سێ تۆمەتی ئەنجامدانی تاوان، نۆ پرسی گەندەڵی و حەوت تۆمەوتی پێشێلکرندنی دەستوور. پرسەکانی ئەنجامدانی تاوانو تۆمەتەکانی گەندەڵیی بە شێوەیەکی ئاشکرا چەند هەوڵێکی ناکاریگەربوون بۆ سووککردنو زڕاندنی ناوبانگی ئەو کەسایەتییانە (هەندێك لەو تۆمەتانە زۆر سەیربوون) بۆ نمونە مەندەریس بەتۆمەتی کوشتنی منداڵە زۆڵەکەی تاوانبارکرابوو، یان بایار بەوە تۆمەتبار کرابوو کەباخچەیەکی ئاژەڵانی ناچار کردووە سەگێکی لێبکڕن کە بەدیاری بۆی هاتبوو. پرسە دەستوورییەکان لەسەر بنەمای بەندی ١٤٦ی یاساکانی سزادان دانرابوو، کەدژ بە هەر هەوڵێك بوو بۆ گۆڕینی دەستووری تورکیی بە زۆر بێدەنگکردنی ئەنجومەنی نەتەوەیی، بڕوا وابوو کە دیموکراتەکان ئەم کارەیان کردبێت کاتێك کۆمسیۆنەکە لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بەچالاکیەکانی پ.ک.گ و بەشێك لەبڵاوکراوەکان لە ساڵی ١٩٦٠.هەرچەندە، بەندی ١٧ی دەستووری پێشوو دەڵێت ناتوانرێت کە ئەندامانی پارلەمان لەسەر بڕیارەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، سەرباری ئەوەش، دەستوور ئەو مەرجەی دانابووکە خودی دەستوور دەتواندرێت بەزۆرینەی دوولەسەر سێی ئەنجومەن(کە پ.د هەیبوو)بگۆڕرێت.

---

[15] Weiker, op. cit. is fairly positive, but for instance Richard D. Robinson (1963) *The first Turkish republic*, Cambridge MA: Harvard, 268–70 is far more critical.

لەکۆتاییدا١٢٣کەس بێتاوان ڕاگەیەندران. ٣١کەس بە سزای زیندانی هەمیشەیی هەروەها ٤١٨ کەس بەماوەی کەمتر زیندانیان بۆبڕایەوە، لەکاتێکدا ١٥کەسیان بەمردن سزادران، لەوانە١١یان بەزۆرینەی دەنگ سزادران وهەروەها لەلایەن (ك.ی.ن)وە سزاکەیان کەمکرایەوە. چوارەکەی دیکە کەبەمەرگ سزادرابوون: بایار، مەندەریس،زۆرلوی وەزیری دەرەوە، هەروەها پۆلاتکان وەزیری دارایی. بەتێکڕای دەنگ سزاکەیان تێپەڕێنرا. سزاکەی جەلال بایار بەهۆی زۆری تەمەنیەوە کەمکرایەوە.(ئەو٢٦ساڵی دیکە ژیا)هەروەها بەهۆی نەخۆشیی (دەگونجێت لەسایەی کاریگەریی ئەو دەرکەوتنە بەهێزە کە لەکاتی دادگایکردنەکە نواندی کە بەتوندی پێچەوانەی ئاکاری مەندەریس بوو). بەلاّم زۆرلوو پۆلاتکان لە١٦ی سێپتێمبەری١٩٦١دا هەلّواسران ومەندەریس ڕۆژی دوایی پاش ئەوەی هەوڵێکی بۆخۆکوشتن شکستی خوارد، لەسێدارەدرا. لەبەڕێکردنی ئەم سزایەدا. ك ی ن هەموو ئەو تکایانەی پشتگوێ خست کەلەلایەن زۆرێك لە حکومەتە بێگانەکانو ئینۆنو خۆیەوە کران. جێگەی تێڕامانە کە ئەو ڕاپرسییە دڵتەنگ کەرەی لەسەر دەستوور ئەنجامدرا پێشانیدا تا چ ڕادەیەك هێشتا لایەنگرانی مەندەریس لەولاّتدا هەن. ئەوەی بڕیاری چارەنووسی مەندەریسیدا. لەوکاتەوە ڕای گشتیی تورکیی داخی خۆی بۆ کوشتنی ئەو سیاسەتکارانە دەربڕی کە بە شەرعییەتێکی کەمتر لەوانەی پێش خۆیان و ئەوانەی دوای خۆیان کاریان نەکردووە. یاخود لەوان خراپتر دەسەلاّتیان بەکار نەهێناوە. تەرمەکانی مەندەریس و زۆرلو پۆلاتکان لە ڕێوڕەسمێکدا لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٠ بە خاك سپێردران.

## سیاسەت: قۆناغی گواستنەوە

بەشێك لە سوپا بێهیوابوون لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سێپتەمبەری ١٩٦١و خوازیاری دەست تێوەردان بوون.بەلاّم زۆربەی ئەفسەرانی پایەبڵند ڕێگریی ئەو کارەیان لێکردن, لە جیاتی ئەوە فشاری مەزن خرایە سەر دوو پارتەکە تا پێکەوە لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیماندا هاوکاریی بکەن کە لەلایەن عیسمەت ئینۆنوی سیاسەتکاری شارەزاوە ڕێبەرایەتیی بکرێت. هەردوو پارتەکە ملیان بۆ ئەو فشارانە نەوی کرد و کابینەیەکی٢٠ ئەندامیان لە ٢٠ ی نۆڤەمبەردا پێکهێنا. بەلاّم ئەوحکومەتی هاوپەیمانییە تەنیا سیغەیەك بوو نەك خۆشەویستی. دژوارییەکی حەتمیی لە نێوان ئینۆنو و کۆمارییەکان لە لایەك و ئینۆنو و پ.ع لە لایەکی دیکەوە هەبوو، ئەو پارتەی کە خۆی بە میراتگری دوژمنە کۆنەکەی ئینۆنو واتە پارتی دیموکرات دەزانی. زۆربەی ئەندامانی پ.ع سەبارەت بە

نزیکایـەتیی ئینۆنـو و سـوپا بـەگومان بـوون. شکـستی هاوپەیمانییەکـە بـەهۆی گرفتێکـی هەسـتیارەوە بـوو کـە لێبـوردنی سیاسـەتکارەکانی پ.د بـوو– کابینەکـە زۆر بەوریایـەوە هەنگاوی دەنا بەهۆی ئەو هەستیارییەی لەلایەن هەردوولا لە سوپاو کۆنە لایەنگرانی پ.د لە نێو پ.ع دا– هەروەها ئەو گرفتەی سەبارەت بەپلانێك بۆ ئابووریی هاتە کایەوە کە لەلایەن پ.ك.گ و سوپا پشتگیریی لێکرا و بەتوندیی لەلایەن پ.ع وە دژایەتیی کرا.

لـە مـایۆی ١٩٦٢دا، پ.ع پێـشنیازێکی ناتـەواوی بـۆ کەمکردنـەوەی سـزای دیموکراتـە زیندانییـەکانی ڕەتکـردەوە، وەزیرەکـانی خـۆی لـە کابینەکـە کێـشایەوە. بـەوەش ئینۆنـو کابینەیەکی نوێی دامەزراند. ئەمجارەیان لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی نێوان پ.ك.گ و دوو پارتـــە بـــچوکەکە پ.ك.ج.ن و پ.ن.ت و لێبـــوردنێکی ڕێـــژەیی دەرکـــران. بـــەلآم ئـــەم هاوپەیمانییەش لەوەکەی یەکەمجار باشتر بەڕێوەنەچوو. چەندین ناتەبایی لەنێودا هەبوو کە خراپترینیان ئەو پێشنیازە بوو. کە لە لایەن ئینۆنووە بەمەبەستی هەموارکردنی دەستوور لـەبارەی بـاجی زەوییـەوە پێـشکەشکرابوو. هەڵبژاردنـە هەرێمییـەکان لەنۆڤەمبـەری ١٩٦٣دا بەسـەرکەوتنی پ.ع کۆتاییهـات، چارەنووسـی ئەوهاوپەیمانییـە کۆتاییهـات. هـەردوو پارتـە بـچوکەکە لەحکومـەت هاتنـە دەرەوەو کاتێـك وەزیرەکانیـان لەکابینەکـە کێـشایەوە، ئینۆنـو جگەلەدەسـت لەکارکێـشانەوە هـیچ چارەیەکی نـەما. ئـەو لـە٢ی دیسەمبەردا پـاش ئـەوەی لەپرسەی سەرۆك کەنەدی لەواشنگتۆن گەڕایەوە دەستی لەکار کێشایەوە.

ئەمێستا یەکەمین جارە، سـەرۆك گۆرسێل (بەپاڵپـشتی ژێنـڕاڵ سۆنای سوپا سالار) داوای لـە گوموشـپەلەی ڕێبـەری پ.ع کـرد حکومـەت پێکبێنێـت، ئـەوەش بایـەخێکی زۆری هـەبوو، چـونکە دەرکـــەوت کـــە ســـوپا ئەمێـــستا پ.ع وەك پـــارتێکی ئاســـایی و بەشـــێك لەشـــانۆ سیاسییەکەی لاپەسـەندە وچیدی پێویست بەوەناکات حکومـەت هـەر لـە ژێربـاڵی ئینۆنـودا بمێنێتەوە. هەرچەندە گوموشپەلە لەهەوڵەکەی خۆی شکستی خواردو، جارێکیتر بۆدواجار ئینۆنـو تەمـەنی گەیـشتبووە نزیکـەی ٨٠سـاڵ، ئـەرکی پێکهێنـانی حکومـەتی پێـسپێردرا. لـە٢٥ی دیـسەمبەری ١٩٦٣دا، سـێیەمین هاوپەیمانییـەتیی ئینۆنـو، ئـەمجارەیان لـە پ.ك.گ وسەربەخۆکان پێکهێنرا. ئەم هاوپەیمانییـەش وەك ئـەوەکانی پێشوولاوازبوو. ئـەم حکومەتـە لـەماوەی سـاڵی ١٩٦٤بـەهۆی ئەوقەیرانـە نێودەوڵەتییـە بایەخـدارەی لەسـۆنگەی کێـشەی قوبرس پەیدابوو، بەناچاری مایەوە، بەلآم پاش تێپـەرینی قەیرانـەکان پ.ع هیچ کـاتێکی بـۆ هێنانـەخوارەوەی ئەوحکومەتـە لەسـەرتەختی دەسـەلآت بەفیڕۆنـەدا. لـە١٣فێبرایـەری ١٩٦٥دا ئینۆنـو دەسـتی لەکارکێـشایەوە، کاتێـك نـەیتوانی مەسـەلەی بودجـە لەپارلـەمان تێپـەڕێنێت.

حکومەتێك بۆتێپەڕاندنی کاروبارەکان بەسەرۆکایەتی (سوعاد خەیری ئرگوپلو) دیپلۆماتی پێشوو و ئەندام پارلەمانی سەربەخۆ پێکهێنرا. ئەوحکومەتەی کە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لەئۆکتۆبەردا ولاَتەکەی بەڕێوەبرد.

لێرەبەدواوە، چیدی گوموشپەلە ڕێبەرایەتیی پ.ع نەکرد ئەو لەساڵی ١٩٦٤دا کتوپڕ کۆچی دوایی کرد. پاش مردنی، ململانێیەکی توند بۆ گرتنەوەی شوێنەکەی دەستیپێکرد، لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لە کێبڕکێکەران هەوڵیاندا بەجۆشەوە هەستی هێرشکردنەسەر کودەتا سەربازییەکەی ٢٧ی مایۆی ١٩٦٠دەربڕن. سۆنای سوپا سالار، بە توندی ئەوانەی لە هەلومەرجەکە وریاکردەوە، ئەوەی پارسەنگی بۆ باڵی میانڕەو لەنێو پ.ع گێڕایەوەو سەنگی قورسکردن، بەوەش زەمینە بۆ کاندیدێکی ٤٤ ساڵەی ئەندازیاری هایدرۆلیك خۆشبوو کە(سولەیمان دەمیرئەل) یان پێدەگوت کە لە نۆڤەمبەردا وەك سەرۆکی پارتی عەدالەت هەڵبژێردرێت، دەمیرئەل کابرایەك بوو خۆی خۆی دروستکردبوو، ئەو لە دایك بووی گوندێك بوو لە هەرێمی ئەسپارتە، ئەو لە سایەی مەندەریسدا بەرپرسی دروستکردنی بەنداوێك بوو، هەروەها پاش ساڵی ١٩٦٧ لە بواری وەبەرهێنانی تایبەتدا چەند پڕۆژەی سەرکەوتوی ئەنجامدابوو(بۆ کۆمپانیایەکی ئەمریکیی کاری دەکرد)، ئەو سەلماندی ئەگەر بایەخدارتریش نەبێت، کە درێژماوەترین سیاسەتکاری تورکە لە قۆناغی پاش جەنگ لە دەسەلاَتدا. دەرکەوتنی دەمیرئەل وەك ڕێبەرێکی پارتەکە هەمان کات سیمبولی دەرکەوتنی دەستە بژێرێکی بە تەواوی نوێ دەردەخات. پ.د کاری بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان لە ناوچە فرە پەرەسەندووەکانی لادێیەکان دەکرد. بەلاَم ڕیشەی ئەو پارتە لە گەڵ دەستە بژێری یەکێتییخوازو کەمالیستەکاندا دوور لەیەكو ناکۆك بوو. ئەوە ڕاستە کە پ.د هەمیشە ئەندامانی لە نێو دەستەبژێری موڵکدارە سونەتییەکاندا هەبوو، بەلاَم خۆی لەبنەڕەتدا بناغەکەی لە شاربوو. بە پێچەوانەوە پارتی عەدالەت لەلایەن کەسێکی خۆدروستکەری لادێییەوە ڕێبەریی کراو لە ناوچەی شارە بچوکەکاندا (کە بەخێرای لە گەشەکردندابوون)،بووە هێزێکی بالاَدەست .

## دەمیرئەل لە دەسەلاَتدا

پ.ع لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥دا سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی بەدەستهێنا کە ( ٥٢,٩ لە سەدابوو) بەوەش زۆرینەی کورسیەکانی پارلەمانی کەوتە دەست . پ.ك.گ بۆ(٢٨,٧ لە سەدا دابەزیبوو)، تەواوی پارتەکانی دی(

پ.ك.ج.ن ، پ.ن.ت ، پ.ك.ت)، هەروەها پارتی نەتەوەیی كە پارتێكی نویَ بوو لە پ.ك.ج.ن جیابببووەوە، هەموو ئەمانە كەمتر لە ٧ لە سەدی دەنگەكانیان هێنابوو. هەر لە جیاكردنەوەی دەنگەكاندا دەركەوت كە پارتی عەدالەت كار بۆ جێگرتنەوەی پ.د دەكاتو بۆ میراتگری لایەنگرانی ئەو پارتە كۆنە هەڵدەسورێت. دەمیرئەل سەلماندی كە یەكەمین دەنگگری ناوچە لادیَ نشینەكان بوو، لەوێرا خەڵكی دەیانڕوانیە پێشینەی دەمیرئەل وئومێدەكانی خۆیانیان تێدا دەبینیەوە. دەمیرئەل هەروەك مەندەریسی پێش خۆی، گوتاربێژێكی بە توانابوو، بە زمانی جەماوەر و خەڵكەكە دەدوا – ئەوەی كە ئینۆنوو نە سەركردە كەمالیستەكانی دیكە، یاخود سەبارەت بە بابەتە سۆشیالیستەكان یە كێكی وەك بایار نەیاندەتووانی بە هەمان شێوە گوتاربدەن.

دەمیرئەل بە زۆرینەیەكی ڕەهاوە لە ئەنجومەن چ گرفتێكی ئەو تۆی لە بەردەمدا نەبوو تا متمانە بۆ كابینەكەی بەدەستبێنیَ، ئەو لە ماوەی ٥ساڵی دواتردا جڵەوی سیاسیی توركیای بە دەستەوەگرتبوو هەروەك دەبینین. ناوەڕاست و كۆتایی ١٩٦٠ەكان بۆ توركیا ساڵانێكی باش بوون، گەشەی ئابووریی لە بەرزبونەوەدا بوو، داهاتی گشتیش بەبەردەوامیی لە بەرز بوونەوەدابوو بەڕێژەی ٢٠٪ لە ساڵانی ١٩٦٣بۆ ١٩٦٩دا. یەكێك لە گرنگترین دەستكەوتەكانی دەمیرئەل بریتیبوو لەو ئاشتەواییەی لەگەڵ سوپادا كردی بەوەی كە لە لایەن ئەو سیڤلانەوە بەڕێوەببرێن، كە بە ئاشكرا میراتگری ئەو دیموكراتانەن كە تەنیا ٥ ساڵ لەوەپێش لەسەر تەخت لایانبردبوون. هەرچەندە ئەو دەبوو نرخی ئەو دەسكەوتە بدات : هێزە چەكدارەكان نزیكەی نیوەسەربەخۆیی تەواویان درایە، ملكەچیان بۆ وەزیری بەرگری و كابینەی وەزارەت تەنیا شتێكی ڕووخساریی بوو. لە هەمان كات دا دەمیرئەل دەبوو بە بەردەوامیی چاودێریی ئەو ئەندامە توندڕەوانەی پارتەكەی خۆی بكردایە، ئەوانەی هێشتا چاویان لەوەبوو تۆڵەی كودەتای ٢٧ی مایۆ بكەنەوە.

پێكەوە هێشتنەوەی كابینەكەو پارتەكەی بۆدەمیرئەل گرفتێكی سەرەكیی بووو كاتێكی زۆریشی لیَ دەبرد. پ.ع لە هاوپەیمانێتیی: پیشەسازكاران، بازرگانیی بچووك، پیشەگەران، جووتیاران، موڵكدارانی مەزن، ئاینییە كۆنەپارێزەكان، لیبراڵە ڕۆژئاواگەراكان پێكدەهات. هەربۆیە هەماهەنگیەكی زۆر كەمی ئایدۆلۆژیی تێدابوو. وێڕای ئەوەش دەمیرئەل سیاسەتكارێكی تازەكار لە سۆنگەی ئەوەشەوە لە بەرچاوی بەشێك لە كادرە كۆنەكانی پ.د زیاتر وەك بەردەستێكی سیاسەتكارە ڕاستیینەكانی پ.د دەبینرا كە هێشتا لە زینداندا ژیانیان دەگوزەران. قسەكردن لەو بابەتانە كاتێك جەختی لێكرایەوە كە لە ئوتی ١٩٦٦دا

یاسایەکی لێبوردن راگەیەندرا و بە دوایدا سەرکردەکانی پ.د، لە نێویاندا (جەلال بایاری سەرۆکی پێشوو) لە زیندان ئازادکرا. لە ساڵی ١٩٦٨ەوە گروپێکی فشار بە نێوی (بزیم ئەۋ /ماڵەکەمان ) لەدەوری بایاردا دامەزرێنرا تا کاریگەریان لە سیاسەتی پ.ع دا هەبێت. وێڕای ئەوەی کە دەمیرئەل بەپێچەوانەی چاوەڕوانی زۆربەی چاودێرانەوە کاری کردبوو بۆ پاراستنی یەکێتیی ڕیزەکانی پارتەکەی و پاراستنی پێگەی باڵای خۆی لە تەواوی ماوەی ١٩٦٠کاندا.

دەمیرئەل بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پەنای بۆ دوو تاکتیك برد. جەختی لە تایبەتمەندیی ئیسلامیی پارتەکەی کردەوەو ئەو شێوازەشی مامەڵەی لەگەڵ بەها سونەتییەکاندا پێکرد. بەتایبەت لەماوەی هەڵبژاردنەکاندا (بۆنموونە بە ئاشکرا سەرەتاتکێی نزیکایەتی لەگەڵ سەرکردەکانی جولاَنەوەی نورسی دەکرد )؛ هەروەها هەڵمەتێکی بەردەوامیی پڕوپاگەندەی دژی کۆمۆنیستانەو بێزاربوون لە جولاَنەوەی چەپ دەستپێکردبوو. بە پاڵپشتی ئاسایشی نەتەوەیی و هەروەها بەیارمەتی دەزگای بەدناوی "میت" (میللی ئیستخبارت تشکیلات/ ڕێکخراوی هەواڵگریی نەتەوەیی) لە ١٩٦٣دا کە شوێنی مەکتەبی ئەمنییەتی دەوڵەتیی پێشووی گرتەوە، فشارێکی زۆر خرایە سەر ڕێکخراوە چەپگەراکان و کەسایەتییەکانیان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧دا. هەڵمەتێکی پاکسازیی مامۆستا چەپەکان لە خوێندنگە و زانکۆکاندا دەستیپێکرد. وەرگێڕی بەرهەمی سۆشیالیستە بیانییەکان و ئەدەبییاتە ڕادیکاڵەکان هێنرانە بەردەم دادگا، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرهەمە وەرگێڕاوانەش نووسراوەکانی سەدەی هەژدەیەم بن. خەڵكێك بە تۆمەتی بلاَوکردنەوەی پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستیی دەستگیرکران، کە لە یەك لە بەناوبانگترین کەیسەکاندا وەرچەرخا بۆ گرتنەخۆی وەرگرتنی چەند تێکستێك لە گوتارە بەراییەکانی ئەتاتورك خۆی.

هەرچەندە هەلومەرجەکەی دەمیرئەل لە بنەڕەتەوە لەوەکەی مەندەریس جیاوازبوو، بە هۆی ئەو لەمپەرو پارسەنگانەی کە لە دەستووردا جێگیرکرابوو، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کاری خۆی بۆ پاراستنی مافەکانی تاك بە ئەنجام دەگەیاند، کە زامنی دەستووریی بوونی یاسا نوێیەکان بوو بێئەوەی بایەخێك بە حکومەت بدات. ڕادیۆو تەلەفزیۆنی دەوڵەت جۆرە سەربەخۆییەکی خۆیان هەبوو، تەنانەت زۆرجار ڕەخنەی توندیان لە حکومەت دەگرت (هەروەها بەشێکی مەزنی بلاَوکراوەکانیش )، هەروەها سەربەخۆیی زانکۆکان ئەوەی دەگەیاند کە لە ئێستاوە ئیدی پۆلیس ناتوانێت بچێتە ناو زانکۆکانەوە مەگەر بە داوای سەرۆکایەتیی زانکۆکان نەبێت. هەربۆیە بە چەندین شێوە دەستی دەمیرئەل بەسترابوو، ئەو

هیچ کات زۆرینەی دوو لە سەر سێی لە ئەنجومەندا نەبوو کە بۆ گۆڕینی دەستوور و جڵەوکردنی ئازادییە مەدەنییەکان، هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی پارتەکەی حەزیان بە گۆڕینێکی لەوجۆرە دەکرد.

دەمیرئەل بەهۆی ئەم سیاسەتانەوە، لە نێو ڕۆشنبیراندا بێزراو مایەوە، هەروەك چۆن مەندەریس هەمیشە وابوو. بەڵام پشتگیرییەکەی لە ناوچە لادێ نشینەکاندا لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٩ بە باشی مایەوە. پ.ع لەم هەڵبژاردنانەدا ڕێژەیەکی کەمی لە دەستدا(دەنگەکانی دابەزی بۆ ٤٦,٥ لە سەدا)، بەڵام بە شێوەیەك زۆرینەی کورسیەکانی پارلەمانی بەدەستەوەبوو، هەروەها پ.ك.گ نەیتوانی سوود لەو پاشەکشێیەی ببینێت. تەنیا ٢٧,٤ی لە سەدا هەبوو. دەمیرئەل کابینەی نوێی دامەزراند کە لە کۆنەکە میانڕەوتربوو.

گرفتی دەمیرئەل نە لەگەڵ دەنگدەران و نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنیشدا بوو، بەڵکو گرفتی ئەو لە نێو پارتەکەی خۆیدا بوو. وێڕای هەموو هەوڵەکانی، دواجار ئەو پشتگیریی کۆنەپارێزترین باڵەکەی لەدەستدا، ئەوانەی نوێنەری بەرژەوەندکییەکانی موڵکدارانی ئەنەدۆڵ و بازرگانی بچووك و پیشەگەران بوون ، ئەوانە ئامادە نەبوون پشتگیریی لە پێشنیازی دەمیرئەل بکەن سەبارەت بە دانی باجی نوێ بۆ یارمەتیی زەمینەخۆشکردنی بە پیشەسازییکردنی وڵات، لە فێبرایەری١٩٧٠دا باڵی ڕاستی پ.ع لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا دەنگیان داو دەمیرئەل یان ناچارکرد دەست لە کاربکێشێتەوە. چ ئەلتەرناتیڤێك بۆ دەمیرئەل نەبوو. هەر بۆیە لە مارتدا گێڕایانەوە، هەرچەندە، تا کابینەیەکی نوێ دابمەزرێنن. بەڵام پرکردنەوەی کەلێنەکەی تەنیا بەڕووخسار بوو، هەروەها لەژوندا باڵی ڕاست بەڕاشکاوانە سەبارەت بەجێهێشتنی پارتەکە دەدوان. هێندێك لە ئەندامەکانی لە لایەن دەمیرئەلەوە بە زۆر دەرکران و هەندێکیشیان بە ویستی خۆیان وازیان هێنا، لە دیسەمبەری ١٩٧٠دا، ٤١ نوێنەری پارلەمانیی و سیناتۆر ئەوانەی پ.ع جێهێشتبوو لە لایەن (فەروح بوزبەیلی) سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نەتەوەییەوە ڕێبەرایەتیی کران و (پارتی دیموکرات)یان دامەزران، ئەوپارتەی کە هەمان ناوی پارتە دیموکراتەکەی مەندەریس و بایاریان لەخۆنا.

### ئاراستەی پارتی کۆماریی گەل بەرەو ناوەند

پ.ك.گ بە بیرێکی نوێ وە ڕووبەڕووی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٥ بووەوە کە لەلایەن دوو کەسایەتیی تازە دەرکەوتووی پارتەکەدا کە : ئورهان فەیز ئۆگلو و بوڵەند ئەجەوید

بوو، ئەو بەرنامەیەی جەختی لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کردبوو، پێش ئەوەی ئاماژەیەکی ڕاشکاوانە بە سۆشیالیست بدات، ئەجەوید پێگەی پارتەکەی خۆی وەك (ئۆرتانە سۆلو/چەپی ناوەند) پێناسەکرد. ئەو پێناسەیەی کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئینۆنوی سەرۆکی پارتەکەوە لە گوتارێکدا لە ٢٨ی ژوئیە باسی لێوەکرا. ئەجەوید هەوڵیدا کە ئینۆنو بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئایندەی پ.ك.گ پشت بە کۆکردنەوەی دەستی پرۆلیتارو دانیشتووانی (شەو بنیاتەکان) دەبەستێت، ئەوەش ئەوەی دەگەیاند کە پ.ك.گ پێویست بوو کێبڕکێ لەگەڵ پارتی کرێکاراندا بکات، ئەوەی کە هەڵبڕینی ئەو دروشمە نوێیە مانای ئەوەی دەدا بەدەستەوە کە هاوکاریی بەدەستهێنانی ئامانجەکەی بکات. ئەو هەڵوێستە نوێیەی پ.ك.گ لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥دا سوودی پێنەگەیاند، وێڕای ئەوەی هێشتا وەك پارتێکی پێشکەوتووخواز ئەو ئیعتیبارەی نەبوو(بەتایبەت ئینۆنو جڵەوی پارتەکەی لە دەستدابوو)، هەروەها لە هەر بەشێکی شارەکاندا خەڵکانێکی لێ نیشتەجێ بوو کە هێشتا لادێی بوون و لە لادێوە بەرەو شارە گەورەکان کۆچیان کردبوو، ئەوانەی بەها لادێیەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو. هەروەك پێشتر لەلادێکاندا بوون، دەنگی خۆیان بە پ.ع دا. پارتە ڕاستیینە چەپەکە، کە(پارتی کرێکاران)بوو، لەهەڵبژاردنەکاندا هەروەك پ.ك.گ دژواریی بەسەردا هات.لەپاڵ ئەوەشدا دروشمی (چەپی ناوەند) دەرفەتێکی باشی خستە بەردەم پرۆپاگەندەی پ.ع، کەوەك تاکتیك دژی کۆمارییەکان بەکاریبهێن و خەڵکی لێ بسڵەمێننەوە. ئەو دروشمەی (ئۆتانە سۆلو مۆسکۆڤە یۆلو/چەپی ناوەند ڕێگایەکە بەرەو مۆسکۆ) زۆر لەماوەی هە ڵمەتەکاندا بەکار دەهێنرا.

دوای شکست گەنگەشەیەکی توند لە نێو پارتەکەدا سەریهەڵدا، هەروەها زۆرێك هەبوون کە لۆمەی تاکتیکی ( چەپی ناوەند)یان وەك هۆکارێکی شکستەکە کرد. ئینۆنو لایەنگری لە ئەجەویدو پەیڕەوە نوێیەکە کرد. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٦دا، ئەجەوید وەك سکرتێری گشتیی پارتەکە هەڵبـژێردرا. ململانێ و کێشەی نێو پارتەکە، کە تا بەستنی کۆنگرەی نائاسایی چوارەم بەردەوامبوو، ئەو کۆنگرەیەی لە ٢٨ی ئەپرێلی ١٩٦٧دا بەسترا. ئەجەوید کە لەلایەن ئینۆنووە پشتگیریی کرا، پێشنیازی چەند هەنگاوێکی بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی مەکتەبی ناوەندی بەسەر پارتەکەو هەروەها نوێنەرانی پارلەمان و زیادکردنی دیسپلینی نێو پارتەکە کرد. کاتێك ئەو هەنگاوانە نران، گروپێکی ٤٧ پارلەمانتاری و سیناتۆر ئەوانەی نەیاری هێڵی (چەپی ناوەندبوون)، پارتەکەیان جێهێشت و(گوڤەن پارتەس/ پارتی

متمانه)یان بەرابەری ئورهان ئۆگلو دامەزراند، ئەوەی کێبڕکێکەری توندی ئەجەوید بوو بۆ لەسەرنانی (تاجی میر)ی پ.ك.گ. ئەو هەمیشە سەر بە باڵی پێشکەوتوخوازی پارتەکە بوو، هەربۆیە زۆر ئەستەم بوو بڕوا بەوەبهێنێت کە ئیرەیی کەسیی دژ بە ئەجەوید، یەك لەو پاڵنەرانەبوو کە هانی دا پارتەکە لەتبکات.

لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی ساڵی ١٩٦٨ دا، کە تێیدا پ.ك.گ ڕێژەیەکی زیاتر لەدەنگەکانی بەدەستهێنا، بەتایبەتی لە نێو شارە گەورەکاندا پێدەچوو بەڵگەیەك بێت کە ئەو هێڵە نوێیەی گیراوەتەبەر خەریکە کاریگەری خۆی دەکات. بەلاّم لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٩، دیسانەوە پشێوییەکی گەورە ڕوویدا، ئەوەش دەگونجێت بۆ ئەو هەلومەرجە نادیارەی خودی پ.ك.گ بگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەجەویدو لایەنگرانی بەپەرۆشەوە لە پێناو بەرنامە نوێیەکەیان تێدەکۆشان، ئینۆنو واپێدەچوو، بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە_ لە کاتێکدا بەڕاستیی خۆی لە ئەجەوید بەدوور ئەگرت، لە ڕاگەیاندنێك و هەروەها لە چاو پێکەوتنەکانیدا بە توندیی جەختی لە مەڕ تایبەتمەندییە کەمالیستە سونەتییەکانی پ.ك.گ و، هەروەها دژە کۆمەنیستیی ئەو پارتەی دەکردەوە. هەرچەندە دیمەنی سیاسیی کۆتایی ساڵی١٩٦٠کان ناتواندرێت چیدی وەك مەیدانێکی چالاکیی و هزری ئەو دوو زل پارتە لێی بڕوانرێت. دەستوورەکەی ساڵی ١٩٦١ دەرفەتگەلێکی باشی بۆ جیاوازیی سیاسیی هێنابووەئارا، دەرفەتگەلێك کە لە ناوەڕاستی ١٩٦٠ەکان بەرەوسەر، بە تەواوی بەشێوەی جیاواز بەکاربرا.

### گەشەکردنی توندو تیژی سیاسیی

ساڵانی ١٩٦٠ەکان گۆڕانی خێرای تێدا ڕوودا، بزاوتی نێو خەڵك زێدەتر بوو، چ لە ڕوی کۆمەڵایەتیی و چ لە ڕوی فیزیکیەوە. توێژی خوێندکاران و پرۆلیتاریای پیشەسازیی لە گەشەکردندابوو، کە هەردووکیان زادەی هەنگاوەکانی مۆدێرنەئاساکانی پ.ك.گ بوون. نەك ئەو ڕاستییەی کە ئەم پارتە وێڕای ئەو گوتارە تایبەتییانەی سەبارەت بە (چەپی ناوەند)، هێشتا وەك هاوپەیمانییەکی بنکە فراوان مابووەوەو هەروەها نەیدەوێرا سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی بەرێتە پێش. ئەوەش دەرگەی لەبەردەم پارتی کرێکاران و پارتی میلیشیا چەپەکان خستە سەر گازی پشت. سەبارەت بە پارتی عەدالەتیش پەرێزی هێندە پاك نەبوو، بناغەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا پشتی بە جووتیارەکان و بزنسمانە بچووکەکان دەبەست. بەلاّم سیاسەتەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕاژەی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەدارە

پیــشەسازییە نــەوپاكان و پــرۆژە ســەرمایەدارە گــەورەكانی دەكــرد، ئــەوەش زۆربــەی دەنگــدەرانی لــێ تۆرانــدو ئەوانــەی ببوونــە ئامــانجێكی ســەرەكیی پارتــە ئیــسلامیی و نەتەوەپەرستە توندڕەوەكانی دامەزرێنران.

## چەپەكان

بێگومان، كۆنترین پارتی چەپ بریتیبوو لە پارتی كۆمۆنیستی توركیی، وێڕای ئەوەی ئەم پارتە بۆ ماوەی نزیكەی ٥٠ ساڵ قەدەغەكراو، بەلاّم هێشتا لایانگرانێكی كەم بەلاّم بە بیرو بـاوەڕی تێكۆشـەر لـە نێـو توركیـادا هـەبوو. بـەلاّم لایـەنگریی ئـەم پارتـە لـە نێـو ئەوانـەدا بەرژەوەندییان لە بەرێوەچوونی سیاسەتی چەپگەرادا هەبوو، دەهاتە خوارەوە، بەو هۆیـەی ئـەو پارتـە بەتونـدیی وابەسـتەی مۆسـكۆ بـوو (كـە ناوبـانگی لـە چـاو خـەڵكانێكی زۆردا لـە ئاكامی دەركـەوتنی تـاوان و پۆخڵەواتـەكانی قۆنـاغی سـتالینیدا توشـی ڕیـسوایی ببـوو)، لـە راسـتییدا پـاش سـەربەخۆیی هـەنگاریا لـە ١٩٥٦دا ، هـەروەها بـەهۆی جـەختی تیۆرییانـەوە ســەبارەت بــە پرۆلیتاریــای پیــشەسازیی وەك هێزێكــی بزوێنــەری شــۆڕش. ئــەم پــارتی پرۆلیتـاری پیـشەسازییە وێـڕای گەشـەكردنی هێـشتا لـەڕووی چـەندایەتییەوە بـچووك بـوو. پـارتی سـەرەكیی فـەرمیی چـەپگەرا پـارتی كرێكـاران بـوو، كـە ئـەویش ئامـانجی ڕاكێـشانی پشتگیریی پرۆلیتاریا بوو(بەتایبـەتی یەكیەتییـە پیشەییەكان)، بـەلاّم لـە هـەمان كاتـدا لـەنێو ڕۆشنبیرانیش نفوزی هەبوو.

ســالأنی ١٩٦٠ەكــان گەنگەشــەیەكی زینــدوی ڕۆشــنبیران ســەبارەت بــە تــەواوی پرســە جۆراوجۆرەكـانی سیاسـیی و ئـابووریی تێـدا هاتەكایـەوە. ئەوانـەی بۆچـوونەكانی خۆیـان لەڕێگەی ژمارەیەكی زۆر نامیلكەو بلاّوكراوەی وەرزییـەوە بلاّودەكردەوە، ئـەوەی دەسـتووری نویێ ڕێگەی پێدابوو. یەكـەمین بلاّوكـراوە گۆڤـاری(یـۆن /پـەیرەو ) بـوو، كـە لـە سـاڵی ١٩٦١دا دەسـتی بـە بلاّوبوونـەوە كـرد. ئـەو بلاّوكراوەیـەی بیروبۆچـوونی تەسـكی ماركـسیی لـەخۆ نەدەگرت ، بەڵكو كەشكۆڵێكی بەرفراوان بۆ گەنگەشـەیەكی بەربلاّوی دیـدە چـەپ و رادیكاڵـە جیاوازەكـان. سەرنوسـەرەكەی (دۆگـان ئـەڤجیئۆگلو) بـوو، كـە سۆشـیالیزمی وەك شـێوازی زینـدووی گەشـەكردن دەبینـی لـەوڵاتانی نیمچەكۆڵینیدا، هـەروەها ئـەو لایـەنگری پلانـدانانی دەوڵــەتو سیاســەتی پاراســتنی بەرژەوەندییــە ئابوورییــەكان بــوو. پاشــتر گۆڤارەكـانی وەك (دەڤریم/شـۆڕش) یـان (ئایـدنلیك/ڕۆشـنگەریی) دەردەچـوون، كـە بانگەشـەو باس وخواسـیان

لەمەڕ جۆرێکی تێگەیشتنی تایبەت بەمارکسییزم دەکرد. زۆربەی ئەو گروپانەی لە دەوری ئەو بڵاوکراوانە کۆببوونەوە پاشتر گەشەیان کردو پارتی تایبەت بەخۆیان دامەزراند.

لە راستییدا ئەم گەشەکردنەی چەپ کە لەنێو خوێندکاران و ڕۆشنبیران لەماوەی ١٩٦٠ەکاندا هاتبووە ئارا تەنیا بە تورکیا تایبەت نەبوو، بەڵکو لەتەواوی جیهاندا بڵاوبوو. بەڵام دوو هۆکار هەبوون کە وایانکرد ئەو دیاردەیە لە تورکیا بایەخی خۆی هەبێت، چونکە زانکۆکان ڕۆڵی گرنکیان لە لێخستنی مەندەریسدا و فۆڕمەڵەکردنی دەستووری دووەمین کۆماردا گێڕا. ئەوەش شتێکی لۆجیکی بوو ئەو خوێندکارو مامۆستایانەی زانکۆ خۆیان بە هێزی بزوێنەری کۆمەڵگا بزانن، وێڕای ئەوەش ئەو بڕوایەی کە لەلای کەمالیستەکان سەبارەت بە ئەنجامدانی شۆڕش لەسەرەوە داڕێژرابوو، دەستەبژێری ڕۆشنبیرەوە وەك ئامرازێکی ئەم شۆڕشە لەقەڵەمدا بوو.

(فیکر گلۆپلەر/یانەکانی هزر) لەزۆربەی زانکۆکان هەڵتۆقین. فرە بایەخدارترینیان ئەوەکەی کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرە بوو، ئەوەی کە پرۆفیسۆر (سەعدوون ئارێن) کە یەك لە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانیش بوو ڕۆڵی لە دەمەزراندنیدا گێڕا. لە ناوەڕاستی ١٩٦٠ەکاندا، ئەم یانەیەو یانەکانی دیکە، گەنگەشەکردنی هزر لەلایەن چالاکی خوێندکارانی سەر بە پارتی کرێکارانی تورکیی دەستیان بەسەرداگیراو ئەوانەی ئەمێستا تۆڕێکی نەتەوەییان پێکهێنا بە ناوی (فیکر گلۆپلەر فدراسیۆن/ فیدراسیۆنی یانەکانی هزر). گەنگەشەی نێو ئەڵقە مارکسییەکان لە ناوەڕاستی ١٩٦٠ەکاندا ئەو بوو کە تورکیا لە چ قۆناغێکی مێژوویدایە. "کەمەد علی ئایار" و هەروەها ڕووخسارە سەرەکییەکانی پ.ك.ت جەختیان لەوە دەکردەوە کە هەلومەرجەکە بۆ شۆڕشێکی سۆشیالیستیی پێگەیشتووو دەتوانرێت بە ئامرازی دیموکراتییانە بەڕێوەببرێت. ئەوان پێیان وابوو کە سەرکەوتن لەڕێگەی گەشەکردنی هۆشی چینایەتیی و ئاگاهی سیاسییەوە لە نێو کرێکارانی تورکییدا بەدی دەهێنرێت، ئەوەی کە ئەوان هەوڵیاندەدا لە نێو فیدراسیۆنی یەکێتییە پیشەییەکاندا ڕێکیانبخەن و ڕێبەرایەتییان لە لایەن ئەندامانی پ.ك.ت وە بێت. یەك لە دەستە بەرچاوەکانی دیکە بریتیبوو لەو دەستەیەی کە لەلایەن(میهری بێلی) یەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا. ئەوەی کە پێی وابوو تورکیا هەروەك کۆمەڵگە ئاسیاییەکانی دیکە تایبەتمەندییەکی فیودالیی هەیەو پرۆلیتاریا لەو ولاتە ئەوەندە لاوازە کە گۆڕانی شۆڕشگێڕیی تەنیا دەتوانرێت لە ڕێگەی هاوپەیمانیی نێوان ڕۆشنبیران و ئەفسەران بهێنرێتە ئاراوە. ئەم ڕەوتە کە (میللی دیموکراتیك دڤریم/شۆڕشی دیموکراتیی نەتەوەیی) پێدەگوترا، دەستی بەسەر

فدراسیۆنی گەنگەشەکانی کۆمەڵگادا گرت وڕێکخراوێکی گەنجانی شۆڕشگێڕانەی دامەزراند بەناوی (دیڤ گەنج/لاوانی شوڕشگێڕ) ناودەبرێت.

لەساڵی ١٩٦٨بەدواوە، جولاّنەوەی خوێندکاران لە ئەڵمانیا، ئەمریکا، هەروەها بە تایبەتیی لە فەرەنسا (لەویٚ خوێندکاران کەوتنە خرۆشانێکی شۆڕشگێڕانە لە مایۆی ١٩٦٨دا جەنراڵ دیگۆڵیان لە دەسەلاّت دەرپەڕاند)، کاریگەریی خۆیان بەسەر جولاّنەوەی گەنجانی تورکیاوە هەبوو. هەمان کات، پەلاماری شورەویی بۆ چیکسلۆفاکیا، قەیرانێکی هزریی لە نێو چەپەکانی تورکیادا لێکەوتەوە، هەروەك چۆن لە نێوەندە سۆشیالیستەکانی دیکەی جیهاندا. پ.ك.ت تووشی پەرتبوون بوو بە هۆی ئەو ڕسواکردنەی پەلامارەکەی شورەویی لەلایەن محەمەد علی ئایبارەوە. ئەوەی کە لەلایەن سەرکردەکانی دیکەی پارتەکە وەك سعدون ئارێن و بەهیجە بۆرانەوە پشتگیریی نەکرا. لەهەمان کاتدا (میللی دیموکراتیك دیڤریم گروپ/گروپی شۆڕشی دیموکراتیی نەتەوەیی) دووبەرەکییان تێکەوت و دابەشبوون، ئەوانیش ناکۆکییان سەبارەت بەو هزرە بوو داخۆ تورکیا کۆمەڵگایەکی فیوداڵە یاخود زیاتر تایبەتمەندیی (شێوازی ئاسیایی بەرهەمهێنانی ) تێدا بالاّدەستە. دیارە ئەم گەنگەشە نهێنییانە پەیوەندییان بە هەلومەرجە سیاسییەکەوە هەبوو. ئەوانەی لایەنگری تێزی فیوداڵیزم وایان دەبینی کە دەوڵەت (هێزەکانی سوپا )دەتوانرێت وەك هاوپەیمانییەکی پێشکەوتووخوازانە بۆ بەگژاچونەوەی بەرژەوەندیەکانی فیوداڵ و کۆمپرادۆر پشتی پیٚ ببەسترێت. پەیڕەوانی تێزی شێوازی ئاسیایی بەرهەمهێنان وایان دەبینی کە ناکۆکیی و ململانێی لە نێوان دەوڵەتێکی سەرکوتکەرە (بە هێزەچەکدارەکانیشیەوە) لەگەڵ دانیشتووان و کۆمەلاّنی خەڵکدا. ئەم لێکدانەوە مێژوویانە وردە وردە هاتە سەر مەسەلە سەرەکیی و هەستییارەکە : ڕۆڵی سوپا و ئەگەرەکانی لە هەر شۆڕشێکدا. بەشێك لە باڵە ڕادیکاڵەکانی جوولاّنەوەکە کە لەلایەن (دۆگو برینجیك) ڕێبەرایەتیی دەکرا و بەرەو ماوییزم ملیان نا.

لەساڵی ١٩٧٠ بەرەو سەر هەندێك لە ڕادیکاڵەکانی نێو ئەڵقەی ش.د.ن بڕیاریاندا کە هاندان و وروژاندن بە تەنیا بەس نیە و تەنیا پروپاگەندەیەکی چەکدارانە (بەمانایەکی دیکە پەلاماری تیرۆرستانە) و خەباتی چەکداریی گەریلایانە دەتوانێت شۆڕش بخولقێنێت. دەستەی جیابووەوەی ماویستیی (تورکیا کۆمۆنسیت پارتەس" مارکسیست- لینینست"/ پارتی کۆمۆنیستی تورکیا- مارکسیی-لینینیی) ،(تورکیە ئیشچی کۆیلو کویر تولوش ئۆردوسو/ سوپای ئازادییخوازانی کرێکاران و جووتیارانی تورکیی) یان پێکهێنا، لە کاتێکدا دەستەی دیکە (تورکیا هەڵك کورتولوش ئوردوسو/ سوپای ئازادییخوازی گەلی

تورکیـا) یـان دامەزرانـد "دەنیـز گـەزمیش " سـەرکردەی بـوو، هـەروەها ( تورکیـە هـەلك مورتوشلو پارتەس جەبهەس/ بەرەی  پارتی ئازادییخوازی گەلی تورکیا)کە "ماهیر چایان" سـەرۆکی بـوو. ئـەم گروپانـە هەڵمـەتێکی هێرشـی چـەکدارانەی گـەریلاییان لـە ناوچـە مەدەنییەکاندا ئەنجامدا کە ئامانجی شێواندنی وڵات و تێکدانی ئارامیی بوو. لە نێو ناوەندە چـەپەکاندا هێنـدێك کـەس خـەریك بـوون داوای بایـەخ و سـەرنجدانیان بـۆ نەهامـەتیی و بێدەرەتانی کەمینەی کوردیی دەکرد. کاتێك زۆرینەی چەپ هەڵوێستیان بەو چەشنە بوو کە پێویستە ناسنامە ئیتنییەکان و کێشەکانیان بترنجێتە نێو هاوبەستەگیی چینایەتییەوەو لەو چوارچێوەیەدا تەماشا بکرێت ، چەند ڕۆشنبیرێکی کورد هەستان بە دامەزراندنی (دۆگو دەڤریمچی کولتور ئۆجاکلەر/ یانەی کەلتووری شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژ هەلآت).

هیواکـانی شۆڕشـێکی دیمـوکراتیی نەتـەوەیی بـە هاوپـەیمانێتیی لەگـەڵ ئەفـسەرە پێشکەوتووخوازەکانی نێو سوپا لە ١٥ی ژونی ١٩٧٠دا گورزێکی توندی بەرکەوت. کاتێك بەشێکی مەزنی کرێکارانی خۆپیشاندەر لە ئەستەمبوڵ زۆر بە توندیی لە لایەن سوپاوە دەستیان لیوەشێنرا. بەوەش پ.ك.ت، و هەروەها گروپەکانی دیکەی چەپی نوێ توشی پاشەکشێی جدیی بوون، لە سەرو بەندی ئەو ماوەیەدا پارتە کۆمونیستە کۆنەکە لە نێو ڕۆشنبیراندا بەشێك لە نفوزی خۆی بەدەستهێنایەوە .

## ڕاست

پـارتی کۆمـاریی جووتیـارانی نەتـەوەیی لـە هەڵبژاردنـەکانی ئۆکتۆبـەری ١٩٦٥دا خراپـی بەسـەرداهات و زیـاتر لـە ٢٪ی دەنگـەکانی نـە هێنـابوو. وێـڕای ئـەوەی پارتـە کـە خوازیـاری بینینـی ڕۆڵێکـی سـەرەکیی بـوو لـە شـانۆی سیاسـیی تورکیـادا بەدرێـژایی ٣٥ سـاڵی دوایـی. ئەوەش بێگومان تەنیا بۆ کەسێك دەگەڕایەوە کە (عەقید ئەلپئەرسەلان تورکیش )بوو. ئـەوەی کـە پـاش گەڕانـەوەی بـۆ تورکیـا مەبەسـتی خـۆی بـۆ تێکـەڵبوونی بـە کـارو بـاری سیاسـیی ڕاگەیاند. پاش ئەوەی نەیتوانی لە ساڵی ١٩٦٤دا پارتێکی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت و لە گەڵ ئەو ١٤ئەفسەرەی کەلە (ك.ی.ن) دەرکران و  پێکەوە لە بەهاری ١٩٦٥دا چوونە نێو پ.ك.ج.ن ەوە . پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم، لە ئوتدا کار بۆ هەڵبژاردنی تورکیش کرا کە ببێتـە سـەرۆکی پارتەکـە. پـاش لێخـستنی سـەرکردە کۆنەکـە. پارتەکـە بـووە ڕێکخراوێکـی قوچـەکیی کـە خـاوەنی چـەکداری میلیـشیایی حیزبـی و بەرنامەیـەکی نەتەوەپەرسـتانەی توندڕەو بوو.

بیروڕای پ.ك.ج.ن لـه نامیلكەیـەكی تایبەتییـدا لەلایـەن توركیـشەوە نوسـراو لـە كۆتـایی ١٩٦٥دا چاپ و بلاٌوكرایەوە، کـە (دوكیـوز ئیـشك/ نـۆ ڕوناكییەكـە) یـان پێـدەگوت، کـە بنـەما سـەرەكییەكانی نەتەوەپەرسـتیی، ئایـدیالیزم، ڕەوشـت، بەرپرسـیارێتیی كۆمەلاٌیـەتیی، عەقڵیـەتی زانـستیی، لایـەنگری ئـازادیی، لایـەنگری جووتیـاران، گەشـەخوازیی، پیـشەسازییخوازی تەكنـەلۆژی بـوون. لەزۆربـەی شـێوەكاندا بەرنامەكـەی تـوركیش زۆر لـە كەمالیزمەكەی ١٩٣٠ەكان دوور نەبوو، بەلاٌم لە پراكتیكدا زیاتر جەختی لە نەتەوەپەرستیی توندوتیژ (كە لـەمانا گشتییەكەی پـان توركییزمـدا خـۆی بەرجەستەكرد وداوای یەكخستنی هەموو توركیای ئاسیای دەكـرد )و هـەروەها دژە كۆمۆنستیی دەكـردەوە. نـاوی پارتـە كـە لـە ١٩٦٩دا گۆڕا بە (میللیەتچی حەرەكەت پارتەس/ پارتی كاری نەتەوەیی). لـە خـودی پارتەكە بەناوبانگتر، ڕێكخراوی گەنجان بوو كە بە( ئوكلو ئۆجاكلەر/ خانـەی نمونـەیی) ناسـرابوو. كـە ئەندامەكانی خۆیان بە(بۆز كورتلەر/ گورگە بۆرەكـان) نێـودەبرد. پـاش گێڕانـەوەی فـەنتازیای ئەفسانەی تـوركیی پـێش سـەردەمی ئیـسلام و هـەروەها لـە دیـسەمبەری ١٩٦٨دا كەوتنـە هەڵمـەتێك بـۆ تۆقانـدنی خوێنـدكاران و مامۆسـتایان، كتێـب فرۆشـەكانو هـەروەها دواجـار سیاسـەتكارە چـەپگەراكان. گورگـە بۆرەكـان ڕاهێنـانێكی نیمـچە سـەربازییان لـە ئۆردوگـا تایبەتییـەكانی خۆیانـدا ئەنجامـدەدا ئـەركیان هـەروەك ڕێكخـراوی(ئـێس ئـێس)ی هێتلـەریی داخستنی زانكۆو شەقامەوكان بوو بە ڕووی چالاكیی چەپەكاندا.

تا ساڵی ١٩٦٩، توركیش لایەنگرێكی سەرسەختی سێكیولاریزم بوو، بەلاٌم لـە سـەروبەندی هەڵبژاردنەكانی ئەو ساڵەدا. توركیش ئاوازی خۆی گۆڕیی و جەختی لە ئیسلام وەك بەشێك لـە كەلـەپووری نەتـەوەیی تـورك كـردەوە. هەرچـەندە ئـەو گۆڕانـە تـەنیا هـەنگاوێكی تـاكتیكی بوو، پێویست نەبوو شوێنكەوتووانی هەمان بۆچوونی ئەمیان هەبێت، تەنیا مەبەست لێـی بـە دەستهێنانی دەنگبوو. زۆرینەی دیكەی باڵی ڕاستی پارتەكەی لـەو ماوەیـەدا دەركـەوتن، لـەو ڕووەوە زیاتریـان تێپەڕانـد. لەساڵی ١٩٦٩دا، پرۆفیـسۆر نەجمـەدین ئەربـەكان بـە سـەرۆكی یـەكێتیی ژووری بازرگـانیی و پیشەسازیی هەڵبـژێردرا. پـاش ئـەوەی لـە هەڵمەتێكدا دەنگـی خـۆی وەك بزنـسمانە بـچووكەكان بەرجەسـتەكردو ڕەخنـەی لـە دەمیرئـەل و، پ.ع گـرت كـە ڕاژەی بزنـسمانە گـەورەكان و هـەروەها بـە تایبـەت سـەرمایەی بێگانـە دەكـەن. لـە كـاتی قسەكردن و بانگەشەكردنەكانیدا ئاوازی ئاینیی تێكەڵ بە وتارەكـانی ئەربـەكان بـوو، كاتێك ڕایگەیاند ، كە پ.ع ئامرازێكی فەرماسیۆنیی و زایۆنییەكانە و پشتی لـە ئیـسلام كـردووە . لەهـەمان سـاڵدا، ئـەو لـە پ.ع چـووە دەرەو و وەك نوێنـەری سـەربەخۆی قۆنیـا، كـە قەلاٌیـەكی

ئـاینیی کۆنـه پـارێزان بـوو، لـه تورکیـا بـه سـەرۆکی ئەنجومـەن هەڵبـژێردرا. ئەربـەکان لـه یەنایەری ١٩٧٠دا لەگەڵ دوو کەسی دیکەی سەربەخۆدا پارتی تایبەت به خۆیان دامەزراند که ناوی(میللی نیزام پارتەس/ پارتی سیستمی نەتەوەیی)بوو.

پـارتی کـاری نەتـەوەیـی پـارتی سیـستمی نەتـەوەیی پێکـەوە هەڕەشـەی جـدییان لەسـەر دەمیرئەل پێکهێنا. ئەوەش نەك لەبەرئەوەی کە ئەو پارتە نوێیانە دەیانتوانی جێ پێ بە پ.ع لـەنێو ڕاسـتڕەواندا لێژبکـەن، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی کـە لەگـەڵ پارلـەمانتارە دابڕاوەکـان لـە پ.ع ،ئەوانـەی کـە بەودوایـە لـەنێو(پـارتی دیمـوکراتی)کـەی بـۆزبێلی دا یـەکیان گـرت. دەیـانتوانی لــەنێو ئەنجومەنــدا مەترســیی لەســەر کــۆنترۆڵی ئەنجومــەن لەلایــەن پ.ع وە پێکبهێــنن. گومانێکی کەم هەبوو کە گروپە چەپگەراکان لەکۆتایی ساڵی١٩٦٠دا توندوتیژیی سیاسییان دەسـتپێکرد. لـەکاتی گەیـشتنی کەشـتیگەلی شەشـەمی ئـەمریکیی بـۆ تورکیـا لەژوئیـەی ١٩٦٨دا و هـەروەها لـه فێبرایـەری ١٩٦٩دا،پێکـدادانی چـەکداریی لەگـەڵ پـۆلیس و سـوپادا قەوما،کـە خـەڵکی تێـدا کـوژرا.پـەلاماردان بـەبۆمب و،هێرشـکردنە سـەربانکەکان،فڕاندن بــەربڵاوبوو. بــەڵام لــەکۆتایی ١٩٦٨بــەرەو ســەر بەشــێوەیەکی زیــاتر کــەماوەی ١٩٦٩و١٩٧٠،توندوتیــژی چــەپەکان لەلایــەن توندوتیــژیی میلیــشیا ڕاســتڕەوەکان بەرپەرچدرایەوە، بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی بە(گورگە بۆرەکانی تورك) دەناسران.

## ئەلتیماتیومی سەربازیی لە١٢ی مارتی ١٩٧١ دا

لەسەرەتای ١٩٧١دا، حکومەتەکـەی دەمیرئـەل هێنـدەلاوازبوو کەتووشـی جـۆرە ئیفلیجیـیەك هاتبوو,هێندە بێتوانابوو کـە جڵـەوی توندوتیژییـەکانی نێـو زانکۆکان و سەرشـەقامەکانی بـۆ نەدەکراو نەشیتوانی هیچ پشتگیرییەکی ئەوتۆ بو چاکسازییە ئابووریی و داراییەکانی لـەنێو ئەنجومەندا بەدەستبێنێت. هەلومەرجەکە بەشێوەیەك بوو کاتێك لـە١٢مـارتی ١٩٧١دا، سـوپا سـالاری تـورك بیرخەرەوەیـەکی دایەدەسـت سـەرەك وەزیـران کـە ئـەڵتیماتیومێکی هێـزە چەکدارەکان بوو بۆ حکومەت و تێیدا هـاتبوو کـە پێویستە حکومـەتێکی بـەهێز پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی جڵەوی ئەو ئەنارشیست و بێ سـەروبەرییە بگرێت و بـە گیـانێکی کەمالیستانەوە ڕیفۆرمەکانی بەرەوپێش بەرێت. خۆئەگەر ئەم داوایە جێبەجێ نەکرێت ئەوا سوپا ناچـارە بـە ئـەرکی دەسـتووریی خـۆی هەسـتێت و خـۆی دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت. هـەرزوو دەنگۆیـەکی ئـەوتۆ کەوتەوتـەوە کەفەرمانـدەی بـاڵای سـوپا هـەوڵی کودەتـای ئەفسەرە لاوەکـانی پوچـەڵ کردۆتـەوە کـە خوازیـاربوون هـەمان ئـەزمونی مـایۆی ١٩٦٠ دووبـارە بکەنـەوە. ئـەو دەنگۆیـە

باشتر جەختی لەسەرکرایەوە پاش ئەوەی هەرزوو ژمارەیەك ئەفسەر لەسوپا خانەنشینکران .بەلاّم پلانێکی لەمجۆرە هەرگیزبە تەواووی بەبەڵگەوە نەخرایە ڕوو.

کاردانەوەی دەستبەجێی سیاسەتکاران بۆ ئەلتیماتیومەکە نەرێیی بوو، دەمیرئەل یەکسەر دەستی لەکارکێشایەوە، هەروەها ئینۆنو بەتوندی ڕەخنەی لەدەستێوەردانی سوپا لەکاری سیاسەتدا گرت. بەلاّم هەردوو سەرۆکی پارتەکە زۆری نەخایاند هەڵوێستێکی نەرمتریان لەخۆیان پێشاندا. دەمیرئەل پارتەکەی ئاگادار کردەوە کە هێمن بن و هەڵوێستێکی چاوەڕوانی وتەماشاکردن بگرنەبەر، لەکاتێکدا ئینۆنو لایەنگری خۆی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی حکومەتێکی نوێ لەلایەن ژەنێراڵەکانەوە دابنرێت، پاشتر ئاشکرابوو کە حکومەتێك بەسەرۆکایەتی "نیهادئەریم"دامەزرێنرا، ئەوەی کە ئەندامێکی باڵی ڕاستی پ.ك.گ و ئەوەی بۆماوەی سالاّنێك کەسێکی زۆر نزیکی ئینۆنو بوو. ئەو لایەنگرییەی ئینۆنو لە ئەریم هێندە ئەجەویدی پەستکرد کەوازی لەپۆستی سکرتێری گشتیی پارتەکە هێنا.

هێندێك لە چەپەکان سەرەتا بە ئەلتیماتیومەکە خۆشحاڵبوون، وایان لێکدەدایەوە کە بەهەمان شێوەی کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٠دژی باڵی ڕاستی حکومەتە. بەلاّم ئەمە هەرزوو دەرکەوت کە هەڵەیەکی مەترسییدار بوو. بەڵکو کودەتاکە لەلایەن فەرماندە بالاّکانەوە ئەنجامدرابوو نەك لەلایەن گروپی ئەفسەرە ڕادیکاڵەکانەوە، ئەو فەرماندە بالاّیانەی کە مەترسیی کۆمۆنیزم خەوی لەچاویان تۆراندبوو.

ئەریم کابینەی خۆی پێکهێنا کە بەشێوەیەکی مەزن لەو تەکنۆکراتانە پێکهاتبوو کە لەدەرەوەی دەزگا سیاسییەکاندا بوون. ئەو ڕایگەیاند کەحکومەتەکەی هەوڵی گێڕانەوەی ئارامیی و یاسا دەدات و هەڵدەستێ بەکۆمەڵێك چاکسازیی لەبواری کۆمەلاّیەتیی و ئابورییدا کە پێشتر دەبوایە کرابان. "ئەتیلا قەرەئوسمان گلو"، کە ئابووریناسێکی ناسراوی پێشکەوتوو بوو کاری بۆ بانکی جیهانی دەکرد، پرۆژەی بەرنامەی چاکسازیی داڕشت، ئەو پرۆگرامەی چەند بەشێکی لە پرۆگرامی چاکسازیی زەوی وزار، باجی زەوی، خۆماڵییکردنی پیشەسازیی کانزاکان وهەروەها هەنگاونان بۆ پاراستنی پیشەسازیی تورکی بە دواکردنی ئەوەی کە حکومەت لانی کەم ٥١ لەسەدی ڕیسکی پرۆژەکان بگرێتە ئەستۆ. ئەم بەرنامە چاکسازییە لەلایەن ئەوانەی بەرژەوەندیی تایبەتیان لە بزنس و هەروەها لەکشتوکاڵدا هەبوو بەتوندیی بەرهەڵستیی کرا. تەنیا مەزنترین و سەرسەخترین پیشەسازیکاری وەك "واهیب قۆچ و نەجات ئەجزاچی" باش لایەنگریی ڕیفۆرمە پێشنیارکراوەکانیان کرد، ئەوانەی

بەپێویستیان دەزانی کە تورکیا لە ئایندەیەکی چاوەڕوانکراودا ببێتە بەشێك لە وڵاتانی پیشەسازیی.

ئەریم بەو پشتگیرییە ئاشکرایەی کە لەلایەن سوپاوە لێیدەکرا، وێڕای بەرگریی ڕاستڕەوەکان توانی بەرنامەکەی خۆی بەرێتەپێش، بەڵام بایەخی سوپا لەلایەکی دیکەبوو. لەئەپرڵدا پەلامارە تیرۆرستییەکان سەرلەنوێ دەستیانپێکردەوە، هەروەها لە ٢٧ ئەپرڵدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی یاسای سەربازیی لە ١١هەرێم ڕاگەیاند، لەوانە تێکڕای شارە گەورەکان. ڕۆژی دواتر:ئەویاسایە دەبوو هەردوو مانگ جارێك نوێ بکرایەتەوە لەماوەی ٢ساڵی داهاتوودا. لەسایەی یاسای سەربازییدا گەمارۆی هەموو ئەوانە دران کە گومانی تیرۆرستییان لێدەکرێت . ئەوە بۆخۆی دەگونجێت پاساوێکی هەبێت، بەڵام سوپا کە لەسایەی حکومەتەکەی ئەریم دا دەستی والآبوو، هەلومەرجەکەی بەکارهێنا بۆ پێکهێنانی تۆڕێکی ڕاوکردن دژی هەرتاکێکی چەپگەرا یاخود بۆچوونێکی ئازادییخوازانەی پێشکەوتووانەی هەبوایە. سەرکوتکردن و ڕاوەدونانی چەپەکان زۆر توندبوو پاش ئەوەی ئەندامانی بەرەی پارتی ئازادییخوازی گەلی تورك لە٢٢مایۆ(عەفدیم ئەلروم)ی کۆنسوڵی ئیسرائیلیان لەئەستەمبوڵ فڕاندو کوشتیان. نزیکەی ٥٠٠٠کەس قۆڵبەستکران کەلەنێویاندا ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیران هەبوون(نووسەر، ڕۆژنامەنووس، هەروەها پرۆفیسۆرو مامۆستایانی زانکۆ ) هەمووئەندامانی پارتی کرێکاری تورکیاو زۆربەی ئەندامانی یە کێتییە پیشەییەکان. هەواڵیکی زۆر سەبارەت بە ئەشکەنجەدان هەبوو، چ لەزیندانەکان یاخود وەك دەڵێن لە(تاقیگەکانی)دەزگای میتدا.

هەروەها پێدەچێت سەرکوتکردنی چەپەکان لەلایەن(دژەگەریلاکان)ەوە کەرێکخراوی ژێرزەمینیی بوون لەمەدەنییە ڕاستڕەوەکان پێکدەهاتن و لەلایەن سوپاوە پارەو چەکیان دەدرایە.ئەوەی لەساڵی ١٩٥٩دا بەیارمەتیی ئەمریکییەکان دامەزرێنران وەك ڕێکخستنی بەرگرییکارانە لەکاتی دەسەڵاتسەپێنی کۆمۆنیزمەکاندا. ئەوەی کەپاش ٢٠ساڵ دواتر کاتێك ئەجەویدی سەرەك وەزیران بوو لەلای زۆرینەی خەڵك ناسران.(لە ساڵی ١٩٨٠کاندا،بوونی ئۆپەراسیۆنی هاوشێوە لەوڵاتانی هاوشێوە لە وڵاتانی ناتۆدا،بۆنمونە (گلادیۆ)لە ئیتاڵیا،ناوبانگیکی زۆری پەیداکرد).[16]

---

[16] Mehmet Ali Birand (1987) *The generals coup in Turkey: an inside story of 12 September 1980*, London: Brassey's Defence Publishers, 42–4.

پارتی کرێکاران لە٢٠ی ژوئیەدا داخرا. کاتێك لەکۆنگرەی چوارەمیداپێشنیازێك گیرایەبەر کەدەربڕینی پشتگیری بوو بۆ "خواستە دیموکراتەکانی کوردستان ". پارتی سیستمی نەتەوەیی نەجمەدین ئاربەکان لەمایۆدا هەمان چارەنوسی بەسەرهات، داخستنی پ.س.ن وەك بەڵگەیەك بۆ ڕەوایی هەڵمەتی دژبەتیرۆر، خرایە بەرچاو، بەلاَم لەراستییدا ئاربەکان خۆی نەهێنرایە بەردەم دادگاو هەروەها ڕێگەی درایە کە لەئۆکتۆبەری ١٩٧٢دا چالاکییە سیاسییەکانی دەستپێبکاتەوە کاتێك چالاکییە سیاسییەکانی پ.س.ن لەژێر ناوێکی نویٚ "میللی سەلامەت پارتەس/پارتی ڕزگاریی نەتەوەیی"دەستپێکردەوە تیرۆریزمی ڕاستڕەوەکان و پارتی کاری نەتەوەیی،لەسایەی ئەوانەی دەیان پاراستن، بیٚ لێپرسینەوە ڕێگەی بۆ والاٚ کرا.

لەهەمان کاتدا، حکومەتەکەی ئەریم زۆر کەم لە بەرنامە چاکسازییەکەی خۆیدا چووبووە پێش. کاتێك ئەریم ئامادەیی خۆی پێشاندا تا لەگەڵ کۆنەپارێزەکانی ئەنجومەندا ڕێکبکەوێت وشوێن بۆ ژمارەیەك لە وەزیرە کۆنەکانی دەمیرئەل لەکابینەکەیدا بکاتەوە، ١١تەکنۆکراتی ڕیفۆرمیستی کابینەکەی دەستیان لەکارکێشایەوە، بەوەش سیاسەتکارانی ڕاستڕەو شوینی ئەوانیان گرتەوە. هەرچەندە کابینەکەی ئەریم ژمارەیەك پێشنیازی بۆ هەموارکردنی دەستوور پێشکەش کرد کە ئامانجی بۆ کەمکردنەوەی  ئازادییەکان بوو، ئەوەی کە ئەنجومەن بەپشتگیریی ڕاستڕەوەکان پەسەندی کرد. بەگشتیی ٤٤ بەندی دەستووریی گۆڕانی بەسەرداهات. زەمینەی ئەوە خۆش بوو کە لەڕێگەی یاساوە ئازادییە مەدەنییەکان سنوردار بکرێن کە لەخاڵی ١١ی دەستووردا ئاماژەی پێدرابوو، سەربەخۆیی دەزگای ڕادیۆو تەلەفزیۆن و زانکۆکان کۆتایی پێهێنرا. ئازادیی ڕۆژنامەگەریی سنووردارکرا، هەروەها توانای دادگای دەستووریش سنووردارکرا. بەپێچەوانەوە، توانای دەسەلاٚتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەك زیادکرا کەپێشکەشکردنی ئامۆژگاریی بۆ کابینەی حکومەت گرتەوە. ئەو ئامۆژگاریانەی کەلەهەندیٚ هەلومەرجدا پێویستبوو لەبەرچاوبگیرێت. وێڕای ئەوەی (دەوڵەت گوڤیەتلیك مەحکەمەس/ دادگای ئاسایشی دەوڵەتیی) دامەزرێنرا، ئەوەی کەزیاتر لە٣٠٠٠کەسی دادگایی کرد پێش ئەوەی ساڵی ١٩٧٦هەڵوەشێنرێتەوە.[١٧]

[17] پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ دادگای ئاسایشی دەوڵەت دامەزرێنراو بەدرێژایی ساڵانی ١٩٩٠کان ڕۆڵێکی سەرکوتکەرانەی لە جولاٌنەوەی کوردیی و ئیسلامییەکاندا بینیوە.

هێندێك لەو گۆڕانكارییانە لەلایەن ئەوانەوە ئەنجامدران كەپاش ئەریم هاتن ئەو خۆی لە ئەپرڵی ١٩٧٢دا دەستی لەكاركێشایەوە. كاتێك كە ئەنجومەن ڕەتیكردەوە بەپێی بڕیارێك كە فەرمانڕەوایەتیی بكات، ئەو داوایەی كەخۆی و(سۆنای )سەرۆك كۆمار داوایان كردبوو. ئەو لەلایەن "فەرید میلەن "شوێنی گیرایەوە، ئەو سەركردەیەی پارتی متمانە كە فرە زیاتر لە ئەریم هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ دەمیرئەلو پ.ع كرد. تەنیا پارتێك پشتگیریی لە سیاسەتەكانی ئەریم وهەروەها میلەن نەكرد. ئەویش پ.ك.گ بوو. لەنێو پ.ك.گ دا، هەڵوێستی بنەماكانی ئەجەوید بەوە پاداشتكرا كەپاش ئەوەی ئینۆنو لەسەرۆكایەتیی ئەوپارتە لێخراو ئەجەوید لەشوێنی ئەو لەكۆنفرانسێكی پڕهەرای پارتەكەدا لەمایۆی ١٩٧٢دا دانرا، ئینۆنو لەنۆڤەمبەردا دەستی لەو پارتە كێشایەوە كەپێش نزیكەی ٥٠ساڵ خۆی دەستی لەدامەزراندنیدا هەبوو.

هۆكاری ئەوەی كە سیاسەتكاران بەگشتیی و دەمیرئەل بەتایبەتیی بەهێواشی بەلاّم بەدڵنیاییەوە دەسەلاّتی خۆیان بەسەر كابینەی وەزاریی ودەركردنی بڕیارەكانیدا لەماوەی ١٩٧١بۆ١٩٧٣گیڕایەوە خۆی لەو ڕاڕاییەدا بینیەوە كە ڕووبەڕووی سوپا ببووەوە. سوپا بۆخۆی نەیدەویست دەسە لاّت بگرێتەدەست، ئەوەی لەبەرچاو بوو كەچۆن كارێكی لەو چەشنە زیانی بە یۆنان گەیاندووە پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٦٧دا ئەنجومەنێكی سەربازیی دەسەلاّتی گرتەدەست. لەلایەكی دیكەوە ئەوان دەیانتوانی بەتوندیی لەڕێگەی ئاراستەكردنی بیرخەرەوە ئۆڵتیماتیومەكەوە دەست لە كێشە ڕۆژانەكانی حكومەت وەردەن و سیاسەتكاران بێننەوە سەرخەت بێئەوەی متمانەیان لەدەست بدەن. هەربۆیە مۆڵەتدان بەسیاسەتكاران هێدی هێدی زیاتر دەبوو.

پارتە سیاسییەكان لەهەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ساڵی ١٩٧٣دا دانەچیڕەی خۆیان پێشاندا. قۆناغی فەرمانڕەوایەتیی سەرۆك سۆنای كەلەساڵی ١٩٦٦دا شوێنی گۆرسێلی گرتەوە(بەهۆی نەخۆشی ئەوەی دواییان ). لەساڵی ١٩٧٣دا كۆتاییهات، سوپا بۆ ئەو مەبەستە كاندیدی خۆیان پێشكەشكرد كە (فاروق گورلەر)ی سوپا سالاربوو.تاشوێنی سۆنای بگرێتەوە.بەهەرحاڵ پارتەكان لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كە بۆئەوەی نەبێتە خویەكی باو كەهەردوای سەرۆكێك یەكسەر سوپاسالار دابنرێت (هەروەك ئەوەی بۆسەرۆك سۆنای لوا). هەربۆیە گورلەر لە بوونە سەرۆك شكستیخوارد وگەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤێك كارێكی سەخت بوو. پاش ١٥هەڵبژاردن پارتە سەرەكییەكان لەسەر كاندیدێك كۆك بوون كە عەمیدێكی خانەنشینو سیناتۆرێك بووكەناوی "فەخری قورتورك"بوو، ئەویش لەلایەن

خۆیەوە ئابووریناسێکی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتێك بۆقۆناغی گواستنەوە دیاریکرد کە "نەچم تالو"بوو. بۆ ئەوەی ڕێبەریی ولآت بکات بەرەو یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد پاش کودەتاکەی ١٢ی مارت، کە ئەوەکەی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣بوو.

هەڵبژاردنەکە ئاکامێکی سەرسوڕهێنەری لێکەوتەوە. پارتە نوێبینەکەی ئەجەوید، واتە پ.ك.گ ، بووە مەزنترین پارت، کە٣٣,٥. دەنگەکانی هێنا لەبەرامبەر٢٩,٥لە سەدا کە پ.ع ی دەمیرئەل بەدەستیهێنا (واتە ١٥ لەسەدا دابەزیبوو)هیچ یەك لەپارتەکان زۆرینەی ڕەهای لەئەنجومەندا نەبوو–ئەوحاڵەتەی کەبەدرێژایی دەیەکە بەردەوام بوو–هەربۆیە حکومەتە هاوپەیمانییەکان مەسەلەیەکی حەتمی بوو–پاش دانوسانێکی سەخت و درێژخایەن لەیەنایەری ١٩٧٤دا کابینە دامەزرا، لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی سەرسوڕهێنەرە لە نێوان پ.ك.گ کەی ئەجەوید و پ.ر.ن کەی ئەربەکان، ئەو هاوسەرگیریە سیاسییەی کەچەند بنەمایەکی هاوبەشیان لەنێواندا بوو، ئەویش سڵەمینەوەبوو لە نفوزی ئەوروپیی و ئەمەریکیی و هەروەها بزنسە مەزنەکان بوو.

هاوپەیمانییەکە بۆماوەی چەند مانگێکی کەم لەدەسەلآتدا بوو، لەکاتێکدا کێشەی قوبرس تەقییەوە، ئەجەوید لەماوەیەکی کەمداو لەئەنجامی چۆنیەتی مامەڵەی سەرکەوتووانە لەهەمبەر کێشەکە وبەداگیرکردنی قوبرس بووە پاڵەوانێکی نەتەوەیی،بەوەش ویستی بەوجەماوەرییەی خۆی لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان لەهەڵبژاردنە پێش وەختەکە. لەبەرئەوەش لە ١٦ی سێپتێمبەری ١٩٧٤دا دەستی لەکارکێشایەوە. ئەوەش هەڵەیەکی گەورەی لەچاوەڕوانی سەرۆك پارتەکانی دیکەدا هێنایە کایەوە. باش دەیانزانی کە ئەجەوید دەیەوێت هەموویان هەڵپەسێرێت، هەربۆیە خوازیاربوون زۆرترین ماوەیان لەبەردەمدا بێت وخۆ لە هەڵبژاردنی پێش وەخت بەدووربگرن. پاش ماوەیەك لەبەرێکردنی کات بە رسوایی پێکهێنانی حکومەتێکی کاربەرێوەبردنی کاتی بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر"سەعدی ئیرمەك"دواجار دەمیرئەل توانی هاوپەیمانییەك لە پ.ع، پ.ر.ن ، پ.م.ن ، پ.ك.گ و هەروەها ژمارەیەك کەسی هەڵگەڕاوە لە پ.د کەخۆیان بەناوی"میللەتچی جەبهەس/بەرەی نەتەوەیی" بۆ ڕای گشتیی ڕاگەیاند.

دەمیرئەل تەنیا ئەوکاتە توانی هاوکاریی پارتەکان بەدەستبێنێت کاتێك هەندێك پۆستی کابینەکەی خۆی وەك بەرتیل پێ بەخشین و لە ئاکامیشدا بەبەشداری تیمێکی نوێ کابینەیەکی ٣٠ وەزیری پێکبهێنێت، ئەو پارتانەی لە هاوپەیمانییەکەدا بوون بەتایبەتی پ.ر.ن و هەروەها پ.م.ن بە باشیی دەیانزانی کە دەمیرئەل بەتەواویی پشتی پێ بەستوون،

نفوزە ناهاوسەنگەکەی خۆیان بەکارهێنا. ئەوانە پۆستی وەزیرەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بێوێنە بۆقازانجی تایبەتی پارتەکانیان بەکارهێنا. هەروەها کارمەندانی حکومەتیان لەپۆستەکانیان لابرد و یاخود پۆستی نزمیان درایەو خەڵکانێکی وەفادار بەوپارتانە لەشوێنیان دانران. هاوپەیمانییەکە تاهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٧خۆی ڕاگرت، ئەم هەڵبژاردنانە لەهەلومەرجێکی زێدەبونی توندوتیژبوونی قەیرانە ئابورییەکاندا بەڕێوەچوو، واپێدەچووکە بۆسیستمی دووپارتیی لەتورکیا بگەڕێنەوە. پ.ک.گ لە جەماوەرێتی بوڵەند ئەجەوید سوودی وەرگرت ،٤٤,٤ لە سەدی دەنگەکانی بەدەستهێنا. کەبەرزترین ئاستی بەشداریی بوو لەهەڵبژاردنێکی ئازاددا. هەروەها پ.ع بۆ ٣٦,٩ دەنگەکانی سەرکەوت. دووبارە لەمپەر لەبەردەم جوڵەی سیاسییدا هاتەپێش . هەوڵێکی ئەجەوید بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەك لەنێوان پارتەکەی و سەربەخۆکان هەرزوو شکستی هێنا. هەربۆیە دەمیرئەل بەرەی هاوپەیمانیی نیشتیمانی دووەمی دامەزراند. کەدەسەڵاتی پ.ر.ن و پ.م.ن ی تێدا باڵادەستربوو بەبەراورد لەگەڵ یەکەمجاردا. ئەوبەرەیەی لە هەلومەرجێکی پڕکێشەو مەترسییدا تا دیسەمبەر بەردەوام بوو. ئەوکاتەی بەهۆی پاشەکشێی نوێنەرە پارلەمانییەکانی پ.ع بەرەو داڕمانی برد.

نوێنەرە پاشەکشەکردووەکان لە یەنایەری ١٩٧٨دا پاداشتکران کاتێك ئەجەوید کابینەکەی لە پ.ک.گ و سەربەخۆکان پێکهێنا. هەریەك لەوانە پۆستێکی وەزارەتی پێدرا. ئەو کابینەیەی ئەجەوید کەتاساڵی ١٩٧٩ بەردەوامبوو. بەڵام دەستکەوتێکی کەمی بەدەستهێنا. ئەوکابینەیە نەیتوانی بەئاشکرا جڵەوی توندوتیژییە پەرەگرتووەکان بگرێتەدەست. نیگەرانیی و بێهیوایی سوپا هەڵوێستی نەرمیی ئەجەویدیان لەهەمبەر تیرۆریزم و جیاخوازیی کوردان دەبینی، تادەهات زیادی دەکرد. بەڵگەی زۆر بەهێزیش هەبوو سەبارەت بەوەی کەسەرانی سوپا بڕیاریانداوە لەهاوینی ١٩٧٩ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك بکەن کەوەك شتێکی حەتمیی لێی دەڕوانرا.[18] ژیانی حکومەتەکەی ئەجەوید لەژێر ئەو پەلامارە توندوتیژەی ئۆپۆزسیۆندا بەتەواویی ئەستەم بوو. بەتایبەت دەمیرئەل حکومەتەکەی ئەجەویدی بەحکومەتێکی شەرعیی نەدەزانی و تەنانەت ئامادە نەبوو ئەجەوید بە سەرۆك وەزیر ناوببات. کاریگەریی دەوڵەت لەسۆنگەی هەوڵە پاکسازییەکانی کابینەکە لەنێو وەزیران و کارمەنداندا پەکی کەوتبوو، بەوەش بەرەی نەتەوەییان لەنێوخۆیاندا دەرپەڕاند. ئەجەوید نەیتوانی پشتگیریی لەنێو چەپەکاندا

[18] Mehmet Ali Birand, op. cit, 84 ff.

بەدەستبێنێت. پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەپەکان ویەکێتییە پیشەییەکاندا بەهۆی ئەو شێوازە توندوتیژەی حکومەت کە یاساو ئارامیی پێ چەسپاندوە بەجدیی دژواربوو.

لەئۆکتۆبەری ١٩٧٩دا ، هەڵبژاردنەکان بۆ (سینات/ئەنجومەنی پیران ) پشتگیریی پ.ك.گ ی تێدا کەمبووەوە. لەئەنجامدا، لە ئەنجومەن دژواریی و پاشەکشە هاتەئارا. ئەجەوید زۆرینەی دەنگەکانی لەدەستداو ناچاربوو دەست لەکاربکێشێتەوە، دەمیرئەل گەڕایەوە دەسەلات، بەلام بۆئەوەی فریای دروستکردنی حکومەت بکەوێت، کەلەلایەن پارتەکەی و سەربەخۆکاندا پشتگیریی کراو بەلام بێ پ.ر.ن و پ.م.ن.

حکومەتە هاوپەیمانەکانی ماوەی نێوان سالانی ١٩٧٣-١٩٨٠بێ جیاوازیی لاوازبوون. تاکە چارەسەر بۆ هێنانە کایەی حکومەتێکی زۆرینەی جێگیر بریتیبوو لەهاوپەیمانیی پ.ع و پ.ك.گ.کە مەحاڵ بوو بێتەدی. سیستمی سیاسی هێواش هێواش بەرەو لاوازیی و ئیفلیجیی دەڕۆیشت چونکە پاش گێڕانەوەی دیموکراسیی لەساڵی ١٩٧٣دا. هەردوو پ.ع و پ.ك.گ نەیانتوانی هاوکاریی بکەن، ئەوەش نفوزێکی ناهاوسەنگی بەخشییە گروپە توندڕوە بچووکەکان. جەمسەرگەرایی پارتەمەزنەکان بەشێکی بۆ فاکتەری ئایدۆلۆژیی دەگەڕایەوە(ئەمێستا پارتەکان زیاتر ئایدۆلۆژیزەبوون بە بەراورد لەگەڵ پ.د و پ.ك.گ لەسالانی پەنجاکاندا)، بەشەکەی دیکەش بۆ ململانێ و کێبڕکێی کەسێتیی لەنێوان ڕێبەرانی ئەو پارتانەدا دەگەڕایەوە. هەروەها هەریەك لەو پارتانە وایدەبینی کەتەنیاچەك دوور لەبەدەستهینانی زۆرینەی ڕەهاو وەستاوەوهاوپەیمانیەتی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا دەبێتەهۆی لەدەستچوونی دەرفەتەکانی بەردەمی. ئەم ئیفلیجبوونەی سیستەمە سیاسییەکە وەختێك بە ئاشکرا دەرکەوت کاتێك پارلەمان بەتەواویی لە هەڵبژاردنی کەسێك کەجێگای سەرۆك قورتورك بگرێتەوە، دۆش دامابوو. ئەو سەرۆکەی کە لەسالی١٩٨٠دا ماوەی سەرۆکایەتیی تەواوببوو. تەنانەت پاش ١٠٠خولی دەنگدان. ئەمەش ئەو ڕاستییەی سەلماند کەحکومەتێك بتوانێت هەنگاوی کاریگەر بنێت بۆ بەگژاچوونەوەی دوو کێشەی سەرەکیی کەلەسالانی ١٩٧٠کانەوە ڕووبەڕوی تورکیا ببووەوە ئەویش توندوتیژیی سیاسیی و قەیرانی ئابووریی.

## توندوتیژیی سیاسیی

لە ماوەی کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ کاندا توندوتیژیی سیاسیی ببووە کێشەیەکی ڕاستیینە. ژمارەیەك لە گروپە لاوە توندڕەوەکانی چەپگەرا لەلایەك و هەروەها گورگە بۆرەکان و

دەمارگیرە نەتەوە پەرستەکانی ڕاستڕەوەکانیش لەلایەکی دیەوە بۆ دەسەلاَت گرتنەدەستی شەقام و زانکۆکان لە ململانیّ و کێشمەکێشدابوون. ئەوان لە ڕاکێشانو بەخۆوە گرێدانی ئەو لاوو گەنجانەدا کێشەیەکیان نەبوو کە کارو پیشەیەکی دیارییکراویان نەبوو، ئەویش بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە ۱۹۷۰کاندا لە تورکیاداهەبوو، هەروەها بۆ ئەو سیستەمەی کە خوێندنی بالاّی تەنیا بۆ ۲۰٪ی ئەو ۲۰۰هەزار خوێندکارانەدا دابینکردبوو کە سالاّنە لە خوێندنگا بالاّکان دەرەچوون.

ململانێی نێوان ڕاست و چەپ یەکسان و هاوسەنگ نەبوو. لە ماوەی حکومەتەکەی بەرەی نەتەوەیی سالاّنی ۱۹۷٤–۱۹۷۷دا، پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش بوونە پارێزەرێکی ئاشکرای پارتی کاری نەتەوەییەکەی تورکیش. تەنانەت لە سایەی حکومەتەکەی ئەجەویدا لە ۱۹۷۸–۱۹۷۹، ئەو هێزانە فاشستی ئەوتۆیان تێدا ڕژابوو کە گورگە بۆرەکانیان دەپاراست و دالّدەیان دەدان، گروپە پەرتەوازەکانی چەپ ئەو پاراستنەیان لە سایەی هیچ لایەنێکدا بۆ نەهاتەدی. ئەجەوید کە سەرۆکی پارتێکی (چەپی ناوەند)بوو، نەیتوانی ئەو کارە بکات. ئەو سیاسەتی چەپەکان و شێوازی کارکردنیانی ڕەتدەکردەوە، بەلاّم ئەوەش پەسەند نەبوو کە پ.ك.گ بە ئاشکرا بە هاندانی ئەنجامدانی توندوتیژیی سیاسیی تۆمەتباربکرێت.

ژمارەی قوربانیانی توندوتیژییە سیاسییەکان بە خێرایی بەرزدەبووەوە، لە نزیکەی ۲۳۰ لەسالّی ۱۹۷۷( ۳۹ یان بەدەستی چەکدارێکی نەناسراو کوژران لە ۱ی مایۆدا لە گەڕەکی ئەشیع لە ئەستەمبولّ ڕووی چەکەکەی ئاراستەی خۆپیشاندەرانکرد). بەرەو ۱۲۰۰و هەروەها ۱۵۰۰ لە دووسالّی دواتردا. ئەوەی کە وایکردبوو لە توندوتیژیی سیاسیی بەو شێوەیە کەمبووەوە لە تورکیا پەرەبگرێت بریتیبوو لە کەلتوورە سونەتییە شاراوەیەی کە لەسەر بنەمای شانازییو شەرمەزارییو هەروەها ناکۆکیی لە نێوان بنەمالّەیەك یان خێلّێك و دەرەوەیدا، هەروەها تۆلّەسەندنەوەو خوێن ڕۆلّیکی بەرچاوی هەبوو. ململانیّ وکێشمەکێشە سونەتیەکیان ڕەهەندێکی سیاسییان وەرگرتبوو. بەدناوترین پرس ئەوە بوو کە لەدیسەمبەری ۱۹۷۸ دا لە(قەهرەمان مەرەش) ڕوویدوا.کاتێك لەلایەن گورگە بورەکانەوە کۆمەلّکوژیەك بۆ عەلەوییەکان (تورکی شیعەن کەبەگشتیی پشتگیریی چەپگەرایانیان دەکرد) ڕێکخراو ۱۰۰ کوژراوی زیاتری لێکەوتەوە. تەنانەت وێڕای ئەوەی ئەجەوید دژی دەستێوەردانی سوپا بوو لە سایەی هەر هەلومەرجێکدا، بەلاّم چارەی نەبوو جگە لە ڕاگەیاندنی یاسای سەربازیی لە ۱۳ هەرێم (دواتر بۆ ۲۰ هەرێم زێدەکرا ) بەلاّم ئەجەوید زۆر

چاکی کرد کە جڵەوی دەسەڵاتی سەربازیی گرت و هەنگاوەکانی یاسای سەربازیی بە شێوەیەکی ناوازە تێکەڵ بە مافەکانی مرۆڤ کردوو لەکاتی بەرپابووندا لە بەرچاوی گرت.

نمونەیەکی دیکەی دابەشبوونی سونەتیی کە پەیوەستبوو بە ڕاست و چەپەکانەوە بریتیبوو لە دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردیی کە پارتێکی مارکسیی بوو(PKK) هەر لەسەرەتاوە لە ناو کورددا بە پ.ك.ك ناودەبرێ) لەلایەن خوێندکارێکی زانکۆی ئەنکەرەوە کە عەبدوڵا ئۆجەلانە لە ساڵی ١٩٧٨دا. ئامانجی ئەم پارتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سۆشیالیستیی بوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ولاتدا.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩–١٩٨٠دا، تایبەتمەندیی توندوتیژیی بەشێوەیەك گۆڕا کە باڵی چەپ و باڵی ڕاست بە تەواوی کەوتبوونە گیانی یەکتری و لە یەکتریان دەکوشت، نەك هەر ئەوە بەڵکو کەوتبوونە کوشتنی کەسایەتیە مەدەنییەکان. لە مایۆی ١٩٨٠دا، نوێنەری پارلەمان و سەرۆکی پ.م.ن کوژرا، پاش ئەوە نیهاد ئەریم ی سەرەك وەزیری پێشوو کەمال تورکلەری بەدواداهات، ئینجا سەرۆکی پێشووی دیس ك (کۆنفیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی یەکێتییە پیشەییەکان )، وێڕای ڕاگەیاندنی یاسای سەربازیی، سوپا پێی وابوو کە دەستی بەتەواوی کراوەنیە لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکاندا.

واپێدەچوو دەسەڵاتداران نەتوانن ئارامیی و ئاسایش بچەسپێنن. تەواوی گەڕەکەکان بەتایبەت لە شارۆکەکاندا، هەریەکەو کەوتبووە بندەستی گروپێکی تایبەت و کێبڕکێکەر لەو ناوچانە (هەرێمی ئازادیان) دامەزراندبوو. بەناوبانگترین نموونەش شارە بچوکەکەی دەریای ڕەش بوو کە(فاستا)یە، ئەو شارۆچکەیەی کە سەرۆك شارەوانییە چەپگەراکەی و لایەنگرانی بەشێوەیەکی فەرمیی پولیسان بە دەسەڵاتی حکومەتەوە نابوو، کۆمارێکی شورایی سەربەخۆیان ڕاگەیاندبوو. لە کۆتایدا ئەم ئەزمونە ناوازە کاتێك کۆتاییهات کە سوپا ڕەوانەی ئەو شارۆکەیە کراو دەستی بە سەرداگرت.[19]

وێڕای ئەوەی توندوتیژیی سیاسیی تەنیا هۆکارێکی یاخود گرنگترین هۆکاری ئیفلیج بوونی سیستمی سیاسیی دووەمین کۆمارەکەی تورکیا و هەروەها دەست تێوەردانەوەی سوپا نیە. ئەم پەرەسەندنە دەبێت دژ بەو هەلومەرجە ئابوورییە قەیرانا وییە تەماشابکرێت. کە بە قووڵیی کاریگەریی لە ناجێگیریی و شڵەژانی کۆمەڵگادا هەبوو، بۆتێگەیشتنی ئەمەش پێوستە ئاورێك لە هەلومەرجی ئابووریی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکانی ساڵانی ١٩٦٠ و١٩٧٠کان بدەینەوە .

[19] Clement H. Dodd (1983) *The crisis of Turkish democracy*, Beverley: Eothen, 20.

## ئابووریی: پلان و ئەلتەرناتیڤی بایەخدار

هەردوو لە ک.ی.ن و پ.ک.گ ئۆباڵی ناجێگیرییە ئابوورییەکانیان لە کۆتایی ۱۹٥۰کاندا، خستە ئەستۆی بێ پلانی پ.د هەردووکیان نزیك بوونەوەی سروشتیان لەگەڵ بیرۆکەی پلاندانانادا هەبوو. کۆمارییەکان میراتی دەوڵەتیبوونیان هەبوو، پلاندانان بۆ ئەفسەرانیش کە زۆربەیان دەستەی بەڕێوبەرایەتی سوپابوون، واتەی شێوازێکی ژیانی دەگەیاند، بایەخی زیاتر بە پلاندانانی ئابووریی لەلایەن ژمارەیەك بۆرجوای سەرمایەداری پیشەسازیی مۆدێرن پشتگیریی لێوەدەکرا، ئەوانەی نوێنەرایەتیی سیاسییان(پارتی ئازادیی بوو) کە ساڵی ۱۹٥٥ لە پ.د جیابووەوە. ئەم گروپە هێشتا لە سەرەتای ۱۹٦۰ەکاندا بوو زۆر لاوازبوو تا سیاسەتەکانی تایبەت بە خۆی بسەپێنێت. بەڵام بیروبڕوای پەرەسەندگەرای بیرۆکراتەکان (بە پێشینەیی پ.ک.گ یانەوە ) هەروەها سوپا پشتگیریی خۆی پێبەخشی.

ئارەزووی پلاندانان و پەرەسەندنی هەماهەنگیی هەر لەسەرەتاوە خۆی بەرجەستەکرد، ئەویش لە خاڵی ۱۲۹ی دەستووردا و دواتر لە یاسای ژمارە ۹۱ی سێپتەمبەری ۱۹٦۰ کە لەلایەن "دەوڵەت پلانلەمە تەشکیلات/ ڕێکخراوی پلانی دەوڵەتیی"یە دەرچوو، ئەوەی دەسەلاتێکی بەرفراوانی لە بواری پلاندانانی ئابووریی، کۆمەلایەتی و کەلتوورییدا پێدەبەخشی ر.پ.د لە ڕاوێژکاری بێگانە دەستیکرد بە فۆرمەڵەکردنی پلانێکی پەرەسەندووی ٥ ساڵی. هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە ڕێژەیەکی زۆر ناکۆکی و ناڕەزایەتیی هەبوو سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ر. پ.د. (پ.ک.گ) دیدی دەوڵەتیبوونی لەبەرچاوگرت و وای دەبینی کە دەبێت گشت بوارەکانی پابەندی سیاسەتەکانی ر.پ.د بن. بەڵام پارتەکانی دیکە ئەمەیان بۆ قوت نەدەچوو، هەروەها ئینۆنو ژمارەیەك سازشی سەبارەت بە توانایی ر.پ.د کرد.

لەسایەی حکومەتی پ.ع دا لە پاش ساڵی ۱۹٦٥دا ، دەسەلاتی ر.پ.د هێشتا زیاتر لغاوکرا. دووەمین پلانی ٥ساڵە، کە لە ساڵی ۱۹٦۸دا کە دەستی بە جێبەجێکردن کرد، پابەندبوونی بە کەرتی دەوڵەتییەوە ڕاگەیاند. بەڵام تەنیا کاری بۆ پرۆسەکانی کەرتی تایبەتیی دەکرد. لە کاتێکدا پ.ک.گ لە دیدی دەوڵەتیبوونەکەیەوە، ڕۆڵی دەوڵەتی وەك ئاڕاستەکەر دەبینی، پ.ع وەك هەڵگرێکی دابی پ.د، دەوڵەتی بەوابەستەی کایەی تایبەت بە وەبەرهێنان تایبەت سەیردەکرد.

سیاسـەتی پەرەپێـدانی ئـابوریی لـە سـایەی حکومەتـەکانی دووەمـین کۆمـاردا نزیکـەی تـا کۆتـایی سـەردەمەکە، ئامـانجی پـشتی بـە هـاوردەکردن دەبەسـت بەمەسـتی برەوپێـدانی پیشەسازیی. تورکیا هێشتا هەر پشتی بە هاوردەکردن دەبەست بۆ دابینکردنی نزیکەی سەرجەم کالاّ پیشەسازییەکانی جگە لە کەلوپەلە خۆراکییە دروستکراوەکان نەبیّ، هەروەها چنین، ئاسن و پۆلاّ، هەموو کالاّ بەکاربراوەکانی دیکە لە دەرەوە هاوردەکران. لە لایەکی دیکەوە زێدەبوونی سامانی دانیشوان لە ماوەی ١٩٥٠کاندا، داواکاریەکی زۆری خستبووە سەر بەدەسهێنانی کەلوپەلە بەکاربراوەکان. بەئاگابوونەوەی مەزنی دانیشتووان سەبارەت بە شێوازی ژیانی جیهانی دەرەوەی ئەوروپا (بە تایبەتیی ئەمریکا) وایکرد هەبوونی کەرەستەو ئامرازەکانی وەك ئۆتۆمبیل و بەفرگرو گسکی کارەبایی برەو پەیدا بکەن.

حکومەتە یەك بەدوا یەکەکان جگە لە هاندانی ڕاستەوخۆی وەبەرهێنانی وەك دانی قەرزو کەمکردنەوەی باج، بە سیّ ڕێگا هانی پەرەپێدانی پیشەسازیی نێوخۆیی خانەگیی دا، لەڕێگەی بەرتەسککردنەوەی هاوردەکردنی گشتگیرو دانانی گومرگی زۆر لە سەر کالاّ ئەورووپیی و ئەمریکییەکان و لە ڕێگەی دەستبەسەراگرتنی گۆڕینەوەی دراوەکانەوە. بەوەی کە لیرەی تورکیی بە ئەنقەست تا ڕادەیەکی زۆر بەرز بکرێتەوەو ڕێگە بە کڕینی دۆلارو مارکی ئەڵمانیی بە حکومەت بدرێت بۆ ئەوەی کەلوپەلی بێگانە تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی هەرزان بکڕێت، هەروەها لە ڕێگەی کردنەوەی بازاڕێکی نێوخۆی گەشەسەندوو، ئەو بازاڕەی کە پارەیەکی فرە باشیی دەدایە جووتیاران کە لە نرخە جیهانییەکە بەرزتربوو، هەروەها زەمینەی بۆ بەرزبوونەوەی کرێی کرێکارە کشتوکاڵییەکان خۆشکرد.

وەك بنەما، پیشەسازیی لە شوێنی هاوردن شێوازێکی هاوبەشی گرتەخۆ، بەوەی کە کۆمپانیە بیانییەکە بە تەکنیکی تایبەت، کە ٢٦٦ی پێدەوترا (هەروەها چاوپۆشی پێویست و ) زۆربەی جار بەشێك لە کەرەستە پێویستییەکانی دەگرتە ئەستۆ. هاوبەشە تورکییەکەش بەشێك لە سەرمایە، هێزی کار، سیستمی دابەشکردن و لانی کەمی گرنگ کە پەیوەندییە کاریگەرەکانی لە ئەستۆدابوو. سوپا لە ١٩٦٠-١٩٧٠کاندا لە ڕێگەی (ئۆردو یاردیملاشمە کورو/کۆمەڵەی یارمەتی هاوبەشی سوپا)، (سندوقی پێدانی ئەفسەرانی خانەنشین) ببووە وەبەرهێنەرێکی سەرەکیی لە پیشەسازییە نویّ یەکاندا.

ئاراستەی ناوەکیی و سنووردارکردنی هاوردن ئەوەی پێشاندا کە کێبڕکێیەکی ڕاستیینە لەنێوان کۆمپانیا بیانییەکان و هاوبەشە تورکییەکاندا نییە. هەروەها لە نێو وەبەرهێنە تورکییەکانیشدا کێبڕکێیەکی کەم هەبوو. نزیکە لە تەواویی بەشەکاندا کێبڕکێیەکی بچووك

لـەنێوان بەرهـەم هێنەرانـدا پێکهـات. هـەردوو یـان سـێ کۆمپانیـای کێبڕکێکـەر هەریەکـەو کارگەیەکی ترومبێلیان دادەمەزراند، یـەك کۆمپانیـای ئامرازی بەرهـەمهێنان، یـان یـەك تـۆڕی دابەشکردنی نوشابە، هەروەها بازاڕیان لـەنێوان خۆیانـدا دابەشـکردبوو لـە سایەی ئـەم جـۆر ڕێکخستنە سانایەدا، ئەو پیشەسازییانەی کـە نـەیانتوانی لەگـەڵ جیهـانی دەرەوەدا کێبڕکێـی کـاڵا بیانییـەکان بکـەن، لـە نێوخـۆدا قـازانجی باشـیان دەسـتکەوت. پیـشەسازییە نوێکـان بـە شـێوەیەکی ناهاوسـەنگ لـەنێو هەرێمەکانـدا بڵاوبـووەوە، زۆربـەی ئـەو پیـشەسازییانە لـە ئەستەمبوڵ بوو لەگەڵ ئەو ناوچانەی کەدانیشتوان تیایدا بچوکتربوو وەك ئیزمیرو ئەدەنە .

لـە ڕووی گەشـەکردنی ئابورییـەوە ستراتیژی خستنەشوێنی هاوردەکـان تـا ماوەیـەکی کـەم زۆر سەرکەوتوو بوو، دوای ئەو سـەرەتا سستەی بـەدوای کودەتاکەی سـاڵی ١٩٦٠دا هـات و ئەو قۆناغە دژوارو ئاڵۆزە بەدوایدا هات، ئـابووریی لـە سـاڵی ١٩٦٢دا بـەرز بـووەوەو هـەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣–١٩٧٦دا ڕێژەی ساڵانەی تێکڕای گەشەکردن ٦,٩٪بوو.

لـەبواری پیـشەسازییدا، ڕۆڵـی وەبـەرهێنان هێـشتا گرنگـی خـۆی هـەبوو، نزیکـەی ٤٠٪ی تێکڕای بەرهەمی پیشەسازیی لەم کایەوە سەرچاوەی دەگرت. هەرچـەندە ئـەم لـە شیاویی و کاریگەرییەوە دووربوو. وێڕای هەموو ئەوانە بڕیارەکانی کار لە کەرتی دەوڵەتییدا لـە وانـەش نـرخ دانـانی لەسـەر بەرهەمـەکان کاریگـەری سیاسـیی لەسـەر مـابووەوە، هـەروەها لەگـەڵ زیادبوونێکی زۆری دامەزرێنراوەکان (هێزی کار دوو هێنـدە زیـادی کـرد بـۆ ٦٥٠هـەزار کـەس لـە ١٩٦٠–١٩٧٠کانـدا) بووەهـۆی زیـان و لەدەست چونێکی گـران، تـەنیا لـە سـاڵی ١٩٧٧دا گەشـتە نـۆ بلیـۆن لـیرەی تـورکیی. هـەروەها نەشـیاویی کـەرتی دەوڵـەتیی لـەو راسـتییەدا دەرکەوت کە لە کاتێکدا لە نێوان نیوە تا دوو لەسەرسێی سەرمایەی جێگیری پڕۆژەکـان لـەم کەرتەد ابوو. کەچی لەم ماوەیەدا بەشی ئەو لە تێکڕای بەهای زێدەکراودا لـە نیـوەوە بـۆ سـێ یەك دابەزیبوو.

ئاکـامی ئـەم سیاسـەتی پەرەسـەندنە بریتیبـوو لـەو پیـشەسازییە نـوێ یانـەی کـە بەرهـەمهێنانی بەتونـدیی پـشتی بـە هـاوردەکردنی کەرەسـتەو کەلوپـەلی بیـانیی دەبەسـت. ئەوەش پێویستی بـە دابینکردنـی پێویستییە یەدەکەکانی بیـانیی دەبەست. ئـەوەش مانـای ئەوەبوو کە دەست پێگەیاندنی ئەمانە (بەشێوەیەکی مەزن لە سایەی حکومەتدا) وەك قـەرز و بڕەپـارە ئامـانجی سـەرەکیی بـوون نـەك جـۆری کـەل و پەلـە پیـشەسازیی و بازرگانییـەکان ئـەوەش بـەو ئاڕاستەیەداچوو کـەداخۆ کارگـەکان دەتـوانن بمێننـەوەو بـەردەوام بـن. ئـەوەش لـەماوەی ئـەو دوو دەیـەدا توانـای خـۆڕاگریی لـە هاوسـەنگیی و بازرگـانیی و کورتهێنـانی لـە

هاوسەنگیی پێدانەکان پێشاندەدا. (مرۆ دەتوانیٚ ئەو ئابورییە بێنێتە پێش چاو کە توانای پیشەسازیی هەیە بەڵام ئاراستەی هەناردەکردنی نیە)، کە دابینکردنی دۆلار و مارکی ئەڵمانیی کردە کێشەیەکی سەرەکیی بۆ تورکیا. ئەوەی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ بێگانەکاندا ڕووبەڕووی کردەوە، بەتایبەتی هاوکارییەکانی ئەمریکا کە لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵدا گەیشتە ٥،٦بلیۆن دۆلار. هەرچەندە، زێدەبوونی کۆچکردنێکی مەزنی کرێکارانی تورك بۆ ئەورووپا ئەو کورتهێنانەی داپۆشی، بەلاٚم لە ساڵی ١٩٧٢دا تێکڕای ئەو کورتهێنانە ١،٤٦٢ ملیۆن دۆلاربوو.[٢٠]

## قەیرانی ئابووریی کۆتایی ١٩٧٠کان

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە زیاتر نائارامییە کۆمەلاٚیەتییەکان و تەنانەت توندویژیی شەقامەکانیش، ئەو پەرەگرتنەی قەیرانە ئابورییەکان بوو کە حکومەتی لە کۆتایی ١٩٧٠کان لەسەر ڕێچکەی خۆی لادا.

گرێدانی هاوسەنگیی کورتهێنانی هەمیشەیی پێدانەکان هەروەها ئەو پیشەسازییانەی کە پشتیان بە پشتگیریی بەشداریکردنی بێگانە دەبەست، هەروەها دابینکردنی یەدەگە بیانیەکان، ئابووریی تورکیای فرە لاوازکرد. قەیرانەکانی نەوتی ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤ نرخی نەوتی لە بازاڕی نێودەوڵتیدا بۆ چوار هێندە بەرزکردەوە. ئەوەش بۆ ولاٚتێکی وەك تورکیا کە هەر لە١٩٥٠کانەوە وەك سەرچاوەیەکی وزە پشتی بە نەوت دەبەست، مانای زێدەبوونی خێرای ئەو دراوەبوو لە هاوردەکردندا خەرجدەکراو دەبوایە بەدۆلار بووایە.لە کۆتایی١٩٧٠کاندا پاش دووەمین لەرزە لە نرخی نەوتدا لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ دا، دوو لەسەر سێی داهاتی دراوی تورکیا بۆ هاوردەکردنی نەوت خەرجکرا. لە هەمان کاتدا بازاڕی ساغکردنەوەی کەلوپەلی تورکیی لە ڕۆژئاوا لەسۆنگەی لاوازیی فرۆشکاریی بازاڕەکانی ئەورووپاو پڕبوونیەی بەتەواویی دابەزی. تورکیا بۆ ماوەیەکی کەم گەشەسەندنی ئابووریی بەهۆی ئەو بڕە دراوەی کە لە یەدەکی بانکی ناوەندی بیانیی دەریهێناو هەروەها بە سوودوەرگرتن لە کۆچی کرێکارانی تورك بۆ ئەڵمانیا بەردەوام بوو، بەلاٚم لەدوای ساڵی ١٩٧٤ ئەو گەشەسەندنە بەتوندیی دابەرزی هەرچەندە پاش ئەوەی هەلومەرجی کرێکاران لە

---

[20] Suzanne Paine (1974) *Exporting workers: the Turkish case*, London: Cambridge University Press

توركیـا دژواربـوو، هـەروەها متمانـەیان بـە هەلومەرجەکـەی توركیـا نـەما هەربۆیـە زیـاتر پارەکەیان لە ئەڵمانیە دەهێشتەوە.

حکومەتـەکانی هاوپـەیمانیی بـەرەی نەتـەوەیی ویـستیان لـە ڕێگـەی وەرگرتنـی قـەرزی کورتخایـەنی فرەگرانـی ئـەورووپیی بـە دۆلار رووبـەڕووی ئـەو کێشەیە ببنـەوە، (لـە کۆتـایی دەیەکەدا بەشی زۆری قەرزەکانی تورکیا بریتیبوو لەم چەشنە قـەرزە سوودارەوە) هـەروەها لەڕێگـەی چـاپکردنی پـارەوە. هـەروەها هەوڵیانـدا لەڕێگـەی سـەپاندنی سـنووردارکردنی هاوردنـەوە یەدەکـە گرانبـەها بیانییـەکان بپـارێزن. بـە کارهێنـانی نـەوت لـە پیـشەسازیی و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا بەتوندیی قاتیی بوو. بەچەشنێك بەهاتنی ساڵی ١٩٧٩ ڕۆژانـە بڕینی کارەبا بۆ ماوەی ٥سات ببووە باو، تەنانەت لە ناوەڕاستی زستانیشدا.

بەرزبوونـەوەی نرخـی وزە و سیاسـەتە نابەرپرسیارە داراییـەکانی حکومەتـە یـەك بـە دوای یەکـەکان هەڵاوسـانی پەرەپێدا. هـەر لـە سـەرەتای ساڵانی ١٩٧٠کانـەوە، هەڵاوسـان ساڵانە ٢٠٪ بەرز دەبووەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩دا تاڕادەی ٩٠٪ سەرکەوتبوو. حکومەت لە ڕێگـەی دیـاریکردنی نرخـەوە خوازیـاربوو جڵـەوی سـەرکەوتنی نـرخ بگرێتـە دەسـت (ئـەوەی کـە لـە ١٩٧٣تا١٩٨٠ هـەبوو) ئاکامەکەش بازاڕێکی ڕەشـی مـەزنی لێکەوتـەوە. هـەنگاوێکی دیکـەی کەمکردنـەوەی هەڵاوسـان بریتیبـوو لـە هێـشتنەوەی دەسـکردی ڕێـژەی بـەرزی نرخـی لیرەی تورکی. چەند جارێك ڕوویدەدا نرخی دراو نزمبوونەوەی بە خۆوەدەبینی، بەڵام هەمیشە ئەم حاڵەتانـە زۆر دوادەکـەوت. ئاکـامی ئـەوەش بریتیبـوو لـەوەی کـە بـازاڕی ڕەش بـۆ پـارەو دراویـش ملـی کێـشا. سـنووردارکردنی هـاوردن لـە پێنـاو پاراسـتنی گۆڕینـەوەی دراوە بیانییـەکان هێنـدەی تـر بـازاڕی ڕەشـی پڕکـردو حاڵـەتی قاچـاغیی دراوی بـە ڕادەیـەکی بەرفراوان پەرەپێدا. لە کاتێکدا فرۆشگاکان تادەهات چۆڵتر و چۆڵتر دەبوو.

ئاشکرابوو کـە چـەندین هـەنگاوی کاریگـەر پێویـست بـوو تـا تورکیـا لـەو قەیرانـە داراییی و ئابوورییـەی تێـی کـەوتووە ڕزگـاری بێـت. حکومەتەکـەی ئەجەویـد لەسـاڵی ١٩٧٨دا کـە سەبارەت بە قەرزی نوێ لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵـەتیی و بـانکی جیهـانیی و ڕێکخـراوی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووریدا کەوتە دانوستان. دانوستانەکان لـە سۆنگەی داواکاریی سەختی قەرزبەخشەکانەوە تایبـەت بە ئەنجامدانی چاکسازیی تـا ڕادەیـەکی زۆر دواکـەوت. بـەڵام لـە ژوئیـەی ١٩٧٩دا ، هـەردوولا گەیـشتنە ڕێکەوتننامەیـەك بـەگوێرەی ئـەوە بـڕی ١،٨بلیۆن قەرز درا بەتورکیا. ئەوەش پشتی دەبەست بەو هەنگاوانـەی حکومـەتی تورکیا کە دەبوو لە بواری چاکسازیی ئابووریدا بیهاویشتایە کە تایبـەت بـوو بـە ڕەتکردنـەوەی هـاوردن

و چاودێریکردنی هەناردن، ئازادکردنی ڕێژەی سوود، بەرز کردنەوەی نرخ. بڕینی خەرجیی حکومەت.

کاتێك سلێمان دەمیرئەل لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٩دا گەڕایەوە دەسەلأت حکومەتە نوێیەکەی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەی کردە هەنگاوە بەراییەکانی. ئەو ئەرکە درا بە (تورگوت ئۆزال) کە بریکاری کاروباری ئابووریی و بەرپرسی پلانداناان بوو، ئەویش لە یەنایەری ١٩٨٠دا گورزەیەك چاکسازیی دەستپێکرد. ئەوەی کە پاش قەرزەکان گەیشتنە تورکیا. بەشێك لەو گورزەیە بریتیبوو لە دابەزاندنی نرخی لیرە بە ڕێژەی ٤٨،٦٪ لە ماوەی بەهاری ١٩٨٠دا. هەرچەندە ئاشکرابوو بەرەنگارییەکی بەرفراوانی ئەوە هەبوو کە بە ( چارەسەری شیلی ) (ئاماژەکردنە بە سیاسەتەکانی ژەنراڵ پینۆشیت کە لە شیلی دوای کودەتاکەی دژی سەرۆك ئەلیندی پێشکەشی کرد. چالاکیی بەردەوامیی یەکێتییەکان بە تایبەتیی دسیك وایکرد جێبەجێکردنی پرۆسە چاکسازییە ئابوورییەکەی ئۆزاڵ مەحاڵبێت. ئەندامەکانی دسیك لە نێوان یەنایەر و ئەپرێلی ١٩٨٠دا دەستیان بەسەر ژمارەیەك کارگەدا گرت و لە هەموولاوە پەلامار ڕوویدەدا و لەزۆربەی کاتیشدا هێرشکردنە سەر پۆلیس و پێکهەلپژرانی لەگەڵ سوپادا بەدوادا دەهات .

## کۆتـایی دووەمین کۆمار

ئەو پەرەسەندنانەی بوونە هۆی کۆتایهاتنی دووەمین کۆمارو سێیەمین دەستێوەردانی سوپا لە سیاسەتی تورکیا لەماوەی ٢٠ساڵدا، بەچەند شێوەیەکی جیاوازبوو، کێشەو گرفتە زێدەکانی یاساو ئارامیی ،جیاخوازیی کوردیی ، سیستمی سیاسیی کەپێدەچوو توشی ئیفلیجبوون هاتبێت، شڵەژان و دژواریی ئابووریی. هەروەها ئەوەشی چووە سەر کە بەلای ژمارەیەك خەڵك و هەروەها ژمارەیەك ئەندامانی سوپا کە هەڕەشەی ئیسلامیی توندڕەو، بەتایبەت پاش شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران لە یەنایەری ١٩٧٩ و هاندان و وروژانی پ.ر.ن دەستەو تاقمە ئیسلامییەکانی دیکە، کە دەگونجێت هاوکاریی و یارمەتییان لە ئێران وەرگرتبێت. ئەوانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دیاربوون، لە ٦ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا چەند خۆپیشاندانێکی مەزنیان لە قۆنیە ئەنجامدا کە تێیدا داوای گەڕانەوەی شەریعەتیان کرد و وتنەوەی سرودی نەتەوەیی تورکیان ڕەتکردەوە. هەرچەندە ئەو سرودە لە لایەن شاعیرێکی

ئیسلامیی وەك (محمد عاكیف ئەرسۆی)لە ساڵی ١٩٢١دا نووسراوە ئەو كەسایەتییەی كە لە نێوەندە ئیسلامییەكاندا ڕێزێكی فرەی لێدەگیرا.[21]

هەڕەشەی توندڕەوی ئیسلامیی بەگشتیی بە هۆكاری دەستێوەردانی سەربازیی دادەنرێت، بەلاّم لە هەموو حاڵەتەكاندا تێكڕای ئەو چەند هۆكارانەی ئاماژەیان پێدرا ژەنێراڵەكانی هاندا دەسەلاّت بگرنەدەست پاش ئەوەی وردە وردە متمانەیان بەتوانای سیاسەتكاران نەما كە بەشێوەیەكی كاریگەر فەرماونڕەوایەتیی ولاّت بكەن. هەروەك بینیمان ئامادەكاریی بۆ دەسەلاّت گرتنە دەست هەر لە هاوینی ١٩٧٩دا دەستیپێكرد و هەروەها لە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا، لە كۆبوونەوەیەكدا كە لە ئەستەمبوڵ كرا، ژێنراڵە فرە پایە بەرزەكانی ولاّت بڕیاری داڕشتن و پێدانی ئەڵتیماتیومێكیان بە سیاسەتكاراندا (بەهەمان شێوەی ئەڵتیما تیومەكەی ١٢ی مارتی ١٩٧١بوو). ئەوەی لە٢ی یەنایەری ١٩٨٠دا ئاشكراكرا. بەلاّم لەدیدوسەرنجی ژێنرڵەكانەوە ٦مانگی یەكەمی ساڵی ١٩٨٠بەهەڵبژاردنە گاڵتەجاڕییەكەی سەرۆكایەتییشەوە، پێشانیدا كەسیاسەتكاران نابیستن. لەسات سێ ی بەرەبەیانی ١٢سێپتەمبەری ١٩٨٠داسوپای توركیی سەرلەنوێ دەسەلاّتیان گرتەدەست.

## گۆڕانە كۆمەلاّیەتییەكان: موڵكداران و(كرێكارانی ڕۆژانە كار )

بۆ زۆربەی زۆری هاولاّتییانی تورك، ململانێی نێوان پارتە سیاسییە جیاوازەكان لەبەرژەوەندییەكانی ئەواندابوو، ئەوانەی ژیانیان بەچەندین شێوە كاری تێدەكرا: توندوتیژیی سەرشەقامەكان، لە ڕاستییدا زێدەبوونی سامان هەروەها لە ١٩٦٠ و سەرەتای ١٩٧٠كاندا كە پاشتر دابەزینی نرخی بەدواداهات پەرەسەندنی پیشەسازیی هەروەها كۆچی بەرفراوان لەو ماوەیەدا.

پەرەگرتنی خێرای ژمارەی دانیشتوان، كە دەرفەتی لە بواری كشتوكاڵییدا، هەروەها كۆبونەوەی پیشەسازیی نوێ لە شارەكاندا سەرنجی لادێیەكانی ڕاكێشا و كۆچی ئەوانەی لە

---

[21] دەقی شیعرەكەی محەمەد عاكیف كە هەستی نەتەوەیی دەبزوێنێت و بەناونیشانی "ئیستیقلال مارشەسی/ مارشی ئیستیقلال"و ناونیشانی لاوەكیی "قەهرەمان ئۆردومزە/سوپا قارەمانەكەمان" هەستێكی ئاینیی قووڵ و سۆزێكی توندوتیژانە دژی ڕۆژئاوا دەجوڵێنێت. ئەوەش بە باشیی لە دیدی سیستەمدا بەرجەستە دەبێت كە دەڵێت " سنورەكەم وەك دڵم پڕە لەبڕوا، مەترسە ئەی نەتەوەكەم، ئەو دەعبا یەك دانەی تۆ بە شارستانییەت ناوی دەبەی چۆن هەرگیز دەتوانێت بڕوایەكی بەو شێوەیە بخنكێنێت؟. " ئەوەی جێگەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە كە توندترین كۆماری توركیی سێكیولاریستی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ سرودێكی ئیسلامیی كردۆتە سروودی نیشتمانیی.

**لادێکانەوە بەرەو شارەکان لە سەرەتای ١٩٥٠کاندا لێکەوتەوە: لەوەی ژمارەیەکی زۆر بۆ شارەکانی ئەستەمبولّ، ئەنکەرە ، ئیزمیر و ئەدەنە کۆچیانکرد. ئەو شارانەی کە (شەوبنیاتەکانی ) تێدا پەیدابوو کە پێشتر قسەی لێکراوە. ئەو گەڕەکانەی بە خێرایی پەرەیانگرت و ئەمڕۆ نیوەی ئەنکەرەی پایتەخت پێکدەهێنن و لەسەر نیوەکەی تریشی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی دەژێن. هەرچەندە هێندێك جار شەوبنیاتەکان بە گەڕەکی هەژاران ناودەبران، بەلاّم ئەم ناساندنە دروست نیە، مامەڵەکان بچووك و سەرەتایی بوون. بەلاّم نەك زیاتر لەماڵێکی لادێی قەبارە ناوەنجیی، کە زۆربەی جار بە باخێکی بچووك دەورەدراوە. لە سەرەتادا گەڕەکی شەوبنیاتەکان هە موو جۆرە ژێرخانێکی خزمەتگوزاریی تێدا نەبوو. تەنیا ڕێگەی بەستنەوەیان بە شارەوە لەڕێگەی پاسی بچووکەوەبوو کە سەرەتا موڵکی تایبەت و پاشتر حکومەتیی، بێبەش لە گەیاندنی پۆست. دراوسێکانیان ئەوانەی لە کۆمەڵگەی تایبەت بەخۆیان ڕێکخرابوون بوونە هۆکاری بەکارهێنانی تەواوی کاریگەر لە کێبڕکێی لایەنە جیاوازەکانی هەڵبژاردنەکاندا و پێدانی بەڵێنی سیاستکارە خۆماڵییەکان، ئەوەش ئاکامێکی لێکەوتەوە کە هێدی هێدی ئەو گەڕەکە پەراوێزخراوانەی شار بە تۆڕی کارەبای سەرەکییەوە بەسترانەوەو لولەی ئاویان بۆ ڕەوانە کرا، سیستمی ڕێگاوبانو هێندێك جار دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی ماڵەکان. شارەوانیی هەوڵێکی بەردەوام بەلاّم لاوازی دا تا ئەو زەویانە جیابکاتەوە یاخود باڵەخانەی بەرز و نوێی تیادا بنیات بنێت، بەلاًم ئامادەکاریی ئەو شوێنانەی نیشتە جێبوون هەمووکات بە بەراورد بەو داواکاریە زۆرەی لەسەری بوو دوادەکەوت.**

**هۆکارێکی دیکە بۆ بەهەڵەناونانی ئەو گەڕەکانە بە هەژاران، ئەوەیە کە بە پێچەوانەی دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە لە شارە سەرەکییە مەزنەکانی ڕۆژئاوا ئەوانەی کە لە هێڵی هەژارییدابوون هەستیان نەدەکرد بەشێك بن لە کۆمەڵگا، خەڵکانی ئەو گەڕەکانە لە شارە تورکییەکاندا بە خێرایی تێکەلّ بە یەکتری دەبوون و هاوبەستەگییان پەرەی دەگرت، جیاوازییەکی دیکە ئەوەبوو کە هاوبەستەگیی بنەمای کۆمەلاّیەتیی ئەو ڕەوەندە نیشتەجێیانە نە لەو شارۆکە تورکیانەدا فرە بەهێز مابووەوە. بەوەی کە دانیشتووانی دەوروبەریان زیاتر هەر خەڵکی ناوچەیەکی دیارییکراوی ولاّتەکە بوون (تەنانەت ئەگەر ئەو ناوچەیە ٥٠٠ کیلۆمەتر دوجاش بوایە)، پەیوەندیی نێوان ڕەوەندی ئەو شارۆکانەو ئەو لادێیانەی لە بنەڕەتەوە لێوەی هاتووە نزیك مایەوە، بۆنموونە ئەوانە بۆ ژنو ژنخوازیی دەگەڕانەوە یاخود بۆ وەبەرهێنانی زەوی لە گوندەکانیان.**

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەشێكی كەم لەو ڕەوەندانە توانیان كارێكی ڕێكوپێك لە پیشەسازییە نوێكاندا بەدەست بخەن. زۆربەیان دەبوو كۆی ڕۆژانەی خۆی لە ڕێگەی ئیشێكی كاتیی یاخود كرێكاریی ڕۆژانەوە، یاخود دەستێگریی و دەركەوانیی بەدەستبێنێت. وەك دابێك دەبوایە هەموو ئەندامانی خێزان لە دابینكردنی داهاتی ئەو خێزانەدا بەشداربن، بەشێكی زۆر لە ژن و كچی ئەم ڕەوەندە نیشتەجێیە لە گەڕەكە بۆرجواو خوا پێداوەكاندا دەبوونە كارەكەر. وێڕای ئەوەش ئەو ڕەوەندانە خوازیاربوون لە نێو شارەكاندا بمێننەوەو تەنیا لەكاتی دروێنەدا دەگەڕانەوە.

بەشێكی زۆر لەوانەی گوندە ڕەسەنەكانی خۆیان بەرەو شارەكان جێهێشتبوو لەماوەی ١٩٦٠كاندا خۆیان بە سەرەڕۆییەكی دیكەوە بەستەوە، یەكەمین دەستەی كرێكارنی تورك ڕوویان لە ئەڵمانیا كرد (لەساڵی ١٩٥٧) دەرچووی خوێندنگای تەكنیكیی بوون و لەوێ كۆرسی ڕاهێنانیان وەرگرتبوو. بەڵام لە سەرەتای ١٩٦٠كاندا، كرێكارانی تورك بە شێوەیەكی بەرفراوان ڕوویانكردە ئەڵمانیا. لەسەرەتاشدا ئەم هۆكاری جوڵانەوەیە (ڕاكێشان)بوو زیتر لەوەی (پاڵنان)بێت. گەشەكردنی زۆر خێرای پیشەسازیی ئەڵمانیی لەسەرەتای پەنجاكاندا بەرەوسەر ڕووبەڕووی كەموكوڕیی هێزی كار ببووەوە.

ژمارەیەكی زۆر لە پیاوانی ئەڵمانیا لە جەنگدا كوژرابوون و پەردەی ئاسنیش ڕاكێشانی ڕەوەندی كرێكارانی لە پۆڵەنداوە كردووە بە كارێكی مەحاڵ، ئەوەی ئەڵمانیا پێشتر لە سەدەی نۆزدەیەمەوە پشتی پێدەبەست، هەربۆیە ناوچە هەژارەكانی دەریای سپی ناوەڕاست لە ئەورووپا وەك (ئیتاڵیا، یۆگۆسلافیا، یۆنان) بۆماوەیەك بووە سەرچاوەی دابینكردنی هێزی كار بۆ ئەڵمانیا. یەكەمین كاردانەوەی توركیی سەبارەت بە خواستی ئەڵمانیا بۆ ڕاكێشانی كرێكاران ئەوكاتە بە جدیی دەستیپێكرد كە ڕێكەوتننامەیەكی دوو لایەنەی ئەڵمانیی–توركیی لە ساڵی ١٩٦١دا مۆركرا. كە سەرەتا كاردانەوەیەكی ڕاڕابوو، ئەوانەی یەكەمجار چوونە ئەڵمانیا ئەو كرێكارە شارەزایانەی شارەكان بوون، بەڵام پاشتر ئەم ڕاكێشانە زیادی كردو ئەو كرێكارانەشی گرتەوە كە زۆر نەبوو لە لادێكانی دەوروبەرەوە ڕوویان لە شارەكان كردبوو. پاشتر كۆكردنەوەی ئەو كرێكارانەشی گرتەوە كە ڕاستەوخۆ لە شارۆكە هەرێمییەكاندا بوون. كە ژمارەكان چیرۆكی ئەو ڕەوەندەمان بۆ باس دەكات، لە ساڵی ١٩٦٢دا تەنیا ١٣ هەزار كرێكاری توركیی لە ئەڵمانیا هەبوون. لە ساڵی ١٩٧٠ ئەو ژمارەیە گەیشتە ٤٨٠هەزار، و لە ساڵی ١٩٧٤دا تێكڕای كرێكارانی تورك ٨٠٠ هەزار بوون. لەكاتێكدا ڕەوەندی كرێكارانی تورك بەرەو ئەڵمانیا بەردەوام بوو، كرێكارانی تورك ڕوویان

لـەولاّتانی دیکـەی وەك بـەلجیکا، هۆڵنـدا، فەڕەنـسا، سویـسرا وهـەروەها بـەریتانیا کـردوو لەکۆتایی ساڵانی ١٩٧٠کاندا زیاتر لە٢،٥ملیۆن تورك لە ئەورووپای ڕۆژئاووا دەژیان.

سەرەتا بەشێکی زۆری ئەو ڕەوەندە لەبیری ئەوەدابوون کەپاش چەند ساڵێك بگەڕێنـەوەبۆ ولاّتەکـەی خۆیـان.ئەوانـە سـەرەتا بـە تـەنیا دەچوونە ئـەورووپا، نـە ژن و نـە منـداڵیان لەگـەڵ خۆیـان نەدەبرد،لەئوتێلـە کـۆن وشـوێنە لاتەکانـدا ژیانیـان دەگوزەرانـد و هـەر پنـسێکیان دەخستە سەرپنـسێك. هەرچەندە وردە وردە دەرفـەتی گەڕانـەوە بـۆ تورکیـا کـەم بـووەوە، لـە تورکیاش هەروەك ئەورووپا بژێوی خـەڵك تـا دەهـات ئەستەمتر دەبـوو، گرانیـی زیـاتر دەبـوو، بێ کاریش لـە پەرەسـەندندا بـوو، ئـەوەی وای لـەو ڕەوەنـدە (بـە هانـدانی خێزانەکانیان کرد) گەڕانەوەیان بۆ تورکیا نیمچەمەحاڵ بێت. لـە سـەرەتای ١٩٧٠کانـەوە کرێکـارانی تـورك زیـاتر و زیـاتر خێزانـەکانیان بـەرەو ئـەڵمانیا ڕادەکێـشا. دوای قـەیرانی نـەوتی سـاڵی ١٩٧٣، بێبـازاڕیی لـە فرۆشـگاکانی ئـەورووپادا، داواکردنـی ڕێکخـراوی کرێکـاری تـورکیش وەسـتا، هەرچەندە تا دەهات ژمارەی کرێکارانی تورك لە ئەورووپا لە زیادبووندا بـوو، بەهۆی ئەوەی کە کەس‌وکاری خۆیان دەگەیاندە مێردو باوکانیان. کۆچی نایاسایی کـە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٠ کاندا دەستیپێکردبوو، لە پاش ١٩٧٣ ببووە دیاردەیەکی باو. بە زێدەبوونی بێکاریی لـە تورکیـا خـەڵکانێکی زۆر بوونـە قوربانییـەکی ئاسـان بـۆ ئـەو قاچاغچییە بێویژدانانـەی کـە خەریکی ڕێکخستنی بە قاچاغ ناردنە دەرەوەی ئەو خەڵکانەبوو بۆ ولاّتانی ئـەورووپی یـان وا خۆیـان پێـشاندەدا. ئـەو کرێکـارە نایاسـاییانە (لـەتورکیا بـە "توریـست" ناویـان دەبـردن) زۆربەی کات بێزراوتـرین کاریـان پێدەکردن و کـەمترین کرێیـان پێدەدان، بێئـەوەی کـە زامنـی کۆمەڵایـەتییان هـەبێت، پێگـەی نایاسـاییان وایکردبـوو کـە رووبـەڕووی خـراپترین جـۆری کاروفشار ببنەوە. وێڕای ئەوەش هێشتا ئـەو چیرۆکانەی سەبارەت بەوانـەی کـە باسـدەکران کە چۆن چوونەتە ئـەڵمانیاو لـەوێ هـەڵتۆقیون وایکردبـوو خـە ڵکـی لـە تورکیـا وەك بەهەشـتی بەڵێنپێدراو تەماشای چونە ئەڵمانیا بکەن.

ئاسـەواری ڕەوەنـدی کرێکـاران لەسـەر تورکیـا، بەتایبـەت لەسـەر لادێکـانی تـورك فـرە جیـاوازبوو. ناتوانرێـت نکـوڵیی لـەوە بکرێـت کـە حاڵـەتێکی تێرژانـی سـامان هـەبوو، ئـەوەی لەبنیاتنانی خانووی گەورەوو نوێ تراکتۆر ، ئۆتۆمبیل و کەرەسەی کارەبایی(تەنانـەت پـێش ئـەوەی کارەبـا بگەیەنرێتـە گونـدەکانیش )ئـەوەی کـە پەیوەندییـەکی ئـاڵۆزی لـەهێزی ساماندارى نوێ و سیستمی کۆمەڵایەتییدا لەلادێکاندا پێکهێنابوو. هەروەها دیـدێکی مـادیی نـوێ و شـێوازێکی بـەکاربردنی جـەماوەریی نـوێی پێکهێنـابوو. هـەروەها ئـەو ڕەوەنـدە

ئاگایییەکی نوێی سەبارەت بە جیهانی دەرەوە هێنابووە ئارا، مەرجیش نەبوو ئەو ئاگاییە لە رووی تێگەیشتنەوە چەندە پەسەندە. ئەو ڕەوەندە لە ئەورووپا لەپاش ئەوەی رووبەرووی ئەو ژینەگە نوێیە پیشەسازییە نائاشنایییە بووەوە لە جیاتی ئەوەی لەداب‌ونەریت دوور کەوێتەوە کەچی زیاتر باوەشی پیاکرد. ئەم خولیایە وەختێك زیاتر بوو کە پەیوەندی نێوان ئەو ڕەوەندەو دانیشتووانی خانەخوێیە ڕەسەنەکە دژواربوو. کاتێك بەکارهێنانی ئەو ڕەوەندە لەسەرەتادا بوو ،حکومەتەکان و کارگە پیشەسازییەکان لەهەوڵی ئەوە بوون وێنەیەکی ئەرێیی لەو ڕەوەندە نیشان بدەن وبە (گاستەر بیتەر/کرێکاری میوان) ناویان دەهێنان، (ئەو چەمکەی کە پاشتر لە لای ڕەوەندەکە خۆیەوە تەواو نەرێی دەهاتە پێش چاو ) بەڵام کاتێك دوای قەیرانی نەوت بێکاریی دەستیپێکرد. ناڕەزایەتیی لە نێو دانیشتووانە ڕەسەنە خانەخوێیەکەدا بەرز بووەوە، ئەو ناڕەزایەتییەی کە لە ١٩٨٠کاندا فرە توندتربوو.

## یەکێتییە پیشەییەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی

کۆچکردنی ئەو بڕە زۆرەی کرێکارانی شارەزاو چالاك بۆ دەرەوە تەگەرەیەکی لە بەردەم جوڵانەوەی کرێکارانی تورکیی پێکهێنا. هەرچەندە لەساڵانی ١٩٦٠کاندا، تەنیا دەرکەوتنی پیشەسازیی خۆماڵیی بە خۆوەنەبینی، بەڵکو پەرەسەندنی جوڵانەوەیەکی جدیی کرێکارانی بە خۆوەبینی. دەستوور بەڵێنی بە کرێکاران دابوو کە مافی مانگرتن و بەڕێوەبردنی دانوستانی بە کۆمەڵیان بۆ بسەلمێنێ. لەساڵی ١٩٦٣دا، یاسایەکی نوێ دەرچوو کە بە درێژیی ئاماژەی بە وردەکارییەکانی ئەو لایەنەدا بوو.یەکێتییەکان بەتەواویی لە بەرگرییکردن لە داهاتی کرێکاراندا سەرکەوتوو نەبوون. پاراستنی بازاڕی تورکیی ئەوەی دەگەیاند کە دابینکردنی کرێیەکی بەرز بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەتوانێت نائارامییە کۆمەڵایەتییەکان ڕابگرێت .لەبەرئەوەی دەتوانرا بە ئاسانی وەربگیرێت بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کەلوپەلە پیشەسازییەکان. کرێی ڕاستەقینە لە ١٩٦٠–١٩٧٠کاندا، بەڕێژەی نزیکەی ٥٠ لەسەدا بەرزبووەوەوە. ئەوەی لەحاڵەتێکی وادا مەحاڵ بوو کەپیشەسازییەکی تورکیی بەشێوەیەکی هەناردەیی ئاڕاستە بکرێت و لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازیی ئەورووپادا بکەوێتە کێبرکێ (بۆنموونە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور) .

هەرچەندە، پێویستە بگوترێت کە ئەم دەستکەوتانە بۆ مەبەستێکی کەمی هێزی کار پارێزرا بوو، کرێکارانی ئەو بەشە هاوچەرخەی ئابووریی لەگەڵ پیشەسازییە مەزنەکان. ئەوانە لەماوەی ١٩٦٠–١٩٧٠کاندا، کە بۆ جۆرێك لە ئەرستۆکراتیی کرێکاریی پەرەیان

سـەند بەمـەش مـەزنیی هێـزی کـاری تورکیـا. ئەوانـەی لـە دەزگـا بـچووکەکاندا هەڵدەسـوڕان، بەشێوەیەکی مـەزن نـارێکخرابوون و کرێیـەکی فرە کەمتریـشیان دەسـتدەکەوت. ئـەو قازانجـە کەمـەی دەسـتی پرۆسـە پیـشەسازییە بـچووکەکان دەکـەوت، ڕێگربـوو لـە بـەردەم پێـدانی کرێیەکی زیاتر وەك ئەوەی پرۆسە پیشەسازییە مەزنـەکان دەیانـدا. لـە پـاش سـاڵی ١٩٧٥دا، تەنانـەت خاوەنکـارە مەزنـەکانیش نەیانـدەتوانی درێـژە بـە پێـدانی کرێیـەکی ڕاسـتەقینەی زێـدەتر بـەکرێکاران بـدەن، هەرچـەندە، فـشاری یەکێتییـەکان ڕانەوەسـتا و ئاکامەکەشـی بـە پەرەسەندنی مانگرتنە کرێکارییەکان کۆتاییهات. لەگەڵ پەلاماردان‌و داخستنی کارگـەکان لـە کۆتایی ١٩٧٠کاندا.

ژمارەی بێکاران لەو دەمەدا زۆر ئەستەمە مەزەندە بکرێت، لەکاتێکدا کە هیچ هاوکارییـەکی بێکاران لە ئارادا نەبوو. هاندەرێك بۆ تۆمارکردنی بێکاران نـەبوو. بـەلاّم بەڵگـەی ئـەوە هـەبوو کـە ژمـارەی بێکـاران وەك ڕێـژەی سـەدیی هێـزی کـار کـە لـە دەوروبـەری دە لـە سـەدا بـوو لـە ١٩٦٠کان‌و سەرەتای ١٩٧٠کانداو تا ڕادەیەك جێگیر بوو، بەشێوەیەکی زۆر توند لـە کۆتـایی ١٩٧٠کاندا بەرز ببووەوە.

"تـورك ئـیش" (کۆنفدراسـیۆنی یەکێتییـە پیـشەییەکان ) لـەژێر کاریگـەریی ئـەمریکادا بەئاراسـتەی بـەدیهێنانی قـازانجی مـادیی بـۆ ئەندامـەکانی هەڵـسوڕا. ئـەوەی لـە ڕووی سیاسـییەوە تێکەڵـە بـوو، لەگـەڵ هێنـدێك لەیەکێتییـەکان وسـەرۆك یەکێتییـەکانی دیکـەدا پشتگیریی پارتی کرێکاریی تورکییـان دەکرد،هێنـدێکیان پ.ك.گ وهێندێکیـشیان پ.ع. وەك بنەما، یەکێتییەکان نەدەبوو خۆ لەسیاسـەت هـەڵقورتێنن، بـەلاّم هەوڵیانـدا لەگـەڵ هەرکەسـێك کـە لەدەسـەلاّتدایە پەیوەنـدیی باشـیان هـەبێت. لەسـاڵی ١٩٦٧دا. ژمارەیـەك لەیەکێتییـە پیشەییەکان کە لەلایەن کەسێکەوە ڕێبەرایەتیی دەکران‌و بە پارتی کرێکارانـەوە پەیوەسـت بـوون، جیابوونـەوە، چـونکە هاوکـاریی تـورك ئیـشیان لەگـەڵ حکومەتـە زێـدە ڕاسـتڕەوەکەی دەمیرئـەل ڕەتکـردەوە. پـەرتبوونی ڕاسـتیینە ئەوکاتـە ڕوویـدا کـە تـورك ئـیش ئامادەنـەبوو پـشتگیری لەکارگـەی شوشـە لـە ئەسـتەمبوڵ بکـات. هـەروەها هـەرزوو جولاّنـەوەی یەکێتییـە پیـشەییەکان لـەنێوان تـورك ئـیش وکۆنفدراسـیونێکی نـوێی دیکـەدا (دەڤـەریمجی ئیشـچی سەندیکالەر کۆنفدراسیۆنۆ"دسیك"/کۆنفدراسیونی شۆڕشگێڕانەی یەکێتییـە کرێکارییـەکان) بەتونـدیی دابەشـبوون. هەرلەسـەرەتاوە ململانـێ و کێبڕکێـی نێـوان ئـەم دوو کۆنفدراسـیۆنە فرەتوونـد بـوو. هەریەکـەیان لـەپێناو ڕاکێـشانی کرێکـاران وکێبڕکێـی ئـەوی دیکـەدا، داوای کرێیەکی زیاتریان بۆکرێکاران دەکرد. لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا، وامەزەندە دەکرا کە ئەنـدامانی

تـورك ئـيش لـەنێوان ١مليـۆن بـۆ ١،٣مليـۆن بـن. لەكاتێكـدا دسـيك لـەنێوان ٣٠٠،٠٠٠ بۆ٤٠٠،٠٠٠ ئەندامی هەبوو.[٢٢]

دەستووری ساڵی ١٩٦١ ڕايگەياند، کەتورکيا دەبێتـە دەوڵـەتێکی کۆمەڵايـەتيی (سـەرلەنوێ لێکدانەوەيەکی هاچەرخانە بۆ بنەمای (گەلێتی )سەردەمی کەماليی). لەماوەی شەستەکاندا، سياسـەتکاران هێنـدێك هـەوڵيان لـەم پێنـاوەدا داو بـۆ چـاکردنی هەلومـەرجی کـارکردن و گوزەرانی کۆمـەڵانی خـەڵك تێکۆشـان. لەسـاڵی ١٩٦٥دا، زامنکردنـی کۆمەڵايـەتيی (سۆسـيال سـيگۆرتەلەر کورومـو) دامـەزرێنرا. وەك يەکـەمين هـەنگاو لـە پەرەپێـدانی دەوڵـەتی خۆشـگوزەران. ئەوکۆمەڵەيـە زامنـی بايەخـدانی پزيـشکی دابينکردبـوو. زامنکـردن دژی ڕووداوەکـانی کـارو زامنکردنـی ژيـانی کرێکـاران. پـاش دووسـاڵ، ياسـايەکی ديکـەی کـار شـوێنی ئەوەکـەی سـاڵی ١٩٣٦ی گرتـەوەو ئەوەنـدە فراوانکرابـوو کەهـەمووکرێکارانی گرتبووەخـۆ. نـەك ئەوانـەی لەدەزگايەکـدا کاريانـدەکرد کـەکرێکارەکانی لـە دە يـان زيـاتر پێکـدەهاتن وەك ئـەوەی لەياسـاکۆنەکەدا هـاتبوو. کـاری هەفتانـە بـە٤٨ سـات ديـارييکرا، هەروەها سنوورداركردنی (نەك قەدەغەکردنی)کاری منداڵان پێشکەش کرا.

کرێکارانی دەوڵەتيی بەگشتيی خاوەنی مانگانەی خانەنشينيی خۆيـان بوون و پلانێکيش بـۆ خانەنـشينکردنی کرێکـارانی کـارە ئازادەکـان پێـشکەش کرابـوو. لـەکاتی دامەزرانـدنی "بـاغکور" لەسـاڵی ١٩٧٢دا. هەرچـەندە، تاکۆتـايی ئـەم ماوەيـەش پێڕاگەيـشت سيـستەمی زامنـی کۆمەڵايـەتيی فرە نارێـك وپـەرت وبڵاو بـوو. تـەنيا نزيکـەی ٧٠ لەسـەدی هێـزی کـاری پيـشەسازيی و نزيکـەی ٦٠ لەسـەدی کرێکـارانی پـرۆژە تايبەتييـەکان لەشـارەکاندا زامنـی کۆمەڵايـەتييان هـەبوو. بـۆ زۆربـەی دانيـشتووانی تورکيـا. کـە کرێکـاری کـشتوکاڵيی و خێزانەکانيان بوون، هيچ جۆرە زامنێکی کۆمەڵايەتيی لەئارادا نەبوو.

## پەيوەندييە دەرەکييەکان لەسەردەمی دووەمین کۆماردا

سياسەتەکانی دەرەوەی تێکڕای حکومەتـەکانی سـەردەمی دووەمـين کۆمـار بـە تونـديی بـەو بنەمايانـەوە بەسـترابووەوەوە کـە لـەپاش جـەنگی دووەمـی جيهـانيی داڕێـژرابوو. بەتونـديی پەيوەسـتبوون بـە وڵاتـە يـەکگرتووەکانی ئەمريکاو ڕووکردنـە وڵاتـە ديموکراتـەکانی ئـەورووپا

---

[22]Murat Belge (ed.)*Cumhuriyet dönemi Türkiye ansiklopedisi*,Istanbul:İletişim,n.d,vol 7. يەکێتييە تورکييەکان زۆربەی جار زێدەڕۆييان لە ژمارەی ئەندامەکانياندا دەکرد، هەربۆيە ئەستەمە بە تەواويی ئەو ژمارانە بزانرێت.

بەردی بناغەی ئەوسیاسەتە بوو. ئامانجی سیاسەتەکانی ئەو حکومەتە یەك بەدوایەکانە زێدەکردنی بایەخی ستراتیژیی تورکیا بوو لەچاوی هاوپەیمانانی ئەوروپادا، بۆئەوەی پابەندیان بکات بۆ بەرگرییکردن لەتورکیا و هاوکاریی سەربازیی و ئابورییان لێ بکێشێتەوە. ئەوەی بەردەوامیی ئەو پەیوەندییەی تێکدەدا بریتیبوو لە قەیران سەبارەت بە موشەکەکان، هەرچەندە، بەرهەمهێنانی ئەفیون، قوبرس ، مافی مرۆڤ و مسەلەی ئەرمەن. سەرباری ئەوەش ، ئەو سیاسەتانەی کە لەم ماوەیەدا لە ئەنکەرە سەبارەت بە ستراتیژێکی کاروباری دەرەوە گیرابووەبەر کەمتر و کەمتر لەگەڵ ڕای گشتییدا هاوکۆك بوو.

تورکیا تەنیا بەهۆی ئەندامێتی لە ڕێکخراوی ناتۆدا بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە نەبەسترابووەوە ، بەڵکو هەروەها لە ڕێگەی ٥٦ ڕێکەوتننامەی جیاجیا کە سیانیان پێش ساڵی ١٩٥٠ و ٣١یان لە سەردەمی مەندەریس و ٢٢شیان لە ماوەی کۆتایی ١٩٦٠ کاندا مۆرکرابوو،[٢٣] لە ساڵی ١٩٦٩دا، ١٠ ڕێکەوتننامەی چەتر لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا، کە لەلایەکەوە بەشێك لە ڕێکەوتنەکانی پێشوو وەلانا و لەلایەکی دیکەشەوە هێندێکیانی نوێ کردەوە. ڕێکەوتنامەی ١٩٥٤ سەبارەت بە ئاسانکاریی سەربازیی، مافی دامەزراندنی بنکەو بارەگای سەربازیی بە ئەمریکیەکان لە تورکیا بەخشی. سوپای تورکیی خەرجی دامەزراندنی ئەو بنکانەو دەست پێداهێنانەوەی خستە ئەستۆی خۆی بەمەرجێك ئەو بنکانە وەك بەشێك لە خاکی تورکیا لە قەڵەم بدرێت ، بەڵام ئەمریکییەکان بەڕێوەی ببەن. لە ساڵی ١٩٥٧ بەرەوسەر، بنکەی موشەکە ئەتۆمییەکانی جوپیتەر لە تورکیا دانرا .

لە ماوەی ١٩٦٠کاندا، پەرەسەندنی ناتەبا و دژبەیەك هەبوو: لەلایەکەوە خەرجکردنێکی زۆرو تێچوونی کەلوپەلی سەربازیی و مووچەی ئەفسەرانی سوپا وای لە تورکیا کرد پشت بە هاوکاریی بێگانە ببەستێت، لە لایەکی دیکەشەوە دەستووورە نوێیە لیبڕاڵەکە ڕێگەی بۆ ڕۆشنبیرە چەپگەراکان خۆشکرد وەك ئەوانەی کە پەیوەندییان بە گۆڤاری (یۆن) و پارتی کرێکارانەوە هەبوو کە بە توندیی ڕەخنە لە پشتبەستنی تورکیا بە ئەمریکا و پەیمانی باکوری ئەتڵەسیی بگرن و ئەوەش توندوتیژیی لێکەوتەوە، ئەوانە دژی بوونی بنکەکان و ئەو جیاوگانە بوون کە بەسەربازی ئەمریکیی ڕەوا بینرابوو: وەك پارێزراویان لە یاسای تورکیی و دەسەڵاتی دادگاکان لەکاتی ڕاژەکردندا، هەروەها ڕاژەی تایبەتی پۆستو

---

23 بۆ گەنگەشە سەبارەت بەو ڕێکەوتننامە دوولایەنانە، بڕوانە:

Çağrı Erhan (2002) ‘Türkiye ile ABD arasındaki ikili anlaşmalar’, in Baskın Oran (ed.) *Türk dış politikası: cilt 1 1919–1980*, Istanbul: İletişim, 556.

لێبوردنیان لە گومرگی هاوردەکانیان کە لە گەنجینەکانی تەرخانکردنی (p.x) ەوە بۆیان دەهات. ئەوەش بیری نەتەوەپەرستانی توركیی خستەوە (لەتورکیا زۆر لە چەپگەراکان نەتەوەپەرست بوون) کە لە سەردەمی عوسمانیدا سەبارەت بە سیستمی جیاوگەکان هەبوو. لەماوەی ١٩٦٠-١٩٧٠کاندا، دروشم و هاوار بۆ (تورکیای سەربەخۆ ) یان ( باگیمسز تورکیا/تورکیای بێلایەن) تادەهات بڵندو بڵندتر دەبوو. هەروەها خۆپێشاندانی جەماوەریی دژی هاتنی کەشتی سەر بە هێزی کەشتیگەلی شەشەمی ئەمریکی بۆ تورکیا قەوما.

حکومەتە یەك بەدوایەکە تورکییەکان بەگشتیی وەفادار بە هاوپەیمانان مایەوە. لەنێو تورکیاشدا بەرگریی لێدەکرد، بەلاّم ئەوکاتە تورکیا کەوتەبارێکی ئەستەمەوە کاتێك دەرکەوت کە ناتۆ ڕێکخراوێکە ڕاژە بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەکات نەك ئەوەکەی تورکیا. یەکەمجار ئەوە لە ڕوداوەکەی ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣ دەرکەت، دوای دانوستانەکانی پاش قەیرانی موشەکی کوبا کە تێیدا سەرۆك کەنەدی سەری بۆ خواستەکانی ڕوسی دانەواندو داوای کرد ئەو موشەکانەی کە بنکەکانی لە تورکیایە، پێویستە بکشێنرێنە دوواوە. لە بەرامبەریشدا ڕوسیا بنکەی موشکەکانی خۆی لە کوبا دانانێت. هەرچەندە ئەمە بۆخۆی قوربانیپێدانێکی مەزن بە تورکیا نەبوو، چونکە سیستمی موشەکیی جوپیتێری خۆی ڕەتکرابووەوە و ئیدی پشتی بە سیستمی ئەستێرەی جەمسەریی دەبەست کە بنکەکەی بەهەرحاڵ لەسەر بەکارهێنانی ژێرئاویی بوون. بەلاّم کشانەوەی موشەکەکان ئەو هەستەی بەخشیە تورکیا کە ئەو وڵاتە تەنیا وەك ئامرازێك لە گەمەی ئەمریکا بەکار هێنراوە.

بێزاریی و توڕەییەکی دیکە بەرهەمهێنانی ئەفیون بوو، لەکۆتایی ١٩٦٠کاندا، بەکارهێنانی بەرفراوانی ئەفیون کێشەیەکی سەرەکیی پێکدەهێناو زۆرینەی ئەو ڕێژەیەی ئەفیونو تلیاك کە لە ئەمیرکا دەکێشران لە بنەڕەتەوە لە ڕۆژئاوای ئەنەدۆڵەوە بەرهەم دەهێنرا. حکومەتی ئەمریکا فشاری خستەسەر تورکیا تا ڕێگریی لە بەرهەمهێنانی تلیاك بگرێت. بەلاّم حکومەتە لاوازەکەی دەمیرئەل لە هەلومەرجێکی وادا نەبوو لە بەرامبەر ئەوفشارەدا بتوانێت کارێك بکات. هەرچەندە کاتێك لە ساڵی ١٩٧١، دیموکراسی بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسێردرا، کاتێك حکومەتەکەی نهاد ئەریم کاری بۆ ڕێکەوتننامەیەك کرد کە بەهۆیەوە ڕێگە لە بەرهەمهێنانی تلیاك بگیرێتو لە ساڵی ١٩٧٢ ەوە هاوکاری دارایی لەبری چاندنی تلیاك بدات بەجووتیاران. ئەم بڕیارە ناڕەزایی لێکەوتەوە. هیچ بەرهەمێکی دیکە نەیدەتوانی هێندەی تلیاك داهات بۆ خاوەنەکەی بەدەستبێنێت. هەرچەندە تورکیا خۆی کێشەی

تلیاکی نەبوو، هەربۆیە وا هەستی دەکرد کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا خراوەتە ڕاژەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە. پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە یەکەمین شت بوو کە ئەجەوید لە کاتی هاتنە سەر کورسی دەسەڵات لە ١٩٧٤ ئەنجامیدا.

## دووبارە قوبرس

گرنگترین قەیرانەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پەیوەندیی بە کێشەی قوبرسەوە بوو. لە ساڵی ١٩٦٤دا، قەشە ماکاریۆس سەرۆکی قوبرس و حکومەتەکەی کەوتنەکار بۆ گۆڕینی دەستووری دورگەکە. ئەوەی خودموختارییی تورکەکانی سنووردارکرد. دانیشتووانی تورکیی دورگەکە کەوتنە ژێرفشارو چەند گوندێکی تورکی گەمارۆدران. حکومەتەکەی ئینۆنو کەوتە هەڕەشە بەوەی هێزی ئاسمانیی بەکارهێنا کە بەسەر قوبرسدا دەسوڕانەوەو هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە گەر ماکاریۆس پاشەکشە نەکات تورکیا دورگەکە داگیردەکات. ئەوەی جێگەی گومان بوو ئەوەبوو، داخۆ هێزی دەریایی تورکیی خاوەن توانایەکی تەکنیکییە کە بتوانێت هێزەکانی لەسەر خاکی دورگەکە دابەزێنێت. بەڵام بەهەرحاڵ تورکیا بەهۆی کاردانەوەی ئەمریکاوە ڕێگەی پێنەدرا و سەرۆك جۆنسۆن نامەیەکی ئاراستەی ئینۆنوی سەرۆك وەزیران کرد کە تێیدا هاتبوو داگیرکردنی قوبررس لە لایەن تورکیاوە، یەکێتیی شورەوی ڕادەکێشێتە نێو ململانێکەوەو لە کاتێکی واشدا ناتۆ ناتوانێت لایەنگریی لە تورکیا بکات. هەروەها ئاماژەشی بەوەدابوو کە ئەمریکا ڕێگە نادات ئەو چەك و ئامرازە جەنگییانەی کە بە تورکیای داوە لە هیچ کارێکی داگیرکارییدا بەکاربهێنرێت. ئەو نامەیەی کە دزەی کرد بۆ ڕۆژنامەکان شەپۆلێکی ناڕەزایی دژ بە ئەمریکای لێکەوتەوە. بەوەش جارێکی دیکە دەرکەوت کە (ناتۆ) ئەوەی بە باش نەزانی کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا بپارێزێت.

قەیرانەکە لەساڵی ١٩٦٤دا دامرکایەوە، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٦٧دا سەریهەڵدایەوە . کاتێك ئەنجومەنی ئەفسەرانی دەسەڵاتداری نوێ لەئەسینا هانی یۆنانییە نەتەوەخوازەکانی قوبرسیاندا، هەلومەرجەکە لە پێناو یەکێتیی دورگەکە لە گەڵ یۆناندا بورووژێنن. تورکان فشاریان خستەسەر حکومەتەکەی یۆنان و بۆچەند ڕۆژێك لەنۆڤەمبەردا واپێدەچوو جەنگێك بەرپابێت . بەڵام ئەنجومەنە سەربازییەکەی یۆنان پاشەکشێی کردو قەیرانەکە جارێکی دیکە دامرکایەوە ، بەڵام کاتێك ئەوئەنجومەنە لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە کەناری مەرگ دابوو، نەخشەی بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیی دژی مەکاریۆس کێشا کە لەلایەن پاسەوانی

نەتــەوەیی قوبرســەوە ئەنجامــدرا. ئــەوەی یــەکێتیی دورگەکــەی لەگــەڵ یۆنانــدا ڕاگەیانــد. حکومەتەکەی ئەجەوید لە ئەنکەرە داوای دەستێوەردانی هێزەکانی کرد بۆ مسۆگەرکردنی ســەربەخۆیی و حاڵــەتی دەســتووریی قوبرســی ســاڵی ١٩٦٠(تورکیــا، بــەریتانیای مــەزن و یۆنــان). ئەجەویـد خوازیـاربوو پێـشانیبدات کـە تورکیـا دەتوانیـت سـەربەخۆ بکەوێتـەکار. هـەروەها لەکاتێکـدا دووهێزەکـەی دیکـە ڕەتیـان کـردەوە کـە هـیچ کارێـك بکـەن ، ئەجەویـد فەرمانی دەست تێوەردانی سەربازییدا بە پشتبەستن بەهێزە چەکدارەکانی تورکیا بەتەنیا. هێزەکـانی تورکیـا لــە٢٠ی ژوئیــەدا لــەباکووری قــوبرس دابــەزین و پردێکیــان لــەدەوری کیرنـا(گیرنـا)دامەزرانـد. پـاش ٢ڕۆژ لەسـەر ئاگربەسـت ڕێکـەوتن. بـەڵام کاتێـك توندوتیـژیی گشتیی لـەقوبرس بـەردەوامبوو، هیزەکـانی سـوپای تـورك هێرشـی دووەمیـان لـە١٤ی ئوتـدا ئەنجامداو بەوەش نزیکەی ٤٠ لەسەدی دورگەکە کەوتنە بندەستی هێزەکانی تورك.

پـاش ئـەم ئۆپەراسـیۆنە( کەپڕوپاگەنـدەکانی حکومـەتی تـورکیی نـاوی ئۆپەراسـیۆنەکانی ئاشـتیی لێنـابوو. دورگەکـە بـە پێـی تێکـڕای ئامـانج و مەبەسـتەکان دابەشـکرابوو. ئـەو یۆنانییانـەی لـە بـاکوور دەژیـان و ئـەو تورکانەشـی لـە باشـوور بـوون لـە ماڵـەکانی خۆیـان هـەڵهاتن. هێنـدێك لـە یۆنانییـە لادێییـەکان بە زەبری دەمانچەی سوپای تـورك لـە ماڵـەکانیان دەرکـران. هـەموو پەنابـەرەکان لـە بەشـەکەی دیکـە نیـشتەجێ کرانـەوە. لـە سـاڵی ١٩٨٣دا، کۆمـارێکی تـورکیی سـەربەخۆ بەفـەرمیی لـە بـاکووری قـوبرس ڕاگەیەنـدرا. هەرچـەندە تـەنیا تورکیا دانی پێدانا.

لەچاوی زۆرینەی خەڵکی تورکدا، ئەجەوید سەرکەوتووانە مافەکانی پاراستووە، لەوانەیـە ژیـانی کەمینـەی تورکـەکانی قوبرسـی ڕزگـارکردبێ. بـەڵام لـە ڕووی جیهانییـەوە ئـەو کـارە تورکیـای گۆشـەگیر کـرد. ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا وەسـتاندنی ناردنی چـەکی بـۆ تورکیــا ڕاگەیانــد. ئــەوەی کــە ورده ورده لــە ســاڵی ١٩٨٧دا هەڵوەشــێنرایەوە. وەك کاردانەوەیەك حکومەتی تورکیی ژمارەیەك بنکەی ئەمریکیی لە تورکیا داخست. لە نەتەوە یــەکگرتووەکانیش زۆرینــەی ئەندامــەکانیان پێیــان لەســەر پاشەکــشێی ســوپای تــورك و یەکخستنەوەی دورگەی قوبرسدا دادەگرت.

## هەوڵەکان بۆ دووبارە ئاراستەکردن

هەوڵگەلێك هەبوون بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بەپەیوەندیی لەگەڵ ئەمەریکادا، ئەویش بە پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپا، یەکێتی شورەویی وهـەروەها لەئاستیکی

کـەمتر لەگـەڵ جیهـانی ئیـسلامییدا. تورکیـا لەسـاڵی ١٩٦٤دا، بـوو بـە ئەنـدامی یـەدەکی کۆمەڵگای ئەوروپیی. ڕێکەوتنێك کە ساڵێك پێشتر مۆرکرا، چاوەڕوانی ماوەی ئامادەکاریی ١٧ساڵەی (بـەدووقۆناغ) دانـابوو، پـاش ئـەوەی تورکیـا لەئاسـتێکدا دەبێـت کـە کـار بـۆ ئەندامێتیی هەمیشەیی بکات. لەکاتێکدا واپێدەچوو لەڕێگەی ئەندامێتیی بەتـەواوەتیی دوور بێت (ئەگەر بێکۆتایی نەبێت) پەیوەندییە ئابوورییەکان پـەرەیان سـەندو کۆمەڵگـەی ئـەوروپیی شـوێنی ئەمـەریکای گرتـەوەو بـووە هاوبەشـێکی بازرگـانیی فـرە گرنگـی تورکیـا لەسـاڵانی ١٩٦٠کاندا. ئەجەوید زۆر پەرۆش بوو کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەئاراستەی ئەوروپادا بـەرێت(کۆمەڵگـای ئـەوروپاو وڵاتـانی ئەسکەندەناڤیا کـە سۆشیالیـستەکان فـەرمانڕەواییان دەکـرد) ئـەوەی وایکردکـە ئەجەویـد لەواشـنگتۆن تـەواو بێزراوبێـت. پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ وڵاتـانی ئیـسلامیی، بەتایبـەتیی وڵاتـانی عـەرەبیی هەمیـشە سـەر بـەگرفت بـوو. بـەهۆی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا.

جـــەنگی ٦ ڕۆژەی ســـاڵی ١٩٦٧هـــەژانێکی پـــشتگیرییکردنی چـــەپەکانی تـــورکی بۆفەڵەستینییەکان لێکەوتـەوە. بـەڵام سیاسـەتی حکومـەت هـەروەك پێشوو مایـەوە. قـەیرانی نـەوتی سـاڵی ١٩٧٣-١٩٧٤،کـە نارەحەتییـەکی زۆری بـۆ تورکیـا بـەدواوە بـوو، سـامانێکی باشیشی بۆ وڵاتانی کەنداو هێنا، هانی حکومـەتی تورکییدا کەبەدوای ئەگـەری هاوکاریی عەرەبیی-تورکییدا بگەڕێت. ئەوەی بەچەند هۆکارێکی ئایدۆلۆژییشەوە لەلایـەن وەزیرەکـانی پ.د.ن ئەربەکانـەوە جێگـەی ویـست و خولیایـان بـوو بـەڵام ئەوسیاسـتە کـەم بەرهـەم بـوو. پیـشەسازیی تـورکی بەئاراسـتەی هـەناردەکردن نەدەچووە پـێش وپەیوەنـدیی پێشینەیەکی بازرگانییشی لەگەڵ دورگەی عەرەبییدا لە ئارادانەبوو. پلانێکی ئـەوتۆ بـۆ پرۆسـەی هاوبـەش (شـارەزایی تـورکیی لەگـەڵ پـارەی عـەرەبیی بکـات) نـەیتوانی هـیچ ئاکـامێکی دڵخۆشـکەری لێبکەوێتەوە.پەرەسەندنی ڕاستیینە لـەم ڕووەوەتـەنیا لـەو کاتـە ڕوویـدا کـە بـۆ دووەمین جـار لەساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠نرخی نەوت بەرزبووەوە.

### تیرۆرزمی ئەرمەنیی

سەرئێـشەیەکی جیـا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی تـورکیی و هـەروەها بـۆ حکومـەت بەگـشتیی بریتیبـوو لـە سـەرهەڵدانی تیرۆریزمـی ئەرمـەنیی لەسـاڵانی ١٩٧٠کانـدا.کـە ئامـانجی لێـدانی دیبلۆماتەکانی تورك بوو. یەکەمین پەلاماری بۆسەر کونسوڵی گشتیی تورکیی بوو. لە لۆس ئـەنجلوس (ئەوشـارەی کـە ڕەوەنـدێکی گـەورەی ئەرمـەنیی تێـدابوو)، لـە٢٧ی یەنایـەری

**١٩٧٣دا. واپێدەچوو ئەمە هەوڵێکی شەخسیی بێت بۆتۆڵە سەندنەوە. بەڵام لەساڵی ١٩٧٥دا (سوپایەکی نهێنیی ئەرمەنیی بۆ ڕزگارکردنی ئەرمینیا)لە بەیروت دامەزرا. دامەزرێنەرەکەی (بێدۆرس ئۆهانسیان)بووکەلاوێکی تەمەن ٢٨ساڵە بوو لەشاری موسڵ لەعێراق و نازناوی (یاقوب یاقوبیانی )هەڵگرتبوو. لە١٠ساڵی پاشتردا، ئەو سوپا نهێنییە زیاتر لە٣٠ی دیبلۆماتی تورکیی لەسەراسەری تورکیادا کوشت و ژمارەیەکی لەوە زیاتریشی لێ بریندارکردن.[٢٤] ئەوسوپایەی هەروەها پەلاماری گەشتیارانیشی لە فڕۆکەخانەی (ئۆرلی)نزیک پاریس و(ئیسێنبۆغا)ی ئەنکەرەدا کە(هەردووکیان لەساڵی ١٩٨٢دابوو)هەروەها پەلاماری گەشتیارانی تورك و ئۆفیسەکانی گەشتە ئاسمانییەکان لە ئارادابوو. ئەو سوپا نهێنیە تەنیا خوازیاری تۆڵەسەندنەوە بۆ کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩١٥ نەبوو، بەڵکو داوای لەتورکیا دەکرد دان بەجینۆسایدی ئەرمەنەکاندا بنێت و هەروەها بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی لەباکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ تێدەکۆشا. لەیەنایەرەوە ئەو سوپایە پەیوەندییەکی لەگەڵ گروپە تیرۆرستییە فەڵەستینییەکاندا هەبوو (کەپیاوەکانی رادەهێنان)هەروەها لەگەڵ بازرگانانی مادە بێهۆشکەرەکان(ئەوەی پارەی کڕینی چەکی بۆدابین دەکرد). تائەو کاتەی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٨٢دا پەلاماری لوبنانی دا، بنکەو بارەگاکان کە لەبەیروت بوو پێدەچوو بۆ قوبرس گواسترابێتەوە.**

**لە هەمان کاتدا، کە سوپای ئەرمەنیی خەریکی کوشتنی دیبلۆماتەکان بوو، ڕەوەندی ئەرمەنیی لەفەرەنساو وڵاتە یەککگرتوەکان(ئەو دوو وڵاتەی تاڕادەیەکی مەزن ڕوەندی ئەرمەنیی لەخۆ دەگرت) فشاریان دەخستە سەرحکومەتەکان تاجینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ بەفەرمیی بناسێنن. لەهەردوو وڵاتەکاندا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا. ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ حکومەتی فەرەنسای سەرۆك میتران وکۆنگرێسی ئەمەریکیی دژوارکرد.**

---

[24] **بە رووخسار، واپێدەچوو کە جێگەی سەرسوڕمان بێت کە ٦٠ ساڵ پاشتر نەوەی نوێی ئەرمەنییەکان کە پاش جەنگی دووەمی جیهانیی لەدایك ببوون ببنە تێکۆشەرو پرسی باوانیان لە ئەستۆ بگرن. دوو لێکدانەوە بۆ ئەوە هەیە کە دەگونجێت پێکەوە هاوجووت نەبن. یەکەمیان ئەوەیە کە جەنگی نێوخۆی لوبنان، کە کۆمەڵگەیەکی ئەرمەنیی بایەخداریی تێدایە، ئاگری دوژمنایەتیی نێوان موسوڵمان و کریستانییەکانی جۆشدا. دووەم کە قووڵترە ئەوەیە کە رزگاربووانی ساڵی ١٩١٥و نەوەکانیان تێکڕای توانای خۆیان تەرخانکرد تا تێکەڵ بە کۆمەڵگەی خانەخوێکەیان بن، بەتایبەت لە فەرەنساو وڵاتە یەککگرتووەکان. ئەوان بە باشیی لەوەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کە بۆ "سێیەم نەوە" بیرەوەریی ساڵی ١٩١٥ نزکەی تەنیا شتێکە شوناسی ئەرمەنییان پێناسە بکات. بۆ پرۆسەی ئەو بنکۆڵکردنەی رابردوو کە لەلایەن مێرمنداڵی ئەرمەنیی ئەمەریکییەوە بەشێوەکی هیڵکاریی بڕوانە:**
Peter Balakian’s (1998) *Black dog of fate*, New York: Broadway.

# باسی پازدەیەم

# سێیەمین کۆمار: تورکیا لەساڵی ١٩٨٠وە

## یەکەم: سیاسەت لە ١٩٨٠-١٩٨٩

### کودەتاو ئاکامەکانی: ڕیشەکێشکردنی سیستمە سیاسییەکە

یەکەمین بەیاننامە بەنێوی ئەنجومەنی سەربازییەوە لەسات ٤,٥ی سەرلەبەیانی ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ خوێندرایەوەو ڕایگەیاند کە هێزەچەکدارەکان دەسەڵاتی سیاسییان گرتووەتەدەست بەوهۆیەی کە دەزگاکانی دەوڵەتیی لەبەجێهێنانی ئەرکەکانیان ئیفلیجبوون.[٢٥] بەیاننامەکە ڕایگەیاند کە پارلەمان هەڵوەشێنراوەتەوە، کابینەی وەزارەت لێخراوەو حەسانەی پارلەمانتاریش هەڵگیراوە. پاش ئەوە پارتە سیاسییەکان و دوو یەکێتییە پیشەییە ڕادیکاڵەکە"دیسك"ی سۆشیالیستیی و {میللەتچی ئیشچی سەندیکالان کۆنفدراسیۆنو(میسك)/فیدراسیۆنی یەکێتییە پیشەگەرە نەتەوەیی} یە توندڕەوەکان، لەکارخران. سەرۆکی پارتە سیاسییەکان دەستگیرکران، جگە لە ئەلپئەرسەلان تورکیش کە خۆی شاردەوەو پاش دوو ڕۆژ خۆی بەدەستەوەدا. حاڵەتی نائاسایی لەسەرتاسەری وڵات ڕاگەیەندراو ڕێگە بەکەس نەدرا بچێتە دەرەوە.

نزیکەی هەر لەسەرەتاوە ئاشکرابوو کە سوپا پێیوایە کە لە کۆتاییدا هەردەبێت بۆ سیستمی دیموکراتیی بگەڕێتەوە(سیناریۆیەکی ٨خاڵی بۆئەم مەبەستە لە ١ی نۆڤەمبەردا ڕاگەیەندرا بێئەوەی کاتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکرێت)و پێویستە گۆڕانی ڕادیکاڵ لە سیستمەکەدا بێننەئارا پێش ئەوەی دەسەڵات ڕادەستی سیاسەتکارە مەدەنییەکان بکەنەوە. بە چەندین شێواز، ئەو گۆڕانانەی ئەوان گرتبوویانەبەر بریتیبوو لە هەڵوەشاندنەوەی کاری

---

[25] لە "بەیاننامەی ژمارە یەك" دا دەستەی کودەتاچییەکان شەرعییەتیان بە کارەکەی خۆیاندا بەوەی ئاماژەیان بۆ ئەرکی هێزە چەکدارەکان بە پێی یاسا دا سەبارەت بە "ئیچ هیزمەت کانەنو/ڕاژەی نێوخۆ" کە کۆمارەکە بپارێزن. سەرەتای بەیاننامەکە بە دەستەواژەی "میللی بیرلیك ڤە بەرابەرلیك/یەکێتی نەتەوەیی و هەماهەنگیی" ئەوەی وەك دەستەواژەیەکی سیاسیی سوپا لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کاندا مایەوە.

پێشینەکانیان، واتە ئەنجامدەرانی کودەتاکەی ٢٧ی مایۆی ١٩٦٠، ٢٧ی مایۆ کە کرابووە پشوویەکی نەتەوەیی هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها ١ی مایۆش.[٢٦]

ژێنراڵەکان ئەرکەکانی خۆیان وەك رزگارکردنی دیموکراسیی لەدەست سیاسەتکاران و پاکسازیی لە سیستمە سیاسییەکەدا چاولێدەکرد. ئەوان لەمەدا زیاتر لە پێشینەکانیان تێپەڕاند. نەك تەنیا پارلەمانتاران رەوانەی ماڵەوە کرانەوە و پارتە سیاسییەکانیش داخران، بەڵگو پارێزگار و ئەنجومەنی شارەوانییەکانیش (کە زیاتر لە ١٧٠٠کەس دەبوون) لێخران. هەموو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن لەدەستی سوپادا کۆکرایەوە. بەتایبەت لەدەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەلایەن ژێنراڵ "کەنعان ئەڤەرین"ی سوپا سالارەوە سەرکردایەتیی دەکرا. ئەوەی لە ١٤ی سێپتەمبەردا بە فەرمیی وەك سەرۆك کۆمار راگەیەندرا. هەفتەیەك دواتر، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە ئەمێستا تەنیا لە ئەندامە سەربازییەکانی پێکدەهات، کابینەیەکی ٢٧ ئەندامی لەسایەی سەرۆکایەتیی"بوڵند ئۆلوسو"پێکهێنا، ئەو کابینەیەی کە لە بیرۆکرات و ئەفسەرە خانەنشینەکان پێکدەهات و هیچ سیاسەتکارێکی چالاکی تەنانەت سیاسەتکارانی پێشووشی لەخۆنەگرتبوو. هەموو ئەرکێکی ئەم کابینەیە پێدانی راوێژبوو بە ئەنجومەنی ئاسایش و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە بوو. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ماڤ لێخستنی وەزیرەکانی هەبوو. ئەو ئەنجومەنەی نەك هەر لەڕێگەی وەزارەتەکانەوە کاری خۆی جێبەجێدەکرد، بەڵکو لە رێگەی فەرمانـدە سەربازییە هەرێمیی و ناوچەییەکانیشەوە، ئەوانە بەپێی یاسای سەربازیی دەسەڵاتێکی زۆر بەرافراوانیان پێدرابوو. ئەوانە کرانە بەرپرسی پەروەردە، بڵاوکراوەکان، ژووری بازرگانیی یەکێتییە پیشەییەکان و لە ئەنجامدانی ئەرك و بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەیان قسوورییان نەکرد. ئەوەی بووەهۆی داخستنی رۆژنامەکان و گرتنی رۆژنامەنووس و سەرنووسەرەکان. تەنانەت رۆژنامەی شکۆمەندی "جەمهورییەت"کە لەساڵی ١٩٢٤دا بەهاندانی ئەتاتورك خۆی دامەزرێنرا،ئا لەو کاتەدا داخرا و رێگەی بڵاوکردنەوەی لێگیرا.

ژێنراڵ کەنعان ئەڤەرین ئاشکرای کرد کە تا ئەو لە هەلومەرجەکە دڵنیانەبێت، شوێنێك بۆ سیاسەتکارەکانی پێشوو لە ئایندەی تورکیادا نابێت. دەمیرئەل و ئەجەوید لە ئۆکتۆبەردا ئازادکران. ئەربەکان و تورکیش خرانە بەردەم دادگا(بە تۆمەتی پلانداناین بۆ گۆڕینی باری دەستووریی کۆماری تورکیا)، بەڵام لە پرسی هەردووکیاندا بێتاوانییان راگەیەندرا و دواجار گەڕانەوە سەر شانۆکە. لە ژونی ١٩٨١دا هەموو گەنگەشەیەکی ئاشکرای بابەتە

---

[26] Clement H. Dodd (1983) *The crisis of Turkish democracy*, Beverley: Eothen, 47.

سیاسییەکان قەدەغەکرا. لە ساڵی ١٩٨٢دا، بە فەرمانێکی ئەنجومەنی ئاسایش هەموو گەنگەشەیەکی ئاشکرا لەلایەن کۆنەسیاسەتکارانەوە سەبارەت بە رابردوو، ئێستاو ئایندە قەدەغەکرا. هەموو ئەو کۆنەپارتانەی کە پاش کودەتاکە لەکارخران، بە فەرمیی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا هەڵوەشێنرانەوەو موڵك و دارایییان دەستی بەسەرداگیرا. ژێنراڵەکان وەك هەوڵێکی پەرۆشانە بۆ خۆجیاکردنەوە لە رابردوو، هەوڵیاندا رابردوو تێکبشکێنن. ئەرشیفی پارتەکان، لەوانە ئەوانەی سی ساڵی دوایی پ.ك.گ (چونکە ئەوانەی پێشووتری لەلایەن حکومەتی پارتی دیموکراتەوە لە پەنجاکاندا دەستی بەسەرداگیراو شوێنی هەڵگرتنیان نادیاربوو)لەنێودا هەڵگیران و لەوانەیە لەنێوبرابن.

## سەرکوتی تیرۆریزم و هەروەها نارەزایەتییەکان

لەهەمان کاتدا، شەپۆلێکی دەستگیرکردن وڵاتی گرتەوە، وەك بینیمان، کودەتاکە ساڵێك پێشتر ئامادەکاریی بۆ کرابوو، هەروەها بێگومان لیستی ناوی "ناحەزان" لەبەردەستدا دانرابوو. لەیەکەمین شەش هەفتەی پاش کودەتاکەدا ١١,٥٠٠کەس دەستگیرکران، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا ژمارەی گیراوان گەیشتە ٣٠,٠٠٠ کەس و پاش ساڵێك بۆ ١٢٢,٦٠٠ کەس بەرزبووەوە. لە سێپتەمبەری ١٩٨٢دا، واتە دووساڵ پاش کودەتاکە، ٨٠,٠٠٠ کەس هێشتا لە زینداندا مابوونەوە کە ٣٠,٠٠٠یان چاوەڕێی دادگاییکردن بوون.[٢٧]

کاریگەری ئەرێیی ئەو سیاسەتە ئەوەبوو کە ژمارەی ئەو کردارە تیرۆرستییانەی ئامانجی سیاسییان لەپشتەوەبوو ٩٠ لەسەد دابەزیبوو. هەرچەندە ئەو سیاسەتە بەڕادەیەکی بەهێز دژی چەپەکان ئاراستەکرابوو، بەچەشنێك هەڵمەتی دژەتیرۆرستی دادپەروەرانەتر بوو لەوەکەی ماوەی ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٣بەڕێوەدەبرا، هەروەها ئەندامانێکی زۆری باندە پیاوکوژە تورکییەکان و ئایدیالیستەکانی کە بە"گورگە بۆرەکان" ناسرابوون دەستبەسەرکران.

لایەنی نەرێیی ئەو سیاسەتە ئەوەبوو کە لەبواری مرۆیی و کۆمەڵایەتییدا هێنایەئارا، ئەوە تەنیا تیرۆریستە گومانلێکراو پیاوکوژەکان نەبوون کە دەگیران و لەزیندان توند دەکران، بەڵکو ئەندامانی بەڕێزی یەکێتییە پیشەییەکان، سیاسەتکارانی شەرعیی، پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ، مامۆستایان، رۆژنامەنووسان و پارێزەران و هەرکەسێك کە بەشێوەیەکی ناڕوونیش بۆچوونی چەپگەرا(یان لە هێندێك حاڵەتدا ئیسلامگەرا)یان پێش سێپتەمبەری ١٩٨٠دا

---

[27] . Dodd, op. cit., 45.

دەربڕیبێت، تێکڕای ئەوانە شایەنی ئەوەبوون تووشی دەدردەسەریی گرتن ببنەوە. زانکۆکان بەتوندیی خرانە ژێر دەسەلاتێکی ناوەندگەراوە لەرێگەی دامەزراندنی "یۆکسەك ئۆگرەتیم کورلو/دەسەلاتی خوێندنی بالا"وە، ئەوەی راستەوخۆ هەموو سەرۆك زانکۆو راگرەکانی دیارییدەکرد.[28] پاشتر لە سالّی ١٩٨٢دا، زیاتر لە ٣٠٠ کەسایەتیی ئەکادیمیی لەکارەکانیان دەرکران، پاشتر لەسەرەتای سالّی ١٩٨٣دا دووەمین شەپۆلی لەسەرکارلابردنی بەدواداهات. زۆری دیکە هەبوون کە بەویستی خۆیان خانەنشین دەبوون بۆئەوەی خانەنشینییان پێبدرێت یاخود مافی ئەوەیان هەبێت لە جێگەی دیکەی دەولّەتیی کارێکیان دەستکەوێت.

گیراوەکان چ راستەوخۆ پاش دەستگیرکردنیان و لەکاتی لێکۆلّینەوەدا، چ پاش ئەوەی رەوانەی زیندانەکان دەکران، رووبەڕووی ئەشکەنجەو ئازاردان دەبوونەوە. رێکخراوەکانی لێبوردنی نێودەولّەتیی و مافەکانی مرۆڤ بەبەردەوامیی سەرنجی گشتییان بۆ بەکارهێنانی ئەشکەنجەو هێندێك جار ئاسەوارە سامناکەکەی سەبارەت بە حکومەتی تورکیی رادەکێشا. بەتایبەت کابینە مەدەنییەکەی سالّی ١٩٨٣ لەژێر فشاری نێودەولّەتییدا ناچاربوو بۆ چاککردنی تۆماری ولاتەکەی لەم رووەوە هەنگاو بنێت. ژمارەیەك لە ئەفسەران و پیاوانی پۆلیس برانە بەردەم دادگا. هەرچەندە جلّەوگرتنی دەزگا ئاسایشییەکان لەلایەن حکومەتە مەدەنییەکەوە هێشتا لاوازبوو. ئەشکەنجە زیاتر لەو ماوەیەدا بەربلاوبوو کاتێك گیراوەکە لە گرتووخانە راگیرابووو رووبەڕووی تۆمەتەکانی نەکرابووەوە. دوای کودەتاکە ئەم ماوەیە بۆ گیراوەکان ٩٠ رۆژبوو، بەلام لەماوەی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کاندا ئەو کێشەیە درکی پێکراو ماوەی گرتن و لێکۆلّینەوە وردە وردە کەمکرایەوە.

وێڕای ژمارەیەکی زۆر پرسی تایبەت، چەندین دادگای گشتیی دژی "میللی سەلامەت پارتەسی/پارتی سەلامەتی نەتەوەیی"، "میللەتچی حەرەکەت پارتەسی/پارتی بزافی نەتەوەیی" و پارتی کرێکارانی تورك و دیسك و هەروەها رێکخراوی "دەڤریمجی سۆل/چەپی شۆڕشگێڕان" و پەکەکەی کورد، رێکخرا.

لەزۆربەی پرسەکاندا، دادگاییەکان لەبەردەم دادگای سەربازییداو لەسایەی یاسای سەربازییدا ئەنجام دەدرا، بەگشتیی، پاش دووسالْ بەسەر کودەتاکەدا، نزیکەی ٣٦٠٠ سزای مەرگ لەو دادگایانەوە راگەیەندرا، هەرچەندە ٢٠ لەوانە لەراستییدا جێبەجێکرا،[29] هەروەها هازارانی دیکە هەبوون کە سزای کەمتریان بۆ بڕایەوە.

---

[28] تەنانەت سەرۆك زانکۆکانیش راستەوخۆ لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دادەنران.

[29] . Dodd, op. cit., 45.

## دەستووره نوێیەکە

هێندەی سوپا بایەخی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی ژیانی سیاسیی دەدا، زیاتر یا کەمتر رێچکەی کودەتاچییەکانی پێش خۆی لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ گرتەبەر. ئەنجومەنێکی راوێژکاریی کە لە ١٦٠ ئەندام پێکدەهات بۆ یەکەمین جار لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا کۆبووەوە. ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە دەستنیشانکران، ٤٠یان راستەوخۆو ١٢٠ەکەی دیکەشیان لەلایەن فەرمانداره نوێیەکانەوە دەستنیشاندەکران. ئەو فەرماندارانەی کە بۆخۆیان لەلایەن سوپاوە لە هەرێمەکان دانرابوون. ئەم ئەنجومەنە کۆمسیۆنێکی دەستووری ١٥ئەندامی هەڵبژارد کەلەلایەن پرۆفیسۆر"ئۆرهان ئالدیکاچتی"یەوە سەرۆکایەتیی دەکرا. ئەو کۆمسیۆنەی کە یەکەمین رەشنووسی دەستووره نوێیەکەی ١٧ی ژوئیەی ١٩٨٢ی ئامادەکرد

رەشنووسەکە لە زۆر رووەوە لەگەڵ پەرەسەندنەکانی دەستووری ساڵی ١٩٦٠دا ناکۆك بوو. ئەمەیان دەسەڵاتی لە دەستی دەزگای جێبەجێکردندا کۆکردبووەوە و دەسەڵاتی سەرۆك و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی زیادکردبوو.هەروەها ئازادیی رۆژنامەوانیی سنووردارکردبوو، ئازادیی رێکخراوەپیشەییەکان (قەدەغەکردنی مانگرتنی سیاسییەکان، مانگرتنە هەماهەنگییەکان، مانگرتنی نەتەوەییەکان) هەروەها مافوئازادییەکانی تاك. مافو ئازادییە ئاساییەکان ( وەك ئازادیی دەربڕین و ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە) لەنێو دەستوورەکەدا هاتبوون، بەڵام مەرج و شەرتی ئەوتۆی بۆ دانرابوون کە دەتوانرا لەکاتی جێبەجێکردن و لە رووی کردارییەوە پوچەڵ بکرێتەوە، هەڵپەسێردرێت یاخود سنووردار‌بکرێت،بە بیانووی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان، ئارامیی گشتیی، ئاسایشی نەتەوەیی، مەترسیی لەسەر ئارامیی کۆمارو تەندروستی گشتیی

دەستووره نوێیەکە لە ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٨٢دا خرایە راپرسییەوە. پەسەندنکردن و رەتکردنەوەی دەستوورەکە راستەوخۆ بە شەخسی ژێنراڵ ئەڤرینەوە بەسترابووەوە چونکە خاڵێکی کاتیی دەستوورەکە (لەکاتی گواستنەوە لە حوکمی سەربازییەوە بۆ مەدەنیی) ئەوەی کردبووە مەرج کە ئەگەر دەستوورەکە ئەرێ کرا ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەبێتە سەرۆك. ئەڤرین لەسۆنگەی سەرکوتکردنی تیرۆری سیاسییەوە هێشتا لەنێو خەڵکدا جەماوەرێتی خۆی هەبوو، هەربۆیە ئەم لایەنە دەگونجێت پەرۆشیی بۆ پرسەکە بێنێتەئارا. ئەگەرنا دەستوورەکە لە چاوی خەڵکانی ئاسایی سەرشەقامدا زیاتر نووسراوێکی رەقوتەق بوو.

وێڕای ئەوەی ژێنراڵەکان دەرفەتێکیان لەبەردەمدا نەبوو، دەنگدان بە ناچاریی ئەنجامدراو ئەوانەی خوازیاربوون دەنگ نەدەن یان گوێی پێنەدەن، نەك هەردەبوو سزایەکی مادیی بدەن بەڵکو مافی دەنگدانیشیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەدەست دەدا. سەرباری ئەوەش، بەگوێرەی بڕیاری ٢٠ی ئۆکتۆبەر هەموو رەخنەگرتنێك لە دەستوور قەدەغە بوو، خاڵە کاتییەکانی یاخود گوتەکانی ژێنراڵ ئەڤەرین بە قازانجی دەنگدان بە بەڵێ بوو. ئەوەش زەمینەی ئاکامێکی چاوەڕوانکراوی بۆ راپرسییەکە خۆشکرد کە بەرێژەی ٩١,٤ بەڵێی بۆ کرا. تەنیا لە ناوچە کوردییەکانی باشووری رۆژهەلات رێژەیەکی بەرزی دەنگدان بە نەخێر تۆمارکرا.

## دیموکراسیی بە تەنگەبەرێکدا

پاش ئەرێکردنی دەستوورو چەسپاندنی ئەڤەرین وەك سەرۆك کۆمار، ژێنراڵەکان وەك پێویست بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەرنامەی سیاسییان بۆ قۆناغی دادێ کەوتنەکار. لە مارتدا یاسایەکی نوێ بۆ پارتە سیاسییەکان بەفەرمیی راگەیەندرا. ئەو سیاسەتکارانەی پێش سێپتەمبەری ١٩٨٠ هەڵسوڕاو بوون بۆ ماوەی دەساڵ کاری سیاسییان لێ قەدەغەکرا.ئەمێستا دەتوانرا پارتی نوێ دابمەزرێنرێت بەڵام دامەزرێنەرەکەی دەبوایە پشتگیریی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێبوایە. خوێندکاران، مامۆستایان و کارمەندان لە ئەندامیەتیان بۆ پارتە سیاسییەکان قەدەغەکران. رێگە نەدرا بە پارتە سیاسییەکان ریشەی کۆمەڵایەتییان هەبێت بەوەی کە قەدەغەکرا ئەو پارتانە لقی ژنان یان خوێندکارانیان هەبێت، یاخود پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتییە پیشەییەکان پەرەپێبدەن و لەنێو لادێکاندا لق دابمەزرێنن. ١٥ پارت دامەزرێنران، بەڵام سوپا پێیوابوو ١٢ لەو پارتانە شایەنی پەسەندکردن نین، هەرچەندە لەلایەن دامەزرێنەرانیشیانەوە چەندین گۆڕانکاریی لە بەرنامەکانیاندا کرا.ئەو پارتانەی بە ئاشکرا لەسەر داروپەردووی پارتی عەدالەتەکەی دەمیرئەل دامەزرێنران (پارتی تورکیای مەزن و پارتی رێگای راست) هەروەها (پارتی سۆشیال دیموکرات) کە لەسەر داروپەردووی پارتی کۆماری گەل دامەزرێنرابوو لەنێو پارتە قەدەغەکراوەکاندا بوون. لە کۆتاییدا ئەو سێ پارتەی کە رێگەیان پێدرا لە هەڵبژاردنەکانی ٦ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٣دا بەشداربن بریتیبوون لە:

*(میلەتچی دیموکرات پارتەسی/پارتی دیموکراتی نەتەوەیی) ئەو پارتەی زۆر لە ژێنراڵەکانەوە نزیك بوو و لەلایەن ئەوانیشەوە پشتگیریی دەکرا هەروەها لەلایەن ژێنراڵێکی خانەنشینەوە کە تورگیوت سونالپ بوو سەرکردایەتیی دەکرا .

*(هەڵکچی پارتەسی/پارتی گەل) کە نەجدەت کالب سەرۆکایەتیی دەکرد . ئەم پارتە لە باڵی سوننەتیی کەمالیستی پ ك گ ەوە نزیك بوو .هەروەها

*(ئەنەڤەتەن پارتەسی/پارتی نیشتمان) لەلایەن تورگوت ئۆزالەوە سەرۆکایەتیی دەکرا ، ئەو پیاوەی لەپشت ئەو بەرنامە چاکسازییە ئابوورییەوە بوو کە لە ساڵانی ١٩٧٨-٨٠ بەرێوەدەچوو. هەروەها ئەوەی وەك وەزیری باڵا و بەرپرس لە کاروباری ئابووریی راژەی کردبوو

سەرکردایەتیی سوپا بە ئاشکرا لایەنگریی لە پ د ن و بە رادەیەکی کەمتر لە پ گ دەکرد. چەرخی چەپگەرد وایکرد ئەوە بیێتە سەرچاوەیەکی هێزی سەرەکیی تورگوت ئۆزال. ئەوە وایلێکرد بتوانێت وەك دیموکراتخوازێکی رەسەن دەربکەوێت و پاش سێساڵ دەنگی ئەوانە بەدەست بێنێت کە خوازیاربوون سوپا لەسیایەت وەدەرنێن . لەم هەڵبژاردنانەدا پ ن ەکەی توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبێنێت بەشێوەیەك ٤٥ لەسەدی دەنگەکانی بەدەستهێنا. پ گ یش رێژەیەکی بەرچاوی دەنگەکانی بەدەستهێنا کە ٣٠ لەسەد بوو. لەکاتێکدا پارتەکەی ژێنراڵەکان، واتە پ د ن، دەنگێکی کەمی هێنا و بە پلەی سێیەم هات کە ٢٣ لەسەدی دەنگەکان بوو. سیستمی نوێی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی مەزن بەقازانجی پارتە مەزنەکان رێکخرابوو لەبەرئەوەی یاساسازان پێیان وابوو کە نفوزی ناهاوسەنگی پارتە بچووکەکان پێش ساڵی ١٩٨٠ یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ئیفلیجبوونی سیستمەکە. لە ئاکامدا ٤٥ لەسەد زۆرینەی رەهای لە ئەنجومەنی نوێدا بە پ ن بەخشی.

دوای ئەم ئاکامە سەرسوڕهێنەرە، ئۆزال وەك پێویست بووە سەرەك وەزیر، هەرچەندە ئەمێستا سوپا لەلایەن (ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی) ەوە نوێنەرایەتیی دەکرا (ئەوەی پاش هەڵبژاردنەکان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوویە) لەنزیکەوە چاودێری دەکرد. کابینە نوێیەکە بە "کابینەی ئەندازیاران" دەناسرا. ئۆزال خۆی وەك ئەندازیارێك راهێنانی کردبوو (هەروەك دەمیرئەل پێش ئەو) هەروەها نۆ ئەندازیاری دیکە لە کابینەکەدا بوو

پ ن کە حکومەتە نوێیە بە پشتگیریی ئەو بەرێوەدەچوو، لە هاوپەیمانیەتیەکیی ناوازەی رەوتە ئیدۆلۆژییەکان بەرژەوەندیی دەستەوتاقمە جیاوازەکان پێکدەهات کە زیاتر بەو هۆیەوە خۆیان بەو پارتەدا هەڵواسیبوو چونکە لە سایەی سیاسەتەکانی سنووردارکردنەوە کە سوپا پەیرەوی لێدەکرد ئەوانە شوێنێکی دیکەیان نەبوو پەنای بۆ بەرن. پارتەکە لایەنگریی کۆنە ئەندامانی پارتی عەدالەتی بۆخۆی راکێشا بوو، ئەوەی بۆ خۆی لە

هاوپەیمانیەتیی بۆرجوای پیشەسازکار، جووتیاران و بیزنزمانە بچووکەکانی ئەنەدۆڵ، پارتی رزگاریی نەتەوەیی دەمارگیر و هەروەها پارتی کاری نەتەوەیی فاشیست پێکدەهات.

کەسایەتیی تورگوت ئۆزال بۆ پارتەکە گرنك بوو، لە راستییدا ئەوە جێگەی گومان بوو کە هاوپەیمانیەتیی لە نێو پارتەکەیدا هێندە درێژەی هەبوایە ئەگەر کەسایەتیی ئەو نەبووایە. ئەو پێی لەهەردوو لایەنەکەدا بوو، ئەو بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووی پرۆژە پیشەسازییە تایبەتییەکان بوو لە سالآنی حەفتاکاندا هەروەها پەیوەندییەکی باشی بە ناوەندی بیزنسە مەزنەکانەوە هەبوو، زۆریش ئارەزووی لە لیبرالیزەکردنی ئابووریی بوو. لەلایەکی دیکەوە بەوەناسرابوو کە پەیوەندیی بە رێبازی نەقشبەندییەوە هەیە و (کۆرکوت)ی برای یەکێك بوو لە ئەندامە رێبەرییەکانی پ ر ن (هەروەها تورگوت ئۆزالیش خۆی کاتی خۆی هەوڵێکی دابوو ببێتە نوێنەری ئەو پارتە). ئۆزال لەنێو پارتەکەیدا زۆر شارەزایانە گەمەی دەکرد و ئەندامە رێبەرییەکانی ئەو پارتەی بەگژ یەکتردا دەکرد.

لەسەروو هەمووەوە، ئۆزالیش هەروەك دەمیرئەل نموونەی ئەو سیاسەتکارانە بوو کە دەتوانێت پێناسە لە کەسایەتیی ئاسایی تورك بکات. ئەو لە مەڵاتیەوە هاتبووە نێو دنیا کە شارۆکەیەکی هەرێمییە لە ناوچەیەکی دواکەوتوودا و هەروەها ئەو پیاوێك بوو خۆی خۆی دروستکردبوو، کەسایەتیی و پێگەو کارەکەی بەرجەستەی هیوا و خولیای بێئەژماری جووتیاران، موڵکداران، هەروەها بازرگانی بچووك و خودپیشەکانی دیکەی دەکرد، ئەوانەی کە ئۆزال دەیتوانی بە زمانیان گوتاریان بۆ بدات. دروشمی هەڵبژاردنەکەی کە وەك (ئۆرتا دیرەك/ کۆڵەکەی رەشماڵ) وەسفی ئەم بەشەی کۆمەڵگای پێدەکرد و بەکارهێنانی بۆ خۆلێکنزیك کردنەوەیان بوو .

## لیبرالیزەکردنی پلە بە پلە

لە سایەی ئۆزالدا پرۆسەی هێواشی دیموکراتیزەکردنی زێدەتر (یان فراوانکردنی رێگەکە) بەرێوەدەچوو. هەرچەندە، وێڕای هاوکاریی ئۆزال لەگەڵ سوپادا، کەچی بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی باڵادەستی سیاسەتی مەدەنیی بەسەر سوپادا تێدەکۆشا. پێش هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان لە مارتی ١٩٨٤دا زۆرینەی ئەندامانی پارتی دایکی نیشتمان لە ئەنجومەندا دەنگیاندا تا هێندێك لەو پارتانەی تا ساڵێك لەوەپێش قەدەغەکرابوون بتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن . ئەوەش لەخۆیدا فێڵێك بوو بۆ پەرتەوازەکردنی دەنگی بەرهەڵستکاران (ئەوانەی رووبەرووی ئەو هەوڵە بوونەوە)، بەڵام

ئەوەبۆخۆی زیانی بە پ دا ك یش گەیاند. ئاکامی هەڵبژاردنە هەرێمییەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو: پ دا ك کەمتر لە چوار مانگی پێشووتر باشتر بوو بەوەی ٤١,٥ لەسەدی دەنگەکانی هێنا. پلەی دووەم لەلایەن پارتێکی نوێ (سۆسیال دیموکرات پارتەسی/ پارتی سۆشیال دیموکرات) بەدیهات کە لەلایەن ئەرداڵ ئینۆنوی کوڕی عیسمەت پاشاوە ڕێبەرایەتیی دەکرا کە ٢٣,٥ی دەنگەکانی هێنابوو. پلەی سێیەم لەلایەن پارتێکی نوێ (دۆگرو یۆڵ پارتەسی/ پارتی ڕێگای ڕاست) بەدەستهات کە هەموو کەس دەیزانی پارتی دەمیرئەلە، ئەو خۆی هێشتا کاری سیاسیی لێ قەدەغەکرابوو و سیاسەتکارنێکی دیکە ڕێبەرایەتییەکان دەکرد، ئەم پارتە ١٣,٥ لەسەدی هێنا بوو. (ڕەفا پارتەسی/ پارتی خۆشگوزەرانیی) کە بەرجەستەی پارتی ڕزگاریی نەتەوەییەکەی ئەربەکانی دەکرد ٤,٥ لەسەدی دەنگەکانی هێنا. دوو پارتەکەی تر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی نیشتمانیی ساڵی ١٩٨٣دا بەشدارییان کرد، دەرکەوت کە لە بناغەوە دوو پارتی کارتۆنی بوون و یەکەمیان کە پارتی گەل بوو کەمتر لە ٩ لەسەدی دەنگەکان و ئەوی کەشیان کە پارتی دیموکرانی نەتەوەیی بوو ٧ لەسەدی دەنگەکانی هێنا.

هەڵبژاردنەکان دیمەنێکی سیاسیی فرە ناوازەیان هێنابووە ئارا بە چەشنێك پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی نێو پارلەمان به ئاشکرا شەرعییەتی خۆیان لەدەستدا، لەکاتێکدا بەشێك لە پارتانەی کە ڕێژەیەکی زۆری دەنگدەر بە ئاشکرا لە پشتیانەوە راوەستابوو لە بنەڕەتدا لە ئاستی نەتەوەییدا نوێنەرایەتییان نەبوو. لەلای چەپەوە، ئەم گرفتە بەوە چارەسەرکرا کاتێك پارتی گەل و پارتی سۆشیال دیموکرات لە نۆڤەمبەری ١٩٨٥دا یەکیان گرت، بەڵام لە هەمان کاتدا کێبڕکێکەرێکی نوێ بۆ میراتگرەکەی کۆنە پارتەکەکەی کۆماریی گەل پەیدا بوو کاتێك ( دیموکرات سۆل پارتەسی/ پارتی چەپی دیموکرات) دامەزرێنرا، ئەو پارتەی لە پشتی پەردەوە لەلایەن بوڵەند ئەجەویدەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا، و ڕەهسان ی ژنی کردبووە پێشەنگی، ئەوەی کە بووە ژنەسەرۆکی پارتەکە. ئەجەویدییەکان هەر زیندووکردنەوەیەکی پ ك گ کۆنەکەیان ڕەتکردەوە، پارتی سۆشیال دیموکراتیان بە پارتێکی دەستەبژێرو مۆدێلێکی کۆن دادەنا. لەجیاتی ئەوانە وایان بە باش دەزانی بەو پارتە نوێیە کە پارتی چەپی دیموکراتە تێهەڵچنەوە، ئەوەی ئەوان ویستیان وەك تەنیا پارتی ڕاستەقینەی (کرێکارن) ڕێکیبخەن. لە مایۆی ١٩٨٦دا ، ڕێبەرایەتیی پ د ن دەرئەنجامەکانی خۆی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەڵهێنجا و خۆی هەڵوشاندەوە. زۆربەی پەرلەمانتارەکانی بە پ دا ن وە پەیوەست بوون، هەرچەندە هێندێکیان پ ڕێ ڕ یان پێ باشتر بوو. لە ١٨ی دیسەمبەردا

ئەنـدامانێکی تاقمەکـەی ئینۆنـو روویـان کـردە پ د چ ەکـەی ئەجەویـد، ئـەوەش هـەروەها نوێنەرایەتی بەو پارتە لە پارلەماندا بەخشی.

## گەڕانەوەی پاریزانە کۆنەکان

لە هەمان کاتدا، کۆنە رێبەرە سیاسییەکان سێبەرێکی زێدەیان بەسەر ژیانی سیاسییەوە هـەبوو، نـەك تـەنیا لـەو رێگەیـەوە کـە ژمارەیـەك پـارتی سیاسـییان لـە پـشت پـەردەوە بەڕێوەدەبەرد، بەڵکو هەروەها بەیاننامە و داخۆیانی سیاسیی (هێشتا لە رووی فەرمییەوە ناشـەرعیی) یـان دەدا. ئـۆزال بڕیاریـدا کێبڕکێیـان پەسـەندبکاتو بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ریفرانـدۆمێکی سـەبارەت بـە گـۆڕینی دەسـتوور راگەیانـد، ئـەوەی رێگـە بـە کۆنـە سیاسـەتکارەکان دەدات کـە لـە سـەرلەنوێ لـە کاروبـاری سیاسـییدا بەشـداریی بکەنـەوە. لـە هـەمان کاتـدا، ئـەو بـە خـۆی و پارتەکەیـەوە هەڵمـەتێکیان دژی گەڕانـەوەی ئـەو کۆنـە سیاسەتکارانە دەستپێکرد. لە ریفراندۆمەکەدا کە (لە ٦ی سێپتەمبەری ١٩٨٧دا ئەنجامدرا) ئەو بە رێژەیەکی زۆر کەم دۆڕاندی: ٥٠,٢٤ لەسەدا بەڵێ دژی ٤٩,٧٦ لەسەدا نەخێر.

ئاکامی راپرسییەکە وای لـە ئـۆزال کـرد کـە هەڵبـژاردنی پـێش وەخـت راگەیـەنێتو بیخاتـە نۆڤەمبەری ١٩٨٧. ئەو هۆکارێکی زۆر باشی بەدەستەوەبوو بۆ ئەو کارە: بەشێکی زۆر لەو خەڵکـەی کـە لـە ریفراندۆمـە دەسـتوورییەکەی سـاڵی ١٩٨٢دا بەشـدارییان نـەکردبوو بۆیـان نەبوو تا ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی هیچ دەنگدانێك بکەن. بێگومان ئەوانە لێیان چاوەڕواندەکرا دەنـگ بـۆ ئۆپۆزسـیۆن بـدەن. پ دا ن پـێش هـە ڵبژاردنەکـە بڕیاریـدا سـەرلەنوێ یاسـای هەڵبژاردنـەکانیش بگۆڕێـت. سیـستمی هەڵبـژاردن لـەو کاتـەدا ئاسـتێکی هـەرێمیی و نیـشتمانیی لـەخۆدەگرت بەشـێوەیەك ئـەو پارتـەی کـە لەهـەرێمێکی دیـارییکراو زۆرینـەی دەنگـەکانی نەهێنایەتـەوە ئـەو ئـەو دەنگانـەی لەدەسـت دەچـوون کـە لـەو هەرێمـە بەدەسـتی هێنابوو، ئەو دەنگانەی کە بەشێوەیەکی رێژەیـەکی لـە نێوان پارتـە مەزنەکاندا دابەشدەکرا. ئەوەش ئامادەکاری پ دا ن بوو تا زۆرینەی رەها لە ئەنجومەنی نەتەوەییدا بێنێتەوە. وێڕای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی نۆڤەمبەردا تـەنیا ٣٦,٣ لەسـەدی هێنـا. پ س د باشتر بوو، ئـەوەی سـەرۆکەکەی ئـەردالْ ئینۆنـو بـوو کـە تـا بلێـی گـەنجێکی قیـت و قـۆز بـوو، بـەڵام سیاسەتکارێکی شووم بوو، بۆیە وەك سەرسوڕمانێك هات کاتێك هەڵمـەتێکی پاك و توند لـە دەوری سـیمبولێکی لیمـۆی گوشـراو بـەڕێوە دەچـوو( مەبەسـت لێـی پێگـەی زۆرینـەی دانیـشتوانە لـە سـایەی حـەوت سـاڵ "بەرنامـەی ئارامکردنـەوەدا")،پ س د ٢٤,٨ لەسـەدی

دەنگەکانی بەدەستهێنا. پارتی ڕێگای ڕاستەکەی دەمیرئەل پلەی سێیەمی هێنا کە ١٩,٢ لەسەدی دەنگەکان بوو. هەموو پارتەکانی دیکە لە گەیشتن بە ئاستی دیاریکراودا شکستیانهێنا. پارتی دیموکراتی چەپەکەی ئەجەوید بەوپەڕی توانای خۆی ئنجا ٨,٥ لەسەدی دەنگەکانی هێنا. واپێدەچوو لەلای ڕاست و چەپەوە (ئۆزال و ئینۆنو) دوو ڕکابەرە کۆنەکەیان (واتە دەمیرئەل و ئەجەوید) یان تێپەڕاندبێت، ئەو دوو ئەسپی جەنگەی پاش ماوەیەك لاواز بوون بەلاَم لە مەیدانەکە دەرنەکران .

ساڵی ١٩٨٧ بەرفراوانبوونێکی لە شەبەنگی سیاسییدا بەخۆوە بینی بەچەشنێك پارتە رادیکاڵو سەوزەکانی تێدا دەمەزرێنران، ئەوانەی هەوڵیاندا شوێن بۆ بابەنی وەك بایەخدان بە ژینگە و مافەکانی ژن و هۆمۆسێکچووەڵەکان لە ئەجندەی سیاسییدا بکەنەوە، بەلاَم لە وڵاتێکی وەك تورکیادا ئەم جۆرە بابەتانە تەنیا وەك یارییەکی دەستەبژێرەکان مایەوە. هەروەها سونەتییترین چەپەگەراکان هێشتا لە ئەوروپا ئاوارەبوون، ئەوانیش نیشانەی ژیانیان پێشاندا. لە ٦ی ئۆکتۆبەردا پارتە کۆمۆنیستە تورکییە کۆنەکە کە ئێستا لەلایەن نەبی یاغجی یەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا ( کە زیاتر بەناوە خوازراوەکەیەوە حەیدەر کوتلو دەناسرا) ، هەروەها پارتی کرێکارانی تورکییە سەرلەنوێ دامەزرێنراوەکە کە لەلایەن بەهیجە بۆرانەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا، ئەم دوو پارتە لە کۆبوونەوەیەکیاندا لە برۆکسل یەکیان گرت و (تورکیش بیرلەشمش کۆمۆنیست پارتەسی/ پارتی یەکگرتووی کۆمۆنیستی تورکیی) یان دامەزراند . تەنیا چوار ڕۆژ پاشتر، خاتوو بەهیجە مرد.

خاڵی ١٤١و١٤٢ی یاسای سزادان هێشتا چالاکییە سیاسییە کۆمۆنیستییەکانی لە تورکیا قەدەغە کردبوو، بەلاَم ئۆزالی سەرەك وەزیران هێمای ئەوەی کرد کە سنووردارکردنەکان پێویستە هەڵبگیرێت. ڕێبەرانی پ ی ك ت ، کوتلو و هەروەها نیهاد سەرگین کە شوێنی بەهیجە تورانی گرتەوە، بڕیاریاندا خۆ لە ئاوەکە بدەن و لە ١١ی نۆڤەمبەردا بەرەو تورکیا گەڕانەوە. لەکاتێکدا کەیشتەنەوە فڕۆکەخانەی ئەنکەرە، دەستبەجێ دەستگیرکران، وێڕای ئەوەی لە فڕۆکەکەدا بارێك ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتارانی ئەوروپییان لەگەڵدا بوو. فەرمانی دەستبەسەرکردنەکە دەگەنجێت لەلایەن سوپاوە درابێت نەك لەلایەن حکومەتەوە. ئەوەش یەکێك بوو لە نیشانەکانی دڕدۆنگیی و ناتەبایی لەنێوان سوپا و ئۆزالدا ، ئەوەی لە ژووندا کەوتە بەر ڕۆشنایی کاتێك سەرەك وەزیران دەستکاری پلەبەندی سوپای کرد و ژێنراڵ تۆرماتای کردە سوپاسالار نەك ژێنراڵ ئوزتۆرون کە لەپێشتر بوو.

**دارِمانی پارتی دایکی نیشتمان**

لە کۆنگرەی پ دا ن لە ساڵی ١٩٨٨دا، پیاوێکی گەنج کە دەمانچەیەکی پێبوو هەوڵیدا ئۆزال بکوژێت لەکاتێکدا لە تریبیۆنەکەوە خەریکی گوتارخوێندنەوە بوو، ئۆزال تەنیا پەنجەی بە سووکیی بریندار بوو و توانی لەو هەلومەرجەدا خۆی راگرێت. کەمتر لە ساڵێك بەسەر هەڵبژاردنی نیشتمانییدا تێپەڕیبوو و هەروەها بە چەندین مەبەست کە تەواو ئاشکرانین، ئۆزال بریارییدا ریفراندۆمێکی دیکە ئەنجامبدات، ئەمجارەیان سەبارەت بە بابەتێکی تاڕادەیەك بێمانا ئەویش ئەوە بوو داخۆ هەڵبژاردنە شارەوانییەکان دەکرێت پێش وەخت ئەنجام بدرێت. ئەو کەسایەتیی خۆی تێکەڵ بە مەسەلەکە کردو رایگەیاند ئەگەر زۆرینەی دەنگ بە بەڵێ نەیەتەوە ئەو خۆی بە دەست لەکارکێشراوە دەزانێت. کاتێك راپرسییەکە لە ٢٥ی سێپتەمبەردا ئەنجامدرا، ئاکامەکەی بۆ ئۆزال شکستێکی ئاشکرابوو (٦٥ لەسەدا نەخێر و ٣٥ لەسەدا بەڵێ). هەرچەندە سەرەك وەزیران لە شوێنی خۆی مایەوە و گوتی کە ٣٥ لەسەدەکە شتێك کەمترە لەو ٣٦,٣ی کە پ دا ن لە دوا هەڵبژاردنەکاندا هێناویەتیی و ئەوەش بنەمای دەسەڵاتەکەیەتی کە بێ زیان ماوەتەوە.

کاتێك هەڵبژاردنە هەرێمییەکان ئەنجامدرا(لەکاتی خۆی) واتە لە مارتی ١٩٨٩دا، ئاکامەکەی دەریخست کە پ دا ن بەتوندیی پێگەی دابەزیوە. پ س د ئەمێستا لە پلەی یەکەمدا بوو کە ٢٨,٢ لەسەدی دەنگەکانی هێنابوو. پ رێ ر بە پلەی دووەم هات کە ٢٦,٥ و هەروەها پ دا ن سێیەم بوو کە ٢١,٩ لەسەدی دەنگەکانی هێنا بوو. دووبارە ئۆزال لە ئاکامدا وەك سەرەك وەزیران خۆی چەسپاند و بێ گوێدانە هیچ ئەنجامێك – بەمەبەستی تووڕەکردنی ئۆپۆزسیۆن– تەنانەت رایگەیاند کە پاش ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی ئەڤرین لە نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا کۆتایی دێت، ئەو خوازیارە وەك کاندیدێك خۆی بۆ سەرۆکایەتیی وڵات دیاریی بکات. ئۆپۆزسیۆن بۆیکۆتی ئەو دانیشتنەی ئەنجومەنیان کرد کە سەرۆکی تێدا هەڵبژێردرا، بەڵام زۆرینەی پ دا ن تورگوت ئۆزالی لە هەڵبژاردنی وەك هەشتەمین سەرۆك کۆماری تورکیا دڵنیاکردەوە، ئەو دووەمین کەسی سیڤیل بوو (پاش بایار) کە ئەو پۆستە لە ئەستۆ بگرێت.

هۆکاری سەرەکیی ئەوەی کە جەماوەریی ئۆزال و پارتەکەی لە دابەزیندا بوو بێگومان بۆ ئەو بەرزبوونەوەی هەڵاوسانە دەگەڕێتەوە (ئەوەی کە گەڕایەوە ئاستەکەی پێش ساڵی ١٩٨٠ کە بەڕێژەی ٨٠ لەسەدابوو) هەروەها ئەو دابەزینەی لە توانای کڕیندا روویدا. لە ساڵی ١٩٨٠ وە رێژەی توانای کڕینی کاسبکاران ٤٧ لەسەدا دابەزیبوو. هۆکارێکی دیکە

بریتیبوو له خزم خزمێنه و گەندەڵی که له رژێمەکەی دابوو. بێگومان ئەوە راسته کە پ دا ن جولەیەکی خستبووە بواری ئابووریی و کارگێڕییەوە. ئۆزال ئەو پیاوە بوو کە پێشینەیەکی لەبواری بیزنسدا هەبوو، زیاتر مامەڵەی لەگەڵ ئەمەریکیی و ئەڵمانەکاندا هەبوو.ئەو ناوبانگی خۆی له (با شتەکان ئەنجامبدرێن) ەوە بەدەستهێنابوو کە بەتوندیی لەگەڵ نزیکەی تەواوی حکومەتەکانی کۆتایی حەفتاکاندا ناکۆك بوو. لایەنەکان قەرز وەك هاوچەرخەکانی بریتیبوون له ئۆفیسی رۆناڵد ریگان و مارگرێت تاتچەر(ئەوانەی ئۆزال فرە پێیان سەرسام بوو). ئۆزال بڕوای بە ئابوورییەکی سەرمایەداریی ناسنووورداری ئازاد بوو هەروەك ئەوەی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیادا هەبوو. تەنیا بە پلەیەکی زیاتر ،ئەوەش بووە هۆی چەندین ئابروچوون لە کارو پرۆسەکاندا. بەدرێژایی ئەو سالانە چەندین وەزیر لە حکومەتەکەی پ دا ن بەهۆی تێوەگلانییان لەو ئابروچوونانەوە لە پۆستەکانیان لابران.زێدەباری ئەوە، بنەماڵەی ئۆزال خۆی رەخنەکران سەبارەت بەو خزم خزمێنەیە و گەندەڵییەی لە بوارە جیاجیاکانی وەك بازرگانی تەلفیزۆن و کۆمپانیای هاتوچۆی گەشتی ئاسمانیی و هەروەها هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی جاگوارەوە. کاتێك یەکێك لە کوڕەکانی ئۆزال پارەیەکی مۆڵی لە بازاڕی گۆڕینەوەی دراوی ئەستەمبوڵدا دەستکەوتبوو،هەر زوو پاشتریش لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا تێوەگلابوو کە گرێبەستەکانی حکومەتیان پێدەدرا.پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٩، ئۆزال بە لابردنی ئەندامێکی خێزانەکەی لە کابینەی وزارەت بەرپەرچی هێندێك لەو رەخنانەی دایەوە.

بوونی زۆرینە لە ئەنجومەندا ئەوەی دەگەیاند کە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان وەك پێویست بۆ ئۆزال نابنە مایەی نیگەرانیی. کێشەی سەرەکیی ئەو لەگەڵ دەستەگەرایی نێو پ.دا.ن بوو.ئەوەی زێدەبوو کاتێك رێژەی دەنگدانی پارتەکەی لەنێو سندوقەکاندا دابەزی(لەسەرەتای ١٩٩٠دا ٨ لەسەدا گەیشتە نزمترین خاڵی). لە ساڵی ١٩٨٨دا، دەستە ئیسلامییەکان و هەروەها دەستە نەتەوەخوازە توندڕەوەکان لەنێو پارتەکەدا گەیشتنە رێکەوتنێك، کە دواتر وەك "کوتساڵ ئیتیفاق/هاوپەیمانیی پیرۆز" راگەیەندرا. ئەوە وایکرد کە لەنێو کۆمیتەی ناوەندیی پارتەکەدا زۆرینەی کورسیەکان بگرنەدەست. ئەوکاتە "کاچجیلەر"ی وەزیری دەوڵەت کە لەباڵی بونیادگەرا ئاینییەکان بوو ببووە قسەکەری سەرەکییان. باڵی لیبراڵی پارتەکە کە نوێنەرایەتیی کەرتی وەبەرهێنانی هاوچەرخی دەکرد، لەلایەن مەسعود یەلمازەوە رێبەرایەتیی دەکرا کە وەك وەزیری دەرەوە لە کابینە هەڵدەسوڕا،

بەڵام لە فێبرایەری ١٩٩٠داو بەهۆی دەستوەردانی ئۆزالەوە لە کاروبارەکانی وەزارەتی دەرەوە، ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوە.

کاتێك تورگوت ئۆزال بەسەرۆك هەڵبژێردرا، یەڵدرم ئەکبولوت ی وەك جێگری خۆی کردە سەرەك وەزیر، ئەوەی کەسێکی سیاسەتکاری (هەروەها رۆشنبیری)سووك بوو کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە راژەکردنی پارتەکەدا هەبوو. هەرچەندە ئەوەش بۆ هەموو کەس ئاشکرابوو کە دەسەڵاتی راستیینە لەدەست سەرۆك خۆیدا بوو. لە هەمان کاتدا ئۆزال خەریك بوو لە هاوپەیمانییە پیرۆزەکەی خۆی دەکشایەوەو باڵی لیبراڵی پ.دا.ن بەهێز دەکرد. "سامرە"ی خانمی دەسەڵاتداری سەرۆك پشتگیریی لیبراڵەکانی دەکردو وەك خۆدەرخستنێك(بە ئاشکرا سیگاری دەکێشاو ویسکی دەخواردەوە). ئۆزال ناچاربوو لەسۆنگەی بەرهەڵستکاریی هاوپەیمانیەکەو تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەیەوە،لە ئەپرلی ١٩٩١دا واز لە دانانی ژنەکەی بە سەرۆکی لقە مەزنەکەی پ.دا.ن لە ئەستەمبوڵ بێنێت. لەهەمان کاتدا، مەسعود یەڵماز بایدایەوەو بەپشتگیریی سەرۆك ئۆزال لە ژونی ١٩٩١دا بووە سەرۆکی پارتەکەو هەم پۆستی سەرەك وەزیریشی لە ئەکبوڵت وەرگرت.

ئەم خۆدوورخستنەوەیە لە کۆنەپارێزەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩و ١٩٩١دا، چاکسازیی لیبراڵی زیاتری بەدوادا هات، مرۆ گومان دەکات کە ئەم گۆڕانە رێژەییە لە سیاسەتدا لەوانەیە بەشێکی بۆئەوە بگەڕێتەوە کە یەکەم ئۆزال درکی بەوە گرتبوو کە بەهۆی بیرۆسترۆیکاو هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی شورەوییەوە چیدی چەپ هەڕەشەیەك نیە(ئەگەر هیچ کاتێك هەڕشە بووبێت). هەروەها جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسیی کە تادەهات لە راستییدا لە هێندێك وڵاتانی عەرەبیی و کۆمارە تورکییەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا بەهێزتر بوو، دەگونجێت مەترسییدارتربێت. لەوانەیە پەرەگرتنی ئیسلامی جیهادیی لە تورکیا خۆیدا شایەنی دڵەڕاوکێ بووبێت. تەنانەت بۆ حکومەتێکی وەك پ.دا.ن کە سەبارەت بە ئاین وەفاداربوو، ئەوە بەدڵنیاییەوە سوپای تەواو نیگەران کرد. ئەوەی زیاتر لە جارێك و بەشێوەیەکی داپۆشراو رەخنەی لە حکومەت گرت و هۆشیاری دایە کە میراتە سێکیولاریزەکەی ئەتاتورك بپارێزێت و پشتگوێی نەخات.

## خانەکانی رۆشنبیریی

زۆربەی ئەندامانی پ.دا.ن، لەوانە ئۆزال خۆشی، لە رووی بیروباوەڕەوە لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیی "ئایدینلەر ئۆجاغی/خانەی روونـاکی" کە رێکخراوێك بوو لە ساڵی ١٩٧٠دا لەلایەن چەندین کەسایەتیی دەستڕۆیشتووی جیهانیی کاروپرۆژەکانی دامەزرابوو(چ لە زانکۆکانو چ لە مەیدانی سیاسەتدا). ئامانجی ئەم رێکخراوە شکاندنی ئەو پاوانکارییە بوو کە لەلایەن رۆشنبیرە چەپگەراکانەوە هەبوو، ئەوانەی کە بوارەکانی فەرهەنگیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییان لە تورکیا تەنیبوو.ئەم رێکخراوە سیمیناری سازدەداو نووسراوەکانی چاپ وبڵاودەکردەوە، چارەسەری بۆ گرفتی تێکڕای بوارەکانی فەرهەنگیی، پەروەردەو ژیانی ئابووریی و کرمەڵایەتیی پێشنیاز دەکرد.[30] سیستمەکە لەلایەن رێبەرایەتیی ئایدۆلۆژیی و سەرۆکەکەیەوە "ئیبراهیم کافیسئۆغلو"وە هەڵدەسوڕاو بە (تورك ئیسلام سێنتیزی/ یەکگرتووی ئیسلامی تورکیی" کە بیروڕای سەرەکی ئەوەبوو، ئیسلام بە شێوەیەکی تایبەت تورکی بۆلای خۆی راکێشاوە، بەهۆی ژمارەیەك لە(گریمان) لێکچوونی بەرچاو لەنێوان کەلتووری پێش ئیسلامیانو هەروەها شارستانییەتی ئیسلامدا. ئەوان هاوبەشییەکی قووڵیان لە دادپەروەریی، یەکتاپەرستیی، بڕوابوون بە نەمریی گیان، هەروەها جەختکردنەوەیەکی بەهێز سەبارەت بە خێزانو بنەما رەوشتییەکان. پەیامی تورکان پەیامێکی تاقانەیە، ئەوەش ئەوەیە ببنە"سەربازی ئیسلام". بەپێی ئەم تیۆرە کەلتووری تورکیی لەسەر دوو پایە راوەستاوە: رەگەزێکی تورکیی ئەم تەمەنی ٢٥٠٠ ساڵەو رەگەزێکی ئیسلامیی تەمەن ١٠٠٠ساڵە.

لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا، ئەم بیروبڕوایە لەنێو راستڕەوانی سیاسیی تورکیا فرە بڵاوبوو، لەنێو پارتی رزگاریی نەتەوەییدا، بەڵام زیاتریش لەنێو پارتی کاری نەتەوەیی لە تورکیا. وێڕای دابی سێکیولاریشی دەستەی ئەفسەرانی تورك، هەروەها یەکگرتووی ئیسلامیی

[30] لە فەزای جەمسەرگەرایی کۆتایی حەفتاکاندا، خانەی رۆشنبیران بە توندیی بە "پارتی کاری نەتەوەیی"ئەلپەئەرسەلان تورکیشەوە گرێدرابوونو لەبنەڕەتدا دژی ئەجەویدو پارتی کۆماری گەل دایانوروژاند. هەریەك لە تورگوت ئۆزالو کۆرکوت ئۆزال یش لەم ماوەیەدا ئەندامی ئەو رێکخراوەبوون. بڕوانە:
Hugh Poulton,(1997) *Top hat, grey wolf and crescent: Turkish nationalism and the Turkish republic*, London: Hurst, 179–81.

تـوركييش چـەند سـەركردەيەكى بەرچـاوى سـەربازيى بـۆلاى خـۆى كەمەندكێـشكرد، كـە لەنێوانيانـدا ژێنراڵ كەنعان ئەڤەرين خۆى بـوو. سوپا لـە هەلورمەجێكدا بووكـە سۆشياليزمو كۆمۆنيزميى بە دوژمنى سەرسەختى توركيا دەبينى. ئەوان ئاوێتـەكردنى نەتەوەخوازييـەكى توندو ئيسلامێكى دۆستانەيان وەك تلياكێكى دژەژار دەبينى. هەربۆيـە بـە رێكـەوت نەبووكـە لـە سايەى حكومـەتى سەربازييدا پـاش ١٩٨٠، هـەردوو بابـەتى ئاينو رەوشـت هێنرانـە نێـو بەرنامـەى خوێنـدنى خوێندنگەكانـەوە. نـاوەرۆكى پـەروەردەى ئـاينيى بەشـێوەيەكى گـشتيى نەريتييانە، نەتەوەيىو خۆشەويستيى باوو باپيران بوو، راژەى دەوڵەتو سوپا بـە ئـەركێكى ئـاينيى دانرابـوو.پـاش سـاڵى ١٩٨٣، يـەكگرتوو بـووە بنەمايـەكى ئاراسـتەكەر لـە پ.دا.ن ى ئۆزالـدا، كـە پەيوەسـت بـوو بـە بڕوايـەكى بـەهێز لـە داهێنـانى تەكنەلۆژيـدا بـۆ گەيـشتن بـە رۆژئاوا(يان بە پێى گوتەى ئۆزال: بازدان بەسەر قۆناغدا).[31]

## گەشەكردنى دەسەڵاتى ئيسلامى نافەرميى

لەساڵى ١٩٨٤ بەرەوسەر، بڵاوكراوەكان بە هەردوو ديدە كەماليستو سۆشياليستەكەيەوە سـەرنجى راى گـشتيان بـۆ گەشەسـەندنى رەوتـى ئيـسلاميى وەك دياردەيـەك لـەنێو مزگەوتـە نوێيەكاندا راكێشا، پەرەگرتنى فرەى خوێندنگەى پەروەردەى ئيمـامو گوتاربێـژەكان، ئـەوەى نها دەرچووەكانى لە زانكۆكاندا رێگەى وانەگوتنـەوەيان پـێ دەدرێت، گەشەسـەندنى ئـاينيى كتێبـەكانى خوێندنگـەكان، دەزگـاى راديـۆو تەلـەفيزۆن كـە لەبندەسـەڵاتى حكومەتـدا بـوون. پـەرەگرتنى ژمـارەى بڵاوكـراوە ئيـسلاميىو كتێبخانـە ئيـسلامييەكانو ئـەو رووداوانـەى لـە مانگى رەمەزاندا بەڕێوەدەچوون، لەو مانگـەدا هێرش دەكرايـە سـەر هەركەسێك جگەرەيـەكى بكێشايە يـاخود شـتێكى بخواردايەتـەوە.تونـدترين رەخنـە خـۆى لـەو شـێوازە ئاشـكرايەى وەزيرەكـان لـە سێرمۆنيا ئاينييەكانـدا دەبينييـەوە، هـەموو ئـەم پەرەسـەندنانە وەك چـەندين

---

[31] Poulton, op. cit, 184–5.

پاش كودەتاكەى ساڵى ١٩٨٠، ئەندامانى دەستەى ليژنە، چاودێريى ميدياو خوێندنى باڵايان دەكردو وێڕاى ئەوەى سەرۆكەكانى زانكۆو وەزيرەكانى فێركردن هەموويان ئەندامى خانەى رۆشنبيريى بوون. كاريگەريى وشەسازيى لە كتێبى خوێندنگە تەركييەكاندا بەشێوەيەكى قنياتكەرانە پێشاندراوە لە:

Etienne Copeaux (1998) *Türk tarih tezinden Türk– Islam sentezine*, Istanbul: Tarih Vakfı/Yurt.

هەوڵ خۆیان دەبینیەوە بۆ لاوازکردنی تایبەتمەندیی سێکیولاریزەکردنی دەوڵەت. بەڵام لە رووی شەرعییو دەزگاییەوە تورکیا وەك دەوڵەتیکی سێکیولار مایەوەو (هەتا ئەمڕۆش).

لەراستییدا، ئەگەری باڵادەستیی دیمەنی دەمارگیریی ئاینیی، ترسی خستە دڵی رۆشنبیرە سێکیولاریستەکان. بەڵام رەهەندێکی زیاتری لە دیدو بۆچوونەکاندا هێنایەپێش، کە مرۆ دەتوانێت بڵێت ئەوە سەلماندنی ئەو پلەیەیە کە مۆدێرنە لە تورکیادا سەرکەوتووبووە بەوەی کە دەستەبژێری سێکیولاریستو پۆزتیڤیستەکان قۆرغکاریی گەنگەشە فەرهەنگییەکانیان لەدەست دەرچوو. بەشێکی زۆر لە ئەندامی چینە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان نها خوێندەواربوونو کە دەیانتوانی پرۆژە کۆمەڵایەتییو کەلتوورییەکان بە دیدو ئاقاری قازانجی خۆیاندا بەرن لەپێناو ململانێو کێبڕکێ لەگەڵ سێکیولاریستەکاندا، ئامرازەکانی پەیوەندییکردنیان بەقازانجی خۆیان بەکارهێنا(کتێب، گۆڤار، کاسێت، ڤیدیۆ، رادیۆ، تەلەفیزۆن، سیمنارو کۆنگرەو هەروەها لەناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا بەشێوەیەکی زێدەتر ئەنتەرنێت)و هەروەها وانە گوتنەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەستیان پێ نەدەگەیشت. ئەوەی وایکردبوو رەوتە ئیسلامییەکان لەم کاتەدا ببنە مەترسیی لەسەر دەوڵەتو کۆمەڵگا بریتیبوو لەو نارەزایەتییەی لەنێو هەژاراندا بڵاوبوو، ئەوەش دەرئەنجامی ئەو سیاسەتانەبوو کە جیاوازییو دەلاقەی نێوان چینە دەوڵەمەندو هەژارەکانی فراوانتر دەکرد. وەك هەر وڵاتێکی دیکەی ئاسیاو ئەفریقا، بەهەمان شێوەش لە تورکیا ئیسلامیی سیاسیی رۆڵو شوێنی چەپەکانی وەك دەنگی چینی هەژاران گرتەوە. ئەو جوڵانەوە ئیسلامییە توانی بەشێوەیەکی وا سەرکەوتووانە ئەو رۆڵە بگێڕێت تا ئەو ئاستەی کە حکومەتەکانی ئەڤەرینو ئۆزال گرتنیانە باوەشو رەواییان پێدان. بەڵام ئەگەر نارەزایەتیی جەماوەری دانیشتوانی شارەکان لە ساڵانی ١٩٨٠کانو بەو شێوەیە پەرەی نەسەندایە، جوڵانەوە ئیسلامییەکان وەك تەرەقەیەکی رووت بێ باروت دەمانەوە.

لەکۆتایی ١٩٨٠کاندا، گەنگەشە سەبارەت بە سێکیولاریزم تەنیا لە پرسێکدا چڕکرابووەوە، ئەویش قەدەغەکردنی (توربان/سەرپۆش) بوو لە شوێنە گشتییەکاندا، بەتایبەت لە زانکۆکاندا. خوێندکارە ئیسلامییەکان، بەتایبەت کچان، دژی ئەم قەدەغەکردنە وروژان. پ.دا.ن کە بە باڵی(هاوپەیمانییە پیرۆزەکەی)لەگەڵ ئەو وروژانەدا هاوسۆز بوو، یاسایەکی دەرکرد کە رێگە بە سەرپۆش دەدات، بەڵام سەرۆك ئەڤەرین ئەو یاسایەی ناردەوە بۆ دادگای دەستووریی، ئەویش یاساکەی نادەستووریی راگەیاند. دواجار لە دیسەمبەری ١٩٨٩دا، بڕیارێك دەرچوو کە قەدەغەکردنەکەیو مەسەلەکەی بۆ سەرۆك زانکۆکان جێهێشت

داخـۆ ڕێگـە بـە سەرپۆشـین دەدەن یـاخود نـا. بـەڵام گەنگەشـەکە توندیی و دژواریـی زۆری بـەخۆوەبینی و لەسـاڵی ۱۹۹۰دا، ئیـسلامییە تونـدڕەوەکان دوو سێکیولاریـستی بەرچـاویان کوشـت کـە پرۆفیـسۆر"موامـەر ئەکسۆی"سـەرۆکی کۆمەڵـەی یاسـای تـورکیی و هـەروەها" بەهریە ئوچوك" کە هەردووکیان ئەندامی پارتی ڕێگەی ڕاست بوون.

لەسـەرەتای ۱۹۹۰کانـدا، جەمـسەرگەرایی لـەنێوان سێکیولاریـستو ئیـسلامییەکاندا بەخێرایی بەردەوام بوو. سەبارەت بە ئیسلامییەکان. دەستەو تاقمی زیاتر رادیکاڵ لەپەنا پـارتی ڕەفاکـەی ئەربـەکان چـالاك بـوون. وەك شـوێنکەوتووانی"دەنگـی ڕەش" کـە "هۆجـە جەمالەدین کاپلان"کە رۆحانییەك بوو لە ئەڵمانیا و پرۆپاگەندەی بۆ دامەزراندنی دەوڵـەتێکی ئیسلامیی دەکرد و خۆشی لەوێ دەژیا،ڕێبەرایەتیی دەکرد. ئەو شێوازانەی بەکاردەهێنا کە پێشتر لەلایەن خومەینی رابەری ئێرانییەوە سەرکەوتووانە گیرابووەبەرو ئەو لەو پرۆسەیەدا خۆی بە خەلیفە نێوزەد دەکرد. لەناوەڕاستی ۱۹۸۰کاندا، کاتێك بیرەوەرییـەکان سەبارەت بـە هەڵمـەتی خومـەینی بـۆ ڕووخانـدنی ڕژێمـی شاهەنشاهیی هێـشتا نـوێ بـوو، بانگەشـەکانی کاپلان بۆ ماوەیەك تەواو مەترسییدار کەوتە بەرچاو، بەڵام جوڵانەوەکەی هـەرگیز جەماوەری لـێ کۆنـەبووەوە. لـەنێو ئـەو گروپانـەی دیکـە کـە بەشـێوەیەکی فـرە نهێنیـی لـە تورکیـا هەڵدەسـوڕان"ئیـسلامی بیـوك دۆگـو ئاکینجیلـەر/پـەلاماردەرە ئیـسلامییە مەزنـەکانی ڕۆژهەڵات"، هەروەها"حیزبوڵڵا/پارتی خوا"بوون.

لەیەنایـەری ۱۹۹۳دا، ئۆتـۆمبێلێکی بۆمبڕێـژکراو بـەناوبانگترین ڕۆژنامەنووسـی تـورکی کوشـت کـە "ئوگور موچو" بوو، ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان باسی لە پەیوەندییـەکانی بونیادگـەرایی ئیسلامیی تورکیی بە ئێران و عەرەبستانی سعودییەوە کردبوو.ئەم تیرۆرەی دواییـان، سێکیولاریـستەکانی هێنایـە سەرشـەقام. ناڕەزایـەتیی و تـوڕەیی گـشتیی زیـاتر سەبارەت بـە بکوژەکـان خۆیـان نەبوو،هێندەی پەیوەندیی بە خەمساردی پۆلیس و دادوەری گشتییەوەبوو سەبارەت بە دۆزینـەوەی بکوژەکـان، ئەوان هەستیان بەوە دەکرد کە لەلایـەن ئیـسلامییەکانەوە هەڕەشـە لەشـێوەی ژیانیـان دەکرێـت. چـەندین کۆنـەلیبراڵ و تەنانـەت سۆشیالیستەکانیش لەنێو ڕۆشنبیرانی تورکیادا لە سەرەتای ۱۹۹۰کاندا کاردانەوەی خۆیـان بۆ گەڕانەوە بەرەو کەمالیستیی سونەتیی ڕاگەیاند.

## توندوتیژییەکانی نێوان سوننەو عەلەوییەکان

جەمسەرگەرایی هەروەها لەنێوان زۆرینەی سوننەو کەمینەی عەلەوییدا کە بەشێوەیەکی سونەتیی پشتگیریی سیاسەتە سێکیولاریستەکانیان دەکرد، پەرەی سەند. عەلەوییەکان وا هەستیان دەکرد کە لەلایەن چەکدارەکانی جولانەوە سوننەکانەوە فرە مەترسییان بۆ دروست بووە،هەروەها هێندێك عەلەویی بڕیاریاندا کەمپینێك بۆ پشتگیریی سێکیولاریزمو بێباوەڕان پێکبهێنن. بۆنەکە لە ڤیسیڤالّی عەلەویی پیر سولّتان عەبدالّ بوو لە ٢ی ژوئیەی ١٩٩٣ لە سێواس، کە گوتارێك لەلایەن "عەزیز نەسین" ی نووسەرەوە (ئەوەی دەستی هەبوو لە وەرگێڕانی "ئایەتە شەیتاناوییەکان"ی سەلمان روشدی بۆ زمانی تورکیی) پێشکەشکرا، کە تێیدا گوتی ئەو بۆخۆی بڕوای بە قورئان نیە، ئەوەی لەلایەن سوننە دەمارگیرە بونیادگەراکانەوە قۆزرایەوە بۆ وروژاندنی کۆمەڵگەی سوننی، بەهاندانی پارێزگارە ئیسلامییەکەی سێواس، هەرایەك دروستبوو کە خەڵکانێك کۆبوونەوەو پەلاماری ئوتێلێکیان دا، لەو پەلامارەدا ٣٦عەلەویی گۆرانیی بێژو نووسەرێكو کچێکی ئەڵمانیی کە خوێندکاری ئەنترۆپۆلۆجیا بوو سووتاندیانو کوشتیانن. دەوڵەت ئەمجارەش هەڵوێستێکی ناهاوسەنگی پێشاندا. ئەوانەی هانی قەرەباڵغییەکەیان دابوو توندوتیژیی بنوێنن(هەروەها ئەوانەی بە ئاشکرا لە تۆمارە ڤیدیۆییەکاندا دەردەکەونو پۆلیس تەقەیان لێدەکات)خرانە بەردەم دادگا. بەڵام لەهەمان کاتدا، دادگاکراوەکانیش داوایان دەکرد لێکۆڵینەوە لەگەڵ عەزیز نەسیندا بکرێت، ئەوەی بە ئاژاوەنانەوە تۆمەتبارکرا. عەلەوییەکان چ لە تورکیاو چ لە ئەوروپا لە سایەی مەترسییەکانی رەوتی ئیسلامیی سوننی، زیاتر وەك رەوتێکی دینی خۆیان دەناساند تا وەك رەوتێکی سیاسیی. ئەوەش لە زێدەبوونی ژمارەی هێزی رێکخراوە عەلەوییەکاندا دەردەکەوت، ئەو گەشەکردنەی کە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی پشتگیریی پارتە سیاسییەکان بۆ کەمینەی عەلەویی بەتایبەت لەلایەن پ.ك.گ ەوە. ئەو دژوارییەی نێوان عەلەوییەکانو زۆرینەی سوننە کاتێك پەرەی گرتو دەرکەوت کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا عەلەوییەکان لە سۆنگەی سوکایەتیی پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنییەوە پەلاماری دەزگای تەلەفیزۆنیاندا. هەروەها لە ١٢ی مارتی ١٩٩٥دا، ئەم دژوارییە ئاشکراتر دەرکەوت کاتێك هێرشکرایە سەر چایخانەیەکی عەلەوییەکان لە گەڕەکی غازی عوسمان پاشا لە ئەستەمبوڵ، ئەوەی هەرایەکی گەورەی لێکەوتەوە. تەنیا ئەو کاتە هەراکە لەو ناوچەیە دامرکایەوە کاتێك سوپا لەجیاتی پۆلیس دابەزینە سەر شەقامەکان(ئەوەی کە عەلەوییەکان زۆر لێیان دەسڵمینەوە).

ئەو ڕەوتە گرنگە ئیسلامییەی کە لەسەرەتای ١٩٩٠کانەوە بەخێرایی گەشەی دەکرد بریتیبوو لەوەکەی "هۆجە فەتحوڵڵا گویلەن" ڕابەری باڵی ئاوەڵای جوڵانەوەی نورسی. ئەوەی نەپێشترو نە ئێستاش جوڵانەوەیەکی سیاسیی نیە، بەڵکو ڕەوتێکە لەڕێگەی خوێندنو پەروەردەوە بیروبڕواکانی خۆی بڵاودەکاتەوە. ئەم ڕەوتە تۆڕێکی بەرفراوانی لە خوێندنگەکان، پەیمانگەکان،تەنانەت زانکۆکانیش بەدەستەوە بوو کە بانگەشەی بۆ زیاتر بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا دەکرد کە بە هەڵسوکەوتو ڕەوشتی ئیسلامییانە سواغدرابێت، ئەو تۆڕەی هەر لەناوەڕاستی ئاسیاوە تا دەوڵەتەکانی بالکان بڵاوببووەوە. ئەوەی دەزگای میدیایی تایبەت بەخۆی هەبوو وەك ڕۆژنامەی "زەمان/کات"و کەناڵی تەلەفیزیۆنی"سامان یۆڵو/کارێگە". بێگومان فەتحوڵڵا گویلەن حاڵەتی سێکیولاریزمی لە تورکیا لاپەسەند بوو، کاتێکیش پەیوەندیی لەگەڵ پارتی ڕەفای ئیسلامیی دژواربوو، لەنێو ناوەندە سیاسییەکانی دیکەدا نفوزو کاریگەریی پەیدا کرد. وەك پ.دا.نو پ.ك.گ، ئەو پارتانەی کە ڕێبەرانیان خۆیان لە ڕەوتی گویلەن نزیك دەکردەوە. تەنانەت ئەجەویدی سەرۆکی پ.چ.د کە سیکیولاریستێکی وەفاداربوو، سەرسوڕمانی خۆی لە ئاست گویلەن پێشاندا. بەڵام کاتێك شەپۆلی گشتیی سەرکوتکردنی ڕەوتە ئیسلامییەکان لەساڵی ١٩٩٧دا دەستیپێکرد گویلەنیش بە هاندانی ڕقو کینەی ئاینیی تۆمەتبارکرا، هەربۆیە ناچاربوو پەنابەرێتە بەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو لەوێوە لەڕێبەرایەتییکردنی جوڵانەوەکەی بەردەوام بوو.

## سێیەم : سیاسەت

### دیموکراتیزەکردنی زێدەتر

لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩١ (ئەوەی کە قەیرانی کەنداو زۆر تێیدا باڵادەست بووەو لێوەی نزیکە)حکومەت دەستیکرد بە لیبراڵیزەکردنێکی پلەبەپلە لە سیستمی سیاسییدا. لە ئەپرڵی ١٩٨٩دا، چەندین چاکسازیی ڕاگەیەندرا، کە بایەخدارترینیان ئەوەبوو کە ماوەی وەستانی لای پۆلیسی گیراوان (لە ١٥ڕۆژەوە ببێتە ٢٤سات)، ئەو ماوەیەی کە زۆرجار ئەشکەنجەی تێدا ڕوودەدات. هەرچەندە ئەو هەنگاوانە لە ڕاگەیاندنەکەی زیاتر تێنەپەڕی. کاریگەرترینی ئەو چاکسازییانەی دووساڵ پاشتر ئەنجامدرا. لە مارتو ئەپرڵی ١٩١٩دا، کابینە ژمارەیەك هەمووارکردنی دەستووریی

پێشکەشکرد کە بەشێکی مامەڵەی لەگەڵ سیستمە سیاسییەکەدا دەکرد(فراوانکردنی ئەنجومەن، هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك، کەمکردنەوەی تەمەنی دەنگدان بۆ ١٨ ساڵ) بەشێکیش پەیوەندیی بە مافەکانی مرۆڤەوە هەبوو. لەسەر داوای حکومەت، ئەنجومەن بڕیاریدا چاوپۆشیی لە بەکارهێنانی زمانی کوردییدا بەشێوەیەکی شەخسیی بکات، هەروەها سڕینەوەی خاڵەکانی ١٣٢،١٤١و ١٦٣(ئەوەی کارکردنی سیاسیی لەسەر بنەمای ئاینو چین قەدەغە دەکات)لە یاساکانی سزادان پەسەند کرد. هەرچەندە تێکڕای ئەو سنووردارکردنانە وەك بەشێك لە دەستوور مایەوە.[٣٢] ئەمەو لەنێو تەکانی دیکەدا، بڕیاری هەڵوەشانەوەی قەدەغەکردنی کۆنفدراسیۆنی یەکێتییە پیشەییەکان "دیسگ" پاش ١١ساڵ (کە لە١٧ی ژوئیەدا قەدەغە کرابوو). تەنیا بەکارهێنانی تیرۆریزم بۆ بەرەوپێشبردنی بیروبڕوایەکی سیاسیی وەك خەتایەك لەقەڵەم دەدرا. هەرچەندە پێویستە بگوترێت کە یاسای نوێی دژەتیرۆر کە لەهەمان کاتدا گیرایەبەر تیرۆریسمی بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان پێناسە دەکرد. لەسایەی خاڵی ٨ی یاسا نوێیەکەدا بڵاوکراوەی گوتراو نووسراو دەگونجێت وەك کارێکی تیرۆرستیی لەقەڵەم بدرێت. لە ساڵانی دواتردا خەڵکانێکی بێئەژمار لە پیشەکاران، پارێزەران، چالاکوانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسو نووسەر لەسایەی ئەم یاسایەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵداکرا.

### هەڵبژاردن ١٩٩١: گەڕانەوەی دەمیرئەل بۆ پۆستی سەرەك وەزیر

بۆماوەیەك رامان سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەخت هەبوو، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەردەوام ئەوەیان رادەگەیاند کە زۆرینەی حکومەت لە ئەنجومەندا لەسەر بنەمای یاسایەکی هەڵبژاردنی فرە ستەمکارانە بنیاتنراوە، هەروەها، بە هەرحاڵ هەموو هەڵبژاردنەکان پێشانیاندا کە زۆربەی پشتگیرییەکەی لەدەستدابوو. ئەو هەڵبژاردنانە کە خەریکبوو ئەنجامبدرێت ئاشکرابوو بەوەی چاوتێرانە(هەروەها بێبایەخانە) زێدەکردنی کرێی کارمەندە دەوڵەتییەکانو مسوّگەرکردنی بەرزکردنەوەی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان راگەیەندرا. ئەم هەڵبژاردنانە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا ئەنجامدرا.

---

[32] بەدرێژایی دە ساڵی دوایی ئەم دیاردەیە بەرئاوەژوو بوو، سیستمی یاسادانانی تورکیی بەشێوەیەکی بەرچاو مۆدێرنیزەو لیبراڵیزە کرابوو، بەڵام زۆر جار کەمی هاوکاتی لەنێوان ئەو گۆرانانەو ئەو یاسا جیاوازنەی کە لەهەمان کاتدا کاریان پێدەکرا هەبوو.

هـەروەك چـاوەڕواندەكرا، ركابـەری سـەرەكیی پ.دا.ن واتـە پـارتی ڕێگـەی راسـت ەكـەی دەمیرئـەل بـە بردنـی ٢٧ لەسـەدی دەنگـەكان هەڵبژاردنـەكانی بـردەوە. هەرچـەندە، ئـەوەی جێگـەی سەرسـوڕمانی هــەمووان بـوو، پ.دا.ن زۆر لـەدوای ئـەوەوە نـەهات و ٢٤ لەسـەدی دەنگەكانی هێنا. ئاكامێك لانی كەم دووقاتی چاوەروانییەكان بوو لە زۆربەی سەندوقەكانی ١٩٩٠-١٩٩١، پـارتی سۆشیالیـستیی گـەل تووشـی بێهیـوایی هـات بـەوەی ٢٠ لەسـەدی دەنگـەكانی هێنـا. ئەمـەش دەنگـەكانی بـۆ كـوردان لـە "هـەڵكین ئەمـەك پارتەسـی/پـارتی كرێكـارانی گـەل" كـە ئەندامـەكانی دژی هەڵبـژاردن بـوون لەسـەر لیستی پ.س.گ. چونكە پـارتی كریكـارانی گـەل نەیانـدەتوانی بەشداریی بكـەن. لـە تـەواوی هەرێمەكانـدا كاندیـدیان نـەبوو. پارتـەكانی دیكـە، پـارتی رەفاكـەی ئەربـەكان بەتـەواوی توانـای ١٧ لەسـەدی هێنـا. ئـەوەش بـەهۆی ئـەو هاوپەیمانییـە تاكتیكییـەوە بـوو لەگـەڵ نەتەوەییـە توندڕەوەكانی تـورك كردی. ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگیرێت، پشتگیریی فرە راستڕەوەكان زۆر گەشەی نەكردبوو.

پـێش هەڵبـژاردن، هـەردوو سـەركردەی ئۆپۆزسـیۆن ئاشـكریان كـرد، ئەگـەر هەڵبژاردنـەكان بەرنـەوە ئـەوا بـۆ سـەلماندنی ناپاكیی ئۆزال تێدەكۆشـن. پاش هەڵبژاردنەكان ئەم باسە بە تـەواوەتی پـوچ بـووەوە، و سـەرۆك لەشـوێنی خـۆی مایـەوە، پەیوەنـدیی لـەنێوان سـەرۆك و كابینەكەیـدا هـەر لەسـەرەتاوە دژواربـوو بـەو هۆیـەی كـە ئـەو پارتانـەی پـشتگیریی كابینـە نوێیەكـەیان كـرد سـەرەتا یـەكگرتوو بـوون و خواسـتێكی سـەرەكییان هـەبوو كـە كۆتـایی بـە میراتی كودەتا سەربازییەكەی ساڵی ١٩٨٠ بێنن. بەرنامەی حكومەتە نوێیەكە مۆركێكی فرە لیبراڵـی هـەڵگرتبووو بـەڵێنی بە گـۆڕانی دەسـتووریی و ئازادیی فرەتـری ئـەكادیمی، ئـازادیی رۆژنامـەوانیی، دیمـوكراتیزەكردن و رێزگـرتنی مافـەكانی مـرۆڤ دابـوو(ئەمـەش لـە راسـتییدا بەردەوامیی ئەو لیبراڵیزەكردنە بوو كە ئۆزال دەستیپێكردبوو).

لەماوەی مانگەكانی یەكەمیدا، كابینە نوێیەكە لەگەڵ رۆژنامـەكان و رای گشتییدا مـانگێكی هـەنگوینی راسـتیینەی بەسـەربرد، بـەڵام ئەمـە بـەردەوام نـەبوو. شـەش مـانگ پاشتر كابینـە گـەمارۆدرا. پـاش ئـەوەی كابینـە كەوتـەكار هێنـدێك هـەنگاوی بنیاتنـانی متمانـەی نـا، وەك داخـستنی زینـدانی ئەسكیـشەهر، كـە بـەدناوترین زینـدانی سیاسـیی توركیایـە. بـەڵام ئـەو گوژمە لیبراڵیزەكردنە لەسەر تەختی ناڕەزایـەتیی سـەختی ئۆپۆزسیۆنی بـاڵی راسـتڕەوەكانی پـارتی ڕێگـەی راسـتدا تێكـشكا. تەنانـەت كابینەكـە بۆئـەوەی هـەنگاوە لیبراڵیزەكـانی لـە پارلەماندا شكست نەخوات، كاتێكی تایبەت و دیارییكراوی بۆ ئەو هەنگاوانە دانەنابوو.

بەڵگەو ئەرگومێنت دژی لیبراڵیزەکردن ئەستەم نەبوو ببینرێتەوە. ئەو زیانە مرۆییانەی لە هەڵمەتی تاوانکاریی تیرۆرە سیاسییەکاندا هەر لەساڵی ١٩٨٩وە لەلایەن جوڵانەوەی گەریلا مەدەنییەکانی چەپی شۆڕشگێڕەوە کە بەگشتیی بە "دیڤ سول" ناسرابوون، بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزببووەوە، مانگانە لەسەرو دە کەس دەکوژران. قوربانییەکان بەگشتیی: دادوەر، پۆلیس و ئەفسەرانی خانەنشین، ئەوانەی لەکاری هەوڵگریی و بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایەتیی نائاسییدا بەشداربوون. جوڵانەوەی چەکدارانەی کورد لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بەشێوەیەکی ترسناك لە پەرەسەندندابوو، ئابووریيش فرە فشەڵ و لاوازبوو بەهۆی رادەی بەرزی هەڵاوسان، کابینە لە ئاکامی دەستوەردانی سەرۆك ئۆزال و لەمپەرەکان زیاتر کۆسپی لەبەردەمدا بۆ دروست ببوو. ئۆزال بە بەردەوامی رێگەی لە رەوایەتییدان و هەروەها بڕیارەکانی کابینە دەگرت بە رەتکردنەوەی ئەو یاسا و بڕیارە نوێیانەی دەردەکران. ئۆزال هەروەها بە بەردەوامیی و راشکاوانە رەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەت دەگرت.

بەڵام ئۆزالیش کێشەی خۆی هەبوو، ئەو لەنێو پ.دا.ن لەگەڵ مەسعود یەلماز کە لەپێناو دەسەڵاتدا کەوتبووە کێشمەکێش، ئەو مەسعودەی تادەهات سەربەخۆتر هەڵدەسوڕا. لە کۆنفرانسێکی نائاسایی پارتەکەدا لە کۆتایی ١٩٩٢، ئۆزال ویستی مەسعود وەك سەرۆکی پارتەکە لابەرێت، بەڵام ئەم هەوڵە لەباربرا. لەم ساتە بەدواوە، پ.دا.ن لەحاڵەتێکدا بوو کە شڵەژاویی و دەنگۆیەکی تێدا پەیدا ببوو گوایە بنەماڵەی ئۆزال بە پاڵپشتی (هاوپەیمانییە پیرۆزەکە)خوازیارن باڵێك لەنێو پارتەکەیاندا دابمەزرێنن کە بەو یەکێتییەوە پەیوەستبێت. گەر ئۆزال زیاتر بژیایە، دەگونجا شتێکی لەم شێوەیە رووبدات. بەڵام وەك لە رووداوەکاندا دەبینین، ئەوە روونەدا.

سەرەتای ١٩٩٠کان ساڵانێك بوو کەلێنێکی زیاتر لە دیمەنی سیاسەتی تورکییدا پەیدابوون. باڵی ئاینیی لە نێو پارتی کاری نەتەوەیی دەیبینی کە خەڵکی بەپەرۆشەوە بەرەو بیروباوەڕی تێهەڵکێشی تورکیی–ئیسلامیی دەچن، هەربۆیە جیابووەوەو "بیوك بیرلیك پارتەسی/پارتی یەکێتیی مەزن"ی پێکهێنا. هەروەها کەرتبوون لەنێو پ.س.د روویدا، کاتێك پیاوی دووەمی ئەو پارتە واتە "دەنیز بایکال" ئەوەی لە لابردنی ئەردال ئینۆنو ناکام بوو، سەرلەنوێ پارتی کۆماریی گەلی دامەزراندەوە. ژمارەیەك کۆنە ئەندامانی پارتە دیموکراتەکەی مەندەریس کۆبوونەوەو پاش ٢٣ساڵ یاساغکردن پارتەکەیان دامەزراندەوە. لەکاتێکدا کوڕەکەی مەندەریس (ئایدن مەندەریس) پارتی خۆی دامەزارند کە ناوی"پارتی گۆڕانی مەزن"بوو.

### مردنی تورگوت ئۆزال

ئەوەی زیاتر لەو دەستەبەندییە سیاسییەی لەئارادا بووکە زیاتر هۆکاری شەخسیی لەپشتەوە بوون تا فیکریی، رای گشتیی حەپەساند، بریتیبوو لە مردنی لەناکاوی سەرۆك ئۆزال کاتێك لە ١٧ی ئەپرلی ١٩٩٣دا لەناکاو دڵی وەستا. ئۆزال وێڕای ناجەماوەرییبوونی لەکۆتایی هەشتاکاندا، وێڕای دەرکەوتنی سکاندالو عەیب‌وعارەکانی‌و وێڕای هەموو ململانێو کێشمەکێشەکانی ئەو دوو ساڵەی تێیدا سەرۆکایەتیی دەکرد، بەڵام هەستێکی گشتیی هەبوو کە ئەو کابرایە شوێنێکی ناوازەی لەمێژووی هاوچەرخی تورکیادا هەبووو لە زۆربەی لێکدانەوەکاندا پێی دەگوترا دووەمین مۆدێرنگەرای مەزنی وڵات(پاش ئەتاتورك). دەکرێت بگوترێت کە ئەو ساڵانەی پاش مردنی بەو ئاراستەیە رۆیشت کە ئەم دیدە دەسەلمێنێت. لەکاتێکدا گەندەڵی کە لەسەردەمی ئۆزالەوە بەمیرات مابووەوە، زیاترو زیاتر پەرەیسەندو دەرکەوت. ئەوەش راستە بگوترێت کە چەشنی ئەو ئازایەتیی‌و شێلگیرییەی لەلایەن ئۆزالەوە کاری پێدەکرا لەپاش مردنی ئەوە دیارنەما.

پاش مانگێك بەسەر مردنی ئۆزالدا، سلێمان دەمیرئەل وەك نۆیەمین سەرۆك کۆمار سوێندی یاسایی خوارد. هەموو کەس لایان وانەبوو کە وەرگرتنی دەمیرئەل بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی کارێکی دانایانە بێت. ئەو بە تەواویی نموونەی سیاسەتکارێکی جەنگاوەری سەرشەقامیی بوو، ئەوەش هێشتا لەبیرەوەرییەکانیدا زیندووبوون کە چۆن ئۆزال جیاوگە سەرۆکایەتییەکانی بەکاردەهێنا، هەربۆیە زۆربەی خەڵك حەزیان دەکرد کەسێك پۆستی سەرۆکایەتیی وەربگرێت کە زیاتر بان پارتیی بێت. وێڕای ئەوە، بوونی دەمیرئەل بەسەرۆك، بۆشاییەکی لەناو پارتەکەیدا دروستکرد کە ئەو خۆی بۆماوەی ٢٨ساڵ رێبەرایەتیی دەکرد. هەڵبژاردنی جێگرەکەی وەك رێبەری پارتەکەی و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی وەك سەرەك وەزیر بەئاراستەی ململانێیەکی بەرچاو پەرەبیسەند، کاتێك کاندیدی دیار کە "حوسامەدین جیندروك"ی قسەکەری پارلەمان، کاندیدکردنەکەی خۆی کێشایەوە، گوایە دەترسێت سەرۆك دەمیرئەل دەستبخاتە نێو کارو ئەرکەکەی وەك سەرەك وەزیر. هەڵبژاردنەکە لەلایەن تانسۆ چیلەرەوە برایەوە، ئەو ژنەی پرۆفیسۆری پێشووی زانکۆیی بوو لە بواری ئابووریی‌و وەزیری ئابووریی بوو لەدوا کابینە وزارییەکەی دەمیرئەلدا.

هەڵبژاردنی چیلەر، تێڕوانینێکی نوێ‌و لاوو هاوچەرخانەی بە پارتەکەو هەروەها وڵاتەکەش بەخشی. لەگەڵ مەسعود یەلمازدا کە رێبەرایەتیی پ.دا.ن وەرگرت، پێکەوە

مژدەی ڕێبەرایەتییەکی نوێیان لە دیمەنی سیاسیی هێنایائارا، ئەو دیمەنەی کە زیاتر لە سی ساڵ دەبوو کەسایەتییەکانی وەك دەمیرئەل، ئەجەوید، ئەربەکان و تورکیش باڵیان بەسەردا کێشابوو. وێڕای ئەوەی چیلەر بە هاندان و چاودێریی دەمیرئەل تێکەڵ بە کاری سیاسیی بوو ، بەڵام سیاسەتەکانی زیاتر لەوانەی ئۆزالەوە نزیك بوو، چ لە رووی ناوەرۆکەوە(تاڕادەیەك بڕوابوونی کوێرانە بە لایەنگریی ئەمەریکا و کارکردن بۆ بازاڕی ئازاد)، چ لە رووخساردا(ورووژاندن، سەرەڕۆیی و گەڕان بەدوای ناوبانگدا). هەروەك ئەو حاڵەتەی یەلمازو ئۆزال، پەیوەندییەکانی چیلەریش زۆر بەخێرایی لەگەڵ سەرۆك دەمیرئەلدا تێکچوو.

هەروەها سەبارەت بە هاوپەیمانەکەشی واتە پ.س.د ، ئەویش گۆڕان لە ڕێبەرایەتییەکەیدا دەرکەوت، ئەردال ئینۆنو دەستی لە سیاسەت کێشایەوەو لە سێپتەمبەری ۱۹۹۳دا لەلایەن "موراد قەرەیالچین"ی والی پێشووی ئەنکەرە شوێنی گیرایەوە. بەوەش بووە جێگری سەرەك وەزیر(بەڵام نەبووە ئەندام پارلەمان).

کاتی چیلەر لە حکومەتدا بۆ سێ بابەت تەرخانکرابوو، کە هەریەکەیان لە خوارەوە بە درێژیی زیاتر باسی لێوە دەکرێت، ئەویش: ئابووریی، کێشەی کورد(بە پرسی ماف مرۆڤیشەوە کە بەم کێشەیەوە پەیوەستە)، هەروەها پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا.ئەم حکومەتەش وەك تێکڕای حکومەتە هاوپەیمانەکانی پێشوو مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی لەسەربوو. لەلای چەپەوە، پ.س.د لەلایەن پ.چ.د کەی ئەجەویدو پ.ك.گ بایکاڵەوە سەبارەت بە چەسپاندنی بانگەشە سۆشیال دیموکراتەکانییەوە رکابەریی دەکرا. شتێك کە بەراستیی لە هاوپەیمانیەتییەکەدا ئەستەم بوو ئەوەبوو کە پارتی ڕێگەی ڕاستیی تێدا باڵادەست بوو. لەلای راستەوە، فشار لە دوولاوە هەبوو کە ناوەندەکانی بیزنس، هەروەها لەلایەن سوپا و چەند ناوەندێکی سیاسیی دیاریکراو بۆئەوەی هەردووکیان تێکەڵ بەیەك بکرێن، کە لەڕووی بەرنامەوە هاوشێوەبوون. پارتەکانی راستی ناوەند، پ.دا.ن و پ.ڕێ.ر لەسایەی شتێکدا بەناوی "ڕێگای دایك" کۆببنەوە. ئەمە تەنیا کاتێك ڕێی تێدەچوو کە چیلەرو یەلماز ئامادەبن،یان ناچاربکرێن، وازبێنن.

## دەسەڵاتگرتنەدەستی ئیسلامییەکان

رکابەری مەزن تاڕادەیەکی زۆر لەلایەن پارتی رەفاوە بوو کە پارتێکی ئیسلامییە. قەبارەی رکابەرییەکە کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ۲۷ی مارتی ۱۹۹٤دا ئاشکرابوو. پ.ڕێ.ر

کاری بۆ ئەوەکرد وەك مەزنترین پارت بمێنێتەوە بەوەی ٢١،٤ لەسەدی بەدەستهێنا. ئەوەی تەنیا بە پۆینت لە پ.دا.ن زیاتری هێنابووکە ٢١ لەسەدی دەنگەکانی هێنابوو. هەرچەندە براوەی راستیینە بریتیبوو لە پارتی رەفا کە ١٩،١ لەسەدی دەنگەکانی هێنابوو. هەروەها لەساڵی ١٩٩١دا ئەو پارتە ١٧ لەسەدی هێنا. بەڵام ئەوەیان بە لیستێکی هاوبەش بوو لەگەڵ پارتی کاری نەتەوەیی فرەراستڕەودا، ئەو پارتەی تەنها بە سەربەخۆیی دابەزیوەو ٨لەسەدی دەنگەکانی هێناوە. هەرچەندە ئەوە ئاشکرابوو کە دەنگی ئیسلامییەکان دووهێندە ببوو، ئەو سەرکەوتنەی کە بۆ بنکە رێکخستنە نایابەکانی ئەو پارتە دەگەڕایەوە زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە پەیامەکەوە هەبێت، ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەدا کورتکرابووەوە بۆ دروشمی(ئەدیل دوزان/تەنیا فەرمان). بەدەستهێنانی دەنگەکانی هەڵبژاردن لەناوچە شارنشینەکاندا بۆ پارتی رەفا مەزن بوو. ئەو پارتە لە ١٥شاری مەزنی تورکیا دەنگی ٦یانی برد، لەوانە ئەستەمبوڵو ئەنکەرە. ئەوەش مانای ئەوەبوو کە ئەو پارتە باش پەرەی سەندووە. ئەو پارتەی کە تەنیا وەك پارتی بیزنسکارانی بچووك نەمابووەوە، بەڵکو ببووە دەنگی بەشێکی مەزن لە خەڵکانی هەژارو کەمدەرامەتی شارەکانیش. ئەمەش هەروەها بەڵگەی ئەوەبوو کە لە تورکیاش، هەروەك لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا هەبوو، دیاردەی "دەنگە ناجێگیرەکان" بایەخی پەیداکردبوو، ئەو دەنگانەی کە پابەندنین بە وەفادارییەکی ئایدۆلۆژییەوەو دەگونجێت لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا بۆ پارتو لایەنێکی تر بچن. ئەو ئارەزووەی کە تەنانەت لەدەیەی داهاتوودا روونتر دەردەکەوێت. رۆشنبیرە سێکیولاریستەکان کە بناغەیان لەشارە گەورەکاندا بوو، پاش ئەوەی بینیان کە پارتی رەفا بەو خێراییە لەنێو شارەکاندا هەڵتۆقیی، زارەترەك بوون. بەڵام پاش زێدەڕۆییەك کە راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان بەهۆی ئەو جۆشە گەنجانەیە لەو بنەمایەوە سەرچاوەی دەگرت کە "ئیدی سەرەی ئەوانە"، هەلومەرجەکە هێمن بووەوەو پێکەوەژیانێکی تایبەت وردە وردە لە شارەکاندا سەری هەڵدا، گەر لەسەر ئاستی نەتەوەییش نەبێت.

چەپی ناوەند لەسۆنگەی ئەو پشتگیرییەی لەلایەن کۆمەڵگەی عەلەوییەوە حیسابی لەسەردەکرد هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بوو لانی کەم ٢٥ لەسەدی دەنگەکان بەدەستبێنێت. بەڵام دابەشبوونی نێوخۆیی نێو چەپەکان باجی خۆی سەپاند، بەهەر سێ پارتە سۆشیال دیموکراتەکە دەنگەکانیان یەك بەدوا یەك بەم شێوەیە هێنا: پ.س.د ١٣،٦، پ.چ.د ٨،٨، پ.ك.گ ٤،٦. ئاشکرابوو کە یەکخستنی چەپ بە بوونی کەسایەتییەکانی وەك قەرەیاڵچین، ئەجەویدو بایکاڵ فرە زەحمەت بوو. بەڵام پاش ئەو کارەساتەی هەڵبژاردن، جوڵانەوەیەکی

ڕێکخستنەکانی خوارەوە لەنێو پ.ك.گ و پ.س.د دەستیپێکرد بۆئەوەی سەرکردایەتیی ناچاربکەن یەکبگرن، تەنانەت گەربێتوو لەپێناو ئەو ئامانجەدا هەردوو سەرۆك پارتەکە ناچاربکرێن کە وازبێنن، ساڵێك پاشتر لە ١٨ی فێبرایەردا ئەم جوڵانەوەیە توانی پاش گەنگەشەیەکی توند، پاش ئەوەی دووپارتەکە دوو سەرۆکەکەی خۆیان بۆماوەیەکی کاتی لێخست، لە سایەی "حیکمەت چەتین"ی ڕێبەری شکۆمەندی پارتی کۆماریی گەل و وەزیری دەرەوەی پێشوو، یەکبگرن. هەرچەندە پ.چ.د بەتەواویی ببووە پارتی بوڵەند ئەجەوید(تورکان بۆ نوکتە دەیانگوت هەرجارێك بڵەند ئەجەوید سەرمای دەبێت، دەرگای سەرکردایەتیی پارتەکە دادەخرێت) جوڵانەوەیەکی هاوشێوە لەم پارتەدا ئەستەم بوو.

هەڵژاردنەکان پێگەی حکومەتی نەگۆڕی. هاوپەیمانییەتەکەو هەروەها لەسەرو هەمووشیانەوە دیسپلینی پارتەکان لەنێو هاوپەیمانییەتەکەدا فرەلاواز مایەوە. ئەمەش ئەو دەمە دەرکەوت کە حکومەت ڕووبەڕووی دوو گرفت بووەوە کاتێك ویستی دوو یاسای فرە گرنگ بخاتە نێو تۆماری یاساکان، یاسای کەرتی تایبەت(کە پاش چەند دەسپێکردنێکی شکستخواردوو دواجار لە ئێوارەی نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا تێپەڕێنرا کاتێك نزیکەی سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن کۆبوونەوە بۆ بینینی یاری تۆپی پێی جامی جیهانی ئەوروپا لەنێوان هەردوو تیپی بەرشلۆنە و گلاتەسەری)، هەروەها گوژمەی لیبراڵیزەکردنی سیاسیی کە هەر لەساڵی ١٩٨٩وە لەبەرنامەدابوو. ئەوە چەسپا کە فرە ئەستەم بوودوو لە سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ئەو گوژمە کۆبکرێتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پێکدەهات لە: لابردنی چەند هەنگاوێکی سنووردارکردن و ڕێگریی کە ساڵی ١٩٨٢وە لەلایەن دەستەی کودەتاچییەکانەوە دانرابوو. کۆنەپارێزەکانی پ.ڕێ.ر و پ.دا.ن دا پێکەوە دژی هەنگاوگەلێك ڕاوەستان وەك مافدان بە کارمەندانی حکومەت کە ببێتە ئەندامی یەکێتییە پیشەییەکان یاخود مافی پارتە سیاسییەکان لە دروستکردنی ڕێکخراوەکانی لاوان، لەکاتێکدا پارتی ڕەفاو باڵی ئاینی پ.دا.ن و پ.ڕێ.ر پشتگیرییەکی مەرجداریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خاڵی ٢٤ کرد کە مسۆگەرکردنی کارەکتەری سێکیولاریستی سیستمە سیاسییەکەی گرتبووەخۆ. ئەوەی بە تەواوەتی بۆ سۆسیال دیموکراتەکان پەسەندنەکراو بوو. مەسەلەی لیبراڵیزەکردن ئەو کاتە بووە شتێکی پێویست و ناچاریی کاتێك یەکێتیی ئەوروپا گەیشتە ئەو ئاکامەی کە مامەڵەی یەکێتییەکە لەگەڵ تورکیا پابەندە بە ئەنجامدانی ئەو لیبراڵیزەکردنە. دواجار پاش چەندین سازشکاریی ژێربەژێرو پشتی پەردە، گوژمەکە لە ٢٣ی ژوئیەی ١٩٩٥داو بە زۆرینەی دوو لە سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن تێپەڕێنرا.

ئـەوەی سـڕینەوەی پێـشەکیی و ١٤ خـاڵی دەسـتووری سـاڵی ١٩٨٣ی لـەخۆگرتبوو. ئـەو گۆڕینـەی لـە پێـشەکی دەسـتووردا کـرا ئـەو پیاهەڵدانـەی سـڕییەوە کـە بـە بـاڵای کودەتـا سـەربازییەکەی سـاڵی ١٩٨٠دا کرابـوو. خاڵـە لابراوەکـان ئـەو مافـەی بـۆ کۆمەڵـەو یەکێتییـە پیشەییەکان مسۆگەرکرد کە دەم لـە سیاسـەتەوە بـدەن، مـاف دا بـە کارمەنـدان ببنـە ئەنـدامی یەکێتییـە پیـشەییەکان و مـاف دا بـە پارتـەکان لـەنێو لاوان و ژنانـدا لقـی خۆیـان دابمـەزرێنن. تەمەنی دەنگدان لە ٢١ساڵەوە بۆ ١٨ساڵ دابەزێنرا. لەکۆتاییدا میراتی کودەتا سـەربازییەکە فڕێـدرا. بـەڵام تێپەڕانـدنی گوژمەکـە زیـاتر سازشـکارییەك بـوو، ئەوانـەی کـە لـەماوەی فەرمانڕەوایەتیی سەربازییدا دەسەڵاتیان گرتبووە دەست هێشتا پـارێزراوبوون. خـاڵی ٨ کـە بـەدناو بـووو سـەبارەت بـە یاسـای دژەتیرۆر بـوو، سـوپا چۆنی دانـابوو، وەك خـۆی مایـەوە بەوهۆیەوە کە ڕەوشەکە هێشتا شایەنی ئەوە نیە ڕەتبکرێتەوە.

دیاردەیـەکی نـوێ لـە دیمـەنی سیاسـییدا بریتیبـوو لـە دامەزرانـدنی "یـەنی دیمـوکرات هەرەکەتسی/جوڵانـەوەی دیمـوکراتیی نـوێ" لەلایـەن "جـەم بۆینـەر"ی سـەرمایەداری مـەزنی رسـتن و چـنین، ئـەوەی کێبڕکێـی سـەرمایەدارانی دیکـەی وڵاتـانی دەریـای سـپی ناوەراسـتی دەکرد، وەك"بێرنارد تاپی" لە فەرەنساو "سیلڤۆ بەرلیسکۆنی" لـە ئیتاڵیا، ئەو خـۆی بـەنێو سیاسـەتدا کـردو سـەرنجێکی زۆری گـشتیی راکێـشا بەوهۆیـەی مـۆدێلێکی نانـەریتیی بـوو. تەکنیکـە نوێیـەکانی پەیوەندییـەکانی و هێنـدێك کـات دیـدو بۆچـوونە تاڕادەیـەك بوێرەکـانی. ئـەو لـە پـشتگیرییکردن بـۆ لیبراڵیزمـی بـازاڕی ئـازاد کـەمتر جێگـەی سەرسـوڕمان بـوو لـە لایەنگریی بۆ ئازادیی ئاینیی بێ قەیدو مەرج و چارەسەرکردنی سیاسییانەی کێشەی کورد. بۆینەر نزیکەی وەك دەیەیەك پێشتری ئۆزال، کـاری بـۆ راکێـشانی خـەڵکانێك دەکـرد کـە سـەر بـە پێـشینەو ریـشەی جیـاوازبوون، بـەڵام پـشتگیریی سـەرەکیی لەلایـەن سـەرمایەداران و بیزنسکارانی هاوچەرخەوە بوو. سـەرەتا بۆینـەر گـوتی کـە خوازیـارە جوڵانـەوەی دیمـوکراتی نوێ وەك وەك جوڵانەوەیەکی بەرفراوان بۆ گـۆڕان بمێنێتـەوە، نـەك وەك پارتێـك. بـەڵام لەگـەڵ نزیکبوونـەوە لـە هەڵبژاردنـەکانی سـاڵی ١٩٩٥دا بـۆ پـارتێکی رێکخـراو گـۆڕا. هەرچـەندە بایـەخێکی کـەمی بـە بابەتـە رێکخـراوو دانـانی شـانە رێکخراوەکانیـدا و پـاش ئـەوەی لـە هەڵبژاردنـــەکانی١٩٩٥دا لاواز دەرکـــەوت، جوڵانەوەکـــە کۆتاییهـــات. هەرچـــەندە بۆینـــەر مۆدێلێکی نوێی هێنایەئاراو هانی ئەندامە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگەی سیڤیلی تورکییدا کـە دەستپێـشخەریی بکـەن بـۆ گرتنـە دەسـتی بڕیارەکـانی و سیاسـەت لەبـەر ڕەحمـەتی سیاسەتچییەکاندا جێنەهێڵن و هەر چاوەڕوانی ئەوان بن کێشەکانی وڵات چارەسەر بکەن.

یەکگرتنی پ.س.د (هاوبەشە لاوەکە لە هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ راستڕەوەکاندا)، هەروەها پ.ك.گ (پارتی ئۆپۆزسیۆن)دژواریی لەنێو هاوپەیمانیەتییەکەی توندترکرد. یەکەمجار پ.ك.گ داوای کرد کە پێویستە حکومەتی نویٛ دابمەزرێت، چیلەر خۆی بۆ هەموارکردنی کابینەکەی ئامادەکردبوو بەلاٛم ئامادە نەبوو گویٛ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نویٛ رابگرێت، کە مانای ئەوە بوو سەرلەنویٛ دانوسان سەبارەت بە پرۆتۆکۆڵی هاوپەیمانیەتییەکە بکرێت. بەدرێژایی هاوین و لە پایزیشدا تادەهات دژواری هاوپەیمانییەتەکە زێدەتر دەبوو، بەتایبەت کاتێك کە یەکێتییە پیشەییەکان کەوتبوونە کاری دەستەجەمعی لەپێناو کرێیەکی زیاتردا. چیلەر وەك پابەندبوونێك بەخەتی توندی بەرنامەکەیەوە، سەرەتا زێدەکردنی پێشکەشکرد کە دواکەوتنی لەپشت پەرەسەندنی هەلاٛوسانەوە بوو، بەلاٛم باڵی سۆشیال دیموکراتەکانی حکومەت ئامادەنەبوون ئەو خەتە توندە پەسەند بکەن لەگەڵ تێکڕای ئەو هەموو بناغە هەڵبژاردنە سروشتییەدا، هاوپەیمانیەتییەکە لەسەرەتای ئۆکتۆبەردا هەڵوەشایەوە. بەلاٛم بڕیاریاندا سەبارەت بە حکومەتی بەڕێوەبەردنی کاتیی کارەکان بمێننەوە تا ئەوکاتە دەتوانرێت هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.

هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٩٥ جەختی لەسەر ئەو ئاراستانە کردەوە کە لە مارتی ١٩٩٤دا لەسەر رووی شانۆی سیاسییەکە دەرکەوت. پارتە ئیسلامییەکەی رەفا هێزی زێدەتر ببووو نها ببووە مەزنترین پارت بەوەی ٢١,٤ی لەسەدی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو—خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا. پ.دا.ن بە ١٩,٧ لەسەدی دەنگەکانی پلەی دووەمی هێنابوو، بەلاٛم ئەمە بەشی ئیسلامییە نەتەوەییە توندڕەوەکانی گرتبووەخۆ کە وەك پارتی یەکگرتووی مەزن دووکەرت بوون و حەوت کورسی لە پارلەماندا مابوو(لە ٥٥٠ کورسی). پارتەکەی چیلەر(رێگەی راست) زیاتر لەوەی لێی چاوەڕواندەکرا، بەدەستیانهێنا، شتێکی کەمتری لەوەپێش هەبوو واتە(١٩,٢لەسەدا) بەلاٛم کورسی زیاتر لە پ.دا.ن هێنا.[33] چەپەکان تەنیا لەناوەندە هەڵبژاردنە سەرەکییەکاندا توانیان خۆبنوێنن

[33] ئەو دەیتوانی لەگەڵ ئەو دەنگە کەمەی خەڵکی کورسیی زیاتر بهێنێتەوە، ئەمەش بۆ سیستمی هەڵبژاردنی تورکیا دەگەڕایەوە کە ئەو کاتە کاری پێدەکرا. پارتەکان پێویستیان بە ١٠ لەسەدا هەبوو بۆئەوەی لە مەڵبەندی هەڵبژاردندا بگەنە ئاستی گونجاو، هەروەها لەسەر ئاستی نەتەوەییش پێویستیان بە ١٠ لەسەدا هەبوو، ئەوەش دەیتوانی ببێتەهۆی ئاکامێکی سەیر لەو ناوچانەی دیمەنێکی سیاسیی جەمسەرگەرای تێدا بوو. باوادابنێین هەرێمی باشووری رۆژهەلاٛت کە پارتە کوردییەکەی هیپ دواتر "هادیپ"و پاشتریش"دیهاپ" ٦٠ لەسەدی دەنگی

بـەوەی ٢٥ لەسـەدیان هـەبوو. ١٤,٧ لەسـەدی دەنگـەکان بـۆ پـارتی چـەپی دیموکراتەکـەی ئەجەویدی شارەزاو تەنیا پ.ك.گ ی بایکاڵ توانی ئاستی پێویستی هەڵبژاردنەکان کە ١٠ لەسـەدایە، تێپـەڕێنێت. پـارتی کـاری نەتـەوەیی نـەیتوانی ئـەو ئاسـتە تێپـەڕێنێت(بـەهۆی پـەرتبوون لـە بـاڵی ئیـسلامییەکەیدا هـەروەك پـارتی یـەکگرتووی مـەزن)، هـەروەها "هادیپ/پارتی دیموکراتی گەل"ەکەی لایەنگری کوردان و جولانەوەی دیموکراتی نوێیەکەی جـەم بۆینـەریش ئـەو ئاسـتەیان تێنەپەڕانـد. هادیـپ ئازایانـە لـە باشـووری ڕۆژهەلاتـدا تێکۆشـابوو بـەجۆرێك لەزۆربـەی شـوێنەکاندا لـەپاش پـارتی ڕەفـا، دووەمـین پلـەی بەدەستهێنابووو لـە هێنـدێك شوێنیش پلـەی یەکەم. بـەلام نـەیتوانیبوو دەنگی ئـەو کوردانـە بۆخۆی رابکێشێت کە لە شارە گەورەکاندا دەژیان.

پاش هەڵبژاردن، هاوپەیمانیەتیی(دایك-ڕێگە) لەدەرەوەی ڕێگە دروستەکە دەرکەوت. بەلام ناکۆکییـە شەخـسییەکانی نێـوان یـەلمازو چـیلەر وایکـرد بـە تـەواویی دژواربێـت. سـەرۆك دەمیرئـەل وەك پابەنـدبوونێك بـە دابـی پارلەمانییـەوە داوای لـە نەجمـەدین ئەربـەکان کـرد کـە سەرۆکی مەزنترین پارت بوو، تا حکومـەت پێکبهێنن. وێڕای ئـەوەی پارتـە مەزنـەکانی دیکـە ڕایانگەیانـد کـە بـەهێزە ئیسلامییەکانەوە پەیوەست نابن، بـەلام پ.دا.ن ی یـەلماز زۆر نزیـك بـوون بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئەربـەکان . ئـەوەی لـە دوا سـاتیدا بـە فـشاری مـەزنی سـوپا و کۆمەڵگەی بیزنسکاران لەباربرا، پاش ئەوە هاوپەیمانیەتییەکی فرە سەخت لە نێوان پ.دا.ن و پ.ڕێ.ر پێکهـات. ئـەم هاوپەیمانیەتییـە کورتخایەنـە نزیکـەی لـە چـوار مـانگی یەکەمیـدا ئیفلـیج بـوو. کۆتـایی ئـەم هاوپەیمانیەتییـە هـات کاتێـك پ.دا.ن بڕیاریـدا پـشتگیریی لـە لێکۆڵینەوەیەکی پارلەمانی سەبارەت بە گەندەڵیی لە پارتەکەی تانسۆ چیلەردا بکات، ئەوەی لەلایـەن پـارتی ڕەفاوە داواکرابوو. لـە سـۆنگەی ئـەم ناپاکییـە لەگـەڵ هاوبەشـەکەیدا، چیلەر ڕایگەیاند کە خوازیارە حیزبەکەی لە هاوپەیمانیەتییەکە بکشێتەوە. هەربۆیە مەسعود یـەلماز دواجار لە ٦ی ژوندا دەستی لەکار کێشایەوە، بەوەش دەرکـەوت کـە ناتوانرێت حکومـەتێکی جـێگیر بـێ بەشـداریی ئیـسلامییەکان پێکبهێنرێـت، جـارێکی دیکـە داوا لـە ئەربـەکان کـرا حکومـەت پێکبهێنێـت. ئـەمجارەیان تانـسۆ چـیلەر بـوو کـە ئـەوەی لا چەسـپا پێویـستە

---

خەڵکەکەی هێناو پارتی نەتەوەیی توندڕەو کە "پارتی کاری نەتەوەیی"یە بە پلەی دووەم هات. ئەگەر پارتەکە پشتگیریی هەرێمیی هەبووو نیشتیمانیی نەبوو واتە لەسەر ئاستی هەموو تورکیا، ئەوا پارتە نەتەوەییە تورکە توندڕەوەکە هەموو کورسییەکان دەبات(وادادەنرێت کە ئاستی نیشتمانییشی تێپەڕاندووە)، بەمانایەکی دی، کوردە نەتەوەییەکان لەلایەن تورکە نەتەوەییەکانەوە لە ئەنکەرە نوێنەرایەتییان دەکرێت.

لاوازییەکەی لە بەدەستهێنانی هێزدا بقۆزێتەوە، چیلەر هۆکارگەلێکی نایابی بەدەستەوە بوو تا گوێ لە پێشنیازەکانی ئەربەکان بگرێت لەبەرامبەر پشتگیریی بۆ ئەربەکان، ئەوەی دواییان لێکۆڵینەوە پارلەمانییەکە لە مامەڵە داراییەکانی پارتەکەی چیلەر هەڵپەسێرێت. کابینەکە لە ٢٨ی ژون پێکهێنرا. بەشێوەیەك ئەربەکان بۆماوەی دووساڵی یەکەم ببێتە سەرەك وەزیر پێش ئەوەی ئەو پۆستە رادەستی چیلەر بکرێتەوە. لە تورکیا تۆقینێکی کەمتر لەنێو ناوەندە سێکیولاریستەکاندا هەبوو وەك ئەوەی لە پاش هەڵبژاردنەکانی مارتی ١٩٩٤دا لەئارادابوو. تەنانەت نها ناوەندە بیزنسکارە رۆژئاواگەراکانیش پێیان باش بوو حکومەتێکی جێگیر لەسەرکاربێت وەك حکومەتێکی سێکیولاریستی ناجێگیر. ئەم حاڵەتەی سوپای بێزارکردو نیشانەی ئەو بێزارییەشی بە دەرکردنی هێندێك ئەفسەر دەربڕی بە بیانووی بێمتمانەییان(بەوەی ئیسلامیین)، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ یاخیبوونێکی ئاشکرا لە ئارادا نەبوو. ئەو راستییەی تورکیایەکی سێکیولاریستی لەلایەن سەرەك وەزیرێکی ئیسلامییەوە بەڕێوەببرێت بێئەوەی وەك پێشتر لەسەری راهاتبوون هیچ کۆسپێکی بخرێتە بەردەم جۆرە شۆکێکی لە جیهانی رۆژئاوا پێکهێنابوو، هەرچەندە ئەوانە بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی و تەماشاکردنیان گرتبووەبەر.

هەرچەندە کابینە نوێیەکە لە مانگەکانی یەکەمیدا(ئەوەی پۆستە هەستیارەکانی وەك کاروباری نێوخۆیی، دەرەوەو ئابووریی لەلایەن کەسانێکی پارتی رێگەی راستی سێکیولاریستەوە بەڕێوەبران) لەو رێبازە دەرچوون لەپێناو خۆبەدوورگرتن لە ململانێ و رووبەڕووبوونەوەو هەروەها بۆ رێزبەدەستهێنان. لەلایەن پارتی رەفاوە گوتارێکی ئیسلامییانەی توند خرایە گەڕ، ئەوەی بانگەشەی رەتکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی دەکرد، لەمپەرێك لەبەردەم چوونە یەکێتیی ئەوروپاوە(کە وەك پیلانێکی ماسۆنیی-کاسۆلیکی وێنا دەکرا)، لەوەدەچوو هەروەها وەستاندنی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا لەبیرکرابێت.

پاش شەش مانگ، هاوپەیمانیەتییەکە بەهێزو جێگیر دەرکەوت، زیاتر لەوەی لەلایەن کۆمەڵگەی سەرمایەدارە نوێیەکانەوە پشتگیریی دەکرا، کەوتبووە بەر نارەزایەتیی توندی سوپا، هەروەها بە توندیی و بەردەوامیی لەلایەن بڵاوکراوە بەربڵاوەکانی تورکیاوە بێزاریی دەردەبڕرا، ئەوەی کە لە تورکیا لەلایەن دوو کۆمپانیاوە دەستی بەسەردا گیرابوو(گرووپی دۆغان کە میللییەت و هەروەها حورییەت ی چاپ و بڵاودەکردەوە، لەگەڵ گرووپی بیلجین کە سەباح و یەنی یوزیل یان چاپ و بڵاودەکردەوە)، ئەوەی ٦٦ لەسەدی بازاڕی بەدەستەوەبوو، هەروەها خاوەنی تەلەفیزیۆنە گرنگەکان بوو.ئەو هۆکارانە وایان لەو هاوپەیمانیەتییە کرد

فره پتەوبێت، ئەستەم نیە بزانرێت: تانسۆ چیلەر بەهۆی ئەو تۆمەتانەی سەبارەت بە گەندەڵیی وەك شمشێری دیمۆكلیس بەسەر سەرییەوە بوو نەیدەتوانی لە هاوپەیمانیەتییەكە دەربچێت، ئەربەكانیش دەیتوانی چاوەڕێ بكات لەكاتێكدا پشتگیریی خەڵكی ولات بۆ ئەو تادەهات لە زێدەبووندا بەردەوام بوو. ئەو لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٩٦دا بێمنەت ٣٠ لەسەدی دەنگەكانی بەدەستهێنا.

## ٢٨ی فێبرایەری ١٩٩٧: گەڕانەوەی كەمالیستەكان

واپێدەچوو ئەو پێگە سەختەی ئەربەكان و پارتەكەی وایلێكردبن هەست بە پارێزراویی و بێوەییەكی ساختە بكەن. ئەوەی زۆر لە سەركردایەتیی پارتەكەوە نەبوو، بەڵكو لە هێندێك پارلەمانتاری رادیكاڵ و سەرۆك شارەوانییەكان بوو كە هێندە بوێربوون گوتاری ورووژێنەریان دەدا، هەروەها بەهاتنی ساڵی نوێی ١٩٩٧، پەیوەندییەكانی نێوان حكومەت و سوپا بە خێرایی رووی لە دژواریی دەكرد. یەكەمین رووبەڕووبوونەوەی لەو كاتەدا پەیدابوو كە سەرۆك شارەوانیی ئیسلامیی(سینكان)لە نزیك ئەنكەرە شەوێكی بەناوی (شەوی قودس)بۆ پشتگیریی فەلەستینییەكان رێكخست، تێیدا باڵیۆزی ئێران لەتوركیا گوتارێكی توندی دژی رۆژئاوا پێشكەشكرد. سەرەتا باڵیۆزی ئێران بانگكرا بۆئەوەی بە فەرمیی نامەیەكی ناڕەزایەتیی پێبدرێت، پاش چوار رۆژ واتە لە ٤ی فێبرایەردا كاروانێك كامیۆنی سەربازیی بەهێواشیی بەناوەڕاستی سینكادا دەجولان و بەوناوەی گوایە مانۆڕ ئەنجامبدەن. پاش كەمێك، سوپا رایگەیاند كە(باتی چاڵیشمە گروپو/هێزی ئەركی رۆژئاوا)ی لە هێزی دەریایی پێكهێناوە تا بەڵگە سەبارەت بە مەترسیی توندڕەوە ئاینییەكان لەمەڕ دەوڵەت كۆبكاتەوە.دواتر لە ٢٨ی فێبرایەردا لیستێكی درێژ لە داواكاریی پێشكەشی كابینە كرد(بە فەرمی ئامۆژگاریی) كە ئامانجی جڵەوگیریی كاریگەریی ئیسلامییەكان بوو لە ئابووریی، فێركردن و لەنێو دامەزراوە فەرمییەكان. دیارترین داواكاریی بریتیبوو لە پێشكەشكردنی ٨ ساڵەی خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگە دەوڵەتییەكان . ئامانجی پشت ئەم بیرۆكەیە دانانی سنورێك بۆ خوێندنگەكانی (ئیمام و خەتیبەكان) لە قۆناغی ناوەندییدا. ئەو خوێندنگایانەی زۆر بەربڵاوبوون لەنێو بەشێكی زۆری خەڵكانی هەژار و كەم دەرامەتدا چونكە بەخۆڕایی بوون و هەروەها(لەدیدی كۆنەپارێز و موسوڵمانەكانەوە)فێركردن تێیدا سەلامەتتر بوو. دەرچووانی ئەم خوێندنگایانە دەچوونە قۆناغی پەیمانگا و لە كۆتاییدا زانكۆكان.ئەو خوێندنگایانە لەماوەیەكی كەمدا ژمارەیەكی زۆر دەرچووانیان رەوانەی دەزگا

ئاینییەکان کرد، زۆربەی دەرچووان شوێنی دیکەیان لە بەش‌و دەزگا سێکیولارەکانی دەوڵەتدا بینیەوە. لە دیدی سوپا‌و زۆربەی تورکە سێکیولاریستەکان ئەمە مەترسییەکی پێکدەهێنا کە کەسانێکی خاوەن بیروڕای ئیسلامیی درزە بکەنە نێو دەزگاکانی دەوڵەت‌و وردە وردە دەستی بەسەردا بگرن. کابینەکە کە لە ١٣ی مارتدا بەفەرمیی پێشنیازەکانی ٢٨ی فێبرایەری پەسەند کرد، بەڵام زۆری بۆ جێبەجێکردنیان نەکرد، پاش شەش هەفتە ئارامیی لەبەر سوپا هەڵگیرا‌و کۆبوونەوەیەکی نۆ ساتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجامدرا کە بە دەنگێکی بەرز خواستەکانی خۆیان دووبارە دا بەگوێی حکومەتدا، ئەمجارەیان لەشێوەی ئۆلتیماتیۆمێکدا. ئەمێستا ئیدی لەنێوان پارتی رەفا‌و سوپادا جەنگێك بەرپابوو. ژێنراڵێك لە ئەزمیر رەخنەیەکی سوکایەتیی ئامێزی سەبارەت بە حەجکردنەکەی ئەربەکان‌و هەروەها حکومەتی سعودیە کرد، هەروەها کاتێك حکومەت داوای لە سوپا کرد لێکۆڵینەوە لە ئاکاری ئەو ژێنراڵە بکات، سوپا ئەو داوایەی رەتکردەوە.

ئەربەکان لە ٢٠ی مایۆدا لە پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە رزگاری بوو، بەڵام سوپا لە یەکخستنی چەندین توێژی جیاوازی کۆمەڵگا دژی حکومەت بەردەوام بوو. یەکێتییە پیشەییەکان‌و فیدراسیۆنەکانی خاوەنکاران پێکەوە بەرەیەکی سێکیولاریستیان لە ٢١ی مایۆ پێکهێنا، هەروەها لەو رۆژەدا "ڤوراڵ ساڤاش"ی کە دادوەرێکی سێکیولاریستی دەمارگیربوو لە دادگای باڵای ئەنکەرە، داوای داخستنی پارتی رەفای کرد بەوهۆیەی بووەتە پەنتی کۆبوونەوەی چالاکییە تاوانکارییەکان.[٣٤] پێنج رۆژ پاشتر سوپا ١٦١ ئەفسەری لەریزەکانی سوپا دەرکرد بە گومانی ئیسلامییبوونیان. لە ژوندا، سوپا دەستیکرد بە ئاگادارکردنەوەی رۆژنامەنووسان‌و ئەندامانی دەسەڵاتی دادوەریی سەبارەت بە مەترسیی توندڕەوانی ئیسلامیی. لە ئاکامی ئەو فشارانەدا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پارتی رێگەی راستەکەی چیلەر، لاوانی هاوپەیمانی پارتەکە، کەوتنە جێهێشتنی پارتەکە. لەناوەراستی ژوندا، ئاشکرابوو کە ناتوانرێت ئەم رۆچوونە لەوەزیاتر بوەستێنرێت‌و لە ١٨ی ژوندا ئەربەکان وازیهێنا. وا چاوەڕواندەکرا کە وەك بەشێك لە هاوپەیمانیەتییەکە داوا لە چیلەر بکرێت حکومەت پێکبێنێت. بەڵام دەمیرئەل ئەوەی نەکرد، بەمەبەستی تووڕەکردنی ئەربەکان‌و چیلەر، داوای لە رێبەری پ.دا.ن واتە مەسعود یەڵماز کرد حکومەت پێکبێنێت. لەسایەی فشاری زۆری سوپادا، یەلماز هاوپەیمانیەتییەکی لەگەڵ پارتی چەپی دیموکراتەکەی ئەجەویدو هەروەها پارتی دیموکراتی تورکیای حوسامەدین جێندرۆك‌و

[34] *Turkish Probe*, 10 October 1997, 248.

گروپێك لەلایەنگرانی دەمیرئەل ئەوانەی لە پارتی ڕێگەی ڕاست جیاببوونەوە، پێکهێنا، بەوەش سوپا توانی لە جێبەجێکردنی ئەوەدا سەربکەوێت کە لە تورکیا پێیدەگوترا"یەکەم کودەتای پۆستمۆدێرنە".

ئەرکی سەرەکیی حکومەتی نوێ ئەوە بوو ئەو چاکسازییانە بکات کە سوپا خوازیاری بوو، ئەوەی تاڕادەیەکی دیاریکراو ئەنجامدرا(یاسایەکی نوێی فێرکردن سەبارەت بە پێشکەشکردنی ٨ ساڵ خوێندنی بنەرەتیی لە ١٦ی ژوئیە تێپەڕێندرا)،[٣٥] بەڵام هەرزوو کەلێن لەنێوانیاندا دەرکەوت. بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٨، هەردوو یەلمازو ئەجەوید بە بەردەوامیی تووڕەیی خۆیان سەبارەت بە دەستتێوەردانی سوپا لە سیاسەت پێشاندا. هەرچەندە، هەرکاتێك شتی وا ڕوویدەدا، ژێنڕاڵ "کارادای"سوپاسالاری تورك هۆشیاریی دەدانێ و ئەوانیش ناچاردەبوون پشتگیریی خۆیان بە ئاشکرا بۆ سوپا دەربڕنەوە.

هەنگاوەکان بۆ سەرکوتکردنی ئیسلامییەکان بەخێرایی نران.لە ١٦ی یەنایەری ١٩٩٨دا، دادگای دەستووریی، پارتی ڕەفای قەدەغەکردو هەروەها ئەربەکان خۆی بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری سیاسیی لێ یاساغ کرا. ئەو بڕیارەی دوای بۆ دوا ساتی تەمەنی درێژکرایەوە. لەفێبرایەردا، پرسێك بۆ سەرۆك شارەوانی بەناوبانگی ئەستەمبوڵ "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان" کرایەوە. ئەو بەوە تۆمەتبارکرا گوایە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا شیعرێکی "زیا گۆکالپ"ی شاعیری هەشتا ساڵەی گوتووە کە منارەی مزگەوتی بە سەرەنێزەی تفەنگ چواندووە. پاش دوو مانگ ئەویان بە دەمانگ زێندانیی سزادا. هەروەها لێپرسینەوەیەك لە ژمارەیەك سەرۆك شارەوانییەکانی دیکەی پارتی ڕەفا کراو پرسێك دژی "موسیاد" کە ڕێکخراوێکی بیزنسمانە موسوڵمانەکان بوو(بە فەرمیی سەربەخۆ بوو) کرایەوە.

هەمان کات ئیسلامییەکان خۆیان ڕێکخستەوە، لە٢٣ی فێبرایەری ١٩٩٨دا، ٤ ئەندام پارلەمانی ڕەفا "فەزیلەت پارتەسی/پارتی چاکەخوازیی"یان پێکهێنا. کاتێك بەشێك لە هاوڕێکانیان لە پارلەمان پێیانەوە پەیوەست بوون، پارتی فەزیلەت مەزنترین دەستەیان لە

[35] زێدەبوونی خوێندنی بەزۆر لە ماوەیەکی کورتدا بە ڕێژەی ٦٠ لەسەدا گرفتی زۆری لێکەوتەوە لە نەبوونی مامۆستای کارا، قەرەباڵغی پۆلەکان و نەبوونی پێویستییەکانی خوێندن. ڕەخنەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە تورکیا تەنیا ٢,١ لەسەدی داهاتی گشتیی نەتەوەیی بۆ فێرکردن خەرجکردووە، سێیەکی ئەوەی میسرو تونس، یاخود ئەردەن خەرجیانکردووە: (*Turkish Probe*, 12 September, 1997, 244).

پارلەمان پێکهێنا کە ١٤٠ کورسی بوو. کابینەکەی یەڵماز خوازیاربوو تا پێیدەکرێت دڵی سوپا لەخۆی رازیی بکات، بێئەوەی حیساب بۆئەوە بکات کە لە پرسەکەی پارتی رەفادا بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی خۆی لێدەتەکێتەوە. هەمان کات دەبوایە هەنگاوی جیددی لەپێناو رزگاریی ئابوورییدا بنێت. ئەو کاتەی ئەو چووە دەسەڵاتو پێشتریش، واتە هەر لە ژوئیەی ١٩٩٧ەوە، هەڵاوسانی ئابووریی هێندە بەرز بوو کە کۆمارەکە هیچ کات شتی وای بەخۆوە نەدیبوو. هەروەها قەیرانی دارایی رووسیاکە لە ئوتی ١٩٩٨دا روویدا، بەخراپیی زیانی لە تورکیادا. کابینە بەشێك لە چارەسەری لە هاندانی بەتایبەتکردنی کەرتی ئابووریی دەبینیەوە، ئەوەی سکانداڵە گەندەڵکارییەکانی لێکەوتەوە بەشێوەیەك خودی یەلمازیشی گرتەوە، لەئاکامدا ناچارکرا لە ٢٥ی نۆڤەمبەردا دەست لەکار بکێشێتەوەو ١٨ی ئەپرڵی ١٩٩٩وەك بەرواری هەڵبژاردنی نوێ راگەیەندرا.

ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە یەکەمین هەڵبژاردنە پاش کودەتاکەی ١٩٩٧، هەموو کەس نیگەران بوون لەوەی کاردانەوەیەکی نەرێیی ئیسلامییەکانی لێبکەوێتەوە. دەمیرئەل ئەوەی کرد کە بۆ سەرکردەیەکی وڵاتێکی دیموکراتیی هەڵبژێردراو وەك گوتارێکی شۆك ئامێز دەرکەوت، کاتێك گوتی گەر بێتو پارتی فەزیلەت و پارتی رێگەی راست هەڵبژاردنی داهاتوو بەرنەوە "دەوڵەت دەکەوێتە کار".[36] بەڵام کاردانەوەیەکی نەرێیی روویندا. پارتی فەزیلەت نزیکەی چارەکی لایەنگرانی پارتە کۆنەکەی رەفای لەدەستداو ١٥,٤ لەسەدی لە ئەپرڵی ١٩٩٩ بەدەستهێنا. ئەمە هێشتا رێژەیەکی مەزن بوو، بەڵام مانای ئەوەش بوو کە بەتەواویی چاوەڕواننەکراوبوو کە پلەی سێیەم لەپاش پارتی چەپی دیموکراتەکەی ئەجەوید(٢٢,١ لەسەد)و پارتی کاری نەتەوەیی(١٨ لەسەد)، بێنێت. پارتە کلاسیکییەکانی راستی ناوەند، پ.دا.ن و پ.رێ.ر ١٣و ١٢ لەسەدی دەنگەکانیان هێنا. لەرووی جوگرافییەوە دابەشبوونێکی ئاشکرا هەبوو. رۆژئاوای پەرەسەندوو دەنگی بۆ پارتی چەپی دیموکراتدا، ناوچەرگەی ئەنەدۆڵ بۆ پارتی کاری نەتەوەیی، زۆربەی ناوچە دواکەوتووەکانی رۆژهەڵات بە پارتی فەزیلەت. بە سوودوەرگرتن لەو رووداوانەی دوایی، پێدەچێت دوو فاکتەر ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەیان دیارییکردبێت . یەکەم گرتنی سەرنجراکێشی "عەبدوڵا ئۆجالان"ی سەرۆکی پەکەکە لە فێبرایەردا، ئەوەی لەسۆنگەی سەرۆکاریی ئەو کارە وەك جێگری سەرەك وەزیر، پێگەیەکی مەزنی بە ئەجەوید بەخشی. ئەمەو وێڕای درککردنی گشتیی سەلامەتی هزریی کەسێتیی ئەجەوید کە بەتوندیی لەگەڵ ئەو سکانداڵە گەندەڵکارییەی بەدەوری

[36] *Turkish Probe*, 3 January 1999, 312.

یەڵمازو چیلەرەوە بوو، ناکۆك و دژبوو، ئەوانەی تێکڕا بوونە هۆی سەرخستنی پارتی چەپی دیموکرات. دووهێندەبوونی دەنگەکانی پارتی کاری نەتەوەیی سەرسوڕهێنەربوو. ئەو پیاوەی کە ٣٠ساڵ پێشتر ئەو پارتەی پێکدەهێنا(واتە ئەلبئەرسەلان تورکیش) لە ٤ی ئەپرڵی ١٩٩٧دا مرد. هەروەها پاش ململانێ و کێشمەکێشی توندو درێژخایەن بۆ جێگرتنەوەی، "دەوڵەت باخچەلی" کە ئەندامێکی شارەزاو لێهاتووی جولانەوەی ئایدیالیستە توندڕەوەکان بوو، بووە سەرکردەی پارتەکە. ئەو دەستبەجێ بە دوو ئاراستەدا رۆیشت. ئەو لەلایەکەوە تێدەکۆشا بۆئەوەی وێنەیەکی سیڤیل و هاوچەرخانەتر بە پارتی کاری نەتەوەیی ببەخشێت، خۆی لە دەمارگیریی و توندڕەویی رابردوو بەدوورگرت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە و بەهۆشیارییەوە لەگەڵ دەنگە ئیسلامییەکاندا کەوتە سەرەتاتکێ. بۆنموونە بەرگریی لەمافی سەرپۆشین لە خوێندنگەو هەروەها لە زانکۆکاندا دەکرد، ئەوەی کەمالیستەکان یاساغیان کردبوو. ئەمەو وێڕای ئەو راستییەی کە پارتی کاری نەتەوەیی لەو گەندەڵیی و ئابڕوچوونانە نەگلابوو کە لە رۆژانی ئەربەکان–چیلەر یاخود ئەوەکانی یەڵمازەوە قسەی لێدەکرا. ئەوەی وایکرد ئەم پارتە دەنگی خەڵکانێکی زۆر بۆخۆی راکێشێت، ئەو دەنگانەی نها تورکیا زیاتر لەپێشوو هەیبوون.

ئەو کابینەیەی پاش هەڵبژاردنەکان لە پارتی چەپی دیموکرات و پارتی کاری نەتەوەیی و پارتی دایکی نیشتمان پێکهات و لەسایەی بوڵەند ئەجەویدی ٧٠ساڵەی کۆنەکاردا کەوتەکار. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە راستڕەوە توندڕەوەکان و چەپی دیموکرات بتوانن هاوپەیمانییەك پێکبهێنن. بەڵام لەراستییدا زەمینەیەکی هاوبەشی ئایدۆلۆژییان لەنێواندا هەبوو. هەردوو لایەنەکە نەتەوەیی توند بوون و بڕوایان بە دەوڵەتێکی بەهێز هەبوو.

حکومەتی نوێ بەتەواویی سەرقاڵی ئەو هەوڵانەبوو کە بۆ رزگاریی ئابووریی تورکیا دەیدان. لە ٢٠ی ژوئیەدا بە نامەیەك پەیوەندیی بە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە کرا کە تێیدا تورکیا پابەندی خۆی بۆ سیاسەتی دارایی توند، لەبەرامبەر وەرگرتنی قەرزدا راگەیاندبوو. هێندێك رۆژنامە سەرنجی گشتییان بۆ ئەو راستییە راکێشابوو کە ئەوە حەڤدەهەمین جارە تورکیا رێکەوتنی بەوجۆرە مۆر بکات. حکومەت هێشتا هەوڵەکانی سەبارەت بەو پرسە چڕکردبووەوە بەدەر لە هەر شتێکی دیکە کاتێك لە ساتی ٣,٠٢ ی بەیانیی ١٧ی ئوتی ١٩٩٩ دا بومەلەرزەیەکی مەزن (٧,٠٤ بەپلەی رێختەر)ناوچەی دەوروبەری دوورگەی ئزمیتی رۆژهەلاتی ئەستەمبوڵی هەژاند کە دانیشتووانێکی زۆری

تێدا دەژیا. کارەساتەکە مەزن بوو، بەپێی ئاماری فەرمیی ١٥٠٠٠کەس گیانیان لەدەستدا. دەگونجێت لەراستییدا دوو هێندەی ئەو ژمارەیە لەناوچووبن. چونکە تۆمارکردنی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کەموکورتی زۆری تێدا بووبەهۆی ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە ناوچەکانی دەروبەرەوە دەژیان و کۆچیان بۆ ئەو شارۆکەیە کردبووو لە باڵەخانە تێکترنجێنراوەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد.

لەرۆژانی یەکەمی کارەساتەکەدا واپێدەچوو دەوڵەوت و حکومەت نەزانن چ کارێك ئەنجامبدەن لەکاتێکدا سیاسەتکارەکانی ئەنکەرە دڵنیاکەرەوەی پوچیان دەدا، ئاژانسی کاروباری کارەساتەکان بە سستیی مابووەوە. هیچ ئۆپەراسیۆنێکی پێڕاگەیشتنی رزگارکردن لە ٢٤ساتی هەستیاری یەکەمدا رێکنەخرا. سوپا بە خەڵکانی خۆیدا رادەگەیشت(لە بنکە سەربازییە رووخاوەکانی گۆلجوك)، بەڵام هیچ کارێکی بۆ رزگارکردنی گیانی خەڵکانی سیڤیل ئەنجام نەدا. ژمارەیەك وڵاتان لەنێویاندا یۆنان و ئیسرائیل و داوایانکرد کە هاوکاریی بکەن و تیمێکی تایبەت و هاوکاریی پزیشکییان نارد. بەڵام هەوڵەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە هاوکارییەکی کەم کرا. یارمەتییەکان لەخاڵەکانی گومرگدا گلدرانەوە و "عوسمان دورموش" وەزیرە نەتەوەخوازە توندڕەوەکەی تەندروستیی هەوڵیدا یارمەتییەکانی بێگانە بلۆك بکات و گوتی کە تورکیا پێویستی بەخوێنی بێگانە نیە. جێگەی بایەخە تەنیا رێکخراوێك کە بەشێوەیەکی شیاو هەڵسوڕا بریتیبوو لە رێکخراوی "ئاکوت" کە رێکخراوێك بوو پەیوەندی بە دەوڵەتەوە نەبوو. پاش چەند رۆژێکی کەم ئنجا حکومەت کەوتە هەماهەنگیی و بەشێوەیەکی کاریگەر کەوتەخۆ. بەڵام ئیدی لەودەمەدا بۆ بەشێکی زۆر لە قوربانییەکان درەنگ کەوتبوو. ئەو دەستەپاچەییەی ئۆرگانەکانی حکومەت راستەوخۆ لە دوای روودانی بومەلەرزەکە، دانیشتووانی توڕەکرد و شەپۆلێکی رەخنە و گازندەی توندی لە رۆژنامەکاندا دژی حکومەت لێکەوتەوە. بەشێوەیەکی ناوازە بۆ تورکیا، سوپا لەو رەخنەو بێزارییەی خەڵك بەدوور نەبوو. هەوڵەکانی لابردنی داروپەردوی ئەو کارەساتەو چاککردنەوەی لە ئاکامی بومەلەرزەیەکی دیکە، کە لەوەی پێشوو کەمتر زیانی دا(٧,٢ پلە بە پێوەری رێختەر)، بەڵام کاریگەر بوو، لەمپەری دروستکرد. ئەوەبوو لەرزەیەکی کە ئەمجارەیان لەناوچەی "دوزجە"ی دا لە ١٢ی نۆڤەمبەردا. کە زیاتر بەرەو رۆژهەڵات بوو.

لەکاتێکدا حکومەت سەرقاڵی مەسەلەی ئابووریی و هەروەها دابینکردنی خەرجی مرۆیی مادیی فریاگوزارییەکانی بومەلەرزەکە بوو(٢٥بلیۆن دۆلاری زیاتر بۆ تەرخانکرا)، گەڕانەوەی کەمالیستەکان بە توندیی بەردەوام بوو. پارتی فەزیلەت بەوە تاوانبارکرا کە دروست

بەردەوام بوونی پارتی رەفایە، هەربۆیە لە مایۆدا دادگای بالآی جەنگ کەیسێکی دژی پارتی فەزیلەت کردەوە. پاش دوو ساڵی دیکە لە ٢٢ی ژونی ٢٠٠١دا، دادگای دەستووریی پارتەکەی قەدەغە کرد. ئەوەش گەنگەشەیەکی لەنێوان کۆنەپارێزەکانی فەزیلەتدا هێنایەئارا، ئەوانەی پشتگیریی هێڵێکی ئیسلامییانەی توندڕەویان دەکرد.میانڕەوەکانیش خوازیاربوون پارتەکە بگێڕنەوە بۆ نێو بازنەی جوڵانەوەی راستڕەوی ناوەندو ئەو گوتارە ئیسلامیستەی لێداماڵن. کاتێك میانڕەوەکان دەرپەڕێنران، لە سایەی رێبەرایەتیی "عەبدوڵا گویل"و "تەیب ئۆردۆغان"دا کۆبوونەوەو "عەدالەت ڤە کالکینمە پارتەسی(ئاکەپە)/پارتی دادو گەشەپێدان"یان لە ١٤ی ئوتی ٢٠٠١دا دامەزراند.[٣٧] ئیسلامییەکان جارێکی دیکە ناوێکی دیکەیان لەخۆیان نا کە "سەعادەت پارتەسی/پارتی بەختەوەریی" بوو، ئەم پەرتبوونە دەگونجێت شتێك بێت سوپا مەبەستی بووبێت رووبدات، ئەوەی کە دوایی پەشیمانیی بەدوادا هات.

تەوژمی بیرەوەرییەکان سەبارەت بە رابردووی تاریکی ئیسلامییەکان لە یەنایەری ٢٠٠٠دا کڵپەی کرد، کاتێك ژمارەیەك "ماڵەکانی ترس" دۆزرانەوە، ئەو ماڵانەی لاشەی ژمارەیەك پیاوانی بیزنسو رۆشنبیرانی دیارنەماوی تێدا شاردرابووەوە، ئەوەی کاری حیزبوڵلا بوو، کە ژمارەیەك بونیادگەرای توندڕەوبوون لەژێر کاریگەریی شۆڕشی خومەینی لە ئێرانو ئیخوان ئەلموسلمینی میسر بوون. ئەم رێکخراوە لەسەرەتای هەشتاکاندا لەلایەن کەسێکەوە بەناوی"حوسێن ڤەلیئۆغلو) دەستیپێکردو لە رکابەری لەگەڵ پەکەکەدا لە باشووری رۆژهەڵاتدا کەوتەکار. حیزبوڵلا دووکەرت بوو، ئەو بەشەیان کە لە باتمان بوو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکاندا پەرەپێدا، ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان لە جەنگی خۆیدا دژی پەکەکە بەکاریهێنا. لەسەرەتای ١٩٩٣دا رێکخستنی حیزبوڵلا لە دیاربەکر لە زنجیرەیەك دەستگیرکرندا هەڵوەشێنرایەوە. بەلآم کۆمیسەری بەرپرسی پۆلیس دەستبەجێ لە دیاربەکر گواسترایەوە. ئەو لیژنە لێکۆڵینەوە پارلەمانییەی کە ساڵی ١٩٩٥ پێکهێنرا، کەوتە ژێر فشار تا جڵەوی خۆیو راپۆرتەکەی بگرێتو پاشتریش دیزە بە دەرخۆنەی بکات. بەلآم پاش ئەوەی جەنگ دژی پەکەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، حیزبوڵلا کە باش بەکارهێنانی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە هەر مابوو، لە سەرەتای ٢٠٠٠دا سەرکوتکرا، ئەو ماوەیەی "کێڵگەکانی کوشتن"ی تێدا دۆزرایەوەو ڤەلیئۆغلوش کوژرا.[٣٨]

---

[37] "ئاك" لەزمانی تورکییدا بەمانای سپی، پاك یاخود روون دێت.

[38] *Turkish Probe*, 30 January 2000, 368 .

ململانێـی درێژخایـەن بـۆ دامەزرانـدنی حـوکمی یاسـا بەسـەر ئیعتیباراتـە سیاسـییەکاندا پـشتگیرییەکی بەدەسـتهێنا کاتێـك لـە ٥ی مـایۆی ٢٠٠٠دا "نەجـدەت سـیزار"ی سـەرۆکی دادگـای دەسـتووریی بـە نۆیـەمین سـەرۆك کۆمـار هەڵبـژێردرا. ئەجەویـد زۆری هەوڵـدا کۆنـە نەیارەکەی خۆی واتە دەمیرئەل سەرلەنوێ بۆ سەرۆکایەتیی هەڵبـژێردرێت، چونکە دەمیرئـەل ی بە فاکتەرێکی جێگیریی دەزانی، بەڵام ئەوە پێویستی بەگۆڕینی دەستوور هەبوو. مەسعود یـەلمازی هاوبەشـی لـە هاوپەیمانیەتییەکـە کـە خولیـای تایبـەتی خـۆی هـەبوو، ئامادەنـەبوو پشتگیریی لەمە بکات. سیزار خاوەن پێگـەو ناوبانگی خـۆی بـوو، بـەڵام بنکەیـەکی سیاسـیی نـەبوو، بـەڵام سیاسـەتکاران هـەرزوو بۆیـان دەرکـەوت کـە خۆیـان لـە چ کێـشەو گرفتێـك گلاندووە، سیزار شێوازێکی نوێی پێشکەشکرد: فەرمانی بە شۆفێرەکەیدا رێز لە یاساکانی هاتوچۆ بگرێـت، ئـەو داهێنانـەی کـە لایـەنێکی ئـەرێیی پرۆپاگەنـدەیی گـەورەی لێکەوتـەوە، بـەڵام ئەوە لایـەنی ئـەرێیی سیزار بـوو. ئـەو تـەنیا چـەند مانگێك لـە پۆستەکەیدا بـوو کاتێك ئامادەنەبوو ئەو بڕیارە سەرۆکایەتییە واژۆ بکات کە رێگـە بە لەسـەر کارلابردنی کارمەندانی دەوڵەتیی دەکـات بـەهۆی "گومـان لـەبیروباوەڕی بونیادگـەرایان". ئـەم نۆتـە بـەردەوام بـوو، لـە سـاڵی دواتـردا، سـەرۆك سـیزار دووبـارەو چـەندین جـاری دیکـە ئامادەنـەبوو ئـەو بڕیـارو یاسایانە واژۆ بکات کە بە بۆچوونی ئەو لەگەڵ حوکمی یاسادا ناکۆك بوو. ئەو هەڵوێستێکی سـەربەخۆو رەخنەگرانـەی لەهەمبـەر کابینـە گرتەبـەر، ئـەوەی لـە فێبرایـەری ٢٠٠١دا هـەراو بەزمێکی گـەورەی لێکەوتـەوە، کاتێك لـە کۆبوونەوەیـەکی ئەنجومـەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، سـەرۆك بـە فایلێکـەوە رووبـەڕووی سـەرەك وەزیـر بـووەوە سـەبارەت بـە گەنـدەڵیی ناوەنـدە حکومییەکان و سەرەك وەزیری تۆمەتبارکرد کە بێدەنگیی لەو گەندەڵییە کردووە بەمەبەستی هۆکاری سیاسیی. ئەجەوید زۆر توڕەبووو-بەشێوەیەکی تەواو بێوێنە-رۆژنامەو میدیاکانی لەوە ئاگاداکردەوە کە لەنێو ئەنجومەنی ئاسایشدا باس و خواسی لەسەرکرابوو. ئەم هـەراو ناکۆکییـەی نێـوان سەرۆك و سەرەك وەزیـر قـەیرانێکی ئـابووری گـەورەی لێکەوتـەوە، چونکە وەبەرهێنـەران متمانـەیان بـە جێگیریـی ئـەو حکومەتـە نـەبوو کـە لەگـەڵ سـەندوقی دراوی نێودەوڵەتیی رێکەوتننامەی بەستبوو.

لـەماوەی سـاڵانی ٢٠٠١و ٢٠٠٢ کابینـە هـەوڵی خـۆی بـۆ وەسـتاندنی قەیرانـە ئـابووریی و داراییەکان تەرخانکردبوو. هەربۆیە"کەمال دەرویش"یان هێنایـە نێـو کابینـە، کـە بـەڕێوەبەرێکی تورکی بانکی جیهانی بووو ناوبانگێکی جیهانی بـەهێزی هـەبووو دەسـەڵاتێکی بـەرفراوانیان پـێ بەخـشی. دەرویـش بەچـەندین شـێواز لـە هەوڵەکانیـدا تـەواو سـەرکەوتوو بـوو، ئـەو

دەزگایەکی هاوسەنگی درێژخایەنی دامەزراند، بەڵام متمانەی هاوپەیمانیەتیی فەرمانڕەوا لەچاوی دانیشتووانی تورکدا نەمابووونەدەتوانرا لەو کاتەدا بگێڕدرێتەوە.

## گەڕانەوەی ئیسلامییەکان

دواجار ئەوە قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان نەبوو کە بوونەتەهۆی ئاوابوونی کابینەکەی ئەجەوید، بەڵکو ئاکاری سەرەك وەزیر خۆی بوو. پێشنیازی زۆر بەهێز هەبوو کە ئەو لەبارەی جەستەییەوە شیاو نیەو لە رووی دەرونیشەوە ناهاوسەنگە بەتایبەت دوای هەراو دم بە دمەکەی لەگەڵ سیزاردا لە فێبرایەری ۲۰۰۱دا، بەڵام لەساڵی دواتردا، سروشتی تەندروستیی کێشەی زیاترو زیاتری تووش بوو. ئەو لەسەرەتای ۲۰۰۲دا زۆر بە ئەستەم دەیتوانی بۆماوەیەکی درێژ بە پێوە بوەستێت یان قسە بکات. کاتێك ئامادە نەبوو لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە یان واز بێنێت یاخود پۆستی سەرەك وەزیر رادەستی کەسێکی دیکە بکات. لەنێو پارتەکەی ئەجەویددا یاخیبوونێك دەستیپێکرد کە بووەهۆی هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەکە. لادەرەکان لە پارتی چەپی دیموکرات جیابوونەوە بۆئەوەی پارتێکی نوێی تایبەت بەخۆیان بەناوی"پارتی تورکیای نوێ"دامەزراندو ئەجەویدیان لە هەلومەرجێکدا جێهێشت کە جگە لە بانگکردن بۆ هەڵبـژاردنێکی پێش وەخت هیچ چارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەمایەوە. دەرویش (کە ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی سیاسەت و پارتایەتییدا مابووەوە)خەریك بوو بەختی خۆی لەنێو پارتی چەپی دیموکراتدا تاقیبکاتەوە، بەڵام بەزوویی درکی بەوەکرد کە ئەو سەرێکی بێ لاشەیەو هەروەها ئاراستەکەی بۆ پارتی کۆماریی گەلەکەی دەنیزبایکاڵ گۆڕیی.

هەڵبژاردنەکان لە ۳ی نۆڤەمبەری ۲۰۰۳دا ئەنجامدراو ئاکامەکەی سەرنجڕاکێش بوو. سندوقەکان دەنگدان ئەو بەڵگەیەی دا بەدەستەوە کە پارتەکانی نێو حکومەتە هاوپەیمانییەکە لەوە دوور بوون کە رێژەی ۱۰ لەسەدی دەنگەکان بهێنن کە لانی کەمی ستاندەری چوونە پارلەمانە. هەروەها سەندوقەکان بەڵگەی ئەوەیان بەدەستەوەدا کە پارتی دادوگەشەپێدان کە باڵی میانڕەوی جوڵانەوە ئیسلامییەکانە، براوەی سەرەکین. بەڵام قەبارەی سەرکەوتنەکەی سەرسوڕهێنەر بوو. پارتەکە ۳٤ لەسەدی دەنگەکانی هێناو زۆرینەی رەهای کورسیەکانی لە ئەنجومەنی نەتەوەییدا بەدەستهێنا. پ.ك.گ ی دەنیز بایکاڵ تەنیا پارتێکی دیکەبوو کە چووە ئەنجومەنەوە کە ۱۹ لەسەدی دەنگەکانی هێنابوو. پشتگیریی ئەجەوید ۹۵ لەسەدا دابەزیبوو. بەڵام لادەرەکانی پارتی تورکیای نوێ یان

پێکهێنابوو هێشتا بەدتریان بەسەرهات. لەنێو پارتە سونەتییەکاندا تەنیا پارتی ڕێگەی ڕاست بوو کە توانیبووی ١٠ لەسەدەکەی نزیکبێتەوە کە لانی کەمی ڕێژەی تێپەڕینە.

ئەوە بومەلەرزەیەکی سیاسیی بووو چەندین هۆکاری هەبوو. یەکەم بریتیبوو لەو ڕەتکردنەوەیەی لەلایەن دەنگدەرانی پارتە هاوپەیمانەکانی حکومەتەوە، ئەوانەی کە بەرپرسیارێتیی داڕمانی سیستمە داراییەکەی وڵاتیان لە ئەستۆدا بوو. هۆکارێکی دیکە بوونی دەنگە گۆڕاوەکان بوو. ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥و ١٩٩٩دا بەئاشکرا دەرکەوت. بەڵام دەنگی وەفادارانی پارتە سونەتییەکان پێدەچێت نزیکەی بە تەواویی ڕەوییبوونەوە. دەنگدەران پشتگیریيان لەو لایەنە دەکرد بتوانێت هیوایان پێببەخشێت. هەروەها کەسایەتیی تەیب ئۆردۆغان فرەبایەخدار بوو. نەك تەنیا وەك سەرکردەیەکی کارێزما پێشینەیەکی لەگەڵ چینی پیشەکاراندا هەبووو دەیتوانی جەماوەر بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەڵکو هەروەها سەلماندبووی کە سەرۆك شارەوانییەکی فرە سەرکەوتووو ناسراوو جەماوەرکێش بووە لەساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ لە شارێکی وەك ئەستەمبوڵ کە وێنەی پایەختە مەزنەکانە. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٢دا لە سیستم وەلانرا(بەوە تۆمەتبارکرا کە کینەی ئاینیی هانداوە کە نەیتوانی بۆخۆی وەك کاندید بمێنێتەوە). لە هەمان کاتدا ئەو وەك کارگێڕێکی کارو بیزنس خاوەنی متمانە بوو.

تورکان دەنگیان بە ئۆردۆغان دا چونکە لەوباوەڕەدا بوون کە ئەو دەتوانێت کۆتایی بە "یۆکسولوك/هەژاریی" و"یۆڵسوزلوك/گەندەڵیی"بێنێت، نەك لەبەرئەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامییان دەوێت. ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوت کاتێك ئاکەپە ئیسلامیستە ڕاستیینەکانی پارتی سەعادەتیان تەنانەت لە قۆنیەش بەزاند کە ناوجەرگەی پارتەکەیان بوو، کاتێك لەساڵی ١٩٩٩ زیاتر لە ٣٠ لەسەدی دەنگەکانیان بەدەستهێنا.

## چوارەم: ئابووریی

### بنیاتنانەوەی ئابووریی: ئاراستەی هەناردن لەجیاتی هاوردەکردن

حکومەتەکەی ئۆزال مەزنترین بایەخی خۆی بۆ بنیاتنانەوەی ئابووریی وڵاتدا تەرخانکرد. ئۆزال کە ئەندازیاری ئەو گورزە چاسازییە ئابوورییە ئاراستەکراوەی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتیی بوو لە دواکابینەکەی دەمیرئەلدا کە لە یەنایەری ساڵی ١٩٨٠دا ڕاگەیەندرا، سەرکوتکردنی یەکێتییە پیشەییەکانو سیاسەتکارە چەپگەراکان لەلایەن سوپاوە پاش

کودەتاکەی سێپتەمبەری ١٩٨٠، وایکرد ئەمێستا مەحاڵ نەبێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات کە پێیدەگوترا"بەرنامەی جێگیریی".

جیهانی بیزنسی نێودەوڵەتیی و کۆمەڵگەی دارایی لە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتیی، نوێنەرانی بانکی جیهانیی و ڕێکخراوی یارمەتیی و پەرەپێدانی ئابووریی سەرلەنوێ متمانەیان بە تورکیا پەیداکردەوەو لێشاوی قەرزدان کە لە حکومەتەکانی پێش ساڵی ١٩٨٠ ڕەتدەکرایەوە، دەستپێکرایەوە. لەکاتێکدا، قەرزی نەتەوەیی لە ١٣,٥بلیۆن دۆلارەوە لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ٤٠ بلیۆن لە ١٩٨٩ بەرزبووەوە. لەساڵی ١٩٩٤دا گەیشتە ٧٠ بلیۆن. لەکۆتایی دەیەکەدا قەرزدانەوە گەیشتە ٧بلیۆن دۆلار(١٠ لەسەدی داهاتی هەناردە) بەڵام قەرزدانەوەکە هیچ گرفتێکی ڕاستیینەی نەهێنایەپێش.

ئامانجی بەرنامەکە سێ شت بوو: چاککردنی دانەوەی قەرزەکان بە بەگژداچوونەوەی هەڵاوسان، هەروەها بۆ ئەفراندنی ئابوورییەك کە پشت بە بازاڕێکی هەناردە ببەستێت. ئەو ئامرازانەی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گیرایەبەر بریتیبوو لە دابەزاندنی بەردەوامی بەهای لیرەی تورکیی بۆ هێنانەئارای کێبڕکێکردنی هاوردەکردنی تورکیی لەبازاڕە بیانییەکاندا، بەرزکردنەوەیەکی زۆری ڕێژەی سوودبۆ کەمکردنەوەی بەکاربردن و هەروەها هەڵاوسان، کرێ بلۆککراوەکان(بۆ زیادکردنەوەی کێبڕکێ و کەمکردنەوەی هەڵاوسان)، بەرزکردنەوەی نرخ لەکاتی ڕەتکردنەوە یاخود کەمکردنەوەی هاوکارییە داراییە فەرمییەکان. بەچەند شێوەیەکی جیاواز هەناردەکردن هاندرا: پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی بۆ هەناردەکەران، ئاسانکاریی ئەو مامەڵە ڕۆتینییە بیرۆکراتییە بێزارکەرانەی دەخرانە ڕێی هەناردەکردن، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەرکە گومرگییانەی خرابوونە سەر هاوردەکردنی ئەو پیشەسازییانەی هەناردەکردنیان پەرەپێدەدا.

بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود بەلابردنی هەموو ئەو کۆت و بەندانە کرا کە لەسەر ئەو ڕێژانە لە ژوئیەی ١٩٨٠دا دانرابوو. بەڵام ئەمە زێدەبوونی لە وەبەرهێنان و پرۆسە سەرمایەگوزارییەکانی نێو پیشەسازیی تورکیدا نەکرد کە بۆ فراوانخوازیی پەرۆش بوو. زۆربەی بانکەکان یان حکومیی بوون کە ڕێنمایی ئاڵۆزو توندیان هەبوو، یاخود لەلایەن کۆمپانیایەکی باڵادەستەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، ئەویش پارەی ئەو بانکانەی بەقازانجی بەرهەمی کارگەکانی خۆی بەکاردەهێنا.دەڵاڵەکان(کە بەشێوەیەکی سەقەت لە تورکیا "خاوەن بانك"یان پێدەڵێن) هەلەکەیان قۆزتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکڕای ئەو پشك و

گرێبەستانەی کە بانکە گەورەکان خۆیان لێنەدەدا. ئەوەش وایکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکە کە بەدوای "داهاتی دووەمدا" دەگەڕان، بەپەرۆشەوە ئەو پشكو گرێبەستانە بکڕن.

دەڵاڵەکان خۆیان بەنێو بازاڕی پارەگۆڕینەوەشدا کرد بە ئامانجی پارەکۆکردنەوەو پێدانی بە سوودێکی یەکجار زۆر (لە سنووری ١٤٠ لەسەدا). کاتێك لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا، حکومەت هەوڵیدا هێندە خواست بەسەر بازاڕ بسەپێنێتو ئاستی لانی کەمی قەرزی پێویست دیارییبکات، زیاتر لە ٣٠٠ کۆمپانیای دەڵاڵیی داڕمان. بەشێك لەو دەڵاڵانە لەترسی کوشتنیان لەلایەن خاوەن پارەکانەوە تۆقیبوونو هەربۆیە زۆربەیان لە وڵات هەڵاتن. لە ٢٢ی ژونی ١٩٨٢دا، تەنانەت بانکی کاستەلی کە یازدەهەمین بانکی گەورەی تورکیایە داڕماو "جەوهەر"ی خاوەنیشی رایکردە دەرەوەی وڵات. لەئاکامی ئەوەشدا تورگوت ئۆزالو چەند وەزیرێکی دیکە ناچاربوون دەست لەکار بکێشنەوە.

یەك لەو هۆکارانەی وایکردبوو ئەو دەڵاڵانە بە باشی سەرکەون(بۆماوەیەکی کەم)ئەوە بوو کە خەڵکە ئاساییەکە بێهودە بەدوای شێوازێکدا دەگەڕان دێوەزمەی هەڵاوسانیان لێ دووربخاتەوە. ئاشکرایە کە سیاسەتە ئابوورییە نوێیەکە ببووە بارێکی گران بەسەر کاسبکارانەوە، چ لەبواری پیشەسازیی و چ ئەوانەی کارمەندی دەوڵەتیی بوون. بەرزبوونەوەی نرخ، وەستاندنی کرێو بەرزی رێژەی سوود ئەمانە تێکڕا ببوونە هۆکاری لاوازیی هێزی راستەقینەی کڕین لەنێوان ٤٠ تا ٦٠ لەسەدا بۆ زۆرینەی کاسبکاران لەماوەی ساڵانی ١٩٧٩بۆ ١٩٨٩دا.

براوە سەرەکییەکانی ئەو دەیەیە ئەوانەبوون کە خێزانە مەزنەکانیان بەدەستەوەبوو. هێندێك لەوانە وەك دەستەی "کۆچ" یان دەستەی "ئەجزاچی پاشا" کە ریشەیان بۆ ساڵانی ١٩٢٠کان دەگەڕێتەوە. هێندێك وەك دەستەی "چۆکرۆڤا"و"سابانچی"(کە بەشێوەیەکی تایبەت لە ئۆزالەوە نزیك بوون) لە ساڵانی پەنجاکاندا دەرکەوتن. کۆمپانیای بنیاتنانی وەك"ئەنکا"و"ستاف" کە فرە سوودیان لەو پەرەسەندنەی بنیاتنان کردبوو کە لە وڵاتانی بە نەوت دەوڵەمەندی عەرەب لەسەرەتای هەشتاکاندا پەرەی سەندبوو، ئەو کۆمپانیایە "نەوە"ی سێیەمی کۆمپانیاکانیان پێکهێناو ئەو دەرفەتەیان قۆزتەوەکە لە بوارەکانی دیکەدا هەڵسوڕێن. نزیکەی تێکڕای ئەم کۆمپانیانە خێزانێکیان پێکدەهێناو هەر دەستەیەکیان خاوەن بانك، کارگەی کۆمپانیای تەئمین، کۆمپانیای بازرگانیی و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی نەوت بەخۆیان بوون. لە قۆناغی هەناردەگەراییدا، هاوردەکردنو کاری هاوبەش لەگەڵ کارگە

بیانییەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی کالاّ لەسایەی ڕێپێداندا بیزنسی سەرەکیی بوو. نها کۆمپانیا بالاّدەستەکان ببوونە هەناردەگەرا، بێئەوەی چالاکییەکانی پێشوویان لەمپەری بێتەڕێ.

حکومەت هەوڵی دابەزاندنی نرخی کەلوپەلە پیشەسازییەکانی دا لە ڕێگەی هاندانی کێبڕکێ لە بازاڕی نێوخۆداو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆتوبەندی هاوردەکردن. فرۆشیارەکان، ئەو جیاوازییە بە ئاشکرا دەرکەوت ،بەتایبەت دوای کورتهێنانی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠. کالاّ بەکاربراوەکانی ئەوروپیی، ژاپۆنیی و ئەمەریکیی نها لە تورکیا دەستدەکەوتن. کالاّکانی کەمالییات و خۆشگوزەرانیی ئازادانە لە بازاڕدا دەفرۆشران بەلاّم لەسایەی باجێکی تایبەتدا، ئەوەی دەبووە داهاتێك لە بەرنامەی بنیاتنانی خانوبەرەدا بەکاردەهات. تەنانەت ئاکامەکەشی پەرەسەندنی بەکاربردن بوو. بەکاربردنی کالاّی کەمالییات تەنیا پەیوەست نەبوو بەوانەوە کە سامانیان لەم ساڵانەدا لەزیادبووندا بوو(ئەو خەڵکانەی کە لە بواری هاوردەکردن و هەناردەکردنی خێرا پەرەسەندووتر هەڵدەسوڕان، کاروباری بانکداریی، کایەی گەشتوگوزارو پەیوەندییەکان). ئەو توێژانەی چینی ناوەندیی کە داهاتیان لە ماوەیەکی دیارییکراودا کەمی کرد(هەموو ئەوانەی لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا بوون) بۆ نموونە ئەوانیش هەروەها کەلوپەلی تەواوکاریی خۆشگوزەرانیان دەکڕی. ئەوانیش توانیان لەرێگەی سیستمێکی کڕینی بەقیست ئەو کارە بکەن. هەلێپەیەکی مەزن بەگشتیی بۆ بەدەستهێنانی کالاّی تەکنەلۆژیی، تەواوکاریی و بریق وباقەکانی ژیانی نوێ هەبوو، هەستێك (کە زۆربەی جار وادەردەبڕرا): "ژیان ئەوە نیە ببرێتەسەر، بەڵکو ئەوەیە درکی پێبکەیت و هەست بکەیت دەژیت."

وەبەرهێنە بیانییەکان هاندران. ئەوان چیدی ڕووبەڕووی کاروکاردانەوەی هەلاّواردن نەبوونەوە، گێڕانەوەی سەرمایەی وەبەرهێنانەکان و هەروەها هەناردەکردنی قازانجەکان بووە شتێکی گونجاو. وەبەرهێنەکان مامەڵەیەکی وایان لەگەڵ کرا کە لە بان ئەرکەکانی هاوردەکردنەوە بوو. هەروەها لەچوار ناوچەی جیاواز(لە دەوروبەری بەندەری ئەزمیر و هەروەها مێرسین نزیك ئەدەنە) هەرێمی بازرگانیی ئازاد پێکهێنرا. زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لەم ناوچانەدا کاریان دامەزراندبوو سەرلەنوێ بەرهەمەکانیان هەناردە کردەوە.

حکومەت هانی کاری وەبەرهێنانی لەژێرخانی ئابووریی و هەروەها لە دەزگاکاندا دا. پەیوەندییە تێلییەکان و تۆڕی ڕێگەوبانەکان نوێکرانەوە(وێڕای دووەم پردی بۆسفۆڕو ڕێگایەکی بە دەوری ئەستەمبوڵدا بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی هاتووچۆ لە نێوان ئەوروپا و

ئاسیادا)، ڕێگەیەکی خێرای هاوچەرخ کە (ڕێگەی خێرای ئەوروپیی پێدەگوترا کە شوێنی دوو ڕێگە کۆنەکە یاخود لانی کەم فشاری هاتوچۆی بەسەر ئەو دوو ڕێگەیە کەمدەکردەوە کە دوو بەشە سەرەکییەکەی ئەستەمبوڵ بە یەك دەگەیەنێت(کە نها بیست ملیۆن دانیشتووانی هەیە)، هەروەها ئەنکەرە(دەگونجێت پێنج ملیۆن کەسی تێدا بێت)، هێڵەکانی گەیاندنی گازی سروشتیی لە یەکێتیی شورەوییەوە بۆ تورکیا کاریگەریی گرنگی لە پیسبوونی هەوای شارە مەزنەکاندا هەبوو لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئەوەی کە شوێنی بەکارهێنانی خەڵوزو شێوازە ساکارەکانی دیکەی وزەی گرتەوە.

حکومەت لەبەرئەوەی دەیویست پارەی کاشی بێتەدەست هەوڵیدا هانی وەبەرهێنەکان بدەن لەسەر بنەمای (بنیاتبنێ، بیخەرەگەڕ،جێیبهێڵە) هەڵسوڕێن. ئەمەش مانای ئەوەبوو کە وەبەرهێنە بیانییەکان پرۆسەیەك بنیات دەنێت(جا پردبێت یاخود ئوتێل، یان وێستگەی کارەبا)، ئەو پرۆسەیە دەخاتە گەڕ تا ئەو پارەیە دەردەهێتەوە کە تێیچووەو پاشتر قازانجەکەی خۆشی لێوەردەگرێت، ئنجا پرۆسە بنیاتنراوەکە رادەستی حکومەتی تورکیی دەکرێتو وەبەرهێنەکە بەدوای پرۆسەو وەبەرهێنانی دیکەدا دەگەڕێت. ئەم بنەمایە زۆربەی جار لەبواری گەشتوگوزاردا گیرابووەبەر. حکومەتی ئۆزال دانی بەوەدا نا کە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا کەنارو دیمەنەکانیەتیی کە زۆر بەکەمیی سوودی لێوەرگیراوەو هاندانی کەرتی گەشتوگوزاریی چالاکانە لەماوەی هەشتاکاندا گیرابووەبەر. تورکیا لەکۆتایی هەشتاکاندا ببووە جێی سەرنجی خەڵکانێکی زۆری گەشتیاران کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە ئەوروپاوە روویان تێدەکرد. قەیرانی کەنداوی ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ زیانێکی فرەی لە کەرتی گەشتوگوزاری تورکیا گەیاند. بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ەوە ئەو کەرتە بوژایەوە، ئەمجارەیان بەهۆی جەنگی نێوخۆیی یۆگۆسلاڤیای پێشووەوە سوودی بینی، ماتێك یەکەمین بەرنامە بۆ فراوانکردنی گەشتوگوزار ئامادەکرا کە ئەوەی کردبووە مەرج تورکیا پێویستە بگاتە لوتکەی بازارەکەو ئەو دابەشبوونە توندەش لە ڕێنماییەکەدا پێویستە بسەپێنرێت لەپێناو پاراستنی جوانی سروشتی کەناڵە دەریاییەکان. لەم بوارەدا، پێچەوانە روویدا، تورکیا هاتە ئاستی خوارەوەی لەبواری گەشتوگوزاری بە کۆمەڵی هەرزانو بەشی زۆری کەنارەکانی بۆ کاروباری بازرگانی بەکارهێنراو بە ئوتێلو گوندی پشووو شوێنی مانەوەو حەوانەوە وەك ئەوانەی لە ئیسپانیا، یۆنان و قوبرس دا هەیە پڕکرایەوە، کە لەسەر نرخ لەنێوخۆیاندا لە کێبڕکێدابوون. تورکیا لەناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا ساڵانە زیاتر لە حەوت ملیۆن گەشتیاری بۆخۆی رادەکێشاو ئەوەش شوێنی هاتوچۆی کرێکارانی

گرتبووەوە لە دەستکەوتنی دراوی قورسدا. لەکۆتایی ئەو دەیەیەدا، ژمارەی گەشتیاران لە تورکیا دووهێندە زێدەبوو، بەشێوەیەك تورکیا بووە سێیەمین مەڵبەندی بەسەربردنی پشوو لەناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا پاش ئیسپانیا و یۆنان.

پرۆژەیەکی دیکەی حکومەت چالاکانەی کاری بۆ دەکرد بریتیبوو لە پرۆژە مەزنەکەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ (گونای دۆگو ئەنەدۆلو پرۆجەسی"گاپ") کە لەبنەڕەتدا ساڵی ١٩٦٠ بناغەکەی داڕێژرابوو. پلانەکە بنیاتنانی زنجیرەیەکی ئاڵۆز بەنداوی لەسەر هەردوو رووباری دیجلەو فورات و یەکەی هایدرۆئەلەکتریك و کاری ئاودێریی لەخۆگرتبوو بەمەبەستی بەرهەمهێنانی وزە بۆ پیشەسازیی تورکیی و ئاودێری ١٠٦ملیۆن هێکتاری دەشتی"هاڕان"، کە ئەو ناوچە بەرئاوانە دووقات دەکات. سەرەکییترین بەشی پرۆژەکە بریتیە لە بەنداوە مەزنەکەی ئەتاتورك لەسەر رووباری فورات لە باکووری رۆژئاوای ئۆرفە، کە لەساڵی ١٩٩٢دا کرایەوە. بەهۆی چەند مەبەستێکی سیاسیی (بۆ خۆبەدوورگرتن لە گەیشتنە رێکەوتن سەبارەت بە دابەشکردنی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری وەك عێراق و سوریا)ئەم پرۆژەو بەنداوە بێ یارمەتی دارایی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدرا.

پاش دەستپێکردنێکی سەخت(لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨١ ئابووری بەراستیی لاواز بوو)بەرنامەی جێگیریی ئابووریی بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی بەدیهێنا. هەناردەکردن ساڵانە بەرێژەی ٢٢لەسەدا لەماوەی ١٩٨٠-١٩٨٧ پەرەیسەند. لەساڵی ١٩٧٩دا هەناردەکردن ٢,٣ بلیۆن دۆلاری کۆکردەوە. هەرچەندە لەماوەی ساڵی ١٩٨٨دا ١١,٧ بلیۆن دۆلاری پێکهێنا.سروشتی هەناردەکردنی تورکیی لەماوەی ئەم دەیەیەدا گۆڕانی بەسەردا هات. لەساڵی ١٩٧٩دا نزیکەی ٦٠ لەسەدی کاڵا هەناردەکراوەکان بەروبومی کشتوکاڵی بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەو رێژەیە بووە لەسەدا ٢٠. لەهەمان ماوەدا رێژەی سەدی هەناردەکردنی کاڵا پیشەسازییەکان لەخوار ٤٥ لەسەدەوە بۆ زیاتر لە ٧٢ لەسەدا پەرەیسەند. کە بەرهەمی رستن لەنێو ئەو کاڵایەنەدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو، بەشێوەیەك کە زیاتر لە چارەکی تێکڕای بەهای ئەو کاڵا هەناردەکراوانەی پێکدەهێنا.

ئاراستەی هەناردەگەرایی گۆڕانی بەسەرداهات، سەرەتای ١٩٨٠کان هاوکات بوو لەگەڵ دووەمین هەڵتۆقینی نرخی نەوتی جیهانیی. بەپێچەوانەی ساڵی ١٩٧٤ەوە، هەناردەکەرانی تورك کە حکومەت پشتگیریی دەکردن، توانیان بەتەواویی سوود لەو سامانە نوێیەی وڵاتانی نەوت بەرهەمهێنی عەرەب بکەن. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢و ١٩٨٥دا هەناردە تورکییەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەوە زیاتر بوو کە بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپیی، ئێران

کە تاکە بازاڕی مەزن بوو ڕەوانەدەکرا. پاش ئەوە، نموونە کۆنەکە خۆی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەو هەروەها کۆمەڵگەی ئەورووپی و دواتر یەکێتیی ئەورووپا جارێکی دیکە بووە بازاڕی هەنادرە تورکییەکان. داهاتی بەهەمی نەتەوەیی گەشەیکردو بەڕێژەی ٤,٥ لەسەدا لەماوەی سالآنی یەکەمیدا (تا ساڵی ١٩٨٥)تەنانەت لەساڵی ١٩٨٧دا ئەو گەشەکردنە بەرزتربوو گەیشتە(٨ لەسەدا) لە ساڵی ١٩٨٨بەرەوسەر، ئەو گەشەسەندنە ببووە شتێکی ناجێگیرو چاوەڕواننەکراو تا قەیرانەکەی ساڵی ١٩٩٤(کە زیاتردابەزیبوو) ڕێژەی گەشەسەندن زیاتر دابەزیبوو، لەنێوان ١,٥بۆ ٩ لەسەدا. هەروەها هاوردەکانیش بەرزببووەوە(لە ٥بلیۆن دۆلارەوە لەساڵی ١٩٧٩بۆ ١٤,٤بلیۆن دۆلار لەساڵی ١٩٨٩دا)و لەم ماوەیەدا ئەم ڕێژەیە بەبەردەوامیی لەبەرزبوونەوەیەدا بوو. هاوسەنگی بۆشایی کرێیەکان بە رووی کارکەرانی تورکیی لە ئەورووپا داخرا. جێگیریی سیاسیی و ئەو قازانجە سەرنجڕاکێشانەی سەرو ڕێژەی هەڵاوسان هانی کرێکارانی دا کە پارەکانیان لە بانکەکانی ئەورووپادا هەڵگرن.

ڕێژەی بەرزی سوودو سڕکردنی کرێکاران کۆکرانەوە تاکو پێکەوە بۆ دابەزراندنی هەڵاوسان بۆنێوان ٣٠و٤٠ لەسەدا لەنیوەی یەکەمی هەشتاکاندا. هەروەها هەڵاوسان جارێکی تر بەرزبووەوەو لەساڵی ١٩٨٨دا گەیشتە ئاستەکەی پێش ساڵی ١٩٨٠ کە دەوروبەری ٧٠ لەسەدا بوو. هۆکارەکەشی داواکاری زۆری بەکاربەران نە بوو هێندەی کورتهێنانی بەرزو بەردەوامی حکومەت. ئەوەش ئاکامی چەندین هۆکاربوو: شکستهێنان لە جڵەوگرتنی گەشەکردنی کارمەندانێکی زۆر، ناتوانایی سیستمی باج، ئەوەی قازانجێکی زۆری بۆ کەرتە پیشەسازییەکان جێهێشت، بەتایبەت ئەرکە خودییەکان، کە نزیکەی بێکاریگەر بوو. فرە بایەخدارتریش، بوونی بەردەوامی بەشێکی مەزنی پیشەسازیی دەوڵەتیی کە لێنەهاتوو و خەسارەتمەند بوو. حکومەتی ئۆزال چەند جارێك بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە خوازیارە کە پیشەسازیی دەوڵەتیی بۆ کەرتی تایبەت بگوازێتەوە(وەك ئەوەی لەراستییدا هەموو حکومەتەکانی لەسەرەتای پەنجاکانەوە گرتبوویانەبەر). بەڵام بەرنامەی بەتایبەتکردنی کایە ئابوورییەکە زۆرجار بەخاوی پەرەیدەسەند. زۆربەی پیشەسازییە دەوڵەتییەکان ئەوەندە مۆدێل کۆن و پڕکارمەند بوون کە وەبەرهێنەکان فرە سوودیان لێ نەدەبرد. لەوە کاریگەرتر بریتیبوو لە هەڵوەشاندنەوەی ژمارەیەك لە پاوانە حکومییەکان کە بووەهۆی ، بۆ نموونە دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکانی ڕێگەی هاتوچۆی ئاسمانیی و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان. لەنێو هەردوو کایەکەدا، ئەندامانی بنەماڵەی ئۆزال

پێشەنگ بوون. پێگەی رادیۆی بازرگانیی و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان زۆر جێگەی سەرنج و نائاسایی بوو. یەکەمین کەناڵی تەلەفیزیۆنی، وەك ستار-١(دواتر ئنتەرستار)، لە ئەڵمانیاوە پەخش و بلاوکردنەوەی هەبووو دەتوانرا لەرێگەی سەتەلایتەوە لە تورکیا ببینرێت. هەرزوو زۆربەی دەزگا و کۆمپانیاکان بەتایبەتیی رۆژنامەو بلاوکراوە مەزنەکان کەناڵی تایبەت بەخۆیان هەبوو. ئەوەش بە چاوپۆشییکردن لەو برگە دەستوورییەی کە پاوانی دەزگاکانی پەخش و ئێزگەکان لەدەستی دەوڵەتدا دەهێڵێتەوە، ئەوەی دواتر لەساڵی ١٩٩٣دا گۆڕا.

ساڵی ١٩٨٩ بە خاڵی وەرچەرخان لە پەرەسەندنە ئابوورییەکانی سێیەمین کۆمارەکەدا دادەنرێت. بەشێکی ئەوەش بەهۆی ئەو وشکەساڵییەی کە زیانی لە بەرهەمهێنەرە کشتوکاڵییەکان و هەناردەکەرانی دا. لە ساڵەکانی سەردەمی ئۆزالدا بایەخێکی رێژەیی کەم بە کەرتی کشتوکاڵ دراو ئەو وشکە ساڵییە سەلماندی کە ئەو کەرتە چ دواکەوتنێکی تەکنەلۆژیی بەخۆوە بینیوە، ئەو کەرتەی کە ٦٠ لەسەدی هێزی کاری تورکیی لەخۆ دەگرت بەلام بەشداریی لە داهاتی نەتەوەیی سالانەدا، تەنانەت لە ساڵە خۆشەکانیشدا ١٥ تا ٢٠ لەسەدابوو، هۆکارەکانی دیکەی لاوازیی گەشەکردن بریتیبوو لە زێدەبوونی نرخەکانی سوود (تەنانەت لە بەرزبوونەوەی هەلاوسانیشی تێپەڕاندبوو)، کەمبوونەوەی وەبەرهێنانەکانی حکومەت و رێژەی بەرزی نرخی گۆڕینەوەی لیرەی تورکیی. دابەزینی وردە وردەی نرخی لیرە لەپشت هەلاوسانەوە بوو، ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٠دا بۆ لەسەدا ٤٠ی تێپەڕاند. هۆکارەکەشی ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارە تورکانە لە ئەوروپا بوون پارەکانیان لە بانکەکانی تورکیا دانابوو(رێژەی بەرزی سوود رایکێشابوون). هەروەها لە ئاکامی گۆڕینی مارك،فرانك و گولدیر بۆ لیرەی تورکیی. لەسالانی ١٩٩١-١٩٩٢ دووبارە رێژەی دابەزینی لیرەی تورکیی بەرزبووەوەو لیرە گەیشتە زیاتر لە ئاستی راستیینەی خۆی.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێت بریتییە لە سیاسەتەکانی بودجە لەسەردەمی ئۆزالدا داهاتی دەوڵەتیی بەشێوەیەکی نائاسایی رادەکێشا بۆ برە پارە بەخشینە سەربەخۆکان. سیستمەکە لە گومرگکردنی جیاواز پێکدەهات بۆ مەبەستی زۆر تایبەت بەکاردەهێنرا، ئەوەی وەك باجێك بەسەر کالای جیاواز و چالاکیی جۆربەجۆردا دەسەپێنرا. یەك لەو نموونانە بریتیبوو لە "سەندوقی خانە"ئەوەی کە تەنیا لەو گومرگانەی کەبەسەر کالا تەواوکارییەکاندا دەسەندرا، بەڵکو ئەو ١٠٠ دۆلارەشی کە لەو هاولاتییە سڤیلانە وەردەگیرا کە سەردانی دەرەوەیان دەکرد. ئەو سەندوقەو زۆری دیکە لەوبابەتە لە دەرەوەی بودجە دەهێڵرایەوەو ملکەچی دەسەلاتی پارلەمان نەبوو. بەو شێوەیەش ئۆزال

"بودجەیـەکی سـێبەر"ی دروسـتکرد. ئـەوەی کـە خـۆی و هاوکارەکـانی دەیـانزانی لـە چـیدا شیاوە بەکاریبهێنن.

سیاسەتە ئابوورییەکانی ساڵانی ١٩٨٠کان بەشێوەیەکی مـەزن جیاوازیی لـەنێوان هـەژارو دەوڵەمەنـدا پێکهێنـا. لەلایەکـەوە چـینێکی تـەواو نـوێ لـە سـەرمایەدارانی دەوڵەمەنـدی خۆشـگوزەران هــەڵتۆقین کــە ســامانێکی بێشــوماریان لــە بازرگــانیی و هــاوردەکردن و هـەناردەکردن و بنیاتناندا پێکـەوە نـابوو. ئـەو دەوڵەمەنـدە تـازە پیاکەوتانـەی کە لەچـەندین ڕێگەوە سامانیان کەڵەکە دەکرد کـە پێشتر لـە تورکیا شـتی وا مـەحاڵ بـوو، ئـەوەی زیـاتر لـە ئەمـەریکای لاتین دەچوو. لەلایـەکی تـرەوە لـە کۆتـایی هەشتاکاندا، توانـای کـڕینی زۆربـەی دانیـشتووان بـە تونـدیی دابـەزیبووو هەژارییـەکی راسـتیینە زۆر لـە خێزانـەکانی تورکیـای گرتبووەوە. وێڕای ئەوەی ڕێـژەی بێکاریی تادەهـات زیـاتر دەبـوو(هەرچـەندە وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا کە مەزەندەکردنی ژمارەی بێکاران بەهۆی نـەبوونی تۆمـارکردنێکی فەرمییـەوە یاخود بیمەی بێکارییەوە لەبەردەستدا نەبوو).

گەشەسـەندنی لیبراڵیزەکـردن لـە سیـستمی سیاسـییدا لـە سـاڵی ١٩٨٨بەرەوسـەر چـالاکی دابـووە یەکێتییـە پیـشەییەکان، ناڕەزایەتییـەکانی کرێکـاران زێـدەبوون بەتایبـەت لـە سـاڵانی ١٩٩٠-١٩٩١. لـە یەنایـەری ١٩٩١دا ملیۆنێـكونیو بێکـار مـانگرتنێکی مـەزنیان بـەرپاکرد. یەکێتییـە پیـشەییەکان توانیبوویـان بیمـە بـۆ ئـەو ئەندامانـەیان دابینبکـەن کـە هـەر لەسـاڵی ١٩٨٠وە توانای کڕینیان لەدەستدابوو، بەڵام هەروەك پێشوو، تـەنیا بـۆ کـەرتی پیشەسازییە هاوچـەرخە مەزنـەکان و هـەروەها کۆمپانیـا وەبەرهێنـە ئابوورییـە دەوڵەتییـەکان بـوو. خێزانـە بچووکەکانی بیزنس، کە ناوکی ئابووریی تورکییان پێکدەهێنا هێشتا بەشێوەیەکی مـەزن لـە دەرەوەی پێڕاگەیـشتنی یەکێتییـەکان بـوون. لـە بەدبـەختی کرێکـارانی ڕێکخـراو، سـاڵانی هەشتاکان زیاترو زیاتر وەرچەرخانی کاری بۆ گرێبەسـتە لاوەکییـەکان بـەخۆوەبینی، ئـەوەی بـە شـێوەیەکی زێـدە کـاری لەگـەڵ جیاوازییـەکی بـچووکدا کـرد. لەسـاڵی ١٩٨٩بەرەوسـەر، حاڵەتـەکانی مایەپوچـیی لـەم توێـژەدا بـە تونـدیی زیـادی کـرد، ئەندامیـەتیی کارمەنـدانی ئاسایی حکومەتیی تورکیی هێشتا لەنێو یەکێتییەکاندا ڕێگەی لێگیرابوو.

لەبەرامبــەر ئــەم قەیرانــە پەرەســەندووەی ئابووریــدا، حکومــەتی پ.دا.ن چــاونوقاندنی هەڵبـژارد. پلانـی شەشـەمی پێـنج سـاڵە (بۆمـاوەی ١٩٩٠-١٩٩٤)بەفـەرمیی لەسـاڵی ١٩٨٩دا گیرایەبـەر، ئـەو پلانـە بەتـەواویی نـاواقیعبین بـوو، گەشـەکردنێکی خێـراو بـەرزی هێنـابووە بەرچاو، لەسـەدا ١٠ هەڵاوسـان و کورتهێنـانێکی کـەم. بـە سستبوونی ئابووریی جیهـانیی لـە

کۆتایی ۱۹۸۰کاندا گەیشتن بە گەشەی چاوەڕوانکراو پێدەچوو کەحاڵ بێت(نها تورکیا زیاتر سەبارەت بە رەوتی ئابووریی جیهانیی هەستیاربوو، بەهۆی ئاراستەی سیاسەتی ئابووریی کەلەسەر بنەمای هەناردەکردن وەستابوو)، بەوەش دەسەڵات چووە نێو قۆناغێکەوە تێیدا پەرەسەندنی ئابووریی ئەستەم بوو،لەکاتێکدا هەڵاوسان، کورتهێنانو بێکاریی لەبەرزبوونەوەدا بوو.

جێگرەوەکانی ئۆزال، کە هاوپەیمانییەکەی دەمیرئەل-ئینۆنو بوو لە ساڵانی ۱۹۹۱-۱۹۹۳ سیاسەتێکی ئابووریی روونیان نەبوو. هەردوو پارتی رێگەی راستو پارتی چەپی دیموکرات هەوڵی پاراستنی بەژەوەندیی سونەتیی لایەنگرانیاندا. پارتی چەپی دیموکرات تاڕادەیەك بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی کارمەندانی دەوڵەتیی و کرێکاران کرد، بەتایبەت لە کەرتی دەوڵەتدا. لەکاتێکدا پارتی رێگەی راست زیاتر لە پارتی دایکی نیشتیمان، نوێنەری کاروبیزنسە بچووکە سونەتییەکانو هەروەها جووتیارانی دەکرد. هەروەها رکابەریی نێوان باڵی راستی هەردوو پارتی رێگەو دایکی نیشتیمان بووەهۆی زێدەبوونی تەنگەشەی نێوان دوو رێکخراوی خاوەن کار لە تورکیا کە (توسیاد/کۆمەڵەی پیشەسازکارانی تورکیی) کە نوێنەرایەتیی بیزنسی مەزنی دەکردو تا ئەو کاتەش لە پ.د.ن نزیك بوو، هەروەها (تۆب/یەکێتیی ژوورەکانی بازگانیی و پیشەسازیی) کە نوێنەرایەتیی بیزنسی بچووكو نێوەنجی دەکردو هەربۆیە زیاتر لایەنگریی پارتی رێگەی راست بوو.

## قەیرانە داراییە یەك لەدوایەکەکان: ۱۹۹٤-۲۰۰۲

سیاسەتە ئابوورییەکان بۆ حکومەتە هاوپەیمانییەکە کەمتر جێگەی بایەخ بوو تا ئەوەکەی ئۆزال. ئەوە تانسۆچیلەر بوو کە سەرلەنوێ مەسەلەی ئابووریی خستە پێشەوەی ئەرکە سەرەکییەکانی. یەکەمین بایەخی بە تایبەتکردنی کەرتی پیشەسازیی دەوڵەتیی بوو. نەك تەنیا بەوهۆیەی کە ئەو وەك تاتشەریستێك لە رووی ئایدۆلۆژییەوە دژی دەستێوەردانی دەوڵەت بوو لە کایەی ئابورییدا، بەڵکو هەروەها بەوهۆیەی کە ئەوەی بە چارەسەرێکی کایەی ناچالاكو لێنەوەشاوەی دەوڵەتیی و پەرەسەندنی کورتهێنانی بودجە دەزانی. چیلەر زیاتر لە کارێك بە روونی خاڵە لاوازەکانی ئابووریی بینیی. وێڕای ئەوە، کابینەکەی لەماوەی شەش مانگی یەکەمی بەڕێوەبەردنییدا هیچ هەنگاوێکی شێلگیرانەی نەنا. بە هێشتنەوەی تاڕادەیەك نزمی رێژەی سوودو هەروەها لەهەمان کاتدا پشتگیریی نرخی گۆڕینەوەی لیرە، حکومەت هەوڵیدا گەشەکردنی ئابووریی بەردەوام بێت. لەمەیاندا سەرکەوتووبوو:

گەشەكردنی داهاتی گشتیی نەتەوەیی ٧,٣ لەسەدابوو لە ساڵی ١٩٩٣، بەڵام ناهاوسەنگیی بنەڕەتیی لەئابوورییدا تەنگەشەیەكی سەرەكیی پێكهێنا. زوو یان درەنگ تێك بكرایەو ئەوەش لە ساڵی ١٩٩٤دا دەستیپێكرد. دوو كۆمپانیای ئەمەریكیی كە كاریان دیارییكردنی هەڵسەنگاندنی قەرزدان بە وڵاتان و كۆمپانیاكان بوو، بڕیارەكانیشیان لەلای بانكی جیهانیی حیساب بۆكراو بوو، هەردووكیان بەدوای یەكدا هەڵسەنگاندنیان بۆ توركیا دووهێندە نزم پێشاندابوو، لە پلەی وەبەرهێنییەوە بۆ "مەترسییدار"، ئاكامەكەشی بریتیبوو لە داڕمانی لیرەی توركیی (لە ١٧٠٠٠بۆ دۆلارێك بۆ ٣٠٠٠٠ لەماوەی چەند رۆژێكدا)و نرخی سوودیش بە توندیی لێدرا. ئەوەش سەرەتای یەكەم داكشانی ئابووریی بوو لەو سێ داكشانە گشتییەی كە لە ساڵی داهاتوودا ئابووریی توركیای گرتەوە. حكومەت تا هەڵبژاردنە هەرێمییەكانی ٢٧ی مارت بێبایەخ بوو، بەڵام دەستبەجێ پاش ئەوە، لە ٥ی ئەپرڵدا بەرنامەیەكی قووڵی جێگیریی راگەیەندرا، كە بەشێوەیەكی مەزن چەند هەنگاوێكی دەستبەجێ كورتخایەنی گرتەخۆ(زێدەكردنی باج، كەمردنەوەی خەرجیی، بەرزكردنەوەی نرخی سوود، بەرزبوونەوەی زۆری نرخی خزمەتگوزارییە گشتییەكان و بەرهەمی دەوڵەتیی). هەروەها بەشێوەیەكی رێژەیی چاكسازیی باج، بانكی ناوەندیی سەربەخۆ، زیادكردنی هەناردەكردن و رێژەیەكی زیاتری بەتایبەتكردنی كایەی ئابووریی.

ئەو هەنگاوە كورتخایەنانە كورتهێنانی بودجەی دابەزاند(بەڵام هەرمابوو). لە هەمان كاتدا دابەزینی خێرای لیرە پەرەسەندنی هاوردەكردنی وەستاند، ئەوەی هەروەها هاوسەنگیی بازرگانیی چاككردەوە. ئەو هەنگاوانە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتیی دڵنیاكردەوە كە ئامادەبێت پارە بە قەرز بداتە توركیا. بەڵام یارمەتیی دەستبەجێ نە لە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتیی و نە لە بانكی جیهانییشەوە نێررا. ئەمەش بەتەواویی لەگەڵ ئەزمونەكەی مەكسیكدا پێچەوانە بوو. كە لە هەمان كاتدا بە هەمان قەیرانی هاوشێوەدا تێپەڕی، بەڵام لەسایەی فشاری بەهێزی ئەمەریكاوە فریای كەوتن، بەپێچەوانەوە توركیا دەبوایە بەتەنیا رووبەڕووی قەیرانەكە ببێتەوە.

لەماوەی باقی ساڵی ١٩٩٤دا، لیرە بەهای زیاتری دیكەی لەدەست نەدا، لەكۆتایی ئەو ساڵەدا هەڵاوسان لە ١٥٠ لەسەدا وەستا(بەشێوەیەكی سەرەكیی بەهۆی بەرزكردنەوەی نرخ لەلایەن حكومەتەوە)، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٥دا دەستی بەدابەزین كردەوە. روویەكی دیكەی دراوی ئاسن ئەو هەنگاوانە بوون ئابووریی توركییان دابەزاند، ئەوەی لەسەرەتای ئەو ساڵەدا نیشانەی دابەزینی بەخۆوەبینی، بەشێوەیەكی توند هاتەخوارەوە. داهاتی

گشتیی نەتەوەیی ٦ لەسەدا دابەزیی و زیاتر لە ٦٠٠,٠٠٠کەس کارەکانیان لەدەستدا، ئەوانەی لە کارو ئەرکەکانیان مانەوە رووبەرووی دابەزینێکی مەزن لە هێزی کڕیندا بوونەوە. یەکێتییە پیشەییەکان، چ تورکئیش و چ دیسك، پەراوێزخران، ئەوانەی کەلەنێوان شەرعییەتێکی کۆتکراودا ئەندامەتیی و یارمەتییدانیان بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، ئەوانەی چ بەرگرییەکی شێلگیرانەیان پێشان نەدا. دڕترین یەکێتییە پیشەییەکان بریتیبوو لە کۆنفدراسیۆنی ئیسلامیی "حەق ئیش"بوو، ئەوەی کە لە ١٩٩٠کاندا یەکجار کاریگەر بوو. بەڵام دواجار ئەویش وەك ئەوانەی دیکە بێ دەسەڵات بوو. بەڵام دواجار ئەویش وەك ئەوانی دیکە بێ دەسەڵات بوو. ئەمێستا جوڵانەوەی کرێکاریی بە تەواویی بێهیوا بوو، هەروەها تەنانەت ئەو راستییەی کە سیستمی زامنکردنی کۆمەڵایەتیی چیدی نەیدەتوانی پابەندبێت بە ئەرکەکانییەوە، لەبەرئەوەی خاوەنکاران ئابوونەی خۆیان نەدەدا، ئەوانی نەبردە سەرشەقامەکان.

لەکاتێکدا هەنگاوەکانی دەستبەجێی حکومەت هێندێك سەرکەوتنی هێنایەدی، چاکسازییە بنەڕەتییەکان بە ئەستەم لەگەڵ سەندوقی دراوی دەوڵەتییدا چوونەپێش. یاسای بەتایبەتکردنی کایەی ئابووریی دواجار لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا تێپەڕێنرا. بەڵام دوای ئەوەی فرۆشتنی راستیینەی ماڵ‌وموڵکە دەوڵەتییەکان بەخاوی بەڕێوەدەچوو. کۆمپانیاکانی هاتوچۆی ئاسمانیی، هۆکارەکانی هاتوچۆی زەمینیی، گەشتەکانی گەشتیاران، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان ملکەچی بەتایبەتکردنی خێرابوون. بەڵام لەنێوان دیسەمبەری ١٩٩٤و مایۆی ١٩٩٥دا تەنیا بایی ٦٥ملیۆن دۆلار لەو موڵك‌وماڵە دەوڵەتییە فرۆشرابوون. هێندێك لەو بەتایبەتکردنە، وەك فرۆشتنی کارگەی تایەبە ئێرانییەك و فراهەمکارانی گۆشت و ماسی بە دەوڵەتیی بە یەکێتیی پیشەیی ئیسلامیی"حەق ئیش" لە رووی سیاسییەوە هێندە هەستیاربوون کە دەبوایە هەڵبوەشێنرێنەوە. وێڕای ئەوە، ئابووریی تورکیی جارێکی دی نەرمیی خۆی لەهەمبەر بەدبەڕێوەبەرایەتییدا پێشانداو لە کۆتایی بەهاری ١٩٩٥دا هەستانەوەیەکی هێدی هێدی بەخۆوەبینی. بەکۆتاییهاتنی ئەو ساڵە گەشەسەندن بەتەواویی دووبارە بەهێزبووەوەو هەستانەوەکە بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو. هەرچەندە هیچ یەك لەو گرفتە سەرەکییانە کۆتایی پێ نەهێنرا. هەڵاوسان لەسەرو ٨٠ لەسەدا مایەوە، هەروەها کورتهێنانی بازرگانیی بەدەستپێکردنی هەستانەوەکە پڤدرا. بەرنامەیەك بۆ خۆدزینەوە لە باجدان لە مایۆدا راگەیەندرا بەڵام جێبەجێ نەکرا، هەروەها کاتێك حکومەتە ئیسلامییەکە

گەیشتە دەسەڵات سیاسەتێکی پۆپۆلیستی گرتەبەر کە ناکۆکیی و دژواریی لەگەڵ سیاسەتەکانی ١٩٩٤-١٩٩٥ی چیلەردا هێنایەئارا. هەرزوو پاش ئەوەی ئەربەکان گەیشتە دەسەڵات ، بڕیاری بەرزکردنەوەی موچەی ١٠٨ ملیۆن کارمەندانی بەرێژەی لەسەدا ٥٠دا ڕاگەیاندو موچەی خانەنشینانی بە ڕێژەی ١٣٠ لەسەدا بەرزکردەوە. ئەوەی کە بۆ هەمووان ئاشکرابوو کە بودجەی وڵات بەرگەی دڵفراوانییەکی بەو شێوەیە نەدەکرد. بەڵام حکومەت فرە خوێنساردانە ڕایگەیاند کە ٥٠ بلیۆن دۆلار داهاتی نوێ لەڕێگەی: بەتایبەتکردن، قەڵاچۆکردنی بازاڕی ڕەش و فرۆشتنی زەوی دەوڵەتیی بەدەست دەهێنێت. ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی ئاشکرا جێی متمانە نەبوو. کێشە بنەڕەتییەکانی ئابووریی تورکیا(قەرزداریی، هەڵاوسان، ناچالاکیی و ناکاراییی کەرتە دەوڵەتییەکان) چارەسەرنەکران. لەساڵی ١٩٩٨دا وڵات تووشی بێبازاڕیی ئابووریی سەخت بوو. فاکتەری ڕاستەوخۆی ئەوەش قەیرانی دارایی ڕووسیا بوو لەو ساڵەدا، ئەوەش پاش ئەو قەیرانە داراییەی ئاسیای ڕۆژهەڵات بوو، بەگشتیی متمانەی بەوەی کە پێیدەگوترا "بازاڕی دەرکەوتوو" کەمکردەوە، بەڵام ئەو قەیرانە بە توندیی لە تورکیایدا چونکە ڕووسیا بازاڕێکی گرنگی بۆ کاروبیزنسی تورکیی پێکدەهێنا. لە ساڵی ١٩٩٩دا، داهاتی گشتیی هەرێمیی بە ڕێژەی ٦,٤ لەسەدا دابەزی.[39]

حکومەتی ئەجەوید کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەپرڵی ساڵی ١٩٩٩ دەسەڵاتی گرتەدەست، دەستیکرد بە دانانی بەرنامەیەکی چاکسازیی ئابووریی دوورمەودا بە هاوکاریی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتیی و بانکی جیهانیی(کە بەپێچەوانەی ساڵی ١٩٩٤دا ئەمجارەیان نزیک بوون). پرۆگرامەکە لە دیسەمبەری ١٩٩٩دا ڕەزامەندیی لەسەرکرا، کە پێکهاتبوو لە جڵەوکردنی خەرجی حکومەت، بەتایبەتکردن، ڕاگەیاندنی نرخی گۆڕینەوەی دراو. سەبارەت بە هەڵاوسان وادانرا کە ساڵی ٢٠٠٠ببێتە لەسەدا ٢٥. لەساڵی ٢٠٠٢بۆ ١٠٠ لەسەد دابەزیی. زیادکردنی کرێ بەسترابووەوە بە بڕی پێشبینییکراوی هەڵاوسانی ڕاستەقینە. ئەم بەرنامەیە بۆماوەیەك کاری پێکرا. هەڵاوسان و ڕێژەی سوود بەتوندیی دابەزین، وەبەرهێنان بەرزبووەوەو کەش وهەوایەکی گەشبینانە لەئارادابوو. بەڵام زۆری نەخایاند. بەکاربەران ئەو کەش وهەوا نوێیەیان بۆ کڕینی ئەسبابی خۆشگوزەرانی قۆزستەوە. حیسابی جاریی کورتیهێناو حکومەت ناچاربوو بەڕێژەی نەخوازراو قەرزبکات، ئاشکرابوو کە ڕێژەی جێگیریی گۆڕینەوەی لیرە بۆ دۆلار لاوازو بێ پاڵپشتیی بوو، بانکە

[39] Mehmet Emin Yıldırım (forthcoming) ‘The Turkish economy between1950 and 2000: policy and performance’, *Philologiae et Historiae Turcicae Fundamenta V*, Berlin: Klaus Schwarz.

بیانییەکانیش لە داڕمانی لەناکاو دەترسان‌و قەرزدانیان بە بانکی تورکییەکان وەستاند. بۆ بەشێك لە بانکە تورکییەکان ئەمە دوا چڵەپوش بوو. ئەوانە سەبارەت بە قەرزپێدان‌و قەرزلێوەرگرتنیان بێبایەخ بوون. بانکەکان بە قورسیی قەرزیان لە دەرەوە وەردەگرت تا گرێبەستەکانی حکومەت بە ڕێژەیەکی راستیینەی سوودی زۆر بکڕێت. بەڵام ئەو بانکانە بەشێوەیەکی رەمەکیش پارەیان بە قەرز دەدایە دەرەوە، چونکە پاش قەیرانەکەی ساڵی ١٩٩٤ حکومەت زامنی هەموو دانراوە بانکییەکانی کرد. بانکە دەوڵەتییەکان گرفتی زێدەشیان هەبوو(کە چەند دەیەیەك بوو پێوەی دەناڵاند) کە ڕێبەرە سیاسییەکانی بۆ پێدانی قەرزی هەرزان بە کایە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بەکاریان دەهێنان، وەك کشتوکاڵ، بیزنسی بچووك‌و بنیاتنانی خانووبەرە.

لەنۆڤەمبەری ٢٠٠٠دا چاپکردنی بەرفراوانی لیرە بەشێوەیەکی بەرتەسك خۆی لێ بەدوورگیرا، بەڵام کاتێك دم بەدمەی ئاشکراکەی نێوان سەرۆك سیزارو ئەجەویدی سەرەك وەزیر سەبارەت بە گوایە رەتکردنەوەی ئەوەی دواییان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی کە لە فێبرایەری ٢٠٠١دا روویدا، متمانە لەماوەی شەوورۆژێکدا لەدەستداو حکومەت رووخا. نرخی لیرە بۆ زیاتر لەنیوە دابەزی، وەك هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ پێشانیدا، دەستەبژێری سیاسیی ئەم شکستەی پێ هەرس نەکرا. وێڕای ئەوەی بە چەمکە تەواو ئابوورییەکەی، میراتی حکومەتی ئەجەوید لەوە دووربوو کە تەواو نەرێنیی بێت. بە چاودێری کەمال دەروێشی وەزیری دارایی هەنگاوی زۆر گرنگ لەپێناو بنیاتنانەوەی سیستمی داراییدا نرا، بانکی ناوەندیی کرا بە بانکێکی سەربەخۆو باڵادەستیی سیاسیی بەسەر کایەی بانکەکاندا کەمکرایەوە. یاسای کاروباری تەندەرەکان گۆڕا، هەموو ئەم هەنگاوانە بەمەبەستی زێدەکردنی روونبواندن نرا.

## پێنجەم: کێشەی کورد

### جەنگ دژی پەکەکە

کێشەیەکی سیاسیی کە هاتە پێشەوەو بۆماوەی ساڵانێك زیاترو زیاتر بەسەر ئەجێندای تورکییدا باڵادەست بوو، نیگەرانیی بوو سەبارەت بە مافەکانی کۆمەڵگەی کورد. لەپاش کودەتای سێپتەمبەری ١٩٨٠، سەرکوتکردنی دەربڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەوپەڕیی توندییدا بوو. تەنانەت بەکارهێنانی زمانی کوردیی لەئاخاوتنی شەخسییشدا

قەدەغە بوو. خەڵکانێك بە تۆمەتی "لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی" تاوانبار دەکران. لەو رووەوە ناودارترین پرس ئەوەکەی "ئیسماعیل بێشکچی" نووسەر بوو (کە بۆ خۆی کورد نەبوو)و هەروەها گۆرانیبێژی میللی "ئیبراهیم تاتلیساس/دەنگشیرین"(کە بۆ خۆی کورد نیە)، ئەوەی بە پرۆپاگەندەی جیاوازخوازیی تۆمەتبار دەکرا کاتێك رایگەیاند جێگەی داخە کە ناتوانێت گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردە خۆماڵییەکانی نێو تورکیا بچڕێت.

وێڕای هەنگاوە خوێنمژانەکەی رژێمی سەربازیی، رێبەرانی رادیکاڵترین جوڵانەوە کوردییەکان (پارتی کارکەرانی کوردستان یان دامەزراند کە لەجیهاندا بە پەکەکە دەناسرێت) ئەوەش لەلایەن عەبدوڵا ئۆجەلان و لەساڵی ١٩٧٨دا. ئۆجەلان ئامادەکاریی بۆ هەڵاتن لە وڵات کرد. پەکەکە تەنیا رێکخراوێکی سیاسیی کوردیی نەبوو لەساڵانی حەفتاکاندا سەرهەڵدات. تا ساڵی ١٩٨٠ رێکخراوی دیکەی فرە گرنگ و لە رووی ئایدۆلۆژییەوە ئاڵۆزترمان هەیە، بەڵام پەکەکە تاکە رێکخراویانە کە هۆشیارانە هەژاران و کەم خوێندەوارانی لادێ و گەنجانی شارەکانی کردۆتە ئامانج، ئەوانەی هەستیان دەکرد لە کۆمەڵگە پەراوێزخراون، بە بەرنامەیەکی ساکار و پێداگرییەکی بەهێز سەبارەت بە (کاری چەکداریی) ئۆجەلان لە سێپتەمبەری ١٩٨٠ لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، بە هاوکاریی حکومەتی سوریا کەمپێکی راهێنانی لە دۆڵی بیقاع بنیاتنا. کە تێیدا ئەفسەری فەلەستینیی و سوریی لایەنگرانییان رادەهێنا. لە ژوئیەی ١٩٨١دا یەکەمین کۆنگرەی فەرمیی پەکەکە لە سنوری سوریا–تورکیا بەسترا .

لەساڵی ١٩٨٢بەرەوسەر، جەنگی ئێران–عێراق دەرفەتی خستەپێش رێکخراوە کوردییەکانی باکووری عێراق ، پارتی دیموکراتی کوردستان ی مەحموود بارزانیی(مەسعود بارزانیی/سەردەشتیی)و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی جەلال تاڵەبانیی و دەستیان ئاوەڵابوو، چونکە عێراق لە بەرەکانی باشوور پێویستی بە سوپاکەی بوو. هەرگیز پەیوەندییەکانی نێوان پەکەکەی مارکسیست و پ.د.ك ی کۆنەپارێز دۆستانە نەبوو، وێڕای ئەوەش بارزانیی رێگەی بە شوێنکەوتەکانی ئۆجەلان دا کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پ.د.ك لە سنووری عێراق–تورکیاوە ئۆپەراسیۆن ئەنجامبدەن. ئەوەش دوو رێگەی بە پەکەکە دەبەخشی کە لێوەی دزە بکاتە ناو تورکیاوە. راستەوخۆ لە سوریاوە و هەروەها لە رێگەی کوردستانی عێراقەوە. سەری ساڵی نوێی کوردیی کە "نەورۆزە" ئاهەنگ گێڕانی تێدا لە تورکیا قەدەغە کرابوو، لەو رۆژەدا واتە ٢١ی مارتی ساڵی ١٩٨٤ بەرجەستەی دەستپێکردنی چالاکییە گەریلاییەکانی پەکەکە لە باشووری رۆژهەڵات دەکات. هەربۆیە لەو کاتەوە،

نەورۆزی هەموو ساڵێك بۆنەیەکە بۆ کڵپەسەندن و چڕکردنەوەی خەباتی چەکدارانەی گەریلایی پەکەکە. پەلاماری راستیینە بۆسەر دامەزراوە سەربازییەکانی تورك لە ١٥ی ئوتی ١٩٨٤دا بەهێرشکردنە سەر دوو بنکەی سەربازیی لە ئەروەو شەمدینلی دەستیپێکرد، ئەو دوو شوێنەی کە ٢٠٠کم لەیەکتری دووربوون.

ورده ورده کاروئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە فراوانبوون. لە ساڵی ١٩٨٦ بەرەوسەر، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە دژەکار بۆ رێگرتن لە پەلامارەکانی پەکەکە بە چەکدارکردنی هێندێك لادێییەکان و بەخشینی پارە پێیان(ئەوانەی پاسەوانی گوندیان پێدەگوتن) دەستیپێکرد. ئەوەش سەرکەوتنێکی شیاوی بۆ تورکان بەدینەهێنا. سەرخێڵە خۆماڵییەکان ناوی چەندین کەسیان بۆ چەك هەڵگرتن پێشکەش کرد، ئەوانەی کە رابردوویەکی پڕ توندوتیژیی و تاوانکارییان هەبوو. بەگشتیی ١٨٠٠٠پاسەوانی گوند(لە کوردستانی باکوور "جەردەوان"یان پێدەڵێن/سەردەشتیی) چەکدارکران. بەڵام کاتێك لەساڵی ١٩٨٧دا پەکەکە هەڵمەتێکی توندی کردە سەریان، جەردەوانان کە بە تفەنگە کۆنی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیی چەکداربوون، لەبەرامبەر گەریلا کلاشنکۆف بەدەستەکانی پەکەکەدا هەچیان پێنەکرا. ئەوانە زۆریان لێ کوژرا، هەروەها لە زۆربەی کاتدا تەواوی خێزانەکانیشیان بە ژن و منداڵەوە لەنێوبران.

بێورەیی و بێئومێدی ببووە کێشەیەکی یەکجار مەزن، سوپا پێویستبوو لەپێناو رێگریی لە هەڵاتن لە ریزەکانی دژەهەنگاوی توند بنێت.[40] هەوڵەکانی سوپا بۆ داخستنی سنوورو راونان و هێنانەخوارەوەی گەریلا لە چیاکان فرە کاریگەر نەبوو. سەرەکییترین گرفتی لایەنی تورکیی ئەوەبوو کە خاوەنی چەك و تفاقی پێویستی شەڕی دژە گەریلای شاخاویی(وەك هەلیکۆپتەرو پەیوەندییە تێلییەکان) نەبوو، هەروەها نەبوونی هەماهەنگیی نێوان دەزگای هەواڵگریی سەربازیی (ئیستیخبارات، سوپا، جەندرمە، پۆلیس) بۆ چارەسەری ئەو گرفتەو باشکردنی هەماهەنگی، "خەیری کۆزاکچی ئۆغلو"ی ئەفسەری پێشووی دەزگای "میت" وەك "سوپەروالی/فەرمانڕەوای باڵا" لە هەرێمی هەشت و پاشتر لە یازدە دامەزرێنرا.[41] هەرچەندە هەماهەنگیی نێوان هێزەکان هەروەك گرفتێك مایەوە، هەروەها پاش

---

[40] İsmet İmset (1992) The PKK: a report on separatist violence in Turkey1973–1992, Ankara: TDN, 107 ff

[41] ئەم ١١ هەرێمە پێکەوە وەك "ناوچە نائاساییەکان" کە بەناوە ئاوێتەکەی "ئۆهال" لە تورکییدا دێت. لەساڵی ٢٠٠٠ بەرەوسەر، ژمارەی ئەو هەرێمانەی ئۆهال کەمبوونەوەو تاکو لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا بەتەواویی

سالآنێکی کەم سوپەروالی وردە وردە زۆربەی دەسەلآتەکەی بۆ دەسەلآتدارانی سەربازیی لەدەستدا. لەسالّی ١٩٩٢بەرەوسەر، تاکتیکەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەرداهات کاتێك سوپا هێزێکی هەمیشەیی بزۆزی تایبەت بە شەڕی شاخ پێکهێنا و لەجیاتی کارکردنی لە پادگانی شارەکان، خستییەگەڕ. ئەوەش هێدی هێدی ڕێگەی پێدان لەناوەڕاستی ١٩٩٠کانەوە دەستپێشکەریی لە پەلامارەکاندا بگرنەدەست.

پەکەکە لەم ماوەیەدا نەتەوایەتیی کوردی بۆخۆی پاوان نەکردبوو، چەندین ڕێکخراوو پارتی دیکە هەبوون کە لەپێناو سەربەخۆیی کوردانی تورکیادا تێدەکۆشان. بەلآم ئەوانە توندوتیژیی پەکەکەیان ڕەتکردەوە. ئەو توندوتیژییانە دژی ئەو گوندنشینانەی کورد ئەنجامدەدران کە هاوکاریی تورك دەکەن، یاخود ئەوەی دژی ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردەوە لەلایەن پەکەکەوە ئەنجامدەدرا. هەشت لەو ڕێکخراوانە لە سالّی ١٩٨٨دا هاوپەیمانیەتییەکیان دژی پەکەکە پێکهێنابووکە "تەڤگەر"ی پێدەگوترا. تەڤگەر لە ئاکامی بێبایەخی سەرکردایەتیی پەکەکەوە بەهێز بوو، بەلآم دەسەلآتیان تەنیا لەنێو کۆمەلّگەی ڕەوەندی کوردیی لە ئەورووپا قەتیس ما، هەربۆیە پەکەکە وەك تەنیا ڕێکخراوێك مایەوە کە ریشەیەکی قوولّی پشتگیریی لەنێوخۆی ئەنەدۆلّدا هەبوو.

وێنەی عەبدولآ ئۆجەلآن لە تورکیا گۆڕانێکی بەسەرداهات کاتێك چاوپێکەوتنێکی سەرنجڕاکێش لە ڕۆژنامەی "میللییەت"ی ئەستەمبولّییدا لە ژونی ١٩٨٨دا بلآوکرایەوە، ئەو پیاوەی کە سالآنێکی دوورودرێژ لە تورکیا وەك دوژمنی یەکەمی کۆمەلّگە(بەوشێوەیەی خەلّك تێگەیەندرابوو)و ئەهریمەنی ڕاستیینە ویناکرابوو، نها بۆ کابرایەکی ئاسایی لە گۆشتو خوێن پێکهاتووو لایەنگری یانەی تۆپی پێی "گلاتەسەری" گۆڕا. هەروەها ناوبانگو پێگەی پەکەکە لەزێدەبووندا بوو چونکە لە سالّی ١٩٨٨وە شێوازی تۆقێنەرانەی دژی گوندنشینانی ناوچەی باشووری ڕۆژهەلآتی وازلێهێنا. ئەوەی ئۆجەلان وەك هەلّەیەك دانی پێدانا. لە سالّی ١٩٨٩دا، پەکەکە هاوپەیمانییەکی لەگەلّ چەند دەستەیەکی چەکداری چەپگەرای وەك (دیڤ سول، تیکو، تیهاکپو هێندێکی تر) پێکهێنا، ئەو هاوپەیمانییەی توانای پەلاماردانی پەکەکەی لەنێو شارە گەورەکاندا زیدەتر کرد. هەرچەندە شێوازە کۆنەکانی تێکۆشان پێچرانەوە، بەلآم گەڕانەوە بۆ تاکتیکی تۆقاندن لە سالآنی ١٩٩٣-١٩٩٤ دەستپێکردەوە. کاتێك ئۆجەلان خۆی فەرمانی هەلّمەتێکی پاکتاوکردنی مامۆستایانی گوندەکانی لەناوچەی باشووری ڕۆژهەلآت دەرکرد. دەیەها مامۆستا کوژران، ئەوانە

---

هەلّوەشێنرایەوە.

کەوتبوونــە نێــو دوو بەرداشــەوە: یــان دەبــوو لەترسـێکی هەمیـشەییدا بـژین و ئەرکـەکانیان جێبەجیٚ بکەن، یاخود دەبوایە واز لە کارەکانیان بێنن و رووبەڕووی مەترسیی لێپرسینەوەی دەسـەڵاتدارانی تـورك ببنـەوە. ئـەم هەڵمەتـە زیـانێکی درێژخایـەنی بـە وێنـەی ئۆجـەلان و جوڵانەوەکەی گەیاند.

دەســـەڵاتدارانی تـــورك بـــۆ ماوەیـــەکی درێـــژ ئـــەو دەنگۆیـــەیان بڵاودەکـــردەوە کـــە ئۆپەراسـیۆنەکانی تورکیا لـەودیو سـنوورەوە ئەنجامـدەدرێن، بـەڵام کاتێـك وێـڕای هـەموو هەوڵـەکان بـۆ داخـستنی سـنوور، پـەرەیان سـەند، ناچـاربوون دان بـەوەدابنێن کـە پەکەکـە دەتوانێـت پـشتگیریی نێوخـۆش بـۆ خـۆی بەدەسـتبێنێت و هـەروەها ئـەو "فڕاندنانـە"ی کـە بەبـەردەوامیی لـە میدیاکانـەوە ئامـاژەی پێـدەدرا نموونەیـەکی راسـتیینە بـوو سـەبارەت بـە پەیوەستبوونی خەڵك بە گەریلاوە. ئەوەش هەلومەرجێکی گەرلایی سونەتیی لەپێش سوپای تورکی دانا. ئاشکرابوو کە زۆربەی دانیشتووانە خۆماڵییەکە پشتگیریی لە پەکەکە دەکەن و گەریلا بە ئاسانیی تێکەڵ بە دانیشتووانی گوندەکان بوو. وەك زۆربەی سوپاکانی دیکە لەو هەلومەرجـەدا، سـوپای تـورك جـامی شکـست و تـوڕەیی خـۆی بەسـەر خـەڵکی بێـدیفاعی ناوچەکەدا رژاند.

بەدناوترین رووداوی لەم جۆرە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٣دا روویدا، کاتێك تۆپخانـەی یەکـەکانی سـوپا لـە تۆڵـەی کوشـتنی "بـەختیار ئایـدن" فەرمانـدەی جەندرمـەی دیاربکـەر، کەوتنـە بۆمبـارانکردنی شـارۆکەی "لـیس". تـاکتیکی دیکـەی دژە گـەریلا کـە سـوپای تـورکیی لەسـەرەتای ١٩٩٠کانـەوە زیـاترو زیـاتر گرتبوویەبـەر بریتیبـوو لـە "زەوی سـووتاندن" بەمەبەسـتی دابڕانـی پەکەکـە لـە بنکـەکانی، گونـدەکانی چـیاکان چـۆڵکران و وێرانکـران. لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا نزیکەی ٥٠٠گوند چۆڵکران و لەساڵی ١٩٩٤دا ٩٠٠گوندی دیکەی بەدواداهات. تێکڕای ئەو گوندە وێرانکراوانە لەساڵی ١٩٩٦دا گەیشتە ٣٠٠٠گوند. بەشێك لەو گوندییانە سەرلەنویٚ لە"گوندە ئارامەکان" یاخود کەمپەکاندا نیشتەجیٚ کرانەوە، بەڵام لــە زۆربــەی حاڵەتەکانــدا بــاردەکران و زۆربــەی ئەوانــە خۆیــان لــەنێو شــارە گەورەکانــدا دەبینییـەوە. دیاربـەکر دەبوو لەگـەڵ نیـو ملیـۆن پەنابـەردا خـۆی بگونجێنێت و ئـەو شـارە بـە تەواوەتیی قەرەباڵغ بوو.

ئەو توانا مرۆییەی لەلایەن سوپای تورکەوە بۆ دژایـەتیی پەکەکـە تـەرخان کرابـوو تادەهـات زیادی دەکرد–١٥٠هەزار لەساڵی ١٩٩١ بۆ ٢٥٠هەزار لـە سـاڵی ١٩٩٤دا– بـەڵام هـەتا ژمـارەی قوربانییــەکانیش لەزێدەبوونــدا بــوون، لــەنێوان ســاڵانی ١٩٨٤–١٩٩٤، بــەپێی ژمــارە

فەرمییەکان نزیك بە ۲۵۰۰کەس کوژرابوون. لەساڵی ۱۹۹٤دا ژمارەکە بووە ۷۰۰۰و لەساڵی ۱۹۹٦دا ژمارەی فەرمیی چووە ۱۷,۰۰۰. لەکاتی کۆتاییهاتنی ململانێیەکە لە ساڵی ۱۹۹۹ بەشێوەیەکی گشتیی نزیکەی ۳۰,۰۰۰ کوژراو ڕاگەیەندرا.

بەمەبەستی بڕینی دەستی پەکەکە لە سەرچاوەی پێویستییەکانی جەنگو داخستنی ڕێگەکانی دزەکردنی بۆ تورکیا، شەڕ بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەودیو سنوورەکانەوە لە عێراق ئەنجامدرا. فڕۆکە جەنگییەکانی تورك پەلاماری بنکەوکەمپەکانیان لە باکووری عێراقداو بۆمبارانیان دەکردن. هەروەها حکومەتی ئەنکەرە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیی کارگەرتری لەگەڵ جوڵانەوەی کوردی عێراق: (پ.د.ك ی بارزانیی)و (ی.ن.ك ی تاڵەبانی) دا. هەر لە شەڕی کەنداوی ساڵی ۱۹۹۱ەوە، ئەو دوو لایەنە کوردییە دەستیان بەسەر بەشەکانی کوردستان لە باکووری عێراقدا گرتووە، پ.د.ك لەو ناوچانەدا کە ڕاستەوخۆ بەرامبەر سنووری تورکیایەو ی.ن.ك یش ئەو ناوچەیەی بەدەستەوەیە کە زیاتر کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە. لە نۆڤەمبەری ۱۹۹۲دا، سوپای تورکیا لەگەڵ کوردانی عێراقدا (مەبەستی پارتیو یەکێتییە/سەردەشتیی) هێرشی هاوبەشیان دژی پەکەکە ئەنجامدا، کە بەشێوەیەکی کاتیی پەکەکەیان لە باکووری عێراق بەدەرنا. بەڵام کاریگەریی ئەم ئۆپەراسیۆنانە فرە سنووردار بوو، ئەوەی ئەو ڕاستییەی سەلماند کە سوپای تورك لە مارتی ۱۹۹٥دا سەرلەنوێ داگیرکارییەکی بەرفراوانی (کە ئۆپەراسۆنی "پۆڵا"ی پێدەگوترێت) بۆ بەدەرنانی پەکەکە ئەنجامدا، ئەو ئۆپەراسیۆنەی ۳٥,۰۰۰سەربازو ۱۳ ژێنەڕاڵ تێیدا بەشدارییان کرد. پاش ئەوە، هێزەکان پاشەکەیان کرد، دانوسان لەگەڵ بارزانیی سەبارەت بە دامەزراندنی "ناوچەی ئارام"، هاوشێوەی ناوچە ئارامەکانی ئیسرائیل لە باشووری لوبنان دەستپێکرد، بەڵام لەو کاتەدا کە بارزانیی ئامادەبوو پارەو چەکی تورکیا وەربگرێت، دژی ئەوە وەستا کە سوپای تورك لە ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتییدا بمێنێتەوە. لەهەمان کاتدا ، گەریلاکانی پەکەکە بەتەواویی گەڕانەوە ناوچە سنوورییەکەو جەنگ هەروەك پێشوو بەردەوام بوو.

## کێشەی کوردو سیاسەتی نەتەوەیی

پەرەگرتنی ڕووداوەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، کێشەی کوردی لە ئەنکەرە خستە ئەجێندای سیاسییەوە. لەنۆڤەمبەردا شەش پارلەمانتاری پارتی سۆشیالیستی گەل دەستبەسەر کران بەوهۆیەی کە لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس ئامادەبوون کە سەبارەت بە کوردستان بەسترابوو. وەك ناڕەزایەتییەك نۆ لە پارلەمانتاران دەستیان لەو پارتە کێشایەوە.

دەكەس لەو پازدەیەی "هاڵكین ئەمەك پارتەسی/ پارتی كاری گەل"دامەزراندبوو، لە ژونی ۱۹۹۰دا هەڵمەتێكیان بۆ مافەكانی كورد دەستپێكردبوو. زۆرینەی شۆڤێنیستەكانی نێو كایەی سیاسیی توركیی، نوێنەرانی پارتی كاری گەلیان بە ناپاك و خیانەتكار دایە قەڵەم، هەروەها ئەوانە لەسەرەتاوە بوونە ئامانجی سووكایەتیی و هەراسانكردن . بۆنەی كردنەوەی ئەنجومەن لەلایەن ئەندامە نوێیەكانییەوە لە ساڵی ۱۹۹۱ بەزمێكی گەورەی لێكەوتەوە كاتێك ژمارەیەك لە نوێنەرانی پارتی كار بە كوردیی قسەیان كرد. هەروەها كاتێك سەبارەت بە بەزانینی زمانی بێگانە راپرسییان كردبوو، ئەوانە وەك زمانێكی بێگانە ئاماژەیان بۆ "توركیی" كردبوو. دادگای دەستووریی داوایكردبوو كە پارتی كاری گەل بەهۆكاری جیاخوازیی قەدەغەبكرێت. ئەوەش دواجار لە ژوئیەی ۱۹۹۳دا روویدا، بەڵام بەوەی كە تێكڕای ئەندامانی پارتەكە خۆیان رزگاركرد كاتێك روویان لە پارتێكی نوێ كرد كە ئەویش"پارتی دیموكرات(دیپ)" بوو. ئەوەش بووەهۆی ئەوەی لەكاتی قەدەغەكردنی پارتی كاردا كورسییەكانیان لە ئەنجومەن بپارێزن. پارتی دیموكراتیش وەك ئەوانەی پێش خۆیان كەوتنە بەر لێپرسینەوە. لە دیسەمبەری ۱۹۹۳دا یەك لە نوێنەرانی پارلەمانی ئەو پارتە كوژرا. هەروەها لە فێبرایەری ۱۹۹٤ بارەگای سەركردایەتیی ئەو پارتە لە ئەنكەرە تەقێنرایەوە. لە دیسەمبەری ۱۹۹۳دا "نوسرەت دەمیرئەل"ی دادوەری گشتیی پرسێكی دژی پارتی دیموكرات لە دادگای دەستووریدا كردووەو لەمارتی ۱۹۹٤دا پارێزراوی پارلەمانتاری ئەو پارتە هەڵگیرا بە پێداگریی چیلەری سەرەك وەزیر، ئەوەی كەلە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا لەومانگەدا شانازیی بەوەوە دەكرد كە"لە دەرەوەی ئەنجومەندا راوەدوی پەكەكە دەنێین". دەستبەجێ پاش ئەوە، ئەو پارلەمانتارانە لەنێو ئەنجومەنی نەتەوەییدا قۆڵبەستكران و پارتەكە لە ژونی ۱۹۹٤دا قەدەغەكرا. شەش پارلەمانتاری دیپ نزیك بەو ماوەیە بەرەو ئەوروپا وڵاتیان جێهێڵا. ئەو حەوتەی گیران و لە دیسەمبەری ۱۹۹٤دا برانەبەردەم دادگا و سزای زیندانیكردنیان لەچەند ساڵێكەوە بۆ ١٥ ساڵ بەسەردا سەپێنرا. كۆنە ئەندامانی پارتی دیموكرات سەرلەنوێ كەوتنەوەخۆ تا لە پارتێكی نوێدا تێبكۆشن بەناوی "هاڵكین دیموكراسی پارتەسی/پارتی دیموكراتی گەل(هادیپ)" كە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ۱۹۹٥دا باش لە باشووری رۆژهەڵات هەڵسوڕا، بەڵام نەیتوانی كاریگەرییەكی بەرچاو لە دەنگی كوردانی شارە مەزنەكان بكات. ئەندامانی دیپ كە روویان لە ئەوروپا كردبوو توانیان رۆڵێكی كارا لە دامەزراندنی "پارلەمانی كوردیی لە مەنفا" بگێڕن. كەبۆ یەكەمین جار لە ١٢ی ئەپرڵی ۱۹۹٥ لە(هاگو) كۆبوونەوە. هادیپ قەدەغە نەكرا

(نەك لەبەر ئەوەی لە چیکڵدانەی دادوەریی گشتییەوە جێیان دەبووەوە) بەڵکو ژمارەیەك لە ڕێبەرانی لە ژونی ١٩٩٧دا سزای زیندانیی قورسیان بۆبڕابووەوە.

جەنگ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کاریگەریی زیانبەخشی بە تەواوی کۆمەڵگای تورکیی گەیاند. تەنیا ژمارەیەکی کەم لەنێو سیاسەتکاران، جیهانی بیزنس، ڕۆشنبیرانو هەروەها ناوەندە ئەکادیمییەکان دانیان بەوەدا نا کە چارەسەرێکی سیاسیی ئاشتییانە تەنیا ڕێگەی کۆتاییهێنانی کێشەی کوردە. سەرۆك ئۆزال خۆی کە نیوەکورد بوو، یەك لە ئەندامانی ناوەندی سیاسیی بوو کە بە ئاشکرا لایەنگریی لە سازشکردن بە قازانجی کورد پێشاندا. ئەو بێ ئەوەی لەگەڵ کابینەی وەزیرانیشدا ڕاوێژێك بکات. فەرمانێکی دەرکرد کە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە قسەکردنی ڕۆژانەو گۆرانی گوتندا هەڵگرت. واپێدەچێت ئۆزال ماوەیەکی کەم پێش مردنی بیری لە سازشێکی سیاسیی بە قازانجی کوردان بکرێتەوە. ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی چیلەر بووە سەرەك وەزیر، ئەو باس لە " خواستی چارەسەری باسك"(وەك ئاماژەکردن بە دابەشکردنی دەسەڵات لە ئیسپانیا، لەوێ ڕێژەیەکی فراوان ئۆتۆنۆمیی درا بە ناوچەکانی وەك کەتەلۆنیاو وڵاتی باسك پاش قۆناغی فرانکۆ). سەرۆکی "توسیاد" کە ناوی "خالس کۆمیلی" بوو داوای گفتوگۆی کرد، هەروەك جەم بۆینەر پێشتر کردی. بەڵام لایەنگرانی چارەسەری سیاسییانە لەبەرامبەر فشاری دەزگا ئاسایشییەکان، فەرماندەی باڵای سوپا، ڕاستڕەوانی زۆرینەی پارلەمان، میدیاو بڵاوکراوە شۆڤێنیستەکانو ئەو ڕا گشتییەی بەخێرایی لە دەوریان کۆببووەوە، بێدەسەڵات بوون. هێڵی فەرمیی کە بێکۆتایی لەلایەنو دەمیرئەلو چیلەرەوە دووبارە دەکرایەوە، ئەوەبوو کە پێویستە پێش هەر ئەنجامدانی گفتوگۆیەك بەهێزی سەربازیی لە پەکەکە بدرێت.

پێدەچێت لەنێو هەموو پارتە مەزنەکاندا پ.دا.ن خواستبێتی هێڵێکی ئاشتەواییانە بگرێتەبەر. ئەربەکان ناڕاستەوخۆ هێمای بۆ گفتوگۆو دیالۆك دەکرد، کاتێك نوێنەری پارلەمانی پ.دا.ن بەمەبەستی ئازادکردنی ئەو سەربازە دیلانەی تورك کە دەست پەکەکە کەوتبوون، سەردانی باکووری عێراقیان کرد. پارتەکە پشتگریی کردن، تەنانەت هەرچەند میدیاکان ئەو نوێنەرەیان بە ناپاك نێودەدکردو دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان دژی کردەوە. بەڵام ئەربەکانیش پێویست بوو دان بەوەدا بنێت کە لەوکاتەدا ناتوانێت کاریگەریی لە چۆنیەتیی چارەسەری سوپا بۆ کێشەکە هەبێت.

## سەرکەوتن بەسەر پەکەکەدا

دواجـار فـشاری سـەربازیی و سیاسـیی وایکـرد سـەرکەوتن بەسـەر پەکەکـەدا بـۆ تورکیـا ئەوپـەڕی ئـارەزوو بێـت. دوای لابردنـی ئەربـەکان و چیلەر لـە سـەرۆکایەتیی کابینـە، کابینـە نوێیەکـەی ئەجەویـد–یـەلماز کـە لـەبواری کاروبـارە ئاسایـشییەکاندا لـە سـایەی دەمراسـتیی سوپادا بوون، دەستیکرد بە دەنگهەڵبڕینێکی هەڕەشـەئامێز لەهەمبـەر سـوریا. وێڕای ئـەوەی ئـەم وڵاتـە هێـشتا عەبـدوڵا ئۆجـەلانی حەوانـدبووەوەو بارەگـای سـەرکردایەتیی پەکەکـەو کەمپـــەکانی راهێنـــانی لـــەخۆگرتبوو. لەوانەیـــە ســـوریا لـــەخۆگرتنی ئۆجـــەلانی وەك بەرپرسـیارێتیی بینیبێـت. لەگـەڵ ئـەوەش، سـەرکردایەتیی سـوریی پـاش داڕمـانی یـەکێتیی شورەویی تەریك مایەوەو نها درکی بەوە کردبوو کە پێویـستە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ وڵاتـە یەکگرتووەکانی دۆستی نزیکی تورکیادا بەریتەپێش. لەهەمان کاتدا، سوریا کـەتبووە نێـوان بەرداشـی ئیـسرائیل و تورکیـاوە. هاوکـاریی و هەماهـەنگیی سـەربازیی نێـوان هـەردوو وڵات بەدرێژایی کات لە زێدەبووندا بوو. هەربۆیە کاتێك تورکیا لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٩٨دا هەڕەشـەی سەربازیی لە سوریا کرد، سـوریا بـە ئۆجـەلانی راگەیانـد کـە مانـەوەی لـەو وڵاتـەدا شـیاونیەو خـستیانە نێـو فڕۆکەیەکـەوە. پـاش ئـەوەی ئۆجـەلان لـە مۆسـکۆ بۆمـاوەی نزیکـەی مانگێـك مایـەوە، چـەند پارلـەمانتارێکی چەپگـەرای ئیتـاڵیی بردیانـە ئـەوروپا. ئـەو لـەو ماوەیـەدا کـە داوای پەنابەری سیاسیی کردبوو چاوەڕێی وەڵامەکەی بوو لـەژێر چاودێریی پۆلیسدا بـوو. هـەوڵێکی بۆ چوونە ئـەڵمانیا یـاخود چوونە هۆڵەنـدە شکستیخوارد. ئۆجـەلان رۆمـای بـەرەو دورگـــەی یۆنـــانیی "کۆرفـــو" جێهێـــشت. حکومـــەتی یۆنـــانیی لەرووبەڕووبوونـــەوەی تورکیادەترسـا، ئۆجـەلانی بـە کەشـتی رەوانـەی باڵیۆزخانـەی خـۆی لـە نیروبـی"کینیـا" کرد.بەشێوەیەك لە شێوەکان رازییـان کردبـوو کـە لـە حەوشـەی باڵیۆزخانەکە بچێتە دەرەوە، هـەروەها کۆمانـدۆی تـورکیی گرتبوویـان و لـە ١٦ی فێبرایـەری ١٩٩٩دا فڕانـدیان. دیـارە زۆر لەوانەیە بە هاوکاری دەزگای سیا(CIA) کە مەزنترین شوێنەو پێگـەی لـە هـەرێمی نەیروبیـدا هەبوو.

پاش گێڕانەوەی ئۆجـەلان بـۆ تورکیـا لـە دورگەیـەکی دەریـای مەرمـەڕە زینـدانیی کـراو هـەر لـەوێش دادگـایی کـراو سـزای مـەرگی بەسـەردا سـەپێنرا(ئـەو سـزایەی لـە سـاڵی ٢٠٠٢دا بـۆ زینـدانی هەتاهـەتایی گـۆڕا). ئاکـاری ئۆجـەلان لـەکاتی دادگاکردنەکەیـدا جێگـەی سـەرنج و سەرچاوەی بێهیـوایی هـەوادارانی بـوو. ئـەو هـەموو شـتێك بـوو، خـۆڕاگرو قارەمـان نـەبێت. زیـاتر وەك پیـاوێکی تێکـشکاو دامـاو، هـەمان کـات بێـورە خـۆی پێـشاندا. ئـەو داوای

لێکگەیشتن و لێبوردنی کرد و زیاتر لەجارێك خۆشەویستی مەزنی خۆی بۆ گەلی تورك ڕاگەیاند.(لە ڕاستییدا لە دەمی گرتنی ئۆجەلاندا شەقامی کوردیی لە تورکیا و بگرە لە ئەورووپاش لە هەموو کاتێکی دیکە زێدەتر خرۆشانی بەخۆوەدیت و کوردان خاوەنێتییان لەسەرۆکی خۆیان پێشانداو بەچەندین شێوە پرۆتێستۆی ئەو فڕاندنەی سەرۆکەکەیان کرد کە لە یاسای نێودەوڵەتییدا بە "تیرۆر" لەقەڵەمدەدرێت، دواتر ئۆجەلان پیاوکوژێکی بێباك نەبوو تا لە دادگاییەکەیدا شانازیی بەو قۆناغە خوێناوییەوە بکات کە بەسەر هەردوو گەلی کورد و تورکدا هاتووە، ئەو زۆرباش دەیزانی شەڕی سەپێنراو بەسەر گەلی کوردا لەلایەن توێژێکی خاوەن بەرژەوەندیی وڵاتە لەنێو سوپا و دەزگا هەواڵگرییەکان و باندی ئەرگەنەکۆن و دەلاڵە سیاسەتچییەکان ئەوانەی لەرێگەی بیری نەژادپەرستیی تورکچێتییەوە خەڵکانێکی داخراوو ناهۆشیاری تورکیان بەدوای خۆیان کێش دەکرد و سەرێکیان بە مافیای نێودەوڵەتییەوە هەبوو، هەربۆیە ئۆجەلان داخی خۆی بۆ بەکوشتدانی بەخۆڕایی سەربازانی سوپای تورکیای{کە دواجار بەشێك لەوانە کوردبوون} لە چیاکانی کوردستان دەردەبڕی و دەیویست ستەمدیدەیی خۆی و گەلەکەی پێشانبدات و دادگاکەی بکاتە سەرەتایەك بۆ پەرۆشییەکی هاوبەش بۆ چارەسەرێکی دیموکراتیی/سەردەشتیی)

هەروەها ئۆجەلان لەماوەی جێگیربوونی لە ڕۆما نزیکەی ئەوەی ڕاگەیاند کە پەکەکە بۆ چارەسەری کێشەکە بەدوای ڕێگە چارەیەکی ئاشتییدا دەگەڕێت، نها ئەم هێڵە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەکەکەوە جەختی لێ کرایەوە، ئەوەی ڕاگەیاند کە هێشتا "ئاپۆ" بە ڕێبەری خۆی دەزانێت و هەروەها درێژە بەو ئاگربەستە دەدا کە لەئوتی ١٩٨٨دا ڕاگەیەندراوە، گۆڕانی ئاراستەی چەکداریی بۆ خەباتی سیاسیی لە قاڵبی ئەو گۆڕانەدا بەرجەستەبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا ناوی پەکەکەی پێ گۆڕا بە "کادیك/کۆنگرەی ئازادیی و دیموکراتیی گەل).

## مافی مرۆڤ و "دەوڵەتی شاراوە"

جەمسەرگەرایی، مافە مەدەنییەکانی هاوڵاتیانی لە تورکیادا خستەژێر فشار. لەسایەی یاساکانی دژەتیرۆر خەڵکانێکی زیاترو زیاتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا. تەنانەت لەوەش خراپتر، لەوانەیە، تیرەبارانکردنی بێ دادگاییکردنەکان (یارجیسیز ئینفاز)–تەقەکردن لە گومانلێکراوان و کوشتنیان، ئەوانەی بەگوێرەی پۆلیس بەرگرییان کردووەو ئامادەنەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن– پەرەگرتنی ژمارەی ئەو کوژراوانەی کە بکوژانیان بەنادیاریی مانەوە .

پەیوەندییەکانی نێوان راستڕەوە مافیاکانو دەوڵەت پرسێك بوو کە کاتی ئاوڕدانەوە لە کێشەی کوردو مافەکانی مرۆڤدا هەستی پێدەکرا. تاوانە رێکخراوەکان لە تورکیا(بەشێوەیەکی سەرەکیی قاچاخچێتی چەكو مادە هۆشبەرەکان) لەماوەی ساڵانی ۱۹۸۰کانو سەرەتای ۱۹۹۰کاندا بەشێوەیەکی بایەخدار پەرەیسەند. ئەوەی لەلایەن دوو دەستەی خێزانی مافیایی جیاوازەوە بەڕێوەدەبرا. یەکێکیان کوردیی و بوو کە ژمارەیەك لەوانە بیزنسمان بوونو پشتگیریی و هاوکاریی پەکەکەیان دەکرد. ژمارەیەکی دیکەشیان لەسەر پەت لەنێوان هەردوولا هەڵدەسوڕانو دارەکەیان لە ناوەڕاستەوە گرتبوو. گروپەکەی دیکەیان لە ئایدیالیستەکانی پێشوو، دەستە چەکدارەکانی پارتی کاری نەتەوەیی ئەلپەئەرسەلان تورکیشەوە پێکدەهاتن. ئەوانەی کە زۆربەی جار پەیوەندیی نزیکیان بە دەزگا ئاسایشییەکانی دەوڵەتەوە هەبوو. ئەوانەی کە دەنگۆیەکی واهەبوو راژەی حکومەتیان دەکردو ئەو "جەنگە گڵاوە"ی دژی پەکەکەیان بەڕێوەدەبرد.(شاباندی ئەم دەستە چەکدارانە "ئەرگەنەکۆنە"کە رۆڵی لەو جەنگە گڵاوەدا لە نێوخۆی تورکیا و دەرەوەشیدا ئەمێستا بە بەڵگەوە سەلمێنراوە/سەردەشتیی). پەیوەندییەکانی نێوان مافیا و دەوڵەت یەکەمجار لەسەرەوەدا بوو، کاتێك لە ساڵی ۱۹۹۵دا "ئوگو کلیچ"ی کچی مەزنە مافیایەکی بەناوبانگو (دۆستی دانەیەکی تریان) لە دادگادا شایەتییدا کە "سامرە"ی ئۆزالی ژنی سەرۆکی پێشوو، دەستی هەبووە لە تەقەکردنی پیاوانی مافیا لە بەڕێوەبەری پێشووی بانکی ولات. دواتر لە بەهاری ۱۹۹٦دا، تانسۆ چیلەر بەوە تۆمەتبارکرا کە بەشێوەیەکی ناشەرعیی پارەی بودجەی راکێشاوە بۆ "خەرجی ئاسایش"ی ناڕوون لەدوا هەفتەی هەڵبژاردنەکانی ۱۹۹۵دا(ئەوە یەك لەو تۆمەتانە بوو کە بووەهۆی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ یەڵمازدا). بەپێی راپۆرتێکی هەواڵگریی کە لەلایەن دەزگای میتەوە ئاشکرابوو(دەگونجێت بۆ لاوازکردنی هاوپەیمانییەکەی چیلەرو ئەربەکان) ئەم پارەیە لە "باندێکی چەکداریی دەوڵەتیی" نافەرمییدا خەرجکراوە کە هەستاوە بە ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی دژی پەکەکەو هەوادارانی، ئەو ئۆپەراسیۆنەی لەلایەن چیلەر خۆیو محەمەد ئاگاری وەزیری نێوخۆکەیەوە رێبەرایەتیی کراوە. واپێدەچێت پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو باندە تاوانکارییە رێکخراوەکان ئەو دەمە چەسپابێت کاتێك لە ۳ی نۆڤەمبەرداو لە رووداوێکی هاتوچۆدا ئۆتۆمبێلێك لە رۆژئاوای شارۆکەی"سوسەرلوك" وەرگەڕابوو، لەو ئۆتۆمبێلەدا چوارکەسی تێدابوون: ئەفسەرێکی بالای پۆلیس، سەرۆکێکی کوردی پیاوی دەوڵەت، هەروەها پارلەمانتارێکی پارتی رێگەی راست، لەگەڵ شاجوانی پێشووی تورکیا و عەبدوڵا

چاتلّی مەزنە تیرۆریستی تورك، ئەوەی پێش سالّی ١٩٨٠ حەوت خوێندكاری چەپگەرای كوشتبووو هەروەها ناڕاستەوخۆش لەهەولّی كوشتنی پاپادا دەستی هەبوو. وادەهاتەپێش چاو كە چاتلّی خەریكی راكردن بوویێت بەلاّم گەڕابێتەوە تا ڤیزەی فەرمی پاسپۆرتەكەی وەرگرێت. ئەوەش دەركەوت كە ئەو چوارە تازە لە پەناگەیەكی كەنار دەریا گەڕابوونەوە، ئەو شوێنەی كە ئاگاری وەزیری نێوخۆ زۆربەی كات تێیدا دەمێنێتەوە. ئەمێستا چ ئۆپۆزسیۆن و چ بەشێكی بەرفراوانی رای گشتیی لەپێناو"ئۆپەراسیۆنی خۆتەكاندن" بەشێوازە ئیتالّییەكەی دەنگیان هەلّبڕی.[٤٢] بەلاّم كاری مافیا چەكدارەكان گەیشتە ئاستێكی بالاّ: كاتێك مەسعود یەلّمازی سەرۆكی ئۆپۆزسیۆن داوای لێكۆلّینەوەی كرد، لەلایەن كۆنە گورگەبۆرێكی دیكەوە هێرشكرایەسەری، لەكاتێكدا لە بودابێست مابووەوەو دەیوست لەسەردانەكەی بەرلینی بۆ توركیا بگەڕێتەوە. ئەو هێرشەی كە یەلّمازی تێدا بریندابوو، ئەم تۆقاندنە تایبەتە راستییەك بوو وەك "بەئاگاهێنانەوەیەك"و لەكاتی وەستاندنیدا ئەنجامدرا كە لەبەرنامەدا نەبووە، ئەوەش مانای ئەوەبوو كە لەنێوخۆدا ئاسانكاریی بۆكراوە.

لێكۆلّینەوە لە پەیوەندییەكانی نێوان دەزگای ئاسایشییەكانی دەولّەتیی و ئەو دەستە بەدكارییانە نەگەیشتنە هیچ تۆمەتباركردنێكی بەلّگەدارو ئاشكرا. ئەوپیاوەی كە دەلاّلّی جەنگە گلاّوەكەی چیلەر بوو، واتە محەمەد عەلی ئاگاری ئەفسەری پۆلیسی پێشووو وەزیری نێوخۆ، بێباكانە لە پۆستە سیاسییەكەی خۆی بەردەوام بووو لەسالّی ١٩٩٩و ٢٠٠٢دا وەك پارلەمانتارێكی سەربەخۆی ناوچەی ئیلزاك هەلّبژێردرا.

## شەشەم : پەیوەندییە نێودەولّەتییەكان

### توركیا، ولاّتە یەكگرتووەكان و یەكێتیی ئەوروپا

كودەتای سێپتەمبەری ١٩٨٠ لەنێو ناوەندە حكومییەكانی ئەمەریكادا بە تێگەیشتنەوە پێشوازیی لێكرا(هەروەها بە خۆشییەكی گەورەوە). پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان ولاّتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو توركیا لەو چەند سالّەی داهاتوودا تەواو بە پێچەوانەی

[42] " Mana Pulite" واتە "دەستە پاكەكان" ناوی هەلّمەتێكە لەلایەن دادوەرەكانی میلانەوە كە بنكەیان لە ئیتالّیا بوو دژی پەیوەندییە گەندەلّییەكان لەنێوان دەولّەت و كاروسەرمایەدا بەڕێوەچوو. ئەوەی هەلاّیەكی مەزنی نایەوە بە دەرخستنی تۆڕی سیاسەتكارە راسترەوە پیشەسازكارەكان كە لەنێو لانەی ماسۆنییەكاندا تروكابوو.

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەوروپا گەشەی کرد. لە ئەوروپا، بەتایبەتیی زیاتر لە کۆمەڵگەی ئەوروپا(ئەوەی تورکیا وەك ئەندامی یەدەك لەنێویاندا بوو)، هەروەها لە ئەنجومەنی ئەوروپا، زیاتر تێڕوانینەکانی سەبارەت بە هەلومەرجی مافەکانی مرۆڤ چڕکرایەوە، لەکاتێکدا ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان هەمان پرسی هەبوو. پێداگرتنی ڕێکخراوە ئەوروپییەکان بەو شێوە بەرفراوانە لەمەڕ ماف مرۆڤ، بەشێکی بۆ نزیکیی ڕێژەیی لە تورکیا دەگەڕێتەوەو بەشێکی دیکەشی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە تورکێکی زۆر لە ئەوروپادا دەژیان. بەتایبەت کاتێك پەنابەرە سیاسییەکانی تورك لە هەوڵی ئەوەدا بوو کاریگەریی لە رای گشتیی بکەن. هەرچەندە هەڵوێستی توندی دەزگاکانی کۆمەڵگەی ئەوروپیی کە لە بنەڕەتدا هاوپەیمانی کاری سۆشیال دیموکراتەکان بوو(ئەوەی کە ئەجەوید پێگەیەکی بەرزی لایان هەبوو)و هەروەها نوێنەرانی یۆنانیی. لەمایۆی ١٩٨١دا ئەندامەتیی تورکیایان بۆ ژوئیەی ١٩٨٢دا هەڵپەساردو لێپێچینەوەیەکیان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا ڕاگەیاند.

هەرچەندە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و ئەوروپا کاری تێکراو هەروەها بازرگانیی لەگەڵ وڵاتانی ئەنجومەنی ئەوروپا بەردەوام بوو بەشێوەیەك زۆر زیاتر لەوەی ئەمەریکا بایەخدار بوو. لەساڵی ١٩٨٣بەرەوسەر، پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ ئەنجومەنی وڵاتانی کۆمەڵگەی ئەوروپیی باشتربوو، چونکە کۆمەڵگەی ئەوروپیی بەهۆی سیاسەتەکانی یۆنانەوە ئارامیی لێهەڵگیرابوو، تورکیا لە بەهاری ١٩٨٧دا بەفەرمیی داوای کرد ئەندامیەتیی تەواوی کۆمەڵگەی ئەوروپیی پێ ڕەوا ببینرێت، هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەوروپیی بەتەواوەتیی دەرگای لەسەر تورکیا دانەخست،بەڵام وەڵامی بۆ تورکیا زیاتر ڕەتکردنەوەیەك بوو، لانی کەم لەوکاتەدا. ئەوەی کە خرایە شوێنی ئەندامەتیی تەواو بریتیبوو لە داب و ئاکاری نێوان تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا. دانوسان سەبارەت داب وئاکاری یەکێتیی بەهێواشیی بەشێوەیەکی گران چووەپێش، چونکە یەکێتیی ئەوروپا خوازیاری ملدانی تەواو بوو بە دابە ڕێکخراوە ئەوروپییەکان سەبارەت بە تایبەتمەندییە هزرییەکان، ڕێکەوتنە قۆرغخوازییەکان"کارتێل"و بازرگانیی ئازاد. لەبەرامبەردا تورکیا داوای قەرەبووی داراییی دەکرد. ئەم گرفتانە لەساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤ بەشێوەیەکی گشتیی چارەسەرکرا، بەڵام لەو کاتەدا ئابووریی تورکیا لە ئاکامی هەنگاوەکانی ٥ی ئەپرێلەوە تووشی داکشان هات. لە هەمان کاتدا، تەواوی پرۆسەکە بە دادگاییکردنی پارلەمانتارە کوردەکان کەوتە بەر گومان. بەپێچەوانەی حکومەتەکانی ئەوروپا، پارلەمانی ئەوروپا هاوشێوەی زۆربەی پارلەمانەکانی

دەوڵـەتانی ئەنـدام، بەتونـدیی رەخنـەیان لـە تۆمـارکردنی مـاف مرۆڤـی تورکیـا گـرتو ئـەم دادگایـەش دوا بابـەتیان بـوو لەمـەڕ پێـشێلکارییەکان. لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٩٤دا، کۆمکـاری ئەنجومەنی ئـەوروپا هـەنگاوێکی ناوازەیـان دژی تورکیـا دەسـتپێکرد. دانوسـان سـەبارەت بـە دابو ئاکـاری یەکێتییەکـە بـۆ مـارتی ١٩٩٥ هەڵپەسـێردرا. پاشـتر دواجـار، پرۆتۆکۆڵـە پێویـستەکان واژۆیـان لەسـەرکرا. بـەڵام پـشتگیرییکردنو تێپەڕانـدنی لەلایـەن پارلـەمانی ئـەوروپاوە پـشتی بـە لیبراڵیزەکردنـی سیاسـیی دەبەسـت، ئـەوەی وەك دەبیـنین بـەدیهاتنی درێـــژەی نەکێـــشا. گۆڕانـــە دەســـتوورییەکەی ژوئیـــەی ١٩٩٥ زەمینـــەی لەبـــەردەم ئـــەو پـشتڕاستکردنەوەیەدا خۆشـکرد. پارلـەمانی ئـەوروپا هێـشتا سـستیی نوانـد، بـەڵام تورکـان خۆیـانو هـەروەها ئەمەریکییـەکانیش لەلایـەن ئەوانـەوە هـەوڵیان دەدا کاریگـەرییان لـە بەدەسـتهێنانی ئـەو پـشتراستکردنەوەیەدا هـەبێت بۆئـەوەی ببێتـە بیانوویـەکی مـەزن بـۆ لەنگەرگرتنی تورکیـا لـە خێزانـی ئـەوروپاو رێگـرتن لـە بونیادگـەرا ئاینییـەکان تـا دەسـەڵاتی سیاسـیی بگرنەدەسـت. بـۆ گاڵتـەجاڕیی، دوو هەفتـە پـاش ئـەوەی پارلـەمانی ئـەوروپا دابوئاکـاری یەکێتییەکـەی لـە ١٣ی دیـسەمبەردا پـشتڕاستکردەوە. بونیادگـەرا ئاینییـەکان وەك مەزنترین پارت لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا دەرکـەوتن. ئەوانـەی لـەماوەی شـەش مانگدا چوونە دەسەڵات.

## لۆکسەمبۆرگ، هیلینیسکی هەروەها کۆپنهاگن: یان ئایا تورکیا رووی لە ئەوروپایە؟

ئەگەر ئەوروپییەکان بەهیوابوون یەکێتیی گومرگیی لە ئایندەی نزیکدا خولیاکانی تورکیا پەسـەند بکـات، لـەوەدا زیـاتر بـە هەڵـەدا نەچـووبوون. لـە تورکیـا، یـەکێتیی گـومرگیی وەك دواپلـە بەئاراسـتەی بەدەسـتهێنانی ئەندامـەتیی تـەواو دەبینـرا(هـەروەك لـە راسـتییدا لـە رێکەوتننامـەی ئەنکـەرەی سـاڵی ١٩٦٣ چاوەڕوانیی لێکرابـوو)و هـەروەها ئـەوان بـەردەوام بـوون لـە فشارخـستنە سـەر یـەکێتیی ئـەوروپا تـا دان بەمـەدا بنێـت. لـەنیوەی دووەمـی ١٩٩٠کانـدا، یـەکێتیی ئـەوروپا دەبـوو سـەبارەت بەشـێوەو قـەبارەی داهـاتوو چـەند وەڵامێك بەدەسـتەوە بـدات، بـۆ وڵاتـانی ئـەوروپای رۆژهـەڵات کـە لەسـاڵانی ١٩٨٩-١٩٩٠دا تـۆزی فەرمانڕەوایـەتیی کۆمۆنیـستیی لـەخۆی تەکانـدو نهـا خوازیـار بـوو دانوسـان سـەبارەت بـە ئەنـدامبوون لـە یـەکێتیی ئـەوروپا دەسـتپێبکات. پرۆسـەی پەسـەندکردنەکە لـە دیـسەمبەری ١٩٩٧دا لـە لوتکـەی یـەکێتیی ئـەوروپا لـە لۆکسەمبۆرگ دەسـتپێکرد. بـەڵام بڕیارەکانیـان سەبارەت بە تورکیا فرەتاڵ بوو. لوتکەکە بڕیاریدا کە دەرگای دانوسان لەگەڵ دە دەوڵەتی

ئەورووپای ڕۆژهەڵات و قوبرسدا بکاتەوە، بەڵام تورکیا نەخێر. ئەو لە داننان بە مافی تورکیا بۆ چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپاوە بەردەوام بوو، بەڵام دانوسانەکان تەنیا ئەو کاتە دەستپێدەکات کە پێکەوە کۆدەبنەوە، مەرجەکان بریتیبوو لەوەی کە بە "پێوەدانگەکانی کۆبنهاگن" ناودەبرا، کە لەلایەن یەکێتیی ئەورووپاوە لەساڵی ۱۹۹۳وە فۆرمەڵەکرابوو،[43] هەروەها ئەو داواکارییانەی کە تورکیا سەبارەت بە قوبرس هاوکاریی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات و ناکۆکییەکانی لەگەڵ یۆناندا سەبارەت بە دەریای ئیجە پێشکەش بە دادگای دادوەریی نێودەوڵەتیی لەلاهای بکات.

بڕیارەکەی لوتکە بە تەواویی جێگەی سەرسوڕمان نەبوو. سیاسەتکارانی ڕاستی دیموکراتی کریستیانیی لەوانە "کول"ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیی، بە ئاشکرا گوتبووی کە ئەوان تورکیا وەك دەوڵەتێکی ئەورووپیی پەسەند ناکەن. تەنانەت لە ٤ی مارتی ۱۹۹۷دا، دیموکراتە کریستیانییەکان لە پارلەمانی ئەورووپا بەفەرمیی ڕایانگەیاند کە تورکیا بۆ ئەندامەتی یەکێتیی ئەورووپا کاندید نەکراوە. هەرچەندە ڕای گشتیی تورکیی سەبارەت بەم شێوازە بێزاریی خۆی دەرخست، بەتەمەنترین ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەورووپا و هەروەها کاندیدی نوێ لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە. حکومەتی تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی بە یەکێتیی ئەورووپاوە پچڕاند، لەساڵی ۱۹۹۸دا، پەیوەندییەکانی تورکیی ئەورووپیی گەیشتە ئەوپەڕی لاوازیی. یەڵمازی سەرەك وەزیر بەشداریی لە دژوارکردنی هەلومەرجەکەدا کرد کە لە زۆر بۆنەدا باسی لەوەدەکرد کە ئەڵمانیا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا بەدوای"بواری ژیانییدا" دەگەڕێت(چەمکێك بوو لەسەردەمی هێتلەردا بەکاردەهات) و هەروەها کول ی ڕاوێژکار دوژمنی تورکیایە. زیانبەخشی کاردانەوەی تورکیا سەرنجڕاکێش بوو. پاش کول، ئەڵمانیا لەسایەی "شرۆیدەر"ی سۆشیال دیموکراتەوە لەلوتکەی هیلینیسکیدا لە دیسەمبەری ۱۹۹۹دا دەستی بە نزیکبوونەوە کرد. یەکێتیی ئەورووپا جەختی لە پابەندبوونی خۆی سەبارەت بە ئەندامیەتیی ئایندەی تورکیا کردەوە. هەروەها بەرنامەی ئەوەی پێیدەگوترێت "پێش پەسەندیی" دا بە تورکیا. ئەوەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات سوودیان لێوەرگرتووە. لەساڵانی داهاتوودا، تورکیا تێڕوانینی خۆی لەسەر پێوەدانگەکانی

---

[43] ئەندامەتیی ئەوەی دەخواست کە وڵاتی کاندیدکراو هێندە دەزگای جێگیری هەبێت بۆ زامنکردنی دیموکراسیی، حوکمی یاسا و ڕێزگرتن وپاراستنی کەمینەکان، بوونی ئابوورییەکی بازاڕی ئازادو هەڵسوراو، وێڕای توانای بەرگەگرتنی فشارە کێبڕکێییەکان و هێزی بازاڕ لە یەکێتییەکەدا .ئەندامەتیی ئەوە دەخوازێت کە کاندیدکراو پابەندی ئامانجە سیاسیی و ئابووریی و داراییەکانی یەکێتییەکە بێت.

کۆبنهاگن چڕکردبووەوە، کە یاساکانو تەنانەت دەستوورەکەشی لە پرۆسەکەدا بگۆڕرێت. بەڵام نەیتوانی بە کاندیدەکانی رابگات، لە لوتکەی کۆبنهاگن لە دیسەمبەری ۲۰۰۲دا، پێشنیازیی ئەندامەتیی دە وڵاتی نوێی دیکە بۆ ساڵی ۲۰۰٤ پێشکەکرا. گرنگترین شتی تورکیا بەدەستیهێنا ئەوەبوو کە رێکەوتننامەیەك بوو کە لە ۲۰۰٤دا چاوی بە کاندیدبوونی تورکیا بخشێنێتەوەو هەروەها ئەو دانوسانە بە"بێ دواکەوتن" دەستپێدەکات ئەگەر پێودانگەکانی تێدا کۆبکرێتەوە.[44]

## پەیوەندییە هەرێمییەکان

لەساڵانی ۱۹۸۰-۱۹۸۸دا، یەکەمجار شۆڕشی ئێرانییو دواتریش جەنگی ئێران-عێراق بەسەر رەوشەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستبوون.حکومەتە سەربازییە تورکییەکەی ساڵی ۱۹۸۰-۱۹۸۳ بە نیگەرانییەکەی گوماناوییەوە دەیڕوانیە کاریگەریی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران لەسەر گروپە ئیسلامییەکانی نێو تورکیا. هێرشی ئێرانییەکان بۆسەر تورکیاو سیاسەتەکانی زیانبەخش بوو، هەروەها ئەوەی رای گشتیی تورکیی بریندار کرد کە لەکاتی سەردانی نوێنەرایەتییەکی ئێرانی بۆ تورکیا ئامادە نەبوو وەك باوە تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی ئەتاتورك دابنێت.هەرچەندە تورکیا بە دوودڵییەوە جەختی لە گرتنەبەری سیاسەتێکی بێلایەنانە کرد لەماوەی ئەو جەنگەدا کە بە داگیرکردنی عێراق بۆ باشووری ئێران لەساڵی۱۹۸۲دا(۱۹۸۰راستە/سەردەشتیی) دەستپێکرد. ئێران کە لەسایەی سەپاندنی گەمارۆی بازرگانیی لەلایەن ئەمەریکاوە دەینالاند، لەساڵانی ۱۹۸۳-۱۹۸٤دا بووە بازاڕێکی سەرەکیی کاڵا هەناردەکراوەکانی تورکیا. بەڵام لە هەمان کاتدا، تورکیا رێگەی بە عێراقدا نەوتی خۆی لەرێگەی ئەو جووت لوولەی نەوتەوە کە بەخاکی تورکیادا گوزەردەکەن بنێرێتە دوا وێستگەی دەریای سپی ناوەڕاست.

لە کۆتایی ۱۹۸۰کاندا، پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران وردە وردە باشتربوون، لەکاتێکدا ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ عێراقو سوریا دژواربوون. هۆکاری ئەوەی دواییان بریتیبوو لەو ململانێ گەرمەی سەبارەت بە بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکانی هەردوو رووباری دیجلەو فورات لە ئارادابوون. ئەوەی کە لەئاکامی پرۆژەی گاپ، ئەو بەنداوە گەورەیەوە کە بنیاتنانی رووباری فورات خەریك بوو تەواو دەبوو، تا دەهات گەرمتر دەبوو. سوریا وەك دەوڵەتێك کە

---

[44] تورکیا ی وەك ئەندامێکی ناتۆ سوودی لەو دوو وشەیەی "بێ دواکەوتن" بینی تا ئاسانکاریی ناتۆ بۆ هێزە دەستێوەردەرە خێرایە نوێیەکەی ئەورووپیی بەکاربێنێت.

کەوتبووە خوارەوەی رووباری فورات لەپێگەیەکی لاوازدا بوو، هەربۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەرێگەی پشتگیرییکردنی گەریلا کوردەکانی پەکەکەوە فشار بخاتە سەر تورکیا. ئەوەش بەوەی رێگەی پێدەدان لەنێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەیدا هەڵسوڕێن. ئەوەش بەو مانایە دەهات گەر بێتو بەردانەوەی ئاو لەلایەن تورکیاوە زامنبکرێت ئەوا سوریا ئامادەیە پشتگیریی خۆی لە پەکەکە ببڕێت. هەروەك بینیمان، ئەم سیاسەتە وەلانراو سوریا ناچارکرا لەبەرامبەر دەستکەوتنی هەرشتێکدا پەکەکە بکاتە قوربانیی.

لەماوەی هەشتاکاندا، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی کە بەشێکیان لە ناوچەکە پێکدەهێنا، بە بالکانیشەوە، وەك پێشوو دژواربوو. زیاتر لە جارێك نەتەوە یەکگرتووەکان دانوسانی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس دەستپێکرد. بەڵام ئەو دانوسانە سەبارەت بە ئاستی ئۆتۆنۆمیی تورکیی لە هەردەوڵەتێکی فیدراڵی ئایندەدا بە بنبەست دەگەیشت. ئەوەش بەردەوامیی بە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان دەدا، ئەو پەیوەندییانەی کە لەبنەڕەتدا بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا سەبارەت بە مافە نەوتییەکان لە کەناری راستی دەریای ئیجەدا، دژواربوو. هەردوو وڵات لەساڵی ١٩٨٢دا لە هەمان هەرێمە ئاوییە جێناکۆکەکاندا دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای نەوتداو هەرلایەکیان لە رێگەی هێزە دەریاییەکانییەوە پشکنەرەکانیان دەپاراست. هەروەها ململانێیەکە بۆ بواری بۆشایی ئاسمانیی بەسەر ئیجەدا درێژبووەوە، ئەوەی یۆنان بەهی خۆی دەزانی بەڵام تورکیا وەك نێونەتەوەیی لێیدەڕوانی. فڕۆکە تورکییەکان بەو بۆشاییەدا فڕكوهوڕیان بوو تا ئیدعاکانی تورکیا بسەلمێنن. لەساڵی ١٩٨٧بەرەوسەر، پاش ئەوەی ئاشتەواییەکی لەناکاو لەنێوان ئۆزالو پاپاندریۆی سەرەك وەزیری تورکیا هێنرایە کایەوە، پێدەچوو پەیوەندییەکانی یەکسەر بەرەو باشیی بچێت. بەڵام پەیوەندییەکانیان قەت لەوە زیاتر گەرمتر نەبوون هەتا ئەو کاتەی نەوەیەکی نوێ لە سیاسەتکاران لە ناوەڕاستی ١٩٩٠کانەوە لە یۆنان هاتنە سەر تەختی دەسەڵات.

لەساڵی ١٩٨٩دا، قەیران لەگەڵ بولگاریای هاوسێیەکی دیکەی ئەورووپیی تورکیا بەشێوەیەکی لەناکاو سەریهەڵدا، کاتێك حکومەتی کۆمۆنیستی بولگاریا سیاسەتی تواندنەوەی کەمینەی تورکی موسوڵمانی لەو وڵاتەدا پەرەپێداو ٣٤٤,٠٠٠ تورکی بولگاریی لە سنورەکانەوە بەرەو تورکیا هەڵاتن. ئەوەش لە تورکیا هەڵچوونێکی نەتەوایەتیی توندی لێکەوتەوە، بەڵام تورکیا لە هەلومەرجێکی لەباری وادا نەبوو بتوانێت ئەو هەموو پەنابەرە

بگرێتەخۆ، کاتێك ئەو پەنابەرانە چ کارو شوێنێکی حەوانەوەیان لە تورکیادا چنگ نەکەوت، ناچاربوون ساڵی پاشتر بەرەو بولگاریا بگەڕێنەوە.

## زرێی بیابان و گەردەلولی بیابان

کاتێك عێراق لە ساڵی ۱۹۹۰دا کوێتی داگیرکرد، تورکیا بووە لایەنگرێکی فرە چالاكو پەرۆشی ئەو هاوپەیمانیەتییەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەلایەن ئەمەریکاوە رێبەرایەتیی دەکرا، ئەوەی لەسەرەتادا گەمارۆی بەسەر عێراقدا سەپاندو دواتر لە یەنایەری ۱۹۹۱دا جەنگی دژی ئەو وڵاتە راگەیاند. پشتگیرییکردنی چالاکی ئەو هاوپەیمانیەتییە (کە داخستنی هاتوچۆی بەرووی عێراق و بڕینی تێپەڕینی نەوت بە لوولە نەوتەکانی خاکی تورکیای لەخۆگرت) زادەی سیاسەتێکی شەخسیی ئۆزال بوو(ئەوەی لە ۱۷ی یەنایەری ۱۹۹۱دا دەسەڵاتی نائاسایی بۆ بەرەنگاریی قەیرانەکە پێدرا). ئۆزال درکی بەوەکرد کە تورکیا بەشێکی زۆری بایەخە ستراتیژییەکەی وەك قەڵایەکی دژ بە یەکێتیی شورەویی لە دەستداوە، ئەوەی وەك خاڵێکی فرە بایەخدار لەمەسەلەی بەدەستهێنانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپاو هەروەها بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوروپا بەگشتیی پشتی پێدەبەستو سوودی لێوەردەگرت. ئۆزال بەشدارییکردنی تورکیای لەو هاوپەیمانیەتییە وەك شێوازێك دەبینی بۆ جەختکردنەوە لەپێگەی تورك وەك قەڵایەکی وڵاتانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تەنانەت لەوانەشە وەك سەپاندنی چونە ناوەوەی تورکیا بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپا. فرە هاوشێوەی ئەوەی کە مەندەریس بۆ بەدەستهێنانی ئەندامەتیی ناتۆ هێزە سەربازییەکانی رەوانەی کۆریا کرد، نە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و نە رای گشتیی تورکییش لایەنگریی ئەم سیاسەتەیان کرد. نارەزایەتیی دژی سیاسەتی لایەنگریی توندی ئەمەریکا کەلەلایەن ئۆزالەوە پەیڕەویی لێدەکرا، بەتوندیی پەرەیگرت. کاتێك ئۆزان مافی بە ئەمەریکییەکان دا کە بنکەی سەرەکیی سەربازییان لە ئەنچەرلیك کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەدەنەوە، بۆ هێرشە بۆمباکارییەکانیان بۆسەر عێراق بەکاربهێنێت. ئەوەش تورکیای خستە ریزی پێشەوەی هێڵی جەنگو کردییە ئامانجێکی چاوەڕوانکراولەبەردەم هێزی ئاسمانی عێراقدا. وێڕای ئەوەش، ئەوەی بێزاریی گشتیی هێنایەئارا، ئەوەبوو کە هاوپەیمانیەتیی تورکیا لەگەڵ ناتۆدا وایکردبوو بەئەستەم جوڵانەوەیەك بۆ هاوکاریی یاخود بەرگرییکردن لە تورکیا هەبێت. بەلجیکا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا چەند فڕۆکەیەکی تەواو کۆنیان رەوانەی تورکیا کردبوو

کـە نزیـك بـەوەبوو لـە بـەکارهێنان هەڵپەسـێردرێن‌و ئاسـتی جـەنگییان نـزم بـوو. تـەنیا هۆڵەندییەکان چەند یەکەیەکی هاوچەرخی پاتریۆتی دژە رۆکێتیان ناردبوو.

لـەکاتی رووداوەکـەدا، تورکیـا خـۆی لـە هێرشـکردنە سـەرعێراق بـەدوور گـرت. کێـشە راستیینەکانی تورکیا ئەوکاتە دەستیانپێکرد کە جەنگ کۆتاییهات. لەماوەی جەنگەکەدا، سەرۆك "بۆش"ی وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمەریکا هانی سەرکردە کوردەکانی لەعێراقدا کە دژی سـەدام حوسـێن لـە بەغـدا راپـەڕن. کـورد ئـەوەیانکرد کـە داوایـان لێکـرا، بـارزانیی‌و تاڵـەبانیی پێکـەوە یـاخییبوونێکی چـەکدارییان لـە بـاکوور دەسـتپێکرد. ئەمەریکییـەکان لـەپێناو جەختکردنـەوە لـە هاوپەیمانـەکانی لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا (لەوانـەش تورکیـا)، ئەوەی نەدەویست کە عێراق هەڵوەشێنێتەوەو دەوڵەتێکی کوردییش رابگەیەنرێت، هێرش‌و پەلامارەکەی کوردانی ئاستەنگ کردو سەدام حوسێنی لە شوێنی خۆی هێشتەوە، ئەوەش وایکرد بتوانێت بەو چەکەی بە دەستییەوە مابوو، یاخییبوونی کوردان سەرکوتبکات.

ئاکامەکـەی ئـەوەبوو ژمارەیـەکی فـرە کـورد ئـاوارەی سـنوورەکان بـوون‌و بـەرەو ئێـران‌و هەوڵیانـدا سـنووری باکووریش بـەرەو تورکیـا ببـەزێنن. ئـەوەی تورکیـا حـەزی پێنـەدەکرد. ئەمێستا تورکیا رووبەڕووی کێشەیەکی جیدیی سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردیی نێوخۆیی ببووەوەو لەو بڕوایەشدا بوو ئەگەر رێگە بە هاتنەناوەوەی نیو ملیۆن پەنابەری دیکـەی کورد بدات، جیهان پاشتر خۆی لێناکاتە خاوەن‌و پشتگوێی دەخەن. تورکیا لەم رووەوە ئەزموونی پێشینەی هەبوو بۆئەوەی شتێکی لەو شێوەیە بخاتە پێش چاو، ٣٦٠٠٠ پەنابەری کورد کە ساڵی ١٩٨٨ لـە ترسـی بۆمبـارانکردنی سەدام حوسێن‌و ژاراویی بوونیـان بە گـاز لـە عێـراق هەڵاتنە تورکیاو ئەوانە هێشتا لە کەمپەکانی نزیك دیاربەکر ژیانیان دەگوزەراند. هەربۆیـە فـەرمان بـە سـوپای تـورك درا کـە جمـانی کـوردان چـەند کیلۆمـەترێك پـێش سـنووری تورکیـا رابگـرن، ئـەوەش شـەپۆلێکی ناڕەزایـەتیی دژی تورکیـا لــە رۆژئـاوا هێنایـەئارا–ئـەوەی بیانوویەکی بۆنەبوو–

سەرۆکی تورکیا لەجیاتی کردنەوەی سنوور، پلانێکی دەستپێکرد(بەخێرایی لەلایەن جۆن مێجەری سەرەك وەزیری بەریتانییەوە گیرایەبەر) بۆ پێکهێنانی هـەرێمێکی ئارام لـە باکووری عێـراق، لـەو جێیـەدا کـە کـوردانی تێـدا بپـارێزرێن‌و فڕۆکـەکانی عێـراقیش بۆیـان نـەبێت بەسـەریدا بفـڕن. نەتـەوە یـەکگرتووەکان هەڵمـەتی پێڕاگەیـشتنی پەنابـەرە کوردەکـانی رێکخست‌و لـە ژونـی ١٩٩١دا تورکیا دامەزراندنی هێزێکـی دەسـتێوەردەری پەسـەندکرد کـە سـەرەتا"چەکوشـی ئامـادە"و دواتـر"دابینکردنـی حەوانـەوە" کـە لـە هێـزە سـەربازییەکانی

ئەمەریکا، بەریتانیاو فەرەنسا پێکدەهات، بۆئەوەی کوردانی ناوچەی ئارام لەهەر هەوڵێکی سەرکوتکەرانەی حکومەتی عێراق بپارێزن. یەکەکانی هێزی ئاسمانیی بنکەکانی ئەنچەرلیك و باتمانیان بەکاردەهێنا، لەکاتێکدا هێزە زەمینییە سەربازییەکان لە سلوپی مۆڵیان خواردبوو. پاش ۳۰ سێپتەمبەر، هێزەکان تەنیا لە یەکەکانی هێزە ئاسمانییەکان پێکدەهاتن.

جەنگی کەنداو زۆر لەسەر تورکیا کەوت (زیاتر لە ٦بلیۆن دۆلار زیانی لە داهاتی گەیاند) هەروەها هەرچەندە بەشێکی ئەم زیانەی تورکیای لەلایەن ئەڵمانیاو یابانەوە قەرەبوو کرایەوە، ئەو سوودە سیاسییەی لەلایەن ئۆزالەوە چاوەڕواندەکرا نەهاتەدی، هەروەك پێشوو، ئەندامەتیی تەواوی تورکیا لەیەکێتیی ئەوروپادا خۆدزینەوەی بەخۆوەبینی.

## تورکیاو رووخاندنی یەکێتیی شورەوەیی

هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی شورەویی لەماوەی ساڵانی ۱۹۸۹-۱۹۹۱ بۆ تورکیا هەم مژدەو هەم مەترسیی هێنایەپێش. پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو یەکێتیی شورەویی، بەتایبەت لە بواری ئابوورییدا بەخێرایی پەرەیسەند لەماوەی قۆناغی "پێرێسترۆیکا" کە لەلایەن "گۆرباچۆڤ"ەوە دەستپێکرد. لەماوەی ساڵانی ۱۹۸۷-۱۹۹۰ سێ رێکەوتننامەی جۆراوجۆر واژۆکراو بازرگانیی لە ۳۵۰ ملیۆن دۆلار بۆ ۱,۹ بلیۆن دۆلار لەماوەی یەك ساڵدا گەشەی کرد. توندبوونی قەیرانە ئابوورییەکانی شورەویی و ئەو وڵاتانەی پاشتر لەسەر داروپەردوی شورەویی دروستبوون لە ساڵی ۱۹۹۰وە بەرەوسەر توانی مەترسیی لەسەر بازاڕی هەناردەی فرە فرۆختی تورکیا پێکبهێنێت. قەیرانەکانی ساڵانی ۱۹۹۳-۱۹۹٤ی رووسیا بەراستیی زیانی بە ئابووریی تورکیا گەیاند، هەروەك بینیمان.

ئەو گۆڕانانە مژدەی مەزنیشی بۆ تورکیا هێنا. کۆمارە غەیرە رووسەکانی یەکێتییەکە یەك بەدوای یەکدا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندو لەئاکامی ئەمەش پێنج کۆماری تورکیای نوێ سەریانهەڵدا:ئازەربایجان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان،کازاخستان، کیرغیستان.

یەکەمین کاردانەوە لە تورکیا چ لەسەر ئاستی سیاسیی و چ لەلای رای گشتیی چالاکانە بوو. سەرۆك ئۆزال سەبارەت بە هاتنی"سەدەی تورکیی"و "جیهانی تورك" دەئاخاوت کە لە دەریای ئەدریاتیکەوە بۆ شورای مەزنی چین درێژ دەبووەوە. تورکیا یەکەمین وڵات بوو لە رووی دیپلۆماسییەوە دانی بەو کۆمارانەدا نا. لەساڵی ۱۹۹۱و ۱۹۹۲دا نوێنەرایەتیی لە ئاسیای ناوەندیی و قەفقاسەوە هاتوچۆی تورکیایان دەکردو لە میدیاکاندا باسیان

لێوەدەکرا. وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمەریکا، هانی تورکیایان دەدا کە سیاسەتێکی چالاك لەهەمبەر ئاسیای ناوەندیی پەرەپێبدەن. واشنگتۆن درکی بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی شورەویی و دروستبوونی بۆشاییەکی سیاسیی لە ناوچەکەدا کردبوو، کە نە دەتوانرێت لەلایەن تورکیاوەو نە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پڕبکرێتەوە. ئەمەریکا ئەو ئەگەرەی دواییانی بە کارەسات دەبینی و هەربۆیە هانی تورکیایان دەدا کە هەوڵبدات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە نوێیانە بەرێتەپێش و ڕۆڵی مۆدێلێك ببینێت(وەك دەوڵەتێکی سێکیولاری خاوەن سیستمی فرە پارتیی و بازاڕی ئازاد).

لەبەرامبەردا، تورکیا سیاسەتێکی چالاکانەی ئاسیای ناوەندیی پەرەپێدا. زیاتر لە ٣٠٠ ڕێکەوتننامە بە هەموو شێوەکانییەوە لەنێوان تورکیا و کۆمارە تورکییە جۆربەجۆرەکاندا مۆرکرا کە بابەتی جۆراوجۆری وەك گەشتی ئاسمانی مەدەنیی و ڕێگرتن لە گومرگکردنی دووسەرەو سێ لوتکەی تورکیی ڕێکخرا، ئاژانسێکی تایبەت سەبارەت بە هاوکاریی تورکیی و هەروەها پەرەپێدانی "تیکا" لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە پێکهێنرا. کاری هاوبەش لەبواری بانك و داراییدا پێکهات، هەروەها زیاتر لە ٧٠٠٠ خوێندکار لە ئاسیای ناوەندییەوەو ئازەربایجانەوە دەرفەتی خوێندنیان لە تورکیا پێدرا، وێڕای ئەو قەرەباڵغییەی بێزارکەرانەی زانکۆکانی تورکیای تێکەوتبوون. بەهەمان شێوە کەرتی تایبەتیش بە باشی لەو پەیوەندییەوە گلابوو. سەدەها کارگەو کۆمپانیای تورکیی لەو کۆمارە نێیانەدا کەوتبوونە کار، بەتایبەت لەبواری بنیاتناندا، هەروەها لەبواری دوکانداریی و خاوەنداریی چێشتخانەکاندا. قەبارەی وەبەرهێنانی تورکیی لەو دەوڵەتەنوێیانەدا بەشێوەی جیاواز لەنێوان ٢,٥ و ٤ بلیۆن دۆلار نرخێنراوە، ئەوەی هێشتا لەوەکەی ڕووسیای فیدراڵ کەمتربوو. لەساڵی ٢٠٠٢دا ڕووسیا زیاتر لە وڵاتەکانی ئاسیای ناوەڕاست وەك بازاڕێکی فرە بایەخداری کاڵا هەناردەکانی تورکیا دەرکەوت، کە لەدوای ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بە پلەی سێیەم دەهات و هەروەها پێش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. گروپە ئاینییە تورکییەکان کێبڕکێیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تەبشیرییانە دەکرد کە لە عەرەبستانی سعودیی و ئێران و پاکستانەوە چالاکانە لە ئاسیای ناوەندییدا هەڵدەسوڕان. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە "فەتحوڵڵا گویلەن"ی هاوچەرخگەرا کە لقێکی جوڵانەوەی نوورسیی بە تەنیا ٣٠٠ ناوەندی فێرکردن و بارهێنانی لەوێ دامەزراندبوو.

هەرچەندە، وردە وردە درك بەوەکرا کە کۆتێکی ئاشکرا سەبارەت بەوە هەیە کە تورکیا دەتوانێت چی لە ئاسیای ناوەندیی بەدەستبێنێت. لە پلەی یەکەمدا، تەواوی بیرۆکەی

"بۆشایی" کە پاشەکشەی رووسیا هێنایە ئارا زیاتر لە تراویلکەیەك دەچوو. ئابووریی و گواستنەوەی و تۆڕی پەیوەندییەکانی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندیی تا ئاستێك لەگەڵ رووسیای فیدراڵدا گرێدرابوو کە هەرچەشنە هەڵوەشاندنەوەیەکی ئەو پەیوەندییانە بە خێرایی بەرەو کارەساتێك دەڕۆیی. لەساڵی ١٩٩٠ لەنێوان ٨٠ بۆ ٨٦ لەسەدا هاوردە بازرگانییەکان و لەنێوان ٨٥ بۆ ٩٨ لەسەدی هەناردە بازرگانییەکانی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندیی لەگەڵ پاشماوەی یەکێتی شورەوییدا بوو. سەرباری ئەوەش، هێندێك لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندیی کەمینەیەکی مەزنی رووسیان تێدا دەژیا(لە کازاخستان کازاکەکان لە رووی دانیشتووانەوە زاڵترن، بەڵام زۆرینە پێکناهێنن) و هەروەها رووسیا دەستەبژێری سیاسیی ئەم وڵاتانەی بارهێنابوو. ئەوەش وایکرد لە رووی کەلتووریی سیاسییەوە لە رووسیا نزیکتربن تا لە تورکیا. تەنانەت لەو رەوشە ئەستەمە هەنوکەییەدا، رووسیا وەك دەسەڵاتێکی دارایی و سەربازیی، فرە مەزنتر لە تورکیا مایەوە کە بەهیوابوو ببێت. هەموو ئەمانە مانای ئەوە بوو کە رووسیا هێدی هێدی توانی پێگەی خۆی وەك دەسەڵاتێکی بایەخدار لەناوچەکەدا بگێڕێتەوە.

لەوەش زیاتر، هەرچەندە هێندێك پەیوەستەگیی ویژدانیی بۆ تورکیا هەبوو، ئەوەی روون و ئاشکرابوو ئەوەبوو کە لەمەودای دووردا پێگەو پرستیژی تورکیا لە ئاسیای ناوەندییدا پشت بە کاریگەریی ئەو وڵاتە دەبەستێت چ وەك سەرچاوەیەکی ئابووریی(یاخود وەك کەناڵێکی هاوکارییەکانی رۆژئاوا) هەروەها وەك هێزێکی سیاسیی هەرێمیی. تورکیا لە هەردوو بوارەکەدا کەمتر سەرکەوتوو بوو. هیچ تێڕژانێکی هاوکارییە مادییەکان بەرجەستە نەبوو. تەنانەت راستەوخۆ لەو ناوچانەی نزیك بە سنوورەکانی، تورکیا سەلماندی کە ناتوانێت رێگە لە هێرشەکانی ئەرمینیا دژی ئازەربایجان بگرێت، یاخود "ئەڵچیبی"لایەنگری حکومەتی تورکیا لە باکۆ دژی نەیارە مۆسکۆخوازەکان بپارێزێت.

ئەو پرۆژەیەی کە لە دیدی حکومەتی تورکیاوە لەپێشییەکی گرنگی هەبوو وەك بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی ژیانیی دەبینرا بریتیبوو لە دامەزراندنی لولەی نەوت و گاز لە قەزوینەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست و بەنێو خاکی تورکیادا. ئەم لولانە دەتوانێت لە ئایندەدا نەوتی کێڵگەکانی دەریای قەزوین و گازی کێڵگەی مەزنی تەنگیز لە کازاخستان بۆ بەکاربەرانی رۆژئاوا بگوازێتەوە. رووسیا و تورکیا پاڵپشتی پرۆژە رکابەرەکانیان دەکرد سەبارەت بە کێشانی لولەکان بەنێو خاکی رووسیا بۆ دەریای رەش لە "نۆڤۆرسیك" و هەروەها بەنێو خاکی جۆرجیا بۆ باتومی. تورکیا بەهیوابوو کە ئەگەرەکەی دواتریان لە

کۆتاییدا ببێتەهۆی بنیاتنانی هێڵێکی لاوەکی بۆ کەنارە تورکییەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا دەست بەسەر ڕێگەی بنەڕەتیی گەیاندنی وزە بۆ جیهانی ڕۆژئاوا بگرێت و لە هەمان کاتیشدا ئەو فشارو قەرەباڵغییەی سەر بۆسفۆر کەمبکاتەوە، ئەوەی کەرووداوی دڵتەزێنی سەبارەت بە پێکدادانی تەنکەرە نەوتییەکان تێدا چەندبارە بووەوە. تورکیا دواجار بە پشتگیریی بەهێزی حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی و هەروەها پشکدارانی ئەمەریکیی یەکێتی کۆمپانیاکانی نەوتی قەزوین، توانی جەنگەکە بباتەوە. دواجار لە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩دا، ڕێکەوتننامە لەنێوان تورکیا، جۆرجیا و ئازەربایجان سەبارەت بە بنیاتنانی(لولە نەوتی باکۆ–جیهان) لەسایەی چاودێریی سەرۆک کلینتۆن لە ئەستەمبوڵ مۆرکرا. لە سێپتەمبەری ٢٠٠٢دا، کار لەم هێڵەدا دەستیپێکرد، ئەوەی بووە سەرەکییترین لولە نەوتی ناردنەدەرەوەی نەوتی قەزوین. ئەوەش زیاتر سەرکەوتنێك بوو بۆ ئەمەریکا تا تورکیا، چونکە دەستی رووسیای لە سەرچاوەکانی وزە لەو حەوزی قەزوین کردەوەو کۆنە دوژمنەکەی ئەمەریکاشی واتە ئێران، کەنارگیر کرد. لولەکێشی بە خاکی ئێراندا بەرەو کەنداوی فارس، کورتترو هەرزانتر بوو. بەلام بەهەرحاڵ ئەوە رەتکرایەوە، هەموو ئەمانە لەکاتێکدا روویاندا کە ئاشکرابوو کە حەوزی قەزوین دەتوانرێت وەك ئەڵتەرناتیڤێکی سەرچاوەی وزە لەبەرامبەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پەرەی پێبدرێت، ئەوەی وادەکات کە ئەورووپا و ئەمەریکا کەمتر پشت بە ولاتانی کەنداو ببەستن بەو گرفتە سیاسییانەی هەیانە یاخود دەگونجێت بێتە ڕێگەیان.

کۆمارە تورکییەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە ئەوان سەربەخۆیی بەو دواییەیان پێدەزانن و بەلام ئەو ئامادەباشییەیان تێدا نیە دوژمنایەتیی مۆسکۆ بکەن، بەوەی بە ئاراستەی یەکێتییەکی تورکگەرایانە بجولێن یاخود مل بۆ کوێخایەتیی تورکیا کەچ بکەن. ئەو جولانەوە سیاسییە تورکگەرایانە لە زۆربەی بەشەکانی جیهانی تورکییدا بۆ ماوەی نزیك بەسەدەیەك لەئارادا بوو. ئەوانەی لەنێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا تا ئاستێکی دیارییکراو گەشەیان کرد(لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە پاڵپشتی ئەڵمانیا)، بەلام هیچ کات ئەوانە نەیانتوانی ببنە هێزێکی بالادەست.

کایە جۆراوجۆرەکانی دەزگا سیاسییەکانی تورك بەشێوەی جیاواز پەرچەکرداریان لەئاست پەرەسەندنە ناکامەکانی سالانی ١٩٩٢ پێشاندا. بۆ سیاسەتکارە هەڵبژێردراوەکان، کرانەوە بە رووی ئاسیای ناوەندییدا نیعمەتێکی خودایی بوو کە سەرنجی لەمەڕ سروشتی نالەباری ئابووریی و توندوتیژیی زێدەبووی لەگەڵ پەکەکەی کورد دا وەردەگێڕا. چ سەرۆك

تورگت ئۆزال لە نێوان سالآنی ١٩٩٠-١٩٩٣ و چ تانسۆ چیلەری سەرەك وەزیر لەنێوان سالآنی ١٩٩٣-١٩٩٥دا بەخۆشییەوە یارییان بەکارتی پان تورکیست کرد. لە سێپتەمبەری ١٩٩٣دا هەروەها لە ١٩٩٥دا تورکیا ئیدعای دەکرد کە پێگەی ئەو وەك دەمڕاستی تورکان مافی ئەوەی دەداتێ کە کورسییەکی نیمچە هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێت، لەکاتێکدا جێگرەوەی ئۆزال، واتە سولەیمان دەمیرئەل هەڵوێستێکی زیاتر وریایانەی گرتەبەر . ئەو بەشێوەیەکی بەردەوام لە تەلی برایەتیی تورکانی دەدا. زۆرێك لەو سیاسەتکارە هەڵبژێردراوانە ئیدعای ئارەزووخوازانەی هاوبەستەگیی و هاوکاریی پان تورکانەیان لە ئایندەدا دەکرد، هەربۆیە بەلایانەوە فرە سەخت بوو خۆیان لەگەل نفوزی بەردەوامی رووسیا بگونجێنن و هەروەها هەڵوێستی دەوڵەتە تورکەکانی ئاسیای ناوەندییان پێ ترسنۆکانە دەهاتە پێش چاو.

هەرچەندە ئەوەش دووەمین ماندووبوون بوو لە سیاسەتی دەرەکیی تورکییدا- شارەزایانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەو هەروەها تاڕادەیەکیش سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان. ئەم دووەمین ماندووبوونە زیاتر لەلایەن هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکەوە کاری پێدەکرا وەك ئەوەی بەهۆی هەر دیدێکی یەکێتیی پان تورکیستانەوە بێت، ئەوەش بەردەوامبوونی سیاسەتە سونەتییەکانی کۆمارەکەی هێنایەپێش. لە هزری داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەدا، لە پێشیی پلە یەك بریتیبوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوادا، بەتایبەت یەکێتیی ئەوروپا. پەیوەندییەکان لەگەڵ ئاسیای ناوەندییدا لەم چوارچێوەیەدا دەبینرا: تەواو جیاواز لە بەرگرییکردن لە ئابووریی تورکیا و بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی لە ئاسیای ناوەندییدا، تورکیا وەك پەنجەرەیەکی ئەوروپا بە رووی ئاسیای ناوەندییدا پێشاندەدا کە کارتێکی نوێی خستەدەستی ئەو وڵاتەو هێزێکی دیکەی پێ بەخشی تا لە خەباتیدا بۆ پەسەندکردنی وەك هاوبەشێکی یەکسان لەلایەن ئەوروپییەکانەوە سوودی لێ ببینێت.

## پەیوەندییە هەرێمییەکان پاش ١٩٩١

تورکیا بەشێوەیەکی رێژەیی جیا لە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست مابووەوە. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ جیهانی عەرەبدا بە ساردوسڕیی مابووەوە، بەهۆی پەیوەندییە زێدە نزیکەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەوەی هاوکاریی سەربازیشی لەخۆ دەگرت. کاتێك ئەربەکان هاتە دەسەلآت، پەیوەندییەکانی دەرەوە بوارێك بوو کە سەرەك

وەزیرانە ئیسلامییەکە بتوانێت پێشانیبدات کە حکومەتی پ.دا,ن بەراستیی بەشێوەیەکی جیاواز بەڕێوەی دەبات( ئەو دەبوایە لەرووی نێوخۆییەوە سازشکاریی دوورمەودا لەگەڵ سوپا و هەروەها هاوپەیمانە هاوبەشەکانی بکردایە). بەو پێیەش یەکەمین سەردانی دەرەوەی سەرەك وەزیر بۆ وڵاتانی ئیسلامیی بوو لەوانە-کە جیگەی توڕەبوونی ئەمەریکا بوو- ئێران و لیبیا. ئەربەکان نە خوازیاربوو نە دەشیتوانی بە ئاراستەی لاوازکردنی پەیوەستی تورکیا بە ناتۆو یاخود یەکێتیی ئەوروپاوە بجوڵێت. تەنانەت سوپا فشاریشی خستەسەر تا ڕێکەوتننامەیەکی هاوکاریی سەربازیی لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆربکات.سیاسەتی دەرەوەی ئەربەکان تاڕادەیەکی فرە سیمبولگەرابوو.

ئەگەر تورکیا دەبوو رووبەڕووی ڕەتکردنەوەی پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ دەوڵەتە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا، هەروەها ئەوەش راستە کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هێندێك سەرکەوتنی راستیینە و کۆنکرێتیی لە مەیدانی پشتەوەی-واتە باکان و ناوچەی دەریای ڕەش- بەدەستبێنێت، لە کۆتایی جەنگی ساردەوە، پەیوەندیی باش و تەنانەت گەرموگوڕیش لەگەڵ بولگاریای پاش کۆمۆنیزم، مەکەدۆنیا و ئەلبانیا کۆتایی بە دوورەپەرێزیی و گۆشەگیریی تورکیا لە بالکان هێنا، هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووریی دەریای ڕەش لەگەڵ دە دەوڵەتی ئەندامدا لە ساڵی ١٩٩٢-بیرۆکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوو- هەلێکی خستەبەردەم تورکیا تا پەیوەندییەکانی خۆی لە ناوچەی دەریای ڕەشدا پەرە پێبدات. جێگەی بایەخە، ڕێکخراوەکە دەوڵەتانی موسوڵمان و ناموسوڵمانیشی لەخۆ گرتبوو.

تورکیا جەختی لە رۆڵی خۆی وەك هێزێکی بالکان دەکردەوە بە بەشدارییکردنی هەم لە پرۆسەی ئاشتەوایی لە بۆسنە و هەروەها لەو جەنگەی لە سربیا دژی کۆسۆڤۆ ئەنجامدرا. لەکۆتایی ١٩٩٠دا پەیوەندییەکان لەگەڵ یۆنانی کۆنە دوژمندا بەشێوەیەکی بەرچاو باشبوون. پەیوەندییەکانی نێوان هونەرمەندان و رۆشنبیرانی ئەو دوو وڵاتە لەماوەیەکدا پەرەیسەند(یەڵماز لە نۆڤەمبەری ١٩٩٧دا لەگەڵ سەرەك وەزیری یۆناندا کۆبوونەوە، هەروەها سوپاسالاری تورکیش لە ئەپرلی ١٩٨٨ لەگەڵ هاوتا یۆنانییەکەیدا دانیشت). بەڵام ئەوە بومەلەرزەکەی ١٧ی ئوتی ١٩٩٩بوو کە پەرەسەندنێکی راستیینەی لە پەیوەندییەکاندا هێنایەکایەوە. حکومەتی یۆنان دەرفەتەکەی بۆ کرانەوە بە رووی تورکیادا قۆزتەوە. خاچی سووری یۆنانیی و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان لەنێو یەکەمینی ئەوانەدا بوو کە هاوکاری خۆیان پێشەکشکردو دڵاوایییەکەشیان بە بایەخێکی زۆرەوە لەلایەن بڵاوکراوە تورکییەکانەوە

وەرگیرا. پاش ئەوە پەیوەندیی لەبواری وەرزشییدا بەدواداهات، تورکیا و یۆنانیان بەشێوەیەکی هاوبەش بۆ پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی ئەوروپا لە ساڵی ۲۰۰۸دا میوانداریی کردبوو. لەساڵی ۲۰۰۲دا، یۆنان بەتوندیی پشتگیریی لە ئەندامبوونی ئایندەی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا کرد.

لەمەودای دووردا، تێڕوانینی واقیعبینانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە زیاتر لەلای سیاسەتکارە هەڵبژێردراوەکان باڵادەست دەبێت تا لای دیدی نەتەوەخوازە رۆمانسییەکان. چەندین هۆکار بۆ ئەمە هەبوو. سەبارەت بە سیاسەتی هێز، تورکیا ناتوانێت لەگەڵ رووسیادا کێبڕکێ بکات. ئەوەش جێگەی گومان بوو داخۆ رۆژئاوا تەنانەت پێویستییان بە ناوەندێکە یاخود دەمڕاستێکە بۆ ئەوروپا، ئاسیای ناوەندیی فرە کەمیان هەبوو بیدەنە تورکیا و هەروەها وەك بازاڕێکی هەناردە، رووسیای فیدراڵ گەلێك لە هەر یەك لەو کۆمارە تورکانەی ئاسیای ناوەندیی گرنگتربوو. بەڵام زۆربەی تێکڕای پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەو دەوڵەتە تورکانە، جگە لە ئەگەری پەیوەندیی لەگەڵ ئازەربایجان(کە لە رووی جوگرافیی و زمانییەوە زیاتر لە تورکیا نزیك بوو تا لە کۆمارەکانی دیکە) دیاردەیەك بوو بێ ریشەیەکی مێژوویی راستەقینە. ئاسیای ناوەندیی بۆماوەی چەندین سەدە رۆڵێکی بایەخداری لە فۆرمەڵەکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا یاری نەکردبوو، لەم رووەوە، ئەوە گرنگە کە نەهامەتی موسوڵمانەکانی بۆسنەو چیچان زیاتر رای گشتییان لە تورکیا هەژاند وەك لە خەڵکی ئازەربایجان. پەیوەندییەکان لەگەڵ قەڵەمڕەوەکانی پێشووی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە بالکان و کەنارەکانی دەریای رەش لەوانەی ئەوانەی ئاسیای ناوەندیی نەدەچوو، بەڵکو پەیوەندییەکی راستیینەو بەقووڵیی هەستپێکراوبوو. بەچەندین شێوە ئەم وڵاتانە خاوەن کەلەپووریی هاوبەش بوون، لە ئاکامی شێوازی کۆچڕەویی دوو سەدەی پێشوودا، نزیکەی سێیەکی دانیشتووانی تورکیا ریشەی خێزانییان لەم ناوچانەدا هەبوو. تێکڕای هۆکارە مێژوویی و کەلتووریی و سیاسیی و ئابوورییەکان بە ئاراستەیەکدا یەکیان دەگرتەوە کە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی تورکیی بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە بەردەوام دەبێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانیی ئەتڵەسیی دیاریی دەکات و وەك یاریزانێکی سەرەکیی هەرێمیی لە نیوان دەوڵەتانی بالکان و ناوچەی دەریای رەشدا دەردەکەوێت، بەڵام ئاسیای ناوەڕاست بایەخێکی لاوەکیی بۆ تورکیا دەبێت.

## ئاكام : سیناریۆكان بۆ توركیا

لەكۆتایی ساڵی ۲۰۰۲دا، ژنێكی بیست ساڵە لە شارۆكەیەكی هەرێمیی لە هۆڵەندە دەركەوت(هەر لەوێش دەژیا)، ئەو ژنە وەك "خانمی جیهان" تاجی لەسەرنا. ئەم خانمە بۆ هۆڵەندا نەچووە كێبڕكێكەوە، بەڵكو بۆ ئەو وڵاتەی كە باوانی لێوەی هاتبوون كە توركیایە. ئەو وڵاتەی كە لەلایەن سیاسەتكارێكی ئیسلامییەوە فەرمانڕەوایەتیی دەكرا. فرە سەخت بوو رووداوێك ببینیتەوە كە لەم پێگەیەی ئاڵۆزی توركیا لە جیهاندا سیمبوڵتر بێت-بەشێكە لە ئەوروپا بەڵام لە دەرەوەیەتی، بەشێكە لە جیهانی ئیسلامیی كەچی لە هیچیان ناچێت.

ئەمێستا بۆ چەندین دەیەیە پێدەچێت توركیا لە رۆخی ئەوەدابێت كە ببێتە بەشێك لە كۆمەڵگەی وڵاتانی پیشەسازیی، دیموكراسیی خۆشگوزەران كە ناوكی باڵادەستی جیهانی مۆدێرن پێكدەهێنن. چەندین دەیەیە پسپۆڕان باس لەو توانا سروشتییو سەرچاوە مرۆییە شاراوانەی توركیا دەكەنو چاوەڕێی ئەویان دەكرد ئەم توانایە لە شێوەی گەشەیەكی ئابووریی و دەسەڵاتێكی باڵادەستدا خۆی بەرجەستە بكات. بەشێوەیەك كە پێشتر هەرگیز روویندابێت. هەرچەندە توركیا لە پەرەسەندنی چەندین بواری جیاجیادا هەنگاوی فراوانی ناوە: لە تەندروستیی، فێركردن، سامان، پەیوەندییەكانو یاسادانانددا، بەڵام ئەمە بە تەواوی بەس نیە. بەڵكو هۆكارگەلێكی وا هەن نەك هەر رێگەی لە پەرەسەندن گرتووە بەڵكو لەو رووەوە وڵاتیشی بۆ دواوە گێڕاوەتەوە، لەوانە: جەنگی ناوخۆ، قەیرانە نێودەوڵە تییەكان، بەدبەڕێوەبەرایەتیی دارایی. توركیا دواجار بەسەر ئەو كۆسپو رێگرییانەدا زاڵ بووە، بەڵام پاش ئەوەی زیانێكی مەزنی پێكەوتەوە. هەوڵەكانی بۆ گەیشتن بە كرۆكی وڵاتانی ئەوروپیی بەتایبەت هەمیشە یەك لە چیرۆكەكانی ئاژەلانمان دەخاتەوەبیر، كە چیرۆكی كیسەڵو كەروێشكەكەیە. هەرچەندە كەروێشكەكە هەمیشە بەخێرایی رادەكات، بەڵام دواجار لەلایەن كیسەڵەكەوە دەگیرێتەوە. ئەوەی دواییان كە هەمیشە چەند ئینجێك پێش ئەوەی یەكەم دەكەوێتو دووبارە گرتنەوەی ئەستەمە.

لەكاتی نووسیندا، بە تەواویی ئاسانە كە جارێكی دیكە گەشبین بین. پاش سێیەمین بێبازاڕیی ئابووریی لەماوەی حەوت ساڵدا، ئابووریی بەخێرایی چاكبووەوە. وێڕای بێبازاڕیی ئابووریی جیهانیی، ساڵانە گەشەی ئابووریی ٥-٦ لەسەدا بوو، هەڵاوسان بەخێرایی دابەزیو حكومەت زێدە بودجەیەكی بنەڕەتیی بەڕێوەبرد(جگە لە سوودەكانو گێڕانەوەی قەرزەكان). ئەوەش پێشتر روویدا، بەڵام چاكسازیی بنەڕەتیی لەنێوان ۱۹۹۹و ۲۰۰۲دا ئەنجامدرا، ئەو دەرفەتەی زێدەكرد كە ئەم جارەیان بتوانرێت گەشەكردن

پتـــەوبكرێت. حكومـــەتی نـــوێ خوازیـــار نـــەبوو كـــە بـــۆ سیاســـەتە ئابوورییـــە بـــەدناوە پۆپۆلیستەكەی رابردوو بگەڕێتەوە، كە لە رێگەیەوە حكومەتە یەك لەدوا یەكەكان لایەنگریی سیاسییان بە خەرجكردنی نابەرپرسانە سەبارەت بە كرێ و زامنی نرخەكان دەكرد.

حكومەتە نوێیەكەی پارتی دادو گەشەپێدان بەشێوەیەكی رێژەیی لایەنگرییەكی بەهێزی هەیە. ئاستی لایەنگرییەكەی لە وڵاتداو هەروەها زۆرینەی لە پارلەماندا هاوشێوەی ئەوانەیە كـە بەهۆیـەوە تورگـوت ئـۆزال لـە سـەرەتاوە بـۆ ناوەڕاسـتی هەشـتاكاندا توركیـای پـێ بنیاتنایەوە. بەپێچەوانەی كابینە هاوپەیمانیە لاوازەكانی دوا دەیە، كە هەمیشە خەریكی بەزمی نێوخۆ بوون، حكومەتی نوێ لە پێگەیەكی بەهێزدا بوو كە دەستبكات بە سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەسەر دەزگاكانی دەوڵەتیدا(لەوانەش سوپا). ئەمەش دەتوانێت ببێتـە سـەرەتایەكی وەرچـەرخانی توركیـا بـەرەو كۆمەڵگەیـەكی مـەدەنیی راسـتیینە، بـە لەبەرچاوگرتنێكی گونجاو بۆ تاكو پەیوەستەگیی پاساوەكان بۆ مافەكانی هاوڵاتییان. بە گوتەیەكی دی، دەتوانرێت لە درەنگ وەختدا تورك لە رەعییەتەوە ببێتە هاوڵاتیی. سەرباری ئەوەش، ئەو راستییەی كە پارتی دادو گەشەپێدان توانیویەتی دەنگی جەماوەری لانەوازان و هـەژاران بـە بەرنامەیـەكی میـانڕەو بباتـەوە، ئـەوەی سیـستمێكی سـێكیولارو ئاراسـتەی رۆژئاواگـەرایی توركیـای لا پەسـەندە دەتوانێـت لـە چوارچـێوەی جیهانییـدا بایەخـداربێت. لەكاتێكدا كە ئاراستەیەكی ئاینیی توندڕەو لە پەرەسەندندایەو لە رۆژئاواشدا ئیسلامفۆبیا تادێـت لـە زێدەبووندایـە ئـەوە دەچەسـپێنێت كـە پلـورالیزمی دیموكراسـیی دەگونجێـت لـە كۆمەڵگـەی ئیسلامییدا هـەبێت. هەرچـەندە چـەندە دووره ئـەم مۆدێلـە بتوانرێـت لـە وڵاتـانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی بگیرێتەبـەر، پرسـیارێكی كراوەیـە، وەك بڵێـی بـۆ ستراكـچەری كۆمەڵگەی توركیی تەواو لەوانەی وڵاتانی عەرەبیی یاخود ئاسیای ناوەندیی جیاوازە.

ئـەو گرفتانـەی كـە تەنگـەژە لـە كۆمـەڵگای توركییـدا پێكـدەهێنێت كـە تائێـستا چـاوەڕێی چارەسـەركردنە بریتیـە لـەو دەلاقـە مەزنـەی نێـوان دەوڵەمەنـدان و هـەژاران، كـەمی هـاوكۆیی سـەبارەت بـە مانـای سـێكیولاریزم و هـەروەها سروشـت و نێـوەرۆكی نەتەوایـەتیی تـوركیی. بێگومان چارەسەری ئەم كێشەیەی دوایی بەتوندیی پەیوەندیی بە چارەسەركردنی كێشەی كـوردەوە هەیـە، بـە گوتەیـەكی دی چـۆن خواسـت و خولیـای بەشـێكی مـەزنی كۆمەڵگـەی كوردیی رازیی دەكەیت كە ناسنامەی خۆی دەربڕێت بێئەوەی هیچ مەترسییەك سەبارەت بە مانـەوەی توركیـا لـە چوارچـێوەی سـنووری ئێستایدا بێتـەپێش. نها پێویـستی بەهـەنگاوی نوێ و بوێرانە هەیە، بەڵام لانی كەم كۆتاییهێنان بە جەنگی كراوەی نێوان دەوڵـەتی توركیی و

پەکەکە "پەنجەرەی دەرفەتێك" بۆ سەرکردە سیاسییەکان پێکدەهێنێت تا کێشەکە تاوتوێ بکەن. ئەوەی نە پارتی کاری نەتەوەیی ڕەگەزپەرستو نە هێڵی کەمالیستی توندڕەوەکەی ئەجەوید کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا دەسەڵاتی خۆیان لەدەستدا، جەختیان لە باشتربوونی چارەسەریی کردەوە.

ئەمێستا روونە کە تورکیا لەو خولیایەیدا کە بەروارێکی چەسپاو لەیەکێتی ئەوروپا بەدەستبێنێت کە دانوسان سەبارەت بە ئەندامەتیی تەواوی دەستپێدەکات، شکستیهێناوە. بەڵام پێدەچێت هاوکۆییەك لە نێوان حکومەتەکانی ئەوروپادا هەبێت کە پێویستە دەرگاکە بەکراوەیی بە رووی ئەندامەتیی ئایندەیی تورکیا بهێڵرێتەوە. ئەوەش بۆ تورکیا فرە بایەخداربوو چونکە لەو دەساڵەی دواییدا چەندین گۆڕان بەدیهاتبوو. بەتایبەت لیبراڵیزەکردنی فەزای سیاسیی و هەروەها لەبواری یاساداناندا، ئەوەش لەپێناوی ئەوەدا کە خوازیارە ببێتە ئەندامی تەواویی یەکێتیی ئەوروپا. مرۆ دەتوانێت هەروەها سەیری پەرەسەندنەکان لە سیستمی سیاسیی و وڵاتانی هاوسێی تورکیا بکات کە هەر ئەگەرێکی ئەندامەتیی کەمکردەوە. هەروەك رووسیاو ئۆکرانیا لە باکوورەوە، یاخود سوریا، عێراق و هەروەها میسر لە باشوورەوە، بۆ درکپێکردنی گرنگی ئەم گونجاویەتییە.

ئەمە سیناریۆیەکی گەشبینانەیە، بەڵام هەروەك هەمیشە لەمێژووی نوێی تورکیادا هەروەها زۆر ئەستەم نیە کە مۆتەکەی سیناریۆیەکی ئەڵتەرناتیڤ بێنینەبەرچاو. ئابووریی هێشتا تاڕادەیەکی زۆر شلوشێوە، وەبەرهێنە بیانییەکان بە ژمارەیەکی ئەوتۆ نەگەڕاونەتەوە، هێشتا کاتێکی زۆر دەبات تاکو متمانە بۆ سیستمی دارایی تورکیا بگەڕێنرێتەوەو جێگیرییەکی درێژخایەن لە ژێرخایەن و بنەمای ئابووریدا بهێنرێتەئارا کە حکومەت سیستمێکی دادپەروەرو یەکسان و کاریگەری باج دابمەزرێنێت. شتێکی وا کە لەپشت توانا و ئامرازی بەدیهێنانی هەر حکومەتێکەوە تا ماوەیەکی دووریش. خۆرزگارکردن و دامالینی پرۆژەکانی ئابووریی دەوڵەتیی و بە گشتیی کەمکردنەوەی قەبارەی دەزگا دەوڵەتییەکان هەروا شتێکی ئاسان نیە، بەڵام گەر تورکیا درك بەو توانا شاراوەیەی بکات مەسەلەی وا دەبێتە حەتمیی و شایەنی لێڕاکردن نیە.

پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) و دەوڵەت، بەتایبەت سوپا، دەگونجێت هێشتا گرفتاوی بێت. دەرکەوتنی توڕەیی و بێزارییەکان بە چەندین کێشەی جیاوازەوە پەیوەستن و لەهەر لایەکەوە ورووژان و هاندانەکان بەرامبەر یەکدی کەم و چاوەڕێنەکراوبن . ئەوەش پێویستیی بە ئاستێکی بەرزی دەوڵەتداریی سیاسەتکاران هەیە

بۆئەوەی پەیوەندییەکان بەڕێوەبەرن و ئاراستەی بکەن بەگومانکردن لە شەرعییەتی ئەوی دیکە، ئەوا جێگیریی سیستمەکە لە تورکیا فرە بەخێرا تووشی لاوازیی دەبێت کە ناتوانرێت چاوەڕوانی ئاکامەکانی بکرێت.

ئەو راستییەی ئەمێستا کە جەنگ دژی پەکەکە براوەیە زەمینە بۆ لەخۆڕازیی بوون و بالادەستیی سەرکوتکاریی خۆشدەکات، ئەوەی ئاکامەکەی بە کەوتنەوەی هەژاریی و هەستکردن بە هەلاواردن کۆتایی دێت کە هەڵەیەکی کوشندەیە، لەحاڵەتێکی واشدا، پەکەکەیەکی نوێ زوو یان درەنگ دەردەکەوێتەوە. (ئەم بۆچوون و پێشبینییانەی نووسەر دەقاودەق وادەرچوو، دەرکەوت کە تورکیا شەڕەکەی بردبووەوە نەك جەنگەکە،هەوڵیشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد وەك مەسەلەیەکی سیاسیی نەدا، بگرە وەك مەسەلەیەکی ئاسایشیی تێڕوانی و سیاسەتی میللیتاریست و سەرکوت و توندوتیژییەکی بێوێنەی بۆ کۆتاییهێنانی گرتەبەر، ئەوەی وایکرد پەکەکە فرە بەهێزتر لەجاران دەرکەوێتەوە و لەچەندین شەڕی وەك "ئۆرەمارو زاب" گورزی کەمەرشکێن لە تورکیا بوەشێنێت، بەجۆرێك ئابڕووی سوپای تورکی برد،لەکاتی وەرگێڕانی ئەم کتێبەشدا پەکەکە لەرووی سەربازییەوە لە هەموو کاتێکی تر بەهێزترە/سەردەشتیی)

هەرچەندە زۆربەی حکومەتەکانی ئەوروپا، بەتایبەت فرە گرنگەکانیان خوازیاری چوونە ناوەوەی تورکیایان بۆ یەکێتیی ئەوروپا لە کاتێکی ئایندەیی نادیاردا، بەلام چەند بۆچوونێکی لەمپەریش دژی ئەم خواست و بڕوایە هەیە. ئەوەش بەشێوەیەکی رێژەیی بۆ ترس لە ئیسلام دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە بوونی هەبووە بەلام لەئاکامی کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکانی ئەفریقا و رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا بەرەو یەکێتیی ئەوروپا و هەروەها بە پەلامارە تیرۆریستییەکەی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەم ترسە زیاتر بووە. ئەوەی کە تورکیا ولاتێکی ئیسلامییە وادەکات کە لەبنەڕەتەوە لەچاوی زۆربەی خەڵکدا ولاتێکی ئەورووپیی نەبێت. بەدرێژایی سالانی کەمی رابردوو سیاسەتکارە راسترەوەکانی ولاتە بنەڕەتییەکانی یەکێتیی ئەوروپا راشکاوانە ئەو بۆچوونەیان دەربڕیوە کە تورکیا بەشێك نیە لە ئەوروپا چونکە لە کەلەپووری (کریستیانیی و مرۆڤایەتیی) کیشوەرەکە پشکێکی نیە. هەروەها بەشێکی دژایەتیی بوونی تورکیا بە ئەندامێکی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەو شێوازەش دەگەڕێتەوە کە دەستەبژێری سیاسەتکارانی ئەوروپایی مامەڵەیان لەگەڵ فراوانکردنی ئەو یەکێتییە و گرتنەخۆی دە دەوڵەتی ئەوروپای رۆژهەلات و دەریای سپی ناوەڕاست کردووە. هەستێکی گشتیی هەیە کە سیاسەتکارانی ئەوروپا نە نە راوێژیان بە رای گشتیی سەبارەت

بە ئەم بابەتە كردووەو نە هەوڵیان داوە قازانجی فراوانكردنێكی بەو چەشنەی یەكێتیی ئەورووپا بۆ شیبكەنەوە، ئەوەش كاریگەریی نەرێیی لە دیدی خەڵك سەبارەت بە فراوانكردنێكی بەو چەشنەی یەكێتیی ئەورووپا پێكهێناوە. دەگونجێت توركیا باجی ئەمە بدات. ئەوەش توركیا دەخاتە ئەو پێگەیەوە كە مەكسیك ماوەیەكی زۆرە لەئاست ولاتە یەكگرتووەكاندا هەیەتی. ئەگەر دەرگای ئەورووپا بە رووی توركیادا بە داخراوی بمێنێتەوە، هاندەرە بایەخدارەكانی دیموكراتیزەكردنی توركیا دواجار پوچەڵ دەبێتەوە. سیستمە ئاوێتەكەی ئابووریی بازاڕی ئازادو دەوڵەتێكی دەسەلاتسەپێنی بەهێز، ئەو مۆدێلەی لە رووسیا، چین و ولاتانی ئاسیای رۆژهەلات باوە، دەگونجێت ببێتە مۆدێلێك سەرنجی زیاتری زۆرێك لە ولاتان بۆخۆی رابكێشێت.

لە شوێنێكی نێوان ئەم دوو سیناریۆیەدا واتە گەشبینیی و مۆتەكەدا، ئاراستەیەكی دیكە هەیە كە دەتوانرێت ناوی "تێكەولێكەی" لێنرێت. بە درێژایی پەنجا ساڵە، توركان شارەزاییەكی باش و وەستایانەیان لەو تێكەو لێكەیەدا هەبووەو بێگومان دەتوانن لەسەر ئەم رێگەیەش بەردەوام بن. هەرچەندە، پێدەچێت نموونە هاوچەرخەكانی ئاسیای رۆژهەلات و ئەمەریكای لاتین. هەرچەندە بەڵگەكان ئەوە بەدەستەوە دەدەن كە لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا، بەجوڵەی دەستبەجێی سەرمایەوە، باجەكانی تێكەولێكە زۆر لەپێشوو قورسترە.

كۆسپ و لەمپەرەكانی ئایندە هەرچییەك بن، گرنگە هەروەك ئەم كێبە كردوویەتی درك بە دەستكەوتە مەزنەكانی تورك بكەین. نزیكەی بۆ ماوەی دوو سەدەیە ئەمێستا خۆراهێنانێكی مەزن و پێداگرییەكی زۆریان لەپێناو گەیشتن بە شارستانییەتی بالادەستی سەردەمدا كردووە. پێویست بوو ئەوان مامەڵە لەگەڵ ئەو كێشەو دژوارییانەدا بكەن كە لە ئاكامی جەنگ، كۆچی دەستەجەمعی، وێرانییە ئابوورییەكان هاتەكایەوە، بەلام هێشتا ئەوان لەپێناو بنیاتنانی دەوڵەتێكی نەتەوەیی بەهێزی خاوەن ئابوورییەكی بزۆزو چالاك تێدەكۆشن كە دۆست و هاوسێیەكانیان بە بایەخەوە لێیبڕوانن. توركیا وەك هەر دەوڵەتێكی دیكەی هاوچەرخ، نەتەوەیی بێت یاخود كۆلۆنیالی، لاپەڕەی رەشی لەمێژووی هاوچەرخی خۆیدا گرتۆتەخۆ ئەوەش دەبێت دانی پێدابنرێت. بەلام لەهەمان كاتدا، دەستكەوتە بنیاتنەرەكانی توركیای هەچەرخ پێویستە بەشێوەیەكی شیاو بنرخێنرێت و دانی پێدا بنرێت. كەمالیزم وەك مۆدێلێكی پەرەسەندن بە سەختی بۆ قۆناغێكی دیارییكراوو نێوكۆیی دژوار دەگەڕێتەوە، زۆر هەڵەیە وا بڕوانرێتە كەمالیزم كە رەچەتەیەكە بۆ چارەسەركردنی

کێشەکانی سەدەی بیستو یەکی تورکیا. بەڵام لەکاتی گەڕاندا بەدوای ڕیشەی تورکیای هاوچەرخ، هەر مێژوونووسێك پێویستە ئاوڕ لەو نەوە بەرچاوە بداتەوە کە لە سەروبەندی ساڵی ١٨٨٠دا لەدایك بوون. ئەو نەوەیەی کە تورکیا بێئەوان ئەگەری ژیانو بەردەوامیی نەبوو. کاتێك ئەوانە پێگەیشتن، شتێك بەناوی کێبڕکێی "خانمی جیهان" لەئارادا نەبوو، هەربۆیە ناتوانین هەڵسوڕاوانی تورکیا لەگەڵ ئەو تۆمارەدا بەراورد بکەین. بۆئەوەی درك بە مەزنیو بایەخی ئەو دەستکەوتەی ئەوانو نەوەکانیان بکەین، هەرچەندە پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، بیرۆکەی ئەوەی تورکێك دەتوانێت ببێتە لێخوڕی شەمەندەفەر، ئەندازیار، یاخود کارمەندی بانکێك، بیرۆکەیەکی مەحاڵ بوو تەنانەت لە تورکیا خۆشیدا.[45] بە بەراوردکردنی ئەو سەردەمە بە وڵاتێك کە نها پڕێتی لە تورکانی خاوەن بانك، ئەندازیار، پیشەسازکارو بیزنسمان، پسپۆڕی بیناسازییو پزیشکیی(لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ) ئەمڕۆ دەستکەوتەکان لەپێش چاومان دەبینین.

[45] ئەمە بە ڕوونی لە بیرەوەرییەکانی جەلال بایاردا دەردەکەوت. ئەو یەکەمین موسوڵمان بووە کە تێکەڵ بەکاری سەرافیی بێت. دەستپێشخەرییەکەی بە کردنەوەی قوتابخانەیەك بۆ کارمەندانی هێڵی ئاسنیی لە ئەزمیر لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا لەلایەن هەریەك لە کریستیانییو بیانییە خۆماڵییەکان بە گاڵتەجاڕییەوە پێشوازیی لێکرا. ئەو دەریخستووە کە ٥٤ لەسەدی ستاف بانکەکە هاوڵاتیی عوسمانیی بوون، کە لەوانەیە تەنیا ١٩ لەسەدیان موسوڵمان بوون، لە بەرامبەردا ٧٢,٥ لە سەدیان کریستیانییو ٨ لەسەدەکەی دیکەشیان جوو بوون. مووچەی موسوڵمانەکان لە تێکڕای ئەوانەی دیکە نزمتر بوو، کە تەنیا ٣٩ لەسەدی مانگانەیان وەردەگرتو هیچ کات پۆستێکی سەروو پۆستەکەی خۆیان پێنەدەدرا.بڕوانە:
(Celâl Bayar (1967)*Ben de yazdım*, Istanbul: Baha, vol. 5, 1555–8). Ethem Eldem (1999, *A history of the Ottoman Bank*, Istanbul: Ottoman Bank, 515).

**کورتەیەك لە ژیان و کارە زانستییەکانی سەردەشتیی:**

-دکتۆر یاسین سەردەشتی کوڕی حاجی خالیدی مەلا حەسەنی مەلامارفە و نەوەی ( ابن الحاج ) ی ئالانی سەردەشتییە ، لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و تەواوی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و دوا ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە .

-لە ساڵی ١٩٩٣ بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی بە پلەی یەکەم لە سەر ئاستی کۆلێج تەواو کردووە.

-لە ساڵی ١٩٩٥ لە هەمان بەش و کۆلێج بەسەرپەرشتی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ماستەری لە مێژووی نوێی کورد دا بە پلەی ( زۆر باش ) وەرگرتووە .

-لە ساڵی ٢٠٠٢ هەر لە هەمان بەش و کۆلێج و دیسانەوە بە بەسەرپەرشتی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێی کورد دا بە پلەی ( زۆرباش ) وەرگرتووە.

-لەساڵی ١٩٩٦-٢٠٠٢ مامۆستا بووە لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی دهۆك‌و بڕیاردەری زانستی بەشەکە بووە .

-ساڵی ٢٠٠٢ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بووە و ئێستاش هەر وەك مامۆستایەکی ئەو بەشە بە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە خزمەت بەردەوامە .

**ئەو کتێبانەی کە سەردەشتیی نووسیونی‌و تا ئێستا چاپ و بڵاوکراونەتەوە :**

١-تحقيق تأريخي حول اغتيال الزعيم الآثوري ( بنيامين مارشمعون ) من خلال النصوص التأريخية ، دهوك ، ١٩٩٩.

٢- گەلی کورد و بزافی مەشروتە خوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١)ز, پێداچوونەوەو پێشکەشکردنی : دکتور دلێر اسماعیل شاوەیس , کوردستان , ١٩٩٩ .

٣- کورتەمێژوویەکی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

٤- خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، سلێمانی ، ئامادەکردنی بەڵگەنامە: شازین هێرش ، ٢٠٠٢
٥- کوردستانی ئێران. لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لە جوڵانەوی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، سلێمانی، دەزگای سەردەم ، ٢٠٠٣.
٦- هەڵوێستی حیزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥.
٧- ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق " عەبدوڵڵا ئیسحاقی " ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
٨- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
٩- فەرهەنگی ئارین، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٠ – پەندنامە ، سلێمانی، ٢٠١٠.

**ئەو بەرهەمانەی وەریگێڕاون:**

١- کورد عەرەب بەریتانییەکان . بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩ ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: یاسین سەردەشتیی ،سلێمانی ، ٢٠٠٧.
٢- پرۆفیسۆر. دکتۆر. وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد. بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.د. یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣-ئیریك جەی. زورچەر، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٤- مێژووی هاوچەرخی ئێران، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، لەگەڵ بەرزانی مەلا تەها.
٥- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسییو پشکووتنی دیموکراسیی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠١٠.

**ئەو کتێبانەی پێشەکیی بۆ نووسیوون و پێیانداچۆتەوە :**

١-جان جاك رۆسۆ، پەیمانی کۆمەڵایەتیی ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محمد صابر، پێشکەش کردن :د.یاسین سەردەشتی ،چاپی یەکەم ،سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٢-د.ئەفراسیاو هەورامی، رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتیدا١٩٤٥/١٩٤٧،پێشەکی و پێداچوونەوەو پەراوێز بۆ نووسینی:د.یاسین سەردەشتی ، سلێمانی ، بنکەی ژین ، ٢٠٠٧ .

٣- سیروان حەمە سەعید حەمە خورشید، پەیوەندییەکانی ئاسورییەکان و بەریتانیا ١٩١٨-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیکی مێژوویی-سیاسییە، سەرپەرشتیی کردن و پێشەکیی بۆ نووسینی: دکتۆر یاسین سەردەشتیی، کەرکوك، ٢٠٠٩.

٤-شەریف عەلی"هەژاری"، موجاهیدینی خەلق و هەڵوێستی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا(١٩٦٤-١٩٩٤)، سەرپەرشتییکردن و پێشکەشکردنی: پ.ی.د یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥- عیزەدین ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو، پێداچوونەوەی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر.دکتۆر یاسین سەردەشتیی، تائێستا حەوت بەرگی بڵاوکراوەتەوە.

٦- پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت، و: زانەر محەممەد، پێشکەشکردن و پێداچوونەوە: د.یاسین سەردەشتیی، سلێمانی، ٢٠١٠.